# پێشەکی

# دەروازە

## شاری سلێمانی (١٩٨٠-١٩٨٨)

# بەشی یەکەم: شاری سلێمانی لەدوای وەستانی جەنگی عێراق _ئێران
# تا راپەرین (١٩٨٨-١٩٩١)

# بەشی دووەم: شاری سلێمانی لە ڕۆژگاری کشانەوەی دام‌و دەزگاکانی حکومەت تا ساڵی ١٩٩٦

# بەشی سێیەم: شاری سلێمانی لە دوای ڕووداوی ٣١ ی ئابی ١٩٩٦تا ساڵی ٢٠٠٣

# ئەنجام

# لیستی سەرچاوەکان

# پاشکۆکان

# الملخص

# Abstract

# پێشەکی

شاری سلێمانی یەکێکە لە شارە گرنگەکانی باشوری کوردستان،ڕووداو پێشهاتە سیاسییەکان کاریگەرییان لەسەر شارەکە هەبووە،ساڵی ١٩٨٨ قۆناغێکی جیاکەرەوەیە لە مێژووی سیاسی ناوچەکە بە گشتی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد بە تایبەتی، بێگومان ڕەنگدانەوەشی لەسەر شاری سلێمانی هەبووە. چونکە بە سەرکەوتنی ڕژێمی بەعس بە پاشەکشەکردن بە خەباتی چەکداری گەلی کورد دادەنرێت،ئەگەرچی بۆ ماوەیەکی کورتیش بوبێت،ئەمەش ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر ڕەوشی سیاسی،ئابوری،کۆمەڵایەتی، شاری سلێمانی هەبووە،بەهۆی نەمانی مەترسی دەسەڵاتی پێشمەرگە لەسەر ڕژێمی بەعس،زیاتر ئەو ڕژێمەی هانداوە کە ئامانج و سیاسەتە ستراتیجییەکانی خۆی لەسەر ئەم شارە جێبەجێ بکات.

**گرنگی توێژینەوەکە:** لەوەدایە،ماوەی نێوان ساڵانی(١٩٨٨-٢٠٠٣)، شاری سلێمانی ڕووبەڕووی زۆر ڕووداو پێشهاتی سیاسیی گرنگ بووەتەوە،لەوانە سەرکەوتنی ڕژێمی بەعس لە پرۆسەی شاڵاوەکانی ئەنفالدا، کۆتایی هاتنی جەنگی عێراق- ئێران، ڕاپەڕینی ئاداری ١٩٩١، کۆڕەوی گەلی کورد،هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، دامەزراندنی یەکەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، شەڕی ناوخۆیی نێوان پارتە سیاسییەکان و دابەشبونی هەرێمی کوردستان بۆ دوو ناوچەی ئیداری و دوو حکومەت، خراپی باردۆخی ئابوری و گەمارۆی نێودەوڵەتی لەسەر عێراق و گەمارۆی عێراق لەسەر هەرێمی کوردستان کە باردۆخەکەی دوو هێندە قورستر کردبوو، دواجار پرۆسەی ئازادی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣،هەموو ئەمانە ڕووداو پێشهاتی سیاسی گرنگ و پڕبایەخن وسەرجەمیشیان کاریگەری و ڕەنگدانەوەی لە شاری سلێمانیدا هەبووە،هەوڵمانداوە پێگەی شاری سلێمانی لەو پێشهات و ڕووداوانەی کە باس کران بخەینە ڕوو،لەگەڵ ئەوەشدا لە م توێژینەوەیەدا باس لە هەڵوێستی ڕژێمی بەعس کراوەبەرامبەر شاری سلێمانی، چالاکی و جموجوڵی سەرجەم هێزەسیاسییەکان خراوەتەڕوو، بە تایبەت ئەو هێزانەی کە کاریگەری و پێگەی جەماوەرییان لەسەر شاری سلێمانیدا هەبووە و لە پێکهێنانی باردۆخی سیاسی شاری سلێمانیدا بەشدار بوون.

**هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:** هۆکاری سەرەکی لە دەستنیشانکردنی ئەم بابەتە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە،جگە لەوەی شاری سلێمانی هەمیشە پێگەی دیاری لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورددا هەبووە،کاریگەری و ڕۆڵیشی لە ئاراستەکردنی ڕووداو پێشهاتە سیاسییە گرنگەکاندا هەبووە،ئەمەش وای کردووە چەندین توێژینەوە و بابەتی زانستی لەسەر ئەم شارە بە ئەنجام بگەیەنرێت،هەموو ئەو توێژینەوانە تا ساڵی ١٩٨٨ یان باس کردووە،بەڵام لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٨٨-٢٠٠٣) هیچ توێژینەوەیەکی ئەکادیمی بەرچاو ناکەوێت،بۆیە دەکرێت لە چوارچێوەیەکی زانستی و بە شێوازێکی بابەتیانە توێژینەوەیەکی لەم جۆرەی لەبارەوە بنوسرێت،پێگەو ڕۆڵی شاری سلێمانی لەو قۆناغە مێژوویی و پێشهاتە سیاسییە گرنگانەدا بە ووردی هەڵسەنگاندن و شرۆڤەی زانستی بۆ بکرێت.

**ئامانجی توێژینەوەکە:** گەڕان و بەدواداچون و خستنەڕوو و لێکۆڵینەوەیە لە پێگەی شاری سلێمانی لەو ڕووداو پێشهاتە سیاسییە گرنگانەی کە لە ماوەی نێوان ساڵانی(١٩٨٨-٢٠٠٣) ڕوویانداوە،لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە لێکۆڵینەوەی ورد و زانستی لەسەر سیاسەتی ڕژێمی بەعس بەرامبەر شاری

سلێمانی بکرێت،لەگەڵ ئەوەشدا چالاکی و جموجوڵی سیاسی پارت و ڕێکخراوە کوردییەکان و پەیوەندی ململانێی نێوانیان و کاریگەری لەسەر شاری سلێمانی بخرێتە ڕوو،جگەلەوەش هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی بارودۆخی سیاسی، ئابوری،کارگێڕی و کۆمەڵایەتی شاری سلێمانی لە ماوەی نێوان ساڵانی(١٩٨٨-٢٠٠٣)دا، ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە.

**ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:** هەوڵدراوە بە پشت بەستن بە سەرچاوەی ڕەسەن و لەسەر بنەمای بەڵگە و دێکۆمێنت و بە شێوازیکی زانستی و بابەتیانە،بە پەیڕەوکردنی ڕێبازی لێکۆڵینەوەی(وەسفی- شیکاری)، لەگەڵ گێڕانەوەی ڕووداو پێشهاتە سیاییە گرنگەکان کە بە شێوەیەکی زانستیانە و بێلایەن شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنیان بۆ کراوە.

**گرفتی توێژینەوەکە:** ئەنجامدانی کارێکی زانستی و توێژیەوەیەکی لەم شێوەیە کارێکی ئاسان و بێ گرفت نەبووە، گرنگترین گرفتی توێژینەوەکە، دەستنەکەوتنی سەرچاوەیەکی وا کە بە ووردی باس لە لایەنێك لە لایەنەکانی شاری سلێمانی کردبێت لە و ماوەیەدا بەڵکو بەشی زۆری ئەو سەرچاونەی کە لەبەردەستدا بوون،بەشێوەیەکی گشتی باسیان لە ڕووداو پێشهاتەکان کردووە، لە کاتێکدا کاری ئیمە توێژینەوە بووە لە بابەتێکی دیاری کراو، گرفتێکی دیکەی ئەم توێژینەوەیە ئەوە بوو، ماوەی نێوان ساڵانی(١٩٨٨-١٩٩١) بە ئەڵقەیەکی ونبوو لە مێژووی و ڕزگاریخوازی گەلی کورددا دادەنرێت، چونکە لەو ماوەیەدا باڵادەستی ڕژێمی بەعس و شکستی هێزی پێشمەرگە وای کردووە کە کەمترین زانیاری لەسەر ئەو ماوەیە بەردەست بکەوێت، بۆیە زۆرترین زانیارییە بە دەستهاتووەکانی ئەو ماوەیە بە چاوپێکەوتنی ئەو کەسایەتیانە بووە کە لە ناو ڕووداوەکاندا بوون، بەشێك لەوانە لەبەر هۆکاری سیاسیی و فاکتەری دیکەی تایبەت بە خۆیان، ئامادە نەبوون لە کاتی چاوپێکەوتنەکاندا بە ڕاشکاوی قسە بکەن و زانیاریمان بخەنە بەردەست،جگەلەوەی هەندێك لەوانەی کە چاوپێکەوتنمان لەگەڵ ئەنجام داون، لەدەرەوەی وڵات بوون و لە ڕێگەی تۆڕی کۆمەڵایەتی و ئامرازەکانی دیکەی پەیوەندیکردنەوە بە ئەنجامیان گەیاندووە،جگەلەوەی هەندێکیان هەر چاوپێکەوتنیان ڕەتکردۆتەوە، بە شێکیان زانیاری و بەڵگەنامەی گرنگیان لا بوو، بەڵام ئامادە نەبوون بیخەنە بەردەستمان، یەکێکی دیکە لە گرفتە سەرەکییەکانی ئەم توێژینەوەیە،سوتان و لە ناوچونی بەشێکی زۆی ئەو ئەرشیف و بەڵگە نامانەیە، کە دەربارەی ئەم قۆناغە مێژووییە هەبوون، لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ دا. جگە لەوەیش ئەو بەڵگەنامانەی کە مابوونەوە ڕادەستی وڵاتی ئەمریکا کران، کە نزیکەی (١٤) تۆن بەڵگەنامەی گرنگ بوون.

**سەرچاوەکانی توێژینەوەکە:** بۆ ئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیە،سود لە ژمارەیەکی زۆر سەرچاوەی جیاواز وەرگیراوە، لێرەدا تەنها ئاماژە بەو سەرچاوانە کراوە کە زۆرترین زانیاریمان لێوەرگرتون و سەرچاوەی سەرەکی توێژینەوەکە بوون،کە بەم شێوەیە پۆلێمان کردوون:

بەڵگەنامەی بڵاوکراوە و بڵاو نەکراوە،بێگومان سەرچاوەی پڕ بایەخن لە نوسینی توێژینەوەی لەم جۆرەدا، هەوڵمان داوە ئەو بەڵگەنامانەی کە بەردەست کەوتوون بە شێوەیەکی زانستی لە نوسینی ئەم توێژینەوەیەد بەکاریان بهێنین،بەڵگە نامەکان هەندێکیان بڵاو نەکراوەن،تایبەت بە کارو چالاکی پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکان لە شاری سلێمانیدا،هەندێکی تریان ئەو بەڵگە نامانەن کە بڵاو کراونەتەوە و لەسەرچاوەی دیکەوە بە دەست هاتوون ،ئەمەش لە پاشکۆدا دانراوە و ئاماژە بە سەرچاوەکانیان کراوە.

بیرەوەری و یاداشتی ئەو کەسایەتیانەی کە خۆیان لە ناو ڕووداوەکاندا بوون، یاخود ئاگاداری بوون، ئەمانە سەرچاوەی گرنگ و پڕبایەخی توێژینەوەکە بوون،لەبەر ئەوەی بەشێکی زۆری ئەو کەسایەتیانە خۆیان دروستکەری ڕووداوەکان بوون، یاخود ڕۆڵی گرنگیان لە ناو ڕوداوەکاندا هەبووە،وەك بیرەوەری(محەمەدی حاجی مەحمود،مستەفا چاوڕەش،مەحمود سەنگاوی،بەهرۆز گەلاڵی،شێرکۆ بێکەس،جەمال شێخ نوری،ئەحمەد حامید،مستەفا عەسکەری،لالۆ عەبدوڕەحمان پێنجوێنی،حەمەفەریق حەسەن...هتد) سەرچاوەی گرنگی ئەم توێژینەوەیە بوون.

نامە زانکۆییەکان،ئەمانەش لەبەر ئەوەی بە شێوەیەکی ئەکادیمی و زانستی نوسراون،لە ئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیەدا پشتیان پێبەستراوە،سودی زۆریان بە توێژینەوەکە گەیاندووە،وەك نامەی ماستەری(بەشدار عەبدولمەجید فتاح محەمەد:ڕەوشی سیاسی پارێزگای سلێمانی١٩٧٩-١٩٨٨،ڕێبوار خالید مستەفا: پارێزگای سلێمانی ١٩٦٨-١٩٨٨،ئاراس عەبدوڕەحمان مستەفا:ڕاپەڕینی ئاداری ١٩٩١) ئەمانە و چەندین نامەی زانستی دیکە.

چاوپێکەوتنەکان سەرچاوەیەکی دیکەن،بۆ زیاتر دەوڵەمەندکردنی توێژینەوەکە،بۆیە سود لە چاوپێکەوتنی هەندیك کەسایەتی وەرگیراوە،کە لە ناو ڕووداوەکان یان لە نزیکەوە ئاگاداری ڕووداوەکان بوون، ئەم چاوپێکەوتنانە سودی زۆریان بە توێژینەوەکە گەیاندووە،بە تایبەت لەو بابەتانەدا کە کەمترین زانیارییان لەسەر هەبووە.وەك چاوپێکەوتن لەگەڵ(ئاکۆ محەمەد وەهبی، ئاسۆ شێخ نوری،کەمال قەرەداغی ،دلێر جەلال،ڕەحمان غەریب،ووشیار سدیق،ئەحمەد حامد،مەلا بیلال،...هتد).

بە شێکی سەرەکی سەرچاوەکانی ئەم توێژینەوەیە، کە سودی زۆریان لێوەرگیراوە، ئەو کتێبانەن کە باسی شاری سلێمانییان کردووە،لەوانە: ( جەمال بابان:سلێمانی شارەگەشاوەکەم،هەوراز جەوهەر مەجید:شاری سلێمانی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨- ١٧ی تەمموزی ١٩٦٨،توانا ڕەشید کەریم:شاری سلێمانی لە نێوان ساڵانی ١٩٤٥-١٩٥٨)ئەو کتێبانەی کە باسی مێژووی مێژووی هاوچەرخی کورد دەکەن،بە زمانی کوردی و عەرەبی،ئەوانیش لە ئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیەدا سودیان لێوەرگیراوە،کتێبە کوردییەکان،وەك(د.عەلی تەتەر نێروەیی:بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد لە کوردستانی عێراق لە ساڵەکانی جەنگی عیراق و ئێراندا ١٩٨٠-١٩٨٨، نەوشیروان مستەفا ئەمین:خولانەوە لە ناو بازنەدا،فاتیح ڕەسوڵ:لە پێناو دەسەڵاتدا،حامد مەحمود عیسا:کێشەی کورد لە عێراق،عەبدوڕەزاق مەرزنگ:ڕاپەڕین و بەهاری ئازادی) کتێبە عەرەبییەکان،وەك ( الدكتور عبدالفتاح البوتاني:وثائق الحركة القومية الكوردية التحرية،كاظم الحبيب: لمحات من نضال حركة التحرية الوطني الشعب الكردي في كردستان العراق).

ئەوکتێبانەی کە لەسەر مێژووی لایەنە سیاسییەکان نوسراون،بەزمانی کوردی و عەرەبی، کوردییەکان وەك (براهیم جەلال:چەپێکێك لە مێژووی کۆمەڵە،محەمەد فاتیح:حیزب و ڕێکخراوە سیاسییە عێراقییەکان ١٩١٠-٢٠١٠، شیرکۆ فەتحوڵاعومەر:پارتی دیموکراتی کوردستان و بزوتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەی کورد لە عێراقدا١٩٤٦-١٩٧٥)کتێبە عەرەبییەکان،وەك (سلاح الخرسان:التيارات السياسية في كردستان العراق قراءة في ملفات الحركات و احزاب الكردية في العراق١٩٤٦-٢٠٠١).

لەگەڵ چەندین کتێبی دیکە کە هەر یەکەیان بۆ باس و بابەتێکی توێژینەوەکە سودیان لێوەر گیراوە،لەوانە: (هاوڕێ باخەوان:هاوڕێنامە بۆ کوردو کوردستان،هێرش عەبدالله حمە کریم:پەیوەندییە

سیاسـییەکانی نێـوان هـەرێمی کوردسـتان و دەوڵـەتانی دراوسـێ ئێـران و تورکیـا و سـوریا١٩٩١-٢٠٠٣، ئیسـماعیل تەنیا:سـەفەری ڕەش:کـۆژانی دەربـەدەری و ئاوارەییە،ئاسـۆ جـەبار:کۆچ و سـەفەر،ڕۆدهۆف و ئەوانی تر:هەڵبژاردنی ١٩ی مایسی ١٩٩٢،د.ئەرسەلان بایز:سیمای شعری کوردی دواری ڕاپـەڕین١٩٩٢-٢٠٠٢).

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:** ئـەم توێژینـەوەیـە لـە دەروازە و سـێ بـەش پێکهاتووە،هـەر بەشێکیش چـەند باسێك لە خۆ دەگرێت،بەم شێوەیە:

دەروازە:تەرخانکراوە بۆ قسـەکردن لەسـەر شـاری سلێمانی لـە نێـوان سـاڵانی(١٩٨٠-١٩٨٨)، لێرەدا هەوڵدراوە کورتەیەکی مێژوویی و جوگرافیـای شـاری سلێمانی بخرێتـە ڕوو ، لەگـەڵ باسـکردن لـە ڕەوشـی کارگێڕی، ئابوری و کۆمەڵایەتی شاری سلێمانی لەو ماوەیەدا.

بەشی یەکـەم: تایبـەتکراوە بـە ڕەوشـی شـاری سـلێمانی لـە نێـوان سـاڵانی (١٩٨٨-١٩٩١)، لـە باسـی یەکەمدا سیاسەتی ڕژێمی بەعس بەرامبەر شاری سلێمانی لە ڕووی سیاسی و ڕۆشنبیری و پەروەردەییەوە خراوەتـەڕوو. لێـرەدا بـاس لـە هەوڵـەکانی ڕژێمـی بـەعس کـراوە لـەڕووی سیاسـییەوە بـۆ سـەرکوتن کـردن و کـۆنترۆڵکردنی هـەرجۆرە جموجـوڵێکی سیاسـی لـە شـاری سـلێمانیدا، جگـە لـەوەش ئامـاژە بـە هەوڵـەکانی بـەعس دراوە لـەڕووی ڕۆشـنبیری و پەروەردەییـەوە بـە مەبەسـتی گـۆڕینی کـەلتور و ڕۆشـنبیری شـاری سـلێمانی و پـەروەردە کردنـی دانیشـتوانەکەی بـە شـێوازیك کـە لـە خزمـەتی بیری بەعسـیزم و سیاسـەت و ئامانجـەکانی ڕژێمـی بەعسـدا بێـت. لـە باسـی دووەم دا، چالاکی پـارت و ڕێکخـراوە سیاسـییە کوردییـەکان خراوەتەڕوو لە ماوەی نێوان ساڵانی(١٩٨٨-١٩٩١)دا.باسی سێیەمیش تەرخانکراوە بۆ قسـە کـردن لەسـەر ڕاپەڕین و کۆڕەوی ساڵی ١٩٩١ .

بەشی دووەم: تایبەتکراوە بـە ڕەوشـی شـاری سـلێمانی لـە نێـوان سـاڵانی(١٩٩١-١٩٩٦)، لـەم بەشـەدا هەوڵـدراوە ڕەوشـی سیاسـی و ئـابوری و کۆمەڵایـەتی و کـارگێڕی شـاری سـلێمانی بخرێتـە ڕوو، لەگـەڵ ئەوەشدا باس لە شێوازی بەڕێوەبردن و حکومڕانی بەرەی کوردستانی کراوە لە دوای ڕاپەڕینەوە تا مایسی ساڵی ١٩٩٢، چۆنییەتی بەڕێوەچوونی بانگەشەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان و شێوازی بانگەشەی لایەنەکان لە شاری سلێمانیدا خراوەتەڕوو. هەوڵیشدراوە باس لە ڕەنگدانەوەی شەڕی ناوخۆیی نێوان پارتە کوردییەکان لەسەر شـاری سـلێمانی بکرێـت لـەو ماوەیەدا،لەگەڵ ئامـاژەدان بـە ڕووداوی (٣١ی ئابی ١٩٩٦) وەك قۆناغێکی جیاکەرەوە و سەرەتای دابەشبوونی هـەرێمی کوردسـتان بـۆ دوو ئیـدارە و دوو حکومەت.

بەشی سێیەم: لەم بەشەدا باس لە ڕەوشی شاری سلێمانی کراوە لـە دوار ڕووداوی ٣١ی ئـابی ١٩٩٦ تـا سـاڵی ٢٠٠٣ ، لێـرەدا ئامـاژەکراوە بـۆ گەڕانـەوەی (ی.ن.ك) و هاوپەیمانـەکانی بـۆ شـاری سـلێمانی و دروستکردنی حکومەتی هەرێم/کابینـەی سلێمانی،دواتر بـاس لـە گـەڕی نوێی شـەڕی نـاوخۆ کراوە،لەگـەڵ گرنگیدان بە دانوستانەکانی نێوان (ی.ن.ك) و (پ.د.ك) و ڕێکـەوتنی نێوانیـان، دواجاریش ڕەوشـی شـاری سلێمانی لە دوای ئەو ڕێکەوتنە تـا سـاڵی ٢٠٠٣ خراوەتـەڕوو. لـە کۆتایشـدا،ئەنجام و لیسـتی سەرچاوە و پاشکۆکان،لەگەڵ پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتەڕوو.

توێژەر .

## ملخص البحث

هذه الدراسة التي كتبت تحت عنوان (مدينة السليمانية خلال ١٩٨٨- ٢٠٠٣) دراسة تاريخية وسياسية، يعرض فيها الباحث موقع مدينة السليمانية من الأحداث والتداعيات السياسية التي مرت بيها المدينة خلال المدة المذكورة، مع توضيح ما اقترفه النظام البعثي من سياسات تجاه جميع نشاطات وتحركات القوى السياسية الرئيسة في ذلك الحين وانعكاساتها على السليمانية.

تحتوي الدراسة من مقدمة ومدخل وثلاثة فصول تلق الضوء على الاحداث التي جرت في المدينة السليمانية خلال السنوات (١٩٨٠-١٩٨٨) الخاصة بيان الحدود الجغرافية والوضع الإدارية والاقتصادية والاجتماعية والسياسية للمدينة .

تناول الفصل لاول حالة مدينة السليمانية خلال السنوات (1991-1988) بالإضافة إلى عرض سياسات النظام البعثي على المستوى السياسي والتربوي والثقافي، وكذلك عرض نشاطات الأحزاب والمنظمات السياسية في تلك الحقبة. ويحتوي هذا الفصل على ثلاثة مباحث، ليسلط المبحث الأول على السياسات التربوية والثقافية التي اتبعها النظام في المدينة.

المبحث الثاني فهو ننطرت لأنشطة الأحزاب والمنظمات السياسية.

وأما المبحث الثالث، تناول حالة المدينة منذ بداية الانتفاضة حتى الهجرة الجماعية، وقسم هذا المبحث بدوره إلى نقطتين، وقف الباحث في النقطة الأولى على انتفاضة مدينة السليمانية في ٧ من آذار سنة ١٩٩١. اما الثانى تناول الهجرة الجماعية في النقطة الثانية.

ويتناول الفصل الثاني، حالة المدينة أيام انسحاب الدوائر الحكومية حتى عام ١٩٩٦ في ثلاثة مباحث، حيث ذكر في المبحث الأول الحالة الاقتصادية والاجتماعية والإدارية حتى عام ١٩٩٦. وتطرف المبحث الثاني الحالة السياسية التي تتكون من النقاط الآتية:

النقطة الأولى: فترة حكم الجبهة الكردستانية حتى ١٩ من مايس عام ١٩٩٢.

النقطة الثانية: إجراء الانتخابات في المدينة والحملة الانتخابية للمجلس الوطني الكوردستاني في مايس عام ١٩٩٢.

النقطة الثالثة: مخصصة للحديث عن مدينة السليمانية في بداية الحرب الداخلية، وتتفرع هذه النقطة إلى النقاط فرعية على النحو التالي :

أولا: قتال حكومة إقليم كوردستان مع حزب العمال الكوردستاني.PKK

ثانيا: قتال الحزب الديمقراطي مع الحزب الاشتراكي الكوردستاني (حسك.(

ثالثا: قتال حزب الاتحاد الوطني مع الحركة الاسلامية الكوردستانية/ العراق.

**رابعا: قتال حزبي الديمقراطي والاتحادي الكوردستانيين، ويوضح الباحث هنا حالة المدينة خلال جميع المناوشات والاصطدامات التي جرت بين الحزبين.**

**ب. مدينة السليمانية مع بدايات ما يسمى بأحداث ٣١ من آب، سنة ١٩٩٦.**

**القسم الثالث: تطرق الديراسة فيه إلى حالة مدينة السليمانية بعد أحداث (٣١ من آب سنة ١٩٩٦ حتى عام ٢٠٠٣).**

**ويتفرع هذا الفصل أيضا إلى ثلاثة مباحث، منها:**

**المبحث الأول: مدينة السليمانية أيام الإدارة المشتركة بين الحزب الديمقراطي الكردستانى والاتحاد الوطني الكردستانى – ويحتوى المبحث بدوره على ثلاث نقاط: النقطة الأولى، عودة حزب الاتحاد الوطني الكردستانى وحلفائة إلى السليمانية. النقطة الثانية: تشكيل الحكومة –كابينة السليمانية. النقطة الثالثة: الجولة الجديدة للحرب الداخلية في تشرين الاول عام ١٩٩٧.**

**المبحث الثاني: يتناول المحاورات والاتفاقيات الجارية بين الحزبين. ويدرس المبحث الثاني حالة مدينة السليمانية بعد (اتفاقية واشنطن) حتى عام ٢٠٠٣.**

**وفي الختام، تنطرت الباحث الى النتائج التي توصل إليها خلال دراسة، مع عرض قائمة المصادر والمراجع والملاحق مع ملخص الدراسة باللغتين الانجليزية والعربية.**

# Abstract

This letter (Sulaimany city in 1988-2003) is a historical and political research.The position of Sulaimany has been clarified in the aspects of the political situation in that period, also describing Ba'sy regime policy against the city and the political movements of the main forces in that period in Sulaimany city.This research consists of an introduction, a gate and three parts.

In the gate Sulaimany city in 1980-1988 has been described, divided into four chapters (geographic borders and management, economic situation, social situation and political situation in this period).

**Chapter one**: dedicated to Sulaimany circumstances in 1988-1991 and narrating the Ba'asy regime in the aspects of policy, culture, education and the political movements of the parties has been explained in this period. This chapter is divided into three parts; in the first part focused on Ba'asy regime policy in the aspects of policy, education and culture toward Sulaimany city. Second part; devoted to the actions of the parties and political organizations in Sulaimany city. The third part explained Sulaimany situation from the revolution (Raparin) to the immigration (koraw) and this is explained into two points. The first; the Sulaimany revolution (raparin) in 7th march 1991, the second is the immigration (koraw).

**Chapter two**: dedicated to the situation of Sulaimany city in the days of retreating government agencies and offices until 1996, and divided into three parts, in the first part the situation of Sulaimany has been explained in the aspects of economy, management and society till the year 1996. The second part specialized to the political circumstances of Sulaimany, divided into two points. The first point; the period of Kurdish league authority (Barai kurdistany) till 19th May 1992.

Second; selection and shouting for selection of Kurdistan patriotic council in May 1992 in Sulaimany city.

Part three is about Sulaimany civil war which described as following;

**A)** First: KRG conflict against PKK.
Second: conflicts between PDK and PSK.
Third: clash between PUK and Islamic movement of Kurdistan-Iraq
Fourth: the fight between PDK and PUK.

So, generally we have tried to demonstrate the situation of Sulaimanyin the time of the conflicts.

**B)** Sulaimany city in the event of 31$^{th}$ august 1996.

**Chapter three** is writing about Sulaimany situation after 31$^{th}$ August 1996 until the year 2003 dividing into three parts: First part is Sulaimany city in the days of two administrations, divided into two three sections: First section is returning of PUK and their coalitions to Sulaiman. Second section is establishment of the governments – Sulaimany cabinet. The third section is the new round of civil war in October 1997.Second part is dedicated to the agreement between PUK and PDK. In the third part, Sulaimany situation has been described after the Washington agreement until 2003.

Finally, in the end of the research, the researcher has written the consequences that achieved from his writing, and this study is enriched buy some indispensable documents and bibliography.

# ئەنجام

١. لە دوای ڕاوەستانی جەنگی عێراق-ئێران و سەرکەوتنی ڕژێمی بەعس لە پرۆسەی شالأوەکانی ئەنفالدا، بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد توشی شکستێکی گەورە هات ، چونکە شالأوەکانی ئەنفال بووە هۆی هەڵتەکاندنی ژێرخانی ئابوری باشوری کوردستان و لەناوبردنی ئەو گوندانەی کە شوێنی حەوانەوە و چالاکی هێزی پێشمەرگە بوو، لە لایەکی دیکەوە ڕاوەستانی جەنگی عێرق- ئێران کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر چالاکیی و جموجوڵی هێزی پێشمەرگە هەبووە، چونکە پێش ڕاوەستانی جەنگەکە هێزی پێشمەرگەی سەرجەم پارت و هێزە سیاسییەکان لەگەڵ ئێراندا لە شەڕی ڕژێمی بەعسدا بوون، بەڕاوەستانی جەنگەکە سەرجەم ئەو هاوکارییانەی کە لەلایەن ئێرانەوە بە هێزە کوردییەکان دەدرا وەستێنرا، جگەلەوەی بە هۆی ڕاوەستانی ئەو جەنگەوە دەستی ڕژێمی بەعس زیاتر ئاوەڵابوو بۆ لێدانی هێزی پێشمەرگەو ئاودیوکردنیان بۆ دەرەوەی سنوری باشوری کوردستان، بۆیە لە ماوەیەدا هیچ چالاکییەکی بەرەیی و پێکدادانێك لە نێوان پارتە کوردییەکان و حکومەتی بەعسدا بەرچاو ناکەوێت لە شاری سلێمانی و تەواوی پارێزگاکەدا.

٢. دوای ڕۆیشتنی هێزی پێشمەرگە بۆ سنوری ئێران حکومەتی بەعس زیاتر کەوتووەتە هەوڵی کۆنترۆڵکردنی شاری سلێمانی و جێبەجێکردنی سیاسەت و ئامانجەکانی خۆی، لە ڕووی سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی ، پەروەردەییەوە، بۆیە لەم ماوەیەدا تەنانەت دام و دەزگاکانی پەروەردە لە شاری سلێمانیدا خرابونە خزمەتی سیاسەتەکانی ڕژێمی بەعسەوە، وای لێهاتبوو ئەگەر کەسێك لە خزمەتی ئامانج و بەرنامەی حیزبی بەعسدا نەبوایە، هیچ کاریکی پێنەدا سپێردرا، بۆیە بۆ دامەزراندن لە کەرتە حکومیەکاندا دەبوو پێشتر فۆرمی بەعسی بونیان پڕبکردایەتەوە.

٣. لە ماوەی نێوان (١٩٨٨-١٩٩١) پارت و ڕێکخراوە کوردییەکان، هەرچەندە بنکەی سەرەکییان لە دەرەوەی شاری سلێمانی لە سنوری وڵاتی ئێراندا بوون، بەڵام ڕێکخستنەکانی ناوشار بەردەوام بوون لە ئەنجامدانی چالاکی و جموجوڵی سیاسی ناو شاری سلێمانیدا، هەرچەندە لە ئاستێکی لاوازدا بووە بەبەراورد بە ساڵانی جەنگی عێراق- ئێران، جگەلەوەی ئەوەشمان بۆ ڕوونبوەتەوە کەلەماوەیەدا بەشێکی زۆری ڕێکخستنەکانی ناوشارەکان توشی زیانێکی گەورەبوون,ئەویش بەوەی بەشێکی زۆریان گیران وهەندیکیشیان لە سێدارەدران,ئەمەش لەئەدەبیاتی پارتە کوردییەکاندا بە ئەنفالی شارەکان ناسراوە.

٤. ئاشتبونەوەی گشتی و پێکهێنانی بەرەی کوردستانی کاریگەری گەورەیی لەسەر بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد هەبووە، لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ دا بەرجەستە بووە، شاری سلێمانی وەك یەکەمین شاری گەورەی باشوری کوردستان، لە پێش شارەکانی دیکەوە ئازادکراوە، سەرجەم چین و توێژەکانی شار بە هاوکاری ڕێکخستنەکانی ناوشاری پارتە کوردییەکان لە ڕژێمی بەعس ڕاپەڕیوون، شارەکە لە ڕژێمی بەعس پاککراوەتەوە، هەرچەندە ئەم سەرکەوتنە زۆری نەخایاند و بە هۆی هەڵەی پارتە کوردییەکان و نەبوونی پلانێکی تۆکمەی بەرگری و کەمی چەك و تەقەمەنی، نەشارەزاییپێشمەرگە لە بەکار هێنانی چەکە قورسەکاندا، ڕاپەڕین شکستی هێنا و حکومەتی بەعس جارێکی تر گەڕایەوە شاری سلێمانی، بەڵام جەماوەری شاری سلێمانی بە دەسەڵاتی بەعس ڕازی نەبوون و کۆڕەوی بە کۆمەڵیان ئەنجامدا، بەرهەمی ئەو کۆڕەوەش دابینکردنی ناوچەیەکی ئارام و دروستنبوونی هەرێمی کوردستان بوو بە پێی بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان.

٥. لە دوای کشانەوەی دام و دەزگاکانی حکومەتی بەعس لە هەرێمی کوردستان، بارودۆخی سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی و کارگێڕی شاری سلێمانی بە قۆناغێکی سەختدا گوزەری کردووە، لە هەمویان کاریگەرتر سەپاندنی گەمارۆی نێودەوڵەتی بەسەر عێراقدا، لەلایەك و سەپاندنی گەمارۆی ئابوری حکومەتی عیراق بەسەر هەرێمی کوردستاندا لەلایەکی دیکەوە، ژیان و گوزەرانی دانیشتوانی شاری سلێمانی بەتەواوی تێکدا، تەنانەت دەسکەوتنی پێداویستیە سەرەتاییەکانی ژیانیش لە شارەکەدا تاڕادەیەکی زۆر ئەستەم بووە، نرخی کاڵا و شتومەکە سەرەکییەکان بە ڕێژەی (٪٣٠٠) بەرزبۆتەوە، تەنانەت کاریکی وای کردووە خەڵك بەناچاری پێداویستیەکانی ناوماڵ بفرۆشێت لە پێناو دابینکردنی خۆراکی پێویست بۆ خێزانەکانیان.

٦. لەدوای کشانەوەی دام و دەزگاکانی حکومەتی بەعس، کارو باری سیاسی و کارگێڕی شاری سلێمانی ڕاستەخۆ کەوتووەتە دەست سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی تا دامەزراندنی یەکەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢، لەو ماوەیەدا بارودۆخی شاری سلێمانی لەو پەڕی خراپیدابووە، هەر لە دابینکردنی حزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی وەك(ئاو، کارەبا، ڕێگاوبان، کەرتەکانی تەندروستی و پەروەردە...هتد). جگەلەوەش، بەرەی کوردستانی لەوماوەیەدا نەیوانی سەروەری یاسا بپارێزێت، نەیتوانی ڕێگری بکات لەو تاڵانکاری و دزی و ڕاوڕووت، نەیتوانی دام و دەزگاکانی حکومەت بپارێزێت، هەر لەوماوەیەدا بە شێکی زۆری ئامێرو کەرەستەکەی فەرمانگەکان بە تالان بران، لەگەڵ ئەوەشدا، بەرەی کوردستانی توانی ئەو بۆشاییە ئیدارییە پڕبکاتەوە کە بەهۆی کشانەوەی دام و دەزگاکانی حکومەت بەعس لە شاری سلێمانیدا دروست ببوون، توانی ڕێگری بکات لە شەڕی ناوخۆیی لایەنەکان، کە ئەمە بۆ خۆی بەگەورەترین دەسکەوتی بەرەی کوردستانی دادەنرێت.

٧. لە ١٩ی مایسی١٩٩٢ بۆ یەکەمین جار گەلی کورد لە هەڵبژاردنێکی دیموکراسیدا دەنگیان بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان و هەڵبژاردنی ڕابەری گەلی کورددا، ئەم هەڵبژاردنە و بانگەشەی هەڵبژاردن لە شاری سلێمانیدا بە شێوەیەکی دیموکراسی بە ڕێوەچووە، لە ماوەی بانگەشەدا شاری سلێمانی لە کەرنەڤاڵێکی نەتەوەیدا بووە، خەڵکی شاری سلێمانی بە جلی ئاڵو واڵاوە بانگەشەیان بۆ ئەو لایەنانە کردووە کە جێی متمانەیان بوون، پرۆسەی هەڵبژاردن لە شاری سلێمانیدا، هەروەك شارەکانی دیکەی هەرێم، هەندێك پێشێلکاری تێدا ئەنجام دراوە لەوانە: (دەستوەردانی حیزبی لە پرۆسەی هەڵبژاردن، ساختەکاری بە شێوەیەکی بەربلاو، نەرەخساندنی هەلی یەکسان بۆ سەرجەم لایەنە بەشدارەکان، لایەنە باڵادەستەکان(ی.ن.ك)و(پ.د.ك) کۆنترۆڵی پرۆسەکەیان کردبوو دواجار جگە لەو دولایەنە هیچ پارتێکی دیکە نەیتوانی کورسی پەرلەمان مسۆگەر بکات، لەگەڵ ئەوەشدا پرۆسەی هەڵبژاردن ئەزمونێکی تازەبوو بە نیسبەت هەرێمی کوردستانەوە.

٨. لە دوای دروستبونی حکومەتی هەرێمی کوردستان، تەنها ماوەیەکی کورت بارودۆخی سیاسی هەرێمی کوردستان بە گشتی و شاری سلێمانی بە تایبەت ئارامی بە خۆوە بینیوە، لە دوای ئەوە شەڕی ناوخۆیی پارت و هێزە سیاسییەکان بەرچاو دەکەوێت، کە کاریگەری لەسەر شاری سلێمانی هەبووە، بە جۆرێك بەشێك لە شەڕو پێکدادانەکان لە ناو شاری سلێمانیدا ڕوویانداوە، بەو هۆیەوە چەندین هاوڵاتی شاری سلێمانی بوونەتە قوربانی ململانێ سیاسییەکانی نێوان پارتەکان، جگەلەوەی ئەم شەڕو پێکدادانانە باری ئاسایی شارەکەی ئاڵۆزکردووە، کاروبارەکانی هاوڵاتیان بە شێوەیەکی ئاسایی بەڕێوەنەچوون، لەو ماوەیەدا سەروماڵی هاوڵاتیان پارێزراو نەبووە، جگەلەوەی بە هۆی شەڕی ناوخۆوە زۆرینەی لاوانی شاری سلێمانی ڕوویان لە هەندەران کردووە، بەشێکی دیکەیان

له ناوخۆی هەرێمەکەدا ئاوارەی شارەکانی دیکە بوون، ئەمەش کاریگەری کۆمەلأیەتی و دەرونی لەسەر خەڵکی شارەکە هەبووە، بەرئەنجامێکی تری شەڕی ناوخۆ دابەش بونی هەرێمەکە بوو بۆ دوو ناوچەی ئیداری و دوو دەسەلأت و دوو حکومەت، کە ئێستاشی لەگەڵ بێت شوێنەوارەکانی بە جەستەی هەرێمەکەوە دیارە و ساڕێژ نەبوون.

9. دوای ململانێیەکی سیاسی و شەڕێکی ماڵوێرانکەری نێوان نێوان پارتە کوردییەکان، سەر ئەنجام لە ساڵی ١٩٩٨دا ڕێکەوتننامەی واشنتۆن کۆتایی بە ناکۆکی و پێکدادانی نێوانیان هێنا، ئەم ڕێکەوتننامەیە کاریگەری لەسەر هەرێمی کوردستان بە گشتی و شاری سلێمانیش بە تایبەتی هەبووە، بە جۆێك خۆشییەکی وای خستووەتە دڵی دانیشتوانی شارەکەوە هەر بە بیستنی ڕێکەوتنەکە شادی و خۆشیان دەربڕیوە، ئەمە دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە دانیشتوانی شار هەرگیز لەگەڵ شەڕو ناکۆکی لایەنەکاندا نەبوون هەمیشە ئاشتی و ئارامییان ویستووە.

10. لە دوای ساڵی ١٩٩٨ و ڕێکەوتنی واشنتۆن تا ساڵی ٢٠٠٣، بارودۆخی شاری سلێمانی تا ڕادەیەك ئارامی سیاسی بە خۆوە بینیوە، کاروبارەکان بە شێوەیەکی باشتر بە ڕێوەچون، دام و دەزگا حکومی و خزمەتگوزارییەکان چالاکتر بوون، بە جۆرێك لەوماوەیەدا، چەندین کاری خزمەتگوزای بۆ شاری سلێمانی ئەنجام دراوە، ڕێگاوبانەکان ، شەقام و کۆڵانەکان بە شێکی زۆریان قیرتاوکراون، تۆڕی ئاوی خواردنەوە بۆ هەندێك لە گەڕەکەکانی شاری سلێمانی ڕاکێشراوە، هێڵەکانی گەیاند ن و پۆستە و پەیوەندییەکان هەنگاویان بۆ نراوە و بەرەو پێشەوە چوون، لە کەرتی ئابوریدا کارگەو کارخانە بچوکەکان جارێکی تر خراونەتەگەڕوو و بەرهەمیان زیادی کردووە، وەك(کارگەی جلوبەرگی ئامادەکراو، کارگەی جگەرە، کارگەی چیمەنتۆی سەرچنارو تاسلۆجە).

11. لە دوای ساڵی٢٠٠١ وە بە هۆی سەرهەڵدانی گروپی (جند ئیسلام) لە ناوچەکانی هەڵەبجەو هەورامان، بارودۆخی سیاسی شاری سلێمانی تاڕادەیەك ئاڵۆز بووە، دیاردەی تەقەکردن و کوشتن لە شارەکە سەری هەڵداوە، تەنانەت گەشتووەتە ئەو ڕادەیەی هەوڵی تیرۆکردنی سەرۆکی حکومەت-کابینەی سلێمانی(بەرهەم ساڵح)یش بدرێت.

12. بە هاتنی ساڵی ٢٠٠٣ قۆناغێکی جیاکەرەوە لە مێژووی عێراق بە گشتی هەرێمی کوردستان بە تایبەتی دەستی پێکرد، لە ساڵەدا ڕژێمی دیکتاتۆری بەعس دوای ٣٥ ساڵ لە حکومڕانی عێراق کۆتایی بە دەستەڵاتەکەی هات، بۆیە لە دوای ڕوخانی ئەو ڕژێمە هەرێمی کوردستان و شاری سلێمانیش گۆڕانکاری گەورەی لە بوارەکانی( سیاسی، ئابوری، کۆمەلأیەتی، ڕۆشنبیری، پەروەردەیی...هتد)، بە خۆوە بینیوە.

Kurdistan Regional Government
Ministry of Higher Education and Scientific Research
University of Sulaimani
College of Human Sciences
History Department

# The City Of Slemani 1988-2003

## A Historical Political Study

The thesis is written by:

**Masoud Mahmood Hassan**

Submitted to the History department of the college of human sciences of the University of Sulaimani, as a partial requirement for the master's degree in New and Modern History.

Supervised by:

**Ass. Pro.dr. Ako Abdulkarim Mahmood shwani**

AD 2018 2718 Kurdish year

حکومەتی هەرێمی کوردستان
سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵاوتوێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی-کۆلیژی زانستە مرۆڤایەتییەکان
بەشی مێژوو

# شاری سلێمانی( ١٩٨٨-٢٠٠٣ )

## "توێژینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە"

نامەیەکە

مەسعود مەحمود حەسەن

پێشکەشی ( بەشی مێژووی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی ) ی کردووە، وەك بەشێك لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ( ماستەر ) لە مێژووی نوێ و هاوچەرخدا

سەرپەرشت

پ. ی. د. ئاکۆ عەبدولکەریم مەحمود شوانی

٢٠١٨ زاینی

٢٧١٨ کوردی

## بەشی یەکەم: شاری سلێمانی لە نێوان ساڵانی (١٩٨٨-١٩٩١).

### باسی یەکەم: سیاسەتی ڕژێمی بەعس لە هەمبەر شاری سلێمانی(١٩٨٨-١٩٩١):

### یەکەم: سیاسەتی بەعس لە رووی سیاسیەوە دژی شاری سلێمانی:

وەك ئاشکرایە شاری سلێمانی هەمیشە لانکەی شۆڕش و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد بووە، سلێمانی بۆخۆی یان بنکەی سەرهەڵدانی شۆڕش و ڕاپەرینەکان بووە، یاخود سەرچاوەی فکری و داینەمۆی ئەو بزوتنەوانە بووە، بۆ ئەمەش نمونەکان زۆر و لەبەر چاون، هەر لە میرنیشینی بابانەوە هەتا حکومەتی شێخ محمود ، پێشوازیکردن لە سمکۆی شکاك ، ڕاپەڕینی ٦/ئەیلولی /١٩٣٠ لە بەردەرکی سەرای سلێمانی، دواتریش هاوکاری کردنی شۆڕشی بارزان و مەلامستەفای بارزانی، بەشداری لە دروستبونی حیزبی هیوا و کۆماری مهاباد لە رۆژهەلاتی کوردستان، شۆڕشی ئەیلولی ١٩٦١، دواجاریش شاری سلێمانی سەرچاوەی سەرەکی و بزوێنەری شۆڕشی نوێی بووە[1].

ئەمەش وای کردووە شاری سلێمانی لە سیاسەتی حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق دا پێگەیەکی دیاری هەبێت، بە هەموو هێزو توانایەکی سەربازی و فکرییەوە لە هەوڵی کۆنتڕۆکردنی شاری سلێمانی دا بن و بە (المدینة الصعبة) شارە قورسەکە بیناسێنن[2]. لەبەر ئەوە ڕژێمی بە عس بە مەبەستی کۆنتڕۆکردنی شاری سلێمانی و سەرکوتکردنی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد، توندترین سیاسەتی دژی خەڵکی شاری سلێمانی بەکار هێناوە ، هەر لە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ ، کوشتن بە بێ دادگایکردن ، زیندانیکردن بە بێ تۆمەتێکی دیاریکراو، هەوڵی ژەهرخواردکردنی کەسە دیار و سیاسیەکانی ئەم شارە و زیندانی کردنی ژن و منداڵ و پیرو گەنج بە کۆمەڵ و بە بێ تۆمەتێکی دیاری کراوی یاسایی، ئەشکەنجەی دەروونی و جەستەیی لە زیندانەکاندا بە بەکار هێنانی چەندین شێوازی جیاجیای ئەشکەنجە، وەکو(نینۆك هەڵکێشان، بزمار لە بنی پێدان، داخ کردن، هەڵواسین، کارەبا لێدان. . . هتد)[3].

قولایی سیاسەتی بەعس بریتی بووە لە پاکتاوکردنی ڕەگەزە ناعەرەبەکان ، وەکو(کورد، فارس، تورك)، چونکە بە بۆچونی ئەوان ئەو نەتەوانە ڕێگرن لە دروست بونی یەکێتی عەرەب،جگەلەوەش بەعس پێی وابوو کە نەتەوەی کورد لە سەرخاکی عەرەب میوانن،بۆیە لە هەر ئان و ساتێکدا کە بۆیان بگونجێت دەبێت لەسەر

---

(١) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(ئاکۆ محەمەد وەهبی)، سلێمانی، ٢٠١٧/٣/١١. ناوبراو لە ساڵی ١٩٦١ لە شاری سلێمانی لە دایك بووە، ساڵی ١٩٨٣ کۆلێژی ئەندازیاری کارەبای لە زانکۆی سلێمانی–سەلاحەدین تەواوکردووە، لە ساڵی ٢٠٠٣ بڕوانامەی ماستەری لە بواری زانستی پەیوەندی تەلەفۆنیدا لە وڵاتی بەریتانیا بەدەست هێناوە، لە ساڵی ١٩٧٨ ەوە تێکەڵی کاری سیاسی بووە، لە ساڵی ١٩٨٢ بووەتە ئەندامی ڕێکخستنەکانی ناوشاری کۆمەڵە، لە ساڵی ١٩٨٧ بووەتە ئەندامی ڕێکخراوی سلێمانی، لە(١٩٧٨–١٩٩١)ئاگاداری ڕەوشی ڕێکخستنەکانە لە ناو شاری سلێمانی، ئێستا لە شاری سلێمانی نیشتە جێیە.

(٢) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(ئەحمد حامد)، سلێمانی، ٢٠١٧/٢/٧. ناوبراو لە شاری سلێمانی لەدایك بووە، لەساڵی ١٩٥٣ پەیمانگای مامۆستایانی لە بەغداد تەواو کردوە، لە ساڵی ١٩٤٨ بۆتە ئەندام لە حیزبی شوعی عێراقدا و لە ساڵی ١٩٦٨ بووە بە بەرپرسی پەیوەندییەکانی سیاسیەکانی حیزبی شوعی لە شاری سلێمانی، لە ساڵی ١٩٧٤ بووە بە ئەندامی جێبەجیکاری ئەنجومەنی حوکمی زاتی لە شاری سلێمانی، لە ساڵی ١٩٧٩ بۆماوەی ٣ مانگ لەلایەن حکومەتی بەعسەوە گیراوە، دواتر لە بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی سلێمانی دامەزراوە، لە ساڵی ١٩٩١ خانەنیشین کراوە، ئێستا نیشتەجێی شاری سلێمانییە.

(٣) کاروان ڕەووف:یاداشتی دیوان و کۆڕانی زیندان، چاپخانەی هەرین، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل٢٦.

خاکی عەرەب دەربکرێن، بۆئەمەش هەوڵیانداوە بە هەر شێوەیەك بێت ئەو نەتەوانە پاکتاو بکرێن[1]، بۆیە ئەوەی لە دەسیان هاتبێت ئەنجامیان داوە ، هەر لە ڕاگواستن و بە عەرەبکردن و بە بەعسیکردندا، بەعس پیلانی ڕاگواستنی کوردی لە ناوچە کوردنیشینەکان بە شاری سلێمانیشەوە بۆ ئۆردوگاکانی ناوەڕاست و باشوری عێراق دانا، لە ٢٠/١٠/١٩٨١ دا(ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش) ی عێراق بڕیاری ژمارە(١٣١٩) ی دەرکردبوو، کە تێیدا بە شێوەیەکی فەرمی و یاسایی بڕیار لە سەر ڕاگواستنی کوردی ناوچەی ئەتۆنۆمی درا بوو بۆ ناوەڕاست و باشوری عێراق، بۆ ئەم مەبەستە لیژنەیەك بۆ سەرپەرشتی کردن و جێبەجێکردنی بڕیارەکە و دروستکردنی ئۆردوگای نیشتەجێکردن لە پارێزگاکانی ناوەڕاست و باشور پێکهێنرا، هەر لە هەمان ساڵدا بە مەبەستی جێبەجێکردنی بریارەکە نزیکەی(١٢٦٦) گوند وێرنکراو دانیشتوانەکەی بۆ پارێزگاکانی باشوری عێراق ڕاگوێزران[2].

لەگەڵ ئەوەی حیزبی بەعس لە هەوڵی ڕاگواستنی نەتەوەی کورد و دانیشتوانی شاری سلێمانی دا بووە بۆ ناوەڕاست و باشوری عێراق، لە هەمانکاتدا لە هەوڵی هێنانی ئەندامانی پارتی بەعس دا بووە بۆ شارەکانی باشوری کوردستان و سلێمانی، ئەوەتا بە پێی بڕیارێکی (ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش) کە لە هاوینی ساڵی ١٩٨٠ دەرچووە، تێیدا هاتووە هەر ئەندامێکی حیزبی بەعس لە پلەی (نصیر) بۆ سەرەوە ، ئەگەر ئامادە بێت شوێنی نیشتە جێبونی خۆی بە جێ بهێڵیت و خۆی بۆ پارێزگاکانی باشوری کوردستان بە شێوەیەکی بەردەوام بگوازێتەوە، (١٠) هەزار دینار(چاپی سویسری ئەوکاتە-توێژەر) و خانویەکیش کە لەسەر بودجەی دەوڵەت دروسکرابێت پێی دەدرێت، بەڵام بە مەرجێك ئەو کەسەی بە دەنگ بڕیارەکەوە دەچێت عەرەب بێت و ئامادەبێت لە هەرناوچەیەك ، کە حکومەت دەست نیشانی دەکات نیشتەجێ بێت ، تا تێپەڕبونی دە ساڵ بەسەر هاتنەکەی بۆ کوردستان بۆناوچەی ڕەسەنی خۆی نەگەڕێتەوە و تۆماری باری شارستانی خۆیشی بۆ ئەو پارێزگایە بگوازێتەوە[3].

بەمشێوەیە دەبینین حکومەتی بەعس پلانی گۆڕینی دیمۆگرافیای ناوچە کوردییەکانی داناوە و بە جدی کاری لەسەر کردووە، پڕۆسەکەش لە ساڵی ١٩٧٨ ەوە دەستی پێکردووە و لە شاڵاوەکانی ئەنفالدا گەشتووەتە لوتکە، بۆ وێنە لە سنوری پارێزگای سلێمانی دا و لە قەزای پێنجوێن لە ساڵی ١٩٧٨ دا زیاتر لە (١٤٠) گوند بۆ ئۆردوگاکانی (نەسر، باریکە، سیروان، سەیدسادق، ناڵپارێز) ڕاگوێزراون، لە قەزای دوکانیش لە هەمان ساڵدا(١٣) گوند ڕاگوێزراون ، لە قەزای هەڵەبجەش (١٤٣) گوند بۆ ئۆردوگاکانی باینجان و چەند ئۆردوگایەکی دیکە ڕاگوێزراون، ڕاگواستن تەواوی گوند و قەزاو ناحییەکانی سنوری پارێزگای سلێمانی گرتەوە، لەکاتی جەنگی عێراق-ئێران دا پڕۆسەکە چڕتر کرایەوە، بەجۆرێ لە نێوان ساڵانی(١٩٨٣-١٩٨٥) زیاتر لە (١١٦) گوند لە قەزاکانی(دوکان ، دەربەندیخان، کەلار، رانییە، چەمچەماڵ، چوارتا) ڕاگوێزران و ناوچەیەکی فراون بە زەوی قەدەغە کراو ناسێنرا، بەعس لە نێوان ساڵانی(١٩٨٦-١٩٨٧)زیاتر لە (٢٥٥)گوندی تری لە قەزاکانی( قەڵادزێ و

---

(١) سۆزان کەریم مستەفا: بەعسیزم و کورد،چ١،دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، لە بلاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری(ی. ن. ك)، سلێمانی، ٢٠٠٧،ل٣١٨؛چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (ئەحمەد حامد)، سلێمانی، ٢٠١٧/٢/٧.

(٢) خلیل اسماعیل محمد:مؤشرات سیاسة التعریب و التهجیر فی اقلیم کردستان العراق، اربیل، ٢٠٠١، ص٢٦؛ ئاراس عەبدولرەحمان مستەفا:س. پ، ل١٥٦-١٥٧.

(٣) عەلی تەتەر نێروەی: س. پ، ل٢٠٢.

دەربەندیخان و قەرەداغ و خورماڵ) ڕاگواست[1]. بە پێی سەرژمێرییەکی بەرەی کوردستانی عێراق، کە لە ٢٤ی شوباتی ١٩٨٩ یاداشتنامەیەکی ئاراستەی لیژنەی مافی مرۆڤ لە نەتەوە یەکگرتووەکان کردووە، ئامارەکانی بەم شێوەیە روون کردووەتەوە:"

- ڕووبەری(٥٥-٦٠) هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشە لە هەرێمی کوردستان چۆڵکراوە.
- زیاتر لە نیو ملیۆن کورد بە ناچاری لە ترسی گرتن و کوشتن و شوێن بزرکردن، پەنا هەندەی وڵاتانی دیکە بوون.
- زیاتر لە یەك ملیۆن و نیو کورد لە گوند و ناحییە و قەزاکانی خۆیان بە زۆر ڕاگوێزراون، تەنانەت بۆیان نییە بگەڕێنەوە شوێنەکانیان.
- زیاتر لە (٤٠٠٠) گوندی کوردستان خاپور کراون ، تەنانەت کانی و سەرچاوەکانی ئاویش بە چیمەنتۆ پڕکراونەتەوە، بۆ ئەوەی جارێکی تر ژیان لە کوردستان نەمێنێت و میللەت و پێشمەرگەش نەتوانن بژین"[2]. ئەمە جگە لە وێرانکردنی (١٧٥٧) قوتابخانە و (٢٤٥٧)مزگەوت و (٢٧١) بنکەی تەندروستی ، لەو وێرانکارییەدا سلێمانی پشکی شێری بەرکەوتووە، بەجۆرێ بە پێی سەرژمێری ساڵی ١٩٧٧ لە پارێزگای سلێمانی (١٨٧٧) گوند هەبووە، بەڵام لە سەرژمێری ساڵی ١٩٨٧ دا تەنها(١٨٦)گوند ماوەتەوە، واتە (١٧٠٠) گوند لەو دە ساڵەدا خاپورکراوە [3].

هەموو ئەوانەش کاریگەری لەسەر ژیانی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی شاری سلێمانی هەبووە، لە ڕووی سیاسیەوە ڕاگواستنی گوندەکان زەبریکی کاریگەر بو بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان، کە وای کرد بە ئەستەم بتوانن درێژە بە چالاکییەکانیان بدەن ، چونکە سەرچاوەی ژیان و گوزەرانی پێشمەرگە گوندەکانی کوردستان بوو، بۆیە دەبینرێت دوای پرۆسەکانی ئەنفال و کۆتا هاتنی جەنگی ئێران-عێراق ، پێشمەرگە ئاوارەی سنوری ئێران بوون و چالاکییەکانیان کەم بوونەوە، لە ڕووی ئابوریشەوە گوندەکان سەرچاوەی ژیان و داهاتی شاری سلێمانی بوون، چونکە جگە لە گەنم و جۆ و دانەوێڵە و سەوزە و میوە دەیان بەرهەمی دیکەیان دەخستە بازاڕەکانی شاری سلێمانییەوە، بە نەمانی گوندەکانیش بەرهەمی ناخۆیش کەمیکرد و کاریگەری لەسەر نرخی شتومەکەکان هەبووە لە بازاڕدا.

لە ڕووی کۆمەڵایەتیشەوە ڕاگواستنی گوندەکان و دروست کردنی ئۆردوگا زۆرە ملێکان دەیان گیرو گرفت و کێشەی کۆمەڵایەتی بە دوای خۆیدا هێناوە، ئاشکرایە کۆمەڵگە کوردی لەسەر بنەمای خێڵ و عەشیرەت دامەزراوبوو، هەر یەکەیان ناوچەی تایبەت بە خۆیان هەبوو، بۆیە کاتێك لەو ئۆردوگا زۆرە ملێیانەدا کۆکرانەوە شەڕو ئاژاوە و دوژمنداری لە نێوانیاندا دروست بوو، سەرەڕای بڵاوبونەوەی دیاردەی دزی و تاڵانی بەهۆی لە دەستدانی سەرچاوەی داهات و بێکاری و بڵاوبونەوەی نەخۆشی دەروونی لە و کۆمەڵگایانەدا ، کە لە زۆربەی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتی و تەندروستیەکان بێبەش بون. لە لایەکی دیکەوە حکومەتی بەعس بێکارکراوانی کوردی بە بیانوی پەیداکردنی کار بۆیان، بۆناوچە عەرەبنیشینەکان دەگواستەوە(٤). جگە لە کۆمەڵگە

---

(١) ئاراس عەبدوڕەحمان مستەفا:س. پ، ل١٥٦-١٥٧.

(٢) عومەر هەمزە ساڵح:ڕاگواستن(لێکۆلینەوەیەکی جوگرافی و مێژوویی زۆرەملێی گوند نیشینەکانی کوردستانە، پشدەر وەك نمونە)، چ١، چاپخانەی خانی، دهۆك، ٢٠٠٩، ل١٠٤.

(٣) مێدڵ ئێست ووچ:س. پ، ل١٤٣.

(٤) عەلی تەتەر نێروەیی:س. پ، ل٢٠٢.

زۆرەملێکانی سنوری پارێزگای سلێمانی بە فەرمانی(سەدام حسین) بڕیاری دروستکردنی ٢٠ هەزار خانوو لە پارێزگاکانی (ڕومادی، سەماوە، دیوانییە، ناسرییە) درابوو، ئەمەش بە دوو جۆر دەبوو، ( یەکەمیان ئەو خێزانانەی کە دەتوانێرێت ڕازیبکرێن ، تا بۆ ئەو ناوچانە بگوازرێنەوە. دووەمیان ئەو خێزانە کوردانەی کە حکومەت بڕیاری ڕاگواستنی بۆ دەردەکردن)(١). هەموو ئەمانەش لە پێناو دروشمی سەرەکی و سیاسەتی حیزبی بەعس دا بوو، کە خۆی لە بە عەرەب کردنی کوردستاندا دەبینیەوە و هەمیشە لە هەوڵی تواندنەوەی میللەتی کوردا بووە.

هێڵی سەرەکی سیاسەتی بەعس بریتی بووە لە جێبە جێ کردنی بەرنامەی(بەعەرەبکردن، بە بەعسیکردن، ڕاگواستن) بۆ بە ئەنجام گەیاندی ئەم بەرنامەش ئەو پەڕی توانای مادی و مرۆیی و هێزی داپڵۆسێنەری خۆی بەکار دەهێنا(٢). ئەمەش لە ئایدۆلۆژیای حیزبی بەعسەوە سەرچاوەی گرتبوو، چونکە بەعس وەك جوڵانەوەیەکی نەتەوە پەرست خۆی بە خاوەنی بیر و باوەڕێکی گشتگیر (شمولی)دادەنا، ئاوات و ئارەزووەکانی باڵی نەتەوە پەرستی توندڕەوەی بۆژوازی عەرەبی بەرجەستە دەکرد، لای وابوو کە پەیامێکی نەمری(رسالة خالدە) ی بۆ مرۆڤایەتی هەیە، چونکە لە ڕووی بیر و هۆشەوە عەرەب لە میللەتانی دیکە ژیرترە، لە شارستانییدا کۆنترە، هەر سێ ئاینە ئاسمانییە گەورەکە لە خاکی ئەواندا دەرکەوتووە، زانستەکانی دونیا هەر لە فیزیا و کیمیا و پزیشکییەوە هەتا فڕۆکە و مانگی دەست کرد و کۆمپیوتەر لە پێشدا ئەوان دۆزویانەتەوە و ئەوروپا و ئەمریکا لێیان دزیون، توانایەکی ئابوری و مرۆیی زۆرو سەرزەمینێکی پان و بەرینیان هەیە، بەوپێیە ئەتوانن ئیمراتۆریەتێکی بەهێزی گەورە لە دنیادا پێك بهێنن(٣).

لە دروستکردنی ئەو ئیمراتۆرەدا نەتەوە غەیرە عەرەبەکانیان بە بەربەست دەزانی ، بۆیە بە هەموو شێوەیەك لە هەوڵی لە ناوبردن و تواندنەوەیدا بوون، لەم بوارەشدا سەرجەم ڕێگەکانیان ئەزموون دەکرد، سەرەتا بە ڕێگای ئاشتی و بە نەرمی هەوڵی بە بەعسیکردنی دانیشتوانی کوردستان و شاری سلێمانی یان دەدا ، بۆ ئەمەش پەیوەندیان دەکرد بە کەسایەتییە دیارو کاریگەرەکانەوە، هەر لە کە سایەتی کۆمەڵایەتی و سەرکردە سیاسییەکان(ئەوانەی بە هەر هۆکاریك وازیان لە شۆڕش هێنا بوو گەڕابونەوە بۆ شاری سلێمانی) و مامۆستا و هونەرمەند و شاعیرو ڕۆشنبیران، بەعس بە ئاشکرا ئەوەی ڕاگەیاندنبوو، کە زیاتر پێویستیان بەو کەسانە هەیە، ئەمەش بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ئەوانەوە بیری بەعسیزم لەناو شاری سلێمانی بڵاو بکەنەوە و لەو ڕێگەیەوە کۆنترۆڵی تەواوی شار و هەرجموجوڵێکی سیاسی بکات(٤)، ئەگەر ئەمەی بۆ نەچوبایەتە سەر هەموو ڕێگەیەکی توندوتیژی بەکار دەهێنا، چەندین دام و دەزگای ئاشکراو نهێنی بۆ سەرکوتکردنی خەبات و ناڕەزاییەکانی شاری سلێمانی دامەزراندبوو، بچوکترین ناڕەزای گەورەترین سزای بە دواوە بوو(٥).

---

(١) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(ئەحمەد حامد)، سلێمانی، ٧/٢/٢٠١٧.

(٢) مراد حەکیم محەمەد:ئاکامە کۆمەڵایەتییەکانی سیاسەتی ڕاگواستنی کورد لە عێراق لەسەردەمی بەعسدا، (ب. ن، چ)، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل١٠٢-١٠٣:کاوە نادر:کۆلۆنیالیزمی عێراقی و ڕاگواستن و بەعەرەبکردنی باشوری کوردستان، گۆڤاری سەرخۆبون، ژمارە(٧-٨)هەولێر، ٢٠٠١، ل٢٠؛ مامۆستا عوسمان کانی پانکەیی: سەروەرییەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ڕۆژگارە سەختەکانی گەلی کورددا، چ١، چاپخانەی روون، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل١٧.

(٣) ئەمین قادر مینە:س. پ، ل٧١ ؛ سۆزان کەریم مستەفا: س،پ،ل٣١٧-٣١٨.

(٤) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(ئەحمەد حامد)، سلێمانی، ٧/٢/٢٠١٧.

(٥) ڕێبوار خالید مصطفی:س. پ، ل١٤٣.

ڕاوەستانی جەنگی عێراق- ئێران بە بڕیاری ژمارە(٥٩٨)لە ڕێکەوتی(١٩٨٨/٨/٢٠) ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان زیاتر دەستی حکومەتی عێراق و حزبی بەعسی ئاوەڵاکرد لە جێبەجێ کردنی سیاسەتی بە عەرەبکردن و بە بەعسیکردنی دانیشتوانی شاری سلێمانی، نەك هەر ئەوە بەڵکو دەرفەتی ڕەخساند بۆ حزبی بەعس هەرەس بە کورد بهێنێ، لە لایەنەکانی سیاسی و سایکۆلۆژی و نەتەوایەتی . . . هتد[١].

بەشێك لە نوسەران و تەنانەت سیاسیەکانیش شکستی ساڵی ١٩٨٨ بەراورد دەکەن بە هەرەسی١٩٧٥ ، چونکە لە هەردوو شکستەکەدا هێزی پێشمەرگەی کوردستان و لایەنە سیاسییەکان لە خاکی باشوری کوردستاندا چالاکی و جموجوڵیان زۆر کەم بووەوە و حکومەتی عێراق کۆنترۆڵی تەواوی خاکی باشوری کوردستانی کرد(٢)، جگە لەوەش لە هەردوو بارەکەدا پێش شکستی سەربازی شکستی سایکۆلۆژی بەدوای خۆیدا هێنا، تەنانەت بەشێك لە سەرکردە سیاسیەکانیش بڕوایان بە شۆڕش و خەبات نەما و هەندێکیان سەفەری ئەوروپایان کرد و بەشێکیشیان خۆیان ڕادەستی حکومەتی بەعس کردەوە[٣]، ئەمەش وای کرد حیزبی بەعس زیاتر لە جاران هەوڵی جێبەجێ کردنی سیاسەتی خۆیان بدەن، کە وەك باسکرا خۆی لە سیاسەتی بەعەرەب کردن و بەبەعسیکردن و ڕاگواستن و تواندنەوەی نەتەوەی کورددا دە بینییەوە.

حیزبی بەعس بە ئاشکرا تێڕوانینی خۆی لەسەر کەمە نەتەوەکان لە نامیلکەی (اهداف و غایات)دا خستووەتە ڕوو، دەڵێت:"کەمە نەتەوە نا عەرەبەکان کە ناتوانرێ لە کۆمەڵی عەرەبدا بتوێنرێنەوە و بە شێوەیەکی تەواو بە عەرەب بکرێن دەخرێنە ژێر یاسایی تایبەتییەوە ، کە ئەرك و مافەکانیان بە شێوەیەکی وا دیاری دەکات نە توانن زیان بە بەرژەوەندییەکانی عەرەب بگەیەنن، مافی دەوڵەتی عەرەبیشە، کە هەرکاتێ بیەوێ ن ئەوانەی زیان بەبەرژەوەندییەکانی دەگەیەنن دەریان بکات و دروستکردنی خوێندگا و دامەزراندنی ڕێکخراو و ڕۆژنامە بە زمانەکەیان و بانگەوازی نەتەوایەتیشیان لێ قەدەغە بکات"[٤].

هەروەها لە مادەی(١١) ی بەرنامەی بەعس، کە لە یەکەمین کۆنگرەی دامەزراندیدا پەسەندکراوە، دەڵێت:"هەرکەسێك داوا بکات یان بچێتە پاڵ دەستەیەکی ڕەگەزییەوە، یا بە مەبەستی داگیرکاری(استعماری) هاتبێتە نیشتیمانی عەرەبەوە، ئەوا لە نیشتمانی عەرەب دەردەکرێت"[٥]. ئەمەش بە ڕونی ئاماژەیە بە نەتەوەی

---

(١) ئەحمەد میرە: کاریگەری بزوتنەوە ڕۆشنبیری و ئەدەبیە کوردییەکان لەسەر کۆمەڵگای کوردی باشوری کوردستان ١٩٧٠- ٢٠٠٣، چ١، چاپخانەی ڕەنج، ٢٠١٢، ل١٦٢ ؛ حیکمەت محەمەد کەریم(مەلا بەختیار):شۆڕشی کوردستان و گۆڕانکارییەکانی سەردەم، چ٣، چاپخانەی ڕۆشنبیر، هەولێر، ١٩٩٤، ل٣٣.

(٢) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(ئاسۆی شێخ نوری)نسلێمانی، ٢٠١٧/١/١٨. ئاسۆ نوری ڕەزا بابە شێخ، لە ساڵی ١٩٤٧ لە شاری سلێمانی لە دایك بووە، لە ساڵی ١٩٥٤ خوێندنی سەرەتایی لە شاری سلێمانی تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩٧٠ پەیوەندی بە کۆمەڵەوە کردووە، لە ساڵی ١٩٧٣ بووە بە ئەندامی کۆمیتەی ڕێکخستنی سلێمانی کۆمەڵە، لە ساڵی ١٩٧٥ لە لایەن حکومەتی بەعسەوە دەستگیر کراوە، لە ١٩٧٩/٨/١٦ بە لێبوردنی گشتی ئازاد دەکرێت، لە ساڵی ١٩٨١ بەشداری یەکەم کۆنفراسی کۆمەڵەی کردووە، دواتر بوتە لێپرسراوی مەڵبەندی یەکی سلێمانی (ی. ن. ك) لە دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ بووەتە قایمقامی شاربازێڕ و لە ساڵی ١٩٩٦ بۆتە جێگری پارێزگاری سلێمانی، لەماوەی نێوان(٢٠٠١—٢٠٠٥)پارێزگاری سلێمانی بووە، ئێستاش نیشتەجێی شاری سلێمانییە.

(٣) نەوشیروان مستەفا ئەمین:خولانەوە. . . ، س. پ، ل١٥٣؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(ئاسۆی شێخ نوری)نسلێمانی، ٢٠١٧/١/١٨.

(٤ ) الحركة البعث العربي:هداف و غايات، (ب. م)، ١٩٤٥،ص٣.

(٥) ئەمین قادر مینە:س. پ، ل٦٥.

کورد، کە پێیان وایە خاکی عەرەبیان داگیر کردووە و پێویستە دەربکرێن. جگە لەوەش بەعس نەتەوەی کوردیان بە میوان لەسەر خاکی عەرەب دادەنا، بەو واتایەیی هەرکات بیانەوێت دەتوانن دەربەدەریان بکەن و خاك و ئاویان داگیر بکەن[1].

لە ماوەی نێوان ساڵانی(١٩٨٨-١٩٩١) حکومەتی بەعس بە شێوەیەکی فراوان و بەربڵاو کەوتە پیادەکردنی سیاسەتی لەناوبردنی کورد بەجۆرێك لە شاڵاوەکانی ئەنفال دا لە ماوەی نێوان مانگی شوبات بۆ ئەیلولی ١٩٨٨، سەرجەم بنەماکانی جاڕی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ و ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکانی لە مەڕ قەدەغەکردنی لەناوبردنی بە کۆمەڵ بە زەقترین شێوە پێشێل کردووە، ئەمەش بە فەرمانی سەرۆکی عێراق و گەورە لێپرسراوانی حیزبی بەعسی دەسەڵاتدار بوو، وەك:

١. کوشتنی بە تاك بە بێ هیچ دادگایی کردنێك
٢. کوشتنی بە کۆمەڵ و سەپاندنی سزای بە کۆمەڵ.
٣. زیندانی کردنی بە کۆمەڵ بە بێ تۆمەتێکی دیاری کراو.
٤. بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی قەدەغەکراو.
٥. ئەشکەنجەدانی دەروونی و جەستەیی بە کۆمەڵ.
٦. کۆچپێکردنی زۆرە ملێ و بە کۆمەڵ و نیشتەجێ کردنی بە زۆر لە ئۆردوگاکاندا[2].

ڕژێمی بەعس بە هیچ شێوەیەك درێخی نەکردووە لە سەرکوت کردن و لە سێدارە دانی خەڵکی شاری سلێمانی[3]، ئەمەش بە ئاشکرا لەو بەڵگەنامانەدا دەردەکەوێت کە لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە بە جێ ماوە، بۆ وێنە بە پێی نوسراوی ئاسایشی سلێمانی ژمارە(١٢٣٠٨) لە ڕێکەوتی ١٩٨٩/٩/١٧ کە ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی کراوە، ئاماژەکراوە بە گرتنی چەندین هاوڵاتی کە لە نوسراوەکەدا ناویان هاتووە، لەگەڵ لە سێدارەدانی ژمارەیەکی دیکە کە لە هەمان نوسراودا خراوەتە ڕوو، تۆمەتی گرتن و لە سێدارەدانی ئەو هاوڵاتیانەش، تەنها ئەوە بووە کە سەر بە پارتە کوردییەکان بوون و چالاکیان ئەنجامداوە[4].

لە نوسراوێکی دیکەی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی سلێمانی/لێکۆڵینەوە ژمارە(٢٥١٦٣) لە ڕێکەوتی ١٩٨٨/١٠/٢٩ کە ئاراستەی بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کراوە، باس لەوە دەکات: (٩) تاوانبار لە دەستەی بەکرێگیراوانی ئێران، لە لایەن بەڕێوەبەری ئاسایشی سلێمانییەوە سزای لە سێدارەدانیان

---

(١) سۆزان کەریم مستەفا: س،پ،ل٣١٨؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(ئەحمەد حامد)، سلێمانی، ٢٠١٧/٢/٧.

(٢) زیاد عەبدولڕەحمان:تونی مەرگ هێرشەکانی ئەنفال لە بەڵگەنامەکانی ڕژێمی بەعس دا، چ٢، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل١٧.

(٣) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(کەمال محەمەد سەعید قەرەداغی) ناسراو بە (کەمال قەرەداغی)، سلێمانی، ٢٠١٧/١/١٧. ناوبراو ساڵی ١٩٥٣ لە ناحییەی قەرەداغ لە دایك بووە، دەرچووی ئامادەیی پیشەسازی سلێمانییە بۆ ساڵی (١٩٧٨-١٩٧٩)، لەساڵی ١٩٧٤ بەشدری شۆڕشی ئەیلولی کردووە، لە ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی(ی. ن. ك)ەوە کردووە، لە سەرەتای دروستبونی ڕێکخراوی ئاڵای شۆڕشەوە پەیوەندی بەو ڕێکخراوەوە کردووە، بەرپرسی ڕێکخستنەکانی ناو شاری سلێمانی ئاڵای شۆڕش بووە، لە ساڵانی(١٩٨٩-١٩٩١) لە زیندانەکانی بەعس دا بووە، لە ساڵی ١٩٩٢ لە کۆنفرانسی یەکەمی ئاڵای شۆڕش بە ئەندامی سەرکردایەتی هەڵبژێردراوە، دواتر گەڕاوەتەوە ناو (ی. ن. ك) و چەندین پلەی حیزی وەرگرتووە، ئێستاش نیشتە جێی شاری سلێمانییە.

(٤) وەرگیراوە لە// نەوشیروان مستەفا ئەمین:خولانەوە. . . ، س. پ، ل١٢٢.؛ بۆ دەقی نوسراوەکەی ئاسایشی سلێمانی کە ئاراستەی ئاسایشی گشتی کردووە، بڕوانە// پاشکۆی ژمارە(8).

بەسەردا جێبەجێ کراوە، (١٩) نۆزدە هاولاّتی دیکە سزای لە سێدارەدانیان بەسەردا جێبەجێ کراوە، تەنها لەبەر ئەوەی لە ناوچەی قەدەغەکراودا گیراون، (٦) خێزان کە ژمارەیان (١٨) کەس بووە و سەرجەمیان کەس و کاری پێشمەرگە بوون لە سێدارە دراون، (٤٧) تاوانبار لە دەستەی بەرهەڵستکارەکان نێردراون بۆ سەرۆکایەتی دادگای شۆڕش بۆ هەندێك کێشەی لێکۆلینەوە فەرمانی لە سێدارەدانیان بۆ دەرکراوە. (٢٥٣٢) کەس و (١٨٦٩) خێزان کە کۆی ئەندامەکانیان دەکاتە (٩٠٣٠) کەس نێردراون بۆ ئۆردوگای سوپای میللی(الجیش الشعبی) لە پارێزگای کەرکوك لەو کەسانەی کە لە هەڵمەتەکانی ئەنفالدا گیرابوون(١). لەگەڵ ئەوەشدا ڕژێمی بەعس بە شانازییەوە باس لە گرتن و لەناوبردنی پێشمەرگەو هاولاّتیانی سلێمانی کردووە، لە رۆژنامەی هاوکاری بە مانشێتێکی گەورە نوسیویەتی:"بە ئامۆژگارییەکانی فەرماندەی مەزمان بەڕێز سەرۆك سەدام حسێن ناوچەی قەرەداغ لە خۆفرۆشان پاك کرایەوە، جەنگاوەرە دلێرەکانمان بە کرێگیراوان لە ناو دەبەن و بنکەکانیان تێکدەدەن[٢].

شاری سلێمانی سەرچاوەی کێشەو گیروگرفت بووە بۆسیاسەتەکانی ڕژێمی بەعس، بۆیە بەردەوم لە هەوڵی چاودێری کردن و کۆنترۆڵکردنی شارەکەدا بووە، بۆ ئەمەش هەموو ڕێگەکانی توندو تیژی و سەرکوتکردنی گرتووەتەبەر، لە کاتی جەنگی عێراق-ئێراندا ڕژێم کەمتر دەیپەرژایە سەر شار و چالاکی ڕێکخستنەکان، بەلاّم لە دوای جەنگ هەولّی دا تۆلّەی ئەو هەشت سالّە کە خەریکی جەنگی ئێران بووە لە شاری سلێمانی بکاتەوە[٣]. بۆیە دەبینین ژمارەی مەفرەزە تایبەتییەکانی پەیوەست بە ڕێکخراوی هەوالّگری ناوچەی باکور لە سلێمانی(٨) مەفرەزە بووە و لە (١٧٢) کەس پێکهاتووە، ئەم ژمارەیە بەرز کراوەتەوە بۆ (٣٢٨) کەس و ژمارە مەفرەزەکانیش زیادی کردووە[٤]. ئەمەش هەولّی زیاتری بەعس دەردەخات بۆ کۆنترۆڵکردنی شاری سلێمانی.

لە ماوەی نێوان (١٩٨٨-١٩٩١) بە هۆی نەمانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە سنوری باشوری کوردستان دا، ڕژێمی بەعس بەتەواوی خۆی بە سەرکەوتوو دەزانی و تاڕادەیەکی زۆر خۆی لە خۆبایی ببوو، بە شێوەیەك توندو تیژی بەرامبەر شاری سلێمانی بەکار دەهینا، کەم کەس هەبوو بتوانێت بە جل و بەرگی کوردییەوە بسوڕێتەوە، تەنانەت ریش هێشتنەوە و لەبەر کردنی جلی ڕەش بە بەرهەڵستی ڕژێمی بەعس تەماشا دەکرا، ئەو گەنجانەی کە جلی ڕەشیان لەبەر دەکرد، یان ریشیان دە هێشتەوە ڕووبەرووی ئازارو ئەشکەنجە دەبوونەوە[٥].

بە عسییەکان بۆ بتەو کردنی دەسەلاّتیان تۆڕی سیخوڕی و دامەزراوەکانی ئەمن وهەوالّگری، ئاسایشی گشتی، ڕێکخستنی نیشتمانی، یەکێتی ئافرەتان، گەنجان و لاوان، ڕێکخراوەکانی دیکەی حیزبی بەعس)زیاتر گەشە پێدا هەزاران ئەفسەرو سیخوڕو پۆلیسی نهێنی کە بە بیرو باوەڕی شۆڤێنیانەی عەرەبی بەعسی پەروەردە کرابون و مەشقی تایبەتیان پێکرابوو نێردرانە شاری سلێمانی و شارو شاوچکەکانی دیکەی کوردستان، کارو رەفتاری ئەوانە دەست نیشان کردنی مالّی تێکۆشەران و چاودێری کردنی جموجولّ و چالاکی خەلّك و

---

(١) وەرگیراوە لە زیاد عەبدولڕەحمان:س. پ، ل٢٦.

(٢) ڕۆژنامەی هاوکاری ژمارە(٩١٣)، دوو شەممە، ١٨٨٨/٤/٤، ل١.

(٣) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(کەمال قەرەداغی)، سلێمانی، ٢٠١٧/١/١٧.

(٤) زیاد عەبدولڕەحمان:س. پ، ل٢٠٨.

(٥) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(کەمال قەرەداغی)، سلێمانی، ٢٠١٧/١/١٧.

ئاگادارکردنەوەی دەزگاکانی ڕژێم بوو، خەڵکێکی زۆریشیان لەو دامو دەزگا هەواڵگریانەدا کۆکردبویەوە، لەوانەی کە دڵسۆزبوون بۆ ڕژێمی بەعس[1].

ڕژێمی بەعس جگە لە ئابلۆقەدانی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد و هەڵوەشاندنەوەی هێزی چەکداری کورد، لە هەوڵی هەڵتەکاندنی ژێرخانی ئابوری کوردستانیش دا بووە[2]، ئەوەتا بە پێی نوسراوی لیژنەی بەرەنگار بونەوەی چالاکی تێکدەری پارێزگای سلێمانی، بە ژمارە(١٤٤٣) لە ڕێکەوتی ١٩٨٨/٨/٢٧ ئابلۆقەی ئابوری لەسەر ناوچەکانی پارێزگاکە توندتر کردووە[3]. ئەم نوسراوە واژۆی سەرۆکی لیژنەی بەرەنگاری چالاکی تێکدەری لەسەرە، کە ئەویش(جەعفر عەبدولکەریم بەرزنجی)یە، لە هەمان کاتدا پارێزگاری سلێمانیش بووە، لە لایەکی دیکەوە، ڕژێمی بەعس هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی کوردی داوە، بە عس هەمیشە لە هەوڵی دروستکردنی ناکۆکی و دوژمنایەتی بوو لە نێوان خەڵکدا، دەیویست بە کاری نەشیاو و بەد ڕەوشتی خەریکیان بکات، ئەمەش بۆ ئەوەی بیر لە ناڕەزایی دژی حکومەت نەکەنەوە و بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانیان ڕوو لە حیزبی بەعس بکەن، ئەویش بە سەپاندنی چەندین مەرج ئینجا هاوکاری دەکردن، جگە لەوەش، ڕژێم هەوڵی دەدا خەڵك لە ناو خۆیاندا بکات بە سیخور بەسەر یەکترییەوە، بەو شێوەیە خەڵك هەمیشە لە گومان و دڵە ڕاوکێ و ئاڵۆزی پەیوەندی کۆمەڵایەتی دا دەژیان. ئەم سیاسەتەی بەعس بە جۆرێ ڕەنگی دابویەوە لە شاری سلێمانیدا زۆر کەس بە شانازییەوە خۆی بە بەعسی دەزانی، ڕژێمی بەعس کۆمەڵگەی کوردی و خەڵکی شاری سلێمانی بە جۆرێ بێکار کردبوو، ناچار بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیان ئامادەبون لە بەرامبەر پارەیەکی کەم ڕاپۆرت لەسەر هاوڕێ و کەسە نزیکەکانی خۆیان بدەن بە بەعس[4].

ڕژێمی بەعس سیاسەتی گەمارۆدانی شارو شاروچکەکانی بەکار دەهێنا، بۆ وێنە شەقامی بازنەی مەلیك محمود لە شاری سلێمانی کە بە شەقامی(شەست مەتری) ناسرابوو هەر بۆ ئەو مەبەستە دروستکرا، بۆ ئەوەی لە کاتی ئەنجامدانی هەر چالاکیەکدا بە ئاسانی و بە خێرایی بتوانێت گەمارۆی شارەکە بدات و کۆنترۆڵی بکات[5]. ئەم سیاسەتەشی لە دروستکردنی ئۆردوگا زۆرەملێیەکانیشدا پەیڕەوکرد، ئۆردوگاکان لە شوێنێك دا دروست دەکران ، کە ڕەبایەو مۆڵگە و سەربازگەی جاش و پیاوانی ڕژێمی بەعس دەوری بدایە، ئەمەش بۆ ئەوەبوو کە لە کەمترین کات دا و بە خێرایی دەست بەسەر هەر چالاکی و جموجوڵێکی سیاسی و سەربازی دژ بە رژێمدا بگرن، چواردەوری ئۆردوگاکانیش بە سیم و تەلی دڕکاوی دەورە درابوو، بە چەکی قورس و زرێپۆش دەپارێزرا، بۆ هاتوو چۆی دەرەوەی ئۆردوگاکە تەنها یەك ڕێگە هەبوو، ئەویش خاڵی پشکنینی لێبوو[6]. بە کورتی گەمارۆی شاروشاروچکەکان درابوو لە زیندانێکی گەورە دەچوون.

---

(١) شێخ جەمال شێخ نوری:س. پ، ل١٥ . ؛ دڵێر ئەحمەد: ئەوبارودۆخە سیاسی و کۆمەڵایەتییەی کە(ی. ن. ك) ی تێدا لە دایك بوو، گ(ڕێبازی نوێ)، ژ. ١٩، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل١٥.

(٢) پشکۆ نەجمەدین: س. پ، ل٥٦.

(٣) وەرگیراوە لە // نەوشیروان مستەفا ئەمین:خولانەوە. . . ، س. پ، ل٢٢١. ؛ بۆ دەقی نوسراوەکەی لیژنەی بەرەنگار بونەوەی چالاکی تێکدەری لە پارێزگای سلێمانی، بڕوانە// پاشکۆی ژمارە(٩).

(٤) ئاراس عەبدولڕەحمان مستەفا:س. پ، ل١٩٤. ؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(کەمال قەرەداغی)، سلێمانی، ٢٠١٧/١/١٧.

(٥) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(کەمال قەرەداغی)، سلێمانی، ٢٠١٧/١/١٧. ؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(ئەحمەد حامد)، سلێمانی، ٢٠١٧/٢/٧. ؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(ئاکۆ محەمەد وەهبی)، سلێمانی، ٢٠١٧/٣/١١.

(٦) ئاراس عەبدولڕەحمان مستەفا:س. پ، ل١٩٥.

بەعس سیاسەتی دروستکردنی لەشکرێکی فراوانی بێکاری لە ئۆردوگاو شارەکاندا بەئەنجام گەیاند، ئەمەش بۆ ئەوەی بتوانێ دەست بەسەر توانا و بۆچونە سیاسی و ورە و ئاسۆ ڕوناکەکانی ژیانیاندا بگرێت، ڕێژەیەکی زۆری لە جوتیارانی کوردی لە ناو بێکاری ڕوپۆشکراو دا قەتیس کردبوو، لەبەرامبەر موچەیەکی زۆرکەم کە بەشی بژێوی خێزانی نەدەکرد، جگەلەوەش ڕژێم هەوڵی دەدا کە کورد لە هەموو داب و نەریتێکی ڕەسەنی خۆی داماڵێت[1]. بەوەشەوە نەوەستا باخچە گشتی و تایبەتییەکان، کە لەلایەن دەزگای شارەوانی و گەشت و گوزارەوە دروستکرابوو خستییە ژێر دەستی دەزگا سیخوڕییەکانی خۆیەوە، بە مەبەستی تێکشاکاندی باری دەرونی خەڵك و نەبونی شوێنێك کە خەڵکی شار لە کاتی پشوودا تێیدا بحەوێنەوە[2].

لە لایەکی دیکەوە ، ڕژێم لە هەوڵی بەعەرەبکردنی کورددا بووە، بۆ ئەمەش پاداشتی دارایی ئەو عەرەبانەی دەکرد کە کچ و ژنی کوردیان دەخواست[3]، بە جۆرێ ئەگەر هەر کوڕە عەرەبێك کچە کوردێکی بخواستایە بڕی(٥) هەزار دینار(سویسری ئەوکاتە–تویژەر) یان پێ دەدا[4].

حیزبی بەعس هەڵگری ئایدۆلۆژیایەکی شۆڤێنستانەی نەتەوە پەرستی داپڵۆسێنەر بوو، بڕوای بە یەکسانی و مافی گەلان نەبوو، هەموو شتێکی قۆرخ کردبوو، تەنانەت بیرکردنەوە لە دەرەوەی بیری بەعسیزم قەدەغەبوو، ئەو کەسەی بە سیاسەتەکانی ڕازی نەبوایە جێگەی نەدەبوویەوە، هەموو ڕۆژنامەو بلأوکراوەکان چ حیزبی و چ حکومی و چ ئەهلی تێکڕا سەر بە سیاسەتی بەعس بوون و یەك هاوکێشەیان تەواو دەکرد، ئەویش بلأو کردنەوەی بیری بەعسیزم بوو[5].

بە هۆی بێکاری و تێکدانی شیرازەی کۆمەلأیەتی و هەڵتەکاندنی ژێرخانی ئابورییەوە، دیاردەی جاشایەتی پەرەی سەندبوو لە شاری سلێمانی دا، ئەم جاشانە ئامادەبوون لە پێناو پارەو دابینکردنی ژیان و گوزەرانی خۆیاندا ، هەموو کارێك بۆ بەعس بکەن[6]. لە زۆر لایەنەوە سودیان بەبەعس گەیاندووە وبۆ ئامانجەکانی بەعس بەکار هێنراون، بە تایبەت لە شالأوەکانی ئەنفالدا ، بەپێی زانیارییە نا فەرمییەکان نزیکەی (٣٠٠) فەوجی خەفیفە هەبوون، لە و کاتەدا، زیاتر لە (٢٠٠,٠٠٠) جاشی کورد لەو فەوجانەدا کۆکرابونەوە، سەرانی ئەوفەوجە خەفیفانە و مەفرەزە تایبەتییەکانی ئاسایش و هەواڵگری و چەکدارەکانیان هەمیشە چاو ساغ و یارمەتی دەری سوپای عێراق بوون، لەو تاوانانەی کە دژ بە کورد ئەنجامی داون[7].

حیزبی بەعس هیچ دەزگایەکی حکومی و سیاسی و جەماوەری لە عێراق دا نەمابو نەیکردبێتە بە عسی، بەجۆرێك هەموو شتێك بەبەعسی کرابوو، هەر لە خوێندگا و بازاڕو گەرەك و ژیان و هەموو کار و چالاکییەك، هیچ شتێ لە دەرەوەی سیاسەت و بیرکردنەوەی بەعس ڕێگەی پێنە دەدرا[8].

---

(١)ئاراس عەبدولڕەحمان مستەفا:س. پ، ل١٩٥.

(٢) هـ. س، ل١٩٦.

(٣) دیڤید مەکداوڵ:س. پ، ل٥٥٦.

(٤) بێ ناوی نوسەر: کۆلۆنیالیزمی عێراقی و ڕاگواستن و بەعەرەبکردنی باشوری کوردستان، گۆڤاری سەرخۆبون، ژمارە(٧-٨)هەولێر، ٢٠٠١، ل٢٢؛ ڕێباز:قەندیل بەغدای هەژاند، چ٢، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل٤٩.

(٥) عەبدولڕەزاق مەرزنگ:ڕاپەڕین و بەهاری ئازادی، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، (ب. س)، ل٣٦.

(٦) ڕێباز:س. پ، ل١٠٣.

(٧) زیاد عەبولرەحمان:س. پ، ل٢١١.

(٨) عەبدولڕەزاق مەرزنگ:س. پ، ل٣٧.

تیرۆرزمی بەعس هەر ئەوە نەبوو، بەڵكو هەندێك مەفرەزەی تیرۆرستی پێكهێنا بوو، كە بەرامبەر هێنانی سەری هەر پێشمەرگەیەك یان كە سێك پەیوەندی بە شۆرشەوە هەبوایە بڕێكی بەرچاو پارەی پێدەدرا و ئەگەر چەكی كوژراوەكەشی لەگەڵ خۆی هێنابایە ئەو بڕە پارەیە زۆرتر دەبوو. زۆرجاران ئەو تاوانبارانە هەڵدەستان بە گرتن و كوشتنی خەڵكی سڤیل و بێ چەك لە دەرەوەی شار و سەریان دەبڕی و ڕادەستی حكومەتیان دەكردەوە، زۆرجاریش بە بڕینی گوێ یان پەنجەی دەستیش بەخشیشیان پێ وەردەگرت [1].

كەسێك لەسەر گومانێك دەگیراو شوێن بزر دەكرا، زۆر بە زەحمەت دەردەچوو، مەگەر ئەوانەی خۆیان بۆ ئازار و ئەشكەنجەی زیندانەكان گرتبایە و توشی دانپیادانان نەبونایە، چ بەراست و چ بە درۆ بۆ ئەوەی لە ژێر ئێش وئازار دەربازیان بێت، زۆرجاری ئەفسەری لێكۆڵەری بەعس داوای لە زیندانییەكان دەكرد كە دان بە تاوانانەدا بنێ كە دراوەتە پاڵیان بۆ ئەوەی چیتر ئەشكەنجە نەدرێن، واتە ئەشكەنجە بەردەوام بوو هەتا دانپێدانان[2]. ئەگەر ئەگەر هیچ شتێكی لەسەر نەبوایە، تەنانەت منداڵی(١٠-١٦) ساڵ كە دەگیران دەبوو لە ژێر ئەشكەنجەدا خۆی تاوانبار بكردایە بۆ ئەوەی وازی لێ بهێنن[3].

بەهۆی هەواڵیك، ڕاپۆرتێك، تەلەفونێك، چرپەك، خەڵك دەگیراو بەند دەكرا، هەرئەوەندەش كە دەگەشتە دەستی ئاسایش و هەواڵگری ئیدی دەرباز بونیان ئاسان نەبوو، كرداری گرتن و ڕاونان و لە سێدارە و زیندانی كردن بێ لێپرسینەوە ئەوەندە زۆربوبوو هەمیشە تێكرای خەڵك پێی وابوو مەرگ بەردەوامە و لەبەردەم هەموو كەسێكە، دڵپیسی و سیخوری تەشەنەی كردبوو ، بەجۆرێك دەگوترا قسە مەكە دیوار گوێی لێیە، باوەرت بە ژنەكەی خۆشت نەبێت[4].

حكومەتی بەعس بە گرتن و كوشتن و لە سێدارەدان و ئەشكەنجەی ئەوانەوە نەدەوەستا كە پێشمەگە بوون، یان لە ریزی رێكخستن دا كارییان دەكرد، بەڵكو فەرمانی لە سێدارەدانی بۆ خزم و كەسی پلەیەكی پێشمەرگە دەركرد، بۆ وێنە لە یاداشتێكی دەسنوس لە ٢٠ ی تشرینی دووەمی ١٩٨٩ دا بە واژۆی بەرێوەبەری ئاسایش و لە بارەگای ئاسایشی سلێمانییەوە دەرچووە بە دورو درێژی باس لە كێشەیەك دەكات كە هاولاتیەك سكالانامەیەكی داوەتە دەسەلاتدارنی بەعس سەبارەت بە دایك و باوك و برا دیارنەماوەكانی ، نامەكە باس لە بێ سەروشوێن كردنی هاولاتیان(گوروون ئەحمەد و نەعیمە عەبدولرەحمانی خێزانی، هۆشیار گوروون)، كە بە بریاری دادگای شۆرش لە سێدارە دراون. ئەوەی لێرەدا گرنگە هۆكاری كوشتنی باوك و دایكی ئەم هاولاتییە، كە لە بەڵگە نامەكەدا بەم شێوەیە هاتووە:"وەك جێبەجێ كردنی فەرمانی هەڤاڵی تێكۆشەر(عەلی حەسەن مەجید)ئەندامی سەركردایەتی هەرێمایەتی حیزبی بەعس، كە بە نوسراوی ژمارە(١٠٦٣٠٩)ی نهێنی و تایبەتی بەرێوەبەرێتی ئاسایشی ناوچەی ئۆتۆنۆمی لە ١ ی مایسی ١٩٨٧ دا بۆمان هاتووە سەبارەت بە لەناوبردنی كەس و كاری پلە یەكی تاوانباران. "[5]

لە نوسراوێكی تردا كە ناوی ئاسایشی سلێمانی لە بەشی سەرەوەی چاپكراوە و ژمارەكەی(س. ت ٢١٣٠٨)ە، لە ڕێكەوتی ١٦ ئەیلولی ١٩٨٩ دەرچووە، باس لە گوللە بارانكردنی ئاشكرای پێنج تاوانبار دەكات

---

(١) عەلی تەتەر نێروەیی:س. پ، ل٢٠٥.

(٢) چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ(كەمال قەرەداغی)، سلێمانی، ٢٠١٧/١/١٧.

(٣) جەمال شێخ نوری: وێرانكاری و تاوانەكانی بەعس لە بیرەوەرییەكانمدا، چ١، چاپخانەی روون، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل١٢٤.

(٤) عەبدولڕەزاق مەرزنگ:س، پ، ل٤٤.

(٥)وەرگیراوە لە مێدڵ ئێست ۆوچ:س. پ، ل١٤٣-١٤٤.

لەبەردەم خەڵکیدا و لەلایەن تیمەکانی کوللە بارانکردنەوە، گوایە پەیوەندییان بە ڕێکخراوەکانی ناوخۆی سەر بە ئێرانەوە هەبووە(مەبەست لە پارتە کوردییەکان کە بەعس بە بەکرێگیراوی ئێران ناوی دەبردن-تویژەر)، گوللەبارانکردنەکە بە ئامادەبونی لێپرسراوانی پارتی بەعس و دەزگا ئاسایشی و هەواڵگریەکان جێبەجێ کراوە[1].

لەلایەکی دیکەوە حکومەتی بەعس پارتە کارتۆنییەکان و سەرۆك جاشەکانی ڕاسپاردبوو کە بەکاری تیرۆرکردنی سەرکردە سیاسی و سەربازییەکانی شۆرش هەڵبستن، لە بریارێکی دیکەدا لە مانگی گوڵانی ١٩٨٨دا فەرمانی دەست بەسەردا گرتنی ماڵ و دارایی هەرکەسێکی دەرکردبوو، کە چووبێتە ناو شۆرش، لەکاتی گەڕانەوەیشیدا سامانەکەی بۆ نەدەگەڕایەوە، هەموو یاساکانیشی دژ بە و بڕیارەبون کاریان پێنەدەکرا، ئەم بڕیارەش تا کۆتای جەنگی عێراق- ئێران و ڕاپەرینی بەهاری ١٩٩١ کاری پێکرا[2].

ڕەفتارێکی ناجۆری دیکەی بەعس بەرامبەر دانیشتوانی شاری سلێمانی ئەوەبوو کە بەزۆر خێزانی پێشمەرگە ناچار دەکرا کە لە هاوسەرەکەی جیا بێتەوە، لەم بارەیەوە هاوڵاتی(شەوبۆ فەتاح ئەحمەد) دەڵیت:"لەبەر ئەوەی هاوسەرەکەم پێشمەرگە بوو، شەش مانگ لە ئاسایشی سلێمانی گیرام، دوای ئەوەی ڕژێم خۆی تەڵاقنامەیەکی بۆ دروستکردم و لە رۆژنامەکاندا بڵاوی کردەوە، ئینجا ئازاد کرام"[3]. تەنانەت ئەو کەسانەش کە بە هەر هۆکارێك بێت لە دەرەوەی وڵات بوون، ڕژێمی بەعس لە ڕێگەی خێزانەکانیانەوە فشاریان بۆ دروست دەکردن بۆ گەڕانەوەیان، بۆ نمونە(دلێر ئیسماعیل حەقی شاوەیس)ئەوکاتە بۆ خوێندن لە دەرەوەی وڵات بوو، ڕژێمی بەعس فشاریان لەسەر خێزانەکەی دروستکردبوو بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە، تەنانەت تەلاق نامەیان بە خێزانەکەی پڕکردبۆوە و لە ڕۆژنامەکانیشدا بڵاویان کردبۆوە[4].

مەبەستی ڕژێمی بەعس لەم کارانە ڕوخاندنی مۆراڵی هێزی پێشمەرگەو تێکدانی شیرازەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردیی و شاری سلێمانی بووە، جگە لەوەی سیاسەتی بەعس هەر لە کوشتن و زیندە بەچاڵکردن و گرتن و زیندانی کردنی بێتاوان و ئازارو ئەشکەنجەی ئەوانەی دەگیران حاڵەتێکی دەروونی ترسناکی لای دانیشتوانی شارەکە دروست کردبوو[5]، هەمووشی بۆ چاوترساندن و دەستەمۆکردن و کونترۆڵکردنی دانیشتوانی سلێمانی بووە.

بەعس بەشێوازێکی جودا مامەڵەی لەگەڵ سلێمانیدا کردووە، واتە سیاسەتی بەرامبەر سلێمانی توندوتیژ تر بووە، بۆ وێنە لە هەموو شارەکانی کوردستان نەخۆشخانەی سەدام کرابووەوە، کە باشترین پزیشك و پێشکەوتووترین ئامێری بۆ دابین کرابوو، جگە لە شاری سلێمانی ، لەبری ئەوە لە شاری سلێمانی ژمارەیەکی یەکجار زۆر دەزگای داپڵۆسێنەری دانابوو، بۆ ترساندن و تۆقاندنی دانیشتوانی شار، لەوانە(ئەمنی ئەقاری یان

---

(١) وەرگیراوە لە// مێدڵ ئیست ۆوچ:س. پ، ل١٤٣-١٤٤.

(٢) عەلی تەتەر نێروەیی:س. پ، ل٤٥٠.

(٣) ڕووخۆش عەلی: بیرەوەرییەکانی ژنانی شاخ، پرۆژەی یەکێتی ژنانی کوردستان، چاپخانەی تەوار، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل٧٦.

(٤) پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ(د. دلێر ئیسماعیل حەقی شاوەیس)، هەولێر، ٢٠١٨/٤/٢٥.

(٥) محەمەد ڕەووف عەزیز: ئەنفال و ڕەهەندە سۆسیۆلۆجییەکانی، چ١، چاپخانەی تیشك، سلێمانی ، ٢٠٠٥، ل١٣٧.

ئەمنە سورەکە)[١]، (فەرمانگەی هێزی فریاکەوتنی چوارباخ)[٢]، لەگەڵ(امن البلدة، الانضباط العسکری، پۆلیسی سەرا)، ئەمە جگە لە بنکەکانی دیکەی پۆلیس کە لە هەموو گەڕەکەکان دانرابوون[٣].

جگە لەوانەش ژمارەیەك پێگەو مۆڵگە ی سەربازی لە دەوروبەری شار هەبون لەوانە:سەربازگەی تانجەرۆ لە باشوری خۆرئاوای شاری سلێمانی، سەربازگەی سەلام لە خۆرئاوا، سەربازگەی سارداو لە باکوری خۆرئاوا، سەربازگەی خانووە قورەکان لە خۆرهەڵات، لە ناو شاریش سەربازگەی حامییەی سلێمانی(چەقی شار)، فەرماندەی فیرقە، فەرماندەی هێزە هاوبەشەکان، فەرماندەی سوپای میللی هەبوون[٤]. کۆکردنەوەی ئەم هەموو هێزە و گەمارۆدانی شاری سلێمانی سیاسەتی دوژمنکارانە و توندوتیژی بەعس دەردەخات بەرامبەر شارەکە.

لە درێژەی نەخشەو سیاسەتەکانی حیزبی بەعسدا، پلانی راگواستنی گەڕەکەکانی(خەبات، سەرکارێز، ئازادی) دانابوو بە تەمابوو دانیشتونەکەی رابگوازێت و خانووەکانی تەخت بکات[٥]، جگە لەوەش گەرەکەکانی (سەرشەقام، قەزازەکان، خانەقا) لە پلانەکەدا بوون، بە بیانوی دروستکردنی ناوچەی سەوزایی، بە مەش ڕژێم دوو ئامانجی دە پێکا ، یەکەمیان ئەو گەڕەکانەی ناویان هێنرا شوێنی جموجوڵ و چالاکی بوون دژی رژێم، لەوە دەربازی دەبوو. دووەمیان بە حسابی خۆی ناوچەی سەوزایی شار زیاد دەکات، بەڵام زیاتر ئامانجی لەناوبردنی چالاکی و جموجوڵی هێزەکانی دژ بە بەعس بوون[٦].

حکومەتی بەعس بەوانەشەوە نەوەستا، بەڵکو کەوتە روخاندنی دوکان و بازاڕو شوێنی کاری هاوڵاتیانی سلێمانی، بۆ وێنە لە تشرینی دووەمی ١٩٨٨ (قەیسەری نەقیب)[٧] ، لەلایەن دەزگاکانی حکومەتەوە سوتێنرا[٨]، سوتێنرا[٨]، جگەلەوەش دووجار دوکانەکانی شەقای مەولەوی ڕوخاندووە، لەگەڵ روخاندنی چەند دوکانێکی

---

(١) ئەمنی ئەقاری(ئەمنە سورەکە): لە ٣٠ی ئەیلولی ١٩٧٩ دەست بە بنیاتنانی کراوە، بە سێ قۆناغ تەواو بووە، قۆناغی سێیەمی کە دروستکردنی زیندان بووە کارگێڕی ئەوکاتەی شاری لێ ئاگادار نەکراوەتەوە، لە ساڵی ١٩٨٥ تەواو بووە و کراوتە بەریوەبەرایەتی ئەمنی پارێزگاری سلێمانی، سەبارەت بە ناوەکەشی لەوەوە هاتووە کە بیناکە بە نەترێکی مەیلە و سور رەنگ کراوە. لای دانیشتوانی شار بە شوێنی ئازار ئەشکەنجە دەناسرا، هەندێك جاریش بە باستیلەکەی سلێمانی ناودەبرا، لە کاتی راپەرینەکەی بەهاری ١٩٩١ دا لە رۆژی ١٩٩١/٣/٧ شاری سلێمانی ئازادکرا جگە لە ئەمنە سورەکە کە رۆژی دواتر واتە ١٩٩١/٣/٨ ئازادکرا، لە ٢٠٠٨/٣/٢١ وەك مۆزەخانەی نیشتمانی ئەمنە سورەکە کراوەتەوە. ( وەرگیروە لە ئەرشیفی مۆزەخانەی نیشتمانی ئەمنە سورەکە، رێکەوتی ٢٠١٧/١/١٧).

(٢) لە بنەرەتدا ئەم دەزگایە بینای خوێندگایەکی سەرەتایی بوو، کرابوو بە بنکەی تەواری چوارباخ بۆ ئەشکەنجە دان و داپڵۆسینی خەڵك زۆر کەسیش بە دەستی ئەم دەزگایە لە ناوبران، لە کاتی ئەنفالی ناوچەی قەرەداغدا زۆرێك لەوانەی لەلایەن بەعسەوە گیران سەرەتا بۆ ئەم بنکەیە هێنران دواتر جیاکرانەوە و بۆ زیندانەکانی دیکە رەوانە کران، بەپرسی ئەم دەزگایە (رائد تەها)بووە، کە بە زاڵم و توندرەو ناوی دەرکردبوو. ( بروانە// میدڵ ئیست وۆچ:س. پ، ل١٨٠؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(کەمال قەرەداغی)، سلێمانی، ٢٠١٧/١/١٧ ).

(٣) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(ئاسۆی شێخ نوری)، سلێمانی، ٢٠١٧/١/١٨.

(٤) رەنج قەرەداغی: لە مەرگەستانی حامییەوە بۆ پارکی ئازادی، لە بڵاو کراوەکانی هەفتەنامەی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل٦٣-٦٤.

(٥) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(ئەحمەد حامد)، سلێمانی، ٢٠١٧/٢/٧.

(٦) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(ئاکۆ محەمەد وەهبی)، سلێمانی، ٢٠١٧/٣/١١.

(٧) ئەو بازاڕە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا لەلایەن وەستا حەسەنی غەزایی یەوە بۆ شێخ نەقیبی مامی شێخ محمود دورستکراوە. (بروانە گۆڤاری مەڵبەند-بڵاوکراوەیەکی رۆشنبیری گشتییە، ژ. ٨٠-٨١، لەندەن، مایسی ١٩٩٧، ل١٤).

(٨) مارف عومەر گوڵ:جینۆسایدی گەلی کورد، چ٢، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل٢٦.

بازاری حەوزە وشکەکە، تەنها لەبەر ئەوەی ئەفسەرێکی بەعس لەوێدا کوژراوە. واتە بەعس بەبێ گوێدانە ئەوەی کێ تاوانباری راستەقینەیە تۆڵەی خۆی لە خەڵك و شاری سلێمانی دەکردەوە، بۆ ئەوەش ئەنجام دانی تاوان و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤی بە لاوە ئاسایی بوو. تەنانەت گەیشتبووە ڕادەیەك کە ڕێکخستنەکانی ناوشار سەرکرادایەتی شۆڕش ئاگادار بکەنەوە کە نابێ چیتر چالاکی لە ناو شاردا ئەنجام بدرێت، چونکە بەعس زۆر بە توندی تۆڵەی لە خەڵك دەکردەوە و شاری سلێمانیش لەوە زیاتر هەڵناگرێت و دانیشتوانەکەی زیانی گەورەیان پێ دەگات[1].

جگە لە کوشتن ، ئازار و ئەشکەنجە و گرتنی بە کۆمەڵ، حکومەتی بەعس سیاسەتی ژەهراوی کردن و تیرۆکردنی سەرکردە و پێشمەگە پارتیزانەکانی بە کار دەهێنا[2]. بۆ وێنە دوای دابەزینی مەفرەزەیەکی پاتیزانی بۆ ناوچەی( قەرەداغ)، بۆ نان خواردن دەچنە سەر کارێزێك، بەڵام دواتر سەرجەمیان توشی ڕشانەوە و سکچون هاتوون، ئەمانە بێئاگابوون لەوەی رژێم پێشتر گشت کانی و کارێزەکانی دەورو بەری سلێمانی ژەهراوی کردووە، بە مەبەستی لە ناوبردنی هێزی پێشمەرگە. کارەکەش لە ڕێگەی بە سیخوڕو پیاوەکانی خۆیەوە ئەنجام دەدا، ئەویش بە ژەهراوی کردنی پەڕۆی خام و دانانی لە ناو ئاوی کانی و کارێزەکاندا[3]. بەکارهێنانی ژەهر لە دژی پێشمەگە یەکەم جار و دواجاریش نەبوو، پێشتریش چەندین هەوڵی لەم شێوەیە هەبووە بۆ تیرۆکردنی سەرکردە سەربازی و سیاسیەکانی شۆرش، لەوانە، هەوڵی تیرۆکردن و ژەهرخوارد کردنی(مستەفا چاوەرەش، د. محمود عوسمان، عەدنان موفتی، سامی شۆرش. . . هتد)[4].

سەرەرای ئەو سیاسەتە توندو تیژەی بەعس بەرامبەر شاری سلێمانی و دانیشتوانەکەی دەیویست کە روویەکی دیکەی خۆی پیشانی خەڵکی شارو جیهانی دەرەوەش بدات، کە سەرەڕای ئەو چالاکیانەی کە بەرامبەری دەکرێت، ڕژێمی بەعس نەرمی دەنوێنێت و بە لێبوردەییەوە مامەڵە دەکات، بۆیە بە بریاری ژمارە(٧٣٥) ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە ڕێکەوتی ١٩٨٨/٩/٨ لێبوردنێکی گشتی دەرکرد[5]. لە کۆتای مانگی نۆدا دەسەڵادارانی بەعس رایگەیاند کە بەهۆی ئەو لێبوردنەوە زیاتر لە شەست و یەك هەزار ئاوارەی کورد گەڕاونەتەوە خاکی نیشتمان و لە پای گەڕانەوەیان پاداشتیان دراوەتی[6]. لە هەمان کۆبونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە ڕێکەوتی ١٩٨٨/٩/٨ بریاری ژمارە(٧٣٦) دەرکرد هەر سەبارەت بە

---

(١) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(ئاکۆ محەمەد وەهبی)، سلێمانی، ٢٠١٧/٣/١١.

(٢) بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە پیلانی ڕژێمی بەعس بۆ تیرۆرکردن و ژەهرخواردکردنی کەسایەتییە سیاسیەکانی پارێزگای سلێمانی، ( بروانە: پاشکۆی ژمارە(١٠) ) .

(٣) ئەو پێشمەرگە پارتیزانانە پێکهاتبون لە (ئەکرەم حمە ئەحمەد، ئەحمەد زەرداوی، بەهادین بەلەکجاری، فەریقە سور، سدیق قرگەیی) ئەمەی کۆتاییيان هەر لەوێدا شەهید دەبێت، ئەوانی دیکەش ژەهراوی دەبن، بەلاّم بە نهێنی لە شاری سلێمانی چارەسەر دەکرێن. ( بروانە: ئەکرەم حمە ئەحمەد: نرکەی قەرەداغ، چ١، لە بلاّوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی. ن. ك)، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل١٧١- ١٧٢ ).

(٤) بۆزانیاری و وردەکاری زیاتر بروانە:مستەفا چاوەرەش:س. پ، ل٢٦٤-٢٧١؛ سالار حمە سور باسیرە:کوشتن لە عێراق بە ژەهری ژەهری سالیۆم و تراژیدیاکەی سیروانی ناوچەی مەرگە لە کوردستان، سلێمانی ٢٠٠٠، ل١٩-٢٢.

(٥) الواقائع العراق-العدد(٣٢٢٠)، ١٩٨٨/٩/١٩. بۆ دەقی لێبورنەکەی ڕژێمی بەعس بروانە// پاشکۆی ژمارە(١١).

(٦) نادر ئینتسار: ئیتنۆ نەتەوایەتی کورد، و/عەتا قەرەداغی، چاپخانەی تیشك، (ب. س)، ل٢٩٧-٢٩٨.

لێبوردنی گشتی بۆ هەموو کورد، جگە لە (جەلال تاڵەبانی)[1]، . بەڵام خەڵکی کوردستان متمانەیان بە لێبوردنەکەی حکومەتی بەعس نەبوو، بۆیە ناچار بوو جارێکی تر بە بریاری ژمارە(٨٦٠) ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش لە رێکەوتی ١٩٨٨/١١/١٠ لێبوردنێکی گشتی دیکە دەر بکات و ئەمجارە (جەلال تاڵەبانی)شی گرتەوە[2].

لەلایەکی دیکەوە بۆ ئەوەی وای پیشان بدات کە عێراق بە شێوەیەکی دیموکراتیانە بە رێوە دەچێت و رێگە بە دەنگی جیاواز و بۆچونی جیاواز دەدرێت بەشداری لە بەرێوەبردنی ولاّت دا بکەن، بریاری هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستانی دا. سەرەتا بە بریارێکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش بە ژمارە(٣٨٣) هەمواری یاسای ئەنجومەنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان ی کردەوە ، بە جۆرێ ئەوکەسەی خۆی دەپاڵێوێت دەبێت:

١. لە دایك و باوکێکی عێراقی بێت.
٢. حکوم نە درابێت بە تاوانی خیانەت لە شۆرشی(١٧-٣٠ تەمموز/١٩٦٨) یان حیزبی فەرمانرەوا، یان هەوڵی کودەتا دژی دەسەلاّت، یان پەیوەندی بە بەرەی بێگانەوە نەکردبێت. {بە دانانی ئەم مەرجە هەموو ئەوانەی وەك بەعس بیریان نە دەکردەوە لە خۆ پالاّوتن دوورخرانەوە- توێژەر}
٣. سزا نەدرابێت بەتاوانی شەرەف و کوشتنی بە ئەنقەست[3].

دوای ئەوە بە مەبەستی ئەنجامدانی هەڵبژرادن، پارێزگای سلێمانی کرا بە سێ ناوچەی هەڵبژاردنەوە، بۆ ناوچەی یەکەم(١٥) پاڵێوراو، ناوچەی دووەم(١٤) پاڵێوراو، ناوچەی سێیەم(١٦) پاڵێوراو دیاری کران، واتە کۆی گشتی پاڵێوراوان (٤٥) پاڵێوراوبوون[4].

حکومەتی بەعس داوای لە هاوڵاّتیان کرد کە بە جۆش و خرۆشەوە بەشداری لەو هەڵبژاردنەدا بکەن، ئەنجامدانی هەڵبژرادنیشی بە سەرکەوتنی سیاسەتی خۆی لە قەڵەم دەدا بەرامبەر بە کورد، ڕایگەیاند رێژەی سەدا سەدی خەڵکی کوردی هەر سێ پارێزگای سلێمانی ، هەولێر، دهۆك، بەشداری هەڵبژرادنیان کردووە و لەو هەڵبژاردنەدا بەعسییەکان لە کۆی (٥٠) کورسی ئەنجومەنی نیشتمانی (٣٠) کورسیان بە دەست هێنا، کورسیەکانی تریش لەلایەن پاڵێوراوەکانی سەربە حکومەتی بەعس و بەناو سەربەخۆکانەوە پرکرانەوە[5].

ئەوەی جێگەی سەرنجە سەرجەم پاڵێوراوان بەعسی بوون، خزمەتی ئامانج و بەرژەوەندییەکانی بەعسیان کردووە، بۆ وێنە ئەگەر سەیری ژیاننامەی هەریەکە لەو پاڵێوراوانە بکەین دەبینین سەرجەمیان بەشداری جەنگی قادسیە ی سەدامیان کردووە ، جگە لەوەش بە بەخشینی خوین و پارە و زێر هاوکاری سوپای عێراقیان کردووە[6].

---

(١) بۆ دەقی لێبوردنەکە بروانە// پاشکۆی ژمارە(١٢) .؛ لێبوردنێکی گشتی لەو عێراقیانەی رایان کردووەتە دەرەوەی نیشتمان، رۆژنامەی (هاوکاری)، ژ. ١٠٥٦، دووشەمە، ٨٩/٣/٦، ل١.

(٢) الوقائع العراق، العدد(٣٢٣١)، ١٩٨٨/١٢/٥.

(٣) الواقائع العراق، العدد(٣٢٦٢)، ٣/٧/١٩٨٩.

(٤) بۆ ناوی تەواو و کورتەیەك لە ژیانی ئەو پاڵێوراوانە بروانە// رۆژنامەی(هاوکاری)، ژ. ١٠٥٩، ١٩٨٩/٣/١٦.

(٥) نادر ئینتسار:س. پ، ل٢٩٨-٢٩٩.

(٦) بۆ زانیاری زیاتر بروانە// رۆژنامەی(هاوکاری)، ژ. ١٠٦٢، ١٩٨٩/٣/١٧.

لە ڕۆژنامەکانی پاشکۆی حیزبی بەعسدا گەورەترین پڕوپاگەندە ڕێکخرا بۆ ئەو هەڵبژاردنە، بۆ وێنە ڕۆژنامەی (هاوکای) بە مانشێتێکی گەورە و لە لاپەڕەی یەکەمدا نوسیبوی:" لە عێراقی سەدام حسێن دا فراوانترین کاری دیموکراتیانە ئەنجام درا"، "ملیۆنەنها کەس نوێنەرانی خۆیان بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی هەڵبژراد(١)". ئەمە لە کاتێکدا سەرجەم پارت و ڕێکخراوەکانی کورد نەك هەر لە کوردستان دا، بەڵکو لە هەموو عێراقیشدا جێگایان نەبوبووەوە ئاودیوی سنوری ئێران کرابون.

بە هەرحاڵ هەڵبژاردن ئەنجام دراو نوێنەرە کارتۆنیەکان کە ژمارەیان(١٤) نوێنەر بوون، لە کۆی ئەو(٤٥) پاڵێوراوە لە هەرسێ ناوچەی هەڵبژرادنی پارێزگای سلێمانی دا ناوەکانیان ڕاگەیەنرا(٢). دواتریش بە مەرسومی کۆماری ژمارە(٤٧٣) لە ١٩٨٩/٩/٢٣، ئەنجومەنی جێبەجێ کردنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان پێکهێنرا(٣).

حکومەت بەعس لە ڕوکەشدا خۆی بە حیزبی فەرمانڕەواو دیموکراتخواز پیشان دەدا، ئەم جۆرە لە هەڵبژرادن و دروستکردنی ئەنجومەنی نیشتمانی و ئەنجومەنی جێبەجێ کردنە بۆ ڕازیکردنی جیهانی دەرەوە و پیشاندانی ڕوویەکی جوانی وڵات بوو، بەڵام لە بنەڕەتدا هەمووی مانۆڕی سیاسی و پەردە پۆشکردنی تاوانەکانی بوو.

بە دەیان بڕیاری گرتن و لە سێدارەدانی هاولاتیانی دەرکردبوو، لەوانە بریاری ژمارە(٧٠٠) لە ڕێکەوتی ١٩٨٨/٨/٢٧، کە ناوەڕۆکەکەی چەندین بڕیاری گرتن و لە سێدارەدانی لە خۆ گرتبوو، لەوانەش:

١- سزای لە سێدارەدان بۆ ئەوانەی کە لە خزمەتی سەربازی دوادەکەوتن یان هەڵدەهاتن. سزاکەش لەلایەن ڕێکخراوەکانی حیزبی بەعسەوە ئەنجام دەدرا.

٢- لە سێدارەدانی ئەوانەی هەتا ١٩٨٨/٨/٧ دەستگیر کراون، یان بە پەشیمانی خۆیان رادەست کردووەتەوە.

٣- سزای لە سێدارەدان بۆ هەر ئەندامێکی حیزبی بەعس لە سەرکردایەتی فیرقە بەرەو خوار ، یان هەر بەرپرسێکی ئەمنی ، یان پۆلیس جێبەجێ دەکرێت، ئەگەر ئاگاداری هەڵهاتوویەك بوبێت لە خزمەتی

---

(١) ڕۆژنامەی هاوکاری، ژ(١٠٦٤)، دووشەممە، ١٩٨٩/٤/٣، ل١.

(٢) بۆناوی نوێنەرە سەرکەوتووەکان بڕوانە: ڕۆژنامەی هاوکاری، . س، پ، ل٤.

( ٣) پێکهاتەی ئەنجومەنی جێبەجێکردنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان بەم شێوەیە بوو:

١- جەعفەر عەبدولکەریم بەرزنجی/پارێزگاری سلێمانی/سەرۆکی ئەنجومەن.

٢- غاندی محەمەد حەسەن/ئەمینداریگشتی کاروباری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن.

٣- نامیق محەمەد ڕەقیب سورچی/ . . . . . پەروەردەو خوێندنی بالاً.

٤- سەردار عەبدوالمەجید ڕەشید بەرواری/. . . . . کاروباری ناوخۆ.

٥- حیکمەت حاجی ڕەحیم/. . . . . . ڕۆشنبیری و لاوان.

٦- زهدی ئەحمەد محەمەد/. . . . . شارەوانی و بانکەکان

٧- سەکڤان حسێن ئەحمەد/ . . . . . . کاروباری کۆمەلآیەتی

٨- بە سیر عەبدولرەحمان محەمەد ئەتروشی/. . . . کارو باری ئەوقاف

٩- عەجیل جەلال ئیسماعیل/. . . کارو باری دارایی و ئابوری

١٠- محەمەد ورانی محەمەد/ . . . کشتوکاڵ و چاکسازی کشتوکاڵی. بڕوانە// الواقائع العراق، العدد(٣٢٧٥)، ١٩٨٩/١٠/٢.

سەربازی و ڕێوشوێنی یاسایی دژی نەگرتبێتە بەر، یان دەسەڵاتی لێ ئاگادارنەکردبێتەوە بۆ ئەوەی یاسای بەسەردا جێبەجێ بکرێت[١].

لە بریارێکی دیکە ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش بە ژمارە(٨٥٠) لە ڕێکەوتی ١٩٨٨/١١/٢٧، بریاری قەدەغەکردنی گۆڕینی نەتەوەی عەرەب بۆ نەتەوەی دیکە دا، بە جۆرێك هەرکەسێك بەوکارە هەستابا سزا دەدرا بە زیندانی کردن، کەمتر نەبوایە لە ساڵێك[٢].

ئەگەر ڕەنگدانەوەی سیاسەتی بەعس لەڕووی سیاسییەوە بەرامبەر پارێزگای سلێمانی وەربگیرێت دەبینرێت هەتا ساڵی ١٩٩١ ، (٧٣٤٩٩) خانوی نیشتەجێبوون ، (٤٦٠) خوێندگا و (١٤١)بنکەی تەندروستی و (١٠٩٩٦) بینای جۆراوجۆری دیکە روخێنراون ، تەنها لە پارێزگاری سلێمانی (١٤٢٢)گوند وێرانکراون، ئەگەر سەیری ئاماری وێرانکارییەکان بکەین بە ئاشکرا جیاوازییەکی گەورە بەدیدەکەین لە نێوان سلێمانی و شارەکانی دیکەی باشوری کوردستان دا بە جۆرێك سلێمانی گەورەترین پشکی لە وێرانکاکرییەکاندا بەرکەوتووە، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە بڕوانە ئەم خشتەیەی لای خوارەوە :-

ئەم خشتەیە بەراودێکی ئاماری وێرانکارییەکانە لە نێوان پاریزگاکانی سلێمانی و هەولێردا.

| ناوی بینای ڕوخێنراو | ژمارەی بینای ڕوخێنراو لە پارێزگاسلێمانی | ژمارەی بینای ڕوخێنراو لە پارێزگای هەولێر |
|---|---|---|
| خانووی نیشتەجێبوون | ٧٣٤٩٩ | ٦٠٥٧ |
| بنکەی تەندروستی | ١٤١ | ٤ |
| خوێندگا | ٤٦٠ | ٢٩ |
| کۆی گشتی | ٧٤١٠٠ | ٦٠٩٠ [٣] |

کۆی ئەو پیلانانەی ئاماژەیان پێدراوە، دژایەتی سیاسەتی بەعس دەردەخات بەرامبەر بە شاری سلێمانی هەر خۆشیان بە (المدینة الصعبة) شارە قورسەکە ناوزەندیان دەکرد، بەلاّم لەگەلّ ئەوەشدا توندوتیژترین سیاسەتی گرتن ، کوشتن و لە سێدارەدانی دانیشتوانی سلێمانی نەیتوانی چۆك بە خەڵکی شارەکە دا بدات، بەڵکو هەمیشە لە دەرفەت دەگەران بۆ تۆڵە کردنەوەی خوێنی ئەو هەموو شەهیدە و ئەو هەموو ستەمەی کە لە شارو دانیشتوانەکەی کرابوو. بۆیە سەر ئەنجام بە راپەرینی بەهاری ١٩٩١ بەو ئاواتە گەشتن.

---

(١) پارێزەر هەژار عەزیز سورمێ:س. پ، ل٢٥٢-٢٥٣.

(٢) الواقائع العراق، العدد(٣٢٣٢)، ١٢/١٢/١٩٨٨.

(٣ ) ئەرسەلان بایز ئیسماعیل: سیمای شیعری کوردی دوای راپەرین ١٩٩٢-٢٠٠٢(بە نمونەی شیعرەکانی رۆژنامەی کوردستانی نوێ وە)، زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل٢٩.

## دووەم: لەڕووی پەروەردە و ڕۆشنبیرییەوە :-

ئاشکرایە حکومەتی بەعس سەرجەم جومگە گرنگەکانی دەسەلات و کۆمەڵگەی لە ژێر کۆنترۆڵی خۆیدا دانابوو ، سێکتەرەکانی پەروەردە و رۆشنبیریش بەدەر نەبوون لە هەژموونی بەعس ، بە جۆرێك کۆنترۆڵ کرابوو کە خزمەت بە بیرو سیاسەتی حیزبی بەعس بکەن.

سیاسەتی ڕژێمی بەعس دژی شاری سلێمانی تەنها لایەنی سیاسی و سەربازی نەگرتبووەوە، بەڵکو لایەنی رۆشنبیری و هونەری و فێرکردنیشی گرتبووەوە، لە بواری فێرکردندا، حکومەتی عێراق خوێندن و فێرکردنی لە زۆربەی خوێندگا و ناوەندەکانی فێرکردندا کرد بە عەرەبی، هەرچەندە پێشتر بە پێی رێکەوتنامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ و یاسایی ژمارە(٣٣) لە ١٩٧٤/٣/١١ کە مافی ئۆتۆنۆمی بە گەلی کورد دەدا، دەبوو کە زمانی کوردی زمانی فەرمی بێت لە سەرجەم قوتابخانە و دام و دەزگاکانی باشوری کوردستاندا، بەڵام ڕێك بە پێچەوانەی ئەم یاسا و رێکەوتنەوە بەرنامەکانی خوێندن و فێرکرن لە قوتابخانەکاندا کران بە عەرەبی قوتابخانە کوردییەکانیش داخران[١].

مەبەستی رژێمی بەعس ئەوە بوو کە لەم رێگەیەوە منداڵ و لاوانی کورد هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ بیرو باوەر و بەرنامە و ستراتیژی حیزبی بەعسدا ڕابهێنێت، ئەوەش بە کۆنترۆڵ کردنی هەست و هۆشی ئەو چینە گرنگەی کۆمەڵگە دەگەشتە ئەنجام، ئەمەش خۆی لە خۆیدا داگیرکردنی کەلتوری کورد بوو[٢].

رژێمی بەعس دەستی کرد بە دەستکاری کردنی پرۆگرامەکانی پەروەردە و خوێندن، رادیۆ و تەلەفیزیۆن، گۆڤار و رۆژنامەکان، بە شێوەیەکی ئەو تۆ کە فەرهەنگ و مێژووی کورد بشێوێنی و فەرهەنگی بەعسی بئاخنێتە مێشکی منداڵانی کورد و جەماوەرەوە[٣]. بۆ وێنە حیزبی بەعس بە جۆرێ کۆنترڵی رۆژنامە و گۆڤارەکانی کردبوو، کە تەنها کاریان بلاوکردنەوەی بیری بەعسیزم و پیاهەڵدان بە (سەدام حسێن) و حیزبی بەعس دا بوو، ئەگەر تەماشای ژمارە(١٤٠) ی گۆڤاری (بەیان)[٤] بکەین دەبینین لە لاپەرە(٣)دا وێنەیەکی(سەدام حسێن) بە گەورەی دانراوە، لە ژێریدا وتارێکی(حسن غالب) ە، بەناونیشانی:"شۆڕش و رۆشنبیری کورد". (مەبەست شۆرشی ١٧-٣٠ تەمموزی ساڵی١٩٦٨ ە ، کە بەعس دەسەڵاتی عێراقی کۆنترڵ کرد-توێژەر) ، لەو وتارەدا باسی هەوڵەکانی بەعس دەکات بۆ رۆشنبیرکردنی گەلی کورد!، جگەلەوەش شانازی بەوەوە دەکات کە دەزگاکەیان(دەزگای رۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کورد) توانیویەتی "وتەکانی سەرۆکی فەرماندە" بلاوبکاتەوە لەگەڵ چاپکردنی وێنە رەنگاورەنگەکانی سەرکردە![٥] . ئەمەش سەلماندنی ئەو راستییە کە بەعس جگە لە

---

(١) حامید محمود عیسا: کێشەی کورد لە عێراق دا، و/سوارە قەلادزەیی، ب١، چاپخانەی رۆشنبیر، هەولێر، ٢٠١٤، ل٦٧-٦٨.

(٢) عەتا قەرەداغی: کاریگەری کەلتوری ئەوان لەسەر کورد، چاپخانەی روون، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٢٠٥-٢٠٦.

(٣) نەوشیروان مستەفا ئەمین:خولانەوە. . . س. پ، ل٤٩-٥٠.

(٤) گۆڤاری بەیان:گۆڤارێکی وێژەی هونەری مانگانەبوو، دواتر بووە بە وەرزی، بە پێی قۆناغەکانی دەرچونی سەرنوسەرو سکرتێری نەسینی گۆراوە، لەوانە(د. ئەکرەم فازل، جەلال میرزا کەریم، جەمال بابان. . . هتد)، ژمارە(١) ی لە ١٩٦٩/١١/١ و دواژمارەشی (٢٩٤) ساڵی ٢٠٠٢ دەرچووە ( بروانە// رەفیق سالح ئەحمەد و عەبدوللا زەنگەنە، رابەری رۆژنامەنوسی کوردی، گ. رۆژنامەڤانی، ژ. (١١-١٢) ساڵی چوارەم، ٢٠٠٣، ل١٧٩ ).

(٥) بۆ دەقی تەواوی بابەتەکە بروانە// گ. (بەیان)، ژ. (١٤٠)، شوباتی ١٩٨٨. ل٣-٥.

بواری پەروەرد دەستی بەسەر رۆشنبیری و کەلتوری کوردیشدا گرتبوو، سەرجەم کایە ڕۆشنبیرییەکان لە خزمەتی سیاسەت و ئامانجی حیزبی بەعسدابوو، بە کردەوە رژێم دەستی کردبوو بە هەڵوەشاندنەوەی ئەو شوێنە ئەکادیمی و رۆشنبیریانەی کە بەزمانی کوردی تیایاندا دەخوێنرا، بە رێوەبەرایەتییە کوردییەکان سڕکران، گشت دیاردەیەکی مێژووی و جوگرافی کوردی لە پەرتوکەکانی خویندندا نە هێشت[1]. کەچی لەولاوە رۆژنامە کوردییەکانی سەر بەحیزبی بەعس کە لە شاری سلێمانی بڵاو دەبونەوە، وتەی(سەدام حسێن)یان بڵاو دەکردەوە گوایە وتویەتی:"با هەموو گۆڤار و رۆژنامە کوردییەکان ئەوەندە باس و بابەت سەبارەت بە مێژووی کورد و ڕۆشنبیری کوردی بڵاوبکەنەوە، تا گەلی کورد لەو باسانە تێر دەبێت و دەچێتە سەر رۆشنبیری و زانیاری گەلانی تر"[2]. بە پێچەوانەی ئەم وتەیەوە بەعس بە کۆمەڵێك بیانوی بێ بنەما، هەستا بەدەرکرنی بڕیاری قەدەغەکردنی چەند کتێبێك دەربارەی مێژووی کورد[3].

سیاسەتی حیزبی بەعس لە ماوەی نێوان(١٩٨٨-١٩٩١) بەو شێوەیە بوو کە سەرجەم سێکتەرەکانی پەروەردە و رۆشنبیری کۆنترۆڵ بکات و لە خزمەتی بیری بەعسیزم و بەنامە و سیاسەتی حیزب دا بێت. بۆ ئەمەش هیچ دەرفەتێکی لە دەستت نەدەدا، تەنانەت یادو بۆنە کوردییەکانیشی بۆ ئەو مەبەستە دەقۆستەوە، بۆ نمونە رۆژی(٣/٩) بە رۆژی رۆشنبیری کوردی دانرابوو، لە (١٩٨٩/٣/٩) دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی- لقی سلێمانی بە هاوکاری پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی و پەیمانگای مامۆستایانی سلێمانی، چەند چالاکییەك بەو بۆنەیەوە ئەنجام دەدەن، گرنگترین چالاکیش کردنەوەی پێشەنگایەك بووە بۆ پۆستەری سیاسی کە بریتی بووە لە وتەو قسەکانی (سەدام حسێن) کە لە شێوەی کۆلاج دا نمایش کراوە. لە هەمان رۆژو لە چالاکییەکی تردا (فاروق محەمەد رەزا) لێکۆڵینەوەیی لەژێر ناونیشانی(رۆشنبیری کوردی لە سایەی شۆرشی ١٧-٣٠ تەمموزی پیرۆزدا) پێشکەش کردووە، ناوەرۆکەکەی باس لە گرنگیدانی حیزبی بەعس و خوی (سەدام حسێن) دەکات بە رۆشنبیری کوردی[4].

جگە لەوانەش رژێمی بەعس لە ڕووی رۆشنبیرییەوە لە کۆمەڵگەی کوردیدا(ئەدیبی ئەمن و ئەمنی ئەدیب)[5]ی دروست کردبوو، کە هەردووکیان رۆڵی تێکشکاندنی فەرهەنگی کورد و بیری پێشکەوتوو خوازی و ئازادیخوازیان لە ئەستۆ نرابوو[1].

---

(١) کۆمەڵێك نوسەر: گەلێکی پەژموردەو نیشتمانی پەرت، و/مامۆستا گۆمەی، (ب. ن. چ)، سوید، ١٩٩٨، ل٣٣٧-٣٣٨.

(٢) گ. (بەیان)، ژ. (١٤٠)، شوباتی ١٩٨٨. ل٣-٥.

(٣) لەو کتێبانەی کە ڕژێمی بەعس قەدەغەی کردبون: خۆلاصەی تاریخی کورد و کوردستان- محەمەد ئەمین زەکی بەگ.

مێژووی ئەدەبی کوردی- عەلا ئەدین سەجادی.

کوردستان و کورد- عەبدولرەحمان قاسملۆ.

کوردستان والحرکە القومیە الکردیە- جلال تاڵەبانی.

بزوتنەوەی رۆشنبیری کورد- رەمزی قەزاز.

مێژووی گەلی کورد لە کۆنەوە تا ئەمرۆ-سالح قەفتان. . . . هتد (بروانە// بەختیار خدر عەبدوڵلا: شاری سلێمانی(١٩٦٨-١٩٧٩)، توێژینەوەیەکی مێژووی سیاسیە، ماستەر نامە(بلاو نەکراوە)، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٦، ل١٣٣ ).

(٤) رۆژنامەی (هاوکاری)، ژمارە(١٠٦٠)، ١٩٨٩/٣/٢٠.

(٥) ئەدیبی ئەمن بەو کەسانە دەگوترا کە لە رێگەی نوسین و بڵاو کراوەکانیانەوە خزمەتی حیزبی بەعسی عێراقیان دەکرد و تۆمەتی خیانەتکاریان دەخستە پاڵ پێشمەرگە، بەڵام ئەمنی ئەدیب ئەوانە بوون کە لە دەزگاکانی ئەمن کاریان دەکردوو پلەیان هەبوو، لە رێی نوسینەکانیانەوە کە بەشێوەی نامیلکە و وتار لە رۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاویان دەکردەوە، هەرەشەیان لە ئەدیب و

ئامانجی بەعس لە تێکشکاندنی فەرهەنگ و کەلتوری کورد ئەوەبوو کە گەلی کورد خۆیان بە کەمتر بزانن لە چاو عەرەب دا و لەو ڕێگەیەشەوە هەولی بلاو کردنەوەی بیری بەعسیزم و ڕۆشنبیری عەربی بدرێت. بۆ ئەم مەبەستە چەندین ڕێکخراوی دروست کردبوو، لەوانە یەکێتی قوتابیان و لاوانی عێراق–لقی سلێمانی:ئەم ڕێکخراوە ڕۆلێکی دیاری هەبووە لە راکێشانی خویندکاران بۆ ریزەکانی حیزبی بە عس و گیان بەخشین(تطوع) لە ڕیزەکانی سوپای میللی و بەرگری میللی. . . هتد، ئەمەش بە مەبەستی پەرەپێدانی هەستی نیشتمانی بە بیری عەرەبی و بەعسیزمی خوێندکاران، لەگەلْ بەشداری پێکردنیان لە ئاهەنگەکانی سەرکەوتنی سوپا و فیستیڤالْ و وتار و شیعر خوێندنەوە[٢]. بۆ زیاتر کۆنترۆلکردنی هەست و هۆشی خوێندکاران حیزبی بەعس دەستی کرد بە دامەزراندنی ڕێکخراوەکانی پێشەنگ(طلائع)، لاوان(فتوة)، لەهەموو خوێندگاکانی کوردستاندا ، تا بتوانرێت هەر لە منداڵییەوە، کورد بونی خۆیان لە بیر برنەوە و فەرهەنگی بەعسی لە مێشکیاندا بچەسپێنن، هەر بەوەشەوە نەوەستا دەستی کرد بە بەعسیکردنی مامۆستاکان و دەزگاکانی خوێندن و پەروەردە. . . هتد[٣]، بەوجۆرە هەر خوێندکارێکی کورد پەیوەندی بە پەیمانگای مامۆستایانەوە بکردایە بە مەبەستی وەرگرتن، دەبوو پێش هەموو شت فۆڕمی بە بەعسی بوون واژۆ بکات[٤]. لەم بارەوە (ئەحمەد حامد) دەڵیت:"کچەکەم پەیوەندی بە خانە ی مامۆستایانەوە کرد بە مەبەستی تەواو کردنی خوێندن، بەلام پێش ئەوەی وەربگیرێت فۆڕمی بە بەعسی بونیان پێدا بوو کە پڕی بکاتەوە، بەلام من ڕازی نەبوو، پێم باش بوو واز لە خوێندن بێنێت نەك ببێت بە بەعس[٥]". هەربەوەوە نەوەستا حیزبی بەعس لەسەرجەم فەرمانگە و خوێندگاکانی شاری سلێمانی کەسێکیان بە ناوی ئەفسەری ئاسایش(ظابط امن) دادەمەزاند بۆ چاودێریکردن و کارو باری خوێندگاکە بۆ ئەوەی دلنیابینەوە لەوەی کە تا چەند بەڕێوەبەری خوێندگاکە کار بۆ بیری بەعسیزم دەکات، خوێندکاران بۆ بۆنەو ئاهەنگەکانی حیزبی بەعس ئامادە دەکات، ئەو ئەفسەرە لە ڕێگەی راپۆرتەوە حیزبی لیّ ئاگادار دەکردەوە[٦].

سیاسەتی بەعس لە بواری خوێندندا بە پلەی یەکەم بریتی بووە لە بە بەعسی کردنی خوێندکاران و لاوان لە شاری سلێمانی دا، ئەویش بە دوو شێوە بووە( یەکەم هەڕەشە و تۆقاندن، دووەم لە خشتە بردن و پاداشت)،

---

نوسەرە شۆڕشگێڕەکان دەکردوو بەردوام بە شان و بالی سەدام حسێن و دارودەستەکەیان هەلدەگوت، تاپلەیان بەرز بێتەوە (بروانە// ئاراس عەبدولرەحمان مستەفا:س. پ. ل١٩٦ ).

(١) ئاراس عەبدولرەحمان مستەفا:س. پ. ل١٩٦.

(٢) بەشدار عەبدولمەجید فەتاح محەمەد: رەوشی سیاسی پارێزگاری سلێمانی (١٩٧٩–١٩٨٨)، ماستەر ، بلاونەکراوە، کۆلێژی ئەدەبیات–زانکۆی سەلاحەدین– هەولێر، ٢٠١٦، ل١٣٢.

(٣) ئەو رێکخراوانە سەر بە یەکێتی گشتی لاوانی عێراق بوون، پێشەنگ(طلائع) سالی ١٩٧٤، لاوان(فتوە) سالی ١٩٧٨ دامەزراوە، منداڵانی قۆناغی سەرەتایی دەبون بە پێشرەو، ئەوانەی لە هەردوو رەگەز تەمەنیان لە نێوان(١٠–١٥) سالی بوایە پێیان دەوترا پێشەنگ(طلائع)، بەلام لاوانی تەمەن (١٥–٢٠) سالی لە ریکخراوی لاواندا(فتوە) ڕێکدەخرانن بە شێوەیەکی کارا بەشدارییان لە چالاکییەکانی بەعس دا دەکرد، لەسەر بنەمای نەتەوایەتی عەرەب و سۆسیالیزم پەروەردەیان دەکردن. ( بروانە: بەشدار عەبدولمەجید فەتاح محەمەد:ه. س، ل١٣٢–١٣٣ ).

(٤) ریباز:نرکەی کوردستان، ب١، (ب. ش)، ١٩٩١، ل٢٦.

(٥) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەلْ(ئەحمەد حامد)، سلێمانی، ٢٠١٧/٢/٧.

(٦) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەلْ(ئاکۆ محەمەد وەهبی)، سلێمانی، ٢٠١٧/٣/١١.

دەستە دەستە خوێندکاران و مامۆستایان بانگ دەکران و هەرەشەی دەرکردن و نانبڕینیان لێدەکردن ئەگەر نەبن بە بەعسی، یاخود پاداشت کراون و پلە و پایەیان بۆ پێشنیار کردوون بۆ ئەوەی ببنە ئەندامی حیزبی بەعس[1].

جگە لەو هەموو ڕێکخراوانە بۆ بەبەعسی کردنی مامۆستایان و قوتابیان و چینەکانی تر دروست کرا بوون، ڕێکخراوێکی دیکە دامەزرابوو کە دەبوو هەموو خوێندکاران ببنە ئەندامی ئەو ڕێکخراوە ئەویش یەکێتی قوتابیان(اتحاد طلبة)بوو، کە کاری یەکەمی بە بەعسی کردنی خوێندکاران بوو، جگە لە چاودێری کردن و سیخوری کردن بە سەریانەوە هیچ سودێکی بۆ قوتابیان نەبوو[2]. لەسەرەتای هەموو ساڵێکی خوێندندا لە شاری سلێمانی حکومەتی عێراق بە هۆی یەکێتی قوتابیانەوە ئاگاداری هەموو قوتابیانی قۆناغە جیاوازەکانی خوێندنیان دەکردەوە، کە دەبێت ببن بە بەعس، ئەگەر هەر قوتابییێکیش ئەم داوایەی ڕەت بکردایەتەوە توشی دەرکردن و دوورخستنەوە دەبووەوە، بۆ نمونە دەرچوانی پۆلی سێیەمی ناوەندی ئەگەر داوای چوونە ڕیزی حیزبی بەعسیان نەکردایە ئەوا لە خوێندنی ئامادەیی وەرنەدەگیران[3].

سیاسەتی بەعس لە بواری پەروەردە و ڕۆشنبیرییەوە، لە ماوەی نێوان(١٩٨٨-١٩٩١) درێژە پێدەری هەمان سیاسەتی قۆناغەکانی پێشوو بووە، کە بریتی بووە لە بەبەعسی کردنی سەرجەم کایەکانی پەروەردە و ڕۆشنبیری لە شاری سلێمانی دا، حیزبی بەعس باش لەوە گەشتبوو بۆ ئەوەی تاکی کورد بکات بە بەعسی و ڕۆشنبیری عەرەبی لە ناویاندا بڵاو بکاتەوە، باشترین ڕێگە لاواز کردن و پشتگوێخستنی زمان ، ڕۆشنبیری و کەلتوری کوردییە، بۆیە بە پێی بڕیارێکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بە ژمارە(٦٣٣) لە ڕێکەوتی ١٩٨٩/١٠/٧ بڕیاریدا ئەو خوێندکارانەی کە لە زمانی کوردیی دا نمرە پێویست بەدەست ناهێنن، نابێت بە کەوتوو ئەژمار بکرێن[4]. ئەمەش بۆ خۆی بێبەها کردنی زمانی کوردییە لە قۆناغەکانی خوێندن و پرۆگرامەکانی پرۆگرامەکانی پەروەردەدا.

لە بەرامبەر ئەمەشدا، سیاسەتی حیزبی بەعس بە شێوەیەك بوو کە زیاتر گرنگی بە زمان و کەلتورو ڕۆشنبیری عەرەبی بدرێت و زمان و کەلتور و ڕۆشنبیری کوردی پشگوێ بخرێت، بۆ ئەم مەبەستە پرۆگرامی خوێندگاکانی شاری سلێمانی و کوردستان کرابوون بە عەرەبی ناوەرۆکی زۆربەی پرۆگرامەکانیش دەربڕی بڕیارەکانی کۆنگرەی حیزبی بەعس بوون، باسی زمان و مێژوو و کەلەپوری عەرەبی دەکرد[5]، ئایدۆلۆژیاو بەرنامەو سیاسەتی حیزبی بەعس لە وانە و پرۆگرامەکانی خوێندندا جێگای کرابووەوە زۆر بە ئاشکرا لە وانەی (ڕۆشنبیری نەتەوەی) ڕەنگی دابویەوە ، کەمەش وەك وانەیەکی سەپێنراو بوو بەسەر خوێندکاراندا[6]، خودی

---

(١) سۆزان کەیم مستەفا: س. پ ، ل٢٥٧-٢٥٨.

(٢) لەتیف فاتیح و مەجید سالح:کورد قڕان، ب١، چ١، چاپخانەو ئۆفیسێتی تیشك، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل٧٢.

(٣) بەشدار عەبدولمەجید فتاح محەمەد:س. پ، ل١٣٤.

(٤) الواقائع العراقیە، العدد(٣٢٧٨)، ١٩٨٩/١٠/٢٣؛ بۆ دەقی بڕیارەکە بڕوانە پاشکۆی ژمارە(١٣).

(٥) پارێزەر هەژار عەزیز سورمێ:س. پ، ل١٢٩-١٣٠.

(٦) قارەمان حەیدەر ڕەحمان: بزوتنەوەی ڕۆشنبیری لە شاری هەولێر(١٩٧٥-١٩٩١)، نامەی ماستەر، بڵاو نەکراوە، پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێژی ئەدەبیاتی زنکۆی سەلاحەدین کراوە، ٢٠١٤، ل٦٠.

وانەکەش ڕاپۆرتی سیاسی حیزبی بەعس بوو[١]، جگە لەوەش سیاسەت و ئایدۆلۆژیای بەعس پانتاییەکی فراوانتری لە وانەکانی (ئەدەب، مێژوو، جوگرافیا، پەروەردە نیشتمانی) داگیرکردبوو[٢].

پرۆگرامی قۆناغەکانی سەرەتایش بیرکردنەوە و ژیان و گوزەرانی عەرەب تێیدا ڕەنگی دابویەوە، ئەو وێنانەی کە بۆ روونکردنەوە و تێگەیشتن تیایاندا بڵاوکرابویەوە زۆر بەیان بە جل و بەرگی میللی عەرەبی بوون. پرۆگرامەکان لەگەڵ دەوڵەتانی عەرەبی کەنداودا یەککگرتوو بوون، بە زۆر و ستەم بەسەر منداڵانی کورددا سەپێنرابوو، هەموو ئەمانەش بۆ توانەوەی میللەتی کورد بوو لە بۆتەی نەتەوەی عەرەبدا[٣].

حیزبی بەعس هەموو دەرفەتەکانی دەقۆستەوە بۆ بڵاوکردنەوەی بیری بەعسیزم لە شاری سلێمانی دا، ناوەندەکانی خوێندن و پرۆگرامەکانی فێرکردن و سەرجەم چالاکییەکان لە خزمەتی ئایدۆلۆژیای حیزبی بەعس دا بوون، بۆ ئەمەش جگە لە بەبەعسی کردنی پرۆگرامەکانی خوێندن پەنای بۆ هەڵکردنی ئەو ئالأیەش دەبرد، کە لە گۆڕەپانی خوێندنگاکاندا هەڵدەکراو سرودی بەعس بە خوێندکاران دەگوترایەوە لە بری (ئەی ڕەقیب)و(خوایە وەتەن ئاواکەی)، دەبوایە هەموو پێکەوە (وطن مد علی افق جناحا. . . )بڵێنەوە[٤].

مەراسیمی هەڵکردن و داگرتنی ئالأ بە پێی ڕێنمایی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، دەبوو لەگەڵ کەلتوری سەربازیدا بگونجێت، هەڵکردنی ئالأکەش هەموو ڕۆژێکی پێنج شەممە پێش دەست پێکردنی وانەی یەکەم لە گۆڕەپانی چالاکییەکانی خوێندگادا ئەنجام دەدرا. پێش هەڵکردنی ئالأ دەبوو هەموو پۆلەکان لە شێوەی کەرت دا و بە پێی ڕێکخستنی سەربازی ڕیز بکرێن و هەر مامۆستایەکیش سەرپەرشتی کەرتێکی دەکرد، مامۆستای سەرپەرشتیار فەرمانی بە خوێندکاران دەدا کە پشوو بدەن لە کاتی پشوودان دا دەبوو خوێندکار هیچ جولەیەك نەکات، کاتێکیش فەرمانی وریا بن دەدرا پێویست هەموو خوێندکاران پێکەوە بڵێن"بژی بەعس"[٥].

بەو شێوەیە حیزی بەعس خوێندکارانی کوردی بە بیروباوەڕی شۆڤێنیانەی بەعس پەروەردە دەکرد و بە دەیان هەزار پارچە جل و بەرگی بەسەر منداڵان دا دابەش دەکرد، کە وێنەی دارخورما و نەخشەی نیشتمانی عەرەبی لەسەربوو، دەبوایە قوتابیان لەبەری بکەن، ئەگەر هەر قوتابییەك سەرپێچی بکردایە بەتێکدەر(مخرب) لەقەڵەم دەدرا، سزای منداڵەکە و خێزانەکەشی دەدرا[٦]. سەرەڕای ئەمانەش منداڵانی کورد گۆڤاری تایبەت بە خۆیان نەبوو بە زمانی کوردی، دەبوو گۆڤارەکانی(مجلتی)و(مزمار) بخوێننەوە، کە بەزمانی عەرەبی دەردەچوون و ناوەڕۆکەکەیان لەسەر بەعس و شەڕەکانی قادسیە و پێدا هەڵگوتن بە (سەدام حسین) دا بوو[٧].

لەبەرئەوەی حیزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی حیزبیکی ڕەگەز پەرستی شۆڤێنی نەتەوە پەرست بوو، باوەڕی بە جیاکاری ڕەگەزو نەتەوەکان هەبوو، پێی وابوو کە نەتەوەی عەرەب لە هەموو نەتەوەکانی جیهان

---

(١) پارێزەر هەژار عەزیز سورمێ:س. پ، ل١٢٩-١٣٠.

(٢) قارەمان حەیدەر ڕەحمان:س. پ، ل٦٠.؛ پارێزەر هەژار عەزیز سورمێ:س. پ، ل١٢٩-١٣٠.

(٣) پارێزەر هەژار عەزیز سورمێ:س. پ، ل١٢٩-١٣٠

(٤) هـ. س، ل١٣٠-١٣١.

(٥) بۆ تەواوی دەقی ڕێنماییەکە بروانە// الوقائع العراقیە، العدد(٣٢٥٧)، ١٩٨٩/٥/٢٩.

(٦) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(هێرش لەتیف)، سلێمانی، ٢٠١٧/٢/٥. ناوبراو ساڵی ١٩٧١ لە شاری سلێمانی لە دایك بووە، هەتا قۆناغی سێیەمی ناوەندی خوێندووە ، لەبەر ئەوەی گیراوە بە سەرباز دابراوە لە خوێندن، دواتر پەیوەندی بە ڕیزەکانی پێشمەرگەوە کردووە، ئێستاش سەرقاڵی کاری بازگانییە و دانیشتوی شاری سلێمانی نییە.

(٧ ) پارێزەر هەژار عەزیز سورمێ:س. پ، ل١٣٠-١٣١.

پێشکەوتووتر بووە، زۆربەی شارستانییە کۆنەکانی جیهان لەلایەن ئەوانەوە بنیاتنراوە و ئەوان خاوەن دارییان کردووە، لەسەر ئەو بنەمایەش دژی هەموو نەتەوە و رەگەزە جیاوازەکانی غەیرە عەرەب بوون، بۆیە هەوڵی دەدا کە نەوەکانیش لە هەر قۆناغەکانی سەرەتاییدا لەگەڵ ئەم بیرەدا ڕابهێنێت و پەروەردە بکات، بەجۆرێ جگە لە عەرەب دوژمنی هەموو نەتەوەکنی دیکە بیت، لە ساڵانی جەنگی عێراق-ئێران دا کاتێ مامۆستا دەچووە پۆلەوە لە بری رۆژ باش خوێندکاران ئەم دێرەیان دەگوتەوە" قیام، قادسیە صەدام، جلوس انتصرنا علی الفرس والمجوس"[1]. ئەمەش خۆی لە خۆیدا دروست کردنی دوژمنایەتییە لە نێوان نەتەوە کاندا، چەسپاندنی ئەم جۆرە جۆرە سیاسەتە شۆڤێنییە لە بیری و هزی خوێندکاراندا کاریگەری نەگەتیڤی هەبووە لەسەر بیری نەوەکان و چاندنی تۆوی دوبەرەکی.

لە ماوەی نێوان(١٩٨٨-١٩٩١) بەعس لە هەوڵەکانی بەردەوام بووە بۆ بە بەعسی کردنی سەرجەم کایە گرنگەکان، لەبواری پەروەردەشدا جگە لەو کارانەی پیشتر باسکرا، بەعس کەوتبووە هێنانی مامۆستای عەرەبی بەعسی بۆ خوێندگاکان، بە مەبەستی جێبەجێ کردنی بڕیاری بە زۆر بەبەعسی کردنی مامۆستایان و خوێندکاران، بۆ نمونە لە شاری سلێمانی مامۆستا(عەباس) یەکێێك بوو لەو مامۆستایانەی کە حکومەت ناردبوو بۆ خوێندگای ڕۆشنبیر، دەیویست بە زۆر مامۆستا و خوێندکارانی ئەو خویندگایە بکات بە بەعسی[2]. جگەلەوەش حکومەتی بەعس لە پیشتر و لە ئاداری ١٩٨٦دا بڕیاری دابوو کە هەر مامۆستایەك ئەندامبونی لە ڕیزی حیزبی بەعس ڕەتکردبێتەوە، لە پەروەردە دەردەکرێت، بەڵام ئەگەر زۆر پێویستی بە خزمەتی هەبێت، پێویستە بەڵێننامەیەك واژۆ بكات کە لە پەروەردەدا پرۆگرامی بەعس بەکار دەهێنێت[3].

لە بەردەوامی سیاسەتە شۆڤێنییەکانی بەعس لە ماوەی نێوان(١٩٨٨-١٩٩١)بە ئامانجی بە بەعسی کردنی سێکتەرەکانی پەروەردە و ڕوخاندنی ژێرخانی ڕۆشنبیری گەلی کورد و شاری سلێمانی، بە ڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی بڕیاری ژمارە(٢٢٨١٩) لەرێکەوتی ١٩٨٨/١٠/١٣ دەردەکات، کە ناوەڕۆکەکەی داوا لە سەرجەم خوێندگاکانی سنوری پارێزگاکە کردووە، کە هیچ خوێندکارێکی هەڵەبجەیی لەوانەی کە پاش(١٩٨٨/٩/٨) لە ئێران گەڕاونەتەوە عێراق، وەنەگرنەوە[4]. (هۆکاری ئاوارە بوونی ئەو خوێندکارانە بۆ ئێران، هێرشی کیمیاوی رژێمی بەعس بووە بۆ سەر شارەکەیان(هەڵەبجە) لە (١٩٨٨/٣/١٦)، لە کاتێك دا کە چەندین بڕیاری لێبوردنیان بۆ دەرچووە بۆ گەرانەوەیان، کەچی لە کاتی هاتنەوەدا لە مافی خوێندن بێبەش کراون!)، لەلایەکی دیکەوە بەعس ئاگاداری هەموو خوێندگاکانی باشوری کوردستانیان کردبوو، کە هەر خوێندکارێك کەسێکی پێشمەرگە، یان سەربازێکی هەڵهاتوو، یاخود لە هەندەران بێت، پێویستە لە خوێندن بێ بەش بکرێ و دەربکرێت[5]، هەر بەهۆی فشارەکانی حکومەتی بەعسەوە لەسەر کەس وکاری پێشمەرگە بەدەیان

---

(١) حمە فەریق حەسەن: سلێمانی و جەنگی کەنداو کرۆنۆلۆجیای جەنگ و ڕاپەرین و ڕەو، چ١، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٦، ل٥٤.

(٢) بەشدار عەبدولمەجید فتاح محەمەد:س. پ، ل١٣٦.

(٣) د. عەلی تەتەر نێروەیی:س. پ، ل٤٠٠.

(٤) ڕێبازی نوێ، ژ(١٠)، تشرینی یەکەمی ١٩٨٨، ل٦.

(٥) ه. س، ل٦.

خوێندکار له خوێندن بێبەش بوون، چونکە ئاوارەی دەوڵەتانی دەوروبەری دراوسێ بوون، ماوەیەکی زۆر لەوێ مانەوە، کاتێ گەڕانەوە تەمەنیان گەورەبووە، بۆیە خوێندیان لە کیس چووە[1].

حکومەتی بەعس سیاسەتی دیکەی پەیرەوکردووە بۆ بێبەش کردنی خوێندکارانی شاری سلێمانی لە خوێندن، ئەویش بە گرنگی نەدان بە دروستکردنی خوێندگای نوێ، بۆ نمونە لە ساڵی ١٩٨٧دا ئەو منداڵانەی کە لە تەمەنی خوێندندا بوون ژمارەیان لەسەر ئاستی پارێزگای سلێمانی(١٦٩٢٣٩) منداڵ بووە، تەمەنیان لە نێوان(٦-١٢) ساڵیدا بووە، لە کاتێکدا خوێندگاکان توانی لە خۆگرتنی(١٣٤٩١٥) خوێندکاری هەبووە، واتە(٣٤٣٢٤) منداڵ لە خوێندن بێ بەش بوون، ئەمەش ڕێژەی(٢٠. ٣٪)بووە، لە قۆناغی ناوەندیش(٩٩٦١١)خوێندکار لەو قۆناغە بێ بەش بون لە خوێندن، ئەمەش ڕێژەی(٦٣. ٣٪) ی سەرجەم ئەوانە پێك دەهێنێت کە لە تەمەنی خوێندنی دواناوەندی دا بوون بە هەموو لقەکانی(ئامادەیی، پیشەی، خانەی مامۆستایان) ئەمەش بە هۆی شاڵاوەکانی ئەنفال و ڕاگواستنەوە بووە، بەو هۆیەوە نەخوێندەواری تەشەنەی کردووە[2].

ئەگەر بەراووردێك بکەین لە نێوان ژمارەی خوێندگاکان لە نێوان ساڵانی (١٩٧٧-١٩٧٨) وە (١٩٨٩-١٩٩٠)دا، دەبینین ژمارە خوێندگا سەرەتاییەکان لە ساڵی (١٩٧٧-١٩٧٨) دا (٦٤٤)خوێندگابووە، لە ساڵی(١٩٨٩-١٩٩٠)دا کەم بووەتەوە بۆ(٢٥٩)خوێندگا، واتە (٣٨٥) خوێندگا کەمی کردووە بە ڕێژەی(٤٠٪). بەڵام ژمارە خوێندکاران لە (٨٩٨٦٨)ەوە بۆ (١٦٧٩٩٧)زیادی کردووە، واتە(٧٨١٢٩)خوێندکار بە ڕێژەی(٨٧٪) زیادی کردووە. ژمارەی مامۆستایانش لە ساڵی( ١٩٧٧-١٩٧٨)دا (٣٤٥٩) بووە، لە ساڵی(١٩٨٩-١٩٩٠) بوەتە(٥٦٩٩) واتە(٢٢٤٠) مامۆستا بە ڕێژەی(٦٤. ٧٪) زیادی کردووە، ژمارەی خوێندگاکانی قۆناغی ناوەندی لە ساڵی(١٩٧٧-١٩٧٨) دا(٥٢) خوێندگا بووە، لە ساڵی(١٩٨٩-١٩٩٠) بووەتە(٩٧) واتە (٤٥) خوێندگا بە ڕێژەی(٨٦. ٥٪) زیادی کردووە، ژمارەی مامۆستایانیش لە (٥٦٨)مامۆستاوە بۆ(١١٧٢) مامۆستا زیادیکردووە، خانەی پێگەیاندنی مامۆستایانیش تەها دوو خانە بووە و ژمارەی خوێندکارانی لەو ماوەیەدا لە (١١١٧)ەوە بۆ (١٧٤٨)واتە (٦٣١)خوێندکار و بە ڕێژەی(٥٦. ٥٪) زیادیکردووە، ژمارەی مامۆستایانیشی لە (٢٩)ەوە گەیشتووەتە(٥٧) مامۆستا[3]. لەو داتایانەی سەرەوەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە هەرچەندە ژمارەی خوێندکاران و مامۆستایان بەرزبووەتەوە، بەڵام لەبەرامبەردا ژمارە خوێندگاکان کەمی کردووە، ئەمەش پشتگوێخستن و گرنگینەدانی حکومەتی بەعس دەردەخات لەهەمبەر کەرتی پەروەردە و فێرکردن لە سنوری پارێزگای سلێمانیدا.

سەبارەت بە ژمارەی خوێندکاران لە خوێندگاکاندا لە ساڵی (١٩٧٧) ژمارەی ناوەنجی هەر خوێندگایەك (١٤٠) خوێندکاری لە خۆ گرتووە، بەڵام لە ساڵی (١٩٩٠) گەیشتووەتە(٦٧٩) خوێندکار، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە هەر خوێندگایەك گوشاری زۆری لەسەر بووە، بووەتە هۆی ئەوەی لە بینای هەر خوێندگایەکدا زیاد لە دەوامێك بکرێت، لە ئەنجامدا ماوەی دەوام کردن کەم بووەتەوە، هەندێك جار گەیشتووەتە (٢/٥) کاتژمێر، ماوەی هەر وانەیەکیش لە (٤٥)خولەکەوە بۆ(٣٠) خولەك کەم بووەتەوە. ئەمانەش بووەتە هۆی دابەزینی ئاستی زانستی

---

(١) ڕوخۆش عەلی:س. پ، ل٢٢. " لالۆ عەبدولڕەحمان پێنجوێنی: نیوسەدە تێکۆشان بۆ نیشتمان، چاپخانەی شڤان، ٢٠١٢، ل٦٠٠.

(٢) سەلاحەدین حەفید:س. پ، ل٨١.

(٣) هـ. س،ل٨١.

، چونكە دەرفەتی ڕوونكردنەوەی وانەكان نەبووە، جگە لەوەش ژمارەی خوێندكار لە پۆلێكدا لە ساڵی(١٩٧٧)دا (٢٦) خوێندكار بووە، بەڵام لە ساڵی(١٩٩٠) گەیشتووەتە(٣٩) خوێندكار لە پۆلێكدا بۆ قۆناغی سەرەتایی، بۆ دواناوەندیش(٣٥)، خوێندكار لە پەیمانگاكانیش دا (٣١) خوێندكار لە پۆلێكدا بوون[1].

سەرەڕای فشارەكانی حكومەتی بەعس لەسەر شاری سلێمانی لە ماوەی نێوان ساڵانی(١٩٨٨-١٩٩١)، بەڵام شاری سلێمانی لە چالاكی ڕۆشنبیری بەردەوام بووە، هەمیشە وەك شاری ڕۆشنبیری دەركەوتووە، لەم چوارچێوەیەدا لە دوای ساڵی (١٩٨٨)بۆ ساڵی (١٩٩١) چەندین چالاكی ڕۆشنبیری و هونەری تیایدا ئەنجام دراوە. بۆ نمونە لە مانگی نیسانی ١٩٨٨ ، لە ٤/١ بۆ ٤/٨ لەماوەی حەوت ڕۆژدا پەیمانگای هونەرە جوانەكانی سلێمانی(١٥) شانۆ گەری پێشكەش كردووە، لەوانە (كالیسكەی لێخور، دەرهێنانی (بەدیعە دارتاش)، كاتێ هەڵۆ بەرز ئەفرێ، دەرهێنانی (ئەحمەد سالار)، گوڵەكان بۆ كێ؟ دەرهێنانی (ئەرسەلان ئەحمەد دەروێش). . . هتد[2]، ئەمە جگە لە چالاكی دیكەی جۆراو جۆر، وەك پێشانگای هونەری شێوەكاری ، لەوانە (حیكمەت هندی) لە هۆڵی گەل لە شاری سلێمانی پێشانگایەكی بۆ هونەری شێوەكاری كردووەتەوە. (عەلی جۆلاش) لە گەلەری سلێمانی بە هەمان شێوە. ئەمانە و چەندانی دیكەش[3].

جیا لەوەش چەندین پێشانگای كتێب لەو ماوەیەدا كراونەتەوە. بۆ نمونە لە مانگی نیسانی ١٩٨٨ دا لەلایەن بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی سلێمانی یەوە پێشانگایەك بۆ كتێبەكانی قوتابخانە كراوەتەوە، لەگەڵ پێشانگای كتێب لە ١٩٨٨/١/٩ بە بۆنەی ڕۆژی سوپاوە، جگە لە چەندین كۆڕی ئەدەبی و ڕۆشنبیری[4].

بەگشتی، سیاسەتی حكومەت عێراق لە ماوەی نێوان(١٩٨٨-١٩٩١) بریتی بووە لە بەبەعسی كردنی سەرجەم كایەكانی ژیان لە كوردستان بە گشتی و لە شاری سلێمانی بە تایبەتی دا، سێكتەری پەروەردە و ڕۆشنبیریش بەدەر نەبووە لەم سیاسەتانەی بەعس، جگە لەوەش، فشارێكی زۆر دەخرایە سەر هونەر مەندان، مامۆستایان ، نوسەران، هەتا ببن بە بەعسی، زۆرجاریش ئەوانەی كە ملكەچی سیاسەتەكانی بەعس نەدەبوون، بریاری گرتن و بێ سەروشوێن كردنی بۆ دەركردوون. بۆ نمونە بەعس لە ١٩٩١/٣/٤ بە بریاری ژمارە(٢٨٦٠) كە لە ئاسایشی سلێمانییەوە دەرچوو بوو، تیایدا بڕیاری دابوو كە (٢٥) ئەدیب و هونەرمەندی دژ بە ڕژێم بگرن و بێ سەرو شوێنیان بكەن[5].

دەكریت بووترێت سەرەرای سیاسەتی توند و تیژو گرتن وكوشتن و تۆقاندنی ڕژێمی بەعس بەرامبەر شاری سلێمانی لە ماوەی نێوان ساڵی(١٩٨٨-١٩٩١)، بەڵام سەركەوتوو نەبووە لە سەركوت كردن و بێدەنگ كردنی دانیشتوانی شاری سلێمانی بەڵكو سەرەرای هەموو فشارەكان شارەكە بە زیندووی ماوەتەوە و خۆ ڕاگر بووە لەبەرامبەر سیاسەتەكانی ڕژێمی بەعس دا و چالاكی ڕۆشنبیری و هونەری و ئەدەبییەكان تا ڕاپەرینی ١٩٩١

---

(١) هـ. س، ل٨١-٨٢.

(٢) بۆ ناوی تەواوی شانۆگەری و دەرهێنەرەكانیان بڕوانە// گ(ڕۆشنبیری نوێ)، ژ(١١٨)، حوزەیرانی ساڵی ١٩٨٨، ل١٩٨.

(٣ ) هـ. س، ل١٩٩.

(٤) بۆزانیاری زیاتر لەسەر چالاكییە ڕۆشنبیری و ئەدەبی و هونەرییەكانی شاری سلێمانی (بروانە// گ(ڕۆشنبیری نوێ)، ژ(١٢١)، ئاداری ١٩٨٩، ل١٨٩-٢٠٠.؛ گ (ڕۆشنبیری نوێ)، ژ(١١٨)، حوزەیرانی ساڵی ١٩٨٨، ل١٩٨؛ ڕۆژنامەی (هاوكاری)، ژ(١٠٦٩)، ١٩٨٩/٤/٢٠،ل٤.

(٥) ئاراس عەبدولرەحمان مستەفا:س. پ، ل١٩٦.؛ محەمەد فەریق حەسەن: س. پ، ل٧٢. (بۆ دەقی بریارەكە و ناوی ئەو هونەر مەندانەی كە داوای دەستگیر كردنیان كراوە، بروانە//پاشكۆی ژمارە(١٤) ).

**بەردەوامبووە، ئەمەش دەرخەری ئەوڕاستییەیە، کە سیاسەت و پیلانەکانی ڕژێمی بەعس بە درێژایی ئەو ماوەیە بریتی بووە لە سڕینەوەی شوناسی نەتەوەیی کورد لەم شارەدا لە ڕێگەی دروستکردنی فشاری هەمەلایەنی سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری، هەروەها کاری کردووە بۆ لاوازکردنی چالاکی ڕۆشنبیری و ڕەنگدانەوەی بەعسیزم لەسەر کۆی چالاکییەکان لەم شارەدا.**

## باسی دووەم: چالاکییەکانی پارت و ڕێکخراوەکان لەشاری سلێمانی لەنێوان سالآنی (١٩٨٨-١٩٩١)

بێگومان لەدوای شالآوەکانی ئەنفال و خاپوورکردنی گوندەکانی باشوری کوردستانو کۆتایی هاتنی جەنگی (عێراق_ئێران) و گواستنەوەی بنکەی سەرکردایەتی سەرجەم پارتەکان بۆ دەرەوەی سنوری باشوری کوردستان، کاروچالاکیی سەرجەم پارتەکان بەتەواوەتی سست و لاواز بوو، پەیوەندی نێوان سەرکردایەتی پارتەکانو ڕێکخستنەکانیان ئەگەر نەپچڕا بن ئەوا زۆر ئەستەم بووە، هەموو ئەمانەش ڕەنگدانەوەو کاریگەری لەسەر بزاڤ وکاروچالاکی پارتو ڕێکخراوەکانی ناو شاری سلێمانی هەبووە، بەجۆرێك لەدوای وەستانی جەنگی (عێراق_ئێران) لە (١٩٩٨/٨/٢٠ن) هەتا ڕاپەڕینی ئازاری (١٩٩١) هیچ شەڕێکی بەرەیی لەنێوان هێزی پێشمەرگەی کوردستانو ڕژێمی بەعسدا ڕووی نەداوە، بەڵکو زیاتر جەختکراوەتە سەر چالاکی ڕێکخستنەکان لەناوشاری سلێمانیدا، ئەگەرچی ئەمەش لە ئاستێکی لاوازدا بووە.

چالاکی سیاسی و سەربازی پارتو ڕێکخراوەکانی باشوری کوردستان لە ماوەی سالآنی(١٩٨٨-١٩٩١) بەم شێوەی خوارەوە بووە:-

### ١ – حیزبی شیوعی عێراق[١] _ هەرێمی کوردستان:

سەرەتا حیزبی شیوعی عێراق (حشع) لەگەڵ حیزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی عێراقی لەیەك بەرەدا بوون، ئەویش لەو کاتەوە کە لە (١٧)ی تەموزی (١٩٧٣)دا بەرەی نیشتمانی نەتەوایەیی پێشکەوتنخواز (الجبهة الوطنية القومية التقدمية) (جوقت[٢]) لەنێوان هەردوولادا پێکهێنرا[٣]، کە هەتا سالێ (١٩٧٧) بەردەوام بوو، بەلآم لە سالێ (١٩٧٨) ەوە پەیوەندییەکانیان گرژیی و ئالۆزی تێکەوتبوو ئەویش دوای ئەوەی لەبەهاری ئەو ساڵەدا (٣١) ئەفسەری (حشع) لەلایەن حیزبی بەعسەوە گیرانو پاشان لەسێدارەدران، ئەمەش بەبیانوی ئەوەی لەناو سوپادا کاری ڕێکخستنو پڕوپاگەندەیان بۆ شیوعیەت کردووە. لەمانگی ئایاری هەمان ساڵیشدا ڕووپەڕی ڕۆژنامەکانی

---

(١) لە (١٩٣٤/٣/٣١)دا بڕیاری دامەزراندنی ڕێکخستنێکی یەکگرتووی شیوعییەکانی عیراق درا بەناوی (لیژنەی بەرەنگاریکردنی کۆلۆنیالیزمو وەبەرهێنان)، لە (٣١)ی تەمووزی (١٩٣٥)دا لیژنەکە کۆبوونەوەو بڕیاری گۆڕینی ناوەکەی درا بۆ (حیزبی شیوعی عێراق)، ئەوەبوو ڕۆژنامەی (كفاح الشعب)ی دەرکردو وێنەی چەکوشو داسێکی لەسەر ڕووپەڕی ڕۆژنامەکە دانا، بەوەش (حشع)ڕاگەیەنرا. (بڕوانە// ژیلوان عبدالله احمد: حیزبی شیوعی عێراقو ڕۆڵی لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە باشوری کوردستاندا(١٩٧٥-١٩٩١)، نامەی ماستەر (بلآونەکراوە)، پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەدین کراوە، ٢٠١٣، ل ١٠ ).

(٢) جوقت: لە ١٢ ی تشرینی دووەمی ١٩٨٠ ڕاگەیەنرا، ئەوانەی ئەم بەرەیان پێکهێنابوو بریتی بوون لە:( ڕێکخراوی سوپای ڕگاریخوازی گەلی عێراق،(حسع)،یەکێتی،حسیك،حیزبی بەعسی سەرکردایەتی هەرێمی عیراق،بزاڤی سۆشیالیستی عەرەب،پارتی سۆشیالیستی عیراق و دیموکراتە سەربەخۆکان)، ئامانجی سەرەکی ئەم بەرەیە ڕوخاندنی ڕژێمی عێراق و دامەزراندنی حکومەتێکی دیموکراتی و دابینکردنی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان و جۆشدانی بزاڤی ڕزگاریخوازی نیشتمانی لە عێراق بە بزاڤی ڕزگاری عەرەبی بوو. (بروانە// عەلی تەتەر نێروەیی: س. پ،ل١٨٧-١٨٨ ).

(٣) فاتح ڕەسول: چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی خەباتی گەلی کورد، ڕووداو و بەڵگەنامە(١٩٨٢-١٩٩٠)ب٣، چ١، سوید، ١٩٩٤، ل ١٧٣.

عێراق پڕبوون له هێرشی توووند بۆ سەر شیوعیەت [1]. هەروەك له (٢٢)ی تشرینی دووەمیشدا هێرشی كتوپڕ بۆسەر ئەندامانی (حشع) دەستی پێكردو ژمارەكیان لیٚ دەستگیر كرا[2].

ئەمانەش وایانكرد كه (حشع) بڕیاری خەباتی چەكداری له دژی حكومەت بداتو دروشمی ڕوخاندنیان هەڵگرت، بەوەش حیزبی شیوعی چووه قۆناغێكی سیاسی جیاوازەوەو، كاروچالاكییه سیاسیو سەربازیو ڕاگەیاندنەكانی دژ به حكومەت دەست پێكردەوە[3]. هەرچەنده ئەو هێرشانەی كه حكومەتی بەعس له ساڵی (١٩٧٨)ەوه كردیه سەر (حشع)، وایكرد حیزبی ناوبراو توشی شڵەژاویو سەرلێتێكچوون بێت، به تایبەت ڕێكخستنه ناوخۆییەكانی، بەجۆرێك هەتا ساڵی ١٩٨٢ ڕێكخستنەكانی (حشع) به شێوازێكی تۆكمه دروست نەكرانەوە، وەك ئەوە وابوو كه لەسەرەتاوه دەست پێبكەنەوە [4].

لەماوەی نێوان ساڵانی (١٩٧٩-١٩٨٨) (حشع) چەندین چالاكی سیاسیو چەكداری له سنوری پارێزگای سلێمانی بەگشتیو ناوشاری سلێمانی بەتایبەتی ئەنجامداوە[5]، بەڵام لەدوای وەستاندنی جەنگی عێراق_ئێرانەوە، حكومەتی بەعس دەستی بەسەر تەواوی باشوری كوردستاندا گرتبوو، ئەویش له چوارچێوەی شاڵاوەكانی ئەنفالدا كه كۆتا قۆناغی ئەو پەلامارانه به (عمليات خاتمه الانفال) ناسرا له ڕۆژی ٢٦/ ٨/ ١٩٨٨ له ناوچەی بادینان تەواو بوو[6]. ئەو هێرشانەی سوپای عێراق كاریگەری تەواوی لەسەر هەموو حیزبو ڕێكخراوەكانی باشوری كوردستان كردو كارەساتێكی نەتەوەیی بەسەر كوردا هێنا. كوردستانیش بوو به زیندانێكی تەنگو كوردیش بوو به گەلێكی دیل. نەوشیروان مستەفا دەڵێت: " ئەمه كۆتایی خەباتی چەكداری_سیاسی_ بوو، بەڵام به كۆتاییەكی زۆر تراژیدی"[7].

---

(١) د. عەلی تەتەر نێروەیی: س. پ، ل ١٠٣.

(٢) فاتح ڕەسول: چەند لاپەڕەیەك له مێژووی خەباتی گەلی كوردمان (هێندی بەڵگەنامەو ڕووداوی گرنگی ساڵی ١٩٧٩)، ب١، چ٢، بنكەی چاپەمەنی ڕۆژ، سوید، ١٩٩٨، ل ٣٥-٣٦.

(٣) بەشدار عبدالمجيد فتاح محمد: س. پ، ل٣٤.

(٤) پەیوەندیی تەلەفۆنی لەگەڵ (ڕزگار عەزیزحاجی كەریم) ناسراو به (پۆڵا زیندانی) له ٢٥/٧/ ٢٠١٧، ناوبراو له ساڵی (١٩٥٩) له شارۆچكەی دوكان لەدایك بووە، خوێندنی سەرەتاییو ناوەندیی له كەركوك تەواو كردووە، له (١٩٧٥) بووه به ئەندام له (حشع)و له (١٩٧٩)بووه به پێشمەرگە، زۆربەی پلەكانی پێشمەرگایەتی بڕیوه هەتا بووه به سەرتیپ، سیٚ جار برینداركراوەو جارێكیش بەر چەكی كیمیایی كەوتووە، له ساڵانی (١٩٨٤-١٩٨٩) سەرپەرشتی ڕێكخستنەكانی ناوشاری سلێمانی (حشع) كردووە، له (١٩٨٩) له شاری سلێمانی دەستگیر كراوه و له (١٩٩٠) بڕیاری لەسێدارەدانی بۆ دەرچووە، بەڵام دوای سیٚ مانگ بڕیارەكەی گۆڕراوه بۆ زیندانیی هەتاهەتایی، ناوبراو هەتا كۆتایی (٢٠٠٢) له زیندانی حكومەتی بەعسدا بووەو دواتر ئازادكراوە، له ساڵی (٢٠٠٤)ەوه چووەته سویدو هەتا ئێستا لەویٚ نیشتەجێیه.

(٥) بۆ زانیاری زیاتر لەسەر كاروچالاكییەكانی حیزبی شیوعی لەو ماوەیەدا (بڕوانه // (بەشدار عبدالمجيد فتاح محمد: س. پ، ل ٣٤-٤٦).

(٦) قۆناغ یەكەمی ئەنفال له مانگی (٢) هەتا مانگی (٣)ی ساڵی (١٩٨٨)ی خایاند، دواقۆناغیش ئەنفالی ناوچەی بادینان بوو لەمانگی (٨) بۆ مانگی (٩)ی هەمان ساڵی خایاند. بۆ زانیاری زیاتر( بڕوانە// زۆزان ناسر مستەفا: ئۆپەراسیۆنێن ئەنفالیٚ ل كوردستانیٚ (٢٢شوبات-٦ ئەیلولی ١٩٨٨)، نامەی ماستەر، پێشكەشی ئەنجومەنی كۆلێژی ئادابی زانكۆی دهۆك كراوە، ٢٠١٢، ل ٦٨-٩٨).

(٧) خولانەوه . . . . ، س. پ، ل ١٥- ١٥٣.

دوای کۆتایی هاتنی پرۆسەی شاڵاوەکانی ئەنفال بە ڕێنمایی (حشع) کە هەستکرا ژیانی چەکداری ئاستەنگ بووەو لادێکان خاپوور کراون، گرنگی درا بە ڕێکخستنەکانی ناوشارەکانو ئەوانەی توانیان بەنهێنی هاتنەوە ناوشاری سلێمانیو برەویان بە کاری سیاسی نهێنیانەدا[1].

سەبارەت بە کاری پێشمەرگانە حیزبی شیوعی ناچار بوون وەك تەواوی پارتو ڕێکخراوەکانی دیکەی باشووری کوردستان گرنکی بە خەباتی پارتیزانی بدەن، لەشێوەی هێزی بچووك بچووك چالاکی ئەنجام بدەنو پاشەکشە بکەن[2]. ئەم چالاکیانەش زیاتر لەدەرەوەی شاری سلێمانی بووەو بنکەی پارتیزانەکانی هەر لەدەرەوەی شاری سلێمانی بووە، بۆ نموونە (حشع) سێ بنکەی سەرەکی بۆ پێشمەرگە پارتیزانەکانی هەبووە لەسنوری پارێزگای سلێمانی ئەوانیش لە (سورێن، قەندیل، قەرداغ)، کە پشتیان بەو زانیاریو هاوکارییانە دەبەست کە لە ڕێکخستنەکانی ناوشاری سلێمانییەوە پێیان دەگەیشت، ڕێکخستنەکان چاوساغیان بۆ ئەو گروپە پارتیزانیانە دەکرد بۆ ئەنجامدانی چالاکییەکانیان[3]. حیزبی شیوعی بەمەبەستی کار ڕێکخستن چەند کادرێکیان کادرێکیان بۆ ناوشاری سلێمانی ناردبوویەوە، ڕێکخستنەکانی ناوشاری سلێمانی پێش گەیشتنی ئەو کادرانە ڕێگای سەلامەتیان بۆ دابین کردبوونو ئاگاداریان کردبوونەوە لە بوونی بۆسە و بازگەی حکومەت، بۆ نمونە (خەرمان محمد) چاوساغی ئەو کادرانە بووە لە سەرچنارەوە بۆ ناوشار و لە بازگەو بۆسەکانی حکومەت پاراستوونی[4].

ئەوەی تێبینی کراوە (حشع) لەماوەی نێوان ساڵانی (١٩٨٨-١٩٩١) هیچ شەڕێکی بەرەیی یاخود چالاکی پێشمەرگانەی لەناو شاری سلێمانیدا ئەنجام نەداوە، بۆیە لێرەدا زیاتر گرنگی بەکاری ڕێکخستنەکانی (حشع) دەدرێت لەو ماوەیەدا، چونکە ڕێکخستنەکان بوونی (حشع) یان لە شاری سلێمانیدا دەسەلماند. لە ئازاری ساڵی (١٩٨٩) کۆمیتەی ناوەندی حیزبی شیوعی کۆبوونەوەو لەکۆتاییدا ڕاپۆرتێکیان لەسەر ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکەیان ڕاگەیاند، تێیدا سەرەڕای باس کردن لە بارودۆخی سیاسی باشوری کوردستانو عێراقو ناوچەکەو سیاسەتی شۆڤێنی حکومەتی عێراق، ئەوەشیان خستەڕوو کە هەلومەرجی سیاسی ئەوە دەخوازێت کە حیزب گرنگی بەکاری ڕێکخستنی ناوخۆیی جەماوەر بدات، هەروەك جەختیشیان لەسەر ڕووخاندنی ڕژێمی دیکتاتۆریو دروستکردنی حکومەتێکی نیشتمانی دیموکراتی هاوپەیمانی کردەوە، بۆ چارەسەرکردنی دۆزی

---

(١) هاوڕێ سورە: هەگبە هەمەڕەنگەکەم، (ب. ش)، ٢٠٠٩، ل، ٣٩.

(٢) مەلاشاخی: ئەنفالی خاڵخاڵان، چاپخانەی داناز، سلێمانی، ٢٠٠١، ل٦٧.

(٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ (ئەحمەد حامد)، سلێمانی، ٢٠١٧/٥/١٠.

(٤) پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ (خەرمان محمد رسول)، ٢٠١٧/٧/٢٠، ئەڵمانیا. ناوبراو لە ساڵی (١٩٥٧) لە قەڵادزێ لە دایك بووەو خوێندنی سەرەتاییو ناوەندی لەوێ تەواو کردووە، لە لە ساڵی (١٩٧٤) هاتوونەتە شاری سلێمانی و لە بەشی پیشەسازی دەستی بەخوێندن کردووەو تەواوی کردووە، پاشان وەك فەرمانبەر دامەزراوە، لە (١٩٧٦) بووەتە ئەندامی (حشع) و لە (١٩٨٤) سەرپەرشتی خوێندکارانی (حشع)ی کردووە، لە (١٩٨٤-١٩٩١) سەپەرشتیاری بەشێك لە ڕێکخستنەکانی (حشع) بووە لەناو شاری سلێمانی، ئێستاش لە ئەڵمانیا نیشتەجێیە.

کوردیش داوای حوکمی زاتی ڕاستەقینەیان لە چوارچێوەی عێراقدا کرد، لەگەڵ دەستبەرکردنی مافە ئیدارییو ڕۆشنبیرییەکانی کەمینەکانی دیکە[١].

شاری سلێمانی کە ژمارەیەك ئەندامو ڕێکخستنی حیزبی شیوعی تێدا بوو، حکومەتی بەعس لە ڕێگەی دەزگا ئەمنیو حیزبییەکانییەوە فشاری لێ دەکردن کە لە (حشع) پاشگەز ببنەوە، یان بچنە ناو ڕیزەکانی بەعسەوە[٢]. لەم بارەیەوە (ئەحمەد حامد) دەڵێت: " بەبەردەوامی لەلایەن ئەمنەوە چاودێری دەکرام، مانگ نەبوو لە ئەمنەوە بۆ لێپرسینەوەو لێکۆڵینەوە بانگ نەکرێم، بۆ هەر کوێ دەچووم سەیارەیەکی ئەمن بەدوامەوە بوو، چاودێری خۆمو خێزانەکەشم دەکرا"[٣].

بەعس لەدوای (١٩٧٩)ەوە بە هەموو شێوەیەك کەوتە گرتنو ڕاوەدونانی ئەندامانی (حشع) بۆیە بەشێکی زۆری ئەندامە ناسراوەکانی (حشع) شاری سلێمانیان جێهێشتوو چوونە شاخ، بەشێکی ئەندامانی کۆمیتەی مەحەللیش لەشاردا مانەوە، لەوانە (نائب عبدالله) کە لێپرسراوی محللی (حشع) بوو لەشاری سلێمانی لەگەڵ (نەورۆز شاوەیس، شێخ عەتا تاڵەبانی، عەباس ڕۆستەم، کەمال محمد ئەمین)، لە لیژنەی ئافرەتانیش هەر یەك لە (جەیران بەرزنجی، هێرۆ گۆران، قومریە خان) بەردەوام بوون لە کارکردن و (جەیران بەرزنجی) سەرپەرشتی ئافرەتانی (حشع) کردووە، بەڵام سەرجەم ئەو کەسانە جگە لە (جەیران بەرزنجیو هێرۆ گۆران) لە ساڵی (١٩٨١) لەلایەن بەعسەوە گیران[٤]. بۆیە (حشع) ناچاربوو بۆ کاری ڕێکخستنو چالاکترکردنی حیزب ژمارەیەك کادری دیکە بەنهێنی ڕەوانەی شاری سلێمانی بکاتەوە لەوانە (سوهەیل زەهاویو پەخشان زەنگەنە)[٥]، بۆ کاری ڕێکخستنو چالاکترکردنی جموجۆڵەکانی (حشع) لە شاری سلێمانیدا[٦].

حزبی شیوعی عێراقی خاوەنی ڕێکخستنێکی باشو چەندین ڕێکخراوی حزبی بوو لە شاری سلێمانیدا، سەبارەت بە بەڕێوەبردنی ڕێکخستنەکانی ناو شاری سلێمانی بە دوو شێوە بوو:

**یەکەم:** بەشێوەی دەزولەیی، بە جۆرێك هەر ئەندامێك تەنها پەیوەندی بە یەك کەسی دیکەوە هەبووەو ئەندامەکانی دیکەی نەناسیووە، ئەوەش بۆ پاراستنی گیانی ئەندامانی ڕێکخستنەکان بووە، چونکە ڕژێمی

---

(١) ژیلوان عبدالله احمد: س. پ، ل ١٤٥.

(٢)عەلی تەتەر نێروەیی: س. پ، ١٠٤.

(٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ (ئەحمەد حامد)، ١٠/٥/ ٢٠١٧، سلێمانی.

(٤) نامەی سوهەیل زەهاوی بۆ توێژە لە ڕێگەی پۆستی ئەلیکترۆنییەوە، لە ١٠/ ٢٠١٧/٧، ناوی (سوهەیل عەبدولجەبار خەلیل زەهاوی)یەو بە (مامۆستا کەمال) ناسراوە، لە ساڵی (١٩٤٩) لە خانەقین هاتۆتە دونیاوە، خوێندنی سەرەتاییو ناوەندیو ئامادەیی لە خانەقین تەواو کردووە، دەرچووی بەشی فیزیای زانکۆی سلێمانییە لە ساڵی (١٩٧٦)، لە ساڵی (١٩٦٧)ەوە بووەتە ئەندامی (حشع)و ساڵی (١٩٦٨)یش بووەتە ئەندامی لیژنەی قوتابیانو ساڵی (١٩٧٠) بووەتە پێشمەرگە، لە (١٩٧٢) بووەتە ئەندامی قەزایی حیزب لە سلێمانی، لە (١٩٧٦)یشدا بووەتە ئەندامی لیژنەی محەللی حیزب لە سلێمانی، لە (١٩٨٣) بووەتە بەرپرسی هێزی سیاسی بەتالیۆنی ٩ی سلێمانی، لە (١٩٨٤) بە بڕیاری حیزب گەڕاوەتەوە شاری سلێمانیو بووە بە بەرپرسی ڕێکخستنەکانی (حشع) هەتا (١٩٩١)، لە (١٩٩٢) بووە بە ئەندامی لیژنەی محەللی سلێمانی، لە (١٩٩٣)شدا کە حیزبی شیوعی کوردستان ڕاگەیەنرا بووە ئەندامی لیژنەی ناوەندی و دواتر بووە ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبی شیوعی کوردستان، لە دوای (٢٠٠٣)شەوە چووەتە دەرەوەی وڵاتو هەتا ئێستا لە نەرویژ نیشتەجێیە.

(٥) ڕۆژنامەی ئاسۆ–بیرەوەری، ژمارە (١٥٢٥)، ٢٠١١/٨/٨.

(٦) ڕۆژنامەی ئاسۆ: بیرەوەری، ژمارە (١٥٢٥)، ٢٠١١/٨/٨.

بەعس زۆر بە چڕی چاودێری ڕێکخستنەکانی ناو شاری سلێمانی دەکرد، لە کاتی ئاشکرا بوونیشیان ئەگەر دانیان بە ئەندامێتی خۆیان دانابێت، ئەوە لە سێدارە دەدران، ئەگەری دانیان پێدانەنایە، بەڵام بەڵگەیان لەسەر بوایە ئەوا هەمان چارەنووسیان دەبوو، لەبەرئەوە بە شێوازێکی زۆر نهێنیو شاراوە کارەکانیان ئەنجام دەدا[1].

دووەم: بەشێوەی شانەو لیژنە، بەڵام ئەمەیان تەنها ئەو کەسانە کاریان تێدا دەکرد کە جێگەی متمانەی تەواوی حزب بوون بە هەموو شێوەیەك هەڵیان سەنگاندبوون[2]. ئەمەش دەگەڕایەوە بۆ ئەوەی کاری سیاسی و ڕێکخستن لەو سەردەمەدا زۆر سەخت بوو نە دەکرا متمانە بە هەموو ئەندامان بکرێت پێش ئەوەی بە تەواوی لێیان دڵنیا نەبن، چونکە پەشیمان بوونەوەی ئەندامێك و پەیوەندی کردنی بە بەعسەوە ڕێکخستنەکانی ڕووبەڕوی مەترسی لەناوچوون و هەڵوەشاندنەوە دەکردەوە.

سەبارەت بە دەستەی سەرکردایەتیش بەشێوەی تاك بووە هەتا ساڵی ١٩٨٨، پاش ئەو ساڵە لیژنەی سەرکردایەتی دروستکراوە کە (سوهەیل زەهاوی) سەرپەرشتی دەکرد، هەریەکە لە (مامۆستا قادر، حەمە شوان، دلێر جەلال، قادر ڕانیەیی) ئەندام بوون تێیدا[3].

ڕێکخراوی سلێمانی ڕێکخراوی سەرەکی (حشع) بوو لە شاری سلێمانیدا، بەڵام جگە لەو ڕێکخراوە لەناو چینو توێژەکانی دیکەدا ڕێکخرو هەبوون، لە ناو ڕێکخراوی ئافرەتاندا، هەریەکە لە (خەرمان محەمەد ڕەسوڵ، نیشتیمان ئەحمەد) دوو ئەندامی چالاك [4]، بۆ نمونە (خەرمان محەمەد) بەیاننامەی حزبی شیوعی گەیاندووەتە ناو بەشی ناوخۆیی پیشەسازی(صناعة)کچان و ناوەڕۆکی بەیاننامەکەی بۆ خوێندکاران ڕوونکردۆتەوە کە باسی لە چالاکیو جموجۆڵی (حشع) کردووە لە خواروی عێراق ، جگەلەوەش بەیاننامەی حزبیان گەیاندووەتە ناو بارەگای سوپای میللی (الجيش الشعبي) لەناو شاری سلێمانی[5].

ڕێکخراوی ئافرەتانی (حشع) ڕۆڵی دیاری لە چالاکییەکانی حیزبدا هەبووە، کارەکانیان بریتی بووە لە بڵاوکردنەوەی بەیاننامە، ماڵ بە ماڵ دەیان گێڕاو بەسەر ئەندامەکانی خۆیاندا دابەشیان دەکرد، هەروەها چەکیان بۆ ئەو پێشمەرگانە دەبرد کە بۆ ئەنجامدانی چالاکی دەهاتنە ناو شار، خەرمان محەمەد دەڵێت:"هەرچەندە ئێمە

---

(١) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (ڕەحمان غەریب)، سلێمانی، ٢٠١٧/٥/٢١، ناوبراو ساڵی ١٩٦٦ لە شاری کەرکوك لەدایك بووە، دەرچووی پۆلی سێیەمی ناوەندییە، لە ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندی بە (حشع) کردووە، لە ڕێخستنەکانی (حشع) لەناو شاری سلێمانی بەشداری چەندین چالاکی سیاسیو سەربازی کردووە، لەبواری ڕۆژنامەنووسی چالاکی مەدەنی کارێکی زۆری کردووە، ئێستا بەڕێوبەری سەنتەری میترۆیە، ئێستاش لە شاری سلێمانی نیشتەجێیە؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (ئەحمەد حامد) سلێمانی، ٢٠١٧/٥/١٠.

(٢) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (دلێر جەلال) سلێمانی، ٢٠١٧/٥/٢٤. ناوبراو لە ساڵی ١٩٥٥ لەشاری خانەقین لەدایك بووە، لە ساڵی ١٩٧٢ بووە بە ئەندامی (حشع)و لە ساڵی ١٩٨٠ بووە بە پێشمەرگە، لە شوباتی ١٩٨٤ سەرپەرشتی بەشێك لە ڕێکخستنە نهێنییەکانی (حشع) ی کردووە، چەندین چالاکی سیاسو سەربازی ئەنجامداوە، ڕۆڵی دیاری لە خۆپیشاندانەکانی ساڵی ١٩٨٢ هەبووە، بەرپرسی مەفرەزەکانی ناو شارو ئەندامی خۆجێی (محلی) سلێمانی (حشع) بووە، لە ساڵی ٢٠٠٤ وازی لە کاری حزبی هێناوەو ئێستاش نیشتەجێی شاری سلێمانیە.

(٣) نامەی سوهەیل زەهاوی بۆ توێژەر لە ڕێگەی پۆستی ئەلیکترۆنی، ئەوروپا، لە ٢٠١٧/٧/١٠.

(٤) هـ. س

(٥) پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ (خەرمان محەمەد ڕەسوڵ) لە ٢٠١٧/٧/٢٠. ئەڵمانیا.

جل‌وبەرگی مۆدەمان دەپۆشی، بەڵام بۆ شاردنەوەی چەك‌و بەیاننامەکان لەکاتی گواستنەوە ناچار دەبووین کە پەچەو عەبا بپۆشین"[1].

ڕێکخراوی مامۆستایانیش هەبوو، (مامۆستامحەمەد ئەمین حسێن) سەرپەرشتی دەکرد کەچالاکییەکانیان زیاتر لە ناو چینی مامۆستایان و فەرمانبەراندا ئەنجام داوە ، ڕێکخراوی ڕۆشنبیرانیش (شێخ عەلی بەرزنجی) بەرپرسی بووە، جگە لەمانە چەند ڕێخکراوێکی تریش هەبوون، هەریەکەیان بە پێی توانای خۆیان چالاکیان ئەنجامداوە، لەوانە ڕێکخراوی قوتابیان کە لەلایەن (گەنجەی ڕئوف زوهدی) یەوە سەرپەرشتی دەکرا، سەرجەم ئەو ڕێکخراوانەش لەلایەن ڕێکخراوی سلێمانییەوە سەرپەرشتی دەکران[2].

سەبارەت بە پەیوەندی ڕێکخراوی سلێمانی حزبی شیوعی بە سەرکردایەتییەوە بەشێوەیەکی نهێنی لەلایەن تاکە کەسێکەوە ڕێکدەخراو ڕێنمایی سەرکردایەتی دەگەیاندە ڕێکخستنەکانی ناو شارو ڕاپۆرت‌و زانیارییەکانی ناو شاریشی دەگەیاندە سەرکردایەتی (حشع)[3].

ڕێکخراوی (سەدا)ش لە شاری سلێمانی زۆر چالاك بووە، بە تایبەت باڵە سەربازییەکەی کە دواتر ناوەکەی گۆڕا بۆ (مەفرەزەی شەهید سەلام)،کە لەلایەن (دلێر جەلال) ەوە سەرپەرشتی دەکرا، هەریەکە لە (ڕەحمان غەریب، مەریوان مەلا حەسەن، پۆلاّ زیندانی) یش کە پێشمەرگەیەکی نهێنی بوو بە نهێنی گەڕابوویەوە ناو شار گرۆتینێکی دیکەی بەخشی بە چالاکی ڕێکخستنەکانی (حشع) ، ئەندامی چالاکی ئەو باڵە سەربازییە بوون[4].

کارو چالاکییەکانی ڕێکخستنی (حشع) لە ماوەی (١٩٨٨-١٩٩١) بریتی بوون لە یارمەتیدانی پێشمەرگەکانی حزب بە پارەو ناردنی دەرمان‌و چارەسەکردنی نەخۆشی بریندارەکانی حزب، کۆکردنەوەی دەنگوباس‌و هەواڵ لەسەر دام‌و دەزگاکانی ڕژێمی بەعس و ناردنیان بۆ حزب، بڵاوکردنەوەی دروشم، بەیاننامە، بڵاوکراوەی حزب‌و ئەنجامدانی کۆبونەوەی کورت ماوە لە ناو جەماوەر بۆ ڕوونکردنەوەی سیاسەت‌و دروشمەکانی حزب[5]، بۆ نمونە لە ساڵی ١٩٨٨ هەندێك لە ئەندامانی ڕێکخستنی (حشع) بەیاننامەیان لەسەر کیمیابارانی هەڵەبجەی شەهید لە بازاڕی نەقیبی شاری سلێمانی بڵاوکردۆتەوە[6].

هەر بە هەمان بۆنەوە لافیتەیەکی گەورەیان لەسەر بینای ئەوقافی کۆن لە سابونکەران هەڵواسیوە، کە لەسەری نووسرابوو (نا بۆ چەکی کیمیاوی، نا بۆ دیکتاتۆری، نا بۆ جەنگ) کە ئەمە دروشمی (حشع) بووە لەو کاتەدا[7]، جگەلەوەش لەناو شاری سلێمانی بەیاننامەو دروشمەکانی (حشع) لە فلکەی سجنەوە بە درێژایی

---

(١)پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ (خەرمان محەمەد ڕەسوڵ) لە ٢٠١٧/٧/٢٠. ئەڵمانیا.

(٢) نامەی سوهەیل زەهاوی بۆ توێژەر لە ڕێگەی پۆستی ئەلیکترۆنییەوە. ئەوروپا لە ٢٠١٧/٧/١٠.

(٣) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (ئەحمەد حامد) سلێمانی، ٢٠١٧/٥/١٠؛ نامەی سوهەیل زەهاوی بۆ توێژەر لە ڕێگەی پۆستی ئەلیکترۆنییەوە. ئەوروپا لە ٢٠١٧/٧/١٠.

(٤) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (ڕەحمان غەریب)، سلێمانی، ٢٠١٧/٥/٢١؛ پەیوەندی تەلەفۆنی توێژەر لەگەڵ پۆلاّ زیندانی، لە ٢٠١٧/٧/٢٥، سوید.

(٥) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (جەلال دەباغ) سلێمانی، ٢٠١٧/٦/١٧. جەلال حاجی ڕەشید لە ساڵی ١٩٣٩ لە شاری سلێمانی لەدایك بووە، خوێندنی سەرەتایی‌و ناوەندی‌و لەهەمان شاری تەواوکردوە، دەرچووی خانەی مامۆستایانە لەساڵی ١٩٥٩، لە ساڵی ١٩٥٢ بۆتە ئەندامی یەکێتی گشتی قوتابیانی عێراق، لە ساڵی ١٩٥٦ بۆتە ئەندامی (حشع) زۆربەی پلە حزبیەکانی بریوە، لە ساڵی ١٩٩٣ بۆتە ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزب، چەندین پلەو پۆستی حزبی پێدراوە، ئێستاش نیشتەجێی شاری سلێمانییە.

(٦) پەیوەندی تەلەفۆنی توێژەر لەگەڵ (پۆلاّ زیندانی) لە ٢٠١٧/٧/٢٥، سوید.

(٧) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (ڕەحمان غەریب)، سلێمانی، ٢٠١٧/٥/٢١.

شەقامی توی مەلیك هەڵواسراون و لەگەڵ وێنەی شەهیدانی (حشع)بڵاوكراونەتەوە [1]. كارێكی دیكەی ڕێكخستنەكانی (حشع) لە ناو شاری سلێمانی دیاریكردن و لەناوبردنی پیاوانی ئەمن و هەواڵگری بووە لەگەڵ لە ناوبردنی ئەوانەی كە خراپ بوون بەرامبەر بە خەڵكی شاری سلێمانی، بۆ نمونە لە مانگی ئابی ١٩٨٨ دوای كۆكردنەوەی زانیاری لەسەر ئەفسەرێكی ئەمنی بەعس كە گێچەڵی سێكسی بە خوشكی شەهیدێك دەكرد لە یەكێك لە فەرمانگەكاندا لەلایەن ڕێكخستنەكانی (حشع) كوژرا [2].

جگەلە غافڵكوژی پیاوانی ڕژێمی بەعس (اختیالات)، تەقاندنەوەی ئۆتۆمبیل و تەقەكردن لە مەفرەزەكانی حكومەت لەناو شاری سلێمانی یەكێكی دیكە بووە لە چالاكییەكانی (حشع) لەناو شارەكەدا، بۆ نمونە بە بۆنەی ڕۆژی ٦ كانوونی دووەمی١٩٨٨(ڕۆژی دامەزراندی سوپای عێراق) ، سێ ڕۆژی لەسەر یەك لە ڕۆژی (٦-٨) چالاكی ئەنجامدراوە، لە ٦ كانوونی دووەم تەقە لە مەفرەزەیەكی حكومەت كراوە لەبەر دەركی سەرای شاری سلێمانی، لە ٧ ی مانگ چالاكی دووەم لە ئەسحابە سپی ئەنجامدراوە، كە ئەفسەرێكی بەعس بەناوی (مولازم عەلی) تێدا بریندارا كراوە، ڕۆژی سێیەم واتە ٨ ی مانگ نارنجۆكیان خستۆتە ناو مەفرەزەی خەبات لای بیانی پارێزگای كۆن بەرامبەر باخی گشتی [3]، جگەلەوەش چالاكی دیكە ئەنجامدراوە، لەوانە ڕژێمی بەعس ئینزیباتی تایبەتی هێنابووە شاری سلێمانی بەناوی (قوات منصور الالیه الاولی) لەناو بازاڕو شوێنە گشتییەكان بڵاوەیان پێدەكرا، بەڵام لەلایەن مەفرەزەی شەهید (سەلام) ی (حشع)ەوە لە كاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی لەكاتی هاتنی ئەو هێزە بۆ ناو بازاڕ لە لای مزگەوتی گەورەوە بۆ مەحكەمەی كۆن ڕووبەڕووی هێرش و پەلاماری مەفرەزەی شەهید سەلام بوونەوەو كوژراو برینداریان هەبوو [4]، یەكێكی دیكە لە چالاكییەكانی ڕێكخستنی (حشع) ئەوەبوو كە لە مانگی نیسانی ١٩٨٩ نارنجۆكێك دەخەنە ناو (زیل) [5] یێكی سەبازییەوە لە بەرامبەر نەخۆشخانەی جامیعەكە، ئەم ئەم چالاكیەش هەر یەكە لە (دلێر جەلال و ڕەحمان غەریب) ئەنجامیان داوە [6].

ئەنجامدانی ئەو چالاكیانە گرنگی و ئامانجی خۆی هەبوو لەوكاتەدا لەوانە:-

١. بەرزكردنەوەی ورەی جەماوەرو پێشمەرگە، چونكە لەو كاتەدا پێشمەرگە لە سنوری باشوری كوردستاندا نەمابوو، ئەنجامدانی ئەو چالاكیانە بوونی شۆڕش و پێشمەرگەی دەسەلماند.

٢. بۆ پاراستنی گیانی ڕێكخستنەكانی ناوخۆ دەگوترا كەمەفرەزەیەكی پێشمەرگە هاتونەتە ناو شارو چالاكیان ئەنجامداوەو گەڕاونەتەوە، ئەمەش بۆ ئەوەبوو گومان لەسەر ڕێكخستنەكان دروست نەبێ.

---

(١) چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ (دلێر جەلال) سلێمانی، ٢٠١٧/٥/٢٤.

(٢) چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ (لوقمان عەلی حسێن) سلێمانی، ٢٠١٧/٥/١٠. ناوبراو بە لوقمان زیندانی ناسراوە، لە ساڵی ١٩٦٥ لە شاری كەركوك لە دایك بووە، خوێندنی سەرەتایی لە كەركوك و ناوەندی و ئامادەیی لەشاری سلێمانی تەواوكردووە، دەرچووی بەشی كیمیای زانكۆی موصڵە، سەرەتا پەیوەندی بە قوتابیانی (حشع) كردووە، لە ساڵی ١٩٨٢ەوە لە ڕێكخستنەكانی (حشع) كاریكردووە، لە ساڵی ١٩٨٩ لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە گیراوە، لەبواری ڕاگەیاندندا زۆر كاریكردووە، هەڵگری بڕوانامەی ماستەرە لەو بوارەداو ئەندامی سەندیكای ڕۆژنامەنووسانە، ئێستاش لەشاری سلێمانی نیشتەجێیە.

(٣) چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ (دلێر جەلال) سلێمانی، ٢٠١٧/٥/٢٤.؛ چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ (ڕەحمان غەریب)، سلێمانی، ٢٠١٧/٥/٢١.

(٤) پەیوەندی تەلەفۆنی توێژەر لەگەڵ (پۆلا زیندانی) ، سوید، ٢٠١٧/٧/٢٥.؛ چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ (دلێر جەلال) سلێمانی، ٢٠١٧/٥/٢٤.

(٥)ئۆتۆمبێلێكی نەفەر هەڵگری سەربازی بوو، زیاتر بۆ گواستنەوەی سەرباز لە شوێنێكەوە بۆ شوێنێكی دیكە بەكار دەهات.

(٦) چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ (دلێر جەلال) سلێمانی، ٢٠١٧/٥/٢٤

٣. چالاكييەكان لەو ماوەيەدا ئەوەندەی گرنگی بە جۆری چالاكييەكان دراوە ئەوەندە گرنگی بەچەندێتی چالاكييەكان نەدراوە[١].

كارێكی ديكەی ڕێكخستنەكان بريتی بوو لە ئامادەكردنی ئەو كەسانەی كە دەبوون بە پێشمەرگە، بێگومان زۆربەی ئەوانەی دەبوون بە پێشمەرگە لە ڕێگەی ڕێكخستنەكانەوە دەبوون، جگەلەوەش كارو چالاكی ڕێكخستنەكان لەناو شاردا كاريگەری لەسەر ورەی پێشمەرگە زياتر دەبوو لە دەرەوە[٢].

كاردانەوەی ڕژێمی بەعس لەبەرامبەر ئەو چالاكييانەی ڕێكخستنەكانی (حشع) لە شاری سلێمانيدا ئەوەبوو كەوتە گرتن و ئازارو ئەشكەنجەدانی كاديرانی ڕێكخستنی (حشع)، لەماوەی (١٩٨٩/٥/٣١ – ١٩٨٩/٦/١٥) (١٤) ئەندامی چالاكی ڕێكخستنەكانی (حشع) لە شاری سلێمانی دەستگير دەكرێن كە (١١) ئەندامیان پياو و (٣) ئەندامیان ئافرەت بوون[٣]. هۆكاری گرتنەكەشیان بەهۆی خيانەتی بەرپرسی شانەيەكی ڕێكخستن بوو كە سەرجەم بەڵگەو ناوەكانی ڕادەستی ئەمنی سلێمانی كردبوو، هەموو بەڵگەكانی ئەو شانەيە لەناو بوتڵێكی غازدا شاردرابوونەوە كە ئەمن دەستی بەسەردا گرتووەو بەڵگەكانی كەوتۆتە دەست، پێشتريش پۆلا زيندانی لە ١٩٨٩/٥/٦ لای مزگەوتی شێخ فەريد لە كاتی گواستنەوەی چەك بۆ ئەندامێكی ڕێكخستن بە مەبەستی ئەنجامدانی چالاكی دەستگيردەكرێت[٤].

گرتنی ئەو ئەندامانی ڕێكخستن كاری لەسەر چالاكی و جموجۆڵەكانی ڕێكخستن نەكردو بەردەوام بوون لە كارو چالاكييەكانيان، چونكە (حشع) لە شاری سلێمانيدا خاوەنی چەند شانەيەكی جياجيای ڕێكخستن بووەو زۆربەی شانەكان پەيوەنديان بەيەكەوە نەبووەو يەكتريان نەناسيووە، بۆيە كاتێك شانەيەك يان هێڵێك دەستگيردەكرا، شانەی هێڵەكانی ديكە لەكاری خۆيان بەردەوام دەبوون[٥].

بەشێكی ديكەی چالاكييەكانی ڕێكخستنەكانی (حشع) لەناو شاری سلێمانی بريتی بوون لە چالاكی ڕاگەياندن، (حشع) لەناو شاردا خاوەنی ئامێری چاپ و بڵاوكردنەوەی خۆی بوو، بەجۆرێك دوو ماڵ لە ناو شاری سلێمانيدا تايبەت بوون بە چاپكردن و بڵاوكردنەوەی سياسەت و دروشم و بەياننامەكانی (حشع) ئەويش ماڵی (پۆلا زيندانی و خەرمان محەمەد ڕەسوڵ) بوون كە ئەوكاتەی لە عەقاری بوون خانووەكەيان بە تەواوی بۆ ئەو مەبەستە تەرخان كردبوو، جگەلە بەرپرسەكانی حزبی شيوعی بۆ هيچ كەسێكی ديكە نەبوو كە سەردانيان بكات[٦].

لەبواری ڕاگەياندندا (حشع) خاوەنی چەند ڕۆژنامەو گۆڤارو بڵاوكراوەيەك بوو لە ماوەی نێوان (١٩٨٨–١٩٩١)، بەڵام لەبەرئەوەی كە شاری سلێمانيدا دەرنەچوون، ئێمە تەنها ئاماژە بە ناوەكانيان دەكەين، لەوانە

---

(١) چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ (ڕەحمان غەريب)، سلێمانی، ٢٠١٧/٥/٢١.

(٢) ئاراس عەبدولرەحمان مستەفا: ڕاپەڕينی ئاداری. . . س. پ، ل٦٥.

(٣) ناوی تەواوی ئەو ئەندامانەی ڕێكخستنەكانی (حشع) بريتی بوون لە (علی حامد، لوقمان علی ناسراو بە لوقمان زيندانی، فازيڵ ئەحمەد فەرەج، كەمال ئەحمەد فەرەج، نەرمين ئەحمەد فەرەج، ئاشتی محەمەد سابير، سامان بەكر، پەيمان بەكر، نەبەز محەمەد عبدالله، خدر ئەكبەر حەسەن، شەوكەت شەريف خاليد، نزار مستەفا چاوجوان، محمد عارف، سابير مەجيد). (چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ (لوقمان زيندانی)، سلێمانی، ٢٠١٧/٥/١٠).

(٤) چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ (ئەحمەد حامد) سلێمانی، ٢٠١٧/٥/١٠.

(٥) چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ (جەلال دەباغ) سلێمانی، ٢٠١٧/٦/١٧.

(٦) پەيوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ (خەرمان محەمەد ڕەسول) ، ئەڵمانيا ،لە ٢٠١٧/٧/٢٠ ؛ چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ (ڕەحمان غەريب)، سلێمانی، ٢٠١٧/٥/٢١.

(ڕێگای کوردستان)[1]، ئۆرگانی لیژنەی هەرێمی کوردستانی حزبی شیوعی بوو، هەروەها (ئاڵای پێشمەرگە)[2]، (دەنگی پێشمەرگە)[3]، لەگەڵ ئەوەشدا (حشع) خاوەنی ڕادیۆی (ئیزگەی دەنگی گەلی عێراق)[4] بوو.

بە م شێوەیە دەردەکەوێت ئەندامو کادیرو ڕێکخستنەکانی (حشع) لەناو شاری سلێمانیدا چالاك بوون لەو ماوەیەی کە سەرجەم حزبەکانی باشوری کوردستان لە دەرەوەی سنوری باشوری کوردستان بوون، بەهۆی شاڵاوەکانی ئەنفالو خاپورکردنی گوندەکانی کوردستانو ڕاوەستانی جەنگی عێراق- ئێرانەوە، ئەوان توانیان وورەی خەڵکی بەرزبکەنەوەو بونی خۆیان بیسەلمێنن، ئەگەرچی لە ئاستێکی لاواز و سستیشدا بووبێت.

## ٢- پارتی دیموکراتی کوردستانی-عێراق (پ. د. ك)[5]:

پارتی دیموکراتی کوردستان، پارتێکی گەورەی سەر گۆڕەپانی سیاسی باشوری کوردستان بووە، بەڵام ناوچەی دەسەڵاتو شوێنی چالاکییەکانی زیاتر ناوچەکانی بادینانو هەولێر بووەو لەو سنورەدا چالاکی زۆری ئەنجامداوە، بەڵام سەبارەت بە شاری سلێمانی تاڕادەیەك دووربووە لە شوێنی دەسەڵاتو چالاکی (پ. د. ك) ەوە، هەرچەندە ئەو پارتە لەشاری سلێمانیدا خاوەنی ڕێکخستنو ئەندامو لایەنگری خۆی بووە.

---

(١) ئۆرگانی (حشع) مەڵبەندی سلێمانی- کەرکوك بووە، ژمارە (١) ی لە ناوەڕاستی ١٩٨٤ دەرچووە، هەواڵی سیاسیو هەواڵی چالاکییەکانی پێشمەرگە بووە، پێشتریش بە نهێنی لە ١٩٦٢-١٩٧٢ دەرچووە. ( بڕوانە// نەوزاد عەلی ئەحمەد: ڕابەری ڕۆژنامەگەری نهێنی کوردی، چ١، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی، ٢٠١٠، ل٨٩).

(٢) گۆڤارێك بوو بە زمانی عەرەبی لەلایەن فەوجی (١٥) قەرەداغو گەرمیانی (حشع) دەرچووە، یەکەم ژمارەی لە ئاداری ١٩٨٤ دەرچووە. (بڕوانە// ئیسماعیل تەنیا: ڕابەری ڕۆژنامەگەری نهێنی کوردی (ئازاری ١٩٧٥-١٩٩٣)، چ١، بەڕێوبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠١٣، ل١٤٦).

(٣) سەرەتا لە (بێتوش) کەوتە کار، پاش ماوەیەکی کورت ڕژێمی بەعس پێی زانیو بۆردومانی کرد، ناچار گواستیانەوە بۆ پشتئاشان، بەڵام لەوێش لە ئەنجامی هێرشەکانی یەکێتی بۆسەر (حشع) سوتێنرا، جارێکی دیکە لە (تۆژەڵە) نزیك قەڵادزێ دامەزرایەوە، دواتر گواسترایەوە بۆ (لۆلان) هەتا ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١ بەردەوام بوو. وەرگیراوە لە (دەسنوسێکی ئەحمەد حامد کە لای خۆی پارێزراوە)

(٤) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (جەلال دەباغ) سلێمانی، ٢٠١٧/٦/١٧.

(٥) بیرۆکەی دامەزراندنی پارتی کە لە ساڵی ١٩٤٦ لە مهاباد گەڵاڵە بوو، بە سەرۆکایەتی (مستەفا بارزانی)، میر حاج ئەحمەد، هەمزە عەبدوڵڵا، نوری ئەحمەد تەها، مستەفا خۆشناو، محەمەد مەحمود قودسی، خەیروڵڵا عەبدولکەریمو عیزەت عەبدولعەزیز) ئەمانە پرۆگرامی پارتەکەیان دانا، دواتریش هەمزە عەبدوڵڵا وەك نوێنەری بارزانی ڕەوانەی باشوری کوردستان کرا، تاکو لەگەڵ سەرکردایەتی پارتو ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئەو کاتدا، بە مەبەستی گفتوگۆو ئامادەکاری بۆ یەکگرتنەوە لەنێو پارتێکی نوێدا، دواجار لە (١٦ ئابی ١٩٤٦) پارتی دیموکراتی کورد یەکەمین کۆنگرەی دامەزراندنی لە ماڵی (سعید فهیم) بەشێوەیەکی نهێنی لەشاری بەغداد بەست، لەم کۆنگرەیەدا نوێنەری هەردوو پارتی (ڕزگاریو شۆڕش)ی هەڵوەشاو بەشداربوون، لەو کۆنگرەیەدا ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردران کە ژمارەیان (١٥) ئەندام بووو (مستەفا بارزانی) بە سەرۆکی پارتی هەڵبژێردراو شێخ لەتیفی شێخ مەحمود بە جێگری یەکەمی سەرۆك دیاریکراو پەیڕەوەی بەرنامەی پارتەکەش پەسەند کرا، لە ساڵی ١٩٥٣ەوە لە کۆنگرەی سێیەمی پارتەکەدا ناوی پارتەکە بۆ (پارتی دیموکراتی کوردستان) گۆڕاوە، پارتی لە خەباتی ڕزگاریخوازی گەلی کورددا ڕۆڵێکی دیاری هەبووەو لە تەمەنی خۆیدا (١٣) کۆنگرەی بەستووە، دوا کۆنگرەش لە کانوونی یەکەمی ٢٠١٠ بەستراو تێیدا مەسعود بارزانی بەسەرۆکی پارتەکە هەڵبژێردرایەوە، (بڕوانە// حبیب محمد کریم: تاریخ الحزب الدیمقراطي الکردستان- العراق (في محطات الرئیسیة) ١٩٤٦-١٩٩٣، مطبعة خەبات، دهوك، ١٩٩٨، ص٣٣-٣٩؛ محەمەد فاتیح: حزبو ڕێکخراوە سیاسیە عێراقییەکان ١٩١٠-٢٠١٠، بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاریو پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی ٢٠١٢، ل١٠٨-١١٢ ).

ماوەی نێوان (١٩٨٨-١٩٩١) ماوەیەکی گرنکە لەخەباتی ڕزگاریخوازی گەلی کورددا، چونکە پەسەندکردنی بڕیاری (٥٨٩) ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە ١٨ی تەمموزی ١٩٨٨ لەلایەن ئێرانەوە بووە هۆی ڕاگەیاندنی ئاگربەستی ٨ی ئابی ١٩٨٨، ئەوەش زەبرێکی کوشندەی لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورددا، چونکە دەستی سوپای عێراقی ئاوەلا کرد لە لێدانی شۆڕشی کورددا، سەرجەم پارت و ڕێکخراوەکانی باشوری کوردستانی ناچارکرد سنوری باشوری کوردستان جێ بهێڵن و دەربازی سنورەکانی ئێران و تورکیا بن. هەر دوای جێبەجێکردنی ئاگربەستی عێراق- ئێران لە ٢٠ی ئابی ١٩٨٨ ڕژێمی عێراق هێرشی بەربلاوی بۆسەر بنکەو بارەگاکانی (پ. د. ك) لەناوچەکانی (زاخۆ، ئامێدی و ناوچەی شەقلاوە)دەستپێکرد، کۆتا شەڕی بەرەی (پ. د. ك)، لە ماوەی نێوان (١٩٨٨-١٩٩١) شەڕی خواکوڕك بوو، کە لە (١٩ تەمموز تاوەکو ٥ ئەیلولی ١٩٨٩ )ی خایاند، جگە لە پارتی، پارت و لایەنە سیاسیەکانی دیکەش بەشداری ئەو شەڕەیان کردووە، بە گوتەی (مەسعود بارزانی) ئەو شەڕە یەکێك بووە لە گەورەترین شەڕەکانی مێژووی بەرگری کورد، ئەوەش سەلمێندرا کە کورد بە تەنیاش توانای بەرگری هەیە[1].

لەدوای ئەم شەڕەوە (پ. د. ك) وەك پارت و ڕێکخراوەکانی دیکەی باشوری کوردستان دەربازی سنوری ئێران بوو، ئەمەش وای لە پارتی کرد کە بیر لە خەباتی پارتیزانی بکاتەوە بۆ بەردەوام بوون و درێژەدان بە خەباتی ڕزگاریخوازی گەلی کورد، ئامانجی شانە پارتیزانیەکان دەست وەشاندنی خێراو گەڕانەوەو خۆ پاراستن بوو لە دوژمن، ئەرکی مەفرەزە پارتیزانییەکان زۆر سەخت بوو، لەبەر نەمانی لادێکان لە پرۆسەی ئەنفالدا، بۆیە ناچار دەبوو خواردنی چەند ڕۆژێك هەڵبگرن و نەدەبو کە مەفرەزە پاتیزانیەکان ژمارەیان لە (٦) کەس زیاتر بێت، بۆ سەلامەتی گیانی ئەو مەفرەزانە، لە دەست سوپای عێراق و فەوجەکانی خەفیفە (جاش)[2].

خەبات لەو سەردەمەدا لەو پەڕی سەختیدا بوو، چونکە جگەلە ناوشاری سلێمانی لادێکانی دەوروبەری شار هەموویان بە ناوچەی قەدەغەکراو ناسێنرا بوون، هەر کەسێك لەو ناوچانە بینرابوایە، تەقەی لێدەکرا، یاخود دەستگیردەکراو سزاکەی لە سێدارەدان بوو، مەسعود بارزانی ئەوە پشت ڕاست دەکاتەوەو دەڵێت:"هیچ کاتێك هەلومەرجی سیاسی تا ئەو ڕادەیە دژوارو سەخت نەبووە"[3]، کریس کۆچێرایش لەمبارەیەوە دەڵێت:"نەتەوەی کوردستان خەڵکی دێهات و کوێستان، لە وڵاتی خۆیان بوونە یەك نەتەوەی پەنابەر لە شارە گەورەکان و ئۆردوگا زۆرەملێکاندا زیندانی کرابوون"[4]، ئەو بارودۆخە وایکرد کە قورسایی خەبات بگوازێتەوە ناو شارەکان و لە ڕێگەی ڕێکخستنە نهێنییەکانی ناو شارەوە درێژە بە خەبات بدرێت.

---

(١) کریس کۆچێرا: بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد و هیوای سەربەخۆیی، و: ئەکرەمی میهرداد، ب١، سەنتەری چاپ و پەخشی تەما، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل٨٠-٨١.

(٢) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (فازیل ڕەئوف ساڵح)، سلێمانی، ٢٠١٧/٥/١٨. لە ساڵی ١٩٥٤ لە گەڕەکی کانێسکانی شاری سلێمانی لە دایك بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە شاری سلێمانی تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩٦٩ پەیوەندی بە یەکێتی قوتابیانی کوردستانەوە کردووە، لە ساڵی ١٩٧٤ بووە بە پێشمەرگە، لەدوای ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١ دەبێت بە بەرپرسی ناوچەی سەرچناری (پ. د. ك)، بەشداری شەڕی ئەزمەڕی کردووە بریندار بووە، لە ساڵی ١٩٩٢ دەبێت بە ئەندام پەرلەمان لەسەر لیستی (پ. د. ك)، ئێستاش بەرپرسی لقی چواری پارتیە لە شاری سلێمانی و نیشتەجێی هەمان شارە.

(٣) وەرگیراوە لە// کریس کۆچێرا: س. پ، ل٩٠.

(٤) هـ. س، ل٩١.

سەبارەت بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی (پ. د. ك) لە ناو شاری سلێمانیدا لە ماوەی نێوان (١٩٨٨-١٩٩١) ڕێکخستنەکانی (پ. د. ك) لە ناو شاری سلێمانی بەدوو شێوە بوو"یەکەم هێڵی (خەت)، دووەم (شانە)"[(١)]، پەیکەری ڕێکخستنەکان لە (لقی چوار بۆ لیژنەی ناوچەی سلێمانی-لیژنەی ڕێکخستنی شار- هێڵەکان) شۆڕ دەبۆوە، هێڵەکانیش بەشێوەی زنجیرە بوون، بە جۆرێك کە تەنیا دوو کەست دەناسی سەرو و خواری خۆت، هەموو هێڵەکانی ناو سلێمانیش پەیوەست بوون بە لیژنەی ڕێکخستنی شار، کە وەلامی ڕاپۆرتەکانی دەدایەوە، ڕاپۆرتی لیژنەی ڕێکخستنی شاریش دەدرایە لیژنەی ناوچەی سلێمانیو ئەوانیش بۆ لقی چواریان دەنارد[(٢)].

لە ناو شاری سلێمانی چەند هێڵێکی ڕێکخستن هەبوون، کە هەریەکە لە (مامۆستا غەفور، مولازم سیروان نەورۆلی، سیروان باپیر، عەبدولرەحمان سەنگاوی، مامۆستا یاسین، حەمەتاڵ خاڵە عەلی، جەمال عومەر ملۆزم) سەرپەرشتیان دەکرد[(٣)]. ڕێکخستنەکان چەند ئەرکێکیان لەسەر شان بوو لەوانە، هاوکاری مەفرەزە پارتیزانەکان هەر لە دابینکردنی تەقەمەنی، خواردن، جلو بەرگ، شوێنی حەوانەوە، هەتا چارەسەرەکردنی ئەو پێشمەرگانەی کە بریندار دەبوون[(٤)]، لەمباریەوە (عەبدولرەحمان سەنگاوی) دەڵێت:"نەك هەر هاوکاری پارتیزانەکانی خۆمان بەڵکو هاوکاری پارتیزانەکانی یەکێتیشمان دەکرد، بۆ نمونە (٦٣) پێشمەرگەی یەکێتی لە چەمی ڕێزان گیریان خوارد بوو، لە برسان گژوگیایان دەخوارد، داوامان لێکرا هاوکاریان بکەین، ئێمەش بەڵگەنامەی ساختەی ئەمنیمان بۆ دروست کردن، کە ئەو کاتە هەر ئامێرێکی چاپمان لە بینای مەحکەمەدا لە ژێرزەمینەکەیدا شاردبۆوە، لەوێ دوو بەندم بۆ ڕاکێشان و بەوە ڕزگاریان بوو"[(٥)].

ئەرکێکی دیکەی ڕێکخستنەکان چارەسەکردنی بریندارەکانو ناردنی دەرمان بۆ پێشمەرگە پارتیزانەکان بوو، سەنگاوی دەڵێت:"چەندینجار بریندارمان لە ناو شاری سلێمانی چارەسەر کردووەو ڕەوانەی دەرەوەمان کردۆتەوە، بۆ هێنانو بردنی دەرمان پێداویستی دیکە ئۆتۆمبیلێکم کریبوو، کە بەردەوام لە هاتوچۆی سەرسنورو ناو شاردا بووم"[(٦)].

ڕێکخستنەکانی (پ. د. ك) لەماوەی نێوان (١٩٨٨-١٩٩١) جۆرێك سستیو لێکترازانی پێوە دیارە ئەویش بە بەڵگەی ئەوەی لیژنەی ناوچەی سلێمانی نوسراوێکی بە ژمارە (٣٧٧) لە ١٩٨٨/٨/٢٨ ئاڕاستەی عەبدولرەحمان سەنگاوی دەکاتو تێیدا دان بە بچڕانو دورکەوتنەوەی هەندێك لە ئەندامانی ڕێکخستنەکانی ناو شاری سلێمانیدا دەنێت، هەروەك داوای دووبارە ڕێکخستنەوەو هاوکاری کردنیان دەکات[(٧)].

بۆیە دەبینرێت لەو ماوەیەدا هیچ جۆرە چالاکییەکی دیار لەناو شاری سلێمانیدا ئەنجام نەدراوە، زیاتر کاری ڕێکخستنەکانی (پ. د. ك) بریتی بووە لە پەیوەندیکردن بە جەماوەرو نزیك کردنەوەیان لە پارتیو بارزانی،

---

(١) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (عەبدولرەحمان سەنگاوی)، سلێمانی، ٢٠١٧/٧/٢٢. عەبدولرەحمان حەمە ڕەئوف حەمەئەمین لە ساڵی ١٩٥٣ لە دایك بووە، چەندین پلەی لە ڕیزەکانی (پ. د. ك) وەگرتووە، لە سەرەتای ساڵانی ١٩٨٠ بەدواوە لە ڕێکخستنەکانی (پ. د. ك) دا کاری کردووەو بەرپرسی هێڵێکیش بووە، بەشداری لە ڕاپەڕینیدا کردووە، ئێستاش ئەندامی دەزگای باڵای ئەیلولە.

(٢) بەشدار عبدالمجيد: س. پ، ل٥٥-٥٦.

(٣) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (عەبدولرەحمان سەنگاوی)، سلێمانی، ٢٠١٧/٧/٢٢.

(٤) بەرزان عبدالله سەراوی: یاداشتەکانی شۆرشی نوێ بیرەوەرییەکانی عبدالله حاجی رەشید سەراوی ١٩٧٦-٢٠٠١، (ب. ن. چ)، (ب. س، چ)، ل٧٥.

(٥) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (عەبدولرەحمان سەنگاوی)، سلێمانی، ٢٠١٧/٧/٢٢.

(٦) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (عەبدولرەحمان سەنگاوی)، سلێمانی، ٢٠١٧/٧/٢٢.

(٧) بۆ دەقی نوسراوەکەو زانیاری بڕوانە پاشکۆی ژمارە (١٥).

لەگەڵ کۆکردنەوەی زانیاریی و دەنگوباس لە بوارەکانی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و ئابوری، کە دەکران بە ڕاپۆرت و بۆ ناوچەو لق بەرزدەکرانەوە، لەو ڕاپۆرتانەدا چۆنیەتی هەڵسوکەوتی حکومەت لەگەڵ خەڵك و کارو چالاکی ڕێکخستنەکانیش دەخرانە ڕوو[1].

ئەرکێکی دیکەی ڕێکخستنەکان بڵاوکردنەوەی سیاسەت و بڵاوکراوەکانی پارتیی و هەڵواسینی پۆستەرو وێنەی شەهیدان و نوسینی دروشم لە سەر دیوار بوو، لە یادی کۆچی دوایی مستەفا بارزانی لافیتەی ڕەشیان بە ڕەنگی زەرد دەنووسیی و شەوانە لە کۆڵانەکانی شاری سلێمانی هەڵیاندەواسی، لەگەڵ وێنەی ئیدریس بارزانیی و مەسعود بارزانی، دروشمەکانیش زیاتر (نەمری بۆ بارزانی، تێکۆشان لە پێناو کوردستان) بوو[2].

کارێکی دیکەی ڕێکخستنەکانی (پ. د. ك) کۆکردنەوەی ئەندامە کۆنەکان و بەتایبەت ئەوانەی شارەزاییان لە بواری جیاجیادا هەبووە لەگەڵ هەوڵدان بۆ ڕاکێشانی گەنج و نەوەی نوێ بۆ نێو ڕیزی ڕێکخستنەکان و ڕێنمایی کردنیان بۆ ئەنجامدانی چالاکی دژ بە ڕژێمی بەعس و بڵاوکردنەوەی بابەتی ڕۆشنبیریی و بەیاننامەی حزب لەناو دامودەزگا کارگێڕیی و فەرمانگەکاندا کارێکی دیکەی ڕێکخستنەکانی (پ. د. ك) بوو لە شاری سلێمانیدا، بە ئامانجی هۆشیاکردنەوەی جەماوەرو ئاگاداکردنەوەیان لە ڕەوشی سیاسیی و چالاکی شۆڕش و بەرزکردنەوەی وورەی جەماوەر[3].

ڕێکخستنەکان بەکاری کۆکردنەوەی پیتاك و یارمەتییەکان هەڵدەستان، بەتایبەت پارە، ئەویش دوای ئەوەی لە لیژنەی ناوچەی سلێمانی نامەیەك بۆ ڕێکخستنەکانی ناو شار دەنێردرا تاوەکو بیگەیەننە دەستی کەسی دیاریکراو، ئەو کەسەش کە وەڵامی نامەکەی دەدایەوە ناوی خۆیی و بڕی پارەکەو واژۆی خۆی لە پشتی نامەکە دەنوسی، ئەوەی وەرشی دەگرت واژۆی دەکرد[4]. زیاتر هاوکارییەکان لەو کەسانە کۆدەکرایەوە کە توانای ماددیان باشبوو، لەوانە (فارۆقی قیروان، ئەحمەد کەریم، عەلی خڕە. . . هتد)، بەپارە هاوکاری ڕێکخستنەکان و شۆڕشیان دەکرد لە ناو شاری سلێمانیدا، عەبدولڕەحمان سەنگاوی دەڵێت:"جارێك سەردانی فارۆقی قیروانم کرد، وتم پێویستم بە (٢٥٠) دینار هەیە، دەستیکرد بە چەکمەجەکەیا و (١٠٠) دیناری پێدام، وتی ئەگەر بەشی

---

(١) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (هۆشیار صدیق ئەمین) سلێمانی، ٢٠١٧/٧/٢٠. بە هۆشیار صدیق ئەفەنی ناسراوە، لە ساڵی ١٩٥٠ لەشاری سلێمانی لە دایك بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی و ئامادەیی لە شاری سلێمانی تەواوکردووە، دواتر بووە بە مامۆستای پیشەیی، لە ساڵی ١٩٦٨ پەیوەندی بە یەکێتی قوتابیانەوە کردووە، لە ساڵی ١٩٧٠ بووە بە ئەندامی پارتی، ساڵی ١٩٧٤ بۆتە پێشمەرگە لە ساڵی هەشتاکانەوە هەتا ڕاپەڕینی ئاداری ١٩٩١ لەڕیزی ڕێکخستنەکانی پارتی کاریکردووە، بە پلە حزبییەکاندا سەرکەوتووە و ساڵی ١٩٩٧ بۆتە کارگێڕی لقی چواری پارتی لە ساڵی ٢٠٠٥ بووە بە ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، ئێستاش نیشتەجێی شاری سلێمانییە.

(٢) پەیوەندی تەلەفۆنی توێژەر لەگەڵ (محەمەد عەلی سالح)، ٢٠١٧/٨/١٥. ناسراوە بە حەمەی مام عەلی، لە ساڵی ١٩٤٥ لە عەربەت لە دایك بووە، لە ماوەی (١٩٧٦-١٩٨٣) لە ڕێکخستنەکانی (پ. د. ك) دا کاریکردووە، ساڵی ١٩٨٣ لەلایەن ئەمنی سلێمانیەوە دەستگیردەکریێ و ساڵی ١٩٨٦ ئازاد دەکرێ، دوای ئەوە دەچێتە دەرەوەو دەبێتە پێشمەرگە، ئێستاش نیشتەجێی شاری سلێمانییە؛ بەشدار عبدالمجید: س. پ، ل٥٧.

(٣) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (عەبدولڕەحمان سەنگاوی)، سلێمانی، ٢٠١٧/٧/٢٢.

(٤) بەشدار عبدالمجید: س. پ، ل٥٨.

نـەكرد وەرەوە هـی دیكـەت دەدەمـی"[1]، ئـەو یارمەتیانـەش لـە چـالاكیو هاوكـاری كـەسوكاری شـەهیداندا خەرجدەكرا.

جگەلەوانەش ڕێكخستنەكانی (پ. د. ك) لە ناو شاردا سەرچاوەیەكی گرنگ بوون بۆ كۆكردنـەوەی زانیاری لەسـەر دامودەزگاكـانی ڕژێـم ناردیـانن بـۆ سـەركردایەتی لـە دەرەوە، ئـەویش لـە ڕێگـەی دزەپێكردنـی زانیـاریو بەڵگەنامـەو نوسـراوە حكومییەكانـەوە لـە دامودەزگـا هەسـتیارەكانی نـاو شـاری سـلێمانی، لـە ڕێگـەی قەڵـەمی نهێنیـەوە ئەنجامـدەدرا، لـە هـەر نوسـراو بەڵگەنامەیـەك وێنەیـەكی ڕەوانـەی سـەروخۆی دەكـردو لـە وێشـەوە بەرزدەكرایەوە بۆ سەركردایەتی[2].

بـەو شـێوەیە خـەباتی نهێنـی ڕێكخسـتنەكانی (پ. د. ك) لـەناو شـاری سـلێمانیدا بـەردەوام بـوو لـە دوای داگیركردنی كوێت لە ٢ی ئابی ١٩٩٠ (پ. د. ك) وەك هـەموو پـارتو ڕێكخراوەكانی دیكەی باشوری كوردستان خۆی بۆ قۆناغێكی نوێی خەبات ئامادەكردووە، بە پێی نوسراوێكی لیژنەی ناوچەی سلێمانی بە ژمارە (٦٥) لە ١٩٩١/١/٢٥ سـەرجەم ئەنـدامو لایـەنگرانی خۆیـان ئاگـادار كردۆتـەوە، كـە ئامـادەبن بـۆ هـەر گـۆڕانو ڕوداوێكـی چاوەڕوانكراو، چەند ڕێنماییو ئاگادراكردنەوەیەك ئاڕاستەی ڕێكخستنەكانی ناو شاری سلێمانی كراوە لەوانە:

١. هەڤاڵان بخرێنە حاڵەتی ئامادەباشییەوە، ئامادەبن بۆ هەر ڕووداوێك.

٢. هەڤاڵان ئاگـادار بكرێنـەوە دۆسـتو دڵسـۆز زیادبكـەن، چەكدارانی ڕژێم كە دەسـتیان بە خوێنی پێشمەرگەی كوردستان سوور نـەبووە، ڕابكێشـرێن بـەلای خۆمانـدا، بـەڵێنیان پێبـدرێت كـە ژیانیـان پـارێزراو دەبێت ئەگەر ڕژێم كۆتایی هات، پسوڵەشیان بۆ دەكرێت.

٣. ئاگـاداربكرێن هێرشـی پێشـمەرگەی كوردسـتان بـەناوی بـەرەی كوردسـتانی دێتـەخوارێ، بـەڵام بەنهێنی هەوڵ بۆ زیادكردنی جەماوەری خۆمان بدرێت.

٤. هەوڵبدرێت هەڤاڵو دۆستی بە توانا ئامادە بكرێن لە (هونەرمەند، خۆشنوس، ڕۆشنبیر، وێنەگر) بۆ كاری پێویست.

٥. هەوڵبـدرێت بـۆ ئامـادەكردنی دەزگـای (ڤیـدیۆ، تسـجیل، مكبـەرە) بـۆ كـاتی پێویسـت، لەگـەڵ ئاگادراكردنەوەی ئەوانەی ئۆتۆمبیلیان هەیە بۆ كاتی پێویست ئامادەبكرێن.

٦. هەوڵبدرێت پیاو ماقوڵو ڕیش سپی خێڵو عەشیرەت بۆلای ڕێبازی پارتیو بارزانی ڕابكێشن.

٧. ڕۆژانە متابەعەی دەنگی كوردستانی عێراق بكەن بۆ ڕێنماییەكان بەم كاتانە (٩ ی بەیانی، ١٢ی نیوەڕۆ، ٣ی پاش نیوەڕۆ، ٦ی ئێوارە، ٨ی شەو)، لەسەر شەپۆلی (٧٥-١٦٠) بڵاودەكرێتەوە[3].

لە نووسراوێكی دیكەی لقی چوار بە ژمارە (٨٦١) لە ڕۆژی (١٩٩١/١/٢٥) داوا لە عەبدولرەحمان سەنگاوی كراوە كە وەك نوێنەری لقی چوار هەوڵی كۆكردنەوەی جەماوەر لە دەوری پارتی بداتو پەیوەندی بە چەكدارانی ڕژێمـی بەعسـەوە بكـات ئەوانـەی دەسـتیان بـە خـوێنی پێشـمەرگە سـوور بـووە، بـۆ ئـەوەی هـەر لـە ئێسـتاوە ئامـادەبكرێن بـۆ كـاتی پێویسـت[4]. لـەو نوسـراوانەی سـەرەوەدا بـە ئاشـكرا دەردەكـەوێت كـە پـارت خـەریكی

---

(١) چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ (هۆشیار صدیق ئەمین) سلێمانی، ٢٠١٧/٧/٢٠؛ چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ (عەبدولرەحمان سەنگاوی)، سلێمانی، ٢٠١٧/٧/٢٢.

(٢) بەشدار عبدالمجید: س. پ، ل٥٨.

(٣) بۆ دەقی نوسراوەكەی لیژنەی ناوچەی سلێمانی(پارتی) . (بڕوانە// پاشكۆی ژمارە (١٥) ).

(٤) بۆ دەقی نوسراوەكەی لقی چواری پارتی (بڕوانە// پاشكۆی ژمارە (١٦) ).

ئامادەکاری بووە بۆ ڕاپەڕینو هەوڵیداوە زۆرترین جەماوەر لە دەوری خۆی کۆبکاتەوەو لەکاتی پێویستدا سوودیان لێوەربگرێت، مەبەستی ئەو نامە نوسراوانە کە بۆ ئەندامو دڵسۆزانی پارتیو بارزانی دەنێردران لەناو شارەکاندا بۆ ئامادەکردنی دۆستو ئەندامانو ڕێکخستنەکانی پارتی بووە بۆ ڕاپەڕین لەگەڵ ئامادەکردنی شانە چەکدارەکانی پارتی لەناو شارو شارۆچکەکاندا بۆ ڕۆژی ڕاپەڕین[1].

ناوەڕۆکی نامەکان چەند ڕێنماییەکی بۆ ڕێکخستنەکانو شانە چەکدارەکانی پارتی تێدابوو لەوانە:

١. لەکاتی ڕاپەڕیندا یەکسەر کۆنترۆڵی بارودۆخەکە بکەن.
٢. دڵسۆزو جەماوەر لە خۆتان کۆبکەنەوە.
٣. ڕێگەنەدەن ئاژاوەو تۆڵەسەندنەوە لە یەکتری هەبێت.
٤. پێویستە نوسراو و بەڵگەنامەکانی دەوڵەتی عێراقو فەرمانگەکان بپارێزن لە لەناوچوون.
٥. سەربازانی سوپای عێراق کوڕی هەژارن نابێ بکوژرێن، جگەلە پیاوانی ئەمنو ئیستیخباراتو ئەوانەی دەستیان بە خوێنی کورد سووربووە[2].

جگەلە ئامادەکاری لەناوخۆدا لە دەرەوەش هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئامادەکاری تەواوی کردبوو بۆ ڕۆژی ڕاپەڕین، بۆ ئەو مەبەستە (پ. د. ک) هێزەکانی خۆی بۆ نێو میحوەرو سێ کەرت دابەشکرد، ئەوەی پەیوەندی بە شاری سلێمانیو دەوروبەری هەبوو، سەرپەرشتیکردنی بەم شێوەیە دانرا:

**میحوەری یەکەم:** جەلەولا-دەربەندیخان لەلایەن فەرەیدون جوانڕۆییەوە سەرپەرشتی دەکرا.

**میحوەری دووەم:** ناوچەکانی دەرەوەی سلێمانی لەلایەن عوسمانی قادر منەوەرەوە سەرپەرشتی کرا.

**میحوەری سێیەم:** ناو شاری سلێمانی و بازیان بە (فازڵ ڕەئوف) سپێردرا[3].

لە ناوخۆش ڕێکخستنەکان ئاگادار کران، کە هاوکاری هێزی پێشمەرگەی کوردستان بکەن چەكو تەقەمەنیو زانیاریان پێبدەن، لەکاتی دابەزینیان بۆ ناو شاری سلێمانی، لەدوای ڕزگارکردنی شوێنەکان لە دەست ڕژێمی بەعس پێویستە بارەگابکەنەوە لەو شوێنانە بۆ ڕاپەڕاندنی ئیشوکارو چالاکییەکان[4].

بە بۆچوونی ئێمە ڕێکخستنەکانی (پ. د. ک) لە ماوەی نێوان (١٩٨٨-١٩٩١) لە شاری سلێمانیدا بە گوێرەی تواناو هێزی خۆیان بەردەوام بون لە چالاکی و خەبات لە دژی ڕژێمی بەعس، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت لەو ماوەیەدا چالاکی گەورە لەلایەن ڕێکخستنەکانەوە نابینرێت دژی ڕژێمی بەعس، لەگەڵ ئەوەشدا دانەبڕاون لە خەباتو بە پێی توانا چالاکی سیاسیو ڕۆشنبیریان ئەنجامداوە، بەڵام چالاکییەکان لە ئاستێکی لاوازدا بووە، ئەوەش بۆ دوو هۆی سەرەکی دەگەڕێتەوە، یەکەمیان شاری سلێمانی ناوچەی دەسەڵات و بنکەی جەماوەری پارتی نەبووە، دووەم لەو ماوەیەدا سەرجەم پارت و ڕێکخراوەکان بە پارتیشەوە بارەگاو بنکەی سەرەکی خەباتیان بۆ دەرەوەی سنوری باشوری کوردستان گواستبویەوە و لە شاری سلێمانییەوە دوور بوون بۆیە ئەنجامدانی چالاکی لەو ماوەیەدا کارێکی قورس و تارادەیەك مەحاڵ بووە.

---

(١) ڕزگار عەزیز محەمەد: بەهێزو بازووی جەماوەرو پێشمەرگە بوو، چ١، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠٠٢، ل١١-١٢.

(٢) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (عەبدولرەحمان سەنگاوی)، سلێمانی، ٢٠١٧/٧/٢٢؛ ئاراس عەبدولرەحمان مستەفا: س. پ، ل٢٤٧.

(٣) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (فازڵ ڕەئوف)، سلێمانی، ٢٠١٧/٥/١٨.؛ ئاراس عەبدولرەحمان مستەفا: س. پ، ل٢٤٩.؛ بۆ زانیاری زیاتر لەسەر میحوەرەکانی دیکەو ئەرکەکانیو سەرپەرشتیکردنی تەواوی قەزاو ناحییەکان. بڕوانە// پاشکۆی ژمارە (١٧).

(٤) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (هۆشیار صدیق ئەمین) سلێمانی، ٢٠١٧/٧/٢٠.

### ٣- یەکێتی نیشتیمانی کوردستان (ی. ن. ك)[1]

پێکهاتەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان جیاواز لە پارت و ڕێکخراوەکانی دیکە کۆکەرەوەی چەند ڕەوت و ئایدۆلۆجیایەکی جیاواز بوو لە هەریەکە لە (کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان، بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان، هێڵی گشتی) پێکهاتبوو[2]. ئەم پێکهاتەی یەکێتی لەسەر بنچینەی جۆرێك لە فیدرالیزم ڕێکخرابوو، هەر باڵێك سەرکردایەتی سەربەخۆو ئایدۆلۆژیو ڕێکخراوەیی تایبەت بە خۆی هەبوو، بەڵام لە بارەی پێشمەرگەو داراییو پەیوەندیی سیاسی لەگەڵ دەوڵەتان دەبوو یەکگرتووبن، هیچ باڵێك بۆی نەبوو لەشکری تایبەت بەخۆی دروست بکاتو سەرچاوەی دارایی سەربەخۆی هەبێتو پەیوەندی تایبەت لەگەڵ حزبی دیکەو دەوڵەتان دابمەزرێنی"[3].

دوای نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ هەڕەشەی جدی لەسەر ئایندەی کورد دروست بوو، ئەمەش وایکرد هەر سێ ڕێکخراوەکە لە بەرەیەکی یەکگرتوودا کۆببنەوەو بەرەنگاری ئەو مەترسییە ببنەوە، بەرنامەیەکی هاوبەشیان گەڵاڵە کردو توانیان لەسەر ئاستی سەرکردایەتی، چەکداری، دارایی، ڕاگەیاندنو سیاسەتی دەرەوە هاوبەش بن(٤)، بەڵام ئەو یەکگرتووییە تاسەر بەردەوام نەبوو، لە ئەنجامی جیاوازی بیروباوەڕی سیاسیو بەرنامەی ڕێکخراوەییو شێوازی کارو ئایدۆلۆژیای جیاواز، دواجار بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان لە شەوی (١٩٧٩/٣/٢٠) لە ڕیزەکانی یەکێتی هاتنە دەرەوە، ئەوانەی سەرکردایەتی ئەم هاتنە دەرەوەیان دەکرد بریتی بوون لە (ڕەسوڵ مەمەند، تایەر عەلی والی، مەحمود عوسمان، عەدنان موفتی، سەید کاکە، مەلا ناسیح، . . . هتد)[5].

بەجیابوونەوەی باڵێکی بزوتنەوە یەکێتی تووشی تەنگژەیەکی گەورە هات، مام جەلال پێی وابوو کە نابێت کۆمەڵە وەك تەنیا باڵێکی ناو یەکێتی بمێنێتەوە، بۆیە هەر زوو کەوتە پەیوەندی کردن بە ئەندامو کادیرانی بزوتنەوە لە شارەکانداو هانیدان کە پەیوەندی بەو بەشەی بزوتنەوە بکەن کە لەناو یەکێتیدا مابوونەوە، بەتایبەت

---

(١) لە ١٩٧٥/٥/٢٢ لە دیمەشق لە ڕێستۆرانتی (طلیطلة) لە گەڕەکی (ابو رمانة) لە کۆبوونەوەیەك بە ئامادەبوونی (جەلال تاڵەبانی، فوئاد مەعسوم، عادل موراد، عەبدولڕەزاق فەیل)ی یەکەمین بەیانی دامەزراندنی ڕاگەیاندرا، بەڵام دوای شەش ڕۆژ جەلال تاڵەبانی سەفەری ئەورووپای کردو پەیوەندی بە ڕۆشنبیرانو سیاسییەکانی دەرەوەو ناوەوەی کوردستان کردو لە ١٩٧٥/٦/١ بەیانەکە لە ئەورووپا بڵاوکرایەوەو ئەو ڕۆژە بە مێژووی دامەزراندنی یەکێتی دانرا. (بڕوانە// سەروەر عەبدولڕەحمان عومەر: یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دامەزراندنو دەستپێکردنەوەی شۆڕش ١٩٧٥-١٩٧٦، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسی یە، چ١، سەنتەری چاپو پەخشی تەما، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل٧٤-٧٥.؛ ارکان حمە امین الزرداوي: نشاء وتطور الجمعیات والاحزاب والتیارات السیاسة الکوردیة في العراق، ط١، دار جیا للطباعة والنشر، بغداد، ٢٠٠٩، ص١١١-١١٢ ).

(٢) بێ ناوی نووسەر: چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، چ٢، (ب. ش)، ٢٠٠٥، ل٢٧.

(٣) نەوشیراون مستەفا ئەمین: لەکەناری دانووبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی عێراق، ١٩٧٥ – ١٩٧٨، (ب، ش)، (ب، س)، ل٣٣٦-٣٣٧.؛ بەشدار عبدالمجید: س. پ، ل٦٠.

(٤) هـ، س، ل٦٠.

(٥) سەلام عەبدولکەریم: ژیانی سیاسی لەباشوری کوردستان ١٩٧٥ – ١٩٩١، چ١، چاپخانەی چوار چرا، سلێمانی، ٢٠١١، ل٧٩.

(عومەر مستەفا ١٩٢٣-١٩٩٢) لەڕێگەی ئەویشەوە سەرکردایەتییەکی نوێیان بۆ بزوتنەوە دامەزراندا[١]. دواجار لە ساڵی ١٩٨٢ ئەم باڵەی بزوتنەوە لەگەڵ هێڵی گشتی یەکیان گرت، ١١ ئەیلول وەك ڕۆژی دامەزراندنی ڕاگەیەنرا[٢]. کۆمەڵەو شۆڕشگێڕان وەك دوو باڵی پێکهێنەری یەکێتی درێژەیان بە چالاکییەکانیاندا[٣]، بەڵام لە کاروباری ڕێکخراوەییدا سەربەخۆ بوون، هەر لایەك سەرکردایەتی و دەزگای ڕێکخستن، ئۆرگانی تایبەتی خۆی هەبوو[٤]، بەڵام دواجار لە ٢٧ کانوونی دووەمی ١٩٩٢ لە کۆنگرەی یەکەمی (ی. ن. ك)، کە لە هۆڵی ڕۆشنبیری شاری سلێمانی بەستراو دواتر شوێنی کۆنگرە بۆ هەولێر گواسترایەوە، هەر دوو باڵەکە تێکەڵ کرانەوەو بوون بە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان[٥].

(ی. ن. ك) وەك یەکێك لە ڕێکخراوە سیاسییەکانی سەر گۆڕەپانی خەباتی باشوری کوردستان درێژەی بە خەبات داوە لە دامەزراندنییەوە هەتا شکستی ساڵی ١٩٨٨، بەڵام لە دوای ساڵی ١٩٨٨ چالاکی سەربازی پێشمەرگە نەماوە لە شاری سلێمانیدا، چونکە سەرکردایەتی یەکێتی لە سنوری باشوری کوردستاندا نەماوەو دەربازی سنوری ئێران بووە، بۆیە زیاتر گرنگی بە چالاکی سیاسی ڕێکخستنەکان دراوە لەناو شاردا، لەو کاتە بەدواوە ڕێکخستنەکان سەرکردایەتی خەباتی ناو شارەکانیان کردووە[٦].

لەدوای ساڵی ١٩٨٨ ەوە گۆڕان بەسەر چالاکییەکانیدا هاتووە، لەبەرئەوەی نەتوانراوە چالاکی گەورەو فراوان ئەنجام بدرێت لەناو شارەکاندا زیاتر گرنگی بە دەنگدانەوەی چالاکییەکە دراوە، وەك ڕێباز دەڵێت:" لە چالاکی ناوشار گرنگ ئەوە نییە چەند کەس دەکوژرێت، یاخود چەند پارچە چەك دەستکەون، بەڵکو گرنگ ئەوەیە چەند کەس هەست بە بوونی پێشمەرگە دەکات و حکومەتیش چەند دەترسێت"[٧].

سەبارەت بە پێکهاتەی ڕێکخستنەکانی ناوشاری (ی. ن. ك) لە ساڵی ١٩٨٨ەوە بەمشێوەیە بووە (شانە، شانەی سەرەکی، پۆل، کەرت، ڕێکخراو)[٨]، بەشێوەیەکی هەرەمی لە خوارەوە بۆ سەرەوە ڕێکخراوە، بەجۆرێك شانە وەك بنکەیەکی بنچینەیی و بنکەی جەماوەری لەناو کۆمەڵانی خەڵکدا(٣-٥) ئەندامی لەخۆ دەگرت، پۆلیش لە (٣-٥) لێپرسراوی شانە پێکدەهات، لێپرسراوی پۆلێکی ناوچەیەکی دیاریکراو کەرتیان پێکدەهێنا، لێپرسراوانی کەرتەکانیش ئەندامی ڕێکخراو بوون، ڕێکخراوی سلێمانی سەرپەرشتی سەرجەم ڕێکخستنەکانی ناوخۆی (ی. ن. ك) بوو لە سنوری شاری سلێمانیدا، ڕێکخراوی سلێمانی لە چەندین کەرت پێکدەهات لەوانە کەرتی (شەهید ئارام، شەهید سەربەست، شەهید لەیلا، شەهید شەهاب، شەهید جەعفەر، . . . هتد)، هەریەکە لەم کەرتانە سەرپەرشتی ناوچەیەکی جوگرافی دیاریکراوی دەکرد. بۆ نمونە کەرتی شەهید سەربەست لە کفری و کەلارەوە هەتا ناوچەی شارەزووری دەگرتەوەو ئەویش سەر بە ڕێکخراوی سلێمانی بوو، هەموو کەرتەکان

---

(١) پشکۆ نەجمەدین: دیوی ناوەوەی ڕوداوەکان وەڵامێك بۆ نەوشیراون مستەفا، چ٢، (ب. ش)، ١٩٩٧، ل١١.

(٢) پێشەوا تاڵەبانی: یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان و ئاسۆی گەشەکردنی، گۆڤاری (کوردایەتی)، شاخ، ژمارە (١)، کانوونی دووەمی ١٩٨٣، ل٧؛ بەشدار عبدالمجید: س. پ، ل٦١.

(٣) برایم جەلال: س. پ، ل٣٧٧.

(٤) نەوشیروان مستەفا ئەمین: خولانەوە . . . ، س. پ، ل١٣٤.

(٥) ئینسکلۆپیدیای یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان، چ٢، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی، ٢٠١٣، ل٦٣٨.

(٦) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (ئاکۆ محمد وەهبی)، سلێمانی، ٢٠١٧/٣/١١.

(٧)قەندیل بەغدای هەژاند یاداشتی پێشمەرگایەتی ١٩٧٦-١٩٨٠، ١ و ٢، چ٢، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل٣٧٥.

(٨) جەمال شێخ نوری: بیرەوەرییەکانم. . . ، س. پ، ل٦١-٦٢.

پەیوەندیان بە ڕێکخراوی سلێمانییەوە هەبوو، بە جۆرێك بەرپرسی کەرتەکان ئەندامی ڕێکخراوی سلێمانی بون، ڕێکخراوی سلێمانیش بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەسترابوویەوە، بە ناوەندی سەرکردایەتی کۆمەڵەوە لە دەرەوە، ئەندامانی ڕێکخراوی سلێمانیش بریتی بوون لە (جەبار حاجی ڕەشید، ئاکۆ محمد وەهبی، ئەحمەد ساڵح، محەمەد مەلا حسێن، عەزیز عومەر، حەمە نوری) ئەمانە وەك ئەنجومەنی ڕێکخراوی سلێمانی سەرپەرشتی کارو چالاکییەکانیان دەکرد، (جەبار حاجی ڕەشید) یش سەرۆکی ڕێکخراوی سلێمانی بوو[١].

جگە لە ڕێکخراوی سلێمانی کە ڕاستەوخۆ سەربەناوەندی سەرکردایەتی کۆمەڵە بوو، باڵی شۆرشگێرانیش خاوەنی ڕێکخستن و ڕێکخراوی تایبەت بە خۆیان بوون لە ناو شاری سلێمانیدا، هیچ پەوەندییەکی توندوتۆڵ لە نێوان ڕێکخراوی سلێمانی سەر بە کۆمەڵە و ڕێکخستنەکانی شۆرشگێران لە ناو شاری سلێمانیدا بەدی ناکرێت، پێکهاتەی ڕێکخستنەکانی شۆرشگێران بەم شێوەیە بوو:( پاڵێوراو، شانە، شانەی سەرەکی، ڕێکخراو، کۆمیتەی ناوچە)، لە ناو شاری سلێمانیدا کۆمیتەی ناوچەی(١١) و کۆمیتەی ناوچەی(١٥) هەبوون، (حسێن خەیات)ناسراو بە (حسێنە ڕەشی خەیات) سەرپەرشتی کۆمیتەی (١١) ی ڕێکخستنەکانی دەکرد، (محەمەد عەلی سەید محەمەد عەبدوڵڵا)ناسراو بە ( مامۆستا کەمال کوردی) سەرپەرستی کۆمیتەی(١٥) دەکرد، ئەم دوو کۆمیتەیە تایبەت بوون بە شاری سلێمانی، هەریەکەشیان چەندین ڕێکخراویان لە خۆ دەگرت[٢]، بەڵام بە هۆی ئەوەی لە ساڵی ١٩٨٦ و ١٩٨٨ بەشێك لە ئەندام و سەرکردەیی ڕێکخستنەکانی شۆرشگێران لە ناو شاری سلێمانیدا دەستگیر دەکرین، لەوانە(مامۆستا کەمال کوردی) بۆیە لە دوای ساڵی ١٩٨٨ ەوە چالاکییەکانیان لاواز دەبێت و بەشێك لە ئەندامەکانیان پەیوەندیان بە ڕێکخستنەکانەوە دەبچڕێت، هەرچەندە بەشێك لەوانەی گیرابوون بە لێبوردنێکی گشتی لە مانگی ئەیلولی ١٩٨٨ دا ئازاد کران، بەڵام بۆ پاراستنی ڕێکخستنەکان و گیانی ئەندامەکانیان، چالاکییەکانیان تەواو سنوردار دەکەن، چونکە حکومەتی بەعس هەمیشە چاودێری دەکردن[٣]. لەگەڵ ئەوەشدا کۆمیتەی ناوچەی(١١)و(١٥) بەردەوام بوون لە چالاکی و کاری ڕێکخستن هەوڵیان داوە پەیوەندی بکەن بەو ئەندامانەی کە لە ڕێکخستنەکان بچڕابوون، بەشێکی زۆری کۆبونەوەکانی کۆمیتەی ناوچەی (١٥) لە ماڵی (مامۆستا کەمال کوردی) بەرێوە دەبرا، بەڵام تەنها ئەو ئەندامانە بەشداری کۆبونەوەکانیان دەکرد کە بە تەواوی جێی متمانەی ڕێکخستنەکان بوون[٤].

لەماوەی نێوان (١٩٨٨-١٩٩١) ڕێکخستنەکان چەند ئەرکێکیان لە ئەستۆدا بوو لەوانە کۆکردنەوەی سەرجەم ئەو ڕێکخستنانەی کە دابڕابوون لە دوای ساڵی ١٩٨٨ ەوە، لەگەڵ هەوڵدان بۆ زیادکردنی ئەندامانی ڕێکخستن،

---

(١) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (ئاکۆ محمد وەهبی)، سلێمانی، ٢٠١٧/٥/٢.

(٢ ) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(کەمال حەمە خان عەبدولرەحمان)، سلێمانی، ٢٠١٨/٢/١. ناوبراو لە ساڵی ١٩٦٥ لەدایك بووە، دەرچووی بەشی پیشەسازی یە ، لە ساڵی ١٩٨٠ ەوە پەیوەندی کردووە بە ڕێکخستنەکانی باڵی شۆرشگێرانەوە، بەرپرسی ڕێکحراوی هەکاری ڕێکخستنەکانی شۆرشگێران بووە، لە دوای ڕاپەرین بووە بە کارگێری کۆمیتەی و چەند پلەو پۆستێکی دیکەی وەرگرتووە، لە ساڵی ١٩٩٥ چووەتە ئەوروپاو لە وڵاتی هۆڵندا نیشتەجێ بووە.

(٣ ) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(محەمەد قادر مستەفا)، سلێمانی، ٢٠١٨/١/٣٠. ناوبراو بە (حمە قامیشی) ناسراوە، لە ساڵی ١٩٦٠ لە دایك بووە، خوێندنی سەرەتای لە ماوەت تەواو کردووە، بۆ خوێندنی ناوەندی هاتووەتە شاری سلێمانی وتا قۆناغی سێیەمی ناوەندی بەردەوام بووە، لە ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندی کردووە بەباڵی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان و لە ناوریزەکانی (ی. ن. ك)دا درێژەی بە خەبات داوە، رابەر سیاسی ڕێکخستنەکانی شۆرشگێران بووە، ڕێکخەری پەیوەندی نیوان ڕێکحستنەکانی ناوشارو سەرکردایەتی شۆرشگیران بووە، بەشداری لە ڕاپەرینی ١٩٩١ دا کردووە، لە شاری سلێمانی نیشتەجییە.

(٤ ) پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ(سیروان مەحمود پۆلیس)، ٢٠١٨/١/٢٢، هۆڵندا.

وەك ئاكۆ محەمەد وەهبی دەڵێت:"بە نامە لە سەرکردایەتییەوە دەستخۆشیمان لێدەکرا لەسەر گەشەکردنی ڕێکخستنەکانی ناو شاری سلێمانی، چونکە توانیمان ژمارەی ئەندامانمان بە ڕێژەیەکی بەرچاو زیاد بکەین"[١].

ڕێکخستنەکانی (ی. ن. ك) تەنها پیاوانی نەگرتۆتەوە، بەڵکو کەرتی شەهید لەیلا کە لە ساڵی ١٩٨٤ەوە دامەزرابوو، سەرجەم ڕێکخستنەکانی ژنانی لە خۆیدا کۆکردبویەوە لە دوای ساڵی ١٩٨٦ەوە هەتا ساڵی ١٩٩٠ (شێخ عەبدولکەریم سۆڵە) یی سەرپەرشتی دەکردو چوار ژن ئەندامی کەرت بون لەوانە (شەوقیە کاکە حمە سەعید، جەمیلە شێخ مەحمود، پەروین کاکە حمە سەعید، گێلاس محێدین)، هەر یەکە لەمانە بەرپرسی پۆلێك بوون کە لە چەند شانەیەك پێکدەهات[٢].

لە ماوەی (١٩٨٨-١٩٩١) (ی. ن. ك) لە شار و لە شاخ درێژەی بە خەباتو چالاکی دژی حکومەتی بەعس دابوو، لە دەرەوەی شاری سلێمانی لە ڕێگەی پێشمەرگە پارتیزانەکانەوە کە لە دوای قۆناغەکانی ئەنفالەوە لە ساڵی ١٩٨٨ لە ناوچەی سوتمالکراوەکاندا مابونەوەو درێژەیان بە خەباتی پارتیزانی دەدا، ئەرکی پاتیزانەکان جگە لە ئەنجامدانی چالاکی لەوناوچانەدا ، دروستکردنی پەیوەندی بوو لەگەڵ ڕێکخستنەکانی ناو شارەکان. پارتیزانەکان ئەگەرچی لەو ماوەیەدا نەیانتوانی چالاکی گەورەو شەڕی پێشمەرگانەی فراوان بکەن، بەڵام کارێکی وایان کرد سوپای عێراق هەمیشە لە ترسو دڵەڕاوکێدا بژین. پێشمەرگە پارتیزانەکانی (ی. ن. ك) لە سنوری پارێزگای سلێمانیدا چالاکیان زیاتر لە ناوچەکانی (گەرمیان، قەرەداغ، دۆڵی جافایەتی، شارباژێر) ئەنجامداوە[٣]، بێگومان ئەنجامدانی ئەم چالاکیانەش بە هاوکاریو پەیوەندی توندوتۆڵ بووە لەگەڵ ڕێکخستنەکانی ناوشاری سلێمانی کە لە هەموو ڕوویەکەوە هاوکاری پارتیزانەکان دەکرا، هەر لە پێدانی زانیاریو دابینکردنی خۆراکو دەرمانو چارەسەرکردنی بریندارەکانیان[٤]. دیارترین بەڵگەش چارەسەکردنی ئازادی سەگرمە بووە، کە لە چالاکییەکی پارتیزانیدا لە ١٩٨٨/١٠/١١ بە فیشەکی فڕۆکەکانی ڕژێم لە ناوچەی گەرمیان بریندار بووە، دوای ئەوە لە ڕێگەی دەنگی گەلی کوردستانەوە لە ١٩٨٨/١٠/١٧ چەند جارێك بروسکە خوێندراوەتەوەو ڕێکخستنەکانی ئاگادار کردۆتەوەو کە چارەسەری ئەو بریندارە بکەن، دەقی بروسکەکەش بەمشێوەیە بوو: "لە فەتاحەوە بۆ ڕەنج، ڕەنج پەیوەندی بە شاسوارەوە بکات، شاسوار باوکی تایلان ڕزگار بکات، باوکی تایلان بگەیەنێتە شوێنی مەبەست"[٥].

بەو شێوەیە ئازادی سەگرمە هێنراوەتە سلێمانیو لە ماڵی جەباری حاجی ڕەشید ماوەتەوە دواتر ڕەوانەی بەغداد کراوەو چارەسەری تەواوی بۆ کراوەو ڕەوانەی شاخ کراوەتەوە[٦]. بەڕای ئێمە چالاکیەکی کەم وێنەیە بۆ ئەو سەردەمە هەروەها بەڵگەیەکی گرنگیشە لەسەر توندوتۆڵیو چالاکی ڕێکخستنەکانی (ی. ن. ك) لە شاری

---

(١)چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (ئاکۆ محمد وەهبی)، سلێمانی، ٢٠١٧/٥/٢.

(٢) ئینسکلۆپیدیای یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان: س. پ، ل٦٨٧.

(٣) هـ. س، ل٦٨٧.

(٤) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (ئاکۆ محمد وەهبی)، سلێمانی، ٢٠١٧/٣/١١.

(٥) مەبەست لە فەتاح (نەوشیراون مستەفا) یە، مەبەست لە ڕەنج جەباری حاجی ڕەشیدی بەرپرسی ڕێکخراوی سلێمانییە، باوکای تایلان مەبەست ئازادی سەگرمە یە، بەوشێوەیە لە ڕێگەی ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستانەوە پەیوەندی لە نێوان پارتیزانەکانو ڕێکخستنەکان دروستکراوەو لە هەواڵو زانیاری ئاگادار کراونەتەوە. (بڕوانە// بوار نورەدین: ئەستێرەی سور، چ٢، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١١، ل١٠٢-١٠٦ ).

(٦) بۆ وردەکاری زیاترو چۆنیەتی ئەنجامدانی ئەو چالاکیانە بڕوانە// هـ. س، ل١٠٢-١٠٦.

سلێمانیدا. چالاکی ڕێکخستنەکانی یەکێتی لە ناو شاری سلێمانیدا، ببوە مایەی تێڕامانو هەڵوێستەکردنی دەزگاکانی حکومەتی عێراق، بە بەڵگەی ئەوەی لە نوسراوێکی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی سلێمانیدا هاتووە، کە ڕێکخستنەکانی یەکێتیو کۆمەڵە لە بەهێزترینو ترسناکترین ڕێکخستنی نهێنین، لە گۆڕەپانی سیاسیدا، بە تایبەت لە پارێزگای سلێمانیدا، چونکە سەدان کردەوەیان لە کوشتن، ترساندن، شوێن بزرکردن ئەنجام داوە[1].

چالاکییەکی دیکەی ڕێکخستنەکانی یەکێتی لە ناو شاری سلێمانیدا بریتی بوو لە نوسینی دروشم لەسەر دیواری کۆڵانی گەڕەکەکانو قوتابخانەکانو فەرمانگەکان کە زیاتر بە شەوان دەنوسران لەبەر پاراستنی گیانی ئەندامان[2]. بۆ نمونە لە ئەنجامی نوسینی دروشم لەسەر دیواری خانوەکەیان حکومەتی عێراق هاولاتی (کەمال سەعید) کە سەر بە ڕێکخستنەکانی (ی. ن. ك) بوو لە سێدارەداو ژنو منداڵو خێزانەکەشی دەستگیرکرد، کە لە گەڕەکی قازی محەمەدی شاری سلێمانی بوون، بەڵام دوای لە سێدارەدانی (کەمال سەعید) خێزانەکەی ئازادکران[3].

ڕێکخستنەکانی ناو شار سەرچاوەیەکی گرنگو زانیاری بە نرخ بون لەسەر هەلومەرجی سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی، ئەویش لە ڕێگەی دەزەپێکردنی زانیاریو بەڵگەنامە نوسراوە حکومیەکان لە دامودەزگا هەستیارەکانی ناو سلێمانیو ناردنیان بۆ دەرەوە، لە ڕێگەی قەڵەمی نهێنیەوە کە یارمەتیدەری ڕێکخستنەکانی بون، جگەلەوەش کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر پیاوانی حکومەت لە ناونیشانی ماڵو شوێنی کارو تەنانەت ژمارەی تەلەفۆنو دەرگاو ئۆتۆمبێلو وردەکاری تاوانەکانیشیان[4].

لە ساڵی ١٩٨٨ هێڵێکی دیکەی ڕێکخستن دروستکرا لە ناو شاری سلێمانیدا کە (جەمال شێخ نوری، ئەحمەد عەلی، حمە تایەر حمە ساڵح) سەرپەرشتیان دەکردو بە ئاگاداری سەرکردایەتی یەکێتی کاریان دەکرد، بە مەبەست لەم دوو هێڵەش:

١. بۆ پاراستنی ڕێکخستنەکان بە شێوەیەك هەر یەکەیان بە جیا کاریان دەکرد.

٢. ئەگەر هێڵێك لەلایەن حکومەتەوە لێیدرا ئەوا هێڵەکەی دیکە وەكو ئاوێنەی ڕێکخراوی سلێمانی بێت، واتە ببێتە جێگرەوەیو کارو چالاکییەکان پەکیان نەکەوێت[5].

لەدوای کارەساتی ئەنفال ئەرکی ڕێکخستنەکانی قورستر بوو، چونکە هەموو ئەو ڕێکخستنانەی کە هێزی پێشمەرگە لە ناوچە ئازادکراوەکاندا دروستی کردبون، زۆربەیان هەڵوەشاندەوەو بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتنو پوکانەوە، خەڵکەکەیان دەستگیرکران، یان بۆ نێو ئۆردوگا زۆرەملێکان ڕاگوێزران، لە هەردوو حاڵەتیشدا لە ڕێکخستن بچڕان، بۆیە ئەمە وایکرد شۆڕش هەوڵبدات پارسەنگی ئەم شکستانە بە گەشەپێدانی ڕێکخستنی نێو شارەکانی ژێر دەسەلاتی ڕژێمی بەعس بداتەوە، هەموو بایەخی هێزی پێشمەرگە بە ڕێکخستنەکانی ناو شار

---

(١) مدرية الامن محافظة السليمانية، وفق المادة ١٥٦، ق. ع الحق العام، ١٩٨٩/٤/١٢. (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە// پاشکۆی ژمارە (١٨).

(٢) تالیب مۆریاسی: گەڕان بەدوای ڕاستیدا (یاداشتنامەی پێشمەرگەیەکی ماندو نەناس) ڕووداوەکانی نێوان ساڵانی (١٩٥٣-١٩٩٦، ب١، چ٢، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، ٢٠٠٨، ل١٤٦.

(٣) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (ئەحمەد حامد)، سلێمانی، ٢٠١٧/٥/١٠.

(٤) بەشدار عبدالمجيد: س. پ، ل٧٥.

(٥) جەمال شێخ نوری: وێرانکاریو تاوانەکانی بەعس لە بیرەوەرییەکانمدا، چ١، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل١٢٦-١٢٧.

درایەوە، چونکە دەبوایە ڕێکخستن ببێتە جێگرەوەی هێزی پێشمەرگە[1]. ئەرکی ڕێکخستنەکانیش بوو هەموو ئەوانەی کە پچڕابوون سەرلەنوێ یەکبخاتەوەو هەموو هێڵە پچڕاوەکان گرێ بداتەوە، لەم ڕووەشەوە ڕێکخراوی سلێمانی توانی زۆر لەو شانانە کۆبکاتەوەو دووبارە بیانخاتەوە نێو پێکهاتەی کەرت و پۆل و شانە سەرەکییەکانەوە[2].

لە سەرکردایەتی(ی. ن. ك)وە داوا لە ڕێکخستن کرا کە سەرکردایەتی نێوخۆی دروست بکرێ واتە شۆڕش بچێتە نێو شارەکانەوە. لەبەرئەوەی پێشمەرگە وەك جاران توانای نەبوو بێنە ناو شارەکانەوە بۆیە بیر لەوە کرایەوە کە ڕێکخستن ئەو بۆشاییە پڕبکاتەوەو شوێنی پێشمەرگە بگرێتەوە، واتە ڕێکخستنەکان هەم ئەرکی پێشمەرگەو هەم کاری ڕێکخراوەیی کەوتە سەر شان(٣)، لەهەمان کاتدا ئەو مەفرەزە(دەستە) پارتیزانانەی کە دەنێردرانە خوارەوە نامەیان دەدرایە کە پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی ناو شارەوە بکەن بۆ ئەوەی پێداویستیەکانی بژێوی‌و مانەوەیان بۆ دابین بکەن[4]. سەرچاوەی دارایی ڕێکخستنەکان جگە لەو هاوکارییانەی کە لە دەرەوەو لە سەرکردایەتیەوە دەهاتن، دەوڵەمەندانی شاری سلێمانیش سەرچاوەیەکی باش بوون بۆ ڕێکخستنەکان، ڕێکخراوی سلێمانی لیستێکیان دروستکردبوو کە ناوی سەرجەم دەوڵەمەندانی سلێمانی تێدا نوسرا بوو بە تایبەتی ئەوانەی کە دڵسۆزی شۆڕش بون، بۆ هەر یەکەیان ڕەمزو ژمارەی تایبەت دانرا بو، بە پێی توانای داراییان هاوکاری شۆڕشیان دەکرد، لەم ڕێگەیەشەوە ڕێکخستنەکان توانیان هاوکاری ماڵە شەهیدەکانیان پێبکەن‌و پێداویستیەکانی خۆشیان پڕبکەنەوەو هاوکاری پێشمەرگە پارتیزانەکانیش بکەن[5].

ئەرکەکانی ڕێکخستن بە پێی قۆناغەکان جیاواز بون و گۆڕانکاریان بەسەردا هاتووە، بۆ نمونە لە ساڵانی هەشتاکان گەورەترین ئەرکی ڕێکخستن کۆکردنەوەی پارەو کۆمەك و ناردنی بۆ دەرەوە بووە، بەڵام لە ساڵانی (١٩٨٧-١٩٨٨) واتە کاتی پرۆسەی ئەنفال ئەرکەکە گۆڕاوە بۆ کۆکردنەوەی دەرمان کە زۆر گرنگ بووە، ئەویش لە ئەستۆی ڕێکخراوی سلێمانی بوە، چونکە حکومەت چەکی کیمیاوی دژی پێشمەرگە بەکار هێنا، بەڵام لەدوای ساڵی ١٩٨٨ ئەرکەکە گۆڕاوە، دەبو ڕێکخستن شوێنی پێشمەرگە پڕ بکاتەوە، هاوکاری پێشمەرگە پارتیزانەکان بکات، چ بە خواردن‌و دەرمان، چ بە پێدانی زانیاری‌و چارەسەرکردنی بریندارەکانیان[6]. لەم ڕووەشەوە دەوڵەمەندان و دکتۆرەکانی شاری سلێمانی هاوکاری ڕێکخستنەکان بوون، چ بە کۆکردنەوەی پارە و کۆمەك، چ بە ئامادەکردنی دەرمان و چارەسەرکردنی بریندارەکان، لەو دکتۆرو دەرمانخانانەی کە هاوکاری ڕێکخستنەکان بوون: ( د. نەوزاد جەلال ئەحمەد ڕەش- خاوەنی دەرمانخانەی نەوزاد، د. بەکر ناسراو بە (د. بەکری سنگ)، د. شەوکەتی سەیدەلی، د. حیکمەت بابان، د. حسێن ی سەیدەلی-خاوەنی دەرمانخانەی حسێن، د. نەسرین شاڵی، د. موەفەق محەمەد ڕەشید، . . . هتد)، ئەمانە پەیوەندیان بە ڕێکخستنەکانی ناو شارەوە هەبوو، لە ڕێگە

---

(١) بوار نورەدین: س. پ، ل١١١-١١٢.

(٢) بێ ناوی نووسەر: یەکێتی نیشتیمانی کوردستان سەرهەڵدان‌و نوێبونەوە، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی. ن. ك)، ك)، (ب. ش)، ٢٠٠٥، ل٢٧٦-٢٧٧.

(٣) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (ئاکۆ محمد وەهبی)، سلێمانی، ٢٠١٧/٣/١١.

(٤) بوار نورەدین: س. پ، ل١١١-١١٢. (بۆزانیاری لەسەر پەیوەندی نێوان ڕێکخستنەکان و پێشمەرگە پارتیزانەکان بڕوانە// پاشکۆی ژمارە(١٩) ).

(٥) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (ئاکۆ محمد وەهبی)، سلێمانی، ٢٠١٧/٣/١١.

(٦) هـ. س؛ بڕوانە پاشکۆی ژمارە (١٩).

ئەوانەوە دەرمان و پێداویستییەکان دەگەیەنرایە پێشمەرگە و پارتیزان و بریندارەکان، ئەمەش بۆ ئەوکاتە ئەرکێکی قورس و مەترسیدار بووە، بۆیە دەبوو زۆر بە نهێنی ئەنجام بدرێت، هەندێك جار ئەو دەرمان و پێداویستیانە لە دوکانی (وەستا بەکری دارتاش) کە لە شەقامی سابونکەران بوو دەشاردرایەوە و لە کاتی پێویستدا دەگەیەنرایە پێشمەرگە پارتیزانەکان[1].

جگە لە بلاَوکردنەوەی بلاَوکراوەو هەلَواسینی پۆستەرو بەیاننامە، پەیوەندی کردن بە خەلَكو دروستکردنی لایەنگرو ئەندام بۆ حزب، ئەرکێکی دیکە ڕێکخستن لە ماوەی (١٩٨٨-١٩٩١) ئەوە بوو کە نامەی هەڕەشە ئامێزیان نوسیووەو فڕێیان داوەتە مالَی پیاو خراپانو ئاگاداریان کردۆتەوە، هەندێك کەسی تایبەت هەبوون، بەم کارە هەلَدەستان، جگەلەوەش (ی. ن. ك) مەفرەزەی چەکداری تایبەتی هەبو لە شاری سلێمانیدا بۆ کوشتنی ئەوانەی خراپەیان بەرامبەر شۆڕشو دانیشتوانی شار دەکرد، خەلَکی تایبەتیش بۆ چاوساغی کردنی ئەو مەفرەزانە دانرا بون[2].

لە دوای سالَی ١٩٨٨ (ی. ن. ك) جارێکی تر بە سیاسەتو بەرنامەو کاری خۆیدا چووەتەوە، ئەویش بۆ هەلَسەنگاندنی ئەو شکستەی کە لە شالاَوەکانی ئەنفالدا توشی شۆڕشو پێشمەرگە بو، دانانی پلانو بەرنامەی نوێی کار، ئەو کات کە نەوشیروان مستەفا سەرپەرشتی (ی. ن. ك) دەکردو مام جەلال لە دەرەوە بوو، نەوشیروان مستەفا دوای چەندین کۆبونەوە لەگەلَ ئەندامانو کادیرانی (ی. ن. ك) بەرنامەیەك دانراو تێیدا درێژەدان بە خەبات دوپات کرایەوە، ئەم بەرنامەیە لە چوارچێوەی نامیلکەیەك بە ناوی (پایەکانی ستراتیژی نوێی کار) گەلاَلَە کرا، کە لە چوار پایەی سەرەکی پێکهاتبوو (پایەی ڕێکخستن، پایەی پێشمەرگایەتی، پایەی ڕاگەیاندن، پایەی دیبلۆماسی). بۆ هەر یەکەشیان بەرنامەو کاری پێویستو مەبەستو ئامانجەکانی دیاریکرا[3]، لەم بەرنامەیە نوێیەدا ئەرکەکانی ڕێکخستن بەم شێوەیە دیاریکراوە:

١. ڕاکێشانی خوێنی تازە بۆ کۆڕی خەبات.
٢. هاندانی خەلَك بۆ خەبات بە شێوەی جۆراوجۆر لە مەیدانی جیاجیادا.
٣. بەرزکردنەوەی ئاستی ورەی خەلَكو ڕوخاندنی ورەی دوژمن.
٤. پێگەیاندنی کادری نوێ بۆ مەیدانەکانی کاری ڕێکخراوەیی، پێشمەرگەیی، ڕاگەیاندن، دیبلۆماسی.

(١) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەلَ(د. نەوزاد جەلال ئەحمەد ڕەش) ٢٠١٨/٤/١٢. ناو براو لە سالَی ١٩٥٠ لەدایك بووە، لەسالَی ١٩٧٢-١٩٧٣ کۆلیژی دەرمانسازی لە زانکۆی بەغدا تەواو کردووە، لە سالَی ١٩٧٦ وەك دکتۆری دەرمانساز دامەزارەوە، لە سالَی ١٩٧٩ وە خاوەنی دەرمانخانەی نەوزادە لە شەقانی ئۆرزدی شاری سلێمانی، لە سالَی ١٩٩٠ وە خانەنیشینە و لە شاری سلێمانی نیشتەجێیە.

(٢) ئازاد عەلی عەبدوللاَ:شۆڕشی مەشخەلاَنی نوێ ی کوردستان سالاَنی١٩٨١-١٩٨٨، چ٢، چاپخانەی ڕەهەند، (ب. ش)، ٢٠١١، ل٩٦.

(٣) بۆ زانیاری زیاتر بروانە// نەوشیروان مستەفا: لە هاوخەباتیەوە بۆ تەخوین، چ١، چاپخانەی ڕەنج، ٢٠٠٩، ل٣٢؛ بوار نورەدین: س. پ، ل١٥٣.

٥. کۆکردنەوەی ئاگاداری زانستی لەسەر هەلومەرجی ئابوری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، جەنگی عێراق و هەڵسەنگاندنی خاڵی بەهێزو لاوازی[١].

بە مەبەستی جێبەجێکردنی ئەم ئەرکانەو ئەم پلانە نوێیە سەرکردایەتی (ی. ن. ك) بیری لە دروستکردنی سەرکردایەتی ڕێکخستنی ناوخۆ کردەوە، بۆ ئەم مەبەستەش هەر یەکە لە (مستەفا سەید قادر)و (ئەمین قادر مینە)ی ناردەوە نێو شار، لە ١٩٨٨/١٢/١٧، بە مەبەستی سەرپەرشتیکردنی ڕێکخستنەکان و گرێدانەوەیان بە یەکتر لە سەرانسەری کوردستاندا، مستەفا سەید قادر بەناوی نهێنی (عەزیز) دەستبەکار بوو، هەموو ڕێکخستنەکانی ناوخۆی ڕوبەڕوکرایەوە[٢].

دواتریش لە ساڵی ١٩٨٩ سەرکردایەتی یەکێتی داوای لە ڕێکخستنەکانی ناو شار کرد کە شانەی چەکدار دروست بکەن، بۆیە پێکهاتەیەکی سەربازی بەناوی سوپای ڕزگاری کوردستان (سرك) دامەزرا، مەبەستیش لێی ئەوەبوو کە هێزێك بە ژمارەیەکی کەم و چۆنایەتییەکی باشترو نهێنی دیکە دروست بکرێ، تا ببێتە بەدیلی هێزی پێشمەرگە لە ناو شارەکاندا[٣]، ئەمانە لە سەرەتادا ژمارەیان زۆر نەبوو، لە سنوری پارێزگای سلێمانیدا ژمارەیان(٥٦) پێشمەرگە بووە، ئەوەی تایبەتە بە سنوری شاری سلێمانی لە چوارچێوەی تیپی ژمارە(١)دا ڕێکخرابوون، کە دوو دەستەی لە خۆ دەگرت، ئەویش: دەستەی ژمارە(١٢)و ژمارە(١٤)بوون، کە تێکڕای ئەندامەکانیان پێکهاتبوو لە (٧) پێشمەرگە و یاریدەدەرێکی پێشمەرگە، بەم شێوەیە:

١- سامی جەمال محەمەد فەتاح ناسراو بە ڕۆستەم، لێپرسراوی تیپەکە بوو.
٢- ڕزگار ئەحمەد قادر ناسراو بە ڕەوا، جێگری لێپرسراوی تیپ.
٣- لەتیف ئەحمەد قادر ناسراو بە ڕێبوار، پێشمەرگە.
٤- عومەر عەبدولکەریم مەعروف ناسراو بە هێمن، پێشمەرگە.
٥- حەیدەر عومەر قادر ئەحمەد، پێشمەرگە.
٦- سیروان سادق محەمەد، پێشمەرگە.
٧- هیوا مەحمود، پێشمەرگە.
٨- ژیان تەها ڕەحیم، هاوکاری پێشمەرگەکانی سرك/خێزانی لێپرسراوی تیپ(سامی جەمال)[٤].

(سرك) لەسەرەتادا هیچ چالاکییەکیان بە کردەوە ئەنجام نەداوە، بەڵام لە دوای ساڵی ١٩٩٠و سەرهەڵدانی قەیرانی کوێت، گەشەیەکی زۆری لە ماوەیەکی کورتدا بە خۆوە بینی، بەشێکی زۆر پێشمەرگە دێرینەکان پەیوەندیان بە ڕێکخستنەکانەوە کردو لە شانە چەکدارەکاندا ڕێکخران، ژمارەیەکی زۆری شانەی چەکداریش لە ناو میلیشیا چەکدارە کوردەکانی سەر بە ڕژێمی عێراق دروستکران، لەو هەلومەرجەدا (سرك) هەموو جۆرە چەکێکی پێویستی بەهۆی سەربازە ڕاکردووەکانەوە پەیدا کرد، ئەم شانە چەکدارانە

---

(١) بۆ دەقی تەواوی ئەرکەکانی ڕێکخستن و تەواوی بەرنامەی ستراتیژی نوێی کار بڕوانە// نەوشیروان مستەفا: لەهاوخەباتیەوە بۆ تەخوین، س. پ، ل٧٥-٨٢.

(٢) بوار نورەدین: س. پ، ل١١٤، ١٥٣؛ بێ ناوی نوسەر: یەکێتی نیشتیمانی کوردستان. . . س. پ، ل٢٧٩-٢٨٠.

(٣) بەشدار عبدالمجید: س. پ، ل٧٧.

(٤ ) بۆزانیاری زیاتر لەسەر پێکهاتەی تیپەکانی (سرك) و ژمارە و ناوی ئەندامەکان و شەهیدەکانیان بروانە// پاشکۆی ژمارە(٢٠).

لـه تـەواوی سـنوری پارێزگـای سـلێمانیدا بڵاوبونـەوە، (مسـتەفا سـەید قـادر) بەرپرسـی بـووە هـەتا دەستگیرکردنی لە ٢٩ی ئەیلولی ١٩٩٠[١].

ڕێکخسـتنەکان ئـەرکێکی گرنگیـان ئـەوەبوو کـە خۆیـان لـە داموو دەزگاکـانی حکومـەتی بـەعس بپـارێزن، بـۆ ئەمـەش هەسـتاون بـە دروسـتکردنی حەشـارگە لـە نـاو شـاری سـلێمانیدا، بـە جۆرێك بـوو کـە دەبـوو بـۆڕی ئـاو و شـوێنی هـەوا گـۆڕکێو ئاوەڕۆیـان بـۆ بکرێـتو نـانو هەنـدێك خۆراکیـان تێـدابێت، ئەمـەش بـۆ ئـەوەی لـە کـاتی پێویستدا بتوانرێت چەند ڕۆژێك تیایدا بمێننەوە[٢]، وەك ئاکۆ محەمەد وەهبی دەڵێت:"لە چەند شـوێنێکی شـاری سلێمانی لـەو جۆرە حەشارگەیەمان دروسـت کـرد بـوو"[٣]. بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا لـە سـاڵی ١٩٨٩ سـێ ئەنـدامی ڕێکخسـتنی یـەکێتی دەسـتگیر کـران ئـەوانیش (ئەحمـەدی صـناعە، بـەکری دارتـاش، کـامیلی خـەیات) بـوون[٤]، دواتریش هەر یەکە لە جەباری حاجی ڕەشید (١٩٤٥-١٩٩٠) کە سەرپەرشتی ڕێکخراوی سلێمانی دەکرد، لە سـاڵی ١٩٩٠ دەسـتگیر کـرا و لەهـەمان سـاڵدا لـە مـانگی ئەیلولیشـدا مسـتەفا سـەید قـادر کـە بەرپرسـی هـەموو ڕێکخستنەکانی نـاوخۆ بـوو دەسـتگیر کـرا، لـە مـاوەی نێـوان (١٩٨٩-١٩٩٠) نزیکـەی (٣٠) کـەس لـە ئەنـدامانی ڕێکخستنی ناو شار دەستگیر کران، هۆکاری ئەو کارەساتانەش کە بەسەر ڕێکخراوی سلێمانیو ڕێکخستنەکانی نـاو شـاردا هـات، ئـەوە بـوو کـە کەسـێك لای یـەکێتی لەشـاخ زینـدانی بـو دوای ئـازادکردنی دێتـەوە سـلێمانیو پەیوەندی بە ئیستیخباراتی ڕژێمەوە دەکاتو گفتی ئەوە بە ڕژێم دەدات کە تـەواوی ڕێکخـراوی سـلێمانی ئاشـکرا بکـات، بۆیـە ئـەمنی سـلێمانی بـە چاوسـاغی ئەوکەسـە توانیـان (جـەباری حـاجی ڕەشـید) بەرپرسـی ڕێکخـراوی سلێمانی لەگەڵ کۆمەڵێك نوسراو و چاپو چاپەمەنی دەستگیر بکاتو دەست بەسـەر هـەموو حەشـارگەو شـوێنە نهێنییەکانی ڕێکخستندا بگرێت[٥].

لە دوای گرتنی ئەوان ئەرکی سەرپەرشتی کردنی ڕێکخستنەکان کەوتە ئەستۆی (مستەفا ئیبراهیم دەروێش/ شاسوار)، لە سلێمانیش(ئاکۆ محەمەد وەهبی و خالید ڕەزا)سەرپەرشتی ڕێکخستنەکانیان دەکرد[٦]، بەو جۆرە هەتا ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ ڕێکخستنەکان لـە کـارو چالاکی سیاسی بـەردەوام بونو لـە کـاتی ڕاپـەڕینش ڕۆڵـی گەورەو بەرچاویان هەبو لە ڕزگارکردنی شاری سلێمانیدا.

سەبارەت بە ئامادەکاری (ی. ن. ك) بۆ ڕاپەڕین، پێش هەموو پارتو ڕێکخراوەکانی دیکەو خێراتر خۆی بۆ گۆڕانکارییەکان ئامادە کردووە، بە جۆرێك (مام جەلال) پێش داگیرکردنی کوێت لەلایەن عێراقەوە، پێشبینی ئەوەی کردووە، ئەویش لە وتارێکدا لە ١١ ئایاری ١٩٩٠ لـە کۆبوونـەوەی (چـەتم هـاوس) لـە لەنـدەن دەڵێت:"ئەو

---

(١) ئینسکلۆپیدیای یـەکێتیی نیشـتیمانی کوردسـتان: س. پ، ل٣٩٥-٣٩٦؛ بـۆ پـەیڕەوەی نـاوخۆی (سـرك) و چـۆنیەتی دابـەش کردنی ئەركو فرمانەکانی بڕوانە: پاشکۆی ژمارە (٢١).

(٢) بوار نورەدین: س. پ، ل١١٥.

(٣) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (ئاکۆ محمد وەهبی)، سلێمانی، ٢٠١٧/٣/١١.

(٤) هـ. س.

(٥) تالیب مۆریاسی: س. پ، ل١٦٧.

(٦) بوار نورەدین: س. پ، ل١١٧-١١٨.

سوپا عێراقیەی کۆکراوەتەوە بۆ هێرشە بۆ سەر کوێت". هەروەها باسی ئەوەشی کرد بوو کە عێراق کوێت دەگرێت و حکومەتێکی دەستکرد دروستدەکات و دوای ئەوە دەیبەستێت بە عێراقەوە"[1].

دوای گرتنی کوێت تاڵەبانی سەفەری ئەمەریکای کرد، نەوشیروان مستەفا دەڵێت:"پێشنیارم بۆ کرد هەرچیەکی پێدەکرێت بۆ دژایەتی ڕژێمی بەعس و ڕوخاندنی بیکات"[2]. هەمان کات لە ناوخۆشدا خەریکی خۆ ئامادەکردن بون بۆ ڕاپەڕین، وەك نەوشیروان مستەفا دەڵێت:"ئەو کاتە ئێمە لە قاسمە ڕەش بوین بەوپەڕی جدیەتەوە خەریکی خۆ ئامادەکردن بوین بۆ ڕاپەڕین، وردەکاری نەخشەی کارەکانی خۆمان بۆ سازدانی پێشمەرگەو ڕاپەڕینی خەڵك لە شارەکان، بە نوسین و بە درێژی بە دەستی دانای ئەحمەد مەجید) دا"[3]، لە هەمان کاتدا فەرماندەیی گشتی هێزی پێشمەرگەی یەکێتی لە ڕێنماییەکی (٢٠) خاڵیدا ئامۆژگاری ئەو پێشمەرگانە دەکات کە بەرەو شارو شارۆچکەکان بەڕێدەکەون، گرنگترینیان بریتی بون لە:

١. وریایی لە جێبەجێکردنی پلاندا.
٢. پێویستە (خێرایی) وەك ڕەگەزێکی بنەڕەتی جێبەجێ بکەن، تا دوژمن نە پەرژێتە سەر خۆی.
٣. پاراستنی نهێنی، خەڵەتاندنی دوژمن، خافڵگیری، سێ ڕەگەزی گرنگن لە جێبەجێکردنی ئەرکەکاندا.
٤. دەست درێژی بۆ سەر هەر هاوڵاتیەك قەدەغەیە بە هەر بەهانەیەك بێت سزای قورس دەدرێت.
٥. تۆڵە سەندنەوە قەدەغەیە.
٦. خانو و کەل و پەلی دامەزراوە حکومییەکان بپارێزن، هەر کەس زەرەرو زیانیان پێ بگەیەنێت بە توندی سزای بدەن(٤). لەگەڵ چەند خاڵێکی دیکەی گرنگدا.

لە هەمان کاتدا، ڕێکخراوی سلێمانی بە نوسراوێك سەرجەم کەرت و شانە چەکدارەکان و ڕێکخستنە نهێنییەکانی (ی. ن. ك) ئاگادار دەکاتەوە، کە ئامادەبن بۆ ڕاپەڕین، بە (١٠) خاڵ ئەرکی سەرشانی کەرت و شانە چەکدارەکانی ناو شار ڕون دەکاتەوە لەوانە:

١. پێویستە لە هەر ڕوداو و پێشهاتێکدا ڕێکخستنە نهێنییەکان هەر بە نهێنی بمێننەوە، بۆیە ئامۆژگاری ئەندامانیان کردووە لە چالاکییەکاندا دەمامك بەکار بهێنن، نەك چالاکییەکە سەرکەوتو نەبێت و ئاشکرا بن.
٢. کەرتەکان بەرپرسن لە پێکهێنانی لیژنە بۆ سەرپەرشتی کردنی ڕاپەڕاندنی کارەکان لە حاڵەتی پێویست، لیژنەکەش لە (٢-٣) ئەندام کەرت پێکدێت، بە سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی لێپرسراوی کەرت.
٣. لیژنەکان پێویستە هەوڵی پەیداکردنی کامێرای ڤیدیۆ و فۆتۆگراف بدەن، بۆ وێنە گرتنی ڕووداوە مێژووییەکان.
٤. لیژنەکان لە هەرشوێنێك توانیان ئامرەزەکانی چاپەمەنی (تایپ، ڕۆنیۆ، فۆتۆکۆپی) دەستبخەن و لە شوێنی ئەمین بیانپارێزن.

---

(١) سەلاح ڕەشید: مام جەلال دیداری تەمەن لەلاوێتییەوە بۆ کۆشکی کۆماری، بەشی دووەم، چ١، چاپخانەی کارۆ، (ب. ش)، ٢٠١٧، ل٢٠٧.

(٢) نەوشیروان مستەفا: لە هاوخەباتییەوە. . . س. پ، ل٢٢.

(٣) هـ. س، ل٢٢-٢٣.

(٤) بۆدەقی ئەو ڕێنماییە بیست خاڵییەی فەرماندەیی گشتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، بڕوانە// پاشکۆی ژمارە (٢٢).

٥. خەڵکی دڵسۆزو نیشتیمان پەروەر بۆ دەستگرتن بەسەر بڵندگۆی مزگەوتەکان ئامادە بکەن، بۆ بڵاوکردنەوەی سیاسەتو داواکارییەکانی شۆڕش بەکاری بهێنن.

٦. ئەگەر لە ئیزگەوە بەناوی شەپۆل یان هەڵۆ یان لیژنەی سەرپەرشتی گشتییەوە بانگەوازتان بۆکرا ئەوا ئێمەین، چیتان پێ ڕاگەیەنرا وەك خۆی جێبەجێی بکەن.

٧. ئەو چەکانەی دەستان دەکەوێت بەسەر دۆستو لایەنگرو کەسە نیشتیمان پەرەوەرەکاندا دابەشی بکەن، لای خۆتان تۆماری بکەن[1]. لەگەڵ چەند خاڵێکی دیکەدا، ئەم نوسراوە لە ناوەڕاستی کانوونی دووەمی ١٩٩١ نوسراوە.

هەمو هێزەکانی (ی. ن. ك) خرانە حاڵەتی ئامادەباشییەوە، بە جۆرێك (١٢) بەتالیۆنی نیمچە نیزامی لەسەر سنورەکان، (٥٢٠) پارتیزان لە سنوری ژێر دەسەڵاتی ڕژێم، (١٢٠) کادری (سرك) لە ناو شارو ئۆردوگاکاندا، (٧٠٠٠) کەس لە ڕیزی شانە چەکدارەکانی شالاّو بروسکەدا، لەگەڵ چەند هەزار کەس وەك هێزی پشتگیری لە ناو ئاوارەکانی ئێراندا[2].

دواتریش پلان بۆ ئازادکردنی شارەکانی کوردستان دانرا، کرا بە چەند میحوەرێکەوە بۆ هەر میحوەرێك ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی سەرپەرشتی دەکرد، ئەوەی تایبەتە بە شاری سلێمانی بەمشێوەیە بوو:

- میحوەری: دەربەندیخان- سلێمانی بە سەرپەرشتی حامیدی حاجی غالیو بە فەرماندەیی ڕاستەوخۆی جەمیل هەورامیو محەمەد حمە سەعیدو جەلال عەبدوڵڵا بوو.
- میحوەری: سلێمانی ناوەوە- بازیان بە سەرپەرشتی مام ڕۆستەمو بە فەرماندەیی ڕاستەوخۆی زرار سەعدونو مامۆستا جەمال محەمەدو ئەنوەر دۆڵانیو سەید ئەحمەد بووە. سەرپەرشتی گشتی میحوەری سلێمانی فەرەیدون عەبدولقادرو عومەر فەتاح بون، هەموشیان بە فەرمانی نەوشیروان مستەفا دەجوڵانەوەو ڕێنماییو فەرمانیان تەنها لە ئەوەوە وەردەگرت[3].

بەمشێوەیە ، یەکێتی دوای تەواوکردنی ئامادەکارییەکانی لە ناوخۆو دەرەوەدا دواجار بەشداری لە ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ دا کرد، بەڕای ئێمە ڕێکخستنەکانی (ی. ن. ك) لە سنوری شاری سلێمانیدا لە هەمو پارتو ڕێکخراوەکانی دیکە چالاکترو بەهێزتر بوون، ئەویش لەبەرئەوەی شاری سلێمانی سنوری دەسەڵاتی یەکێتی بووەو زۆرترین دۆستو ئەندامەکانیان لەم سنورەدا بووە. جگەلەوەی (ی. ن. ك) بۆخۆی پارتێکی هەرە چالاکی سەرگۆڕەپانی سیاسی بوو لە باشوری کوردستاندا.

**٤- حزبی سۆسیالستی کوردستان:**

بزوتنەوەی سۆسیالستی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٩٧٦ ڕاگەیەنرا پاشان ناوەکەی گۆڕا بۆ بزوتنەوەی سۆسیالستی کوردستان، دوای ماوەیەك لەسەر پێشنیاری مام جەلال چووە ناو نیمچە بەرەی (ی. ن. ك)، بەڵام دوای سێ ساڵ مانەوە لە ١٩٧٩/٣/٢٠ باڵێکی دیاری بزوتنەوە لەو بەرەیە دێنە دەرەوەو لەگەڵ لیژنەی ئامادەکاری (پ. د. ك) یەکیان گرت، لە ١٩٧٩/٨/٨ حزبی سۆسیالستی یەکگرتوی کوردستان (حسیك) یان ڕاگەیاند، لە کۆنگرەی یەکەمی (حسیك) کە لە ١٢-١٥/٥/١٩٨١ بە ئامادەبونی (١١٥) ئەندام بەسترا، بڕیاردرا بە

---

(١) بۆ دەقی ئەو ڕێنمایەی ڕێکخراوی سلێمانی و زانیاری زیاتر (بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٢٣). ؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (ئاکۆ محمد وەهبی)، سلێمانی، ٢/٥/٢٠١٧.

(٢) نەوشیروان مستەفا: لە هاوخەباتییەوە. . . س. پ، ل٣٣.

(٣) ئاراس عەبدولرەحمان مستەفا: س. پ، ل٢٣٦-٢٣٧.

گۆڕینی ناوی حزب لە (حسیك) ەوە بۆ حزبی سۆسیالستی کوردستان (حسك)، هەر لەو کۆنگرەیەدا (سەیدا ساڵح یوسفی) بەشێوەیەکی نهێنی بە سکرتێری حزب هەڵبژێردرایەوە، بەڵام دوای تیرۆرکردنی لە ١٩٨١/٦/٢٥، کۆمیتەی ناوەندی (ڕەسوڵ مەمەند ١٩٤٤-١٩٩٤) بە سکرتێری حزب هەڵبژارد[١].

سەبارەت بە چالاکی سیاسیو سەربازی (حسك) لە شاری سلێمانیدا لە ماوەی نێوان (١٩٨٨-١٩٩١) چالاکی سەربازی بە شێوەیەکی فراوان نابینرێت، بەڵام لە رووی سیاسییەوە (حسك) خاوەنی ڕێکخستنو ئەندامو لایەنگری خۆی بووە ، هەرچەندە ناوچەی دەسەڵاتو شوێنی ئەنجامدانی چالاکییەکانیان زیاتر ناوچەکانی دەرەوەی سلێمانی بووەو زیاتر لە ناوچەکانی شارەزوردا باڵادەست بوونو چالاکیان ئەنجامداوە، بەڵام لە شاری سلێمانیدا خاوەنی ڕێکخستنی تایبەت بە خۆیان بون، هەر لە ساڵی ١٩٧٧ مەکتەبی ڕێکخستنی ناوخۆیان دەمەزراندوە کە تایبەت بووە بە ڕێکخستنی نهێنی ناو شارەکان، لە دوای ساڵی ١٩٨٢ەوە هەتا ساڵی ١٩٨٩ سەرپەرشتی ڕێکخستنەکانی ناوخۆ درا بە (جەمال حەمە نوقڵە)، لە هەمان کاتیشدا بەرپرسی ڕێکخستنەکانی لقی سلێمانیش بو، هەر یەکە لە (مولازم مەجید کاکەیی، ڕەشید عارف، عەلی سەرگەڵو) ئەندامی لق بون، (سەردار جەباری، مەلا سابیر، شێخ عومەر، مامۆستا نیهاد) ڕۆڵیان لە ڕێکخستنەکانی سلێمانیدا هەبوە[٢].

سەبارەت بە هەیکەلی ڕێکخستنەکانی لەسەرەوە بۆ خوارەوە شۆڕ دەبوەیەوە، بە جۆرێ لە سکرتێری حزب بۆ بەرپرسی ڕێکخستنەکانی ناوخۆ پاشان بۆ ئەندامانی لق، ئەندامانی لقیش لەگەڵ خواروی خۆیان بەشێوەی هێڵو زنجیرەیی پەیوەندییەکانی خۆیان ڕێکخستبوو، لەم شێوە ڕێکخستنەکان تەنها کەسی یەکەمی سەرو خواری خۆیان دەناسی، ئەمەش بە مەبەستی نهێنی پارێزیو دڵنیایی بوو، لەگەڵ پاراستنی ڕێکخستنەکان لە ئاشکرا بوونو پاراستنی گیانی ئەندامانی ڕێکخستن[٣].

ڕێکخستنەکان چەند ئەرکێکیان لەسەر شان بوو لەوانە: (هۆشیارکردنەوەو ڕێکخستنی خەڵك، زیاتر گرنگی بە چۆنایەتی ڕێکخستن دراوە نەك چەندایەتی)[٤]. کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر مۆڵگەو شوێنەکانی ناو شارو ناردنیان بۆ مەکتەبی ڕێکخستنی دەرەوە)، جگەلەوەش بڵاوکردنەوەی دروشمو سیاسەتەکانی حزبو پۆستەری شەهیدانو نوسینی دروشم لە ناو شارو شارۆچکەکاندا ئەرکێکی دیکەی ڕێکخستنەکانی (حسك) بوو، بۆ نمونە ڕێکخستنەکان دروشمەکانی حزبیان لە گەڕەکەکانی شەهیدانو ئازادی بڵاودەکردەوە[٥].

لە ساڵی ١٩٨٧ ڕێکخستنەکانی (حسك) لەلایەن هێزەکانی حکومەتی عێراقیەوە توشی لێدانێکی سەختبون، ئەویش کاتێك دەزگا ئەمنییەکان هەر یەکە لە (جەمالی حەمە نوقڵ)ە بەرپرسی ڕێکخستنی ناوخۆو (مولازم مەجید

---

(١) بۆ زانیاری زیاتر لەسەر دامەزراندنو گەشەکردنی حزبی سۆسیالستی کوردستان بڕوانە// بەشدار عبدالمجید: س. پ، ل٧٩. ؛ بەهرۆز گەڵاڵی: ڕەسوڵ مامەند ٥٠ ساڵ تەمەنو ٣٣ ساڵ خەبات، چ٢، چاپخانەی سەفوەت، سلێمانی، ١٩٩٨، ل٢٩-٣١. ؛ سەلام عەبدولکەریم: ژیانی سیاسی. . . س. پ، ل٣٩-٨٩. ؛ صلاح الخرسان: التيارات السياسة في كردستان العراق قراءة في ملفات الحركات والاحزاب الكردية في العرق ١٩٤٦-٢٠٠١، ط١، مؤسسة البلاغ للطباعة النشر والتوزيع- بيروت، ٢٠٠١، ص٤٨٩. ؛ محەمەد حاجی محمود: ڕۆژمێری پێشمەرگەیەك. . . ب١، س. پ، ل٤٣١-٤٣٧.

(٢) بەشدار عبدالمجید: س. پ، ل٨٦.

(٣) شاخەوان شۆڕش: قادر شۆڕش چل ساڵ خەباتو تێکۆشان دیوی ناوەوەی هەندێ لایەنی مێژووی خەباتی نەتەوەیی کورد لە نێوان ساڵانی (١٩٤٦-١٩٨٣) دا، چ٢، کوردستان، زستانی ٢٠٠١، ل١١٢.

(٤) هـ. س، ل١١٣.

(٥) بەشدار عبدالمجید: س. پ، ل٨٨.

کاکەیی) بەرپرسی لقی سلێمانی، (دایە گوڵەو مەحمودی کوڕی) دەستگیر کران و لە سێدارە دران، بەم هۆیەشەوە ڕێکخستنەکانی ناخۆی (حسك) نەهاتەوە سەر ڕێڕەوی خۆی، هەتا ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١[1].

بەڵام دوای گرتنی کوێت لەلایەن عێراقەوە (حسك) خۆی بۆ گۆڕانکارییەکان ئامادە کردووە، لە ٢١ کانوونی یەکەمی ١٩٩٠ مەکتەبی سیاسی و لقەکان بانگەوازێك بۆ سەرجەم پێشمەرگەو کادرەکانی ناوەوەی حزب بڵاودەکاتەوە کە داوای بەرنامەو ئامادەکاری دەکات بۆ هەر ڕووداوێك کە بێتە پێشەوە، لە کاتی دروستبونی شەڕو لێدانی عێراق، داوای ئەوە دەکات کە بە هاوکاری جەماوەر دەست بەسەر دەزگاکانی حکومەتی عێراقدا بگیرێت و جەماوەری چەکدار لە دەوری (حسك) کۆبکرێتەوە. لە پێش ڕاپەڕینیش کۆبونەوەی بە فەرماندەو پێشمەرگەکانی کردووەو فەرماندەی بۆ میحوەرەکان دیاریکردووە، ئەوەی تایبەت بو بە میحوەری سلێمانی محەمەدی حاجی مەحمود سەرپەرشتی کردووە، کە ئەوکات لێپرسراوی مەکتەبی سەربازی (حسك) بووە، لەگەڵ ئەوەشدا مەفرەزەی پارتیزانی ناردووەتەوە شارەکان بە مەبەستی بینینی سەرپەرشتیارانی ڕێکخستنەکان و پەیوەندیکردن بە سەرۆك جاشەکانی سەر بە ڕژێمی بەعس و کەسایەتییە دیارەکان بە مەبەستی ئامادەکاری بۆ ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١[2].

جێی ئاماژەیە (حسك) وەك پارتێکی بەرهەڵستکاری ڕژێمی بەعس لە ماوەی نێوان (١٩٨٨-١٩٩١) لە خەبات کردن بەردەوام بووە، بەڵام سنوری دەسەڵاتی زیاتر ناوچەکانی پارێزگای سلێمانی گرتووەتەوە بە دیاریکراوی ناوچەی شارەزورو هەڵەبجەو پێنجوێن، بۆیە زیاتر چالاکییەکانیان لەو سنورەدا بووە، کەمتر توانیویانە چالاکی لە شاری سلێمانیدا ئەنجام بدەن، بە تایبەت دوای دەستگیر کردنی بەرپرسی ڕێکخستنەکانی ناوخۆی (حسك) بە وتەی محەمەد شاکەلی جارێکی تر ڕێکخستنەکان نەکەوتنەوە سەر ڕێڕەوی خۆیان هەتا ساڵی ١٩٩١، بەڵام لە ڕاپەڕیندا لە پاڵ پارتەکانی دیکەدا بەشداربون و لە قەزاو ناحیەکانی سەر بە پارێزگای سلێمانیدا ڕۆڵی دیاریان هەبووەو بەشداریش بون لە ئازادکردنی شاری سلێمانیدا.

**٥- پارت و ڕێکخراوەکانی دیکە:**

لە پاڵ ئەو پارتانەی کە پێشتر باسمان کردن، ژمارەیەك پارت و ڕێکخراوی دیکە هەبون، کە هەر یەکەیان بە پێی توانا و قەبارەی خۆیان چالاکیان لە سنوری شاری سلێمانیدا ئەنجامداوە.

**أ- پارتی سۆسیالیستی کورد ( پاسۆك )**

(پاسۆك) لە ڕۆژی ١٩٧٥/٩/١١ بە دەستپێشخەری (ئازاد مستەفا)[3] لە شاری کەرکوك دامەزرا[4].

---

(١) محەمەد شاکەلی: لە بزوتنەوە. . . س. پ، ل١٧.

(٢ ) محەمەد حاجی مەحمود: س. پ،ب٣،ل٢٥٥-٢٧١.

(٣) ئازاد مستەفا لە ساڵی ١٩٤٨ لە گوندی بارزان لە دایك بووە، لە ساڵی ١٩٧٧ لەلایەن حکومەتی عێراقەوە دەستگیر دەکرێت و بە دە ساڵ زایندانی سزا دەدرێت، بەڵام لە ساڵی ١٩٧٩ بە لێبوردنی گشتی ئازاد دەکرێت، دوای ئازادبونی پەیوەندی بە هاوبیرەکانی سەرکردایەتی پاسۆکەوە دەکات، لە ساڵی ١٩٨٧ بۆ چارەسەکردنی نەخۆشی سەردانی وڵاتی سوید دەکات، لە ١٩ ئایاری ١٩٨٩ بە نەخۆشی کۆچی دوایی دەکات، بڕوانە: کاوە ئەمین: ناسیۆنالیزمی کوردی، چ١، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٦، ل٦٠.

(٤) محەمەد فاتیح: س. پ، ل١٥٦.

سەرەتا بە ناوی (پارتی سۆسیالیستی نەتەوەی کورد) بوو، دواتر ناوەکەی گۆڕا بۆ (پارتی سۆسیالیستی کورد)[1]. ستراکتۆری سەرەکی بیروباوەڕی ئەم پارتە پشت ئەستوربوو بە کوردایەتییەکی نەتەوە پەرستو دژایەتی کردنی کۆمۆنیزمو بیری چەپ[2]، بە مانایەکی دیکە پارتێکی ڕادیکاڵی نەتەوەیی بووە(٣)، ئامانجی سەرەکیان دروست کردنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان بوو، مافی چارەنوسیان بە مافی ڕەوای گەلی کورد دەزانی، مەبەستیان بو کە سەرجەم پارتو هێزە کوردییەکان لە یەك بەرەدا کۆبکەنەوەو دژی شەڕی براکوژی بون[4]، گرنگترین دروشمەکانی پاسۆك بریتی بوون لە: (کوردستانی سەربەخۆو گەلێکی ئازاد،پێش ئەوەی هەر شتێك بین. . . دەبێت کورد بین ، کوردستان تەنها موڵکی کوردە)[5].

سەبارەت بە خەباتی چەکداری (پاسۆك) لە ساڵی ١٩٧٨ دەست پێدەکات، کاتێ کە چوونە شاخو بنکەو بارەگایان لە نزیك بارەگای سەرکردایەتی یەکێتی کردەوە[6]، جگەلە سەرکردایەتیان چەند مەفرەزەیەکیان دروست دروست کردبوو کە بەردەوام لە ناوچەکانی دەوروبەری سلێمانی وە (شاربازێڕ و دۆڵە ڕووتو جافایەتی) لە هاتوچۆو چالاکیدا بون، لەگەڵ ئەوەش زۆرجار هاتونەتە شاری سلێمانی و چالاکیان ئەنجامداوە[7]. بەڵام لەماوەی نێوان (١٩٨٨-١٩٩١) چالاکی چەکداری لە ناو شاری سلێمانیدا نابینرێت لەلایەن پاسۆکەوە، ئەویش بۆ ئەو بارودۆخە دەگەڕێتەوە کە بەسەر بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورددا هات، دوای پرۆسەی شاڵاوەکانی ئەنفالو کیمیاباران ناچار بون کە بنکەو بارەگایان بردە دەرەوەی کوردستانو ئەنجامدانی چالاکی سەربازی کارێکی مەحاڵ بوە لەو ماوەیەدا[8].

لەگەڵ ئەوەشدا لە خەباتی سیاسی بەردەوام بونو خاوەنی ڕێکخستنی خۆیان بون لە شاری سلێمانیدا، چونکە پێگەی جەماوەری (پاسۆك) زیاتر لە شاری سلێمانیدا بوو[9]، لە ناو سلێمانیدا چەند هێڵێکی ڕێکخستن هەبو کە (مولازم شوان) سەرپەرشتی دەکردو تەنها پەیوەندیان بەوەوە هەبو ئەویش بۆ پاراستنی ئاسایشی

---

(١) ئازاد مستەفا: کورتە باسێکی بەرەی کوردستانی، چ١، سوید، ١٩٨٨، ل٧٢.

(٢) ئینسکلۆپیدیای یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان: س. پ، ل١٣٨.

(٣) کرمانج گوندی: ٣٠ ساڵ خەباتو وڵاتێکی وێران، سوید، ١٩٩٠، ل٧٤.

(٤) زانا فەقێ محمد: پارتی سۆسیالستی کورد پاسۆك (١٩٧٥- ١٩٩١)، توێژینەوەیەکی مێژوویی- سیاسییە، نامەی ماستەر، بڵاونەکراوە، سکوڵی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٦، ل١١٦.؛ کاوە ئەمین: س. پ، ل٦٠.

(٥) محەمەد فاتیح: س. پ، ل١٥٦-١٥٧.

(٦) برایم جەلال: چەپکێك. . . س. پ، ل١٢٦.

(٧) بۆ زانیاری زیاتر لەسەر چالاکییەکانی پاسۆك لە ساڵانی هەشتاکاندا بڕوانە: بەشدار عبدالمجید: س. پ، ل٩١-٩٢.

(٨)نامەی مولازم شوان بۆ توێژەر لە ڕێگەی پۆستی ئەلیکترۆنییەوە لە ٢٠١٧/٧/٢٨. ناوی تەواوی عەبدول ئیلا محەمەد ئەمین عەبدوڵڵا ناسراو بە (مولازم شوان) لە ساڵی ١٩٥٠ لە دایك بووە، دەرچوی کۆلێژی سەربازی ڕۆستەمییە بۆ ساڵی خوێندنی (١٩٧٠-١٩٧٣)، لەناو پاسۆکدا چەند پلەو پۆستێکی باڵای هەبووە، سەرپەرشتی بەشێکی ڕێکخستنەکانی کردووە، ئێستاش نیشتەجێی شاری سلێمانییە.

(٩) هاوڕێ باخەوان: ئاڵای کورد کورتە لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی کۆمەڵایەتی ڕامیارییە، زنجیرە کتێبی دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠١، ل١٧٦.

ڕێکخستنەکانی ناو شار بووە[1]، جگەلەوەش (مولازم کەریم) چەند هێڵێکی دروستکرد بو کە ڕاستەوخۆ خۆی سەرپەرشتی دەکرد[2].

سەبارەت بە پێکهاتەی ڕێکخستنەکان لە (شانەی سەرەتایی و شانەی بنکەیی و ناوچەو لق) پێکهاتبوو، لە پەیوەندییەکانی نێوان ڕێکخستنەکان پەیڕەوی سیستەمی دەزولەیی کراوە، لە گرنکترین ئەرکەکانی ڕێکخستن پەیوەندی کردن بو بە جەماوەرو هێنانیان بۆ نێو ڕیزەکانی حزب، جگەلەوەش پەیوەندی کردن بە چەکدارەکانی حکومەت و ڕێکخستنیان لەناو حزبدا، لەگەڵ دابینکردنی چەك و تەقەمەنی و دەرمان و پێداویستیە پزیشکییەکان بۆ پێشمەرگە[3].

جێی ئاماژەیە چالاکییەکانی پاسۆك لە سنوری شاری سلێمانیدا لە چوارچێوەیەکی زۆر سنوردار بوو، بە تایبەتی لە ماوەی نێوان (١٩٨٨-١٩٩١) چالاکی دیار بەرچاو ناکەوێت ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سنورداری توانای دارایی پارتەکەو کەمی ژمارەی ئەندام و لایەنگرانی، سەرەڕای شاڵاوەکانی ئەنفال کە کاریگەری لەسەر چالاکی سەرجەم پارتەکان هەبوو.

**ب- ئاڵای شۆڕش (ئاش)[4]**

سەبارەت بە چالاکی ئەم ڕێکخراوە لە ماوەی (١٩٨٨-١٩٩١) لە سنوری شاری سلێمانیدا زۆر کەم بووە، بە تایبەت چالاکی سەربازی لەو ماوەیەدا نابینرێت، ئەمەش بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە:

**یەکەم:** بەماوەیەکی کورت دوای دامەزراندنی ڕێکخراوەکە یەکێتی لە شەوی ٢-١٩٨٥/١١/٣ (مەلا بەختیار) سەرکردەی یەکەمی ڕێکخراوەکەی دەستگیرکرد[5]، هاوکات هەر یەکە لە (پشکۆ نەجمەدین، شێخ عەلی) کە دوو سەرکردەی دیاری ڕێکخراوەکە بوون دەستگیرکران، ئەمەش وایکرد ناوەندی کارو چالاکی ڕێکخراوەکە بکەوێتە ئەو دیو سنورو گوندی (زێوە) دەبێتە بنکەی ڕێبەریکردنی کارو چالاکییە سیاسی و ڕێکخراوەییەکانیان[6]، ئەمەش وایکرد لە سنوری شاری سلێمانی دور بکەونەوە و ئەنجامدانی چالاکییەکانیان ئەستەم بێت.

---

(١) نامەی مولازم شوان بۆ توێژەر لە ڕێگەی پۆستی ئەلیکترۆنییەوە لە ٢٠١٧/٧/٢٨.

(٢) کاروان ڕەوف: س. پ، ل٢٥.

(٣) بەشدار عبدالمجید: س. پ، ل٩٤.

(٤) ڕەوتێکی فکری بوو لەناو کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستاندا دروست بوو، لە ڕەوتی پەرەسەندنیدا ڕێکخراوێکی چەپی لێکەوتەوە. لە ئەنجامی ململانێی ناو کۆمەڵە لە نێوان باڵی سکرتێر (نەوشیروان مستەفا) و باڵی بەرهەڵستکار بە سەرکردایەتی (مەلا بەختیار- سالار عەزیز) پەیدا بوو، لە کۆنفرانسی سێیەمی کۆمەڵە لە تەموزی ١٩٨٤ لە مێرگەپان لە بناری چیای پیرەمەگرون بەسترا، باڵی سکرتێر سەرکەوتنی بەرچاوی بە دەستهێنا لە سەرجەمی (٧) کورسی سەرکردایەتی (٤) کورسی بەدەستهێنا، باڵی بەرهەڵستکار یەك کورسی بەدەستهێنا، بۆیە ڕەوتە نارازییەکە بە نهێنی ڕێکخراوی ئاڵای شۆڕشیان پێکهێنا، سەرکردایەتی مەیدانی ڕێکخراوەکە لەناو ولات هەر یەکە لە مەلا بەختیار، پشکۆ نەجمەدین، مەحمود عبدولرەحمان (شێخ عەلی) بوون، لە تشرینی دووەمی ١٩٨٥، لە کۆبوونەوەی بچوککراوەی مەکتەبی سیاسیی (ی. ن. ك) بریاری پاکتاوکردنی ڕێکخراوەکەیدا، دواتریش هەرسێ سەرکردەی ڕێکخراوەکە دەستگیرکران، بەڵام دواتر پشکۆ نەجمەدین و شێخ عەلی ڕزگاریان دەبێت، مەلا بەختیار تا هاوینی ١٩٨٩ لە زینداندا مایەوە، لە بەهاری ١٩٩٢ تێکەڵی حزبی زەحمەتکێشان بوون و لە ٢٤ تەمموزی ١٩٩٣ لەگەڵ یەکێتی یەکیان گرتەوە، بڕوانە: کەمال قەرەداغی: ئەو ڕۆژانەی بە کوردستانم بەخشین، چ٢، ٢٠١٣، ل٢١.

(٥) ئینسکلۆپیدیای یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان: س. پ، ل٢٧-٢٩.

(٦) پشکۆ نەجمەدین: س. پ، ل١٩٢.

دووەم: ڕێکخراوەکە لە یەکێتی جیابووەوە، بۆیە ڕێگەی بە ئەنجامدانی چالاکی نەدەدا لەو سنورەی کە لەژێر کۆنترۆڵی دا بوو، جگەلەوەش لە سنوری سلێمانیدا هیچ بنکەو بارەگایەکی ئاڵای شۆڕش نەبوو[١]، تەنها ئەوە نەبێت هەندێك لە پێشمەرگەکانیان لە ناوچەی (قەرەداغ و گەرمیان) بە پارتیزانی دەژیان و کاری حزبیان هەڵدەسوڕاند[٢]، هەریەکە لە (شاسوار و حەمە ڕەش) سەرپەرشتیان دەکردن[٣].

جێی ئاماژەیە دوای جیابوونەوەی ڕێکخراوەکە لە یەکێتی و دەستگیر کردنی سەرکردەکانیان و ڕۆشتنی بەشێکی زۆری پێشمەرگەکانیان بۆ ئەو دیو سنوری پارێزگاکە کاریگەری تەواوی لەسەر جموجوڵی ڕێکخراوەکە هەبووە لە شاری سلێمانیدا. ئەوەی تایبەتە بە ڕێکخستنەکانی ڕێکخراوەکە لە ناو شاری سلێمانیدا ڕێکخستنی نهێنی هەبووە، سەرەتا ڕێکخستنەکان بە شێوەی ئەڵقەی دیراسی بون، شێوەی ڕێکخستن لە(٥) کەس ڕێکدەخرا بەمشێوەیە (٥٠+١= ٦١) واتە یەك لەگەڵ سفرو یەك لەگەڵ پێنج کۆدەرایەوەو دەبو بەناوی شانەی ڕێکخستنەکە، ئەوانەشی کە لە ڕێکخستنی ئاڵای شۆڕشدا کاریان دەکرد، خەڵکی هۆشیارو بە ئەزمون و ڕۆشنبیر بون و زۆربەشیان سەر بە ڕێکخستنەکانی (ی. ن. ك) نەبون[٤].

پەیوەندی و نامە گۆڕینەوەش لە نێوان مەلا بەختیارو ئەڵقە دیراسییەکانی ڕێکخستنی ناو شاری سلێمانی هەبووە پێش دەستگیر کردنی سەرکردەکانی ڕێکخراوەکە لەمبارەیەوە مەلا بەختیار دەنوسێت:"ئەو کاتەی کە چوومە تەکیەی قەرەداغ دوو نامەم بۆ ئەڵقە دیراسییەکانی ناو شاری سلێمانی ناردووە، کە ئێمە لە قەرەداغین و سیاسەتمان ڕوون کردۆتەوە، لەگەڵ جیابوونەوەی سەربازی نین لەناو یەکێتی، لەگەڵ ئەوەشداین کە شەڕی ناوخۆ نەمێنی"[٥].

بەڵام دوای دەستگیرکردنی سەرکردەکانی ڕێکخراوەکە کە (مەلا بەختیارو پشکۆ نەجەمدین و شێخ عەلی) بوون، ڕێکخستنەکان لە ئەڵقەی دیراسیەوە گۆڕا بۆ کۆمیتەی شارەکان و لەگەڵ کۆمیتەی شاخ ڕێکخرایەوە[٦]. کۆمیتەی ڕێکخستنی سلێمانی ئاڵای شۆڕش پێکهاتبوو لە (کەمال قەرەداغی) لێپرسراوی کۆمیتە، هەر یەکە لە (هاوڕێ محەمەد کەریم، نەوزاد مەحمود، حەمەی نفوس، حەسەن سایە خان، شۆڕش دوکانی، حەسەن محەمەد سەعید) ئەندامی کۆمیتە بوون، بەڵام دواتر کەمال قەرەداغی بوو بە لێپرسراوی کۆمیتەی هەموو شارەکان و سەرپەرستی هەموو ڕێکخستنەکانی ناو شاری دەکرد[٧]، هەروەها ڕەوف چاو جوان کە بە (مامۆستا عادل) ناسرا بوو، لە کادرە بە تواناکانی ڕێکخراوەکە بووەو ڕۆڵی دیاری لە ڕێکخستنەکانی شاری سلێمانیدا هەبووە[٨]، ڕوناك شێخ جەنابیش ڕۆڵی بەرچاوی لە ڕێکخستنەوەی ڕێکخستنەکانی ناو شاری ئاڵای شۆڕشدا هەبوو، لە

---

(١) بەشدار عبدالمجید: س. پ، ل١٠٠.

(٢) مەحمود سەنگاوی: س. پ، ل١٧٧-١٧٨.

(٣) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (کەمال قەرەداغی)، سلێمانی، ٢٠١٧/١/١٧

(٤) کەمال قەرەداغی: س. پ، ل٢١.

(٥) مەلا بەختیار: یاخی بون لە مێژوو (لێکدانەوەی ئاوەژوونەکردنی ڕاستیەکان)، ب١، چاپخانەی داناز، (ب. ش)، ١٩٩٨، ل١٣٨، ٢٩٠.

(٦) کەمال قەرەداغی:س. پ، ل٧٢.

(٧) هـ. س، ل٢٢، ٧٨-٧٩.

(٨) پشکۆ نەجمەدین: س. پ، ل٣٥.؛ کەمال قەرەداغی: س. پ، ل٧٢، ٢٧.

دوای دەستگیرکردنی سەرکردەکان ڕێکخراوەکە کە دەکەوێتە ناو شار کۆبونەوەی جیا جیا ئەنجام دەدات و ڕێکخستنەکان لە شڵەژان و لە ناوچوون پاراست[١].

لە گرنگترین ئەرکەکانی ڕێکخستن کۆکردنەوەی پارەو کۆمەك بوو لە دەوڵەمەندانی ناو شاری سلێمانی و ناردنی بۆ (زێوە) کە سەرکردایەتی ڕێکخراوەکەی لێبوو، کەمال قەرەداغی دەنوسێت:"ئەو کاتە لەبەرئەوەی لیژنەی سەرپەرشتی لە (زێوە) بون، دەبوو ئێمە لە شارەوە کۆمەك و پارەو پێویستیان بۆ ڕەوانە بکەین، دەستمان کرد بە ناردنی پسولەی پارە وەرگرتن بۆ ئەو هاولاتیانەی دەوڵەمەندو پیاو چاك و هاوكاری شۆڕش و کوردایەتی بون"[٢]. ئەو کەسانەی کە هاوکاری ئاڵای شۆڕشیان کردبوو بە پارە لە شاری سلێمانیدا (تۆفیق حەڵواچی، د. شەوکەتی صەیدەلی، د. ناهیدە، فاروقی مەلا مستەفا، حاجی ئەحمەدی فەرش فرۆش، عومەری وێنەگر) بون[٣].

ئەرکێکی دیکەی ڕێکخستنەکان سەرپەشتی کردنی برادەرانی زیندان بو، کە بەردەوام لە هەوڵی ڕزگارکردنیان بون، چەند جارێکیش هەوڵی ڕزگار کردنیان دراوە، بەلام سەرکەوتوو نەبوون[٤]. سەرپەرشتیکردنی ئەو پێشمەرگانەی ئالای شۆڕش کە لەناو یەکێتی بون و ناردنی نامە لەسەر کارو چالاکییەکانیان بۆ ناو زیندانی یاخسەمەرو لێدانی پیاوانی حکومەت لە ئەرکەکانی تری ڕێکخستن بون[٥]، بلاوکردنەوەی بەیاننامەو هەڵوێست وەرگرتن لەسەر تاوانەکانی حکومەت ئەرکی دیکەی ڕێکخستن بوون، بە تایبەت لەسەر تۆپبارانی سلێمانی لەلایەن ئێران و کاتی کیمیاباران کردنی هەڵەبجە بەیاننامەیان هەبووە و حکومەتی عێراقیان تاوانبار کردووە[٦].

بەلام لەدوای دەستگیر کردنی کەمال قەرەداغی لەلایەن حکومەتی بەعسەوە لە (١/١٠/١٩٨٩) کە لێپرسراوی هەموو ڕێکخستنەکانی ئالای شۆڕش بوو لە ناو شاردا ئیتر چالاکی بەرچاو ناکەوێت و ڕێکخستنەکان لاوازو سڕ دەبن هەتا کاتی ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١[٧].

جگە لەو پارت و ڕێکخراوانەی باس کران چەند ڕەوت و ڕێکخراو پارتێکی دیکە لە شاری سلێمانیدا بونیان هەبوو، بەلام چالاکیان لە ئاستێکی لاوازو بچوکدا بووە و کارگەرییان لەسەر حکومەتی بەعس و هەڵوێستەکانی نەبووە، هەروەها بنکەی جەماوەرییان لە چوارچێوەیەکی بەرتەسکدا بوو، جگەلەوەی بەشێك لەو پارتانە سەر بەحکومەتی عێراق و حزبی بەعس بوون و زیاتر چالاکییەکانیان لە خزمەتی ئامانج و سیاسەتەکانی حکومەتی عێراقدا بوون[٨].

بەشێوەیەکی گشتی لە دوای پرۆسەی شاڵاوەکانی ئەنفال و وەستانی جەنگی عێراق-ئێران لە ٨ ئابی ١٩٨٨، خاپورکردنی گوندەکانی کوردستان و چۆڵ بونیان، کە بنکەو بارەگای زۆربەی پارت و ڕێکخراوەکانی باشوری کوردستان بون، بو بەهۆی ئەوەی کە ئەو پارت و ڕێکخراوانە بنکەو بارەگاکانیان بۆ ئەو دیو سنور

---

(١) کەمال قەرەداغی:س. پ، ل٧١.

(٢) هـ. س، ل٦١.

(٣) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (کەمال قەرەداغی)، سلێمانی، ١٧/١/٢٠١٧؛ کەمال قەرەداغی: س. پ، ل٢٧.

(٤) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (کەمال قەرەداغی)، سلێمانی، ١٧/١/٢٠١٧.

(٥) پشکۆ نەجمەدین: س. پ، ل٢٥٧.

(٦) کەمال قەرەداغی: س. پ، ل٦١.

(٧) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (کەمال قەرەداغی)، سلێمانی، ١٧/١/٢٠١٧.

(٨) بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەو ڕەوت و پارت و ڕێکخراوانە و چالاکییەکانیان بڕوانە// بەشدار عبدالمجید: س. پ، ل١٠٤-١١٧.

بگوازنەوە، بۆیە لە ماوەی (١٩٨٨-١٩٩١) چالاکی ئەم پارتانە لە چاو ساڵانی (١٩٨٠-١٩٨٨) لە ئاستێکی لاوازدا بووە، بە تایبەت چالاکی سەربازی، بەڵام بەگشتی ئەو پارتانەی کە باسمان کردن خاوەنی ڕێکخستنی خۆیان و بنکەی جەماوەری بون لە شاری سلێمانیداو لە خەبات و شۆڕش بەردەوام بون، دواجار بەشداری کارایان لە ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ دا هەبووە.

**باسی سێیەم: شاری سلێمانی لە سەروبەندی ڕاپەڕین و کۆڕەودا:-**

**یەکەم: ڕاپەڕینی شاری سلێمانی لە ٧ ئازاری ١٩٩١**

دوای ڕاوەستانی جەنگی عێراق- ئێران لە ٨ ئابی ١٩٨٨، عێراق توشی تەنگژەی ئابوری هات، لەناوخۆشدا ناڕەزایی و بێزاری خەڵك پەرەی سەندبوو بۆ دەرفەتێك دەگەڕان بۆ ڕوخاندنی ڕژێم، بۆ داپۆشینی ئەو شکستە ئابوری و کۆمەڵایەتیەی کە بەسەر حکومەتی عێراقدا هاتبوو، حکومەتی عێراق بڕیاری داگیرکردنی کوێتی دا، لە ٢ ئابی ١٩٩٠ داگیریکرد[١]. داگیرکردنی کوێت کاردانەوەی هەرێمی و نێودەوڵەتی بەدوای خۆیدا هێناو تەنانەت کۆنگرێسی ئەمەریکا لە ڕۆژی ١٢ کانوونی دووەمی ١٩٩١ بڕیاری بەکارهێنانی هێزی لە دژی عێراقدا[٢]، مۆڵەت بە عێراق درا کە تا ١٩٩١/١/١٥ لە کوێت بکشێتەوە، بەڵام دەسەڵاتدارانی عێراق گوێیان بەم داوایە نەدا، بۆیە ئەمەریکاو هاوپەیمانەکانی لەشەوی (١٦-١٩٩١/١/١٧) هێرشی ئاسمانیان بۆ سەر عێراق دەستپێکرد، هەتا ڕۆژی ١٩٩١/٢/٢٦ بەردەوام بوو، لە ئەنجامدا عێراق لە کوێت دەرکراو زەرەرو زیانێکی گەورەی گیانی و ماددی و مەعنەوی بەر سوپای عێراق کەوت[٣]، سەرۆکی ئەمەریکا لە (١٩٩١/٢/١٥) داوای لە خەڵکی عێراق کرد کە لەدژی (سەدام حسێن) ی دیکتاتۆر ڕاپەڕن و بیڕوخێنن[٤]، ئەمانەو چەندین هۆکاری دیکە، چ نێوخۆیی و چ دەرەکی بو بەهۆی ئەوەی ڕاپەڕین لە عێراق و باشوری کوردستان دەست پێبکات[٥].

سەرەتا ڕاپەڕین لە ناوچەکانی باشوری عێراقدا لە ٢٨ شوباتی ١٩٩١ دەستی پێکرد[٦]، لە ناوچەی عەممارەو زۆرنگاوەکانەوە بەرەو بەسراو ناوچەکانی دیکە[٧]، دواتر شارەکانی ناسرییە، سەماوە، دیوانیە، کەربەلا و نەجەف و شارەکانی دیکەی گرتەوە[٨].

سەبارەت بە باشوری کوردستان ( باکوری عیراق)، سەرەتا ڕاپەڕین لە شاری ڕانیەوە دەستیپێکرد لە ١٩٩١/٣/٥، هۆکاری دەستپێکردنی ڕاپەڕین لە ڕانیەوە دەگەڕایەوە بۆ ئەوەی کە سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی وەك یەکەمین شوێن دەستنیشانی کردبوو کە ڕاپەڕین لە وێوە دەست پێبکرێت لەوبارەیەوە نەوشیروان مستەفا (١٩٤٤-٢٠١٧) نوسیویەتی :"ئێمە ڕانیەمان هەڵبژارد بۆ ئەوەی ڕاپەڕین لەوێوە دەست پێبکرێت، چونکە بارەگاکانی ئێمە نزیك بوو لەو ناوچەیە، هەروەها ڕانیە دەکەوێتە ناوەڕاستی کوردستانی عێراقەوە، ئێمە بێجگە

---

(١) عبدالعزيز يوسف الاحمد: موسوعة حرب الكويت من الاحتلال للتحرير، كتاب و ثائقى، ط١، ١٩٩٢، ص٣٩؛ حامد محمود عيسى: الشكلة الكردية، مكتبة مدبولى- مصر، ١٩٩٢، ص٢٧٢.

(٢) پیتەر گالبرێس: کۆتایی عێراق، و: سۆران عەلی محەمەد، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل٦٨.

(٣) سەبارەت بە زەرەرو زیانەکانی سوپای عێراق ئاماژە بەوە دەکرێت کە لە کۆی (٥٠٠) هەزار سەرباز (١٥٠) هەزار بە سەلامەتی دەرچوون، نزیکەی (١٧٥) هەزار سەرباز بە دیل گیران، (٣٥٠٠) زرێپۆش تێکشکێنرا، ٢ هەزار تۆپی گەورە لە ناوبرا، سوپای عێراق ٢٥٠٠ سەربازو (١٠٠٠) زرێپۆشی مایەوە ، ڕەنگە ژمارەکان زۆر ورد نەبن، بەڵام ئەوەی ئاشکرایە سوپای عێراقی توشی شکستێکی گەورە هات، (بڕوانە// الحزب الشيوعى العراقى: ازمة الخليج و لاردن، الثقافة الجديدة، العدد (١٥)، السنة ٣٨ اب، ١٩٩١، ص٧١).

(٤) لوقمان مەحۆ: دۆزی کورد لە سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکاندا، ب١، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠١٢؛ سەمانسا پاوەر: هەڵەبجەو ئەنفال، ل٧٦.

(٥) بۆ وردەکاری زیاترو هۆکارە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی ڕاپەڕین بڕوانە// ئاراس عەبدولرەحمان مستەفا: س. پ، ل١١١-٢٠٠.

(٦) ماجد الماجد: انتفاضة الشعب العراقي ١٩٩١، دار الوفاء، بيروت، ١٩٩١، ص١٠٧.

(٧) کەریم یەڵدز: کورد لە عێراق، و: شاهۆ بورهان، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٧٥.

(٨) ژیلوان عبدالله احمد: س. پ، ل١٤٩.

لە ناوچەی ڕانیە نەماندەتوانی لە هیچ شوێنێکی ترەوە هێزەکانمان بەرەو هەولێر بجوڵێنین"[١]. جگەلەوەش جیاواز لە قەزاکانی دیکە، ڕانیە تاکە قەزا بوو لەو سنورەدا کە تێك نەدرابێت و دانیشتوانەکەی ڕانەگوێزرابێت، بەو شێوەیە لە ڕۆژانی (٥-١٩٩١/٣/٦) شاری ڕانیەو چەمچەماڵو بازیانو ئۆردوگاکانی دەوروبەری سلێمانی لە ڕژێمی بەعس پاك کرایەوە، ئەمەش بواری هەڵهاتنی سەرباز و پیاوانی ڕژێمی لە ناو شاری سلێمانیدا نە هێشتەوە، هەر لەبەر ئەوەش بوو بەشێکی زۆریان بە دیل دەگیرێن ، ئەوانەشی بەرگرییان کرد کوژران [٢].

لە ڕۆژی ٦ ئازاری ١٩٩١ بارودۆخی شاری سلێمانی ئاڵۆزی زۆری بەخۆیەوە بینی، مەفرەزەکانی ئەمن، ڕێگەیان لە ئۆتۆمبیلو پیادەش دەگرت کە بەرەو بازاڕ بڕۆن، هێزی چەکدار بە چڕی لە بازاڕی شاری سلێمانیدا بڵاوەیان پێکرا، چەکی دۆشکەو بیکەسیان پێبوو، ئەو چایخانانەی کە خەڵکی زۆر ڕویان تێدەکرد لەلایەن دەزگا نهێنییەکانی دەوڵەتەوە داوایان لێکرا کە دایخەنو لەناو بازاڕدا هاتوچۆ نەکەن، هەموو پیاوانی دەوڵەتیش خرانە حاڵەتی ئامادەباشیەوە[٣]. بۆ ئێوارەی هەمان ڕۆژ بە پێچەوانەی ڕۆژانی دیکەوە زۆر زووتر دوکانی بازاڕەکان داخرانو شەقامەکان چۆڵ بوون، چەندین سەربازو پۆلیس لەبەر دەرکی سەرا دەبینران کە لولەی چەکەکانیان لە شەقامەکان کردبوو ئامادەبون بۆ هەر حاڵەتێکی لە ناکاو[٤]. لەگەڵ ئەوەشدا سەر لە ئێوارەی ٦ ئازار یەکەمین خۆپیشاندانی لاوان لە کۆڵانەکانو شەقامەکاندا بە شێوەی پەلاماردانو هەڵاتن دەست پێکرد، چەکدارو پۆلیسو ئەمنی حکومەت تەقەی هەواییان دەکردو بڵاوەیان بە خۆپیشاندانی لاوان کردو کشانەوە بۆ ناو کۆڵانو ماڵەکانیان[٥]. بۆ کۆنترۆڵکردنی بارودۆخەکە دامو دەزگاکانی حکومەتی بەعس چەندین پلانو ڕێوشوێنی تایبەتیان گرتە بەر لەوانە: هەر لە ڕۆژی ٦ ئازاری ١٩٩١، پارێزگاری سلێمانی کۆبوونەوەیەکی بە سەرۆك فەرمانگەکان کردو لە وێدا هەڕەشەی توندی کردبوو، کە ئەگەر خۆپیشاندان بکرێت ئەوا بە گوللە وەڵام دەدرێنەوە[٦].

لە شەوی ٦-٧/ئازاری ١٩٩١ حکومەت بۆ کۆنترۆڵکردنی بارودۆخەکە، لەناو شارداو بە شەقامە گشتییەکاندا بە سەیارە گەڕاو بە بڵندگۆ قەدەغەکردنی هاتووچۆی ڕاگەیاند(٧)، بەڵام بە پێچەوانەی بڕیاری حکومەت تا بەیانی هەڵسوڕاوانو جەماوەری خەڵك لە جموجۆڵدا بوون سەردانی یەکتریان دەکرد، خەریکی خۆ ئامادەکردنو پەیداکردنی چەك بوون[٨].

---

(١) ئاراس عەبدولرەحمان مستەفا: س. پ، ل٢٧٧.

(٢) ڕەشاد حسێن، د. ساجد، کاروان جەلال: سلێمانی سبەینێ زەماوەندە، ٣/٧ پانۆرامایەکی ڕۆژانی ڕاپەڕینە مەزنەکەی ئازاری ١٩٩١، (ب. ش. چ)، (ب. س. چ)، ل٤.

(٣) محەمەد فەریق حەسەن: س. پ، ل١٦١.

(٤) ڕەشاد حسێنو ئەوانی تر: س. پ، ل١٣.

(٥) مظفر محەمەدی: بزوتنەوەی شورایی لە کوردستانی عێراق، چ١، لە بڵاوکراوەکانی حزبی کۆمۆنستی کرێکاری عێراق، چاپخانەو ئۆفیسێتی سەفوەت، تشرینی یەکەم ١٩٩٨، ل٩.

(٦) ڕەشاد حسێنو ئەوانی تر: س. پ، ل١٣.

(٧) عەبدولرەزاق مەرزنگ: س. پ، ل١٠٩. ؛ ڕۆژنامەی (سلێمانی نوێ)، ژمارە (٦١)، یەك شەممە، ٢٠٠٣/٣/١٦، ل٤.

(٨) مظفر محەمەدی: س. پ، ل٩.

جێی ئاماژەیە کە (ئیزگەی دەنگی گەلی کوردستان)[1]، ڕۆڵێکی بەرچاوی لە ڕاپەڕیندا هەبوو، لەمبارەیەوە ئازاد چالاك بەڕێوبەری ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستان لەوکاتەدا دەڵێت:"پێش ڕاپەڕین کاك نەوشیروان مستەفا چەندین وتارو نوسینی بە پێزی بۆ ناردین، کە تایبەت بو بە زانیاری لەسەر سوپای عێراق و ژمارەو جۆری چەك و شوێنە گرنگەکانیان، داوای لێکردین کە ئامادەبین بۆ ڕاپەڕین و وتاری حەماسی لە ڕادیۆوە بخوێنینەوەو هانی جەماوەر بدەین بۆ ڕاپەڕین و ورەیان بەرز بکەینەوە، بۆ ئەو مەبەستەش دەستمان کرد بە ئامادەکردنی مارشی سەربازی و هاندانی جەماوەر بۆ ڕاپەڕین"[2].

ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستان بەردەوام جەماوەرو شانە چەکدارەکانی ناوشاری سلێمانی ئاگادار دەکردەوەو بانگەوازی دەکرد و دەیووت (لە زمناکۆوە بۆ ئازاد ١٧٢٠. . . ٧ی مانگ زەماوەند بکەن ئێمەش دەگەینە لاتان)[3]، جگەلەوەش ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستان بانگەوازی بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان کرد، داوای ڕێکخستنی ڕیزەکانیانی دەکرد، داوای لە چەکدارانی ڕژێمی بەعس دەکرد کە بەرگری نەکەن و خۆیان بە دەستەوە بدەن و لەبەرامبەردا گیانیان پارێزراوە، لەگەڵ ئەوەش بانگەوازی ئاشتبوونەوەو لێبوردنی چەکدارانی سوپای عێراق چەندجارێك بە زمانی عەرەبی و کوردی خوێندرایەوە[4].

لەپاڵ ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستان کە زمانحاڵی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بوو، (دەنگی کوردستانیش) کە زمانحاڵی (پ. د. ك) بوو لە پێش ڕاپەڕین لە ڕێگەی ئەو وتارانەی کە بڵاوی دەکردەوە، کە تایبەت بوو بە تاوانەکانی ڕژێمی بەعس دەوری خۆی هەبووە[5]، بەڵام لە کاتی ڕاپەڕیندا ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستان سەرکەوتووترین ڕۆڵی بینی لە هەموو ڕادیۆکانی دیکە چالاکتر بووە، زۆرترین گوێگری هەبوو[6]، ئەو کەسانەی کە لە ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستان جۆش وخرۆشیان بەبەر خەڵکدا دەکرد و جەماوەریان بۆ ڕاپەڕین هاندەدا، بریتی بوون لە (باست حەمەغەریب، شوان کابان، چیا و چالاك، زێرەڤان) ئەمانە وەك بێژەر کاریان دەکرد و وتارو هەواڵ و بانگەوازەکانیان بە زمانی کوردی و عەرەبی و تورکمانی دەخوێندەوە، هەریەك لە ئازاد

---

(١) ئیزگەی دەنگی گەلی کوردستان لە ڕێگای قاچاخچییەکی یوغسلاڤیەوە دەکڕێت و دەگەیەنرێتە وڵاتی سوریا، دواتر لە ١٩٧٦/١٠/٢ لەلایەن سەید مرسل هەولێرییەوە دەگوازرێتەوە بۆ کوردستان، بۆ یەکەمجار لە ١٩٧٩/٣/٢١ بەرنامەکانی خۆی بەناوی (ئیزگەی دەنگی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان) بڵاوکردەوە، ئەوانەی ئەوکات کاریان تێدا دەکرد، هەریەکە لە مامۆستا جەعفەرو پشکۆ سەعید ناکام و مامۆستا موحسین و فەرید ئەسەسەرد و هۆشیار عابد بون)، لە ١٩٨٠/٨/١، بەرنامەکانی بەناوی دەنگی شۆڕشی عێراق بڵاودەکردەوە، دواتر بەناوی (دەنگی گەلی عێراق)، لە ساڵی ١٩٨٥ لەسەر بڕیاری سەرکردایەتی یەکێتی بەرنامەکانی بەناوی (ئیزگەی دەنگی گەلی کوردستان) بڵاوکردەوە، لەبەر بارودۆخی نالەبار ئەم ئیزگەیە چەندین جار جێگاکەی گۆڕاوە، وەك گوندی نۆکان، توژەڵە و دۆڵی جافایەتی، لە دوای پاشەکشەی هێزی پێشمەرگە بۆ سنوری ئێران لە ماوەی ١٩٨٨-١٩٩١، لە شاری سەقز لە ئێران دانراو بەردەوام بووە. (بڕوانە، ئەرسەلان بایز: ڕاگەیاندنی شۆڕش و بزوتنەوەی شیعری کوردی، سلێمانی، ٢٠٠١، ل١٢٨- ١٢٩. ؛ ئەمیر نامیق عەبدوڵڵا: ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٢٩-٤١ ).

(٢) بەرنامەی ڕوداو و مێژوو: ئامادەکردن و پێشکەش کردنی فەیسەڵ محەمەد، کەناڵی Nrt، لە ٢٠١٦/٣/٦، بڵاوکراوەتەوە.

(٣) ئاراس عەبدولرەحمان مستەفا: س. پ، ل٣٠٦-٣٠٧.

(٤) ئازاد چالاك: ڕۆڵی ئیستگەی دەنگی گەلی کوردستان، ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، ژمارە (٣٣٥)، ١٩٩٣/٣/٨.

(٥) بارزان مەلا خالید: گوێزدەی ئێزگەی دەنگی کوردستان، ڕۆژنامەی (برایەتی)، ژمارە (١٨٩٤)، ساڵی ١٩٩٤.

(٦) سەرکەوت: دور اذاعة صوت شعب كردستان في الانتفاضة، گۆڤاری (سەرهەڵدان)، ژمارە (٢)، ١٩٩٣، ل٨٥ . ؛ شەوکەتی حاجی حاجی موشیر: چیۆەڕۆ. . . س. پ، ل١١.

جونديانی، مامۆستا عەبدولرەحمان، عەباس بەدری، مەحمود ڕەزا) وەك نوسەرو داڕێژەری هەواڵ كاریان تێدا دەكردو ڕۆڵی بەرچاویان هەبوو، ئەوانەی لە بەشی هونەری ئەو ڕادیۆیە كاریان دەكرد (ڕێدار، بەختیار، مامۆستا محسن، كرمانج و پشتیوان زبێر) بون[1].

سەبارەت بە ئامادەكاریی و جموجۆڵی ڕێكخستنەكانی حزب و پارتەكان پێش ڕاپەڕین، لە شاری سلێمانیدا هەر لایەنەو بە پێی توانا و قەبارەی خۆی ئامادەكاری بۆ ١٩٩١/٣/٧ كردبوو، سەبارەت بە یەكێتی نیشتیمانی كوردستان، سەرەڕای دەستگیركردنی بەشێكی زۆر لە ئەندامانی ڕێكخستنەكانی، بەڵام جارێكی تر توانیان خۆیان ڕێكبخەنەوەو درێژە بەكارەكانیان بدەن، لێپرسراوی یەكەمی ڕێكخستنەكانی (ی. ن. ك) پێش ڕاپەڕین لە شاری سلێمانیدا هەر یەكە لە (ئاكۆ محەمەد وەهبی و خالید ڕەزا) بون، كارەكانیان لە ڕێكخراوی سلێمانی هەڵدەسوڕاند، جگەلە پەیوەندی كردن بە سەرۆك جاشەكان و چەكدارەكانی سەر بە حكومەت، چەندین شانەی چەكداریان لە ناو شاری سلێمانی دروستكردبوو بەناوی (شاڵاو)، شانەكان لەلایەن هەر یەكە لە (حەمە نوری، ئەحمەدحەمە ڕەشید) سەرپەرشتی دەكران[2]، هەر لەو ماوەیەدا چەندین پەخشكراویان بۆ ئەندامان ناردووە، تێدا چۆنیەتی دەست بەسەرداگرتنی دامەزراوەكانی ڕژێم و پاراستنی بەڵگەنامەكان ڕوون كراونەتەوە[3].

لە ١٩٩١/٣/٦ (كاوەی مامە عەبە) لە ژێر ناوی نهێنی (ستەم) نوسراوێكی بۆ نەوشیروان مستەفا ناردووە بە نازناوی (مەولود) تێدا زۆر بە وردی شوێنی بارەگاكانی حزبی بەعس و جەیشی شەعبی و هەمو ئەو مەفرەزانەی بەعسی كە بە ناو شاردا دەگەڕان بۆ ترساندنی خەڵك خستبووە ڕوو، هەر لە نووسراوەكەدا هاتووە :"(هێزەكانی ئێمە) ئامادەن بۆ ڕاپەڕین، پەیوەندیان بە هەموو بنكەكانی پۆلیسەوە كردووە، هێزەكانی ڕژێم تۆقیون و ناوێرن هیچ بكەن، تەنها ئەوەندە نەبێ بەرگری لە خۆیان بكەن، دڵنیابن هەمومان شەهید بین كەمە لە پێناوی سەركەوتنی یەكجارەكی ڕاپەڕینداو هەمومان وەك سەركردەكانمان دروشمی گەورەو هەمیشەی كەم ژیان و كەڵ ژیانمان هەڵبژاردووە"[4].

جگەلە ڕێكخراوی سلێمانی، هێڵەكەی دیكەی ڕێكخستن كە (جەمال شێخ نوری) سەرپەرشتی دەكرد خەریكی خۆ ئامادەكردن بون بۆ ڕۆژی ١٩٩١/٣/٧، هەوڵیانداوە كە كەس وكاری شەهیدان و خەڵكی شۆڕشگێڕی شاری سلێمانی كۆبكەنەوەو پەیوەندیشیان بە شانە چەكدارەكانەوە كردووە بۆ ڕۆژی ڕاپەڕین[5]. سەرەڕای ئەوەش یەكێتی شۆڕشگێڕانیش، كە ڕێكخراوی تایبەت بە خۆیان هەبوو، تەواوی ئەندامەكانی خۆیان خستوەتە حاڵەتی ئامادە باشییەوە، بەماوەیەك پێش ڕاپەڕین، بە دوو نوسراوی جیاواز یەكێكیان لە ڕێكەوتی (١٩٩٠/١١/٢٢) ئاڕاستەی ڕێكخستنەكانی شۆڕشگێڕان كراوە لە ناو شاری سلێمانی، داوا دەكات كە ڕێكخستەكانیان فراوان بكەن و پەیوەندی بە پیاوانی ڕژێم و جاشەكانەوە بكەن و ئامادەیان بكەن بۆ كاتی پێویست، هەر لەو نوسراوەدا باس لەوەكراوە كە ڕەنگە بارودۆخی عێراق بەرەوە شڵەژان بڕوات، بۆیە داوا لە ڕێكخستەكان دەكات كە خۆیان بەهێز و ئامادە بكەن، لە نوسراوێكی تردا كە لە ڕێكەوتی(١٩٩١/٢/١٥) كە

(١) چاوپێكەوتنی كوردستانی نوێ (ڕۆژنامە) لەگەڵ باست حەمە غەریب، ژمارە (٤٧)، پێنج شەممە، ١٩٩٢/٣/١٩ . ؛ ڕۆژنامەی كوردستانی نوێ، (١٢٣٢)، ١٩٩١/٣/٧.

(٢) چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ (ئاكۆ محمد وەهبی)، سلێمانی، ٢٠١٧/٥/٢.

(٣) بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ناوەڕۆكی ئەو پەخشكراوانەی كە ئاڕاستەی ڕێكخستنەكان كراوە بڕوانە// پاشكۆی ژمارە (٢٣).

(٤) وەرگیراوە لە ئاراس عەبدولرەحمان مستەفا: س. پ، ل٣٠٨-٣٠٩.

(٥) جەمال شێخ نوری: وێرانكاری. . . س. پ، ل١٥٦.

ئاڕاستەی ڕێکخراوی (١٧ی زمناکۆ)ی شۆڕشگێڕان کراوە، لەو نوسراوەدا چەندین ڕێنمایی بۆ ڕێکخستنەکان نێردراوە سەبارەت بە ئامادەکاری بۆ ڕاپەڕین ، ڕای گەیاندووە تۆڵە سەندنەوە قەدەغەیە، تالأنکردن قەدەغەیە، دەست بردن بۆ فەرمانگە حکومییەکان قەدەغەیە[١]، لە دوای ئەو نوسراوانەش ڕێکخستنەکانی شۆڕش گێران چەندین کۆبونەوەیان ئەنجام داوە و ئەندامەکانیان لە ڕودانی ڕاپەڕین ئاگادار کردووەتەوە و بەرنامەی خۆیان داناوە، لە ڕۆژی ١٩٩١/٣/٧ دا لە پاڵ ڕێکخستنەکانی دیکە و شانە چەکدارەکانی ناو شاردا لە ئازادکردنی شاری سلێمانیدا بەشدار بوون[٢]، تەنانەت ڕێکخستنەکانی شۆڕشگێران لەڕاپەڕین و ئازادکردنی ناوچەکانی دەوروبەری سلێمانیشدا بەشدار بوون، لە ئازادکردنی (بەکرەجۆ) و دەستبەسەردا گرتنی سەربازگەی (عەینە)دا ڕۆڵی دیاریان هەبووە[٣].

(ی. ن. ك) بەرنامەیەکی چڕو ئامادەکارییەکی تەواوی بۆ ڕۆژی ڕاپەڕین کردبوو، سەرجەم ڕێکخستنەکانی ناو شار ئاگادارکرابونەوە و ئامادەکرابوون بۆ ڕۆژی ڕاپەڕین، لەم نێوەندەدا ژنانی ئەندام لە ڕێکخستنەکانی ناوشاردا، ڕۆڵی بەرچاویان گێڕاوە شان بەشانی پیاوان و پێشمەرگەکان بەشداربوون لە پێش ڕاپەڕین و لە ڕۆژی ڕاپەڕینیشدا، هەر لە دەستنیشانکردنی شوێنەگرنگەکانی ڕژێم لە ناو شار و چارەسەرکردنی برینداران لە ڕۆژی ڕاپەڕیندا، ئامادەکردنی خۆراك و هاوکاری کردنی پێشمەرگە[٤]. لەلایەکی دیکەوە (حسك) یش جگەلە ڕێکخستنەکانی ناو شاری سلێمانی لە ١٩٩١/٢/٢٤ (جەلال حەمە ڕەشید) بە مەفرەزەیەکەوە دەنێرێتەوە ناو شاری سلێمانی بۆ چاودێریکردنی بارودۆخەکەو ئامادەکار بۆ ڕاپەڕین[٥]. حزبی شیوعی عێراقیش شانە چەکدارەکانی بۆ کاتی ڕاپەڕین ئامادەکرد بوو، هەروەها پەیوەندی لە نێوان (حشع) و (ی. ن. ك) هەبوو ئامادەبوون بۆ ڕاپەڕین[٦]. بە ماوەیەکی کەمیش پێش ڕاپەڕین (ڕەوتی کۆمۆنیست) شانەی چەکدارو کۆمیتەی ڕاپەڕینی لە شاری سلێمانیدا دروست کردبو، لە گەڕەکەکانی شاری سلێمانی کۆمیتەی ڕاپەڕین پێکهێنرابوو، لەوانە: گەڕەکی (خەبات، سەرشەقام، گۆیژە، هەوارەبەرزە، مەجیدبەگ، شێخ محێدین، سەرکارێز، گاوران،

---

(١ ) بۆ ناوەڕۆکی تەواوی ئەو دوو نوسراوەی شۆڕشگێڕان کە ئاڕاستەی ڕێکخستنەکانی ناو شاری سلێمانی کراوە، بڕوانە پاشکۆی پاشکۆی ژمارە(٢٤).

(٢)چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(ڕەوف حەسەن مەمەند)، سلێمانی، ٢٠١٨/٤/٢٦. ناوبراو لە ساڵی ١٩٦٩ لە سلێمانی لە دایك بووە، خوێندی سەرەتایی و ئامادەی لە سلێمانی تەواوکردووە، ساڵی ١٩٨٩ پەیمانگای پیشەی بەشی ئۆتۆمبێلی لە موسڵ تەواو کردووە، لە ساڵی هەشتاکانەوە پەیوەندی بە (ی. ن. ك)ەوە کردووە لە باڵی یەکێتی شۆڕشگێران کاری کردووە، چەند پلەیەکی حزبی بڕیوە، لە ساڵی ٢٠١١-٢٠١٥ کۆلێژی یاسای تەواو کردووە، ئیستا عەمیدی ماڤپەروەر و بەڕیوەبەری نوسینگەی پاسپۆرتی یەکی سلێمانییە، دانیشتوی شاری سلێمانیە.

(٣) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(عەبدوڵڵا محەمەد ڕەسوڵ) ناسراو بە (عەبدوڵڵا سور)، سلێمانی، ٢٠١٨/٤/٢٧. ناو براو لە ساڵی ١٩٤٧ لە گوندی تۆربە لە دایك بووە، لە تەمەنی لاوێتیدا پەیوەندی بە پارتی دیموکراتەوە کردووە، لە ساڵی ١٩٧٧ ەوە پەیوەندی بە (ی. ن. ك) باڵی شۆڕشگێڕانەوە کردووە، لە ساڵی ١٩٨١ ەوە بووە بە پێشمەرگە، لە ساڵی ١٩٨٩ەوە بۆکاری ڕێکخستن نێردراوەتەوە بۆ شاری سلێمانی ، لە ڕاپەڕیندا بەشداری کردووە.

(٤ )کەناڵی گەلی کوردستان:بەرنامەی تایبەت بە یادی ٢٥ ساڵەی ڕاپەڕینی شاری سلێمانی، ئامادەکردنی، سامان حەمە غەریب و هۆشمەند قادر هەورامانی، پێشکەشکردنی، سامان حەمە غەریب و شنیار سەلام، وەرگیراوە لە ئەرشیفی کەناڵی گەلی کوردستان(پارێزراوە لای توێژەر).

(٥) محەمەدی حاجی مەحمود: ڕۆژمێری. . . س. پ، ل٢٦٨.

(٦) چاوپێکەوتن توێژەر لەگەڵ (دلێر جەلال)، سلێمانی، ٢٠١٧/٥/٢٤ . ؛ دلێر جەلال ئەحمەد: چەند ڕاستیەك لە مێژووی ڕاپەڕینەکەی ١٩٩١، ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، ژمارە (٦٧٤)، ساڵی یەکەم، یەك شەممە، ١٩٩٤/٥/١، ل٥.

ئیبراهیم پاشا)، دەستیان کرد بە کۆکردنەوەی چەك و تەقەمەنی و ئامادەکاری بۆ ڕۆژی ڕاپەڕین[1]. لەگەڵ ئەوانەشدا ڕێکخستنەکانی (پ. د. ك) و بزوتنەوەی ئیسلامی شانە چەکدارەکانیان لە ناو شاری سلێمانیدا ئامادەکرابون، بۆ ڕۆژی ڕاپەڕین و لە ڕۆژی ٧/٣/١٩٩١ بەشداریان لە ڕاپەڕینی شاری سلێمانیدا کرد[2].

دوای ئامادەکاری ڕێکخستن و شانە چەکدارەکانی سەرجەم حزب و لایەنەکان ڕۆژی ٧/٣/١٩٩١ ڕاپەڕین لە هەموو لایەکەوە لە شاری سلێمانیەوە دەستی پێکرد، پێشتریش شانە چەکدارەکانی (شالاو) و سوپای ڕزگاری کوردستان (سرك) پلانی ئازادکردنی سەرجەم گەڕەك و شەقامەکانی سلێمانی دادەنێن، شارەکە دابەش دەکەن بەسەر سێ قۆڵدا:

**قۆڵی یەکەم:** گەڕەکی سەرشەقام، سابونکەران، خەبات، چوارباخ، سەرکارێز، گاوران، گردی سەیوان.

**قۆڵی دووەم:** گەڕەکەکانی دور الامن، کارێزەوشك، مەجیدبەگ، مامۆستایان، توی مەلیك، گۆیژە، کانێسکان، مەڵکەندی، هەوارەبەرزە، ئیسکان، ئازادی نیشتیمان.

**قۆڵی سێیەم:** گەڕەکەکانی شێخ محێدین، کارەباکە، بەختیاری، شەهیدانی سەرچنار، زەرگەتە، رعایە شەباب، گەڕەکی معمل(٣).

بەمشێوەیە، شاری سلێمانی بەسەر سێ قۆڵدا دابەشکراو بەرەبەیانی ٧/٣/١٩٩١ کاتژمێر ٧ی سەرلەبەیانی ڕاپەڕین لە فولکەی دەستاڕەکەوە دەستی پێکرد، لەمبارەیەوە (محەمەد فەریق حەسەن) دەنوسێت:"کاتژمێر (٧، ١٥) خولەکی بەیانی ڕۆژی ٧/٣/١٩٩١، (دڵشاد کویستانی) شاعیرو هونەرمەندی شێوەکار گەیشتە دەستاڕەکەو هەندێك لاو لەوێبوون، خۆیان دابووە پەنا، هەندێکیان بێ چەك بوون و هەندێکی تریشیان چەکیان پێ بوو، کاتێ دڵشاد کوێستانی گەیشتە ئەوێ ئەو فەزایەی پڕ لە شعری شۆڕشگێڕی کرد، داوای لە کچان و کوڕانی گەڕەك کرد بڕژێنە سەر شەقام، هەر خۆشی نەوتی پەیداکردو هەرچی تایە هەبوو ئاگری تێبەردا، دواتر لاوەکانی دوای خۆی خستو بە گوتنەوەی شیعرو سرودو هوتافەوە دەیان لاو سەرەو ژوور بە ڕێکەوتن، لە لایەن هێزەکانی حکومەتەوە تەقەیان لێکراو وەڵامیان درایەوە، بەمشێوەیە ڕاپەڕین لە سلێمانی دەستی پێکرد"[4]، بەڵام (ئازادە ڕەش) دەڵێت:"دوای چەك کردنی چەکدارێکی جەیشی شەعبی من دوو فیشەکم تەقاندو سەرجەم شانە چەکدارەکان گەیشتنە ئەو شوێنانەی بۆیان دیاریکرابوو، ئەوەبو ڕاپەڕین و پەلاماردان بۆ سەر دام و دەزگاکانی حکومەتی بەعس لە دەستاڕەکەوە دەستی پێکرد"[5].

لەگەڵ ئەوەشدا (جەمال شێخ نوری) ناوی چەندین کەسی دیکە دەهێنێت کە بەرەبەیانی ٧/٣/١٩٩١ لە دەستاڕەکە بەچاوی خۆی بینیونی[6].

---

(١) مظفر محەمەدی: س. پ، ل٨.

(٢) چاوپێکەوتن توێژەر لەگەڵ (عەبدولرەحمان سەنگاوی)، سلێمانی، ٢٢/٥/٢٠١٧.

(٣) ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، ژمارە (٣٧)، یەك شەممە، ٨/٣/١٩٩٢

(٤) محەمەد فەریق حەسەن: س. پ، ل١٦٦-١٦٧.

(٥) ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، ژمارە (٢٣٩٦)، یەك شەممە، ٨/٣/٢٠٠١؛ ڕەشاد حسێن و ئەوانی تر: س. پ، ل٥٦.

(٦) ئەوانیش (یاسین سالەی کەریمان، وەهابە خرە، بەکری قەساب، دڵشاد شێخ کەمال"کە هەر بەیانییەکەی شەهید بوو"، شوان فەرەج ناسراو بە شوانە ڕەش، بەکر دەرویش ناسراو بە "بەکرە کەڕ"، وەستا نامیق، زاهیر حەجۆل، یاسین ڕەزا، لوقمان خانەقینی، وشیار حسن). (بروانە// جەمال شێخ نوری: وێرانکاری. . . . س. پ، ل١٥٦-١٥٧).

شەڕ لە دەستاڕەکەوە دەستپێدەکات، لە چەند لایەکەوە تەقە لە ڕاپەڕیوان دەکراو وەڵام دەدرانەوە، کێشەی جەماوەری ڕاپەڕیو و شانە چەکدارەکان، کەمی چەك و تەقەمەنی بوو، بەڵام ئەوەش بەوە چارەسەر دەکرا هەر ماڵێکی جەیشی شەعبی و سەرۆك جاشێك شك ببرایە دەچوونە سەری و داوای فیشەك و چەکیان لێدەکرد، هەندێکیان هاوکاریان دەکرد و هەندێکیان بەدەم داواکاری ڕاپەڕیوانەوە نەدەچوون [١]. دوای ئەوەی خەڵك پەلاماری ماڵی جاش و سەرۆك جاشەکانی دا بۆ دەستکەوتنی چەك، چەکێکی زۆر کەوتە دەست جەماوەرو پەلاماردانی دام و دەزگاکانی حکومەتی بەعس دەستی پێکرد[٢]، بەو شێوەیە یەکەمین شوێن کە ئازادکرا بنکەی پۆلیسی سەرکارێز بوو[٣]، جێی ئاماژەیە لە هەندێك بنکەو بارەگای حکومەتی بەعس بەرگری نەکراو بەبێ شەڕ خۆیاندا بەدەست جەماوەری ڕاپەڕیوەوە، لەوانە:- ( بنکەی پۆلیسی سەر شەقام، بنکەی پۆلیسی سەهۆڵەکە، بنکەی پۆلیسی ئازادی)[٤].

بەڵام ئەمە بە مانای ئەوە نایەت کە حکومەتی بەعس دەستەوەستان بووەو هیچ هێرشێکی بۆ سەر جەماوەر ئەنجام نەداوە، بەڵکو هەر لە کاتژمێر ٧ ی بەیانییەوە لە چوار قۆڵەوە هێرشی بۆسەر جەماوەری ڕاپەڕیو دەستپێکرد، لەسەر کارێزەوە بۆ نەخۆشخانەی خەبات و لە دواناوەندی کوردستانەوە بەرەو فولکەی دەستاڕەکەو لە فولکەی خانەقاوە بەرەو سەرشەقام و لە فلکەی نێرگزەکەوە بەرەو دەستاڕەکە، هێرشەکە بە چەکی قورس و زرێپۆش و دۆشکەو سەدان سەربازو پیاوی ڕژێمی بەعس بەڕێوەچوو، شەڕەکە بۆ ماوەی (٢) کاتژمێر بەردەوام بوو، لەو شەڕەدا (ڕائد عەدنان) لێپرسراوی هێزەکانی فریاکەوتن و (١٣) چەکداری تری ڕژێم کوژران و بەعس پاشەکشەیان کرد[٥]. لە هەمان کاتدا لە ناوچەکانی دیکەوە لە هەموو گەڕەکەکانی شاری سلێمانی جەماوەرو ڕێکخستنەکان و شانە چەکدارەکان ڕاپەڕین، لە گەڕەکەکانی هەوارە بەرزەو توی مەلیك بۆ خوارەوە، لە ئازادی و برایم پاشا بۆ ناو بازاڕ، لە سەرچنارو بەختیارییەوە بۆ قولایی شار، لە ڕزگارییەوە بۆ پارێزگا[٦]، لە زەرگەتەشەوە زەرگەتەشەوە بۆ بەختیاری و مەعسکەر ساردا و کارێزەوشك[٧]. لە خەباتیشەوە بۆ زێڕینۆك و قرگەو ناوچەکانی دەوروبەری سلێمانی[٨]، بەوشێوەیە لە ماوەیەکی کەمدا ئەو شوێنانەی کەوتنە دەست جەماوەرو کۆنترۆڵکران، بریتی بوون لە (بنکەی پۆلیسی سەرکارێز، ڕوبەڕوبوونەوەی تاوان، پۆلیسی ئیسکان، تەجنید، دیفاعی مەدەنی، بەندینخانە، سەراو پۆلیسخانە)، ئەمانە پێشنیوەڕۆ کۆنترۆڵکران، دوای نیوەڕۆش (حامیە(پارکی ئازادی ئێستا) و نەخۆشخانەی سەربازی) دەستی بەسەردا گیرا، هەتا نزیك عەسر ئەو شوێنانەی کە بەرگریان دەکرد (بینای حەسیب ساڵح-لەسەر شەقامی سالم، شعبەی ئەنفالی حزبی بەعس-لە گەڕەکی بەختیاری، شعبەی حطین-لەسەر

---

(١) جەمال شێخ نوری: وێرانکاری. . . . س. پ، ل١٥٦-١٥٧.

(٢) بێ ناوی نووسەر: بەڵگەنامە لە ڕاپەڕینەکانی کوردستانەوە، گۆڤاری (یەکگرتن)، ژمارە (١٣)، ساڵی ١٩٩٢، ل٣٤.

(٣) مەلا شاخی:ڕاپەڕین وڕزگارکردنی کەرکوك (نوسین و بیرەوەری)، چ٢، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، ٢٠١٢، ل٣٩.

(٤) هۆکاری خۆ بەدەستەوەدانی ئەو بنکانە ئەوە بوو کە پێشتر ڕێکخستنەکان و هێزی پێشمەرگە پەیوەندیان بە لێپرسراوەکانیانەوە کرد بوو، کە لەکاتی ڕاپەڕین بێ لایەن بن و تەقە لە ڕاپەڕیوان نەکەن، هەندێکیشیان سەر بە ڕێکخستنەکان نەبوون، لەگەڵ ئەوەشدا هاوکاری جەماوەر و خەڵکی ڕاپەڕیویان کرد، لەوانە (مقدم نجم الدین شێخ قادر) کە بەرپرسی بنکەی پۆلیسی سەرشەقام بوو، (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە// جەمال شێخ نوری: وێرانکاری. . . س. پ، ل١٥٨-١٥٩).

(٥) ڕەشاد حسێن و ئەوانی تر: س. پ، ل٥٧.

(٦) عەبدولڕەزاق مەرزنگ: س. پ، ل١١٠.

(٧) پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ (خەرمان محەمەد ڕەسوڵ)، ئەڵمانیا ،٢٠١٧/٨/١٠.

(٨) مەلا شاخی: س. پ، ل٣٩.

شەقامی سالم(شوێنی مەڵبەند (١)ی یەکێتی ئیستا) لەگەڵ (دائیرەی ئەمنی سلێمانی)، بەڵام ئەوانیش تا دوای عەسر کۆنترۆڵکران[١].

جگە لە ناو شاری سلێمانی پلان بۆ ناوچەکانی بەکرەجۆو قادسیە (ڕاپەڕین) دانرابو، ئەرکەکەش بە شانە چەکدارەکانی (شەهید شوکر)ی سەر بە ڕێکخستنەکانی (ی. ن. ك) سپێردرابوو، ئەوانیش بە پلانێکی تۆکمەو دوای ئازادکردنی گەڕەکی زەرگەتەو (قوتابخانەی سەرکردەی سەرەتایی تێکەڵ) کە بنکەی جەیشی شەعبی لێبوو، ڕویان لە ناوچەکانی بەکرەجۆو قادسیە (ڕاپەڕین) کردو لە ماوەیەکی کەمدا کۆنترۆڵکرا، ئەم شانەیە لەلایەن (قادری حاجی کەریم) سەرپەرشتی دەکرا[٢]، لە هەمان کاتدا سەرچناریش دوای بەرگرییەکی کەم ئازادکرا، دوا شوێن لە سەرچنار ئوتێل ئەبو سەنا بو، کە لەوێوە تەقە لە جەماوەری ڕاپەڕیو دەکرا، بەڵام ئەویش لە کاتژمێر (١٠:٣٠) سەرلەبەیانی ئازادکرا[٣].

بەمشێوەیە، تەواوی شاری سلێمانی ئازادکراو تەنها شوێن کە مابۆوە (ئەمنە سورەکە) بو، لە ١٩٩١/٣/٨ هێرش بۆسەر ئەمنە سورەکە دەستی پێکرد، هەرچی ئەمن و ئیستیخبارات و پیاوی بەعس و لێپرسراوە گەورەکانی حکومەت و حزبی بەعس لە ئەمنە سورەکە کۆببونەوە، لە ناویاندا بەڕێوبەری ئەمنی سلێمانی (عەقید خلف عبد احمد الحديثي) و پارێزگاری سلێمانی بوون، بۆیە بەرگرییەکی قورس و شەڕی مان و نەمانیان دەکرد[٤]، دەکرد[٤]، ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستانیش داوای لە جەماوەر دەکرد کە بەرگری بکەن هەتا بە تالیۆنی (٧) دەگەنە لاتان[٥]، پاش گەیشتنی هێزی پێشمەرگەی (ی. ن. ك) و (حسك) و (پ. د. ك) و (حشع) و بە هاوکاری جەماوەری ڕاپەڕیو و شانە چەکدارەکان و ڕێکخستن، توانرا تا نزیك ئێوارە ئەمنە سورەکە ئازاد بکرێت[٦]. بەشداری و ڕۆڵی جەماوەری شاری سلێمانی پشکی شێریان بەردەکەوێت لە ئازادکردنی تەواوی شارەکەدا، بە جۆرێك سەرتاپای دانیشتوانی شار لە ڕۆژەدا ڕژابونە سەرشەقام و پەلاماری بنکە و بارەگاکانی ڕژێمی بەعسیان دەدا، هەندێك لە ماڵەکان خۆبەخشانە کرابون بە بنکەی چارەسەری بریندارن، بۆ نمونە ماڵی(د. فوئاد بابان)، کە لە پشت بینای ئەمنە سورەکەبوو، چەندین بریندار لەوێدا چارەسەری سەرەتاییان بۆ ئەنجامدراوە پێش ئەوەی ڕەوانـــــــــــــەی نەخۆشـــــــــــــــخانە بکـــــــــــــــرێن[٧].

لە گرتنی ئەمنە سورەکەدا، نزیکەی (٣١٠) کەس لە پیاوانی ڕژێمی بەعس کوژران[٨]، کە پارێزگاری سلێمانی و

---

(١) لاوك: چۆن باستیلی سلێمانی کۆتایی هات، ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، ژمارە (٣٧)، ساڵی یەکەم، یەك شەممە، ١٩٩٢/٣/٨.

(٢) قادر حاجی کەریم قەرەداغی: یادێك لە سایەی خەباتدا، چ١، چاپخانەی حەمدی، ٢٠١٣، ل٩٢-٩٦.

(٣) هەڤاڵ ئەبوبەکر هەڵەبجەیی: ڕاپەڕین و ڕزگارکردنی هاوینەهەواری سەرچنار، ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، ژمارە (٤١)، ساڵی یەکەم، پێنج شەممە، ١٩٩٢/٣/١٢.

(٤) عەبدولرەزاق مەرزنگ: س. پ، ل١١٠-١١١.

(٥) محەمەد فەریق حەسەن: س. پ، ل١٦٤-١٦٥.

(٦) شەوکەت حاجی موشیر: س. پ، ل٥١؛ هۆشیار جاف و سامان مەحمود دەروێش: ڕاپەڕین لە ویژدانی پێشمەرگەدا، ڕاگەیاندنی ڕاگەیاندنی لقی چواری پارتی دیموکراتی کوردستان، (ب. ش. چ)، ١٩٩٣، ل١٤.

(٧ ) کەناڵی گەلی کوردستان:س. پ.

(٨) کریس کۆچێرا: س. پ، ل١٠٦ . ؛ ( بۆ ناوی تەواوی ئەو بەعسیانەی کە لە ڕۆژی ٧و١٩٩١/٣/٨ لە شاری سلێمانیدا کوژراون، کوژراون، بڕوانە: الوقائع العراقية، العدد (٣٤٣١)، ١٩٩٢/١١/١٩، لێرەدا ئاماژە بە ناوی سیانیان و پلەی حزبیان و کاتی کوژرانیان کراوە).

بەڕێوبەری ئەمنی سلێمانی و لێپرسراوانی دیکەی حزبی بەعس لە نێو کوژراوەکاندا بون[١]، بە ئازادکردنی ئەمنە سورەکە سەرجەم ئەو زیندانیانەی کە لە نێویدا زیندانی بون، ئازادکران کە زیاد لە (١٣٠) زیندانی بون[٢]. جێی ئاماژەیە لە ئازادکردنی شاری سلێمانیدا نزیکەی (٥٥) کەس لە هاوڵاتیانی شارەکە کوژراو، زیاد لە (٥٠٠) کەسیش بریندار بون[٣].

ئازادکردنی شاری سلێمانی گرنگییەکی ستراتیژی گەورەی هەبوو لەبەرئەوەی:

١. پرۆسەی ڕاپەڕینی لە مەترسی شکانو لە باربردن دورخستەوە.
٢. ڕەوتی ڕاپەڕینەکەی لە بازنەیەکی تەسکدا بەزاندو بەرەیەکی دیکەی دژ بە ڕژێم کردەوە.
٣. هانی شارەکانی دیکەی دا بۆ ڕاپەڕینو ورەی جەماوەری بەرزکردەوە.
٤. ئازادکردنی شاری سلێمانی ڕژێمی بەعسی بێ هیوا کردو توشی سەرلێشێواوی بوو[٤].

بەگشتی ڕاپەڕینی شاری سلێمانی هەرچەندە ڕێکخستنو شانە چەکدارەکانی حزبو لایەنەکان بەشداربوونو ڕۆڵی بەرچاویان تێدا هەبوو، بەڵام پشکی شێر لەم ڕوداوە مێژووییەدا بەر جەماوەرو خەڵکی کوردستان دەکەوێت، بەشێوەیەك دەوری جەماوەر وای لە هەندێك لە سەرکردەکانی حزبەکان کردووە بڵێن:"ڕاپەڕین بە شێوەیەکی گشتی ڕاپەڕینێکی خۆڕسکی جەماوەری دژی فاشی بوو"[٥].

**دووەم: کۆڕەو:**

دوای ئازادکردنی تەواوی شارو شارۆچکەکانی باشوری کوردستان لە دەست حکومەتی عێراق، بە شاری کەرکوکیشەوە[٦]، بەڵام کەرکوك بووە خاڵی نێگەتیڤ لە پرۆسەی ڕاپەڕیندا[٧]، لەبەرئەوەی نەتوانرا بە تەواوی کۆنترۆڵ بکرێو (سەربازگەی خالید)[٨]، لەدەست حکومەتی عێراق مایەوەو کۆنترۆڵ نەکرا، لێرەوە شکستی ڕاپەڕین دەستی پێکردو لە ٢٨ ئاداری ١٩٩١ هێرشی ڕژێمی بەعس لە هەموو قۆڵەکانەوە بۆسەر هێزەکانی کورد دەستی پێکرد، حکومەت شارەکەی دایە بەر تۆپ، سوپای گاردی کۆماریو فڕۆکەو تانكو زرێپۆشی بەکارهێنا،

(١) بۆ ناوی بەرپرسە بەعسییەکان( بڕوانە// شەوکەتی حاجی موشیر: س. پ، ل٥٢. ؛ ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، ژمارە (٣٣٤)، ١٩٩٣/٣/٧).

(٢) ڕاپەڕینی ئازاری مەزن لەچاوی حەپسێکەوە لە ئەمنی سلێمانی، گۆڤاری (دیموکراسی)، ژمارە (٦)، ساڵی یەکەم، ئازاری ١٩٩٢، ١٩٩٢، ل١٥. ؛ کریس کۆچێرا: س. پ، ل١٠٦.

(٣) بۆ ناوی شەهیدانی شاری سلێمانی، بڕوانە// پاشکۆی ژمارە (٢٥). ؛ مەلا شاخی: س. پ، ل٤٠.

(٤) ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، ژمارە (٣٣٤)، ١٩٩٣/٣/٧؛ عەبدولڕەزاق مەرزنگ: س. پ، ل١١٢.

(٥) حیکمەت محەمەد کەریم (مەلا بەختیار): شۆڕشی کوردستانو گۆڕانکاریەکانی سەردەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری هەولێر، سوید، ١٩٩٣، ل٢٦٦.

(٦) بۆ زانیاری زیاترو وردەکاری ڕزگارکردنی شارو شارۆچکەکانی کوردستان،( بڕوانە: ئاراس عەبدولڕەحمان مستەفا: س. پ، ل٢٧٧-٣٨٠).

(٧) فەرەیدون عەبدولقادر: هەڵۆ سوورەکانی قەندیل، چ١، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٧، ل٥٩٤.

(٨) یەکێك لە گەورەترین سەربازگەکانی حکومەتی بەعسی عێراق بوو، کەوتبووە نێوان کەرکوكو موسڵ، ڕاستەوخۆ لەلایەن عەلی حەسەن مەجیدو عزەت دوریو دەیان سەرکردەی سەربازی عێراقەوە سەرپەرشتی دەکراو سەدان تانكو فڕۆکەی جەنگیو تۆپی نەمساو دۆشکای دوو لولەو چوار لولەو بە هەزاران سەربازی تێدا بوو،( بڕوانە// پشکۆ حەمە تاهیر ئاغجەلەری: ڕاپەڕینی کەرکوك ساڵی ١٩٩١، چ١، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل٧٣).

بۆیە ناچار هێزەکانی کوردستان پاشەکشەیان کرد[١]، داگیرکردنی کەرکوکیش سەرەتای داگیرکردنەوەی کوردستان‌و کۆڕەوی ملیۆنی دانیشتوانەکەی بوو.

هێرشی حکومەتی عێراق بۆسەر ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان دوای ئەوە هات کە ڕژێمی بەعس توانی ڕاپەڕینەکەی باشور سەرکوت بکات، دواتر لە شاری کەرکوکەوە هێرشی بۆسەر ناوچەکانی کوردستان دەسپێکرد، فەرەیدون عەبدولقادر دەڵێت:"پاش داگیرکردنەوەی کەرکوك مەترسی پەلاماردانی شاری سلێمانی و ناوچە ڕزگارکراوەکانی تری کوردستان هاتە گۆڕێ، لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی پێکەوە ڕۆشتین بۆ قایمکردنی دەربەندی بازیان، چونکە قادری حاجی عەلی‌و مولازم عومەر توشی شەڕێکی سەختبوون لە چیمەن‌و بانی مەقان، ئیتر ئێمەش هێزە هاوبەشەکانمان دابەشکردو ماوەیەکی باش لەو سەنگەرانە ماینەوە"[٢].

ئەوەی تێبینی دەکرێت هێزی پارت‌و ڕێکخراوەکان لە چوارچێوەی بەرەی کوردستانیدا هیچ ئامادەکارییەکیان بۆ بەرگری لە شارەکانی کوردستان نەکردبوو، لەمبارەیەوە موکەرەم تاڵەبانی کە لەو کاتەدا وەك نوێنەری تایبەتی (سەدام حسێن) سەردانی ناوچە ڕزگارکراوەکانی کوردستانی کردووەو بە مەبەستی گفتوگۆ بۆ لای سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی نێردراوە دەڵێت:"بەرەی کوردستانی‌و هێزە کوردییەکان هیچ ئامادەکارییەکیان بۆ بەرگری لە گەڕانەوەی هێزەکانی ڕژێمی بەعس بۆ کوردستان نەکردبوو"[٣]، لە شوێنێکی تردا دەنووسێت:"لە کاتێکدا بەرەی کوردستانی بەهێز بوو، جەماوەریش ئامادەی خەبات بوو، حکومەت لاواز بوو، بەلأم ئامادەی بەرگری نەبون‌و پەلەی چونە بەغدایان بوو"[٤].

هەرچەندە چەند هەوڵێکی لاواز هەبوون بۆ بەرگری لە شاری سلێمانی چەند هێڵێکی بەرگری لە نێوان ڕێگەی چەمچەماڵ بۆ تاسوڵجە دانران، هەروەها فەرەیدون عەبدولقادریش دەنوسێت:"لەگەڵ عومەر فەتاح‌و هێزەکانی شۆڕش ئیسماعیل‌و شەهید جەلالی حەمەی مینەو شەوکەوتی حاجی موشیرو کاك نەبەز، پاراستنی دەروازەی سلێمانیمان ڕێکخست، تا خەڵکی سلێمانی بە ئاسانی لە شار دەربازیان بی"[٥].

جەلال تاڵەبانیش لە ڕێگەی ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستانەوە داوای لە جەماوەری شاری سلێمانی کرد کە بەرگری لە خاك‌و کەرامەتیان بکەن‌و لە پێناو ئەو ئامانجەدا چەك هەڵبگرن[٦]، بەلأم لە ڕاستیدا بە کردار هیچ ئامادەکارییەك بۆ بەرگری لە شاری سلێمانی ڕێکنەخرابوو، ڕۆژێك بەر لە گەڕانەوەی ڕژێمی بەعس بۆ سلێمانی(جەلال تاڵەبانی) و (نێچیرڤان بارزانی )لە ماڵی (شێخ سالاری حەفید) بوون لە گەڕەکی تویمەلیك، بۆ شەوەکەی بەشێکی زۆر لە پیاوماقوڵانی شاری سلێمانی لەگەڵ (جەلال تاڵەبانی) کۆبونەوە بۆ گفتوگۆکردن لەسەر

---

(١) فیبی مار: مێژووی نوێی عێراق، و: حەمە شەریف حەمە غەریب‌و شێرکۆ ئەحمەد حەوێز، چ١، چاپخانەی ڕۆژهەلأت، هەولێر، ٢٠١١، ل٤٠٥؛ فەرەیدون عەبدولقادر: س. پ، ل٥٩٤. ؛ ڕۆژنامەی (برایەتی)، ژمارە (٦٠٥)، ١٩٩٣/٣/٢٨. ؛ تشارلز تریب: چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی عێراق، و: محەمەد حوسێن ئەحمەد عەبدولقادر کەلهور، چ١، چاپخانەی ڕۆژهەلأت، هەولێر، ٢٠١٠، ل٣٤٢.

(٢) س. پ، ل٥٩٥-٥٩٦.

(٣) چوار ڕۆژ لە کوردستانی ئازاددا، چ١، دەزگای چاپ‌و پەخشی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل٦٣.

(٤) هـ. س، ل٤٨.

(٥) س. پ، ل٥٩٦-٥٩٧.

(٦) فاضل الزهاوي: حرب الخليج و انتفاضة كردستان العراق، مطبعة روون، سليمانية، ٢٠٠٤، ص١٣٥.

ئەگەری بەرگری لە شاری سلێمانی و گەڕانەوەی ڕژێمی بەعس، هەندێك لە ئامادەبووان لەگەڵ ئەوەدا بوون كە بەرگری لە شارەكە بكرێت، بەڵام لە ڕاستیدا بە كردەوە هیچ كارێك ئەنجام نەدراوە[1].

بۆیە هەموو ئەمانە بێسود بوونو نەیانتوانی ڕێگە لە هاتنی سوپای عێراق بگرن، لەمبارەیەوە كریس كۆچێرا دەنوسێت: " تەنیا ئەوەیان بۆ مایەوە كە زوو فریای خێزانەكانیان بكەونو بەرەو ئەو دیو سنور بیانگوازنەوە، بە پێی هەندێك لە سەرچاوەكان تەنانەت مەسعود بارزانیو جەلال تاڵەبانیش چەند كەسێكی زۆر نزیكیان نەبێت كەس لە دەوریان نەمابوو، هەموان ڕاكردنیان هەڵبژارد"[2].

لە دوای داگیركردنەوەی كەركوكو شارو شارۆچكەكانی دیكەی كوردستان، خەڵكی ئەو ناوچانە بەرەو سلێمانی هەڵهاتن، لەوبارەیەوە محەمەد فەریق حەسەن كە خۆی لەو كاتەدا لە شاری سلێمانیدا بووەو بەچاوی خۆی بینیویەتی دەنوسێت:"خەڵكی كەركوكو چەمچەماڵو كفری بەرەو سلێمانی هەڵهاتن، بەمەزەندەی من ئێستا سلێمانی ژمارەیەكی زۆر خەڵكی تێدا دەژی، پڕیەتی لە ئاوارەو لێقەوماو، لەبەر دەركی سەرا بوەستە بە ئاسانی (٢٠٠,٠٠٠) كەس دەبینی، ئەوان لەو ناوەدا بێكار دێنو دەچن، قوتابخانەكانی شاری سلێمانی پڕبوون لە ئاوارەو ماڵەكانی شار بوون بە پەناگەی خەڵكی كەركوكو كەلارو كفری كە لێرەوە بەرەو هەڵەبجەو تەوێڵە هەڵدێن"[3].

لەگەڵ ئەوەی وڕەی خەڵكی بە تەواوی ڕوخاوە، بەڵام لەچەند لایەكەوە هەوڵی بەرزكردنەوەی وڕەی جەماوەر دەدراو بانگەوازی بەرگری ڕادەگەیەنرا لەناو شاری سلێمانی هێزی چەكداری (شوراكان)[4]، لە بنكەی شورای گەڕەكی سەرشەقام لە قوتابخانەی (ناوەندی جمهوری) كۆكرابوونەوەو جەماوەریش لە دەوریان كۆببوونەوە، هەندێكیان ناوی خۆیان وەك چەكداری شورا تۆمار دەكرد بۆ بەگری لە شاری سلێمانی، لە شەڕەكانی قەرەهەنجیر بەشداریان كردو شەهیدیان داوەو ڕابەری مەفرەزەی شوراكان لەو شەڕەدا كە هەر یەكە لە (نامیق عەزیزو عەلی سەردارو مەحمود عارف) بوون شەهید بوون[5].

لەناو شاریشدا، بۆ ڕاكێشانی سەرنجی جەماوەری شاری سلێمانی بۆ بەرگری بە ئۆتۆمبێل بەناو شاردا دەسوڕانەوەو سرودی شوراكانیان دەوتەوەو جەماوەریان بۆ بەرگری ئامادە دەكردو لە شەڕی تاسڵوجە بەشداربوون، كە زیاتر لە (١٠) كەس لەوێ شەهید بوونو دوانیان لە هەڵسوڕاوانو ڕابەرانی بزوتنەوەی شورایی بوون، ئەوانیش (نەوزاد كەمال) كە لێپرسراوی هێزی سەربازی شوراكان بوون، لەگەڵ (شوان عومەر قادر) كە كادری دیاری بزوتنەوەی ناوبراو بوو، جگەلەوەش چەند كەسێكی تر لە بزوتنەوەی شوراكان بریندار بوون،

---

(١ ) چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ (شێخ سالاری حەفید)، ٢٠١٨/٤/١٩. سلێمانی. شێخ سالار شێخ محەمەد حاجی سەید حەسەنی حەفید، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەی لە شاری سلێمانی تەواو كردووە، لە ساڵی ١٩٦٩-١٩٧٠ زانكۆی بەسرا، بەشی یاسای تەواو كردووە، خەریكی كاری پارێزەرایەتی بووە، لە دوای نسكۆی ساڵی ١٩٧٥ ئاوارەی وڵاتی ئێران بووە، دواتر گەڕاوەتەوە شاری سلێمانی، لە بەرەی كوردستانیدا چەند بەرپرسیارێتییەكی پێسپێردراوە، ئێستا لە شاری سلێمانی نیشتە جێیە.

(٢) بزوتنەوەی نەتەوەی. . . س. پ، ل١١٢.

(٣) س. پ، ل٢١٤-٢١٥.

(٤) شوراكان: ئەو كەسانە بوون كە لەلایەن حزبی كۆمۆنستی كرێكاری عێراقەوە ڕێكخراوبوونو سەرپەرشتی دەكران، بە ماوەیەكی ماوەیەكی زۆر كەم پێش ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١ دەستیان بە چالاكی كردووە لە شاری سلێمانیداو لە ڕاپەڕیندا بەشداربوونو لەكاتی كۆڕەویشدا بەرگریان كردووەو شەهیدیان داوە، بەڵام دواتر پوكانەوەو ڕۆڵیان نەما. (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە، مظفر محەمەدی: س. پ، ل٧٦-٧٨).

(٥ ) هـ. س،ل٧٦-٧٨.

یەکێك لەو بریندارانە(د. ڕێبوار سامی)بوو، دوای شکستی بەرگری لەدەرەوەی سلێمانی لەناو شاردا حاڵەتی نا ئاسایی ڕاگەیەنرا، ئەو کەسانەی ئامادەی بەگری بوون چەکیان پێدرا، بەڵام ڕژێمی بەعس بە چەکی قورس و کۆپتەرو تۆپ و تانك هێرشی هێنایەوە سەر شاری سلێمانی، بۆیە بە هۆی نا هاوسەنگی هێز و ناڕێك و پێکی هێزە کوردییەکان دواجار ئەمانیش بەرگریان پێنەکراو پاشەکشەیان کرد[1]. چەند هەوڵێکی دیکە هەبوو بۆ بەرزکردنەوە ورەی جەماوەرو هاندانیان بۆ بەرگریو بەرزکردنەوەی ورەی جەماوەر، لەو چوارچێوەیەدا (پ. د. ك) ڕێپێوانێکی ڕێکخستبوو لەناو بازاڕەوە بۆ بەردەرکی سەراو وێنەی بارزانیان بەرزکردبۆوەو هوتافیان دەوتەوە بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ورەی جەماوەرو خەڵك[2]. هەرچەندە لە ١ نیسانی ١٩٩١ەوە خەڵکی شاری سلێمانی وردە وردە شاریان چۆڵدەکردو بەرەو سنوری ئێران بەرێدەکەوتن لە دوو ڕێگاوە ڕێگای (سلێمانی – عەربەت، – هەڵەبجە – هەورامان)، لەوێوە بۆ سنوری ئێران، دووەمیان لە ڕێگای (سلێمانی – ئەزمەڕ– شارباژێر) و لەوێوە بۆ سنوری ئێران، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆژی ١٩٩١/٤/٢، جەلال تاڵەبانی دەگەڕێتەوە شاری سلێمانی و بەو بۆنەیەوە شاییو هەڵپەڕکێو خۆشیو دەربڕین لە چەند گەڕەکێکی شاری سلێمانی دەستپێدەکات[3]. لە چەندین گەڕەکی شاری سلێمانیش نزیکەی (٥٠٠) کەس لە دانیشتوانی شار کە منداڵو ژنو کەسی چەکداریان تێدابوو، ڕژابوونە سەر شەقامەکانو دروشمان بەرزکردبۆوەو هوتافیان دەگوتەوە"نە تۆپو نە تەیارە دەرمان ناکا لەم شارە"، لە هەمان کاتیش ژمارەیەکی زۆر لە لاوان دەچنە بەردەم بارگای بەرەی کوردستانیو داوای چەك دەکەن، بۆ ئەوەی بەرگری بکەن، بەڵام ئەوان پێیان دەڵێن چەکمان نییەو بڕۆن سەنگەر بۆ پێشمەرگە لێبدەن[4].

لە شەوی ٢-٣ نیسانی ١٩٩١ زۆربەی سەرکردەی حزبەکان شاری سلێمانیان چۆڵ کردبوو، شەوکەتی حاجی موشیر دەڵێت:" تەنانەت نێچیروان بەرزانی کە هەتا ئێوارە لای مام جەلال بوو، شەوەکەی سلێمانی جێهێشتبوو"[5]، بەزۆر جەلال تاڵەبانیشیان قەناعەت پێکرا کە دوانیوەڕۆکەی سلێمانی بەجێ بهێڵێت، ئەو هێزەی هێزەی سلێمانی کە مابوونەوە هەوڵیاندا کە لە دەروازەی شار بەرگری بکەنو بەمشێوەیە هێزەکان دابەشکران بۆ پاراستنی شاری سلێمانی:

١. فەرەیدون عەبدولقادر هەموو هێزەکان کۆبکاتەوەو بیانداتە دەست شەوکەتی حاجی موشیرو خۆشی هەوڵبدات خواردنو تەقەمەنی ئامادە بکات بۆ کاتی شەڕ.

---

(١) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(خالد مەجید ساڵح)، ٢٠١٨/٤/١٨، سلێمانی. ناوبراو لە ساڵی ١٩٥٦ لە دایك بووە، دەرچوی ئامادەییە، دوای تەواو کردنی خولێکی دوو ساڵی لە بواری تەندوستیدا لە ساڵی ١٩٨٠ لە وەزارەتی تەندروستی دادەمەزرێت، لە ساڵی ١٩٧٦ ەوە پەیوەندی کردووە بە ڕیزەکانی کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان، لە ساڵی ١٩٨٣ بووە بە پێشمەرگە، لە پێش ڕاپەڕین بەشدار بووە لە دروستکردنی بزوتنەوەی شوراکاندا و لە ڕاپەڕین و لە کاتی کۆڕەو دا بەشدار بووە. ئێستا نیشتە جێی شاری سلێمانییە.

(٢) محەمەد فەریق حەسەن: س. پ، ل٢١٤-٢١٥.

(٣) شەوکەتی حاجی وشیر: چێوەڕۆ. . . س. پ، ل١٣٧.؛ محەمەدی حاجی مەحمود: ڕۆژمێری پێشمەرگەیەك . . . ب٣، س. پ، ل٢٩٤.

٤ محەمەد فەریق حەسەن: س. پ، ل٢٢١.؛ شەوکەتی حاجی وشیر: چێوەڕۆ. . . س. پ، ل١٤٣.

٥ هـ. س، ل١٤٣.؛ محەمەدی حاجی مەحمود: ڕۆژمێری پێشمەرگەیەك . . . ب٣، س. پ، ل٢٩٤-٢٩٥.

٢. شەوکەتی حاجی موشیر هێزەکان دابەشبکات لە ڕێگەی (کۆسەی چەم) ی ڕۆژهەڵاتی بەکرەجۆوە تا سەرشەقامی (کەرکوک-سلێمانی) باخی بەختیاری بکاتە بەرەیەکی تری شەڕ، لە باخی بەختیاریشەوە هەتا کانە بەردەکانی (شێرکوژ)و سەچنار بکاتە بەرەیەکی تری شەڕ.

٣. مولازم شوان سەرپەرشتی بەرەی جەنگی بەکرەجۆ بکات.

٤. جەلال حەمە محێدین سەرپەرشتی جەنگی (شێرکوژی سەرچنار) بکات.

٥. ئەو هێزەی کە دەمێنێتەوە لە سەرچنار بێت، وەك هێزی پاڵپشتی بەکاربێت، بەڵام ئەو هێزانەی کە دانران بۆ پاراستنی سلێمانی سەرجەمیان چۆڵیان کردو سەنگەرەکانیان بەجێهێشت، بەرگرییەکی وا نەکرا[1]. هۆکاری دابەزینی ورەی پێشمەرگە جگە لە ناهاوسەنگی هێز لە ڕووی چەك و تەقەمەنییەوە،مەترسی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی هێندەی تر ورەی پێشمەرگەی روخاند،ئەمە سەرەرای ئەوەی بەشی زۆری ئەو پێشمەرگانەی کە بۆ بەرگری دانرابوون سەنگەرەکانیان چۆڵ کرد بۆ ئەوەی فریای دەربازکردنی ماڵو منداڵەکانیان بکەون[2].

دوای ئەوە بارودۆخی شاری سلێمانی بە تەواوەتی تێکچوو، بە هەزاران خەڵك بە ئۆتۆمبیلو پیادە ماڵەکانیان بەجێ دەهێشت، جەماوەری شار بە ژنو منداڵو پیرو پەککەوتەوە هەموو بەڕێوەبوون، لەبەرئەوەی نرخی بەنزین لەوکاتەدا زۆر بەرز ببۆوە کە (٢٠) لیتر بەنزین گەشتبووە (١٢٠) دیناری عێراقی کە دەیکردە ٣٦٠ دۆلاری ئەمەریکی[3]، ناچار خەڵکێکی زۆر بە پیادە شاریان بەجێ دەهێشت، خەڵك سەری لێشێوابوو کەس نەدەپرژایە سەر کەس[4]، لێشاوی کۆچی شار ئەوەندە زۆر بوو کە بە یەك کاتژمێر نە دەتوانرا یەك مەتر بڕۆنە پێشەوە[5]، محەمەد فەریق حەسەن دەڵێت:"خەڵکی شار شەو ٢-١٩٩١/٤/٣ بە ڕێکەوتن بەرەو عەربەت، وەلێ عەسرێکی درەنگی ١٩٩١/٤/٣، گەیشتوونەتە عەربەت، لە کاتێکدا عەربەت بە ئۆتۆمبیل (١٥) خولەك لە شاری سلێمانییەوە دورە"[6].

دوای ئەوەی سوپای عێراق لە ١٩٩١/٤/٣ هاتنە ناو شاری سلێمانی، دانیشتوانی شارەکە شەوەکەی شاریان چۆڵکردبوو، لەو کۆڕەوەدا توشی ناڕەحەتیو کارەساتی گەورە بوونەوە، ئەو ڕۆژەی کۆڕەوەکەی تێدا ئەنجامدرا، ڕۆژێکی سارد بوو باران دەباری، چەندین کەس لە ڕێگەدا مردن، خەڵك هەبووە منداڵی خۆی بەخشیووە، چونکە نەیدەتوانی بپارێزێت، جگەلەوەی خەڵك توشی نەخۆشی سکچون بون بەهۆی سەرماو برسێتیەوە[7].

---

(١) شەوکەتی حاجی وشیر: چیۆەڕۆ. . . س. پ، ل١٤٤-١٤٦.

(٢ ) هـ. س،ل١٤٥-١٤٦.

(٣) بۆزانیاری زیاتر لەسەر بەهای دیناری عێراقی بەرامبەر بە دۆلاری ئەمەریکی( بڕوانە// http://www. alkutnet. com/vb/showthread. php/125432-%D8%A7%D9%84%D8%AF%D9%8A%D9%86%D8%A7%D8%B1-%D8%A7%D9%84%D8%B9%D8%B1%D8%A7%D9%82%D9%8A-%D9%85%D9%86-1932-2011%)

(٤) محەمەد فەریق حەسەن: س. پ، ل٢٢١-٢٢٣.

(٥) محەمەدی حاجی مەحمود: ڕۆژمێری پێشمەرگەیەك . . . ب٣، س. پ، ل٢٩٥.

(٦) محەمەد فەریق حەسەن: س. پ، ل٢٢٥.

(٧) محەمەدی حاجی مەحمود: ڕۆژمێری پێشمەرگەیەك . . . ب٣، س. پ، ل٢٩٥. ؛ محەمەد فەریق حەسەن: س. پ، ل٢٢٩. ؛ بۆ زانیاری زیاتر لەسەر بارودۆخی خەڵکی شاری سلێمانی لە ڕۆژی کۆڕەوەکەدا، (بڕوانە// ڕوخۆش عەلی: کۆڕەو یادەوەرەی، چ١، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل١٤٦-١٥٩).

ئەو تراژیدیا مرۆڤایەتیە لە شوێنێکی دیکەی جیهان نمونەی نەبووە، هەروەك (کۆمسیۆنی باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەنابەران/UNHCR) ئاماژەی بەوە کردووە، پێشتر جیهان شتی وای بەخۆیەوە نەدیوە، کە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی لە ماوەیەکی کورتدا زێدی خۆیان بەجێ بهێڵن، بە جۆرێك لە ماوەی ٢٤ کاتژمێردا ئەو ئاوارانەی کە لەناوچەی سلێمانیەوە ڕوویان لە سنوری ئێران کرد لە (٥٦٣،٠٠٠) بۆ (٧٧١،٠٠٠) زیادیکردووە(١)، جێی ئاماژەیە لەو کۆڕەوەدا نزیکەی (١،٥) یەك ملۆین و نیو کەس لە دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی ئاوارەی وڵاتی ئێران بوون، وڵاتی ئێرانیش دەرگای بەڕووی ئاوارەکاندا کردەوەو پێویستییەکانی وەك (ژیان و گوزەران و تەندروستی) یان بۆ دابینکراوە، ئەو کەلوپەلانەی کە بەسەر ئاوارەکاندا دابەشکراوە، بریتی بوون لە (چادر، نان، شەکر، ڕۆن، خۆراکی لە قوتونراو، بەتانی، پێڵاو. . . هتد) لەگەڵ ئەوەشدا حەمامی گشتیان بۆ دابیکراوەو نەخۆشەکان براونەتە نەخۆشخانەو تا ڕادەیەك و بە پێی توانا هاوکاری کراون(٢).

وەك پێشتر باسمانکرد لە ٣ نیسانی ١٩٩١ سوپای عێراق هاتە ناو شاری سلێمانییەوە، بەڵام دانیشتوانەکەی پێشتر چۆڵیان کردبوو، هێزی پێشمەرگەش لەبەر وێران نەبوونی شارەکە بەرەو سنوری چیای ئەزمەڕو قەلاچوالان کشابونەوە، بەڵام دوای کۆنترۆڵی تەواوی شار هێزەکانی گاردی کۆماری و کۆماندۆ ڕۆژی ٥ نیسانی ١٩٩١ دەستیان بەهێرش کرد بۆ سەر چیای ئەزمەڕ کە هێزی پێشمەرگەی لایەنەکانی لێبوو، سەرەتا تەنیا هێزەکانی بە تالیۆنی ٧ی گۆیژە بە فەرماندەیی (سوهاد خانەقینی) سەر بە (ی. ن. ك) کەوتنە شەڕەوە لەگەڵ سوپای عێراق و گاردی کۆماری، بەڵام دواتر هێزی لایەنەکانی دیکەی سەر بە بەرەی کوردستانی بەشدارییان تێداکردووە لەوانە (پارتی، شیوعی، پاسۆك)و تەنانەت شەهیدو برینداریشیان داوە لەو شەڕەدا،بۆ نمونە لە(حشع) هەریەکە لە(ئاکۆ ئیبراهیم،زانا عوسمان)شەهید بوون و دوو ئەندامی دیکەیان بریندا بوون،لە(پ. د. ك)یش چوار کادیری سەربازیان بریندار بوون ئەوانیش:- (فازیل ڕەئوف ساڵح، محەمەد مام عەلی، ئەرسەلان حمە ئەمین، سەرحەد قادر)بوون، سەرەنجام شەڕەکە سێ ڕۆژی خایاندو سوپای عێراق تێکشکێنراو نەیانتوانی پێشڕەوی بکەن، بەرەی ئەزمەڕ بوو بە سنوری نێوان دەسەڵاتی هێزی پێشمەرگەو دەسەڵاتی حکومەتی عێراق لە ڕۆژهەڵات و باکوری ڕۆژهەڵاتی شاری سلێمانی[٣].

سەبارەت بە شکستی ڕاپەڕین و کۆڕەوی فروانی خەڵکی کوردستان زۆر شت نوسراوەو تراوە، ئێمە لێرەدا نامانەوێت ئەو شتانە دووبارە بکەینەوە[٤]، تەنها ئاماژە بە (٥) خاڵی جەلال تاڵەبانی دەکەین کە وەك هۆکاری شکستی ڕاپەڕین و کۆچ و ڕەوی گەلی کورد دەستنیشانی کردووە:-"

---

(١) سۆفیا ئیزابێلا وانچ: پەرەسەندنی شوناسی نەتەوایەتی کوردو ئەگەرەکانی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: پ. ی. د. یاسین سەردەشتی، چاپخانەی کەمال، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان، سلێمانی، ٢٠١٤، ل٧٧-٧٨.

(٢) محەمەد فەریق حەسەن: س. پ، ل٢٤٥-٢٤٦. ؛محەمەدی حاجی مەحمود: ڕۆژمێری پێشمەرگەیەك . . . ب٣، س. پ، ل٢٩٥

(٣ ) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (فازڵ ڕەئوف)، سلێمانی، ٢٠١٧/٥/١٨. ؛ پەیوەندی تەلەفۆنی توێژەر لەگەڵ (سوهیل زەهای)، ئەڵمانیا، ٢٠١٧/٧/١٤. ؛ ئینسکلۆپیدیای یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان: س. پ، ل٤٦. ؛بۆ زانیاری و ووردەکاری زیاتر (بڕوانە// سهیل الزهاوی: صفحات من نضال الشوعیین فی السلیمانیة معرکة ازمر الدفاعیة فی شهر نیسان ١٩٩١، الحیوار المتمدن،العدد(٥٨٤٣)،٢٠١٨/٤/١٢).

(٤) بۆ وردەکاری زیاتر لە هۆکارە ناوخۆی و دەرەکییەکانی شکستی ڕاپەڕین و کۆڕەوی گەلی کورد. بڕوانە// ئاراس عەبدولرەحمان مستەفا: س. پ، ل٣٨٣-٤١٣.

١. ڕاپەڕین لە کاتی خۆیدا نەبوو. (چونکە پێش ئەو وادەیەی کە دانرابوو دەستیپێکرد)

٢. پێویست بوو هێزی خۆمان یەکبخەین و کۆگاکانی چەك و تەقەمەنی ڕژێمی بەعس کۆنترۆڵ بکەین و بەکارمان بهێنایە بۆ خۆمان.

٣. دەبوو بەیانێك دەربکەین و داوامان لە هەموو پێشمەرگە دێرینەکانی یەکێتی بکردایە کە پەیوەندی بە ڕیزەکانی یەکێتی بکەنەوە.

٤. دەبو جەماوەر لەناو شارەکاندا چەکدار بکەین، بۆ بەرگری لە شارەکان.

پێویست بوو هێڵی بەرگری لە شوێنی گرنگ دابنێین، بۆ نمونە لە کەرکوك شکاین، لە جیاتی ئەوەی لە چیمەن و قەرەهەنجیر هێڵی بەرگری دابنێین، پێویست بوو هێڵی بەرگریمان لە دەربەندی بازیان و شیوەسورو بەردەمی تاسلوجە دابنایە، لەگەڵ ئەوانەش دەبوو ئێمە شەڕی ناوشارمان بکردایە، کە نەمان کردبوو"(١). ئەمە جگەلە پاڵپشتی نەکردنی دەوڵەتاتە زلهێز و هەرێمییەکان بۆ ڕاپەڕینی گەلی عێراق بە گشتی و گەلی کورد بە تایبەتی، پاشگەزبونەوەی ئەمریکاو دەوڵەتانی هاوپەیمان بۆ روخاندنی ڕژێمی بەعس.

لەگەڵ ئەوەشدا کۆڕەو توانی کێشەی کورد پیشانی جیهان بدات و بە دونیا بڵێ کە نامانەوێت لە ژێر دەستی حکومەتی عێراقدا بژین و ئەوان حوکمیان بکەن، ئەوەش لە ڕێگەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەکانەوە کراو، ڕاگەیاندن دەوری سەرەکی هەبوو لە پیشاندانی تراژیدیای کورد بەهەموو جیهان، بەتایبەت کەناڵی ئاسمانی (CBS) ئەمەریکی بۆ ماوی ٢١ ڕۆژ بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ وێنەی ئەو کارەساتانەی کە بەسەر کورددا دەهات بۆ جیهانی دەگواستەوە(٢)، هەروەك (جەنەڕاڵ بیکیلی) فەرماندەی هێزی هاوپەیمانان لە کاتی سەردانی بۆ لای ئاوارەکانی تورکیا وتی:"ئەوەی ئێمەی هێنایە ئێرە کامێرا بوو"(٣). جەلال تاڵەبانیش دەڵێت:"کاتێ جیمس بێکەری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکام بینییەوە گوتی: لە سەردەمی مندا زۆر شتی گەورە ڕویداوە وەك ڕوخانی دیواری بەرلین و هەرەسهێنانی سیستەمی وڵاتانی سۆسیالیست و چەند شتێکی تریش، بەڵام هیچ بەقەد دیمەنی ئەو کوردە کۆچ کردوانە و ئاوارە بونیان کاری تێنەکردم، بە تایبەت کە منداڵم دەبینی لەسەر بەفر کەوتون، یەکسەر خۆم پێنەگیرا بگەمەوە سەفارەت، ڕاستەوخۆ لە فڕۆکەوە قسەم لەگەڵ سەرۆك کرد و وتم پێویستە فریایان بکەوین"(٤).

دواجار بەهۆی گەورەیی و تراژیدیایی کۆچەکەو ڕۆڵی ڕاگەیاندن توانرا هەست و سۆزی جیهان بۆ کێشەی کورد ڕابکێشرێت و لەسەر داوای سەرۆکی تورکیا ئۆزاڵ و سەرۆکی فەرەنسا فەرەنسۆ میتران و سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا جۆن مێجەر سەرۆك بۆش سەرۆکی ویلایەتەیەکگرتووەکان ئەمەریکا ڕازی بوو بە دابینکردنی ناوچەی ئارام بۆ پاراستنی گەلی کورد لە ژێر دەستی ڕژێمی بەعس و بڕیاری (٦٨٨) ی ئەنجومەنی ئاسایش دەرچوو لەو بارەیەوە، ئەمەش لە ٥ نیسانی ١٩٩١دا بوو، کە تێیدا هاتبوو:-

١- سەرکوتکردنی خەڵکی مەدەنی عێراق و ناوچە کوردنشینەکان مەحکوم دەکات.

٢- داوا لە عێراق دەکات ئەو سەرکوتکردنە ڕابگرێ.

---

(١) وەرگیراوە لە// سەلاح ڕەشید: س. پ، ل١٧٧.

(٢) جوناثان راندل: امة في شقاق دروب كردستان كما سلكتها، ت/ فادي حمودي، ط١، دار النهار لنشر، بيروت، ١٩٩٧، ص٨٥.

(٣) وەرگیراوە لە // فاضل زەهای: بڕیاری (٦٨٨)ی ئەنجومەنی ئاسایش و سەرەنجامە دەولیەکانی، گۆڤاری (سیاسەتی دەولی)، ژمارە (٣) ساڵی دووەم، تشرینی یەکەم ١٩٩٣، ل٣٤.

(٤) وەرگیراوە لە// سەلاح ڕەشید: س. پ، ل١٨٢-١٨٣.

٣- سوره لەسەر ئەوەی دەبێت ڕێكخراوە نێودەوڵەتیەكان ڕێگایان پێ بدرێ یارمەتیە مرۆییەكان بگەیەننە هەموو جێگایەكی عێراق.

٤- داوا لە سكرتێری گشتی دەكات ڕاپۆرتێك لەسەر مەینەتییەكانی كورد ئامادە بكات.

٥- بانگەشەی وڵاتانی ئەندامو هەموو ڕێكخراوە مرۆڤ دۆستەكان دەكات تا لەم هەوڵە فریاگوزارییەدا بەشداربن.

٦- داواش لە عێراق دەكات لە پێناو جێبەجێ كردنی ئەم مەبەستانە هاوكاری سكرتێری گشتی بكات.

٧- بڕیار دەدرێ كە ئەو كێشەیە لە ژێر لێكۆڵینەوەدا بمێنێتەوە[١].

جگەلەوانەش ئەمەریكا داوای لە عێراق كرد كە هەموو جۆرە چالاكییەكی سەربازی لەسەرو هێڵی (٣٦) بوەستێنێ، تەنانەت فڕینی فڕۆكەش، بەمەش ناوچەیەكی ئارام بۆ خەڵكی سلێمانیو باشوری كوردستان دروستكرا[٢].

جگەلەوەش ئەمەریكا هێزێكی ئاسمانی لە توركیا بە ناوی(چەكوشی ئامادە) بۆ پاراستنی باشوری كوردستان جێگیركرد[٣]، بەوەش دڵنیایی بۆ خەڵكی شاری سلێمانیو سەرو ماڵیان گەڕاندەوە[٤].

ئەوەی لە كۆتای ئەم باسەدا دەردەكەوێت، ڕاپەرینی ئاداری ١٩٩١ بە نەخشەو پلان و بەرنامەیەكی هەمەلایەنەی پارت و ڕێكخراوە كوردییەكان بووە، ئەوەش ڕوون بووەتەوە هەركاتێك پارتە كوردییەكان یەكگرتوو بوبێتن و دەستیان لە دژایەتی و دوژمنایەتی یەكتر هەڵگرتبێت توانیویانە كاری گەورە ئەنجام بدەن، ڕاپەرینی ئاداری ١٩٩١ بە نمونە، كە هەموو پارتە كوردییەكان لە چوارچێوەی بەرەی كوردستانیدا بە بەرنامەیەكی یەكگرتوو كاریان دەكرد. لە ڕاپەرینی شاری سلێمانیدا ڕێكخستەكانی ناو شاری پارتەكان ڕۆڵی كاریگەریان هەبووە، لەگەڵ ئەوەشدا پشكی شێر لەو ڕاپەرینەدا بەر دانیشتوانی شاری سلێمانی كەوتووە بە بەڵگەی ئەوەی پێش ئەوەی پێشمەرگەی پارتەكان بگەنە شاری سلێمانی تەواوی شارەكە لە ڕژێمی بەعس پاككرابووەوە، جگە لە (ئەمنە سوورەكە)، هۆكاری شكستی خێرای ئەو ڕاپەرینەش جگەلە ناهاوسەنگی هێز لە نێوان پێشمەرگە و ڕژێمی بەعس و نە شارەزایی هێزی پێشمەرگە لە بەكار هێنانی چەكی قورس و سود وەرنەگرتن لەو چەكە قورسانەی كە دەستیان كەوت، نەبوونی پلانێكی تۆكمەی بەرگری، دەتوانین هاوكاری نەكردنی وڵاتانی زلهێزی نێودەوڵەتی و هەرێمی و پاشگەز بوونەوەی ئەمەریكاو هاوپەیمانەكانی لە ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس بە هۆكاری

---

(١) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە// چێنەر عەلی جۆلا: بڕیاری ٦٨٨ پێكهاتەو ئاسەوار، لە بڵاوكراوەكانی بەشی ڕوناكبیری مەكتەبی ڕێكخستنی (ی. ن. ك)، سلێمانی، ٢٠٠١، ل١٨-٢٠. ؛ فاضل زەهای: س. پ، ل٣٧-٣٨. ؛ ئەرسەلان بایز ئیسماعیل: س. پ، ل٣٤.

(٢) هێڵی (٣٦) هەموو ناوچە كوردستانییەكانی نەدەگرتووە، تەنانەت ناوچەكانی كەركوكو بەشێك لە لادێكانی هەولێرو دهۆكیش لە دەرەوەی ئەم هێڵە بون، ئەمەش كەمو كوڕی هێڵی (٣٦) بوو، چونكە بواری بە حكومەت دا لەو ناوچانە دەستكراوە بێت لە دژی كورد. گەر هاتبا لەبری هێڵی (٣٦)،هێڵی (٣٤) ڕاگەیەنرایە ئەوا ناوچەكانی كەركوك و دەوروبەر دەكەوتنە چوارچێوەی هەرێمی كوردستانەوە بەوەش ئەو كێشانەی كە دواتر لەسەر ئەو ناوچانە دروستبوون ڕووی نەدەدا. (بڕوانە// خليل اسماعيل محمد، دڵشاد مصطفی وەسانی: خط (٣٦) بين الحقيقة والخيال، مجلة (گولان)، العدد (٤٧)، نيسان ٢٠٠٠، ص١٠٨. ؛ فیبی مار: س. پ، ل٤٠٩-٤١٠. ؛ محەمەد مەلا قادر: سەربردە كورتەیەك لە بیرەوەرییەكان، داڕشتنەوەی ئومێد هەڵەبجەیی، چ١، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٩، ل٢٠٢).

(٣) ڕۆژنامەی (كوردستانی نوێ)، ژمارە (١٠٧)، ساڵی ١٩٩٢، ل٣.

(٤) كاوس قەفتان: بیرەوەری چەند ڕووداوێك لە ژیانما ١٩٣٣ – ٢٠٠٨، چ١، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل٤٣٨.

سەرەکی شکستی راپەرین ئەژمار بکەین. ئەوەی سەبارەت بە کۆڕەو تێبینی کراوە، هەرچەندە تراژیدیایەکی گەورە بوو کە بەسەر گەلی کورددا هات، بەڵام بەرهەمەکەی لە راپەرین گەورەتربوو، یەك سەدە خەباتی گەلی کورد هێندەی کۆڕەو کاریگەری لەسەر جیهان دانەنا، کۆرەو بووە هۆکاری بڕیاری(٦٨٨) ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و دروستبوونی ناوچەی ئارام و هەرێمی کوردستان.

## بەشی یەکەم: شاری سلێمانی لە نێوان سالآنی (١٩٨٨-١٩٩١).

### باسی یەکەم: سیاسەتی ڕژێمی بەعس لە هەمبەر شاری سلێمانی(١٩٨٨-١٩٩١):

### یەکەم: سیاسەتی بەعس لە رووی سیاسیەوە دژی شاری سلێمانی:

وەك ئاشكرایە شاری سلێمانی هەمیشە لانكەی شۆڕش و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی كورد بووە، سلێمانی بۆخۆی یان بنكەی سەرهەڵدانی شۆرش و ڕاپەرینەكان بووە، یاخود سەرچاوەی فكری و داینەمۆی ئەو بزوتنەوانە بووە، بۆ ئەمەش نمونەكان زۆر و لەبەر چاون، هەر لە میرنیشینی بابانەوە هەتا حكومەتی شێخ محمود ، پێشوازیكردن لە سمكۆی شكاك ، ڕاپەرینی ٦/ئەیلولی /١٩٣٠ لە بەردەركی سەرای سلێمانی، دواتریش هاوكاری كردنی شۆڕشی بارزان و مەلامستەفای بارزانی، بەشداری لە دروستبونی حیزبی هیوا و كۆماری مهاباد لە رۆژهەلآتی كوردستان، شۆرشی ئەیلولی ١٩٦١، دواجاریش شاری سلێمانی سەرچاوەی سەرەكی و بزوێنەری شۆڕشی نوێی بووە[1].

ئەمەش وای كردووە شاری سلێمانی لە سیاسەتی حكومەتە یەك لە دوای یەكەكانی عێراق دا پێگەیەكی دیاری هەبێت، بە هەموو هێزو توانایەكی سەربازی و فكرییەوە لە هەوڵی كۆنترۆڵكردنی شاری سلێمانی دا بن و بە (المدینة الصعبة) شارە قورسەكە بیناسێنن[2]. لەبەر ئەوە ڕژێمی بە عس بە مەبەستی كۆنترۆڵكردنی شاری سلێمانی و سەركوتكردنی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی كورد، توندترین سیاسەتی دژی خەڵكی شاری سلێمانی بەكار هێناوە ، هەر لە پێشێلكردنی مافەكانی مرۆڤ ، كوشتن بە بێ دادگایكردن ، زیندانیكردن بە بێ تۆمەتێكی دیاریكراو، هەوڵی ژەهرخواردكردنی كەسە دیار و سیاسیەكانی ئەم شارە و زیندانی كردنی ژن و منداڵ و پیرو گەنج بە كۆمەڵ و بە بێ تۆمەتێكی دیاری كراوی یاسایی، ئەشكەنجەی دەروونی و جەستەیی لە زیندانەكاندا بە بەكار هێنانی چەندین شێوازی جیاجیای ئەشكەنجە، وەكو(نینۆك هەڵكێشان، بزمار لە بنی پێدان، داخ كردن، هەڵواسین، كارەبا لێدان. . . هتد)[3].

قولآیی سیاسەتی بەعس بریتی بووە لە پاكتاوكردنی ڕەگەزە ناعەرەبەكان ، وەكو(كورد، فارس، تورك)، چونكە بە بۆچونی ئەوان ئەو نەتەوانە ڕێگرن لە دروست بونی یەكێتی عەرەب،جگەلەوەش بەعس پێی وابوو كە نەتەوەی كورد لە سەرخاكی عەرەب میوانن،بۆیە لە هەر ئان و ساتێكدا كە كە بۆیان بگونجێت دەبێت لەسەر

---

(١) چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ(ئاكۆ محەمەد وەهبی)، سلێمانی، ٢٠١٧/٣/١١. ناوبراو لە ساڵی ١٩٦١ لە شاری سلێمانی لە دایك بووە، ساڵی ١٩٨٣ كۆلێژی ئەندازیاری كارەبای لە زانكۆی سلێمانی–سەلاحەدین تەواوكردووە، لە ساڵی ٢٠٠٣ بڕوانامەی ماستەری لە بواری زانستی پەیوەندی تەلەفۆنیدا لە ولآتی بەریتانیا بەدەست هێناوە، لە ساڵی ١٩٧٨ ەوە تێكەڵی كاری سیاسی بووە، لە ساڵی ١٩٨٢ بووەتە ئەندامی ڕێكخستنەكانی ناوشاری كۆمەڵە، لە ساڵی ١٩٨٧ بووەتە ئەندامی ڕێكخراوی سلێمانی، لە(١٩٧٨–١٩٩١)ئاگاداری ڕەوشی ڕێكخستنەكانە لە ناو شاری سلێمانی، ئێستا لە شاری سلێمانی نیشتە جێیە.

(٢) چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ(ئەحمد حامد)، سلێمانی، ٢٠١٧/٢/٧. ناوبراو لە شاری سلێمانی لەدایك بووە، لەساڵی ١٩٥٣ پەیمانگای مامۆستایانی لە بەغداد تەواو كردووە، لە ساڵی ١٩٤٨ بۆتە ئەندام لە حیزبی شوعی عێراقدا و لە ساڵی ١٩٦٨ بووە بە بەرپرسی پەیوەندییەكانی سیاسیەكانی حیزبی شوعی لە شاری سلێمانی، لە ساڵی ١٩٧٤ بووە بە ئەندامی جێبەجیكاری ئەنجومەنی حوكمی زاتی لە شاری سلێمانی، لە ساڵی ١٩٧٩ بۆماوەی ٣ مانگ لەلایەن حكومەتی بەعسەوە گیراوە، دواتر لە بەرێوەبەرایەتی كشتوكاڵی سلێمانی دامەزراوە، لە ساڵی ١٩٩١ خانەنیشین كراوە، ئێستا نیشتەجێی شاری سلێمانییە.

(٣) كاروان رەووف:یاداشتی دیوان و كۆژرانی زیندان، چاپخانەی هەرین، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل٢٦.

خاکی عەرەب دەربکرێن، بۆئەمەش هەوڵیانداوە بە هەر شێوەیەك بێت ئەو نەتەوانە پاکتاو بکرێن[1]، بۆیە ئەوەی لە دەسیان هاتبێت ئەنجامیان داوە ، هەر لە ڕاگواستن و بە عەرەبکردن و بە بەعسیکردندا، بەعس پیلانی ڕاگواستنی کوردی لە ناوچە کوردنیشینەکان بە شاری سلێمانیشەوە بۆ ئۆردوگاکانی ناوەڕاست و باشوری عێراق دانا، لە ۱۹۸۱/۱۰/۲۰ دا(ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش) ی عێراق بڕیاری ژمارە(۱۳۱۹) ی دەرکردبوو، کە تێیدا بە شێوەیەکی فەرمی و یاسایی بڕیار لە سەر ڕاگواستنی کوردی ناوچەی ئەتۆنۆمی درا بوو بۆ ناوەڕاست و باشوری عێراق، بۆ ئەم مەبەستە لیژنەیەك بۆ سەرپەرشتی کردن و جێبەجێکردنی بڕیارەکە و دروستکردنی ئۆردوگای نیشتەجێکردن لە پارێزگاکانی ناوەڕاست و باشور پێکهێنرا، هەر لە هەمان ساڵدا بە مەبەستی جێبەجێکردنی بریارەکە نزیکەی(۱۲٦٦) گوند وێرنکراو دانیشتوانەکەی بۆ پارێزگاکانی باشوری عێراق ڕاگوێزران[2].

لەگەڵ ئەوەی حیزبی بەعس لە هەوڵی ڕاگواستنی نەتەوەی کورد و دانیشتوانی شاری سلێمانی دا بووە بۆ ناوەڕاست و باشوری عێراق، لە هەمانکاتدا لە هەوڵی هێنانی ئەندامانی پارتی بەعس دا بووە بۆ شارەکانی باشوری کوردستان و سلێمانی، ئەوەتا بە پێی بڕیارێکی (ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش) کە لە هاوینی ساڵی ۱۹۸۰ دەرچووە، تێیدا هاتووە هەر ئەندامێکی حیزبی بەعس لە پلەی (نصیر) بۆ سەرەوە ، ئەگەر ئامادە بێت شوێنی نیشتە جێبونی خۆی بە جێ بهێڵێت و خۆی بۆ پارێزگاکانی باشوری کوردستان بە شێوەیەکی بەردەوام بگوازێتەوە، (۱۰) هەزار دینار(چاپی سویسری ئەوکاتە-توێژەر) و خانویەکیش کە لەسەر بودجەی دەوڵەت دروسکرابێت پێی دەدرێت، بەڵام بە مەرجێك ئەو کەسەی بە دەنگ بڕیارەکەوە دەچێت عەرەب بێت و ئامادەبێت لە هەرناوچەیەك ، کە حکومەت دەست نیشانی دەکات نیشتەجێ بێت ، تا تێپەڕبونی دە ساڵ بەسەر هاتنەکەی بۆ کوردستان بۆناوچەی ڕەسەنی خۆی نەگەڕێتەوە و تۆماری باری شارستانی خۆیشی بۆ ئەو پارێزگایە بگوازێتەوە[3].

بەمشێوەیە دەبینین حکومەتی بەعس پلانی گۆڕینی دیمۆگرافیای ناوچە کوردییەکانی داناوە و بە جدی کاری لەسەر کردووە، پرۆسەکەش لە ساڵی ۱۹۷۸ ەوە دەستی پێکردووە و لە شاڵاوەکانی ئەنفالدا گەشتووەتە لوتکە، بۆ وێنە لە سنوری پارێزگای سلێمانی دا و لە قەزای پێنجوێن لە ساڵی ۱۹۷۸ دا زیاتر لە (۱٤۰) گوند بۆ ئۆردوگاکانی (نەسر، باریکە، سیروان، سەیدسادق، ناڵپارێز) ڕاگوێزراون، لە قەزای دوکانیش لە هەمان ساڵدا(۱۳) گوند ڕاگوێزراون ، لە قەزای هەڵەبجەش (۱٤۳) گوند بۆ ئۆردوگاکانی باینجان و چەند ئۆردوگایەکی دیکە ڕاگوێزراون، ڕاگواستن تەواوی گوند و قەزاو ناحییەکانی سنوری پارێزگای سلێمانی گرتەوە، لەکاتی جەنگی عێراق-ئێران دا پرۆسەکە چڕتر کرایەوە، بەجۆرێ لە نێوان ساڵانی(۱۹۸۳-۱۹۸۵) زیاتر لە (۱۱٦) گوند لە قەزاکانی(دوکان ، دەربەندیخان، کەلار، رانییە، چەمچەماڵ، چوارتا) ڕاگوێزران و ناوچەیەکی فراون بە زەوی قەدەغە کراو ناسێنرا، بەعس لە نێوان ساڵانی(۱۹۸٦-۱۹۸۷)زیاتر لە (۲۵۵)گوندی تری لە قەزاکانی( قەڵادزێ و

(۱) سۆزان کەریم مستەفا: بەعسیزم و کورد،چ۱،دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری(ی. ن. ك)، سلێمانی، ۲۰۰۷،ل۳۱۸؛چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (ئەحمەد حامد)، سلێمانی، ۲۰۱۷/۲/۷.

(۲) خلیل اسماعیل محمد:مؤشرات سیاسة التعریب و التهجیر فی اقلیم کردستان العراق، اربیل، ۲۰۰۱، ص۳٦؛ ئاراس عەبدولرەحمان مستەفا:س. پ، ل۱۵٦-۱۵۷.

(۳) عەلی تەتەر نێروەی: س. پ، ل۲۰۲.

دەربەندیخان و قەرەداغ و خورماڵ) راگواست[1]. بە پێی سەرژمێرییەکی بەرەی کوردستانی عێراق، کە لە ٢٤ی شوباتی ١٩٨٩ یاداشتنامەیەکی ئاراستەی لیژنەی مافی مرۆڤ لە نەتەوە یەکگرتووەکان کردووە، ئامارەکانی بەم شێوەیە روون کردووەتەوە:"

- رووبەری(٥٥-٦٠) هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشە لە هەرێمی کوردستان چۆڵکراوە.
- زیاتر لە نیو ملیۆن کورد بە ناچاری لە ترسی گرتن و کوشتن و شوێن بزرکردن، پەنا هەندەی وڵاتانی دیکە بوون.
- زیاتر لە یەك ملیۆن و نیو کورد لە گوند و ناحییە و قەزاکانی خۆیان بە زۆر ڕاگوێزراون، تەنانەت بۆیان نییە بگەڕێنەوە شوێنەکانیان.
- زیاتر لە (٤٠٠٠) گوندی کوردستان خاپور کراون ، تەنانەت کانی و سەرچاوەکانی ئاویش بە چیمەنتۆ پڕکراونەتەوە، بۆ ئەوەی جارێکی تر ژیان لە کوردستان نەمێنێت و میللەت و پێشمەرگەش نەتوانن بژین"[2]. ئەمە جگە لە وێرانکردنی (١٧٥٧) قوتابخانە و (٢٤٥٧)مزگەوت و (٢٧١) بنکەی تەندروستی ، لەو وێرانکارییەدا سلێمانی پشکی شێری بەرکەوتووە، بەجۆرێ بە پێی سەرژمێری ساڵی ١٩٧٧ لە پارێزگای سلێمانی (١٨٧٧) گوند هەبووە، بەڵام لە سەرژمێری ساڵی ١٩٨٧ دا تەنها(١٨٦)گوند ماوەتەوە، واتە (١٧٠٠) گوند لەو دە ساڵەدا خاپورکراوە [3].

هەموو ئەوانەش کاریگەری لەسەر ژیانی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی شاری سلێمانی هەبووە، لە ڕووی سیاسییەوە ڕاگواستنی گوندەکان زەبریکی کاریگەر بو بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان، کە وای کرد بە ئەستەم بتوانن درێژە بە چالاکییەکانیان بدەن ، چونکە سەرچاوەی ژیان و گوزەرانی پێشمەرگە گوندەکانی کوردستان بوو، بۆیە دەبینرێت دوای پرۆسەکانی ئەنفال و کۆتا هاتنی جەنگی ئێران-عێراق ، پێشمەرگە ئاوارەی سنوری ئێران بوون و چالاکییەکانیان کەم بوونەوە، لە ڕووی ئابوریشەوە گوندەکان سەرچاوەی ژیان و داهاتی شاری سلێمانی بوون، چونکە جگە لە گەنم و جۆ و دانەوێڵە و سەوزە و میووە دەیان بەرهەمی دیکەیان دەخستە بازاڕەکانی شاری سلێمانییەوە، بە نەمانی گوندەکانیش بەرهەمی ناخۆیش کەمیکرد و کاریگەری لەسەر نرخی شتومەکەکان هەبووە لە بازاڕدا.

لە ڕووی کۆمەڵایەتیشەوە ڕاگواستنی گوندەکان و دروست کردنی ئۆردوگا زۆرە ملێکان دەیان گیرو گرفت و کێشەی کۆمەڵایەتی بە دوای خۆیدا هێناوە، ئاشکرایە کۆمەڵگە کوردی لەسەر بنەمای خێڵ و عەشیرەت دامەزراوبوو، هەر یەکەیان ناوچەی تایبەت بە خۆیان هەبوو، بۆیە کاتێك لەو ئۆردوگا زۆرە ملێیانەدا کۆکرانەوە شەڕو ئاژاوە و دوژمنداری لە نێوانیاندا دروست بوو، سەرەڕای بڵاوبونەوەی دیاردەی دزی و تاڵانی بەهۆی لە دەستدانی سەرچاوەی داهات و بێکاری و بڵاوبونەوەی نەخۆشی دەروونی لە و کۆمەڵگایانەدا ، کە لە زۆربەی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتی و تەندروستیەکان بێبەش بون. لە لایەکی دیکەوە حکومەتی بەعس بێکارکراوانی کوردی بە بیانوی پەیداکردنی کار بۆیان، بۆناوچە عەرەبنیشینەکان دەگواستەوە(٤). جگە لە کۆمەڵگە

---

(١) ئاراس عەبدوڕەحمان مستەفا:س. پ، ل١٥٦-١٥٧.

(٢) عومەر هەمزە سالح:ڕاگواستن(لێکۆلینەوەیەکی جوگرافی و مێژوویی زۆرەملێی گوند نیشینەکانی کوردستانە، پشدەر وەك نمونە)، چ١، چاپخانەی خانی، دهۆك، ٢٠٠٩، ل١٠٤.

(٣) مێدڵ ئێست ووچ:س. پ، ل١٤٣.

(٤) عەلی تەتەر نێروەیی:س. پ، ل٢٠٢.

زۆرەملێکانی سنوری پارێزگای سلێمانی بە فەرمانی(سەدام حسین) بڕیاری دروستکردنی ٢٠ هەزار خانوو لە پارێزگاکانی (ڕومادی، سەماوە، دیوانییە، ناسرییە) درابوو، ئەمەش بە دوو جۆر دەبوو، ( یەکەمیان ئەو خێزانانەی کە دەتوانێرێت ڕازیبکرێن ، تا بۆ ئەو ناوچانە بگوازرێنەوە. دووەمیان ئەو خێزانە کوردانەی کە حکومەت بڕیاری ڕاگواستنی بۆ دەردەکردن)[١]. هەموو ئەمانەش لە پێناو دروشمی سەرەکی و سیاسەتی حیزبی بەعس دا بوو، کە خۆی لە بە عەرەب کردنی کوردستاندا دەبینیەوە و هەمیشە لە هەوڵی تواندنەوەی میللەتی کوردا بووە.

هێڵی سەرەکی سیاسەتی بەعس بریتی بووە لە جێبە جیّ کردنی بەرنامەی(بەعەرەبکردن، بە بەعسیکردن، ڕاگواستن) بۆ بە ئەنجام گەیاندی ئەم بەرنامەش ئەو پەڕی توانای مادی و مرۆیی و هێزی داپڵۆسێنەری خۆی بەکار دەهێنا[٢]. ئەمەش لە ئایدۆلۆژیای حیزبی بەعسەوە سەرچاوەی گرتبوو، چونکە بەعس وەك جوڵانەوەیەکی نەتەوە پەرست خۆی بە خاوەنی بیر و باوەڕێکی گشتگیر (شمولی)دادەنا، ئاوات و ئارەزووەکانی باڵی نەتەوە پەرستی توندڕەوەی بۆرژوازی عەرەبی بەرجەستە دەکرد، لای وابوو کە پەیامێکی نەمری(رسالة خالدە) ی بۆ مرۆڤایەتی هەیە، چونکە لە ڕووی بیر و هۆشەوە عەرەب لە میللەتانی دیکە ژیرترە، لە شارستانییدا کۆنترە، هەر سیّ ئاینە ئاسمانییە گەورەکە لە خاکی ئەواندا دەرکەوتووە، زانستەکانی دونیا هەر لە فیزیا و کیمیا و پزیشکییەوە هەتا فڕۆکە و مانگی دەست کرد و کۆمپیوتەر لە پێشدا ئەوان دۆزویانەتەوە و ئەوروپا و ئەمریکا لێیان دزیون، توانایەکی ئابوری و مرۆیی زۆرو سەرزەمینێکی پان و بەرینیان هەیە، بەوپێیە ئەتوانن ئیمراتۆریەتێکی بەهێزی گەورە لە دنیادا پێك بهێنن[٣].

لە دروستکردنی ئەو ئیمراتۆرەدا نەتەوە غەیرە عەرەبەکانیان بە بەربەست دەزانی ، بۆیە بە هەموو شێوەیەك لە هەوڵی لە ناوبردن و تواندنەوەیدا بوون، لەم بوارەشدا سەرجەم ڕێگەکانیان ئەزموون دەکرد، سەرەتا بە ڕێگای ئاشتی و بە نەرمی هەوڵی بە بەعسیکردنی دانیشتوانی کوردستان و شاری سلێمانی یان دەدا ، بۆ ئەمەش پەیوەندیان دەکرد بە کەسایەتییە دیارو کاریگەرەکانەوە، هەر لە کە سایەتی کۆمەڵایەتی و سەرکردە سیاسییەکان(ئەوانەی بە هەر هۆکاریك وازیان لە شۆڕش هێنا بوو گەڕابونەوە بۆ شاری سلێمانی) و مامۆستا و هونەرمەند و شاعیرو ڕۆشنبیران، بەعس بە ئاشکرا ئەوەی ڕاگەیاندنبوو، کە زیاتر پێویستیان بەو کەسانە هەیە، ئەمەش بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ئەوانەوە بیری بەعسیزم لەناو شاری سلێمانی بڵاو بکەنەوە و لەو ڕێگەیەوە کۆنتڕۆڵی تەواوی شار و هەرجموجوڵێکی سیاسی بکات[٤]، ئەگەر ئەمەی بۆ نەچوبایەتە سەر هەموو ڕێگەیەکی توندوتیژی بەکار دەهێنا، چەندین دام و دەزگای ئاشکراو نهێنی بۆ سەرکوتکردنی خەبات و ناڕەزاییەکانی شاری سلێمانی دامەزراندبوو، بچوکترین ناڕەزای گەورەترین سزای بە دواوە بوو[٥].

---

(١) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(ئەحمەد حامد)، سلێمانی، ٢٠١٧/٢/٧.

(٢) مراد حەکیم محەمەد:ئاکامە کۆمەڵایەتییەکانی سیاسەتی ڕاگواستنی کورد لە عێراق لەسەردەمی بەعسدا، (ب. ن، چ)، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل١٠٢-١٠٣:کاوە نادر:کۆلۆنیالیزمی عێراقی و ڕاگواستن و بەعەرەبکردنی باشوری کوردستان، گۆڤاری سەرخۆبون، ژمارە(٧-٨)هەولێر، ٢٠٠١، ل٢٠؛ مامۆستا عوسمان کانی پانکەیی: سەروەرییەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ڕۆژگارە سەختەکانی گەلی کورددا، چ١، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل١٧.

(٣) ئەمین قادر مینە:س. پ، ل٧١ ؛ سۆزان کەریم مستەفا: س،پ،ل٣١٧-٣١٨.

(٤) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(ئەحمەد حامد)، سلێمانی، ٢٠١٧/٢/٧.

(٥) ڕێبوار خالید مصطفی:س. پ، ل١٤٣.

ڕاوەستانی جەنگی عێراق- ئێران بە بڕیاری ژمارە(٥٩٨)لە ڕێکەوتی(١٩٨٨/٨/٢٠) ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان زیاتر دەستی حکومەتی عێراق و حزبی بەعسی ئاوەڵاکرد لە جێبەجێ کردنی سیاسەتی بە عەرەبکردن و بە بەعسیکردنی دانیشتوانی شاری سلێمانی، نەك هەر ئەوە بەڵکو دەرفەتی ڕەخساند بۆ حزبی بەعس هەرەس بە کورد بهێنێ، لە لایەنەکانی سیاسی و سایکۆلۆژی و نەتەوایەتی . . . هتد[١].

بەشێك لە نوسەران و تەنانەت سیاسیەکانیش شکستی ساڵی ١٩٨٨ بەراورد دەکەن بە هەرەسی١٩٧٥ ، چونکە لە هەردوو شکستەکەدا هێزی پێشمەرگەی کوردستان و لایەنە سیاسییەکان لە خاکی باشوری کوردستاندا چالاکی و جموجوڵیان زۆر کەم بووەوە و حکومەتی عێراق کۆنترۆڵی تەواوی خاکی باشوری کوردستانی کرد(٢)، جگە لەوەش لە هەردوو بارەکەدا پێش شکستی سەربازی شکستی سایکۆلۆژی بەدوای خۆیدا هێنا، تەنانەت بەشێك لە سەرکردە سیاسیەکانیش بڕوایان بە شۆڕش و خەبات نەما و هەندێکیان سەفەری ئەوروپایان کرد و بەشێکیشیان خۆیان ڕادەستی حکومەتی بەعس کردەوە[٣]، ئەمەش وای کرد حیزبی بەعس زیاتر لە جاران هەوڵی جێبەجێ کردنی سیاسەتی خۆیان بدەن، کە وەك باسکرا خۆی لە سیاسەتی بەعەرەب کردن و بەبەعسیکردن و ڕاگواستن و تواندنەوەی نەتەوەی کورددا دە بینییەوە.

حیزبی بەعس بە ئاشکرا تێڕوانینی خۆی لەسەر کەمە نەتەوەکان لە نامیلکەی (اهداف و غایات)دا خستووەتە ڕوو، دەڵێت:"کەمە نەتەوە نا عەرەبەکان کە ناتوانرێ لە کۆمەڵی عەرەبدا بتوێنرێنەوە و بە شێوەیەکی تەواو بە عەرەب بکرێن دەخرێنە ژێر یاسایی تایبەتییەوە ، کە ئەرك و مافەکانیان بە شێوەیەکی وا دیاری دەکات نە توانن زیان بە بەرژەوەندییەکانی عەرەب بگەیەنن، مافی دەوڵەتی عەرەبیشە، کە هەرکاتێ بیەوێ ن ئەوانەی زیان بەبەرژەوەندییەکانی دەگەیەنن دەریان بکات و دروستکردنی خوێندگا و دامەزراندنی ڕێکخراو و ڕۆژنامە بە زمانەکەیان و بانگەوازی نەتەوایەتیشیان لێ قەدەغە بکات"[٤].

هەروەها لە مادەی(١١) ی بەرنامەی بەعس، کە لە یەکەمین کۆنگرەی دامەزراندیدا پەسەندکراوە، دەڵێت:"هەرکەسێك داوا بکات یان بچێتە پاڵ دەستەیەکی ڕەگەزییەوە، یا بە مەبەستی داگیرکاری(استعماری) هاتبێتە نیشتیمانی عەرەبەوە، ئەوا لە نیشتمانی عەرەب دەردەکرێت"[٥]. ئەمەش بە ڕونی ئاماژەیە بە نەتەوەی

---

(١) ئەحمەد میرە: کاریگەری بزوتنەوە ڕۆشنبیری و ئەدەبیە کوردییەکان لەسەر کۆمەڵگای کوردی باشوری کوردستان ١٩٧٠-٢٠٠٣، چ١، چاپخانەی ڕەنج، ٢٠١٢، ل١٦٢ ؛ حیکمەت محەمەد کەریم(مەلا بەختیار):شۆڕشی کوردستان و گۆڕانکارییەکانی سەردەم، چ٣، چاپخانەی ڕۆشنبیر، هەولێر، ١٩٩٤، ل٣٣.

(٢) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(ئاسۆی شێخ نوری)نسلێمانی، ٢٠١٧/١/١٨. ئاسۆ نوری ڕەزا بابە شێخ، لە ساڵی ١٩٤٧ لە شاری سلێمانی لە دایك بووە، لە ساڵی ١٩٥٤ خوێندنی سەرەتایی لە شاری سلێمانی تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩٧٠ پەیوەندی بە کۆمەڵەوە کردووە، لە ساڵی ١٩٧٣ بووە بە ئەندامی کۆمیتەی ڕێکخستنی سلێمانی کۆمەڵە، لە ساڵی ١٩٧٥ لە لایەن حکومەتی بەعسەوە دەستگیر کراوە، لە ١٩٧٩/٨/١٦ بە لێبوردنی گشتی ئازاد دەکرێت، لە ساڵی ١٩٨١ بەشداری یەکەم کۆنفراسی کۆمەڵەی کردووە، دواتر بوتە لێپرسراوی مەڵبەندی یەکی سلێمانی (ی. ن. ك) لە دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ بووەتە قایمقامی شارباژێڕ و لە ساڵی ١٩٩٦ بۆتە جێگری پارێزگاری سلێمانی، لەماوەی نێوان(٢٠٠١—٢٠٠٥)پارێزگاری سلێمانی بووە، ئێستاش نیشتەجێی شاری سلێمانییە.

(٣) نەوشیروان مستەفا ئەمین:خولانەوە. . . ، س. پ، ل١٥٣؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(ئاسۆی شێخ نوری)نسلێمانی، ٢٠١٧/١/١٨.

(٤ ) الحركة البعث العربي:هداف و غايات، (ب. م)، ١٩٤٥،ص٣.

(٥) ئەمین قادر مینە:س. پ، ل٦٥.

کورد، کە پێیان وایە خاکی عەرەبیان داگیر کردووە و پێویستە دەربکرێن.  جگە لەوەش بەعس نەتەوەی کوردیان بە میوان لەسەر خاکی عەرەب دادەنا، بەو واتایەیی هەرکات بیانەوێت دەتوانن دەربەدەریان بکەن و خاك و ئاویان داگیر بکەن[1].

لە ماوەی نێوان ساڵانی(١٩٨٨-١٩٩١) حکومەتی بەعس بە شێوەیەکی فراوان و بەربلاو کەوتە پیادەکردنی سیاسەتی لەناوبردنی  کورد بەجۆرێك لە شاڵاوەکانی ئەنفال دا لە ماوەی نێوان مانگی شوبات بۆ ئەیلولی ١٩٨٨، سەرجەم بنەماکانی جاڕی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ و رێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکانی لە مەڕ قەدەغەکردنی لەناوبردنی بە کۆمەڵ بە زەقترین شێوە پێشێل کردووە، ئەمەش بە فەرمانی سەرۆکی عێراق و گەورە لێپرسراوانی حیزبی بەعسی دەسەڵاتدار بوو، وەك:

١. کوشتنی بە تاك بە بێ هیچ دادگایی کردنێك
٢. کوشتنی بە کۆمەڵ و سەپاندنی سزای بە کۆمەڵ.
٣. زیندانی کردنی بە کۆمەڵ بە بێ تۆمەتێکی دیاری کراو.
٤. بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی قەدەغەکراو.
٥. ئەشکەنجەدانی دەروونی و جەستەیی بە کۆمەڵ.
٦. کۆچپێکردنی زۆرە ملێ و بە کۆمەڵ و نیشتەجێ کردنی بە زۆر لە ئۆردوگاکاندا[2].

ڕژێمی بەعس بە هیچ شێوەیەك درێخی نەکردووە لە سەرکوت کردن و لە سێدارە دانی خەڵکی شاری سلێمانی[3]، ئەمەش بە ئاشکرا لەو بەڵگەنامانەدا دەردەکەوێت کە لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە بە جێ ماوە، بۆ وێنە بە پێی نوسراوی ئاسایشی سلێمانی ژمارە(١٢٣٠٨) لە ڕێکەوتی ١٩٨٩/٩/١٧ کە ئاڕاستەی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی کراوە، ئاماژەکراوە بە گرتنی چەندین هاوڵاتی کە لە نوسراوەکەدا ناویان هاتووە، لەگەڵ لە سێدارەدانی ژمارەیەکی دیکە کە لە هەمان نوسراودا خراوەتە ڕوو، تۆمەتی گرتن و لە سێدارەدانی ئەو هاوڵاتیانەش، تەنها ئەوە بووە کە سەر بە پارتە کوردییەکان بوون و چالاکیان ئەنجامداوە[4].

لە نوسراوێکی دیکەی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی سلێمانی/لێکۆڵینەوە ژمارە(٢٥١٦٣) لە ڕێکەوتی ١٩٨٨/١٠/٢٩ کە ئاڕاستەی بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کراوە، باس لەوە دەکات: (٩) تاوانبار لە دەستەی بەکرێگیراوانی ئێران، لە لایەن  بەڕێوەبەری ئاسایشی سلێمانییەوە سزای لە سێدارەدانیان

---

(١)  سۆزان کەریم مستەفا: س،پ،ل٣١٨؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(ئەحمەد حامد)، سلێمانی، ٢٠١٧/٢/٧.

(٢)  زیاد عەبدولڕەحمان:تونی مەرگ هێرشەکانی ئەنفال لە بەڵگەنامەکانی ڕژێمی بەعس دا، چ٢، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل١٧.

(٣)  چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(کەمال محەمەد سەعید قەرەداغی) ناسراو بە (کەمال قەرەداغی)، سلێمانی، ٢٠١٧/١/١٧.  ناوبراو ساڵی ١٩٥٣ لە ناحییەی قەرەداغ لە دایك بووە، دەرچووی ئامادەیی پیشەسازی سلێمانییە بۆ ساڵی (١٩٧٨-١٩٧٩)، لەساڵی ١٩٧٤ بەشداری شۆڕشی ئەیلولی کردووە، لە ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی(ی. ن. ك)ەوە کردووە، لە سەرەتای دروستبونی ڕێکخراوی ئاڵای شۆڕشەوە پەیوەندی بەو ڕێکخراوەوە کردووە، بەرپرسی ڕێکخستنەکانی ناو شاری سلێمانی ئاڵای شۆڕش بووە، لە ساڵانی(١٩٨٩-١٩٩١) لە زیندانەکانی بەعس دا بووە، لە ساڵی ١٩٩٢ لە کۆنفرانسی یەکەمی ئاڵای شۆڕش بە ئەندامی سەرکردایەتی هەڵبژێردراوە، دواتر گەڕاوەتەوە ناو (ی. ن. ك) و چەندین پلەی حیزی وەرگرتووە، ئێستاش نیشتە جێی شاری سلێمانییە.

(٤)  وەرگیراوە لە// نەوشیروان مستەفا ئەمین:خولانەوە. . . ، س. پ، ل١٢٢.؛ بۆ دەقی نوسراوەکەی ئاسایشی سلێمانی کە ئاراستەی ئاسایشی گشتی کردووە، بڕوانە// پاشکۆی ژمارە(8).

بەسەردا جێبەجێ کراوە، (١٩) نۆزدە هاولاتی دیکە سزای لە سێدارەدانیان بەسەردا جێبەجێ کراوە، تەنها لەبەر ئەوەی لە ناوچەی قەدەغەکراودا گیراون، (٦) خێزان کە ژمارەیان (١٨) کەس بووە و سەرجەمیان کەس و کاری پێشمەرگە بوون لە سێدارە دراون، (٤٧) تاوانبار لە دەستەی بەرهەڵستکارەکان نێردراون بۆ سەرۆکایەتی دادگای شۆڕش بۆ هەندێك کێشەی لێکۆڵینەوە فەرمانی لە سێدارەدانیان بۆ دەرکراوە. (٢٥٣٢) کەس و (١٨٦٩) خێزان کە کۆی ئەندامەکانیان دەکاتە (٩٠٣٠) کەس نێردراون بۆ ئۆردوگای سوپای میللی(الجیش الشعبی) لە پارێزگای کەرکوك لەو کەسانەی کە لە هەڵمەتەکانی ئەنفالدا گیرابوون(١). لەگەڵ ئەوەشدا ڕژێمی بەعس بە شانازییەوە باس لە گرتن و لەناوبردنی پێشمەرگەو هاولاتیانی سلێمانی کردووە، لە ڕۆژنامەی هاوکاری بە مانشێتێکی گەورە نوسیویەتی: "بە ئامۆژگارییەکانی فەرماندەی مەزمان بەڕێز سەرۆك سەدام حسێن ناوچەی قەرەداغ لە خۆفرۆشان پاك کرایەوە، جەنگاوەرە دلێرەکانمان بە کرێگیراوان لە ناو دەبەن و بنکەکانیان تێکدەدەن[٢].

شاری سلێمانی سەرچاوەی کێشەو گیروگرفت بووە بۆسیاسەتەکانی ڕژێمی بەعس، بۆیە بەردەوم لە هەوڵی چاودێری کردن و کۆنترۆڵکردنی شارەکەدا بووە، بۆ ئەمەش هەموو ڕێگەکانی توندو تیژی و سەرکوتکردنی گرتووەتەبەر، لە کاتی جەنگی عێراق-ئێراندا ڕژێم کەمتر دەیپەرژایە سەر شار و چالاکی ڕێکخستنەکان، بەڵام لە دوای جەنگ هەوڵی دا تۆڵەی ئەو هەشت ساڵە کە خەریکی جەنگی ئێران بووە لە شاری سلێمانی بکاتەوە[٣]. بۆیە دەبینین ژمارەی مەفرەزە تایبەتییەکانی پەیوەست بە ڕێکخراوی هەواڵگری ناوچەی باکور لە سلێمانی(٨) مەفرەزە بووە و لە (١٧٢) کەس پێکهاتووە، ئەم ژمارەیە بەرز کراوەتەوە بۆ (٣٢٨) کەس و ژمارە مەفرەزەکانیش زیادی کردووە[٤]. ئەمەش هەوڵی زیاتری بەعس دەردەخات بۆ کۆنترۆڵکردنی شاری سلێمانی.

لە ماوەی نێوان (١٩٨٨-١٩٩١) بە هۆی نەمانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە سنوری باشوری کوردستان دا، ڕژێمی بەعس بەتەواوی خۆی بە سەرکەوتوو دەزانی و تارڕەدەیەکی زۆر خۆی لە خۆبایی ببوو، بە شێوەیەك توندو تیژی بەرامبەر شاری سلێمانی بەکار دەهینا، کەم کەس هەبوو بتوانێت بە جل و بەرگی کوردییەوە بسوڕێتەوە، تەنانەت ریش هێشتنەوە و لەبەر کردنی جلی ڕەش بە بەرهەڵستی ڕژێمی بەعس تەماشا دەکرا، ئەو گەنجانەی کە جلی ڕەشیان لەبەر دەکرد، یان ریشیان دە هێشتەوە ڕووبەرووی ئازارو ئەشکەنجە دەبوونەوە[٥].

بە عسییەکان بۆ بتەو کردنی دەسەلاتیان تۆڕی سیخوڕی و دامەزراوەکانی ئەمن وهەواڵگری، ئاسایشی گشتی، ڕێکخستنی نیشتمانی، یەکێتی ئافرەتان، گەنجان و لاوان، ڕێکخراوەکانی دیکەی حیزبی بەعس)زیاتر گەشە پێدا هەزاران ئەفسەرو سیخوڕو پۆلیسی نهێنی کە بە بیرو باوەڕی شۆڤێنیانەی عەرەبی بەعسی پەروەردە کرابون و مەشقی تایبەتیان پێکرابوو نێردرانە شاری سلێمانی و شارو شاوچکەکانی دیکەی کوردستان، کارو ڕەفتاری ئەوانە دەست نیشان کردنی ماڵی تێکۆشەران و چاودێری کردنی جموجوڵ و چالاکی خەڵك و

---

(١) وەرگیراوە لە زیاد عەبدولڕەحمان:س. پ، ل٢٦.

(٢) ڕۆژنامەی هاوکاری ژمارە(٩١٣)، دوو شەممە، ١٨٨٨/٤/٤، ل١.

(٣) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(کەمال قەرەداغی)، سلێمانی، ٢٠١٧/١/١٧.

(٤) زیاد عەبدولڕەحمان:س. پ، ل٢٠٨.

(٥) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(کەمال قەرەداغی)، سلێمانی، ٢٠١٧/١/١٧.

ئاگادارکردنەوەی دەزگاکانی ڕژێم بوو، خەڵکێکی زۆریشیان لەو دامو دەزگا هەواڵگریانەدا کۆکردبویەوە، لەوانەی کە دڵسۆزبوون بۆ ڕژێمی بەعس[١].

ڕژێمی بەعس جگە لە ئابڵوقەدانی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد و هەڵوەشاندنەوەی هێزی چەکداری کورد، لـە هـەوڵی هەڵتەکاندنی ژێرخانی ئابوری کوردستانیش دا بووە[٢]، ئەوەتا بە پێی نوسراوی لیژنـەی بەرەنگار بونـەوەی چالاکی تێکدەری پارێزگـای سلێمانی، بە ژمارە(١٤٤٣) لە ڕێکـەوتی ١٩٨٨/٨/٢٧ ئابڵوقـەی ئابوری لەسـەر ناوچـەکانی پارێزگاکـە تونـدتر کـردووە[٣]. ئـەم نوسـراوە واژۆی سـەرۆکی لیژنـەی بـەرەنگاری چالاکی تێکدەری لەسەرە، کە ئەویش(جەعفر عەبدولکەریم بەرزنجی)یە، لە هـەمان کاتـدا پارێزگاری سلێمانیش بووە، لـە لایەکی دیکەوە، ڕژێمی بەعس هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی کوردی داوە، بە عس هەمیشە لە هەوڵی دروستکردنی ناکۆکی و دوژمنایەتی بوو لە نێوان خەڵکدا، دەیویست بە کاری نەشیاو و بەد ڕەوشتی خەریکیان بکات، ئەمەش بۆ ئەوەی بیر لە ناڕەزایی دژی حکومەت نەکەنەوە و بۆ چارەسـەر کردنی کێشـەکانیان ڕوو لـە حیزبی بـەعس بکـەن، ئـەویش بـە سـەپاندنی چـەندین مـەرج ئینجا هاوکـاری دەکـردن، جگـە لەوەش، ڕژێم هەوڵی دەدا خەڵك لە ناو خۆیاندا بکات بە سیخور بەسەر یەکترییەوە، بەو شێوەیە خەڵك هەمیشە لە گومان و دڵە ڕاوکێ و ئاڵۆزی پەیوەندی کۆمەڵایەتی دا دەژیان. ئەم سیاسەتەی بەعس بە جۆرێ ڕەنگی دابویەوە لە شاری سلێمانیدا زۆر کەس بە شانازییەوە خۆی بە بەعسی دەزانی، ڕژێمی بەعس کۆمەڵگەی کوردی و خـەڵکی شاری سلێمانی بە جۆرێ بێکار کردبوو، ناچار بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیان ئامادەبون لـە بەرامبـەر پارەیـەکی کـەم ڕاپۆرت لەسەر هاوڕێ و کەسە نزیکەکانی خۆیان بدەن بە بەعس[٤].

ڕژێمی بەعس سیاسەتی گـەمارۆدانی شارو شاروچکەکانی بـەکار دەهێنـا، بـۆ وێنـە شـەقامی بازنـەی مـەلیك محمود لە شاری سلێمانی کە بە شەقامی(شەست مەتری) ناسرابوو هەر بۆ ئەو مەبەستە دروستکرا، بۆ ئـەوەی لـە کاتی ئەنجامدانی هەر چالاکیەکدا بە ئاسانی و بە خێرایی بتوانێت گـەمارۆی شارەکە بدات و کـۆنترۆڵی بکـات[٥]. ئەم سیاسەتەشی لە دروسـتکردنی ئۆردوگـا زۆرەملێیەکانیشـدا پـەیڕەوکرد، ئۆردوگاکـان لـە شـوێنێك دا دروسـت دەکران ، کە ڕەبایەو مۆڵگە و سەربازگەی جاش و پیاوانی ڕژێمی بەعس دەوری بدایە، ئەمەش بـۆ ئـەوەبوو کـە لـە کەمترین کات دا و بە خێرایی دەست بەسەر هەر چالاکی و جموجوڵێکی سیاسی و سەربازی دژ بە رژێمدا بگرن، چـواردەوری ئۆردوگاکـانیش بـە سـیم و تـەلی دڕکـاوی دەوره درابـوو، بـە چـەکی قـورس و زرێپـۆش دەپـارێزرا، بـۆ هاتوو چۆی دەرەوەی ئۆردوگاکە تەنها یەك ڕێگە هەبوو، ئەویش خـاڵی پشـکنینی لێبـوو[٦]. بـە کـورتی گـەمارۆی شاروشاروچکەکان درابوو لە زیندانێکی گـەورە دەچوون.

---

(١) شێخ جەمال شێخ نوری:س. پ، ل١٥ . ؛ دڵێر ئەحمـەد: ئەوبارودۆخـە سیاسـی و کۆمەڵایەتییـەی کـە(ی. ن. ك) ی تێدا لـە دایـك بوو، گ(ڕێبازی نوێ)، ژ. ١٩، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل١٥.

(٢) پشکۆ نەجمەدین: س. پ، ل٥٦.

(٣) وەرگیراوە لـە // نەوشـیروان مسـتەفا ئەمین:خولانـەوە. . . ، س. پ، ل٢٢١. ؛ بۆ دەقی نوسـراوەکەی لیژنـەی بـەرەنگار بونـەوەی چالاکی تێکدەری لە پارێزگای سلێمانی، بروانە// پاشکۆی ژمارە(٩).

(٤) ئاراس عەبدولڕەحمان مستەفا:س. پ، ل١٩٤. ؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(کەمال قەرەداغی)، سلێمانی، ٢٠١٧/١/١٧.

(٥) چـاوپێکەوتنی توێـژەر لەگەڵ(کـەمال قـەرەداغی)، سـلێمانی، ٢٠١٧/١/١٧. ؛ چـاوپێکەوتنی توێـژەر لەگەڵ(ئەحمـەد حامـد)، سلێمانی، ٢٠١٧/٢/٧. ؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(ئاکۆ محەمەد وەهبی)، سلێمانی، ٢٠١٧/٣/١١.

(٦) ئاراس عەبدولڕەحمان مستەفا:س. پ، ل١٩٥.

بەعس سیاسەتی دروستکردنی لەشکرێکی فراوانی بێکاری لە ئۆردوگاو شارەکاندا بەئەنجام گەیاند، ئەمەش بۆ ئەوەی بتوانێ دەست بەسەر توانا و بۆچونە سیاسی و وره و ئاسۆ ڕوناکەکانی ژیانیاندا بگرێت، ڕێژەیەکی زۆری لە جوتیارانی کوردی لە ناو بێکاری ڕوپۆشکراو دا قەتیس کردبوو، لەبەرامبەر موچەیەکی زۆرکەم کە بەشی بژێوی خێزانی نەدەکرد، جگەلەوەش ڕژێم هەوڵی دەدا کە کورد لە هەموو داب و نەریتێکی ڕەسەنی خۆی داماڵێت[1]. بەوەشەوە نەوەستا باخچە گشتی و تایبەتییەکان، کە لەلایەن دەزگای شارەوانی و گەشت و گوزارەوە دروستکرابوو خستییە ژێر دەستی دەزگا سیخوڕییەکانی خۆیەوە، بە مەبەستی تێکشاکاندی باری دەرونی خەڵك و نەبونی شوێنێك کە خەڵکی شار لە کاتی پشوودا تێیدا بحەوێنەوە[2].

لە لایەکی دیکەوە ، ڕژێم لە هەوڵی بەعەرەبکردنی کورددا بووە، بۆ ئەمەش پاداشتی دارایی ئەو عەرەبانەی دەکرد کە کچ و ژنی کوردیان دەخواست[3]، بە جۆرێ ئەگەر هەر کوڕە عەرەبێك کچە کوردێکی بخواستایە بڕی(٥) هەزار دینار(سویسری ئەوکاتە–تویژەر) یان پێ دەدا[4].

حیزبی بەعس هەڵگری ئایدۆلۆژیایەکی شۆڤێنستانەی نەتەوە پەرستی داپڵۆسێنەر بوو، بڕوای بە یەکسانی و مافی گەلان نەبوو، هەموو شتێکی قۆرخ کردبوو، تەنانەت بیرکردنەوە لە دەرەوەی بیری بەعسیزم قەدەغەبوو، ئەو کەسەی بە سیاسەتەکانی ڕازی نەبوایە جێگەی نەدەبوویەوە، هەموو ڕۆژنامەو بلاوکراوەکان چ حیزبی و چ حکومی و چ ئەهلی تێکڕا سەر بە سیاسەتی بەعس بوون و یەك هاوکێشەیان تەواو دەکرد، ئەویش بلاو کردنەوەی بیری بەعسیزم بوو[5].

بە هۆی بێکاری و تێکدانی شیرازەی کۆمەڵایەتی و هەڵتەکاندنی ژێرخانی ئابورییەوە، دیاردەی جاشایەتی پەرەی سەندبوو لە شاری سلێمانی دا، ئەم جاشانە ئامادەبوون لە پێناو پارەو دابینکردنی ژیان و گوزەرانی خۆیاندا ، هەموو کارێك بۆ بەعس بکەن[6]. لە زۆر لایەنەوە سودیان بەبەعس گەیاندووە وبۆ ئامانجەکانی بەعس بەکار هێنراون، بە تایبەت لە ساڵاوەکانی ئەنفالدا ، بەپێی زانیارییە نا فەرمییەکان نزیکەی (٣٠٠) فەوجی خەفیفە هەبوون، لە و کاتەدا، زیاتر لە (٢٠٠,٠٠٠) جاشی کورد لەو فەوجانەدا کۆکرابونەوە، سەرانی ئەوفەوجە خەفیفانە و مەفرەزە تایبەتییەکانی ئاسایش و هەواڵگری و چەکدارەکانیان هەمیشە چاو ساغ و یارمەتی دەری سوپای عێراق بوون، لەو تاوانانەی کە دژ بە کورد ئەنجامی داون[7].

حیزبی بەعس هیچ دەزگایەکی حکومی و سیاسی و جەماوەری لە عێراق دا نەمابو نەیکردبێتە بە عسی، بەجۆرێك هەموو شتێك بەبەعسی کرابوو، هەر لە خوێندگا و بازاڕو گەرەك و ژیان و هەموو کار و چالاکییەك، هیچ شتێ لە دەرەوەی سیاسەت و بیرکردنەوەی بەعس ڕێگەی پێنە دەدرا[8].

---

(١)ئاراس عەبدولڕەحمان مستەفا:س. پ، ل١٩٥.

(٢) هـ. س، ل١٩٦.

(٣) دیڤید مەکداول:س. پ، ل٥٥٦.

(٤) بێ ناوی نوسەر: کۆلۆنیالیزمی عێراقی و راگواستن و بەعەرەبکردنی باشوری کوردستان، گۆڤاری سەرخۆبون، ژمارە(٧-٨)هەولێر، ٢٠٠١، ل٢٢؛ ڕێباز:قەندیل بەغدای هەژاند، چ٢، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل٤٩.

(٥) عەبدولڕەزاق مەرزنگ:ڕاپەرین و بەهاری ئازادی، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، (ب. س)، ل٣٦.

(٦) ڕێباز:س. پ، ل١٠٣.

(٧) زیاد عەبولرەحمان:س. پ، ل٢١١.

(٨) عەبدولڕەزاق مەرزنگ:س. پ، ل٣٧.

تیرۆرزمی بەعس هەر ئەوە نەبوو، بەڵکو هەندێك مەفرەزەی تیرۆرستی پێکهێنا بوو، کە بەرامبەر هێنانی سەری هەر پێشمەرگەیەك یان کە سێك پەیوەندی بە شۆرشەوە هەبوایە بڕێکی بەرچاو پارەی پێدەدرا و ئەگەر چەکی کوژراوەکەشی لەگەڵ خۆی هێنابایە ئەو بڕە پارەیە زۆرتر دەبوو. زۆرجاران ئەو تاوانبارانە هەڵدەستان بە گرتن و کوشتنی خەڵکی سڤیل و بێ چەك لە دەرەوەی شار و سەریان دەبڕی و ڕادەستی حکومەتیان دەکردەوە، زۆرجاریش بە بڕینی گوێ یان پەنجەی دەستیش بەخشیشیان پێ وەردەگرت [١].

کەسێك لەسەر گومانێك دەگیراو شوێن بزر دەکرا، زۆر بە زەحمەت دەردەچوو، مەگەر ئەوانەی خۆیان بۆ ئازار و ئەشکەنجەی زیندانەکان گرتبایە و توشی دانپیادانان نەبونایە، چ بەراست و چ بە درۆ بۆ ئەوەی لە ژێر ئێش وئازار دەربازیان بێت، زۆرجاری ئەفسەری لێکۆڵەری بەعس داوای لە زیندانییەکان دەکرد کە دان بە تاوانانەدا بنێ کە دراوەتە پاڵیان بۆ ئەوەی چیتر ئەشکەنجە نەدرێن، واتە ئەشکەنجە بەردەوام بوو هەتا دانپێدانان[٢]. ئەگەر ئەگەر هیچ شتێکی لەسەر نەبوایە، تەنانەت منداڵی(١٠-١٦) ساڵ کە دەگیران دەبوو لە ژێر ئەشکەنجەدا خۆی تاوانبار بکردایە بۆ ئەوەی وازی لێ بهێنن[٣].

بەهۆی هەواڵیك، ڕاپۆرتێك، تەلەفونێك، چرپەك، خەڵك دەگیراو بەند دەکرا، هەرئەوەندەش کە دەگەشتە دەستی ئاسایش و هەواڵگری ئیدی دەرباز بونیان ئاسان نەبوو، کرداری گرتن و ڕاونان و لە سێدارە و زیندانی کردن بێ لێپرسینەوە ئەوەندە زۆربوبوو هەمیشە تێکرای خەڵك پێی وابوو مەرگ بەردەوامە و لەبەردەم هەموو کەسێکە، دڵپیسی و سیخوری تەشەنەی کردبوو ، بەجۆرێك دەگوترا قسە مەکە دیوار گوێی لێیە، باوەرت بە ژنەکەی خۆشت نەبێت[٤].

حکومەتی بەعس بە گرتن و کوشتن و لە سێدارەدان و ئەشکەنجەی ئەوانەوە نەدەوەستا کە پێشمەگە بوون، یان لە ریزی ڕێکخستن دا کارییان دەکرد، بەڵکو فەرمانی لە سێدارەدانی بۆ خزم و کەسی پلەیەکی پێشمەرگە دەرکرد، بۆ وێنە لە یاداشتێکی دەسنوس لە ٢٠ ی تشرینی دووەمی ١٩٨٩ دا بە واژۆی بەڕێوەبەری ئاسایش و لە بارەگای ئاسایشی سلێمانییەوە دەرچووە بە دورو درێژی باس لە کێشەیەك دەکات کە هاوڵاتیەك سکاڵانامەیەکی داوەتە دەسەڵاتدارنی بەعس سەبارەت بە دایك و باوك و برا دیارنەماوەکانی ، نامەکە باس لە بێ سەروشوێن کردنی هاوڵاتیان(گوروون ئەحمەد و نەعیمە عەبدولرەحمانی خێزانی، هۆشیار گوروون)، کە بە بڕیاری دادگای شۆرش لە سێدارە دراون. ئەوەی لێرەدا گرنگە هۆکاری کوشتنی باوك و دایکی ئەم هاوڵاتییە، کە لە بەڵگە نامەکەدا بەم شێوەیە هاتووە:"وەك جێبەجێ کردنی فەرمانی هەڤاڵی تێکۆشەر(عەلی حەسەن مەجید)ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمایەتی حیزبی بەعس، کە بە نوسراوی ژمارە(١٠٦٣٠٩)ی نهێنی و تایبەتی بەرێوەبەرێتی ئاسایشی ناوچەی ئۆتۆنۆمی لە ١ ی مایسی ١٩٨٧ دا بۆمان هاتووە سەبارەت بە لەناوبردنی کەس و کاری پلە یەکی تاوانباران. "[٥]

لە نوسراوێکی تردا کە ناوی ئاسایشی سلێمانی لە بەشی سەرەوەی چاپکراوە و ژمارەکەی(س. ت ٢١٣٠٨)ە، لە ڕێکەوتی ١٦ ئەیلولی ١٩٨٩ دەرچووە، باس لە گوللە بارانکردنی ئاشکرای پێنج تاوانبار دەکات

---

(١) عەلی تەتەر نێروەیی:س. پ، ل٢٠٥.

(٢) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(کەمال قەرەداغی)، سلێمانی، ٢٠١٧/١/١٧.

(٣) جەمال شێخ نوری: وێرانکاری و تاوانەکانی بەعس لە بیرەوەرییەکانمدا، چ١، چاپخانەی روون، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل١٢٤.

(٤) عەبدولڕەزاق مەرزنگ:س، پ، ل٤٤.

(٥)وەرگیراوە لە مێدڵ ئیست ۆوچ:س. پ، ل١٤٣-١٤٤.

لەبەردەم خەڵکیدا و لەلایەن تیمەکانی کوللە بارانکردنەوە، گوایە پەیوەندییان بە رێکخراوەکانی ناوخۆی سەر بە ئێرانەوە هەبووە(مەبەست لە پارتە کوردییەکان کە بەعس بە بەکرێگیراوی ئێران ناوی دەبردن–تویژەر)، گوللەبارانکردنەکە بە ئامادەبونی لێپرسراوانی پارتی بەعس و دەزگا ئاسایشی و هەواڵگریەکان جێبەجێ کراوە[١].

لەلایەکی دیکەوە حکومەتی بەعس پارتە کارتۆنییەکان و سەرۆك جاشەکانی ڕاسپاردبوو کە بەکاری تیرۆرکردنی سەرکردە سیاسی و سەربازییەکانی شۆرش هەڵبستن، لە بریارێکی دیکەدا لە مانگی گوڵانی ١٩٨٨دا فەرمانی دەست بەسەردا گرتنی ماڵ و دارایی هەرکەسێکی دەرکردبوو، کە چووبێتە ناو شۆرش، لەکاتی گەڕانەوەیشیدا سامانەکەی بۆ نەدەگەڕایەوە، هەموو یاساکانیشی دژ بە و بڕیارەبون کاریان پێنەدەکرا، ئەم بڕیارەش تا کۆتای جەنگی عێراق– ئێران و ڕاپەرینی بەهاری ١٩٩١ کاری پێکرا[٢].

رەفتارێکی ناجۆری دیکەی بەعس بەرامبەر دانیشتوانی شاری سلێمانی ئەوەبوو کە بەزۆر خێزانی پێشمەرگە ناچار دەکرا کە لە هاوسەرەکەی جیا بێتەوە، لەم بارەیەوە هاوڵاتی(شەوبۆ فەتاح ئەحمەد) دەڵێت:"لەبەر ئەوەی هاوسەرەکەم پێشمەرگە بوو، شەش مانگ لە ئاسایشی سلێمانی گیرام، دوای ئەوەی رژێم خۆی تەلاقنامەیەکی بۆ دروستکردم و لە رۆژنامەکاندا بڵاوی کردەوە، ئینجا ئازاد کرام"[٣]. تەنانەت ئەو کەسانەش کە بە هەر هۆکارێك بێت لە دەرەوەی وڵات بوون، ڕژێمی بەعس لە ڕێگەی خێزانەکانیانەوە فشاریان بۆ دروست دەکردن بۆ گەڕانەوەیان، بۆ نموونە(دلێر ئیسماعیل حەقی شاوەیس)ئەوکاتە بۆ خوێندن لە دەرەوەی وڵات بوو، ڕژێمی بەعس فشاریان لەسەر خێزانەکەی دروستکردبوو بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە، تەنانەت تەلاق نامەیان بە خێزانەکەی پڕکردبۆوە و لە ڕۆژنامەکانیشدا بڵاویان کردبۆوە[٤].

مەبەستی رژێمی بەعس لەم کارانە ڕوخاندنی مۆڕاڵی هێزی پێشمەرگەو تێکدانی شیرازەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردیی و شاری سلێمانی بووە، جگە لەوەی سیاسەتی بەعس هەر لە کوشتن و زیندە بەچاڵکردن و گرتن و زیندانی کردنی بێتاوان و ئازارو ئەشکەنجەی ئەوانەی دەگیران حاڵەتێکی دەروونی ترسناکی لای دانیشتوانی شارەکە دروست کردبوو[٥]، هەمووشی بۆ چاوترساندن و دەستەمۆکردن و کونترۆڵکردنی دانیشتوانی سلێمانی بووە.

بەعس بەشێوازێکی جودا مامەڵەی لەگەڵ سلێمانیدا کردووە، واتە سیاسەتی بەرامبەر سلێمانی توندوتیژ تر بووە، بۆ وێنە لە هەموو شارەکانی کوردستان نەخۆشخانەی سەدام کرابووەوە، کە باشترین پزیشك و پێشکەوتووترین ئامێری بۆ دابین کرابوو، جگە لە شاری سلێمانی ، لەبری ئەوە لە شاری سلێمانی ژمارەیەکی یەکجار زۆر دەزگای داپڵۆسێنەری دانابوو، بۆ ترساندن و تۆقاندنی دانیشتوانی شار، لەوانە(ئەمنی ئەقاری یان

---

(١) وەرگیراوە لە// مێدڵ ئێست وۆچ:س. پ، ل١٤٣–١٤٤.

(٢) عەلی تەتەر نێروەیی:س. پ، ل٤٥٠.

(٣) رووخۆش عەلی: بیرەوەرییەکانی ژنانی شاخ، پرۆژەی یەکێتی ژنانی کوردستان، چاپخانەی تەوار، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل٧٦.

(٤) پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ(د. دلێر ئیسماعیل حەقی شاوەیس)، هەولێر، ٢٠١٨/٤/٢٥.

(٥) محەمەد رەووف عەزیز: ئەنفال و ڕەهەندە سۆسیۆلۆجییەکانی، چ١، چاپخانەی تیشك، سلێمانی ، ٢٠٠٥، ل١٣٧.

ئەمنە سورەکە)[1]، (فەرمانگەی هێزی فریاکەوتنی چوارباخ)[2]، لەگەڵ(امن البلدة، الانضباط العسكری، پۆلیسی سەرا)، ئەمە جگە لە بنکەکانی دیکەی پۆلیس کە لە هەموو گەڕەکەکان دانرابوون[3].

جگە لەوانەش ژمارەیەك پێگەو مۆڵگە ی سەربازی لە دەوروبەری شار هەبون لەوانە:سەربازگەی تانجەرۆ لە باشوری خۆرئاوای شاری سلێمانی، سەربازگەی سەلام لە خۆرئاوا، سەربازگەی سارداو لە باکوری خۆرئاوا، سەربازگەی خانووە قورەکان لە خۆرهەلات، لە ناو شاریش سەربازگەی حامییەی سلێمانی(چەقی شار)، فەرماندەی فیرقە، فەرماندەی هێزە هاوبەشەکان، فەرماندەی سوپای میللی هەبوون[4]. کۆکردنەوەی ئەم هەموو هێزە و گەمارۆدانی شاری سلێمانی سیاسەتی دوژمنکارانە و توندوتیژی بەعس دەردەخات بەرامبەر شارەکە.

لە درێژەی نەخشەو سیاسەتەکانی حیزبی بەعسدا، پلانی راگواستنی گەڕەکەکانی(خەبات، سەرکارێز، ئازادی) دانابوو بە تەمابوو دانیشتونەکەی رابگوازیت و خانووەکانی تەخت بکات[5]، جگە لەوەش گەرەکەکانی (سەرشەقام، قەزازەکان، خانەقا) لە پلانەکەدا بوون، بە بیانوی دروستکردنی ناوچەی سەوزایی، بە مەش ڕژێم دوو ئامانجی دە پێکا ، یەکەمیان ئەو گەڕەکانەی ناویان هێنرا شوێنی جموجوڵ و چالاکی بوون دژی رژێم، لەوە دەربازی دەبوو. دووەمیان بە حسابی خۆی ناوچەی سەوزایی شار زیاد دەکات، بەڵام زیاتر ئامانجی لەناوبردنی چالاکی و جموجوڵی هێزەکانی دژ بە بەعس بوون[6].

حکومەتی بەعس بەوانەشەوە نەوەستا، بەڵکو کەوتە روخاندنی دوکان و بازاڕو شوێنی کاری هاولاتیانی سلێمانی، بۆ وێنە لە تشرینی دووەمی ١٩٨٨ (قەیسەری نەقیب)[7] ، لەلایەن دەزگاکانی حکومەتەوە سوتێنرا[8]، سوتێنرا[8]، جگەلەوەش دووجار دوکانەکانی شەقای مەولەوی ڕوخاندووە، لەگەڵ روخاندنی چەند دوکانێکی

(١) ئەمنی ئەقاری(ئەمنە سورەکە): لە ٣٠ی ئەیلولی ١٩٧٩ دەست بە بنیاتنانی کراوە، بە سێ قۆناغ تەواو بووە، قۆناغی سێیەمی کە دروستکردنی زیندان بووە کارگێڕی ئەوکاتەی شاری لێ ئاگادار نەکراوەتەوە، لە ساڵی ١٩٨٥ تەواو بووە و کراوتە بەریوەبەرایەتی ئەمنی پارێزگاری سلێمانی، سەبارەت بە ناوەکەشی لەوەوە هاتووە کە بیناکە بە نەترێکی مەیلە و سور رەنگ کراوە. لای دانیشتوانی شار بە شوێنی ئازار ئەشکەنجە دەناسرا، هەندێك جاریش بە باستیلەکەی سلێمانی ناودەبرا، لە کاتی ڕاپەرینەکەی بەهاری ١٩٩١ دا لە رۆژی ١٩٩١/٣/٧ شاری سلێمانی ئازادکرا جگە لە ئەمنە سورەکە کە رۆژی دواتر واتە ١٩٩١/٣/٨ ئازادکرا، لە ٢٠٠٨/٣/٢١ وەك مۆزەخانەی نیشتمانی ئەمنە سورەکە کراوەتەوە. ( وەرگیروە لە ئەرشیفی مۆزەخانەی نیشتمانی ئەمنە سورەکە، رێکەوتی ٢٠١٧/١/١٧).

(٢) لە بنەرەتدا ئەم دەزگایە بینای خوێندگایەکی سەرەتایی بوو، کرابوو بە بنکەی تەواری چوارباخ بۆ ئەشکەنجە دان و داپڵۆسینی خەڵك زۆر کەسیش بە دەستی ئەم دەزگایە لە ناوبران، لە کاتی ئەنفالی ناوچەی قەرەداغدا زۆرێك لەوانەی لەلایەن بەعسەوە گیران سەرەتا بۆ ئەم بنکەیە هێنران دواتر جیاکرانەوە و بۆ زیندانەکانی دیکە رەوانە کران، بەپرسی ئەم دەزگایە (رائد تەها)بووە، کە بە زاڵم و توندرەو ناوی دەرکردبوو. ( بروانە// مێدڵ ئیست وۆچ:س. پ، ل١٨٠؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(کەمال قەرەداغی)، سلێمانی، ٢٠١٧/١/١٧ ).

(٣) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(ئاسۆی شێخ نوری)، سلێمانی، ٢٠١٧/١/١٨.

(٤) رەنج قەرەداغی: لە مەرگەستانی حامییەوە بۆ پارکی ئازادی، لە بڵاو کراوەکانی هەفتەنامەی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل٦٣-٦٤.

(٥) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(ئەحمەد حامد)، سلێمانی، ٢٠١٧/٢/٧.

(٦) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(ئاکۆ محەمەد وەهبی)، سلێمانی، ٢٠١٧/٣/١١.

(٧) ئەو بازاڕە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا لەلایەن وەستا حەسەنی غەزایی یەوە بۆ شێخ نەقیبی مامی شێخ محمود دورستکراوە. (بروانە گۆڤاری مەڵبەند-بڵاوکراوەیەکی رۆشنبیری گشتییە، ژ. ٨٠-٨١، لەندەن، مایسی ١٩٩٧، ل١٤).

(٨) مارف عومەر گوڵ:جینۆسایدی گەلی کورد، چ٢، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل٢٦.

بازاری حەوزە وشکەکە، تەنها لەبەر ئەوەی ئەفسەرێکی بەعس لەوێدا کوژراوە. واتە بەعس بەبێ گوێدانە ئەوەی کێ تاوانباری راستەقینەیە تۆڵەی خۆی لە خەڵك و شاری سلێمانی دەکردەوە، بۆ ئەوەش ئەنجام دانی تاوان و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤی بە لاوە ئاسایی بوو. تەنانەت گەیشتبووە ڕادەیەك کە ڕێکخستنەکانی ناوشار سەرکرادایەتی شۆڕش ئاگادار بکەنەوە کە نابێ چیتر چالاکی لە ناو شاردا ئەنجام بدرێت، چونکە بەعس زۆر بە توندی تۆڵەی لە خەڵك دەکردەوە و شاری سلێمانیش لەوە زیاتر هەڵناگرێت و دانیشتوانەکەی زیانی گەورەیان پێ دەگات[1].

جگە لە کوشتن ، ئازار و ئەشکەنجە و گرتنی بە کۆمەڵ، حکومەتی بەعس سیاسەتی ژەهراوی کردن و تیرۆکردنی سەرکردە و پێشمەگە پارتیزانەکانی بە کار دەهێنا[2]. بۆ وێنە دوای دابەزینی مەفرەزەیەکی پاتیزانی بۆ ناوچەی( قەرەداغ)، بۆ نان خواردن دەچنە سەر کارێزێك، بەڵام دواتر سەرجەمیان توشی ڕشانەوە و سکچون هاتوون، ئەمانە بێئاگابوون لەوەی رژێم پێشتر گشت کانی و کارێزەکانی دەورو بەری سلێمانی ژەهراوی کردووە، بە مەبەستی لە ناوبردنی هێزی پێشمەرگە. کارەکەش لە ڕێگەی بە سیخوڕو پیاوەکانی خۆیەوە ئەنجام دەدا، ئەویش بە ژەهراوی کردنی پەڕۆی خام و دانانی لە ناو ئاوی کانی و کارێزەکاندا[3]. بەکارهێنانی ژەهر لە دژی پێشمەگە یەکەم جار و دواجاریش نەبوو، پێشتریش چەندین هەوڵی لەم شێوەیە هەبووە بۆ تیرۆکردنی سەرکردە سەربازی و سیاسیەکانی شۆڕش، لەوانە، هەوڵی تیرۆکردن و ژەهرخوارد کردنی(مستەفا چاوەڕش، د. محمود عوسمان، عەدنان موفتی، سامی شۆڕش. . . هتد)[4].

سەرەرای ئەو سیاسەتە توندو تیژەی بەعس بەرامبەر شاری سلێمانی و دانیشتوانەکەی دەیویست کە ڕوویەکی دیکەی خۆی پیشانی خەڵکی شارو جیهانی دەرەوەش بدات، کە سەرەڕای ئەو چالاکیانەی کە بەرامبەری دەکرێت، ڕژێمی بەعس نەرمی دەنوێنێت و بە لێبوردەییەوە مامەڵە دەکات، بۆیە بە بریاری ژمارە(٧٣٥) ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە ڕێکەوتی ١٩٨٨/٩/٨ لێبوردنێکی گشتی دەرکرد[5]. لە کۆتای مانگی نۆدا دەسەلأدارانی بەعس رایگەیاند کە بەهۆی ئەو لێبوردنەوە زیاتر لە شەست و یەك هەزار ئاوارەی کورد گەڕاونەتەوە خاکی نیشتمان و لە پای گەڕانەوەیان پاداشتیان دراوەتی"[6]. لە هەمان کۆبونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە رێکەوتی ١٩٨٨/٩/٨ بریاری ژمارە(٧٣٦) دەرکرد هەر سەبارەت بە

---

(١) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(ئاکۆ محەمەد وەهبی)، سلێمانی، ٢٠١٧/٣/١١.

(٢) بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە پیلانی ڕژێمی بەعس بۆ تیرۆرکردن و ژەهرخواردکردنی کەسایەتییە سیاسیەکانی پارێزگای سلێمانی، ( بروانە: پاشکۆی ژمارە(١٠) ) .

(٣) ئەو پێشمەرگە پارتیزانانە پێکهاتبون لە (ئەکرەم حمە ئەحمەد، ئەحمەد زەرداوی، بەهادین بەلەکجاری، فەریقە سور، سدیق قڕگەیی) ئەمەی کۆتاییان هەر لەوێدا شەهید دەبێت، ئەوانی دیکەش ژەهراوی دەبن، بەلأم بە نهێنی لە شاری سلێمانی چارەسەر دەکرێن. ( بروانە: ئەکرەم حمە ئەحمەد: نرکەی قەرەداغ، چ١، لە بلأوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی. ن. ك)، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل١٧١- ١٧٢ ).

(٤) بۆزانیاری و وردەکاری زیاتر بروانە:مستەفا چاوەڕش:س. پ، ل٢٦٤-٢٧١؛ سالار حمە سور باسیرە:کوشتن لە عێراق بە ژەهری ژەهری سالیۆم و تراژیدیاکەی سیروانی ناوچەی مەرگە لە کوردستان، سلێمانی ٢٠٠٠، ل١٩-٢٢.

(٥) الواقائع العراق-العدد(٣٢٢٠)، ١٩٨٨/٩/١٩. بۆ دەقی لێبورنەکەی ڕژێمی بەعس بروانە// پاشکۆی ژمارە(١١).

(٦) نادر ئینتسار: ئیتنۆ نەتەوایەتی کورد، و/عەتا قەرەداغی، چاپخانەی تیشك، (ب. س)، ل٢٩٧-٢٩٨.

لێبوردنی گشتی بۆ هەموو کورد، جگە لە (جەلال تاڵەبانی)[1] . بەڵام خەڵکی کوردستان متمانەیان بە لێبوردنەکەی حکومەتی بەعس نەبوو، بۆیە ناچار بوو جارێکی تر بە بریاری ژمارە(٨٦٠) ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش لە رێکەوتی ١٩٨٨/١١/١٠ لێبوردنێکی گشتی دیکە دەر بکات و ئەمجارە (جەلال تاڵەبانی)شی گرتەوە[2].

لەلایەکی دیکەوە بۆ ئەوەی وای پیشان بدات کە عێراق بە شێوەیەکی دیموکراتیانە بە رێوە دەچێت و رێگە بە دەنگی جیاواز و بۆچونی جیاواز دەدرێت بەشداری لە بەرێوەبردنی وڵات دا بکەن، بریاری هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستانی دا. سەرەتا بە بریارێکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش بە ژمارە(٣٨٣) هەمواری یاسای ئەنجومەنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان ی کردەوە ، بە جۆرێ ئەوکەسەی خۆی دەپاڵێوێت دەبێت:

١. لە دایك و باوکێکی عێراقی بێت.
٢. حکوم نە درابێت بە تاوانی خیانەت لە شۆرشی(١٧- ٣٠ تەمموز/١٩٦٨) یان حیزبی فەرمانرەوا، یان هەوڵی کودەتا دژی دەسەلاَت، یان پەیوەندی بە بەرەی بێگانەوە نەکردبێت. {بە دانانی ئەم مەرجە هەموو ئەوانەی وەك بەعس بیریان نە دەکردەوە لە خۆ پالاَوتن دوورخرانەوە- توێژەر}
٣. سزا نەدرابێت بەتاوانی شەرەف و کوشتنی بە ئەنقەست[3].

دوای ئەوە بە مەبەستی ئەنجامدانی هەڵبژاردن، پارێزگای سلێمانی کرا بە سێ ناوچەی هەڵبژاردنەوە، بۆ ناوچەی یەکەم(١٥) پاڵێوراو، ناوچەی دووەم(١٤) پاڵێوراو، ناوچەی سێیەم(١٦) پاڵێوراو دیاری کران، واتە کۆی گشتی پاڵێوراوان (٤٥) پاڵێوراوبوون[4].

حکومەتی بەعس داوای لە هاوڵاتیان کرد کە بە جۆش و خرۆشەوە بەشداری لەو هەلبژاردنەدا بکەن، ئەنجامدانی هەڵبژاردنیشی بە سەرکەوتنی سیاسەتی خۆی لە قەڵەم دەدا بەرامبەر بە کورد، راگەیاند رێژەی سەدا سەدی خەڵکی کوردی هەر سێ پارێزگای سلێمانی ، هەولێر، دهۆك، بەشداری هەڵبژاردنیان کردووە و لەو هەڵبژاردنەدا بەعسییەکان لە کۆی (٥٠) کورسی ئەنجومەنی نیشتمانی (٣٠) کورسیان بە دەست هێنا، کورسیەکانی تریش لەلایەن پاڵێوراوەکانی سەربە حکومەتی بەعس و بەناو سەربەخۆکانەوە پرکرانەوە[5].

ئەوەی جێگەی سەرنجە سەرجەم پاڵێوراوان بەعسی بوون، خزمەتی ئامانج و بەرژەوەندییەکانی بەعسیان کردووە، بۆ وێنە ئەگەر سەیری ژیاننامەی هەریەکە لەو پاڵێوراوانە بکەین دەبینین سەرجەمیان بەشداری جەنگی قادسیە ی سەدامیان کردووە ، جگە لەوەش بە بەخشینی خوین و پارە و زێر هاوکاری سوپای عێراقیان کردووە[6].

---

(١) بۆ دەقی لێبوردنەکە بروانە// پاشکۆی ژمارە(١٢) .؛ لێبوردنێکی گشتی لەو عێراقیانەی رایان کردووەتە دەرەوەی نیشتمان، رۆژنامەی (هاوکاری)، ژ. ١٠٥٦، دووشەمە، ٨٩/٣/٦، ل١.

(٢) الوقائع العراق، العدد(٣٢٣١)، ١٩٨٨/١٢/٥.

(٣) الواقائع العراق، العدد(٣٢٦٢)، ١٩٨٩/٧/٣.

(٤) بۆ ناوی تەواو و کورتەیەك لە ژیانی ئەو پاڵێوراوانە بروانە// رۆژنامەی(هاوکاری)، ژ. ١٠٥٩، ١٩٨٩/٣/١٦.

(٥) نادر ئینتسار:س. پ، ل٢٩٨-٢٩٩.

(٦) بۆ زانیاری زیاتر بروانە// رۆژنامەی(هاوکاری)، ژ. ١٠٦٢، ١٩٨٩/٣/١٧.

لە رۆژنامەکانی پاشکۆی حیزبی بەعسدا گەورەترین پڕوپاگەندە ڕێکخرا بۆ ئەو هەڵبژاردنە، بۆ وێنە ڕۆژنامەی (هاوکاری) بە مانشێتێکی گەورە و لە لاپەرەی یەکەمدا نوسیبوی:" لە عێراقی سەدام حسێن دا فراوانترین کاری دیموکراتیانە ئەنجام درا"، "ملیۆنەنها کەس نوێنەرانی خۆیان بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی هەڵبژراد[1]". ئەمە لە کاتێکدا سەرجەم پارت و ڕێکخراوەکانی کورد نەك هەر لە کوردستان دا، بەڵکو لە هەموو عێراقیشدا جێگایان نەبووبووەوە ئاودیوی سنوری ئێران کرابون.

بە هەرحاڵ هەڵبژاردن ئەنجام دراو نوێنەرە کارتۆنیەکان کە ژمارەیان(١٤) نوێنەر بوون، لە کۆی ئەو(٤٥) پاڵێوراوە لە هەرسێ ناوچەی هەڵبژادنی پارێزگای سلێمانی دا ناوەکانیان ڕاگەیەنرا[2]. دواتریش بە مەرسومی کۆماری ژمارە(٤٧٣) لە ١٩٨٩/٩/٢٣، ئەنجومەنی جێبەجێ کردنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان پێکهێنرا[3].

حکومەت بەعس لە ڕوکەشدا خۆی بە حیزبی فەرمانرەواو دیموکراتخواز پیشان دەدا، ئەم جۆرە لە هەڵبژادن و دروستکردنی ئەنجومەنی نیشتمانی و ئەنجومەنی جێبەجێ کردنە بۆ ڕازیکردنی جیهانی دەرەوە و پیشاندانی ڕوویەکی جوانی وڵات بوو، بەڵام لە بنەڕەتدا هەمووی مانۆڕی سیاسی و پەردە پۆشکردنی تاوانەکانی بوو.

بە دەیان بڕیاری گرتن و لە سێدارەدانی هاوڵاتیانی دەرکردبوو، لەوانە بریاری ژمارە(٧٠٠) لە ڕێکەوتی ١٩٨٨/٨/٢٧، کە ناوەرۆکەکەی چەندین بڕیاری گرتن و لە سێدارەدانی لە خۆ گرتبوو، لەوانەش:

١- سزای لە سێدارەدان بۆ ئەوانەی کە لە خزمەتی سەربازی دوادەکەوتن یان هەڵدەهاتن. سزاکەش لەلایەن ڕێکخراوەکانی حیزبی بەعسەوە ئەنجام دەدرا.

٢- لە سێدارەدانی ئەوانەی هەتا ١٩٨٨/٨/٧ دەستگیر کراون، یان بە پەشیمانی خۆیان رادەست کردووەتەوە.

٣- سزای لە سێدارەدان بۆ هەر ئەندامێکی حیزبی بەعس لە سەرکردایەتی فیرقە بەرەو خوار ، یان هەر بەرپرسێکی ئەمنی ، یان پۆلیس جێبەجێ دەکرێت، ئەگەر ئاگاداری هەڵهاتوویەك بوبێت لە خزمەتی

---

(١) ڕۆژنامەی هاوکاری، ژ(١٠٦٤)، دووشەممە، ١٩٨٩/٤/٣، ل١.

(٢) بۆناوی نوێنەرە سەرکەوتووەکان بڕوانە: ڕۆژنامەی هاوکاری، . س، پ، ل٤.

( ٣) پێکهاتەی ئەنجومەنی جێبەجێکردنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان بەم شێوەیە بوو:

١- جەعفەر عەبدولکەریم بەرزنجی/پارێزگاری سلێمانی/سەرۆکی ئەنجومەن.

٢- غاندی محەمەد حەسەن/ئەمینداریگشتی کاروباری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن.

٣- نامیق محەمەد رەقیب سورچی/ . . . . . پەروەردەو خوێندنی باڵا.

٤- سەردار عەبدوالمەجید رەشید بەرواری/. . . . . کاروباری ناوخۆ.

٥- حیکمەت حاجی رەحیم/. . . . . . رۆشنبیری و لاوان.

٦- زهدی ئەحمەد محەمەد/. . . . . شارەوانی و بانکەکان

٧- سەکڤان حسێن ئەحمەد/ . . . . . . کاروباری کۆمەڵایەتی

٨- بە سیر عەبدولرەحمان محەمەد ئەتروشی/. . . . کارو باری ئەوقاف

٩- عەجیل جەلال ئیسماعیل/. . . کارو باری دارایی و ئابوری

١٠- محەمەد ورانی محەمەد/ . . . کشتوکاڵ و چاکسازی کشتوکاڵی. بڕوانە// الواقائع العراق، العدد(٣٢٧٥)، ١٩٨٩/١٠/٢.

سەربازی و ڕێوشوێنی یاسایی دژی نەگرتبێتە بەر، یان دەسەلاتی لێ ئاگادارنەکردبێتەوە بۆ ئەوەی یاسای بەسەردا جێبەجێ بکرێت[1].

لە بریارێکی دیکە ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش بە ژمارە(٨٥٠) لە ڕێکەوتی ١٩٨٨/١١/٢٧، بریاری قەدەغەکردنی گۆڕینی نەتەوەی عەرەب بۆ نەتەوەی دیکە دا، بە جۆرێك هەرکەسێك بەوکارە هەستابا سزا دەدرا بە زیندانی کردن، کەمتر نەبوایە لە سالێك[2].

ئەگەر ڕەنگدانەوەی سیاسەتی بەعس لەڕووی سیاسییەوە بەرامبەر پارێزگای سلێمانی وەربگیرێت دەبینرێت هەتا سالی ١٩٩١ ، (٧٣٤٩٩) خانوی نیشتەجێبوون ، (٤٦٠) خوێندگا و (١٤١)بنکەی تەندروستی و (١٠٩٩٦) بینای جۆراوجۆری دیکە روخێنراون ، تەنها لە پارێزگاری سلێمانی (١٤٢٢)گوند وێرانکراون، ئەگەر سەیری ئاماری وێرانکارییەکان بکەین بە ئاشکرا جیاوازییەکی گەورە بەدیدەکەین لە نێوان سلێمانی و شارەکانی دیکەی باشوری کوردستان دا بە جۆرێك سلێمانی گەورەترین پشکی لە وێرانکاکرییەکاندا بەرکەوتووە، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە بڕوانە ئەم خشتەیەی لای خوارەوە :-

ئەم خشتەیە بەراودێکی ئاماری وێرانکارییەکانە لە نێوان پاریزگاکانی سلێمانی و هەولێردا.

| ناوی بینای ڕوخێنراو | ژمارەی بینای ڕوخێنراو لە پارێزگاسلێمانی | ژمارەی بینای ڕوخێنراو لە پارێزگای هەولێر |
|---|---|---|
| خانووی نیشتەجێبوون | ٧٣٤٩٩ | ٦٠٥٧ |
| بنکەی تەندروستی | ١٤١ | ٤ |
| خوێندگا | ٤٦٠ | ٢٩ |
| کۆی گشتی | ٧٤١٠٠ | ٦٠٩٠ [3] |

کۆی ئەو پیلانانەی ئاماژەیان پێدراوە، دژایەتی سیاسەتی بەعس دەردەخات بەرامبەر بە شاری سلێمانی هەر خۆشیان بە (المدینة الصعبة) شارە قورسەکە ناوزەندیان دەکرد، بەلام لەگەل ئەوەشدا توندوتیژترین سیاسەتی گرتن ، کوشتن و لە سێدارەدانی دانیشتوانی سلێمانی نەیتوانی چۆك بە خەلکی شارەکە دا بدات، بەلکو هەمیشە لە دەرفەت دەگەران بۆ تۆلە کردنەوەی خوێنی ئەو هەموو شەهیدە و ئەو هەموو ستەمەی کە لە شارو دانیشتوانەکەی کرابوو. بۆیە سەر ئەنجام بە راپەرینی بەهاری ١٩٩١ بەو ئاواتە گەشتن.

(١) پارێزەر هەژار عەزیز سورمێ:س. پ، ل٢٥٢-٢٥٣.

(٢) الواقائع العراق، العدد(٣٢٣٢)، ١٢/١٢/١٩٨٨.

(٣ ) ئەرسەلان بایز ئیسماعیل: سیمای شیعری کوردی دوای راپەرین ١٩٩٢-٢٠٠٢(بە نمونەی شیعرەکانی رۆژنامەی کوردستانی نوێ وە)، زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل٢٩.

## دووەم: لەڕووی پەروەردە و ڕۆشنبیرییەوە :-

ئاشکرایە حکومەتی بەعس سەرجەم جومگە گرنگەکانی دەسەلات و کۆمەڵگەی لە ژێر کۆنترۆڵی خۆیدا دانابوو ، سێکتەرەکانی پەروەردە و رۆشنبیریش بەدەر نەبوون لە هەژموونی بەعس ، بە جۆرێك کۆنترۆڵ کرابوو کە خزمەت بە بیرو سیاسەتی حیزبی بەعس بکەن.

سیاسەتی ڕژێمی بەعس دژی شاری سلێمانی تەنها لایەنی سیاسی و سەربازی نەگرتبووەوە، بەڵکو لایەنی رۆشنبیری و هونەری و فێرکردنیشی گرتبووەوە، لە بواری فێرکردندا، حکومەتی عێراق خوێندن و فێرکردنی لە زۆربەی خوێندگا و ناوەندەکانی فێرکردندا کرد بە عەرەبی، هەرچەندە پێشتر بە پێی ڕێکەوتنامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ و یاسایی ژمارە(٣٣) لە ١٩٧٤/٣/١١ کە مافی ئۆتۆنۆمی بە گەلی کورد دەدا، دەبوو کە زمانی کوردی زمانی فەرمی بێت لە سەرجەم قوتابخانە و دام و دەزگاکانی باشوری کوردستاندا، بەڵام ڕێك بە پێچەوانەی ئەم یاسا و رێکەوتنەوە بەرنامەکانی خوێندن و فێرکرن لە قوتابخانەکاندا کران بە عەرەبی قوتابخانە کوردییەکانیش داخران[١].

مەبەستی رژێمی بەعس ئەوە بوو کە لەم رێگەیەوە منداڵ و لاوانی کورد هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ بیرو باوەر و بەرنامە و ستراتیژی حیزبی بەعسدا ڕابهێنێت، ئەوەش بە کۆنترۆڵ کردنی هەست و هۆشی ئەو چینە گرنگەی کۆمەڵگە دەگەشتە ئەنجام، ئەمەش خۆی لە خۆیدا داگیرکردنی کەلتوری کورد بوو[٢].

رژێمی بەعس دەستی کرد بە دەستکاری کردنی پرۆگرامەکانی پەروەردە و خوێندن، رادیۆ و تەلەفیزیۆن، گۆڤار و رۆژنامەکان، بە شێوەیەکی ئەو تۆ کە فەرهەنگ و مێژووی کورد بشێوێنی و فەرهەنگی بەعسی بئاخنێتە مێشکی منداڵانی کورد و جەماوەرەوە[٣]. بۆ وێنە حیزبی بەعس بە جۆرێ کۆنترلی رۆژنامە و گۆڤارەکانی کردبوو، کە تەنها کاریان بڵاوکردنەوەی بیری بەعسیزم و پیاهەڵدان بە (سەدام حسێن) و حیزبی بەعس دا بوو، ئەگەر تەماشای ژمارە(١٤٠) ی گۆڤاری (بەیان)[٤] بکەین دەبینین لە لاپەرە(٣)دا وێنەیەکی(سەدام حسێن) بە گەورەی دانراوە، لە ژێریدا وتارێکی(حسن غالب) ە، بەناونیشانی:"شۆڕش و رۆشنبیری کورد". (مەبەست شۆرشی ١٧-٣٠ تەمموزی ساڵی١٩٦٨ ە ، کە بەعس دەسەڵاتی عێراقی کۆنترلْ کرد-توێژەر) ، لەو وتارەدا باسی هەوڵەکانی بەعس دەکات بۆ رۆشنبیرکردنی گەلی کورد!، جگەلەوەش شانازی بەوەوە دەکات کە دەزگاکەیان(دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کورد) توانیویەتی "وتەکانی سەرۆکی فەرماندە" بڵاوبکاتەوە لەگەڵ چاپکردنی وێنە رەنگاورەنگەکانی سەرکردە![٥] . ئەمەش سەلماندنی ئەو راستییە کە بەعس جگە لە

---

(١) حامید محمود عیسا: کێشەی کورد لە عێراق دا، و/سوارە قەلادزەیی، ب١، چاپخانەی رۆشنبیر، هەولێر، ٢٠١٤، ل٦٧-٦٨.

(٢) عەتا قەرەداغی: کاریگەری کەلتوری ئەوان لەسەر کورد، چاپخانەی روون، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٢٠٥-٢٠٦.

(٣) نەوشیروان مستەفا ئەمین:خولانەوە. . . س. پ، ل٤٩-٥٠.

(٤) گۆڤاری بەیان:گۆڤارێکی وێژەی هونەری مانگانەبوو، دواتر بووە بە وەرزی، بە پێی قۆناغەکانی دەرچونی سەرنوسەرو سکرتێری نەسینی گۆراوە، لەوانە(د. ئەکرەم فازل، جەلال میرزا کەریم، جەمال بابان. . . هتد)، ژمارە(١) ی لە ١٩٦٩/١١/١ و دواژمارەشی (٢٩٤) ساڵی ٢٠٠٢ دەرچووە ( بروانە// رەفیق ساڵح ئەحمەد و عەبدوللا زەنگەنە، رابەری رۆژنامەنوسی کوردی، گ. رۆژنامەڤانی، ژ. (١١-١٢) ساڵی چوارەم، ٢٠٠٣، ل١٧٩ ).

(٥) بۆ دەقی تەواوی بابەتەکە بروانە// گ. (بەیان)، ژ. (١٤٠)، شوباتی ١٩٨٨. ل٣-٥.

بواری پەروەرد دەستی بەسەر رۆشنبیری و کەلتوری کوردیشدا گرتبوو، سەرجەم کایە ڕۆشنبیرییەکان لە خزمەتی سیاسەت و ئامانجی حیزبی بەعسدابوو، بە کردەوە رژێم دەستی کردبوو بە هەڵوەشاندنەوەی ئەو شوێنە ئەکادیمی و رۆشنبیریانەی کە بەزمانی کوردی تیایاندا دەخوێنرا، بە رێوەبەرایەتییە کوردییەکان سڕکران، گشت دیاردەیەکی مێژووی و جوگرافی کوردی لە پەرتوکەکانی خویندندا نە هێشت[1]. کەچی لەولاوە رۆژنامە کوردییەکانی سەر بەحیزبی بەعس کە لە شاری سلێمانی بڵاو دەبونەوە، وتەی(سەدام حسێن)یان بڵاو دەکردەوە گوایە وتویەتی:"با هەموو گۆڤار و رۆژنامە کوردییەکان ئەوەندە باس و بابەت سەبارەت بە مێژووی کورد و ڕۆشنبیری کوردی بڵاوبکەنەوە، تا گەلی کورد لەو باسانە تێر دەبێت و دەچێتە سەر رۆشنبیری و زانیاری گەلانی تر"[2]. بە پێچەوانەی ئەم وتەیەوە بەعس بە کۆمەڵێك بیانوی بێ بنەما، هەستا بەدەرکرنی بریاری قەدەغەکردنی چەند کتێبێك دەربارەی مێژووی کورد[3].

سیاسەتی حیزبی بەعس لە ماوەی نێوان(١٩٨٨-١٩٩١) بەو شێوەیە بوو کە سەرجەم سێکتەرەکانی پەروەردە و رۆشنبیری کۆنترۆڵ بکات و لە خزمەتی بیری بەعسیزم و بەنامە و سیاسەتی حیزب دا بێت. بۆ ئەمەش هیچ دەرفەتێکی لە دەستت نەدەدا، تەنانەت یادو بۆنە کوردییەکانیشی بۆ ئەو مەبەستە دەقۆستەوە، بۆ نمونە رۆژی(٣/٩) بە رۆژی رۆشنبیری کوردی دانرابوو، لە (١٩٨٩/٣/٩) دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی- لقی سلێمانی بە هاوکاری پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی و پەیمانگای مامۆستایانی سلێمانی، چەند چالاکییەك بەو بۆنەیەوە ئەنجام دەدەن، گرنگترین چالاکیش کردنەوەی پێشەنگایەك بووە بۆ پۆستەری سیاسی کە بریتی بووە لە وتەو قسەکانی (سەدام حسێن) کە لە شێوەی کۆلاج دا نمایش کراوە. لە هەمان رۆژو لە چالاکییەکی تردا (فاروق محەمەد رەزا) لێکۆلینەوەیی لەژێر ناونیشانی(رۆشنبیری کوردی لە سایەی شۆرشی ١٧-٣٠ تەمموزی پیرۆزدا) پێشکەش کردووە، ناوەرۆکەکەی باس لە گرنگیدانی حیزبی بەعس و خوی (سەدام حسێن) دەکات بە رۆشنبیری کوردی[4].

جگە لەوانەش رژێمی بەعس لە ڕووی رۆشنبیرییەوە لە کۆمەڵگەی کوردیدا(ئەدیبی ئەمن و ئەمنی ئەدیب)[5]ی دروست کردبوو، کە هەردووکیان رۆڵی تێکشکاندنی فەرهەنگی کورد و بیری پێشکەوتوو خوازی و ئازادیخوازیان لە ئەستۆ نرابوو[1].

---

(١) کۆمەڵێك نوسەر: گەلێکی پەژموردەو نیشتمانی پەرت، و/مامۆستا گۆمەی، (ب. ن. چ)، سوید، ١٩٩٨، ل٣٣٧-٣٣٨.

(٢) گ. (بەیان)، ژ. (١٤٠)، شوباتی ١٩٨٨. ل٣-٥.

(٣) لەو کتێبانەی کە ڕژێمی بەعس قەدەغەی کردبون: خۆلاصەی تاریخی کورد و کوردستان- محەمەد ئەمین زەکی بەگ.

مێژووی ئەدەبی کوردی- عەلا ئەدین سەجادی.

کوردستان و کورد- عەبدولرەحمان قاسملۆ.

کوردستان والحرکە القومیە الکردیە- جلال تاڵەبانی.

بزوتنەوەی رۆشنبیری کورد- رەمزی قەزاز.

مێژووی گەلی کورد لە کۆنەوە تا ئەمرۆ-سالح قەفتان. . . . هتد (بروانە// بەختیار خدر عەبدوڵڵا: شاری سلێمانی(١٩٦٨-١٩٧٩)، توێژینەوەیەکی مێژووی سیاسیە، ماستەر نامە(بڵاو نەکراوە)، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٦، ل١٣٢ ).

(٤) رۆژنامەی (هاوکاری)، ژمارە(١٠٦٠)، ١٩٨٩/٣/٢٠.

(٥) ئەدیبی ئەمن بەو کەسانە دەگوترا کە لە ڕێگەی نوسین و بڵاو کراوەکانیانەوە خزمەتی حیزبی بەعسی عێراقیان دەکرد و تۆمەتی خیانەتکاریان دەخستە پاڵ پێشمەرگە، بەڵام ئەمنی ئەدیب ئەوانە بوون کە لە دەزگاکانی ئەمن کاریان دەکردوو پلەیان هەبوو، لە ڕێی نوسینەکانیانەوە کە بەشێوەی نامیلکە و وتار لە رۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاویان دەکردەوە، هەرەشەیان لە ئەدیب و

ئامانجی بەعس لە تێکشکاندنی فەرهەنگ و کەلتوری کورد ئەوەبوو کە گەلی کورد خۆیان بە کەمتر بزانن لە چاو عەرەب دا و لەو ڕێگەیەشەوە هەوڵی بڵاو کردنەوەی بیری بەعسیزم و ڕۆشنبیری عەربی بدرێت. بۆ ئەم مەبەستە چەندین ڕێکخراوی دروست کردبوو، لەوانە یەکێتی قوتابیان و لاوانی عێراق–لقی سلێمانی:ئەم ڕێکخراوە ڕۆلێکی دیاری هەبووە لە راکێشانی خویندکاران بۆ ریزەکانی حیزبی بە عس و گیان بەخشین(تطوع) لە ڕیزەکانی سوپای میللی و بەرگری میللی. . . هتد، ئەمەش بە مەبەستی پەرەپێدانی هەستی نیشتمانی بە بیری عەرەبی و بەعسیزمی خوێندکاران، لەگەڵ بەشداری پێکردنیان لە ئاهەنگەکانی سەرکەوتنی سوپا و فیستیڤاڵ و وتار و شیعر خوێندنەوە[٢]. بۆ زیاتر کۆنترۆڵکردنی هەست و هۆشی خوێندکاران حیزبی بەعس دەستی کرد بە دامەزراندنی ڕێکخراوەکانی پێشەنگ(طلائع)، لاوان(فتوة)، لەهەموو خوێندگاکانی کوردستاندا ، تا بتوانرێت هەر لە منداڵییەوە، کورد بونی خۆیان لە بیر برنەوە و فەرهەنگی بەعسی لە مێشکیاندا بچەسپێنن، هەر بەوەشەوە نەوەستا دەستی کرد بە بەعسیکردنی مامۆستاکان و دەزگاکانی خوێندن و پەروەردە. . . هتد[٣]، بەوجۆرە هەر خوێندکارێکی کورد پەیوەندی بە پەیمانگای مامۆستایانەوە بکردایە بە مەبەستی وەرگرتن، دەبوو پێش هەموو شت فۆڕمی بە بەعسی بوون واژۆ بکات[٤]. لەم بارەوە (ئەحمەد حامد) دەڵیت:"کچەکەم پەیوەندی بە خانە ی مامۆستایانەوە کرد بە مەبەستی تەواو کردنی خوێندن، بەڵام پێش ئەوەی وەربگیرێت فۆڕمی بە بەعسی بونیان پێدا بوو کە پڕی بکاتەوە، بەڵام من ڕازی نەبوو، پێم باش بوو واز لە خوێندن بێنێت نەك ببێت بە بەعس[٥]". هەربەوەوە نەوەستا حیزبی بەعس لەسەرجەم فەرمانگە و خوێندگاکانی شاری سلێمانی کەسێکیان بە ناوی ئەفسەری ئاسایش(ظابط امن) دادەمەزاند بۆ چاودێریکردن و کارو باری خوێندگاکە بۆ ئەوەی دڵنیابینەوە لەوەی کە تا چەند بەڕێوەبەری خوێندگاکە کار بۆ بیری بەعسیزم دەکات، خوێندکاران بۆ بۆنەو ئاهەنگەکانی حیزبی بەعس ئامادە دەکات، ئەو ئەفسەرە لە ڕێگەی ڕاپۆرتەوە حیزبی لێ ئاگادار دەکردەوە[٦].

سیاسەتی بەعس لە بواری خوێندندا بە پلەی یەکەم بریتی بووە لە بە بەعسی کردنی خوێندکاران و لاوان لە شاری سلێمانی دا، ئەویش بە دوو شێوە بووە( یەکەم هەڕەشە و تۆقاندن، دووەم لە خشتە بردن و پاداشت)،

---

نوسەرە شۆڕشگێڕەکان دەکردوو بەردوام بە شان و باڵی سەدام حسێن و داروودەستەکەیان هەڵدەگوت، تاپلەیان بەرز بێتەوە (بڕوانە// ئاراس عەبدولرەحمان مستەفا:س. پ. ل١٩٦ ).

(١) ئاراس عەبدولرەحمان مستەفا:س. پ. ل١٩٦.

(٢) بەشدار عەبدولمەجید فەتاح محەمەد: ڕەوشی سیاسی پارێزگاری سلێمانی (١٩٧٩–١٩٨٨)، ماستەر ، بڵاونەکراوە، کۆلێژی ئەدەبیات–زانکۆی سەلاحەدین– هەولێر، ٢٠١٦، ل١٣٢.

(٣) ئەو ڕێکخراوانە سەر بە یەکێتی گشتی لاوانی عێراق بوون، پێشەنگ(طلائع) ساڵی ١٩٧٤، لاوان(فتوە) ساڵی ١٩٧٨ دامەزراوە، منداڵانی قۆناغی سەرەتایی دەبون بە پێشرەو، ئەوانەی لە هەردوو ڕەگەز تەمەنیان لە نێوان(١٠–١٥) ساڵی بوایە پێیان دەوترا پێشەنگ(طلائع)، بەڵام لاوانی تەمەن (١٥–٢٠) ساڵی لە ریکخراوی لاواندا(فتوە) ڕێکدەخرانن بە شێوەیەکی کارا بەشدارییان لە چالاکییەکانی بەعس دا دەکرد، لەسەر بنەمای نەتەوایەتی عەرەب و سۆسیالیزم پەروەردەیان دەکردن. ( بڕوانە: بەشدار عەبدولمەجید فەتاح محەمەد:ه. س، ل١٣٢–١٣٣ ).

(٤) ریباز:نرکەی کوردستان، ب١، (ب. ش)، ١٩٩١، ل٢٦.

(٥) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(ئەحمەد حامد)، سلێمانی، ٢٠١٧/٢/٧.

(٦) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(ئاکۆ محەمەد وەهبی)، سلێمانی، ٢٠١٧/٣/١١.

دەستە دەستە خوێندکاران و مامۆستایان بانگ دەکران و هەڕەشەی دەرکردن و نانبڕینیان لێدەکردن ئەگەر نەبن بە بەعسی، یاخود پاداشت کراون و پلە و پایەیان بۆ پێشنیار کردوون بۆ ئەوەی ببنە ئەندامی حیزبی بەعس[1].

جگە لەو هەموو ڕێکخراوانە بۆ بەبەعسی کردنی مامۆستایان و قوتابیان و چینەکانی تر دروست کرا بوون، ڕێکخراوێکی دیکە دامەزرابوو کە دەبوو هەموو خوێندکاران ببنە ئەندامی ئەو ڕێکخراوە ئەویش یەکێتی قوتابیان(اتحاد طلبة)بوو، کە کاری یەکەمی بە بەعسی کردنی خوێندکاران بوو، جگە لە چاودێری کردن و سیخوری کردن بە سەریانەوە هیچ سودێکی بۆ قوتابیان نەبوو[2]. لەسەرەتای هەموو ساڵێکی خوێندندا لە شاری سلێمانی حکومەتی عێراق بە هۆی یەکێتی قوتابیانەوە ئاگاداری هەموو قوتابیانی قۆناغە جیاوازەکانی خوێندنیان دەکردەوە، کە دەبێت ببن بە بەعس، ئەگەر هەر قوتابییەکیش ئەم داوایەی ڕەت بکردایەتەوە توشی دەرکردن و دوورخستنەوە دەبووەوە، بۆ نمونە دەرچوانی پۆلی سێیەمی ناوەندی ئەگەر داوای چوونە ڕیزی حیزبی بەعسیان نەکردایە ئەوا لە خوێندنی ئامادەیی وەرنەدەگیران[3].

سیاسەتی بەعس لە بواری پەروەردە و ڕۆشنبیرییەوە، لە ماوەی نێوان(١٩٨٨-١٩٩١) درێژە پێدەری هەمان سیاسەتی قۆناغەکانی پێشوو بووە، کە بریتی بووە لە بەبەعسی کردنی سەرجەم کایەکانی پەروەردە و ڕۆشنبیری لە شاری سلێمانی دا، حیزبی بەعس باش لەوە گەشتبوو بۆ ئەوەی تاکی کورد بکات بە بەعسی و ڕۆشنبیری عەرەبی لە ناویاندا بڵاو بکاتەوە، باشترین ڕێگە لاواز کردن و پشتگوێخستنی زمان ، ڕۆشنبیری و کەلتوری کوردییە، بۆیە بە پێی بریارێکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش بە ژمارە(٦٣٣) لە ڕێکەوتی ١٩٨٩/١٠/٧ بریاریدا ئەو خوێندکارانەی کە لە زمانی کوردیی دا نمرە پێویست بەدەست ناهێنن، نابێت بە کەوتوو ئەژمار بکرێن[4]. ئەمەش بۆ خۆی بێبەها کردنی زمانی کوردییە لە قۆناغەکانی خوێندن و پرۆگرامەکانی پرۆگرامەکانی پەروەردەدا.

لە بەرامبەر ئەمەشدا، سیاسەتی حیزبی بەعس بە شێوەیەك بوو کە زیاتر گرنگی بە زمان و کەلتورو ڕۆشنبیری عەرەبی بدرێت و زمان و کەلتور و ڕۆشنبیری کوردی پشگوێ بخرێت، بۆ ئەم مەبەستە پرۆگرامی خوێندگاکانی شاری سلێمانی و کوردستان کرابوون بە عەرەبی ناوەرۆکی زۆربەی پرۆگرامەکانیش دەربڕی بڕیارەکانی کۆنگرەی حیزبی بەعس بوون، باسی زمان و مێژوو و کەلەپوری عەرەبی دەکرد[5]، ئایدۆلۆژیاو بەرنامەو سیاسەتی حیزبی بەعس لە وانە و پرۆگرامەکانی خوێندندا جێگای کرابووەوە زۆر بە ئاشکرا لە وانەی (ڕۆشنبیری نەتەوەی) ڕەنگی دابویەوە ، کەمەش وەك وانەیەکی سەپێنراو بوو بەسەر خوێندکاراندا[6]، خودی

---

(١) سۆزان کەیم مستەفا: س. پ ، ل٢٥٧-٢٥٨.

(٢) لەتیف فاتیح و مەجید سالح:کورد قڕان، ب١، چ١، چاپخانەو ئۆفیسێتی تیشك، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل٧٢.

(٣) بەشدار عەبدولمەجید فتاح محەمەد:س. پ، ل١٣٤.

(٤) الواقائع العراقیه، العدد(٣٢٧٨)، ١٩٨٩/١٠/٢٣؛ بۆ دەقی بڕیارەکە بروانە پاشکۆی ژمارە(١٣).

(٥) پارێزەر هەژار عەزیز سورمێ:س. پ، ل١٢٩-١٣٠.

(٦) قارەمان حەیدەر ڕەحمان: بزوتنەوەی ڕۆشنبیری لە شاری هەولێر(١٩٧٥-١٩٩١)، نامەی ماستەر، بڵاو نەکراوە، پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێژی ئەدەبیاتی زنکۆی سەلاحەدین کراوە، ٢٠١٤، ل٦٠.

وانەکەش ڕاپۆرتی سیاسی حیزبی بەعس بوو[١]، جگە لەوەش سیاسەت و ئایدۆلۆژیای بەعس پانتاییەکی فراوانتری لە وانەکانی (ئەدەب، مێژوو، جوگرافیا، پەروەردە نیشتمانی) داگیرکردبوو[٢].

پرۆگرامی قۆناغەکانی سەرەتایش بیرکردنەوە و ژیان و گوزەرانی عەرەب تێیدا ڕەنگی دابویەوە، ئەو وێنانەی کە بۆ ڕوونکردنەوە و تێگەیشتن تیایاندا بلأوکرابویەوە زۆر بەیان بە جل و بەرگی میللی عەرەبی بوون. پرۆگرامەکان لەگەڵ دەوڵەتانی عەرەبی کەنداودا یەککگرتوو بوون، بە زۆر و ستەم بەسەر منداڵانی کورددا سەپێنرابوو، هەموو ئەمانەش بۆ توانەوەی میللەتی کورد بوو لە بۆتەی نەتەوەی عەرەبدا[٣].

حیزبی بەعس هەموو دەرفەتەکانی دەقۆستەوە بۆ بلأوکردنەوەی بیری بەعسیزم لە شاری سلێمانی دا، ناوەندەکانی خوێندن و پرۆگرامەکانی فێرکردن و سەرجەم چالاکییەکان لە خزمەتی ئایدۆلۆژیای حیزبی بەعس دا بوون، بۆ ئەمەش جگە لە بەبەعسی کردنی پرۆگرامەکانی خوێندن پەنای بۆ هەڵکردنی ئەو ئالأیەش دەبرد، کە لە گۆڕەپانی خوێندنگاکاندا هەڵدەکراو سرودی بەعس بە خوێندکاران دەگوترایەوە لە بری (ئەی ڕەقیب)و(خوایە وەتەن ئاواکەی)، دەبوایە هەموو پێکەوە (وطن مد على افق جناحا. . . )بڵێنەوە[٤].

مەراسیمی هەڵکردن و داگرتنی ئالأ بە پێی ڕێنمایی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، دەبوو لەگەڵ کەلتوری سەربازیدا بگونجێت، هەڵکردنی ئالأکەش هەموو ڕۆژێکی پێنج شەممە پێش دەست پێکردنی وانەی یەکەم لە گۆڕەپانی چالاکییەکانی خوێندگادا ئەنجام دەدرا. پێش هەڵکردنی ئالأ دەبوو هەموو پۆلەکان لە شێوەی کەرت دا و بە پێی ڕێکخستنی سەربازی ڕیز بکرێن و هەر مامۆستایەکیش سەرپەرشتی کەرتێکی دەکرد، مامۆستای سەرپەرشتیار فەرمانی بە خوێندکاران دەدا کە پشوو بدەن لە کاتی پشوودان دا دەبوو خوێندکار هیچ جولەیەك نەکات، کاتێکیش فەرمانی وریا بن دەدرا پێویست هەموو خوێندکاران پێکەوە بڵێن"بژی بەعس"[٥].

بەو شێوەیە حیزبی بەعس خوێندکارانی کوردی بە بیروباوەڕی شۆڤێنیانەی بەعس پەروەردە دەکرد و بە دەیان هەزار پارچە جل و بەرگی بەسەر منداڵان دا دابەش دەکرد، کە وێنەی دارخورما و نەخشەی نیشتمانی عەرەبی لەسەربوو، دەبوایە قوتابیان لەبەری بکەن، ئەگەر هەر قوتابییەك سەرپێچی بکردایە بەتێکدەر(مخرب) لەقەڵەم دەدرا، سزای منداڵەکە و خێزانەکەشی دەدرا[٦]. سەرەڕای ئەمانەش منداڵانی کورد گۆڤاری تایبەت بە خۆیان نەبوو بە زمانی کوردی، دەبوو گۆڤارەکانی(مجلتي)و(مزمار) بخوێننەوە، کە بەزمانی عەرەبی دەردەچوون و ناوەڕۆکەکەیان لەسەر بەعس و شەڕەکانی قادسیە و پێدا هەڵگوتن بە (سەدام حسین) دا بوو[٧].

لەبەرئەوەی حیزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی حیزبیکی ڕەگەز پەرستی شۆڤێنی نەتەوە پەرست بوو، باوەڕی بە جیاکاریٖ ڕەگەزو نەتەوەکان هەبوو، پێی وابوو کە نەتەوەی عەرەب لە هەموو نەتەوەکانی جیهان

---

(١) پارێزەر هەژار عەزیز سورمێ:س. پ، ل١٢٩-١٣٠.

(٢) قارەمان حەیدەر ڕەحمان:س. پ، ل٦٠.؛ پارێزەر هەژار عەزیز سورمێ:س. پ، ل١٢٩-١٣٠.

(٣) پارێزەر هەژار عەزیز سورمێ:س. پ، ل١٢٩-١٣٠

(٤) هـ. س، ل١٣٠-١٣١.

(٥) بۆ تەواوی دەقی ڕێنماییەکە بڕوانە// الوقائع العراقيه، العدد(٣٢٥٧)، ١٩٨٩/٥/٢٩.

(٦) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(هێرش لەتیف)، سلێمانی، ٢٠١٧/٢/٥. ناوبراو ساڵی ١٩٧١ لە شاری سلێمانی لە دایك بووە، هەتا قۆناغی سێیەمی ناوەندی خوێندووە ، لەبەر ئەوەی گیراوە بە سەرباز دابراوە لە خوێندن، دواتر پەیوەندی بە ڕیزەکانی پێشمەرگەوە کردووە، ئیستاش سەرقاڵی کاری بازگانییە و دانیشتوی شاری سلێمانی نییە.

(٧ ) پارێزەر هەژار عەزیز سورمێ:س. پ، ل١٣٠-١٣١.

پێشکەوتووتر بووە، زۆربەی شارستانییە کۆنەکانی جیهان لەلایەن ئەوانەوە بنیاتنراوە و ئەوان خاوەن دارییان کردووە، لەسەر ئەو بنەمایەش دژی هەموو نەتەوە و رەگەزە جیاوازەکانی غەیرە عەرەب بوون، بۆیە هەوڵی دەدا کە نەوەکانیش لە هەر قۆناغەکانی سەرەتاییدا لەگەڵ ئەم بیرەدا ڕابهێنێت و پەروەردە بکات، بەجۆرێ جگە لە عەرەب دوژمنی هەموو نەتەوەکنی دیکە بیت، لە سالآنی جەنگی عێراق-ئێران دا کاتێ مامۆستا دەچووە پۆلەوە لە بری رۆژ باش خوێندکاران ئەم دێرەیان دەگوتەوە" قیام، قادسیە صەدام، جلوس انتصرنا علی الفرس والمجوس"[1]. ئەمەش خۆی لە خۆیدا دروست کردنی دوژمنایەتییە لە نێوان نەتەوە کاندا، چەسپاندنی ئەم جۆرە جۆرە سیاسەتە شۆڤێنییە لە بیری و هزی خوێندکاراندا کاریگەری نەگەتیڤی هەبووە لەسەر بیری نەوەکان و چاندنی تۆوی دوبەرەکی.

لە ماوەی نێوان(١٩٨٨-١٩٩١) بەعس لە هەوڵەکانی بەردەوام بووە بۆ بە بەعسی کردنی سەرجەم کایە گرنگەکان، لەبواری پەروەردەشدا جگە لەو کارانەی پیشتر باسکرا، بەعس کەوتبووە هێنانی مامۆستای عەرەبی بەعسی بۆ خوێندگاکان، بە مەبەستی جێبەجێ کردنی بڕیاری بە زۆر بەبەعسی کردنی مامۆستایان و خوێندکاران، بۆ نمونە لە شاری سلێمانی مامۆستا(عەباس) یەکێك بوو لەو مامۆستایانەی کە حکومەت ناردبوو بۆ خوێندگای ڕۆشنبیر، دەیویست بە زۆر مامۆستا و خوێندکارانی ئەو خویندگایە بکات بە بەعسی[2]. جگەلەوەش حکومەتی بەعس لە پیشتر و لە ئاداری ١٩٨٦دا بریاری دابوو کە هەر مامۆستایەك ئەندامبونی لە ریزی حیزبی بەعس رەتکردبێتەوە، لە پەروەردە دەردەکرێت، بەڵام ئەگەر زۆر پێویستی بە خزمەتی هەبێت، پێویستە بەڵێننامەیەك واژۆ بکات کە لە پەروەردەدا پرۆگرامی بەعس بەکار دەهێنێت[3].

لە بەردەوامی سیاسەتە شۆڤێنییەکانی بەعس لە ماوەی نێوان(١٩٨٨-١٩٩١)بە ئامانجی بە بەعسی کردنی سێکتەرەکانی پەروەردە و ڕوخاندنی ژێرخانی ڕۆشنبیری گەلی کورد و شاری سلێمانی، بە ڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی بڕیاری ژمارە(٢٢٨١٩) لەڕێکەوتی ١٩٨٨/١٠/١٣ دەردەکات، کە ناوەڕۆکەکەی داوا لە سەرجەم خوێندگاکانی سنوری پارێزگاکە کردووە، کە هیچ خوێندکارێکی هەڵەبجەیی لەوانەی کە پاش(١٩٨٨/٩/٨) لە ئێران گەڕاونەتەوە عێراق، وەنەگرنەوە[4]. (هۆکاری ئاوارە بوونی ئەو خوێندکارانە بۆ ئێران، هێرشی کیمیاوی رژێمی بەعس بووە بۆ سەر شارەکەیان(هەڵەبجە) لە (١٩٨٨/٣/١٦)، لە کاتێك دا کە چەندین بریاری لێبوردنیان بۆ دەرچووە بۆ گەرانەوەیان، کەچی لە کاتی هاتنەوەدا لە مافی خوێندن بێبەش کراون!)، لەلایەکی دیکەوە بەعس ئاگاداری هەموو خوێندگاکانی باشوری کوردستانیان کردبوو، کە هەر خوێندکارێك کەسێکی پێشمەرگە، یان سەربازێکی هەڵهاتوو، یاخود لە هەندەران بێت، پێویستە لە خوێندن بێ بەش بکرێ و دەربکرێت[5]، هەر بەهۆی فشارەکانی حکومەتی بەعسەوە لەسەر کەس وکاری پێشمەرگە بەدەیان

---

(١) حمە فەریق حەسەن: سلێمانی و جەنگی کەنداو کرۆنۆلۆجیای جەنگ و ڕاپەرین و ڕەو، چ١، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٦، ل٥٤.

(٢) بەشدار عەبدولمەجید فتاح محەمەد:س. پ، ل١٣٦.

(٣) د. عەلی تەتەر نێروەیی:س. پ، ل٤٠٠.

(٤) ڕێبازی نوێ، ژ(١٠)، تشرینی یەکەمی ١٩٨٨، ل٦.

(٥) هـ. س، ل٦.

خوێندکار لە خوێندن بێبەش بوون، چونکە ئاوارەی دەوڵەتانی دەوروبەری دراوسێ بوون، ماوەیەکی زۆر لەوێ مانەوە، کاتێ گەڕانەوە تەمەنیان گەورەبووە، بۆیە خوێندیان لە کیس چووە(1).

حکومەتی بەعس سیاسەتی دیکەی پەیرەوکردووە بۆ بێبەش کردنی خوێندکارانی شاری سلێمانی لە خوێندن، ئەویش بە گرنگی نەدان بە دروستکردنی خوێندگای نوێ، بۆ نمونە لە ساڵی ١٩٨٧دا ئەو منداڵانەی کە لە تەمەنی خوێندندا بوون ژمارەیان لەسەر ئاستی پارێزگای سلێمانی(١٦٩٢٣٩) منداڵ بووە، تەمەنیان لە نێوان(٦-١٢)ساڵیدا بووە، لە کاتێکدا خوێندگاکان توانی لە خۆگرتنی(١٣٤٩١٥) خوێندکاری هەبووە، واتە(٣٤٣٢٤) منداڵ لە خوێندن بێ بەش بوون، ئەمەش ڕێژەی(٢٠. ٣٪)بووە، لە قۆناغی ناوەندیش(٩٩٦١١)خوێندکار لەو قۆناغە بێ بەش بون لە خوێندن، ئەمەش ڕێژەی(٦٣. ٣٪) ی سەرجەم ئەوانە پێك دەهێنێت کە لە تەمەنی خوێندنی دواناوەندی دا بوون بە هەموو لقەکانی(ئامادەیی، پیشەی، خانەی مامۆستایان) ئەمەش بە هۆی شاڵاوەکانی ئەنفال و ڕاگواستنەوە بووە، بەو هۆیەوە نەخوێندەواری تەشەنەی کردووە(2).

ئەگەر بەراووردێك بکەین لە نێوان ژمارەی خوێندگاکان لە نێوان ساڵانی (١٩٧٧-١٩٧٨) وە (١٩٨٩-١٩٩٠)دا، دەبینین ژمارە خوێندگا سەرەتاییەکان لە ساڵی (١٩٧٧-١٩٧٨) دا (٦٤٤)خوێندگابووە، لە ساڵی(١٩٨٩-١٩٩٠)دا کەم بووەتەوە بۆ(٢٥٩)خوێندگا، واتە (٣٨٥) خوێندگا کەمی کردووە بە ڕێژەی(٤٠٪). بەڵام ژمارە خوێندکاران لە (٨٩٨٦٨)ەوە بۆ (١٦٧٩٩٧)زیادی کردووە، واتە(٧٨١٢٩)خوێندکار بە ڕێژەی(٨٧٪) زیادی کردووە. ژمارەی مامۆستایانش لە ساڵی( ١٩٧٧-١٩٧٨)دا (٣٤٥٩) بووە، لە ساڵی(١٩٨٩-١٩٩٠) بوەتە(٥٦٩٩) واتە(٢٢٤٠) مامۆستا بە ڕێژەی(٦٤. ٧٪) زیادی کردووە، ژمارەی خویندگاکانی قۆناغی ناوەندی لە ساڵی(١٩٧٧-١٩٧٨) دا(٥٢) خوێندگا بووە، لە ساڵی(١٩٨٩-١٩٩٠) بووەتە(٩٧) واتە (٤٥) خوێندگا بە ڕێژەی(٨٦. ٥٪) زیادی کردووە، ژمارەی مامۆستایانیش لە (٥٦٨)مامۆستاوە بۆ(١١٧٢) مامۆستا زیادیکردووە، خانەی پێگەیاندنی مامۆستایانیش تەها دوو خانە بووە و ژمارەی خوێندکارانی لەو ماوەیەدا لە (١١١٧)ەوە بۆ (١٧٤٨)واتە (٦٣١)خوێندکار و بە ڕێژەی(٥٦. ٥٪) زیادیکردووە، ژمارەی مامۆستایانیشی لە (٢٩)ەوە گەیشتووەتە(٥٧) مامۆستا(3). لەو داتایانەی سەرەوەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە هەرچەندە ژمارەی خوێندکاران و مامۆستایان بەرزبووەتەوە، بەڵام لەبەرامبەردا ژمارە خوێندگاکان کەمی کردووە، ئەمەش پشتگوێخستن و گرنگینەدانی حکومەتی بەعس دەردەخات لەهەمبەر کەرتی پەروەردە و فێرکردن لە سنوری پارێزگای سلێمانیدا.

سەبارەت بە ژمارەی خوێندکاران لە خوێندگاکاندا لە ساڵی (١٩٧٧) ژمارەی ناوەنجی هەر خوێندگایەك (١٤٠) خوێندکاری لە خۆ گرتووە، بەڵام لە ساڵی (١٩٩٠) گەیشتووەتە(٦٧٩) خوێندکار، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە هەر خوێندگایەك گوشاری زۆری لەسەر بووە، بووەتە هۆی ئەوەی لە بینای هەر خوێندگایەکدا زیاد لە دەوامێك بکرێت، لە ئەنجامدا ماوەی دەوام کردن کەم بووەتەوە، هەندێك جار گەیشتووەتە (٢/٥) کاتژمێر، ماوەی هەر وانەیەکیش لە (٤٥)خولەکەوە بۆ(٣٠) خولەك کەم بووەتەوە. ئەمانەش بووەتە هۆی دابەزینی ئاستی زانستی

(١) روخۆش عەلی:س. پ، ل٢٢. " لالۆ عەبدولرەحمان پێنجوێنی: نیوسەدە تێکۆشان بۆ نیشتمان، چاپخانەی شڤان، ٢٠١٢، ل٦٠٠.

(٢) سەلاحەدین حەفید:س. پ، ل٨١.

(٣) هـ. س،ل٨١.

، چونکە دەرفەتی ڕوونکردنەوەی وانەکان نەبووە، جگە لەوەش ژمارەی خوێندکار لە پۆلێکدا لە ساڵی(١٩٧٧)دا (٢٦) خوێندکار بووە، بەڵام لە ساڵی(١٩٩٠) گەیشتووەتە(٣٩) خوێندکار لە پۆلێکدا بۆ قۆناغی سەرەتایی، بۆ دواناوەندیش(٣٥)، خوێندکار لە پەیمانگاکانیش دا (٣١) خوێندکار لە پۆلێکدا بوون[1].

سەرەڕای فشارەکانی حکومەتی بەعس لەسەر شاری سلێمانی لە ماوەی نێوان ساڵانی(١٩٨٨-١٩٩١)، بەڵام شاری سلێمانی لە چالاکی ڕۆشنبیری بەردەوام بووە، هەمیشە وەك شاری ڕۆشنبیری دەرکەوتووە، لەم چوارچێوەیەدا لە دوای ساڵی (١٩٨٨)بۆ ساڵی (١٩٩١) چەندین چالاکی ڕۆشنبیری و هونەری تیایدا ئەنجام دراوە. بۆ نمونە لە مانگی نیسانی ١٩٨٨ ، لە ٤/١ بۆ ٤/٨ لەماوەی حەوت ڕۆژدا پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی(١٥) شانۆ گەری پێشکەش کردووە، لەوانە (کالیسکەی لێخور، دەرهێنانی (بەدیعە دارتاش)، کاتێ هەڵۆ بەرز ئەفرێ، دەرهێنانی (ئەحمەد سالار)، گوڵەکان بۆ کێ؟ دەرهێنانی (ئەرسەلان ئەحمەد دەروێش). . . هتد[2]، ئەمە جگە لە چالاکی دیکەی جۆراو جۆر، وەك پێشانگای هونەری شێوەکاری ، لەوانە (حیکمەت هندی) لە هۆڵی گەل لە شاری سلێمانی پێشانگایەکی بۆ هونەری شێوەکاری کردووەتەوە. (عەلی جۆلاش) لە گەلەری سلێمانی بە هەمان شێوە. ئەمانە و چەندانی دیکەش[3].

جیا لەوەش چەندین پێشانگای کتێب لەو ماوەیەدا کراونەتەوە. بۆ نمونە لە مانگی نیسانی ١٩٨٨ دا لەلایەن بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی سلێمانی یەوە پێشانگایەك بۆ کتێبەکانی قوتابخانە کراوەتەوە، لەگەڵ پێشانگای کتێب لە ١٩٨٨/١/٩ بە بۆنەی ڕۆژی سوپاوە، جگە لە چەندین کۆڕی ئەدەبی و ڕۆشنبیری[4].

بەگشتی، سیاسەتی حکومەت عێراق لە ماوەی نێوان(١٩٨٨-١٩٩١) بریتی بووە لە بەبەعسی کردنی سەرجەم کایەکانی ژیان لە کوردستان بە گشتی و لە شاری سلێمانی بە تایبەتی دا، سێکتەری پەروەردە و ڕۆشنبیریش بەدەر نەبووە لەم سیاسەتانەی بەعس، جگە لەوەش، فشارێکی زۆر دەخرایە سەر هونەر مەندان، مامۆستایان ، نوسەران، هەتا ببن بە بەعسی، زۆرجاریش ئەوانەی کە ملکەچی سیاسەتەکانی بەعس نەدەبوون، بڕیاری گرتن و بێ سەروشوێن کردنی بۆ دەرکردوون. بۆ نمونە بەعس لە ١٩٩١/٣/٤ بە بڕیاری ژمارە(٢٨٦٠) کە لە ئاسایشی سلێمانییەوە دەرچوو بوو، تیایدا بڕیاری دابوو کە (٢٥) ئەدیب و هونەرمەندی دژ بە ڕژێم بگرن و بێ سەرو شوێنیان بکەن[5].

دەکرێت بووترێت سەرەڕای سیاسەتی توند و تیژو گرتن وکوشتن و تۆقاندنی ڕژێمی بەعس بەرامبەر شاری سلێمانی لە ماوەی نێوان ساڵی(١٩٨٨-١٩٩١)، بەڵام سەرکەوتوو نەبووە لە سەرکوت کردن و بێدەنگ کردنی دانیشتوانی شاری سلێمانی بەڵکو سەرەڕای هەموو فشارەکان شارەکە بە زیندووی ماوەتەوە و خۆ ڕاگر بووە لەبەرامبەر سیاسەتەکانی ڕژێمی بەعس دا و چالاکی ڕۆشنبیری و هونەری و ئەدەبییەکان تا ڕاپەرینی ١٩٩١

---

(١) هـ. س، ل٨١-٨٢.

(٢) بۆ ناوی تەواوی شانۆگەری و دەرهێنەرەکانیان بڕوانە// گ(ڕۆشنبیری نوێ)، ژ(١١٨)، حوزەیرانی ساڵی ١٩٨٨، ل١٩٨.

(٣ ) هـ. س، ل١٩٩.

(٤) بۆزانیاری زیاتر لەسەر چالاکییە ڕۆشنبیری و ئەدەبی و هونەرییەکانی شاری سلێمانی (بڕوانە// گ(ڕۆشنبیری نوێ)، ژ(١٢١)، ئاداری ١٩٨٩، ل١٨٩-٢٠٠.؛ گ (ڕۆشنبیری نوێ)، ژ(١١٨)، حوزەیرانی ساڵی ١٩٨٨، ل١٩٨؛ ڕۆژنامەی (هاوکاری)، ژ(١٠٦٩)، ١٩٨٩/٤/٢٠،ل٤.

(٥) ئاراس عەبدولرەحمان مستەفا:س. پ، ل١٩٦.؛ محەمەد فەریق حەسەن: س. پ، ل٧٢. (بۆ دەقی بڕیارەکە و ناوی ئەو هونەر مەندانەی کە داوای دەستگیر کردنیان کراوە، بڕوانە//پاشکۆی ژمارە(١٤) ).

بەردەوامبووە، ئەمەش دەرخەری ئەوڕاستییەیە، کە سیاسەت و پیلانەکانی ڕژێمی بەعس بە درێژایی ئەو ماوەیە بریتی بووە لە سڕینەوەی شوناسی نەتەوەیی کورد لەم شارەدا لە ڕێگەی دروستکردنی فشاری هەمەلایەنی سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری، هەروەها کاری کردووە بۆ لاوازکردنی چالاکی ڕۆشنبیری و ڕەنگدانەوەی بەعسیزم لەسەر کۆی چالاکییەکان لەم شارەدا.

## باسی دووەم: چالاکییەکانی پارت و ڕێکخراوەکان لەشاری سلێمانی لەنێوان ساڵانی (١٩٨٨-١٩٩١)

بێگومان لەدوای شاڵاوەکانی ئەنفال و خاپوورکردنی گوندەکانی باشوری کوردستانو کۆتایی هاتنی جەنگی (عێراق_ئێران) و گواستنەوەی بنکەی سەرکردایەتی سەرجەم پارتەکان بۆ دەرەوەی سنوری باشوری کوردستان، کاروچالاکیی سەرجەم پارتەکان بەتەواوەتی سست و لاواز بوو، پەیوەندی نێوان سەرکردایەتی پارتەکانو ڕێکخستنەکانیان ئەگەر نەپچڕا بن ئەوا زۆر ئەستەم بووە، هەموو ئەمانەش ڕەنگدانەوەو کاریگەری لەسەر بزاڤ وکاروچالاکی پارتو ڕێکخراوەکانی ناو شاری سلێمانی هەبووە، بەجۆرێك لەدوای وەستانی جەنگی (عێراق_ئێران) لە (١٩٩٨/٨/٢٠ن) هەتا ڕاپەڕینی ئازاری (١٩٩١) هیچ شەڕێکی بەرەیی لەنێوان هێزی پێشمەرگەی کوردستانو ڕژێمی بەعسدا ڕووی نەداوە، بەڵکو زیاتر جەختکراوەتە سەر چالاکی ڕێکخستنەکان لەناوشاری سلێمانیدا، ئەگەرچی ئەمەش لە ئاستێکی لاوازدا بووە.

چالاکی سیاسی و سەربازی پارتو ڕێکخراوەکانی باشوری کوردستان لە ماوەی ساڵانی(١٩٨٨-١٩٩١) بەم شێوەی خوارەوە بووە:-

### ١ – حیزبی شیوعی عێراق[١] _ هەرێمی کوردستان:

سەرەتا حیزبی شیوعی عێراق (حشع) لەگەڵ حیزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی عێراقی لەیەك بەرەدا بوون، ئەویش لەو کاتەوە کە لە (١٧)ی تەموزی (١٩٧٣)دا بەرەی نیشتمانی نەتەوایەیی پێشکەوتنخواز (الجبهة الوطنية القومية التقدمية) (جوقت[٢]) لەنێوان هەردوولادا پێکهێنرا[٣]، کە هەتا ساڵی (١٩٧٧) بەردەوام بوو، بەڵام لە ساڵی (١٩٧٨) ەوە پەیوەندییەکانیان گرژیی و ئاڵۆزی تێکەوتبوو ئەویش دوای ئەوەی لەبەهاری ئەو ساڵەدا (٣١) ئەفسەری (حشع) لەلایەن حیزبی بەعسەوە گیرانو پاشان لەسێدارەدران، ئەمەش بەبیانوی ئەوەی لەناو سوپادا کاری ڕێکخستنو پڕوپاگەندەیان بۆ شیوعیەت کردووە. لەمانگی ئایاری هەمان ساڵیشدا ڕووپەڕی ڕۆژنامەکانی

---

(١) لە (١٩٣٤/٣/٣١)دا بڕیاری دامەزراندنی ڕێکخستنێکی یەکگرتووی شیوعییەکانی عیراق درا بەناوی (لیژنەی بەرەنگاریکردنی کۆلۆنیالیزمو وەبەرهێنان)، لە (٣١)ی تەمووزی (١٩٣٥)دا لیژنەکە کۆبوونەوەو بڕیاری گۆڕینی ناوەکەی درا بۆ (حیزبی شیوعی عێراق)، ئەوەبوو ڕۆژنامەی (كفاح الشعب)ی دەرکردو وێنەی چەکوشو داسێکی لەسەر ڕووپەڕی ڕۆژنامەکە دانا، بەوەش (حشع)ڕاگەیەنرا. (بڕوانە// ژیلوان عبدالله احمد: حیزبی شیوعی عێراقو ڕۆڵی لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە باشوری کوردستاندا(١٩٧٥-١٩٩١)، نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە)، پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەدین کراوە، ٢٠١٣، ل ١٠ ).

(٢) جوقت: لە ١٢ ی تشرینی دووەمی ١٩٨٠ ڕاگەیەنرا، ئەوانەی ئەم بەرەیان پێکهێنابوو بریتی بوون لە:( ڕێکخراوی سوپای ڕگاریخوازی گەلی عێراق،(حسع)،یەکێتی،حسیك،حیزبی بەعسی سەرکردایەتی هەرێمی عیراق،بزاڤی سۆشیالیستی عەرەب،پارتی سۆشیالیستی عیراق و دیموکراتە سەربەخۆکان)، ئامانجی سەرەکی ئەم بەرەیە ڕوخاندنی ڕژێمی عێراق و دامەزراندنی حکومەتێکی دیموکراتی و دابینکردنی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان و جۆشدانی بزاڤی ڕزگاریخوازی نیشتمانی لە عێراق بە بزاڤی ڕزگاری عەرەبی بوو. (بڕوانە// عەلی تەتەر نێروەیی: س. پ،ل١٨٧-١٨٨ ).

(٣) فاتح ڕەسول: چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی خەباتی گەلی کورد، ڕووداو و بەڵگەنامە(١٩٨٢-١٩٩٠)ب٣، چ١، سوید، ١٩٩٤، ل ١٧٣.

عێراق پڕبوون له هێرشی توووند بۆ سەر شیوعیەت [1]. هەروەك له (٢٢)ی تشرینی دووەمیشدا هێرشی کتوپڕ بۆسەر ئەندامانی (حشع) دەستی پێکردو ژمارەکیان لیٚ دەستگیر کرا[2].

ئەمانەش وایانکرد کە (حشع) بڕیاری خەباتی چەکداری له دژی حکومەت بداتو دروشمی ڕوخاندنیان هەڵگرت، بەوەش حیزبی شیوعی چووە قۆناغێکی سیاسی جیاوازەوەو، کاروچالاکییە سیاسیو سەربازیو ڕاگەیاندنەکانی دژ بە حکومەت دەست پێکردەوە[3]. هەرچەندە ئەو هێرشانەی کە حکومەتی بەعس له ساڵی (١٩٧٨)ەوە کردیە سەر (حشع)، وایکرد حیزبی ناوبراو توشی شڵەژاویو سەرلێتێکچوون بێت، بە تایبەت ڕێکخستنە ناوخۆییەکانی، بەجۆرێك هەتا ساڵی ١٩٨٢ ڕێکخستنەکانی (حشع) بە شێوازێکی تۆکمە دروست نەکرانەوە، وەك ئەوە وابوو کە لەسەرەتاوە دەست پێبکەنەوە [4].

لەماوەی نێوان ساڵانی (١٩٧٩-١٩٨٨) (حشع) چەندین چالاکی سیاسیو چەکداری له سنوری پارێزگای سلێمانی بەگشتیو ناوشاری سلێمانی بەتایبەتی ئەنجامداوە[5]، بەڵام لەدوای وەستاندنی جەنگی عێراق_ئێرانەوە، حکومەتی بەعس دەستی بەسەر تەواوی باشوری کوردستاندا گرتبوو، ئەویش له چوارچێوەی شاڵاوەکانی ئەنفالدا کە کۆتا قۆناغی ئەو پەلامارانە بە (عملیات خاتمە الانفال) ناسرا له ڕۆژی ٢٦/ ٨/ ١٩٨٨ له ناوچەی بادینان تەواو بوو[6]. ئەو هێرشانەی سوپای عێراق کاریگەری تەواوی لەسەر هەموو حیزبو ڕێکخراوەکانی باشوری کوردستان کردو کارەساتێکی نەتەوەیی بەسەر کوردا هێنا. کوردستانیش بوو بە زیندانێکی تەنگو کوردیش بوو بە گەلێکی دیل. نەوشیروان مستەفا دەڵێت: " ئەمە کۆتایی خەباتی چەکداری_سیاسی_ بوو، بەڵام بە کۆتاییەکی زۆر تراژیدی"[7].

---

(١) د. عەلی تەتەر نێروەیی: س. پ، ل ١٠٣.

(٢) فاتح ڕەسول: چەند لاپەڕەیەك له مێژووی خەباتی گەلی کوردمان (هێندی بەڵگەنامەو ڕووداوی گرنگی ساڵی ١٩٧٩)، ب١، چ٢، بنکەی چاپەمەنی ڕۆژ، سوید، ١٩٩٨، ل ٣٥-٣٦.

(٣) بەشدار عبدالمجید فتاح محمد: س. پ، ل٣٤.

(٤) پەیوەندیی تەلەفۆنی لەگەڵ (ڕزگار عەزیزحاجی کەریم) ناسراو بە (پۆڵا زیندانی) له ٢٥/٧/ ٢٠١٧)، ناوبراو له ساڵی (١٩٥٩) له شارۆچکەی دوکان لەدایك بووە، خوێندنی سەرەتاییو ناوەندیی له کەرکوك تەواو کردووە، له (١٩٧٥) بووە بە ئەندام له (حشع)و له (١٩٧٩)بووە بە پێشمەرگە، زۆربەی پلەکانی پێشمەرگایەتی بڕیوە هەتا بووە بە سەرتیپ، سیٚ جار برینداز کراوەو جارێکیش بەر چەکی کیمیایی کەوتووە، له ساڵانی (١٩٨٤-١٩٨٩) سەرپەرشتی ڕێکخستنەکانی ناوشاری سلێمانی (حشع) کردووە، له (١٩٨٩) له شاری سلێمانی دەستگیر کراوە و له (١٩٩٠) بڕیاری لەسێدارەدانی بۆ دەرچووە، بەڵام دوای سیٚ مانگ بڕیارەکەی گۆڕراوە بۆ زیندایی هەتاهەتایی، ناوبراو هەتا کۆتایی (٢٠٠٢) له زیندانی حکومەتی بەعسدا بووەو دواتر ئازادکراوە، له ساڵی (٢٠٠٤)ەوە چووەتە سویدو هەتا ئێستا لەویٚ نیشتەجێیە.

(٥) بۆ زانیاری زیاتر لەسەر کاروچالاکییەکانی حیزبی شیوعی لەو ماوەیەدا (بڕوانە // (بەشدار عبدالمجید فتاح محمد: س. پ، ل ٣٤-٤٦).

(٦) قۆناغ یەکەمی ئەنفال له مانگی (٢) هەتا مانگی (٣)ی ساڵی (١٩٨٨)ی خایاند، دواقۆناغیش ئەنفالی ناوچەی بادینان بوو لەمانگی (٨) بۆ مانگی (٩)ی هەمان ساڵی خایاند. بۆ زانیاری زیاتر( بڕوانە// زۆزان ناسر مستەفا: ئۆپەراسیۆنێن ئەنفالیٚ ل کوردستانیٚ (٢٢شوبات-٦ ئەیلولی ١٩٨٨)، نامەی ماستەر، پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێژی ئادابی زانکۆی دهۆك کراوە، ٢٠١٢، ل ٦٨-٩٨).

(٧) خولانەوە . . . . ، س. پ، ل ١٥- ١٥٣.

دوای کۆتایی هاتنی پرۆسەی شاڵاوەکانی ئەنفال بە ڕێنمایی (حشع) کە هەستکرا ژیانی چەکداری ئاستەنگ بووەو لادێکان خاپوور کراون، گرنگی درا بە ڕێکخستنەکانی ناوشارەکانو ئەوانەی توانیان بەنهێنی هاتنەوە ناوشاری سلێمانیو برەویان بە کاری سیاسی نهێنیانەدا[1].

سەبارەت بە کاری پێشمەرگانە حیزبی شیوعی ناچار بوون وەك تەواوی پارتو ڕێکخراوەکانی دیکەی باشووری کوردستان گرنگی بە خەباتی پارتیزانی بدەن، لەشێوەی هێزی بچووك بچووك چالاکی ئەنجام بدەنو پاشەکشە بکەن[2]. ئەم چالاکیانەش زیاتر لەدەرەوەی شاری سلێمانی بووەو بنکەی پارتیزانەکانی هەر لەدەرەوەی شاری سلێمانی بووە، بۆ نموونە (حشع) سێ بنکەی سەرەکی بۆ پێشمەرگە پارتیزانەکانی هەبووە لەسنوری پارێزگای سلێمانی ئەوانیش لە (سورێن، قەندیل، قەرداغ)، کە پشتیان بەو زانیاریو هاوکارییانە دەبەست کە لە ڕێکخستنەکانی ناوشاری سلێمانییەوە پێیان دەگەیشت، ڕێکخستنەکان چاوساغیان بۆ ئەو گروپە پارتیزانیانە دەکرد بۆ ئەنجامدانی چالاکییەکانیان[3]. حیزبی شیوعی بەمەبەستی کار ڕێکخستن چەند کادرێکیان کادرێکیان بۆ ناوشاری سلێمانی ناردبوویەوە، ڕێکخستنەکانی ناوشاری سلێمانی پێش گەیشتنی ئەو کادرانە ڕێگای سەلامەتیان بۆ دابین کردبوونو ئاگاداریان کردبوونەوە لە بوونی بۆسە و بازگەی حکومەت، بۆ نمونە (خەرمان محمد) چاوساغی ئەو کادرانە بووە لە سەرچنارەوە بۆ ناوشار و لە بازگەو بۆسەکانی حکومەت پاراستوونی[4].

ئەوەی تێبینی کراوە (حشع) لەماوەی نێوان ساڵانی (١٩٨٨-١٩٩١) هیچ شەڕێکی بەرەیی یاخود چالاکی پێشمەرگانەی لەناو شاری سلێمانیدا ئەنجام نەداوە، بۆیە لێرەدا زیاتر گرنگی بەکاری ڕێکخستنەکانی (حشع) دەدرێت لەو ماوەیەدا، چونکە ڕێکخستنەکان بوونی (حشع) یان لە شاری سلێمانیدا دەسەلماند. لە ئازاری ساڵی (١٩٨٩) کۆمیتەی ناوەندی حیزبی شیوعی کۆبوونەوەو لەکۆتاییدا ڕاپۆرتێکیان لەسەر ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکەیان ڕاگەیاند، تێیدا سەرەڕای باس کردن لە بارودۆخی سیاسی باشوری کوردستانو عێراقو ناوچەکەو سیاسەتی شۆڤێنی حکومەتی عێراق، ئەوەشیان خستەڕوو کە هەلومەرجی سیاسی ئەوە دەخوازێت کە حیزب گرنگی بەکاری ڕێکخستنی ناوخۆیی جەماوەر بدات، هەروەك جەختیشیان لەسەر ڕووخاندنی ڕژێمی دیکتاتۆریو دروستکردنی حکومەتێکی نیشتمانی دیموکراتی هاوپەیمانی کردەوە، بۆ چارەسەرکردنی دۆزی

---

(١) هاوڕێ سورە: هەگبە هەمەڕەنگەکەم، (ب. ش)، ٢٠٠٩، ل، ٣٩.

(٢) مەلاشاخی: ئەنفالی خاڵخاڵان، چاپخانەی داناز، سلێمانی، ٢٠٠١، ل٦٧.

(٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ (ئەحمەد حامد)، سلێمانی، ٢٠١٧/٥/١٠.

(٤) پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ (خەرمان محمد رسول)، ٢٠١٧/٧/٢٠، ئەڵمانیا. ناوبراو لە ساڵی (١٩٥٧) لە قەڵادزێ لە دایك بووەو خوێندنی سەرەتاییو ناوەندی لەوێ تەواو کردووە، لە لە ساڵی (١٩٧٤) هاتوونەتە شاری سلێمانی و لە بەشی پیشەسازی دەستی بەخوێندن کردووەو تەواوی کردووە، پاشان وەك فەرمانبەر دامەزراوە، لە (١٩٧٦) بووەتە ئەندامی (حشع) و لە (١٩٨٤) سەرپەرشتی خوێندکارانی (حشع)ی کردووە، لە (١٩٨٤-١٩٩١) سەرپەرشتیاری بەشێك لە ڕێکخستنەکانی (حشع) بووە لەناو شاری سلێمانی، ئێستاش لە ئەڵمانیا نیشتەجێیە.

کوردیش داوای حوکمی زاتی ڕاستەقینەیان لە چوارچێوەی عێراقدا کرد، لەگەڵ دەستبەرکردنی مافە ئیدارییو ڕۆشنبیرییەکانی کەمینەکانی دیکە[(١)].

شاری سلێمانی کە ژمارەیەك ئەندامو ڕێکخستنی حیزبی شیوعی تێدا بوو، حکومەتی بەعس لە ڕێگەی دەزگا ئەمنیو حیزبییەکانییەوە فشاری لێ دەکردن کە لە (حشع) پاشگەز ببنەوە، یان بچنە ناو ڕیزەکانی بەعسەوە[(٢)]. لەم بارەیەوە (ئەحمەد حامد) دەڵێت: " بەبەردەوامی لەلایەن ئەمنەوە چاودێری دەکرام، مانگ نەبوو لە ئەمنەوە بۆ لێپرسینەوەو لێکۆڵینەوە بانگ نەکرێم، بۆ هەر کوێ دەچووم سەیارەیەکی ئەمن بەدوامەوە بوو، چاودێری خۆمو خێزانەکەشم دەکرا"[(٣)].

بەعس لەدوای (١٩٧٩)ەوە بە هەموو شێوەیەك کەوتە گرتنو ڕاوەدونانی ئەندامانی (حشع) بۆیە بەشێکی زۆری ئەندامە ناسراوەکانی (حشع) شاری سلێمانیان جێهێشتوو چوونە شاخ، بەشێکی ئەندامانی کۆمیتەی مەحەللیش لەشاردا مانەوە، لەوانە (نائب عبدالله) کە لێپرسراوی محللی (حشع) بوو لەشاری سلێمانی لەگەڵ (نەورۆز شاوەیس، شێخ عەتا تاڵەبانی، عەباس ڕۆستەم، کەمال محمد ئەمین)، لە لیژنەی ئافرەتانیش هەر یەك لە (جەیران بەرزنجی، هێرۆ گۆران، قومریە خان) بەردەوام بوون لە کارکردن و (جەیران بەرزنجی) سەرپەرشتی ئافرەتانی (حشع) کردووە، بەڵام سەرجەم ئەو کەسانە جگە لە (جەیران بەرزنجیو هێرۆ گۆران) لەساڵی (١٩٨١) لەلایەن بەعسەوە گیران[(٤)]. بۆیە (حشع) ناچاربوو بۆ کاری ڕێکخستنو چالاکترکردنی حیزب ژمارەیەك کادری دیکە بەنهێنی ڕەوانەی شاری سلێمانی بکاتەوە لەوانە (سوهەیل زەهاویو پەخشان زەنگەنە)[(٥)]، بۆ کاری ڕێکخستنو چالاکترکردنی جموجۆڵەکانی (حشع) لە شاری سلێمانیدا[(٦)].

حزبی شیوعی عێراقی خاوەنی ڕێکخستنێکی باشو چەندین ڕێکخراوی حزبی بوو لە شاری سلێمانیدا، سەبارەت بە بەڕێوەبردنی ڕێکخستنەکانی ناو شاری سلێمانی بە دوو شێوە بوو:

**یەکەم:** بەشێوەی دەزولەیی، بە جۆرێك هەر ئەندامێك تەنها پەیوەندی بە یەك کەسی دیکەوە هەبووەو ئەندامەکانی دیکەی نەناسیووە، ئەوەش بۆ پاراستنی گیانی ئەندامانی ڕێکخستنەکان بووە، چونکە ڕژێمی

---

(١) ژیلوان عبدالله احمد: س. پ، ل ١٤٥.

(٢)عەلی تەتەر نێروەیی: س. پ، ١٠٤.

(٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ (ئەحمەد حامد)، ١٠/٥/ ٢٠١٧، سلێمانی.

(٤) نامەی سوهەیل زەهاوی بۆ توێژە لە ڕێگەی پۆستی ئەلیکترۆنییەوە، لە ١٠/ ٢٠١٧/٧، ناوی (سوهەیل عەبدولجەبار خەلیل زەهاوی)یەو بە (مامۆستا کەمال) ناسراوە، لە ساڵی (١٩٤٩) لە خانەقین هاتۆتە دونیاوە، خوێندنی سەرەتاییو ناوەندیو ئامادەیی لە خانەقین تەواو کردووە، دەرچووی بەشی فیزیای زانکۆی سلێمانییە لە ساڵی (١٩٧٦)، لە ساڵی (١٩٦٧)ەوە بووەتە ئەندامی (حشع)و ساڵی (١٩٦٨)یش بووەتە ئەندامی لیژنەی قوتابیانو ساڵی (١٩٧٠) بووەتە پێشمەرگە، لە (١٩٧٢) بووەتە ئەندامی قەزایی حیزب لە سلێمانی، لە (١٩٧٦)یشدا بووەتە ئەندامی لیژنەی مەحەللی حیزب لە سلێمانی، لە (١٩٨٣) بووەتە بەرپرسی هێزی سیاسی بەتالیۆنی ٩ی سلێمانی، لە (١٩٨٤) بە بڕیاری حیزب گەڕاوەتەوە شاری سلێمانیو بووە بە بەرپرسی ڕێکخستنەکانی (حشع) هەتا (١٩٩١)، لە (١٩٩٢) بووە بە ئەندامی لیژنەی مەحەللی سلێمانی، لە (١٩٩٣)شدا کە حیزبی شیوعی کوردستان ڕاگەیەنرا بووە ئەندامی لیژنەی ناوەندی و دواتر بووە ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبی شیوعی کوردستان، لە دوای (٢٠٠٣)شەوە چووەتە دەرەوەی وڵاتو هەتا ئێستا لە نەرویژ نیشتەجێیە.

(٥) ڕۆژنامەی ئاسۆ–بیرەوەری، ژمارە (١٥٢٥)، ٢٠١١/٨/٨.

(٦) ڕۆژنامەی ئاسۆ: بیرەوەری، ژمارە (١٥٢٥)، ٢٠١١/٨/٨.

بەعس زۆر بە چڕی چاودێری ڕێکخستنەکانی ناو شاری سلێمانی دەکرد، لە کاتی ئاشکرا بوونیشیان ئەگەر دانیان بە ئەندامێتی خۆیان دانابێت، ئەوە لە سێدارە دەدران، ئەگەری دانیان پێدانەنایە، بەڵام بەڵگەیان لەسەر بوایە ئەوا هەمان چارەنووسیان دەبوو، لەبەرئەوە بە شێوازێکی زۆر نهێنیو شاراوە کارەکانیان ئەنجام دەدا(1).

**دووەم:** بەشێوەی شانەو لیژنە، بەڵام ئەمەیان تەنها ئەو کەسانە کاریان تێدا دەکرد کە جێگەی متمانەی تەواوی حزب بوون بە هەموو شێوەیەك هەڵیان سەنگاندبوون(2). ئەمەش دەگەڕایەوە بۆ ئەوەی کاری سیاسی و ڕێکخستن لەو سەردەمەدا زۆر سەخت بوو نە دەکرا متمانە بە هەموو ئەندامان بکرێت پێش ئەوەی بە تەواوی لێیان دڵنیا نەبن، چونکە پەشیمان بوونەوەی ئەندامێك و پەیوەندی کردنی بە بەعسەوە ڕێکخستنەکانی ڕووبەڕوی مەترسی لەناوچوون و هەڵوەشاندنەوە دەکردەوە.

سەبارەت بە دەستەی سەرکردایەتیش بەشێوەی تاك بووە هەتا ساڵی ١٩٨٨، پاش ئەو ساڵە لیژنەی سەرکردایەتی دروستکراوە کە (سوهەیل زەهاوی) سەرپەرشتی دەکرد، هەریەکە لە (مامۆستا قادر، حەمە شوان، دلێر جەلال، قادر ڕانیەیی) ئەندام بوون تێیدا(3).

ڕێکخراوی سلێمانی ڕێکخراوی سەرەکی (حشع) بوو لە شاری سلێمانیدا، بەڵام جگە لەو ڕێکخراوە لەناو چینو توێژەکانی دیکەدا ڕێکخرو هەبوون، لە ناو ڕێکخراوی ئافرەتاندا، هەریەکە لە (خەرمان محەمەد ڕەسوڵ، نیشتیمان ئەحمەد) دوو ئەندامی چالاك (4)، بۆ نمونە (خەرمان محەمەد) بەیاننامەی حزبی شیوعی گەیاندووەتە ناو بەشی ناوخۆیی پیشەسازی(صناعة)کچان و ناوەڕۆکی بەیاننامەکەی بۆ خوێندکاران ڕوونکردۆتەوە کە باسی لە چالاکیو جموجۆڵی (حشع) کردووە لە خواروی عێراق ، جگەلەوەش بەیاننامەی حزبیان گەیاندووەتە ناو بارەگای سوپای میللی (الجيش الشعبي) لەناو شاری سلێمانی(5).

ڕێکخراوی ئافرەتانی (حشع) ڕۆڵی دیاری لە چالاکییەکانی حیزبدا هەبووە، کارەکانیان بریتی بووە لە بڵاوکردنەوەی بەیاننامە، ماڵ بە ماڵ دەیان گێڕاو بەسەر ئەندامەکانی خۆیاندا دابەشیان دەکرد، هەروەها چەکیان بۆ ئەو پێشمەرگانە دەبرد کە بۆ ئەنجامدانی چالاکی دەهاتنە ناو شار، خەرمان محەمەد دەڵێت:"هەرچەندە ئێمە

---

(1) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (ڕەحمان غەریب)، سلێمانی، ٢٠١٧/٥/٢١، ناوبراو ساڵی ١٩٦٦ لە شاری کەرکوك لەدایك بووە، دەرچووی پۆلی سێیەمی ناوەندییە، لە ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندی بە (حشع) کردووە، لە ڕێخستنەکانی (حشع) لەناو شاری سلێمانی بەشداری چەندین چالاکی سیاسیو سەربازی کردووە، لەبواری ڕۆژنامەنووسی چالاکی مەدەنی کارێکی زۆری کردووە، ئێستا بەڕێوبەری سەنتەری میترۆیە، ئێستاش لە شاری سلێمانی نیشتەجێیە؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (ئەحمەد حامد) سلێمانی، ٢٠١٧/٥/١٠.

(2) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (دلێر جەلال) سلێمانی، ٢٠١٧/٥/٢٤. ناوبراو لە ساڵی ١٩٥٥ لەشاری خانەقین لەدایك بووە، لە ساڵی ١٩٧٢ بووە بە ئەندامی (حشع)و لە ساڵی ١٩٨٠ بووە بە پێشمەرگە، لە شوباتی ١٩٨٤ سەرپەرشتی بەشێك لە ڕێکخستنە نهێنییەکانی (حشع) ی کردووە، چەندین چالاکی سیاسو سەربازی ئەنجامداوە، ڕۆڵی دیاری لە خۆپیشاندانەکانی ساڵی ١٩٨٢ هەبووە، بەرپرسی مەفرەزەکانی ناو شارو ئەندامی خۆجێی (محلی) سلێمانی (حشع) بووە، لە ساڵی ٢٠٠٤ وازی لە کاری حزبی هێناوەو ئێستاش نیشتەجێی شاری سلێمانیە.

(3) نامەی سوهەیل زەهاوی بۆ توێژەر لە ڕێگەی پۆستی ئەلیکترۆنی، ئەوروپا، لە ٢٠١٧/٧/١٠.

(4) هـ. س

(5) پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ (خەرمان محەمەد ڕەسوڵ) لە ٢٠١٧/٧/٢٠. ئەڵمانیا.

جل‌وبەرگی مۆدەمان دەپۆشی، بەڵام بۆ شاردنەوەی چەك‌و بەیاننامەكان لەكاتی گواستنەوە ناچار دەبووین كە پەچەو عەبا بپۆشین"[١].

ڕێكخراوی مامۆستایانیش هەبوو، (مامۆستامحەمەد ئەمین حسێن) سەرپەرشتی دەكرد كەچالاكییەكانیان زیاتر لە ناو چینی مامۆستایان و فەرمانبەراندا ئەنجام داوە ، ڕێكخراوی ڕۆشنبیرانیش (شێخ عەلی بەرزنجی) بەرپرسی بووە، جگە لەمانە چەند ڕێخكراوێكی تریش هەبوون، هەریەكەیان بە پێی توانای خۆیان چالاكیان ئەنجامداوە، لەوانە ڕێكخراوی قوتابیان كە لەلایەن (گەنجەی ڕئوف زوهدی) یەوە سەرپەرشتی دەكرا، سەرجەم ئەو ڕێكخراوانەش لەلایەن ڕێكخراوی سلێمانییەوە سەرپەرشتی دەكران[٢].

سەبارەت بە پەیوەندی ڕێكخراوی سلێمانی حزبی شیوعی بە سەركردایەتییەوە بەشێوەیەكی نهێنی لەلایەن تاكە كەسێكەوە ڕێكدەخراو ڕێنمایی سەركردایەتی دەگەیاندە ڕێكخستنەكانی ناو شارو ڕاپۆرت‌و زانیارییەكانی ناو شاریشی دەگەیاندە سەركردایەتی (حشع)[٣].

ڕێكخراوی (سەدا)ش لە شاری سلێمانی زۆر چالاك بووە، بە تایبەت باڵە سەربازییەكەی كە دواتر ناوەكەی گۆڕا بۆ (مەفرەزەی شەهید سەلام)،كە لەلایەن (دلێر جەلال) ەوە سەرپەرشتی دەكرا، هەریەكە لە (ڕەحمان غەریب، مەریوان مەلا حەسەن، پۆلا زیندانی) یش كە پێشمەرگەیەكی نهێنی بوو بە نهێنی گەڕابوویەوە ناو شار گرِوتینێكی دیكەی بەخشی بە چالاكی ڕێكخستنەكانی (حشع) ، ئەندامی چالاكی ئەو باڵە سەربازییە بوون[٤].

كارو چالاكییەكانی ڕێكخستنی (حشع) لە ماوەی (١٩٨٨-١٩٩١) بریتی بوون لە یارمەتیدانی پێشمەرگەكانی حزب بە پارەو ناردنی دەرمان‌و چارەسەكردنی نەخۆشی بریندارەكانی حزب، كۆكردنەوەی دەنگوباس‌و هەواڵ لەسەر دام‌و دەزگاكانی ڕژێمی بەعس و ناردنیان بۆ حزب، بڵاوكردنەوەی دروشم، بەیاننامە، بڵاوكراوەی حزب‌و ئەنجامدانی كۆبونەوەی كورت ماوە لە ناو جەماوەر بۆ ڕوونكردنەوەی سیاسەت‌و دروشمەكانی حزب[٥]، بۆ نمونە لە ساڵی ١٩٨٨ هەندێك لە ئەندامانی ڕێكخستنی (حشع) بەیاننامەیان لەسەر كیمیابارانی هەڵەبجەی شەهید لە بازاڕی نەقیبی شاری سلێمانی بڵاوكردۆتەوە[٦].

هەر بە هەمان بۆنەوە لافیتەیەكی گەورەیان لەسەر بینای ئەوقافی كۆن لە سابونكەران هەڵواسیوە، كە لەسەری نووسرابوو (نا بۆ چەكی كیمیاوی، نا بۆ دیكتاتۆری، نا بۆ جەنگ) كە ئەمە دروشمی (حشع) بووە لەو كاتەدا[٧]، جگەلەوەش لەناو شاری سلێمانی بەیاننامەو دروشمەكانی (حشع) لە فلكەی سجنەوە بە درێژایی

---

(١)پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ (خەرمان محەمەد رەسوڵ) لە ٢٠١٧/٧/٢٠. ئەڵمانیا.

(٢) نامەی سوهەیل زەهاوی بۆ توێژەر لە ڕێگەی پۆستی ئەلیكترۆنییەوە. ئەوروپا لە ٢٠١٧/٧/١٠.

(٣) چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ (ئەحمەد حامد) سلێمانی، ٢٠١٧/٥/١٠؛ نامەی سوهەیل زەهاوی بۆ توێژەر لە ڕێگەی پۆستی ئەلیكترۆنییەوە. ئەوروپا لە ٢٠١٧/٧/١٠.

(٤) چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ (ڕەحمان غەریب)، سلێمانی، ٢٠١٧/٥/٢١؛ پەیوەندی تەلەفۆنی توێژەر لەگەڵ پۆلا زیندانی، لە ٢٠١٧/٧/٢٥، سوید.

(٥) چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ (جەلال دەباغ) سلێمانی، ٢٠١٧/٦/١٧. جەلال حاجی ڕەشید لە ساڵی ١٩٣٩ لە شاری سلێمانی لەدایك بووە، خوێندنی سەرەتایی‌و ناوەندی‌و لەهەمان شاری تەواوكردوە، دەرچووی خانەی مامۆستایانە لەساڵی ١٩٥٩، لە ساڵی ١٩٥٢ بۆتە ئەندامی یەكێتی گشتی قوتابیانی عێراق، لە ساڵی ١٩٥٦ بۆتە ئەندامی (حشع) زۆربەی پلە حزبیەكانی بڕیوە، لە ساڵی ١٩٩٣ بۆتە ئەندامی مەكتەبی سیاسی حزب، چەندین پلەو پۆستی حزبی پێدراوە، ئێستاش نیشتەجێی شاری سلێمانییە.

(٦) پەیوەندی تەلەفۆنی توێژەر لەگەڵ (پۆلا زیندانی) لە ٢٠١٧/٧/٢٥، سوید.

(٧) چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ (ڕەحمان غەریب)، سلێمانی، ٢٠١٧/٥/٢١.

شـەقامی تـوی مـەلیك هەوڵواسـراون و لەگـەڵ وێنـەی شـەهیدانی (حشـع)بڵاوكراونەتەوە [1]. كـارێكی دیكـەی ڕێكخستنەكانی (حشع) لە ناو شاری سلێمانی دیاریكردن و لەناوبردنی پیاوانی ئەمن و هـەواڵگری بووە لەگەڵ لە ناوبردنی ئەوانەی كە خراپ بوون بەرامبەر بە خەڵكی شاری سلێمانی، بۆ نمونە لە مانگی ئابی ١٩٨٨ دوای كۆكردنەوەی زانیاری لەسەر ئەفسەرێكی ئەمنی بەعس كە گێچەڵی سێكسی بە خوشكی شەهیدێك دەكرد لە یەكێك لە فەرمانگەكاندا لەلایەن ڕێكخستنەكانی (حشع) كوژرا [2].

جگەلە غافڵكوژی پیاوانی ڕژێمی بەعس (اختیالات)، تەقاندنەوەی ئۆتۆمبیل و تەقەكردن لە مەفرەزەكانی حكومەت لەناو شاری سلێمانی یەكێكی دیكە بووە لە چالاكییەكانی (حشع) لەناو شارەكەدا، بۆ نمونە بە بۆنەی ڕۆژی ٦ كانوونی دووەمی١٩٨٨(ڕۆژی دامەزراندی سوپای عێراق) ، سێ ڕۆژی لەسەر یەك لە ڕۆژی (٦-٨) چالاكی ئەنجامدراوە، لە ٦ كانوونی دووەم تەقە لە مەفرەزەیەكی حكومەت كراوە لەبەر دەركی سەرای شاری سلێمانی، لە ٧ ی مانگ چالاكی دووەم لە ئەسحابە سپی ئەنجامدراوە، كە ئەفسەرێكی بەعس بەناوی (مولازم عەلی) تێدا بریندارا كراوە، ڕۆژی سێیەم واتە ٨ ی مانگ نارنجۆكیان خستۆتە ناو مەفرەزەی خەبات لای بیانی پارێزگای كۆن بەرامبەر باخی گشتی [3]، جگەلەوەش چالاكی دیكە ئەنجامدراوە، لەوانە ڕژێمی بەعس ئینزیباتی تایبەتی هێنابووە شاری سلێمانی بەناوی (قوات منصور الالیە الاولی) لەناو بازاڕو شوێنە گشتییەكان بڵاوەیان پێدەكرا، بەڵام لەلایەن مەفرەزەی شەهید (سەلام) ی (حشع)ەوە لە كاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی لەكاتی هاتنی ئەو هێزە بۆ ناو بازاڕ لە لای مزگەوتی گەورەوە بۆ مەحكەمەی كۆن ڕووبەڕووی هێرش و پەلاماری مەفرەزەی شەهید سەلام بوونەوەو كوژراو بریندارایان هەبوو [4]، یەكێكی دیكە لە چالاكییەكانی ڕێكخستنی (حشع) ئەوەبوو كە لە مانگی نیسانی ١٩٨٩ نارنجۆكێك دەخەنە ناو (زیل) [5] ێكی سەربازییەوە لە بەرامبەر نەخۆشخانەی جامیعەكە، ئەم ئەم چالاكیەش هەر یەكە لە (دلێر جەلال و ڕەحمان غەریب) ئەنجامیان داوە [6].

ئەنجامدانی ئەو چالاكیانە گرنگی و ئامانجی خۆی هەبوو لەوكاتەدا لەوانە:-

١. بەرزكردنەوەی ورەی جەماوەرو پێشمەرگە، چونكە لەو كاتەدا پێشمەرگە لە سنوری باشوری كوردستاندا نەمابوو، ئەنجامدانی ئەو چالاكیانە بوونی شۆڕش و پێشمەرگەی دەسەلماند.

2. بۆ پاراستنی گیانی ڕێكخستنەكانی ناوخۆ دەگوترا كەمەفرەزەیەكی پێشمەرگە هاتونەتە ناو شارو چالاكیان ئەنجامداوەو گەڕاونەتەوە، ئەمەش بۆ ئەوەبوو گومان لەسەر ڕێكخستنەكان دروست نەبێ.

---

(١) چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ (دلێر جەلال) سلێمانی، ٢٠١٧/٥/٢٤.

(٢) چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ (لوقمان عەلی حسێن) سلێمانی، ٢٠١٧/٥/١٠. ناوبراو بە لوقمان زیندانی ناسراوە، لە ساڵی ١٩٦٥ لە شاری كەركوك لە دایك بووە، خوێندنی سەرەتایی لە كەركوك و ناوەندی و ئامادەیی لەشاری سلێمانی تەواوكردووە، دەرچووی بەشی كیمیای زانكۆی موصڵە، سەرەتا پەیوەندی بە قوتابیانی (حشع) كردووە، لە ساڵی ١٩٨٢ەوە لە ڕێكخستنەكانی (حشع) كاریكردووە، لە ساڵی ١٩٨٩ لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە گیراوە، لەبواری ڕاگەیاندندا زۆر كاریكردووە، هەڵگری بڕوانامەی ماستەرە لەو بوارەداو ئەندامی سەندیكای ڕۆژنامەنووسانە، ئێستاش لەشاری سلێمانی نیشتەجێیە.

(٣) چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ (دلێر جەلال) سلێمانی، ٢٠١٧/٥/٢٤.؛ چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ (ڕەحمان غەریب)، سلێمانی، ٢٠١٧/٥/٢١.

(٤) پەیوەندی تەلەفۆنی توێژەر لەگەڵ (پۆلا زیندانی) ، سوید، ٢٠١٧/٧/٢٥.؛ چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ (دلێر جەلال) سلێمانی، ٢٠١٧/٥/٢٤.

(٥)ئۆتۆمبێلێكی نەفەر هەڵگری سەربازی بوو، زیاتر بۆ گواستنەوەی سەرباز لە شوێنێكەوە بۆ شوێنێكی دیكە بەكار دەهات.

(٦) چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ (دلێر جەلال) سلێمانی، ٢٠١٧/٥/٢٤

٣. چالاكییەكان لەو ماوەیەدا ئەوەندەی گرنگی بە جۆری چالاكییەكان دراوە ئەوەندە گرنگی بەچەندێتی چالاكییەكان نەدراوە[١].

كارێكی دیكەی ڕێكخستنەكان بریتی بوو لە ئامادەكردنی ئەو كەسانەی كە دەبوون بە پێشمەرگە، بێگومان زۆربەی ئەوانەی دەبوون بە پێشمەرگە لە ڕێگەی ڕێكخستنەكانەوە دەبوون، جگەلەوەش كارو چالاكی ڕێكخستنەكان لەناو شاردا كاریگەری لەسەر ورەی پێشمەرگە زیاتر دەبوو لە دەرەوە[٢].

كاردانەوەی ڕژێمی بەعس لەبەرامبەر ئەو چالاكییانەی ڕێكخستنەكانی (حشع) لە شاری سلێمانیدا ئەوەبوو كەوتە گرتن و ئازارو ئەشكەنجەدانی كادیرانی ڕێكخستنی (حشع)، لەماوەی (١٩٨٩/٥/٣١ – ١٩٨٩/٦/١٥) (١٤) ئەندامی چالاكی ڕێكخستنەكانی (حشع) لە شاری سلێمانی دەستگیر دەكرێن كە (١١) ئەندامیان پیاو و (٣) ئەندامیان ئافرەت بوون[٣]. هۆكاری گرتنەكەشیان بەهۆی خیانەتی بەرپرسی شانەیەكی ڕێكخستن بوو كە سەرجەم بەڵگەو ناوەكانی ڕادەستی ئەمنی سلێمانی كردبوو، هەموو بەڵگەكانی ئەو شانەیە لەناو بوتڵێكی غازدا شاردرابوونەوە كە ئەمن دەستی بەسەردا گرتووەو بەڵگەكانی كەوتۆتە دەست، پێشتریش پۆلا زیندانی لە ١٩٨٩/٥/٦ لای مزگەوتی شێخ فەرید لە كاتی گواستنەوەی چەك بۆ ئەندامێكی ڕێكخستن بە مەبەستی ئەنجامدانی چالاكی دەستگیردەكرێت[٤].

گرتنی ئەو ئەندامانی ڕێكخستن كاری لەسەر چالاكی و جموجۆڵەكانی ڕێكخستن نەكردو بەردەوام بوون لە كارو چالاكییەكانیان، چونكە (حشع) لە شاری سلێمانیدا خاوەنی چەند شانەیەكی جیاجیای ڕێكخستن بووەو زۆربەی شانەكان پەیوەندیان بەیەكەوە نەبووەو یەكتریان نەناسیووە، بۆیە كاتێك شانەیەك یان هێڵێك دەستگیردەكرا، شانەی هێڵەكانی دیكە لەكاری خۆیان بەردەوام دەبوون[٥].

بەشێكی دیكەی چالاكییەكانی ڕێكخستنەكانی (حشع) لەناو شاری سلێمانی بریتی بوون لە چالاكی ڕاگەیاندن، (حشع) لەناو شاردا خاوەنی ئامێری چاپ و بڵاوكردنەوەی خۆی بوو، بەجۆرێك دوو ماڵ لە ناو شاری سلێمانیدا تایبەت بوون بە چاپكردن و بڵاوكردنەوەی سیاسەت و دروشم و بەیاننامەكانی (حشع) ئەویش ماڵی (پۆلا زیندانی و خەرمان محەمەد ڕەسوڵ) بوون كە ئەوكاتەی لە عەقاری بوون خانووەكەیان بە تەواوی بۆ ئەو مەبەستە تەرخان كردبوو، جگەلە بەرپرسەكانی حزبی شیوعی بۆ هیچ كەسێكی دیكە نەبوو كە سەردانیان بكات[٦].

لەبواری ڕاگەیاندندا (حشع) خاوەنی چەند ڕۆژنامەو گۆڤارو بڵاوكراوەیەك بوو لە ماوەی نێوان (١٩٨٨– ١٩٩١)، بەڵام لەبەرئەوەی كە شاری سلێمانیدا دەرنەچوون، ئێمە تەنها ئاماژە بە ناوەكانیان دەكەین، لەوانە

(١) چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ (ڕەحمان غەریب)، سلێمانی، ٢٠١٧/٥/٢١.

(٢) ئاراس عەبدولرەحمان مستەفا: ڕاپەڕینی ئاداری. . . س. پ، ل٦٥.

(٣) ناوی تەواوی ئەو ئەندامانەی ڕێكخستنەكانی (حشع) بریتی بوون لە (علی حامد، لوقمان علی ناسراو بە لوقمان زیندانی، فازیڵ ئەحمەد فەرەج، كەمال ئەحمەد فەرەج، نەرمین ئەحمەد فەرەج، ئاشتی محەمەد سابیر، سامان بەكر، پەیمان بەكر، نەبەز محەمەد عبدالله، خدر ئەكبەر حەسەن، شەوكەت شەریف خالید، نزار مستەفا چاوجوان، محمد عارف، سابیر مەجید). (چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ (لوقمان زیندانی)، سلێمانی، ٢٠١٧/٥/١٠).

(٤) چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ (ئەحمەد حامد) سلێمانی، ٢٠١٧/٥/١٠.

(٥) چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ (جەلال دەباغ) سلێمانی، ٢٠١٧/٦/١٧.

(٦) پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ (خەرمان محەمەد ڕەسول) ، ئەڵمانیا ،لە ٢٠١٧/٧/٢٠ ؛ چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ (ڕەحمان غەریب)، سلێمانی، ٢٠١٧/٥/٢١.

(ڕێگای کوردستان)[1]، ئۆرگانی لیژنەی هەرێمی کوردستانی حزبی شیوعی بوو، هەروەها (ئالأی پێشمەرگە)[2]، (دەنگی پێشمەرگە)[3]، لەگەڵ ئەوەشدا (حشع) خاوەنی ڕادیۆی (ئیزگەی دەنگی گەلی عێراق)[4] بوو.

بە م شێوەیە دەردەکەوێت ئەندامو کادیرو ڕێکخستنەکانی (حشع) لەناو شاری سلێمانیدا چالاك بوون لەو ماوەیەی کە سەرجەم حزبەکانی باشوری کوردستان لە دەرەوەی سنوری باشوری کوردستان بوون، بەهۆی شالأوەکانی ئەنفالو خاپورکردنی گوندەکانی کوردستانو ڕاوەستانی جەنگی عێراق- ئێرانەوە، ئەوان توانیان وەرەی خەڵکی بەرزبکەنەوەو بونی خۆیان بیسەلمێنن، ئەگەرچی لە ئاستێکی لاواز و سستیشدا بووبێت.

### ٢- پارتی دیموکراتی کوردستانی-عێراق (پ. د. ك)[5]:

پارتی دیموکراتی کوردستان، پارتێکی گەورەی سەر گۆڕەپانی سیاسی باشوری کوردستان بووە، بەلأم ناوچەی دەسەلأتو شوێنی چالاکییەکانی زیاتر ناوچەکانی بادینانو هەولێر بووەو لەو سنورەدا چالاکی زۆری ئەنجامداوە، بەلأم سەبارەت بە شاری سلێمانی تاڕادەیەك دووربووە لە شوێنی دەسەلأتو چالاکی (پ. د. ك) دەوە، هەرچەندە ئەو پارتە لەشاری سلێمانیدا خاوەنی ڕێکخستنو ئەندامو لایەنگری خۆی بووە.

---

(١) ئۆرگانی (حشع) مەڵبەندی سلێمانی- کەرکوك بووە، ژمارە (١) ی لە ناوەڕاستی ١٩٨٤ دەرچووە، هەواڵی سیاسیو هەواڵی چالاکییەکانی پێشمەرگە بووە، پێشتریش بە نهێنی لە ١٩٦٢-١٩٧٢ دەرچووە. ( بڕوانە// نەوزاد عەلی ئەحمەد: ڕابەری ڕۆژنامەگەری نهێنی کوردی، چ١، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی، ٢٠١٠، ل٨٩).

(٢) گۆڤارێك بوو بە زمانی عەرەبی لەلایەن فەوجی (١٥) قەرەداغو گەرمیانی (حشع) دەرچووە، یەکەم ژمارەی لە ئاداری ١٩٨٤ دەرچووە. (بڕوانە// ئیسماعیل تەنیا: ڕابەری ڕۆژنامەگەری نهێنی کوردی (ئازاری ١٩٧٥-١٩٩٣)، چ١، بەڕێوبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠١٣، ل١٤٦).

(٣) سەرەتا لە (بێتوش) کەوتە کار، پاش ماوەیەکی کورت ڕژێمی بەعس پێی زانیو بۆردومانی کرد، ناچار گواستیانەوە بۆ پشتئاشان، بەلأم لەوێش لە ئەنجامی هێرشەکانی یەکێتی بۆسەر (حشع) سوتێنرا، جارێکی دیکە لە (تۆژەڵە) نزیك قەلأدزێ دامەزرایەوە، دواتر گواسترایەوە بۆ (لۆلان) هەتا ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١ بەردەوام بوو. وەرگیراوە لە (دەسنوسێکی ئەحمەد حامد کە لای خۆی پارێزراوە)

(٤) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (جەلال دەباغ) سلێمانی، ٢٠١٧/٦/١٧.

(٥) بیرۆکەی دامەزراندنی پارتی کە لە ساڵی ١٩٤٦ لە مهاباد گەلاڵە بوو، بە سەرۆکایەتی (مستەفا بارزانی)، میر حاج ئەحمەد، هەمزە عەبدوڵلأ، نوری ئەحمەد تەها، مستەفا خۆشناو، محەمەد مەحمود قودسی، خەیروڵلأ عەبدولکەریمو عیزەت عەبدولعەزیز) ئەمانە پرۆگرامی پارتەکەیان دانا، دواتریش هەمزە عەبدوڵلأ وەك نوێنەری بارزانی ڕەوانەی باشوری کوردستان کرا، تاکو لەگەڵ سەرکردایەتی پارتو ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئەو کاتدا، بە مەبەستی گفتوگۆو ئامادەکاری بۆ یەکگرتنەوە لەنێو پارتێکی نوێدا، دواجار لە (١٦ ئابی ١٩٤٦) پارتی دیموکراتی کورد یەکەمین کۆنگرەی دامەزراندنی لە ماڵی (سعید فهیم) بەشێوەیەکی نهێنی لەشاری بەغداد بەست، لەم کۆنگرەیەدا نوێنەری هەردوو پارتی (ڕزگاریو شۆڕش)ی هەڵوەشاو بەشداربوون، لەو کۆنگرەیەدا ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردران کە ژمارەیان (١٥) ئەندام بووو (مستەفا بارزانی) بە سەرۆکی پارتی هەڵبژێردراو شێخ لەتیفی شێخ مەحمود بە جێگری یەکەمی سەرۆك دیاریکراو پەیڕەوەی بەرنامەی پارتەکەش پەسەند کرا، لە ساڵی ١٩٥٣ەوە لە کۆنگرەی سێیەمی پارتەکەدا ناوی پارتەکە بۆ (پارتی دیموکراتی کوردستان) گۆڕاوە، پارتی لە خەباتی ڕزگاریخوازی گەلی کورددا ڕۆڵێکی دیاری هەبووەو لە تەمەنی خۆیدا (١٣) کۆنگرەی بەستووە، دوا کۆنگرەش لە کانوونی یەکەمی ٢٠١٠ بەستراو تێیدا مەسعود بارزانی بەسەرۆکی پارتەکە هەڵبژێردرایەوە، (بڕوانە// حبیب محمد کریم: تاریخ الحزب الدیمقراطي الکردستان- العراق (في محطات الرئیسیة) ١٩٤٦-١٩٩٣، مطبعة خەبات، دهوك، ١٩٩٨، ص٣٣-٣٩؛ محەمەد فاتیح: حزبو ڕێکخراوە سیاسیە عێڕاقییەکان ١٩١٠-٢٠١٠، بلأوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاریو پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی ٢٠١٢، ل١٠٨-١١٢ ).

ماوەی نێوان (١٩٨٨-١٩٩١) ماوەیەکی گرنکە لەخەباتی ڕزگاریخوازی گەلی کورددا، چونکە پەسەندکردنی بڕیاری (٥٨٩) ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە ١٨ی تەمموزی ١٩٨٨ لەلایەن ئێرانەوە بووە هۆی ڕاگەیاندنی ئاگربەستی ٨ی ئابی ١٩٨٨، ئەوەش زەبرێکی کوشندەی لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورددا، چونکە دەستی سوپای عێراقی ئاوەڵا کرد لە لێدانی شۆڕشی کورددا، سەرجەم پارتو ڕێکخراوەکانی باشوری کوردستانی ناچارکرد سنوری باشوری کوردستان جێ بهێڵنو دەربازی سنورەکانی ئێرانو تورکیا بن. هەر دوای جێبەجێکردنی ئاگربەستی عێراق- ئێران لە ٢٠ی ئابی ١٩٨٨ ڕژێمی عێراق هێرشی بەربلاوی بۆسەر بنکەو بارەگاکانی (پ. د. ك) لەناوچەکانی (زاخۆ، ئامێدیو ناوچەی شەقلاوە)دەستپێکرد، کۆتا شەڕی بەرەی (پ. د. ك)، لە ماوەی نێوان (١٩٨٨-١٩٩١) شەڕی خواکورك بوو، کە لە (١٩ تەمموز تاوەکو ٥ ئەیلولی ١٩٨٩ )ی خایاند، جگە لە پارتی، پارت و لایەنە سیاسیەکانی دیکەش بەشداری ئەو شەڕەیان کردووە، بە گوتەی (مەسعود بارزانی) ئەو شەڕە یەکێك بووە لە گەورەترین شەڕەکانی مێژووی بەرگری کورد، ئەوەش سەلمێندرا کە کورد بە تەنیاش توانای بەرگری هەیە[١].

لەدوای ئەم شەڕەوە (پ. د. ك) وەك پارتو ڕێکخراوەکانی دیکەی باشوری کوردستان دەربازی سنوری ئێران بوو، ئەمەش وای لە پارتی کرد کە بیر لە خەباتی پارتیزانی بکاتەوە بۆ بەردەوام بوونو درێژەدان بە خەباتی ڕزگاریخوازی گەلی کورد، ئامانجی شانە پارتیزانیەکان دەست وەشاندنی خێراو گەڕانەوەو خۆ پاراستن بوو لە دوژمن، ئەرکی مەفرەزە پارتیزانییەکان زۆر سەخت بوو، لەبەر نەمانی لادێکان لە پرۆسەی ئەنفالدا، بۆیە ناچار دەبوو خواردنی چەند ڕۆژێك هەڵبگرنو نەدەبو کە مەفرەزە پاتیزانیەکان ژمارەیان لە (٦) کەس زیاتر بێت، بۆ سەلامەتی گیانی ئەو مەفرەزانە، لە دەست سوپای عێراقو فەوجەکانی خەفیفە (جاش)[٢].

خەبات لەو سەردەمەدا لەو پەڕی سەختیدا بوو، چونکە جگەلە ناوشاری سلێمانی لادێکانی دەوروبەری شار هەموویان بە ناوچەی قەدەغەکراو ناسێنرا بوون، هەر کەسێك لەو ناوچانە بینرابوایە، تەقەی لێدەکرا، یاخود دەستگیردەکراو سزاکەی لە سێدارەدان بوو، مەسعود بارزانی ئەوە پشت ڕاست دەکاتەوەو دەڵێت:"هیچ کاتێك هەلومەرجی سیاسی تا ئەو ڕادەیە دژوارو سەخت نەبووە"[٣]، کریس کۆچێرایش لەمبارەیەوە دەڵێت:"نەتەوەی کوردستان خەڵکی دێهاتو کوێستان، لە وڵاتی خۆیان بوونە یەك نەتەوەی پەنابەر لە شارە گەورەکانو ئۆردوگا زۆرەملێکاندا زیندانی کرابوون"[٤]، ئەو بارودۆخە وایکرد کە قورسایی خەبات بگوازێتەوە ناو شارەکانو لە ڕێگەی ڕێکخستنە نهێنییەکانی ناو شارەوە درێژە بە خەبات بدرێت.

---

(١) کریس کۆچێرا: بزوتنەوەی نەتەوەیی کوردو هیوای سەربەخۆیی، و: ئەکرەمی میهرداد، ب١، سەنتەری چاپو پەخشی تەما، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل٨٠-٨١.

(٢) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (فازیل ڕەئوف ساڵح)، سلێمانی، ٢٠١٧/٥/١٨. لە ساڵی ١٩٥٤ لە گەڕەکی کانێسکانی شاری سلێمانی لە دایك بووە، خوێندنی سەرەتاییو ناوەندی لە شاری سلێمانی تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩٦٩ پەیوەندی بە یەکێتی قوتابیانی کوردستانەوە کردووە، لە ساڵی ١٩٧٤ بووە بە پێشمەرگە، لەدوای ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١ دەبێت بە بەرپرسی ناوچەی سەرچناری (پ. د. ك)، بەشداری شەڕی ئەزمەڕی کردووە بریندار بووە، لە ساڵی ١٩٩٢ دەبێت بە ئەندام پەرلەمان لەسەر لیستی (پ. د. ك)، ئێستاش بەرپرسی لقی چواری پارتیە لە شاری سلێمانیو نیشتەجێی هەمان شارە.

(٣) وەرگیراوە لە// کریس کۆچێرا: س. پ، ل٩٠.

(٤) هـ. س، ل٩١.

سەبارەت بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی (پ. د. ك) لە ناو شاری سلێمانیدا لە ماوەی نێوان (١٩٨٨-١٩٩١) ڕێکخستنەکانی (پ. د. ك) لە ناو شاری سلێمانی بەدوو شێوە بوو"یەکەم هێڵی (خەت)، دووەم (شانە)"[١]، پەیکەری ڕێکخستنەکان لە (لقی چوار بۆ لیژنەی ناوچەی سلێمانی-لیژنەی ڕێکخستنی شار- هێڵەکان) شۆڕ دەبۆوە، هێڵەکانیش بەشێوەی زنجیرە بوون، بە جۆرێك کە تەنیا دوو کەست دەناسی سەرو و خواری خۆت، هەموو هێڵەکانی ناو سلێمانیش پەیوەست بوون بە لیژنەی ڕێکخستنی شار، کە وەڵامی ڕاپۆرتەکانی دەدایەوە، ڕاپۆرتی لیژنەی ڕێکخستنی شاریش دەدرایە لیژنەی ناوچەی سلێمانی و ئەوانیش بۆ لقی چواریان دەنارد[٢].

لە ناو شاری سلێمانی چەند هێڵێکی ڕێکخستن هەبوون، کە هەریەکە لە (مامۆستا غەفور، مولازم سیروان نەوڕۆڵی، سیروان باپیر، عەبدولرەحمان سەنگاوی، مامۆستا یاسین، حەمەتاڵ خاڵە عەلی، جەمال عومەر ملۆزم) سەرپەرشتیان دەکرد[٣]. ڕێکخستنەکان چەند ئەرکێکیان لەسەر شان بوو لەوانە، هاوکاری مەفرەزە پارتیزانەکان هەر لە دابینکردنی تەقەمەنی، خواردن، جلو بەرگ، شوێنی حەوانەوە، هەتا چارەسەرەکردنی ئەو پێشمەرگانەی کە بریندار دەبوون[٤]، لەمباریەوە (عەبدولرەحمان سەنگاوی) دەڵێت:"نەك هەر هاوکاری پارتیزانەکانی خۆمان بەڵکو هاوکاری پارتیزانەکانی یەکێتیشمان دەکرد، بۆ نمونە (٦٣) پێشمەرگەی یەکێتی لە چەمی ڕێزان گیریان خوارد بوو، لە برسان گژوگیایان دەخوارد، داوامان لێکرا هاوکاریان بکەین، ئێمەش بەڵگەنامەی ساختەی ئەمنیمان بۆ دروست کردن، کە ئەو کاتە هەر ئامێرێکی چاپمان لە بینای مەحکەمەدا لە ژێرزەمینەکەیدا شاردبۆوە، لەوێ دوو بەندم بۆ ڕاکێشان و بەوە ڕزگاریان بوو"[٥].

ئەرکێکی دیکەی ڕێکخستنەکان چارەسەکردنی بریندارەکان و ناردنی دەرمان بۆ پێشمەرگە پارتیزانەکان بوو، سەنگاوی دەڵێت:"چەندینجار بریندارمان لە ناو شاری سلێمانی چارەسەر کردووەو ڕەوانەی دەرەوەمان کردۆتەوە، بۆ هێنان و بردنی دەرمان پێداویستی دیکە ئۆتۆمبیلێکم کریبوو، کە بەردەوام لە هاتوچۆی سەرسنورو ناو شاردا بووم"[٦].

ڕێکخستنەکانی (پ. د. ك) لەماوەی نێوان (١٩٨٨-١٩٩١) جۆرێك سستی و لێکترازانی پێوە دیارە ئەویش بە بەڵگەی ئەوەی لیژنەی ناوچەی سلێمانی نوسراوێکی بە ژمارە (٣٧٧) لە ١٩٨٨/٨/٢٨ ئاڕاستەی عەبدولرەحمان سەنگاوی دەکات و تێیدا دان بە بچڕان و دورکەوتنەوەی هەندێك لە ئەندامانی ڕێکخستنەکانی ناو شاری سلێمانیدا دەنێت، هەروەك داوای دووبارە ڕێکخستنەوەو هاوکاری کردنیان دەکات[٧].

بۆیە دەبینرێت لەو ماوەیەدا هیچ جۆرە چالاکییەکی دیار لەناو شاری سلێمانیدا ئەنجام نەدراوە، زیاتر کاری ڕێکخستنەکانی (پ. د. ك) بریتی بووە لە پەیوەندیکردن بە جەماوەرو نزیك کردنەوەیان لە پارتی و بارزانی،

---

(١) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (عەبدولرەحمان سەنگاوی)، سلێمانی، ٢٠١٧/٧/٢٢. عەبدولرەحمان حەمە ڕەئوف حەمەئەمین لە ساڵی ١٩٥٣ لە دایك بووە، چەندین پلەی لە ڕیزەکانی (پ. د. ك) وەگرتووە، لە سەرەتای ساڵانی ١٩٨٠ بەدواوە لە ڕێکخستنەکانی (پ. د. ك) دا کاری کردووەو بەرپرسی هێڵێکیش بووە، بەشداری لە ڕاپەڕینیدا کردووە، ئێستاش ئەندامی دەزگای باڵای ئەیلولە.

(٢) بەشدار عبدالمجید: س. پ، ل٥٥-٥٦.

(٣) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (عەبدولرەحمان سەنگاوی)، سلێمانی، ٢٠١٧/٧/٢٢.

(٤) بەرزان عبدالله سەراوی: یاداشتەکانی شۆرشی نوێ بیرەوەرییەکانی عبدالله حاجی ڕەشید سەراوی ١٩٧٦-٢٠٠١، (ب. ن. چ)، (ب. س، چ)، ل٧٥.

(٥) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (عەبدولرەحمان سەنگاوی)، سلێمانی، ٢٠١٧/٧/٢٢.

(٦) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (عەبدولرەحمان سەنگاوی)، سلێمانی، ٢٠١٧/٧/٢٢.

(٧) بۆ دەقی نوسراوەکەو زانیاری بڕوانە پاشکۆی ژمارە (١٥).

**لەگەڵ کۆکردنەوەی زانیاریی و دەنگوباس لە بوارەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری، کە دەکران بە ڕاپۆرت و بۆ ناوچەو لق بەرزدەکرانەوە، لەو ڕاپۆرتانەدا چۆنیەتی هەڵسوکەوتی حکومەت لەگەڵ خەڵك و کارو چالاکی ڕێکخستنەکانیش دەخرانە ڕوو[1].**

**ئەرکێکی دیکەی ڕێکخستنەکان بڵاوکردنەوەی سیاسەت و بڵاوکراوەکانی پارتی و هەڵواسینی پۆستەرو وێنەی شەهیدان و نوسینی دروشم لە سەر دیوار بوو، لە یادی کۆچی دوایی مستەفا بارزانی لافیتەی ڕەشیان بە ڕەنگی زەرد دەنووسی و شەوانە لە کۆڵانەکانی شاری سلێمانی هەڵیاندەواسی، لەگەڵ وێنەی ئیدریس بارزانی و مەسعود بارزانی، دروشمەکانیش زیاتر (نەمری بۆ بارزانی، تێکۆشان لە پێناو کوردستان) بوو[2].**

**کارێکی دیکەی ڕێکخستنەکانی (پ. د. ك) کۆکردنەوەی ئەندامە کۆنەکان و بەتایبەت ئەوانەی شارەزاییان لە بواری جیاجیادا هەبووە لەگەڵ هەوڵدان بۆ ڕاکێشانی گەنج و نەوەی نوێ بۆ نێو ڕیزی ڕێکخستنەکان و ڕێنمایی کردنیان بۆ ئەنجامدانی چالاکی دژ بە ڕژێمی بەعس و بڵاوکردنەوەی بابەتی ڕۆشنبیریی و بەیاننامەی حزب لەناو دامودەزگا کارگێڕیی و فەرمانگەکاندا کارێکی دیکەی ڕێکخستنەکانی (پ. د. ك) بوو لە شاری سلێمانیدا، بە ئامانجی هۆشیاکردنەوەی جەماوەرو ئاگاداکردنەوەیان لە ڕەوشی سیاسی و چالاکی شۆڕش و بەرزکردنەوەی ورەی جەماوەر[3].**

**ڕێکخستنەکان بەکاری کۆکردنەوەی پیتاك و یارمەتییەکان هەڵدەستان، بەتایبەت پارە، ئەویش دوای ئەوەی لە لیژنەی ناوچەی سلێمانی نامەیەك بۆ ڕێکخستنەکانی ناو شار دەنێردرا تاوەکو بیگەیەننە دەستی کەسی دیاریکراو، ئەو کەسەش کە وەڵامی نامەکەی دەدایەوە ناوی خۆی و بڕی پارەکەو واژۆی خۆی لە پشتی نامەکە دەنوسی، ئەوەی وەرشی دەگرت واژۆی دەکرد[4]. زیاتر هاوکارییەکان لەو کەسانە کۆدەکرایەوە کە توانای ماددیان باشبوو، لەوانە (فارۆقی قیروان، ئەحمەد کەریم، عەلی خڕە. . . هتد)، بەپارە هاوکاری ڕێکخستنەکان و شۆڕشیان دەکرد لە ناو شاری سلێمانیدا، عەبدولڕەحمان سەنگاوی دەڵێت:"جارێك سەردانی فارۆقی قیروانم کرد، وتم پێویستم بە (٢٥٠) دینار هەیە، دەستیکرد بە چەکمەجەکەیا و (١٠٠) دیناری پێدام، وتی ئەگەر بەشی**

---

**(١) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (هۆشیار صدیق ئەمین) سلێمانی، ٢٠١٧/٧/٢٠. بە هۆشیار صدیق ئەفەنی ناسراوە، لە ساڵی ١٩٥٠ لەشاری سلێمانی لە دایك بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی و ئامادەیی لە شاری سلێمانی تەواوکردووە، دواتر بووە بە مامۆستای پیشەیی، لە ساڵی ١٩٦٨ پەیوەندی بە یەکێتی قوتابیانەوە کردووە، لە ساڵی ١٩٧٠ بووە بە ئەندامی پارتی، ساڵی ١٩٧٤ بۆتە پێشمەرگە لە ساڵی هەشتاکانەوە هەتا ڕاپەڕینی ئاداری ١٩٩١ لەڕیزی ڕێکخستنەکانی پارتی کاریکردووە، بە پلە حزبییەکاندا سەرکەوتووە و ساڵی ١٩٩٧ بۆتە کارگێڕی لقی چواری پارتی لە ساڵی ٢٠٠٥ بووە بە ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، ئێستاش نیشتەجێی شاری سلێمانییە.**

**(٢) پەیوەندی تەلەفۆنی توێژەر لەگەڵ (محەمەد عەلی ساڵح)، ٢٠١٧/٨/١٥. ناسراوە بە حەمەی مام عەلی، لە ساڵی ١٩٤٥ لە عەربەت لە دایك بووە، لە ماوەی (١٩٧٦-١٩٨٣) لە ڕێکخستنەکانی (پ. د. ك) دا کاریکردووە، ساڵی ١٩٨٣ لەلایەن ئەمنی سلێمانیەوە دەستگیردەکرێ و ساڵی ١٩٨٦ ئازاد دەکرێ، دوای ئەوە دەچێتە دەرەوەو دەبێتە پێشمەرگە، ئێستاش نیشتەجێی شاری سلێمانییە؛ بەشدار عبدالمجید: س. پ، ل٥٧.**

**(٣) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (عەبدولڕەحمان سەنگاوی)، سلێمانی، ٢٠١٧/٧/٢٢.**

**(٤) بەشدار عبدالمجید: س. پ، ل٥٨.**

نـەکرد وەرەوە هــی دیکــەت دەدەمــی"[1]، ئــەو یارمەتیانــەش لــە چــالاکی و هاوکــاری کــەس‌وکاری شــەهیداندا خەرجدەکرا.

جگەلەوانەش ڕێکخستنەکانی (پ. د. ك) لە ناو شاردا سەرچاوەیەکی گرنگ بوون بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەسـەر دام‌ودەزگاکـانی ڕژێـم ناردیـانن بـۆ سـەرکردایەتی لـە دەرەوە، ئـەویش لـە ڕێگـەی دزەپێکردنـی زانیـاری و بەڵگەنامـەو نوسـراوە حکومییەکانـەوە لـە دام‌ودەزگـا هەسـتیارەکانی نـاو شـاری سـلێمانی، لـە ڕێگـەی قەڵـەمی نهێنیـەوە ئەنجامـدەدرا، لـە هـەر نوسـراو بەڵگەنامەیـەك وێنەیـەکی ڕەوانـەی سـەروخۆی دەکـرد و لـە وێشـەوە بەرزدەکرایەوە بۆ سەرکردایەتی[2].

بـەو شـێوەیە خـەباتی نهێنـی ڕێکخسـتنەکانی (پ. د. ك) لـەناو شـاری سـلێمانیدا بـەردەوام بـوو لـە دوای داگیرکردنی کوێت لـە ٢ی ئابی ١٩٩٠ (پ. د. ك) وەك هـەموو پـارت و ڕێکخراوەکـانی دیکـەی باشـوری کوردسـتان خۆی بۆ قۆناغێکی نوێی خەبات ئامادەکردووە، بە پێی نوسراوێکی لیژنەی ناوچەی سلێمانی بە ژمارە (٦٥) لە ١٩٩١/١/٢٥ سـەرجەم ئەنـدام و لایـەنگرانی خۆیـان ئاگـادار کردۆتـەوە، کـە ئامـادەبن بـۆ هـەر گـۆڕان و ڕوداوێکـی چاوەڕوانکراو، چەند ڕێنمایی و ئاگادارکردنەوەیەك ئاڕاستەی ڕێکخستنەکانی ناو شاری سلێمانی کراوە لەوانە:

١. هەڤاڵان بخرێنە حاڵەتی ئامادەباشییەوە، ئامادەبن بۆ هەر ڕووداوێك.

٢. هەڤاڵان ئاگـادار بکرێنـەوە دۆسـت و دڵسـۆز زیادبکـەن، چەکدارانی ڕژێـم کـە دەسـتیان بـە خـوێنی پێشمەرگەی کوردستان سوور نـەبووە، ڕابکێشـرێن بـەلای خۆمانـدا، بـەڵێنیان پێبـدرێت کـە ژیانیـان پـارێزراو دەبێت ئەگەر ڕژێم کۆتایی هات، پسوڵەشیان بۆ دەکرێت.

٣. ئاگـاداربکرێن هێرشـی پێشـمەرگەی کوردسـتان بـەناوی بـەرەی کوردسـتانی دێتـەخوارێ، بـەڵام بەنهێنی هەوڵ بۆ زیادکردنی جەماوەری خۆمان بدرێت.

٤. هەوڵبدرێت هەڤاڵ و دۆستی بە توانا ئامادە بکرێن لە (هونەرمەند، خۆشنوس، ڕۆشنبیر، وێنەگر) بۆ کاری پێویست.

٥. هەوڵبـدرێت بـۆ ئامـادەکردنی دەزگـای (ڤیـدیۆ، تسـجیل، مکبـەرە) بـۆ کـاتی پێویسـت، لەگـەڵ ئاگادارکردنەوەی ئەوانەی ئۆتۆمبیلیان هەیە بۆ کاتی پێویست ئامادەبکرێن.

٦. هەوڵبدرێت پیاو ماقوڵ و ڕیش سپی خێڵ و عەشیرەت بۆلای ڕێبازی پارتی و بارزانی ڕابکێشن.

٧. ڕۆژانە متابەعەی دەنگی کوردستانی عێراق بکەن بۆ ڕێنماییەکان بەم کاتانە (٩ ی بەیانی، ١٢ی نیوەڕۆ، ٣ی پاش نیوەڕۆ، ٦ی ئێوارە، ٨ی شەو)، لەسەر شەپۆلی (٧٥-١٦٠) بڵاودەکرێتەوە[3].

لە نووسراوێکی دیکەی لقی چوار بە ژمارە (٨٦١) لـە ڕۆژی (١٩٩١/١/٢٥) داوا لـە عەبدولرەحمان سـەنگاوی کراوە کە وەك نوێنەری لقی چوار هەوڵی کۆکردنەوەی جەماوەر لە دەوری پارتی بدات و پەیوەندی بە چەکدارانی ڕژێمـی بەعسـەوە بکـات ئەوانـەی دەسـتیان بـە خـوێنی پێشـمەرگە سـوور بـووە، بـۆ ئـەوەی هـەر لـە ئێسـتاوە ئامـادەبکرێن بـۆ کـاتی پێویسـت[4]. لـەو نوسـراوانەی سـەرەوەدا بـە ئاشـکرا دەردەکـەوێت کـە پـارت خـەریکی

---

(١) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (هۆشیار صدیق ئەمین) سلێمانی، ٢٠١٧/٧/٢٠؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (عەبدولرەحمان سەنگاوی)، سلێمانی، ٢٠١٧/٧/٢٢.

(٢) بەشدار عبدالمجید: س. پ، ل٥٨.

(٣) بۆ دەقی نوسراوەکەی لیژنەی ناوچەی سلێمانی(پارتی) . (بڕوانە// پاشکۆی ژمارە (١٥) ).

(٤) بۆ دەقی نوسراوەکەی لقی چواری پارتی (بڕوانە// پاشکۆی ژمارە (١٦) ).

ئامادەکاری بووە بۆ ڕاپەڕین و هەوڵیداوە زۆرترین جەماوەر لە دەوری خۆی کۆبکاتەوەو لەکاتی پێویستدا سوودیان لێوەربگرێت، مەبەستی ئەو نامە نوسراوانە کە بۆ ئەندام و دڵسۆزانی پارتی و بارزانی دەنێردران لەناو شارەکاندا بۆ ئامادەکردنی دۆست و ئەندامان و ڕێکخستنەکانی پارتی بووە بۆ ڕاپەڕین لەگەڵ ئامادەکردنی شانە چەکدارەکانی پارتی لەناو شارو شارۆچکەکاندا بۆ ڕۆژی ڕاپەڕین[1].

ناوەڕۆکی نامەکان چەند ڕێنماییەکی بۆ ڕێکخستنەکان و شانە چەکدارەکانی پارتی تێدابوو لەوانە:

١. لەکاتی ڕاپەڕیندا یەکسەر کۆنترۆڵی بارودۆخەکە بکەن.
٢. دڵسۆزو جەماوەر لە خۆتان کۆبکەنەوە.
٣. ڕێگەنەدەن ئاژاوەو تۆڵەسەندنەوە لە یەکتری هەبێت.
٤. پێویستە نوسراو و بەڵگەنامەکانی دەوڵەتی عێراق و فەرمانگەکان بپارێزن لە لەناوچوون.
٥. سەربازانی سوپای عێراق کوڕی هەژارن نابێ بکوژرێن، جگەلە پیاوانی ئەمن و ئیستیخبارات و ئەوانەی دەستیان بە خوێنی کورد سووربووە[2].

جگەلە ئامادەکاری لەناوخۆدا لە دەرەوەش هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئامادەکاری تەواوی کردبوو بۆ ڕۆژی ڕاپەڕین، بۆ ئەو مەبەستە (پ. د. ك) هێزەکانی خۆی بۆ نێو میحوەرو سێ کەرت دابەشکرد، ئەوەی پەیوەندی بە شاری سلێمانی و دەوروبەری هەبوو، سەرپەرشتیکردنی بەم شێوەیە دانرا:

**میحوەری یەکەم:** جەلەولا-دەربەندیخان لەلایەن فەرەیدون جوانڕۆییەوە سەرپەرشتی دەکرا.

**میحوەری دووەم:** ناوچەکانی دەرەوەی سلێمانی لەلایەن عوسمانی قادر منەوەرەوە سەرپەرشتی کرا.

**میحوەری سێیەم:** ناو شاری سلێمانی و بازیان بە (فازڵ ڕەئوف) سپێردرا[3].

لە ناوخۆش ڕێکخستنەکان ئاگادار کران، کە هاوکاری هێزی پێشمەرگەی کوردستان بکەن چەك و تەقەمەنی و زانیاریان پێبدەن، لەکاتی دابەزینیان بۆ ناو شاری سلێمانی، لەدوای ڕزگارکردنی شوێنەکان لە دەست ڕژێمی بەعس پێویستە بارەگابکەنەوە لەو شوێنانە بۆ ڕاپەڕاندنی ئیش وکارو چالاکییەکان[4].

بە بۆچوونی ئێمە ڕێکخستنەکانی (پ. د. ك) لە ماوەی نێوان (١٩٨٨-١٩٩١) لە شاری سلێمانیدا بە گوێرەی توانا و هێزی خۆیان بەردەوام بون لە چالاکی و خەبات لە دژی ڕژێمی بەعس، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت لەو ماوەیەدا چالاکی گەورە لەلایەن ڕێکخستنەکانەوە نابینرێت دژی ڕژێمی بەعس، لەگەڵ ئەوەشدا دانەبڕاون لە خەبات و بە پێی توانا چالاکی سیاسی و ڕۆشنبیریان ئەنجامداوە، بەڵام چالاکییەکان لە ئاستێکی لاوازدا بووە، ئەوەش بۆ دوو هۆی سەرەکی دەگەڕێتەوە، یەکەمیان شاری سلێمانی ناوچەی دەسەڵات و بنکەی جەماوەری پارتی نەبووە، دووەم لەو ماوەیەدا سەرجەم پارت و ڕێکخراوەکان بە پارتیشەوە بارەگاو بنکەی سەرەکی خەباتیان بۆ دەرەوەی سنوری باشوری کوردستان گواستبویەوە و لە شاری سلێمانییەوە دوور بوون بۆیە ئەنجامدانی چالاکی لەو ماوەیەدا کارێکی قورس و تارادەیەك مەحاڵ بووە.

---

(١) ڕزگار عەزیز محەمەد: بەهێزو بازووی جەماوەرو پێشمەرگە بوو، چ١، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠٠٢، ل١١-١٢.

(٢) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (عەبدولرەحمان سەنگاوی)، سلێمانی، ٢٠١٧/٧/٢٢؛ ئاراس عەبدولرەحمان مستەفا: س. پ، ل٢٤٧.

(٣) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (فازڵ ڕەئوف)، سلێمانی، ٢٠١٧/٥/١٨.؛ ئاراس عەبدولرەحمان مستەفا: س. پ، ل٢٤٩.؛ بۆ زانیاری زیاتر لەسەر میحوەرەکانی دیکەو ئەرکەکانی و سەرپەرشتیکردنی تەواوی قەزاو ناحییەکان. بڕوانە// پاشکۆی ژمارە (١٧).

(٤) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (هۆشیار صدیق ئەمین) سلێمانی، ٢٠١٧/٧/٢٠.

## ٣- یەکێتی نیشتیمانی کوردستان (ی. ن. ك)[1]

پێکهاتەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان جیاواز لە پارت و ڕێکخراوەکانی دیکە کۆکەرەوەی چەند ڕەوت و ئایدۆلۆجیایەکی جیاواز بوو لە هەریەکە لە (کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان، بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان، هێڵی گشتی) پێکهاتبوو[2]. ئەم پێکهاتەی یەکێتی لەسەر بنچینەی جۆرێك لە فیدرالیزم ڕێکخرابوو، هەر باڵێك سەرکردایەتی سەربەخۆو ئایدۆلۆژی و ڕێکخراوەیی تایبەت بە خۆی هەبوو، بەڵام لە بارەی پێشمەرگەو دارایی و پەیوەندیی سیاسی لەگەڵ دەوڵەتان دەبوو یەکگرتووبن، هیچ باڵێك بۆی نەبوو لەشکری تایبەت بەخۆی دروست بکات و سەرچاوەی دارایی سەربەخۆی هەبێت و پەیوەندی تایبەت لەگەڵ حزبی دیکەو دەوڵەتان دابمەزرێنی"[3].

دوای نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ هەڕەشەی جدی لەسەر ئایندەی کورد دروست بوو، ئەمەش وایکرد هەر سێ ڕێکخراوەکە لە بەرەیەکی یەکگرتوودا کۆببنەوەو بەرەنگاری ئەو مەترسییە ببنەوە، بەرنامەیەکی هاوبەشیان گەڵاڵە کردو توانیان لەسەر ئاستی سەرکردایەتی، چەکداری، دارایی، ڕاگەیاندن و سیاسەتی دەرەوە هاوبەش بن(٤)، بەڵام ئەو یەکگرتووییە تاسەر بەردەوام نەبوو، لە ئەنجامی جیاوازی بیروباوەڕی سیاسی و بەرنامەی ڕێکخراوەیی و شێوازی کارو ئایدۆلۆژیای جیاواز، دواجار بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان لە شەوی (١٩٧٩/٣/٢٠) لە ڕیزەکانی یەکێتی هاتنە دەرەوە، ئەوانەی سەرکردایەتی ئەم هاتنە دەرەوەیان دەکرد بریتی بوون لە (ڕەسوڵ مەمەند، تایەر عەلی والی، مەحمود عوسمان، عەدنان موفتی، سەید کاکە، مەلا ناسیح، . . . هتد)[5].

بەجیابوونەوەی باڵێکی بزوتنەوە یەکێتی تووشی تەنگژەیەکی گەورە هات، مام جەلال پێی وابوو کە نابێت کۆمەڵە وەك تەنیا باڵێکی ناو یەکێتی بمێنێتەوە، بۆیە هەر زوو کەوتە پەیوەندی کردن بە ئەندام و کادیرانی بزوتنەوە لە شارەکانداو هانیدان کە پەیوەندی بەو بەشەی بزوتنەوە بکەن کە لەناو یەکێتیدا مابوونەوە، بەتایبەت

---

(١) لە ١٩٧٥/٥/٢٢ لە دیمەشق لە ڕێستۆرانتی (طليطلة) لە گەڕەکی (ابو رمانة) لە کۆبوونەوەیەك بە ئامادەبوونی (جەلال تاڵەبانی، فوئاد مەعسوم، عادل موراد، عەبدولڕەزاق فەیل)ی یەکەمین بەیانی دامەزراندنی ڕاگەیاندرا، بەڵام دوای شەش ڕۆژ جەلال تاڵەبانی سەفەری ئەورووپای کردو پەیوەندی بە ڕۆشنبیران و سیاسییەکانی دەرەوەو ناوەوەی کوردستان کردو لە ١٩٧٥/٦/١ بەیانەکە لە ئەورووپا بڵاوکرایەوەو ئەو ڕۆژە بە مێژووی دامەزراندنی یەکێتی دانرا. (بڕوانە// سەروەر عەبدولڕەحمان عومەر: یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دامەرزراندن و دەستپێکردنەوەی شۆڕش ١٩٧٥-١٩٧٦، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسی یە، چ١، سەنتەری چاپ و پەخشی تەما، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل٧٤-٧٥؛ اركان حمه امين الزرداوي: نشاء وتطور الجمعيات والاحزاب والتيارات السياسة الكوردية في العراق، ط١، دار جيا للطباعة والنشر، بغداد، ٢٠٠٩، ص١١١-١١٢ ).

(٢) بێ ناوی نووسەر: چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، چ٢، (ب. ش)، ٢٠٠٥، ل٢٧.

(٣) نەوشیراون مستەفا ئەمین: لەکەناری دانووبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی عێراق، ١٩٧٥ – ١٩٧٨، (ب، ش)، (ب، س)، ل٣٣٦-٣٣٧؛ بەشدار عبدالمجيد: س. پ، ل٦٠.

(٤) هـ، س، ل٦٠.

(٥) سەلام عەبدولکەریم: ژیانی سیاسی لەباشوری کوردستان ١٩٧٥ – ١٩٩١، چ١، چاپخانەی چوار چرا، سلێمانی، ٢٠١١، ل٧٩.

(عومەر مستەفا ١٩٢٣-١٩٩٢) لەڕێگەی ئەویشەوە سەرکردایەتییەکی نوێیان بۆ بزوتنەوە دامەزراندا[١]. دواجار لە ساڵی ١٩٨٢ ئەم باڵەی بزوتنەوە لەگەڵ هێڵی گشتی یەکیان گرت، ١١ ئەیلول وەك ڕۆژی دامەزراندنی ڕاگەیەنرا[٢]. کۆمەڵەو شۆڕشگێڕان وەك دوو باڵی پێکهێنەری یەکێتی درێژەیان بە چالاکییەکانیاندا[٣]، بەڵام لە کاروباری ڕێکخراوەییدا سەربەخۆ بوون، هەر لایەك سەرکردایەتیو دەزگای ڕێکخستن، ئۆرگانی تایبەتی خۆی هەبوو[٤]، بەڵام دواجار لە ٢٧ کانوونی دووەمی ١٩٩٢ لە کۆنگرەی یەکەمی (ی. ن. ك)، کە لە هۆڵی ڕۆشنبیری شاری سلێمانی بەستراو دواتر شوێنی کۆنگرە بۆ هەولێر گواسترایەوە، هەر دوو باڵەکە تێکەڵ کرانەوەو بوون بە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان[٥].

(ی. ن. ك) وەك یەکێك لە ڕێکخراوە سیاسییەکانی سەر گۆڕەپانی خەباتی باشوری کوردستان درێژەی بە خەبات داوە لە دامەزراندنییەوە هەتا شکستی ساڵی ١٩٨٨، بەڵام لە دوای ساڵی ١٩٨٨ چالاکی سەربازی پێشمەرگە نەماوە لە شاری سلێمانیدا، چونکە سەرکردایەتی یەکێتی لە سنوری باشوری کوردستاندا نەماوەو دەربازی سنوری ئێران بووە، بۆیە زیاتر گرنگی بە چالاکی سیاسی ڕێکخستنەکان دراوە لەناو شاردا، لەو کاتە بەدواوە ڕێکخستنەکان سەرکردایەتی خەباتی ناو شارەکانیان کردووە[٦].

لەدوای ساڵی ١٩٨٨ ەوە گۆڕان بەسەر چالاکییەکانیدا هاتووە، لەبەرئەوەی نەتوانراوە چالاکی گەورەو فراوان ئەنجام بدرێت لەناو شارەکاندا زیاتر گرنگی بە دەنگدانەوەی چالاکییەکە دراوە، وەك ڕێباز دەڵێت:" لە چالاکی ناوشار گرنگ ئەوە نییە چەند کەس دەکوژرێت، یاخود چەند پارچە چەك دەستکەون، بەڵکو گرنگ ئەوەیە چەند کەس هەست بە بوونی پێشمەرگە دەکاتو حکومەتیش چەند دەترسێت"[٧].

سەبارەت بە پێکهاتەی ڕێکخستنەکانی ناوشاری (ی. ن. ك) لە ساڵی ١٩٨٨ەوە بەمشێوەیە بووە (شانە، شانەی سەرەکی، پۆل، کەرت، ڕێکخراو)[٨]، بەشێوەیەکی هەرەمی لە خوارەوە بۆ سەرەوە ڕێکخراوە، بەجۆرێك شانە وەك بنکەیەکی بنچینەییو بنکەی جەماوەری لەناو کۆمەڵانی خەڵکدا(٣-٥) ئەندامی لەخۆ دەگرت، پۆلیش لە (٣-٥) لێپرسراوی شانە پێکدەهات، لێپرسراوی پۆلێکی ناوچەیەکی دیاریکراو کەرتیان پێکدەهێنا، لێپرسراوانی کەرتەکانیش ئەندامی ڕێکخراو بوون، ڕێکخراوی سلێمانی سەرپەرشتی سەرجەم ڕێکخستنەکانی ناوخۆی (ی. ن. ك) بوو لە سنوری شاری سلێمانیدا، ڕێکخراوی سلێمانی لە چەندین کەرت پێکدەهات لەوانە کەرتی (شەهید ئارام، شەهید سەربەست، شەهید لەیلا، شەهید شەهاب، شەهید جەعفەر، . . . هتد)، هەریەکە لەم کەرتانە سەرپەرشتی ناوچەیەکی جوگرافی دیاریکراوی دەکرد. بۆ نمونە کەرتی شەهید سەربەست لە کفریو کەلارەوە هەتا ناوچەی شارەزووری دەگرتەوەو ئەویش سەر بە ڕێکخراوی سلێمانی بوو، هەموو کەرتەکان

---

(١) پشکۆ نەجمەدین: دیوی ناوەوەی ڕوداوەکان وەڵامێك بۆ نەوشیراون مستەفا، چ٢، (ب. ش)، ١٩٩٧، ل١١.

(٢) پێشەوا تاڵەبانی: یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستانو ئاسۆی گەشەکردنی، گۆڤاری (کوردایەتی)، شاخ، ژمارە (١)، کانوونی دووەمی ١٩٨٣، ل٧؛ بەشدار عبدالمجید: س. پ، ل٦١.

(٣) برایم جەلال: س. پ، ل٣٧٧.

(٤) نەوشیروان مستەفا ئەمین: خولانەوە . . . ، س. پ، ل١٣٤.

(٥) ئینسکلۆپیدیای یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان، چ٢، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاریو پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی، ٢٠١٣، ل٦٣٨.

(٦) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (ئاکۆ محمد وەهبی)، سلێمانی، ٢٠١٧/٣/١١.

(٧)قەندیل بەغدای هەژاند یاداشتی پێشمەرگایەتی ١٩٧٦-١٩٨٠، ١ و ٢، چ٢، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل٣٧٥.

(٨) جەمال شێخ نوری: بیرەوەرییەکانم. . . ، س. پ، ل٦١-٦٢.

پەیوەندیان بە ڕێکخراوی سلێمانییەوە هەبوو، بە جۆرێك بەرپرسی کەرتەکان ئەندامی ڕێکخراوی سلێمانی بون، ڕێکخراوی سلێمانیش بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەستراببوویەوە، بە ناوەندی سەرکردایەتی کۆمەڵەوە لە دەرەوە، ئەندامانی ڕێکخراوی سلێمانیش بریتی بوون لە (جەبار حاجی ڕەشید، ئاکۆ محمد وەهبی، ئەحمەد ساڵح، محەمەد مەلا حسێن، عەزیز عومەر، حەمە نوری) ئەمانە وەك ئەنجومەنی ڕێکخراوی سلێمانی سەرپەرشتی کارو چالاکییەکانیان دەکرد، (جەبار حاجی ڕەشید) یش سەرۆکی ڕێکخراوی سلێمانی بوو[1].

جگە لە ڕێکخراوی سلێمانی کە ڕاستەوخۆ سەربەناوەندی سەرکردایەتی کۆمەڵە بوو، باڵی شۆڕشگێڕانیش خاوەنی ڕێکخستن و ڕێکخراوی تایبەت بە خۆیان بوون لە ناو شاری سلێمانیدا، هیچ پەوەندییەکی توندوتۆڵ لە نێوان ڕێکخراوی سلێمانی سەر بە کۆمەڵە و ڕێکخستنەکانی شۆڕشگێڕان لە ناو شاری سلێمانیدا بەدی ناکرێت، پێکهاتەی ڕێکخستنەکانی شۆڕشگێڕان بەم شێوەیە بوو:( پاڵێوراو، شانە، شانەی سەرەکی، ڕێکخراو، کۆمیتەی ناوچە)، لە ناو شاری سلێمانیدا کۆمیتەی ناوچەی(١١) و کۆمیتەی ناوچەی(١٥) هەبوون، (حسێن خەیات)ناسراو بە (حسێنە ڕەشی خەیات) سەرپەرشتی کۆمیتەی (١١) ی ڕێکخستنەکانی دەکرد، (محەمەد عەلی سەید محەمەد عەبدوڵڵا)ناسراو بە ( مامۆستا کەمال کوردی) سەرپەرستی کۆمیتەی(١٥) دەکرد، ئەم دوو کۆمیتەیە تایبەت بوون بە شاری سلێمانی، هەریەکەشیان چەندین ڕێکخراویان لە خۆ دەگرت[2]، بەڵام بە هۆی ئەوەی لە ساڵی ١٩٨٦ و ١٩٨٨ بەشێك لە ئەندام و سەرکردەیی ڕێکخستنەکانی شۆڕشگێڕان لە ناو شاری سلێمانیدا دەستگیر دەکرین، لەوانە(مامۆستا کەمال کوردی) بۆیە لە دوای ساڵی ١٩٨٨ ەوە چالاکییەکانیان لاواز دەبێت و بەشێك لە ئەندامەکانیان پەیوەندیان بە ڕێکخستنەکانەوە دەبچڕێت، هەرچەندە بەشێك لەوانەی گیرابوون بە لێبوردنێکی گشتی لە مانگی ئەیلولی ١٩٨٨ دا ئازاد کران، بەڵام بۆ پاراستنی ڕێکخستنەکان و گیانی ئەندامەکانیان، چالاکییەکانیان تەواو سنوردار دەکەن، چونکە حکومەتی بەعس هەمیشە چاودێری دەکردن[3]. لەگەڵ ئەوەشدا کۆمیتەی ناوچەی(١١)و(١٥) بەردەوام بوون لە چالاکی و کاری ڕێکخستن هەوڵیان داوە پەیوەندی بکەن بەو ئەندامانەی کە لە ڕێکخستنەکان بچڕابوون، بەشێکی زۆری کۆبونەوەکانی کۆمیتەی ناوچەی (١٥) لە ماڵی (مامۆستا کەمال کوردی) بەرێوە دەبرا، بەڵام تەنها ئەو ئەندامانە بەشداری کۆبونەوەکانیان دەکرد کە بە تەواوی جێی متمانەی ڕێکخستنەکان بوون[4].

لەماوەی نێوان (١٩٨٨-١٩٩١) ڕێکخستنەکان چەند ئەرکێکیان لە ئەستۆدا بوو لەوانە کۆکردنەوەی سەرجەم ئەو ڕێکخستنانەی کە دابڕابوون لە دوای ساڵی ١٩٨٨ ەوە، لەگەڵ هەوڵدان بۆ زیادکردنی ئەندامانی ڕێکخستن،

---

(١) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (ئاکۆ محمد وەهبی)، سلێمانی، ٢٠١٧/٥/٢.

(٢ ) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(کەمال حەمە خان عەبدولرەحمان)، سلێمانی، ٢٠١٨/٢/١. ناوبراو لە ساڵی ١٩٦٥ لەدایك بووە، دەرچووی بەشی پیشەسازی یە ، لە ساڵی ١٩٨٠ ەوە پەیوەندی کردووە بە ڕێکخستنەکانی باڵی شۆڕشگێڕانەوە، بەرپرسی ڕێکحراوی هەکاری ڕێکخستنەکانی شۆڕشگێڕان بووە، لە دوای ڕاپەرین بووە بە کارگێری کۆمیتەی و چەند پلەو پۆستێکی دیکەی وەرگرتووە، لە ساڵی ١٩٩٥ چووەتە ئەوروپاو لە وڵاتی هۆڵندا نیشتەجێ بووە.

(٣ ) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(محەمەد قادر مستەفا)، سلێمانی، ٢٠١٨/١/٣٠. ناوبراو بە (حمە قامیشی) ناسراوە، لە ساڵی ١٩٦٠ لە دایك بووە، خوێندنی سەرەتای لە ماوەت تەواو کردووە، بۆ خوێندنی ناوەندی هاتووەتە شاری سلێمانی وتا قۆناغی سێیەمی ناوەندی بەردەوام بووە، لە ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندی کردووە بەباڵی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان و لە ناوریزەکانی (ی. ن. ك)دا درێژەی بە خەبات داوە، رابەر سیاسی ڕێکخستنەکانی شۆڕشگیران بووە، ڕێکخەری پەیوەندی نیوان ڕێکحستنەکانی ناوشارو سەرکردایەتی شۆڕشگیران بووە، بەشداری لە ڕاپەرینی ١٩٩١ دا کردووە، لە شاری سلێمانی نیشتەجییە.

(٤ ) پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ(سیروان مەحمود پۆلیس)، ٢٠١٨/١/٢٢، هۆڵندا.

وەك ئاكۆ محەمەد وەهبی دەڵێت:"بە نامە لە سەركردایەتییەوە دەستخۆشیمان لێدەكرا لەسەر گەشەكردنی ڕێكخستنەكانی ناو شاری سلێمانی، چونكە توانیمان ژمارەی ئەندامانمان بە ڕێژەیەكی بەرچاو زیاد بكەین"[1].
ڕێكخستنەكانی (ی. ن. ك) تەنها پیاوانی نەگرتۆتەوە، بەڵكو كەرتی شەهید لەیلا كە لەساڵی ١٩٨٤ەوە دامەزرابوو، سەرجەم ڕێكخستنەكانی ژنانی لە خۆیدا كۆكردبویەوە لە دوای ساڵی ١٩٨٦ەوە هەتا ساڵی ١٩٩٠ (شێخ عەبدولكەریم سۆڵە) یی سەرپەرشتی دەكردو چوار ژن ئەندامی كەرت بون لەوانە (شەوقیە كاكە حمە سەعید، جەمیلە شێخ مەحمود، پەروین كاكە حمە سەعید، گێلاس محێدین)، هەر یەكە لەمانە بەرپرسی پۆلێك بوون كە لە چەند شانەیەك پێكدەهات[2].

لە ماوەی (١٩٨٨-١٩٩١) (ی. ن. ك) لە شار و لە شاخ درێژەی بە خەبات‌و چالاكی دژی حكومەتی بەعس دابوو، لە دەرەوەی شاری سلێمانی لە ڕێگەی پێشمەرگە پارتیزانەكانەوە كە لە دوای قۆناغەكانی ئەنفالەوە لە ساڵی ١٩٨٨ لە ناوچەی سوتمالكراوەكاندا مابونەوەو درێژەیان بە خەباتی پارتیزانی دەدا، ئەركی پاتیزانەكان جگە لە ئەنجامدانی چالاكی لەوناوچانەدا ، دروستكردنی پەیوەندی بوو لەگەڵ ڕێكخستنەكانی ناو شارەكان. پارتیزانەكان ئەگەرچی لەو ماوەیەدا نەیانتوانی چالاكی گەورەو شەڕی پێشمەرگانەی فراوان بكەن، بەڵام كارێكی وایان كرد سوپای عێراق هەمیشە لە ترس‌و دڵەڕاوكێدا بژین. پێشمەرگە پارتیزانەكانی (ی. ن. ك) لە سنوری پارێزگای سلێمانیدا چالاكیان زیاتر لە ناوچەكانی (گەرمیان، قەرەداغ، دۆڵی جافایەتی، شارباژێر) ئەنجامداوە[3]، بێگومان ئەنجامدانی ئەم چالاكیانەش بە هاوكاری‌و پەیوەندی توندوتۆڵ بووە لەگەڵ ڕێكخستنەكانی ناوشاری سلێمانی كە لە هەموو ڕوویەكەوە هاوكاری پارتیزانەكان دەكرا، هەر لە پێدانی زانیاری‌و دابینكردنی خۆراك‌و دەرمان‌و چارەسەركردنی بریندارەكانیان[4]. دیارترین بەڵگەش چارەسەكردنی ئازادی سەگرمە بووە، كە لە چالاكییەكی پارتیزانیدا لە ١٩٨٨/١٠/١١ بە فیشەكی فڕۆكەكانی ڕژێم لە ناوچەی گەرمیان بریندار بووە، دوای ئەوە لە ڕێگەی دەنگی گەلی كوردستانەوە لە ١٩٨٨/١٠/١٧ چەند جارێك بروسكە خوێندراوەتەوەو ڕێكخستنەكانی ئاگادار كردۆتەوەو كە چارەسەری ئەو بریندارە بكەن، دەقی بروسكەكەش بەمشێوەیە بوو: "لە فەتاحەوە بۆ ڕەنج، ڕەنج پەیوەندی بە شاسوارەوە بكات، شاسوار باوكی تایلان ڕزگار بكات، باوكی تایلان بگەیەنێتە شوێنی مەبەست"[5].

بەو شێوەیە ئازادی سەگرمە هێنراوەتە سلێمانی‌و لەماڵی جەباری حاجی ڕەشید ماوەتەوە دواتر ڕەوانەی بەغداد كراوەو چارەسەری تەواوی بۆ كراوەو ڕەوانەی شاخ كراوەتەوە[6]. بەڕای ئێمە چالاكیەكی كەم وێنەیە بۆ ئەو سەردەمە هەروەها بەڵگەیەكی گرنگیشە لەسەر توندوتۆڵی‌و چالاكی ڕێكخستنەكانی (ی. ن. ك) لە شاری

---

(١)چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ (ئاكۆ محمد وەهبی)، سلێمانی، ٢٠١٧/٥/٢.

(٢) ئینسكلۆپیدیای یەكێتیی نیشتیمانی كوردستان: س. پ، ل٦٨٧.

(٣) هـ. س، ل٦٨٧.

(٤) چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ (ئاكۆ محمد وەهبی)، سلێمانی، ٢٠١٧/٣/١١.

(٥) مەبەست لە فەتاح (نەوشیراون مستەفا) یە، مەبەست لە ڕەنج جەباری حاجی ڕەشیدی بەرپرسی ڕێكخراوی سلێمانییە، باوكای تایلان مەبەست ئازادی سەگرمە یە، بەوشێوەیە لە ڕێگەی ڕادیۆی دەنگی گەلی كوردستانەوە پەیوەندی لە نێوان پارتیزانەكان‌و ڕێكخستنەكان دروستكراوەو لە هەواڵ‌و زانیاری ئاگادار كراونەتەوە. (بڕوانە// بوار نورەدین: ئەستێرەی سور، چ٢، چاپخانەی كارۆ، سلێمانی، ٢٠١١، ل١٠٢-١٠٦ ).

(٦) بۆ وردەكاری زیاترو چۆنیەتی ئەنجامدانی ئەو چالاكیانە بڕوانە// هـ. س، ل١٠٢-١٠٦.

سلێمانیدا. چالاکی ڕێکخستنەکانی یەکێتی لە ناو شاری سلێمانیدا، ببوە مایەی تێڕامان و هەڵوێستەکردنی دەزگاکانی حکومەتی عێراق، بە بەڵگەی ئەوەی لە نوسراوێکی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی سلێمانیدا هاتووە، کە ڕێکخستنەکانی یەکێتی و کۆمەڵە لە بەهێزترین و ترسناکترین ڕێکخستنی نهێنین، لە گۆڕەپانی سیاسیدا، بە تایبەت لە پارێزگای سلێمانیدا، چونکە سەدان کردەوەیان لە کوشتن، ترساندن، شوێن بزرکردن ئەنجام داوە[1].

چالاکییەکی دیکەی ڕێکخستنەکانی یەکێتی لە ناو شاری سلێمانیدا بریتی بوو لە نوسینی دروشم لەسەر دیواری کۆڵانی گەڕەکەکان و قوتابخانەکان و فەرمانگەکان کە زیاتر بە شەوان دەنوسران لەبەر پاراستنی گیانی ئەندامان[2]. بۆ نمونە لە ئەنجامی نوسینی دروشم لەسەر دیواری خانوەکەیان حکومەتی عێراق هاولاتی (کەمال سەعید) کە سەر بە ڕێکخستنەکانی (ی. ن. ك) بوو لە سێدارەدا و ژن و منداڵ و خێزانەکەشی دەستگیرکرد، کە لە گەڕەکی قازی محەمەدی شاری سلێمانی بوون، بەڵام دوای لە سێدارەدانی (کەمال سەعید) خێزانەکەی ئازادکران[3].

ڕێکخستنەکانی ناو شار سەرچاوەیەکی گرنگ و زانیاری بە نرخ بون لەسەر هەلومەرجی سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی، ئەویش لە ڕێگەی دەزەپێکردنی زانیاری و بەڵگەنامە نوسراوە حکومیەکان لە دامودەزگا هەستیارەکانی ناو سلێمانی و ناردنیان بۆ دەرەوە، لە ڕێگەی قەڵەمی نهێنیەوە کە یارمەتیدەری ڕێکخستنەکانی بون، جگەلەوەش کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر پیاوانی حکومەت لە ناونیشانی ماڵ و شوێنی کارو تەنانەت ژمارەی تەلەفۆن و دەرگا و ئۆتۆمبێل و وردەکاری تاوانەکانیشیان[4].

لە ساڵی ١٩٨٨ هێڵێکی دیکەی ڕێکخستن دروستکرا لە ناو شاری سلێمانیدا کە (جەمال شێخ نوری، ئەحمەد عەلی، حمە تایەر حمە ساڵح) سەرپەرشتیان دەکرد و بە ئاگاداری سەرکردایەتی یەکێتی کاریان دەکرد، بە مەبەست لەم دوو هێڵەش:

١. بۆ پاراستنی ڕێکخستنەکان بە شێوەیەك هەر یەکەیان بە جیا کاریان دەکرد.

٢. ئەگەر هێڵێك لەلایەن حکومەتەوە لێیدرا ئەوا هێڵەکەی دیکە وەك و ئاوێنەی ڕێکخراوی سلێمانی بێت، واتە ببێتە جێگرەوەی و کارو چالاکییەکان پەکیان نەکەوێت[5].

لەدوای کارەساتی ئەنفال ئەرکی ڕێکخستنەکانی قورستر بوو، چونکە هەموو ئەو ڕێکخستنانەی کە هێزی پێشمەرگە لە ناوچە ئازادکراوەکاندا دروستی کردبون، زۆربەیان هەڵوەشاندەوە و بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتن و پوکانەوە، خەڵکەکەیان دەستگیرکران، یان بۆ نێو ئۆردوگا زۆرەملێکان ڕاگوێزران، لە هەردوو حاڵەتیشدا لە ڕێکخستن بچڕان، بۆیە ئەمە وایکرد شۆڕش هەوڵبدات پارسەنگی ئەم شکستانە بە گەشەپێدانی ڕێکخستنی نێو شارەکانی ژێر دەسەڵاتی ڕژێمی بەعس بداتەوە، هەموو بایەخی هێزی پێشمەرگە بە ڕێکخستنەکانی ناو شار

(١) مدرية الامن محافظة السليمانية، وفق المادة ١٥٦، ق. ع الحق العام، ١٩٨٩/٤/١٢. (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە// پاشکۆی ژمارە (١٨).

(٢) تاڵیب مۆریاسی: گەڕان بەدوای ڕاستیدا (یاداشتنامەی پێشمەرگەیەکی ماندو نەناس) ڕووداوەکانی نێوان ساڵانی (١٩٥٣–١٩٩٦، ب١، چ٢، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٠٨، ل١٤٦.

(٣) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (ئەحمەد حامد)، سلێمانی، ٢٠١٧/٥/١٠.

(٤) بەشدار عبدالمجيد: س. پ، ل٧٥.

(٥) جەمال شێخ نوری: وێرانکاری و تاوانەکانی بەعس لە بیرەوەرییەکانمدا، چ١، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل١٢٦–١٢٧.

درایەوە، چونکە دەبوایە ڕێکخستن ببێتە جێگرەوەی هێزی پێشمەرگە[1]. ئەرکی ڕێکخستنەکانیش بوو هەموو ئەوانەی کە پچڕابوون سەرلەنوێ یەکبخاتەوەو هەموو هێڵە پچڕاوەکان گرێ بداتەوە، لەم ڕووەشەوە ڕێکخراوی سلێمانی توانی زۆر لەو شانانە کۆبکاتەوەو دووبارە بیانخاتەوە نێو پێکهاتەی کەرت و پۆل و شانە سەرەکییەکانەوە[2].

لە سەرکردایەتی(ی. ن. ك)وە داوا لە ڕێکخستن کرا کە سەرکردایەتی نێوخۆی دروست بکرێ واتە شۆڕش بچێتە نێو شارەکانەوە. لەبەرئەوەی پێشمەرگە وەك جاران توانای نەبوو بێنە ناو شارەکانەوە بۆیە بیر لەوە کرایەوە کە ڕێکخستن ئەو بۆشاییە پڕبکاتەوەو شوێنی پێشمەرگە بگرێتەوە، واتە ڕێکخستنەکان هەم ئەرکی پێشمەرگەو هەم کاری ڕێکخراوەیی کەوتە سەر شان(٣)، لەهەمان کاتدا ئەو مەفرەزە(دەستە) پارتیزانانەی کە دەنێردرانە خوارەوە نامەیان دەدرایە کە پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی ناو شارەوە بکەن بۆ ئەوەی پێداویستیەکانی بژێویو مانەوەیان بۆ دابین بکەن[4]. سەرچاوەی دارایی ڕێکخستنەکان جگە لەو هاوکارییانەی کە لە دەرەوەو لە سەرکردایەتیەوە دەهاتن، دەوڵەمەندانی شاری سلێمانیش سەرچاوەیەکی باش بوون بۆ ڕێکخستنەکان، ڕێکخراوی سلێمانی لیستێکیان دروستکردبوو کە ناوی سەرجەم دەوڵەمەندانی سلێمانی تێدا نوسرا بوو بە تایبەتی ئەوانەی کە دڵسۆزی شۆڕش بون، بۆ هەر یەکەیان ڕەمزو ژمارەی تایبەت دانرا بو، بە پێی توانای داراییان هاوکاری شۆڕشیان دەکرد، لەم ڕێگەیەشەوە ڕێکخستنەکان توانیان هاوکاری ماڵە شەهیدەکانیان پێبکەنو پێداویستیەکانی خۆشیان پڕبکەنەوەو هاوکاری پێشمەرگە پارتیزانەکانیش بکەن[5].

ئەرکەکانی ڕێکخستن بە پێی قۆناغەکان جیاواز بون و گۆڕانکاریان بەسەردا هاتووە، بۆ نمونە لە ساڵانی هەشتاکان گەورەترین ئەرکی ڕێکخستن کۆکردنەوەی پارەو کۆمەك و ناردنی بۆ دەرەوە بووە، بەڵام لە ساڵانی (١٩٨٧-١٩٨٨) واتە کاتی پرۆسەی ئەنفال ئەرکەکە گۆڕاوە بۆ کۆکردنەوەی دەرمان کە زۆر گرنگ بووە، ئەویش لە ئەستۆی ڕێکخراوی سلێمانی بوە، چونکە حکومەت چەکی کیمیاوی دژی پێشمەرگە بەکار هێنا، بەڵام لەدوای ساڵی ١٩٨٨ ئەرکەکە گۆڕاوە، دەبو ڕێکخستن شوێنی پێشمەرگە پڕ بکاتەوە، هاوکاری پێشمەرگە پارتیزانەکان بکات، چ بە خواردنو دەرمان، چ بە پێدانی زانیاریو چارەسەرکردنی برینـدارەکانیان[6]. لەم ڕووەشەوە دەوڵەمەندان و دکتۆرەکانی شاری سلێمانی هاوکاری ڕێکخستنەکان بوون، چ بە کۆکردنەوەی پارە و کۆمەك، چ بە ئامادەکردنی دەرمان و چارەسەرکردنی بریندارەکان، لەو دکتۆرو دەرمانخانانەی کە هاوکاری ڕێکخستنەکان بوون: ( د. نەوزاد جەلال ئەحمەد ڕەش- خاوەنی دەرمانخانەی نەوزاد، د. بەکر ناسراو بە (د. بەکری سنگ)، د. شەوکەتی سەیدەلی، د. حیکمەت بابان، د. حسێن ی سەیدەلی-خاوەنی دەرمانخانەی حسێن، د. نەسرین شاڵی، د. موەفەق محەمەد ڕەشید، . . . هتد)، ئەمانە پەیوەندیان بە ڕێکخستنەکانی ناو شارەوە هەبوو، لە ڕێگە

---

(١) بوار نورەدین: س. پ، ل١١١-١١٢.

(٢) بێ ناوی نووسەر: یەکێتی نیشتیمانی کوردستان سەرهەڵدانو نوێبونەوە، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی. ن. ك)، ك)، (ب. ش)، ٢٠٠٥، ل٢٧٦-٢٧٧.

(٣) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (ئاکۆ محمد وەهبی)، سلێمانی، ٢٠١٧/٣/١١.

(٤) بوار نورەدین: س. پ، ل١١١-١١٢. (بۆزانیاری لەسەر پەیوەندی نێوان ڕێکخستنەکان و پێشمەرگە پارتیزانەکان بڕوانە// پاشکۆی ژمارە(١٩) ).

(٥) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (ئاکۆ محمد وەهبی)، سلێمانی، ٢٠١٧/٣/١١.

(٦) هـ. س؛ بڕوانە پاشکۆی ژمارە (١٩).

ئەوانەوە دەرمان و پێداویستییەکان دەگەیەنرایە پێشمەرگە و پارتیزان و بریندارەکان، ئەمەش بۆ ئەوکاتە ئەرکێکی قورس و مەترسیدار بووە، بۆیە دەبوو زۆر بە نهێنی ئەنجام بدرێت، هەندێك جار ئەو دەرمان و پێداویستیانە لە دوکانی (وەستا بەکری دارتاش) کە لە شەقامی سابونکەران بوو دەشاردرایەوە و لە کاتی پێویستدا دەگەیەنرایە پێشمەرگە پارتیزانەکان[1].

جگە لە بلاْوکردنەوەی بلاْوکراوەو هەڵواسینی پۆستەرو بەیاننامە، پەیوەندی کردن بە خەڵكو دروستکردنی لایەنگرو ئەندام بۆ حزب، ئەرکێکی دیکە ڕێکخستن لە ماوەی (١٩٨٨-١٩٩١) ئەوە بوو کە نامەی هەڕەشە ئامێزیان نوسیووەو فڕێیان داوەتە ماڵی پیاو خراپانو ئاگاداریان کردۆتەوە، هەندێك کەسی تایبەت هەبوون، بەم کارە هەڵدەستان، جگەلەوەش (ی. ن. ك) مەفرەزەی چەکداری تایبەتی هەبو لە شاری سلێمانیدا بۆ کوشتنی ئەوانەی خراپەیان بەرامبەر شۆڕشو دانیشتوانی شار دەکرد، خەڵکی تایبەتیش بۆ چاوساغی کردنی ئەو مەفرەزانە دانرا بون[2].

لە دوای ساڵی ١٩٨٨ (ی. ن. ك) جارێکی تر بە سیاسەتو بەرنامەو کاری خۆیدا چووەتەوە، ئەویش بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو شکستەی کە لە شالاْوەکانی ئەنفالدا توشی شۆڕشو پێشمەرگە بو، دانانی پلانو بەرنامەی نوێی کار، ئەو کات کە نەوشیروان مستەفا سەرپەرشتی (ی. ن. ك) دەکردو مام جەلال لە دەرەوە بوو، نەوشیروان مستەفا دوای چەندین کۆبونەوە لەگەڵ ئەندامانو کادیرانی (ی. ن. ك) بەرنامەیەك دانراو تێیدا درێژەدان بە خەبات دوپات کرایەوە، ئەم بەرنامەیە لە چوارچێوەی نامیلکەیەك بە ناوی (پایەکانی ستراتیژی نوێی کار) گەلاْڵە کرا، کە لە چوار پایەی سەرەکی پێکهاتبوو (پایەی ڕێکخستن، پایەی پێشمەرگایەتی، پایەی ڕاگەیاندن، پایەی دیبلۆماسی). بۆ هەر یەکەشیان بەرنامەو کاری پێویستو مەبەستو ئامانجەکانی دیاریکرا[3]، لەم بەرنامەیە نوێیەدا ئەرکەکانی ڕێکخستن بەم شێوەیە دیاریکراوە:

١. ڕاکێشانی خوێنی تازە بۆ کۆڕی خەبات.
٢. هاندانی خەڵك بۆ خەبات بە شێوەی جۆراوجۆر لە مەیدانی جیاجیادا.
٣. بەرزکردنەوەی ئاستی ورەی خەڵكو ڕوخاندنی ورەی دوژمن.
٤. پێگەیاندنی کادری نوێ بۆ مەیدانەکانی کاری ڕێکخراوەیی، پێشمەرگەیی، ڕاگەیاندن، دیبلۆماسی.

---

(١) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(د. نەوزاد جەلال ئەحمەد ڕەش) ٢٠١٨/٤/١٢. ناو براو لە ساڵی ١٩٥٠ لەدایك بووە، لەساڵی ١٩٧٢-١٩٧٣ کۆلیژی دەرمانسازی لە زانکۆی بەغدا تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٧٦ وەك دکتۆری دەرمانساز دامەزارەوە، لە ساڵی ١٩٧٩ وە خاوەنی دەرمانخانەی نەوزادە لە شەقانی ئۆرزدی شاری سلێمانی، لە ساڵی ١٩٩٠ وە خانەنیشینە و لە شاری سلێمانی نیشتەجێیە.

(٢) ئازاد عەلی عەبدوڵلاْ:شۆڕشی مەشخەلاْنی نوێ ی کوردستان سالاْنی١٩٨١-١٩٨٨، چ٢، چاپخانەی ڕەهەند، (ب. ش)، ٢٠١١، ل٩٦.

(٣) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە// نەوشیروان مستەفا: لە هاوخەباتیەوە بۆ تەخوین، چ١، چاپخانەی ڕەنج، ٢٠٠٩، ل٣٢؛ بوار نورەدین: س. پ، ل١٥٣.

٥. كۆكردنەوەی ئاگاداری زانستی لەسەر هەلومەرجی ئابوری، سیاسی، كۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، جەنگی عێراق و هەڵسەنگاندنی خاڵی بەهێزو لاوازی[١].

بە مەبەستی جێبەجێكردنی ئەم ئەركانەو ئەم پلانە نوێیە سەركردایەتی (ی. ن. ك) بیری لە دروستكردنی سەركردایەتی ڕێكخستنی ناوخۆ كردەوە، بۆ ئەم مەبەستەش هەر یەكە لە (مستەفا سەید قادر)و (ئەمین قادر مینە)ی ناردەوە نێو شار، لە ١٩٨٨/١٢/١٧، بە مەبەستی سەرپەرشتیكردنی ڕێكخستنەكانو گرێدانەوەیان بە یەكتر لە سەرانسەری كوردستاندا، مستەفا سەید قادر بەناوی نهێنی (عەزیز) دەستبەكار بوو، هەموو ڕێكخستنەكانی ناوخۆی ڕووبەڕووكرایەوە[٢].

دواتریش لە ساڵی ١٩٨٩ سەركردایەتی یەكێتی داوای لە ڕێكخستنەكانی ناو شار كرد كە شانەی چەكدار دروست بكەن، بۆیە پێكهاتەیەكی سەربازی بەناوی سوپای ڕزگاری كوردستان (سرك) دامەزرا، مەبەستیش لێی ئەوەبوو كە هێزێك بە ژمارەیەكی كەمو چۆنایەتییەكی باشترو نهێنی دیكە دروست بكرێ، تا ببێتە بەدیلی هێزی پێشمەرگە لە ناو شارەكاندا[٣]، ئەمانە لە سەرەتادا ژمارەیان زۆر نەبوو، لە سنوری پارێزگای سلێمانیدا ژمارەیان(٥٦) پێشمەرگە بووە، ئەوەی تایبەتە بە سنوری شاری سلێمانی لە چوارچێوەی تیپی ژمارە(١)دا ڕێكخرابوون، كە دوو دەستەی لە خۆ دەگرت، ئەویش: دەستەی ژمارە(١٢)و ژمارە(١٤)بوون، كە تێكڕای ئەندامەكانیان پێكهاتبوو لە (٧) پێشمەرگە و یاریدەدەرێكی پێشمەرگە، بەم شێوەیە:

١- سامی جەمال محەمەد فەتاح ناسراو بە ڕۆستەم، لێپرسراوی تیپەكە بوو.
٢- ڕزگار ئەحمەد قادر ناسراو بە ڕەوا، جێگری لێپرسراوی تیپ.
٣- لەتیف ئەحمەد قادر ناسراو بە ڕێبوار، پێشمەرگە.
٤- عومەر عەبدولكەریم مەعروف ناسراو بە هێمن، پێشمەرگە.
٥- حەیدەر عومەر قادر ئەحمەد، پێشمەرگە.
٦- سیروان سادق محەمەد، پێشمەرگە.
٧- هیوا مەحمود، پێشمەرگە.
٨- ژیان تەها ڕەحیم، هاوكاری پێشمەرگەكانی سرك/خێزانی لێپرسراوی تیپ(سامی جەمال)[٤].

(سرك) لەسەرەتادا هیچ چالاكییەكیان بە كردەوە ئەنجام نەداوە، بەڵام لە دوای ساڵی ١٩٩٠و سەرهەڵدانی قەیرانی كوێت، گەشەیەكی زۆری لە ماوەیەكی كورتدا بە خۆوە بینی، بەشێكی زۆر پێشمەرگە دێرینەكان پەیوەندیان بە ڕێكخستنەكانەوە كردو لە شانە چەكدارەكاندا ڕێكخران، ژمارەیەكی زۆری شانەی چەكداریش لە ناو میلیشیا چەكدارە كوردەكانی سەر بە ڕژێمی عێراق دروستكران، لەو هەلومەرجەدا (سرك) هەموو جۆرە چەكێكی پێویستی بەهۆی سەربازە ڕاكردووەكانەوە پەیدا كرد، ئەم شانە چەكدارانە

---

(١) بۆ دەقی تەواوی ئەركەكانی ڕێكخستنو تەواوی بەرنامەی ستراتیژی نوێی كار بڕوانە// نەوشیروان مستەفا: لەهاوخەباتیەوە بۆ تەخوین، س. پ، ل٧٥-٨٢.

(٢) بوار نورەدین: س. پ، ل١١٤، ١٥٣؛ بێ ناوی نوسەر: یەكێتی نیشتیمانی كوردستان. . . س. پ، ل٢٧٩-٢٨٠.

(٣) بەشدار عبدالمجید: س. پ، ل٧٧.

(٤ ) بۆزانیاری زیاتر لەسەر پێكهاتەی تیپەكانی (سرك) و ژمارە و ناوی ئەندامەكان و شەهیدەكانیان بروانە// پاشكۆی ژمارە(٢٠).

لـه تـەواوی سـنوری پارێزگـای سـلێمانیدا بڵاوبونـەوە، (مسـتـەفا سـەید قـادر) بەرپرسـی بـووە هـەتا دەستگیرکردنی لە ٢٩ی ئەیلولی ١٩٩٠[١].

ڕێکخسـتنەکان ئـەرکێکی گرنگیـان ئـەوەبوو کـە خۆیـان لـە دامو دەزگاکـانی حکومـەتی بـەعس بپـارێزن، بـۆ ئەمـەش هەسـتاون بـە دروسـتکردنی حەشـارگە لـە نـاو شـاری سلێمانیدا، بـە جۆرێـك بـوو کـە دەبـوو بـۆڕی ئـاو و شـوێنی هـەوا گـۆڕکێو ئاوەڕۆیـان بـۆ بکرێـتو نـانو هەنـدێك خۆراکیـان تێـدابێت، ئەمـەش بـۆ ئـەوەی لـە کـاتی پێویستدا بتوانرێت چەند ڕۆژێك تیایدا بمێننەوە[٢]، وەك ئاکۆ محەمەد وەهبی دەڵێت:"لە چەند شوێنێکی شاری سلێمانی لـەو جۆرە حەشارگەیەمان دروسـت کـرد بـوو"[٣]. بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا لـە سـاڵی ١٩٨٩ سـێ ئەنـدامی ڕێکخسـتنی یـەکێتی دەسـتگیر کـران ئـەوانیش (ئەحمـەدی صـناعە، بـەکری دارتـاش، کـامیلی خـەیات) بـوون[٤]، دواتریش هەر یەکە لە جەباری حاجی ڕەشید (١٩٤٥-١٩٩٠) کە سەرپەرشتی ڕێکخراوی سلێمانی دەکرد، لە ساڵی ١٩٩٠ دەسـتگیر کـرا و لەهـەمان سـاڵدا لـە مـانگی ئەیلولیشـدا مسـتەفا سـەید قـادر کـە بەرپرسـی هـەموو ڕێکخستنەکانی نـاوخۆ بـوو دەسـتگیر کـرا، لـە مـاوەی نێـوان (١٩٨٩-١٩٩٠) نزیکـەی (٣٠) کـەس لـە ئەنـدامانی ڕێکخستنی ناو شار دەستگیر کران، هۆکاری ئەو کارەساتانەش کە بەسەر ڕێکخراوی سلێمانیو ڕێکخستنەکانی نـاو شـاردا هـات، ئـەوە بـوو کـە کەسـێك لای یـەکێتی لەشـاخ زینـدانی بـو دوای ئـازادکردنی دێتـەوە سـلێمانیو پەیوەندی بە ئیستیخباراتی ڕژێمەوە دەکاتو گفتی ئەوە بە ڕژێم دەدات کە تـەواوی ڕێکخـراوی سلێمانی ئاشکرا بکـات، بۆیـە ئـەمنی سـلێمانی بـە چاوسـاغی ئەوکەسـە توانیـان (جـەباری حـاجی ڕەشـید) بەرپرسـی ڕێکخـراوی سلێمانی لەگەڵ کۆمەڵێك نوسراو و چاپو چاپەمەنی دەستگیر بکاتو دەست بەسـەر هـەموو حەشارگەو شوێنە نهێنییەکانی ڕێکخستندا بگرێت[٥].

لە دوای گرتنی ئەوان ئەرکی سەرپەرشتی کردنی ڕێکخستنەکان کەوتە ئەستۆی (مستەفا ئیبراهیم دەروێش/ شاسوار)، لە سلێمانیش(ئاکۆ محەمەد وەهبی و خالید ڕەزا)سەرپەرشتی ڕێکخستنەکانیان دەکرد[٦]، بەو جۆرە هەتا ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ ڕێکخستنەکان لـە کـارو چالاکی سیاسی بـەردەوام بونو لـە کـاتی ڕاپـەڕینش ڕۆڵـی گەورەو بەرچاویان هەبو لە ڕزگارکردنی شاری سلێمانیدا.

سەبارەت بە ئامادەکاری (ی. ن. ك) بۆ ڕاپەڕین، پێش هەموو پارتو ڕێکخراوەکانی دیکەو خێراتـر خـۆی بـۆ گۆڕانکارییەکان ئامـادە کـردووە، بـە جۆرێـك (مـام جـەلال) پـێش داگیرکردنـی کوێـت لەلایـەن عێراقـەوە، پێشـبینی ئەوەی کردووە، ئەویش لە وتارێکدا لە ١١ ئایاری ١٩٩٠ لـە کۆبوونـەوەی (چـەتم هـاوس) لـە لەنـدەن دەڵێـت:"ئـەو

---

(١) ئینسـکلۆپیدیای یـەکێتیی نیشـتیمانی کوردسـتان: س. پ، ل٣٩٥-٣٩٦؛ بـۆ پـەیڕەوەی نـاوخۆی (سـرك) و چۆنیـەتی دابـەش کردنی ئەرکو فرمانەکانی بڕوانە: پاشکۆی ژمارە (٢١).

(٢) بوار نورەدین: س. پ، ل١١٥.

(٣) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (ئاکۆ محمد وەهبی)، سلێمانی، ٢٠١٧/٣/١١.

(٤) هـ. س.

(٥) تاڵیب مۆریاسی: س. پ، ل١٦٧.

(٦) بوار نورەدین: س. پ، ل١١٧-١١٨.

سوپا عێراقیەی کۆکراوەتەوە بۆ هێرشە بۆ سەر کوێت". هەروەها باسی ئەوەشی کرد بوو کە عێراق کوێت دەگرێت و حکومەتێکی دەستکرد دروستدەکات و دوای ئەوە دەیبەستێت بە عێراقەوە"[1].

دوای گرتنی کوێت تاڵەبانی سەفەری ئەمەریکای کرد، نەوشیروان مستەفا دەڵێت:"پێشنیارم بۆ کرد هەرچیەکی پێدەکرێت بۆ دژایەتی ڕژێمی بەعس و ڕوخاندنی بیکات"[2]. هەمان کات لە ناوخۆشدا خەریکی خۆ ئامادەکردن بون بۆ ڕاپەڕین، وەك نەوشیروان مستەفا دەڵێت:"ئەو کاتە ئێمە لە قاسمە ڕەش بوین بەوپەڕی جدیەتەوە خەریکی خۆ ئامادەکردن بوین بۆ ڕاپەڕین، وردەکاری نەخشەی کارەکانی خۆمان بۆ سازدانی پێشمەرگەو ڕاپەڕینی خەڵك لە شارەکان، بە نوسین و بە درێژی بە دەستی دانای ئەحمەد مەجید) دا"[3]، لە هەمان کاتدا فەرماندەیی گشتی هێزی پێشمەرگەی یەکێتی لە ڕێنماییەکی (٢٠) خاڵیدا ئامۆژگاری ئەو پێشمەرگانە دەکات کە بەرەو شارو شارۆچکەکان بەڕێدەکەون، گرنگترینیان بریتی بون لە:

١. وریایی لە جێبەجێکردنی پلاندا.

٢. پێویستە (خێرایی) وەك ڕەگەزێکی بنەڕەتی جێبەجێ بکەن، تا دوژمن نە پەرژێتە سەر خۆی.

٣. پاراستنی نهێنی، خەڵەتاندنی دوژمن، خافڵگیری، سێ ڕەگەزی گرنگن لە جێبەجێکردنی ئەرکەکاندا.

٤. دەست درێژی بۆ سەر هەر هاولاتیەك قەدەغەیە بە هەر بەهانەیەك بێت سزای قورس دەدرێت.

٥. تۆڵە سەندنەوە قەدەغەیە.

٦. خانو و کەل و پەلی دامەزراوە حکومییەکان بپارێزن، هەر کەس زەرەرو زیانیان پێ بگەیەنێت بە توندی سزای بدەن(٤). لەگەڵ چەند خاڵێکی دیکەی گرنگدا.

لە هەمان کاتدا، ڕێکخراوی سلێمانی بە نوسراوێك سەرجەم کەرت و شانە چەکدارەکان و ڕێکخستنە نهێنییەکانی (ی. ن. ك) ئاگادار دەکاتەوە، کە ئامادەبن بۆ ڕاپەڕین، بە (١٠) خاڵ ئەرکی سەرشانی کەرت و شانە چەکدارەکانی ناو شار ڕون دەکاتەوە لەوانە:

١. پێویستە لە هەر ڕوداو و پێشهاتێکدا ڕێکخستنە نهێنییەکان هەر بە نهێنی بمێننەوە، بۆیە ئامۆژگاری ئەندامانیان کردووە لە چالاکییەکاندا دەمامك بەکار بهێنن، نەك چالاکییەکە سەرکەوتو نەبێت و ئاشکرا بن.

٢. کەرتەکان بەرپرسن لە پێکهێنانی لیژنە بۆ سەرپەرشتی کردنی ڕاپەڕاندنی کارەکان لە حاڵەتی پێویست، لیژنەکەش لە (٢-٣) ئەندام کەرت پێکدێت، بە سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی لێپرسراوی کەرت.

٣. لیژنەکان پێویستە هەوڵی پەیداکردنی کامێرای ڤیدیۆ و فۆتۆگراف بدەن، بۆ وێنە گرتنی ڕووداوە مێژووییەکان.

٤. لیژنەکان لە هەرشوێنێك توانیان ئامرەزەکانی چاپەمەنی (تایپ، ڕۆنیۆ، فۆتۆکۆپی) دەستبخەن و لە شوێنی ئەمین بیانپارێزن.

---

(١) سەلاح ڕەشید: مام جەلال دیداری تەمەن لەلاوێتییەوە بۆ کۆشکی کۆماری، بەشی دووەم، چ١، چاپخانەی کارۆ، (ب. ش)، ٢٠١٧، ل٢٠٧.

(٢) نەوشیروان مستەفا: لە هاوخەباتییەوە. . . س. پ، ل٢٢.

(٣) هـ. س، ل٢٢-٢٣.

(٤) بۆدەقی ئەو ڕێنماییە بیست خاڵییەی فەرماندەیی گشتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، بڕوانە// پاشکۆی ژمارە (٢٢).

٥. خەڵکی دڵسۆزو نیشتیمان پەروەر بۆ دەستگرتن بەسەر بڵندگۆی مزگەوتەکان ئامادە بکەن، بۆ بڵاوکردنەوەی سیاسەتو داواکارییەکانی شۆڕش بەکاری بهێنن.

٦. ئەگەر لە ئێزگەوە بەناوی شەپۆل یان هەڵۆ یان لیژنەی سەرپەرشتی گشتییەوە بانگەوازتان بۆکرا ئەوا ئێمەین، چیتان پێ ڕاگەیەنرا وەك خۆی جێبەجێی بکەن.

٧. ئەو چەکانەی دەستان دەکەوێت بەسەر دۆستو لایەنگرو کەسە نیشتیمان پەروەرەکاندا دابەشی بکەن، لای خۆتان تۆماری بکەن[1]. لەگەڵ چەند خاڵێکی دیکەدا، ئەم نوسراوە لە ناوەڕاستی کانوونی دووەمی ١٩٩١ نوسراوە.

هەمو هێزەکانی (ی. ن. ك) خرانە حاڵەتی ئامادەباشییەوە، بە جۆرێك (١٢) بەتالیۆنی نیمچە نیزامی لەسەر سنورەکان، (٥٢٠) پارتیزان لە سنوری ژێر دەسەڵاتی ڕژێم، (١٢٠) کادری (سرك) لە ناو شارو ئۆردوگاکاندا، (٧٠٠٠) کەس لە ڕیزی شانە چەکدارەکانی شاڵاو بروسکەدا، لەگەڵ چەند هەزار کەس وەك هێزی پشتگیری لە ناو ئاوارەکانی ئێراندا[2].

دواتریش پلان بۆ ئازادکردنی شارەکانی کوردستان دانرا، کرا بە چەند میحوەرێکەوە بۆ هەر میحوەرێك ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی سەرپەرشتی دەکرد، ئەوەی تایبەتە بە شاری سلێمانی بەمشێوەیە بوو:

- میحوەری: دەربەندیخان– سلێمانی بە سەرپەرشتی حامیدی حاجی غالیو بە فەرماندەیی ڕاستەوخۆی جەمیل هەورامیو محەمەد حمە سەعیدو جەلال عەبدوڵڵا بوو.
- میحوەری: سلێمانی ناوەوە– بازیان بە سەرپەرشتی مام ڕۆستەمو بە فەرماندەیی ڕاستەوخۆی زرار سەعدونو مامۆستا جەمال محەمەدو ئەنوەر دۆڵانیو سەید ئەحمەد بووە. سەرپەرشتی گشتی میحوەری سلێمانی فەرەیدون عەبدولقادرو عومەر فەتاح بون، هەموشیان بە فەرمانی نەوشیروان مستەفا دەجوڵانەوەو ڕێنماییو فەرمانیان تەنها لە ئەوەوە وەردەگرت[3].

بەمشێوەیە ، یەکێتی دوای تەواوکردنی ئامادەکارییەکانی لە ناوخۆو دەرەوەدا دواجار بەشداری لە ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ دا کرد، بەڕای ئێمە ڕێکخستنەکانی (ی. ن. ك) لە سنوری شاری سلێمانیدا لە هەمو پارتو ڕێکخراوەکانی دیکە چالاکترو بەهێزتر بوون، ئەویش لەبەرئەوەی شاری سلێمانی سنوری دەسەڵاتی یەکێتی بووەو زۆرترین دۆستو ئەندامەکانیان لەم سنورەدا بووە. جگەلەوەی (ی. ن. ك) بۆخۆی پارتێکی هەرە چالاکی سەرگۆڕەپانی سیاسی بوو لە باشوری کوردستاندا.

**٤- حزبی سۆسیالستی کوردستان:**

بزوتنەوەی سۆسیالستی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٩٧٦ ڕاگەیەنرا پاشان ناوەکەی گۆڕا بۆ بزوتنەوەی سۆسیالستی کوردستان، دوای ماوەیەك لەسەر پێشنیاری مام جەلال چووە ناو نیمچە بەرەی (ی. ن. ك)، بەڵام دوای سێ ساڵ مانەوە لە ١٩٧٩/٣/٢٠ باڵێکی دیاری بزوتنەوە لەو بەرەیە دێنە دەرەوەو لەگەڵ لیژنەی ئامادەکاری (پ. د. ك) یەکیان گرت، لە ١٩٧٩/٨/٨ حزبی سۆسیالستی یەکگرتوی کوردستان (حسیك) یان ڕاگەیاند، لە کۆنگرەی یەکەمی (حسیك) کە لە ١٢–١٩٨١/٥/١٥ بە ئامادەبونی (١١٥) ئەندام بەسترا، بڕیاردرا بە

---

(١) بۆ دەقی ئەو ڕێنمایەی ڕێکخراوی سلێمانی و زانیاری زیاتر (بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٢٣). ؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (ئاکۆ محمد وەهبی)، سلێمانی، ٢٠١٧/٥/٢.

(٢) نەوشیروان مستەفا: لە هاوخەباتییەوە. . . س. پ، ل٣٣.

(٣) ئاراس عەبدولرەحمان مستەفا: س. پ، ل٢٣٦-٢٣٧.

گۆڕینی ناوی حزب لە (حسیك) ەوە بۆ حزبی سۆسیالستی كوردستان (حسك)، هەر لەو كۆنگرەیەدا (سەیدا ساڵح یوسفی) بەشێوەیەكی نهێنی بە سكرتێری حزب هەڵبژێردرایەوە، بەڵام دوای تیرۆركردنی لە ١٩٨١/٦/٢٥، كۆمیتەی ناوەندی (ڕەسوڵ مەمەند ١٩٤٤-١٩٩٤) بە سكرتێری حزب هەڵبژارد[1].

سەبارەت بە چالاكی سیاسی و سەربازی (حسك) لە شاری سلێمانیدا لە ماوەی نێوان (١٩٨٨-١٩٩١) چالاكی سەربازی بە شێوەیەكی فراوان نابینرێت، بەڵام لە ڕووی سیاسییەوە (حسك) خاوەنی ڕێكخستن و ئەندام و لایەنگری خۆی بووە ، هەرچەندە ناوچەی دەسەڵات و شوێنی ئەنجامدانی چالاكییەكانیان زیاتر ناوچەكانی دەرەوەی سلێمانی بووە و زیاتر لە ناوچەكانی شارەزوردا باڵادەست بوون و چالاكیان ئەنجامداوە، بەڵام لە شاری سلێمانیدا خاوەنی ڕێكخستنی تایبەت بە خۆیان بون، هەر لە ساڵی ١٩٧٧ مەكتەبی ڕێكخستنی ناوخۆیان دەمەزراندوە كە تایبەت بووە بە ڕێكخستنی نهێنی ناو شارەكان، لە دوای ساڵی ١٩٨٢ەوە هەتا ساڵی ١٩٨٩ سەرپەرشتی ڕێكخستنەكانی ناوخۆ درا بە (جەمال حەمە نوقڵە)، لە هەمان كاتیشدا بەرپرسی ڕێكخستنەكانی لقی سلێمانیش بو، هەر یەكە لە (مولازم مەجید كاكەیی، ڕەشید عارف، عەلی سەرگەڵو) ئەندامی لق بون، (سەردار جەباری، مەلا سابیر، شێخ عومەر، مامۆستا نیهاد) ڕۆڵیان لە ڕێكخستنەكانی سلێمانیدا هەبوە[2].

سەبارەت بە هەیكەلی ڕێكخستنەكانی لەسەرەوە بۆ خوارەوە شۆڕ دەبویەوە، بە جۆرێ لە سكرتێری حزب بۆ بەرپرسی ڕێكخستنەكانی ناوخۆ پاشان بۆ ئەندامانی لق، ئەندامانی لقیش لەگەڵ خواروی خۆیان بەشێوەی هێڵ و زنجیرەیی پەیوەندییەكانی خۆیان ڕێكخستبوو، لەم شێوە ڕێكخستنەكان تەنها كەسی یەكەمی سەرو خواری خۆیان دەناسی، ئەمەش بە مەبەستی نهێنی پارێزی و دڵنیایی بوو، لەگەڵ پاراستنی ڕێكخستنەكان لە ئاشكرا بوون و پاراستنی گیانی ئەندامانی ڕێكخستن[3].

ڕێكخستنەكان چەند ئەركێكیان لەسەر شان بوو لەوانە: (هۆشیاركردنەوە و ڕێكخستنی خەڵك، زیاتر گرنگی بە چۆنایەتی ڕێكخستن دراوە نەك چەندایەتی)[4]. كۆكردنەوەی زانیاری لەسەر مۆڵگە و شوێنەكانی ناو شارو ناردنیان بۆ مەكتەبی ڕێكخستنی دەرەوە)، جگەلەوەش بڵاوكردنەوەی دروشم و سیاسەتەكانی حزب و پۆستەری شەهیدان و نوسینی دروشم لە ناو شارو شارۆچكەكاندا ئەركێكی دیكەی ڕێكخستنەكانی (حسك) بوو، بۆ نمونە ڕێكخستنەكان دروشمەكانی حزبیان لە گەڕەكەكانی شەهیدان و ئازادی بڵاودەكردەوە[5].

لە ساڵی ١٩٨٧ ڕێكخستنەكانی (حسك) لەلایەن هێزەكانی حكومەتی عێراقیەوە توشی لێدانێكی سەختبون، ئەویش كاتێك دەزگا ئەمنییەكان هەر یەكە لە (جەماڵی حەمە نوقڵ)ە بەرپرسی ڕێكخستنی ناوخۆ و (مولازم مەجید

---

(١) بۆ زانیاری زیاتر لەسەر دامەزراندن و گەشەكردنی حزبی سۆسیالستی كوردستان بڕوانە// بەشدار عبدالمجید: س. پ، ل٧٩. ؛ بەهرۆز گەلاڵی: ڕەسوڵ مامەند ٥٠ ساڵ تەمەن و ٣٣ ساڵ خەبات، چ٢، چاپخانەی سەفوەت، سلێمانی، ١٩٩٨، ل٢٩-٣١. ؛ سەلام عەبدولكەریم: ژیانی سیاسی. . . س. پ، ل٣٩-٨٩. ؛ صلاح الخرسان: التیارات السیاسة في كردستان العراق قراءة في ملفات الحركات والاحزاب الكردية في العرق ١٩٤٦-٢٠٠١، ط١، مؤسسة البلاغ للطباعة النشر والتوزیع- بیروت، ٢٠٠١، ص٤٨٩. ؛ محەمەد حاجی محمود: ڕۆژمێری پێشمەرگەیەك. . . ب١، س. پ، ل٤٣١-٤٣٧.

(٢) بەشدار عبدالمجید: س. پ، ل٨٦.

(٣) شاخەوان شۆڕش: قادر شۆڕش چل ساڵ خەبات و تێكۆشان دیوی ناوەوەی هەندێ لایەنی مێژووی خەباتی نەتەوەیی كورد لە نێوان ساڵانی (١٩٤٦-١٩٨٣) دا، چ٢، كوردستان، زستانی ٢٠٠١، ل١١٢.

(٤) هـ. س، ل١١٣.

(٥) بەشدار عبدالمجید: س. پ، ل٨٨.

کاکەیی) بەرپرسی لقی سلێمانی، (دایە گوڵەو مەحمودی کوڕی) دەستگیر کران و لە سێدارە دران، بەم هۆیەشەوە ڕێکخستنەکانی ناخۆی (حسك) نەهاتەوە سەر ڕێڕەوی خۆی، هەتا ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١[١].

بەلأم دوای گرتنی کوێت لەلایەن عێراقەوە (حسك) خۆی بۆ گۆڕانکارییەکان ئامادە کردووە، لە ٢١ کانوونی یەکەمی ١٩٩٠ مەکتەبی سیاسیی و لقەکان بانگەوازێك بۆ سەرجەم پێشمەرگەو کادرەکانی ناوەوەی حزب بلأودەکاتەوە کە داوای بەرنامەو ئامادەکاری دەکات بۆ هەر ڕووداوێك کە بێتە پێشەوە، لە کاتی دروستبونی شەڕو لێدانی عێراق، داوای ئەوە دەکات کە بە هاوکاری جەماوەر دەست بەسەر دەزگاکانی حکومەتی عێراقدا بگیرێت و جەماوەری چەکدار لە دەوری (حسك) کۆبکرێتەوە. لە پێش ڕاپەڕینیش کۆبونەوەی بە فەرماندەو پێشمەرگەکانی کردووەو فەرماندەی بۆ میحوەرەکان دیاریکردووە، ئەوەی تایبەت بو بە میحوەری سلێمانی محەمەدی حاجی مەحمود سەرپەرشتی کردووە، کە ئەوکات لێپرسراوی مەکتەبی سەربازی (حسك) بووە، لەگەڵ ئەوەشدا مەفرەزەی پارتیزانی ناردووەتەوە شارەکان بە مەبەستی بینینی سەرپەرشتیارانی ڕێکخستنەکان و پەیوەندیکردن بە سەرۆك جاشەکانی سەر بە ڕژێمی بەعس و کەسایەتییە دیارەکان بە مەبەستی ئامادەکاری بۆ ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١[٢].

جێی ئاماژەیە (حسك) وەك پارتێکی بەرهەڵستکاری ڕژێمی بەعس لە ماوەی نێوان (١٩٨٨-١٩٩١) لە خەبات کردن بەردەوام بووە، بەلأم سنوری دەسەلأتی زیاتر ناوچەکانی پارێزگای سلێمانی گرتووەتەوە بە دیاریکراوی ناوچەی شارەزورو هەڵەبجەو پێنجوێن، بۆیە زیاتر چالاکییەکانیان لەو سنورەدا بووە، کەمتر توانیویانە چالاکی لە شاری سلێمانیدا ئەنجام بدەن، بە تایبەت دوای دەستگیر کردنی بەرپرسی ڕێکخستنەکانی ناوخۆی (حسك) بە وتەی محەمەد شاکەلی جارێکی تر ڕێکخستنەکان نەکەوتنەوە سەر ڕێڕەوەی خۆیان هەتا ساڵی ١٩٩١، بەلأم لە ڕاپەڕیندا لە پاڵ پارتەکانی دیکەدا بەشداربون و لە قەزاو ناحیەکانی سەر بە پارێزگای سلێمانیدا ڕۆڵی دیاریان هەبووەو بەشداریش بون لە ئازادکردنی شاری سلێمانیدا.

**٥- پارت و ڕێکخراوەکانی دیکە:**

لە پاڵ ئەو پارتانەی کە پێشتر باسمان کردن، ژمارەیەك پارت و ڕێکخراوی دیکە هەبون، کە هەر یەکەیان بە پێی توانا و قەبارەی خۆیان چالاکیان لە سنوری شاری سلێمانیدا ئەنجامداوە.

**أ- پارتی سۆسیالیستی کورد ( پاسۆك )**

(پاسۆك) لە ڕۆژی ١١/٩/١٩٧٥ بە دەستپێشخەری (ئازاد مستەفا)[٣] لە شاری کەرکوك دامەزرا[٤].

---

(١) محەمەد شاکەلی: لە بزوتنەوە. . . س. پ، ل١٧.

(٢ ) محەمەد حاجی مەحمود: س. پ،ب٣،ل٢٥٥-٢٧١.

(٣) ئازاد مستەفا لە ساڵی ١٩٤٨ لە گوندی بارزان لە دایك بووە، لە ساڵی ١٩٧٧ لەلایەن حکومەتی عێراقەوە دەستگیر دەکرێت و بە دە ساڵ زایندانی سزا دەدرێت، بەلأم لە ساڵی ١٩٧٩ بە لێبوردنی گشتی ئازاد دەکرێت، دوای ئازادبونی پەیوەندی بە هاوبیرەکانی سەرکردایەتی پاسۆکەوە دەکات، لە ساڵی ١٩٨٧ بۆ چارەسەکردنی نەخۆشی سەردانی وڵاتی سوید دەکات، لە ١٩ ئایاری ١٩٨٩ بە نەخۆشی کۆچی دوایی دەکات، بڕوانە: کاوە ئەمین: ناسیۆنالیزمی کوردی، چ١، دەزگای چاپ و بلأوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٦، ل٦٠.

(٤) محەمەد فاتیح: س. پ، ل١٥٦.

**سەرەتا بە ناوی (پارتی سۆسیالیستی نەتەوەی کورد) بوو، دواتر ناوەکەی گۆڕا بۆ (پارتی سۆسیالیستی کورد)[1]. ستراکتۆری سەرەکی بیروباوەڕی ئەم پارتە پشت ئەستوربوو بە کوردایەتییەکی نەتەوە پەرستو دژایەتی کردنی کۆمۆنیزمو بیری چەپ[2]، بە مانایەکی دیکە پارتێکی ڕادیکاڵی نەتەوەیی بووە(٣)، ئامانجی سەرەکیان دروست کردنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان بوو، مافی چارەنوسیان بە مافی ڕەوای گەلی کورد دەزانی، مەبەستیان بو کە سەرجەم پارتو هێزە کوردییەکان لە یەك بەرەدا کۆبکەنەوەو دژی شەڕی براکوژی بون[4]، گرنگترین دروشمەکانی پاسۆك بریتی بوون لە: (کوردستانی سەربەخۆو گەلێکی ئازاد،پێش ئەوەی هەر شتێك بین. . . دەبێت کورد بین ، کوردستان تەنها موڵکی کوردە)[5].**

**سەبارەت بە خەباتی چەکداری (پاسۆك) لە ساڵی ١٩٧٨ دەست پێدەکات، کاتێ کە چوونە شاخو بنکەو بارەگایان لە نزیك بارەگای سەرکردایەتی یەکێتی کردەوە[6]، جگەلە سەرکردایەتیان چەند مەفرەزەیەکیان دروست دروست کردبوو کە بەردەوام لە ناوچەکانی دەوروبەری سلێمانی وە (شاربازێڕ و دۆڵە ڕووتو جافایەتی) لە هاتوچۆو چالاکیدا بون، لەگەڵ ئەوەش زۆرجار هاتونەتە شاری سلێمانی و چالاکیان ئەنجامداوە[7]. بەڵام لەماوەی نێوان (١٩٨٨-١٩٩١) چالاکی چەکداری لە ناو شاری سلێمانیدا نابینرێت لەلایەن پاسۆکەوە، ئەویش بۆ ئەو بارودۆخە دەگەڕێتەوە کە بەسەر بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورددا هات، دوای پرۆسەی شاڵاوەکانی ئەنفالو کیمیاباران ناچار بون کە بنکەو بارەگایان بردە دەرەوەی کوردستانو ئەنجامدانی چالاکی سەربازی کارێکی مەحاڵ بوە لەو ماوەیەدا[8].**

**لەگەڵ ئەوەشدا لە خەباتی سیاسی بەردەوام بونو خاوەنی ڕێکخستنی خۆیان بون لە شاری سلێمانیدا، چونکە پێگەی جەماوەری (پاسۆك) زیاتر لە شاری سلێمانیدا بوو[9]، لە ناو سلێمانیدا چەند هێڵێکی ڕێکخستن هەبو کە (مولازم شوان) سەرپەرشتی دەکردو تەنها پەیوەندیان بەوەوە هەبو ئەویش بۆ پاراستنی ئاسایشی**

---

**(١) ئازاد مستەفا: کورتە باسێکی بەرەی کوردستانی، چ١، سوید، ١٩٨٨، ل٧٢.**

**(٢) ئینسکلۆپیدیای یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان: س. پ، ل١٣٨.**

**(٣) کرمانج گوندی: ٣٠ ساڵ خەباتو وڵاتێکی وێران، سوید، ١٩٩٠، ل٧٤.**

**(٤) زانا فەقێ محمد: پارتی سۆسیالستی کورد پاسۆك (١٩٧٥- ١٩٩١)، توێژینەوەیەکی مێژوویی- سیاسییە، نامەی ماستەر، بڵاونەکراوە، سکوڵی زانستە مرڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٦، ل١١٦.؛ کاوە ئەمین: س. پ، ل٦٠.**

**(٥) محەمەد فاتیح: س. پ، ل١٥٦-١٥٧.**

**(٦) برایم جەلال: چەپکێك. . . س. پ، ل١٢٦.**

**(٧) بۆ زانیاری زیاتر لەسەر چالاکییەکانی پاسۆك لە ساڵانی هەشتاکاندا بڕوانە: بەشدار عبدالمجید: س. پ، ل٩١-٩٢.**

**(٨) نامەی مولازم شوان بۆ توێژەر لە ڕێگەی پۆستی ئەلیکترۆنییەوە لە ٢٠١٧/٧/٢٨. ناوی تەواوی عەبدول ئیلا محەمەد ئەمین عەبدوڵڵا ناسراو بە (مولازم شوان) لە ساڵی ١٩٥٠ لە دایك بووە، دەرچوی کۆلێژی سەربازی ڕۆستەمییە بۆ ساڵی خوێندنی (١٩٧٠-١٩٧٣)، لەناو پاسۆکدا چەند پلەو پۆستێکی باڵای هەبووە، سەرپەرشتی بەشێکی ڕێکخستنەکانی کردووە، ئێستاش نیشتەجێی شاری سلێمانییە.**

**(٩) هاوڕێ باخەوان: ئاڵای کورد کورتە لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی کۆمەڵایەتی ڕامیارییە، زنجیرە کتێبی دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠١، ل١٧٦.**

ڕێکخستنەکانی ناو شار بووە[1]، جگەلەوەش (مولازم کەریم) چەند هێڵێکی دروستکرد بو کە ڕاستەوخۆ خۆی سەرپەرشتی دەکرد[2].

سەبارەت بە پێکهاتەی ڕێکخستنەکان لە (شانەی سەرەتایی و شانەی بنکەیی و ناوچەو لق) پێکهاتبوو، لە پەیوەندییەکانی نێوان ڕێکخستنەکان پەیڕەوی سیستەمی دەزولەیی کراوە، لە گرنکترین ئەرکەکانی ڕێکخستن پەیوەندی کردن بو بە جەماوەرو هێنانیان بۆ نێو ڕیزەکانی حزب، جگەلەوەش پەیوەندی کردن بە چەکدارەکانی حکومەت و ڕێکخستنیان لەناو حزبدا، لەگەڵ دابینکردنی چەك و تەقەمەنی و دەرمان و پێداویستیە پزیشکییەکان بۆ پێشمەرگە[3].

جێی ئاماژەیە چالاکییەکانی پاسۆك لە سنوری شاری سلێمانیدا لە چوارچێوەیەکی زۆر سنوردار بوو، بە تایبەتی لە ماوەی نێوان (١٩٨٨-١٩٩١) چالاکی دیار بەرچاو ناکەوێت ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سنورداری توانای دارایی پارتەکەو کەمی ژمارەی ئەندام و لایەنگرانی، سەرەڕای شاڵاوەکانی ئەنفال کە کاریگەری لەسەر چالاکی سەرجەم پارتەکان هەبوو.

**ب- ئاڵای شۆڕش (ئاش)**[4]

سەبارەت بە چالاکی ئەم ڕێکخراوە لە ماوەی (١٩٨٨-١٩٩١) لە سنوری شاری سلێمانیدا زۆر کەم بووە، بە تایبەت چالاکی سەربازی لەو ماوەیەدا نابینرێت، ئەمەش بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە:

**یەکەم:** بەماوەیەکی کورت دوای دامەزراندنی ڕێکخراوەکە یەکێتی لە شەوی ٢-١٩٨٥/١١/٣ (مەلا بەختیار) سەرکردەی یەکەمی ڕێکخراوەکەی دەستگیرکرد[5]، هاوکات هەر یەکە لە (پشکۆ نەجمەدین، شێخ عەلی) کە دوو سەرکردەی دیاری ڕێکخراوەکە بوون دەستگیرکران، ئەمەش وایکرد ناوەندی کارو چالاکی ڕێکخراوەکە بکەوێتە ئەو دیو سنورو گوندی (زێوە) دەبێتە بنکەی ڕێبەریکردنی کارو چالاکییە سیاسی و ڕێکخراوەییەکانیان[6]، ئەمەش وایکرد لە سنوری شاری سلێمانی دور بکەونەوە و ئەنجامدانی چالاکییەکانیان ئەستەم بێت.

---

(١) نامەی مولازم شوان بۆ توێژەر لە ڕێگەی پۆستی ئەلیکترۆنییەوە لە ٢٠١٧/٧/٢٨.

(٢) کاروان ڕەوف: س. پ، ل٢٥.

(٣) بەشدار عبدالمجید: س. پ، ل٩٤.

(٤) ڕەوتێکی فکری بوو لەناو کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستاندا دروست بوو، لە ڕەوتی پەرەسەندنیدا ڕێکخراوێکی چەپی لێکەوتەوە. لە ئەنجامی ململانێی ناو کۆمەڵە لە نێوان باڵی سکرتێر (نەوشیروان مستەفا) و باڵی بەرهەڵستکار بە سەرکردایەتی (مەلا بەختیار- سالار عەزیز) پەیدا بوو، لە کۆنفرانسی سێیەمی کۆمەڵە لە تەموزی ١٩٨٤ لە مێرگەپان لە بناری چیای پیرەمەگرون بەسترا، باڵی سکرتێر سەرکەوتنی بەرچاوی بە دەستهێنا لە سەرجەمی (٧) کورسی سەرکردایەتی (٤) کورسی بەدەستهێنا، باڵی بەرهەڵستکار یەك کورسی بەدەستهێنا، بۆیە ڕەوتە ناڕازییەکە بە نهێنی ڕێکخراوی ئاڵای شۆڕشیان پێکهێنا، سەرکردایەتی مەیدانی ڕێکخراوەکە لەناو وڵات هەر یەکە لە مەلا بەختیار، پشکۆ نەجمەدین، مەحمود عبدولرەحمان (شێخ عەلی) بوون، لە تشرینی دووەمی ١٩٨٥، لە کۆبوونەوەی بچوککراوەی مەکتەبی سیاسی (ی. ن. ك) بڕیاری پاکتاوکردنی ڕێکخراوەکەیدا، دواتریش هەرسێ سەرکردەی ڕێکخراوەکە دەستگیرکران، بەڵام دواتر پشکۆ نەجمەدین و شێخ عەلی ڕزگاریان دەبێت، مەلا بەختیار تا هاوینی ١٩٨٩ لە زینداندا مایەوە، لە بەهاری ١٩٩٢ تێکەڵی حزبی زەحمەتکێشان بوون و لە ٢٤ تەمموزی ١٩٩٣ لەگەڵ یەکێتی یەکیان گرتەوە، بڕوانە: کەمال قەرەداغی: ئەو ڕۆژانەی بە کوردستانم بەخشین، چ٢، ٢٠١٣، ل٢١.

(٥) ئینسکلۆپیدیای یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان: س. پ، ل٢٧-٢٩.

(٦) پشکۆ نەجمەدین: س. پ، ل١٩٢.

دووەم: ڕێکخراوەکە لە یەکێتی جیابووەوە، بۆیە ڕێگەی بە ئەنجامدانی چالاکی نەدەدا لەو سنورەی کە لەژێر کۆنترۆڵی دا بوو، جگەلەوەش لە سنوری سلێمانیدا هیچ بنکەو بارەگایەکی ئالآی شۆڕش نەبوو[١]، تەنها ئەوە نەبێت هەندێك لە پێشمەرگەکانیان لە ناوچەی (قەرەداغو گەرمیان) بە پارتیزانی دەژیانو کاری حزبیان هەڵدەسوڕاند[٢]، هەریەکە لە (شاسوار و حەمە ڕەش) سەرپەرشتیان دەکردن[٣].

جێی ئاماژەیە دوای جیابوونەوەی ڕێکخراوەکە لە یەکێتیو دەستگیر کردنی سەرکردەکانیانو ڕۆشتنی بەشێکی زۆری پێشمەرگەکانیان بۆ ئەو دیو سنوری پارێزگاکە کاریگەری تەواوی لەسەر جموجوڵی ڕێکخراوەکە هەبووە لە شاری سلێمانیدا. ئەوەی تایبەتە بە ڕێکخستنەکانی ڕێکخراوەکە لە ناو شاری سلێمانیدا ڕێکخستنی نهێنی هەبووە، سەرەتا ڕێکخستنەکان بە شێوەی ئەڵقەی دیراسی بون، شێوەی ڕێکخستن لە(٥) کەس ڕێکدەخرا بەمشێوەیە (٥٠+١= ٦١) واتە یەك لەگەڵ سفرو یەك لەگەڵ پێنج کۆدەرایەوەو دەبو بەناوی شانەی ڕێکخستنەکە، ئەوانەشی کە لە ڕێکخستنی ئالآی شۆڕشدا کاریان دەکرد، خەڵکی هۆشیارو بە ئەزمونو ڕۆشنبیر بونو زۆربەشیان سەر بە ڕێکخستنەکانی (ی. ن. ك) نەبون[٤].

پەیوەندیو نامە گۆڕینەوەش لە نێوان مەلا بەختیارو ئەڵقە دیراسییەکانی ڕێکخستنی ناو شاری سلێمانی هەبووە پێش دەستگیر کردنی سەرکردەکانی ڕێکخراوەکە لەمبارەیەوە مەلا بەختیار دەنوسێت:"ئەو کاتەی کە چوومە تەکیەی قەرەداغ دوو نامەم بۆ ئەڵقە دیراسییەکانی ناو شاری سلێمانی ناردووە، کە ئێمە لە قەرەداغینو سیاسەتمان ڕوون کردۆتەوە، لەگەڵ جیابوونەوەی سەربازی نین لەناو یەکێتی، لەگەڵ ئەوەشداین کە شەڕی ناوخۆ نەمێنی"[٥].

بەڵام دوای دەستگیرکردنی سەرکردەکانی ڕێکخراوەکە کە (مەلا بەختیارو پشکۆ نەجمەدینو شێخ عەلی) بوون، ڕێکخستنەکان لە ئەڵقەی دیراسیەوە گۆڕا بۆ کۆمیتەی شارەکانو لەگەڵ کۆمیتەی شاخ ڕێکخرایەوە[٦]. کۆمیتەی ڕێکخستنی سلێمانی ئالآی شۆڕش پێکهاتبوو لە (کەمال قەرەداغی) لێپرسراوی کۆمیتە، هەر یەکە لە (هاوڕێ محەمەد کەریم، نەوزاد مەحمود، حەمەی نفوس، حەسەن سایە خان، شۆڕش دوکانی، حەسەن محەمەد سەعید) ئەندامی کۆمیتە بوون، بەڵام دواتر کەمال قەرەداغی بوو بە لێپرسراوی کۆمیتەی هەموو شارەکانو سەرپەرستی هەموو ڕێکخستنەکانی ناو شاری دەکرد[٧]، هەروەها ڕەوف چاو جوان کە بە (مامۆستا عادل) ناسرا بوو، لە کادرە بە تواناکانی ڕێکخراوەکە بووەو ڕۆڵی دیاری لە ڕێکخستنەکانی شاری سلێمانیدا هەبووە[٨]، ڕوناك شێخ جەنابیش ڕۆڵی بەرچاوی لە ڕێکخستنەوەی ڕێکخستنەکانی ناو شاری ئالآی شۆڕشدا هەبوو، لە

---

(١) بەشدار عبدالمجید: س. پ، ل١٠٠.

(٢) مەحمود سەنگاوی: س. پ، ل١٧٧-١٧٨.

(٣) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (کەمال قەرەداغی)، سلێمانی، ٢٠١٧/١/١٧

(٤) کەمال قەرەداغی: س. پ، ل٢١.

(٥) مەلا بەختیار: یاخی بون لە مێژوو (لێکدانەوەی ئاوەژوونەکردنی ڕاستیەکان)، ب١، چاپخانەی داناز، (ب. ش)، ١٩٩٨، ل١٣٨، ٢٩٠.

(٦) کەمال قەرەداغی:س. پ، ل٧٢.

(٧) هـ. س، ل٢٢، ٧٨-٧٩.

(٨) پشکۆ نەجمەدین: س. پ، ل٣٥.؛ کەمال قەرەداغی: س. پ، ل٧٢، ٢٧.

دوای دەستگیرکردنی سەرکردەکان ڕێکخراوەکە کە دەکەوێتە ناو شار کۆبونەوەی جیا جیا ئەنجام دەداتو ڕێکخستنەکان لە شڵەژانو لە ناوچوون پاراست[1].

لە گرنگترین ئەرکەکانی ڕێکخستن کۆکردنەوەی پارەو کۆمەك بوو لە دەوڵەمەندانی ناو شاری سلێمانیو ناردنی بۆ (زێوە) کە سەرکردایەتی ڕێکخراوەکەی لێبوو، کەمال قەرەداغی دەنوسێت:"ئەو کاتە لەبەرئەوەی لیژنەی سەرپەرشتی لە (زێوە) بون، دەبوو ئێمە لە شارەوە کۆمەكو پارەو پێویستیان بۆ ڕەوانە بکەین، دەستمان کرد بە ناردنی پسولەی پارە وەرگرتن بۆ ئەو هاوڵاتیانەی دەوڵەمەندو پیاو چاكو هاوکاری شۆڕشو کوردایەتی بون"[2]. ئەو کەسانەی کە هاوکاری ئاڵای شۆڕشیان کردبوو بە پارە لە شاری سلێمانیدا (تۆفیق حەڵواچی، د. شەوکەتی صەیدەلی، د. ناهیدە، فاروقی مەلا مستەفا، حاجی ئەحمەدی فەرش فرۆش، عومەری وێنەگر) بون[3].

ئەرکێکی دیکەی ڕێکخستنەکان سەرپەشتی کردنی برادەرانی زیندان بو، کە بەردەوام لە هەوڵی ڕزگارکردنیان بون، چەند جارێکیش هەوڵی ڕزگار کردنیان دراوە، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون[4]. سەرپەرشتیکردنی ئەو پێشمەرگانەی ئاڵای شۆڕش کە لەناو یەکێتی بونو ناردنی نامە لەسەر کارو چالاکییەکانیان بۆ ناو زیندانی یاخسەمەرو لێدانی پیاوانی حکومەت لە ئەرکەکانی تری ڕێکخستن بون[5]، بڵاوکردنەوەی بەیاننامەو هەڵوێست وەرگرتن لەسەر تاوانەکانی حکومەت ئەرکی دیکەی ڕێکخستن بوون، بە تایبەت لەسەر تۆپبارانی سلێمانی لەلایەن ئێرانو کاتی کیمیاباران کردنی هەڵەبجە بەیاننامەیان هەبووەو حکومەتی عێراقیان تاوانبار کردووە[6].

بەڵام لەدوای دەستگیر کردنی کەمال قەرەداغی لەلایەن حکومەتی بەعسەوە لە (١/١٠/١٩٨٩) کە لێپرسراوی هەموو ڕێکخستنەکانی ئاڵای شۆڕش بوو لە ناو شاردا ئیتر چالاکی بەرچاو ناکەوێتو ڕێکخستنەکان لاوازو سڕ دەبن هەتا کاتی ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١[7].

جگە لەو پارتو ڕێکخراوانەی باس کران چەند ڕەوتو ڕێکخراو پارتێکی دیکە لە شاری سلێمانیدا بونیان هەبوو، بەڵام چالاکیان لە ئاستێکی لاوازو بچوکدا بووەو کارگەرییان لەسەر حکومەتی بەعسو هەڵوێستەکانی نەبووە، هەروەها بنکەی جەماوەرییان لە چوارچێوەیەکی بەرتەسکدا بوو، جگەلەوەی بەشێك لەو پارتانە سەر بەحکومەتی عێراقو حزبی بەعس بوونو زیاتر چالاکییەکانیان لە خزمەتی ئامانجو سیاسەتەکانی حکومەتی عێراقدا بوون[8].

بەشێوەیەکی گشتی لە دوای پرۆسەی شاڵاوەکانی ئەنفالو وەستانی جەنگی عێراق-ئێران لە ٨ ئابی ١٩٨٨، خاپورکردنی گوندەکانی کوردستانو چۆڵ بونیان، کە بنکەو بارەگای زۆربەی پارتو ڕێکخراوەکانی باشوری کوردستان بون، بو بەهۆی ئەوەی کە ئەو پارتو ڕێکخراوانە بنکەو بارەگاکانیان بۆ ئەو دیو سنور

---

(١) کەمال قەرەداغی:س. پ، ل٧١.

(٢) هـ. س، ل٦١.

(٣) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (کەمال قەرەداغی)، سلێمانی، ١٧/١/٢٠١٧؛ کەمال قەرەداغی: س. پ، ل٢٧.

(٤) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (کەمال قەرەداغی)، سلێمانی، ١٧/١/٢٠١٧.

(٥) پشکۆ نەجمەدین: س. پ، ل٢٥٧.

(٦) کەمال قەرەداغی: س. پ، ل٦١.

(٧) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (کەمال قەرەداغی)، سلێمانی، ١٧/١/٢٠١٧.

(٨) بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەو ڕەوتو پارتو ڕێکخراوانەو چالاکییەکانیان بڕوانە// بەشدار عبدالمجید: س. پ، ل١٠٤-١١٧.

**بگوازنەوە، بۆیە لە ماوەی (١٩٨٨-١٩٩١) چالاکی ئەم پارتانە لە چاو ساڵانی (١٩٨٠-١٩٨٨) لە ئاستێکی لاوازدا بووە، بە تایبەت چالاکی سەربازی، بەڵام بەگشتی ئەو پارتانەی کە باسمان کردن خاوەنی ڕێکخستنی خۆیان و بنکەی جەماوەری بون لە شاری سلێمانیداو لە خەبات و شۆڕش بەردەوام بون، دواجار بەشداری کارایان لە ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ دا هەبووە.**

**باسی سێیەم: شاری سلێمانی لە سەروبەندی ڕاپەڕین و کۆڕەودا:-**

**یەکەم: ڕاپەڕینی شاری سلێمانی لە ٧ ئازاری ١٩٩١**

دوای ڕاوەستانی جەنگی عێراق- ئێران لە ٨ ئابی ١٩٨٨، عێراق توشی تەنگژەی ئابوری هات، لەناوخۆشدا ناڕەزایی و بێزاری خەڵك پەرەی سەندبوو بۆ دەرفەتێك دەگەڕان بۆ ڕوخاندنی ڕژێم، بۆ داپۆشینی ئەو شکستە ئابوری و کۆمەڵایەتیەی کە بەسەر حکومەتی عێراقدا هاتبوو، حکومەتی عێراق بڕیاری داگیرکردنی کوێتی دا، لە ٢ ئابی ١٩٩٠ داگیریکرد[١]. داگیرکردنی کوێت کاردانەوەی هەرێمی و نێودەوڵەتی بەدوای خۆیدا هێناو تەنانەت کۆنگریسی ئەمەریکا لە ڕۆژی ١٢ کانوونی دووەمی ١٩٩١ بڕیاری بەکارهێنانی هێزی لە دژی عێراقدا[٢]، مۆڵەت بە عێراق درا کە تا ١٩٩١/١/١٥ لە کوێت بکشێتەوە، بەڵام دەسەڵاتدارانی عێراق گوێیان بەم داوایە نەدا، بۆیە ئەمەریکاو هاوپەیمانەکانی لەشەوی (١٦-١٩٩١/١/١٧) هێرشی ئاسمانیان بۆ سەر عێراق دەستپێکرد، هەتا ڕۆژی ١٩٩١/٢/٢٦ بەردەوام بوو، لە ئەنجامدا عێراق لە کوێت دەرکراو زەرەرو زیانێکی گەورەی گیانی و ماددی و مەعنەوی بەر سوپای عێراق کەوت[٣]، سەرۆکی ئەمەریکا لە (١٩٩١/٢/١٥) داوای لە خەڵکی عێراق کرد کە لەدژی (سەدام حسێن) ی دیکتاتۆر ڕاپەڕن و بیڕوخێنن[٤]، ئەمانەو چەندین هۆکاری دیکە، چ نێوخۆیی و چ دەرەکی بو بەهۆی ئەوەی ڕاپەڕین لە عێراق و باشوری کوردستان دەست پێبکات[٥].

سەرەتا ڕاپەڕین لە ناوچەکانی باشوری عێراقدا لە ٢٨ شوباتی ١٩٩١ دەستی پێکرد[٦]، لە ناوچەی عەممارەو زۆرنگاوەکانەوە بەرەو بەسراو ناوچەکانی دیکە[٧]، دواتر شارەکانی ناسرییە، سەماوە، دیوانیە، کەربەلا و نەجەف و شارەکانی دیکەی گرتەوە[٨].

سەبارەت بە باشوری کوردستان ( باکوری عیراق)، سەرەتا ڕاپەڕین لە شاری ڕانیەوە دەستییپێکرد لە ١٩٩١/٣/٥، هۆکاری دەستپێکردنی ڕاپەڕین لە ڕانیەوە دەگەڕایەوە بۆ ئەوەی کە سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی وەك یەکەمین شوێن دەستنیشانی کردبوو کە ڕاپەڕین لە وێوە دەست پێبکرێت لەوبارەیەوە نەوشیروان مستەفا (١٩٤٤-٢٠١٧) نوسیویەتی :"ئێمە ڕانیەمان هەڵبژارد بۆ ئەوەی ڕاپەڕین لەوێوە دەست پێبکرێت، چونکە بارەگاکانی ئێمە نزیك بوو لەو ناوچەیە، هەروەها ڕانیە دەکەوێتە ناوەڕاستی کوردستانی عێراقەوە، ئێمە بێجگە

---

(١) عبدالعزيز يوسف الاحمد: موسوعة حرب الكويت من الاحتلال للتحرير، كتاب و ثائقى، ط١، ١٩٩٢، ص٣٩؛ حامد محمود عيسى: الشكلة الكردية، مكتبة مدبولى- مصر، ١٩٩٢، ص٢٧٢.

(٢) پیتەر گالبرێس: کۆتایی عێراق، و: سۆران عەلی محەمەد، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل٦٨.

(٣) سەبارەت بە زەرەرو زیانەکانی سوپای عێراق ئاماژە بەوە دەکرێت کە لە کۆی (٥٠٠) هەزار سەرباز (١٥٠) هەزار بە سەلامەتی دەرچوون، نزیکەی (١٧٥) هەزار سەرباز بە دیل گیران، (٣٥٠٠) زرێپۆش تێکشکێنرا، ٢ هەزار تۆپی گەورە لە ناوبرا، سوپای عێراق ٢٥٠٠ سەربازو (١٠٠٠) زرێپۆشی مایەوە ، ڕەنگە ژمارەکان زۆر ورد نەبن، بەڵام ئەوەی ئاشکرایە سوپای عێراقی توشی شکستێکی گەورە هات، (بڕوانە// الحزب الشيوعى العراقى: ازمة الخليج و لاردن، الثقافة الجديدة، العدد (١٥)، السنة ٣٨ اب، ١٩٩١، ص٧١).

(٤) لوقمان مەحۆ: دۆزی کورد لە سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکاندا، ب١، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠١٢؛ سەمانسا پاوەر: هەڵەبجەو ئەنفال، ل٧٦.

(٥) بۆ وردەکاری زیاترو هۆکارە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی ڕاپەڕین بڕوانە// ئاراس عەبدولرەحمان مستەفا: س. پ، ل١١١-٢٠٠.

(٦) ماجد الماجد: انتفاضة الشعب العراقي ١٩٩١، دار الوفاء، بيروت، ١٩٩١، ص١٠٧.

(٧) کەریم یەڵدز: کورد لە عێراق، و: شاهۆ بورهان، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٧٥.

(٨) ژیلوان عبدالله احمد: س. پ، ل١٤٩.

لە ناوچەی ڕانیە نەماندەتوانی لە هیچ شوێنێکی ترەوە هێزەکانمان بەرەو هەولێر بجوڵێنین"[1]. جگەلەوەش جیاواز لە قەزاکانی دیکە، رانیە تاکە قەزا بوو لەو سنورەدا کە تێك نەدرابێت و دانیشتوانەکەی ڕانەگوێزرابێت، بەو شێوەیە لە ڕۆژانی (٥-١٩٩١/٣/٦) شاری ڕانیەو چەمچەماڵو بازیانو ئۆردوگاکانی دەوروبەری سلێمانی لە ڕژێمی بەعس پاك کرایەوە، ئەمەش بواری هەڵهاتنی سەرباز و پیاوانی ڕژێمی لە ناو شاری سلێمانیدا نە هێشتەوە، هەر لەبەر ئەوەش بوو بەشێکی زۆریان بە دیل دەگیرێن ، ئەوانەشی بەرگرییان کرد کوژران [2].

لە ڕۆژی ٦ ئازاری ١٩٩١ بارودۆخی شاری سلێمانی ئاڵۆزی زۆری بەخۆیەوە بینی، مەفرەزەکانی ئەمن، ڕێگەیان لە ئۆتۆمبیلو پیادەش دەگرت کە بەرەو بازاڕ بڕۆن، هێزی چەکدار بە چڕی لە بازاڕی شاری سلێمانیدا بلاوەیان پێکرا، چەکی دۆشکەو بیکەسیان پێبوو، ئەو چایخانانەی کە خەڵکی زۆر ڕویان تێدەکرد لەلایەن دەزگا نهێنییەکانی دەوڵەتەوە داوایان لێکرا کە دایخەنو لەناو بازاڕدا هاتوچۆ نەکەن، هەموو پیاوانی دەوڵەتیش خرانە حاڵەتی ئامادەباشیەوە[3]. بۆ ئێوارەی هەمان ڕۆژ بە پێچەوانەی ڕۆژانی دیکەوە زۆر زووتر دوکانی بازاڕەکان داخرانو شەقامەکان چۆڵ بوون، چەندین سەربازو پۆلیس لەبەر دەرکی سەرا دەبینران کە لولەی چەکەکانیان لە شەقامەکان کردبوو ئامادەبون بۆ هەر حاڵەتێکی لە ناکاو[4]. لەگەڵ ئەوەشدا سەر لە ئێوارەی ٦ ئازار یەکەمین خۆپیشاندانی لاوان لە کۆڵانەکانو شەقامەکاندا بە شێوەی پەلاماردانو هەڵاتن دەست پێکرد، چەکدارو پۆلیسو ئەمنی حکومەت تەقەی هەواییان دەکردو بلاوەیان بە خۆپیشاندانی لاوان کردو کشانەوە بۆ ناو کۆڵانو ماڵەکانیان[5]. بۆ کۆنترۆڵکردنی بارودۆخەکە دامو دەزگاکانی حکومەتی بەعس چەندین پلانو ڕێوشوێنی تایبەتیان گرتە بەر لەوانە: هەر لە ڕۆژی ٦ ئازاری ١٩٩١، پارێزگاری سلێمانی کۆبوونەوەیەکی بە سەرۆك فەرمانگەکان کردو لە وێدا هەڕەشەی توندی کردبوو، کە ئەگەر خۆپیشاندان بکرێت ئەوا بە گوللە وەڵام دەدرێنەوە[6].

لە شەوی ٦-٧/ئازاری ١٩٩١ حکومەت بۆ کۆنترۆڵکردنی بارودۆخەکە، لەناو شارداو بە شەقامە گشتییەکاندا بە سەیارە گەڕاو بە بڵندگۆ قەدەغەکردنی هاتووچۆی ڕاگەیاند(٧)، بەڵام بە پێچەوانەی بڕیاری حکومەت تا بەیانی هەڵسوڕاوانو جەماوەری خەڵك لە جموجۆڵدا بوون سەردانی یەکتریان دەکرد، خەریکی خۆ ئامادەکردنو پەیداکردنی چەك بوون[8].

(١) ئاراس عەبدولرەحمان مستەفا: س. پ، ل٢٧٧.

(٢) ڕەشاد حسێن، د. ساجد، کاروان جەلال: سلێمانی سبەینێ زەماوەندە، ٣/٧ پانۆرامایەکی ڕۆژانی ڕاپەڕینە مەزنەکەی ئازاری ١٩٩١، (ب. ش. چ)، (ب. س. چ)، ل٤.

(٣) محەمەد فەریق حەسەن: س. پ، ل١٦١.

(٤) ڕەشاد حسێنو ئەوانی تر: س. پ، ل١٣.

(٥) مظفر محەمەدی: بزوتنەوەی شورایی لە کوردستانی عێراق، چ١، لە بلاوکراوەکانی حزبی کۆمۆنستی کرێکاری عێراق، چاپخانەو ئۆفیسێتی سەفوەت، تشرینی یەکەم ١٩٩٨، ل٩.

(٦) ڕەشاد حسێنو ئەوانی تر: س. پ، ل١٣.

(٧) عەبدولرەزاق مەرزنگ: س. پ، ل١٠٩. ؛ ڕۆژنامەی (سلێمانی نوێ)، ژمارە (٦١)، یەك شەممە، ٢٠٠٣/٣/١٦، ل٤.

(٨) مظفر محەمەدی: س. پ، ل٩.

جێی ئاماژەیە کە (ئیزگەی دەنگی گەلی کوردستان)[1]، ڕۆڵێکی بەرچاوی لە ڕاپەڕیندا هەبوو، لەمبارەیەوە ئازاد چالاك بەڕێوبەری ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستان لەوکاتەدا دەڵێت:"پێش ڕاپەڕین کاك نەوشیروان مستەفا چەندین وتارو نوسینی بە پێزی بۆ ناردین، کە تایبەت بو بە زانیاری لەسەر سوپای عێراق و ژمارەو جۆری چەك و شوێنە گرنگەکانیان، داوای لێکردین کە ئامادەبین بۆ ڕاپەڕین و وتاری حەماسی لە ڕادیۆوە بخوێنینەوەو هانی جەماوەر بدەین بۆ ڕاپەڕین و ورەیان بەرز بکەینەوە، بۆ ئەو مەبەستەش دەستمان کرد بە ئامادەکردنی مارشی سەربازی و هاندانی جەماوەر بۆ ڕاپەڕین"[2].

ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستان بەردەوام جەماوەرو شانە چەکدارەکانی ناوشاری سلێمانی ئاگادار دەکردەوەو بانگەوازی دەکردو دەیووت (لە زمناکۆوە بۆ ئازاد ۱۷۲۰. . . ۷ی مانگ زەماوەند بکەن ئێمەش دەگەینە لاتان)[3]، جگەلەوەش ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستان بانگەوازی بۆ کۆمەلانی خەلکی کوردستان کرد، داوای ڕێکخستنی ڕیزەکانیانی دەکرد، داوای لە چەکدارانی ڕژێمی بەعس دەکرد کە بەرگری نەکەن و خۆیان بە دەستەوە بدەن و لەبەرامبەردا گیانیان پارێزراوە، لەگەڵ ئەوەش بانگەوازی ئاشتبوونەوەو لێبوردنی چەکدارانی سوپای عێراق چەندجارێك بە زمانی عەرەبی و کوردی خوێندرایەوە[4].

لەپاڵ ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستان کە زمانحاڵی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بوو، (دەنگی کوردستانیش) کە زمانحاڵی (پ. د. ك) بوو لە پێش ڕاپەڕین لە ڕێگەی ئەو وتارانەی کە بلاوی دەکردەوە، کە تایبەت بوو بە تاوانەکانی ڕژێمی بەعس دەوری خۆی هەبووە[5]، بەلام لە کاتی ڕاپەڕیندا ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستان سەرکەوتووترین ڕۆڵی بینی لە هەموو ڕادیۆکانی دیکە چالاکتر بووە، زۆرترین گوێگری هەبوو[6]، ئەو کەسانەی کە لە ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستان جۆش وخرۆشیان بەبەر خەلکدا دەکردو جەماوەریان بۆ ڕاپەڕین هاندەدا، بریتی بوون لە (باست حەمەغەریب، شوان کابان، چیاو چالاك، زێرەڤان) ئەمانە وەك بێژەر کاریان دەکردو وتارو هەواڵ و بانگەوازەکانیان بە زمانی کوردی و عەرەبی و تورکمانی دەخوێندەوە، هەریەك لە ئازاد

---

(١) ئیزگەی دەنگی گەلی کوردستان لە ڕێگای قاچاخچییەکی یوغسلاڤیەوە دەکڕێت و دەگەیەنرێتە ولاتی سوریا، دواتر لە ١٩٧٦/١٠/٢ لەلایەن سەید مرسل هەولێرییەوە دەگوازرێتەوە بۆ کوردستان، بۆ یەکەمجار لە ١٩٧٩/٣/٢١ بەرنامەکانی خۆی بەناوی (ئیزگەی دەنگی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان) بلاوکردەوە، ئەوانەی ئەوکات کاریان تێدا دەکرد، هەریەکە لە مامۆستا جەعفەرو پشکۆ سەعید ناکام و مامۆستا موحسین و فەرید ئەسەسەردو هۆشیار عابد بون)، لە ١٩٨٠/٨/١، بەرنامەکانی بەناوی دەنگی شۆڕشی عێراق بلاودەکردەوە، دواتر بەناوی (دەنگی گەلی عێراق)، لە ساڵی ١٩٨٥ لەسەر بڕیاری سەرکردایەتی یەکێتی بەرنامەکانی بەناوی (ئیزگەی دەنگی گەلی کوردستان) بلاوکردەوە، لەبەر بارودۆخی نالەبار ئەم ئیزگەیە چەندین جار جێگاکەی گۆڕاوە، وەك گوندی نۆکان، توژەڵەو دۆڵی جافایەتی، لە دوای پاشەکشەی هێزی پێشمەرگە بۆ سنوری ئێران لە ماوەی ١٩٨٨-١٩٩١، لە شاری سەقز لە ئێران دانراو بەردەوام بووە. (بڕوانە، ئەرسەلان بایز: ڕاگەیاندنی شۆڕش و بزوتنەوەی شیعری کوردی، سلێمانی، ٢٠٠١، ل١٢٨- ١٢٩. ؛ ئەمیر نامیق عەبدوڵلا: ڕادیۆو تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان، لە بلاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٢٩-٤١ ).

(٢) بەرنامەی ڕوداو و مێژوو: ئامادەکردن و پێشکەش کردنی فەیسەڵ محەمەد، کەناڵی Nrt، لە ٢٠١٦/٣/٦، بلاوکراوەتەوە.

(٣) ئاراس عەبدولرەحمان مستەفا: س. پ، ل٣٠٦-٣٠٧.

(٤) ئازاد چالاك: ڕۆڵی ئیستگەی دەنگی گەلی کوردستان، ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، ژمارە (٣٣٥)، ١٩٩٣/٣/٨.

(٥) بارزان مەلا خالید: گوێزدەی ئێزگەی دەنگی کوردستان، ڕۆژنامەی (برایەتی)، ژمارە (١٨٩٤)، ساڵی ١٩٩٤.

(٦) سەرکەوت: دور اذاعة صوت شعب کردستان في الانتفاضة، گۆڤاری (سەرهەڵدان)، ژمارە (٢)، ١٩٩٣، ل٨٥ . ؛ شەوکەتی حاجی حاجی موشیر: چیۆەڕۆ. . . س. پ، ل١١.

جونديانی، مامۆستا عەبدولرەحمان، عەباس بەدری، مەحمود ڕەزا) وەك نوسەرو داڕێژەری هەواڵ كاريان تێدا دەكردو ڕۆڵی بەرچاويان هەبوو، ئەوانەی لە بەشی هونەری ئەو ڕادیۆيە كاريان دەكرد (ڕێدار، بەختيار، مامۆستا محسن، كرمانج و پشتيوان زبێر) بون[1].

سەبارەت بە ئامادەكاری و جموجۆڵی ڕێكخستنەكانی حزب و پارتەكان پێش ڕاپەڕين، لە شاری سلێمانيدا هەر لايەنەو بە پێی توانا و قەبارەی خۆی ئامادەكاری بۆ ١٩٩١/٣/٧ كردبوو، سەبارەت بە يەكێتی نيشتيمانی كوردستان، سەرەڕای دەستگيركردنی بەشێكی زۆر لە ئەندامانی ڕێكخستنەكانی، بەڵام جارێكی تر توانيان خۆيان ڕێكبخەنەوەو درێژە بەكارەكانيان بدەن، لێپرسراوی يەكەمی ڕێكخستنەكانی (ی. ن. ك) پێش ڕاپەڕين لە شاری سلێمانيدا هەر يەكە لە (ئاكۆ محەمەد وەهبی و خاليد ڕەزا) بون، كارەكانيان لە ڕێكخراوی سلێمانی هەڵدەسوڕاند، جگەلە پەيوەندی كردن بە سەرۆك جاشەكان و چەكدارەكانی سەر بە حكومەت، چەندين شانەی چەكداريان لە ناو شاری سلێمانی دروستكردبوو بەناوی (شالأو)، شانەكان لەلايەن هەر يەكە لە (حەمە نوری، ئەحمەدحەمە ڕەشيد) سەرپەرشتی دەكران[2]، هەر لەو ماوەيەدا چەندين پەخشكراويان بۆ ئەندامان ناردووە، تێدا چۆنيەتی دەست بەسەرداگرتنی دامەزراوەكانی ڕژێم و پاراستنی بەڵگەنامەكان ڕوون كراونەتەوە[3].

لە ١٩٩١/٣/٦ (كاوەی مامە عەبە) لە ژێر ناوی نهێنی (ستەم) نوسراوێكی بۆ نەوشيروان مستەفا ناردووە بە نازناوی (مەولود) تێدا زۆر بە وردی شوێنی بارەگاكانی حزبی بەعس و جەيشی شەعبی و هەمو ئەو مەفرەزانەی بەعسی كە بە ناو شاردا دەگەڕان بۆ ترساندنی خەڵك خستبووە ڕوو، هەر لە نووسراوەكەدا هاتووە :"(هێزەكانی ئێمە) ئامادەن بۆ ڕاپەڕين، پەيوەنديان بە هەموو بنكەكانی پۆليسەوە كردووە، هێزەكانی ڕژێم تۆقيون و ناوێرن هيچ بكەن، تەنها ئەوەندە نەبێ بەرگری لە خۆيان بكەن، دڵنيابن هەمومان شەهيد بين كەمە لە پێناوی سەركەوتنی يەكجارەكی ڕاپەڕينداو هەمومان وەك سەركردەكانمان دروشمی گەورەو هەميشەی كەم ژيان و كەڵ ژيانمان هەڵبژاردووە"[4].

جگەلە ڕێكخراوی سلێمانی، هێڵەكەی ديكەی ڕێكخستن كە (جەمال شێخ نوری) سەرپەرشتی دەكرد خەريكی خۆ ئامادەكردن بون بۆ ڕۆژی ١٩٩١/٣/٧، هەوڵياندا‌وە كە كەس‌وكاری شەهيدان و خەڵكی شۆڕشگێڕی شاری سلێمانی كۆبكەنەوەو پەيوەنديشيان بە شانە چەكدارەكانەوە كردووە بۆ ڕۆژی ڕاپەڕين[5]. سەرەڕای ئەوەش يەكێتی شۆڕشگێڕانيش، كە ڕێكخراوی تايبەت بە خۆيان هەبوو، تەواوی ئەندامەكانی خۆيان خستوەتە حاڵەتی ئامادە باشييەوە، بەماوەيەك پێش ڕاپەڕين، بە دوو نوسراوی جياواز يەكێكيان لە ڕێكەوتی (١٩٩٠/١١/٢٢) ئاڕاستەی ڕێكخستنەكانی شۆڕشگێڕان كراوە لە ناو شاری سلێمانی، داوا دەكات كە ڕێكخستەكانيان فراوان بكەن و پەيوەندی بە پياوانی ڕژێم و جاشەكانەوە بكەن و ئامادەيان بكەن بۆ كاتی پێويست، هەر لەو نوسراوەدا باس لەوەكراوە كە ڕەنگە بارودۆخی عێراق بەرەوە شڵەژان بڕوات، بۆيە داوا لە ڕێكخستەكان دەكات كە خۆيان بەهێز و ئامادە بكەن، لە نوسراوێكی تردا كە لە ڕێكەوتی(١٩٩١/٢/١٥) كە

---

(١) چاوپێكەوتنی كوردستانی نوێ (ڕۆژنامە) لەگەڵ باست حەمە غەريب، ژمارە (٤٧)، پێنج شەممە، ١٩٩٢/٣/١٩ . ؛ ڕۆژنامەی كوردستانی نوێ، (١٢٣٢)، ١٩٩١/٣/٧.

(٢) چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ (ئاكۆ محمد وەهبی)، سلێمانی، ٢٠١٧/٥/٢.

(٣) بۆ زانياری زياتر لەسەر ناوەڕۆكی ئەو پەخشكراوانەی كە ئاڕاستەی ڕێكخستنەكان كراوە بڕوانە// پاشكۆی ژمارە (٢٣).

(٤) وەرگيراوە لە ئاراس عەبدولرەحمان مستەفا: س. پ، ل٣٠٨-٣٠٩.

(٥) جەمال شێخ نوری: وێرانكاری. . . س. پ، ل١٥٦.

ئاڕاستەی ڕێکخراوی (١٧ی زمناكۆ)ی شۆڕشگێڕان کراوە، لەو نوسراوەدا چەندین ڕێنمایی بۆ ڕێکخستنەکان نێردراوە سەبارەت بە ئامادەکاری بۆ ڕاپەڕین ، ڕای گەیاندووە تۆڵە سەندنەوە قەدەغەیە، تالأنکردن قەدەغەیە، دەست بردن بۆ فەرمانگە حکومییەکان قەدەغەیە(١)، لە دوای ئەو نوسراوانەش ڕێکخستنەکانی شۆڕش گێران چەندین کۆبونەوەیان ئەنجام داوە و ئەندامەکانیان لە ڕوودانی ڕاپەڕین ئاگادار کردووەتەوە و بەرنامەی خۆیان داناوە، لە ڕۆژی ١٩٩١/٣/٧ دا لە پاڵ ڕێکخستنەکانی دیکە و شانە چەکدارەکانی ناو شاردا لە ئازادکردنی شاری سلێمانیدا بەشدار بوون(٢)، تەنانەت ڕێکخستنەکانی شۆڕشگێران لەڕاپەڕین و ئازادکردنی ناوچەکانی دەوروبەری سلێمانیشدا بەشدار بوون، لە ئازادکردنی (بەکرەجۆ) و دەستبەسەردا گرتنی سەربازگەی (عەینە)دا ڕۆڵی دیاریان هەبووە(٣).

(ی. ن. ك) بەرنامەیەکی چڕو ئامادەکارییەکی تەواوی بۆ ڕۆژی ڕاپەڕین کردبوو، سەرجەم ڕێکخستنەکانی ناو شار ئاگادارکرابونەوە و ئامادەکرابوون بۆ ڕۆژی ڕاپەڕین، لەم نێوەندەدا ژنانی ئەندام لە ڕێکخستنەکانی ناوشاردا، ڕۆڵی بەرچاویان گێڕاوە شان بەشانی پیاوان و پێشمەرگەکان بەشداربوون لە پێش ڕاپەڕین و لە ڕۆژی ڕاپەڕینیشدا، هەر لە دەستنیشانکردنی شوێنەگرنگەکانی ڕژێم لە ناو شار و چارەسەرکردنی بریندارن لە ڕۆژی ڕاپەڕیندا، ئامادەکردنی خۆراك و هاوکاری کردنی پێشمەرگە(٤). لەلایەکی دیکەوە (حسك) یش جگەلە ڕێکخستنەکانی ناو شاری سلێمانی لە ١٩٩١/٢/٢٤ (جەلال حەمە ڕەشید) بە مەفرەزەیەکەوە دەنێرێتەوە ناو شاری سلێمانی بۆ چاودێریکردنی بارودۆخەکەو ئامادەکار بۆ ڕاپەڕین(٥). حزبی شیوعی عێراقیش شانە چەکدارەکانی بۆ کاتی ڕاپەڕین ئامادەکرد بوو، هەروەها پەیوەندی لە نێوان (حشع) و (ی. ن. ك) هەبوو ئامادەبوون بۆ ڕاپەڕین(٦). بە ماوەیەکی کەمیش پێش ڕاپەڕین (ڕەوتی کۆمۆنیست) شانەی چەکدارو کۆمیتەی ڕاپەڕینی لە شاری سلێمانیدا دروست کردبو، لە گەڕەکەکانی شاری سلێمانی کۆمیتەی ڕاپەڕین پێکهێنرابوو، لەوانە: گەڕەکی (خەبات، سەرشەقام، گۆیژە، هەوارەبەرزە، مەجیدبەگ، شێخ محێدین، سەرکارێز، گاوران،

---

(١ ) بۆ ناوەڕۆکی تەواوی ئەو دوو نوسراوەی شۆڕشگێڕان کە ئاڕاستەی ڕێکخستنەکانی ناو شاری سلێمانی کراوە، بڕوانە پاشکۆی پاشکۆی ژمارە(٢٤).

(٢)چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(ڕەوف حەسەن مەمەند)، سلێمانی، ٢٠١٨/٤/٢٦. ناوبراو لە ساڵی ١٩٦٩ لە سلێمانی لە دایك بووە، خوێندی سەرەتایی و ئامادەی لە سلێمانی تەواوکردووە، ساڵی ١٩٨٩ پەیمانگای پیشەی بەشی ئۆتۆمبێلی لە موسڵ تەواو کردووە، لە ساڵی هەشتاکانەوە پەیوەندی بە (ی. ن. ك)ەوە کردووە لە باڵی یەکێتی شۆڕشگێڕان کاری کردووە، چەند پلەیەکی حزبی بڕیوە، لە ساڵی ٢٠١١-٢٠١٥ کۆلێژی یاسای تەواو کردووە، ئیستا عەمیدی ماڤپەروەر و بەڕیوەبەری نوسینگەی پاسپۆرتی یەکی سلێمانییە، دانیشتوی شاری سلێمانیە.

(٣) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(عەبدوڵڵا محەمەد ڕەسوڵ) ناسراو بە (عەبدوڵڵا سور)، سلێمانی، ٢٠١٨/٤/٢٧. ناو براو لە ساڵی ١٩٤٧ لە گوندی تۆربە لە دایك بووە، لە تەمەنی لاوێتیدا پەیوەندی بە پارتی دیموکراتەوە کردووە، لە ساڵی ١٩٧٧ ەوە پەیوەندی بە (ی. ن. ك) باڵی شۆڕشگێڕانەوە کردووە، لە ساڵی ١٩٨١ ەوە بووە بە پێشمەرگە، لە ساڵی ١٩٨٩ەوە بۆکاری ڕێکخستن نێردراوەتەوە بۆ شاری سلێمانی ، لە ڕاپەڕیندا بەشداری کردووە.

(٤ )کەناڵی گەلی کوردستان:بەرنامەی تایبەت بە یادی ٢٥ ساڵەی ڕاپەڕینی شاری سلێمانی، ئامادەکردنی، سامان حەمە غەریب و هۆشمەند قادر هەورامانی، پێشکەشکردنی، سامان حەمە غەریب و شنیار سەلام، وەرگیراوە لە ئەرشیفی کەناڵی گەلی کوردستان(پارێزراوە لای توێژەر).

(٥) محەمەدی حاجی مەحمود: ڕۆژمێری. . . س. پ، ل٢٦٨.

(٦) چاوپێکەوتن توێژەر لەگەڵ (دلێر جەلال)، سلێمانی، ٢٠١٧/٥/٢٤ . ؛ دلێر جەلال ئەحمەد: چەند ڕاستیەك لە مێژووی ڕاپەڕینەکەی ١٩٩١، ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، ژمارە (٦٧٤)، ساڵی یەکەم، یەك شەممە، ١٩٩٤/٥/١، ل٥.

ئیبراهیم پاشا)، دەستیان کرد بە کۆکردنەوەی چەك و تەقەمەنی و ئامادەکاری بۆ ڕۆژی ڕاپەڕین[١]. لەگەڵ ئەوانەشدا ڕێکخستنەکانی (پ. د. ك)و بزوتنەوەی ئیسلامی شانە چەکدارەکانیان لە ناو شاری سلێمانیدا ئامادەکرابون، بۆ ڕۆژی ڕاپەڕین و لە ڕۆژی ١٩٩١/٣/٧ بەشداریان لە ڕاپەڕینی شاری سلێمانیدا کرد[٢].

دوای ئامادەکاری ڕێکخستن و شانە چەکدارەکانی سەرجەم حزب و لایەنەکان ڕۆژی ١٩٩١/٣/٧ ڕاپەڕین لە هەموو لایەکەوە لە شاری سلێمانیەوە دەستی پێکرد، پێشتریش شانە چەکدارەکانی (شالاو) و سوپای ڕزگاری کوردستان (سرك) پلانی ئازادکردنی سەرجەم گەڕەك و شەقامەکانی سلێمانی دادەنێن، شارەکە دابەش دەکەن بەسەر سێ قۆڵدا:

**قۆڵی یەکەم:** گەڕەکی سەرشەقام، سابونکەران، خەبات، چوارباخ، سەرکارێز، گاوران، گردی سەیوان.

**قۆڵی دووەم:** گەڕەکەکانی دور الامن، کارێزەوشك، مەجیدبەگ، مامۆستایان، توی مەلیك، گۆیژە، کانێسکان، مەڵکەندی، هەوارەبەرزە، ئیسکان، ئازادی نیشتیمان.

**قۆڵی سێیەم:** گەڕەکەکانی شێخ محێدین، کارەباکە، بەختیاری، شەهیدانی سەرچنار، زەرگەتە، رعایە شەباب، گەڕەکی معمل(٣).

بەمشێوەیە، شاری سلێمانی بەسەر سێ قۆڵدا دابەشکراو بەرەبەیانی ١٩٩١/٣/٧ کاتژمێر ٧ی سەرلەبەیانی ڕاپەڕین لە فولکەی دەستاڕەکەوە دەستی پێکرد، لەمبارەیەوە (محەمەد فەریق حەسەن) دەنوسێت: "کاتژمێر (٧، ١٥) خولەکی بەیانی ڕۆژی ١٩٩١/٣/٧، (دڵشاد کوێستانی) شاعیرو هونەرمەندی شێوەکار گەیشتە دەستاڕەکەو هەندێك لاو لەوێبوون، خۆیان دابووە پەنا، هەندێکیان بێ چەك بوون و هەندێکی تریشیان چەکیان پێ بوو، کاتێ دڵشاد کوێستانی گەیشتە ئەوێ ئەو فەزایەی پڕ لە شعری شۆڕشگێڕی کرد، داوای لە کچان و کوڕانی گەڕەك کرد بڕژێنە سەر شەقام، هەر خۆشی نەوتی پەیداکردو هەرچی تایە هەبوو ئاگری تێبەردا، دواتر لاوەکانی دوای خۆی خستو بە گوتنەوەی شیعرو سرودو هوتافەوە دەیان لاو سەرەو ژوور بە ڕێکەوتن، لە لایەن هێزەکانی حکومەتەوە تەقەیان لێکراو وەڵامیان درایەوە، بەمشێوەیە ڕاپەڕین لە سلێمانی دەستی پێکرد"[٤]، بەڵام (ئازادە ڕەش) دەڵێت: "دوای چەك کردنی چەکدارێکی جەیشی شەعبی من دوو فیشەکم تەقاندو سەرجەم شانە چەکدارەکان گەیشتنە ئەو شوێنانەی بۆیان دیاریکرابوو، ئەوەبو ڕاپەڕین و پەلاماردان بۆ سەر دام و دەزگاکانی حکومەتی بەعس لە دەستاڕەکەوە دەستی پێکرد"[٥].

لەگەڵ ئەوەشدا (جەمال شێخ نوری) ناوی چەندین کەسی دیکە دەهێنێت کە بەرەبەیانی ١٩٩١/٣/٧ لە دەستاڕەکە بەچاوی خۆی بینیونی[٦].

---

(١) مظفر محەمەدی: س. پ، ل٨.

(٢) چاوپێکەوتن توێژەر لەگەڵ (عەبدولرەحمان سەنگاوی)، سلێمانی، ٢٠١٧/٥/٢٢.

(٣) ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، ژمارە (٣٧)، یەك شەممە، ١٩٩٢/٣/٨

(٤) محەمەد فەریق حەسەن: س. پ، ل١٦٦-١٦٧.

(٥) ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، ژمارە (٢٣٩٦)، یەك شەممە، ٢٠٠١/٣/٨؛ ڕەشاد حسێن و ئەوانی تر: س. پ، ل٥٦.

(٦) ئەوانیش (یاسین سالەی کەریمان، وەهابە خرە، بەکری قەساب، دڵشاد شێخ کەمال"کە هەر بەیانییەکەی شەهید بوو"، شوان فەرەج ناسراو بە شوانە ڕەش، بەکر دەرویش ناسراو بە "بەکرە کەڕ"، وەستا نامیق، زاهیر حەجۆل، یاسین ڕەزا، لوقمان خانەقینی، وشیار حسن). (بڕوانە// جەمال شێخ نوری: وێرانکاری. . . . س. پ، ل١٥٦-١٥٧).

شەڕ لە دەستارەکەوە دەستپێدەکات، لە چەند لایەکەوە تەقە لە ڕاپەڕیوان دەکراو وەڵام دەدرانەوە، کێشەی جەماوەری ڕاپەڕیو و شانە چەکدارەکان، کەمی چەك‌و تەقەمەنی بوو، بەڵام ئەوەش بەوە چارەسەر دەکرا هەر ماڵێکی جەیشی شەعبی‌و سەرۆك جاشێك شك ببرایە دەچوونە سەری‌و داوای فیشەك‌و چەکیان لێدەکرد، هەندێکیان هاوکاریان دەکرد و هەندێکیان بەدەم داواکاری ڕاپەڕیوانەوە نەدەچوون [١]. دوای ئەوەی خەڵك پەلاماری ماڵی جاش و سەر ۆك جاشەکانی دا بۆ دەستکەوتنی چەك، چەکێکی زۆر کەوتە دەست جەماوەرو پەلاماردانی دام‌و دەزگاکانی حکومەتی بەعس دەستی پێکرد[٢]، بەو شێوەیە یەکەمین شوێن کە ئازادکرا بنکەی پۆلیسی سەرکارێز بوو[٣]، جێی ئاماژەیە لە هەندێك بنکەو بارەگای حکومەتی بەعس بەرگری نەکراو بەبێ شەڕ خۆیاندا بەدەست جەماوەری ڕاپەڕیوەوە، لەوانە:- ( بنکەی پۆلیسی سەر شەقام، بنکەی پۆلیسی سەهۆڵەکە، بنکەی پۆلیسی ئازادی)[٤].

بەڵام ئەمە بە مانای ئەوە نایەت کە حکومەتی بەعس دەستەوەستان بووەو هیچ هێرشێکی بۆ سەر جەماوەر ئەنجام نەداوە، بەڵکو هەر لە کاتژمێر ٧ ی بەیانییەوە لە چوار قۆڵەوە هێرشی بۆسەر جەماوەری ڕاپەڕیو دەستپێکرد، لەسەر کارێزەوە بۆ نەخۆشخانەی خەبات‌و لە دواناوەندی کوردستانەوە بەرەو فولکەی دەستارەکەو لە فولکەی خانەقاوە بەرەو سەرشەقام‌و لە فلکەی نێرگزەکەوە بەرەو دەستارەکە، هێرشەکە بە چەکی قورس‌و زرێپۆش‌و دۆشکەو سەدان سەربازو پیاوی ڕژێمی بەعس بەڕێوەچوو، شەڕەکە بۆ ماوەی (٢) کاتژمێر بەردەوام بوو، لەو شەڕەدا (ڕائد عەدنان) لێپرسراوی هێزەکانی فریاکەوتن‌و (١٣) چەکداری تری ڕژێم کوژران‌و بەعس پاشەکشەیان کرد[٥]. لە هەمان کاتدا لە ناوچەکانی دیکەوە لە هەموو گەڕەکەکانی شاری سلێمانی جەماوەرو ڕێکخستنەکان‌و شانە چەکدارەکان ڕاپەڕین، لە گەڕەکەکانی هەوارە بەرزەو توی مەلیك بۆ خوارەوە، لە ئازادی‌و برایم پاشا بۆ ناو بازاڕ، لە سەرچنارو بەختیارییەوە بۆ قولایی شار، لە ڕزگارییەوە بۆ پارێزگا[٦]، لە زەرگەتەشەوە زەرگەتەشەوە بۆ بەختیاری‌و مەعسکەر سارداو کارێزەوشك[٧]. لە خەباتیشەوە بۆ زێرینۆك‌و قرگەو ناوچەکانی دەوروبەری سلێمانی[٨]، بەوشێوەیە لە ماوەیەکی کەمدا ئەو شوێنانەی کەوتنە دەست جەماوەرو کۆنترۆڵکران، بریتی بوون لە (بنکەی پۆلیسی سەرکارێز، ڕوبەڕوبوونەوەی تاوان، پۆلیسی ئیسکان، تەجنید، دیفاعی مەدەنی، بەندینخانە، سەراو پۆلیسخانە)، ئەمانە پێشنیوەڕۆ کۆنترۆڵکران، دوای نیوەڕۆش (حامیە(پارکی ئازادی ئێستا)و نەخۆشخانەی سەربازی) دەستی بەسەردا گیرا، هەتا نزیك عەسر ئەو شوێنانەی کە بەرگریان دەکرد (بینای حەسیب ساڵح-لەسەر شەقامی سالم، شعبەی ئەنفالی حزبی بەعس-لە گەڕەکی بەختیاری، شعبەی حطین-لەسەر

---

(١) جەمال شێخ نوری: وێرانکاری. . . . س. پ، ل١٥٦-١٥٧.

(٢) بێ ناوی نووسەر: بەڵگەنامە لە ڕاپەڕینەکانی کوردستانەوە، گۆڤاری (یەکگرتن)، ژمارە (١٣)، ساڵی ١٩٩٢، ل٣٤.

(٣) مەلا شاخی:ڕاپەڕین‌وڕزگارکردنی کەرکوك (نوسین‌و بیرەوەری)، چ٢، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، ٢٠١٢، ل٣٩.

(٤) هۆکاری خۆ بەدەستەوەدانی ئەو بنکانە ئەوە بوو کە پێشتر ڕێکخستنەکان و هێزی پێشمەرگە پەیوەندیان بە لێپرسراوەکانیانەوە کرد بوو، کە لەکاتی ڕاپەڕین بێ لایەن بن‌و تەقە لە ڕاپەڕیوان نەکەن، هەندێکیشیان سەر بە ڕێکخستنەکان نەبوون، لەگەڵ ئەوەشدا هاوکاری جەماوەر و خەڵکی ڕاپەڕیویان کرد، لەوانە (مقدم نجم الدين شێخ قادر) کە بەرپرسی بنکەی پۆلیسی سەرشەقام بوو، (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە// جەمال شێخ نوری: وێرانکاری. . . س. پ، ل١٥٨-١٥٩).

(٥) ڕەشاد حسێن‌و ئەوانی تر: س. پ، ل٥٧.

(٦) عەبدولڕەزاق مەرزنگ: س. پ، ل١١٠.

(٧) پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ (خەرمان محەمەد ڕەسوڵ)، ئەڵمانیا ،٢٠١٧/٨/١٠.

(٨) مەلا شاخی: س. پ، ل٣٩.

شەقامی سالم(شوێنی مەڵبەند (١)ی یەکێتی ئیستا) لەگەڵ (دائیرەی ئەمنی سلێمانی)، بەڵام ئەوانیش تا دوای عەسر کۆنترۆڵکران[١].

جگە لە ناو شاری سلێمانی پلان بۆ ناوچەکانی بەکرەجۆو قادسیە (ڕاپەڕین) دانرابو، ئەرکەکەش بە شانە چەکدارەکانی (شەهید شوکر)ی سەر بە ڕێکخستنەکانی (ی. ن. ك) سپێردرابوو، ئەوانیش بە پلانێکی تۆکمەو دوای ئازادکردنی گەڕەکی زەرگەتەو (قوتابخانەی سەرکردەی سەرەتایی تێکەڵ) کە بنکەی جەیشی شەعبی لێبوو، ڕویان لە ناوچەکانی بەکرەجۆو قادسیە (ڕاپەڕین) کردو لە ماوەیەکی کەمدا کۆنترۆڵکرا، ئەم شانەیە لەلایەن (قادری حاجی کەریم) سەرپەرشتی دەکرا[٢]، لە هەمان کاتدا سەرچناریش دوای بەرگرییەکی کەم ئازادکرا، دوا شوێن لە سەرچنار ئوتێل ئەبو سەنا بو، کە لەوێوە تەقە لە جەماوەری ڕاپەڕیو دەکرا، بەڵام ئەویش لە کاتژمێر (١٠:٣٠) سەرلەبەیانی ئازادکرا[٣].

بەمشێوەیە، تەواوی شاری سلێمانی ئازادکراو تەنها شوێن کە مابۆوە (ئەمنە سورەکە) بو، لە ١٩٩١/٣/٨ هێرش بۆسەر ئەمنە سورەکە دەستی پێکرد، هەرچی ئەمن‌و ئیستیخبارات‌و پیاوی بەعس‌و لێپرسراوە گەورەکانی حکومەت‌و حزبی بەعس لە ئەمنە سورەکە کۆببونەوە، لە ناویاندا بەڕێوبەری ئەمنی سلێمانی (عەقید خلف عبد احمد الحديثي)و پارێزگاری سلێمانی بوون، بۆیە بەرگرییەکی قورس‌و شەڕی مان‌و نەمانیان دەکرد[٤]، دەکرد[٤]، ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستانیش داوای لە جەماوەر دەکرد کە بەرگری بکەن هەتا بە تالیۆنی (٧) دەگەنە لاتان[٥]، پاش گەیشتنی هێزی پێشمەرگەی (ی. ن. ك)و (حسك)و (پ. د. ك)و (حشع)و بە هاوکاری جەماوەری ڕاپەڕیو و شانە چەکدارەکان و ڕێکخستن، توانرا تا نزیك ئێوارە ئەمنە سورەکە ئازاد بکرێت[٦]. بەشداری و ڕۆڵی جەماوەری شاری سلێمانی پشکی شێریان بەردەکەوێت لە ئازادکردنی تەواوی شارەکەدا، بە جۆرێك سەرتاپای دانیشتوانی شار لە ڕۆژەدا ڕژابونە سەرشەقام و پەلاماری بنکە و بارەگاکانی ڕژێمی بەعسیان دەدا، هەندێك لە ماڵەکان خۆبەخشانە کرابون بە بنکەی چارەسەری بریندارا، بۆ نمونە ماڵی(د. فوئاد بابان)، کە لە پشت بینای ئەمنە سورەکەبوو، چەندین بریندار لەوێدا چارەسەری سەرەتاییان بۆ ئەنجامدراوە پێش ئەوەی ڕەوانـــــــــــــەی نەخۆشـــــــــــــخانە بکـــــــــــــرێن[٧].

لە گرتنی ئەمنە سورەکەدا، نزیکەی (٣١٠) کەس لە پیاوانی ڕژێمی بەعس کوژران[٨]، کە پارێزگاری سلێمانی و

---

(١) لاوك: چۆن باستیلی سلێمانی کۆتایی هات، ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، ژمارە (٣٧)، ساڵی یەکەم، یەك شەممە، ١٩٩٢/٣/٨.

(٢) قادر حاجی کەریم قەرەداغی: یادێك لە سایەی خەباتدا، چ١، چاپخانەی حەمدی، ٢٠١٣، ل٩٢-٩٦.

(٣) هەڤاڵ ئەبوبەکر هەڵەبجەیی: ڕاپەڕین‌و ڕزگارکردنی هاوینەهەواری سەرچنار، ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، ژمارە (٤١)، ساڵی یەکەم، پێنج شەممە، ١٩٩٢/٣/١٢.

(٤) عەبدولرەزاق مەرزنگ: س. پ، ل١١٠-١١١.

(٥) محەمەد فەریق حەسەن: س. پ، ل١٦٤-١٦٥.

(٦) شەوکەت حاجی موشیر: س. پ، ل٥١؛ هۆشیار جاف‌و سامان مەحمود دەروێش: ڕاپەڕین لە ویژدانی پێشمەرگەدا، ڕاگەیاندنی ڕاگەیاندنی لقی چواری پارتی دیموکراتی کوردستان، (ب. ش. چ)، ١٩٩٣، ل١٤.

(٧ ) کەناڵی گەلی کوردستان:س. پ.

(٨) کریس کۆچێرا: س. پ، ل١٠٦ . ؛ ( بۆ ناوی تەواوی ئەو بەعسیانەی کە لە ڕۆژی ٧و١٩٩١/٣/٨ لە شاری سلێمانیدا کوژراون، کوژراون، بڕوانە: الوقائع العراقية، العدد (٣٤٣١)، ١٩٩٢/١١/١٩، لێرەدا ئاماژە بە ناوی سیانیان‌و پلەی حزبیان‌و کاتی کوژرانیان کراوە).

بەڕێوبەری ئەمنی سلێمانی و لێپرسراوانی دیکەی حزبی بەعس لە نێو کوژراوەکاندا بون[١]، بە ئازادکردنی ئەمنە سورەکە سەرجەم ئەو زیندانیانەی کە لە نێویدا زیندانی بون، ئازادکران کە زیاد لە (١٣٠) زیندانی بون[٢]. جێی ئاماژەیە لە ئازادکردنی شاری سلێمانیدا نزیکەی (٥٥) کەس لە هاوڵاتیانی شارەکە کوژراو، زیاد لە (٥٠٠) کەسیش بریندار بون[٣].

ئازادکردنی شاری سلێمانی گرنگییەکی ستراتیژی گەورەی هەبوو لەبەرئەوەی:

١. پرۆسەی ڕاپەڕینی لە مەترسی شکان و لە باربردن دورخستەوە.
٢. ڕەوتی ڕاپەڕینەکەی لە بازنەیەکی تەسکدا بەزاندو بەرەیەکی دیکەی دژ بە ڕژێم کردەوە.
٣. هانی شارەکانی دیکەی دا بۆ ڕاپەڕین و ورەی جەماوەری بەرزکردەوە.
٤. ئازادکردنی شاری سلێمانی ڕژێمی بەعسی بێ هیوا کردو توشی سەرلێشێواوی بوو[٤].

بەگشتی ڕاپەڕینی شاری سلێمانی هەرچەندە ڕێکخستن و شانە چەکدارەکانی حزب و لایەنەکان بەشداربوون و ڕۆڵی بەرچاویان تێدا هەبوو، بەلاّم پشکی شێر لەم ڕوداوە مێژوویەدا بەر جەماوەرو خەڵکی کوردستان دەکەوێت، بەشێوەیەك دەوری جەماوەر وای لە هەندێك لە سەرکردەکانی حزبەکان کردووە بڵێن:"ڕاپەڕین بە شێوەیەکی گشتی ڕاپەڕینێکی خۆڕسکی جەماوەری دژی فاشی بوو"[٥].

**دووەم: کۆڕەو:**

دوای ئازادکردنی تەواوی شارو شارۆچکەکانی باشوری کوردستان لە دەست حکومەتی عێراق، بە شاری کەرکوکیشەوە[٦]، بەلاّم کەرکوك بووە خاڵی نێگەتیڤ لە پرۆسەی ڕاپەڕیندا[٧]، لەبەرئەوەی نەتوانرا بە تەواوی کۆنترۆڵ بکرێ و (سەربازگەی خالید)[٨]، لەدەست حکومەتی عێراق مایەوەو کۆنترۆڵ نەکرا، لێرەوە شکستی ڕاپەڕین دەستی پێکردو لە ٢٨ ئاداری ١٩٩١ هێرشی ڕژێمی بەعس لە هەموو قۆڵەکانەوە بۆسەر هێزەکانی کورد دەستی پێکرد، حکومەت شارەکەی دایە بەر تۆپ، سوپای گاردی کۆماری و فڕۆکەو تانك و زرێپۆشی بەکارهێنا،

---

(١) بۆ ناوی بەرپرسە بەعسییەکان( بڕوانە// شەوکەتی حاجی موشیر: س. پ، ل٥٢. ؛ ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، ژمارە (٣٣٤)، ١٩٩٣/٣/٧).

(٢) ڕاپەڕینی ئازاری مەزن لەچاوی حەپسێکەوە لە ئەمنی سلێمانی، گۆڤاری (دیموکراسی)، ژمارە (٦)، ساڵی یەکەم، ئازاری ١٩٩٢، ١٩٩٢، ل١٥. ؛ کریس کۆچێرا: س. پ، ل١٠٦.

(٣) بۆ ناوی شەهیدانی شاری سلێمانی، بڕوانە// پاشکۆی ژمارە (٢٥). ؛ مەلا شاخی: س. پ، ل٤٠.

(٤) ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، ژمارە (٣٣٤)، ١٩٩٣/٣/٧؛ عەبدولڕەزاق مەرزنگ: س. پ، ل١١٢.

(٥) حیکمەت محەمەد کەریم (مەلا بەختیار): شۆڕشی کوردستان و گۆڕانکاریەکانی سەردەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری هەولێر، سوید، ١٩٩٣، ل٢٦٦.

(٦) بۆ زانیاری زیاترو وردەکاری ڕزگارکردنی شارو شارۆچکەکانی کوردستان،( بڕوانە: ئاراس عەبدولڕەحمان مستەفا: س. پ، ل٢٧٧-٣٨٠).

(٧) فەرەیدون عەبدولقادر: هەڵۆ سوورەکانی قەندیل، چ١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٧، ل٥٩٤.

(٨) یەکێك لە گەورەترین سەربازگەکانی حکومەتی بەعسی عێراق بوو، کەوتبووە نێوان کەرکوك و موسڵ، ڕاستەوخۆ لەلایەن عەلی حەسەن مەجیدو عزەت دوریو دەیان سەرکردەی سەربازی عێراقەوە سەرپەرشتی دەکراو سەدان تانك و فڕۆکەی جەنگی و تۆپی نەمساو دۆشکای دوو لولەو چوار لولەو بە هەزاران سەربازی تێدا بوو،( بڕوانە// پشکۆ حەمە تاهیر ئاغجەلەری: ڕاپەڕینی کەرکوك ساڵی ١٩٩١، چ١، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل٧٣).

بۆیە ناچار هێزەکانی کوردستان پاشەکشەیان کرد[١]، داگیرکردنی کەرکوکیش سەرەتای داگیرکردنەوەی کوردستان و کۆڕەوی ملیۆنی دانیشتوانەکەی بوو.

هێرشی حکومەتی عێراق بۆسەر ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان دوای ئەوە هات کە ڕژێمی بەعس توانی ڕاپەڕینەکەی باشور سەرکوت بکات، دواتر لە شاری کەرکوکەوە هێرشی بۆسەر ناوچەکانی کوردستان دەسپێکرد، فەرەیدون عەبدولقادر دەڵێت:"پاش داگیرکردنەوەی کەرکوك مەترسی پەلاماردانی شاری سلێمانی و ناوچە ڕزگارکراوەکانی تری کوردستان هاتە گۆڕێ، لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی پێکەوە ڕۆشتین بۆ قایمکردنی دەربەندی بازیان، چونکە قادری حاجی عەلی و مولازم عومەر توشی شەڕێکی سەختبوون لە چیمەن و بانی مەقان، ئیتر ئێمەش هێزە هاوبەشەکانمان دابەشکردو ماوەیەکی باش لەو سەنگەرانە ماینەوە"[٢].

ئەوەی تێبینی دەکرێت هێزی پارت و ڕێکخراوەکان لە چوارچێوەی بەرەی کوردستانیدا هیچ ئامادەکارییەکیان بۆ بەرگری لە شارەکانی کوردستان نەکردبوو، لەمبارەیەوە موکەڕەم تاڵەبانی کە لەو کاتەدا وەك نوێنەری تایبەتی (سەدام حسێن) سەردانی ناوچە ڕزگارکراوەکانی کوردستانی کردووەو بە مەبەستی گفتوگۆ بۆ لای سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی نێردراوە دەڵێت:"بەرەی کوردستانی و هێزە کوردییەکان هیچ ئامادەکارییەکیان بۆ بەرگری لە گەڕانەوەی هێزەکانی ڕژێمی بەعس بۆ کوردستان نەکردبوو"[٣]، لە شوێنێکی تردا دەنووسێت:"لە کاتێکدا بەرەی کوردستانی بەهێز بوو، جەماوەریش ئامادەی خەبات بوو، حکومەت لاواز بوو، بەڵام ئامادەی بەرگری نەبون و پەلەی چونە بەغدایان بوو"[٤].

هەرچەندە چەند هەوڵێکی لاواز هەبوون بۆ بەرگری لە شاری سلێمانی چەند هێڵێکی بەرگری لە نێوان ڕێگەی چەمچەماڵ بۆ تاسوڵجە دانران، هەروەها فەرەیدون عەبدولقادریش دەنوسێت:"لەگەڵ عومەر فەتاح و هێزەکانی شۆڕش ئیسماعیل و شەهید جەلالی حەمەی مینە و شەوکەتی حاجی موشیر و کاك نەبەز، پاراستنی دەروازەی سلێمانیمان ڕێکخست، تا خەڵکی سلێمانی بە ئاسانی لە شار دەربازیان بێ"[٥].

جەلال تاڵەبانیش لە ڕێگەی ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستانەوە داوای لە جەماوەری شاری سلێمانی کرد کە بەرگری لە خاك و کەرامەتیان بکەن و لە پێناو ئەو ئامانجەدا چەك هەڵبگرن[٦]، بەڵام لە ڕاستیدا بە کردار هیچ ئامادەکارییەك بۆ بەرگری لە شاری سلێمانی ڕێکنەخرابوو، ڕۆژێك بەر لە گەڕانەوەی ڕژێمی بەعس بۆ سلێمانی(جەلال تاڵەبانی) و (نێچیرڤان بارزانی )لە ماڵی (شێخ سالاری حەفید) بوون لە گەڕەکی تویمەلیك، بۆ شەوەکەی بەشێکی زۆر لە پیاوماقوڵانی شاری سلێمانی لەگەڵ (جەلال تاڵەبانی) کۆبونەوە بۆ گفتوگۆکردن لەسەر

---

(١) فیبی مار: مێژووی نوێی عێراق، و: حەمە شەریف حەمە غەریب و شێرکۆ ئەحمەد حەوێز، چ١، چاپخانەی ڕۆژهەلأت، هەولێر، ٢٠١١، ل٤٠٥؛ فەرەیدون عەبدولقادر: س. پ، ل٥٩٤. ؛ ڕۆژنامەی (برایەتی)، ژمارە (٦٠٥)، ١٩٩٣/٣/٢٨. ؛ تشارلز تریب: چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی عێراق، و: محەمەد حوسێن ئەحمەد عەبدولقادر کەلهور، چ١، چاپخانەی ڕۆژهەلأت، هەولێر، ٢٠١٠، ل٣٤٢.

(٢) س. پ، ل٥٩٥-٥٩٦.

(٣) چوار ڕۆژ لە کوردستانی ئازاددا، چ١، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل٦٣.

(٤) هـ. س، ل٤٨.

(٥) س. پ، ل٥٩٦-٥٩٧.

(٦) فاضل الزهاوي: حرب الخليج و انتفاضة كردستان العراق، مطبعة روون، سليمانية، ٢٠٠٤، ص١٣٥.

ئەگەری بەرگری لە شاری سلێمانی و گەڕانەوەی ڕژێمی بەعس، هەندێك لە ئامادەبووان لەگەڵ ئەوەدا بوون كە بەرگری لە شارەكە بكرێت، بەڵام لە ڕاستیدا بە كردەوە هیچ كارێك ئەنجام نەدراوە[1].

بۆیە هەموو ئەمانە بێسود بوون و نەیانتوانی ڕێگە لە هاتنی سوپای عێراق بگرن، لەمبارەیەوە كریس كۆچێرا دەنوسێت: " تەنیا ئەوەیان بۆ مایەوە كە زوو فریای خێزانەكانیان بكەون و بەرەو ئەو دیو سنور بیانگوازنەوە، بە پێی هەندێك لە سەرچاوەكان تەنانەت مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانیش چەند كەسێكی زۆر نزیكیان نەبێت كەس لە دەوریان نەمابوو، هەموان ڕاكردنیان هەڵبژارد"[2].

لە دوای داگیركردنەوەی كەركوك و شار و شارۆچكەكانی دیكەی كوردستان، خەڵكی ئەو ناوچانە بەرەو سلێمانی هەڵهاتن، لەوبارەیەوە محەمەد فەریق حەسەن كە خۆی لەو كاتەدا لە شاری سلێمانیدا بووە و بەچاوی خۆی بینیویەتی دەنوسێت:"خەڵكی كەركوك و چەمچەماڵ و كفری بەرەو سلێمانی هەڵهاتن، بەمەزەندەی من ئێستا سلێمانی ژمارەیەكی زۆر خەڵكی تێدا دەژی، پڕیەتی لە ئاوارە و لێقەوماو، لەبەر دەركی سەرا بوەستە بە ئاسانی (٢٠٠,٠٠٠) كەس دەبینی، ئەوان لەو ناوەدا بێكار دێن و دەچن، قوتابخانەكانی شاری سلێمانی پڕبوون لە ئاوارە و ماڵەكانی شار بوون بە پەناگەی خەڵكی كەركوك و كەلار و كفری كە لێرەوە بەرەو هەڵەبجە و تەوێڵە هەڵدێن"[3].

لەگەڵ ئەوەی ورەی خەڵكی بە تەواوی ڕوخاوە، بەڵام لەچەند لایەكەوە هەوڵی بەرزكردنەوەی ورەی جەماوەر دەدرا و بانگەوازی بەرگری ڕادەگەیەنرا لەناو شاری سلێمانی هێزی چەكداری (شوراكان)[4]، لە بنكەی شورای گەڕەكی سەرشەقام لە قوتابخانەی (ناوەندی جمهوری) كۆكرابوونەوە و جەماوەریش لە دەوریان كۆببوونەوە، هەندێكیان ناوی خۆیان وەك چەكداری شورا تۆمار دەكرد بۆ بەگری لە شاری سلێمانی، لە شەڕەكانی قەرەهەنجیر بەشداریان كرد و شەهیدیان داوە و ڕابەری مەفرەزەی شوراكان لەو شەڕەدا كە هەر یەكە لە (نامیق عەزیز و عەلی سەردار و مەحمود عارف) بوون شەهید بوون[5].

لەناو شاریشدا، بۆ ڕاكێشانی سەرەنجی جەماوەری شاری سلێمانی بۆ بەرگری بە ئۆتۆمبێل بەناو شاردا دەسوڕانەوە و سرودی شوراكانیان دەوتەوە و جەماوەریان بۆ بەرگری ئامادە دەكرد و لە شەڕی تاسلوجە بەشداربوون، كە زیاتر لە (١٠) كەس لەوێ شەهید بوون و دوانیان لە هەڵسوڕاوان و ڕابەرانی بزوتنەوەی شورایی بوون، ئەوانیش (نەوزاد كەمال) كە لێپرسراوی هێزی سەربازی شوراكان بوون، لەگەڵ (شوان عومەر قادر) كە كادری دیاری بزوتنەوەی ناوبراو بوو، جگەلەوەش چەند كەسێكی تر لە بزوتنەوەی شوراكان بریندار بوون،

---

(١ ) چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ (شێخ سالاری حەفید)، ٢٠١٨/٤/١٩. سلێمانی. شێخ سالار شێخ محەمەد حاجی سەید حەسەنی حەفید، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەی لە شاری سلێمانی تەواو كردووە، لە ساڵی ١٩٦٩-١٩٧٠ زانكۆی بەسرا، بەشی یاسای تەواو كردووە، خەریكی كاری پارێزەرایەتی بووە، لە دوای نسكۆی ساڵی ١٩٧٥ ئاوارەی وڵاتی ئێران بووە، دواتر گەڕاوەتەوە شاری سلێمانی، لە بەرەی كوردستانیدا چەند بەرپرسیارێتییەكی پێسپێردراوە، ئێستا لە شاری سلێمانی نیشتە جێیە.

(٢) بزوتنەوەی نەتەوەی. . . س. پ، ل١١٢.

(٣) س. پ، ل٢١٤-٢١٥.

(٤) شوراكان: ئەو كەسانە بوون كە لەلایەن حزبی كۆمۆنستی كرێكاری عێراقەوە ڕێكخراوبوون و سەرپەرشتی دەكران، بە ماوەیەكی ماوەیەكی زۆر كەم پێش ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١ دەستیان بە چالاكی كردووە لە شاری سلێمانیداو لە ڕاپەڕیندا بەشداربوون و لەكاتی كۆڕەویشدا بەرگریان كردووە و شەهیدیان داوە، بەڵام دواتر پوكانەوە و ڕۆڵیان نەما. (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە، مظفر محەمەدی: س. پ، ل٧٦-٧٨).

(٥ ) ه. س،ل٧٦-٧٨.

یەکێك لەو بریندارانە(د. ڕێبوار سامی)بوو، دوای شکستی بەرگری لەدەرەوەی سلێمانی لەناو شاردا حاڵەتی نا ئاسایی ڕاگەیەنرا، ئەو کەسانەی ئامادەی بەگری بوون چەکیان پێدرا، بەڵام ڕژێمی بەعس بە چەکی قورس و کۆپتەرو تۆپ و تانك هێرشی هێنایەوە سەر شاری سلێمانی، بۆیە بە هۆی نا هاوسەنگی هێز و ناڕێك و پێکی هێزە کوردییەکان دواجار ئەمانیش بەرگریان پێنەکراو پاشەکشەیان کرد[1]. چەند هەوڵێکی دیکە هەبوو بۆ بەرزکردنەوە ورەی جەماوەرو هاندانیان بۆ بەرگریو بەرزکردنەوەی ورەی جەماوەر، لەو چوارچێوەیەدا (پ. د. ك) ڕێپێوانێکی ڕێکخستبوو لەناو بازاڕەوە بۆ بەردەرکی سەراو وێنەی بارزانیان بەرزکردبۆوەو هوتافیان دەوتەوە بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ورەی جەماوەرو خەڵك[2]. هەرچەندە لە ١ نیسانی ١٩٩١ەوە خەڵکی شاری سلێمانی وردە وردە شاریان چۆڵدەکردو بەرەو سنوری ئێران بەرێدەکەوتن لە دوو ڕێگاوە ڕێگای (سلێمانی – عەربەت، – هەڵەبجە – هەورامان)، لەوێوە بۆ سنوری ئێران، دووەمیان لە ڕێگای (سلێمانی – ئەزمەڕ– شاربازێڕ) و لەوێوە بۆ سنوری ئێران، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆژی ١٩٩١/٤/٢، جەلال تاڵەبانی دەگەڕێتەوە شاری سلێمانی و بەو بۆنەیەوە شاییو هەڵپەڕکێو خۆشیو دەربڕین لە چەند گەڕەکێکی شاری سلێمانی دەستپێدەکات[3]. لە چەندین گەڕەکی شاری سلێمانیش نزیکەی (٥٠٠) کەس لە دانیشتوانی شار کە منداڵو ژنو کەسی چەکداریان تێدابوو، ڕژابوونە سەر شەقامەکانو دروشمان بەرزکردبۆوەو هوتافیان دەگوتەوە"نە تۆپو نە تەیارە دەرمان ناکا لەم شارە"، لە هەمان کاتیش ژمارەیەکی زۆر لە لاوان دەچنە بەردەم بارگای بەرەی کوردستانیو داوای چەك دەکەن، بۆ ئەوەی بەرگری بکەن، بەڵام ئەوان پێیان دەڵێن چەکمان نییەو بڕۆن سەنگەر بۆ پێشمەرگە لێبدەن[4].

لە شەوی ٢–٣ نیسانی ١٩٩١ زۆربەی سەرکردەی حزبەکان شاری سلێمانیان چۆڵ کردبوو، شەوکەتی حاجی موشیر دەڵێت:" تەنانەت نێچیروان بەرزانی کە هەتا ئێوارە لای مام جەلال بوو، شەوەکەی سلێمانی جێهێشتبوو"[5]، بەزۆر جەلال تاڵەبانیشیان قەناعەت پێکرا کە دوانیوەڕۆکەی سلێمانی بەجێ بهێڵێت، ئەو هێزەی هێزەی سلێمانی کە مابوونەوە هەوڵیاندا کە لە دەروازەی شار بەرگری بکەنو بەمشێوەیە هێزەکان دابەشکران بۆ پاراستنی شاری سلێمانی:

١. فەرەیدون عەبدولقادر هەموو هێزەکان کۆبکاتەوەو بیانداتە دەست شەوکەتی حاجی موشیرو خۆشی هەوڵبدات خواردنو تەقەمەنی ئامادە بکات بۆ کاتی شەڕ.

---

(١) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(خالد مەجید ساڵح)، ٢٠١٨/٤/١٨، سلێمانی. ناوبراو لە ساڵی ١٩٥٦ لە دایك بووە، دەرچوی ئامادەییە، دوای تەواو کردنی خولێکی دوو ساڵی لە بواری تەندوستیدا لە ساڵی ١٩٨٠ لە وەزارەتی تەندروستی دادەمەزرێت، لە ساڵی ١٩٧٦ ەوە پەیوەندی کردووە بە ڕیزەکانی کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان، لە ساڵی ١٩٨٣ بووە بە پێشمەرگە، لە پێش ڕاپەڕین بەشدار بووە لە دروستکردنی بزوتنەوەی شوراکاندا و لە ڕاپەڕین و لە کاتی کۆڕەو دا بەشدار بووە. ئێستا نیشتە جێی شاری سلێمانییە.

(٢) محەمەد فەریق حەسەن: س. پ، ل٢١٤–٢١٥.

(٣) شەوکەتی حاجی وشێر: چێوەڕۆ. . . س. پ، ل١٣٧.؛ محەمەدی حاجی مەحمود: ڕۆژمێری پێشمەرگەیەك . . . ب٣، س. پ، ل٢٩٤.

٤ محەمەد فەریق حەسەن: س. پ، ل٢٢١.؛ شەوکەتی حاجی وشێر: چێوەڕۆ. . . س. پ، ل١٤٣.

٥ هـ. س، ل١٤٣.؛ محەمەدی حاجی مەحمود: ڕۆژمێری پێشمەرگەیەك . . . ب٣، س. پ، ل٢٩٤–٢٩٥.

٢. شەوکەتی حاجی موشیر هێزەکان دابەشبکات لە ڕێگەی (کۆسەی چەم) ی ڕۆژهەڵاتی بەکرەجۆوە تا سەرشەقامی (کەرکوک-سلێمانی) باخی بەختیاری بکاتە بەرەیەکی تری شەڕ، لە باخی بەختیاریشەوە هەتا کانە بەردەکانی (شێرکوژ)و سەچنار بکاتە بەرەیەکی تری شەڕ.

٣. مولازم شوان سەرپەرشتی بەرەی جەنگی بەکرەجۆ بکات.

٤. جەلال حەمە محێدین سەرپەرشتی جەنگی (شێرکوژی سەرچنار) بکات.

٥. ئەو هێزەی کە دەمێنێتەوە لە سەرچنار بێت، وەك هێزی پاڵپشتی بەکاربێت، بەڵام ئەو هێزانەی کە دانران بۆ پاراستنی سلێمانی سەرجەمیان چۆڵیان کردو سەنگەرەکانیان بەجێهێشت، بەرگرییەکی وا نەکرا[١]. هۆکاری دابەزینی وورەی پێشمەرگە جگە لە ناهاوسەنگی هێز لە ڕووی چەك و تەقەمەنییەوە،مەترسی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی هێندەی تر وورەی پێشمەرگەی روخاند،ئەمە سەرەرای ئەوەی بەشی زۆری ئەو پێشمەرگانەی کە بۆ بەرگری دانرابوون سەنگەرەکانیان چۆڵ کرد بۆ ئەوەی فریای دەربازکردنی ماڵو منداڵەکانیان بکەون[٢].

دوای ئەوە بارودۆخی شاری سلێمانی بە تەواوەتی تێکچوو، بە هەزاران خەڵك بە ئۆتۆمبیلو پیادە ماڵەکانیان بەجێ دەهێشت، جەماوەری شار بە ژنو منداڵو پیرو پەککەوتەوە هەموو بەڕێوەبوون، لەبەرئەوەی نرخی بەنزین لەوکاتەدا زۆر بەرز ببوٶە کە (٢٠) لیتر بەنزین گەشتبووە (١٢٠) دیناری عێراقی کە دەیکردە ٣٦٠ دۆلاری ئەمەریکی[٣]، ناچار خەڵکێکی زۆر بە پیادە شاریان بەجێ دەهێشت، خەڵك سەری لێشێوابوو کەس نەدەپرژایە سەر کەس[٤]، لێشاوی کۆچی شار ئەوەندە زۆر بوو کە بە یەك کاتژمێر نە دەتوانرا یەك مەتر بڕۆنە پێشەوە[٥]، محەمەد فەریق حەسەن دەڵێت:"خەڵکی شار شەو ٢-٣/٤/١٩٩١ بە ڕێکەوتن بەرەو عەربەت، وەڵێ عەسرێکی درەنگی ٣/٤/١٩٩١، گەیشتوونەتە عەربەت، لە کاتێکدا عەربەت بە ئۆتۆمبیل (١٥) خولەك لە شاری سلێمانییەوە دورە"[٦].

دوای ئەوەی سوپای عێراق لە ٣/٤/١٩٩١ هاتنە ناو شاری سلێمانی، دانیشتوانی شارەکە شەوەکەی شاریان چۆڵکردبوو، لەو کۆڕەوەدا توشی ناڕەحەتیو کارەساتی گەورە بوونەوە، ئەو ڕۆژەی کۆڕەوەکەی تێدا ئەنجامدرا، ڕۆژێکی سارد بوو باران دەباری، چەندین کەس لە ڕێگەدا مردن، خەڵك هەبووە منداڵی خۆی بەخشیووە، چونکە نەیدەتوانی بپارێزێت، جگەلەوەی خەڵك توشی نەخۆشی سکچون بون بەهۆی سەرماو برسێتیەوە[٧].

---

(١) شەوکەتی حاجی وشیر: چیوەڕۆ. . . س. پ، ل١٤٤-١٤٦.

(٢ ) هـ. س،ل١٤٥-١٤٦.

(٣) بۆزانیاری زیاتر لەسەر بەهای دیناری عێراقی بەرامبەر بە دۆلاری ئەمەریکی( بڕوانە// http://www. alkutnet. com/vb/showthread. php/125432-%D8%A7%D9%84%D8%AF%D9%8A%D9%86%D8%A7%D8%B1-%D8%A7%D9%84%D8%B9%D8%B1%D8%A7%D9%82%D9%8A-%D9%85%D9%86-1932-2011%)

(٤) محەمەد فەریق حەسەن: س. پ، ل٢٢١-٢٢٣.

(٥) محەمەدی حاجی مەحمود: ڕۆژمێری پێشمەرگەیەك . . . ب٣، س. پ، ل٢٩٥.

(٦) محەمەد فەریق حەسەن: س. پ، ل٢٢٥.

(٧) محەمەدی حاجی مەحمود: ڕۆژمێری پێشمەرگەیەك . . . ب٣، س. پ، ل٢٩٥. ؛ محەمەد فەریق حەسەن: س. پ، ل٢٢٩. ؛ بۆ زانیاری زیاتر لەسەر بارودۆخی خەڵکی شاری سلێمانی لە ڕۆژی کۆڕەوەکەدا، (بڕوانە// ڕوخۆش عەلی: کۆڕەو یادەوەری، چ١، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل١٤٦-١٥٩).

ئەو تراژیدیا مرۆڤایەتیە لە شوێنێکی دیکەی جیهان نمونەی نەبووە، هەروەك (کۆمسیۆنی باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەنابەران/UNHCR) ئاماژەی بەوە کردووە، پێشتر جیهان شتی وای بەخۆیەوە نەدیوە، کە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی لە ماوەیەکی کورتدا زێدی خۆیان بەجێ بهێڵن، بە جۆرێك لە ماوەی ٢٤ کاتژمێردا ئەو ئاوارانەی کە لەناوچەی سلێمانیەوە ڕوویان لە سنوری ئێران کرد لە (٥٦٣،٠٠٠) بۆ (٧٧١،٠٠٠) زیادیکردووە(١)، جێی ئاماژەیە لەو کۆڕەوەدا نزیکەی (١,٥) یەك ملۆین و نیو کەس لە دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی ئاوارەی وڵاتی ئێران بوون، وڵاتی ئێرانیش دەرگای بەرووی ئاوارەکاندا کردەوەو پێویستییەکانی وەك (ژیان و گوزەران و تەندروستی) یان بۆ دابینکراوە، ئەو کەلوپەلانەی کە بەسەر ئاوارەکاندا دابەشکراوە، بریتی بوون لە (چادر، نان، شەکر، ڕۆن، خۆراکی لە قوتونراو، بەتانی، پێڵاو. . . هتد) لەگەڵ ئەوەشدا حەمامی گشتیان بۆ دابیکراوەو نەخۆشەکان براونەتە نەخۆشخانەو تا ڕادەیەك و بە پێی توانا هاوکاری کراون(٢).

وەك پێشتر باسمانکرد لە ٣ نیسانی ١٩٩١ سوپای عێراق هاتە ناو شاری سلێمانییەوە، بەڵام دانیشتوانەکەی پێشتر چۆڵیان کردبوو، هێزی پێشمەرگەش لەبەر وێران نەبوونی شارەکە بەرەو سنوری چیای ئەزمەڕ و قەلاچوالان کشابونەوە، بەڵام دوای کۆنترۆڵی تەواوی شار هێزەکانی گاردی کۆماری و کۆماندۆ ڕۆژی ٥ نیسانی ١٩٩١ دەستیان بەهێرش کرد بۆ سەر چیای ئەزمەڕ کە هێزی پێشمەرگەی لایەنەکانی لێبوو، سەرەتا تەنیا هێزەکانی بە تالیۆنی ٧ی گۆیژە بە فەرماندەیی (سوهاد خانەقینی) سەر بە (ی. ن. ك) کەوتنە شەڕەوە لەگەڵ سوپای عێراق و گاردی کۆماری، بەڵام دواتر هێزی لایەنەکانی دیکەی سەر بە بەرەی کوردستانی بەشدارییان تێداکردووە لەوانە (پارتی، شیوعی، پاسۆك) و تەنانەت شەهیدو برینداریشیان داوە لەو شەڕەدا،بۆ نمونە لە(حشع) هەریەکە لە(ئاکۆ ئیبراهیم،زانا عوسمان)شەهید بوون و دوو ئەندامی دیکەیان بریندا بوون،لە(پ. د. ك)یش چوار کادیری سەربازیان بریندار بوون ئەوانیش:- (فازیل ڕەئوف سالح، محەمەد مام عەلی، ئەرسەلان حمە ئەمین، سەرحەد قادر)بوون، سەرەنجام شەڕەکە سێ ڕۆژی خایاندو سوپای عێراق تێکشکێنراو نەیانتوانی پێشڕەوی بکەن، بەرەی ئەزمەڕ بوو بە سنوری نێوان دەسەڵاتی هێزی پێشمەرگەو دەسەڵاتی حکومەتی عێراق لە ڕۆژهەڵات و باکوری ڕۆژهەڵاتی شاری سلێمانی(٣).

سەبارەت بە شکستی ڕاپەڕین و کۆڕەوی فروانی خەڵکی کوردستان زۆر شت نوسراوەو وتراوە، ئێمە لێرەدا نامانەوێت ئەو شتانە دووبارە بکەینەوە(٤)، تەنها ئاماژە بە (٥) خاڵی جەلال تاڵەبانی دەکەین کە وەك هۆکاری شکستی ڕاپەڕین و کۆچ و ڕەوی گەلی کورد دەستنیشانی کردووە:-"

---

(١) سۆفیا ئیزابێلا وانچ: پەرەسەندنی شوناسی نەتەوایەتی کورد و ئەگەرەکانی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: پ. ی. د. یاسین سەردەشتی، چاپخانەی کەمال، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان، سلێمانی، ٢٠١٤، ل٧٧-٧٨.

(٢) محەمەد فەریق حەسەن: س. پ، ل٢٤٥-٢٤٦ ؛محەمەدی حاجی مەحمود: ڕۆژمێری پێشمەرگەیەك . . . ب٣، س. پ، ل٢٩٥

(٣ ) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (فازڵ ڕەئوف)، سلێمانی، ٢٠١٧/٥/١٨. ؛ پەیوەندی تەلەفۆنی توێژەر لەگەڵ (سوهیل زەهای)، ئەڵمانیا، ٢٠١٧/٧/١٤. ؛ ئینسکلۆپیدیای یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان: س. پ، ل٤٦. ؛بۆ زانیاری و ووردەکاری زیاتر (بڕوانە// سهيل الزهاوي: صفحات من نضال الشوعيين في السليمانية معركة ازمر الدفاعية في شهر نيسان ١٩٩١، الحيوار المتمدن،العدد(٥٨٤٣)،١٢/٤/٢٠١٨).

(٤) بۆ وردەکاری زیاتر لە هۆکارە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی شکستی ڕاپەڕین و کۆڕەوی گەلی کورد. بڕوانە// ئاراس عەبدولڕەحمان مستەفا: س. پ، ل٣٨٣-٤١٣.

١.	ڕاپەڕین لە کاتی خۆیدا نەبوو. (چونکە پێش ئەو وادەیەی کە دانرابوو دەستیپێکرد)
٢.	پێویست بوو هێزی خۆمان یەکبخەین و کۆگاکانی چەك و تەقەمەنی ڕژێمی بەعس کۆنترۆڵ بکەین و بەکارمان بهێنایە بۆ خۆمان.
٣.	دەبوو بەیانێك دەربکەین و داوامان لە هەموو پێشمەرگە دێرینەکانی یەکێتی بکردایە کە پەیوەندی بە ڕیزەکانی یەکێتی بکەنەوە.
٤.	دەبو جەماوەر لەناو شارەکاندا چەکدار بکەین، بۆ بەرگری لە شارەکان.

پێویست بوو هێڵی بەرگری لە شوێنی گرنگ دابنێین، بۆ نمونە لە کەرکوك شکاین، لە جیاتی ئەوەی لە چیمەن و قەرەهەنجیر هێڵی بەرگری دابنێین، پێویست بوو هێڵی بەرگریمان لە دەربەندی بازیان و شیوەسورو بەردەمی تاسلوجە دابنایە، لەگەڵ ئەوانەش دەبوو ئێمە شەڕی ناوشارمان بکردایە، کە نەمان کردبوو"[١]. ئەمە جگەلە پاڵپشتی نەکردنی دەوڵەتاتە زلهێز و هەرێمییەکان بۆ ڕاپەرینی گەلی عێراق بە گشتی و گەلی کورد بە تایبەتی، پاشگەزبونەوەی ئەمریکاو دەوڵەتانی هاوپەیمان بۆ روخاندنی ڕژێمی بەعس.

لەگەڵ ئەوەشدا کۆڕەو توانی کێشەی کورد پیشانی جیهان بدات و بە دونیا بڵێ کە نامانەوێت لە ژێر دەستی حکومەتی عێراقدا بژین و ئەوان حوکمیان بکەن، ئەوەش لە ڕێگەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەکانەوە کراو، ڕاگەیاندن دەوری سەرەکی هەبوو لە پیشاندانی تراژیدیای کورد بەهەموو جیهان، بەتایبەت کەناڵی ئاسمانی (CBS) ئەمەریکی بۆ ماوی ٢١ ڕۆژ بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ وێنەی ئەو کارەساتانەی کە بەسەر کورددا دەهات بۆ جیهانی دەگواستەوە[٢]، هەروەك (جەنەڕاڵ بیکیلی) فەرماندەی هێزی هاوپەیمانان لە کاتی سەردانی بۆ لای ئاوارەکانی تورکیا وتی:"ئەوەی ئێمەی هێنایە ئێرە کامێرا بوو"[٣]. جەلال تالەبانیش دەڵێت:"کاتێ جیمس بێکەری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکام بینییەوە گوتی: لە سەردەمی مندا زۆر شتی گەورە ڕویداوە وەك ڕوخانی دیواری بەرلین و هەرەسهێنانی سیستەمی وڵاتانی سۆسیالیست و چەند شتێکی تریش، بەڵام هیچ بەقەد دیمەنی ئەو کوردە کۆچ کردوانەو ئاوارە بونیان کاری تێنەکردم، بە تایبەت کە منالێنم دەبینی لەسەر بەفر کەوتون، یەکسەر خۆم پێنەگیرا بگەمەوە سەفارەت، ڕاستەوخۆ لە فڕۆکەوە قسەم لەگەڵ سەرۆك کرد و وتم پێویستە فریایان بکەوین"[٤].

دواجار بەهۆی گەورەیی و تراژیدیایی کۆچەکەو ڕۆڵی ڕاگەیاندن توانرا هەست و سۆزی جیهان بۆ کێشەی کورد ڕابکێشرێت و لەسەر داوای سەرۆکی تورکیا ئۆزاڵ و سەرۆکی فەرەنسا فەرەنسۆ میتران و سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا جۆن مێجەر سەرۆك بۆش سەرۆکی ویلایەتەیەکگرتووەکان ئەمەریکا ڕازی بوو بە دابینکردنی ناوچەی ئارام بۆ پاراستنی گەلی کورد لە ژێر دەستی ڕژێمی بەعس و بڕیاری (٦٨٨) ی ئەنجومەنی ئاسایش دەرچوو لەو بارەیەوە، ئەمەش لە ٥ نیسانی ١٩٩١دا بوو، کە تێیدا هاتبوو:-

١- سەرکوتکردنی خەڵکی مەدەنی عێراق و ناوچە کوردنشینەکان مەحکوم دەکات.

٢- داوا لە عێراق دەکات ئەو سەرکوتکردنە ڕابگرێ.

---

(١) وەرگیراوە لە// سەلاح ڕەشید: س. پ، ل١٧٧.

(٢) جوناثان راندل: امة في شقاق دروب كردستان كما سلكتها، ت/ فادي حمودي، ط١، دار النهار لنشر، بيروت، ١٩٩٧، ص٨٥.

(٣) وەرگیراوە لە // فاضل زەهای: بڕیاری (٦٨٨)ی ئەنجومەنی ئاسایش و سەرەنجامە دەولیەکانی، گۆڤاری (سیاسەتی دەولی)، ژمارە (٣) ساڵی دووەم، تشرینی یەکەم ١٩٩٣، ل٣٤.

(٤) وەرگیراوە لە// سەلاح ڕەشید: س. پ، ل١٨٢-١٨٣.

٣- سوره لەسەر ئەوەی دەبێت ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان ڕێگایان پێ بدرێ یارمەتیە مرۆییەکان بگەیەننە هەموو جێگایەکی عێراق.

٤- داوا لە سکرتێری گشتی دەکات ڕاپۆرتێك لەسەر مەینەتییەکانی کورد ئامادە بکات.

٥- بانگەشەی وڵاتانی ئەندامو هەموو ڕێکخراوە مرۆڤ دۆستەکان دەکات تا لەم هەوڵە فریاگوزارییەدا بەشداربن.

٦- داواش لە عێراق دەکات لە پێناو جێبەجێ کردنی ئەم مەبەستانە هاوکاری سکرتێری گشتی بکات.

٧- بڕیار دەدرێ کە ئەو کێشەیە لە ژێر لێکۆڵینەوەدا بمێنێتەوە[١].

جگەلەوانەش ئەمەریکا داوای لە عێراق کرد کە هەموو جۆرە چالاکییەکی سەربازی لەسەرو هێڵی (٣٦) بوەستێنێ، تەنانەت فڕینی فڕۆکەش، بەمەش ناوچەیەکی ئارام بۆ خەڵکی سلێمانی و باشوری کوردستان دروستکرا[٢].

جگەلەوەش ئەمەریکا هێزێکی ئاسمانی لە تورکیا بە ناوی(چەکوشی ئامادە) بۆ پاراستنی باشوری کوردستان جێگیرکرد[٣]، بەوەش دڵنیایی بۆ خەڵکی شاری سلێمانی و سەروماڵیان گەڕاندەوە[٤].

ئەوەی لە کۆتای ئەم باسەدا دەردەکەوێت، ڕاپەرینی ئاداری ١٩٩١ بە نەخشەو پلان و بەرنامەیەکی هەمەلایەنەی پارت و ڕێکخراوە کوردییەکان بووە، ئەوەش ڕوون بووەتەوە هەرکاتێك پارتە کوردییەکان یەکگرتوو بوبێتن و دەستیان لە دژایەتی و دوژمنایەتی یەکتر هەڵگرتبێت توانیویانە کاری گەورە ئەنجام بدەن، ڕاپەرینی ئاداری ١٩٩١ بە نمونە، کە هەموو پارتە کوردییەکان لە چوارچێوەی بەرەی کوردستانیدا بە بەرنامەیەکی یەکگرتوو کاریان دەکرد. لە ڕاپەرینی شاری سلێمانیدا ڕێکخستەکانی ناو شاری پارتەکان ڕۆڵی کاریگەریان هەبووە، لەگەڵ ئەوەشدا پشکی شێر لەو ڕاپەرینەدا بەر دانیشتوانی شاری سلێمانی کەوتووە بە بەڵگەی ئەوەی پێش ئەوەی پێشمەرگەی پارتەکان بگەنە شاری سلێمانی تەواوی شارەکە لە ڕژێمی بەعس پاککرابووەوە، جگە لە (ئەمنە سوورەکە)، هۆکاری شکستی خێرای ئەو ڕاپەرینەش جگەلە ناهاوسەنگی هێز لە نێوان پێشمەرگە و ڕژێمی بەعس و نە شارەزایی هێزی پێشمەرگە لە بەکار هێنانی چەکی قورس و سود وەرنەگرتن لەو چەکە قورسانەی کە دەستیان کەوت، نەبوونی پلانێکی تۆکمەی بەرگری، دەتوانین هاوکاری نەکردنی وڵاتانی زلهێزی نێودەوڵەتی و هەرێمی و پاشگەز بوونەوەی ئەمەریکاو هاوپەیمانەکانی لە ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس بە هۆکاری

---

(١) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە// چێنەر عەلی جۆلاً: بڕیاری ٦٨٨ پێکهاتەو ئاسەوار، لە بڵاوکراوەکانی بەشی ڕوناکبیری مەکتەبی ڕێکخستنی (ی. ن. ك)، سلێمانی، ٢٠٠١، ل١٨-٢٠. ؛ فاضل زەهای: س. پ، ل٣٧-٣٨. ؛ ئەرسەلان بایز ئیسماعیل: س. پ، ل٣٤.

(٢) هێڵی (٣٦) هەموو ناوچە کوردستانییەکانی نەدەگرتووە، تەنانەت ناوچەکانی کەرکوك‌و بەشێك لە لادێکانی هەولێرو دهۆکیش لە دەرەوەی ئەم هێڵە بون، ئەمەش کەم‌و کوڕی هێڵی (٣٦) بوو، چونکە بواری بە حکومەت دا لەو ناوچانە دەستکراوە بێت لە دژی کورد. گەر هاتبا لەبری هێڵی (٣٦)،هێڵی (٣٤ ) ڕاگەیەنرایە ئەوا ناوچەکانی کەرکوك و دەوروبەر دەکەوتنە چوارچێوەی هەرێمی کوردستانەوە بەوەش ئەو کێشانەی کە دواتر لەسەر ئەو ناوچانە دروستبوون ڕووی نەدەدا. (بڕوانە// خليل اسماعيل محمد، دڵشاد مصطفى وەسانی: خط (٣٦) بين الحقيقة والخيال، مجلة (گولان)، العدد (٤٧)، نيسان ٢٠٠٠، ص١٠٨. ؛ فيبى مار: س. پ، ل٤٠٩-٤١٠. ؛ محەمەد مەلا قادر: سەربردە کورتەیەك لە بیرەوەرییەکان، داڕشتنەوەی ئومێد هەڵەبجەیی، چ١، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٩، ل٢٠٢).

(٣) ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، ژمارە (١٠٧)، ساڵی ١٩٩٢، ل٣.

(٤) کاوس قەفتان: بیرەوەری چەند ڕووداوێك لە ژیانما ١٩٣٣ – ٢٠٠٨، چ١، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل٤٣٨.

سەرەکی شکستی راپەرین ئەژمار بکەین. ئەوەی سەبارەت بە کۆڕەو تێبینی کراوە، هەرچەندە تراژیدیایەکی گەورە بوو کە بەسەر گەلی کورددا هات، بەلاّم بەرهەمەکەی لە راپەرین گەورەتربوو، یەك سەدە خەباتی گەلی کورد هێندەی کۆڕەو کاریگەری لەسەر جیهان دانەنا، کۆڕەو بووە هۆکاری بڕیاری(٦٨٨) ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و دروستبوونی ناوچەی ئارام و هەرێمی کوردستان.

## بەشی دووەم: شاری سلێمانی لە ڕۆژگاری کشانەوەی دام و دەزگاکانی حکومەت تا ساڵی ١٩٩٦

### باسی یەکەم: ڕەوشی ئابوری و کۆمەڵایەتی و کارگێڕی شاری سلێمانی (١٩٩١-١٩٩٦):

دوای کۆڕەوی نیسانی ١٩٩١ نەتەوەیەکگرتووەکان لە ٥ی نیسانی ١٩٩١ بڕیاڕی (٦٨٨) ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی سەبارەت بە دابینکردنی ناوچەی دژەفڕین (No-Fly-Zone) بۆ پاراستنی کوردستان دەرکرد و ڕێگەی لە فڕینی فڕۆکەکانی ڕژێمی بەعس گرت بەسەر ئاسمانی باشوری کوردستاندا[1]. لەگەڵ ئەو گۆڕانە گەورەی کە بەسەر کێشەی کورددا هاتبوو لە ڕووی نێودەوڵەتییەوە، بەڵام ڕەفتاری ڕژێمی بەعس بەرامبەر بە دانیشتوانی شاری سلێمانی هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەردا نەهاتبوو، لەمبارەیەوە جەمال شێخ نوری دەڵێت:"جاری وا هەبوو لە ڕۆژێکدا ماڵەکان دوو بۆ سێجار دەپشکنران، هەرچییەکیان بەر دەستکەوتایە دەیانبرد، یاخود خەڵك لە بازاڕەوە تا دەگیشتە ماڵەوە چەند جارێك دەپشکنرا، جگەلەوەش ڕۆژانە پەیتا پەیتا هێزی تازەی دەهێنایە کوردستان و شاری سلێمانی"[2].

دانیشتوانی شاری سلێمانی بەتەواوەتی بێزار ببوون لە دەسەڵاتی بەعس لە دەرفەت دەگەڕان بۆ ڕزگاربوونی تەواوەتی لە دەست ڕژێمی بەعس، تەنانەت دوکاندارەکان حەزیان نەدەکرد شتیان پێ بفرۆشن، ئەو ترسەی جارانیشیان نەمابوو[3]. بۆیە بۆ جاری دووەم لە ١٨ی تەممووزی ١٩٩١ ڕاپەڕین شاری سلێمانی گرتەوە، ئەویش کاتێك ڕوویدا کە هەندێك لە پێشمەرگەکانی دەوروبەری سلێمانی ویستبویان لە (سەربازگەی سارداو)ەوە، بۆ هەندێك پێداویستی ڕۆژانەی خۆیان بێنە ناو شاری سلێمانییەوە، بەڵام سەربازگەکانی ڕژێمی بەعس ڕێگایان لێدەگرن و شەڕ لە کاتژمێر (١٠)ی بەیانی ڕوودەدات، کاتژمێر (٢) دوانیوەڕۆ ڕاپەڕین تەواوی شاری سلێمانی گرتەوە، پەلاماری هەموو بنکە و بارەگا و مۆڵگەکانی حکومەتی عێراقیاندا، لەو کاتەدا حکومەتی عێراق تانکێکی زۆری هێنایە ناو شارو لەسەر شەقامی سەرەکی شار لە دووڕیانی سەرچنارەوە بەرەو ناو بازاڕ بۆ بەرگری لەخۆکردن شەڕی قورس و بەیەکدادان دەستی پێکرد و لە ئەنجامدا هەموو دام و دەزگاکانی ڕژێمی بەعس دەستیان بەسەردا گیرا[4].

لەم ڕاپەڕینەدا نزیکەی (٢٠٠-٣٠٠) سەربازی حکومەتی عێراق کوژران و (٢٥٠٠) سەربازی دیکە خۆیان ڕادەستی جەماوەر کرد کە (٩٠) ئەفسەرو پلەداریان تێدا بوو، (١٩) تانك سوتێنرا و (١١) تانکیش دەستیان بەسەردا گیرا و نزیکەی (١٢) پێشمەرگە شەهید بوون، سەبارەت بە ئاماری قوربانیانی جەماوەر هیچ ئامارێکی فەرمی لەبەردەستدا نییە، (شێخ سالاری حەفید)کە ئەوکاتە خۆی لە ناوشاری سلێمانی بووە، بە چاوی خۆی ئەو ڕوداوانەی بینیوە، ئاماژە بەوە دەکات کە هیچ کەسێکی نەبینیوە لەو ڕۆژەدا

---

(1) Michal m.cunte: The Kurds As ceding The Evolving solution to the Kurdish problem in Iraq and Turkey, published by pal Grave mac Milan, New york, 2008, P14 ؛ هاوڕێ باخەوان: س. پ. ل٢٢.

(٢) وێرانکاری... س. پ، ل١٨٩.

(٣) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (فوئاد رەوف محمد)، سلێمانی، ٢٠١٧/١٠/٤. لە ساڵی ١٩٧٢ لە شاری سلێمانی لە دایك بووە، لە ساڵی ١٩٩٣ پەیوەندی بە (پ.د.ك) کردووەو بووە بە پێشمەرگە تا ساڵی ٢٠٠٥، تەمەنی منداڵی و لاوێتیشی لە شاری سلێمانی بەسەر بردووە، ئێستاش دوکاندارە و نیشتەجێی هەمان شارە.

(٤) ئاراس عەبدولرەحمان مستەفا: س. پ، ل٤٣٥.

شەهید کرابێت، بەڵام هەندێك سەرچاوەی دیکە ئاماژە بە بوونی شەهید و بریندار دەکەن لە هەردوولا واتە لە هاولاتیان و سەربازانی سوپای عێراق بەتایبەت ئەوسەربازانەی کە دیل بوون هەندێکیان کولەباران کران، جگەلەوەش نزیکەی (٢٠٠) کەس لەلایەن سەربازی سوپای عێراقەوە لەسەر ڕێگای تاسلوجە دەستگیرکران، کە دوایی لە ڕێگای (UN) هوە دیلەکانی هەردوولا ئازادکرا[١]. لەدوای شاری سلێمانی تەواوی شارو شارۆچکەکانی باشوری کوردستان لە سوپای عێراق پاککرانەوە، بەڵام لە ٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٩١ دا سوپای عێراق بە پاڵپشتی سەدان تانكو زرێپۆش پەلاماری شارۆچکەی کفریداو دەستی بەسەردا گرتن، دواتر کەوتە پێشڕەوی بەرەو کەلارو ناوچە ستراتیژییەکانی گەرمیان پێشڕەوی کرد، بەڵام لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە هێرشیان کرایە سەرو تێکشکێنران، لەو شەڕەدا نزیکەی (٣٥) تانكو زرێپۆش سوتێنران، دەیان سەربازو ئەفسەری سوپای عێراق لە مەیدانی شەڕەکەدا بەجێمانو پێشڕەوی سوپای عێراق بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی باشوری کوردستان وەستێنرا[٢]. لە ڕۆژانی (٧ و ٨ ی تشرینی یەکەمی ١٩٩١) ١٩٩١) لە سێ قۆڵەوە (باخی بەختیاری، گردی کاك ئەحمەدی بۆن خۆش، گەڕەکی وڵوبە)ی نزیك شاری سلێمانی، حکومەتی عێراق کەوتە بۆمبارانکردنی شاری سلێمانی، لە ئەنجامدا زیاتر لە (٥٠) کەس شەهیدو نزیکەی (٨٠٠) کەس بریندار بوون، لەدوای ئەوەش جەماوەری شار هەڵیانکوتایە سەر دامو دەزگاکانی حکومەتو شارەکەی بە تەواوەتی پاککرایەوە، ئەمەش بە ڕاپەڕینی سێیەم ناسرا(٣).

ئەم بارودۆخەش لە بەرژەوەندی عێراق نەبوو، بەتایبەت دوای بڕیاری (٦٨٨)و دابینکردنی ناوچەی ئارام لەسەرو هێڵی (٣٦) بۆ پاراستنی ناوچە کوردییەکان لە دەستی ڕژێمی بەعس، بە تەواوەتی سوپای عێراق لاواز بوو لە باشوری کوردستان، ڕۆژانە سەربازەکانی چەکدەکرانو دەیان سەربازو ئەمنو هەواڵگری و پۆلیس دەکوژران، بۆیە حکومەتی عێراق هەموو پیلانەکانی شکستی خواردو نەیتوانی وەکو جاران دەسەلاتی خۆی بەسەر شاری سلێمانیدا بسەپێنی"[٤]، بۆیە ڕژێمی بەعس ناچاربوو لە ١٩٩١/١٠/٢٣ سەرجەم دامودەزگای خۆی لە شارەکانی باشوری کوردستان بکشێنێتەوەو بڕیاری ڕاگرتنی موچەی فەرمانبەرانی کورد بدات، کە ژمارەیان (١٥٠,٠٠٠) فەرمانبەر بوو، لەگەڵ ئەوەشدا گەمارۆی ئابوری بەسەر باشوری کوردستاندا سەپاند(٥).

ئامانجەکانی ڕژێمی بەعس لە کشانەوەی دامودەزگا کارگێڕییەکانیو سەپاندنی گەمارۆی ئابوری بەسەر کوردستاندا بریتی بوون لە :-

١. حکومەت پێیوابوو بە کشانەوەی دامودەزگاکانی لە باشوری کوردستاندا، ئاژاوەو گێرەشێوێنی بڵاودەبێتەوەو شیرازەی کۆمەڵایەتی تێکدەچێتو ڕیزەکانی کۆمەڵگەی کوردی لێکدەترازێت.

---

(١) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (شێخ سالاری حەفید)، ٢٠١٨/٤/١٩، سلێمانی ؛ عەبدولڕەزاق مەرزنگ: س. پ، ل١٨١.

(٢) محمود سەنگاوی: س. پ، ل٤٢٨.

(٣) ڕۆژنامەی (بەرەی کوردستانی)، ژمارە (١) خولی دووەم، ساڵی چوارەم، تشرینی یەکەمی ١٩٩١، ل١؛ هاوڕێ باخەوان: هاوڕێنامە....س. پ، ل٣٣٨.

(٤) درية عوني: الاكراد، ط١، الناشر ابو للنشر والتوزيع، القاهرة، ١٩٩٩، ص١٨٨-١٨٩.

(٥) صلاح الخرسان: م. س، ص٥٣٤.

٢. ڕژێم ئامانجی بوو لە ڕێگەی دەزگای سیخوڕیو پیاوانی سەر بە ڕژێمی بەعس ناکۆکی نێوان لایەنە سەرەکییەکانی کوردستان زیاد بکات.

٣. ئامانجی بوو کە لە ڕێگەی بڕینی بودجەی مانگانەی موچەخۆرانو کەمکردنەوەی پارە لە باشوری کوردستاندا، بێکاریو برسێتیو ڕێگریو دزیکردن بە فروانی بڵاوبکاتەوە.

٤. ئەو هۆکارانەی سەرەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی ناڕەزاییو مانگرتنو خۆپیشاندانو کاری تێکدەری بە فراوانی لە باشوری کوردستاندا بڵاوببێتەوەو کوردیش ناتوانێ ئیدارەی ناوخۆیی خۆی بەڕێوەبەرێت، ناچار دانیشتوان خۆیان داوا لە حکومەت دەکەن کە کاروبارەکان بگرێتەوە دەستو ئەویش مەرجەکانی خۆی بەسەر باشوری کوردستاندا دەسەپێنێ"[١]، بەڵام ئەم ئامانجەی حکومەتی عێراق نەهاتە دیوو مامۆستاو فەرمانبەرو کرێکارو کارمەندان بەبێ موچەو بێ بەرامبەر چوونەوە سەر کارەکانی خۆیان[٢].

ئابوری عێراق پێش ساڵی ١٩٩١ لە خراپترین دۆخیدا بوو، ئەویش بە هۆی جەنگی عێراق-ئێران، جەنگی کەنداوی دووەمو داگیرکردنی کوێت، بۆ ڕوونکردنەوەی ئەمەش چەند داتایەك دەخەینەڕوو، بۆ نمونە داهاتی گشتی عێراق پێش جەنگی عێراق-ئێران، لە ساڵی ١٩٧٩دا (٤٩) ملیار دۆلار بووە، بەڵام لە ساڵی ١٩٩٣ واتە دوای جەنگی عێراق- ئێرانو داگیرکردنی کوێت ئەو داهاتە بۆ (١٠) ملیار دۆلار دابەزیووە، داهاتی تاکەکەسیش کە لە ساڵی ١٩٧٩دا (٤٣١٩) دۆلار بووە، بەڵام لە ساڵی ١٩٩٣دا دابەزیووە بۆ (٤٨٥) دۆلار، ئەمە جگەلەوەی شارەزایانی ئابوری زیانەکانی حکومەتی عێراقیان لە جەنگی عێراق-ئێراندا بە (٦٧) ملیار دۆلار خەملاندووە، بە پێی ڕاپۆرتی ئابوری هاوبەشی عەرەبی، بڕی ئەو زیانانەی کە بە ژێرخانی ئابوری عێراق کەوتووە لە جەنگی داگیرکردنی کوێتدا بە (٢٣٢) ملیار دۆلار خەملێنراوە، بەگشتی عێراق لە ساڵی ١٩٩٣دا (٥٨٢) ملیار دۆلار زیانی بەرکەوتووە، بەو قەرزو قەرەبوانەوە کە پێویست بوو عێراق بیانداتەوە، ئەو بڕەش نزیکەی (٦٠) ئەوەندەی کۆی گشتی داهاتی ساڵی ١٩٩٣و لەوەش زیاتر لەچاو داهاتی ساڵی ١٩٩٥و ١٩٩٦دا[٣]. جگەلەوانەش نەتەوەیەکگرتووەکان بڕیاری (٦٦١) لە ٦ی ئابی ١٩٩٠ دەرکرد، کە بە پێی بڕیارەکە هەموو مامەڵەیەکی داراییو بازرگانی نێودەوڵەتی لەگەڵ عێراقدا قەدەغەکرد، لە ٢٥ی ئابی ١٩٩٠ بە پێی بڕیاری (٦٦٩) گەمارۆی ئابوری بەسەر عێراقدا سەپاند، گەورەترین لێکەوتەی ئەو بڕیارانەش پەیدابوونی هەڵئاوسان بوو، کە لە ساڵی ١٩٩٣ دا ڕێژەکەی (٣٠٧٠٦٪) بوو لە ساڵی ١٩٩٥دا بۆ (١٥٩٣١٪) بەرزبووەوە[٤].

ئەو بارودۆخە ئابورییەی عێراق ڕەنگدانەوەی تەواوی لە شاری سلێمانیدا هەبووە، بە تایبەت دوای ئەوەی حکومەتی عێراق دامو دەزگاکانی خۆی لە باشوری کوردستاندا کشاندەوەو لە ٢٦ی تشرینی

---

(١) فاتیح ڕەسوڵ: لە پێناو دەسەڵاتدا، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٧، ل٢٥.؛ ڕودهۆفو ئەوانی تر: س. پ، ل٤٩.

(٢) ڕۆژنامەی (ڕێگای کوردستان) ، ژمارە(٢٩٦)سێ شەممە، ١٩٩٢/٣/٨.؛ جەمال شێخ نوری: وێرانکاری...س. پ، ل١٩٣.

(٣) ڕۆژنامەی (ڕێگای کوردستان)، ژمارە (٢٢٥)، ٥ شەممە، ١٩٩١/١١/٧، ل٧.

(٤) هێرش عبداللە حمەکریم: پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان هەرێمی کوردستانو دەوڵەتانی دراوسێ ئێرانو تورکیاو سوریا ١٩٩١-٢٠٠٣، چ١، چاپخانەی تاران، ئێران، ٢٠١٣، ل٣٩-٤٠.

یەکەمی ١٩٩١ سەرەڕای ئەوەی باشوری کوردستان لە چوارچێوەی عێراقدا گەمارۆی ئابوری لەسەر بوو، حکومەتی عێراق گەمارۆیەکی دیکەی بەسەردا سەپاندو (٢٥) دیناری عێراقی لە بازاڕ کشاندەوەو گورزێکی دیکەی لە ئابوری هەرێمەکەدا[1].

نرخی کالاّو شتومەکەکان بەشێوەیەکی بەرچاو لە شاری سلێمانیدا بەرزبووەوە، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە بەراوردێك لە نێوان نرخی شتومەك‌و کالاّکاندا دەکەین لەو ماوەیەدا. بۆ نمونە (١ کغم ئارد) لە تەمموزی ١٩٩٠دا بە (٦٠فلس) بوو، برنج (٢٤٠فلس)، نیسك (٤٠٠فلس)، شەکر (٢٠٠فلس) بوو، بەلاّم لە تەمموزی ١٩٩١دا بەمشێوەیە بەرزبۆوە، ١ کغم ئارد (٢,٢٧٨)فلس، نیسك (٤,٧٩٥) فلس ، شەکر (٤,٢٨٩) فلس ، بەلاّم ئەو نرخانە لە ساڵەکانی دواتردا بە ڕێژەیەکی بەرچاو بەرزبوونەوە، ئەگەر مانگی کانوونی دووەمی ١٩٩٣ وەربگیرێت دەبینرێت نرخی یەك کیلۆگرام ئارد لە بازاڕەکانی شاری سلێمانیدا (٦,٥٠٠ دینار-فلس) بووە، برنج گەیشتۆتە (١٢ دینار)، خۆراك‌و شتومەکەکانی دیکەش بەهەمان شێوە. بۆ نمونە ئەگەر نرخی سوتەمەنییەکان وەربگیرێت لە ١٦ی ئابی ١٩٩٢ بۆ کانوونی دووەمی ١٩٩٣، (٢٠)لیتر بەنزین لە (١٢٠) دینارەوە بۆ (١٦٠) دینار بەرزبۆوە، (٢٠)لیتر نەوت لە (٤٥) دینارەوە بۆ (١٠٥) دینارو(٢٠)لیتر گاز لە (٥٠) دینارەوە بۆ (٩٥) دینار، بەمشێوەیە دەبینرێت تەنها لەماوەی یەك ساڵدا لە تەمموزی ١٩٩٠ بۆ تەمموزی ١٩٩١ زیادبوونی بەرچاوی نرخ دەبینین، ئاردی گەنم (٤٨) ئەوەندە زیادیکردووە، برنج (١٦) نیسك (١٢) ئەوەندو شتومەکەکانی تریش بەهەمان شێوە[2].

بەمشێوەیە دەردەکەوێت بارودۆخی ئابوری شاری سلێمانی لەماوەی نێوان (١٩٩١-١٩٩٦) لەوپەڕی خراپیدا بووە، بەتایبەت لەدوای ساڵی ١٩٩٣ ەوە نرخی مادە خۆراکییەکان بەشێوەکی ترسناك بەرزبۆوە، بۆ نمونە نرخی یەك فەردە ئاردی پەنجا کیلۆگرامی گەیشتە (١٢٠٠) دینار، یەك کیلۆگرام برنج گەیشتە (٣٠) دینار، یەك کیلۆگرام ڕۆن بوو بە (٧٠) دینار، پێشتر یەك دیناری عێراقی بەرامبەر بوو بە (٣,٣٣) دۆلار لە پێش ساڵی ١٩٩٠، بەلاّم دواتر پێچەوانەوە بۆوەو یەك دۆلار بەرامبەر بوو بە (٩٠) دیناری عێراقی لە ساڵی ١٩٩٥دا[3].

لە بارودۆخێکی وادا دانیشتوانی شاری سلێمانی ناچاربوون بۆ کڕینی مادە خۆراکییە سەرەکییەکان خانووەکانیان بفرۆشن، هەبوو دوای فرۆشتنی کەل‌وپەلی ناو ماڵ لە ڕایەخ‌و قەنەفەو بەفرگرو ئامێرەکانی

---

(١) اسماعیل مصطفی عبدالرحمن: واقع البطالة في اقليم كوردستان، مع تركيز خاص على محافظة السليمانية (١٩٩٠-٢٠٠١)، گۆڤاری سەنتەری ستراتیژی کوردستان، ژمارە (٣)، ساڵی سیانزەهەم، ٢٠٠٥، ل٢٣٩-٢٤٠.

(٢) بۆ زانیاری زیاتر لەسەر نرخی خواردەمەنی‌و کەلوپەلەکانی دیکەی بازاڕەکانی شاری سلێمانی. (بڕوانە// گۆڤاری دیموکراسی، ژمارە (١٠)، ساڵی یەکەم، ئابی ١٩٩٢، ل١٢.؛ هـ. س، ژمارە (١٤)، ساڵی دووەم، تشرینی دووەم ١٩٩٢، ل١٧.؛ هـ. س، ژمارە (١٦)، ساڵی دووەم، کانوونی دووەمی ١٩٩٣، ل١٧.؛ کاوس عەزیز فەرەج: باری گوزەران‌و خۆراك لە کوردستاندا، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی، ژمارە (١) ساڵی سێیەم، نیسانی ١٩٩٤، ل١٦٢).

(٣) ڕۆژنامەی (ڕێگای کوردستان)، ژمارە (٢٣٢)، ساڵی پێنجەم، ٥ شەممە، ١٩٩٦/١٢/٢٦، ل٢؛ ئاسۆ جەبار: کۆچ‌و سەفەر لێکۆڵینەوەیەکی ئەنترۆپۆلۆژی کۆمەلاّیەتی سەبارەت بە کۆچ لە جیهانداو کۆژی بە لێشاوی کورد بەرەو خۆرئاوا، چ٢، (ب.ن.چ)، (ب.ش.چ)، ٢٠٠١، ل١٦٥.

دیکەی ناو ماڵ، ناچار دەبوو، کە دەرگاو پەنجەرەی ماڵەکەی دەربکاتو بیفرۆشێت هەتا لە برسان نەمرن[١].

جگەلە گەمارۆی ئابوریو بەرزبوونەوەی لە ڕادەبەری نرخی شتومەكو كاڵاكان كە باری سەرشانی دانیشتوانی شاری سلێمانی زیاتر قورستر کردبوو، ناکۆکیو شەڕو پێکدادانی نێوان پارتەکانی باشوری کوردستان بوو، بۆ نمونە دوای دروستبوونی حکومەتی هەرێم لە ساڵی ١٩٩٢و شەڕی حکومەت لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە)، دووجار پەکەکە لە مانگی ئەیلولی ١٩٩٢دا سنوری نێوان هەرێمو تورکیای گرت، ئەمەش نرخی خواردەمەنیو دەرمانی بە ڕێژەی (٣٠٠٪) بەرزکردەوە[٢]، ئەمە جگەلە شەڕەکانی دیکەی نێوان لایەنەکانی کوردستان کە ئەرکێکی دیکەی خستبووە سەر شانی دانیشتوانی شار، ئەویش ئەوەبوو کە زۆرجار ئەو کەسانەی ئۆتۆمبیلیان هەبوو بە زۆر دەبران بۆ گواستنەوەی پێشمەرگە بۆ سەنگەرەکان، (عومەری حاجی عەلی) لەمبارەیەوە دەڵێت:"ئەوکاتە من ئۆتۆمبیلێکی تیۆتام هەبوو، بۆ بژێوی ژیانی خۆمو منداڵەکانم لە نێوان شاری سلێمانی و شارۆچکەکانی دیکەدا کاڵاو کەلوپەلم دەکڕیو دەفرۆشت، بەڵام زۆرجار پێشمەرگەی لایەنەکان ڕێیان پێدەگرتمو بەزۆر دەبرام بۆ گواستنەوەی پێشمەرگە لە سەنگەرێکەوە بۆ سەنگەرێکی دیکە، یان چەكو خواردەمەنیان پێ دەگواستنەوە بۆ بەرەکانی شەڕ"[٣]، بێگومان ئەمەش کاریگەری لەسەر گوزەرانو ژیانی هاوڵاتیانی شاری سلێمانی هەبووەو لە ئیشوکارو دابینکردنی پێداویستییەکانی ڕۆژانە دوری خستوونەتەوە.

یەکێکی دیکە لەو کێشانەی کە بارودۆخی ئابوری زیاتر ئاڵۆز کرد بوو، کەمی پارە بوو لە بازاڕدا، بەتایبەت دوای کشانەوەی (٢٥) دیناری لەلایەن حکومەتی عێراقەوەو داخستنی سنورەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان کە بوو بەهۆی ئەوەی پارە لە هەرێم کەم ببێتەوە، هەرچەندە پارەی کۆپی لە بازاڕدا هەبوو، بەڵام خەڵکی زیاتر بە چاپی سویسری مامەڵەیان دەکرد، کە بە (اصلی) ناوی دەرکردبوو، بازرگانانو سەرمایەدارنی هەرێم بە بیانووی بوونی جیاوازی لە نێوان پارە کۆنەکەو کۆپیەکە، زیاتر بە پارە کۆنەکە مامەڵەیان دەکرد، ئەویش بەهۆی بازرگانیو هاوردەکردنی کەلو پەلەوە ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو کەمبوونەوە دەچوو، جگەلەوەی ئەو پارەی کە دەدڕا یان دەسوتا هیچ برە پارەیەك نەدەهاتەوە شوێنەکەی ئەمەش دەبووە هۆی کەمبوونەوەی بڕی پارە، چونکە حکومەتی هەرێم بانکی ناوەندی نەبوو، نەیدەتوانی وەکو دەوڵەت پارە چاپ بکاتو بیخاتە بازاڕەوە[٤]. ئەمە سەرەڕای ئەوەی ئەو دراوە بیانیانەی کە لە ڕێگەی ڕێکخراوە نێو دەوڵەتییەکانەوە دەهاتە هەرێم، حکومەتی عێراق بە پارەی کۆپیکراو لێیوەردەگرتنەوە، کە

---

(١) فوئاد تاهیر سادق: بیرەوەرییەکانی ژیانی ژێردەستی، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، (ب.ش. چ)، (ب.س.چ)، ل٩٠.؛محەمەد شێخ عەبدولکەریم سوڵەیی: پانۆرامای ڕووداوەکانی ناو یەکێتیو کوردستانو عێراق، چ١، چاپخانەی ڕۆمان، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل٢٤٨.

(٢) هێرش عبدالله حمەکریم: س. پ، ل٥٦.

(٣) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (عومەر عەلی حەمە ئەمین)، سلێمانی، ٢٠١٧/٩/٢٠. ناوبراو لە ساڵی ١٩٥٥ لە شاری هەڵبجە لەدایك بووە، لەدوای ڕاپەرینی ئازاری ١٩٩١ لە شاری سلێمانی دەژیو کاسبکارو دانیشتووی شاری سلێمانییە.

(٤) سەرکار احمد عەبدالله: بارودۆخی ئابووریو کێشەی پارە لە هەرێمی کوردستاندا، گۆڤاری (ئابوری)، ژمارە (١٠)، زستانی ٢٠٠١، ل٧٠-٧٢.

بە گوتەی (نەوشیراوان مستەفا) لە ماوەی چەند مانگێکدا نزیکەی (٤٠٠)ملیۆن دۆلار هاتووەتە هەرێم، ئەمەش زیانی گەورەی لە ئابوری هەرێمەکە دابوو، نەبوونی بانك بۆ کۆکردنەوەی ئەو پارانە یەکێکی دیکەبوو لەو هۆکارانەی کە ئابوری هەرێمی توشی قەیرانی گەورە کردبوو[١]، بۆ چارەسەرکردنی کێشەی پارەی کۆپی پەرلەمانی کوردستان بە بڕیاری ژمارە (٦) لە ١٩٩٢/٨/١١ بڕیاریدا بە:-

١. ناچارکردنی هەموو لایەنەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق، تا مامەڵە بەو پارە کۆپی (استینساخ)ە، بە نرخی تەواوی خۆیەوە بکەن، ئەگەر هاتوو یەکێ لە مەرجەکانی ئەمانی تێدابوو.

٢. ئەوەی سەرپێچی ئەو بڕیارە بکات بە گوێرەی یاسا ڕەچاوکراوەکان توندترین سزا دەدرێت[٢]، بەڵام بڕیارەکانی پەرلەمان بەهۆی ئاڵۆزی سیاسی و شەڕو ململانێی نێوان لایەنەکان بە باشی جێبەجێ نەدەکرا، تێکچونی سیستەمی سیاسی و ئابوری بەداوی خۆیدا هێنابوو، بەجۆرێك تەواوی چالاکییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دوو کەرت و بێ سەروبەرە بوو، داهات و خەرجکردن و بازرگانی و باج و خەراج ڕێسای مووچەو گومرگ و کارگەو کۆمپانیا و بەرهەمهێنەرکان و چالاکییەکانی بەرهەمهێنان بەشێوەیەکی ڕێکوپێك بەڕێوە نەدەبران[٣].

مەسەلەی زۆری گومرگەگان کێشەیەکی گەورەی بۆ کاری بازرگانی دروستکردبوو، بە جۆرێك بەشی زۆری قازانجی بازرگانان بۆ گومرگ و بەرتیلی بەرپرسەکان دەڕۆشت، کە ئەمەش نرخی شتومەك و کاڵاکانی لەسەر هاوڵاتیان بەرز دەکردەوە[٤]. (عادل عومەر) کە لەساڵانی ١٩٩٠ بەدواوە خەریکی کاری بازرگانییە دەڵێت:"لە ساڵی ١٩٩٥ دەمویست هەندێك کاڵاو شتومەك لە وڵاتی ئێرانەوە بهێنمەوە بۆ شاری سلێمانی، لە سنوری ئێران هەتا شاری سلێمانی زیاد لە (١٠) خاڵی گومرگی دانرا بوو، هەر حزبەو بە جیا داوای گومرگی دەکرد، بەجۆرێك هەتا دەگەیشتمە شاری سلێمانی لە قازانجەکە زیاتر گومرگیان لێ دەسەندم"[٥]. ئەمەش کاریگەری لەسەر گرانتر بوونی نرخی شتومەك هەبووە لە بازاڕی شاری سلێمانیدا، باروگوزەرانی دانیشتوانی شاری گرانتر کردووە.

سەبارەت بە کەرتی کشتوکاڵیش یەکێك لە کەرتە خراپەکانی هەرێم بوو لەماوەی نێوان (١٩٩١-١٩٩٦) چونکە ئامێرەکانی کەرتی گشتی لە دوای ساڵی ١٩٩١ەوە بەرەو نەمان دەچوون، ئەم ئامێرانە سەرچاوەی داهاتی پارتەکان بوون، دوای ئەوەی دەستیان بەسەردا دەگرت و لەسەر سنوری ئێران دەیان فرۆشت، لە

---

(١) دیداری نەوشیروان مستەفا ئەمین لەگەڵ مامۆستا مەلا عوسمان عەبدولعەزیز ڕابەری گشتی بزوتنەوەی ئیسلامی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢، (پارێزراوە لای توێژەر).

(٢) بۆ دەقی بڕیارەکە. بڕوانە// ئەنجومەن: ڕۆژنامەیەکی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستانی عێراقە، ژمارە (١)، ١٥ ئەیلولی ١٩٩٢، ل١١.

(٣) ڕۆژە عبداللە شریف: ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی نا سەقامگیری سیاسی لە هەرێمی کوردستان، چ١، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٢٦٤.

(٤)ئەردەڵان عەبدوڵڵا: خەباتی پێشمەرگایەتی یان کارەسات و ماڵوێرانی، (ب.ش.چ)، ٢٠٠٧، ل٢٣٧.

(٥) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (عادل عومەر علی)، سلێمانی، ٢٠١٧/٩/١٥. ناوبراو لە ساڵی ١٩٧٥ لە شاری هەڵەبجە لەدایك بووە، لە ساڵی ١٩٩٠ بەدواوە خەریکی کاری بازرگانییەو ئێستا خاوەنی کۆمپانیای عادل عومەرە بۆ بازرگانی (خۆراك و ماسی) لەشاری سلێمانی و هەر لەوێش نیشتەجێیە.

کۆتایی ساڵی ١٩٩٠ ژمارەی تراکتۆرە کشتوکاڵییەکان لە شاری سلێمانی (٣٧٨٣) دانە بووە، بەڵام لە هاوینی ١٩٩١دا تەنها (٢٦٣٩) دانەی ماوەتەوە، ئەمەش بەهۆی سەرهەڵدانی دیاردەی بە تاڵانبردنی ئامێرەکانی کەرتی گشتی بوو، کە کاریگەری هەبوو لەسەر کەمکردنەوەی بەرهەمی کشتوکاڵی و زیادبوونی نرخەکەی، هەرچەندە زەوییە کشتوکاڵییەکان لە زیادبوندا بوون. بۆ نمونە لە ساڵی ١٩٩٠ زەوییە کشتوکاڵییەکان لە (٤٨٪) بووە، بەڵام لە ساڵی ١٩٩٣ بۆ (٦٨٪) زیادیکردووە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕێژەی بەرهەمهێنان لە دابەزیندا بووە، بۆ نمونە بەرهەمی گەنم (کغم/دۆنم) لە ساڵی ١٩٩٠ (٢٨٥,٦) بووە بەڵام لە ساڵی ١٩٩٤دا دابەزیووە بۆ (٢٢٢,٧)، هاوکات لەگەڵ دابەزینی ڕێژەی بەرهەمهێنان نرخەکەشی زیادیکردووە، نرخی فەرمی یەك تۆن گەنم لە ساڵی ١٩٩١ (١٨٥٠) دینار بووە، بەڵام لە ساڵی ١٩٩٢ (٢٩٥٠) بەرزبۆتەوە، واتە بە ڕێژەی (٥٩٪)، ئەمەش بەشی ٥٩,٢٥٪ کۆمەڵگەی کوردی دەکرد، واتە نزیکەی (٤٠٪) هەرێم خۆراکی پێویستی دەست نەکەوتووە[1]. لەگەڵ ئەوەشدا وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێم نەیتوانیووە بەروبوومی کشتوکاڵی بەتایبەت دانەوێڵەی جوتیاران بکڕێتەوە، هەرچەندە بودجەی پێویستی بۆ تەرخان کرابوو، لە ساڵی ١٩٩٣ەوە لیژنەیەك بۆ هەمان مەبەست دروستکرا، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون، ئەمەش کاریگەری گرانبوونی نرخی دانەوێڵە هەبوو، بارودۆخی ئابوری و گوزەرانی خەڵکی زیاتر خراپ کرد[2]، بۆیە جوتیاران ناچار بوون بەرهەمەکانی خۆیان بە حکومەتی عێراقی بفرۆشن، ئەمەش هێندەی تر ڕەوشەکەی خراپتر کرد[3].

وەك پێشتر باسکراد دیاردەی تاڵانکردن و ئاودیوکردنی ئامێرو مەکینەی کارەبایی و بارهەڵگرو ئۆتۆمبیلی کەرتی گشتی لە دوای ساڵی ١٩٩١ەوە بەشێوەیەکی بەرچاو پەرەی سەند، هۆکارەکەی نەبونی دەسەڵاتی یاسا و لاوازی دەسەڵاتی جێبەجێکردن و نەبونی ئەزمونی ئیداری و بەڕێوەبردن بوو[4]، بەپێی ڕاپۆرتێکی حکومەتی هەرێم/ وەزارەتی دارایی تەنها لە ماوەی ١٩٩٢-١٩٩٣ زیاتر لە (٦٠) ئامێری چاکردنی ڕێگاوبان کە هەموو جۆرە ئۆتۆمبیلێکی تێدابووە و سەر بە وەزارەتی ئەشغال و ئاوەدانکردنەوەی حکومەتی هەرێم بووە، ڕەوانەی قەڵاچوالان کراوە لە ساڵی ١٩٩٤ هەموویان ئاودیوی سنوری ئێران کراون، کە تێکڕایی بایی (٦٠) ملیۆن دینار بووە، فرۆشراوە بە ئێران[5]، کاتێك فایەق تۆفیق(فایەقە ڕەش)، کە بەرپرسی ئاسایشی سلێمانی بووە، لە مام جەلال دەپرسێ ئایا یەکێتی ئاگاداری فرۆشتنی ئەو ئامێرانەیە، لە وەڵامدا مام جەلال پێی دەڵێت بەڵێ ئاگادارم و ئەو دەزگایانە نەهی حکومەتی عێراقە تاڵان کرابن، نە هی

---

(١) هێرس عبدالله حمەکریم: س. پ، ل٥٦.

(٢) حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی دارایی و ئابوری: ڕاپۆرتی هەندێك لە چالاکییە دارییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە شەش مانگی یەکەمی ساڵی ١٩٩٧دا، بەسەرپەرشتی (شەوکەت شێخ یەزدین) وەزیری دارایی و ئابوری ئامادەکراوە، ل١٠-١٩.

(٣) ڕۆژنامەی یەکگرتن: ژمارە (٢)، خولی یەکەم، حوزەیرانی ١٩٩٢، ل٥.

(٤)دیداری نەوشیروان مستەفا ئەمین لەگەڵ مامۆستا مەلا عوسمان عەبدولعەزیز ڕابەری گشتی بزوتنەوەی ئیسلامی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢، (پارێزراوە لای توێژەر).

(٥) بۆ زانیاری زیاتر لەسەر جۆری ئەو ئامێرو مەکینانە، تەنانەت ژمارەی حکومی و ژمارەی شاسی و ژمارەی مەکینەکانیان. مەکینەکانیان. بڕوانە// حکومەتی هەرێم/وەزارەتی دارایی و ئابووری: س. پ، ل٢٦-٣٠.

بەرەی کوردستانیە، بەڵکو یەکێتی بە پارەی خۆی کڕیویەتی و بۆ قازانج دەیانفرۆشێتەوە، لە بەرامبەردا پارتیش خەریکی هەمان کار بووەو ئەوان بە یەکێتیان ڕاگەیاندووە، کە شۆفڵو حەفارە دەکڕینو دەفرۆشینەوە[1]. شاری سلێمانیش لەم تاڵانکارییە بێبەش نەبووە، سەرۆکی شارەوانی سلێمانی ئەو کاتە دان بەوەدا دەنێت، لە (٣٢) بارهەڵگری شارەوانی تەنها (٣) دانەیان ماوەتەوە[2]، بەهۆی ئەو دیاردەیەشەوە دامودەزگا خزمەتگوزاریو پەروەردەییەکان کارو چالاکییەکانیان سستبووە، نەیانتوانیووە وەك پێویست خزمەتی شاری سلێمانی و دانیشتوانەکەی بکەن، تەنانەت ئەم دیاردەیە کەرتەکانی تەندروستی، پیشەسازی، ئاوەدانکردنەوەو زۆربەی دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی گرتبۆوە، بۆیە بۆ ڕێگری لەم دیاردەیە ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان بڕیاری ژمارە (٢١)ی لە ١٩٩٢/١٠/٤ دەرکرد، بە پێی بڕیارەکە ناردنە دەرەوەی هەموو جۆرە مەکینەو ئامێری پزیشکیو دەرمانو مەوادی بنیاتنانو کارەباییو مەڕوماڵات بۆ دەرەوەی هەرێمی کوردستان قەدەغەکرد[3]، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم بڕیارە نەیتوانی چارەسەری ئەو کێشانە بکات کە دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی تێکەوتبوو، بەتایبەت کەرتی تەندروستی، لەو کاتەدا گەورەترین کێشەی کەرتی تەندروستی سلێمانی نەبونی دەرمانی پێویست بووە لە نەخۆشخانەکانی شاری سلێمانیدا(٤)، هەرچەندە لە هەندێ وڵاتەوەو لە ڕێگەی ڕێکخراوە خێرخوازییەکانەوە دەرمانو پێداویستی پزیشکی دەهاتنە هەرێمەوە، بەڵام وەك پێویست سوودی لێوەرنەدەگیرا، بۆ نمونە لە ئیتاڵیاوە لە نیسانی ١٩٩٣دا (٢٥٠) هەزار دەرزی پزیشکی ڕەوانەی هەرێم کراوە، بەڵام بە پێی ڕاپۆرتی حکومەتی هەرێم ئەو بڕە دەرزییە نەدراوە بە نەخۆشخانەکانی هەرێم کە زۆریان پێویستیان بوو[5].

ئەگەر کەرتی پەروەردەو خوێندنی باڵا وەربگرین، دەبینین حاڵی ئەم کەرتەش لە کەرتەکانی دیکە باشتر نەبووە، هەر لە دوای ساڵی ١٩٩١ەوە کەلوپەلو پێداویستییەکانی قوتابخانەو زانکۆو کۆلیژەکان بە تاڵان بران[6]، مامۆستایان لەوپەڕی خراپی ژیانو گوزەراندا بوون، بە جۆرێك ڕۆژنامەیەکیشیان پێ نەدەکڕا[7]، بە بە سەدان مامۆستا ناچاربوون لەسەر شەقامەکان لەبەرچاوی خەڵكو قوتابییەکانیان، پاکەتو شقارتەو سابونو خاولیو پێڵاو و وردەواڵە فرۆشی بکەن[8].

---

(١) لالۆ عەبدولرەحمان پێنجوێنی: س. پ، ل٧٠٢.

(٢) چاوپێکەوتنی گۆڤاری دیموکراسی لەگەڵ (نەورۆز محەمەد) سەرۆکی شارەوانی سلێمانی، گۆڤاری (دیموکراسی)، ژمارە (٩)، ساڵی یەکەم، تەممووزی ١٩٩٢، ل٢٨.

(٣) بۆ دەقی بڕیارەکە بڕوانە// ڕۆژنامەی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان، ژمارە (٤)، تشرینی دووەمی، ١٩٩٢، ل٤.

(٤) چاوپێکەوتن لەگەڵ (د.جەمال عومەر تۆفیق) بەڕێوبەری گشتی تەندروستی سلێمانی، ڕۆژنامەی (هەرێم)، ژمارە (٢٣)، ساڵی یەکەم، ٥ شەممە، ١٩٩٣/٧/٨، ل٥.

(٥) حکومەتی هەرێمی کوردستان/وەزارەتی داراییو ئابوری: ڕاپۆرتی کاروچالاکییەکانی...س. پ، ل١٧.

(٦) فاتیح ڕەسوڵ: لەپێناو دەسەڵاتدا...س. پ، ل١٩.

(٧) ڕۆژنامەی (گولان)، ژمارە (٢٤)، ١٩٩٤/٩/٩، ل٤.

(٨) ئیسماعیل تەنیا: سەفەری ڕەش کۆژانی دەربەدەریو ئاوارەییە، چ١، هەولێر، ٢٠٠٢، ل٣٥.

گـوزەرانی مامۆسـتایان لەوپـەڕی خراپیـدا بـووە، جگەلـە گرانبـوونی ڕۆژبـەڕۆژی نرخـی شـتومەكو پێداویستییەكان، مامۆستایانو فەرمانبەران بەچەند مانگێك جارێك موچەیان پێدەدرا[1]، ژیانی ئەوان كەمێك لە بێكاران باشتربوو، چونكە بڕی مووچەی فەرمانبەرانو مامۆستایان (٢٠٠) دینار بوو[2]، ئەڵبەت بە پێی خزمەت و پلەی وەزیفیان موچەكەش گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بەڵام بەشی پێویستی ژیان و گوزەرانی نـەكردون، لـە كاتێكـدا كـە مووچـەی پێویسـت بـۆ ژیـانی خێزانێـك (١٥٠٠-٢٠٠٠) دینـار بـوو[3]، واتـە مامۆستایانو فەرمانبەران نەك (٢٠٠) دینار بەشی پێداویستییەكانی نەدەكردن، بەڵكو فەردەیەك ئاردی پەنجا كیلۆیی دەگەیشتە (١٢٠٠) دینار[4]، واتە مووچەی مامۆستایان تەنها بەشی (٨,٥) كغم ئاردی دەكرد، دەكرد، ئەمە جگەلە پێداویستییەكانی دیكەی ژیانو گوزەران.

ژیانی قوتابیانیش لە هەمان ڕەوشدا بوو، بێ پەرتوك وپەڕاوگە بوون، لەسەر زەوی ڕوتی پۆلـەكانیان دادەنیشتن، بەشی زۆری قوتابیان، تەنانەت لە جل و بەرگی قوتابخانەش بێبەش بوون ، خانەوادەكانیان توانـای دابـین كردنیـان نـەبوو، ئـەو كۆمـەك و هاوكارییانـەش كـە لـە وڵاتـانی دیكـە و ڕێكخـراوە خێرخوازییەكانـەوە دەگەیشـتە شـاری سـلێمانی بەشـی پێداویسـتی قوتابیـانی هـەژارو بـێ دەرامـەتانی نەكردووە. بۆنمونە كڵێسایەكی دانیماركی بڕی(٣٨)تۆن جل و بەرگی بەكارهاتوو(كۆنە)ی ناردووە، بەسەر (٢٠٠) قوتابخانـە و (٣٨٨٤٩) قوتابیـدا دابەشـكراوە، كـە ئـەوەش تـەنها ڕێـژەی(٢٩٪) قوتابییـە هـەژاو لێقەوماوەكان بووە، ژمارەیەكی لەوە زیاتر پێویستیان بە هاوكاری و كۆمەك هەبووە [5]. گرانی و خراپی گوزەرانی خەڵك وای كردبوو لە قوتابخانەكانی شاری سلێمانیدا، بە تایبەت لە قوتابخانە سەرەتاییەكاندا ژەمە خواردن بۆ خوێندكاران ئامادەدەكرا، لەوانە(نیسك، نۆك، فۆسۆلیا، برنج، شیر، بسكویت) هەر ڕۆژەو یـەكێك لـەو خواردنانـە ئامادە دەكرا، جگەلـەوەش ئـەو خوێندكارانـەی كە زۆر هـەژار بـوون، جل و بـەرگ و بەتانی و پێداویستی دیكەیان بەسەردا دابەش دەكرا، بەڵام ئەمانەش وەك پێویست نەبوون و چارەسەری خراپـی گـوزەرانی خوێنـدكارانیان نـە دەكـرد[6]، جگەلەوانـەش نـەبوونی كتێـب یـەكێك بـوو لـە گرفتـە سـەرەكییەكانی كـەرتی پـەروەردە، بـە درێـژایی سـاڵی خوێنـدنی (١٩٩١-١٩٩٦) تـەنها كتێبـە كۆنـەكان لـە قوتابخانەكانـدا بـەكاردەهاتن، زۆربەشـیان كـۆنو دڕاو و بێكـەڵك بـوون، زۆربـەی پـەڕەكانیان پێوەنـەبوو، هەروەها بەشی پێداویستیشیان نەدەكرد.

---

(١) هاوڕێ باخەوان: وشە پەرتەوازەكان، بەرگی یەكەم، سەرجمی ١٠ وتارو كورتە لێكۆڵینەوەیە لە نێوان ساڵانی (١٩٩٥-٢٠٠٥) دا لـە گۆڤـارو ڕۆژنامـەو ماڵپـەڕە كـوردیو بیانییـەكانی كوردسـتانو هەنـدەران دا بلاوكراونەتـەوە، چاپنەكراو، ئەلیكترۆنیەو لەسەر ئەنتەرنێت بلاوكراوەتەوە، ل١٢-١٣.

(٢ ) ڕۆژنامەی (كوردستانی نوێ)، ژمارە(١٠٢)ی ساڵی یەكەم، چوارشەمە ١٩٩٢/٥/٢٧، ل٥.

(٣) گـەراس ئـاڕ. ڤـی. ستانسـفێلد: كوردسـتانی عێـراق پەرەسـەندنی سیاسـیو پشـكووتنی دیموكراسـیی، و: یاسین سەردەشتی، چ١، چاپخانەی سیما، سلێمانی، ٢٠١٠، ل١٣٢.

(٤) ئاسۆ جەبار: س. پ، ل٢٥٤.

(٥ ) ڕۆژنامەی (كوردستانی نوێ)، ژمارە(٩٤)ی ساڵی یەكەم، یەكشەمە ١٩٩٢/٥/١٧، ل٤.

(٦) چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ(مامۆستا ماریا عەبدوڵڵا عەلی)، ٢٠١٨/٤/٢٧، سلێمانی.ناوبراو لە ساڵی ١٩٧٨ لە دایك بووە، لەكاتی گرانییەكە و خراپی گوزەرانی خەڵكدا، خوێندكار بووە لە ئامادەی سلێمانی كچان، لە ساڵی ٢٠٠٥-٢٠٠٦، زانكۆی سلێمانی بەشی عەرەبی تەواو كردووە، ئێستا مامۆستایە لە قوتابخانەی شنروێ لە عەربەت و لەوێ نیشتە جێیە.

جگەلەوەی تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵی ١٩٩٤ بۆ پۆلی شەشەمی ئامادەیی ئاشکرا کران، کە ئەمەش نیگەرانی و بێتاقەتی قوتابیانی بەدوای خۆدا هێنا، حاڵەتێکی دەروونی خراپی لە ناو قوتابیاندا بڵاوکردەوە، دواتر دەرکەوت کە یەکەمجار لە هەولێر پرسیارەکان ئاشکرا بووەو دواتر لە هەموو شارو شاروچکەکان بڵاوبۆتەوە[١]. بەو هۆیەوە تاقیکردنەوەی کۆتایی ئەو ساڵە ئەژمار نەکرا و جارێکی تر تاقیکردنەوە ئەنجام درایەوە، بەڵام هەرچۆنێك بێت بە بۆچونی ئێمە گرانی و خراپی ژیان و گوزەرانی مامۆستایان کاریگەری لەسەر ئەم رووداوە هەبووە.

سەبارەت بە خوێندنی باڵا، هەرچەندە زانکۆی سلێمانی لە ساڵی ١٩٦٨ەوە لە شاری سلێمانی دامەزرابوو، بەڵام وەك پێشتر باسکراوە، حکومەتی عێراق بە بڕیارێك بۆ شاری هەولێری گواستبۆوەو ناوەکەی بۆ سەلاحەدین گۆڕیبوو، بەڵام لە دوای ساڵی ١٩٩١ هەوڵ بۆ گێڕانەوەی ئەو زانکۆیە دەستی پێکرد، لە ساڵی ١٩٩٢ خەڵکی شاری سلێمانی کۆبوونەوەو داوای گەڕانەوەی و دامەزراندنەوەی زانکۆی سلێمانیان کرد[٢]، دواتر هەوڵەکان بۆدامەزراندنەوەی زانکۆی سلێمانی لە هەموو لایەکەوە دەستی پێکرد، رۆشنبیران و کەسایەتی و پیاوماقوڵانی شاری سلێمانی بە پەرۆشەوە کەوتنە هەوڵدان بۆ دووبارە دامەزراندنەوەی زانکۆی سلێمانی، نمونەی ئەو هەوڵانەش پێشنیازی کۆبونەوەیەکی هەریەکە لە(سەلاح حەفید، ئومێد نووری، خالید محەمەد خاڵ) لە (١٩٩٢/٣/٣٠) بۆ کردنەوەی کۆلێژی (کشتوکاڵ و زانست و یاسا)بوو، جگەلەوەش لە رۆژی(١٩٩٢/٩/١١) کۆبونەوەیەکی دیکە بە ئامادەبوونی هەریەکە(خالید محەمەد خاڵ ، ئومێد نووری، کاوس عەزیز، دارا جاف) لە مەڵبەندی رێکخراوی کاردۆ، بە ئامادەبوونی ئەندامانی لیژنەی باڵای کاردۆ بۆ هەمان مەبەست ئەنجام دراوە، هەمان رۆژ واتە(١٩٩٢/٩/١١) بۆ خستنەگەڕ و جێبەجێکردنی ئەو پێشنیاز و هەوڵانە کۆبونەوەیەکی دیکە لە ماڵی(مامۆستا جەمال عەبدول) ئەنجام دراوە، لەو کۆبونەوەیەدا لیژنەی باڵای دامەزراندنەوەی زانکۆی سلێمانی پێکهێنرا[٣]، ئەوە بوو لە (١٩٩٢/١١/١٢)، بڕیاری دامەزراندنەوەی زانکۆی سلێمانی دراو بۆ ساڵی خوێندنی (١٩٩٢-١٩٩٣)، بۆ وەرگرتنی خوێندکاران ئامادە کرا[٤]، بەڵام لەبەر خراپی بارودۆخی ئابوری و نەبوونی بودجەی پێویست بۆ دابینکردنی دابینکردنی پێداویستییەکانی زانکۆ، لە رۆژی(١٩٩٢/٩/١٨) کۆمیتەیەك بۆ پشتگیری زانکۆی سلێمانی پێکهێنرا، کە پێك هاتبون لە: (جەمال عەبدول-سەرۆك، نەوشیروان مستەفا-ئەندام، مەحمود دەروێش نادر-

---

(١) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(ئاکۆ عەبدولکەریم شوانی)، سەرۆکی بەشی مێژوو لە زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠١٨/٤/٢٩.؛حکومەتی هەرێمی کوردستان/وەزارەتی دارایی و ئابوری: ڕاپۆرتی کارو...س. پ، ل٣٠.

(٢) زەکەریا عەبدول جەواد: بەشێك لە گەشتێکی رۆژنامەنووسان/و :ئازاد صدیق، گۆڤاری (سلێمانی)، ژمارە (١)، ساڵی یەکەم، ل٢٨.

(٣ ) پێکهاتەی لیژنەکە بەم شێوەیە بووە: (جەمال عەبدول-سەرۆك، هەریەکە لە نەوشیروان مستەفا، خالید محەمەد خاڵ، مەحمود دەروێش نادر، عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، پەری مستەفا خۆشناو، نەوزاد عەتار، کەمال ئیبراهیم شاڵی، سامی قادر محەمەد، نەورۆز محەمەد سەعید، حەمید سەلیم بەگ، عەلی ئیحسان ئەحمەد سابیر)ئەندام بوون تێیدا. (بروانە:جەمال عەبدول: کورتە بەسەرهاتێکی دامەزراندنەوەی زانکۆی سلێمانی، (نوسینێکی بڵاونەکراوەی جەمال عەبدول لای توێژەر پارێزراوە).

(٤)کەمال محەمەد سەعید: دامەزراندنەوەی زانکۆ، دەنگی زانکۆ بڵاوکراوەیەکی رۆشنبیری گشتییە، مەڵبەندی رۆشنبیری زانکۆی سلێمانی مانگی دووجار دەریدەکات، ژمارە (١)، شوباتی ١٩٩٣، ل١.

ئەندام، خالید محەمەد خالّ–ئەندام، جەلال عومەر ساماغا–ئەندام، ڕەفیق تۆفیق قەزاز–ئەندام، عەلی محەمەد عەبدوڵڵا–ئەندام)بارەگای ئەم لیژنەیە لە مەڵبەندی پارێزگای سلێمانی بوو، لە بانگەوازێکدا لیژنەکە داوای لە خەڵکی شاری سلێمانی کردووە تەنها لە ڕێگەی لیژنەکەوە هاوکارییەکانیان بگەیەنن، رایگەیاندووە کە هیچ کەس و لایەنێك بۆی نییە بە ناوی لیژنەوەکەوە هاوکاری و پارە کۆبکاتەوە[١]. ئەو لیژنەیە داوای لە پارت و لایەنەکانی کوردستان و کەسایەتی و دەوڵەمەندانی شاری سلێمانی کرد، کە هاوکاری زانکۆی سلێمانی بکەن، بەشێکی زۆری دەوڵەمەندان و کەسایەتیەکان و هاولاتیانی شاری سلێمانی هاوکاری و کۆمەکیان بۆ ئەو مەبەستە پێشکەشی لیژنەکە کردووە[٢]، بە رامبەری دا بە نوسراوی فەرمی سوپاسی ئەو کەس و لایەنانە کراوە کە هاوکارییان بۆ لیژنەکە ناردووە[٣]، دامودەزگاکانی تری خوێندنی بالا لە شاری سلێمانیدا لە دۆخێکی خراپی دارایدا بون، لە ٢٢/٣/١٩٩٢ مامۆستایانی پەیمانگای هونەری سلێمانی لیژنەیەك دروست دەکرێت بۆ کۆکردنەوەی هاوکاری و کۆمەك بۆ مامۆستایان و پێداویستییەکانی تری پەیمانگاکە، بۆ ئەو مەبەستەش سەردانی چەندین کەسایەتی دەوڵەمەند و پارت و ڕێکخراوە سیاسیەکان دەکەن، بەوشێوەیەك هاوکاری و کۆمەك بۆ پەیمانگاکەیان کۆدەکەنەوە و درێژە بە ڕەوتی خوێندن دەدەن، بە نامەی فەرمیش سوپاسی ئەو کەسایەتی و لایەنە سیاسییانە دەکەن کە هاوکارییان کردوون[٤].

سەبارەت بە بارودۆخی کۆمەڵایەتیش ئاشکرایە بارودۆخی کۆمەڵایەتی ڕەنگدانەوەی بارودۆخی ئابوری و سیاسییە، لە ماوەی نێوان سالأنی (١٩٩١–١٩٩٦)، ئەوەی بارودۆخی کۆمەڵایەتی لە شاری سلێمانیدا زیاتر ئاڵۆز کردبوو، جگەلە خراپی ڕەوشی ئابوری و دۆخی خراپی گوزەرانی هاوڵاتیان، ئەوەی ڕەوشەکەی زیاتر ئاڵۆز کردبوو، ناکۆکی و شەڕی نێوان پارتەکان بوو، بە جۆرێك لەو ماوەیەدا زۆربەی پارتەکان لەشەڕی یەکتردا بوون، وەك شەڕی پارتی و سۆسیالیست، شەڕی بزوتنەوە و یەکێتی، شەڕی پارتی و یەکێتی، کە لە هەموویان کاریگەرتر بوو، لە باسەکانی دواتردا بە درێژی باس لەم شەڕە ناوخۆیانە دەکەین.

خراپی بارودۆخی ئابوری و گرانی نرخی شتومەك و پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیان و بێکاری و لەناوچونی پڕۆژە ئابورییە بچوکەکان کاریگەری تەواوی لەسەر ڕەوشی کۆمەڵایەتی شاری سلێمانی هەبووە، تەنانەت کاریگەری لەسەر ڕەفتاری کۆمەڵایەتیش هەبووە، بە جۆرێك دیاردەی دزی و تالأنی لەو ماوەیەدا بە شێوەیەکی بەربلاو پەرەی سەندووە، سەرەتا لەلایەن بەرپرسەکانەوە دەستی پێکرد، تاگەیشتە نێو خەڵکیش، بۆ نمونە تەنانەت خەڵکی کەوتونەتە دزینی خشت و بلۆك و شیش و دەرگا و پەنجەرەکانی

(١ ) بۆ دەقی بانگەوازی لیژنەی بالأی پشگیری زانکۆی سلێمانی، سەبارەت بە داوای هاوکاری لە جەماوەری شاری سلێمانی، بروانە// پاشکۆی ژمارە(٢٦).

(٢ ) بۆ زانیاری زیاتر لەسەر بڕی ئەو هاوکارییانەو ناوی ئەو کەسایەتی و لایەنانەی هاوکاری لیژنەکەیان کردووە و چۆنیەتی خەرج کردنی بڕوانە// پاشکۆی ژمارە(٢٧).

(٣) بۆ دەقی نوسراوێکی کۆمیتەی پشتگیری زانکۆی سلێمانی بۆ محەمەدی حاجی مەحمود. بڕوانە// پاشکۆی ژمارە (٢٨).

(٤) محەمەدی حاجی مەحمود: ڕۆژمێری پێشمەرگەیەك ...، بەرگی چوارەم، ١٩٩٢–١٩٩٦، چ١، چاپخانەو ئۆفیسێتی دیلمان، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل٣٣.؛ بۆ دەقی سوپاسنامەی پەیمانگای هونەری سلێمانی لەو بارەیەوە. بڕوانە// پاشکۆی ژمارە (٢٩).

حامیەی سلێمانی[1]. هەرچەندە دامو دەزگاکانی حکومەت هەندێك ڕێوشوێنی توندیان گرتەبەر بۆ گرتنی ئەو کەسانەی کە کاری دزیو تالآنیان دەکرد، هەندێکجار لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکانیش پیشان دەدران، بۆ ئەوەی ببنە پەند بۆ ئەوانەی کاری لەو شێوەیە دەکەن، بۆ نمونە (تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان)، هەتا کانوونی دووەمی ١٩٩٢، دوو دەستە لەو گروپانەی پێشانی خەڵك داوە، کە دەستگیرکراونو کاری دزیان ئەنجامداوە[2]، جگەلەوەش کاری دزیکردن ئەو خۆراكو پێداویستیانەشی گرتبۆوە، کە لەلایەن ڕێکخراوە خێرخوازیو نێودەوڵەتییەکانەوە بۆ هەرێمی کوردستان هاتبوون. بۆ نمونە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ دەنووسێت:"ئێستا لەسەر شۆستەو شەقامەکانی شارو شارۆچکەکانی کوردستانی ئازادکراو، خواردنێکی قوتوکراوی زۆر بە ئاشکرا دەفرۆشێت، ئەگەرچی لەسەر قووتوەکەش نوسراوە بۆ فرۆشتن نییە، دیارە ئەم خواردنانەش یارمەتی ئەو وڵاتو پارتو ڕێکخراوی خێرخوازیو مرۆڤ دۆستانەیە کە بۆ کوردستانیان ناردووە، دیارە نەگەیشتووەتە دەست خەڵکی هەژارو بێ دەرامەت، بۆیە بە ئاشکرا دەفرۆشێن، ئەمەش بۆخۆی دزییە، هەتا زووە ڕایانگرن"[3].

یەکێکی دیکە لەو دیاردە کۆمەڵایەتیانەی کە لەو ماوەیەدا بەشێوەیەکی نامۆ بلاوبۆوە، دیاردەی لەشفرۆشی بوو، هەرچەندە کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی بەدوور بووە لەم جۆرە دیاردانە، بەلآم گرانیو هەژاریو بێکاری کارێکی کردبوو کە هەندێ لە ئافرەتان لە پێناوی دەستکەوتنی نانو خواردندا بۆخۆیانو منداڵەکانیان کاری لەشفرۆشی ئەنجامبدەن[4].

دیاردەیەکی دیکەش کە لە شاری سلێمانیدا بوونی هەبوو، کۆچو سەفەری گەنجانی شارەکە بوو، بۆ وڵاتانی دەرەوە، ئەمەش دوای گەرمتر بوونی شەڕی ناوخۆ بە شێوەیەکی ترسناك ڕێژەکەی بەرزبۆتەوە، بۆ نمونە لە ساڵی ١٩٩١ لە (١) مانگدا تەنها (١٠٠) کەس داوای مافی پەنابەرێتیان لە وڵاتی ئەڵمانیا کردووە، بەلآم لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٤دا مانگی (٥٠٠-٦٠٠) کەس داوای مافی پەنابەرێتیان لە هەمان وڵات کردووە، بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی لەناو خوێندکارانی زانکۆ و پەیمانگاکانی سلێمانی کە لە ساڵی ١٩٩٨ ئەنجامدراوە، (٧٦٪) ئەو خوێندکارانە ئارەزووی سەفەرو کۆچیان هەبووە، (١٠٪) بە تەمای مانەوەو پێکهێنانی خێزان بوون[5]، واتە بارودۆخی سیاسیو ئابوورییەکە کاریگەری لەسەر ڕەوشی کۆمەڵایەتی و پێکەوەنانی خێزانیش هەبووە.

یەکێکی دیکە لەو دیاردە کۆمەڵایەتیانەی کە لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٩١-١٩٩٦) سەریهەڵدا ئاوارەبوونی ناوخۆیی بوو، هەوادارانی پارتی لە شاری سلێمانی ئاوارەی شاری هەولێر بوون، ئەندامو لایەنگرانی یەکێتیش لە هەولێر ئاوارەی شاری سلێمانی بوون، نزیکەی (٤٥-٥٠) هەزار کەس لە

(١) گۆڤاری (دیموکراسی)، ژمارە (١٦)، ساڵی دووەم، کانوونی دووەمی ١٩٩٣، ل١٦.

(٢) ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، ژمارە (سفر)، ساڵی یەکەم، یەك شەممە، کانوونی دووەمی، ١٩٩٢، ل٥.

(٣) وەرگیراوە لە هـ. س. هـ. ل٥؛ بۆ زانیاری زیاتر لەسەر دیاردەی تالآنکاریو دزیکردن. بڕوانە، زیاد عبدالرحمن: دەربارەی تالآنکردن، بەشی یەکەم، ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، ژمارە (٣)، ساڵی یەکەم، سێ شەممە، ٢٨ کانوونی دووەمی ١٩٩٢، ل٣؛هـ. س، ژمارە (٤)، چوارشەممە، ٢٩ کانوونی دووەمی ١٩٩٢، ل٣.

(٤) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (فؤاد رەؤف محمد)، سلێمانی، ٢٠١٧/١٠/٤؛ گەراس ئاڕ. ڤی. ستانسفێلد: س. پ، ل٩١.

(٥) ئاسۆ جەبار: س. پ، ل٣٨.

دانیشـتوانی هـەولێر بـەهۆی شـەڕی نـاوخۆوە ئـاوارەی شـاری سـلێمانی بـوون، جگەلـەوەی پێشـتر شـاری سلێمانی لە ساڵی ١٩٩١-١٩٩٨ زیاتر لە (٩٠) هەزار کـەس ئـاوارەی ناوچـەکانی کـەرکوکی لـەخۆ گرتبـوو[١]، جگەلـەوەی چـەندین کـەس بـەهۆی لایـەنگریان بـۆ پارتـەکانی کوردسـتان کـە لـە شـەڕی نـاوخۆدابوون لەیـەك جیابوونەوە، یاخود نەیانتوانی پێکەوە بژین[٢].

ئـەو ئاوارانـەی کـە لـە هـەولێرەوە هاتبوونـە شـاری سـلێمانی، هەنـدێکیان دەخرانـە ماڵـە پارتییـەکانی سلێمانییەوە، ئەو ماڵانەی کە پارتی بوون لە شاری سلێمانی دوو ڕێگەیان لەبەردەم بوو:

**یەکەم:** دەبوو قبوڵی ئەو ماڵە سەپێنراوە بکەن و لە ماڵەکەی خۆیاندا جێگای بکەنەوەو بەخێوی بکەن.

**دووەم:** ئەگەر توانایان هەبوایە لەسەر حسابی خۆیان دەبوو خانویەکیان بۆ بەکرێ بگرن، ئەوانـەی لـە توانایاندا بوو ئەمەیان کرد، وەك (عەبدوڵڵای حاجی فـەرەجی سوسـێ)، کـە خانوویـەکی بـۆ ئـەو ماڵـە بـەکرێ گرت کە سەپاندبویان بەسەر ماڵەکەیدا(٣). یاخود هەندێك جار خاوەن ماڵەکە ناچار دەبوو کـە ئـەو داهـات و موچـەی کـە هـەیبوو بـە یەکسـانی لەگـەڵ ئـەو ماڵـدا بـەش بکـات کـە سـەپاندبوویان بەسـەریدا. بـۆ نمونـە هاولاتی(حەمـە عـەلی فـەرەج) موچـەکەی ٨٤ دینـار بـوو دوای ئـەوەی پـارەی ئـاو و کارەبـای لێـدەرکردبوو ٦٤ دینـاری مـابۆوە، ٣٢ دینـاری دابـووە ماڵـە ئاوارەکـە و پێـی گوتبـوو" بـەئارەزووی خـۆت بـە گـوێزی دەدەی بـە هەنگوینی دەدەی بیدە"[٤].

هاتنی ئەو ئاوارانە بۆ شاری سلێمانی، هەنـدێك دیـارەی کۆمەڵایـەتی و کـەلتوری خراپـی لـە نـاو شـاری سـلێمانیدا بـلاو کردبـۆوە، لەوانـە :- هـەڵگرتنی چـەك بـە شـێوازێکی بـەرفراوان، هەڵکوتانـە سـەر خـەڵك وسـوکایەتی پێکردنیـان، دیـاردەی خۆسـەپێنی بەسـەر دانیشـتوانی شـاری سـلێمانی دا بـە جۆرێـك لـە فەرمانگـەکانی شـاری سـلێمانیدا زۆر جـار ئـاوارەی هـەولێری دەکـران بـە بەڕێوەبـەر، بـە بـێ لـە بەرچاوگرتنی ئـەزمون و خزمـەتیان، سـەرەڕای ئەوانـەش جۆرێـك لـە تێکـەڵی و ژنوژنخـوازی لـە نێـوان خـەڵکی سـلێمانی و ئاوارە هەولێرییەکاندا هاتە ئاراوە، جگەلەوەش، هەندێك لە ئاوارە هەولێرییـەکان لـە سـالانی دواتریشـدا لـە شاری سلێمانی مانەوە و بوون بە خاوەنی کارو سەرمایەی خۆیان(٥).

---

(١) ئیسماعیل تەنیا: سەفەری..س. پ، ل٣٠؛ ئاسۆ جەبار: س. پ، ل٩٣.

(٢) ڕۆزە عبدالله شەریف: س. پ، ل٢٦٦.

(٣) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (شەمسەدین ئەحمەد)، هەولێر، ٢٠١٦/٤/١٨. ناوبراو لـە سـاڵی ١٩٦٧ لـە شـاری هـەولێر لـە دایك بووە، لە ساڵی ١٩٩٦ بەهۆی شەڕی ناوخۆی پارتی و یەکێتیەوە ئاوارەی شاری سلێمانی بووە، ئێستا لەشـاری هـەولێر نیشتەجێیە.؛ تەها بابان: چەپکێك ڕۆشنبیری ڕەنگاوڕەنگ، بەرگی یەکەم، چاپخانەی پۆفیسێتی بینایی، سلێمانی، ٢٠١٤، ل١٤٠.

(٤) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (یاسین خالد سەردەشتی)،سلێمانی،٢٠١٨/٧/١٠.

(٥)چـاوپێکەوتنی توێـژەر لەگـەڵ(د.ئاکۆ عەبدولکـەریم شـوانی)، سـەرۆکی بەشـی مێـژوو لـە زانکـۆی سـلێمانی، سلێمانی،٢٠١٨/٤/٢٩.

یەکێکی دیکە لەو دیاردانەی کە لە شاری سلێمانیدا سەری هەڵدا، ئەوە بوو ئەو ماڵانەی کە پارتی بوون لەشاری سلێمانیدا زۆرجار، لەلایەن ئەندامو لایەنگرانی یەکێتییەوە توشی ئازارو سوکایەتی دەبوونەوە، هەمان شتیش لە هەولێر بۆ یەکێتییەکان ڕاست بوو[1].

بارودۆخی ژنانیش لە هەمان ماوەدا باش نەبوو، لە ڕاگەیاندنی ناوەندی ژنان لە شاری سلێمانی ڕایگەیاندووە کە ماوەی ١٩٩١-١٩٩٨ (٤٣٣) ژن لە کوردستاندا کوژراون، بێ ئەوەی ژمارەی ئەوانە دیار بکات کە لە سلێمانیدا کوژراون، جگەلەوەش توندوتیژی بەرامبەر ژنان پەرەی سەندووە، دیاردەی لێدانو لوتبڕینو چەقۆ لێدانو زیندانی کردنی ژنان لە ماڵەکانیاندا، خۆ سوتاندن...هتد، هەبوون[2]. جگەلەوەش بەهۆی شەڕی ناوخۆی نێوان پارتەکانی کوردستان چەندین ژن بێوەژن کەوتن، بە سەدان منداڵیش هەتیو کەوتوونو بێسەرپەرشت مانەوە، کوچەو کۆڵانەکانی شارۆچکەکانی دیکە بوون بە مۆڵگەی منداڵانی بێسەرپەرشت(٣)، بەڵام دیار ئەم دیاردەیە لە شاری سلێمانیدا بە شێوەیەکی بەرچاو هەستی پێنەکراوە، بەڵکو ئەو منداڵانەی کە لەسەر شەقامەکان بوون، زیاتر خەڵکی دەرەوەی شاری سلێمانی بوو[4].

وەك پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، گەنجەکانیش قوربانی ئەو بارودۆخەی کوردستان بوون، بەلێشاو ڕوویان لە وڵاتانی دراوسێو ئەوروپا کرد، هەندێجاریش لە ڕێگاداو پێش ئەوەی بگەنە شوێنی خۆیان لەسەر سنور بە گوللەی چەکدارانی وڵاتانی دروسێ دەکوژران. بۆ نمونە لە ١٩٩٦/١٠/٢٣ تەرمی (٣٠) گەنجی کورد دۆزرایەوە، کە لەلایەن ژەندرمەی تورکەوە کوژابوون، ناوی (٢٣) کەسیان زانرا کە هەموویان خەڵکی شاری سلێمانی بوون[5].

خراپی بارودۆخی ئابوریو بەرزبوونەوەی ڕێژەی هەژاریو بێکاریو تێکچوونی شیرازەی کۆمەڵایەتی، کاریگەری لەسەر ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکانی کردو لە ١٤ی ئەپریلی ١٩٩٥ بڕیاری (٩٨٦) دەرکرد، ڕێگەی بە عێراقدا هەتا شەش مانگ بە بەهای (٢) ملیار دۆلار نەوت بفرۆشن، بۆ دابینکردنی پێدوایستییە سەرەکییەکانی خۆراكو ژیان، بڕیارەکەش بە بڕیاری نەوت بەرامبەر بە خۆراك ناسرا، عێراق لە ٢٠ مایۆی ١٩٩٦ بە بڕیارەکە ڕازی بوو، بەشی هەرێمی کوردستان لەو (٢) ملیار دۆلارە (٢٦٠) ملیۆن دۆلار بووە، واتە (١٣٪)، دواتریش بە گوێرەی ژمارەی دانیشتوان بەسەر پارێزگاکاندا دابەشکرا، پارێزگای سلێمانی (٤٣٪) لەو بڕە پارەیە پێ بڕاو، هەولێر (٣٤٪)، دهۆك (٢٣٪)[6]. ئەو بڕیارە کاریگەری گەورەی لەسەر ژیانی هاوڵاتیان هەبوو، هەموو مانگێك لە سەرەتای مانگەوە هەر خێزانێك بڕێك خۆراکی پێدەدرا، وەك (ئارد، ڕۆن، نیسك، نۆك، پەنیر، ...هتد)، بەمەش هاوڵاتیان لە برسێتیو گرانی ڕزگاریان بوو[7]، کە

---

(١) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (ئاسۆی شێخ نوری)، سلێمانی، ٢٠١٧/١/١٨.

(٢) ئیسماعیل تەنیا: س. پ، ل٣٠.؛ ئاسۆ جەبار: س. پ، ل٣٧-٣٨.

(٣) گەراس ئاڕ. ڤی. ستانسفێلد: س. پ، ل٩١.

(٤)چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(ئاکۆ عەبدولکەریم شوانی)، سەرۆکی بەشی مێژوو لە زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠١٨/٤/٢٩.

(٥) ئاسۆ جەبار: س. پ، ل١٥٧.

(٦) هێرش عبدالله حمەکریم: س. پ، ل٤٦-٤٧.؛ گەراس ئاڕ. ڤی. ستانسفێلد: س. پ، ل١٣٥.

(٧) زەکەریا عەبدول جەواد: س. پ، ل.٢٨.

پێشتر هاوڵاتیان بۆ دابینکردنی خۆراکی پێویست، ڕویان له دام‌و ده‌زگاکانی حکومه‌ت ده‌کرد، بۆ نمونه له ١٩٩٥/١/٢٣ نزیکه‌ی (٥٨) خێزانی هه‌ژاری شاری سلێمانی چوونه به‌رده‌م پارێزگاری ئه‌و شاره بۆ داواکردنی ئازوقه‌ی هه‌ژارانه، به‌ڵام گوێیان لێنه‌گیراو بێ هیوا بوون[1]، به‌ڵام له دوای ئه‌و بڕه پاره‌یه بارودۆخی ئابوری‌و گوزه‌رانی هاوڵاتیان به‌ره‌و باشی ڕۆیشت، چونکه شتومه‌ك له بازاڕدا زۆر هه‌رزان بون‌و خه‌ڵكی شار گه‌شانه‌وه، محه‌مه‌دی حاجی مه‌حمود ده‌نووسێت:"خه‌ڵكی به ته‌نه‌كه ڕۆن‌و به فه‌رده ئاردیان ده‌كڕی، كه پێشتر به كیلۆ ده‌یانكڕی"[2].

---

(١) ڕۆژنامه‌ی (ڕێگای کوردستان)، ژماره (١٤)، ساڵی پێنجه‌م، ١٩٩٥/٢/٧.

(٢) محه‌مه‌دی حاجی مه‌حمود: س. پ، به‌رگی چواره‌م، ل٦٣٤.

## باسی دووەم: ڕەوشی سیاسی شاری سلێمانی

### یەکەم: ماوەی حکومڕانی بەرەی کوردستانی تا ١٩ی مایسی ١٩٩٢:

بارودۆخی سیاسی باشوری کوردستان تا ساڵی ١٩٨٦ ئاڵۆزیو شەڕی ناوخۆی بەخۆیەوە دەبینی، بەڵام لەم ساڵە بەدواوە ئاشتبوونەوەی گشتی هێزە کوردستانییەکان هاتە ئاراوە، ئەمەش کاتێك (ی.ن.ك) لە مانگی نیسانی ١٩٨٦ پڕۆتۆکۆلی ئاشتی لەگەڵ حزبی سۆسیالستی کوردستان واژۆکرد، لە مانگی ئایاریشدا لەگەڵ (پاسۆك)، لە تشرینی دووەم لە گەڵ (پ.د.ك) یش ڕێکەوتنی ئاشتی واژۆکرد، ئەمەش هەلومەرجێکی لەباری بۆ یەکخستنی لایەنەکان لەچوارچێوەی یەك بەرەی نیشتیمانیدا هێنایە ئاراوە، کە زەمینەسازی دامەزراندنی بەرەی کوردستانی بوو، کە قۆناغێکی نوێی خەبات بوو لەنێو هێزە سیاسییەکانی باشوری کوردستاندا[1].

لە دوای ئاشتبوونەوەی گشتی پەیوەندییە سیاسییەکانی ئەو قۆناغە لەنێوان لایەنە سیاسییەکاندا جۆرێك لە ئاساییبوونەوەی بەخۆوە بینی، بەڵام هێشتا نەتوانرا بوو بەرەیەکی سیاسیو چەکداری هاوبەشیان لەسەرتاسەری کوردستاندا لەو هێزانە پێکبهێنرێت، تا لەسەر بەرنامە پەیڕەو و پڕۆگرامێکی یەکگرتوو پێکەوە کاربکەن، تەنها هێندە هەبوو، کە متمانەو نزیك بوونەوەو ڕێکەوتن لە نێوانیاندا دروست ببوو(٢). ماوەی ٢٢ی نیسانی ١٩٨٧و ٢ی ئایاری ١٩٨٨ ماوەی بەگەڕکەوتنی هەوڵە دیبلۆماسییەکان بوو بۆ پێکهێنانی بەرەی کوردستانی لە ٢٢ی نیسانی ١٩٨٧ (جەلال تاڵەبانی)، نامەی بۆ لایەن سیاسییەکان ناردو پێشنیاری پێکهێنانی بەرەی کوردستانی کرد، داوای لەلایەنەکانیش کرد کە بۆ داڕشتنی پەیڕەوی ناوخۆی بەرەی کوردستانی دەست بەکۆبوونەوەو وتوێژ بکەن[3].

لە وەڵامی نامەکەی تاڵەبانی دا هەموو لایەنەکان پشتگیری پڕۆژەکەیان کرد، ئەوەبوو نوێنەری هەریەکە لە پارتیو یەکێتیو پارتی گەلو پاسۆك لە مانگی ئایاری ١٩٨٨ بە تایبەت لە (١٩٨٨/٥/١٢) کۆبوونەوەو پاش دەستکاریکردنی هەندێك لە برگەکانی پڕۆژەکە، بڕیادرا کە لە کۆبوونەوەی داهاتودا واژۆ لەسەر پڕۆژەی بەرەی کوردستانی بکرێت[4].

دواتر ڕۆژی ٦ی حوزەیرانی ١٩٨٨ نوێنەرانی شەش پارتی کوردستانی لە خواکورك کۆبوونەوەو واژۆیان لەسەر بەڵگەنامەی دروستبوونی بەرەی کوردستانی کرد، کە پێکهاتبوون لە (مەسعود بارزانی) لە پارتی، مولازم کەریم لە پاسۆك، ڕەسوڵ مەمەند لە حسك، عەزیز محەمەد لە حشع، نەوشیروان مستەفا لە

---

(١) سروە قادر ئیسماعیل: کاری بەرەی لە کوردستان، نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە)، زانکۆی کۆیە، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، ٢٠١٠، ل١٨.؛ ئینسکلۆپیدیای یەکێتی نیشتیمانی کوردستان: س. پ، ل١١١.

(٢) سەلام عەبدولکەریم: بارودۆخی سیاسی...، س. پ، ل١٨٣.

(٣) نامەکەش بۆ هەریەکە لە (مەسعود بارزانی لە "پ.د.ك"، ڕەسوڵ مەمەند لە "حسك"، ئازاد مستەفا لە "پاسۆك"، سامی عەبدولرەحمان لە "پارتی گەل") بوو.( بڕوانە // توانا قادر ابوبکر: بەرەی کوردستانی ١٩٨٧-١٩٩٢ توێژینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە، نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە)، زانکۆی ڕاپەڕین، کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتیەکان، ٢٠١٧، ل٣٠؛ ئینسکلۆپیدیای یەکێتی نیشتیمانی کوردستان: س. پ، ل١١١).

(٤) صلاح الخرسان: م. س، ص٤٢٨.

یەکێتی، سامی عەبدولڕەحمان لە پارتی گەل)[1]، لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٩٠دا حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان و بزوتنەوەی دیموکراتی ئاشوری بە ئەندامی بەرەی کوردستانی وەرگیران[٢].

لە مانگی ئابی ١٩٨٨ یشدا نوێنەرانی لایەنە سیاسییەکان بۆ بڕیاردان لەسەر پەیڕەو و پڕۆگرامو پێکهێنانی دامو دەزگاکانی بەرەی کوردستانی کۆبوونەوەو چەند خاڵێکیان تاوتوێ کرد لەوانە:

١. واژۆکردن لەسەر پەیڕەو و پڕۆگرامی بەرەی کوردستانی.
٢. پێکهێنانی دەزگاکانی سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی.
٣. دیاریکردنی پشکی پارتەکان لەڕووی دارایی و کارگێڕی و هونەرییەوە.
٤. دەستنیشانکردنی بارەگای بەرەی کوردستانی و دەرکردنی بەیاننامەی فەرمی.

هەر لەو کۆبوونەوەیدا لایەنەکان نوێنەری خۆیان بۆ دامو دەزگاکانی بەرەی کوردستانی دیاریکرد[٣].

لە هەمان کۆبوونەوەدا بڕیاردرا پشك‌و دارایی پارتەکان بەمشێوەیە دیاری بکرێت:-

(پشکی "پ.د.ك و ی.ن.ك و حشع" ٦٠٠٠ هەزار دینار بوو بۆ هەریەکەیان، پشکی "حسك" ٥٠٠٠ هەزار دینار، هەریەکە لە "پاسۆك‌و پارتی گەل"یش یەکی ١٠٠٠ دینار، بڕی ٦٠٠٠ هەزار دیناریش لەژێر دەستی نوسینگەی جێبەجێکردندا مایەوە، بە مەبەستی دروستکردنی بارەگا و کڕینی ئامێری چاپ‌و هەندێ شتی پێویست، ئەبو حیکمەت کرا بە لێپرسراوی بەشی دارایی بەرەی کوردستانی[٤].

پێکهێنانی بەرەی کوردستانی ڕوداوێکی گرنگ بوو لە مێژووی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورددا، هەستی بەرپرسیارییەتی لەلای هەموو هێزە سیاسییەکان بزواند، سەبارەت بە هەستیاری قۆناغەکە جۆرێك لە یەکگرتوویی لە نێوانیاندا دروستکرد، ئەوەش ورەی جەماوەری لەو قۆناغە سەختەدا بەرزکردەوە[٥]، دواتریش سەرکردایەتی ڕاپەڕینی ئاداری ١٩٩١ی کرد، لە دوای کشانەوەی دامودەزگاکانی ڕژێمی بەعس لە کوردستاندا ڕاستەوخۆ کاروبارەکان کەوتە ئەستۆی بەرەی کوردستانی هەتا دامەزراندنی یەکەمین کابینەی حکومەتی هەرێم، ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگە، ڕەوشی سیاسی شاری سلێمانییە لەماوەی

---

(١) فاتیح ڕەسوڵ: چەند لاپەڕەیەك...س. پ، ب٣، ل٤٤٦.؛ سەلام عەبدولکەریم: س. پ، ل١٨٦.

٢ ڕۆژنامەی بەرەی کوردستانی، ژمارە (١٧)، ساڵی دووەم، شوباتی ١٩٩٠، ل١.؛ ئینسکلۆپیدیای یەکێتی نیشتیمانی کوردستان: س. پ، ل١١١.

(٣ ) بەمجۆرە: بۆ نوسینگەی جێبەجێکردن: (فازڵ میرانی و فرەنسۆ هەریری لە "پارتی"، ئەبو حیکمەت لە "حشع"، جەبار فەرمان لە "یەکێتی"، قادر جەباری لە "حسك"، جەبار فەیلی لە "پارتی گەل"، مولازم شوان لە "پاسۆك").

-بۆ نوسینگەی ڕاگەیاندن: (فەلەکەدین کاکەیی لە "پارتی"، ئەرسەلان بایز لە "یەکێتی"، سەعید عەبدوڵڵا لە "حسك"، پاڵە لە "پارتی گەل").

-نوسینگەی سەربازی: (مولازم عومەر لە "یەکێتی"، سەلام لە "پارتی گەل"، مولازم شوان لە "پاسۆك"، شیروان شیروەندی لە "حسك"، ئیبراهیم سۆبی/ئەبو تارا لە "حشع"، مولازم عەلی لە "پارتی").(بڕوانە// توانا قادر ابوبکر: س. پ، ل٤٠-٤٥).

(٤) بۆ زانیاری زیاتر لەسەر دامودەزگاکانی بەرەی کوردستانی و چۆنیەتی بەڕێکردنی کاروبارەکان‌و دەسەڵاتەکانیان. (بڕوانە// ه.س، ل٤٠-٤٥.؛ یوسف حنان یوسف: مذکرات یوسف حنان یوسف، مطبعة وزارة التعلیم العالی، (ب.م.ط)، (ب.س.ط)، ص١٠٦-١٠٧.؛ سەلام عەبدولکەریم: س. پ، ل١٨٧.؛ ئەرسەلان بایز: ڕۆژانی سەخت...س. پ، ل١٤١-١٤٠).

(٥) کەریم ئەحمەد:ڕێڕەوی تێکۆشان، و: جەلال دەباغ، چاپخانەی ڕەهەند، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٣٢٨.

حکومڕانی بەرەی کوردستانیدا، لێرە بەدواوە باسی بارودۆخی شاری سلێمانی دەکەین لەوە ماوەیەدا هەتا هەڵبژاردن و پێکهێنانی یەکەمین کابینەی حکومەتی هەرێم.

لەدوای کشانەوەی دام‌ودەزگاکانی ڕژێمی بەعس لە کوردستاندا بەرەی کوردستانی کەوتە کۆبوونەوە بۆ دانانی بەرنامەی ژیانی تازە لە هەرێمەکەدا، بۆ ئەو مەبەستەش کۆمەڵێك بڕیاری گرنگیاندا، ئەوەی زۆر جەختی لێکرایەوە پاراستنی ئاسایش و ئارامی هەرێمەکە بوو، لەگەڵ ڕێگە گرتن لە کاری ئاژاوەو گێرەشێوێنی نەوەك ڕژێمی بەعس سودی لێوەربگرێت، یەکەمین بڕیارو کاری گرنگی بەرەی کوردستانی دانانی چوار کەسایەتی سەرەکی بوو بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری هەرچوار پارێزگاکە، ئەمانە دەسەڵاتی تەواوەتی پارێزگاریان پێدرا، ئەوانیش:

١. پارێزگاری هەولێر / کۆسرەت ڕەسول عەلی.
٢. پارێزگاری سلێمانی / عومەری سەید عەلی.
٣. پارێزگاری دهۆك / فازڵ میرانی.
٤. پارێزگاری کەرکوك / جەوهەر نامیق سالم (ناحیەو قەزاکان).

هەرچەندە هێزی پێشمەرگە زیاتر لەژێردەستی حزبەکاندا بوو، بەڵام بەشێك لە هێزی پێشمەرگە خرانە ژێر فەرمانی ئەو کەسانەی کە دانرا بوو بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری کارگێڕی پارێزگاکان، بەمەبەستی پاراستنی ئاسایش و ئارامی و بەڕێوەبردنی کاروباری هاوڵاتیان، ڕاستەوخۆ ئەو کەسانەی دیاریکران بۆ پارێزگاکان دەستبەکاربوون و سەرکردایەتی بەرەی کوردستانیش لە کۆبوونەوەکانی بەردەوام بوو، بە وردی بارودۆخەکەو ڕووداوەکانی هەڵدەسەنگاند[١].

لەبەردەوامی کۆبوونەوەکانی سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی، کۆمیتەی کارگێڕی بەرەی کوردستانی دروستکرا، کە نوێنەری هەموو لایەنە بەشدارەکانی تێدابوو، ئەمە ئیشی ڕۆژانەی هاوڵاتیانی بەڕێوە دەبرد، واتە جێگەی ئەنجومەنی وەزیرانی گرتبۆوە[٢]، پێکهاتبوون لە (وشیار زێباری لە پارتی، قادر حاجی عەلی لە یەکێتی، قادر جەباری لە حسك، سامی عەبدولرەحمان لە پارتی گەل، قادر عەزیز لە زەحمەتکێشان، عەبدوڵڵا ئاگرین لە پاسۆك)، قادری حاجی عەلی کرا بە بەرپرسی بەرەی کوردستانی لە شاری سلێمانی بۆ کاروباری ناوخۆ[٣].

بەرەی کوردستانی بڕیاریدا کە کاروباری شارو شارۆچکەکان، ڕێکبخاتەوەو دام‌ودەزگا ئیدارییەکان بخاتەوە سەر سکەی خۆی، بۆ ئەمەش بەڕێوبەری شارەوانی و فەرمانگەکانی تر وەك پێشتر بەردەوام بوون لە کاری خۆیان و تەنها ئەوە گۆڕا کە پێشتر ئەمانە گوێڕایەڵی حکومەتی عێراق دەبوون، بەڵام ئێستا گوێڕایەڵی سەرکردایەتی سیاسی بەرەو کۆمیتەی کارگێڕی ناوچەکان دەبون، ئەمە جگەلەوەی ئەو بەڕێوبەرانەی کە بەعسی بوون لە پۆستەکانیان دورخرانەوەو نوێنەری حزب و لایەنەکان لە شوێنەکانیان دانران، واتە بەرەی کوردستانی لە ڕووی کارگێڕییەوە جیهانبینییەکی نوێی پیشان نەدا بۆ بەڕێوەبردنی

(١) فاتح ڕەسوڵ: لەپێناو دەسەڵاتدا...س. پ، ل٢٦-٢٧.
(٢) رودهۆف و ئەوانی تر: س. پ، ل٥٠-٥١.
(٣) توانا قادر ابوبکر: س. پ، ل١٠٠-١٠٠١.

داموده‌زگاکان و له‌سه‌ر هه‌مان شێوه‌ی حکومه‌تی به‌عس کاروباره‌کان به‌ڕێوه‌ده‌بران [1].باره‌گای به‌ره‌ی کوردستانی له‌ شاری سلێمانی له‌ مه‌ڵبه‌ندی ڕۆشنبیری زانکۆی سلێمانی بوو، دواتر چه‌ند جارێك شوێنی باره‌گای کارگێڕی به‌ره‌ جێگۆڕكێی پێكرا[2]، سه‌رۆكایه‌تی لیژنه‌ی كارگێڕی به‌ره‌ش مانگی جارێك ده‌گۆڕاو هه‌ر جاره‌و كه‌سێكی سه‌ر به‌ پارتێكی به‌ره‌ ده‌كرا به‌ سه‌رۆك، هه‌فته‌ی جارێكیش كۆده‌بوونه‌وه‌ بۆ چاره‌سه‌ركردنی ئه‌و كێشانه‌ی كه‌ ڕوویان ده‌دا[3].

هه‌ندێكجار كێشه‌كان له‌ ده‌ره‌وه‌ی یاساو به‌ ڕێكه‌وتنی كۆمه‌ڵایه‌تی چاره‌سه‌ر ده‌كرا، بۆ نمونه‌ له‌ ١٩٩٢/٢/٢٩ له‌ باره‌گای به‌ره‌ی كوردستانی له‌ شاری سلێمانی كێشه‌ی كۆمه‌ڵایه‌تی نێوان عه‌شیره‌تی گه‌لاڵی و یوسوجانی شاره‌زور به‌ ڕێكه‌وتنی كۆمه‌ڵایه‌تی چاره‌سه‌كراو، به‌ره‌ی كوردستانی (١٦٠) هه‌زار دیناری بۆ چاره‌سه‌ركردنی كێشه‌كه‌ ته‌رخانكرد[4]، ئه‌مه‌ سه‌ره‌ڕای ئه‌وه‌ی به‌ره‌ی كوردستانی له‌ ناوه‌ڕاستی مانگی نیسانی ١٩٩١ه‌وه‌ بڕیاری دروستكردنی چه‌ند دادگایه‌كی تایبه‌تی ده‌ركردبوو، كه‌ له‌ (٧) دادوه‌ر پێكهاتبوو، له‌ژێر چاودێری دادگای گشتی به‌ره‌ی كوردستانیدا بوو[5]، له‌ مانگی ئایاری ١٩٩١ به‌ره‌ دادگاكانی هه‌ڵوه‌شانده‌وه‌و له‌ جێگای ئه‌و دادگای میحوه‌ری دروستكرد كه‌ ژماره‌یان چوار دادگا بوو بۆهه‌ر چوار پارێزگاكه‌ی هه‌رێم، دواجار له‌ مانگی تشرینی یه‌كه‌می ١٩٩١ به‌ره‌ دادگا میحوه‌رییه‌كانی هه‌ڵوه‌شانده‌وه‌و دادگای بالاَی هه‌رێمی دروستكرد[6].

ئه‌وه‌ی جێگه‌ی ئاماژه‌یه‌ له‌گه‌ڵ بوونی ئه‌م دادگایانه‌شدا به‌ره‌ی كوردستانی نه‌یتوانی وه‌كو پێویست كار به‌ یاساكان بكات، هه‌ندێكجار كه‌ تۆمه‌تبارێك ده‌ستگیرده‌كرا، له‌به‌رئه‌وه‌ی سه‌ر به‌ پارتێكی ناو به‌ره‌ بوو، هه‌وڵده‌درا كه‌ یاسا به‌ سه‌ریدا جێبه‌جێ نه‌كرێت، پارێزگاریان له‌ تۆمه‌تباران ده‌كرد، ئه‌مه‌ش وایكرد دیارده‌ی پێشێلكردنی یاساو دزیو تاوان په‌ره‌بستێنێ[7].

ته‌نانه‌ت سه‌رپێچی كردنی یاسا له‌ناو ئه‌ندامانی به‌ره‌ی كوردستانیشدا بلاَوبۆوه‌، بۆ وێنه‌ ڕۆژنامه‌ی به‌ره‌ی كوردستانی نووسیویه‌تی" سه‌ره‌ڕای ئه‌وه‌ی ژیانو گوزه‌رانی هاولاَتیان ڕۆژ به‌ڕۆژ كزو لاواز ده‌بێ، به‌ ناڕه‌حه‌تی ژیانی ئاسایی به‌ڕێده‌كه‌ن، ئه‌مه‌ سه‌ره‌ڕای ئه‌وه‌ی گه‌لێ نه‌خۆشو نه‌فس نزمو چاوچنۆك به‌ مه‌به‌ستی گیرفان پڕكردن، ڕاوڕوتو دزی ده‌كه‌نو به‌ ناهه‌ق ده‌ست به‌سه‌ر ماڵو سامانی شه‌رعی خه‌ڵكیدا ده‌گرن، ئه‌م باره‌ ناهه‌مواره‌ ئه‌وه‌نده‌ی تر باری ژیانی ئابوریو سه‌لامه‌تیو جه‌ماوه‌ریان تێكداوه‌، كه‌چی سه‌رباری ئه‌وانه‌ هه‌ندێ لایه‌نی سیاسی ناو به‌ره‌ی كوردستانی به‌ فه‌رمیو به‌كارتو بیتاقه‌ نامه‌ی مۆركراو ئه‌كه‌ن سه‌ر خه‌ڵكیو به‌بیانوی هاوكاری پیتاك كۆده‌كه‌نه‌وه‌و داوای سواڵی پاره‌ ده‌كه‌ن، به‌ سه‌رێك

---

(١) ئاراس عه‌بدولره‌حمان مسته‌فا: س. پ، ل٤٤٢.؛ رودهۆف و ئه‌وانی تر: س. پ، ل٥٠-٥١.

(٢) چاوپێكه‌وتنی توێژه‌ر له‌گه‌ڵ (لوقمان زیندانی)، سلێمانی، ٢٠١٧/٥/١٠.

(٣) ئه‌حمه‌د حامد قادر: ٦٥ ساڵ ته‌مه‌ن له‌نێو كاروانی خه‌باتگێڕاندا، بیره‌وه‌ریه‌كانم، (ب.ن.چ)، سلێمانی، ٢٠١٣، ل٢٨٩.

(٤) محه‌مه‌دی حاجی محمود: ڕۆژمێری پێشمه‌رگه‌یه‌ك...، س. پ، ب٤، ل٢٥.

(٥) هاوڕێ باخه‌وان: هاوڕێنامه‌...، س. پ، ل٦٧٤.

(٦) ه. س، ل٦٨٠، ٦٧٧.؛ ڕۆژنامه‌ی به‌ره‌ی كوردستانی، ژماره‌ (٣)، خولی دووه‌م، ساڵی چواره‌م، تشرینی یه‌كه‌می ١٩٩١، ل٤.

(٧) چاوپێكه‌وتنی توێژه‌ر له‌گه‌ڵ (لوقمان زیندانی)، سلێمانی، ٢٠١٧/٥/١٠.

دەپارێنەوەو جارێکی دی هەڕەشە دەکەن، بۆیە کارگێڕی بەرەی کوردستانی داوا لە پارتە سیاسییەکان‌و جەماوەر دەکات کە ڕووبەڕووی ئەم دیاردە ناشیرنە ببنەوە"[1].

ئەم بارودۆخە بەڕوونی لە شاری سلێمانی هەستی پێدەکرا، بۆیە بەشێك لە پیاو ماقوڵان‌و ڕۆشنبیرانی شاری سلێمانی بەناوی دانیشتوانی شارەکەوە یاداشتێك ئاڕاستەی سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی دەکەن‌و تێیدا باسی بارودۆخی شارەکەو ژیان‌و گوزەرانی هاوڵاتیان دەکەن، ئاماژە بەوە دەکەن کە چەندین کارو پیشەی ناڕەوا سەریهەڵداوە، وەك دزی‌و قاچاخ‌و کوشتن‌و بڕین، بازاڕێکی ئاڵۆزو شێواو و ئیدارەیەکی شەق‌و شڕ، دەستدرێژی بۆسەر فەرمانگەکان، گوێنەدان بە یاساو دادگا، نەبوونی هێزێکی خاوەن دەسەڵات بۆ سەرکوتکردنی پیاو خراپان‌و سەپاندنی یاساو دادوەری، دواتریش بۆ چارەسەکردنی بارودۆخەکە پێشنیارێکی (١٤) خاڵی دەخەنە بەردەم سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی، داوا دەکەن بەرژەوەندی گەل پێش بەرژەوەندی حزب بخرێت، یاسا سەروەر بێت‌و ڕێگری لە یاسا شکێنەکان بکات، فەرمانگەیەك دابمەزرێت کە سەرپەرشتی کاروباری هەموو فەرمانگەکان بکات، هێزی پێشمەرگە یەکبخرێت، قەدەغەکردنی چەك هەڵگرتن لەلایەن خەڵکەوە جگە لە هێزی بەرە، هەروەها داوا دەکەن بارەگای پارتەکان لەناو شاردا کەمبکرێتەوەو نووسینی دروشم‌و هەڵواسینی وێنە لەسەر دیوار بەتایبەتی دیواری فەرمانگەکان‌و شەقامە گشتییەکان لابرێت‌و دیمەنی شارەکە بپارێزن، داواش دەکەن کە نرخی کاڵاو کەل‌و پەلەکان دیاری بکرێت‌و لیژنەی تایبەت دروست بکرێت بۆ سەرپەرشتیکردنی کڕین‌و فرۆشتن‌و چاودێریکردنی نرخەکان[2]. چونکە لەو کاتەدا وەك لە باسی پێشوودا ئاماژەمان پێکرد بەهۆی گەمارۆی ئابورییەوە نرخی شتومەك زۆر بەرز ببۆوە، لە توانای هەژاراندا نەمابوو پێداویستییەکانی خۆیان دابین بکەن، بۆ نمونە بوتڵێك غاز بە (٢٠٠) دینار بوو، بەرمیلێك نەوت بە (٢٠٠٠) دینار بوو، فەردەیەك ئارد بە (٩٠) دینار بوو[3]، ئەمە جگەلە خراپی خزمەتگوزارییەکانی وەك (ئاو، کارەبا، تەلەفۆن‌و پەیوەندییەکان)، لەماوەی دەسەڵاتی بەرەی کوردستانیدا، دیاردەی ڕاوڕووت‌و دزی گەورەترین زیانیان لەو کەرتانە دابوو، بەجۆرێك بەشێکی زۆری کێبڵی کارەباو گوڕەر (محاویلە) کان بەر شاڵاوی دزی‌و تاڵانی کەوتبوون، جگەلەوەی بەهۆی گەمارۆی ڕژێمی بەعسەوە هیچ جۆرە کەرەستەیەکی پێویست بۆ کارەبا نەدەگەیشتە باشوری کوردستان‌و شاری سلێمانی، جگەلە زیادەڕەوی لە بەکارهێنانی کارەبا لەلایەن

---

(١) بانگەوازێك لە کارگێڕی سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی یەوە: ڕۆژنامەی بەرەی کوردستانی، ژمارە (١)، خولی دووەم، ساڵی چوارەم، تشرینی یەکەمی ١٩٩١، ل٣.

(٢) بۆ دەقی یاداشتەکە بڕوانە// یاداشتی شاری سلێمانی بۆ سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی، ڕۆژنامەی بەرەی کوردستانی، ژمارە (٢)، خولی دووەم، ساڵی دووەم، تشرینی یەکەمی ١٩٩١، ل٢.

(٣) بۆ نرخی شتومەکەکانی دیکە. بڕوانە، گۆڤاری (دیموکراسی)، ژمارە (١٠)، ساڵی یەکەم، ئابی ١٩٩١، ل١٣، ١٢.؛ هـ.س، ژمارە (١٤)، ساڵی یەکەم، تشرینی دووەمی ١٩٩١، ل١٧.؛ ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (١٠)، ساڵی یەکەم، چوارشەممە، ١٩٩٢/٢/٥، ل٥.؛ هاوڕێ باخەوان: س. پ، ل٦٩٨.

هاولاَتیانەوە ئەویش بەهۆی نەبوونی سووتەمەنی و ئامێری خۆ گەرمکردنەوە بوو، جگەلە دزینی کارەبا، بۆیە شاری سلێمانی لەڕووی کارەباوە لە بارودۆخێکی زۆر خراپدا بووە[1].

جگەلە کارەبا دامو دەزگاکانی دیکەش لە بارودۆخێکی خراپدا بوون، لە ماوی حکومڕانی بەرەی کوردستانیدا، بۆ نمونە (سیروان مستەفا) بەڕێوبەری تەلەفۆن و پۆستەی سلێمانی ئاماژە بەوە دەکات، کە لەدوای کشانەوەی دامو دەزگاکانی ڕژێمی بەعسەوە فەرمانبەران بۆ ماوەی پێنج مانگ بەبێ مووچە دەوامیان کردووە، ئاماژە بەوە دەکات داهاتی فەرمانگەکەیان (١٨٠,٠٠٠) دینارە لە ساڵێکداو بەشی مووچەی فەرمانبەران ناکات، هەروەها دەڵێت:"لەماوەی پێشوودا ویستمان هەندێك خەتی شارەکان بخەینەوە کار، بەداخەوە گشت خەتەکان لەبەر چاوی بەرەی کوردستانیدا دزران، ئەوان قسە ناکەن، ئێمە دزەکانمان دەگرت، ئەوان هیچیان لێ نەدەکرد، هەر لەو ماوەیەشدا (١٢٠٠) مەتر خەتیان لای دەواجینەکەوە بە حەفارە دەرهێنا ئێمە هیچمان بۆ نەکرا، بەوجۆرە پڕۆژەکەمان سەرنەکەوت، ویستمان خەتی هەڵەبجەی شەهید بخەینەوە کار، بەلاَم لای قەسابخانەکەی سلێمانییەوە خەتەکانیان دزین و هیچمان بۆ نەکرا"[2]، ئەمە جگەلەوەی لە کۆی (٣٠) ئۆتۆمبیلی فەرمانگەکە، لەماوەی حوکمی بەرەدا بێ ئۆتۆمبیل بوون و هەموویان دزران[3].

ئەگەر شارەوانی سلێمانی وەربگرین لەو ماوەیەدا، دەبینین دیاردەی دزی و تالاَنی ئەوانیشی گرتبۆوە، لە (٣٢) بارهەڵگری شارەوانی تەنها (٣) دانەیان ماوەتەوە، ئەوانی دیکە دزراون، جگەلەوەی بەرەی کوردستانی یارمەتی شارەوانی سلێمانیشی نەداوە، بەڵکو دەستی خستۆتە ناو کاروبارەکانی، لەبەرئەوە شارەوانی سلێمانی نەیتوانیوە وەك پێویست کارەکانی ڕاپەڕێنێ لە پاك و خاوێن ڕاگرتنی شاردا، جگەلەوەی گەمارۆی ڕژێمی بەعس بەتایبەت لەسەر سوتەمەنی کاری لە ڕاپەڕاندنی ئیش و کارەکانی شارەوانی سلێمانیش کردبوو، چونکە ڕۆژانە پێویستیان بە (٢٠٠٠) لیتر گاز هەبوو، بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانیان، بەلاَم بەهۆی گەمارۆکەوە نەتوانراوە ئەو بڕە دابین بکرێت[4].

بەهەمان شێوە دەزگای پۆلیسی شاری سلێمانیش نەیتوانیوە وەکو پێویست ئەرکەکانی ڕاپەڕێنێت لەو ماوەیەدا، گرنگترین گرفتەکانیشیان نەبوونی ئۆتۆمبیلی پێویست و چەك و جیهاز بووە، کە کاری کردۆتە سەر چالاکییەکانیان، جگەلەوەش دەستوەردان لە کاری پۆلیسدا گرفتێکی دیکە بووە، ئەوەتا (مقدم فوئاد حسێن عەبدولرەحمان) بەڕێوبەری پۆلیسی سلێمانی دانی بەوەدا ناوە کە چەندین تاوانبار گیراون، بەلاَم بەهۆی دەستوەردان لەکاری دادگا و پۆلیس ئازادکراون، لەم ڕووەوە پۆلیسی سلێمانی نیگەرانی خۆیان گەیاندۆتە سەرۆکی دادگای سلێمانی و کارگێڕی بەرەی کوردستانی[5].

---

(١) گەروا بڕوا ...ئەوا شاری سلێمانی بەجارێ کارەبای نامێنێ: ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (١٦)، ساڵی یەکەم، چوارشەممە، ١٩٩٢/٢/١٢، ل٥.

(٢) لەگەڵ بەڕێوبەری تەلەفۆنی سلێمانیدا: گۆڤاری دیموکراسی، ژمارە (٩)، ساڵی یەکەم، تەمموزی ١٩٩٢، ل٢٦.

(٣) هـ. س، ل٢٦.

(٤) لەگەڵ سەرۆکی شارەوانی سلێمانی: س. پ، ل٢٨

(٥) سەردانی بەڕێز بەڕێوبەری پۆلیسی سلێمانی: ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٢٤)، ساڵی یەکەم، هەینی، ١٩٩٢/٢/٢١، ل٤.

کەرتی پەروەردەش بەدەر نەبووە لەو کێشانەی کە لەماوەی حکومڕانی بەرەی کوردستانیدا (١٩٩١-١٩٩٢) هەموو کوردستانی گرتبۆوە، دیارترین گیروگرفت و کێشەکانی پەروەردە وەك بەڕێوبەری گشتی پەروەردەی سلێمانی (مامۆستا نەشئەت غەفور سەعید) ئاماژەی بۆکردووە، بریتی بوون لە: خراپی گوزەرانی مامۆستایان ونەبوونی مووچە، نەبوونی هۆیەکانی گەرم کەرەوە لە قوتابخانەکاندا، نەبوونی یاخود کەموکوڕی لە هۆیەکانی فێرکردن (وەك کتێب، قەڵەم، لاستیك، دەفتەر، جانتا...هتد) ئەمە جگەلە کێشەی داننان بە شەرعی بوونی خوێندنی (١٩٩١-١٩٩٢) گەورەترین گرفت بووە، هەتا ئەوکاتە لەگەڵ ڕێکخراوی یونسکۆ لە پەیوەندیدا بوون بۆئەوەی ڕەوایی بەخوێندنی ئەوساڵە بدرێت، ئەمە جگەلەوەی بەرەی کوردستانی نەیتوانیوە پێداویستیەکانی کەرتی پەروەردە دابین بکات، بۆیە داوا لەهاولاتیان کراوە کە فریای کەرتی پەروەردە بکەون وهاوکاری مامۆستاو قوتابخانەکان بکەون بۆ بەردەوامی پرۆسەی خوێندنی ساڵی(١٩٩١-١٩٩٢)[١].

بەهۆی خراپی گوزەران و گەمارۆی ئابوری و کێشەی سیاسی و سەربازی و کۆمەڵایەتییەکانی هەرێم (٢٥) کەس لە دانیشتوانی شاری سلێمانی لە (١٩٩١/١٢/٥-١٩٩١/١٢/١٢) مانگرتنی خۆیان لە خواردن ڕگەیاندو داوایان لە (UN) کرد، کە بەدەم داوا ڕەواکانی گەلی کوردەوە بێت، مانگرتنەکە سەربەخۆبوو لەلایەن جەماوەرەوە ڕێکخرابوو، مانگرتووەکان داوایان لە (UN) کرد کە کاری جدی بکەن بۆ پاراستنی کوردو مافە ڕەواکانی، هەروەها داوایان کرد بەزوترین کات ئاوارەکانی کەرکوك بگەڕێننەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان، ئەوەی شایەنی ئاماژەیە لە هەموو شارو شارۆچکەکانی کوردستانەوە پشتگیری لە مانگرتووەکان کرا، لە زۆربەی شارەکانەوە خەڵکی بەڕێپێوان بەرەو شاری سلێمانی هاتن، لە ١٩٩١/٢/٨ سەرتاپای دوکان و بازاڕەکانی شاری سلێمانی بۆ پشتگیری مانگرتوان داخران[٢]. لە ڕۆژی یەکەمی مانگرتنەکەدا، مانگرتوان یاداشتێکیان دایە نوێنەری (UN) لە شاری سلێمانی، ناوەڕۆکی یاداشتەکە باس لە خراپی دۆخی ئەمنی و گوزەرانی خەڵك و قەیرانی کارگێڕی و ئابوری و سیاسی دەکرد، باسیشیان لەوە دەکرد کە خەڵك بێ خۆراك و بێ سوتەمەنی و بێ ئیش و کارن، هەروەها داوایان کرد کە بڕیاری (٦٨٨) بە تەواوەتی جێبەجێ بکرێت و بارودۆخی ناوخۆی کوردستان ئاسایی بکرێتەوە[٣].

جگە لەوانەی باسکران ئەمن و ئاسایشی شاری سلێمانیش لەماوەی حکومڕانی بەرەی کوردستانیدا لە دۆخێکی باشدا نەبووە، کاری فڕاندن و کوشتن و تەقینەوە لە شارەکەدا بنەبڕ نەکراوە، بۆ نمونە لە شەوی ٢٩-١٩٩٢/٣/١ تەقە لە عەبدولمەلیك مستەفا فەرماندەی سەربازی (حسك) کرا لە شاری سلێمانی، ناوبراو لەگەڵ شۆفێرەکەی کوژران[٤]، هەر لە ساڵی ١٩٩٢ دا (عەلی بۆسکانی) کە بە عەلی عەبە گۆڕێ ناسرا

---

(١) گفتوگۆیەگ لەگەڵ بەڕێز بەڕێوبەری گشتی پەرەوەردەی سلێمانی: ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٢٤)، ساڵی یەکەم، یەك شەممە، ١٩٩٢/٢/٢٣، ل٢.

(٢) مانگرتووەکان: یان وەڵام وەرگرتن یان لەناو تابوتەکەماندا گیان دەسپێرین، ڕۆژنامەی سەربەخۆیی، ژمارە (١٠)، کانونی کانونی یەکەمی ١٩٩١، ل٢.

(٣) بۆ زانیاری زیاتر (بڕوانە// کامەران سعید عبداللە کوردە: مانگرتن وانەیەکی تری خەباتی دیموکراسیانە، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، مەکتەبی ڕێکخستنی سلێمانی، بەشی ڕاگەیاندن، ل٦-٧).

(٤) محەمەد حاجی مەحمود: س. پ، ل٢٥.

بوو لە شاری سلێمانی دەوڵەمەند بوو هاوکاری چاپکردنی پەرتوکی کوردی کردبوو، تیرۆرکرا[1]، لە (١٩٩٢/٣/٦) لە نزیك ئوتێل ئاشتی شاری سلێمانی کە جێی حەوانەوەی ڕێکخراوە مرۆڤ دۆستەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان بووە، ئۆتۆمبیلێکی بە مین چێنراو تەقیەوەو بووە هۆی کوژرانی(٧) هاوڵاتی و بریندار بوونی (٢٩) هاوڵاتی تر[2]، ئاسایشی شاری سلێمانی لە شەودا زۆر خراپ بووە، لە کاتژمێر (١٠) شەو بەولاوە پێشمەرگە لەسەر شەقامەکان نەدەمان، بۆیە کارە تێکدەرەکان زیاتر لە شەودا ئەنجام دەدران[3].

بەشێوەیەکی گشتی ماوەی حکومڕانی بەرەی کوردستانی لەڕووی ئابوری، کۆمەڵایەتی، سیاسیی و کارگێڕییەوە لاواز بوو، نەیتوانی لە جێی متمانەی شاری سلێمانیدا بێت و جەماوەر لەخۆی ڕازی بکات، نەیتوانی ڕێگری لە تاوان و تاڵانکاری دام و دەزگاکان بگرێت، نەیتوانی ئەو کارگەو پرۆژە جۆراوجۆرانەی کە ڕژێم لە شارەکە بەجێی هێشتوون پەرەپێبدات، بەڵکو ئامێرو کەلوپەلەکان تاڵانکران و دەربازی سنوری ئێران کران[4]، نەتوانرا لەو ماوەیەدا وەك پێویست خزمەتگوزارییەکان بۆ شاری سلێمانی دابین بکات، شەقام و گەڕەکەکان بە هیچ شێوەیەك دەستیان لێنەدراو چاك نەکران، هەروەها بەرەی کوردستانی نەیتوانی کارەبا بۆ شوێنێکی بێ کارەبا ڕابکێشێت، بەڵکو ئەو گەڕەکانەشی کە خۆیان کارەبایان هەبوو کەمتر بۆوە[5].

سەبارەت بە ژیان و گوزەران و بژێوی خەڵك لە ماوەی حکومڕانی بەرەی کوردستانیدا لەو پەڕی خراپیدا بووە، تەنانەت گەیشتووەتە ئاستێك باوك منداڵی خۆی بفرۆشێت لەبەر ئەوەی توانای بەخێو کردنی نەبووە، خێزانیش هەبووە لە شاری سلێمانیدا کە بە پێنج منداڵەوە یەك جووت پێڵاویان هەبووە و بە نۆرە لە پێیان کردووە، بەدەیان خێزانیش تەنانەت لە جەژنیشدا شیوی جەژنیان نەبووە، خواردنی دەیان خێزانیش تەنها نان و چا بووە، خێزان هەبووە لە ڕۆژێکدا تەنها یەك ژەم نانیان خواردووە[6]، برسێتی کارێکی کردبوو کە بەشێك لە هەژاران پەنا بەرنە بەر چێشتخانەکانی شار و داوای پاشماوەی خواردن لە خاوەن چێشتخانەکان بکەن[7].

بەڕای ئێمە بەرەی کوردستانی سەرکەوتوو نەبوو لە ئیدارەدانی کوردستان بەگشتی و شاری سلێمانی بە تایبەتی، ئەمەش دەگەڕایەوە بۆ ئەوەی کە ئەوانەی بەرەیان دروستکردبوو لە شاخ بوون و هیچ

---

(١) هاوڕێ باخەوان: س. پ، ل٧٠٩.

(٢) ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٣٧)، ساڵی یەکەم، یەك شەممە، ١٩٩٢/٣/٨.؛ جێی ئاماژەیە محەمەدی حاجی مەحمود ژمارەی بریندارەکانی بە (١٥) کەس داناوە.( بڕوانە// محەمەد حاجی مەحمود: س. پ، ل٢٨).

(٣) براهیم فەرشی (بارام): هەڵەبجەو کۆسار، مەهابادو گوڵەباخ لە وڵاتی چنارو هێمن، (ب.ن.چ)، (ب.ش.چ)، ل١٥.

(٤) جەمال شێخ نوری: س. پ، ل١٩٤-١٩٥.

(٥) مەلا بەختیار: حوکمی بەرەی کوردستانی یان دەسەڵاتی دیموکراسی، (ب.ن.چ)، (ب.ش.چ)، ١٩٩١، ل١٦-١٧.

(٦ ) بۆ زانیاری زیاتر (بڕونە// ل.بۆتانی: ڕۆژانەی برسێتی و هاوڕێکی ڕەوا، ڕۆژنامەی(کوردستانی نوێ)، ژمارە(٨١)ی ساڵی یەکەم، هەینی، ١٩٩٢/٥/٩، ل٢).

(٧ ) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ( ئالان مەحمود فەتاح) ، سلێمانی، ٢٠١٨/٢/٥. ناوبراو لە ساڵی ١٩٧١ لە شاری سلێمانی لە دایك بووە، تا پۆلی سێیەمی ناوەندی خوێندووە، دواتر لە خوێندن دابراوە لە ساڵی ١٩٩١ بە دواوە وەك چێشتلێنەر لە چێشتخانەکانی شاری سلێمانیدا کاری کردووە، ئێستا نیشتەجێی شاری سلێمانییە.

ئەزموونێکی ئیداریان نەبوو، سەرەڕای ناکۆکی قوڵی نێوان لایەنەکانی بەرە کە کاروبارەکانی لاوازو سست کردبوو، لەگەڵ ئەوەشدا بارودۆخەکەش کاریگەری خۆی هەبوو لەسەر قوڵکردنەوەی قەیرانەکان، هەرچەند دەکرا زۆر شت بکرایە، بەڵام نەکرا، لەگەڵ ئەوەشدا بەرە توانی ئیدارەی کوردستان بدات هەتا هەڵبژاردنی پەرلەمان و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەهەموو کەموکوڕییەکانییەوە.

**دووەم: هەڵبژاردن و بانگەشەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان لە مایسی ١٩٩٢ لە شاری سلێمانی:**

لەدوای کشانەوەی دامودەزگاکانی ڕژێمی بەعس لە ١٩٩١/١٠/٢٣ لە باشوری کوردستان بۆشایەکی ئیداریی و یاسایی لە ناوچەکەدا دروستبوو، سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی وەکو دەسەڵاتی دیفاکتۆ ئەرکی پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی گرتە ئەستۆ و کاروبارەکانی ڕادەپەڕاند[١]، بەڵام بەهۆی بەردەوامی ململانێی سیاسی و مافی ڤیتۆی هەر یەك لەو هەشت پارتەی کە بەرەی کوردستانیان پێکهێنابوو، دەسەڵاتێکی ناوەندی بەهێز لە ئارادا نەبوو، بڕیارەکان سست و لاواز بوون[٢]، دواجار بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە ئیدارییە و ڕەوایەتیدان بە دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن، بەرەی کوردستانی بڕیاری دامەزراندنی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستانیدا[٣]، ئەویش دوای ئەوە هات کە بەرەی کوردستانی بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی دەزگای (تەنفیزی و تەشریعی) ڕژێمی بەعسی لە کوردستان دا بوو، بۆیە بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە دەبوو هەڵبژاردنی گشتی ئەنجام بدرێت[٤].

یەکەمین کێشە کە ڕووبەڕووی بەرەی کوردستانی بۆوە لایەنی یاسایی بوو، کە ئایا کوردستان لەڕووی یاساییەوە دەتوانێت هەڵبژاردن بکات و دەسەڵاتی یاسادانانی هەیە، لەکاتێکدا کە هیچ دامەزراوەیەکی یاسایی باڵا نەبوو، کە بڕیاری یاسادانان و هەڵبژاردنی هەبێت، بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە لێکۆڵەرانی بواری یاسای دەستوری ڕێکەوتننامەی (١١ ی ئازاری ١٩٧٠) بە پێشینەی یاسایی بۆ ئەو هەڵبژاردنە دانا، پێیانوابوو کە بەیاننامەی (١١ ی ئازاری ١٩٧٠) بنەمایەکی یاسایی گرنگە بۆ بڕیاردان لەسەر دەرکردنی هەر بڕیارێکی یاسایی کە لە کوردستان دەربچێت، ئەویش بە پشتبەستن بە ماددەی (١٠)ی یاسای ئۆتۆنۆمی ژمارە (٢٣)ی ساڵی (١٩٧٤)، کە حکومەتی عێراق خۆی تاکلایەنە پیادەی دەکرد، مەبەستی بەرەی کوردستانی لە جەختکردنەوە لەسەر بەیاننامەی (١١ی ئازاری ١٩٧٠) ئەوەبوو کە هیچ خاڵ و بیانویەکی یاسایی نەدەن بە دەست حکومەتی عێراقەوە، تا بەو بیانووەوە دەست بەسەر کوردستاندا بگرێت، مەبەستیشیان بوو وڵاتانی دراوسێ بیانویان نەمێنێت بۆ دژایەتیکردنی ئەزموونی باشوری کوردستان و وا تێنەگەن کە مەترسی دروستبوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی هەیە[٥].

دواتر بەرەی کوردستانی بڕیاریدا لیژنەیەك پێکبهێنرێ بۆ دانانی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان، لیژنەکە پێکهاتبوو لە (١٣) کەس لە دادوەران و پارێزەران و یاساناسان، لەگەڵ[٢]

---

(١) Silic: دیموکراسیەت پەرلەمان و حکومەتی باشوری کوردستان، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٥، ل٢٨.

(٢) سۆفیا ئیزابێلا وانچ: س. پ، ل٨١.

(٣) فريدون عبدالرحيم عبدالله: التجربة البرلمانية في اقليم كوردستان العراق (١٩٩٢-٢٠٠٩)، جامعة موصل، كلية الاداب، ٢٠١٥، ص٢٦.

(٤) نەوشیروان مستەفا ئەمین: کێشەی پارتی و یەکێتی (بیرەوەریەکانم لە پەراوێزی هەڵبژاردنی یەکەمدا)، هانکۆ (فینلان)، ١٩٩٥، ل٧.

(٥) ڕودهۆف و ئەوانی تر: س. پ، ل٥٧-٥٨.؛ محەمەد ڕەوف: هەڵبژاردن لە کوردستان ١٩٩٢-٢٠١٠، چاپخانەی کاردۆ، سلێمانی، ٢٠١٣، ل١٤-١٥.

کەسی تر وەك نوێنەری بەرەی کوردستانی لە لیژنەکەدا بوون، واتە کۆی ئەندامانی لیژنەکە (١٥) کەس بوو، جێی ئاماژەیە کە تەنها دوو ئەندامی لیژنەکە لە شاری سلێمانییەوە بەشداربوون، ئەوانیش پارێزەران (مەحمود بابان و مستەفا عەسکەری) بوون(١)، لیژنەکە لە (١٩٩١/١٢/٢٣) دەستی بەکارکردن کرد، لە (١٩٩٢/١/٢٨) کارەکانی تەواوکردو پڕۆژەکەی پێشکەش بە سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی کرد، لە (١٩٩٢/٤/٨) لەلایەن بەرەی کوردستانییەوە بڕیاری لەسەر دراو بەناوی یاسای ژمارە[1] بۆ ساڵی ١٩٩٢ یاسای هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان-عێراق پەسەند کرا، دواتر خرایە بەردەم لایەنە سیاسییەکان[2].

لیژنەکە شێوازی هەڵبژاردنی تاکە کەسیان بەلاوە پەسەند بوو، واتە (بازنەیی)، بەڵام لایەنە سیاسییەکان بۆچونی جیاوازیان لەسەر شێوازەکەی هەبوو، (کەریم ئەحمەد) نوێنەری (حشع) شێوازی لیستی پێباش بوو، (فوئاد مەعسوم) وەکو نوێنەری یەکێتی شێوازی بازنەیی بەلاوە پەسەند بوو، بەڵام ڕایگەیاند ئەگەر لایەنەکانی تر شێوازی لیست بە باش بزانن ئەوا (ی.ن.ك) کێشەی نییە، (مەسعود بارزانی)ش وەکو نوێنەری پارتی شێوزای بازنەیی پێباش بوو، ڕایگەیاند ئەگەر حزبەکانی تر سوربن لەسەر شێوازی لیست، ئەوا پارتی قسەی تری هەیە، (حسك) یش پاڵپشتی لە شێوزای بازنەیی کرد، هەروەها لایەنەکانی تریش هەمان ڕایان هەبوو[3]، دواجار بەرەی کوردستانی شێوەی لیستی پەسەند کرد، ڕێژەی (٧٪) دانرا بۆ ئەو پارتانەی کە دەیانەوێت بەشداری هەڵبژاردنەکە بکەن دەبێت لەو ڕێژەیە زیاتر دەنگ بەدەستبهێنن بۆ ئەوەی بەشداری ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان بکەن[4].

ئەوەی جێی ئاماژەیە لە سەرەتادا مەسەلەی هەڵبژاردنی ڕابەری گەلی کورد، لە کاتی دانانی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستاندا لە ئارادا نەبوو، بەڵام دواتر لەلایەن (د.مەحمود عوسمان)ەوە وەك نوێنەری حزبی سۆسیالستی کوردستان، ئەم مەسەلەیە خرایەڕوو[5]، بۆیە پڕۆژە یاسای یاسای هەڵبژاردن بوو بە دووبەش، ژمارە (١) بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان، ژمارە (٢) بۆ هەڵبژاردنی ڕابەری گەلی کورد[6]، لە (١٩٩٢/٤/٨)، سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی، بە کۆی دەنگ، هەردوو بەشی پڕۆژەکەی پەسەند کرد، کرا بە یاساو لە دامودەزگاکانی ڕاگەیاندن نەخشەی چۆنیەتی بە ئەنجام گەیاندنی هەڵبژاردنەکەیان بۆ گەلی کوردو وڵاتانی دەرەوەش بڵاوکردەوە[7].

---

(١) ئەندامانی لیژنەکە پێکهاتبوون لە (دادوەران"ڕەشید عبدالقادر، مەعروف ڕەئوف، ئەمیر حەوێزی، نازم حەوێزی"، یاسادانان : "دکتۆر سەعید بەرزنجی، خورشید شەوکەت، پارێزەران:"فەرسەت ئەحمەد، قەیس دیوالی، سەید حەسەن، بەختیار حەیدەر، شەمسەدین موفتی، مەحمود بابان، مستەفا عەسکەری"، نوێنەرانی بەرەی کوردستانی: "قادر جەباری، فەرەنسۆ حەریری. (بڕوانە، مستەفا عەسکەری: بیرەوەرییەکانم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠١١، ل٢٤٠-٢٤١).

(٢) محەمەد ڕەوف: س. پ، ل٢٤.

(٣) مستەفا عەسکەری: س. پ، ل٢٤١-٢٤٢

(٤) هێرش عبدالله حمەکریم: س. پ، ل١٠.؛ ڕودهۆف و ئەوانی تر: س. پ، ل٥٨.

(٥) لانەی جاسوسی، زنجیرە (٢)، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٥، ل١١.

(٦) مستەفا عەسکەری: س. پ، ل٢٤٤.

(٧) فاتح ڕەسول: لە پێناو دەسەلاتدا...س. پ، ل٣٥.

دواتر لیژنەکی باڵا بۆ سەرپەرشتی هەڵبژاردن پێکهێنرا، دادوەر (ئەمیر حەویزی) سەرۆکی لیژنەکە بوو، نوێنەری هەموو حزبەکانی تێدا بوو، کاری ئەم لیژنەیە بریتی بوو لە دابەشکردنی کوردستانی عێراق بە چەند کەرتێکەوە، سلێمانی کەرتی ژمارە (٢) بوو، کارێکی دیکەی لیژنەکە پێکهێنانی لیژنە ناوچەییەکان بوو، لەگەڵ دانانی پەیڕەو بۆ هەڵژاردنەکە، هەروەها لیژنەکە دەسەڵاتی ئەوەش هەبوو کە ئەنجامی هەڵبژاردنی هەر بنکەیەك پوچەڵ بکاتەوە، کە ساختەکاری تێدا بکرێت[١].

لیژنەی سەرپەرشتی هەڵبژاردن بۆ کەرتی ژمارە (٢) واتە سلێمانی پێکهاتبوو لە (دادوەر شێخ لەتیف شێخ تەها) سەرۆکی دادگای سلێمانی کە سەرۆکایەتی لیژنەکەی دەکرد، هەر یەکە لە بەڕێوبەری پۆلیس و قائیمقامی قەزای ناوەندی سلێمانی و نوێنەری هەموو پارتەکانی تێدابوو، مەڵبەندی کارکردنی لیژنەکە شوێنی پێشووتری پارێزگای سلێمانی بوو بەرامبەر باخی گشتی، لیژنەکە هەموو ئامادەکارییەکانی خۆی لە شاری سلێمانی تەواو کرد، لە دیاریکردنی بنکەکانی دەنگدان و دەستنیشان کردنی ستافی سەرپەرشتیکردنی بنکەکان و دابینکردنی پێداویستییەکانی وەك (تۆمارو کارتی دەنگدان...هتد)[٢].

هەموو ئەو پارتانەی بەشداری هەڵبژاردنیان کرد ڕەنگێکیان بۆ خۆیان هەڵبژارد، تا لە کەمپینی هەڵبژاردندا بیکەنە لۆگۆ و کاری دەنگدەران ئاسانتر بکەن، بۆیە پارتی ڕەنگی (زەرد) و شیوعی (سور) و یەکێتی (سەوز) و سۆسیالست (شین) و بزوتنەوەی ئیسلامی (سپی) یان هەڵبژارد[٣].

بەپێی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان، کورسییەکانی ئەنجومەنی نیشتیمانی بە (١٠٠) کورسی دانرا، لە ماددەی دووەمی یاساشدا دەڵێت:"هەڵبژاردنی گشتی بەنهێنی دەبێ"، لە ماددەی سێیەمیش ئاماژە بەوە کراوە کە دەبێت ئەو کەسەی دەبێتە ئەندام هاوڵاتی کوردستانی عێراق بێت(٤)، هەموو هاوڵاتییەکیش تەمەنی لە (١٨) ساڵ زیاتر بێت مافی دەنگدانی هەبوو، بەڵام ئەو هاوڵاتیانەی کە ئاوارەی تورکیا و ئێران بوون و نەگەڕابوونەوە لە دەنگدان و بێبەش کران[٥].

بەپێی یاسای ژمارە (٢) ی ساڵی ١٩٩٢، کە یاسای هەڵبژاردنی ڕابەری بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستانە، هاتبوو کە گەلی کوردستانی لە ڕێگەی دەنگدانێکی گشتی نهێنی و ڕاستەوخۆدا، ڕابەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتیمانی هەڵدەبژێرێ، بۆ ماوەی چوار ساڵ، ئەو ڕابەرە نوێنەرایەتی گەلی کورد دەکات لەناوخۆو دەرەوەدا[٦]، دەبوو ئەو کەسەی خۆی بۆ ڕابەر هەڵدەبژێرێ تەمەنی لە(٤٠) ساڵ

(١) ڕودهۆف و ئەوانی تر: س. پ، ل٥٩؛ ئاراس عەبدولرەحمان مستەفا: س. پ، ل٤٤٩.

(٢) ئەحمەد حامد: س. پ، ل٣٠٤.

(٣) توانا قادر ابوبكر: س. پ، ل١١٩.

(٤) قانون انتخابات المجلس الكردستاني ١٩٩٢، ص١٧.

(٥) ڕودهۆف و ئەوانی تر: س. پ، ل٥٩.

(٦) پرۆژە یاسای هەڵبژاردنی ڕابەری بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان ١٩٩٢.؛ بۆ دەقی تەواوی یاسای ژمارە (٢) ساڵی ١٩٩٢، یاسای هەڵبژاردنی ڕابەری بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستانی. (بڕوانە، فاتح ڕەسول: لە پێناو دەسەڵاتدا...س. پ، ل.٥٣-٥٧).

کەمتر نەبێت، ئەو کەسەی دەردەچێت دەبێت زۆرینەی دەنگەکان (٥٠+١) بەدەستبهێنێ، ئەگەرنا ئەوە لەنێوان ئەو دوو ڕکابەرەی زۆرترین دەنگیان هێناوە لە ماوەی (١٥) ڕۆژدا دەنگدان دووبارە دەکرێتەوە[١].

سەبارەت بە مافی دەنگدانی کەمینەکان بەرەی کوردستانی لە کۆبوونەوەی ڕۆژی چوارشەممە (١٩٩٢/٤/٨) بڕیاریدا بە تەرخانکردنی (٥) کورسی لە ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان بۆ کەمە نەتەوایەتی ئاشوری بە هەموو تایفەکانیانەوە بە (کلدانی کاسۆلیك و کڵێسای ڕۆژهەڵاتی ئاشوری (نەستوری) و سریانی و ئەوانی دیکە، هەڵبژاردنیش بازنەی تایبەت بە خۆیان ئەنجام دەدرێت[٢].

دواجار بەرەی کوردستانی و لیژنەی باڵای هەڵبژاردنەکان بڕیاریاندا ڕۆژی (١٧ ئایاری ١٩٩٢) لە سەرتاسەری کوردستاندا ئەنجام بدرێت، بەڵام بەهۆی خراپی مەرەکەبی دەنگدان، کە بۆ ڕێگری لە دووبارە دەنگدان دابینکرابوو، هەڵبژاردنەکە بۆ ماوەی (٤٨) کاتژمێر دواکەوت، واتە خرایە ڕۆژی (١٩ی ئایاری ١٩٩٢)[٣].

بەڵام دواتر لەلایەن کیمیاگەرانی زانکۆی سەلاحەدینەوە، کێشەکە چارەسەرکرا ئەویش بە دروستکردنی تێکەڵەیەك کە ماددەی (نیترات) ی جیوەی تێدا بوو کە بۆ ماوەیەکی زۆرتر لەسەر پەنجەی دەنگدەر دەمایەوە، بەڵام ڕەنگە دواخستنی هەڵبژاردن تەنها بەهۆی خراپی مەرەکەبەکەوە نەبووبێت، چونکە وڵاتانی تورکیا و ئێران دژی هەڵبژاردنەکە بوون و ترسیان لە سەربەخۆیی هەرێم هەبوو، لەوە دەترسان کە کوردەکانی ئێران و تورکیایش داوای هەمان ماف بکەن[٤]، جگەلەوەی ڕژێمی بەعس بە پێی هەندێ لە سەرچاوە هەواڵدەرەکان، چەندین ئۆتۆمبیلی بۆ تەقینەوە لە کوردستان لە ڕۆژی هەڵبژاردندا ئامادەکرد بوو، لیستی ئەو ئۆتۆمبیلانە گەیشتبووە ڕێکخراوی پارتی دیموکراتی کوردستان کە ڕژێمی بەعس ئامادەی کردبوو بۆ تەقینەوە لە باشوری کوردستان، یەکەم: بەڕازیلی ژمارە (٥٦٨٥) تاکسی- بغداد....تا دەگاتە هەژدەیەم: بەڕازیلی ژمارە (٥٤٨٥) نەینەوا[٥].

سەبارەت بە چۆنیەتی بەڕێوەچوونی بانگەشەی هەڵبژاردن لە شاری سلێمانیدا، بەرەی کوردستانی ماووەی دوو هەفتەی بۆ بانگەشەی هەڵبژاردنی لایەنەکان دیاریکرد[٦]، لەو ماوەیەدا سەرجەم پارت و لایەنەکانی بەشدار لە هەڵبژاردن بە چڕوپڕی دەستیان بە بانگەشەی هەڵبژاردن کرد، بانگەشەکە لە شاری سلێمانیدا خۆی لە کۆڕ و کۆبوونەوەی جەماوەری و ڕێکخستنی کاروانی ئۆتۆمبیل دەبینییەوە، کە لەلایەن پارتە سیاسییەکانەوە ڕێکدەخران و بەناو شەقام و کۆڵانەکانی شاردا دەسوڕانەوە، بە جۆرێك لە ماوەی

---

(١) توانا قادر ابوبکر: س. پ، ل١٢٠.

(٢) فاتح ڕەسوڵ:س. پ، ل.٥٣-٥٧.

(٣) الحزب الديمقراطي الكوردستاني: انتخابات بلا حدود، من منشورات الدراسات البحوث المركزي، دراسة رقم (٣٤)، اربيل، ١٩٩٩، ص٦٣.

(٤) ماريانا خاروداكی: الكرد، سياسة الخارجية الامريكية، ت:خليل الجيوسی، دار الفارابی، بيروت، لبنان، ٢٠١٣، ص٣٦٧.

(٥) توانا قادر ابوبکر: س. پ، ل١٢١.

(٦) فایلی هەڵبژاردنی پەرلەمان ئاوڕێ بۆ دواوە: گۆڤاری (دیموکراسی)، ژمارە (٧)، نیسانی ١٩٩٢، ل١٢-١٤.

بانگەشەکەدا ڕۆژانە بە دەیان کاروانی ئۆتۆمبیل لەلایەن پارتەکانەوەبە شاردا دەسوڕانەوەو هوتافو دروشمی جۆراوجۆریان دەگوتەوە[١].

ڕۆژەکانی بانگەشە شاری سلێمانی بووە گۆڕەپانی تێکۆشانی سیاسیو نواندنی چالاکی جۆراوجۆر، پارتەکان پڕوپاگەندەیان بەشێوەیەکی بەرفراوان لە کەناڵەکانی بینراو بیستراو و ڕۆژنامەکاندا بڵاودەکردەوە[٢]، بە مەبەستی ڕاکێشانی بیروڕاو دەنگەکان، زۆرینەی دروشمەکان یەکیان دەگرتەوە لەیەك لەیەك چوارچێوەدا دەستورانەوە، بەتایبەت دەربارەی سیستەمی دیموکراسی، ئازادی، فیدراڵیو سەروەری یاسا، جەماوەری شار بە شێوازی هەڵپەڕکێو شادی بانگەشەی خۆیان دەکرد، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك دروشمو هوتافی حزبی سەرنجڕاکێش بەر گوێ دەکەوتن، لەوانە (پەرلەمانی بە پەلە دەرمانە بۆ ئەم گەلە)، (ئەگەر کاکە دەرنەچێ کەرکوکمان لە دەست ئەچێ)، (بۆیە پێت دەڵێم کاکە... چونکە ڕابردوت پاکە)، (حوکمی زاتی درۆیە... ئاواتمان سەربەخۆیە)، (ئەگەر مامە دەربچێ... نەکوردستان تێکدەچێ نە کەرکوکمان لە دەست ئەچێ)[٣]. ئەگەر سەرنجی ئەو دروشمانە بدرێت دەبینرێت دروشمەکان دروشمەکان کەمتر بۆ ئایندەیە زیاتر لەسەر ڕابردوو قسەیان کردووە ئەوەندەی کار لەسەر یەکتر شکاندن کراوە ئەوەندە کار بەپلان و بەرنامە و جیهانبینییەکی نوێ نەکراوە بۆ ئایندەی هەرێمەکە.

محەمەدی حاجی مەحمود دەڵێت:" لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکەدا کەس ئیسراحەتو خەوی نەما بوو، ڕۆژی وا هەبوو دەیان سەیارە بە ناو بازاڕی شاری سلێمانیدا دەسوڕانەوەو چەندین کۆڕو کۆبوونەوەو منازەرە لەسەر ئەو وەزعە دەگێران، یەکێ هاواری دەکرد مامە، یەکێ هاوارای دەکرد کاکە، یەکێی هاواری دەکرد حەزرەتی شێخ عوسمان)[٤]، بەلام بەگشتی شێوازی بانگەشەی هەڵبژاردن لە شاری سلێمانی جیاوازتر لە شاروشاروچکەکانی دیکەی هەرێم، بە شێوازێکی شارستانیتر و دیموکراسیانەتر بەڕێوە دەبرا، بە جۆرێك لە زۆربەی گەڕەکەکانی شار چادر هەڵدەدراو، خەڵکی گەڕەکەکان سەردانیان دەکرد و بانگەشەی خۆیان دەکرد، زۆرجاریش کاسێت دەبرا بۆ ئەو چادرانەو گۆرانی مۆسیقا لێدەدرا و خەڵکی بە ئاهەنگ و هەڵپەرکێ و جل و بەرگی ئاڵووالاوە بانگەشەی خۆیان دەکرد، ڕۆژانی بانگەشە لە شاری سلێمانی وەك جەژنێکی نیشتمانی بوو[٥].

---

(١) پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ (جەیران شێخ مەحمود محێدین)، ئەڵمانیا، ٢٠١٧/٨/١٩، لە ساڵی ١٩٤٠ لە دایك بووە، زۆربەی پلە حزبییەکانی لەناو حزبی شیوعیدا بڕیووە، هەتا ئەندامی محەلی حزبی شیوعی ڕۆیشتووە، ناوبراو پاڵێوراوی (حشع) بووە لە هەڵبژاردنەکانی ١٩٩٢، ئێستاس نیشتەجێی ولاتی ئەڵمانیایە؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (لوقمان زیندانی)، ٢٠١٧/٥/١٠، سلێمانی.؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (عەبدولرەحمان سەنگاوی)، ٢٠١٧/٧/٢٢، سلێمانی.

(٢ ) بڕوانە:ڕۆژنامەی(کوردستانی نوێ)، ژمارە(٨٥) ی ساڵی یەکەم، چوارشەمە، ١٩٩٢/٥/٦، ل١، ٤.

(٣) فاتح ڕەسوڵ: لەپێناو دەسەڵاتدا...س. پ، ل٦٤.

(٤) وەرگیراوە لە محەمەدی حاجی مەحمود: ڕۆژمێری...س. پ، ب٤، ل٦٢.

(٥)چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(د.ئاکۆ عەبدولکەریم شوانی)، سەرۆکی بەشی مێژوو لە زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠١٨/٤/٢٩.

هەموو پارتەکانی بەشدار لە هەڵبژاردنەکە ئەو پەڕی هێزو توانای خۆیان بەکاردەهێنا تا زۆرترین دەنگدەر لە دەوری پارتەکەیان کۆبکەنەوە، شوێن و کون و کەلەبەر نەما سەری پێدانەکەن و بانگەشەو پڕوپاگەندەی خۆیانی پێ نەگەیەنن[1].

بەرنامەی پارتەکان هەموویان خۆی لە ئۆتۆنۆمی یان فیدراڵی لە چوارچێوەی عێراقدا دەبینییەوە، هەرچەندە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە مێژبوو دروشمی مافی چارەی خۆنووسینی بەرزکردبۆوە، بەڵام لەبەر بارودۆخی ئەو کاتەی ناوچەکە، هیچکام لە پارتەکان بە ئاشکرا باسی سەربەخۆیی هەرێمەکەیان نەدەکرد[2].

**ئەو پارت و لایەنانەی بەشداری هەڵبژاردنەکەیان کرد بریتی بوون لە:**

| زنجیرە | ڕەنگی لیست | ناوی لیست |
|---|---|---|
| ١ | زەرد | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| ٢ | شین | حزبی سۆسیالستی کوردستان و (پاسۆك) (یەکگرتن) |
| ٣ | سەوزوسور | پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان |
| ٤ | سور | شیوعی و بێلایەنەکان |
| ٥ | سپی | لیستی ئیسلامی |
| ٦ | سپی وسور | دیموکراسی خوازە بێلایەنەکان |
| ٧ | سەوز | یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان |
| لیستی کۆتای مەسیحییەکان | | |
| | ١ | بزوتنەوەی دیموکراسی ئاشوری |
| | ٢ | مەسیحیە دیموکراتەکان |
| | ٣ | بەڵێنی مەسیحیەکان |
| | ٤ | پارتی دیموکراتی کلدو-ئاشوری[3]. |

**پاڵێوراوان بۆ ڕابەری بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد بریتی بوون لە:**

١-مەسعود بارزانی، ٢-جەلال تاڵەبانی، ٣-د.مەحمود عوسمان، ٤-عوسمان عبدالعزیز[4].

جێی ئاماژەیە لە ماوەی هەڵمەتی هەڵبژاردندا پێشێلکردنێکی وا نەکرا لە شاری سلێمانیدا جێگای ئاماژە بێت، بەر لە (٤٨) کاتژمێر پێش هەڵبژاردنەکە هەڵمەتی هەڵبژاردن ڕاگیرا، دەبوو سەرجەم دروشم و

(١) فاتح ڕەسوڵ: لەپێناو دەسەڵاتدا...س. پ، ل٦٤.

(٢) ڕودهۆف و ئەوانی تر: س. پ، ل٤٩.

(٣) توانا قادر ابوبکر: س. پ، ل١٢١؛ بەدران ئەحمەد حەبیب، هەڵبژاردنەکانی کوردستان ١٩ی ئایاری ١٩٩٢ بەڵگەو دەستهاوێژ، چ١، هەولێر، ١٩٩٨، ل٦٠؛ فاتح ڕەسوڵ: لەپێناو دەسەڵاتدا...س. پ، ل٦٤.؛ slic: س. پ، ل٢٨-٢٩.

(٤) slic: هـ. س، ل٣١؛ ڕودهۆف و ئەوانی تر: س. پ، ل٦١.

ڕەنگی حزبەکان کۆبکرێتەوە، ئەمەش لە شاری سلێمانی پەیڕەوکرا، جگەلە هەندێ دروشمو وێنەی کەم نەبێت کە لەچەند شوێنێکی شارەکەدا دەبینران[1].

دواجار پرۆسەی دەنگدان لە کاتژمێر (٨) بەیانی ڕۆژی (١٩/٥/١٩٩٢)، دەستی پێکرد، هەتا کاتژمێر (٨) ئێوارەی هەمان ڕۆژ بنکەکانی دەنگدان کراوە بوون، بە شێوازێکی دیموکراسی و ئازادانە خەڵکی بە گرو تینێکی زۆرەوە چوونە سەر سندوقی دەنگدان و دەنگی خۆیان بەو لایەنانەدا کە جێگای متمانەیان بوون[2]. هەڵبژاردنەکە بە گوێرەی یاسای ژمارە (١)و ژمارە (٢)ی ساڵی ١٩٩٢دا، لە سایەی چاودێری ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤو ئەندام پەرلەمانەکانی دەوڵەتانی دیکەو ڕۆژنامەنووسە بیانییەکان بەڕێوەچوو[3].

ڕۆژی هەڵبژاردن لە شاری سلێمانیدا وەك کەرنەڤاڵێکی نەتەوایەتی بوو، هەزاران هاوڵاتی لە ژنو پیاو، پیرو گەنج، ساغو نەخۆش، خوێندەوارو نەخوێندەوار لە هەموو چینو توێژەکانی شار بە باشترین جلو بەرگیانەوە ڕوویان لە سندوقی دەنگدان کرد، ئەگەر پرسیارت لە کەسێك بکردایە هەست بە چی دەکەی لەم ڕۆژەدا هەموو وەك یەك دەیانگوت ئەمە خۆشترین ڕۆژی لە ژیانمدا[4].

چاوەڕوان دەکرا لە هەموو باشوری کوردستان (١١٠٠,٠٠٠) ملیۆنێك و سەد هەزار کەس دەنگبدەن، لەو ژمارەیەش (٤٥٠,٠٠٠) دەکەوتنە سنوری پارێزگای سلێمانییەوە، لە هەڵبژاردنەکەدا باشوری کوردستان بۆ چوار ناوچەی هەڵبژاردن دابەشکرابوون، (١٧٨) بنکەی دەنگدان بۆ هەر چوار ناوچەکە دیاریکران، لە پارێزگای سلێمانی (٥٦) بنکەی دەنگدان کرابوونەوە، بەو پێیەش تێکڕای دەنگ بۆ هەر بنکەیەك لە سلێمانیدا (٨٠٣٦) دەنگ بوو[5]، ئەمەش لە چاو ناوچەکانی دیکەی هەڵبژاردندا لە شاری سلێمانی قەرەباڵغی زۆر لە بنکەکانی شاری سلێمانیدا بەدیدەکرا، بەو هۆیەوە خەڵك ناچار دەبوون چەندین کاتژمێر لەبەردەم بنکەکانی دەنگدان ڕیزیان بگرتایە تا سەرەیان دەهات دەنگبدەن، جگەلەوەی چەندین کەس لەبەر کەمی بنکەی دەنگدان قەرەباڵغی نەیانتوانی دەنگ بدەن[6].

ڕودهۆف و هاوڕێکانی کە لە کاتی هەڵبژاردنەکەدا چاودێر بوونو ئاگاداری چۆنیەتی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکە بوون ئاماژە بەوە دەکەن کە لە سلێمانی کەمتر لەوەی چاوەڕوان دەکرا خەڵکی دەنگیاندا، هۆکارەکەش قەرەباڵغی بنکەکانی دەنگدانو کەمی بنکەی دەنگدان بوو لەشاری سلێمانی، هەروەها دەڵێت: "وتەبێژێکی حزبی زەحمەتکێشان ڕایگەیاند کە بەهۆی درێژەی ڕیزەکانی دەنگدەرانەوە (٩٠,٠٠٠) کەس لە شاری سلێمانی نەیانتوانی دەنگبدەن، بە پێچەوانەی ئەمەوە کۆمیتەی باڵای هەڵبژاردن لە

---

(١) ڕودهۆف و ئەوانی تر: س. پ، ل٨٤، ٨١.

(٢) Silc: س. پ، ل٢٩.

(٣) گەراس. ئاڕ. ڤی. ستانسفێڵد: س. پ، ل٢٩٨.

(٤) ڕودهۆف و ئەوانی تر: س. پ، ل٩٠.؛ ئەحمەد حامد: س. پ، ل٣٠٥.؛ د. ئەرسەلان بایز ئیسماعیل: سیمای...س. پ، ل٤١.

(٥) بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ژمارەی بنکەی دەنگدانی ناوچەکانی دیکەو ژمارەی دەنگدەری چاوەڕوانیکراو.( بڕوانە// محەمەد ڕەوف: هەڵبژارنەکانی کوردستان...س. پ، ل٣٣-٣٥.؛ ڕودهۆف و ئەوانی تر: س. پ، ل٩٠).

(٦) ئەرسەلان بایز: ڕۆژانی سەخت...س. پ، ل١٩٣.

**کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا ڕۆژی ٢٠ی ئایار تەنانەت ژمارەی (١٠,٠٠٠) کەسیش کە ڕەنگە نەیانتوانبێ دەنگبدەن، بە زۆری دانا، بەڵام ئێمە ژمارەکەی وتەبێژی زەحمەتکێشان بە ڕاستر دەزانین"[١].**

**وەك پێشتر ئاماژەی پێکرا، ژمارەی بنکەکانی دەنگدان لەچاو دەنگدەراندا لە شاری سلێمانی زۆر کەم بووە، ئەگەر بەراوردێك لە نێوان دوو بنکەی دەنگدان لە دوو ناوچەی هەڵبژاردن بکەین بە ئاشکرا هەست بەو بۆچوونەش دەکەین، بۆ نمونە لە بنکەی (گەیگور) لە دهۆك تەنها (٥٠٥) کەس دەنگیانداوە، کەچی لە بنکەی قوتابخانەی ئامانج لە شاری سلێمانی (١٢,٢٧٥) کەس دەنگیانداوە[٢].**

**ئەگەر باس لە چۆنیەتی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکەو بۆچوونی پارتەکان بکرێت لە شاری سلێمانی، ئەوا هەر لە سەرەتای هەڵبژاردنەوە چەندین سکاڵا ئاڕاستەی لیژنەی باڵای هەڵبژاردن کرا، لەوانە (د.مەحمود عوسمان) کە کاندید بوو بۆ پۆستی ڕابەری بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد، لە بەیاننامەیەکدا بۆ دەستەی باڵای هەڵبژاردن ئاماژە بە ساختەکاری زۆر دەکات و ڕایدەگەیەنێت کە کەسی وا هەیە (١٠) دەنگیداوە[٣]. لە شەوی (١٩-١٩٩٢/٥/٢٠)یش (مەسعود بارزانی) یش لە بروسکەیەکدا بۆ سەرجەم لایەنەکان کە (ئەحمەد سالار) لە تەلەفزیۆنی پارتییەوە لە شاری سلێمانی خوێندرایەوە، ئاماژەی بەوە کردبوو کە ئەو هەڵبژاردنە ساختەکاری زۆری تێداکراوەو نا شەرعییە، بە هیچ شێوەیەك پارتی پێوەی پەیوەست نابێت و قبوڵی نییە[٤].**

**لە (٢٠/ئایاری ١٩٩٢)، هەر یەکە لە (حسك و پاسۆك، حشع، پارتی گەل، پ.د.ك) ڕوونکردنەوەیان بۆ هاوڵاتیانی شاری سلێمانی و دەوروبەری بلاوکردەوە، لە ڕونکردنەوەکەدا باس لە جۆش و خرۆشی جەماوەری شاری سلێمانی دەکات لە هەڵبژاردنەکەدا، دواتر باسی دەستدرێژی و پێشێلکردنی یاسا و ساختەکاری دەکات لە هەڵبژاردنەکەدا، لەگەڵ ئەوەشدا داوا لە هاوڵاتیانی شاری سلێمانی دەکات ئارامبن و چاوەڕوانی بڕیارەکانی سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی بن، هەروەها تێیدا هاتبوو:" بۆ ئەوەی ڕەنجی سەد ساڵەو خەبات و تێکۆشانتان بەفیڕۆ نەڕوات، ڕێگابگرن لە هەموو دەستێکی تێکدەرو هەواڵێك کە دوژمنانی گەلەکەمان هەوڵ دەدەن بۆ زیندەبەچاڵکردنی ئاواتەکانتان و تێکدانی ئەنجامی هەڵبژاردن، لەکۆتایشدا سوپاسی هاوڵاتیانی شاری سلێمانی دەکات، لە دەستنیشانکردنی ئەو دەستتێوەردانانەی کە لە ئارادابوون و هەوڵدانیان بۆ ئامانجێکی دروستی دادپەروەرانە"[٥]. جگەلەوەش هەمان ئەم پارتانە ڕۆژی (١٩٩٢/٥/٢١) کۆدەبنەوە گفتوگۆ لەسەر چەند خاڵێك دەکەن، لەوانە:-**

**١. باسکردن لە سەرجەم ئەو ساختەکاری و پێشێلکاریانەی کە لە هەڵبژاردنەکاندا کراوە.**

**٢. بەرزکردنەوەی ئەو خاڵانەی کە بونی ساختەکاری دەسەلمێنن بە پێی یاسا، بۆ سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی.**

---

(١) وەرگیراوە لە ڕودهۆف و ئەوانی تر: س. پ، ل٩١.

(٢) هـ. س، ل٩٢.

(٣) وەرگیراوە لە// توانا قادر ابوبکر: س. پ، ل١٢٥.

(٤) وەرگیراوە لە// محەمەدی حاجی مەحمود: ڕۆژمێری...س. پ، ب٤، ل٦٤.

(٥) بۆ دەقی تەواوی ڕوونکردنەوەکە( بڕوانە// فاتح ڕەسوڵ: لە پێناو دەسەلاتدا...س. پ، ل٦٨-٦٩).

٣. بروسکەیەك بۆ سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی، دەربارەی هەڵوەشاندنەوەی هەڵبژاردن لە هەردوو ناوچەی (٤، ٢)، واتە (سلێمانی، کەرکوك)، پێشنیاری دووبارەکردنەوەی هەڵبژاردن تیاندا، لەگەڵ چەند خاڵێکی دیکە[1].

لەسەر مەسەلەی ساختەکاری لە ناوچەی سلێمانی محەمەدی حاجی مەحمود دەڵێت:"سندوقەکان لە شەوی (٥/١٩/ بۆ ٥/٢١) یەکە یەکە دەیان هێنایەوە، هەردەگەڕان دەمانزانی لە کوێن برادەرانی یەکێتی بردبوویان، ماقول نەبوو لە شارەزوور و نەسرو باریکە هەر یەکە (١٥٠) دەنگی سۆسیالیستی هەبێت یان لە هەڵەبجەی تازە (١٧٠) دەنگمان هەبێت، ئێمە خۆشمان لە "مام جەلال"مان پرسی ئایا ئەوە حەجمی ئێمە بوو، وتی نەوەڵلاّ زیاترتان هەبووە، لە سندوقی باینجان (٤٤٠٠) دەنگمان هەبوو، دوای بە "مام رۆستەم"م وت چۆن ئەو سندوقەی باینجانتان دەستکاری نەکردبوو، مام ڕۆستەم وتی باوەڕکە نەمانزانی دوای زانیمان، چونکە ئێمە زیاتر جەختمان لەسەر سندوقەکانی شارەزوور کردبوو، کە ڕێگا نەدەین سۆسیالست لەوێ ئەکسەریەت بوو، لە دەنگەکانی دەربەندیخان و کەلارو چەمچەماڵ و هەموو لایەك کلك و گوێی سندوقەکانیان کردبوو، دەنگەکانیان لێ دەرکردبوو، تا ساڵی ١٩٩٦-١٩٩٧یش لە دائیرەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان شتیان لە پشتی دەنووسی"[2]. بە رای ئێمە رەنگە ساختەکاری لە هەڵبژاردنەکاندا کرا بێت، بەڵام بەو شێوەیە نەبووە کە محەمەدی حاجی مەحمود ئاماژەی بۆ دەکات، ئەویش بە بەڵگەی ئەوەی بە شی زۆری ئەو چاودێرانەی کە لە رۆژی دەنگداندا لە بنکەکان ئامادە بوون هیچ زانیارییەکی لەو شێوەیە پشت راست ناکەنەوە.

سەرەڕای ناڕەزایی و سکالاّی بەشێك لە لایەنەکان لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکان، بەڵام دواجار هەر دوو مەکتەبی سیاسی (پ.د.ك) و (ی.ن.ك) بە ئامادەبوونی جەلال تاڵەبانی ومەسعود بارزانی لە شەقلاّوە کۆبوونەوەو لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکان و دابەشکردنی کورسییەکانی ئەنجومەنی نیشتیمانی بە ڕێژەی (٥٠٪بە٥٠٪) بۆ هەر لایەکیان ڕێکەوتن[3]. لەدوای ڕێکەوتنی نێوان (ی.ن.ك) و (پ.د.ك) و ڕاگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان، دەرکەوت ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەبووە لە پارێزگای سلێمانی (٣٥٠,٠٠٠) کەس بووە، لە کۆی ئەو ژمارەیە (٣٤٩١٦٤) کەس دەنگیانداوە، واتە بەشداری هاوڵاتیان لە سلێمانی بەڕێژەی (٩٨,٨٪) بووە، بەمشێوەیە بەسەر حزبەکانی بەشدار لە هەڵبژاردنەکەدا دابەش ببوو:

١. لیستی هاوبەشی یەکێتی نیشتیمانی و حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان و ڕێکخراوی تێکۆشانی ڕەنجدەران:٢٠٧١٦٨ دەنگ.

٢. پارتی دیموکراتی کوردستان: ٩٢٤٤٩ دەنگ.

٣. حسك و پاسۆك: ١١٩٧٨ دەنگ.

---

(١) کۆبوونەوەی (حسك، پاسۆك، حشع، پ.د.ك، پارتی گەل)، لە ١٩٩٢/٥/٢١ سەبارەت بە ساختەکاری هەڵبژاردن. بڕوانە، پاشکۆی ژمارە (٢٩).

(٢) ڕۆژمێری ...س. پ، ب٤، ل٦٣.

(٣) نەوشیروان مستەفا ئەمین: ئێمەو ئەوان...س. پ، ل٥٢.؛ بۆ دەقی تەواوی ڕێکەوتنی پارتی و یەکێتی. (بڕوانە// فاتح ڕەسول: لە پێناو....س. پ، ل٧٠-٧١).

٤. پارتی گەل: ١١١٨ دەنگ.

٥. حشع: ٥٦٩٣ دەنگ.

٦. بزوتنەوەی ئیسلامی: ٢٩٣٣٤ دەنگ.

٧. دیموکراسی خوازە بێلایەنەکان: ٣١٣ دەنگ.

سەبارەت بە دەنگی ڕاست و دەنگی پوچەڵ، لە کۆی (٣٤٩١٦٤) دەنگدەر، (٣٤٧٩٥٣) دەنگدەر بە دروستی دەنگیانداوە، (١٢١١) دەنگدەریش لە هەموو پارێزگای سلێمانی و دەنگەکانیان پوچەڵ کراونەتەوە[١].

سەبارەت بە دەنگی حزبە مەسیحییەکانیش لە ناوچەی سلێمانی بەمشێوەیە بوو:

١. بزوتنەوەی ئاشوری: ٨٣ دەنگ.

٢. مەسیحیە دیموکراتەکان: ٩ دەنگ.

٣. کلدو – ئاشور: ٧ دەنگ.

٤. یەکێتی مەسیحییەکان: ٣٨ دەنگ[٢].

ئەگەر لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان ئەنجامی هەڵبژاردنەکە وەربگرین بەم شێوەیە بوو:

| زنجیرە | لیستی پارتەکان | ژمارە دەنگەکان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| ١ | پارتی (پ.د.ک) | ٤٣٧٨٧٩ | ٤٥,٢٧١٪ |
| ٢ | یەکێتی (ی.ن.ک) – زەحمەتکێشان | ٤٢٣٨٣٣ | ٤٣,٨١٠٪ |
| ٣ | حسك-پاسۆك | ٢٤٨٨٢ | ٢,٥٧٢٪ |
| ٤ | حشع | ٢١١٢٣ | ٢,١٨٣٪ |
| ٥ | پارتی گەل | ٩٩٠٣ | ١,١٢٣ |
| ٦ | بزوتنەوەی ئیسلامی | ٤٩١٠٨ | ٥,٠٧٧ |
| ٧ | لیستی مەسیحییە بێلایەنەکان | ٥٠١ | ٠,٠٥١٪ |
| کۆی گشتی | | ٩٦٧٢٢٩ | ١٠٠٪ [٣] |

لەبەرئەوەی ڕێژەی (٧٪) دانرابوو، بۆ گەشتنە پەرلەمان، ئەو لایەنانەی کە ئەو ڕێژەیان نەهێنا دەنگەکانیان بەسەر (ی.ن.ك) و (پ.د.ك)دا بە شێوەیەکی ڕێژەیی دابەشکرا، کە نزیکەی (١٠٥٥١٧) دەنگ بوو، لە ئەنجامدا ڕێژەکە بەم شێوەی لێهات: پارتی دیموکراتی کوردستان: ٤٩١,٤٩٧ دەنگ، بەڕێژەی (٥٠,٨٪)، یەکێتی نیشتیمانی کوردستان: ٤٧٥,٧٣٢ دەنگ بەڕێژی (٤٩,٢٪)[٤].

---

(١) بەدران ئەحمەد حەبیب: س. پ، ل٧.

(٢) ڕودهۆف و ئەوانی تر: س. پ، ل١٠١.

(٣) Silc: س. پ، ل٢٩.؛ بەدران ئەحمەد حەبیب: س. پ، ل٨.

(٤) بەدران ئەحمەد حەبیب: س. پ، ل٩.؛ ڕودهۆف و ئەوانی تر: س. پ، ل١٠١.

سەبارەت بە ئەنجامی هەڵبژاردنی ڕابەری بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد بەمشێوەیە بوو:

| پاڵێوراوان | ژمارەی دەنگەکان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| مەسعود بارزانی | ٤٦٦٨١٩ | ٤٨,١٢٣ ٪ |
| جەلال تاڵەبانی | ٤٤١٠٥٧ | ٤٥,٤٧٦ ٪ |
| عوسمان عەبدولعەزیز | ٣٨٨٦٥ | ٤٪ |
| مەحمود عوسمان | ٢٣٣٠٩ | ٢,٤٠٢٪ |
| کۆی گشتی | ٩٧٠٠٥٠ | ١٠٠٪ |

لەبەرئەوەی هیچ کام لە پاڵێوراوەکان بە زۆرینەی ڕەها (٥٠+١) دەرنەچوون، بڕیاردرا ئەو دوو پاڵێوراوەی کە باڵاترین دەنگیان هێنابوو، لە قۆناغی دووەمدا هەڵبژاردنیان بۆ بکرێتەوە، بەلاَم لەبەر ئەو بارودۆخەی دوای هەڵبژاردن دروست بوو ئەو هەڵبژاردنە ئەنجام نەدرا[١]. جێی ئاماژەیە (مەسعود بارزانی) لە ناوچەی هەولێرو دهۆك زۆرینەی دەنگەکانی بەدەستهێنابوو، بەلاَم (جەلال تاڵەبانی) لە ناوچەی سلێمانی و کەرکوك) بەسەر مەسعود بارزانیدا سەرکەوت[٢].

دوای ئەوەی لە کۆبوونەوەی ئێوارە ٢٢-١٩٩٢/٥/٢٣ پارتی و یەکێتی ڕێکەوتن کە دەسەلاَتەکانی یاسادان و بەڕێوەبردن، واتە ئەنجومەنی نیشتیمانی و حکومەت بە شێوەی (٥٠٪ بە ٥٠٪) لەنێوان خۆیاندا دابەشبکەن، لە شاری سلێمانی لە هەموو لایەکەوە دەستکرا بە ئاهەنگ گێڕان و خۆشی دەربڕین بەو بۆنەیەوە، ئالاَی سەوزو زەرد پێکەوە دووران وەك هێمایەك بۆ ڕێکەوتنی هەردوو هێزە براوەکە[٣].

لە ١٩٩٢/٦/٥ ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان یەکەمین کۆبوونەوەی خۆی ئەنجامداو فەرمانی ژمارە (١)ی دەرکرد کە تایبەت بوو بە پێکهێنانی کابینەی یەکەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە ١٩٩٢/٧/٤ حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستبەکاربوو[٤].

بەگشتی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکە بۆخۆی پرۆسەیەکی دیموکراسیانە بوو، ئەگەر چی پێشێلکاری و ساختەکارییەکی زۆری تێداکرا، ئەو پارتانەی کە باڵادەست بوون بە دانانی ڕێژەی(٧٪) بۆ گەشتنە پەرلەمان زەبرێکی توندیان لە پارتە بچوکەکانی دیکە دا، بەوەی جگە لە دوو پارتی باڵادەست(پ.د.ك) و (ی.ن.ك) هیچکام لە پارتەکانی تر نەیانتوانی ئەو ڕێژەیە تێپەڕێنن و بگەنە پەرلەمان، بۆیە دەنگەکانیان بەسەر (ی.ن.ك) و (پ.د.ك) دا دابەشکرا، بەوەش فرە ڕەنگی لە پەرلەمانی باشوری کوردستان لەبار برا. پشتگوێخستنی دەنگ و ڕەنگی جیاواز و قبوڵ نەکردنی ڕای جیاواز لە قۆناغی دواتردا خراپ بەسەر هەرێمی کوردستاندا شکایەوە و وەك بینرا شەڕی ناوخۆیی لێکەوتەوە.

---

(١) Silc: س. پ، ل٣١.؛ ڕودهۆف و ئەوانی تر: س. پ، ل١٠٢-١٠٣.

(٢) مایکل ام غنتر: م. س، ص١٢٧-١٢٨.

(٣) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (هێرش لەتیف ڕەشید)، ٢٠١٦/١٠/٦، سلێمانی.؛ چاپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (فوئاد ڕەووف محەمەد)، ٢٠١٧/١٠/٤، سلێمانی

(٤) بۆ دەقی فەرمانەکەو ناوی ئەندامانی کابینەکە. (بڕوانە// فاتح ڕەسوڵ: لە پێناو...س. پ، ل٩٠-٩١.؛ بۆ زانیاری لەسەر ئەرك و دەسەلاَتەکانی حکومەتی هەرێم لە کابینەی یەکەمدا.( بڕوانە// Silc: س. پ، ل٣٤-٣٦).

## باسی سێیەم: ڕەنگدانەوەی شەڕی ناوخۆ لەسەر سلێمانی( ١٩٩٢-١٩٩٦ )

### أ. یەکەم: شەڕی حکومەتی هەرێم لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان ( پەکەکە ):

کابینەی حکومەت لە بارێکی یەکجار پڕ کەندو کۆسپ و بەرپرسیارێتی بەڕێوەبردنی هەرێمەکەی پێ سپێردرا، وڵاتێکی وێران و تالآنکراو و بێ بودجەو سەرمایە، سەروەر نەبوونی یاسا و ئاژاوە لە گەلێك شوێن بەدیدەکرا، ، لەبەرئەوەی لەسەر بنەمای (٥٠ بە ٥٠) دامەزرا بوو، کاروبارەکان زۆر بەسستی بەڕێوەدەچوون، سەرۆکی حکومەت لە (ی.ن.ك) بوو، جێگرەکەی لە (پ.د.ك) بوو، سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتیمانی لە (پ.د.ك) بوو، جێگرەکەی لە (ی.ن.ك) بوو، ئەمە بۆ سەرجەم وەزارەتەکان ڕاست بوو، ئەمەش وایکردبوو کە کاروبارەکان لەسەر دوو هێڵی جیاواز بەڕێوەبچن. بۆ نمونە ئەگەر وەزیرێك فەرمانبەرێکی دابمەزراندایە، ئەوا بریکارەکەشی هەمان کاری دەکرد، ئەو پارەو داهاتەی کە لە ڕێگەی گومرگ و باجەوە دەست حکومەت دەکەوت بە شێوازێکی ڕێکوپێك و سیستماتیك بەکار نەدەهێنرا، تەنانەت حکومەت توانای دابەشکردنی مووچەی فەرمانبەرانی خۆشی نەبوو، سەرەڕای ئەوەی بەشی زۆری کارگەو کارخانەکان لەکار وەستابوون، بێکاری تادەهات زیاتر دەبوو، بەهۆی ئەو گەمارۆ نێودەوڵەتی و نێوخۆییەی کە لەسەر هەرێم بوو وایکردبوو کە نرخی کاڵاو شتومەك بەشێوەیەکی ترسناك بەرز ببێتەوەو ژیان و گوزەرانی دانیشتوانی دانیشتوانی هەرێمەکە بکەوێتە مەترسییەوە[١].

سەرەڕای ئەو بارودۆخەش یەکێك لە کێشە دیارەکان کە ڕووبەڕووی حکومەتی هەرێم بۆوە، بوونی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) بوو لەسەر سنوری نێوان عێراق و تورکیا کە بوو بەهۆی ئەوەی تورکیا فشار لەسەر هەرێمی کوردستان دروستبکات بۆ دەرکردنی (پەکەکە) لەسەر سنورو ڕاگرتنی چالاکییەکانیان دژی سوپای تورکیا[٢]. بەهۆی گرنگی تورکیا بۆ هەرێمی کوردستان و خراپی بارودۆخی حکومەتی هەرێم لەڕووی ئابووری و بوونی قەیران و گەمارۆی ئابووری لەسەر هەرێم، (پ.د.ك) و (ی.ن.ك) هەردوولا ڕێکەوتن لەسەر هێرشکردنە سەر بارەگاکانی (پەکەکە) لە خاکی هەرێمی کوردستاندا. فوئاد مەعسوم کە سەرۆك وەزیرانی ئەو کاتە بوو لەمبارەیەوە دەڵێت:"لەسەر داوای تورك لە کوردی عێراق هێرشی سەر بارەگاکانی (پەکەکە) مان کرد، تورکیا زۆر گرنگە بۆ ئێمە چونکە ئەگەر سنوری خۆی لەگەڵ ئێمە دابخات، شمەکی خۆراکی و ئامێرو پێداویستییەکانی تر بە ئاسانی ناگاتە کوردستان، ئەمە جگە لەو داهاتەی کە لە ڕێگەی گومرگەوە دەست حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەوێت"[٣].

جگەلەوەش (پەکەکە) دەستیکردبوو بە دەستوەردان لە کاروباری هەرێمەکەداو داوای بەشداری کردنیان دەکرد لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانیدا، بە ڕێکخستنی چەندین خۆپیشاندان و بەرزکردنەوەی دروشم و ناڕەزایی خۆیان دژی باری سیاسی و کارگێڕی هەرێمەکە خستەڕوو، بۆ نمونە لە ٢٦/حوزەیرانی/١٩٩٢ خۆپیشاندانیان لە شاری هەولێر ڕێکخست و دروشمیان دژی باری سیاسی هەرێم بەرزکردەوە، تەنانەت ئاڵۆزی لێکەوتەوە و تەقە لە خۆپیشاندەران کراو (٣) کەس کوژران، جگەلەوەی لە

(١) فاتح ڕەسوڵ: س. پ، ل٩٤.

(٢) مستەفا چاوڕەش: یادەوەرییەکان، چ١، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٢، ل٢٨٩.

(٣) وەرگیراوە لە //کمال مجید: النفط والاكراد، العلاقات العراقية- الارانية- الكويتية، ط١، دار الحكمة، ١٩٩٧، ص١٤٣.

ناوچەکانی خواکوڕك‌و بناری شاخی قەندیل‌و دەوربەری ئامێدی‌و حاجی ئۆمەران، چەند جارێك لەگەڵ هێزی پێشمەرگە ڕووبەڕووبوونەوە، جیا لەوانەش لە ١٩٩٢/٧/٢٠ ڕێگای (برایم خەلیل– زاخۆیان) بۆ چەند ڕۆژێك گرت، کە ڕێگای سەرەکی هەرێمی کوردستان بوو بۆ بازرگانی‌و هاوردەکردنی کاڵاو شمەك لە وڵاتی تورکیاوە[١].

مستەفاچاوڕەش کە فەرماندەی هێزەکەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ی کردووە بۆ هێرشی سەر بارەگاکانی (پەکەکە) دەڵێت:"حکومەتی تورکیا فشارێکی زۆری دەکرد لەسەر وجودی پەکەکە لە سنورەکانی کوردستانی عێراق، وتی قبوڵی ناکەین چەکدارەکانی پەکەکە لاتان بن، لەسەر ئەم هەڵوێستەی تورکیا دەیان‌و سەدان جار خۆمان دزیوەتەوە لەوەی لەگەڵ پەکەکە تووشی شەڕ بین، ئەوانیش بە چاك‌و خراپ مراعاتی وەزعی ئێمەیان نەدەکرد، پەکەکە هەرچی خۆی بیویستایە ئەوەی دەکرد"[٢]. بەڵام (پەکەکە) بیروڕای پێچەوانەی ئەوەی هەبوو، پێیوابوو هێرشی سەر بارەگاکانیان پەیوەندی بەوەوە نەبوو، گوایە (پەکەکە) دژی حکومەت‌و پەرلەمانی هەرێمی کوردستان بووە، بەڵکو پێیانوابوو کە (پ.د.ك) و (ی.ن.ك) لەژێر گوشای تورکیا ئەو کارەیان ئەنجامداوە، لەگەڵ تورکیا ڕێکەوتوون ئەگەر شەڕی (پەکەکە) بکەن ئەوا تورکیا دان بە حکومەت‌و پەرلەمانی کوردستاندا دەنێت‌و پەیوەندییەکانیان پەرەپێبدەن[٣].

هەرچۆنێك بێت پارتی‌و یەکێتی لە کۆبوونەوەی شەقڵاوە بە سەرپەرشتی (مەسعود بارزانی)و ئامادەبوونی هەر یەکە لە (کۆسرەت ڕەسول عەلی‌و فازڵ میرانی‌و ئەرسەلان بایزو مستەفا چاوڕەش‌و بابەکر زێبار)ی‌و چەندین لێپرسراوی دیکەی هەردوو پارت بڕیاری شەڕ لەگەڵ (پەکەکە) درا، فازڵ میرانی کرا بە لێپرسراوی بەرەی بادینان، (مستەفا چاوڕەش) یش لێپرسراوی بەرەی خواکوڕکی پێ سپێردرا، هەریەکە لە (عوسمانی قادر منەوەر و حەمید ئەفەندی) وەك نوێنەری پارتی لەبەرەی خواکوڕك دیاریکران. ئەو فەرماندانەی کە یەکێتی دیاریکردبوون بۆ ئەو هێرشە هەر یەکە لە (ڕێباز، شاخەوان، سەفین، ڕەهبەری سەید ئێبراهیم، ئەنوەری عەزە باوە، عەبدوڵڵا بۆر، مەحمود سەنگاوی، عەبدوڵڵا مام عەلی، تۆفیق کانی وەتمانی "فاقەمەخموری") بوون، پارتیش جگەلەوەی (جەمال مۆرتکەو هەڵگوردو مستەفا نێروەیی)و زۆری تریشی بۆ ئەو بەرەی شەڕە ناردبوو، بەشێکی زۆری هێزەکانی سلێمانیشی بۆ ئەو بەرەی شەڕە ناردبوو(٤).

دواجار لە ٤ تشرینی یەکەمی ١٩٩٢ لە قۆڵەکانی (حەفتانین، خواکوڕك، چوقورچە) هێرش بۆسەر بارەگاکانی (پەکەکە) دەستی پێکرد، شەڕەکە نزیکەی (٤٠) ڕۆژی خایاند[٥]، هەرچەندە ئامارێکی دروست

---

(١) فاتح ڕەسوڵ: س. پ، ل٩٤-٩٥.

(٢): س. پ، ل٢٨٩.

(٣) حەسەن جودی: PKK مێژوویێك لە ئاگر نهێنی خۆڕاگری بزوتنەوەی ئاپۆچی دیمانەیەك لەگەڵ (جەمیل بایك) دا، چ١، لەبڵاوکراوەکانی کۆمیتەی ڕاگەیاندنی (پ.چ، د.ك)، ٢٠٠٨، ل٣٣٤-٣٣٥.

(٤) مستەفا چاوڕەش: س. پ، ل٢٨٩-٢٩٢.

(٥) حەسەن جودی: پانۆرامای مێژووی پەکەکەو تەڤگەری ئازادی گەلی کوردستان، www.dangakan.com، ٢٨ی نۆڤەمبەری ٢٠١٣، ل١٣.؛کریس کۆچێر: بزوتنەوەی نەتەوایەتی کوردو هیوای سەربەخۆیی، و: حەسەن ڕەستکار، چ١، دەزگای چاپ‌و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٣، ل٢٠٠.

لەبەر دەستدا نییە سەبارەت بە زیانەکانی ئەو شەڕە، بەڵام هەندێك لە سەرچاوە ئاماژە بەوە دەكەن كە نزیكەی (٥٠٠) گەریلا لەو شەڕەدا كوژراون، لە بەرامبەردا (١٥٠) پێشمەرگەی پارتی و یەكێتی كوژراون[١].
لە قۆڵی بادینانەوە (پەكەكە) بەرگرییەكی توندیان كردو نەتوانرا دەربكرێن، بەڵام لە قۆڵی خواكوڕەكەوە، كە فەرهاد (عوسمان ئۆجەلان) بەرپرسیاری بوو، دوای هەندێك بەرگری خۆیاندا بە دەستەوەو مەرجەكانی حكومەتی هەرێمیان قبوڵكردو بە چۆڵكردنی ئەو ناوچانەو گواستنەوەی بارەگاكانیان بۆ ناوچەی (زەڵێ) كە دووربوو لە سنوری توركیاوە[٢].

سەبارەت بە خۆبەدەستەوەدانی بەرەی خواكوڕك جەمیل بایك دەڵێت: "فەرهاد(عوسمان ئۆجەلان) بەبێ ئاگاداری تەڤگەرو سەرۆك ئاپۆ دەستبەرداری شەڕەكە بوو، بەناوی (پەكەكە) وە ڕێكەوتنی واژۆكردووە، لەدوای ئەوە شەڕ لە هەموو قۆڵەكان ڕاوەستا"[٣]. بەڵام لەبەرئەوەی تەواوی (پەكەكە) بەو ڕێكەوتنە ڕزای نەبوون ئەو لایەنەی ڕێكەوتنەكەی ئەنجامدابوو، بە سازشكار درا لە قەڵەم، كێشەكە كۆتایی نەهات و لە دوای ئەو ڕێكەوتنەوە چەندینجاری دیكە گرژی و ئاڵۆزی لە نێوان (پەكەكە) و حكومەتی هەرێمی كوردستاندا دروستبووە، بۆ نمونە لە ١٩٩٣/١١/١٨ گروپێكی چەكداری (پەكەكە) هێرشیان كردەسەر گوندی (باسیا)ی سەر سنور، (٣) پێشمەرگەیان كوشت و (١٢) تریان بە دیل گرت، حكومەتی هەرێمی كوردستانیش لە بەیاننامەیەكدا ئەو كارەی (پەكەكە) ی مەحكوم كردو بە دەستدرێژی بۆ سەر حكومەتی لە قەڵەمدا، داوایكرد كە بەزوترین كات دیلەكان ئازادبكرێن و تاوانباران بدرێن بە دادگا، بە پێچەوانەوە حكومەتی هەرێم ناچار دەبێت وەڵامی توندی (پەكەكە) بداتەوە[٤].

جگەلەوەش بوونی (پەكەكە) لە سنوری نێوان هەرێمی كوردستان و توركیا چەندین كێشەی بۆ حكومەتی هەرێم دروستكردبوو، لەوانە بەهۆی بوونی (پەكەكە) ەوە لەو سنورانە دانیشتوانی نزیكەی (٣٠٠) گوند نەیانتوانی بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان و پەرە بە كشتوكاڵ و ئاژەڵداری خۆیان بدەنەوە، كە ئەمەش زیانێكی گەورە بوو بۆ حكومەتی هەرێم، بەتایبەت دوای ئەوەی حكومەتی بەغداد گەمارۆكانی سەر هەرێمی توندتر كردبۆوە، جگەلەوەش ڕێگەگرتن لەو كاروانەی مرۆییانەی كە ڕەوانەی كوردستان دەكران، زیانێكی زۆری بۆ حكومەتی هەرێم و دانیشتوانەكەی هەبوو بە شاری سلێمانیشەوە، چونكە ئەو هاوكارییانە بۆ ئەو كاتە زۆر پێویست بوو[٥]، چونكە نرخی دەرمان و كەلوپەل و خواردەمەنی

---

(١) حەسەن جودی: PKK مێژوویێك لە ئاگر...س. پ، ل٢٣٧-٢٣٨.

(٢) مستەفا چاوڕەش: س. پ، ل٢٩٥.

(٣) حەسەن جودی: پانۆرامای مێژووی پەكەكە...س. پ، ل١٣.

(٤) بۆ دەقی تەواوی بەیاننامەكەی حكومەتی هەرێم. بڕوانە// ڕۆژنامەی برایەتی، ژمارە (١٨٠١)، یەك شەممە، ١٩٩٣/١١/٢١، ل١.

(٥) پەكەكە لەسەر كاری تیرۆرستانەی بەردەوامە لە ناو خاكی هەرێم دا: ڕۆژنامەی برایەتی، ژمارە (١٨٠٥)، هەینی، ١٩٩٣/١١/٢٦، ل١.؛ بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ناكۆكی نێوان حكومەتی هەرێم و پەكەكەو هۆكارەكانی. (بڕوانە// ڕۆژنامەی برایەتی، ژمارە (١٨٠٢)، دوو شەممە، ١٩٩٣/١١/٢٢، ل٣.؛ هەمان ڕۆژنامە، ژمارە (١٨٠٣)، سێ شەممە، ١٩٩٣/١١/٢٣، ل٣.؛ هەمان ڕۆژنامە، ژمارە (١٨٠٨)، دووشەممە، ١٩٩٣/١١/٢٩، ل٤).

(٣٠٠٪) بەرزکردەوە، ئەمەش لە توانای دانیشتوانی شاری سلێمانیدا نەبوو[١]. بۆیە ئەم شەڕە هەرچەندە لە سنوری شاری سلێمانییەوە دووربووە، بەلاّم دواجار بە زیان بەسەر دانیشتوانەکەیدا شکاوەتەوە، جگەلەوەش بەهۆی ئەو شەڕەوە نرخی کالاّو شتومەکەکان لە بازاڕەکانی هەرێمو شاری سلێمانیدا بەرزکردۆتەوە، هاوکات کاریگەری دەرونیشی لەسەر خەڵکی شارەکە هەبوو، لەبەرئەوەی هەردوو هێزە شەڕکەرەکە کوردبوونو سەرکەوتنی هەر لایەکیان و شکستی ئەویتر دواجار شکستی کورد بووە، بۆیە شەرەکە بۆخۆی کاریگەری خراپی دەرونی لەسەر دانیشتوانی هەرێم بە گشتی و شاری سلێمانی بە تایبەتی هەبووە توشی خەمو ئازار و دڵەڕاوکێ بوون، چونکە ئەوەی زەرەرمەندی یەکەم بوو هەر کورد بووە.

(١) هێرش عبدالله حمەکریم: س. پ، ل٥٦.

## دووەم: شەڕی (پ.د.ك) لەگەڵ (حسك):

حزبی سۆسیالستی کوردستان (حسك) لە هەڵبژاردنەکانی مانگی ئایاری ١٩٩٢ تووشی شکستێکی گەورە بوون، بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو شکستە لەگەڵ دوو پارتی دیکە ئەوانیش حزبی سۆسیالستی کورد (پاسۆك)، (پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان) بوون پێکەوە (حزبی یەکگرتنی کوردستان) یان ڕاگەیاند[1]، ئەمەش لە مانگی ئابی ١٩٩٢ بوو، واتە (٣) مانگ دوای هەڵبژاردنەکان، بەڵام ئەم حزبە زۆر بەردەوام نەبوو، دوای ماوەیەك بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی خۆیداو تێکەڵ بە پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، پێشتریش باڵێکی حزبی سۆسیالستی کوردستان کە هەر یەکە لە (ڕەسوڵ مەمەند و شێخ محەمەد شاکەلی) سەرکردایەتیان دەکرد لە کۆنگرەی یەکگرتن ڕازی نەبوون و هاتنە دەرەوەو دواتر چوون ناو یەکێتی نیشتیمانی کوردستان[2].

بەبۆنەی تێکەڵ بوونی حزبی یەکگرتن لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان لە ١٩٩٣/٧/٢٨ ڕێپێوانێك لە بارەگای حزبی سۆسیالستەوە کە لە گەڕەکی چوارباخی شاری سلێمانی بوو، بۆ لقی (٤) پارتی لە تووی مەلیك سازکرا، ڕێپێوانەکە بەناو بازاڕو شەقامەکانی شاردا ئەنجامدارا، خەڵکێکی زۆر تێیدا بەشداریان کردو دروشمی (زەردو شینی ئاسمانی کاکە حەمەو بارزانی) یان دەگووتەوە[3].

محەمەدی حاجی مەحمود هەرچەندە لە کۆنگرەی (١١)ی پارتیدا بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردراو سەرپەرشتی هەردوو لقی (٣و ٤)ی سلێمانی و کەرکوکیان پێسپارد، بەڵام وەك خۆی ئاماژەی بۆ دەکات (١) کاتژمێریش دەوامی نەکردووە[4]. بۆیە دوای کەمتر لە دوو مانگ و لە (١٩٩٣/١٠/١٥) ئەو باڵەی سۆسیالست کە تێکەڵ بە پارتی بوون، بە سەرکردایەتی محەمەدی حاجی مەحمود هاتنە دەرەوەو لە هۆڵی ژووری بازرگانی سلێمانی کۆنگرەی دامەزراندنەوەی حزبی سۆسیالستی کوردستانیان گرێدا، کۆنگرەکە بە بەشداری (٤٠٠) ئەندام بەڕێوەچوو، محەمەدی حاجی مەحمود بە سکرتێری حزبەکە هەڵبژێردرا، نزیکە (١١٠) بنکەیان لە شارەکانی سلێمانی و هەولێر و کەرکوك کردەوە، ئێزگەی ڕادیۆو تەلەفزیۆنیان لە شاری سلێمانی و هەولێرو کەرکوك کردەوەو ڕۆژنامەیەکیان بە ناوی (ڕێگای ئازادی) وەك ئۆرگانی ناوەندی حزب دەکرد، لەگەڵ (گۆڤارەکانی:سورێن و دەنگی پێشمەرگە)[5].

سەرەتای ناکۆکی (حسك)و پارتی وەك محەمەدی حاجی مەحمود ئاماژەی بۆ دەکات، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لە ٩ ی کانوونی یەکەمی ١٩٩٣ ئەو پێشمەرگانەی (حسك) کە لە سوپای یەکگرتووی کوردستان بوون، ژمارەیان (٣٧٠٠) پێشمەرگە بووە، لە سوپا دەریان کردبوون، لەبەرامبەر ئەمەدا (حسك) هێرشی کردە سەر بارەگای لیوای (٢٤) ی سوپای یەکگرتووی کوردستان و سەرجەم چەك و تەقەمەنی لیواکەیان برد(٦). پارتی داوای لە حکومەتی هەرێم کرد ڕێوشوێنی پێویست بۆ وەرگرتنەوەی چەکەکان بگرێتەبەرو

---

(١) ڕۆژنامەی یەکگرتن، ژمارە، (٤)، ئابی ١٩٩٢، ل١.

(٢) محەمەد فاتیح: س. پ، ل١٦٩.

(٣) محەمەدی حاجی مەحمود: س. پ، ب٤، ل٢٢٠-٢٢١.

(٤) هەمان سەرچاوە، ل٢٣٩.

(٥) صلاح الخرسان: م. س، ص٥٠٧، ٥٠٢.

(٦) محەمەدی حاجی مەحمود: س. پ، ب٤ ، ل٢٧٧-٢٧٨.؛ هاوڕێ باخەوان: هاوڕێنامە: ...س. پ، ل٧١٥.

سەرپێچــی کــاران بدرێنــە دادگــا، ئەنجومــەنی وەزیرانــی هــەرێمی کوردســتانیش لــە ١٩٩٣/١٢/١٣ ڕوونکردنەوەیەکی بڵاوکردەوە کە تێیدا هاتبوو:( ڕۆژی ١٩٩٣/١٢/١٠ تاقمێکی گێرەشێوێنی دژ بە یاسا هێرشیان کردۆتە سەر بارەگای لیوای (٢٤)ی فەوجی (٢)ی هێزی پێشمەرگەی یەکگرتووی کوردستان لە ناوچــەی ســلێمانی و دەســتیان بەســەر کەلوپــەل و چــەك و تەقەمــەنی بارەگاکــەدا گرتــووەو چــەند پێشمەرگەیەکیان بە دیل گرتووە. بە پێویستی دەزانین بەرپەرچی ئەم دەستدرێژییە بۆسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان بدرێتەوەو سنورێکی بۆ دابنرێت و تاوانباران بدرێنە یاسا، داوا لە جەماوەری بە شەرەفی کوردستان دەکەین وەك هەمیشە پاڵپشتی هێزەکانی پێشمەرگەو حکومەتی هەرێمی کوردستان بن)[1].

جێی ئاماژەیە هێرشی پارتی بۆسەر (حسك) پێش ڕوونکردنەوەی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێم و لە ڕۆژی (١٩٩٣/١٢/١١) دەستپێکرد بوو، سەرپەرشتی هێزەکە بە لیوای تایبەتی مەسعود بارزانی سپێردرا بوو، بە فەرمانی ڕاستەوخۆی (یونس ڕۆژبەیانی) کە وەزیری ناوخۆ بوو لەسەر پشکی پارتی، هێرشەکە لە هەولێرەوە دەستپێکرد، (حسك) لە هەولێر دوو بنکەیان هەبوو، لەلایەن پارتیەوە دەستی بەسەردا گیراو (١١) ئەندامیان دەستبەسەرکران[2]. هەردوو بنکەکە بە تەواوی ئازوقەو کەرەستەی ڕاگەیاندن و جیهازی ڕاکاڵ و ئۆتۆمبیلەکانەوە سوتێنران[3].

(حسك) لەدوای دەستبەسەرداگرتنی بارەگای لیوای (٢٤)و فەرجی (٢)ی سوپای یەکگرتووی کوردستان، دەستی بە ئامادەکاری بۆ هەر هێرشێك کردبوو کە بکرێتە سەر بارەگاکانیان، بۆ ئەو مەبەستەش هەر لە ڕۆژی ١٩٩٣/١٢/١٠ پێشمەرگەکانی خۆیان هێنابووە ناو شاری سلێمانی و لەسەر بینای (حەسیب ساڵح/ ئوتێل سلێمانی پالاسی ئێستا) دامەزرابوون، لەگەڵ ئەوەش شارەوانی و گەڕەکەکانی ڕزگاری بەتایبەت ماڵی محەمەدی حاجی مەحمود، گەڕەکی چوارباخ کە بارەگای (حسك)ی لێبوو، ڕێگای کەرکوك سلێمانی و فلکەی سەرچنارو بەشی خوارەوەی شەقامی شەست مەتری لای پێشانگاکانی ئۆتۆمبێل و ڕێگای سلێمانی- عەربەت و گەڕەکەکانی مەجیدبەگ و ئیسکان لەسەروو زانکۆی سلێمانی لەلایەن (حسك)ەوە کۆنترۆڵکرابوون، جگەلەوەش لە عەربەت و قەزای شارەزوورو هەموو لادێکانی سەر بە شارەزوور لەلایەن (حسك)ەوە کۆنترۆڵکران[4]. پارتیش دوای دەستبەسەرداگرتنی بارەگاکانی هەولێری (حسك) لە هەمان ڕۆژ واتە ١٩٩٣/١٢/١١ هێرشی خۆی بۆ سەر بارەگاکانی (حسك) لە ناوچەکانی (ڕانیە، تەقتەق، کۆیە، قەڵادزێ، کفری، کەلار، دەربەندیخان)، دەستپێکردو سەرجەم ئەو بارەگایانەی کۆنترۆڵکرد[5].

---

(١) دەق لە ڕۆژنامەی برایەتی، ژمارە (١٨٢١)، دووشەممە، ١٩٩٣/١٢/١٤، ل١.؛ ڕۆژنامەی(کوردستانی نوێ)، ژمارە(٥٦٢)ی ساڵی دووەم، چوارشەممە، ١٩٩٣/١٢/١٥، ل١

(٢) صلاح الخرسان: م. س، ص٥٠٢-٥٠٣.

(٣) محەمەدی حاجی مەحمود: س. پ، ب٤، ل.٢٨١-٢٨٢.

(٤) ه.س، ل٢٨٠-٢٨٤.

(٥) صلاخ الخرسان: م. س، ص٥٠٢-٥٠٣.

لە ١٩٩٣/١٢/١٢ هێرشی پارتی بۆسەر بارەگای فەوجی (ناڵپارێزی) (حسك) دەستپێکرد، پارتی هێزێکی زۆری بۆسەر ئەو بارەگایانە نارد، ئەو پێشمەرگانەی کە لەو بارەگایەدا بوون، نزیکەی (١٥) پێشمەرگە دەبوون، دوای (٣) کاتژمێر شەڕکردن و دوای ئەوەی لێپرساوی فەوجەکە بەناوی (ئەحمەد تۆفیق سەنگاوی) دەکوژرێت، دەست بەسەر بارەگاکەدا دەگرن، هەموو ئەو جیهازو چەك و تەقەمەنی و خۆراك و سەرجەم ئەو کەل و پەلانەی کە لە بارەگاکەدا بوون دەستیان بەسەردا گیرا[١].

بۆ ئەوەی شەڕەکە نەکەوێتە ناو شاری سلێمانی و کێشەکان چارەسەر بکرێن لە ڕۆژی ١٢ کانوونی یەکەمی ١٩٩٣، کاتژمێر (٤:١٠) خولەکی سەر لە ئێوارە (مام جەلال) بروسکەیەك ئاراستەی (خاڵە حاجی) دەکات، ناوبراو بەرپرسی پەیوەندییەکانی (حسك) بوو، تێیدا هاتووە:"پەیوەندی بە کاك عومەرەوە بکەن مەبەستی لە (عومەری سەید عەلی)یە پێویستە چارەسەری قانوونی بۆ هەموو کێشەکان بکرێت و حورمەت و هەیبەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بپارێزن، نابێ ماوەی شەڕی براکوژی بدەین و دەبێ ئاوێك بەو ئاگرەدا بکەین، کاك عومەریش دەسەڵاتی تەواوی لایە بۆ هەموو شتێك"[٢]. بەڵام ئەمە ڕێگر نەبووە لە پێکدادانی پارتی و (حسك) لەناو شاری سلێمانیدا، ئەوەبوو لە ١٣ی کانوونی یەکەمی ١٩٩٣ هێرشی پارتی بۆسەر تەواوی بنکەو بارەگاکانی (حسك) لەناو شاری سلێمانیدا دەستپێکرد، شەڕەکە لە بارەگای ناوەندی سۆسیالست کە لە چوارباخ بوو دەستپێکرد، ماڵەکەی محەمەدی حاجی مەحمودیش کە لە گەڕەکی ڕزگاری بوو کەوتە بەر ئەو هێرشەو بەچەکی قورس بۆردومان کرا[٣]، تەنانەت ئاسەواری ئەو بۆردومانە تا ماوەیەکی زۆر دوای شەڕەکە بە ماڵەکەی ناوبراوەوە مابوو، دیوارەکانی بە گوللەی دۆشکا و ئارپچی بۆردومانکرا بوو[٤]، پارتی دوای کۆنترۆڵکردنی بارەگای ناوەندی (حسك) لە گەڕەکی چوارباخ، بەرەو بارەگای لقی سلێمانی کە لە شەقامی سالم بوو هێرشانکرد، لەوێ پێشمەرگەیەکی (حسك) بەناوی (جەمال مەحمود) کوژرا، یەکێکی تریش بریندار بوو، لەدوای ئەوەشەوە دوو شوێن مابوون بەدەست (حسك)ەوە، لەناو شاری سلێمانیدا، ئەوانیش ماڵی محەمەدی حاجی مەحمود و بارەگای مەکتەبی عەسکەری کە لەپێش گەراجی بەغدادەوە بوو، لەکاتی هێرش بۆسەر ماڵی محەمەدی حاجی مەحمود پێشمەرگەیەك بەناوی (مام والی قاجری) کوژراو هەریەکە لە (یاسین باقی و ئەکرەم)یش بریندار بوون[٥].

ئەم شەڕە ناڕەزایی خەڵکی شاری سلێمانی لێکەوتەوە، کاتژمێر(١٠) ی بەیانی تەقینەوەیەك لەبەردەم بارەگای ڕێکخراوی هاندیکاپ ئەنتەرناسیۆنالی سەربە (un) ڕوویدا، لەو تەقینەوەیەدا دوو هاوڵاتی کوژران و(٦)تریش بریندار بوون، کە یەکێکیان (نەسرین عەبدوڵڵا)ی بەڕێوەبەری ڕێکخراوەکە بوو، بۆ عەسری هەمان ڕۆژیش خۆپیشاندان لە دژی شەڕی براکوژی نێوان (حسك)و پارتی ئەنجامدراو داوای وەستانی

---

(١) محەمەدی حاجی مەحمود: س. پ، ب٤، ل٢٨٤-٢٨٧؛ بۆ لیستی ئەو کەلوپەل و ئامێرانەی (حسك) کە لەلایەن پارتییەوە لەکاتی شەڕەکەدا دەستیان بەسەرداگیرا. بڕوانە// پاشکۆی ژمارە (٣٣).

(٢) بۆ بینینی دەقی تەواوی بروسکەکە. بڕوانە// محەمەدی حاجی مەحمود: س. پ، ب٤، ل٨٢٧.

(٣) صلاح الخرسان: م. س، ص٥٠٢-٥٠٣.

(٤) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (هێرش لەتیف ڕەشید) ، سلێمانی، ٢٠١٦/١٠/٦.

(٥) محەمەدی حاجی مەحمود: س. پ، ب٤، ل٢٨٩-٢٩١.

ئەو شەڕەیان کرد[1]، بەڵام ئاڕاستەی خۆپیشاندانەکە گۆڕا لە شەقامی سالمەوە بۆ لقی چواری پارتی، لە کاتی گەیشتنیان بە لقی چوار تەقە کردن دروست بوو (٤) کەس کوژران و (٦٠) کەسیش بریندار بوون[٢]، دواتر جەماوەر پەلاماری ئۆتۆمبیلەکانی (دەروێش ئاغا و قادر قادر) و لێپرسراوە سەربازییەکانی دیکەی پارتیان داو شکاندیان و هەرچی لەناویاندا بوو لە چەك، جانتا و شتی دیکە هەمووی بران[٣]. جگەلەوەش لە شەوی(١٤\١٥/١٢/١٩٩٣)پێنج پێشمەرگە کە ئەرکی پاراستنی هێمنی شاریان پێسپێردرابوو سەربە(ی.ن.ك) بوون لە بۆسەیەکدا کوژران، ئەوانیش:(فەلاح حەمەکەریم، ئازاد حەسەن عەودالأنی، عوسمان شێخ رەئووف، نەجات شێخ کامیل، تاریق حەمەتاڵ)بوون، لە رۆژی(١٦/١٢/١٩٩٣) لە مەراسیمێکی گەورەدا بە ئامادەبوونی جەماوەرێکی زۆری شاری سلێمانی لە هەموو چین و توێژەکان ونوێنەری پارت و لایەنە سیاسییەکان و دام و دەزگا فەرمییەکان، تەرمەکان لە مزگەوتی (حاجی حەسەنی لۆکە)وە بەرەو گردی سەیوان بەرێکرا، لەو مەراسیمەدا دانیشتوانی شاری سلێمانی هوتافی"نەفرەت لە شەڕی براکوژی... هەموو دەوەستین لە دژی"یان دەگوتەوە[٤].

پارتی یەکێتی بە ڕێکخەری ئەو خۆپیشاندانانە تۆمەتبارکردو ڕایگەیاند:" کە یەکێتی ویستوویەتی مەسەلەکە بۆ قازانجی خۆی بقۆزێتەوەو ڕاستی ڕووداوەکان لە جەماوەر بشارێتەوە، کە لەڕاستیدا ئەو شەڕە شەڕی حکومەتی هەرێم بووە لەگەڵ (حسك) وەك لە ڕوونکردنەوەی حکومەتدا هاتبوو، بەڵام یەکێتی شەڕەکەی بە شەڕی پارتی و (حسك) داوە لە قەڵەم، مەبەستی یەکێتیش ئەوەبوو کە خەڵکی شاری سلێمانی دژی پارتی هانبدات"[٥].

جێی ئاماژەیە لە خۆپیشاندانەکەدا داوایانکرد کە ئەو پێشمەرگانەی (حسك) کە لەلایەن پارتی گیرابوون ئازاد بکرێن، هەر ئەو ڕۆژە هەموویان ئازادکران، داواشیان کرد تەقەکەران بدرینە دادگا، پارێزگاری سلێمانی (جەمال عەبدول) داوای لە خۆپیشاندەران کرد کە هێمنی بپارێزن و بارودۆخەکە ئاڵۆزتر نەکەن، ئەوەشی ڕوونکردەوە شەڕی براکوژی لە بەرژەوەندی دوژمنانە و زیان بە دانیشتوانی شار دەگەیەنێت و ئارامی و ئاسایشی شار تێکدەدات، داوای لە جەماوەر کرد لە بەو پەڕی بەرپرسیارێتییەوە مامەڵە لەگەڵ بارودۆخەکە بکەن، ڕێگە نەدەن کەس بارودۆخەکە ئاڵۆزتر بکات و ئاسایشی شار بشێوێنێت[٦]. بۆیە لەسەر داوای پارێزگارو هەندێك لە پیاوانی ئاینی بارودۆخەکە هێمن کرایەوە،

---

(١) ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، ژمارە(٥٦١)ی ساڵی دووەم، سێ شەمە، ١٤/١٢/١٩٩٣، ل١؛ هەمان ڕۆژنامە، ژمارە(٥٦٢)ی ساڵی دووەم، چوارشەمە، ١٥/١٢/١٩٩٣، ل١. ؛هاوڕێ باخەوان: س. پ، ل٧١٥.

(٢) صلاح الخرسان: م. س، ص٥٠٢-٥٠٣.

(٣) محەمەدی حاجی مەحمود: س. پ، ب٤، ل٢٩٢.

(٤ ) ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، ژمارە(٥٦٤)ی ساڵی دووەم، هەینی ، ١٧/١٢/١٩٩٣، ل١، ٧.

(٥) پارتی دیموکراتی کوردستان: شەڕی ناوخۆی کوردستانی عێراق چۆن دەستی پێکردو کێ لێی بەرپرسیارە، بەرگی یەکەم، چ١، لە بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی ناوەندیی دیراسات و توێژینەوە، دیراسەی ژمارە (٢٩)، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ١٩٩٧، ل٢٥.

(٦ ) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(جەمال عەبدول)سلێمانی، ١٩/١/٢٠١٨.

محەمەدی حاجی مەحمود لە تەلەفزیۆنی سۆسیالستەوە سوپاسی جەماوەری شاری سلێمانی و ئەو کەس و لایەنانەی کرد کە هاوکارییان کردوون لەو بارودۆخەو وەستاندنی شەڕ[1].

دواجار (حسك) هێزەکان خۆی لە شاری سلێمانی بردە دەرەوە بۆ گوندە گوڵەخانەی گواستەوە، لەدوای ئەوەش چەندجارێك سەرکردەکانی پارتی و (حسك) چاویان بەیەك دەکەوێت و جەخت لەسەر بەردەوامی ئاگربەستی نێوانیان دەکەنەوە[2].

کۆی گشتی زیانەکانی ئەم شەڕە لە سۆسیالست (٣) کوژراو و (٢٥) بریندار بوو، لە پارتیش (١٥) بریندار، سەبارەت بە زیانەکانی جەماوەریش محەمەدی حاجی مەحمود بە (٩) کوژراو (٧٢) بریندار خەملاندویەتی، بەڵام سەرچاوەی دیکە ئاماژە بە (٤) کوژراو (٦٠) بریندار دەکەن[3].

هۆکاری زۆری زیانەکانی جەماوەر لە شاری سلێمانی بە بۆچوونی ئێمە بۆ هەڵەی پارتەکان دەگەڕێتەوە، لە دوای ڕاپەڕینی ئاداری ١٩٩١ەوە کە هاتنەوە شارەکان دەبوو لە جیاتی ئەوەی تەواوی شارەکان بە شاری سلێمانیشەوە بکەن بە سەربازگەو بارەگای پارتەکانی خۆیان، سەرجەم بنکەو بارەگاکانی پارتەکان لە دەرەوەی شار بوونایە، بەتایبەت هێزی چەکدار، ئەگەر ئەمە بکرایە ئەوا لەکاتی ناکۆکی و شەڕی پارتەکاندا جەماوەر پارێزراو دەبوون، لە جیاتی ئەوەی شەڕی خۆیان لەناو شارەکان بکردایە، ئەو کات شەڕەکە دەکەوتە دەرەوەی شارەکان.

(١) محەمەدی حاجی مەحمود: س. پ، ب٤، ل٢٩٥-٢٩٦.

(٢) صلاح الخرسان: م. س، ص٥٠٣.

(٣) محەمەدی حاجی مەحمود: س. پ، ب٤، ل٢٩٣. ؛ صلاح الخرسان: م. س، ص٥٠٢.

## سێیەم: شەڕی یەکێتی و بزوتنەوەی ئیسلامی کوردستان/عێراق)[1]

یەکێتی نیشتیمانی کوردستان هەڵگری تێکەڵەیەك لە ئایدۆلۆژیای مارکسی و سۆسیالست دیموکرات بوو، بزوتنەوەی ئیسلامیش جیهادی ئیسلامی بوو، ئەم ئایدۆلۆژیا بەتەواوی ناکۆك و دژیەك بوون، بۆیە ئاساییە بەریەککەوتن و ڕووبەڕووبوونەوە لەنێوان ئەم دوو هێزە جیاوازەدا ڕوویدات، بەتایبەت کە هەردوو هێزەکە پێگەی دەسەڵاتیان لە ناوچەیەکی جوگرافی دیاریکراودا بێت، کە ئەویش پارێزگای سلێمانی بوو، لێرەدا ناگەڕێینەوە بۆ ناکۆکییەکانی پێشتری ئەم دوو هێزە سیاسیە، ئەوەی مەبەستمانە ئاماژەی پێبکەین بەریەککەوتنەکانی ساڵی ١٩٩٣یە، سەرەتای شەڕو پێکدادانەکەش وەك لە ڕاپۆرتی مەکتەبی ڕاگەیاندنی بزوتنەوەی ئیسلامیدا هاتووە، دەگەڕێتەوە بۆ دەمەقاڵێی نێوان دوو چەکداری یەکێتی و بزوتنەوە لە (١٩٩٣/١٢/١٥) لەبەردەم بارەگای بزوتنەوەی ئیسلامی لە شاری کفری، ڕاپۆرتەکە باس لەوە دەکات کە چەکدارێکی یەکێتی تەقە لە چەکدارەکانی بزوتنەوە دەکات و برینداریان دەکات، دوای ئەوەش بزوتنەوەی ئیسلامی ئەو چەکدارەی یەکێتی لای خۆی دەستگیردەکات، دوای ئەو ڕووداوە بەرپرسی میحوەری حەوتی بزوتنەوە بەناوی (جەلال) لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەکی خۆی دەگەڕێتەوە بۆ شاری کفری، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە، لە (١٩٩٣/١٢/١٧)، بەڵام پێش گەیشتنی بە شاری کفری دەکەوێتە بۆسەیەکی پێشمەرگەکانی یەکێتییەوەو (٤ پێشمەرگەی) بزوتنەوەی ئیسلامی دەکوژرێن[2].

یەکێك لە کوژراوەکانی بزوتنەوەی ئیسلامی بەناوی (هیوا ڕەسوڵ ڕەشید) خەڵکی ڕانیە بوو، لەکاتی ناشتنی تەرمەکەی مەراسیمێکی گەورەی بۆ ڕێکخراو ژمارەیەکی زۆری خەڵك لە هەموو چین و توێژەکان بەشداریان تێداکرد، تەنانەت خەڵك لەناوچەو شارەکانی دیکەی باشوری کوردستان بەشداریان تێداکرد، ئەمەش لە (١٩٩٣/١٢/١٩) بوو، کە دواتر شەڕو پێکدادانی لێکەوتەوە[3]. شایەنی باسە لەناو

---

(١) دروستبوونی بزوتنەوەی ئیسلامی بۆ دوای خۆپیشاندانە جەماوەرییەکەی هەڵەبجە لە (١٣ی ئایاری ١٩٨٧) دەگەڕێتەوە، کە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی شارەزا کە زانایانی ئاینی و چین و توێژەکانی دیکە بەشداریان تێداکرد و حکومەتی بەعس بە توندی خۆپیشاندانەکەی سەرکوتکرد، لەدوای ئەوەش ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی شارەکە بەرەو ئێران کۆچیان کرد، بە گەیشتنیان بۆ ئێران لە ٢٤ی ئایاری ١٩٨٧ لەژێر ناوی (کۆمەڵەی زانایانی کۆچەری) بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوەو داوای شۆڕشی چەکداری و جیهاد دەکەن لە دژی ڕژێمی بەعس، ئەمەش بووە دەستپێك بۆ دامەزراندنی بزوتنەوەی ئیسلامی، دواتر لە حوزەیرانی ١٩٨٧ لە شاری سنە کۆبوونەوەیەك ئەنجامدرا و بڕیاری ڕاگەیاندنی بزوتنەوەی ئیسلامی درا، بە ڕابەری (شێخ عوسمان عەبدولعەزیز ١٩٢٢-١٩٩٩). (بڕوانە// ئارام قادرو ئیدریس سیوەیلی: بەڵگەنامەکان دەدەوێن بزوتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان/عێراق ١٩٨٧-١٩٩٩، بەگی یەکەم، چ١، چاپخانەی بینایی، سلێمانی، ٢٠١٣، ل٥. ؛ سفین یاسین عبدالله: التیارات الاسلامیة في کردستان العراق ١٩٥٨-٢٠٠٣، رسالة ماجستیر، (غیر منوشورة)، مقدمة الی مجلیس کلیة الاداب، جامعة المنصورة، ٢٠١٥، ص٣٧).

(٢) بۆ دەقی ڕاپۆرتەکە. بڕوانە// ئارام قادرو ئیدریس سیوەیلی: س. پ، ل٤٦-٥٠.

(٣) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (عەبدولڕەحمان محەمەد فەرەج)، سلێمانی، ٢٠١٧/١١/١٢، ناسراوە بە (مەلا محەمەدی عەلاقات)، لە ساڵی ١٩٦٧ لە شارباژێڕ لە دایك بووە، ساڵی ١٩٨١ پەیوەندی بەکاری ئیسلامییەوە کردووەو سەرجەم پلەکانی حزبایەتی بڕیوە، هەتا بووە بە ئەندامی سەرکردایەتی بزوتنەوەی ئیسلامی ، ئێستا بەرپرسی پەیوەندییەکانی بزوتنەوەی ئیسلامیە لەشاری سلێمانی، ناوبراو لە کاتی شەڕی بزوتنەوەو یەکێتی لە شاری سلێمانی بووەو بەچاوی خۆی ڕووداوەکانی بینیووە، ئێستاش نیشتەجێی شاری سلێمانییە. ؛ ئارام قادرو ئیدریس سیوەیلی: س. پ، ل٤٧.

خۆپیشاندەراندا ژمارەیەكی زۆر چەكدار بەشداربوون، دواتر هێرش كرایە سەر كۆمیتەی ڕێكخستنی (ی.ن.ك) لە ڕانیە، لە ئەنجامدا (٦) كەس لە ئەندامانی (ی.ن.ك) كوژران، (محەمەد سوڵتان دێهات)لێپرسراوی كۆمیتەكە و چەند ئەندام كۆمیتەیەكی تر لە ناو كوژراواندا بوون، (١٨) كەسیش دەستگیر كران[١]. بزوتنەوەی ئیسلامی وەك لە ڕاپۆرتی مەكتەبی ڕاگەیاندن هاتووە، ئاماژە بەوە دەكات كە لە كۆمیتەی (ی.ن.ك) ەوە تەقە لە خۆپیشاندەران كراوەو ئەندامێكی بزوتنەوەی ئیسلامی كوژراوە و یەكێكی تریش بریندار بووە، بۆیە ئەوانیش هێرشیان كردۆتە سەر كۆمیتەی یەكێتی[٢].

هەرچۆنێك بێت پێكدادانەكانی ڕانیە بەرەی شەڕی فراوانكردو شارو شارۆچكەكانی (چوارقوڕنە، حاجیاوا، سەروچاوە، قەلادزێ، كۆیە، شەقلاوە هەریر، دیانە)، گرتەوە، ئەمەش لە ١٩٩٣/١٢/٢٠ دابوو[٣].

بۆ چارەسەركردنی ئەو كێشانە ڕۆژی (١٩٩٣/١٢/٢٢) نوێنەرانی یەكێتیو بزوتنەوەی ئیسلامی پارتی كۆبوونەوەو لەسەر چەند خاڵێك پێكهاتن، لەوانە:

١. دەستبەجێی ڕاگرتنی شەڕ لەو ناوچانەی كە شەڕی تێدایە.
٢. ڕاگرتنی هەموو جۆرە هێز كۆكردنەوەیەك.
٣. ڕاگرتنی هێرشی ڕاگەیاندن لەسەر یەكتر.
٤. ئازادكردنی گیراوەكانی هەردوولا.
٥. دروستكردنی لیژنەیەكی سێ قۆڵی بۆ دیاریكردنی تاوانباری ڕووداوەكانی ڕۆژی (١٩٩٣/١٢/٢٠) ی ڕانیەو ڕادەستكردنی بە دادگا، هەر یەكە لە (قادر قادر) لە پارتیو (ئەحمەد شەریف) لە یەكێتیو (م.عەلی باپیرو مەغدید حسین) لە بزوتنەوەی ئیسلامی بەشداری كۆبوونەوەكە بوون[٤].

بە مەبەستی ڕێگریكردن لەوەی شەڕو پێكدادانەكان شارەكانی (هەولێرو سلێمانی) نەگرێتەوە كۆبوونەوەیەكی تری سێ قۆڵی لەنێوان یەكێتیو پارتیو بزوتنەوە لە ڕۆژی (١٩٩٣/١٢/٢٢) ئەنجامدرا، لە كۆبوونەوەكەدا هەریەكە لە (كۆسرەت ڕەسوڵ) سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیرانو ئەندامی مەكتەبی سیاسی یەكێتیو (د.ڕۆژ نوری شاوەیس) جێگری سەرۆك وەزیرانو ئەندامی مەكتەبی سیاسی پارتیو شێخ محەمەد بەرزنجی ئەندامی مەكتەبی سیاسی بزوتنەوە بەشداربوون، لە كۆبوونەوەكەدا باس لەم خاڵانە كراوە:

١. هەوڵدان بۆ ئەوەی شەڕو پێكدادان شارەكانی سلێمانیو هەولێر نەگرێتەوە.
٢. ئیدانەكردنی كوشتو كوشتارەكانی ڕووداوەكانی چەند ڕۆژی ڕابردووە.
٣. گۆڕینەوەی دیلەكانی هەردوولا.

---

(١) ڕوونكردنەوەیەك لە قسەكەرێكی ڕەسمی (ی.ن.ك) دەربارەی ئاڵۆزكردنی وەزعی كوردستان، ڕۆژنامەی كوردستانی نوێ، ژمارە (٥٦٨)،ساڵی دووەم، شەمە ١٩٩٣/١٢/٢٢، ل١.

(٢) ئارام قادرو ئیدریس سیوەیلی: س. پ، ل٤٧.

(٣) پارتی دیموكراتی كوردستان مەكتەبی ناوەندی دیراساتو توێژینەوە: س. پ، ل٢٦.

(٤) ڕاگرتنی شەڕ لەنێوان یەكێتی نیشتیمانی كوردستان و بزوتنەوەی ئیسلامی، ڕۆژنامەی برایەتی، ژمارە (١٨٢٨)، شەمە، ١٩٩٣/١٢/٢٣، ل١.

٤. نەهێشتنی دیاردەی چەك هەڵگرتنی نا یاسایی لەناو شارو شارۆچکەکاندا.
٥. کۆنترۆڵکردنی ئەو شوێنانەی کە شەڕو پێکدادانی تێدابووە، لەلایەن سوپای یەکگرتووی پێشمەرگەی کوردستانەوە[1].

ئەم کۆبوونەوەیەش بێ ئەنجام مایەوەو نەیتوانی چارەسەری کێشەکان بکاتو شەڕو پێکدادانەکان ڕابگرێت، دوای ئەوەی (ی.ن.ك) دەستی بەسەر بەشێکی زۆری ناوچەکانی ژێر دەسەلاّتی بزوتنەوەی ئیسلامیدا گرت، ناوچەکانی ڕێگای (هەولێر، حاجی ئۆمەران، بارەگای بەستۆرە، شارۆچکەی هەریر، هاوینەهەواری شەقلاوە، شارۆچکەی دیانە، حامیەی ڕەواندز، ڕێگای هەولێر–کۆیە–سلێمانی، شاری کۆیە، چیای هەیبەسوڵتان، قەلاّدزێ، چوارقوڕنە، حاجیاوا، سەنگەسەر، ژاراوە، سەروچاوە) کەوتنە دەست هێزەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان[2].

بۆیە ڕۆژی ١٩٩٣/١٢/٢٥ بە سەرپەرشتی مەسعود بارزانیو ئامادەبوونی هەردوو مەکتەبی سیاسی یەکێتیو پارتیو نوێنەری بزوتنەوەی ئیسلامی (شێخ محەمەد بەرزنجی) ڕێکەوتنێکی دیکە واژۆکرا، گرنگترین خاڵەکانی ڕێکەوتنەکە بریتی بوون لە:

١. بەپەلە شەڕ لە سەرانسەری کوردستان ڕابگیرێ.
٢. بزوتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان دەبێ ئیدانەی کارەساتی ڕانیە بکات.
٣. تاوانبارانی هەردوولا دەبێ بدرێنە دادگا.
٤. هەردوولا دیلەکان ئازاد بکەن.
٥. بارەگا چەکدارەکانی بزوتنەوەی ئیسلامی لە هەموو شارەکان بکشێنەوە[3]. ئەمانەو چەند خاڵێکی تر، بەلاّم ئەم ڕێکەوتنەش نەیتوانی ڕێگری لەوە بکات کە شەڕەکە نەکەوێتە ناو شاری سلێمانییەوە .

دوای ئەوەی یەکێتی ناوچەیەکی زۆر لەژێر دەستی بزوتنەوەی ئیسلامی دەرهێناو فشاری لەسەر سەرکردایەتی بزوتنەوەی ئیسلامی لە بێتواتە دروستکرد، لە ڕۆژی (١٩٩٣/١٢/٢٥) بزوتنەوەی ئیسلامی لە کاتژمێر (٣، ٣٠) خولەکی پاشنیوەڕۆ هێرشی کردە سەر بارەگای بەشی پەیوەندییە کۆمەلاّیەتییەکانی مەڵبەندی ڕێکخستنی سلێمانی لە گەڕەکی توی مەلیك و چەند پێشمەرگەیەکی یەکێتی کوژران و بریندار بوون[4]، لەمبارەیەوە عەتا شێخ لەتیف دەڵێت:"دوای ئەوەی فشار لەسەر بارەگای سەرکردایەتی دروستکرا، لەلایەن یەکێتی نیشتیمانی کوردستانەوە لە سەرکردایەتیەوە ئاگادار کراین بۆ کەمکردنەوەی فشاری سەر بارەگای سەرکرادیەتی بزوتنەوە لە بێتواتە، لە شاری سلێمانی بەرەیەکی دیکەی شەڕ

---

(١) کۆبوونەوەیەکی سێ قۆڵی بۆ نەهێشتنی شەڕو پێکدادادن، ڕۆژنامەی برابەتی، ژمارە (١٨٣٠)، شەممە، ١٩٩٣/١٢/٢٥، ل١.

(٢) پانۆرامای شەڕەکان: ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٥٧٢)، ساڵی دووەم، دووشەممە، ١٩٩٣/١٢/٢٧، ل١.

(٣) بۆ دەقی تەواوی ئەو ڕێکەتنە. (بڕوانە// ڕۆژنامەی برایەتی، ژمارە (١٨٣١)، یەك شەممە، ١٩٩٣/١٢/٢٦، ل١. ؛ ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٥٧١)، ساڵی دووە، یەك شەممە، ١٩٩٣/١٢/٢٦، ل١. ؛ ئارام قادرو ئیدریس سیوەیلی: س. پ، ل٤٢-٤٣).

(٤) ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٥٧١)، یەك شەممە، ١٩٩٣/١٢/٢٦، ل١.

بکەینەوە، بۆیە ئێمە لە شاری سلێمانی شەڕمان دەستپێکرد، لەکاتی هێرشی ئێمەش بۆسەر بارەگای پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە توی مەلیك هیچ پێشمەرگەیەکی یەکێتی نەکوژراو بارەگاکەش نەسوتێنرا"[١].

دوای ئەوە یەکێتی هێرشی بۆسەر بارەگاکانی بزوتنەوەی ئیسلامی لە شاری سلێمانی دەستپێکرد، شەڕەکە لە گەڕەکی توی مەلیك، کە بارەگای سەرەکی بزوتنەوەی لێبوو گەرمبوو، هەروەها هێرشکرایە سەر مزگەوتی (ئیمان) کە (مەلا عومەر چنگیانی) پێش نوێژو وتارخوێنی بوو، لەدوای کوژرانی چەند پێشمەرگەیەکی بزوتنەوە مزگەوتەکە کۆنترۆڵکراو پاشان سوتێنرا، هەر هەمان ڕۆژ کارێزی وەستا شەریف لەلایەن یەکێتیەوە کۆنترۆڵکرا[٢].

پێش دەسپێکردنی شەڕەکە لەناو شاری سلێمانی بزوتنەوەی ئیسلامی مەفرەزەیەکی چەکداری ڕەوانەی چیای گۆیژە کردبوو، کە ژمارەیان (٢٥) کەس بوو، بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی چیای گۆیژەو ڕێگای دەباشان بکەن، چونکە چیای گۆیژە باڵادەست بوو بەسەر شەقامی شەست مەتریو ڕێگەی دەباشاندا، ئەمەش لە بەشی سەرەوەی شاری سلێمانی، لە بەشی خوارەوەش لە بەرامبەر پردەکەی قالاوە لەوبەر شەقامی شەست مەترییەوە بنکەیەکی دیکەیان هەبوو، کە کۆنترۆڵی ڕێگای (سلێمانی- عەربەت) یان کردبوو، بۆیە (ی.ن.ك) سەرەتا هێرشی بۆسەر بارەگای بزوتنەوە کرد لە بەرامبەر پردی قالاوە، دوای بەرگرییەکی چەند کاتژمێری ئەو بارەگایەش لەلایەن یەکێتییەوە کۆرنترۆڵکرا[٣].

دواتریش یەکێتی هێرشی کردە سەر بارەگای سەرەکی بزوتنەوەی ئیسلامی لە توی مەلیك، لە نزیك شەقامی شەست مەتری کە ئەو کاتە مزگەوتی جیهادیش وەك بنکەیەك بۆ پاڵپشتی بارەگای سەرەکی بزوتنەوە بەدەست بزوتنەوەی ئیسلامییەوە بوو، یەکێتی لە تەنکی ئاوەکەی توی مەلیکەوە دۆشکاو چەکی قورسی بەرامبەر بارەگای سەرەکی بزوتنەوە دانا[٤]، بەڵام دوای ئەوەی لە بەرەبەیانی (١٩٩٣/١٢/١٦) کاتژمێر ١٠ پێشنیوەڕۆ، بارەگای سەرەکی بزوتنەوەی ئیسلامی لە سەرئەشکەوتان لە ناوچەی بێتواتە دەگیرێت ( مامۆستا عوسمان عەبدولعەزیز) ڕابەری گشتی بزوتنەوە دەست بەسەر دەکرێت، لە شاری سلێمانیش بزوتنەوە توانای بەرگری نامێنێتو ژمارەیەکی زۆریان خۆیان ڕادەستی هێزەکانی یەکێتی دەکەن[٥].

---

(١) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (عەتا شێخ لەتیف)، سلێمانی، ٢٠١٧/١١/١٢. ناوبراو لە ساڵی ١٩٧٠ لە شارباژێر لەدایك بووە، سەرجەم پلەکانی حزبایەتی لەناو بزوتنەوەی ئیسلامیدا بڕیوەو چەندین بەرپرسیارێتی لە ئۆرگانەکانی ئەو حزبەدا وەرگرتووە، لە کۆنگرەی (١١) بزوتنەوەدا بە ئەندامی سەرکردایەتی هەڵبژێردراوەو ئێستاش بەرپرسی مەڵبەندی دووی بزوتنەوەی ئیسلامیە لە شاری سلێمانی.

(٢) ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٥٧٢)، دووشەممە، ١٩٩٣/١٢/٢٧، ل١.

(٣) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (عەباس عومەر)، سلێمانی ، ٢٠١٧/١١/١٢. ناوبراو بە (مەلا بیلال) ناسراوە، لەبەرئەوەی لە ساڵی ١٩٦٦ خێزانەکەی نەفی کراوە بۆ شاری کوفە، لەوێ لەدایك بووە، لەدوای ساڵی ١٩٧٥ هاتۆتەوە بۆ شاری سلێمانی، لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ بەرپرسی مەلەفی سونەی لەناو بزوتنەوەی ئیسلامیدا پێ سپێردراوەو لە کاتی شەڕەکانی یەکێتیو بزوتنەوە لە شاری سلێمانی بەشداریکردووە، ئێستاش نیشتەجێی شاری سلێمانییە.

(٤) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (عەتا شێخ لەتیف)، سلێمانی ، ٢٠١٧/١١/١٢.

(٥) پانۆرامای شەڕەکان: ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٥٧٢)، ساڵی دووەم، دووشەممە، ١٩٩٣/١٢/٢٧، ل١.

سەبارەت بە گرتنی بارەگای سەرەکی بزوتنەوە لەسەر ئەشکەوتان (عیرفان عەلی عەبدولعەزیز)، ڕابەری ئێستای بزوتنەوە ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو ناوچەیە لەڕووی سەربازییەوە گونجاو نەبوو، بواری بەرگریکردنی زۆر لاواز بووە، بۆیە یەکێتی توانی لەماوەیەکی کەمدا کۆنترۆڵی بکات[1]. لە دوای گرتنی بارەگی سەرکردایەتی بزوتنەوە لە ناوچەی بێتواتە (مەسعود بارزانی) بەیاننامەیەکی بلاّکردەوە، کە تێیدا هاتبوو، "بەڵێ لەناو شاری سلێمانی و هەولێر بزوتنەوە دەست پێشخەریان کرد، بەلاّم ئەبێ هەموو حەقیقەتەکان بگوترێن، ئەمە لەکاتێکدا بوو کە هێرشی هێزەکانی (ی.ن.ك) بۆسەر سەرکردایەتی بزوتنەوەی ئیسلامی لە بێتواتە دەستی پێکردبوو، کە ئەمەش بە پێچەوانەی ئیتیفاقی ئێمە بووە، ئێمە مەسئولین بەرامبەر بەم وەزعە ناتوانین هەر وەك تەماشاچی بوەستین و شارەکا بکەونە بەر ئاگری هەموو جۆرە چەکێك، بۆ من نابێ لە هەیئەتێکدابم، ئیلتیزام بە بڕیارەکانی نەکرێت، یان دەبێ یاسا حاکم بێت یان چیتر تەحەمولی ئەم وەزعە ناکەین"[2].

دواتر بۆ ئەوەی خوێنی زیاتر نەڕژێت و هاولاّتیانی شاری سلێمانی زیاتر تووشی زیان نەبن، محەمەدی حاجی مەحمود ئاماژە بەوە دەکات پەیوەندیان بە هەردوو لایەنی بزوتنەوە و یەکێتی کردووە و قەناعەتیان بە بزووتنەوە کردووە کە خۆیان ڕادەست بکەن و بە مەرجێك گیانیان پارێزراو بێت، بۆیە بەو شێوەیە بزوتنەوەی ئیسلامی لە شاری سلێمانی خۆیان ڕادەستی هێزەکانی یەکێتی کرد[3]. بەلاّم چیای گۆیژە بەدەست هێزەکانی بزوتنەوە مابۆوە، (مەلا بیلال) کە بەرپرسی ئەو دەستەیە بوو کە لەسەر چیای گۆیژە جێگیر بوون، دەڵێت:"دووجار لە چیای ئەزمەڕەوە هێزەکانی یەکێتی هێرشیان کردە سەرمان، دوو کەسیشمان شەهید بوون، بەلاّم هەردوو هێرشەکە شکستیان هێناو گەڕانەوە، بەلاّم دوای ئەوەی کە هەواڵمان پێگەیشت کە بارەگای سەرکردایەتی گیراوە، دوای مانەوەی (١٨) کاتژمێر شەوی ٢٦/٢٧-١٢/١٩٩٣، چیای گۆیژەمان چۆڵکرد و پاشەکشەمان کرد"[4].

دواجار لە ١٧/٢/١٩٩٤ بزوتنەوەی ئیسلامی و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بە ئامادەبوونی (عوسمان عەبدولعەزیز) ڕابەری بزوتنەوە و (جەلال تاڵەبانی) سکرتێری گشتی یەکێتی و مەسعود بەرزانی سەرۆکی پارتی و ئەحمەد چەلەبی سەرۆکی لیژنەی جێبەجێکردنی کۆنگرەی یەکگرتووی عێراق لەسەر چەند خاڵێك ڕێکەوتن کە گرنگترینیان :

١. ناکۆکییەکانی ڕابردوو وەلا دەنرێت و لاپەڕەیەکی نوێ لە پەیوەندییەکانیان هەڵدەدەنەوە.
٢. واز لە تاوانبارکردنی یەکتر دەهێنن.
٣. ئازادکردنی هەموو دیل و دەستبەسەرەکانی هەردوولا.
٤. سەرلەنوێ کردنەوەی نووسینگە لقەکانی بزوتنەوەی ئیسلامی وەك حزبەکانی تر.
٥. گەڕانەوەی ئەو موڵك و ماڵەی کە بەردەستە بۆ خاوەنەکانیان.

---

(١) وەرگیراوە لە// بەرنامەی پەنجەمۆر، ئامادەکردن و پێشکەشکردنی کاوە ئەمین، کەناڵی ڕووداو، چاوپێکەوتن لەگەڵ عیرفان عەبدولعەزیز، ڕابەری گشتی بزوتنەوە. https://www.youtube.com/watch?v=gQpkXSsMfyg

(٢) بۆ دەقی تەواو بەیاننامەکە. بڕوانە// ڕۆژنامەی برایەتی، ژمارە (١٨٣٣)، سێ شەممە، ٢٨/١٢/١٩٩٣، ل١.

(٣)س. پ، ب٤، ل٣٠٧.

(٤) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (عەباس عومەر)، ١٢/١١/٢٠١٧، سلێمانی.

٦. ڕێزگرتنی زانایان ئاینیو پاراستنی شکۆمەدیان.

٧. هەردوولا پابەندی بڕیارەکانی حکومەتو پارلەمانی کوردستان دەبن.

٨. بزوتنەوەی ئیسلامی بەشداری لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات .

٩. دانانی بودجەیەك بۆ بزوتنەوەی ئیسلامی لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بەپێی یاسانی حزبەکان.

١٠. دانانی لیژنەیەك بۆ چاودێری جبەجێکردنی ڕێکەوتنەکە لیژنەکە نوێنەری هەموو لایەنەکانی بەشدار لە ڕێکەوتنەکەی تێدا دەبێت[١].

بەوشێوەیە کۆتایی بە شەڕی نێوان بزوتنەوەی ئیسلامی و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان هات، کە ڕەنگدانەوەیەکی زۆری بەسەر شاری سلێمانییەوە هەبوو، چونکە بارەگای سەرەکی (بزوتنەوەی ئیسلامی و یەکێتی) لە ناو گەرەکەکانی شاردا بوون.

(١) بۆ دەقی ڕێکەوتنەکەوە. بڕوانە// ئارام قادرو ئیدریس سیوەیلی، س. پ، ل.٥١-٥٤. ؛ کوردستانی نوێ، ژمارە (٦١٧)، ساڵی سێیەم، چوارشەممە (١٩٩٤/٢/١٨). ؛ ڕۆژنامەی برایەتی، ژمارە (١٨٧٦)، چوارشەممە، ١٩٩٤/٢/١٨، ل.١

## چوارەم: شەڕی نێوان (پ.د.ك) و (ی.ن.ك) :-

ناکۆکییەکانی نێوان (پ.د.ك)و (ی.ن.ك) مێژوویەکی کۆنی هەبوو، دەگەڕایەوە بۆ پێش دامەزراندنی (ی.ن.ك)، ئەویش کاتێك ناکۆکی کەوتە نێوان سەرکردایەتی (پ.د.ك) و باڵی مەکتەبی سیاسی، ئەم ناکۆکیە لە ناوەراستی شەستەکانی سەدەی ڕابردودا گەیشتە لوتکە، کاتێك باڵی مەکتەبی سیاسی لە (پ.د.ك) جیابوونەوە، بەمەش (پ.د.ك) بوو بە دوو باڵی سەرەکییەوە، باڵی مستەفا بارزانی کە نوێنەرایەتی چینی دەرەبەگو لادێ نشینانی دەکرد، باڵی مەکتەبی سیاسیش نوێنەری چینی ڕۆشنبیرانو خوێندەوارەکانی شار بوون، لە هەمان کاتدا هەردوو باڵەکە نوێنەرایەتی دوو ناوچەی جیاوازیان دەکرد، باڵی مەکتەبی سیاسی نوێنەری ناوچەی سلێمانی بوون، باڵی مستەفا بارزانیش ناوچەی بادینان. هەرچەندە باڵی بارزانی لەڕووی سەربازیو سیاسییەوە بەسەر باڵی مەکتەبی سیاسیدا سەرکەوت، بەڵام دوای نسکۆی ١٩٧٥، ئەم ململانێیە توند بوو، لە نێوان (جەلال تاڵەبانی) و کوڕەکانی بارزانیدا، بەتایبەتی دوای دامەزراندنی (ی.ن.ك)، یەکێتی نیشتیمانی لە ناوچەی سلێمانی دەسەڵاتی خۆی سەقامگیر کردو ناکۆکیەکان بەردەوام بوو، هەتا ساڵی ١٩٨٨و دوای پرۆسەی ئەنفال هەردوولا گەیشتنە ئەو باوەڕەی کە بەرژەوەندییە حزبییەکانیان پشتگوێ بخەنو پێکەوە بەرەی کوردستانی دروستبکەن. لە دوای ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١و دامەزراندنی پەرلەمانو حکومەتی هەرێمی کوردستان، دابەشکردنی سەرجەم پلەو پۆستەکان بەشێوەی (٥٠بە٥٠) لە نێوان پارتی و یەکێتیدا، ناکۆکییەکان قوڵتر بۆوە، بەتایبەتی لەسەر داهاتی هەرێمی کوردستان کە بەشی زۆری دەکەوتە سنوری ژێر دەستی پارتی دیموکراتەوە، چونکە پارتی کۆنترۆڵی سنورەکانی تورکیای کردبوو، پارەیەکی زۆری لە ڕێگەی باجی گومرگی ئیبراهیم خەلیلەوە دەستدەکەوتو یەکێتی نیشتیمانیش داوای هاوبەشی لەو داهاتە دەکرد[1].

بۆیە ساڵی ١٩٩٤ سەرەتای بەرکەوتنو تەقینەوەی ناکۆکییەکانی نێوان پارتیو یەکێتی بوو، یەکەمین پێکدادانی هەردوولاش دەگەڕایەوە بۆ مانگی ئازاری ساڵی ١٩٩٤ کاتێك لە شاری هەولێر شەڕ دروست بوو، نزیکەی (٦) کەس لەو شەڕەدا کوژران، بەڵام دواتر لیژنەیەك لە (پ.د.ك) و (ی.ن.ك) پێکهێنرا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکەو ئاسایکردنەوەی بارودۆخەکە[2].

دواتریش لە ١ ی ئایاری ١٩٩٤ دا لە سەر کێشەی موڵکایەتی هەندێك دووکان لە ناوچەی قەڵادزێ ناکۆکییەکانی نێوان پارتی و یەکێتی تەقییەوە، یەکێك لە فەرماندە سەربازییەکانی پارتی بە ناوی (عەلی حەسۆ میرخان) بانگەشەی خاوەندارێتی ئەو دووکانانەی دەکرد، بەڵام ئەو کەسانەی کە دەستیان بەسەر دووکانەکاندا گرتبوو، ئامادە نەبوون چۆڵی بکەن، لەمەوە کێشەکە سەری هەڵدا، هەرچەندە هەر هەمان ڕۆژ هەوڵدرا کێشەکە چارەسەر بکرێتو تەشەنە نەستێنێ، بۆ ئەو مەبەستەش (مەسعود بارزانی) بە بروسکەی ژمارە (٨٤٢) ڕێکەوتی ١٩٩٤/٥/١، ناوچەی قەڵادزێی پارتی ئاگادار دەکاتەوە لە پەرەسەندنی کێشەکەو

---

(١) مارتن ڤان بروینسن: کوردو بنیاتنانی ئومەت، وەرگێڕانی بۆ عەرەبی: فالح عەبدولجەبار، وەرگێڕانی بۆ کوردی: محەمەدی مشیر، چ١، چاپخانەی خانی، دهۆك، ٢٠٠٧، ل٣١-٣٣. ؛ حامد گەوهەری: باشوری کوردستان لەنێوان دوو هەڵبژاردندا، چ١، بڵاوکراوەکانی کاوە، سوید، ٢٠٠٥، ل١٥٩.

(٢) نەبەز گۆران: خیانەتەکانی یەکێتیو پارتی لە (٦٦) وەوە تا ٣١ ئاب، گۆڤاری لڤین، ژمارە (٦٩)، چاپخانەی دلێر، سلێمانی، ٢٠٠٨/٨/١٥، ل٢٨.

دەڵێت:"عەلی حەسۆ میرخان بەبێ ئیجازەی من بۆ قەڵادزێ هاتووە، دەبێ یەکسەر بگەڕێتەوە، نابێ بەهۆی کێشەیەکی لەو بابەتەدا شتێك ڕوبدات"(١). هەر هەمان ڕۆژ بە بروسکەی ژمارە (٨٤٦) کە ئاڕاستەی (ئازاد قەرەداغی) بەرپرسی لقی ڕانیەی پارتی و (مستەفا چاوڕەش) بەرپرسی مەڵبەندی (٨)ی ڕانیەی یەکێتی کراوە، مەسعود بارزانی داوا دەکات و دەڵێت:"دەستبەجێ هەردوکتان بۆ هێورکردنەوەی ڕەوشەکە و کۆنتڕۆڵکردنی کەسانی نا مەسئول، دەخالەت بکەن، وەك یەك حزب ڕەفتار بکەن، مل نەدەن بۆ کەسانی بەرەڵلا، ئێوە بەرپرسیارێتی وە ئەستۆ دەگرن"(٢).

لای خۆشیەوە (جەلال تاڵەبانی) کە ئەو کاتە لە دەرەوەی وڵات بوو بە بروسکەو تەلەفۆن سەرکردایەتی یەکێتی ئاگادار دەکردەوە، کە مەسعود بارزانی لە جێگای ئەوەو هاوکاری بکەن لە ڕاگرتنی شەڕداو بڕیارەکانی جێبەجێ بکەن(٣). بەڵام ئەو هەوڵانە بێ ئەنجام بوون، لە بەرەبەیانی ٢ی ئایاری ١٩٩٤ شەڕ لەنێوان هەردوولا دروست بۆوە یەکێتی پەلاماری بارەگای لیژنەی ناوچەی قەڵادزێی پارتی دا، لەو شەڕەدا (عەلی حەسۆ میرخان)و (٢)پێشمەرگەی پارتی کوژران و (٦) پێشمەرگەش بریندار بوون (٢١) کەسیشیان دوای بەدیل گرتنیان گوللە باران کران، لە یەکێتی نیشتیمانیش هەر یەکەلە (عەلی نەبی و ئیسماعیل وەرتی) کە دوو بەرپرسی سەربازی یەکێتی بوون کوژران، بارەگای ناوچەش لەلایەن یەکێتییەوە کۆنتڕۆڵ کرا، لە ڕانیەش بارەگای لقی پارتی کەوتە دەست یەکێتی و (ئەحمەدی ساڵح بەگ)و (٢) پێشمەرگەی دیکەی پارتی لە ڕانیە کوژران(٤).

بەو شێوەیە شەڕەکە لە کۆنتڕۆڵ دەرچوو، کێشەکان قوڵتر بوونەوە، (جەلال تاڵەبانی) پێیوایە کە هۆکاری سەرەکی تەشەنەکردنی شەڕەکە ئەوەبوو کە پارتی و یەکێتی هەڵەیان کردووە، دەڵێت:"بەلای منەوە هەردوولا هەڵەیان کرد، هەم برادەرانی پارتی کە چووبوون لە قەڵادزێ بە زۆر خۆیان بسەپێنن، هەم برادەرانی یەکێتی زۆر توند وەڵامی ئەو کێشەیان دایەوە و ژیرانەو دوربینانە مەسەلەکەیان چارەسەر نەکرد کە لە قەڵادزێ شەڕەکە قەوماو پەرەیان پێدا بۆ ڕانیەش، لە وێش تەشقەڵەیەکیشیان بە پارتی کردووە"(٥).

بە مەبەستی ڕێگریکردن لە گواستنەوەی شەڕەکە بۆ شارەکانی دیکەو چارەسەرکردنی کێشەکە، مەکتەبی سیاسی یەکێتی و پارتی لە ڕۆژی ٢ی ئایاری ١٩٩٤ کۆبوونەوەو ڕوونکردنەوەیەکیان بڵاوکردەوەو ڕایانگەیاند ئەو کێشەیەی لە قەڵادزێ و ڕانیە دروست بووە، بەبێ ئاگاداری لێپرسراوانی هەردوو حزبی هاوپەیمانان ڕوویداوە، هەموو ڕێوشوێنێك بگرێتەبەر بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە(٦). بەڵام کێشەکە چارەسەرنەکراو شەڕەکە شارەکانی دیکەی گرتەوە، لە دهۆك پارتی گەمارۆی مەڵبەندی (٤) ی

---

(١) وەرگیراوە لە// فاتح ڕەسوڵ: لە پێناو دەسەڵاتدا...س. پ، ل١٤٩.

(٢) وەرگیراوە لە پارتی دیموکراتی کوردستان/ مەکتەبی دیراسات و توێژینەوە: شەڕی ناوخۆی...س. پ، ل٥٠-٥١.

(٣) سەلاح ڕەشید: مام جەلال...س. پ، ل٢٤٣؛ محەمەدی حاجی مەحمود: ڕۆژمێری ...ب٤، س. پ، ل٣٣٨.

(٤) محەمەدی حاجی مەحمود:س. پ، ل٣٣٨. ؛ پارتی دیموکراتی کوردستان/ مەکتەبی دیراسات و توێژینەوە: شەڕی ناوخۆی...س. پ، ل٥١.

(٥) وەرگیراوە لە سەلاح ڕەشید: مام جەلال...س. پ، ل٢٤٣.

(٦) بۆ دەقی تەواوی ڕوونکردنەوەکەی مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ك)و (پ.د.ك). بڕوانە// ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٦٧٥)، دوو شەممە، ١٩٩٤/٥/٣، ل١. ؛ بەهرۆز گەلاڵی: ئەوەی لە بیرم مابێ...س. پ، ل٨٩-٩٠.

یەکێتی دا، لە ڕۆژی ٣ی ئایاری ١٩٩٤ بنکەو بارەگاکانی یەکێتی لە دهۆك و زاخۆو ئامێدی لەلایەن پارتیەوە کۆنترۆڵکران[(١)].

بۆ ئەوەی شەڕەکە نەگاتە شاری سلێمانی و ڕێگری لێبکرێت، هەریەکەلە (شەفیق قەزاز، جەلالی سام ئاغا، کامیل ژیر، جەمال عەبدول) لەسەر داوای بەرپرسەکانی پارتی لە لقی چواری پارتی، لە دیوانی پارێزگای سلێمانی کۆدەبنەوە، لە کۆبوونەوەکە جگەلە ئەندامانی مەڵبەندی سلێمانی و لقی چواری پارتی، نوێنەری حزبی شیوعی و شێخ مەحمودی کارێزەو شێخ کامیلی چوێسەو مەلا ساڵحی مزگەوتی گەورەی شاری سلێمانی و چەند کەسایەتییەکی دیکە ئامادەبوون، کۆبوونەوەکە دوای ئەوە هات کە باردۆخەکە لەناو شاری سلێمانی زۆر ئاڵۆز بوو، هێزێکی زۆری یەکێتی سەرجەم فلکەو شەقام و کۆڵانەکانی شاریان کۆنترۆڵ کردبوو، ئەوەش پێش گرتنی بارەگای مەڵبەندی یەکێتی بوو لە دهۆك لەلایەن پارتیەوە، لە کۆبوونەوەکە داوا لە بەرپرسانی پارتی و یەکێتی کرا، کە شاری سلێمانی لەو شەڕە بەدوور بگیرێت و پارێزراوبێ. داوای ئەوە لە پارتی کرا بۆ ئەوەی ئەو شەڕە ڕوونەدا، پارتی گەمارۆی سەر مەڵبەندی یەکێتی لە دهۆك هەڵگرێت، بەڵام (قادر قادر) بەرپرسی سەربازی پارتی دەڵێت:"تا ئەو هێزانەی کە هاتنە ناو شاری سلێمانییەوە نەگەڕێنەوە گەمارۆکە لانابرێت"[(٢)]. بەو شێوەیە ئەو کۆبوونەوەش بێ ئەنجام بوو، دواجار شەڕەکە شاری سلێمانیشی گرتەوە.

سەبارەت بە شەڕی پارتی و یەکێتی لەناو شاری سلێمانی، ڕۆژی ٣ی ئایاری ١٩٩٤ کاتژمێر (١:٣٠) خولەکی نیوەڕۆ دەستیپێکرد، ئەمەش دوای ئەوەی لە بەرەبەیانی هەمان ڕۆژدا، بارەگاکانی یەکێتی لەلایەن پارتییەوە لەناوچەی دهۆك و بادینان کۆنترۆڵکران، دوای ئەوەش یەکێتی لەناو شاری سلێمانی هێرشی سەر بنکەو بارەگاکانی پارتی دیموکراتی کوردستانی کرد ، هێرشەکە بارەگای لقی چواری پارتی گرتەوە[(٣)]. ژمارەیەکی زۆر لە فەرماندە سەربازییەکانی پارتی لەناو بارەگای لقی چواردا بوون لەوانە: (قادر قادر- بریکاری وەزیری پێشمەرگە، دەروێش ئاغا- قایدی مەنتیقەی سلێمانی و کەرکوك لە سوپای یەکگرتووی کوردستان، ئاکۆ چاوشین- فەرماندەی سەربازی، چەند فەرماندەیەکی دیکە)، شەڕەکە هەتا ئێوارەی هەمان ڕۆژ بەردەوام بوو، دواجار یەکێتی دەستی بەسەر بارەگای لقی چواردا گرت و ئەو فەرماندە سەربازییانەی کە لەناو بارەگاکەدا بوون هەندێکیان خۆیان ڕادەستی هێزەکانی یەکێتی کرد، جێگای ئاماژە پێدانە لەناو بارەگای لقی چواردا (٣) پێشمەرگەی پارتی بریندار دەبن، دەروێش ئاغا دەڵێت:"هیچ کوژراوێکمان لەناو بارەگادا نەبوو، ئێمە تەنها بەرگریمان لە خۆمان دەکرد، نە کاك مەسعود فەرمانی شەڕکردنی بە ئێمە دابوو، نە ئێمەش فەرمانمان بەکەسدا کە شەڕ بکات"[(٤)].

---

(١) پارتی دیموکراتی کوردستان/ مەکتەبی دیراسات و توێژینەوە: شەڕی ناوخۆی...س. پ، ل٥٢.

(٢) کامیل ژیر: کوردایەتی و سەربەخۆیی، چ١، چاپخانەی ڕەنج، (ب.ش.چ)، ٢٠٠٢، ل١٣٩-١٤١.

(٣) پارتی دیموکراتی کوردستان/ مەکتەبی دیراسات و توێژینەوە: س. پ، ل٥٢.

(٤) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (دەروێش ئاغا)، سلێمانی، ٢٠١٧/١١/٢١، ناوی تەواوی دەروێش عەبدولڕەحمان ئاغای نۆرەکە، خوێندنی سەرەتایی لە چوارتا تەواوکردووە، بۆ خوێندنی ناوەندی و دواناوەندی هاتۆتە شاری سلێمانی، لە ساڵی ١٩٦٣ەوە، بووە بە پێشمەرگە، لەبەر باردۆخی سیاسی ئەو کاتە لە قۆناغی پێنجی زانستی لە خوێندن دابڕاوە، لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا چەندین پلەو پۆستی وەرگرتووە، لە ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١دا بەشداریکردووە، لە دوای ساڵی ١٩٩٢وە

جگەلەو فەرماندە سەربازییانەی پارتی کە خۆیان ڕادەستکرد، هەندێك فەرماندەی دیکەیان بەرگرییان کرد هەتا لەناو شاری سلێمانی دەرچوون، ئەوانیش (عوسمانی قادر منەوەر، نوری حەمە عەلی، حەمەخان حەمە کەریمو هەندێکی تر)، ئەمانە بەرەو شارەزوور ڕۆشتن[1].

شایەنی باسە (جەلال حاجی حسێن) لە ڕۆژی ٣ی ئایار لە کاتێك کە کەوتبووە نێوان پارتیو یەکێتی یەوە بۆ ئەوەی شەڕ نەبێت لەناو شاری سلێمانیدا کوژرا[2]. سەرەڕا هەموو ئەمانەش ئێوارەی ڕۆژی ٣ی ئایاری ١٩٩٤ مەکتەبی سیاسی پارتیو یەکێتی لە سەلاحەدین کۆدەبنەوەو بڕیارياندا دەستبەجێ شەڕ ڕابگرێتو هەموو دیلەکان ئازاد بکرێنو بارودۆخەکە ئارام بکەنەوەو لیژنەیەك بۆ لێکۆڵینەوە لە هۆکارەکانی ئەو ململانێیە پێکبهێنرێتو سەردانی ناوچەکان بکات[3]. جگەلەوەش هەمان ڕۆژ (مەسعود بارزانی)بانگەوازێکی بۆ ڕاگرتنی شەڕ ڕاگەیاند دەڵێت:"هەرچەندە زوڵمێکی زۆر لە پارتی کراوە لەم ڕووداوانەی دووسێ ڕۆژی ڕابردوو لە ناوچەی قەڵادزێو ڕانیەو سلێمانیو لەبەرئەوەی چارەنووسی گەلی کورد لە مەترسیەکی یەکجار زۆر گەورەدایەو بۆ ئەوەی چیتر کارەساتی دڵتەزێن ڕوونەدات، داوا دەکەم لە هەموو لایەك هێمنی بپارێزنو شەڕ بووەستێنن دەستبەجێ"[4].

لە ٤ی ئایاری ١٩٩٤ یش مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ك) و (پ.د.ك) کۆبوونەوەو چەند بڕیارێکیاندا:

١. کۆمیتەیەکی هاوبەش لە (پ.د.ك) و (ی.ن.ك) بۆ ناچەکانی سلێمانیو کەرکوكو قەڵادزێو ڕانیە بۆ ڕاگرتنی شەڕو نەهێشتنی شوێنەواری شەڕو حاڵەتی شەڕ ڕەوانە بکرێ.
٢. هەمان کۆمیتەش بۆ هەمان مەبەست بۆ ناچەکانی دهۆكو بادینان ڕەوانە بکرێ.
٣. هەموو گیراوەکان بدرێنەوە بە یەکتری.
٤. دەبێ بەپەلە بارەگاکان بدرێنەوە بە یەکتری.
٥. سەرجەم ئەو ئامێرو کەلوپەلانەی کە لەلایەن هەردوولاوە دەستی بەسەردا گیراوە بەبێ هیچ بیانوویەك بیدەنەوە بە یەکتر.
٦. خۆسازدان نەمێنێو هیچ هێزی تازە لەڕووی یەکتر کۆنەکرێنەوە[5].

---

بووە بە قایدی مەنتیقەی سلێمانی کەرکوك لە سوپای یەکگرتووی کوردستان، لە ساڵی ١٩٨٧ەوە بووە بە ئەندامی لیژنەی ناوەندی پارتی هەتا کۆنگرەی دوانزە، چەندین بەرپرسیارێتی دیکەی وەرگرتووەو ئێستا ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتییە لە سلێمانی، لە گوندی نۆرکی سیوەیل لە ناوچەی سلێمانی نیشتەجێیە.

(١) محەمەدی حاجی مەحمود: س. پ، پ٤، ل٣٣٨.

(٢) جەلالی حاجی حسێن کەسایەتییەکی ناودار و نیشتمان پەروەری شاری سلێمانی بوو، ماوەیەکی زۆر لە ریزەکانی بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورددا وەك پێشمەرگە خەباتی کردووە، دواتر وەك کەسایەتییەکی بێلان لە هەوڵی ڕاگرتنی شەری نێوان پارت و یەکێتی دا بووە. (بڕوانە// محەمەدی حاجی مەحمود: س. پ، ب٤، ل٣٤٠.؛ کامیل ژیر:س. پ، ل٤١.

(٣) بۆ ناوی بەشداربووانی کۆبوونەوەکە و دەقی ڕاگەیاندراوەکە بڕوانە// ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٦٧٦)، ساڵی سێیەم، ٤/٥/١٩٩٤، ل١.

(٤) بۆ دەقی تەواوی بانگەوازەکەی بارزانی بڕوانە// ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ه.س، ل١.؛ بەهرۆز گەلاڵی: س. پ، ل٩٣؛ فاتح ڕەسولّ: س. پ، ل١٥٠.

(٥) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە// بەهرۆز گەلاڵی: ه. س، ل٩٦-٩٧.؛ فاتح ڕەسولّ: س. پ، ل١٥٢-١٥٣.

ئەو کۆمیتە هاوبەشەی کە بۆ ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی شاری سلێمانی پێکهات هەر یەکە لە (کۆسرەت ڕەسولّ) لە (ی.ن.ك) و (د.ڕۆژ نوری شاوەیس) لە (پ.د.ك) سەرکردایەتیان دەکرد، لەهەوڵی ئاسایکردنەوەی بارودۆخەکەدا بوون، هەرچەندە لە شاری سلێمانی هیچ پێکدادانێك ڕوویندا بەلاّم لە ناوچەکانی دیکەی پارێزگاکە هەندێك پێشێلکاریو پێکدادان لە ناوچەکانی چەمچەماڵو دەربەندیخان ڕوویانداو کاری کۆمیتە هاوبەشەکەی قورستکرد[1].

هەرچەندە لەناو شاری سلێمانی پێکدادان نەمابوو، بەلاّم ترسی گرتنو ڕاوەدونانی ئەندامانی پارتی هێشتا هەر بەردەوام بوو، بۆیە ئەو کاتە (محێدین ڕەحیم) کە بەرپرسێکی بالاّی پارتی بوو لە ناو شاری سلێمانیدا، لە ڕێگەی محەمەدی حاجی مەحمودەوە هەوڵی چۆلکردنی سلێمانی دەدات، دواجار بە هاوکاری محەمەدی حاجی مەحمودو بە ئاگاداری (ملازم عومەر) کە بەرپرسی یەکەمی یەکێتی بوو لەشاری سلێمانیدا لە ڕۆژی ٤/٥/١٩٩٤، لە شاری سلێمانی هەلّهات و شاری سلێمانی بەجیّ هێشت[2]. لەسەر باردۆخی ئەندامانو لایەنگرانی پارتی لەناو شاری سلێمانیدا محەمەدی حاجی مەحمود دەلّێت:"ئەندامانی پارتی لەناو شاری سلێمانی تا دەگەیشتە سنوری ناوچەی سۆسیالیستەوە وەزعیان شڕبوو، جامانەکانیان دەشاردەوە، قسەیان نەدەکرد، کە دەگەیشتنە سنوری سۆسیالست بەڕێمان دەکردن بۆ هەورامانو سورێن، یەکسەر ڕەئیان دەگۆڕاو قسەیان دەگۆڕا و جامانە ڕەشەکەیان لادەبردو جامانە سورەکەیان قنج دەبەستەوە"[3].

جێی ئاماژەیە لە ماوەی شەڕەکەدا پێکدادان لە ناوچەکانی سەر بە پارێزگای سلێمانی بوو، لەناو شاری سلێمانی جگەلە ڕۆژی ٣ی ئایاری ١٩٩٤ هیچ پێکدادانێکی دیکەی لەناو شاری سلێمانی ڕووینەداوە، بەلاّم لە ١١ی ئایاری ١٩٩٤ پارتیو بزوتنەوەی ئیسلامی دەستیان بەسەر ناوچە سنورییەکانی نێوان سلێمانیو ئێراندا گرتو ناوچەکانی (تەوێڵە، بیارە، خورماڵ)یان خستە ژێردەستی خۆیان، لە ٢١ی ئایاری ١٩٩٤ بە مەبەستی سەندنەوەی ئەو ناوچانە لە پارتیو بزوتنەوەی ئیسلامی یەکێتی هێرشی بۆ ئەو ناوچانە دەستپێکرد، بەلاّم سەرکەوتوو نەبوو، لە ئێوارەی هەمان ڕۆژ دانیشتوانی شاری سلێمانی وەك ناڕەزایەتیەك لە دژی شەڕی ناوخۆ خۆپیشاندانێکیان ڕێکخستو چەندین دروشمیان لە دژی شەڕی ناوخۆو براکوژی بەرزکردبۆوە، بەلاّم دواتر بلاّوەیان پێکرا[4].

جگەلەوەش لەشاری سلێمانییەوە هەوڵی دیکە هەبوو، بۆ ڕاگرتنی شەڕ، ڕۆژی ٢٥ی ئایاری ١٩٩٤ ژمارەیەکی زۆر لە ژنانی شاری سلێمانی بە ڕێپێوان بەرەو شاری هەولێر بەڕێکەوتن، بە مەبەستی داواکردنی ئاشتیو ڕاگرتنی شەڕی براکوژی، لە بەیاننامەیەکیشدا داوای کاراکردنەوەی پەرلەمانیان کرد، داواشیانکرد کە شەڕی ڕاگەیاندن بوەستێنن[5].

---

(١) پارتی دیموکراتی کوردستان/ مەکتەبی دیراسات و توێژینەوە:س. پ، ل٥٥-٥٥.

(٢) محەمەدی حاجی مەحمود: س. پ، ب٤، ل٣٤١.

(٣) هـ.س، ل٣٥٦-١٥٧.

(٤) پارتی دیموکراتی کوردستان/ مەکتەبی دیراسات و توێژینەوە: س. پ، ل٦٠، ٦٦-٦٧.

(٥) بۆ دەقی بەیاننامەکە بڕوانە// ڕۆژنامەی کوردستانی نویّ، ژمارە (٦٩٩)، سالّی سێیەم، یەك شەممە، ١٩٩٤/٦/٥؛ بۆ زانیاری زیاتر لەسەر کارو چالاکییەکانی ئەو ئافرەتانە. بڕوانە// فاتح ڕەسولّ: س. پ، ل١٦١-١٦٢.

لە مانگی حوزەیرانی ١٩٩٤دا بارودۆخەکە بەرەو هێوربوونەوە دەڕۆیشت، لە ڕۆژی ٢ ی حوزەیران (جەلال تاڵەبانی) بەیاوەری نەوشیروان مستەفا لە دەرەوەی وڵات گەڕایەوەو گەیشتە شاری سلێمانی[١]، ڕۆژێك دواتر تاڵەبانی دەستپێشخەرییەکی بۆ ڕاگرتنی شەڕ ڕاگەیاند[٢]، ووتی:"دەبا هەموومان پێکەوە دەست بخەینە دەستی یەکترو پەکی پلانە گلاوەکانی دوژمنان بخەین"[٣]. لە ٥ی حوزەیرانی ١٩٩٤یشدا (جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی) بە بەشداری مەکتەبی سیاسی هەردوولا و ئامادەبوونی (د.ئەحمەد چەلەبی) سەرۆکی ئەنجومەنی ڕاپەڕاندنی کۆنگرەی نیشتیمانی یەکگرتووی عێراق (INC) لە هۆڵی ئوتێل (شیرین پالاس)ی شاری هەولێر کۆبوونەوە، لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیاری پێکهێنانی ژوورێکی عەمەلیات لە شاری سلێمانی درا[٤]، ژووری عەمەلیاتی سلێمانی لە (جەوهەر نامیق وەك نوێنەری پارتی، ملازم عومەر عەبدوڵلا وەکو نوێنەری یەکێتی و عەمید تەلال وەك نوێنەری INCو کامل حاجی عەلی وەك نوێنەری بزووتنەوەی ئیسلامی) پێکهاتبوون، لە ٨ ی حوزەیران کارەکانی خۆیان بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخەکەو ڕاگرتنی شەڕ دەستپێکرد[٥].

جێی ئاماژەیە، دەستپێشخەرییەکەی (جەلال تاڵەبانی)و هێوربوونەوەی بارودۆخەکە ڕەنگدانەوەی لەسەر شاری سلێمانی هەبووە، ئەوەتا دوای (٣) ڕۆژ لە ڕاگەیاندنی دەستپێشخەرییەکەی (جەلال تاڵەبانی)و لە ڕۆژی ١٩٩٤/٦/٦دا ئەنجومەنی باڵای جەماوەری شاری سلێمانی بۆ پشتگیری لەو دەستپێشخەرییەو چەسپاندنی ئاشتی ڕێپێوانێکی بۆ جەماوەری شاری سلێمانی ڕێکخستووە، لەم ڕێپێوانەدا ژمارەیەکی زۆر هاوڵاتی لە سەرجەم چین و توێژەکانی شارو سەرجەم ڕێکخراوە پیشەیی و دیموکراتی و جەماوەرییەکان بەشداربوون، جەماوەری شاری سلێمانی لەبەردەم پارێزگای سلێمانی کۆبوونەوە، دواتر بەرەو بارەگای (UN) بەڕێکەوتن، چەندین دروشمیان بەرزکردبۆوەو داوای کۆتایهێنان بە شەڕی براکوژیان دەکرد، دواتریش وەفدێك لە پیاو ماقوڵانی شاری سلێمانی وەك نوێنەری بەشداربووانی ڕێپێوانەکە یاداشتێکیان پێشکەش بە (UN) کرد، لەو یاداشتەدا داوایان لە (UN) کرد کە پشتگیری لە هەڵوێستی جەماوەری شاری سلێمانی بکەن و کاربکەن بۆ گەڕانەوەی ئاشتی و ئارامی بۆ سەرجەم شارەکانی کوردستان[٦].

لەم سەروبەندەداو لە ڕۆژی ٨ ی حوزەیرانی ١٩٩٤، پارتی و بزووتنەوەی ئیسلامی لەچوار قۆڵەوە هێرشیان بەرەو گردەنازێ و شانەدەری دەستپێکرد، یەکێتی ڕایگەیاند هێرشەکە بە پاڵپشتی تۆپخانەکانی ئێران بووە[٧]. ئەمەش ڕەوشەکەی بەرەو ئاڵۆزی بردەوەو بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە کە لەو ناوچانەدا

---

(١) ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٦٩٨)، ساڵی سێیەم، هەینی، ١٩٩٤/٦/٣، ل١.

(٢) هـ. س، ل٢.

(٣) وەرگیراوە لە// ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٦٩٩)، ساڵی سێیەم، یەك شەممە، ١٩٩٤/٦/٥، ل١.

(٤) ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٧٠٠)، ساڵی سێیەم، دووشەممە، ١٩٩٤/٦/٦، ل١.

(٥) پارتی دیموکراتی کوردستان/ مەکتەبی دیراسات و توێژینەوە: س. پ، ل٧٣.

(٦) سەدان هەزار کەس لە جەماوەری شاری سلێمانی ڕێپێوانێکی هێمنانەیان سازکرد، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٧٠١)، ساڵی سێیەم، سێ شەممە، ١٩٩٤/٦/٧، ل١.

(٧) ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٧٠٣)، ساڵی سێیەم، ٥ شەممە، ١٩٩٤/٦/٩، ل١.

دروست ببوو، ژووری عەمەلیاتی سلێمانی سەردانی ناوچەکەی کردو لە گوندی گردەنازی نزیک سەیدسادق لە قەزای هەڵەبجە کۆبوونەوە، لە کۆبوونەوەکەدا بڕیاردرا کە لیژنەیەکی فەرعی عەمەلیات لە (کوردۆ قاسم نوێنەری "ی.ن.ک"، فائیق تۆفیق لە "پ.د.ک"، عەمید تاهر لە "INC"، قاسم مستەفا لە "بزوتنەوەی ئیسلامی") پێکبهێنرێ، تەقەکردن لە هەموو ناوچەکان بوەستێنرێت، یەکێتی هێزەکانی خۆی لە هەردوو گوندی گامێش تەپەو ناوگردان بکێشێتەوەو هێزەکانی (INC) لە جێگایاندا جێگیربکرێن و ناشبێ هێزەکانی پارتی و بزوتنەوە بچنە ناو ئەو دوو گوندەوە، خاڵی پشکنین سەر بە (INC) لە گردەنازێ دابنرێت، بۆ چاودێریکردنی ڕێکەوتننامەکە[١].

جێی ئاماژەیە ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوانی شارەزوور، بەتایبەتی ئەو ناوچانەی کە شەڕەکەی تێدابوو، ئاوارەی شاری سلێمانی ببوون، لە شوقەکانی قالاوە نزیک شەقامی شەست مەتری نیشتەجێی ببوون و گوزەرانێکی خراپیان بوو، بەشێک لەو ئاوارانە پێشتر ئاوارەی کەرکوک بوون و لە ئۆردوگای شانەدەری نیشتەجێکرابوون، بەڵام بەهۆی شەڕی پارتی و بزوتنەوەو یەکێتییەوە لەو ناوچانە دیسان ئاوارەی شاری سلێمانی ببوونەوە[٢].

ژووری عەمەلیاتی سلێمانی بەردەوام بوو لە هەوڵەکانی بۆ چەسپاندنی ئاشتی و ئارامی لە پارێزگای سلێمانیدا، بۆ ئەو مەبەستەش لە ڕۆژی ١٠ی حوزەیراندا کۆبوونەوە بڕیاریدا، ڕاوەدونان و گرتنی هاوڵاتیان لەسەر بنەمای حزبایەتی ڕابگرێ و گیراوەکان ئازادبکرێن، ئەو خێزان و ماڵانەی لە ئاکامی ڕووداوەکانەوە جێگەو ماڵی خۆیان بەجێهێشتووە بگەڕێنەوە سەر ماڵ و موڵکی خۆیان[٣]. لە ١٢ی حوزەیرانیش (جەلال تاڵەبانی) ئامادەی کۆبوونەوەیەکی دیکەی ژووری عەمەلیاتی سلێمانی بوو، کە بڕیاردرا کێشەکان چارەسەربکرێن و دیلەکان ئازادبکرێن[٤]، بەڵام لە ڕۆژی دواتر بارودۆخی شاری سلێمانی تێکچوو، هۆکارەکەشی ئەوەبوو کە لە کاتی هێرشی پارتی و بزوتنەوەی ئیسلامی بۆ ناوچەکانی پێنجوێن و هەڵەبجەو شارەزوور کە ژمارەیەکی زۆری پێشمەرگە لە هەردوولا کوژران، (عوسمان قادر منەوەر) کە فەرماندەیەکی سەربازی پارتی بوو لەنێو کوژراوەکاندا بوو، شەڕەکە لە ٨-١٠ی حوزەیرانی ١٩٩٤ بەردەوامبوو، (٣) ڕۆژ دواتر واتە لە ١٣ی حوزەیران تەرمی عوسمان قادر منەوەر گەشتەوە شاری سلێمانی[٥]، ڕێوڕەسمێک ئامادە کرا بۆ کاتی بەخاک سپاردنی کە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی شاری سلێمانی و ئەندام و لایەنگرانی پارتی بەشداری ڕێوڕەسمەکە بوون[٦]، لەبەرئەوەی پارتی لە دوای ١٩٩٤/٥/٣ هیچ بنکەو بارەگایەکی حزبی و ڕاگەیاندنی لەشاری سلێمانیدا نەمابوو، بۆیە لە ڕێگەی ڕادیۆو تەلەفزیۆنی حزبی شیوعییەوە کات و شوێنی بەخاک سپاردنەکەی بۆ خەڵکی شاری سلێمانی بلاْوکرایەوە، سەرەتا یەکێتی بڕیاریدا بوو بەشداری لەو ڕێوڕەسمەدا بکات، بەڵام دواتر بڕیارەکە گۆڕاو یەکێتی بڕیاریدا

(١) هـ. س، ژمارە (٧٠٦)، دووشەممە، ١٩٩٤/٦/١٣، ل١، ٧.

(٢) ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٧٠٠)،ساڵی سێیەم، دووشەممە، ١٩٩٤/٦/٦، ل٥.

(٣) پارتی دیموکراتی کوردستان/ مەکتەبی دیراسات و توێژینەوە: شەڕی ناوخۆی...س. پ، ل٧٤.

(٤) ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٧٠٦)، ساڵی سێیەم، دووشەممە، ١٩٩٤/٦/١٣، ل١، ٧.

(٥) فاتح ڕەسوڵ: س. پ، ل١٦٤.

(٦) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (دەرویش ئاغا)، ٢٠١٧/١١/٢١، سلێمانی.

که دەبێت تەنها کەس و کارەکەی ئامادەی  بە خاك سپاردنی تەرمەکەی بن و نوێنەرانی پارتی و بزوتنەوەی ئیسلامی و بەرەی کوردستانی و (INC)  بەشداری نەکەن، ئەویش لەبەرئەوەی گوایە پارتی لە پێنجوێنەوە هێزی هێناوەتە شاری سلێمانی بۆ ئەوەی بارودۆخەکە ئاڵۆزنەبێت، ئەوەبوو نوێنەرانی پارتی و بزوتنەوە لە ئوتێل سلێمانی پالاس مانەوە و بەشداری ڕێوڕەسمەکەیان نەکرد، بەلام لەکاتی بەڕێکردنی تەرمەکەی بۆ گۆڕستان کەس و کاری ناوبراو ئەو جەماوەرەی  بەشداری بەخاك سپاردنەکەی بوو، تەرمەکەیان بردۆتە بەردەم بارەگای لقی چواری پارتی کە ئەوکاتە لەژێردەستی یەکێتیدا بوو[(١)]، لێرەوە ئاڵۆزی دروست دەبێت و جەماوەر هوتاف دەکێشن و تەقە دەستپێدەکات،   ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی شاری سلێمانی و ئەوانەی بەشداری بەخاك سپاردنەکەیان کرد کوژران[(٢)].

سەبارەت بە ئاماری قوربانیان بۆچونی جیاواز هەیە، (ی.ن.ك)  ژمارەی کوژراوانی بە (١٢)و بریندارەکانیشی بە (٤٠) کەس داناوە[(٣)]، (پ.د.ك)  یش ژمارەیەکی کوژراوەکانی بە (٧٠) کەس و بریندارەکانی بە (١٥٢) کەس خەملاندووە[(٤)]، بەلام (مەحمود سەنگاوی) لە بیرەوەرییەکانیدا ئاماژە بەوەدەکات کە (١٨) کوژراو و (٤٦) بریندار هەبووە لەو ڕۆژەدا[(٥)]، بە بۆچونی ئێمە خەملاندنەکەی مەحمود مەحمود سەنگاوی زیاتر لە ڕاستییەوە نزیکە [(٦)]. هەرچۆنێك بێت ئەم ڕووداوە جۆرێك لە بێ متمانەیی لە نێوان (پ.د.ك)و (ی.ن.ك)  دروستکرد، هەوڵەکانی ئاشتی خاوتر کردەوە، شەڕی ڕاگەیاندن دەستپێکردەوە، یەکێتی پارتی بەوە تۆمەتبارکرد کە هەوڵیداوە ئاسایش و ئارامی شاری سلێمانی تێکبدات و دەڵێت: "لە سلێمانیدا ڕێگەدراوە تەرمی کاك عوسمانی قادر منەوەر بە ڕێزەوە بنێژرێ، کەچی بەداخەوە ئەم هەڵوێست و ڕێزگرتنە لە قوربانییەکانی پارتی لەلایەن خەڵکی ئاژاوەچی قۆزراوەتەوە و ئاژاوەیەکی  خوێناویان لە شاری سلێمانیدا خولقاندووە"[(٧)]، هەروەها لە ڕوونکردنەوەی مەڵبەندی ڕێکخستنی  سلێمانی (ی.ن.ك)  دا هاتبوو:(کە دەستەیەکی گومانلێکراوی ڕاسپێردراوی بێگانە لەناو خەڵکە تەرم نێژەرەکە ڕێگاکەیان گۆڕی و دەستیان کرد بە گێرەشێوێنی و تەقە و نارنجۆك فڕێدان، بۆئەوەی

---

(١) پارتی دیموکراتی کوردستان/ مەکتەبی دیراسات و توێژینەوە: س. پ، ل٩٢-٩٣.

(٢) فاتح ڕەسولێ: س. پ، ل١٦٤.

(٣) ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٧٠٧)، ساڵی سێیەم، سێ شەممە، ١٩٩٤/٦/١٤، ل١. بەلام هەر لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٧٠٩)، ساڵی سێیەم، دووشەممە، ١٩٩٤/٦/١٦ ژمارەی کوژراوەکانی بە  (١٢)و بریندارەکانیشی بە (٤٢) کەس داناوە.

(٤) ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە (٧٢٩١)، چوارشەممە، ١٩٩٤/٦/١٥، ل١.

(٥)بیرەوەرییەکانی سەنگاوی،س. پ، ل٦٥٥.

(٦ )ئەو کەسانەی لەو ڕۆژەدا کوژران بریتی بوون لە :( ١-ئاراس قادر ئەحمەد، ٢-نوری عەلی حەسەن، ٣-حەمە فایق عەلی حمە ئەحمەد، ٤-کەمال نوری بابە شێخ، ٥-ئیبراهیم حەسەن ئەحمەد، ٦-سەردار مەحمود مەعروف، ٧-محەمەد کەریم سۆفی، ٨-هیوا غەفور سەعید، ٩-هیوا سابر سەعید، ١٠-قارەمان مەحمود سالح، ١١-نەریمان مستەفا مەحمود، ١٢-نەجمەدین عەبدول محەمەد، ١٣-حەمە ئەمین حسێن ڕەشید، ١٤-ئەبوبەکر عەبدوڵڵا، ١٥-بەهرۆز ئەحمەد عەبدوڵڵا، ١٦-هاوار ڕەفیق عەزیز، ١٧-جەمال عەزیز حیکمەت، ١٨-زاهیر ئەحمەد سالح). وەرگیراوە لە// لقی چواری (پ.د.ك).

(٧) بڕوانە// ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٧٠٧)... س. پ، ل١.

ئـارامی شـارو هـەوڵو کۆششـی ئاشـتیو غرفـەی عەمـەلیات پەکبخـەن)[1]. بـەڵام پـارتی ئـەو تۆمەتـە ڕەتدەکاتەوە، دەروێش ئاغا دەڵێت:"ئەوانەی بەشداری ناشتنی تەرمەکە بوون خەڵکی مەدەنی بوونو بە هـیچ جۆرێـك چـەکیان پێنـەبوو، بـەڵکو زۆربـەیان ئـافرەت بـوون، یـەکێتی تەقـەی دەسـتپێکردووەو ئـەو کارەساتەی ١٣ی حوزەیرانی لێکەوتەوە، کە بەداخەوە خەڵکی مەدەنیو بێتاوان شەهیدکران"[2].

ڕۆژنامەنووسێکی فنلەندی بەناوی (ماریا باورم گارتنز) کە ڕۆژی ڕوداوەکە لە شاری سلێمانی بووەو بە چاوی خۆی ڕووداوەکەی بینیووەو لە چاوپێکەوتنێکی K.tv دا دەڵێت:"چەکدارەکانی لیوای تایبەتی (ی.ن.ك) لە نزیك پەیکەری کاوەی ئاسنگەرەوە تەقەیان لە هاوڵاتیان کردووە"[3]. بە بۆچونی ئێمە لەو بارودۆخەدا هەریەکە لە پارتی و یەکێتی هەموو هەوڵەکانی خۆیان بۆ ئەوە خستوەتە گەڕ کە لایەنی بەرامبەر تۆمەتبار بکەن و خۆیان لە بەرپرسیارێتی ئەو کارەساتە بدزنەوە کە بە هۆی شەری نێوانیانەوە توشی گەلی کوردستان و دانیشتوانی شاری سلێمانی ببوو.

دواتر ژووری عەمەلیاتی سلێمانی کۆبوونەوەو بڕیاریاندا کە بەزووترین کات لیژنەیەك دروستبکرێت بـۆ لێکۆڵینـەوە لـە ڕووداوەکـەی ١٣ی حـوزەیرانی ١٩٩٤، هـەموو ئەوانـەی کـە لەسـەر ئـەو ڕووداوە دەستگیرکرابوون ئازادبکرێن[4]، دیارە مەبەست لە ئەو هاوڵاتیانەیە کە ئەو ڕۆژە دەستگیرکرابوون، لای خۆشیەوە (ی.ن.ك) ئامادەی خۆی بۆ لێکۆڵینەوەکە دەربڕی[5]. ئەوەی لێرەدا گرنگە ئامارەی بۆ بکرێت، ناکۆکیو شەڕی نێوان پارتیو یەکێتی زەرەرو زیانی بۆ هاوڵاتیانی شاری سلێمانی هەبووەو دواجار هەر ئەوان قوربانی ململانێکانی نێوانیان بوون.

لـەماوەی شـەڕوپێکدادانەکانی نێـوان (پ.د.ك) و (ی.ن.ك) دا، هـەرێمی کوردسـتان بـە کـردەوە و بـە شێوازێکی نافەرمی بوو بە دوو بەشەوە، ناوچە ئازادکراوەکانی سەر بە پارێزگای هەولێرو سلێمانی لە ژێردەسـەڵاتی (ی.ن.ك) دابـوو، ناوچـەکانی زاخـۆو دهـۆكو بادینـان لـە ژێردەسـەڵاتی پـارتی دیموکراتـدا مایەوە، لەم بارودۆخەدا خەڵکی هەرێمی کوردستانو بەتایبەتی دانیشتوانی ژێردەسەڵاتی (ی.ن.ك) لەو داهاتو ئازوقەو یارمەتیانە بێبەشبوون، کە لە گومرگی برایم خەلیلەوە دەهاتنە کوردستان، زۆر بە ئەستەم دەگەیشـتنە ناوچـەکانی دەسـەڵاتی (ی.ن.ك)، بۆیـە خـەڵکی ئـەو ناوچـانە بەشـاری سـلێمانییەوە لـە گـوزەرانێکی خراپـدا دەژیـان، بەتایبـەتی دوای ئـەوەی دوو گـەمارۆی ئـابوری لەسـەر ئـەو شـارانە هـەبووە، ئـەویش گـەمارۆی نەتەوەیـەکگرتووەکان لەسـەر عێـراقو بەگشـتیو گـەمارۆی عێـراقیش لەسـەر هـەرێمی کوردستان، ئەم گەمارۆیەی پارتیش ئەوەندەی تر بارو گوزەرانی دانیشتوانی شاری سلێمانی خراپترکرد، پێشتر گومرگی (برایم خەلیل) داهاتەکەی لە ڕێگەی حکومەتی هەرێمەوە خەرجدەکرا، بەڵام لەو ماوەیەدا

---

(١) وەرگیراوە// ڕوونکردنەوەیەك لە مەڵبەندی ڕێکخستنی سلێمانییەوە، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٧٠٧)... س. پ، ل١.

(٢) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (دەروێش ئاغا)، سلێمانی، ٢٠١٧/١١/٢١.

(٣) پارتی دیموکراتی کوردستان/ مەکتەبی دیراسات و توێژینەوە: س. پ، ل٩٤.

(٤) ڕۆژنامەی برایەتی، ژمارە (١٩٦٩)، پێنج شەممە، ١٩٩٤/٦/١٦، ل١؛ ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٧٠٨)، ساڵی سێیەم، چوار شەممە، ١٩٩٤/٦/١٥، ل١.

(٥) ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٧٠٧)، س. پ، ل١.

لەژێر دەسەڵاتی پارتیدا مایەوەو تەنها بەشی پارێزگای دهۆکی لێ دەنارد، ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی یەکێتی لێی بێبەش بوون، ئەمەش ئەرکی حکومەتی قورستر کردبوو[1].

شەڕوپێکدادانەکان و شەڕی ڕاگەیاندنی نێوان هەردوولا هەتا کۆتاییەکانی مانگی حوزەیرانی ١٩٩٤ بەردەوامبوو، بەڵام یەکێتی بەدیاریکراوی لە ٢٤ی حوزەیرانی ١٩٩٤دا شەڕی ڕاگەیاندنی ڕاوەستاندا، لەمبارەیەوە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بە مانشێتێکی گەورە نوسیویەتی:" یەکێتی لەمڕۆوە یەك لایەنە هێرشی ڕاگەیاندن) یش ڕادەگرێت"[2]، وردەوردە بارودۆخەکە بەرەو هێوربوونەوە دەڕۆیشت، ڕۆژی (١٩٩٤/٦/٢٧) بە ئامادەبوونی (جەلال تاڵەبانی)و (مەسعود بارزانی) مەکتەبی سیاسی هەردوولا نوێنەرانی (INC) کۆبوونەوەکان دەستپێکرد لەسەر چەند خاڵێك ڕێکەوتن، گرنگترینیان:

١. بارودۆخی هەرێم بگەڕێتەوە شێوەی پێشوو، شەڕوپێکدادان ڕابگیرێت.
٢. حکومەتی هەرێمی بەردەوامبێت، هەتا حکومەتێکی تر دادەمەزرێت.
٣. چارەی تەواو بۆ ناوکۆکییەکان بدۆزرێتەوە[3].

لە ڕۆژی دواتریش واتە لە ٢٨ی حوزەیرانی ١٩٩٤ کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتی ڕێوشوێنی هاوبەش بۆ دەستبەکاربوونەوەی پەرلەمان و حکومەتی هەرێم داڕێژراو بڕیاردرا باودۆخی سیاسی شارەکانی باشوری کوردستان ئاسایی بکرێتەوەو گوشار لەسەر ئەندامانی پارتی و یەکێتی هەڵبگیرێت[4].

بەوشێوەیە لە ٣٠ی حوزەیراندا پەرلەمانی کوردستان ئاسایکرایەوەو یەکەمین دانیشتنی دوای دوو مانگ لەشەڕی ناوخۆ ئەنجامدرا، هەریەکە لە (جەلال تاڵەبانی)و (مەسعود بارزانی)و (ئەحمەد چەلەبی)و چەندین کەسایەتی دیکە بەشداری کۆبوونەوەکەی پەرلەمانیان کرد، هەموو لایەك هاوڕابوون لەسەر چارەسەرکردنی کێشەکان و کۆتایی هێنان بەشەڕی ناوخۆ، هەریەکە لە (جەلال تاڵەبانی)و (مەسعود بارزانی) و (کۆسرەت ڕەسوڵ) سەرۆکی حکومەت گوتاریان پێشکەشکرد[5]. لەدوای ئەوە بۆ ماوەیەك کوردستان بەکردەوە ئارام بۆوە، پەرلەمان و حکومەتی هەرێم کەوتنەوە کاری ئاسایی خۆیان و بارەگاکانی پارتی و یەکێتی لە سلێمانی و دهۆك کرانەوەو خەڵکە دەربەدەر کراوەکانیش گەڕانەوە جێگەو کاری

---

(١) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە// ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٧١٠)،ساڵی سێیەم، هەینی، ١٩٩٤/٦/١٧، ل٥.؛ هـ. س، ژمارە (٧١١)، ساڵی سێیەم، یەك شەممە، ١٩٩٤/٦/١٩، ل١.؛ هـ. س، ژمارە (٧١٢)، ساڵی سێیەم، سێ شەممە، ١٩٩٤/٦/٢١، ل٢.؛ هـ.س، ژمارە (٧١٣)، ساڵی سێیەم، چوارشەممە، ١٩٩٤/٦/٢٢، ل١، ٢.

(٢) هـ. س، ژمارە (٧١٥)، ساڵی سێیەم، هەینی، ١٩٩٤/٦/٢٤، ل١.

(٣) بۆ زانیاری زیاتر لەسەر کۆبوونەوەکەو خاڵەکانی ڕێکەوتنەکە. بڕوانە// فاتح ڕەسوڵ: س. پ، ل١٦٨.؛ ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٧١٨)، ساڵی سێیەم، سێ شەممە، ١٩٩٤/٦/٢٨، ل١.

(٤) ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٧١٩)، ساڵی سێیەم، چوارشەممە، ١٩٩٤/٦/٢٩، ل١.

(٥) هـ. س، ژمارە (٧٢٠)، ساڵی سێیەم، هەینی، ١٩٩٤/٧/١، ل١.؛ بۆ دەقی وتارەکانی مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی و کۆسرەت ڕەسوڵ. بڕوانە// هـ. س، ل٢، ٣.

خۆیان[1]. لە کۆبوونەوەی ١٩٩٤/٧/٥ پەرلەمانی کوردستان هەڵوێستی خۆی لەسەر ڕووداوەکانی مانگی ئایارو حوزەیرانی ساڵی ١٩٩٤ دەربڕی و نەخشە ڕێگەیەکی بۆ چارەسەکردنی تەواوی کێشەکان لە (١٩) خاڵدا خستەڕوو[2].

بەڵام هیچ کام لەم هەوڵانە سەرکەوتوو نەبوون، ئەوەتا هەر لە کۆتایی مانگی تەمموزو سەرەتای مانگی ئابدا پارتی و یەکێتی شەڕی ڕاگەیاندنیان دەستپێکردەوە[3]، کوردستانی نوێ بە مانشێتێکی گەورە نووسیویەتی:"برایەتی پاساو بۆ پیلانی پاراستن دەهێنێتەوە"[4]. هەر لە مانگی ئابدا شەڕی ڕاگەیاندن گۆڕا بۆ پێکدادان و لە ١٩٩٤/٨/٦ و بزوتنەوەی ئیسلامی هێرشیان کردەسەر ناوچەی پشدەرو نزیکەی (٢٠) کەس کوژران و (٢٣) کەسیش بریندار بوون، یەکێتی ڕایگەیاند هێرشەکە بەپشتیوانی تۆپخانەکانی ئێران بووە[5]، دواتر یەکێتی دژە هێرشی ئەنجامداو شکستی بە هێرشەکەی پارتی و بزوتنەوەی ئیسلامی هێنا[6]. هەر لە هەمان مانگدا بە دیاریکراوی لە ١٩٩/٨/٢٢، پارتی و بزوتنەوەی ئیسلامی هێرشیان کرد بۆ بۆ سەر سەیدسادق لە کاتژمێر (چواری) سەرلەبەیانی، دەستیان بەسەر سەیدسادق و شانەدەری و سەرای سوبحان ئاغاو گوندی گرێزە گرتەوە، بەڵام لە شەوی ٢٣-١٩٩٤/٨/٢٤ یەکێتی دژە هێرشی ئەنجامداو ئەو ناوچانەی لە پارتی و بزوتنەوە وەرگرتەوە[7].

جێی ئاماژەیە لە کاتی شەڕو پێکدادانەکانی نێوان پارتی و یەکێتی لە سنوری پارێزگای سلێمانیدا، لەناو شاری سلێمانیدا بارودۆخەکە زۆر ئاڵوز نەبووە هیچ پێکدادانێك لەو ماوەیەدا لەناو شاری سلێمانیدا ڕوویندەداوە، بەڵام لەڕۆژی ١٩٩٤/٩/١ نزیکەی (١٠٠٠) کەس لە ژن و پیاو و گەنج و منداڵی گەڕەکی حامیەی کۆنی شاری سلێمانی خۆپیشاندانێك ساز دەکەن، لە دژی بڕیارێکی پارێزگاری سلێمانی (سالار عەزیز)، کە بڕیاریدابوو سەرجەم ئەو خانوانەی کە بەنایاسایی دروستکرابوون تێکبدرێن، ڕێکخەری

---

(١) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە// ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٧٢٣)، ساڵی سێیەم، دووشەممە، ١٩٩٤/٧/٤، ل١.؛ هـ. س، س، ژمارە (٧٢٤)، ساڵی سێیەم، سێ شەممە، ١٩٩٤/٧/٥، ل١.؛ پارتی دیموکراتی کوردستان/ مەکتەبی دیراسات و توێژینەوە: س. پ، ل٧٤-٧٥.

(٢) ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٧٤١)، ساڵی سێیەم، چوارشەممە، ١٩٩٤/٧/٢٦، ل١.؛ بۆ دەقی تەواوی هەڵوێستی پەرلەمان و بڕیارە (١٩) خاڵیەکە. بڕوانە// برلمان، العدد (٢١)، ٢٧ ایلول ١٩٩٤، ص٢.

(٣) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە// ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٧٤٦)، ساڵی سێیەم، دووشەممە، ١٩٩٤/٨/١، ل٢.؛ هـ. س، ژمارە (٧٤٢)، ساڵی سێیەم، ١٩٩٤/٧/٢٨، ل١.؛ هەفتەنامەی گوڵان، ژمارە (١٥)، ١٩٩٤/٨/٢٨، ل٨.

(٤) ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٧٤٥)، ساڵی سێیەم، یەك شەممە، ١٩٩٤/٧/٣١، ل١.

(٥) بۆ ناوی ئەو کەسانەی کە لەو هێرشەدا کوژران و برینداربوون. بڕوانە// ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٧٥٩)، ساڵی سێیەم، یەك شەممە، ١٩٩٤/٨/٧، ل١.؛ محەمەدی حاجی مەحمود: س. پ، ل٣٦٩.

(٦) ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٧٥٢)، ساڵی سێیەم، دووشەممە، ١٩٩٤/٨/٨، ل١.؛ ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٧٥٣)، ساڵی سێیەم، سێ شەممە، ١٩٩٤/٨/٩، ل١.؛ ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٧٥٤)، ساڵی سێیەم، چوارشەممە، ١٩٩٤/٨/١٠، ل١.

(٧) محەمەدی حاجی مەحمود: س. پ، ل٣٧٢.

خۆپیشاندانەکە، (ئەبوبەکر عەلی)[1]، شاعیر بوو، گەڕەکی حامیەی کۆن نزیکەی (٢٠٠) ماڵی تێدا نیشتەجێ نیشتەجێ بوون، کە خانووەکان بە نایاسایی دروستکرابوون، زۆربەی دانیشتوانی گەڕەکەکە لە خەڵکە هەژارەکانی شاری سلێمانی بوون، کاتێ گەشتنە بەردەم بینای پارێزگای سلێمانی تەقەکردن دروست بوو (ئەبوبەکر عەلی) شاعیرو چەند کەسێکی تر لە خۆپیشاندەران بریندداربوون، بەڵام دواتر لەلایەن پاسەوانەکانی پارێزگارەوە (ئەبوبەکر عەلی) بە برینداری کوژرا[2]. لە ڕۆژی ١٩٩٤/٩/٢ (٥٤) نووسەرو هونەرمەندی شاری سلێمانی نامەیەکی ناڕەزاییان ئاڕاستەی (جەلال تاڵەبانی) و (مەسعود بارزانی)و ئەندامانی پارلەمان‌و سەرۆك وەزیران کرد، داوای دادگایی کردنی ئەوانەیان کرد کە دەستیان لە کوشتنی (ئەبوبەکر عەلی)دا هەبووە، لە نامەکەدا باس لەوەشکراوە کە ناوبراو بە دەستی پاسەوانەکانی پارێزگار کوژراوە[3].

لەدوای ئەوەش بارودۆخی سیاسی شاری سلێمانی هەتا ڕادەیەك هێمن بووە، هەتا مانگی کانوونی یەکەمی ١٩٩٤، بەدیاریکراوی لە ناوەڕاستی ئەو مانگەدا بارودۆخەکە ئاڵۆزبۆوە، لەزۆربەی ناوچەکانی پارێزگای سلێمانیدا شەڕو پێکدادان لەنێوان پارتی‌و یەکێتیدا ڕوویدایەوە[4].

لە کانوونی یەکەمی ١٩٩٤ بارودۆخی شاری سلێمانی زۆر ئاڵۆز بوو، چاوەڕێی شەڕو پێکدادانێکی گەورە دەکرا، ئەوکاتە پارتی لەناو شاری سلێمانیدا نزیکەی (٨٠٠) پێشمەرگەی هەبووە، (عارف تەیفور) بەرپرسی هەردوو لقی سلێمانی وکەرکوکی پارتی وکەسی یەکەمی پارتی بوو لە ناوچەی سلێمانیدا، لەو ڕۆژەدا لە ماڵێك بووە لە گەڕەکی مەجید بەگ، لەلایەن هێزەکانی یەکێتیەوە گەمارۆدرا بوو، تەنانەت تەقەش دروستببوو، محەمەدی حاجی مەحمود دەڵێت:"خۆم ڕۆیشتم کاك عارف تەیفورم لە ماڵەکە دەرهێناو بردم بۆ لقی چوار، وتی نابێ بەجێمبهێڵی یەکێتی دێنەسەرمان، منیش وتم دەی وەرە لەگەڵما بۆ ماڵی خۆمان، بەڵام نەهات، دواتر (شێخ محەمەد بەرزنجی) هات‌و هەموو لایەنەکان لە ماڵی ئەوان کۆبووینەوە"[5].

لەڕۆژی ٢٢ کانوونی یەکەمی ١٩٩٤ لیژنەی ئاسایی کردنەوەی شاری سلێمانی بەسەرپەرشتی (جەلال تاڵەبانی) کۆبوونەوە، بۆ چارەسەکردنی کێشەکان‌و ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی شاری سلێمانی، لەو کۆبوونەوەدا (جەوهەر نامیق) وەك سەرۆکی پارلەمان‌و (سالار عەزیز) پارێزگاری سلێمانی‌و (فازڵ میرانی) ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی‌و نوێنەری لایەنە سیاسییەکان‌و (INC)و جێگری پارێزگاری سلێمانی بەشداربوون، داوا لە هەموو لایەنەکان کرا پابەندنی بڕیارەکانی پەرلەمان بن(٦). لە شەوی ٢٤/٢٥ ی

---

(١) ئەبوبەکر عەلی لە گوندی چۆخماخی ناوچەی شارباژێر لە ساڵی ١٩٦٣ لەدایك بووە، خوێندنی سەرەتایی تەواوکردووە، شاعیربووەو نامیلکەی شیعریشی بڵاوکردۆتەوە، ناوبراو دانیشتووی گەڕەکی حامیەی سلێمانی بووە، لە (١٩٩٤/٩/١) کوژراوە. بڕوانە// هەفتەنامەی گوڵان، ژمارە (٢٤)، ١٩٩٤/٩/٢٩، ل٥.

(٢) ئەبوبەکر عەلی شاعر قوربانی بێ خانەو لانەو عەرەبانچییەکانی سلێمانی، هەفتەنامەی گوڵان، هـ.س،ل٥

(٣) هاوڕێ باخەوان: س. پ، ل٧٤١.

(٤) بۆ وردەکاری زیاتر لەسەر پێکدادانەکانی هەردوولا. بڕوانە// ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٩٧٥)، ساڵی سێیەم، چوارشەممە، ١٩٩٤/١٢/٢٩، ل١.

(٥) وەرگیراوە لە// محەمەدی حاجی مەحمود: س. پ، ل٣٩٦.

(٦) ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٨٦٩)، ساڵی سێیەم، چوارشەممە، ١٩٩٤/١٢/٢٢، ل١.

کانوونی یەکەمی ١٩٩٤ (جەلال تاڵەبانی) لە بروسکەیەکدا داوای ڕاگرتنی شەڕی کردو وتی:" دەبێت دەستبەجێ ئەم شەڕە بوەستێ"[١]. هەروەها ژمارەیەك لە ئەندامانی پارلەمان کوردستان مانیان گرتو داوایان لە پارتیو یەکێتی کرد کە دەستبەجێ شەڕ ڕابگرن[٢].

بەڵام هەموو ئەمانە بارودۆخی شاری سلێمانی ئارام نەکردەوە، لە ٢٢ی کانوونی یەکەم لایەنە سیاسییەکان هێزێکی هاوبەشیان دروستکرد بۆ نێوان پارتیو یەکێتی لەناو شاری سلێمانیدا بۆ ڕێگری لە پێکدادانی هەردوولا، پارتی لە گەڕەکی ئازادیو توی مەلیكو گۆیژە دامەزرابوونو یەکێتیش گەماڕۆی پارتی دابوو لەناو شاردا، لەبەرئەوەی یەکێتی پەلاماری پارتی دابوو لە هەولێرو ڕێگای کەسنەزان کە (مەسعود بارزانی) هاتوچۆی لێوەدەکرد گیرابوو، بۆیە داوای لە بەرپرسانی پارتی دەکرد لە سلێمانی شەڕ بکەن، بەڵام هیچ لایەکیان حەزیان لەوە نەبوو شەڕ لەناو شاری سلێمانیدا بکرێت.

هەرچەندە لە ناوچەکانی دیکەی پارێزگای سلێمانی پێکدادان هەبوو، لەناو شاری سلێمانیش هەندێك پێکدادان ڕوویدا، لە ئەنجامدا (١١) کوژراو و (٤٦) بریندار لێکەوتەوە، بەڵام لە ٢٧ی کانوونی یەکەمی ١٩٩٤ هەموو لایەنەکان لە ماڵی محەمەدی حاجی مەحمود لەشاری سلێمانی کۆدەبنەوە، لە کۆبوونەوەکەدا یەکێتی سێ ڕێگەی بۆ پارتی پێشنیارکرد لە شاری سلێمانیدا:

١. پارتی شاری سلێمانی چۆڵ بکات.
٢. ئەو ئەندامانەی پارتی کە لە سلێمانیدان لە ماڵی خۆیان دانشینو ڕایبگەیەنن کە پارتی نین.
٣. یان بەشەڕ شاری سلێمانیان پێ چۆڵدەکەن.

پارتی دەترسان لەوەی لە شاری سلێمانی دەرنەچنو هەموو هێزەکەیان لەبەریەك هەڵبوەشێ، سەرکردایەتی پارتیش دەیویست یەکێتی لە سلێمانی سەرقاڵ بکاتو پەلاماری هەولێر بدات، یەکێتیش ئاگاداری ئەوەبوو، بۆیە نەیاندەویست هەولێریان لەدەست دەربچێ. دواجار پارتی مەرجی یەکەمی یەکێتی قبوڵکرد بە چۆڵکردنی شاری سلێمانی ، محەمەدی حاجی مەحمود دەنووسێت:" ٨٠٠ کەس دەبوون لەگەڵ"١٠٠" ئۆتۆمبیل هاتنە لای منو وتیان یەکێتی کەمینمان بۆ دادەنێو سەرو ماڵمان تیادەچێت....، دواتر یەکێتی داوایکرد کە دەبێ دەرزی تفەنگەکانیان دەربکەن، پارتی وتیان ئەوە ئیهانەیە، بەڵام لەبەرئەوەی خوێن نەڕژێت ئەوەش دەکەین"[٣].

ئەوەبوو لە ڕۆژی ٢٨ کانوونی یەکەمی ١٩٩٤ پارتی بەبێ تەقە شاری سلێمانی چۆڵدەکات، بە مەرجێك نوێنەری لایەنەکان لەگەڵیان بڕۆن هەتا لە شاری سلێمانی دەردەچن، هێزەکەی پارتی بە (٢٢) پاصو ئۆتۆمبیلەکانی خۆیانو دوو بارهەڵگر لە شاری سلێمانی دەرچوون[٤]. بەو شێوەیە پارتی هەتا ڕووداوی (٣١ ئابی ١٩٩٦) نەهاتنەوە ناو شاری سلێمانیو بنکەو بارەگایان لەناو شاری سلێمانیدا نەما.

---

(١) بۆ دەقی بروسکەکەی مام جەلال. بڕوانە// هـ. س، ژمارە (٨٧١)، ساڵی سێیەم، یەکشەممە، ١٩٩٤/١٢/٢٥، ل١.

(٢) هـ. س، ژمارە (٨٧٢)، ساڵی سێیەم، دووشەممە، ١٩٩٤/١٢/٢٦، ل١.

(٣) س. پ، ل٢٩٨-٣٩٩.

(٤) هـ. س، ل٤٠٠.؛ صلاح الخرسان: م. س، ص٥٤٦.؛ هـ. س، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٨٧٥)، س. پ، ل١.

### ب- شاری سلێمانی لە سەروبەندی ڕووداوی (٣١ی ئابی ١٩٩٦) دا

لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٩٤و سەرەتای ساڵی ١٩٩٥ بارودۆخەکە زیاتر ئاڵۆز بوو، لە زۆربەی دەڤەرەکانی هەرێمی کوردستان شەڕی پارتی و یەکێتی دەستی پێکردەوە[١]، لە ١٩٩٥/١/١٥ (جەلال تاڵەبانی) شەڕی سەرتاسەری لە دژی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕاگەیاندو لە بانگەوازێکدا داوای کۆتایهێنان بە دەسەڵاتی پارتی کرد لە هەرێمی کوردستان، داواشی لە سەرجەم جەماوەری کوردستان و ئەندام و لایەنگرانی (ی.ن.ك) کرد خۆیان بۆ لەناوبردنی سەرکردایەتی پارتی ئامادەبکەن[٢]. بەوجۆرە لە ساڵی ١٩٩٥ تا ڕووداوی ٣١ ی ئابی ١٩٩٦، هەم شەڕو هەم هەوڵی ڕاگرتنی شەڕ لە ئارادا بوو، هەرچەندە دانیشتن و ڕێکەوتن لەو ماوەیەدا هەبووە، بەڵام ئاشتی سەرتاسەری لێنەکەوتۆتەوە[٣].

لەماوەی شەڕەکانی پارتی و یەکێتیدا کوردستان ببووە جێگای لەشکرکێشی وڵاتانی تورکیا و ئێران و لەو ماوەیەدا چەندینجار سنوری هەرێمی کوردستانیان بەزاندووە، تورکیا پشتیوانی لە پارتی دەکرد، هەرچەندە ئێرانیش لە سەرەتادا هاوکاری پارتی و بزوتنەوەی ئیسلامی دەکرد لە دژی یەکێتی، بەڵام ماوەیەك پێش ڕووداوی ٣١ی ئابی ١٩٩٦ یەکێتی ڕێکەوتنی لەگەڵ ئێراندا واژۆکرد و لەدوای ئەوە هاوکاری لە ئێرانەوە پێدەگەیشت[٤].

باری دژوارو شێواوی هەرێمی کوردستان، نەك تەنها زیانی دەروونی و ئابوری، کۆمەڵایەتی، سروشتی تێکدابوو، بەڵکو جەماوەری کوردستان بەگشتی بە شاری سلێمانیشەوە دووچاری ڕەشبینی و نا ئومێدی هاتبوون، ئایندەی خۆیان زۆر بە مەترسیدار دەبینی، بۆیە لەو ماوەیەدا ڕێژەی کۆچکردن بۆ دەرەوەی وڵات لە شاری سلێمانیدا یەکجار بەرزبۆوە[٥]، جگەلەوەش شەڕەکە بارودۆخی سیاسی شاری سلێمانی زۆر ئاڵۆز کردبوو، دیاردەی کوشتن لەو ماوەیەدا بەڕوونی لە شاری سلێمانیدا دەبینرێت، بۆ نمونە ئەو کەسانەی کە لە ماوەی شەڕی پارتی و یەکێتی لە شاری سلێمانیدا کوژراون زۆرن، ناوی هەندێك لەو کەسایەتیانە:- (جەلالی حاجی حسێن کلۆش، کە لەهەوڵی ڕاگرتنی شەڕی پارتی و یەکێتیدا لە ٣ی ئایاری ١٩٩٤ کوژرا، کوژرانی خاتوو لیسی سمیس- ڕۆژنامەنووسی ئەڵمانی و دۆستی کورد لە ساڵی ١٩٩٤، کوژرانی ماجیدی حەمە جوان، کە شانۆکار بوو، ئەبوبەکر عەلی شاعیر، کە لە ١ی ئەیلولی ١٩٩٤ کوژراوە. ئەو ئافرەتانەی کە لەو ماوەیەدا کوژراون بریتی بوون لە (گێلاس خان، ئامینە خان، ئەختەر

---

(١) بۆ زانیاری زیاتر لەسەر شەڕو پێکدادنەکان. بڕوانە// ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٨٧٨)، ساڵی سێیەم، سێ شەممە، ١٩٩١/١٢/٣، ل١.؛ محەمەدی حاجی مەحمود: س. پ، ل٤٣٦، ٤٢١، ٤١٣، ٤٠٨، ٤٠٦.

(٢) بۆ دەقی بانگەوازەکەی (جەلال تاڵەبانی). بڕوانە، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٨٩٠)، ساڵی سێیەم، سێ شەممە، ١٩٩٥/١/١٧، ل١.

(٣) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی هەوڵەکانی ئاشتی و ڕێکەوتنەکانی نێوان پارتی و یەکێتی بڕوانە // بەشی سێیەمی ئەم توێژینەوەیە،ل٢٠٩-٢١٨.

(٤) محەمەدی حاجی مەحمود: س. پ، ل٤٩٦، ٤٩١، ٤٨٦، ٤٥٦.

(٥) فاتح ڕەسوڵ: س. پ، ل٣٤١.

خان، سوبحی خان، خەبات عیزەت)[1]، ئەمانە تەنها چەند وێنەیەکی کەمن لەو کەسانەی کە بەهۆی ئاڵۆزی بارودۆخی سیاسیو سەروەر نەبوونی یاسا، نەبوونی ئاسایش لە شاری سلێمانیدا تیرۆرکراون، سەرجەمیان کەسایەتی بێلایەن بوونو ئەندامی هیچ حزبێکی سیاسی نەبوون.

لە ساڵی ١٩٩٦دا پارتی بە تەواوی ڕووی لە عێراق کردو یەکێتیش ڕووی لە ئێران کرد، لە ١٩٩٦/١/٢ وەفدێکی ئێران سەردانی شاری سلێمانیان کرد، لەلایەن (ی.ن.ك) ەوە بە شێوازێکی فەرمی پێشوازیان لێکراو لە (ئوتێل ئەبو سەنا) لەگەڵ (جەلال تاڵەبانی) کۆبونەوە، شاندەکەی ئێران بە سەرۆکایەتی (عەلی ئاغای محەمەدی) بوو، نوێنەری سەرۆك کۆماری ئیسلامی ئێران بوو، لە ١٩٩٦/١/٥ شاندەکەی ئێران لەلایەن جەماوەرێکی زۆری شاری سلێمانییەوە پێشوازی لێکرا، لە بەردەرکی سەرای شاری سلێمانی، یەکەم جار بوو لە کۆبونەوەیەکی جەماوەری لەو شێوەیەدا جەماوەر هوتافی(الله اکبر) بڵێنەوە کە ئەمەش بە دەستوری ئێران بوو، هەر لەو کۆبونەوە جەماوەرییەدا هەریەکە لە (جەلال تاڵەبانی)و (عەلی ئاغای محەمەدی) وتاریان بۆ جەماوەری شاری سلێمانی خوێندەوە[2]. پاشتر لە ١٩٩٦/٦/١٣دا بە ئامادەبوونی شاندی ئێران و نوێنەری پارتیو لایەنە سیاسییەکان (جەلال تاڵەبانی) بەردی بناغەی (حسێنییەی ئەلحەکیم)ی لە شاری سلێمانی دانا، لە مەراسیمی دانانی بەردی بناغەی حسێنییەکەدا تاڵەبانی وتارێکی پێشکەشکردو ئاماژەی بۆ ئەوە کرد :"بنیاتنانی ئەم حسێنییە نەك تەنها جێبەجێکردنی ئەرکێکی ئاینییە، بەڵکو ئەرکێکی نیشتیمانییەو پێویستە شانازیشی پێوە بکەین"[3].

لە هاوینی ساڵی ١٩٩٦ بارودۆخەکە زیاتر ئاڵۆز بوو، ئێران فشارێکی زۆری لەسەر (ی.ن.ك) دروستکردبوو، بۆ داخستنی بنکەو بارەگاکانی (حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران) لە شاری کۆیە، لەمبارەیەوە مام جەلال رایگەیاندووە کە توانای ڕاگرتنی هێرشی ئێرانی نییە بۆ سەر دیموکرات[4]. پێشتریش (ی.ن.ك) حزبی دیموکراتی لە هێرشی ئێران بۆ سەر بارەگاکانیان ئاگادار کردۆتەوەو نامەیەکیان ئاڕاستەی حزبی دیموکرات کردووەو لە نامەکەدا ئەوەیان خستۆتەڕوو، کە یەکێتی ناتوانێ بەر

---

(١) بۆ ناوی تەواوی ئەو ژنانە و هۆکاری کوشتنیان لە (٢٠١٨/٤/١٧) پەیوەندیمان کرد بە (ڕوناك فەرەج)ئەندامی ئەنجومەنی ئەنجومەنی باڵای خانمان و توێژەر وچالاکی بواری ژنان، پێی ڕاگەیاندین کە زۆر جار لە بەر بارودۆخی کۆمەڵایەتی ناتوانین ناوی تەواو و هۆکاری کوشتنی ئەو ژنانە بڵاو بکەینەوە ، هەندێك جار ناچارین تەنها پیتی یەکەمی ناوەکانیان یاخود بە ناوی خوازراو باس لە قوربانییەکانی ژنان بکەین. جگەلەوەش دەزگای بەرەنگار بونەوەی توندوتیژی دژی ژنان لە ساڵی ٢٠٠٧ ەوە دامەزراوە بۆیە هیچ ئامارێکی فەرمیمان لەسەر قوربانییەکانی ژنان لەوە ماوەیەدا دەست نەکەوت.

بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئاڵۆزی بارودۆخی سیاسی شاری سلێمانیو کارە تیرۆرستیەکان. (بڕوانە// محمد صابر کریم: کەلتوری زەبروزەنگو تیرۆر، چ١، چاپخانەی بەدرخان، (ب.ش. چ)، (ب. س. چ)، ل٢٢٥-٢٤٠.؛ هاوڕێ باخەوان: س. پ، ل٧٢٨-٧٢٩، ٧٤١، ٧٤٦.؛ تەها بابان: چەپکێك...س. پ، ل١٤٣).

(٢) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (١١٨١)، ساڵی چوارەم، چوارشەممە، ١٩٩٦/١/٣، ل١؛ هـ.س، ژمارە (١١٨٣)، ساڵی چوارەم، هەینی، ١٩٩٦/١/٥، ل١؛ محەمەدی حاجی مەحمود: س. پ، ل٤٨٤.

(٣) بۆ دەقی تەواو وتارەکەی مام جەلال. بڕوانە// ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (١٣٠٩)، ساڵی چوارەم، هەینی، ١٩٩٦/٦/١٤، ل١.

(٤)بڕوانە // محەمەد حاجی مەحمود: س. پ، ب٤، ل٥٣١-٥٣٢.

لە هێرشی ئێران بگرێت[1]. ئەوەبوو ڕۆژی ١٩٩٦/٧/٢٦ جموجوڵی سوپای پاسدارانی ئێران لەسەر سنورو لە دەروازەکانی باشماخ و پەروێزخانەوە دەستیپێکرد، کاتژمێر (٣) ی داوانیوەڕۆ بارهەڵگرو ئۆتۆمبیلێکی زۆری سوپای پاسداران بە چەکی قورسەوە گەیشتنە شاری سلێمانی، محەمەدی حاجی مەحمود ئاماژە بەوە دەکات، کە سوپای پاسداران بە ناوی هاوکاریو باری ئەنجومەنی باڵای ئیسلامیەوە ئەو چەك و هێزانەی هێناوەتە باشوری کوردستان و شەو لە سەربازگەی سەلامی شاری سلێمانی ماونەتەوە، هەروەها دەڵێت:"سەعات سێی پاشنیوەڕۆ لە بارەگا گەڕامەوە بۆ ماڵەوە، لە فلکەی سەرچنار یەك سەعات وەستاوین بۆ تێپەڕبوونی "لۆری بەبارو داپۆشراوی ئێرانی"، سائیقەکان ئەو سەربازانە بوون، کە لەشەڕی ئێران-عێراق گیرابوون، پێیان دەوتن "تەوابین/ تەوبەکەران"، ئەو هێزەی ئێمە تیبینیمان کرد سوپای پاسداران و قەرارگەی حەمزەی ئێرانی بوون، لە حاجی ئۆمەرانیشەوە وەجبەیەك سەیارە هاتبوون نزیکەی (١٥٠٠) کەس دەبوون، ئەو هێزەی مەعسکەر سەلام بە قیادەی "سەردار ئەحمەدی کازمی" بوو، لەناو یەکێتیشدا (فەرەیدون عەبدولقادر)یان لەگەڵ بوو"[2]، دوو ڕۆژ دواتر لە ١٩٩٦/٧/٢٨ سوپای پاسداران هێرشیان کردەسەر بارەگاکانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری کۆیەو ئەندامان و لایەنگرانی دیموکرات بە ژن و منداڵەوە ئاوارەی شاری هەولێر بوون، ڕۆژێك دواتر واتە لە ١٩٩٦/٧/٢٩ حکومەتی هەرێمی کوردستان ناڕەزایی خۆی بەرامبەر تۆپبارانی بارەگاکانی دیموکرات لەلایەن ئێرانەوە دەربڕی، داوایکرد کە نەتەوەیەکگرتووەکان سنورێك بۆ دەستدرێژی ئێران و تورکیا بۆسەر هەرێمی کوردستان دابنێت[3]، هەروەها پەرلەمانی کوردستانیش ناڕەزایی خۆی سەبارەت بە هەمان ڕووداو خستەڕوو[4].

جێی ئاماژەیە هێزەکەی سوپای پاسدارانی ئێران نزیکەی (٥٠٠) سەرباز دەبوون، سنورەکانی هەرێمی کوردستانیان بەزاندو لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی (ی.ن.ك)ەوە هاتنە ژوورەوەو بۆ ماوەی (٧٢) کاتژمێر مانەوە[5].

مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتیش لەسەر پەلامارەکەی ئێرانی بۆ سەر بارەگاکانی حزبی دیموکرات بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە، تێیدا یەکێتی یە خیانەتکار لە قەڵەمداو بەرپرسیارێتی ڕووداوەکە خستە ئەستۆ، داواشی لە نەتەوەیەکگرتووەکان و ئەمەریکاو ڕای گشتی جیهان کرد کە ئەمە قبوڵ نەکەن[6].

لە ناوەڕاستی مانگی ئابی ١٩٩٦ دا بە دیاریکراوی لە شەوی (١٧/١٦ ئابی ١٩٩٦)دا خولێکی دیکەی شەڕی نێوان پارتی و یەکێتی دەستیپێکردەوە، پارتی، یەکێتی بە هەڵگیرسێنەرەوەی شەڕەکە تۆمەتبار کردو، لە بانگەوازێکدا ئەوەی خستەڕوو کە یەکێتی لە کاتێکدا پەلاماری هێزەکانی پارتی داوە، کە پارتی خەریکی ئاهەنگی یوبیلی زێڕین بووە، هەروەها ئاماژەی بۆ ئەوەش کردووە، کە (ی.ن.ك) بە هاوکاریو

---

(١) بۆ دەقی نامەکەی (ی.ن.ك) بۆ حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران. بڕوانە// فاتح ڕەسوڵ: س. پ، ل٣٢٧-٢٤٩.

(٢) س. پ، ل٥٣٢-٥٣٣.

(٣) ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (١٣٤٥)، دووشەممە، ١٩٩٦/٧/٢٩، ل١.

(٤) هـ. س، ژمارە (١٣٤٧)، چوارشەممە، ١٩٩٦/٧/٣١، ل١.

(٥) فیبی مار:س. پ، ل٤٥٨.

(٦) بۆ دەقی بەیاننامەکەی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان. بڕوانە// فاتح ڕەسوڵ: س. پ، ل٣٥٠-٣٥١.

پاڵپشتی ڕاستەوخۆی ئێران هێرشی بۆسەر پارتی دەستپێکردووە[1]، یەکێتیش لای خۆیەوە پارتی بە هەڵگیسێنەرەوەی شەڕەکە تۆمەتبارکرد، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ زمانحاڵی یەکێتی بە مانشێتێکی گەورە نووسیویەتی (پارتی شەڕی کورد کوژە هەڵدەگیرسێنێتەوە)[2].

شەڕی پارتی و یەکێتی لە زۆر ناوچەی کوردستان بە فراوانی دەستپێکردەوە، لە زۆربەی قۆڵەکانەوە پارتی شکستی هێنا و ژمارەیەکی زۆر کوژراو لە نێوانیاندا هەبووە[3]، محەمەدی حاجی مەحمود ئاماژە بەوە دەکات کە هێرشەکانی یەکێتی بە پاڵپشتی تۆپخانەکانی ئێران بووەو پارتی لە ناوچەکانی چۆمان و حاجی ئۆمەران دەرکران و بە دەیان پێشمەرگەیان بوونە قوربانی و هێزەکانی پارتی و لە پەل و پۆ کەوتبوون و شەڕیان پێنەدەکرا[4]، لەم بارودۆخەکەدا ناوچەکانی پارێزگای سلێمانی و بەشێکی زۆری پارێزگای هەولێر بە شارەکەشەوە لە ژێر دەسەڵاتی یەکێتیدا بوون، پارتی تەنها پارێزگای دهۆك و ناوچەکانی سەلاحەدینی لە باکوری هەولێر لە ژێر دەستدا مابوو[5]، واتە مەترسی لەسەر سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان دروست ببوو.

لەم سەروبەندەداو لە ڕۆژی ٢٢ی ئابی ١٩٩٦ (مەسعود بارزانی) نامەیەك بۆ حکومەتی عێراق دەنێرێ بۆ دەرکردنی یەکێتی لە هەولێر، کەمکردنەوەی مەترسی ئێران، داوای هاوکاری لە ڕژێمی بەعس دەکات ، جێی ئاماژەیە پارتی پێشتر هۆشداری دابووە ئەمەریکا، ئەگەر هاوکاری نەکەن، ناچارە ڕووبکاتە بەغداد، بەڵام ئەمەریکا ئەم داوایەی پارتی بەهەند وەرنەگرتبوو[6].

سەبارەت بە پەیوەندی پارتی بە حکومەتی عێراقەوە، (جەلال تاڵەبانی) ئاماژە بەوە دەکات کە ئەوان ئاگاداربوون و زانیویانە سوپای عێراق هێرشدەکات، بەڵام ئەمەریکا ئێمەی دڵنیا کردۆتەوە کە ئەگەر عێراق هێرشبکات ئەوا لێیان دەدەن و تەمێیان دەکەن[7].

دواجار بەرەبەیانی ڕۆژی (٣١ ئابی ١٩٩٦) هێزەکانی حکومەتی عێراق بە چاوساغی پارتی هێرشیان بۆسەر هەولێر دەستپێکرد، هێزەکەی حکومەتی عێراق پێکهاتبوو لە (هێزەکانی گاردی کۆماری، فەیلەقی یەك و پێنج سوپا نزیکەی (٢٠-٣٠) هەزار سەربازو (٥٠٠) تانك دەبوون)[8]. هێزەکانی پارتی و سوپای عێراق لە ماوەیەکی کەمدا دەستیان بەسەر ڕێگەکانی(قوشتەپە-دێگەڵە، بنەسلاوە-دارەتوو هەتا ڕێگای هاوینەهەواری سەلاحەدین، ناوچەکانی بەحرکەو دەوروبەری خۆرئاوای هەولێر، کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ تانك و هێزەکانی ڕژێم گەیشتنە بینای پەرلەمانی کوردستان و هێزەکانی (ی.ن.ك) لە هەموو قۆڵەکانەوە

---

(١) بۆ دەقی بانگەوازەکەی (پ.د.ك). بڕوانە، فاتح ڕەسوڵ: س. پ، ل٣٦٩-٣٧٢.

(٢) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە// ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (١٣٦٢)، یەك شەممە، ١٨/٨/١٩٩٦، ل١.

٣ بۆ زانیاری بڕوانە، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (١٣٦٥)، چوارشەممە، ٢١/٨/١٩٩٦، ل١.

(٤)س. پ، ل٥٤٧-٥٤٨.

(٥) فیبی مار: س. پ، ل٤٥٩.

(٦) گەراس. ئار. ڤی. ستانسفێلد: س. پ، ل٢٣٣.

(٧) سەلاح ڕەشید: س. پ، ل٢٥٠.

(٨) ڕاپۆرتێکی کەناڵی NRT لەسەر ڕووداوی ٣١ی ئاب، لە ٣١ی ئابی ٢٠١٦، کاتژمێر (٨) بڵاوکراوەتەوە، (تۆمارکراو لای توێژەر).

شکانو بەرگریان پێنەکرا، بۆیە بۆ دەربازکردنی گیانی بەرپرسە باڵاکانی (ی.ن.ك)، کە لە ناوشاری هەولێردا بوون، بڕیاریاندا کە شاری هەولێر چۆڵبکەنو پاشەکشە بکەن[1].

(ی.ن.ك) لە شاری هەولێردا زەرەرو زیانێکی زۆری بەرکەوت نزیکەی (١٥٠) کوژراویان هەبوو، جگەلە (١٢٥) دۆشکاو بڕێکی زۆر فیشەك، تۆپ و چەکی قورسی دیکە، کە لەشاری هەولێردا بە جێما بوو، کەوتە دەستی (پ.د.ك)، ئەمە جگەلە گرتنو لەناوبردنی ئەندامانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقو تێکدانی بارەگاکانی (INC)[2]، هەر بەهۆی ڕووداوی ٣١ی ئابی ١٩٩٦ بارەگای ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، کە ئەو کاتە لە شاری هەولێر دەردەچوو، زمانحاڵی (ی.ن.ك)بوو، کەوتە دەست پارتیو بەوهۆیەوە لە ١٩٩٦/٩/٢ەوە واتە لە ژمارە (١٣٧٥) وەستا هەتا ڕۆژی شەممە، ١٩٩٧/١/٤، کە ژمارە (١٣٧٦)ی ڕۆژنامەکە دەرچۆتەوە[3].

بەهۆی داگیرکردنی شاری هەولێرەوە لەلایەن سوپای عێراقو پارتی دیموکراتەوە لە ڕۆژی ١٩٩٦/٩/٢ لە شاری سلێمانی خۆپیشاندانێکی جەماوەری ڕێکخرا، جەماوەری شار چەندین دروشمو هوتافیان دەگوتەوە لەوانە (جاشو پارتیو بارزانی بەعسی بۆ هەولێر هانی....)[4].

لە ئەنجامی ئەو شکستە گەورەیەی کە بەسەر هێزەکانی یەکێتیدا هاتووە لە شاری هەولێردا نەیانتوانی ڕیزەکانی ڕێکبخەنەوەو بەرگری لە شاری سلێمانی بکەن[5]. بۆیە ڕۆژی ١٩٩٦/٩/٩ (ی.ن.ك) پاشەکشەیان لە شاری سلێمانی کردو زۆربەی بنکەو بارەگاکانی خۆیان تەقاندەو بە تایبەت مەکتەبی سیاسیو سکرتاریەتو بارەگای مەڵبەندی سلێمانیو ماڵی هەندێك لە بەرپرسە باڵاکانی (ی.ن.ك) لە ناوشاری سلێمانیدا[6].

(ی.ن.ك) بڕیاری چۆڵکردنی شاری سلێمانیدا بوو، (جەلال تالەبانی) دەڵێت:"ئێمە نەمانتوانی هێزەکانمان لە کشانەوەدا چاك ڕێبەری بکەین بە باشمان زانی بچینەوە سەر سنورەکان بۆ ئەوە هێزەکانی خۆمان کۆبکەینەوە"[7]. بەو شێوەیە لە بەرەبەیانی ڕۆژی ٩ ئەیلولی ١٩٩٦ شاری سلێمانی لەلایەن (ی.ن.ك)ەوە چۆڵکرا، بەبێ بەرگریکردن، مستەفا چاوڕەش دەڵێت:"گەیشتمە چوار ڕیانی سەرچنار، دۆشکایەکم بینی بە جێیان هێشتبوو، منداڵێکی لەسەر بوو دەیخولاندەوە، من نەمزانی بوو منداڵەکانم ڕۆیشتوون، سەیارەیەکم نارد تا منداڵەکانم لەگەڵ خۆیان بهێنن بۆ ئەزمەڕ، کە هاتنەوە وتیان ڕۆیشتوون، ئێمەش ملی ڕێگامان گرت بەرەو ئەزمەڕ"[8].

لە ڕاستیدا دوای ڕاگەیاندنی دەستبەسەرداگرتنی شاری کۆیە لەلایەن پارتیەوە لە پاشنیوەڕۆی ٨ی ئەیلولی ١٩٩٦، ترسو دڵەڕاوکێکی زۆر بەسەر خەڵکی شاری سلێماندا زاڵدەبێو بە هەزاران کەس شاری

---

(١) مەلا بەختیار: کاتژمێری دواڕۆژی خیانەتی ئاب، گۆڤاری (٣١ی ئاب)، ژمارە (٦)، ئابی ١٩٩٧، ل٨-١٠.

(٢) محەمەدی حاجی مەحمود: س. پ، ل٥٧٠.؛ بۆ زانیاری زیاتر. بڕوانە// کریس کۆچێر:س. پ، ل٢١٩.

(٣) بڕوانە// ئەرشیفی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، (پارێزراوە لای توێژەر).

(٤) هاوڕێ باخەوان: س. پ، ل٧٩٣.

(٥) بۆ زانیاری زیاتر لەسەر هەڵەی هێزەکانی یەکێتیو نەمانی توانی بەرگریان، بڕوانە// سەلاح ڕەشید: س. پ، ل٢٥٣.

(٦) محەمەدی حاجی مەحمود: س. پ، ل٥٧٧.؛ هاوڕێ باخەوان: س. پ، ل٧٩٤-٧٩٥.

(٧) دەق لە سەلاح ڕەشید: س. پ، ل٢٥٤.

(٨) دەق لە مستەفا چاوڕەش: س. پ، ل٣٢١.

سلێمانی چۆڵدەکەن[1]. هەتا دوانیوەڕۆی هەمان ڕۆژ ڕادیۆ تەلەفزیۆنی (ی.ن.ك) بەرنامەکانی خۆیان پەخشدەکرد، بەڵام لە دوای کاتژمێر (٢) پاشنیوەڕۆ بەرنامەکانی خۆیان ڕاگرت، هۆکاری سەرەکی بڵاوبوونەوەی ترس و دڵەڕاوکێکەش، بڵاوبوونەوەی ئەو وتەیەی سکرتێری گشتی (ی.ن.ك)، (جەلال تاڵەبانی) بوو، لە ڕادیۆی خۆیانەوە کە وتی:"مەسعود بارزانی و هێزەکانی عێراق، کوردستان لە "دەریای خوێن" دا نقوم دەکەن"[2]. (پ.د.ك) پێیانوایە (ی.ن.ك) هەوڵیداوە کە زۆرترین خەڵك بەتایبەتی لە چینی گەنجان لەگەڵ خۆیان بەرن بۆ ئەودیوی سنور، بۆیە لەناو بازاڕی شاری سلێمانیدا پڕوپاگەندەی ئەوەیان بڵاوکردۆتەوە کە هێزەکانی عێراق دێنە شاری سلێمانی و هەموو ئەوانەی کە خزمەتی سەربازیان نەکردووە دەستیگردەکرێن، بۆیە بەو هۆیەوە خەڵکێکی زۆر لەگەڵ (ی.ن.ك) دا شاری سلێمانیان چۆڵکردووە[3].

ئەندام و لایەنگرانی یەکێتی لە شاری سلێمانی بە دوو ڕێگا شاریان بەجێهێشت، یەکەم: لەڕێگای ئەزمەڕەوە بۆ ماوەت و لە وێوە بۆ سەر سنوری ئێران، دووەم: لە ڕێگای پێنجوێنەوە بۆ باشماغ و سنوری ئێران، بەوشێوەیە خەڵکەکە چوونە سەیران بەند و زەڵێ کە پێشتر بارەگا سەرەکی (ی.ن.ك) بوو لە پێش ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١[4].

لەدوای چۆڵکردنی شاری سلێمانی لەلایەن (ی.ن.ك)ەوە ئێوارەی ١٩٩٦/٩/٩ هێزەکانی (پ.د.ك) دەگەنە شاری سلێمانی، هەمان ڕۆژ پارتی ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە، لەسەر ئەو شوێنانەی کە لەلایەن هێزەکانییەوە دەستی بەسەرداگیرابوو، لە خاڵی دوانزەیەمدا دەڵێت:"سەعات ٧ی ئێوارە شاری سلێمانی ئازادکرا، سەرتاپای جەماوەری شاری سلێمانی بە گوڵباران لە پێشوازی پێشمەرگەدا بوون"[5]. (عەبدولڕەحمان سەنگاوی)ش، هەمان شت پشتڕاست دەکاتەوەو دەڵێت:"لە کاتی هاتنی پارتی بۆ ناوشاری سلێمانی پێشوازییەکی باشیان لێکرا، لە هەموو کۆڵان و فلکەکانی شاری سلێمانی کرا بە هەڵپەڕکێ و شادی دەربڕین"[6]. بەڵام دانیشتوانی شاری سلێمانی بە پێچەوانەی ناوبراو دەڵێن، گوایە خەڵکی شارەکە بێدەنگ بوون و تەنها وەك تەماشاکەر ڕاوەستاون[7]. (وشیار صدیق ئەفەندی) کە ئەوکاتە بەرپرسی ناوچەی پارتی بووە، ئاماژە بەوە دەکات، کە خەڵکی شارەکە تەنیا بۆ بەخێرهاتن سەردانیان کردوین، ناوبراو دەڵێت:"نەمبینیووە خەڵکی شاری سلێمانی شایی بکەن و خۆشی دەربڕن"[8].لە ڕاستیدا

---

(١) سەبارەت بە ژمارەی ئەو کەسانەی لە ڕۆژی ١٩٩٦/٩/٩ دا ئاوارەی سنورەکانی ئێران بوون، بۆ چوونی جیاواز هەیە، ئێران ژمارەیانی بە (٥٠٠) هەزار کەس خەمڵاندووە، ڕێکخراوی (UN) ژمارەیانی بە (٨٠) هەزار کەس خەمڵاندووە، هەندێك سەرچاوەی دیکە ئاماژە بە (٣٩) هەزار کەس دەکەن. بە بۆچوونی ئێمە ڕەنگە (٣٩)هەزارەکە زیاتر لەڕاستیەوە نزیك بێت. (بڕوانە// کریس کۆچێرا: س.پ، ل٢٢.؛ ئیسماعیل تەنیا: سەرفەری ڕەش...س. پ، ل٢٨-٢٩).

(٢) کریس کۆچێر: س. پ، ل٢٢٢.

(٣) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (وشیار صدیق ئەفەندی)، سلێمانی ،٢٠١٧/١٢/٣.

(٤) محەمەدی حاجی مەحمود: س. پ، ل٥٧٧؛ سەلاح ڕەشید:س. پ، ل.٢٥٣.

(٥) بۆ دەقی تەواوی ڕاگەیەندراوەکەی (پ.د.ك). بڕوانە// فاتح ڕەسوڵ: س. پ، ل٣٩٥-٣٩٦.

(٦) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (عەبدولڕەحمان سەنگاوی)، سلێمانی، ٢٠١٧/٧/٢٢.

(٧) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (فؤاد رؤوف محمد)، سلێمانی، ٢٠١٧/١٠/٤.؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (عادل عومەر عەلی)، سلێمانی ،٢٠١٧/١١/٥.

(٨) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (وشیار صدیق ئەفەندی)، سلێمانی، ٢٠١٧/١٢/٣.

ڕاستیدا دانیشتوانی شاری سلێمانی پێشوازی گەرمیان لە پارتی نەکردووە، بە بەڵگەی ئەوەی ئەو کاتەی پارتی هاتەوە بۆ شاری سلێمانی، کەناڵی عیراقییەی سەر بە ڕژێم هاتبووە ناو شارەوە بە دوای کەسێك دا دەگەڕا چاوپێکەوتنی لەگەڵ بکات، بەڵام خەڵکی شار خۆیان لە چاوپێکەوتن دەدزییەوە، بەگشتی پارتی لای خەڵکی سلێمانی خۆشەویست نەبوو، بۆیە پێشوازی شایستەیان لێنەکرا[1].

دوای (١٠) ڕۆژ مەکتەبی ڕێکخستنی دەرەوەی (ی.ن.ك) بەیاننامەیەکی لەبارەی چۆڵکردنی شاری سلێمانییەوە بڵاوکردەوە:

ناوەڕۆکەکەی باس لەوە دەکات پاش ئەوەی بۆیان دەرکەوتووە، کە پارتی و حکومەتی عێراق لە دوو قوڵەوە هێرش بۆ سلێمانی دەهێنن لە قۆڵی دوکان و چەمچەماڵەوە، هەروەها لەبەرئەوەی سلێمانی لە خوار هێڵی (٣٦)ەوەیە، بەمەش حکومەتی عێراقی بەمافی خۆی دەزانی تۆپ و فڕۆکەو تانك و چەکی قورس بەکاربهێنێت، بۆیە بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی خەڵك و شارەکە بڕیاریانداوە بەرگری نەکا بۆ ئەوەی شارەکە دوربێت لە کاولکاری[2].بەڵام کریس کۆچێرا ئاماژە بەوە دەکات تەنانەت یەك سەربازی عێراقیش نەهاتونەتە ناوشاری سلێمانییەوە، ئاماژە بەوەش دەکات (مەسعود بارزانی ) ڕۆژی ١٠/٩/١٩٩٦ سەردانی شاری سلێمانی دەکات و لەلایەن سەدان منداڵەوە کە ئاڵای زەردیان بە دەستەوە بووە پێشوازی لێدەکەن، لە کاتێکدا کە کۆمەڵانی خەڵك بە بێدەنگی لە شەقامەکانی شاردا کۆببوونەوەو چاویان لە حاکمی نوێی خۆیان دەکرد، دەڵێت:" هەموو چاودێران ئەو بابەتە پشتڕاست دەکەنەوە کە ڕیزی ئەو پێشمەرگانە کە پاراستنی مەسعود بارزانیان لە ئەستۆ بوو، لەوپەڕی فۆلکلۆری و ناڕێکوپێکی دابوون، تەنانەت سەربازێکی عێراقیشیان لەناودا نەبوو. شاری سلێمانی بەکردەوە لە ڕۆژێك پێشترەوە لەلایەن بەرپرسانی (ی.ن.ك)ەوە چۆڵکرابوو"[3].

بە گەیشتنی (پ.د.ك) بە شاری سلێمانی گۆڕانکاری لە یەکە کارگێڕییەکانی شارەکەدا کرد، لە ڕۆژی ١٠/٩/١٩٩٦، (فایەق تۆفیق) کە پێشتر بەڕێوبەری ئاسایشی سلێمانی بوو، پارتی کردی بە پارێزگاری شاری سلێمانی، پاش ماوەیەکی کورت (ڕاست نوری شاوەیس) شوێنی گرتەوە[4]، لەو ماوە کەمەی کە (پ.د.ك) دەسەڵاتداربوو لە شاری سلێمانی، چەندین گۆڕانگاری لە یەکە کارگێڕییەکانی تردا ئەنجامداوە، لەوانە گۆڕینی بەڕێوبەری فەرمانگەکان بەکەسانی سەر بە خۆیان، بۆ نمونە لە پێش ڕوداوی (٣١ی ئابی ١٩٩٦) )، (زێڕین ئەحمەد ئەمین لاوە) بەڕێوەبەری (فەرمانگەی تاپۆ)بووە، لە کارەکەی دورخراوەتەوە، (کوێستان ئەحمەد سەعید) لە شوێنەکەی دانراوە، (ئەندازیار نەوڕۆز محەمەد سەعید) لە سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی لابراوە، ( ئەندازیار حەسەن تەیب بەرخی) لە شوێنی دانراوە، بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی سلێمانی(مامۆستا خەسرەو مستەفا) دورخراوەتەوە، (بەشارەت عەبدولواحید محەمەد) شوێنی گرتوەتەوە، (حەمید سدیق)بەڕێوەبەری ئاوی سلێمانی دورخراوەتەوە، (فوئاد حەسەن) لە شوێنی دانراوە،

---

(١)چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(د.ئاکۆ عەبدولکەریم شوانی)، سەرۆکی بەشی مێژوو لە زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، ٢٩/٤/٢٠١٨.

(٢)هاوڕێ باخەوان: س. پ، ل٧٩٥.

(٣)س. پ، ل٢٢٢-٢٢٣.

(٤) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (وشیار صدیق ئەفەندی)، سلێمانی ، ٣/١٢/٢٠١٧.

بەڕێوەبەری گشتی دابەشکردنی کارەبا(سیروان عارف)لابراوە، (پەروین کاکە حەمە)لە شوێنی دانراوە، لەزۆربەی فەرمانگەکاندا بەپرسەکان لابران و کەسێکی دیکە خرایە شوێنیان[1]، هەر لەو ماوەیەدا پەیکەری (شەهید ئارام) لە شاری سلێمانیدا شکێنرا[2].

لەبڵاوکراوەی ڕۆژی ١٩٩٦/٩/٢٠ ی مەکتەبی ڕێکخستنی دەرەوە(ی.ن.ك) یشدا هاتبوو:"بارودۆخی شارە داگیرکراوەکانی کوردستان لەلایەن جاشی مەسعود تکریتی و سەدامەوە زۆر ناخۆشە بەتایبەتی ناو شاری سلێمانی و هەولێر، زۆری ماڵەکان تالآنکراون، بەردەوام ئەمن و ئیستیخبارات دەگەڕێن بەشوێن معارەزەو دۆستانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان)دا. هەموو ماڵە ئەمنە کۆنەکانی ڕژێم کە ئێستا ئاوارەو لێقەوماوی تێدایە، بەزۆر پێیان چۆڵدەکەن و دەیاندەنەوە بە بە کرێگیراوەکانی ڕژێم"[3]. لە ڕاستیدا لە چەند ڕۆژێکی کەم پاش هاتنی پارتی بۆ شاری سلێمانی دیاردەی گەڕان و تالآن و هەڵکوتانەسەر مالآنی سەربە لایەنگرانی یەکێتی زۆر بووە،بەلآم پاش هەفتەیەك بارودۆخەکە ئاسایی بوەتەوە.

لە کاتی چۆڵکردنی شاری سلێمانی لەلایەن یەکێتییەوە سەرجەم کارتەکانی وێستگەی کارەبای دوکانیان لەگەڵ خۆیاندا برد. بۆیە لەو ماوەیەدا دنیشتوانی شاری سلێمانی بە بێ کارەبا و لە تاریکیدا ماونەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا لە ڕۆژی ١٩٩٦/٩/١٠ ڕژێمی بەعس گەمارۆی ئابوری لەسەر هەرێمی کوردستان لابرد[4]، ئەمەش کەمێك باری سەرشانی دانیشتوانی شاری سلێمان سوککرد، جگەلەوەش ڕێگە سلێمانی–کەرکوك کرایەوە، بەمەش بازرگانانی شاری سلێمانی توانیان شتومەکی پێویست هاوردەی شاری سلێمانی بکەن و کەمێك نرخی شتومەك لە بازاڕدا هەرزان بوو. بۆیە قسەیەك لە ناو خەڵکی شاری سلێمانیدا بلاْودەبێتەوەو دەڵێن:(بارزانی و هەرزانی)، جگەلەوەش (پ.د.ك) مووچەی دوو مانگی مامۆستایان و فەرمانبەرانی تەندروستی دابەشدەکات، هەوڵیشدەدا، ئەو کەسانەی کە پارەیان لە بانکدا بووەو فەوتاوە، بۆیان بگەڕێنێتەوە[5]. هەموو ئەوانەش بۆ ئەوەبوو، کە پارتی هەست و سۆزی جەماوەری شاری سلێمانی بەلای خۆیدا ڕابکێشێت.

هەرچۆنێك بێت دەسەڵاتی پارتی لەشاری سلێمانیدا هەتا ١٩٩٦/١٠/١٣ درێژەی کێشاو جارێکی دیکە (ی.ن.ك) گەڕایەوە بۆ شاری سلێمانی.

---

(١)ئەو زانیارییانە بە کاری مەیدانی توێژەر بە دەست هاتووە، لە میانی سەردانی کردنی بۆ فەرمانگەکانی شاری سلێمانی، بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ناوی بەڕێوەبەری فەرمانگەکانی سلێمانی لە ماوەی نێوان سالآنی ١٩٨٨-٢٠٠٣، بڕوانە// پاشکۆی ژمارە(٣١).

(٢) فاتح ڕەسوڵ: س. پ، ل٣٩٩.

(٣) هاوڕێ باخەوان: س. پ، ل.٧٩٥.؛ کریس کۆچێر:ەس. پ، ل٢٢٨.

(٤)هاوڕێ باخەوان: س. پ، ل.٧٩٥.

(٥)چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (وشیار صدیق ئەفەندی)، سلێمانی، ٢٠١٧/١٢/٣.

## بەشی سێیەم: شاری سلێمانی لە دوای ڕووداوی ٣١ ی ئابی ١٩٩٦تا ساڵی ٢٠٠٣

### باسی یەکەم: شاری سلێمانی لە ڕۆژگاری دوو ئیدارەیی دا:

### یەکەم: گەڕانەوەی یەکێتی و هاوپەیمانەکانی بۆ شاری سلێمانی:

وەك پێشتر باسکرا (ی.ن.ك) لە ٩ی ئەیلولی ١٩٩٦ شاری سلێمانی چۆڵکردو هەمان ڕۆژ شارەکە کەوتە دەست (پ.د.ك)، بەڵام مانەوەی پارتی لە شاری سلێمانیدا زۆری نەخایاند، لەماوەیەکی کورتدا یەکێتی هێزەکانی خۆی ڕێکخستەوەو جارێکی دیکە شاری سلێمانی گرتەوە.

لەکاتی ڕووداوی ٣١ ی ئابی ١٩٩٦ دا، هێزەکانی یەکێتی لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری جەماوەری شاری سلێمانی بەتایبەت ئەوانەی ئەندامو لایەنگری یەکێتی بوون ئاوارەی سنوری ئێران بوون، لە بارودۆخێکی خراپدا دەژیان، بەشێك لە فەرماندە سەربازییەکانی (ی.ن.ك) لە (سەیران بەند) کۆدەبنەوە بیرۆکەی گرتنەوەی سلێمانی باس دەکەن، (مستەفا چاوڕەش) دەڵێت:"بیرمان کردەوە چۆن جێگەیەك بگرین و ئەم قەرەباڵغیە لەم ناوچەیەدا جێگە بکەینەوە، ئەوەندی خەڵك لێبوو، باوەڕ نەدەکرا، لە بەینی خۆماندا بیرمان لە گرتنەوەی پشدەرو قەڵادزێ دەکردەوە، کاك سالار عەزیز وتی برادەرینە ئێمە بۆچی بیر لە پشدەر بکەینەوە بۆچی بیر لە سلێمانی نەکەینەوە؟ سلێمانی هی خۆمانەو پارتی لەوێ ئیحتیاتی نەکردووە...دواتر چووینە لای مام جەلال و بیرۆکەی گرتنەوەی سلێمانیمان لا باسکردو ئەویش ڕازی بوو"[(١)].

بەوشێوەیە (ی.ن.ك) بەرنامەیەکی سەربازیی و نەخشەیەکی تۆکمەی بۆ گرتنەوەی شاری سلێمانی و ناوچەکانی دیکە دانا، لە شەوی (١٢/١٣-١٠/١٩٩٦) لە ئۆپەڕاسیۆنێکدا بەناوی (گەردەلولی تۆڵە)[(٢)]، هێرشەکانی خۆی دەسپێکرد، توانی لە ماوەی ( ١٠/١٣ – ١٩٩٦/١٠/١٧) ئەو ناوچانەی کە پێشتر لە دەستیدا بوون، جگەلە شاری هەولێر، بخاتەوە ژێرکۆنترۆڵی خۆی ، لە هەموو میحوەرەکانەوە یەکێتی سەرکەوتنی بەدەستهێنا[(٣)].

جێی ئاماژەیە لەو هێرشەدا ئێران هاوکاری یەکێتی کرد[(٤)]، سەبارەت بە هاوکاری ئێران (جەلال تاڵەبانی) دەڵێت:"یارمەتییەکانیان بریتی بوو لەوەی چەکیان پێ فرۆشتین، هەروەها پێیان گوتین ئێمە پشتیوانیتان دەکەین، ئێمە هەڵەمان کردووە کە هاوکاریمان نەکردوون، ئێستا لەسەرتان دەکەینەوە، ورەی

---

(١) وەرگیراوە لە// س. پ، ل٣٢٥-٣٢٦.

(٢) گەردەلولی تۆڵە، ناوی ئەو ئۆپەڕاسیۆنە بوو، کە (ی.ن.ك) لە دوای ڕووداوی ٣١ ی ئابی ١٩٩٦ ئەنجامیدا بۆ گرتنەوەی سەرجەم ئەو ناوچانەی کە لە دەستیدابوون، توانی سەرکەوتن بەدەستبهێنێ و جارێکی تر هەرێمی کوردستان دابەشبوو بۆ دوو ناوچەی دەسەڵات (پ.د.ك) لە هەولێرو (ی.ن.ك) لە سلێمانی.( بڕوانە// ئینسکلۆپیدیای یەکێتی نیشتیمانی کوردستان: س. پ، ل٦٦٩-٦٧١).

(٣) بۆ زانیاری زیاتر لەسەر چۆنیەتی شەڕەکان و زیان و دەستکەوتەکانی (ی.ن.ك) لە هەموو میحوەرەکان. بڕوانە// بێ ناوی نووسەر: پانۆرامای داستانی سەوزی هەڵمەتەکانی گەردەلولی تۆڵە لە شەوی ١٢/١٣و ڕۆژانی ١٣-١٤-١٥-١٦-١٧/تشرینی یەکەمی ١٩٩٦، گۆڤاری (٣١ی ئاب)، ژمارە (٨)ی ئەیلولی ١٩٩٧، ل.٤-٧

(٤) بڕوانە// فیبی ماڕ: س. پ، ل٤٦٢.؛ ڕەجائی فائید: س. پ، ل٣١٥.؛ گەراس. ئاڕ. ڤی. ستانسفێلد: س. پ، ل٣٤٧.

پێشمەرگە بەرزبۆوە ، کە بیستی ئێران هاوکاریمان دەکات...پاسدار لەگەڵ ئێمە نەبوون، بەڵام بۆ ڕێنیشاندان و دانانی (خدعە) هەندێ شارەزا هاتن، یارمەتیان داین، هەروەها هەندێ کاتیۆشایان داینێ"[١].

دوای دڵنیا بوون لە هاوکاری ئێران بەرزبوونەوەی مۆڕاڵی پێشمەرگەکانی (ی.ن.ك) ئامادەکاری تەواو کرا بۆ جێبەجێکردنی نەخشەی ئۆپەڕاسیۆنی گەردەلولی تۆڵە، نەخشەکەش بەمشێوەیە بوو:

١. قۆڵی چۆمان-ماوەت-سلێمانی بە کۆسرەت ڕەسوڵ سپێردارا.
٢. قۆڵی پێنجوێن-شارەزوور-هەڵەبجە بە فەرەیدون عەبدولقادر سپێردرا.
٣. قۆڵی بەمۆ-دەربەندیخان-سلێمانی بە جەبار فەرمان سپێردرا.
٤. قۆڵی مەرگە-سورداش-دوکان بە مستەفا سەید قادر سپێردرا.
٥. قۆڵی بناری قەندیل-قەڵادزێ- ڕانیە بە خەلیل نیعمەت دۆسکی سپێردرا[٢].

لە قۆڵی یەکەمەوە هێزەکانی یەکێتی لە دوای شەڕێکی قورس لە نێوان قەڵاچوالان و چوارتادا سەرکەوتنیان بەدەستهێنا و پارتی پاشەکشەی کرد[٣]. سەبارەت بە قۆڵی پێنجوێن-شارەزوور- هەڵەبجە، (جەلال تاڵەبانی) دەڵێت:"لە پێنجوێنیشەوە دیسان ئێران یارمەتیان داین و چەك و تەقەمەنیان دابوینێ و هێزەکانمان لەوێشەوە هاتنە پێشەوە، فەرەیدون عەبدولقادر و شەوکەوتی حاجی موشیر هاتن پێنجوێن و ناڵپاریزیان گرتەوە"[٤].

لە قۆڵی بەمۆ-دەربەندیخان-سلێمانیشەوە، هێزەکانی یەکێتی بە سەرکردایەتی جەبار فەرمان سەرکەوتنی خێرایان بەدەستهێنا و زیانێکی زۆریان لە هێزەکانی پارتیدا و ژمارەیەکی زۆریشیان بەدیل گرتن، محەمەدی حاجی مەحمود دەڵێت:"لە دەربەندیخان (٥٣) پێشمەرگەی پارتی بەدیل گیران و گولەباران کران، کە زۆربەیان لە عەشیرەتی شەمێرانی بوون"[٥].

بەو شێوەیە لەدوای شکستی پارتی لە هەموو قۆڵەکانەوە یەکێتی بەرەو شاری سلێمانی هاتن، لەگەڵ نزیکبوونەوەی هێزەکانی یەکێتی لە شاری سلێمانی هێزەکانی پارتی شاری سلێمانیان چۆڵکرد و پاشەکشەیان کرد[٦]، هەرچەندە لەسەر چیای ئەزمەڕ هەندێك بەرگریان کرد، بەڵام دواتر پاشەکشەیان کرد و بەبێ ئەوەی لەناو شاری سلێمانیدا بەرگری بکەن، هەر بە شەقامی بازنەی (مەلیك مەحمود-شەقامی

---

(١) وەرگیراوە لە// سەلاح ڕەشید: س. پ، ل٢٥٥.

(٢) ئینسکلۆپیدیای یەکێتی نیشتیمانی کوردستان: س. پ، ل٦٧٠.

(٣) مستەفا چاوڕەش: س. پ، ل٣٢٨-٣٢٩.

(٤) وەرگیراوە لە// سەلاح ڕەشید: س. پ، ل٢٥٥.

(٥) سەبارەت بەو (٥٣) پێشمەرگەی کە محەمەدی حاجی مەحمود باسیان دەکات، ئەوانەی کە لە عەشیرەتی شەمێرانی بوون، ژمارەیان (٤٣) کەس بوون و لەدوای گولەباران کردنیان تەرمەکانیان شێوێنرا، توێژەر بە چاوی خۆی تەرمەکانی بینیووە، لە ناوچەی سەرتەکی بەمۆی سەر بە قەزای دەربەندیخان گیران و دواتر گولەباران کران، پاش چەند رۆژێك لە کولەبارانکردنیان، ئینجا بە هەوڵی کەسایەتیە کۆمەڵایەتییەکان و مامۆستایانی ئاینی وەك(مامۆستا حەسەن شەمێرانی-ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان) توانرا تەرمەکان بگەڕێنرێتەوە بۆ خانەوادەکانیان، تەرمەکان لە مزگەوتی گەورەی قەزای شارەزوور(هەڵەبجەی تازە) مەراسیمی ئاینییان بۆ ئەنجامدراو دواتر لە گۆڕستانی ناحییەی وارماوا(زەڕایەن) بە خاك سپێردران. (توێژەر).؛ محەمەدی حاجی مەحمود: س. پ، ل٦٠٩).

(٦) ئینسکلۆپیدیای یەکێتی نیشتیمانی کوردستان: س. پ، ل٦٧٠.

شەست مەتری)دا بەرەو دوكان و كۆیەو لەویٚ بۆ هەولێر پاشەكشەیان كرد[١]، هەندێك لە هێزەكانی تری پارتی كە (مەسعود بارزانی)سەرۆكی(پ.د.ك)یشیان لەگەڵ بوو لە ڕێگەی چەمچەماڵەوە بە ڕەزامەندی حكومەتی عێراق بەرەو كەركوك ڕۆشتن، دوای ئەوەی لەلایەن خەڵكی كەركوكەوە بە تایبەت دانیشتوانی گەڕەكەكانی (ئیسكان، ڕەحیماوا) سوكایەتیان پێكرا، دواجار لەوێوە بەرەو هەولێر هەلاٌتن[٢].

ئەگەر باس لە بارودۆخی شاری سلێمانی بكەین پێش گەیشتنی هێزەكانی (ی.ن.ك)و هاوپەیمانەكانی كە پێكهاتبوون لە (حزبی سۆسیالستی كوردستان، حزبی زەحمەتكێشان، پارتی پارێزگاران، بزوتنەوەی دیموكراتی خوازان) كە بەشداربوون لە گرتنەوەی ئەو ناچانەی كە بەهۆی ڕووداوی ٣١ ی ئابی ١٩٩٦ یەكێتی لەدەستی دابوون و كەوتبوونە ژێر كۆنترۆڵی پارتییەوە[٣].

ڕۆژی ١٩٩٦/١٠/١١ دوای شكستی پارتی لە ناوچە سنورییەكان دەنگۆی ئەوە لە شاری سلێمانی بلاٌوەبێتەوە، (مەسعود بارزانی) لەگەڵ هێزێكی زۆر لە سوپاكانی (بارزان، ڕزگاری، گەرمیان) دەگەنە شاری سلێمانی، بەمەش ترس و دڵەڕاوكێ لە شاری سلێمانی بلاٌوەبێتەوە، گوایە لە شەودا هەڵمەتی گەڕان، پشكنین و دەستگیركردنی هەموو ئەوانە دەستپێدەكات كە ئەندام و لایەنگری یەكێتین، یان سەر بە پارتە هاوپەیمانەكانی یەكێتین، بۆیە هەموو ئەوانەی كە مەترسیان لەسەر بوو خۆیان دەشارنەوە، بۆ هەمان ڕۆژ (مەسعود بارزانی) دەگاتە (ئوتێل ئەبو سەنا)ی شاری سلێمانی، سەرچنارو دەوروبەری ئوتێلەكە بە ژمارەیەكی زۆر چەكدار دەگیرێت، لە ئوتێلەكە (مەسعود بارزانی) لەگەڵ هەریەكە لە (فرەنسۆ هەریری، د. ڕۆژ نوری شاوەیس، فایەق تۆفیق)و چەند فەرماندەیەكی دیكە كۆدەبێتەوە لەسەر هێرش بۆ ناوچەكانی (شارباژێڕ، پێنجوێن و زەڵێ) گفتوگۆ دەكەن، لەبەرەبەیانی ڕۆژی (١٩٩٦/١٠/١٢) (مەسعود بارزانی) لەگەڵ هێزێكی زۆر بەرەو چیای ئەزمەڕو گۆیژە سەردەكەون، بە مەبەستی تێكشكاندنی ئەو هێرشەی یەكێتی كە لە ١٩٩٦/١٠/١١ دا كردبووی و چەند ناوچەیەكی كۆنترۆڵ كردبوو، بەتایبەتی ناوچەكانی( قەلاٌچوالان، چوارتاو شارباژێڕ)، لە ڕادیۆی پارتییەوە بە مەبەستی بەرزكردنەوەی وورەی هێزەكانیان چەندین پڕۆپاگەندە بەناو شاری سلێمانیدا بلاٌوەكەنەوە، باس لە سەركەوتن و كوشتاری سەركردەكانی یەكێتی دەكەن[٤]، بەلاٌم سەرەڕای ئەوانەش هێزەكانی پارتی لە ئێوارەی ١٩٩٦/١٠/١٢ لە چیای ئەزمەڕەوە دەست بە پاشەكشە دەكەن بەرەو ناو شاری سلێمانی، ( محەمەدی حاجی مەحمود) ئەوە پشتڕاست دەكاتەوە، كە (مەسعود بارزانی) خۆی سەرپەرشتی هێزەكانی كردووە لە ئەزمەڕ[٥]. (مستەفا چاوڕەش) كە خۆی فەرماندەیەكی سەربازی یەكێتی بووە ئاماژە بەوە دەكات، كە جگەلە بەرگرییەكی كەم لەسەر چیای

(١) محەمەدی حاجی مەحمود: س. پ، ل٦٠٩.

(٢) چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ (وشیار صدیق ئەفەندی)، سلێمانی، ٢٠١٧/١٢/٣.

(٣) ئینسكلۆپیدیای یەكێتی نیشتیمانی كوردستان: س. پ، ل٦٧١.

(٤) حەمە سور سەرشەقامی: بەبۆنەی تێپەڕبوونی ساڵێك بەسەر گەردەلولی تۆڵەدا، ڕووداوەكانی ڕۆژانی ١٢و ١٩٩٦/١٠/١٣و ١٩٩٦/١٠/١٣و قوچاندنی مەسعود بارزانی و هێزە تێكشكاوەكەی بەرەو كەركوك، گۆڤاری (٣١ ی ئاب)، ژمارە (٨)، ئەیلولی ١٩٩٧، ل٣٦-٣٧.

(٥) س. پ، ل٦٠٩.

ئەزمەڕەوە، پارتی بەرگری نەکردووەو دەستی بە پاشەکشە کردووە[1]، لەدوای پاشەکشەی هێزەکانی پارتی، (مەسعود بارزانی) دێتەوە (ئوتێل ئەبو سەنا)، بەڵام زۆر نامێنێتەوەو بڕیاری کشانەوە لەشاری سلێمانی دەردەکات، هیچ بەرگرییەك لەناو شاری سلێمانیدا ناکات، یەکێتی لە شەوی ١٢/١٣-١٠-١٩٩٦ کاتژمێر (١١) دەگەنە ناو شاری سلێمانی، دوای ئەوەی پارتی شاری سلێمانی چۆڵ دەکات بە سەدان ئەندامو لایەنگری یەکێتیو هاوپەیمانەکانی دەڕژێنە سەرشەقامەکانی شارو بەردەم مەڵبەندو کۆمیتەکانی یەکێتیو دەست بە شاییو خۆشی دەردەبڕین دەکەن و پیرۆزبایی لە یەکتر دەکەن، دوای ئەوەی هێزەکانی یەکێتی بە سەدان ئۆتۆمبیلەوە لە چیای ئەزمەڕو شوێنەکانی دیکەوە دێنە ناو شاری سلێمانی ، بەوشێوەیە بە کردەوە لە ڕۆژی ١٣/١٠/١٩٩٦ شاری سلێمانی کەوتەوە دەست یەکێتیو هاوپەیمانەکانی[2].

لە هێرشی هێزەکانی یەکێتیدا ژنانیش بەشداربوون، لە ئۆپەراسیۆنی (گەردەلولی تۆڵە)دا چەندین کاری گرنگیان پێ سپێردرابوو، لەوانە (ئامادەکردنی خواردن، پاککردنەوەی چەكو ئامادەکردنی فیشەكو کاری پزیشکیو هەندێك کاری ڕاگەیاندنو چارسەرکردنی بریندارەکانو هاوکاریکردنی هێزەکان لەکاتی هێرشەکاندا)[3].

دوای گرتنەوەی شاری سلێمانی لەلایەن یەکێتیو هاوپەیمانەکانییەوە، دیسان ئەندامو لایەنگرانی پارتی شاری سلێمانیان بەجێهێشتو بەرەو هەولێر هەڵهاتن، واتە ئاوارەی شاری هەولێر بوون، (وشیار سدیق ئەفەندی)، کە دوای ئاشتبوونەوەی پارتیو یەکێتی سەرۆکی لیژنەی ئاوارەکانو قەرەبووکردنەوەیان بووە، ئاماژە بەوەدەکات کە نزیکەی (٣٨٧) خێزان لەشاری سلێمانی ماڵ و موڵکی خۆیان بەجێهێشتووەو ئاوارەی شاری هەولێر بوون[4].

کەواتە دەردەکەوێت شەڕو پێکدادانەکانی نێوان پارتیو یەکێتی، جگەلەوەی گەورەترین کارەساتی بەسەر گەلی کورددا هێناو، هەتا ئێستاش شوێنەواری بە ئاشکرا دیارە، گەورەترین زیانیشی لە شاری سلێمانیو دانیشتوانەکەی داوە، بەوەی لە هەردوو بارەکەدا واتە چ سەرکەوتنی پارتی، چ سەرکەوتنی یەکێتی بەشێك لە دانیشتوانەکەی ئاوارەی شارەکانی تر بوون، ئەمە جگەلەوەی لەو ماوەیەدا زۆرترین ڕێژەی کۆچکردن بۆ دەرەوەی وڵات بەدیدەکرێت، زیانێکی دیکەی شەڕەکانی نێوان ئەو دوو پارتە زەقکردنەوەی دیاردەی ناوچەگەرێتی بووە، کە هەتا ئێستاش لەنێوان شارەکانی هەولێر و سلێمانی هەستی پێدەکرێت، واتە کاتێك ئەو شارە لەژێردەسەڵاتی لایەنێکدا بووە کراوە بەدژی شارەکەی دیکەو ئەمەش دواجار زیانی بە یەکپارچەییو یەکگرتوویی هەرێمی کوردستان گەیاندووە.

---

(١) مستەفا چاوڕەش: س. پ، ل٣٣١.

(٢) لە کاتی گەیشتنی هێزەکانی یەکێتی بۆ ناو شار جەماوەری شار و ئەندامان و لایەنگرانی یەکێتی ئەم هوتافە دەڵێنەوە: (جاش جاش بارزانی، چلەی نەچوو قوچانی) (بڕوانە// حەمە سور سەرشەقامی: س. پ، ل٣٨-٣٩).

(٣) بۆ زانیاری زیاتر. بڕوانە// شێرە ژنەکانی (ی.ن.ك) لە یادی گەردەلولی تۆڵەدا، گۆڤاری (٣١ ی ئاب)، ژمارە (٨)، ئەیلولی ١٩٩٧، ل٣٣-٣٥.

(٤) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (وشیار صدیق ئەفەندی)، سلێمانی، ٣/١٢/٢٠١٧.

لەدوای کۆنترۆڵکردنەوەی شاری سلێمانی یەکێتی نیازی کۆنترۆڵکردنەوەی هەولێرو ناوچەکانی دیکەشی هەبوو، بەڵام ئاگادارکرایەوە کە زیاتر پێشڕەوی نەکات[1]، (جەلال تاڵەبانی) دەڵێت:"دوای ڕزگارکردنی ڕانیەو کێوەڕەش، بەرەو هیران ڕۆیشتین، پێشمان وابوو لە هیرانەوە بەرەو شەقڵاوە بڕۆین، لەو کاتەدا تەدەخولات دەستپێکرد، یەکەم تەدەخول عێراق بوو لە کفرییەوە نامەیەکیان بۆ (جەبار فەرمان) نوسیبوو تێیدا هاتبوو(بۆ جەبار فەرمان، ئاگاداراتان دەکەینەوە کە ئەگەر ئێوە بچنە هەولێر ئێمە لێتان دەدەین، جارێکی تر تەدەخول دەکەینەوە)، لە هەمان کاتدا ئەمەریکییەکان تەلەفۆنیان بۆ کردمو تکایان کردو گوتیان (ئەگەر ئێوە بچنە هەولێر ئەوا عێراق تەدەخول دەکاتەوە، ئەوکاتە ئێمەش ناچاردەبین بێدەنگ نەبین، ئێستا کاتی هەڵبژاردنە لە ئەمەریکاو کلینتۆنی دۆستان لە کاتی هەڵبژاردندایە، ئەوکارە ئیحراجی دەبێت بۆ ئەو)، لە هەمانکاتدا ئێرانییەکانیش گوتیان(لەو سنورە تێمەپەڕن)، ئەگینا دەمانتوانی بە ئاسانی بچینەوە هەولێرو شەقڵاوەش بگرین"[2]. بۆیە لەدوای ئەو دەستێوەردانەی عێراق و ئەمەریکاو ئێران، لە کۆبوونەوەی سەرکردایەتی یەکێتیدا بڕیاری ڕاوەستانی هێزەکان درا، لەو سنورەی کە تێیدا بوون، سنوری دێگەڵە بووە جیاکەرەوەی ناوچەی زەرد و ناوچەی سەوز، بەمەش هەولێرو ڕەواندزو هیران لە دەرەوەی ناوچەی سەوز مانەوە[3].

سەبارەت بە ئاماری کوژراوانی پارتی لە هێرشی گەردەلولی تۆڵەدا، (جەلال تاڵەبانی) لە ڕێگەی تەلەفزۆینی (mbc) ەوە ڕایگەیاند کە پارتی لە سلێمانیدا (٣٥٠) کوژراوی داوە[4].

دوای ١٩٩٦/١٠/١٩ پارتی لە ناوچەکانی قەڵادزێ و ڕانییەوە هێرشیانکردە سەر هێزەکانی یەکێتی و تا نزیکی شاروچکەی دوکان پێشڕەوییان کرد، بەڵام هێرشەکەی پارتی شکستی هێناو پاشەکشەیان کرد[5]، ئەمەش کۆتا هەوڵی پارتی بوو، بۆ گرتنەوەی ناوچەکان و گەڕانەوەی بۆ شاری سلێمانی، لەدوای ئەوە هەرێمی کوردستان بۆ دوو ناوچەی ئیداری دابەشبوو.

بەردەوامی شەڕەکانی یەکێتی و پارتی، وای لە ئەمەریکاو تورکیاو بەریتانیا کرد، کە دەستێوەردان بکەن و سەرەنجام نوێنەری هەردوولایان بانگکردو لە ئەنقەرە کۆبوونەوەو لەسەر (٢٢) خاڵ ڕێکەوتن، خاڵی (١و ٢) بۆ پاراستنی ئاگربەست بوو، خاڵەکانی (٣، ٧، ١٠) بۆ پاراستنی بەرژەوەندی تورکیا بوو، خاڵی (٤) دژی دەستێوەردانەکانی ئێران بوو، خاڵەکانی (١١-١٦) پەیوەندی بە مافی مرۆڤو سەروەری یاساو دابینکردنی خزمەتگوزرای و پێداویستییەکانی بژێوی بۆ دانیشتوانی هەرێم، خاڵەکانی (١٧، ١٨) دەربارەی ئاشتبوونەوەو پاراستنی بەرژەوەندییەکانی تورکیا بوو، خاڵی (١٩) تایبەت بوو بە کۆکردنەوەی داهاتی گومرگەکان و چۆنیەتی دابەشکردنی، خاڵی (٢٠) تایبەت بوو بە ڕەخساندنی کاتێکی گونجاو بۆ هەڵبژاردن، خاڵی (٢١) دژی پەکەکەو لە بەرژەوەندی تورکیا بوو، بەوە پارتی و یەکێتی ڕزایکران، کە ڕێگە لە جموجۆڵی پەکەکە بگرن لە سنوری هەرێمدا، خاڵی (٢٢)ش تایبەت بوو بە گەڕانەوەی ئاوارەکانی تورکیا

---

(١) محەمەدی حاجی مەحمود: س. پ، ل٦١١.

(٢) وەرگیراوە لە//سەلاح ڕەشید: س. پ، ل٢٥٧.

(٣) ئینسکلۆپیدیای یەکێتی نیشتیمانی کوردستان: س. پ، ل٦٧٠.؛ محەمەدی حاجی مەحمود: س. پ، ل٦١١.

(٤)وەرگیراوە لە//ئیسماعیل تەنیا: س. پ، ل٢٩.

(٥) محەمەدی حاجی مەحمود: س. پ، ل٦١١.

بۆ هەرێمی کوردستان و بڕیاردرا کە کۆبوونەوەی دیکە ئەنجام بدەن[1]. سەرئەنجام ئەو ڕێکەوتنەش چارەسەری کێشەکانی نەکردو بێ ئەنجام مایەوە، یەکێتی لە سلێمانی حکومەتی تایبەت بە خۆی دروستکرد، پێشتریش پارتی لە هەولێر هەمان کاری کردبوو.

---

(١) بۆ دەقی ڕێکەوتنەکەی ئەنقەرە. بڕوانە// یەکێتی نیشتیمانی کوردستان مەڵبەندی ڕێکخستنی سلێمانی، بەشی ڕاگەیاندن، دەق و ناوەڕۆکی هەندێ لەو ڕێکەوتننامەو گفتوگۆکانی ئاشتی (پاریس، دبلن، درۆگیدا، تاران، ئەنقەرە)، لە بلاوکراوەکانی ڕاگەیاندنی مەڵبەندی ڕێکخستنی سلێمانی (ی.ن.ک)، ئەیلولی ١٩٩٧، ل٢٣-٢٦.

### دووەم: پێکهێنانی حکومەت/ کابینەی سلێمانی:

پاش گەڕانەوەی (ی.ن.ك) بۆ شاری سلێمانی و دەستبەسەرداگرتنەوەی بەشێکی ئەو ناوچانەی کە بەهۆی ڕووداوی (٣١ ی ئابی ١٩٩٦) ەوە لە دەستی دابوون، هەرێمی کوردستان بەکردەوە دابەشبوو بۆ دوو ناوچەی دەسەڵات و دوو ئیدارە، ئیدارەی یەکەم لە سنوری گوندی (پیرەو سماقوڵی، نازەنین، بالیسان، دۆڵی شەهیدان، تا زاخۆ و برایم خەلیل)ی دەگرێتەوە، لە ژێردەسەڵاتی پارتیدا بوو، سەنتەری دەسەڵاتیش هەولێر بوو. لە ڕۆژهەڵاتی ئەو ناوچانەی ئاماژەی پێکرا ، تا سنوری (کفری و کەلار، قادرکەرەم، هەڵەبجە، چەمچەماڵ، ڕانیە، قەڵادزەوە، لەژێر دەسەڵاتی یەکێتیدا بوون، سەنتەری دەسەڵاتیش شاری سلێمانی بوو[١]، پێشتر لە ١٩٩٦/٩/٢٦ پارتی حکومەتێکی بە سەرۆکایەتی (د. ڕۆژ نوری شاوەیس) دروست کردبوو[٢].

هەرچەندە یەکێتی لەدوای گەڕانەوەی بۆ هەرێمی کوردستان و شاری سلێمانی لە ١٣ ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٦ درێژەی بە کارەکانی کابینەی ئەو حکومەتە دا، کە (کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی) سەرۆکایەتی دەکرد و بەهۆی ڕووداوی (٣١ ی ئابی ١٩٩٦) لەبەریەك هەڵوەشابوو، لەگەڵ ئەوەشدا (کۆسرەت ڕەسوڵ) وەك سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران هەڵسوکەوتی دەکرد و چاوی بە نوێنەری وڵاتان و پارت و ڕێکخراوەکان دەکەوت و کاروبارەکانی سنوری ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی بەڕێوەدەبرد[٣].

لەو ماوەیەدا یەکێتی داهات و بودجەی پێویستی لەبەردەستدا نەبوو، بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان بە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی، بەتایبەت لە شاری سلێمانیدا، تەنانەت هەندێك لە گەڕەکەکانی شار بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك بێ کارەبا بوون، حکومەت توانای چارەسەرکردنی نەبووە، جگەلەوەی حکومەت وەك پێویست نەیدەتوانی چاودێری و کۆنتڕۆڵی زیادەڕەوی لە بەکارهێنانی کارەبای شارەکەدا بکات، لە کاتێکدا کە گەڕەکێك کارەبای نەدەبوو، دانیشتوانەکەی هێڵی کارەبایان لەو گەڕەکانە ڕاکێشاوە کە کارەبایان هەبوو، ئەوەش زۆرجار دەبووە هۆی تەقینەوەی گۆڕەر (محاویلە)کانی کارەبا، ئەمە جگەلەوەی شاری سلێمانی بە هۆی لێژای و بەرزونزمی زۆر و دابارینی بەخوڕ زۆرجار دیاردەی لافاو لە شارەکە دەرکەوتووە و زیانی بۆ هاوڵاتیانی شاری سلێمانی هەبوو[٤].

یەکێکی دیکە لەو کێشانەی کە ڕووبەڕوی حکومەتی سلێمانی بویەوە کێشەی ئاوارەکان و نیشتەجێکردنیان و دابینکردنی پێداویستی و خزمەتگوزارییەکان بوو بۆیان، ئاشکرایە بەهۆی شەڕی نێوان

---

(١) فاتح ڕەسوڵ: س. پ، ل٤٦٣.

(٢) بۆ پێکهاتەی حکومەتەکە و دابەشکردنی پۆستەکان. (بڕوانە// هەڵمەت محمد: پێکهاتەی کابینەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق ١٩٩٢-٢٠١٤، (ژووری توێژینەوەی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان)، بڵاونەکراوە، ل٦).

(٣) بۆ زانیاری زیاتر لەسەر کاروبارەکانی سەرۆکی حکومەت (کۆسرەت ڕەسوڵ). بڕوانە// ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (١٣٧٧)، ٥ شەممە، ١٩٩٧/١/١٩، ل٤.؛ هـ. س، ژمارە (١٣٧٨)، شەممە، ١٩٩٧/١/١٣، ل١.؛ هـ. س، ژمارە (١٣٧٩)، ٥شەممە، ١٩٩٧/١/١٦، ل٤.؛ هـ. س، ژمارە (١٣٨٠)، ٢شەممە، ١٩٩٧/١/٢٠، ل٤.؛ هـ. س، ژمارە (١٣٨١)، ٥شەممە، ١٩٩٧/١/٢٢، ل٤.؛ هـ. س، ژمارە (١٣٨٢)، ٢شەممە، ١٩٩٧/١/٢٧، ل٤.

(٤) کێشەی هەندێ لە گەڕەکەکانی سلێمانی، ، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (١٣٧٨)، ٢شەممە، ١٩٩٧/١/١٣، ل٦

یەکێتی و پارتییەوە، ئەندامو لایەنگرانی یەکێتی لە ناوچەکانی هەولێرو شوێنەکانی دیکەو ئاوارەی ئەو ناوچانە بوون کە لەژێر دەسەڵاتی یەکێتیدا بوو، هەروەك چۆن ئەندامو لایەنگرانی پارتی لە شاری سلێمانیو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتییەوە ئاوارەی شاری هەولێرو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پارتی بوون. لێرەدا زیاتر مەبەستمان ئەو ئاوارانەیە کە ڕوویان لەشاری سلێمانی کردبوو، هەر زوو لیژنەیەك بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئەو ئاوارانە دروستکرا، لیژنەکە لە ١٩٩٦/١١/٢٠ دەستبەکاربوو، لیژنەکە بە هاوکاری پارێزگاری سلێمانی توانی لە ناوچەی بەکرەجۆ (١٩٢) خانوو، لە گەڕەکی زێڕینۆکیش (٤٠٠) خانوو بۆ ئەو ئاوارانە دابینبکات، لە بەکرەجۆ (٢٣٠) خێزانو لە کۆمەڵگەی زێڕینۆکیش (٥٧٧) خێزانی ئاوارە نیشتەجێکران، ئەو ئاوارانەشی کە لە هەولێرەوە چووبوونە سنوری ئێران لە سەربازگەی (سەلام) نیشتەجێکران، بە پێی ئەو ئامارانەی کە لەلایەن لەلایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی سلێمانییەوە ئەنجامدراوە، کۆی گشتی ئاوارەکان (٦٥٣٨) خێزانو (٤٣٩٦٩) کەس بوون، جگەلەوەی بەشێکی زۆری ئوتێل و باڵەخانەکانی شاری سلێمانی پڕکرابون لەو ئاوارانە لەوانە ئوتێلەکانی:( ئەبوسەنا، بەغداد، سۆمەر، هیوا، مەولەوی...هتد)، بەشێکی تریان بەسەر شارو شارۆچکەکانی سەر بە پارێزگای سلێمانیدا دابەش ببوون[1].

جێی ئاماژەیە ئەو ئاوارانە لە ژیانو گوزەرانێکی خراپدا دەژیانو لە توانای حکومەتی هەرێمو کابینەی سلێمانیدا نەبوو، کە سەرجەم داخوازیو پێداویستییەکانیان جێبەجێی بکات، بۆیە لە (١٩٩٦/١١/٢٦) ڕێپێوانێکیان بۆ بەردەم بارەگای نەتەوەیەکگرتووەکان لە شاری سلێمانی ئەنجامداو لە یاداشتنامەیەکدا داوایان کردبوو:

١. هەوڵدانی بەپەلە بۆ ڕاگرتنی شاڵاوی دەرکردنی خەڵکی بێ تاوان لە شاری هەولێر شارو شارۆچکەکان.
٢. شوێنی حەوانەوە دابینبکرێت بۆ هەموو ئەوانەی ئاوارەبوونو خۆراکو پۆشاکیان بدرێتێ.
٣. دابینکردنی دەرمانو پێداویستی ژیان بۆ منداڵو نەخۆشەکان.
٤. بایەخدا بە بارودۆخی خراپی ئەو ئاوارانەی کە لە دیوی ئێران گەڕاونەتەوە، لەسەر سنورەکان ژیان بەسەر دەبەن، نیشتەجێکردنیان بە هاوکاری دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.
٥. هەوڵدان بۆ گەڕاندنەوەی هەموو ئاوارەکان بۆ شوێنی پێشوویان لەگەڵ دابینکردنی یارمەتی پێویست[2].

سەرەڕای ئەوانەش ئەو ئاوارانەی کە لە کۆمەڵگەی (شەهید ڕێبان) لە بەکرەجۆ نیشتەجێ کرابوون، (٢٤٠) خوێندکاریان هەبووەو خوێندنگای تایبەت بە خۆیانو نەبووە، جگەلە پێداویستییەکانی تری وەك (خۆراك، گەرمکەرەوە، ڕاخەر، بەتانی)، خزمەتگوزاری ئاو و کارەباشیان نەبووە ژیانو گوزەرانی ئاوارەکانی کۆمەڵگەی زێڕینۆکیش لەوە باشترنەبوو، مەڵبەندی ڕێکخستنی سلێمانی یەکێتی هەڵمەتێکی

---

(١) پاش چوار ساڵ لەداگیرکردنی پایتەختی هەرێم ئاوارەکانی هەولێر گوزەرانیان چۆنەو چی دەخوازن؟ ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (١٣٧٦)، شەمە، ١٩٩٧/١/٤، ل٥.

(٢) بۆ دەقی تەواوی یاداشتنامەی ئاوارەکان. بڕوانە// (٣١ ی ئاب)، ژمارە (١)، دیسەمبەری ١٩٩٦، ل٢١.

بۆ کۆکردنەوەی کۆمەك و هاوکاری بۆ ئەنجامدابوون، بەڵام وەك پێویست نەبوو، بەشی هەموو ئاوارەکانی نەکردبوو، بێ دەرامەت و سەرچاوەی ژیان بوون، خانووی وا هەبوو (٣) ماڵی تێدا نیشتەجێکراوە، خانووش هەبووە بەرپرس داگیرکردووە و بە چۆڵی ماوەتەوە، نەدراوە بە ئاوارەکان، حکومەت هەوڵیداوە چارەسەری کێشەی ئاوارەکان بکات، بەڵام لەبەر بێ توانایی و کەمی بودجە و داهات نەتوانرابوو، وەك پێویست خزمەتگوزاری پێداویستی ئاوارەکان پڕبکرێتەوە و دابینبکرێت[1]، جگەلەوەش بەشێکی زۆری ئەو بینایانەی کە پێشتر بنکە و بارەگای ڕژێمی بەعس بوون، کرابوون بە شوێنی ئاوارەکان. ژیان و گوزەرانی ئاوارەکان لە بارودۆخێکی خراپ دا بوون، بەشێکی زۆریان بێ کاربوون، پشتیان بە و هاوکارییانە دەبەست، کە لە ڕێگەی ڕێکخراوە خێرخوازییەکانەوە پێیان دەگەیشت، کە ئەوەش زۆر کەم بووە، بەشی پێداویستیەکانی ژیانی نەکردوون، بە گشتی کێشەی ئاوارەکان، یەکێك بووە لەو کێشە گەورانەی کە ڕووبەڕووی دەسەڵاتی (ی.ن.ك) و حکومەتی هەرێم- کبینەی سلێمانی ببوەوە[2].

(شەمسەدین ئەحمەد) کە خۆی ئاوارەی هەولێر بووە و لە کۆمەڵگەی زێرینۆك نیشتەجێ بووە، دەڵێت:"ئەو خانوانەی کە بۆ ئاوارەکان دروستکرا لە زێرینۆك هەموو ئاوارەکان وەریان نەگرت، من لەبەرئەوەی فەرمانبەر بووم و خزمەتم زۆر بوو وەرمگرت، بەڵام ئاوارەش هەبوو کە بێ خانوو بێ جێگە و ڕێگە بوو، بەڵام ئەوەی بە یەکێتی کرا بۆی کردین وەك ئاوارەکانی هەولێر لە شاری سلێمانی"[3]. بەڵام لە ڕاستیدا، لە دابەشکردنی ئەو خانوانەدا دەستێوەردانی حیزبی هەبوو، هەندێك جار بە واسیتە و نامەی بەرپرسەکان خانووەکان دابەش دەکران، بۆیە بەشێك لەو ئاوارانەی کە بەرپرس و دەسەڵاتدارانیان نە دەناسی بێبەش بوون لە وەرگرتنی ئەو خانووانە.

لەگەڵ هەموو ئەو کێشانەی کە ڕووبەڕووی دەسەڵاتی یەکێتی بۆوە، هەوڵیدا شەرعیەت بە دەسەڵاتەکەی خۆی بدات لە شاری سلێمانی و لایەنەکانی دیکەش بەشداری پێبکات لە کابینەی حکومەتی سلێمانیدا، بۆ ئەو مەبەستەش لە دوای زنجیرەیەك کۆبوونەوە لەگەڵ (حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان و حزبی سۆسیالستی دیموکراتی کوردستان، پارتی پارێزگاری کوردستان، بزوتنەوەی دیموکراتی خوازانی کوردستان) لەشاری سلێمانی لە کاتژمێر (٦)ی ئێوارەی ڕۆژی ١٩٩٦/١٢/٥ بڕیاری پێکهێنانی هاوپەیمانێتی دیموکراتی کوردستان (هـ.د.ك) یاندا، لە کۆبوونەوەکەدا هەر یەکە لە (جەلال تاڵەبانی سکرتێری (ی.ن.ك) ، قادر عەزیز سکرتێری زەحمەتکێشان، محەمەدی حاجی مەحمود سکرتێری (حسك)، بەهادین نوری سەرۆکی دیموکراتی خوازان، نەجم سورچی سەرۆکی پارتی پارێزگاران) ئامادەی بوون و لە کۆبوونەوەکەدا ڕاگەیەنراوێکیان بڵاوکردەوە، تێیدا باس لە گرنگی پێکهێنانی (هـ.د.ك) یان کردو داوایان لە سەرجەم ئەو لایەنانە کرد کە لەگەڵ ئامانجەکانی ئەم هاوپەیمانییەدا کۆکن بێنە ڕیزی ئەوانەوە،

---

(١) پاش چوار مانگ لە داگیرکردنی...س. پ، ل٥.

(٢) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(قادر ئەبوبەکر مستەفا)، سلێمانی، ٢٠١٨/٢/١٢. ناوبراو لە ساڵی ١٩٥٨ لەدایك بووە، لەساڵی ١٩٨١ەوە پەیوەندی بە ریزەکانی(ی.ن.ك)ەوە کردووە، لە کاتی شەڕی ناوخۆیی نێوان پارتی و یەکێتی، لە شاری هەولێرەوە ئاوارەی سلێمانی بووە، هەتا ڕێکەوتنی یەکێتی و پارتی و ئاشتبونەوەی گشتی، لە شاری سلێمانی نیشتەجێ بووە، لە ئێستاشدا لە شاری هەولێر نیشتەجێ یە.

(٣) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (شەمسەدین ئەحمەد)، هەولێر، ٢٠١٧/٤/١٨.

جەختیشیان لەسەر کۆتایی هێنان بە شەڕی ناوخۆو پێکهێنانی حکومەتێکی هاوپەیمانی نیشتیمانی کردەوە(١).

پێکهێنانی (هـ.د.ك) زەمینەی دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان-کابینەی سلێمانی ڕەخساند، بۆیە لە ڕۆژی (١٩٩٧/١/٢٦) بە بەشداری لایەنەکانی نێو بەرەی (هـ.د.ك) و پاڵپشت بەیاسای ژمارە (٢) ی ساڵی ١٩٩٢ کابینەی حکومەتی سلێمانی بە سەرۆکایەتی (کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی) ڕاگەیەنرا بەمشێوەیە:

| ژمارە | ناو | پۆست | حزب |
|---|---|---|---|
| ١ | کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی | سەرۆك وەزیران | یەکێتی |
| | د. کەمال عەبدولکەریم فؤاد | جێگری سەرۆك وەزیران | // |
| | جەبار فەرمان عەلی ئەکبەر | وەزیری پێشمەرگە | // |
| | عومەر عەبدوڵلا محەمەد | وەزیری ناوخۆ | // |
| | ئەرسەلان بایز ئیسماعیل | وەزیری پەروەردە | // |
| | سالار عەزیز ئیسماعیل | وەزیری کشتوکاڵو چاودێری | // |
| | ڕەفعەت عەبدوڵلا حەمەڕەش | وەزیری ئیشغالو نیشتەجێکردن | // |
| | محەمەد ئەحمەد محەمەد | وەزیری ئەوقافو کاروباری ئیسلامی | بزوتنەوەی ئیسلامی |
| | نەجم عومەر خضر سورچی | وەزیری گواستنەوەو گەیاندن | پارتی پارێزگاران |
| ٠ | بەهمەن حسێن | وەزیری ئاوەدانکردنەوە | زەحمەتکێشان(١) |

(١) بۆ زانیاری زیاتر لەسەر (هـ.د.ك). بڕوانە// ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (١٣٧٦)، شەممە، ١٩٩٧/١/٤، ل١، ٧.

| | | | |
|---|---|---|---|
| | عوسمان | | |
| ١ | سەید قادر جەباری | وەزیری پیشەسازی | سۆسیالست |
| ٢ | دارۆی شێخ نوری | وەزیری دارایی و ئابوری | یەکێتی |
| ٣ | سەعدی ئەحمەد پیرە | وەزیری یارمەتی مرۆڤایەتی و هاوکاری | یەکێتی |
| ٤ | عەبدولڕەحمان نەورەسی | وەزیری داد | بزوتنەوەی ئیسلامی |
| ٥ | جەمال عەبدول | وەزیری ڕۆشنبیری | یەکێتی |
| ٦ | عیماد ئەحمەد | وەزیری تەندروستی | // |
| ٧ | د.جەلال شەفیق عەلی | وەزیری خوێندنی بالاّو توێژینەوەی زانستی | // |
| ٨ | نەرمین عوسمان حەسەن | وەزیری کاروباری کۆمەلاّیەتی | // |
| ٩ | کافیە سولەیمان | وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار(٢) | // |

لەدوای پێکهێنانی کابینەی حکومەت لە سلێمانی ڕۆژی ١٩٩٧/١/٢٩ لە یەکەمین کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیراندا، کۆسرەت ڕەسولّ عەلی بە مەرسومێکی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و پشتبەست بە برگەکانی یاسای ژمارە (٢) ی ساڵی ١٩٩٢ بریاریدا بە ڕاسپاردنی (فەرەیدون عەبدولقادر فەرەج) بە وەزیری هەرێم و تەنسیبکردنی بە پارێزگاری سلێمانی، هەمان ڕۆژ ناوبراو لەبەردەم سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیراندا سوێندی یاسایی خواردو وەك پارێزگاری سلێمانی دەستبەکاربوو(٣). پێشتر(سالار عەزیز) پۆستی پارێزگاری سلێمانی بەرێوەدەبرد، بۆیە دوای لادانی لەو پۆستە، هەندێك لەو کەسانەی کە لایەنگری پارێزگاری پێشوو بوون، ناڕەزاییان دەربڕی و خۆپیشاندانیان ئەنجام دا.

---

(١) وەرگیراوە لە// ڕۆژنامەی کوردستانی نویّ، ژمارە (١٣٨٢)، دووشەممە، ١٩٩٧/١/٢٧، ل١؛ جێی ئاماژەیە ڕۆژنامەی کوردستانی نویّ تەنها ئاماژەی بەناوی ئەو وەزیرانە کردووە کە خراونەتە شوێنی وەزیرانی پارتی و لایەنەکانی دیکە، واتە ئاماژەی بەناوی ئەو وەزیرانە نەکردووە کە پێش ڕووداوی (٣١ ی ئابی ١٩٩٦) وەزیر بوون لەسەر پشکی یەکێتی و لەم کابینەیەدا لە شوێنی خۆیان مابوونەوە.

(٢) هەڵمەت محەمەد: س. پ، ل٩.

(٣) ئەنجومەنی وەزیران یەکەمین کۆبوونەوەی خۆی بەست: ڕۆژنامەی کوردستانی نویّ، ژمارە (١٣٨٣)، پێنج شەممە، ١٩٩٧/٦/٣٠، ل١.

جێی ئاماژەیە لەدوای ڕووداوی (٣١ ی ئابی ١٩٩٦) ئەمە یەکەمین کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران بوو لە شاری سلێمانی، پارتی لای خۆیەوە پێکهێنانی کابینەی حکومەت لە شاری سلێمانی بەناشەرعی لە قەڵەمدا، بەوەی کە لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە متمانەی پێ نەبەخشراوە، یەکێتی ئاماژەی بەوەکرد، کە (کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی) لە ١٩٩٤/١١/٢٦ دا لە پەرلەمانی کوردستانەوە شەرعیەتی وەرگرتووە[١].

پێشتر ئاماژەمان بۆ ژمارەی ئەو خێزانو کەسانە کرد کە لەژێر دەسەڵاتی پارتییەوە ئاوارەی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی بوون، سەبارەت بەو خێزانانەی کە لەناوچەکانی یەکێتییەوە ئاوارەی ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی پارتی بوون، پارتی ئاماژە بەوە دەکات کە (٧٦٧٢) خێزان کە ژمارەیان (٤٥٦٧٤) کەسە، هەتا ١٩٩٧/١٢/١٩ لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتییەوە ئاوارەی هەولێرو ناوچەکانی تر بوون[٢].

لە دوای ڕێکەوتنی (ئەنقەرە)و دابەشبوونی کوردستان بۆ دوو هەرێمی ئیداری لە هەولێرو سلێمانی، ماوەیەکی کەم ئاشتی گەڕایەوە هەرێمەکەو شەڕی ڕاگەیاندنیش ڕاوەستان، بەڵام لەو ماوەیەدا (جەلال تاڵەبانی) سەفەرێکی بۆ وڵاتانی (ئێران، تورکیا، سعودیە، بەریتانیا) ئەنجامداو لە ڕۆژی (١٩٩٧/٢/٢٦) گەڕایەوە شاری سلێمانی[٣].

مەحمود سەنگاوی ئاماژە بەوە دەکات، کاتێك مام جەلال لە ١٩٩٧/٢/٢١ گەیشتە ئێرانو لەلایەن بەرپرسە باڵاکانی ئێران پێشوازی لێکرا، هەمان ڕۆژ (عارف تەیفور) لە ڕادیۆکەیانەوە هەڕەشەی هێرشی بۆسەر ناوچەکانمان کرد، داوای لە هێزەکانمان دەکرد کە لەم شەڕانەدا بێلایەن بن[٤]، بۆیە لە دوای قسەکانی عارف تەیفور، فەرماندەی هێزی پێشمەرگەی یەکێتی ڕۆژی ١٩٩٧/٢/٢٥ لە بارەگای تایبەتی (کۆسرەت ڕەسوڵ) کۆدەبنەوە لە شاری سلێمانیو گفتوگۆ لەسەر چەند خاڵێك دەکەن لەوانە:

١. بارودۆخی گشتی هێزەکانی (ی.ن.ك).
٢. توانای شەڕکردنی هێزەکانی (ی.ن.ك).
٣. داڕشتنی نەخشەی شەڕ بەمشێوەیە:

– کۆسرەت ڕەسوڵو شێخ جەعفەر، پەلاماری دەربەندی گۆمەسپان–بەرەو سەر ڕەش بدەن.

– مەحمود سەنگاویو عوسمانی حاجی مەحمودو کوردۆ قاسم، پەلاماری دۆڵی هیران–بەرەو شەقڵاوە بدەن.

– جەبار فەرمانو مستەفای سەید قادر پەلاماری کەپکی حەمەدئاغا بەرەو سپیلك بدەن.

بە مەرجێك جەلال تاڵەبانی بڕیار لەسەر ئەو خاڵانە بدات[٥].

---

(١) کێ شەرعیەو کێ کوردستان دوو کەرت دەکات؟ ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (١٣٨٣)، پێنج شەممە، ١٩٩٧/٦/٣٠، ل١.

(٢) ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٢٢٨٨)، یەك شەممە، ١٩٩٧/٣/٩، ل١.

(٣) ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (١٣٩٠)، پێنج شەممە، ١٩٩٧/٢/٢٧، ل١.

(٤) س. پ، ل٧٥٨.

(٥) هـ. س. ل٧٥٩.

ئەمە لە کاتێکدا کە ڕێکەوتنی (ئەنقەرە) جۆرێك لە ئاگربەستی لە نێوان (پ.د.ك)و (ی.ن.ك)دا هێنابووە ئاراو شەڕی ڕاگەیاندنی لە نێوانیاندا وەستاندبوو، بەڵام بەهۆی تیرۆرکردنی (محێدین ڕەحیم) ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی لەشاری سلێمانی، لە بەهاری ١٩٩٧ دا، پارتی لە دانیشتنەکانی ئەنقەرە کشایەوە، بڕیاریدا کە چیتر پابەندی هیچ ڕێکەوتنێك نابێ، ئەوەشی هەتا ئێستا واژۆکراوە، لێی پەشیمان دەبێتەوە، تیرۆرکردنەکەی خستە ئەستۆ (ی.ن.ك)، بەڵام یەکێتی وەڵام پارتی دایەوەو ڕایگەیاند کە (محێدین ڕەحیم) لەلایەن پاراستنی پارتییەوە کوژراوە، بە بەڵگەی ئەوەی کە (محێدین ڕەحیم) لە پارتی تۆراوەو داوای لێکردوون کە مۆڵەتی بدەنێ‌و ویستویەتی هەرێمی کوردستان بۆ دەرەوەی وڵات بەجێبهێڵێت، لە یاداشتێکدا کە ئاڕاستەی مەسعود بارزانی کردووە، گلەییەکی زۆری لە بەرپرسە باڵاکانی پارتی کردووەو ناڕەزایی خۆی پیشانداوە، لەبەرئەوەی ناوبراو نهێنییەکی زۆری دەزگای پاراستنی پارتی لابووە، بۆیە پارتی خۆی تیرۆری کردووە، هەروەها لە ڕوونکردنەوەکەی یەکێتیدا هاتووە کە (محێدین ڕەحیم) ویستویەتی پەیوەندی بە (ی.ن.ك) وە بکات، بۆیە تیرۆرکراوە[1].

بەوشێوەیە پەیوەندییەکانی نێوانیان دیسان ئاڵۆزی تێکەوتەوەو لە ڕۆژی ١٩٩٧/٣/٦ هێزێکی پارتی پەلاماری شارۆچکەی چەمچەماڵ دەدەن‌و شەڕ لە نێوانیاندا دروست دەبێت، لەو شەڕەدا پارتی (١٠ کوژراو ٦ دیل)و چەند پارچە چەکێك زیانیان لێ دەکەوێت، لە یەکێتیش کوژراو (٤) بریندار هەبوو، سەرئەنجام هێرشەکەی پارتی شکستی هێنا[2].

لەگەڵ ئەوانەشدا کابینەی حکومەتی هەرێم– سلێمانی بەردەوام بووە لە کاروبارەکانی خۆی، لە ڕۆژی ١٩٩٧/٣/١١ بەبۆنەی شەشەمین ساڵڕۆژی ڕاپەڕینی شاری هەولێرو سلێمانی، مەڕاسیمێکی گەورە لە بەردەرکی سەرای شاری سلێمانی ڕێکخستووە، کە بەوتەی ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) زیاتر لە (٢٠٠) هەزار کەس بەشدارییان کردووە، (جەلال تاڵەبانی)و سەرجەم وەزیرەکانی کابینەی سلێمانی‌و لایەنەکانی هاوپەیمانی دیموکراتی‌و پارێزگاری سلێمانی ئامادەی ئەم مەڕاسیمە بوون، هەریەکە لە (فەرەیدون عەبدولقادر) پارێزگاری سلێمانی‌و جەلال تاڵەبانی وتاریان پێشکەش کردووە، (قادر عەزیز)یش وتاری (ه.د.ك)ی خوێندۆتەوە[3].

بەپێی بڕیارێکی پارێزگاری سلێمانی بە مەبەستی دابینکردنی ئاسایش‌و پاراستنی سەرو ماڵی هاوڵاتیان لە ڕۆژی ١٩٩٧/٣/١٥ بەدواوە لەناو شاری سلێمانیدا هەموو جۆرە هەڵگرتنێکی چەك بێ مۆڵەت‌و ئۆتۆمبیلی بێ ژمارە قەدەغەکرا، ئەویش لەبەرئەوەی ئەو دوو دیاردەیە بە ئاشکرا لەناو شاری سلێمانیدا هەستی پێکراوە[4]. دیاردەی هەڵگرتنی چەك لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو دیاردەیەکی تەواو دیار بووە، هەرچەندە چەندین هەوڵ بۆ بنەبڕکردنی ئەو دیاردەیە دراوە، بەڵام وەك پێویست بنەبڕ

---

(١) بۆ دەقی تەواوی ڕوونکردنەوەکەی (ی.ن.ك). بڕوانە// ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (١٣٩٤)، پێنج شەممە، ١٩٩٧/٣/١٣، ل١.

(٢) مەحمود سەنگاوی: س. پ، ل٧٦١.

(٣) ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (١٣٩٤)، س. پ، ل١.؛ بۆ دەقی وتاری جەلال تاڵەبانی‌و قادر عەزیز. بڕوانە// ه. س، ل٢، ٣.

(٤) ه. س، ل٤.

نەکراوە، ئێستاشی لەگەڵ بێت بەشێکی زۆری هاولاتیان خاوەنی چەکی خۆیانن، زۆرجار لە کاتی بۆنەو یادەکاندا بەکاردەهێنرێت ، هەندێك جار کارەساتی دڵتەزێنی لێدەکەوێتەوە.

سەبارەت بە خزمەتگوزاری کارەبا لە شاری سلێمانیدا، لە ماوەی حکومەتی هەرێم- کابینەی سلێمانیدا لە بارودۆخێکی خراپدا بووە، سەرچاوەی وزەی کارەبا بەنداوی دوکان و دەربەندیخان بووە، ئەویش لە ئاستێکی کەمدا بووەو بەشی پێداویستی دانیشتوانی شاری سلێمانی و پارێزگاکەی نەکردووە، بەجۆرێك لە وەرزی بەهاردا دانیشتوانی شاری سلێمانی تەنها (٢) کاتژمێر کارەبایان هەبووە، لە (٢٤) کاتژمێردا، ئەویش بە مەبەستی دەستگرتن بە ئاوی هەردوو بەنداوەکەو گلدانەوەی، بە مەبەستی دابینکردنی کارەبا لە وەرزی هاویندا، جێی ئاماژە هەرچەندە خزمەتگوزاری کارەبا لە ئاستێکی لاوازدا بووە، لە هەمان کاتدا دانیشتوانی گەڕەکەکانی شاری سلێمانی چەندین سەرپێچی زیادەڕۆییان لە بەکارهێنانی کارەبا کردووە، لەوانە: ئیشپێکردنی گڵۆپی زیادە، ڕاکێشانی کارەبا بە شێوەیەکی نایاسایی، بۆ نمونە کاتێ گەڕەکێك کارەبای نەبووە، لە گەڕەکێکی ترەوە کارەبایان ڕاکێشاوە، ئەوەش زۆرجار بۆتەهۆی سوتانی گۆڕەرو فیدەرەکانی کارەبای گەڕەکەکان، سەرەڕای ئەوانەش دەستگێڕو ئەوانەی لەسەر شەقامەکان نەوت و بەنزین و شتی دیکەیان فرۆشتووە، بەشێوەی نایاسایی کارەبایان ڕاکێشاوە[1]. ئەمە جگە لەوەی فیدەری(دوو)ی کارەبا، تایبەت بووە بە ماڵی بەرپرس و بارەگا حزبییەکان و (٢٤) کاتژمێر کارەبایان پێدراوە، ئەمەش جۆرێك بووە لە نا دادپەروەری لە چۆنێتی دابەشکردنی کارەبا دا.

بەم جۆرە کێشەی کەمی کارەبا سەرەڕای کەمتەرخەمییەکانی حکومەت و پشتبەستن بە سەرچاوەی ئاوی بەنداوی دوکان و دەربەندیخان بۆ دابینکردنی کارەبای پارێزگای سلێمانی، نەبوونی پێوەرێك بۆ ڕێگریکردن لە زیاد بەکارهێنانی کارەبا و نەبوونی هۆشیاری پێویست لای هاولاتیان، هۆکارێکی دیکەی کێشەی کەمی کارەبا بووە لەو کاتەو لە ئێستاشدا.

سەبارەت بە خزمەتگوزارییەکانی دیکەی حکومەتی هەرێم- کابینەی سلێمانی لەڕووی پاککردنەوەی شارو چاندنی دارو درەخت و نەمام و تازەکردنەوەی باخچەکان، لەو ماوەیەدا شتێکی زۆر دیار بەرچاو ناکەوێت، تەنانەت هاولاتیان گلەییان لە پاککراگرتنی شاری سلێمانی هەبووە، حکومەت وەك پێویست نەیتوانیووە شارەکە بە خاوێنی ڕابگرێت، ئەوەتا ڕۆژی ١٩٩٧/٤/٢ هاولاتیانی شاری سلێمانی و ڕێکخراوەکانی مامۆستایان هەستاون بە هەڵمەتی پاککردنەوەی شارەکەو مامۆستا و خوێندکارەکانی پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی کەدەکەوێتە گەڕەکی بەختیاری شاری سلێمانییەوە گەڕەکی بەختیاری و گەڕەکەکانی دیکەی دەوروبەریان پاککردۆتەوە[2].

---

(١) سەردار عەبدولکەریم عەبدوڵلا: وەزارەتی پیشەسازی و ووزە ئاگادارین، کارەبا زۆر بە فیڕۆ دەڕوات، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (١٣٩٩)، دووشەممە، ١٩٩٧/٣/٣١، ل٤.

(٢) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە// سالار خوارەحم: باخی گشتی سلێمانی باخەوانێکی زۆرو باخێکی فەرامۆشکراو، هەڵمەتی خاوێنکردنەوە... سلێمانی جوان، جوانتر دەکەین، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (١٤٠٠)، پێنج شەمە، ١٩٩٧/٤/٣، ل٤، ٧.

سەبارەت بە ئاسایشی شاری سلێمانی (حاکم قادر حەمەجان) بەڕێوبەری گشتی ئاسایشی حکومەتی هەرێم- کابینەی سلێمانی ئەوکاتە، دان بەوە دادەنێت، کە چەندین حاڵەتی تەقاندنەوەی (گۆڕەر- محاویلە) لە ناو شاری سلێمانیدا ڕوویداوە، لە شاری سلێمانی دەنگۆی فڕاندنی منداڵ لەو ماوەیەدا بلاْودەبێتەوە، بەلاّم بەڕێوبەری گشتی ئاسایشی حکومەت-کابینەی سلێمانی ئاماژە بەوە دەکات ئەو دەنگۆیانە دوورە لە ڕاستییەوە، تەنها یەك منداڵ فڕێندراوە، کە ئەویش لە ١٩٩٧/٣/٢٩دا بووە، لە گەڕەکی سەر شەقامی شاری سلێمانی بووە، تاوانبارەکەیان دەستگیر کردووە، ئەمە جگەلە دیاردەی دزینی ئۆتۆمبیلو تۆڕی فرۆشتنی ماددەی بێهۆشکەر، کە لەو ماوەیەدا چەندین کەس بەو تۆمەتانە دەستگیرکراون[(١)].

یەکێکی دیکە لەو کێشانەی کە ڕووبەڕووی حکومەتی هەرێم-کابینەی سلێمانی بۆوە مەسەلەی دەسەلاّتی (بزوتنەوەی ئیسلامی) لە ناوچەکانی هەڵەبجەو هەورامانو شەڕو پێکدادانی نێوانیان بوو، بزوتنەوەی ئیسلامی لە سەرەتادا بەشدارییان لەو حکومەتەدا نەکرد کە (ی.ن.ك) لە سلێمانی پێکهێنابوو، بەلاّم دوای هەوڵدانێکی زۆر ڕۆژی ١٩٩٧/٤/٨ نوێنەرانی (ی.ن.ك)، بزوتنەوەی ئیسلامی، یەکگرتووی ئیسلامی، حزبی سۆسیالست دیموکراتی کوردستان، حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، پارتی پارێزگارانی کوردستان، بزوتنەوەی ڕاپەڕینی ئیسلامی، لە گوندی گوڵەخانەی سەر بە قەزای سەیدسادق، بە چاودێری نوێنەری کۆماری ئیسلامی ئێران کۆدەبنەوەو ڕێکەوتنی نێوان (ی.ن.ك)و بزوتنەوەی ئیسلامی واژۆ دەکەن، بە مەبەستی ڕاگرتنی شەڕو چەسپاندنی ئاشتی[(٢)].

ڕێکەوتنەکە لە (١١) خاڵ پێکهاتبوو لەوانە:

١- ڕاگرتنی دەستبەجێی شەڕ.

٢- گێڕانەوەی بارەگاکانی هەردوولا بۆ شوێنەکانی خۆیان.

٣- هەڵەبجەو قایمقامەکەی سەر بە پارێزگای سلێمانی دەبنو یاسای پارێزگاکان جێبەجێ دەکات، لە بەڕێوەبردنی هەڵەبجەدا ڕای بزوتنەوەی ئیسلامی بە هەند وەردەگرێت بە پێی ڕێکەوتنی نێوان قایمقامو پارێزگاری سلێمانی.

٤- دروستکردنی لیژنەیەك لە نوێنەرانی لایەنە بەشداربووەکانو کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ چاودێریکردنی جێبەجێکردنی ڕێکەوتنەکە[(٣)].

بەلاّم ئەو ڕێکەوتنە ئاشتی یەکجاری لەنێوان هەردوولادا نەهێنایەدیو خاڵەکانی ڕێکەوتنەکە وەك خۆی جێبەجێ نەکران، هەر لایەکیان ئەوی تری تۆمەتبار دەکرد بە پابەند نەبوون بە خاڵەکانی ڕێکەوتنەکەوە[(٤)].

---

(١) چاوپێکەوتنی کوردستانی نوێ لەگەڵ (حاکم قادر حەمەجان) بەڕێوبەری گشتی ئاسایش، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (١٤٠٠)، پێنج شەمە، ١٩٩٧/٤/٣، ل٥.

(٢) ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (١٤٠٢)، پێنج شەمە، ١٩٩٧/٤/١٠، ل١.؛ فاتح ڕەسول: س. پ، ل٤٣٠.

(٣) بۆ دەقی تەواوی ڕێکەوتنەکە. بڕوانە، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (١٤٠٢)، س. پ، ل٤.

(٤) ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (١٤٠٤)، چوارشەمە، ١٩٩٧/٤/١٦، ل٤.

بزوتنەوەی ئیسلامی لەزاری گوتەبێژێکی خۆیەوە ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردۆتەوە، سەبارەت بە ڕووداوەکانی هەڵەبجەو ڕێکەوتنی گوڵەخانە، تێیدا باس لەوەکراوە کە (ی.ن.ك) نایەوێت ڕێکەوتنەکە جێبەجێ بکاتو بەردەوامە لە پێشێلکاری خاڵەکانی ڕێکەوتنەکە بۆ ئەمەش ئاماژەی بە چەندین خاڵ کردووە لەوانە:

١- گرتنی ژمارەیەك لە ئەندامانی بزوتنەوەی ئیسلامیو خەڵکی بێ لایەن لە شارەکانی سلێمانیو ڕانیەو چوارقوڕنەو هەڵەبجەی تازەو گەرمیان.

٢- سوتاندنی مزگەوتی جیهاد لە شاری سلێمانی.

٣- ڕێگاگرتن لە هاتنی خۆراك بۆ شاری هەڵەبجەو ئازاردانی ئەو هاوڵاتیانەی کە لە شاری سلێمانیەوە خۆراكو سوتەمەنی بۆ هەڵەبجە دەبەن.

٤- تاڵانکردنی ماڵی حەوت هاوڵاتی لە شاری سلێمانی بە بیانوی ئەوەی سەر بە بزوتنەوەی ئیسلامین[١].

لەبەرامبەر ئەوەدا (فەرەیدون عەبدولقادر) وەك پارێزگاری سلێمانی لە ڕوونکردنەوەیەکدا وەڵامی بزوتنەوەی ئیسلامی دایەوە، لە ڕوونکردنەوەکەدا هاتبوو، یەکێتی لای خۆیەوە هەموو خاڵەکانی جێبەجێکردووە، وەك کردنەوەی بارەگای بزوتنەوە لە شاری سلێمانیو ڕانیە، بەڵام بزوتنەوە بە مەرج ڕێگەی بە کردنەوەی بارەگای (ی.ن.ك)داوە لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیدا، لە کۆی (١٤) بارەگا تەنها ڕێگەیان بەیەك بارەگای (ی.ن.ك)داوە بکرێتەوە، هەروەها بزوتنەوە بازگەو خاڵەکانی پشکنین کە بە نایاسایی دایناون، هەتا ئێستا ڕادەستی ئیدارەی پارێزگای نەکردۆتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا قایمقامی هەڵەبجە نەهاتووە، بۆ پارێزگای سلێمانی هەتا بە فەرمیو بە شێوەیەکی یاسایی دابنرێتو بتوانێت وەك یەکەی ئیداری هەڵەبجە ئەرکی پاراستنی سەرجەم هاوڵاتیان لە ئەستۆ بگرێت بە بێ جیاوازی[٢].

بۆیە جارێکی تر شەڕو پێکدادانەکان نێوانیان دەستپێدەکاتەوە، لە ڕۆژی( ١٩٩٧/٢/١٦) فەرماندەی گشتی هێزەکانی (ی.ن.ك) بە ئامادەبوونی (جەبار فەرمان، مستەفای سەید قادر، کوردۆ قاسم، عوسمانی حاجی مەحمود، شێخ جەعفەر، عەدنانی حەمەی مینا، مەحمود سەنگاوی) لە قەڵاچوالان لەگەڵ مام جەلال کۆدەبنەوە، لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیاری شەڕی بزوتنەوە دەدەن، ( ١٩٩٧/٤/٢٦) لەهەموو قۆڵەکانەوە هێرش بۆ سەر بزوتنەوە دەستپێدەکات، لە هەندێك لە قۆڵەکانەوە (ی.ن.ك) پێشڕەوی کردو فشاری لەسەر بزوتنەوە دروستکرد، بەڵام بەهۆی ڕێکەوتنی (تاران)ی نێوان بزوتنەوەو (ی.ن.ك) شەڕەکە وەستێنرا[٣].

دەقی ڕێکەوتنەکەش لە ڕۆژی ١٩٩٧/٥/١ دا بڵاوکرایەوە، کە لە (١٢) خاڵ پێکهاتبوو گرنگترینیان:

١. ڕیسواکردنی شەڕو ڕاگەیاندنی وەستانی شەڕ.

---

(١) بۆ دەقی تەواوی ڕاگەیەنراوەکەی بزوتنەوە بڕوانە// ئارام قادر- ئیدریس سیوەیلی: س. پ، ل٨٤-٨٧.

(٢) بۆ دەقی تەواوی ڕوونکردنەوەکەی پارێزگاری سلێمانی بڕوانە// ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (١٤٠٦)، پێنج شەمە، ١٩٩٧/٤/٢٤، ل١.

(٣) بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەو شەڕەو وردەکاری زیاتر. بڕوانە// ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (١٤٠٧)، دووشەمە، ١٩٩٧/٤/٢٨، ل١، ٢.؛ مەحمود سەنگاوی: س. پ، ل٧٧٠-٧٧٥.

٢. ئاساییکردنەوەی بارودۆخەکەو نەهێشتنی دیاردەی گرتنو ئازادکردنی گیراوەکان.
٣. مەڵبەندەکانو بارەگاکانی هەردوولا دەگەڕێننەوە شوێنی پێشووی خۆیان.
٤. بەشداری بزوتنەوە لە حکومەتی هەرێم–کابینەی سلێمانی بەمشێوەیە:
– لەسەر ئاستی هەڵەبجە قایمقام لە بزوتنەوە دەبێت.
– دوو وەزارەتیان پێ دەدرێت لە حکومەت.
– دوو بریکاری وەزیر.
– دوو بەڕێوبەری گشتی.
– سێ سەرۆك شارەوانی.
– چوار بەڕێوبەری ناحیە.
٥. یەکێتی مانگانە (٢) ملیۆن دینار یارمەتی دەدات بە بزوتنەوە.
٦. کۆماری ئیسلامی ئێران زامنی جێبەجێکردنی ئەم ڕێکەوتنەیە[1]. وەك دەردەکەوێت ئێران بێلایەن نەبووە لە کێشەکانی نێوان بزوتنەوەی ئیسلامی و یەکێتی دا، هەندێك جار لایەنگری لایەنێکیان بووە لە دژی ئەویتر، هەردوو لایەنەکەی وەك کارتی فشاری لە دژی یەکتر بەکار هێناوە لە پێناو چەسپاندنی بەرژەوەندی و ئەجێنداکانی خۆیدا، جگەلەوەش ئەم دوو پارتە( بزوتنەوە،یەکێتی) سنوری دەسەڵاتیان نزیك بووە لە ئێرانەوە بۆیە هەندێك جار هەوڵی نێوەندگیری داوە تا ئارامی ناوچەکە بپارێزێت.

جێی ئاماژەیە ئەم ڕێکەوتنە تا ڕادەیەکی زۆر کۆتایی بە شەڕو پێکدادانەکانی نێوان بزوتنەوەی ئیسلامی بەشداری لە حکومەتی هەرێم– کابینەی سلێمانی کرد، لە ڕۆژی ١٩٩٧/٨/٦ بە پێی مەڕسومێکی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران هەریەکە لە (محەمەد عومەر عەبدولعەزیز– بە وەزیری ئەوقافو کاروباری ئیسلامی، عەبدولرەحمان مەعروف محەمەد– بە وەزیری داد) ڕاسپێردرانو سوێندی یاساییان خوارد، بەمەش حکومەتی هەرێم–کابینەی سلێمانی خۆی لەو کێشە گەورەیە ڕزگارکرد کە بزوتنەوەی ئیسلامی لە هەندێك لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیدا بۆی دروستکردبوو، هەرسێ ڕۆژ دوای ئەوە حکومەتی هەرێم–کابینەی هەولێر بڕیاری لابردنی هەردوو وەزیرەکەی بزوتنەوەی دەرکرد، جێی ئاماژەیە پێشتر لەبەر ئەو ناوکۆکیە قوڵەی کە بزوتنەوەی ئیسلامی لەگەڵ یەکێتی هەیبوو بەشداری لە کابینەی سلێمانی نەکرد، بەڵکو لەگەڵ پارتی هاوکاریکردو بە دوو وەزیر بەشداری لە کابینەکەی هەولێر کردبوو[2].

لەدوای بەشداریکردنی بزوتنەوەی ئیسلامی لە حکومەتی هەرێم– کابینەی سلێمانی، بە نوسراوێکی فەرمی کە مەکتەبی عەسکەری ئەو حزبە لە ڕۆژی (١٩٩٧/٨/٧ )دەریکردووە، داوا لەسەرجەم هێزەکانی

---

(١) بۆ دەقی تەواوی ڕێکەوتنەکەو خاڵەکانی. بڕوانە// ئارام قادر– ئیدریس سیوەیلی: س. پ، ل٩٣–٩٥.؛ ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (١٤٠٩)، دوو شەممە، ١٩٩٧/٥/٥، ل١.

(٢) بێ ناوی نوسەر: بزوتنەوەی ئیسلامی بە گەورەترین ستافی بەشداری لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات، گۆڤاری (٣١ ئاب)، ژمارە (٦)، ئابی ١٩٩٧، ل٦.؛ ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (١٤٤٦)، ساڵی پێنجەم، پێنج شەممە، ١٩٩٧/٨/٧، ل١، ١١.

خۆیـان دەکـات کـە پابەنـدبن بـە بڕیارەکـانی حکومەتـەوەو گیروگرفتـی بـۆ دروسـت نەکـەن و بڕیارەکـانی حکومەت جێبەجێ بکەن[1].

بە ئەنجامـدانی ئـەم ڕێکەوتنـە لەگـەڵ بزوتنـەوەی ئیسـلامی کێشـەکانی حکومـەتی هـەرێم – کابینـەی سلێمانی کۆتایی نەهات، یەکێك لە کێشە دیارەکانی کابینەی سلێمانی کەمی ئەو داهاتە بوو کە دەست حکومـەت دەکـەوت، کـە بەشـی پێداویسـتی و بـەڕێوەبردنی کاروبارەکـانی نـەدەکرد، جگەلـەوەی حکومـەتی هـەرێم–کابینـەی سـلێمانی لـە پێگەیـەکی گەمارۆدراویشـدا بـووە[2]، کـە زۆرجار حکومـەتی دوچاری کێشـە کردۆتەوە، بۆ نمونە کاتێك حکومەتی عێراق بڕی ناردنی سوتەمەنی بۆ ناوچەکە کەمکردۆتەوە، ڕاستەوخۆ کابینـەی سـلێمانی دووچاری قـەیرانی کـەمی سـوتەمەنی بۆتـەوە، (فەرەیـدون عەبـدولقادر) پارێزگـاری ئـەو کاتەی شاری سلێمانی بەمشێوەیە باس لـە کێشـەی کـەمی سـوتەمەنی دەکـات:"کێشـەی کـەمی سـوتەمەنی دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەوەی کـە ڕژێمـی عێـراق بـڕی نـاردنی سـوتەمەنی بـۆ ناوچـەکە کەمکردۆتـەوە، جـاران لـە ڕۆژێکدا (٣٣٠) هەزار لیتر بەنزین و (٥٤٠) هەزار لیتر نەوت و (٢٥٢) هەزار لیتر گازوایل دەهات بۆ سنوری پارێزگـای سـلێمانی کـە زیـاتر لـە (٥٨) تەنکـەر لـە ڕۆژێکـدا دەهـات، بـەڵام ئێسـتا (٨٠–١٠٠) هـەزار لـیتر بـەنزین، (٤٠١) هـەزار لـیتر نـەوت، (٥٠–٦٥) هـەزار لـیتر گـاز بـۆ هـەموو پارێزگـای سـلێمانی و کـەرکوك و (هەولێر–کۆیە– تەق تەق–هیران– سماقول–بالیسان) دێت، کـە ئـەوەش کەمـەو بەشـی پێداویسـتی هـەموو ناوچەکان ناکات"[3].

لەگەڵ ئەوەشدا لەو بڕە سوتەمەنیەی کە هاتۆتە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی کابینەی سلێمانی بەشێکی بەسەر هاوڵاتیاندا دابەشکراوە، بۆ نمونە لە سنوری پارێزگای سلێمانیدا (٩٥٥٥) خێـزان نـەوتیان بەسـەردا دابەشکراوە، جگەلەوەش بڕی (٥٠) لیتر نەوت دراوە بە (٨٠٠٠) هەزار مامۆستا، لەگـەڵ (٢٨٢) مامۆستای زانکۆو (٢٧٢) مامۆستای پەیمانگاو (١٤٥) پارێزەرو (٣٨) مامۆستای خوێندنگەی ئاینییەکان نەوتیان بۆ دابینکراوە، جگەلـەوەی نـەوت بـەبێ بەرامبـەر بەسـەر ئاوارەکـانی هـەولێر لـە (مەعسـکەر سـەلام، بەکرەجۆ، زێڕینـۆك)ی شـاری سـلێمانی دابەشـکراوە، ئەمـە جگەلـە دابینکردنـی نـەوت بـۆ باخچـەی سـاوایان و (٤٠) خوێنـدنگا، (٢٠٠–٢٠٠٠) لـیتریش دراوە بـە وەزارەتـەکان، فەرمانگـەو ڕێکخراوەکـان، یانـەکان، بارەگـای حزبـەکان، سـەبارەت بـە دابەشـکردنی بـەنزینیش لـە ڕێگـەی بەنزینخانـەکان و بـە پسـوڵە دابەشـکراوە، بـۆ ئۆتۆمبیلی (گشتی–کرێ) ڕۆژانە (٣٠) لیتر بەنزینیان پێدراوە[4]، بـەڵام هـەم نـەوت و هـەم بـەنزینیش بەشـی تەواوی دانیشتوانی پارێزگاکەی نەکردووە، لە ئاستێکی کەمدا بووە.

لـە مـاوەی دامەزرانـدنی حکومـەتی هـەرێم– کابینـەی سـلێمانی هـەتا دەسـتپێکردنەوەی گـەڕێکی تـری شـەڕی نـاوخۆ، هەنـدێك کـارو پـرۆژەی بچـوك لـەناو شـاری سـلێمانیدا ئەنجامـدراوە، لەوانـە (بڕیـاری قەدەغـەکردنی بـەخێوکردنی ئـاژەڵ لـەناو سـنوری شارەوانی سـلێمانیدا، کردنـەوەی بەشـێکی تایبـەت بـە

(١) بۆ دەقی تەواوی نوسراوەکە. بڕوانە// ئارام قادرو ئیدریس سیوەیلی: س. پ، ل١٠٨.

(٢) گەڕاس. ئاڕ. ڤی. ستانسفێڵد: س. پ، ل٣٦٧.

(٣) چاوپێکەوتنی شێرکۆ میرزا مەنگوڕی لەگەڵ فەرەیدون عەبدولقادر، ڕۆژنامـەی کوردستانی نوێ، ژمارە (١٤٠٤)، سـاڵی پێنجەم، چوارشەممە، ١٦/٤/١٩٩٧، ل٩.

(٤) هـ. س، ل٩.

پۆلیسی منداڵان بۆ ئەوەی ڕەفتار لەگەڵ کێشەو هەڵەکانی منداڵدا بکات، پڕۆژەی چاککردنی ژێرابەکانی شاری سلێمانی کە لە گەڕەکی خەباتی شارەکەوە دەستیپێکرد[1]، هەر لەو ماوەیەدا هێڵەکانی تەلەفۆن و پۆستەو گەیاندن کاریان لەسەر کراو، بۆ ئەو مەبەستەش لەگەڵ کۆمپانیایەك ڕێکەوتن کراوە بۆ زیادکردنی هێڵی تەلەفۆنەکانی سلێمانی لە (١٠) هەزار هێڵەوە بۆ (١٦) هەزار هێڵ[2]، بەرنامەی دابەشکردنی کارەباش لە وەرزی هاویندا گۆڕانی گەورەی بەسەردا هاتووە، بەپێی بڕیارێکی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران- کابینەی سلێمانی، لە یادی دامەزراندنی (ی.ن.ك) دا، بڕیاریداوە لە ماوەی (١/٦/١٩٩٧) بۆ (١/٩/١٩٩٧) (٢٠) کاتژمێر کارەبا، بدرێت بە هاوڵاتیان لە هەرسێ پارێزگای (سلێمانی، هەولێر، کەرکوك) لە ڕۆژێکدا ئەویش لەبەر بەرزبوونەوەی پلەی گەرما لەو وەرزەدا[3]. بەڵام ئەم بڕیارە وەك خۆی جێبەجێ نەکراوە، حکومەت توانای دابینکردنی ٢٠ کاتژمێر کارەبای نەبووە.

هەر لەو ماوەیەدا هەوڵدراوە هەردوو کارگەی چیمەنتۆی سەرچنارو تاسلوجە بخرێتەوە کار، کە پێشتر لە کار وەستابوون، بۆ ئەو مەبەستەش لیژنەیەك پێکهێنراوە بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی هەردوو کارگەکە[4]. لە ڕۆژی ٤/٦/١٩٩٧ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ئاگادارییەکی بڵاودەکردەوە تێیدا هاتووە: "بە هەموو شێوەیەك بۆ لێپرسراوانی سەربازی‌وسیاسی و حکومی قەدەغەیە بە حیمایەوە لە ڕۆژانی هەینیدا بچنە شوێنی سەیرانگای سەرچنارو سەیرانگاکانی ترو جەماوەری خۆشەویستی شاری سلێمانی ناڕەحەت بکەن"[5].

لەگەڵ ئەوەشدا چەندین کەموکوڕی لە شاری سلێمانیدا هەبووەو نەتوانراوە چارەسەر بکرێت بەتایبەت کێشەی کەم ئاوی لە هەندێك لە گەڕەکەکانی شاری سلێمانی لەوانە: گەڕەکەکانی (مەڵکەندی، هەوارەبەرزە، وڵوبە، شێخ عەباس، شەهیدانی سەرچنار)، کە بە وتەی بەڕێوبەری ئاو و ئاوەڕۆی شاری سلێمانی ئەوکاتە (ئەنوەر محەمەد هەمزە): (ئەو گەڕەکانە لە وەزعێکی خراپدابوون هەتا ئەو کاتە نەتوانراوە چارەسەری کێشەی کەم ئاوی بکرێت)[6].

لەگەڵ ئەوەشدا لە هەوڵێکی تردا حکومەتی هەرێم کابینەی سلێمانی بڕی زیاتر لە (٥) ملیۆن دینار بۆ پڕۆژەی ئاو و ئاوەڕۆ و کۆنکرێت کردن و پاکردنەوەی گەڕەکەکانی شاری سلێمانی تەرخانکردووە، هەر

---

(١)چاوپێکەوتنی شێرکۆ میرزا مەنگوڕی لەگەڵ فەرەیدون عەبدولقادر، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (١٤٠٤)، س.پ،ل٩ .؛ بۆ زانیاری زیاتر لەسەر پڕۆژەی چاککردنی گەڕەکی خەبات. بڕوانە، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (١٤٢٠)، ساڵی پێنجەم، یەك شەممە، ٨/٦/١٩٩٧، ل٤.

(٢) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە// ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (١٤١٦)، ساڵی پێنجەم، پێنج شەممە، ٢٩/٥/١٩٩٧، ل٤.

(٣) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە// ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (١٤١٧)، ساڵی پێنجەم، یەك شەممە، ١/٦/١٩٩٧، ل٤.

(٤) هـ. س، ل٤.

(٥) بۆ دەقی تەواوی ئاگادارییەکە بڕوانە// ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (١٤١٩)، ساڵی پێنجەم، پێنج شەممە، ٥/٦/١٩٩٧، ل٤.

(٦) دیدارێك لەگەڵ بەڕێوبەری ئاو و ئاوەڕۆی سلێمانی، چاوپێکەوتنی محەمەد ڕەنجاو، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (١٤٢٩)، ساڵی پێنجەم، یەك شەممە، ٢٩/٦/١٩٩٧، ل٥.

لەم کابینەیەدا لە ڕۆژی ۱۹۹۷/۷/۹ بڕیاری دابەشکردنی (۸) هەزار پارچە زەوی بەسەر فەرمانبەرانی ناو شاری سلێمانی دراوە(۱).

بەمشێوەیە حکومەتی هەرێم کابینەی سلێمانی بە پێی ئەو داهاتەی کە لەبەر دەستیدا بوو، بەردەوامبووە لە خزمەتکردنی ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی، هەرچەندە خزمەتگوزارییەکان لە ئاستی پێویستدا نەبووە، نەتوانراوە کەموکوڕیو کێشەی هاولاتیانی شاری سلێمانی چارەسەر بکات.

سیمای دیاری کابینەی سلێمانی تێکەڵبوونی دامودەزگاکانی حکومەتو حزب بووە، بە گوتەی (محەمەد تۆفیق ڕەحیم)، حکومەت لە ژێرکۆنترۆڵی مەکتەبی سیاسی(ی.ن.ك) دا بووە [٢]، جگەلەوەش وەزیر هەبوو، بێ ئەوەی دەستبەرداری پۆستە حزبییەکەی بێت لە کاری حکومەتدا بەردەوام بووە، بۆ نمونە (سەعدی ئەحمەد پیرە) لە کاتێکدا کە وەزیری هاوکاریو کاروباری مرۆڤایەتی بوو لەماوەی (۱۹۹٦-۱۹۹۹)، لە هەمانکاتدا بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی (ی.ن.ك)یش بووە، هەردوو پۆستەکە یەکتریان تەواو دەکرد، لەڕێگەی وەزارەتەکەیەوە مامەڵەی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی ئێن جی ئۆو ئاژانسەکانی یوئێندا دەکرد، جگەلەوەش چەندین کارمەندی مەدەنیو کادرانی حزبی ڕۆڵێکی دوانەیی حزبو حکومەتیان لە کابینەی سلێمانیدا دەگێڕا[٣].

سەرئەنجام ئەو دابەشبوونە ئیدارییەی کە لەدوای ڕووداوی (۳۱ی ئابی ۱۹۹٦) لە هەرێمی کوردستان دروست بوو، شوینەواری قوڵی لە جەستەی هەرێمەکەدا دروستکردووە، کە هەتا ئێستاش نەتوانراوە بە کردەوە چارەسەری ئەو دابەشبوونە بکرێت.

---

(۱) بڕوانە// ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (١٤٣٤)، ساڵی پێنجەم، پێنج شەممە، ۱۹۹۷/۷/۱۰، ل.۱؛ بۆ زانیاری زیاتر لەسەر هەندێك کارو پڕۆژەی کابینەی سلێمانی (بڕوانە// هـ. س، ژمارە (١٤٢٤) ی، ساڵی پێنجەم، سێ شەممە، ۱۹۹۷/٦/۱۷، ل٤.؛ هـ. س، ژمارە (١٤٣١)، ساڵی پێنجەم، پێنج شەممە، ۱۹۹۷/۷/۳، ل٤).

(۲) وەرگیراوە لە گەڕاس. ئار. ڤی. ستانسفێڵد: س. پ، ل٣٦٨-٣٦٩.

(۳) هـ. س، ل٣٧٠.

## سێیەم: ڕەنگدانەوەی خولی نوێی شەڕی ناوخۆ لەسەر سلێمانی (تشرینی یەکەمی ١٩٩٧):

دابەشبوونی هەرێمی کوردستان بۆ دوو ئیدارەو دوو ناوچەی دەسەلآت، کێشەکانی نێوان (ی.ن.ك)و (پ.د.ك) ی چارەسەر نەکرد، ئەگەر سەیری ئۆرگانی فەرمی هەردوولاو ڕۆژنامە زمانحالەکانیان بکەین دەبینین لەو ماوەیەدا بە تایبەت لە دوای ڕووداوی ٣١ی ئابی ١٩٩٦ پێکهێنانی دوو ئیدارە لە هەرێمی کوردستان بەشێکی زۆری لاپەڕەکانیان بۆ تۆمەتبارکردنی یەکترو شەرعیەتدان بەخۆیان تەرخانکردووە. سەرەڕای واژۆکردنی چەندین ڕێکەوتن لە نێوانیاندا، بەلآم هەمیشە بە چاوی دوژمن سەیری یەکتریان کردووەو کێشەکان چارەسەری بنەبڕو هەمیشەییان بۆ نەدۆزراوەتەوە. بۆیە دوای پشوودانێکی کەمو ئامادەکاری جارێکی تر خولێکی نوێی شەڕی ناوخۆیان دەستپێکردەوە، ئەویش دوای ئەوەی کۆتا هەولی چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان لە (لەندەن) بێ ئەنجام کۆتایی هات[1].

لە مانگی تەممووزی ١٩٩٧، پارتیو یەکێتی بە تەواوی کەوتنە شەڕی ڕاگەیاندنەوە دژ بە یەکتر، بەتایبەت دوای ئەوەی پارتی لە سنورەکانی ژێردەسەلآتی خۆیەوە چووە شەڕەوە لە دژی (PKK)[2]، یەکێتی بەوە تۆمەتبار کرد کە لە شەڕەکەدا هاوکاری (PKK) یان کردووە، یەکێتیش لای خۆیەوە لە ڕوونکردنەوەیەکدا ئەو تۆمەتانەی ڕەتکردەوەو ڕایگەیاند ئەوە لە ئەنجامی شکستی پارتیە لە بەرامبەر پەکەکەدا، یەکێتی لە هیچ شوێنێك بەشداری شەڕی (PKK)و پارتی نەکردووە[3]. هەر لەو ماوەیەدا پارتیو یەکێتی یەکتریان بە پێشێلکردنی ئاگربڕ تۆمەتبار دەکردو هەندێکجار هێرشی سەر بارەگاکانی یەکتریان دەکرد، بەتایبەت لە هێلەکانی پێشەوەی نێوانیان[4].

سەبارەت بەو گرژیو ئالۆزیانەی کە لە مانگی تەممووزی سالی ١٩٩٧دا لە نێوان پارتیو یەکێتیدا دروستببوو، مەحمود سەنگاوی دەلێت:"لە مانگی ٧ دا چەند جارێك کۆبوونەوەمان لەسەر بارودۆخەکە کرد بە تایبەتی پێمان لەسەر ئەوەدا داگرت پارتی نابێ هەتا هەتایە هەولێری بە دەستەوە بێو گومرگی برایم خەلیل بخوات، واتە دەبێت یان ڕێکەوتن یان شەڕ"[5].

هەر لە مانگی تەممووزی ١٩٩٧ دا و لە ڕۆژی ١٩٩٧/٧/٢٠، (جەلال تالەبانی) بە سەردانێکی فەرمی بەرەو ئێران سەفەری کردو لە وێوە گەشتی بۆ چەند ولآتێکی دیکە ئەنجامدا، لەوانە سەردانی ئەمەریکای کردو لەگەل گەورە بەرپرسانی ئەمەریکاو وەزارەتی دەرەوەو ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان کۆبوونەوە، لە کۆبوونەوەکاندا باس لە بارودۆخی کوردستانو عێراقو ئایندەی ناوچەکە کرا، هەر لەو

---

(١) بۆ زانیاری زیاتر لەسەر دانوستانەکانی لەندەن. بڕوانە// ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (١٤٩٩)، سالی سێیەم، سێ شەممە، ١٩٩٧/٩/٣٠، ل١، ٧.

(٢) بۆ زانیاری زیاتر لەسەر پێکدادانەکانی نێوان پارتیو (پەکەکە). بڕوانە// ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (١٤٣٨)، سالی سێیەم، یەك شەممە، ١٩٩٧/٧/١٧، ل١.

(٣) بۆ دەقی تەواوی ڕونکردنەوەکەی یەکێتی. بڕوانە// ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (١٤٣٨)، سالی سێیەم، یەك شەممە، ١٩٩٧/٧/٢٠، ل١؛ فاتح ڕەسول: س. پ، ل٤٤٦-٤٤٧.

(٤) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە// ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (١٤٣٨)، س. پ، ل١؛ فاتح ڕەسول: س. پ، ل٤٤٧؛ بەهرۆز گەلالی: ئەوەی لە بیرم مابێ، س. پ، ل١٧٣.

(٥) س. پ، ل٧٨١.

گەشتەدا سەردانی بەریتانیاو تورکیای کردو چەندین دیدارو چاوپێکەوتنی ئەنجامدا، لە ١٩٩٧/٨/٢٠، (جەلال تاڵەبانی) لە وڵاتی ئێرانەوە گەڕایەوە شاری سلێمانی[١].

ئەگەر سەیری بارودۆخی شاری سلێمانی بکەین، لە پێش دەستپێکردنەوەی گەڕی نوێی شەڕی ناوخۆ، دەبینین بەهۆی کەمی داهاتی ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی یەکێتی چەندین گرفت بێ چارەسەر مابوونەوە، گرنگترینیان کێشەی کەم ئاوی هەندێك لە گەڕەکەکانی شاری سلێمانی بە تایبەت لە وەرزی پایزدا، سەرچاوەی کێشەکەش ئەوەبوو کە شاری سلێمانی پشتی بە سەرچاوەی ئاوی سەرچنارو دوکان بەستووە، لە وەرزی پایزدا ئاوی سەرچنار زۆر کەمیکردووە، بەهۆی ئەوەشەوە ئەو پەمپانەی کە ئاوەکەیان هەڵداوە لە کار کەوتوون، هەتا ئاستی ئاوەکە بەرزبۆتەوە ئینجا کەوتۆتەوە کار، سەبارەت بە سەرچاوەی ئاوی دوکانیش لە سێ وێستگە پێکهاتبوو، کە تەنیا یەك پەمپی هەڵدانی ئاو کاریکردووەو دوانەکەی تر لەکار وەستاون، حکومەت چارەسەری پێویستی بۆ کردوون، بۆیە شاری سلێمانی لە ساڵی ١٩٩٧ دا لە کێشەی کەم ئاویدا ژیاوە، بە گوتەی بەڕێوبەری ئاو و ئاوەڕۆی سلێمانی ئەو کاتە:"بۆ ساڵی ئایندە ئەگەر هاوڵاتیان هەست بە لێپرسینەوە بکەن بەرامبەر بە چۆنیەتی بەکارهێنانی ئاو ئەوا کێشەی کەم ئاوی بە تەواوی چارەسەر دەکرێت"[٢].

ئەوەی تایبەتە بە گۆڕانگاری ئیداری لە پارێزگای سلێمانیدا لە پێش دەستپێکردنەوەی گەڕی نوێی شەڕی ناوخۆ لە ١٩٩٧/٩/٢٨ بە پێی ماددەی (١٣)و برگەی (٣) لە ماددەی (١١)ی یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ١٩٩٢، (حاکم قادر حەمەجان عەزیز) پۆستی پارێزگاری سلێمانی پێدراوەو شوێنی (فەرەیدون عەبولقادر)ی گرتۆتەوە لەو پۆستەدا[٣]. لە لایەکی دیکەوە بۆ چارەسەکردنی هەندێك لەو کێشەو گرفتانەی کە لە شاری سلێمانیدا هەبوون، لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران-کابینەی سلێمانی لە ڕۆژی ١٩٩٧/٩/٣ بڕیاردراوە بڕی (٢) ملیۆن دینار بۆ چاککردنەوەی خوێندنگاکانی شاری سلێمانیو هێڵەکانی تەلەفۆنو پێداویستی تاقیگەکانی زانکۆی سلێمانی تەرخانبکرێت[٤].

هەر لەو ماوەیەدا ئەگەر سەیری خزمەتگوزارییەکانی دیکە بکەین لە شاری سلێمانیدا هەرچەندە نزیکەی (٢٩٠٠٠) م٢، لە شەقامەکانی گەڕەکی کارێزە وشك، ئاشتی، ئەندازیاران، قیرتاو کرابوون، (٢٠٥٠٠)م٢، لە شەقامەکانی شاری سلێمانی چاککرابوونەوە ئەنجومەنی وەزیرانیش بڕی (٥) ملیۆن دیناری بۆ کۆنکرێت کردنی هەندێ لە گەڕەکەکانی (کارێزە وشك، ئاشتی، هەوارەبەرزە، قەزازەکان،

---

(١) بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەو گەشتەی جەلال تاڵەبانی بۆ دەرەوەی هەرێمی کوردستانو دیدارو کۆبوونەوەکانی. بڕوانە// ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (١٤٣٩)، سێ شەممە، ١٩٩٧/٧/٢٢، ل١.؛ هـ. س، ژمارە (١٤٤١)، یەك شەممە، ١٩٩٧/٧/٢٧، ل١.؛ هـ. س، ژمارە (١٤٤٣)، پێنج شەممە، ١٩٩٧/٧/٣١، ل١.؛ هـ. س، ژمارە (١٤٤٤)، یەك شەممە، ١٩٩٧/٨/٣، ل١.؛ هـ. س، ژمارە (١٤٤٤)، سێ شەممە، ١٩٩٧/٨/٥، ل١.؛ هـ. س، ژمارە (١٤٤٦)، پێنج شەممە، ١٩٩٧/٨/٧، ل١.؛ هـ. س، ژمارە (١٤٥٠)، یەك شەممە، ١٩٩٧/٨/١٧، ل١.؛ هـ. س، ژمارە (١٤٥٢)، پێنج شەممە، ١٩٩٧/٨/٢١، ل١.

(٢) چاوپێکەوتنی عەبدوڵلا کەریم لەگەڵ (ئەنوەر محەمەد هەمزە)، بەڕێوبەری ئاو و ئاوەڕۆی سلێمانی، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (١٤٦٩)، سێ شەممە، ١٩٩٧/٩/٣٠، ل٤.

(٣) ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (١٤٦٩)، سێ شەممە، ١٩٩٧/٩/٣٠، ل١.

(٤) هـ. س، ژمارە (١٤٥٨)، پێنج شەممە، ١٩٩٧/٩/٤، ل١.

سەرشەقام، چوارباخ، ئیسکان) تەرخانکردبوو، نزیکەی (١٩٥٠٠) م٢، شەقام کۆنکریت کرابوون، بەڵام هێشتا ڕێژەی شەقامە قیراتاوکراوەکان (٣١٪) بووە، (٦٩٪)ی شەقامەکانی شاری سلێمانی ماوەتەوە قیرتاو یاخود کۆنکرێت بکرێت، پێویستیشیان بە نۆژەنکردنەوە بووە[١].

ئەمە لەڕووی خزمەتگوزارییەوە، لەڕووی سیاسییەوە بارودۆخەکە بە نزیکبوونەوەی مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٩٧ زیاتر بەرەو ئاڵۆزی دەچوو، لە ژێردەسەلاتی پارتییەوە تورکیا بە هێزێکی زۆرەوە سنورەکانی هەرێمی کوردستانی بەزاند[٢]. (ی.ن.ك)یش لای خۆیەوە لە ١٩٩٧/٩/٢٩ بە مەبەستی ئامادەکاری بۆ پێشهاتەکان کۆبوونەوەی بە فەرماندەکانی هێزەکەی کرد، ئەم کۆبوونەوەیە بە سەرپەرشتی (جەلال تاڵەبانی)و ئامادەبوونی (عومەر عەبدوڵڵاو عومەر فەتاح)و سەرجەم فەرماندە سەربازییەکانی (ی.ن.ك) ئامادەی کۆبوونەوەکە بوون، بڕیاردرا کە هێزەکانیان باشتر ئامادە بکەنو مەشقو ڕاهێنانی زیاتر ئەنجام بدەنو کادری باش بۆ چەکە قورسەکان دیاریبکرێن، بڕیاریشیدا هەموو پێداویستییە ئیدارییەکانی هێزەکانیان دابینبکرێت[٣]. دوو ڕۆژ دواتر لە ١٩٩٧/١٠/١ (جەلال تاڵەبانی) سەردانی بارەگای فەرماندەی گشتی هێزەکانی (ی.ن.ك) دەکات، لەو سەردانەدا دیسان جەخت لەسەر گەشەپێدانی هێزەکانو مەشقو ڕاهێنانیان دەکاتەوە[٤].

لە ڕۆژی ١٩٩٧/١٠/٩ لە یادی یەکەمین ساڵرۆژی ئۆپەراسیۆنی گەردەلولی تۆڵەدا، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ زمانحاڵی یەکێتی بە مانشێتێکی گەورە نوسیویەتی:"تا خیانەت بەردەوامبێت گەردەلولی تۆڵەش بەردەوام دەبێت"[٥]. هەر لە هەمان ڕۆژدا واتە لە ١٠/٩ لە قەڵاچۆلان کۆبوونەوەیەکی چڕوپڕ کراو بڕیاردرا کە شەوی یەك شەممە ١٣/١٢-١٠-١٩٩٧ هێرش بۆسەر ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی پارتی بکرێت، لەژێر ناوی (گەردەلولی تۆڵەی دووەم)، هەموو بەرەکانی هێرش بەمشێوەیە دابەشکرا:

- قۆڵی هیران-شەقڵاوە: بەسەرپەرشتی (کۆسرەت ڕەسوڵ)و بەشداری (جەعفەر شێخ مستەفا، تۆفیق کانی وەتمانی)و چەندینجار هەوڵ بۆ گرتنی درابوو، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو، (جەعفەر شێخ مستەفا)ش لەسەر ڕێگاوە پەلاماری هێزەکانی پارتی بدات بەرەو ئاقوبانو شەقڵاوە.

- قۆڵی بالیسان-ئالانە: هەریەکە لە (جەبار فەرمان، عومەر فەتاح، کوردۆ قاسم، مستەفای سەید قادر، عەدنان حەمەی مینا، عوسمانی حاجی مەحمود، مەلا نەجم) دانرانو شوێنی هەر یەکێکیشیان دیاریکرا، بەمشێوەیە:

- عەدنان حەمەی مینا بۆ کەپکی حەمەد ئاغا.
- عوسمانی حاجی مەحمود بۆ شاخە سور.
- مەلا نەجم بۆ دۆڵی ئالانە.

---

(١) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە// س.پ، ژمارە (١٤٦٨)، یەك شەممە، ١٩٩٧/٩/٢٨، ل٥.

(٢) بۆ زانیاری و وردەکاری زیاتر بڕوانە// س.پ، ژمارە (١٤٦٨)، ل١.

(٣) بۆ زانیاری زیاتر. بڕوانە// ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (١٤٦٩)، سێ شەممە، ١٩٩٧/٩/٣٠، ل١.

(٤) ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (١٤٧٠)، پێنج شەممە، ١٩٩٧/١٠/٢، ل١.

(٥)ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ، ژمارە (١٤٧٣)، پێنج شەممە، ١٩٩٧/١٠/٩، ل١.

- كوردۆ قاسم هێزەكانی كرا بە دوو بەشەوە: بەشێكی بۆ گرتنی كلاَوقاسم، بەشەكەی تریشی بۆ شاخی كۆڕەك.

– ئەوانی تریش هەریەكەیان شوێنی خۆیان بۆ دیاریكرا.

– قۆڵی كۆیە: ئەرسەلان بایز، بورهان سەعید سۆفی بۆ دانرا.

– قۆڵی سماقوڵی: عومەر عەبدوڵلاَ، مەحمود سەنگاوی بۆ دانرا.

لەدوای ئەو كۆبوونەوەیە هەموو هێزەكانی یەكێتی هەریەكەو بەرەو قۆڵی خۆی بەڕێكەوتن، لە ڕۆژی( ١٩٩٧/١٠/١١) دیسان لە سەربازگەی سەلامی نزیك شاری سلێمانی بەسەرپەرشتی (جەلال تاڵەبانی) كۆبوونەوەیەكی دیكە بە فەرمانده سەربازییەكان كراو جەخت لە كاتی هێرشەكە كە لەشەوی ١٣/١٢-١٩٩٧/١٠ دا كرایەوە[1].

ڕۆژی ١٩٩٧/١٠/١٢ سەرجەم فەرماندە سەربازییەكان بە تەواوی هێزەكانییەوە دەگەنە بارەگای فەرماندەیی ڕانیە، لەوێ مانۆڕێكی سەربازی بەرفروان ئەنجام دەدەن، (جەبار فەرمان) وەك نوێنەری (جەلال تاڵەبانی) ئامادەی مانۆڕە سەربازییەكە دەبێت[2]. مەحمود سەنگاوی لەوبارەیەوە دەنوسێت:"ئەم مانۆڕە هەڕەشەیەكی گەورە بوو بۆ سەر پارتی و ئاگادارییەك بوو بۆ هەنگاوان بەرەو شەڕكردن، دوای مانۆڕەكە هەموو هێزەكانمان بەرەو شوێنە دیاریكراوەكان ڕۆیشتن، كە هەموو لێپرسراوانی پێشمەرگە چەندینجار بە نهێنی چووبوونە سۆسەكردن و چاودێریكردنی جموجۆڵی پارتی و هێزەكانی و دەستنیشانكردنی خاڵی پەلاماردان"[3].

بەو شێوەیە كاتژمێر (٢)ی شەوی ١٣/١٢-١٩٩٧/١٠ لە هەموو قۆڵەكانەوە هێرشی بەرفراوان كرایە سەر هێزەكانی پارتی و لەسەر زۆربەی قۆڵەكانەوە پارتی توشی شكستی گەورە هاتن و بەشێكی زۆری قەڵەمڕەوی ناوچەكانیان لە دەستدا. لە قۆڵی بالیسان-ئالانە ئەم ناوچانە كۆنتڕۆڵكران:(كەپكی حەمەد ئاغا كە دەیڕوانیە دۆڵی بالیسان و ئالانە، كلاَوقاسم و شاخە سورە كە دوو چیای گرنگ بوون لە ڕووی سەربازییەوە، چیای بەنی هەریر- كە كۆنتڕۆڵی بەسەر بەشێكی زۆری دۆڵی ئالانەو خەلیفان و هەریرو باتاس و لادێكانی دەشتی هەریردا هەبوو، زەرتكان، زینەتر، گوندەكانی دۆڵی ئالانە).

لە قۆڵی هیران-شەقلاوە: ئەم ناوچانە كۆرنتڕۆڵكران:(شارۆچكەی هیران، هەموو ڕەبییەكانی زورگی هیران، ڕەبییەكانی سەر هیران، دارەبەن، گردی جاسوسان، گردی گەورە، كەپكی شیلانە، كە یەكێك بوو لە گرنگترین شوێنە ستراتیژییەكانی قۆڵی هیران بە كلیلی دەرگای شەقلاوە ئەژمار دەكرا، كەپكی حاجی ساڵح، بارەگای سریەی بایەزیدین، ڕەبیەی جیهاز، دارەبەن، ڕەبیەی معارەزە، ڕەبیەكانی كونەكا، لە چیای سەفین).

---

(١) مەحمود سەنگاوی: س. پ، ل٧٨٤-٧٨٥.

(٢) ڕۆژنامەی كوردستانی نوێ، ژمارە (١٤٧٤)، یەك شەممە، ١٩٩٧/١٠/١٢، ل١.؛ بەهرۆز گەڵی: س. پ، ل١٧٥.

(٣) بۆ زانیاری زیاتر. بڕوانە// س. پ، ل٧٨٥-٧٨٨؛ بەهرۆز گەلاَڵی: س. پ، ل١٧٧.

له قۆڵی سماقوڵیشەوە ئەم شوێنانە کۆنترۆڵکران:(دۆڵی هەرمێ، سەری بنەباوێ، قۆپی سوسێ، دۆڵی بیرۆکە، ناودارۆکان، بە هەر (٢٤) ڕەبیەو (٨) هێزی گوندی سوسێ، بارەگای لیوای (٢٧)و (٢) بارەگای داری حەمە).

لە قۆڵی دۆڵی خانەقا–وەرتێ قەسرێ: ئەم ناوچانە دەستیان بەسەردا گیرا، شێخ ناسر، هەموو ڕەبییەکانی خانۆڵ، ویلزێ، سورەبان، کۆلیتار، کۆلانەناتان، زنجیرە چیای دێزیلەر، زنجیرە چیای درەیی، چیای سەربالەك، هەموو گوندەکانی دۆڵی خانەقا، وەرتێ تا دەگاتە حافیزو تۆپو شاخی سەر کێلو زینی ماویلیانو سەر ڕەولەو شاخی سورو کۆخانو ساکۆتو زینی گۆران، چیای مامەڕوتو شارۆژکەی قەسرێ[1].

لە ڕۆژی( ١٩٩٧/١٠/١٣)یەکێتی بەیاننامەیەکی سەبارەت بە شەڕو پێکدادانی هێزەکانیان لەگەڵ پارتی بڵاودەکردەوە، لە بەیاننامەکەدا ئەوەی ڕونکردۆتەوە، کە پارتی ڕێکەوتنەکانی پێشێلکردووەو ئامادەی ڕێکەوتن نەبوو، لەگەڵ یەکێتی هێرشی دەستپێکردووە[2].

جێی ئاماژەیە هێزەکانی (ه.د.ك) لە قۆڵی هیران–شەقڵاوە بەشداربوونو دەستیان بەسەر چەند ناوچەیەك لە چیای سەفیندا گرت و لە شەقڵاوە نزیك بونەوە. لە هەندێك لە قۆڵەکانی تریشدا هێزەکانی (PKK) هاوکاری هێزەکانی (ی.ن.ك)یان کردوو، بەشدارییان کرد لە هێرشەکاندا، ئەمەش بۆچوونێکی وای لەلای تورکیا دروستکرد، کە دەشێت هەر گۆڕانێکی تەرازوی هێز لە هەرێمدا بە قازانجی پەکەکە بشکێتەوە، بۆیە لە( ١٩٩٧/١٠/١٣)سەرکردایەتی سیاسی تورکیا بڕیاری دەستێوەردانیدا[3]، هەر هەمانڕۆژ دوو فڕۆکەی تورکیا بۆ ماوەی (١٥) خولەك بۆردومانی ناوچەی گردە زۆریان کرد لە قوڵی دۆڵی خانەقا[4].

شەڕو پێکدادانەکان لە ڕۆژی ١٩٩٧/١٠/١٤ بەردەوامی هەبوو، لەم ڕۆژەدا هێزەکانی (ی.ن.ك) لە قۆڵی بالیسان–ئالانە، پێشڕەویان کردو لە شارۆچکەی خەلیفان نزیکبوونەوە، لە قۆڵی چۆمان–حاجی ئۆمەران، ڕێگای گشتی گەڵاڵە–چۆمان، کۆنترۆڵکراو هێزەکانی (پ.د.ك) ناوچەکانی حاجی ئۆمەران چۆمانو ناوپردانیان بەجێهێشتو بەرەو ڕایات کشانەوە[5]. بەوجۆرە لە ڕۆژانی (١٥و ١٦و ١٧)ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٧ شەڕو پێکدادانەکان درێژەی هەبوو، لەو سێ ڕۆژەدا هێزەکانی یەکێتیو هاوپەیمانەکانی ناوچەکانی (سمێلان، دۆلانە، پیر ئۆمەر، سرێشمە، ڕۆست، گرتگ...هتد) کۆنترۆڵکرد[6].

---

(١) بڕوانە// ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (١٤٧٥)، سێ شەممە، ١٩٩٧/١٠/١٤، ل١؛ ئینسکۆپیدیای یەکێتی نیشتیمانی کوردستان: س. پ، ل٦٧١.

(٢) بۆ دەقی ڕوونکردنەوەکەی (ی.ن.ك). بڕوانە// ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (١٤٧٥)، س. پ، ل١، ٧.

(٣) ئینسکۆپیدیای یەکێتی نیشتیمانی کوردستان: س. پ، ل٦٧١.

(٤) ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (١٤٧٥)، سێ شەممە، ١٩٩٧/١٠/١٤، ل١

(٥) ه. س، ل١، ١١.؛ ئینسکۆپیدیای یەکێتی نیشتیمانی کوردستان: س. پ، ل٦٧١.

(٦) بۆ زانیاری لەسەر لەو ناوچانەی کە یەکێتی کۆنترۆڵی کردن. بڕوانە// ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (١٤٧٧)، یەك شەممە، ١٩٩٧/١٠/١٩، ل١.

لەو ماوەیەدا فڕۆکەکانی تورکیا بەشێکی فراوانی بەرەکانی شەڕیان بۆردومان کرد، لەوانە (چیای مامەڕوتە، ڕەژووکەویان، دوڕیانی دەرگەڵە، شەکرۆك، شێخ مەحمودیان)و پارتیش هێرشی پێچەوانەی دەستپێکرد، جێی ئاماژەیە فڕۆکەکانی تورکیا زیانێکی زۆریان لە هێزەکانی یەکێیدا(١).

لە ١٧ ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٧ دا لەژێر گوشاری ئەمەریکاو بەریتانیا، یەکێتی و پارتی شەڕەکەیان ڕاگرت، بەڵام پارتی ڕایگەیاند تەنها بۆ ماوەی (٧٢) کاتژمێر شەڕ ڕادەگری"(٢).

لە ١٨ ی تشرینی یەکەم ١٩٩٧ یەکێتی خۆپیشاندانی جەماوەری لە زۆربەی شارو شارۆچکەکانی ژێر دەسەڵاتیدا ڕێکخستن، لە دژی هێرشی تورکیا بۆسەر هێزەکانی و بەزاندنی سنوری هەرێمی کوردستان، لە شاری سلێمانی خۆپیشاندانەکە بۆ بەردەم بارەگای نەتەوەیەکگرتووەکان بوو، لە شاری سلێمانی، بە گوتەی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ زیاتر لە (١٨٠)هەزار کەس بەشدارییان لەو خۆپیشاندانەدا کردووە، ئەمە جگەلە بەشداری (٤٧) ڕێکخراوی سیاسی و نەتەوەیی کوردستانی و عێراقی، لە خۆپیشاندانەکەدا، چەندین دروشم و لافیتە بەرزکرابوونەوە، لەوانە:(تورکیا حورمەتی یاسای نێودەوڵەتی بگرە، دەست لە بۆردومانی کوردستانی عێراق هەڵگرە، سڵاو بۆ پێشمەرگەی گەل و نیشتیمان، نەفرەت لە خائینان)، ئەنجومەنی باڵای جەماوەری پارێزگای سلێمانی، نامەیەکی ناڕەزایی خوێندەوەو داوایان لە (UN) کرد کە بێدەنگ نەبن بەرامبەر بۆردومانەکانی تورکیا(٣).

دوای وەستانی شەڕوپێکدادانەکان بۆ ماوەیەکی کورت، لە ١٩٩٧/١٠/٢١ جارێکی تر شەڕ دەستیپێکردەوە، هەتا ١٩٩٧/١١/١٩ بەردەوام بووە، لەو ماوەیەدا، (پ.د.ك) بە هاوکاری فڕۆکەکانی تورکیا دەستیان بەسەر سەرجەم ئەو ناوچانەدا گرتەوە، کە (ی.ن.ك) لە هەڵمەتی (گەردەلولی تۆڵەی دووەم)دا کۆنترۆڵیان کردبوو، سەرەنجام دوای کشانەوە هێزەکانی یەکێتی بۆ پشت هێڵی ئاگربڕ شەڕەکە وەستا(٤).

سەبارەت بە پاشەکشەی هێزەکانی یەکێتی لەو ناوچانەی کە دەستی بەسەرداگرتبوون، (جەلال تاڵەبانی) دەڵێت:"کشانەوە نەبوو، هەنگاو بە هەنگاو پاڵیان پێوەناین، بست بەست شەڕمان کرد، لەیەك شوێن نەکشاینەوە، (دیڤد وێلش- یاریدەدەرەی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا بوو بۆ خۆرهەڵاتی نزیك) زۆر تکای لێکردم و گوتی"تەنها گردێك یان شاخێکم بۆ چۆڵبکە، بۆئەوەی بیکەم بە بیانو بۆ گفتوگۆ لەگەڵ تورکیا"، ئێمە گوتمان: نەخێر ناکشێینەوە، شاخ بەشاخ و سەنگەر بە سەنگەر شەڕمان کردووە، بەڵام بەرامبەر بە دەبابەی تورك کە هاتبووە سەر شاخ، بۆ نمونە دەبابەی تورك کەپکی حەمەدئاغای لە ئێمە گرتەوە، دەبابەی تورك هیرانی لە ئێمە گرتەوە""(٥).

---

(١) مەحمود سەنگاوی: س. پ، ل٧٨٩.؛ ئینسکۆپیدیای یەکێتی نیشتیمانی کوردستان: س. پ، ل٦٧٢.

(٢) ه. س، ل٦٧٢.

(٣) ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (١٤٧٧)، ه. س، ل١، ٥.؛ گۆڤاری (٣١ی ئاب)، ژمارە (٨)ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٧، ل٣.

(٤) بۆ زانیاری زیاتر لەسەر شەڕوپێکدادانەکانی ئەو ماوەیە. بڕوانە// مەحمود سەنگاوی: س. پ، ل٧٩٢-٨٢٥؛ ئینسکۆپیدیای یەکێتی نیشتیمانی کوردستان: س. پ، ل٦٧١-٦٧٥.

(٥) وەرگیراوە لە// سەلاح ڕەشید: س. پ، ل٢٦١.

سەبارەت بە ئاماری کوژراو بریندارانی ئەو گەڕە نوێیەی شەڕی ناوخۆ ئامارێکی ڕاستو دروست لە بەردەستدا نییە، کوژراوانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بە دروستی ژمارەیان نەزانراوە، بەڵام ناوی هەندێ لەو فەرماندە سەربازییانەی کە لەو شەڕەدا کوژراون بڵاوکراونەتەوە، وەك (تەحسین کاوانی، جەوهەر لەتیف محەمەد، محێدین بەرزنجی، بەکر عەلی قادر، فازڵ شێرەمەڕی، کانەبی جەوهەر ڕەشید، هیوا مەحمود عەبدوڵڵا، غەفار سالح)[1]، ئەوەی تایبەتە بە کوژراوانی پارتی دیموکرات نزیکە (٢٠٠) فەرماندەو پێشمەرگەیان لەو شەڕانەدا کوژراون[2]، ئەمە ئاماری ئەوانەیە کە کەوتونەتە دەست یەکێتی بۆیە پێدەچێت ژمارەکە لەوە زیاتر بێت.

جێی ئاماژەیە لەکاتی شەڕو پێکدادانەکانی نێوان پارتی و یەکێتی لە ناو شاری سلێمانی هەڵمەتی دروستکردنی خواردن بۆ پێشمەرگە و هاوکاری کردنیان دەستی پێکردووە، هەرچەندە بە گشتی لەو ڕۆژگارەدا دانیشتوانی هەرێم و خەڵکی شاری سلێمانیش لە بارودۆخێکی ئابوری خراپدا بوون، لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆژانە خواردنێکی زۆر لە ناو شاری سلێمانییەوە دروستکراوە و بۆ بەرەکانی شەڕ نێردراوە[3].

سەبارەت بە بارودۆخی ناو شاری سلێمانی لەکاتی شەڕو پێکدادانەکاندا، بەڕێوبەری پۆلیسو ئاسایشی شاری سلێمانی ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە کە توانیویانە ئاسایشو ئارامی شارەکە بپارێزنو تاوانەکان کەمبکەنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا دان بەوە دادەنێن، کە لەکاتی شەڕەکەدا ژمارەی چەکدار لەناو شاری سلێمانی زۆربووە، هەرچەندە پێشتر بە بڕیارێك هەڵگرتنی چەك قەدەغە کرابوو(٤). لەو ماوەیەدا هیچ پرۆژەیەکی خزمەتگوزاری گەورە لە شاری سلێمانیدا بەر چاو ناکەوێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کاروبارەکانی حکومەتی هەرێم– کابینەی سلێمانی بەڕێوەچوونو پرۆسەی حکومداری بەردەوام بووە.

لە ڕۆژی ١٩٩٧/١١/٢٩ مەراسیمی چلەی ماتەمینی کوژراوانی شەڕی گەردەلولی تۆڵەی دووەم لە شاری سلێمانی ڕێکخرا، مەراسیمەکە لە کاتژمێر (٩,٣٠) خولەکی بەیانی بە بەشداری جەماوەرێکی زۆری شاری سلێمانی لەناو بازاڕی ئەسحابە سپییەوە بەرەو گردی شەهیدان دەستییپێکرد، کەسوکاری کوژراوان وێنەی کوژراوانیان بەرزکردبۆوە، لە نێو کەژاوەی ڕێپێوانەکەدا چەندین لافیتەو دروشمو بەرزکرابوونەوە، (جەلال تاڵەبانیو کۆسرەت ڕەسوڵ سەرۆکی حکومەتی سلێمانی ئامادەبوون، لەو مەراسیمەدا جەلال تاڵەبانی وتارێکی پێشکەشکرد، لە وتارەکەیدا جەختی لە چارەسەری بنەڕەتی کێشەکان کردەوە، ئامادەی (ی.ن.ك) ی دەربڕی بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان[5].

---

(١) ئینسکۆپیدیای یەکێتی نیشتیمانی کوردستان: س. پ، ل٦٧٥.

(٢) بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ژمارەی کوژراوانی پارتیو ناوی تەواو پلەی سەربازیو شوێنی کوژراوان. بڕوانە// ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (١٤٨٦)، پێنج شەممە، ١٩٩٧/١٠/٣٠، ل١، ١١.؛ هـ. س، ژمارە (١٤٩٢)، یەك شەممە، ١٩٩٧/١١/٩، ل١، ٧.

(٣) لالۆ عەبدورەحمان پێنجوێنی:س.پ، ل٧٨١.

(٤)ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (١٤٩٣)، دوو شەممە، ١٩٩٧/١١/١٠، ل٥.

(٥) ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (١٥٠٨)، دوو شەممە، ١٩٩٧/١٢/١، ل١، ٧.؛ بۆ دەقی وتارەکەی مام جەلال. بڕوانە// بڕوانە// هـ. س، ل٢، ٣.

بەوجۆرە لەدوای کۆتایی هاتنی خولی نوێی شەڕی ناوخۆ، بەتایبەت دوای شەڕەکانی گەردەلولی تۆڵەی دووەم، گۆڕانێکی قولّ لە بیرکردنەوەی جەلال تالّەبانیدا دروستبوو، خواستی ئەو بۆ ئاشتەوایی زیاتر دەرکەوت، هەر بۆیە لە کۆتای مانگی کانونی یەکەمدا، بە دیاریکراوی لە ١٩٩٧/١٢/٣١ نامەیەکی ئاڕاستەی مەسعود بارزانی کرد، ناوەڕۆکی نامەکە زیاتر لە پڕۆژەیەك دەچوو بۆ چارەسەرکردنی تەواوی ئەو کێشانەی کە لە هەرێمی کوردستاندا دروست ببوون، دیدو تێڕوانینی (ی.ن.ك) بۆ چارەسەکردنی تەواوی کێشەکان خستبووەڕوو[1].

لەدوای ئەو دەستپێشخەرییەی (جەلال تالّەبانی)یەوە بارودۆخی سیاسی هەرێمی کوردستان گۆڕانی گەورەی بەسەرداهات و وردە وردە بارودۆخەکە بەرەو هێوربوونەوە دەڕۆیشت، لە ١٩٩٨/١/١٤ یشدا (مەسعود بارزانی) وەلاّمی نامەکەی جەلال تالّەبانی دایەوە[2]، لێرەبەدواوە پڕۆسەی نامە گۆڕینەوە زیاتر دەبێت وردە وردە لە ڕێکەوتنی یەکجاری نێوانیان نزیك دەبنەوەو بارودۆخی شاری سلێمانی و شارەکانی دیکەی هەرێم بەرەو ئاسایی بوونەوە هەنگاو دەنێت.

---

١ بۆ دەقی تەواوی نامەکەی جەلال تالّەبانی. بڕوانە//فاتح ڕەسولّ: س. پ، ل٤٥٨-٤٦١.؛ ڕۆژنامەی کوردستانی نویّ، ژمارە (١٥٣١)، یەك شەممە، ١٩٩٨/١/٤، ل١.

٢ بۆ دەقی وەلاّمەکەی مەسعود بارزانی. بڕوانە// فاتح ڕەسولّ: س. پ، ل٤٦٤-٤٦٨.

## باسی دووەم: ڕەنگدانەوەی دانوستان و ڕێکەوتنی نێوان یەکێتی و پارتی لەسەر سلێمانی:-

لە کاتی خولی نوێی شەڕی ناوخۆ لە تشرینی یەکەمی ١٩٩٧دا، کاروبارە ئیدارییەکانی حکومەتی هەرێم- کابینەی سلێمانی وەك پێویست چالاك نەبوون و بە سستی بەڕێوە دەچوون، سەرۆکی حکومەت- کابینەی سلێمانی (کۆسرەت ڕەسوڵ) لە هێڵی پێشەوەی بەرەکانی شەڕ بوو، بەڵام دوای کۆتایی هاتنی شەڕەکە، بەتایبەت دوای دەستپێشخەرییەکی (جەلال تاڵەبانی)، جارێکیتر کاروبارەکان چوونەوە سەر ڕێڕەوی ئاسایی خۆیان، سەرۆکی حکومەت گەڕایەوە شاری سلێمانی، کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیران دەستپێکردەوە[1]. هەر دوای ئەوە دەستکرا بە چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە بەهۆی شەڕەوە دروستبوون، لەو دیاردانە کۆڵرایەوە، کە لەئەنجامی بارودۆخی ئاڵۆزی هەرێمەوە دروست ببوون، یەکێك لەو دیاردانە کۆچی دانیشتوانی هەرێم بە گشتی و شاری سلێمانی بە تایبەتی بۆ ئەوروپا بوو، سەبارەت بەم دیاردەیە (نەوشیراون مستەفا) دەڵێت:"لەسەردەمی حکومەتی (کۆسرەت ڕەسوڵ) دا (٢٠٠) هەزار کەس کوردستانیان بەجێهێشتووە، کە (٢) هەزاریان کادری یەکێتی بوون، زیاد لە (٢٠٠) کەسیان مامۆستای زانکۆ بوون[2].

کێشەی کۆچی پەنابەران بە گشتی و کۆچی کورد بە تایبەتی وای لە سەرانی (٨) دەوڵەت کرد، کە لەسەر ڕێگاگرتن لە کۆچی نایاسایی ڕێکبکەون، لە ١٩٩٨/١/٩ بەرپرسانی پۆلیسی هەریەکە لە (ئیتاڵیا، ئەڵمانیا، نەمسا، بەلجیکا، تورکیا، فەرەنسا، یۆنان)، لە ڕۆمای پایتەختی ئیتاڵیا کۆبوونەوەو لەسەر دانانی بەرنامەیەك بۆ ڕێگاگرتن لە پەنابەرانی نایاسایی بەگشتی و پەنابەرانی کورد بەتایبەت ڕێکەوتن، بەپێی ڕێکەوتنەکە دەبوو چاودێری توندی سنورەکان بکرێ، زانیاری دەربارەی جموجوڵی پەنابەران بگۆڕنەوە، هەوڵی قەڵاچۆکردنی باندە قاچاخچییەکان بدرێت، ئەوەی تایبەت بێ بە پەنابەرانی کورد وەزیری ناوخۆی ئیتاڵیا بە پەرلەمانی وڵاتەکەی ڕاگەیاند لە تەمموزی ١٩٩٧ ەوە هەتا کانوونی دووەمی ١٩٩٨، واتە لە (٨) مانگدا (٢٦٤٨) پەنابەری کورد گەیشتوونەتە ئیتاڵیا لەوانە (٣٦٩) کەس داوای مافی پەنابەرێتی سیاسیان کردووە، تورکیاش ڕایگەیاند لە ساڵی ١٩٩٧ دا (٢٠) هەزار بیانی دەستگیرکردووە، کە زۆربەیان عێراقی بوون، لە ٩ ی کانوونی دووەمیشدا نزیکەی (٣٠٠) پەنابەری کوردی بەرەو (باکوری عێراق) سنورداش کردۆتەوە[3]. هەموو ئەوانەش بەڵگەی کۆچی بە کۆمەڵی هاوڵاتیانی کوردستان لە ناویشیدا شاری سلێمانی دەردەخەن.

سەبارەت بە هۆکاری زیادبوونی کۆچی پەنابەرانی کورد، سەرۆکی حکومەتی هەرێم-کابینەی سلێمانی (کۆسرەت ڕەسوڵ)، لە دیدارێکدا لەگەڵ وەفدی حکومەتی هۆڵەندا لە شاری سلێمانی دان بەزیادبوونی کۆچی هاوڵاتیانی کورد بۆ ئەوروپا دەنێت و هۆکارەکەی بۆ ئاڵۆزی بارودۆخی کوردستان و شەڕی ناوخۆ دەگێڕێتەوە[4].

---

(١)ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (١٥٣٦)، چوار شەممە، ١٩٩٨/١/١٤، ل١

(٢) لەنێوان مام جەلال و مندا، ئازاری ١٩٩٩- شوباتی ٢٠٠١، (بیرەوەری- دۆکۆمێنت- لێدوان)، س. پ، ل٣٩.

(٣) ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (١٥٣٥)، یەك شەممە، ١٩٩٨/١/١١، ل١.

(٤) ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (١٥٣٧)، پێنج شەممە، ١٩٩٨/١/١٥، ل١.

یەکێکی دیکە لەو دیاردانەی کە بەهۆی شەڕی ناوخۆو ئاڵۆزی بارودۆخی سیاسی شارەکانی کوردستان سەریهەڵدابوو، دیاردەی چەکداری بوو، بەتایبەت لە شوێنە گشتییەکانی ناو شاری سلێمانیدا، بۆیە لە کۆبوونەوەی لیژنەی ئەمنی شاری سلێمانی بەسەرپەرشتی پارێزگاری سلێمانی بڕیاری قەدەغەکردنی هەڵگرتنی چەك لە بازاڕو شوێنە گشتییەکان درا، لەگەڵ ئەوەش دیاردەی ئۆتۆمبیلی بێ ژمارەو جام تاریك، چارەسەری پێویستی بۆ دۆزرایەوە[1]، بەلام ئەم دیاردەیە نەتوانرا بە تەواوی بنەبڕبکرێت، بە ئێستاشەوە دیاردەی ئۆتۆمبیلی جام تاریك لەناو شاری سلێمانیدا زۆر بەئاشکرا دەردەکەوێت. هەرچەندە بۆ پاراستنی رووی شارستانی شاری سلێمانی (جەلال تاڵەبانی) هێزی پێشمەرگەو هەموو لایەکی ئاگادارکردەوە کە پابەندی بڕیارەکانی لیژنەی ئەمنی بن، بڕیاریشدا لە ڕۆژی ١٩٩٨/١/١٣، هەڵگرتنی چەك لەناو شاری سلێمانیو شوێنە گشتییەکان قەدەغەیە، سەرپێچیکاران سزادەدرێن، لە ڕۆژی ١٩٩٨/١/١٥ یشەوە ئۆتۆمبیلی بێ ژمارەو جام تاریك قەدەغەیەو هەر کەسێك سەرپێچی بکات ئۆتۆمبیلەکەی دەستیبەسەردا دەگیرێت[2]. (حاکم قادر) پارێزگاری سلێمانی ڕایگەیاند:"دوای پێنج ڕۆژ لە جێبەجێکردنی بڕیارەکە دیاردەی چەکداری بەرەو کەمبوونەوەو نەمان دەچێت"[3].

جێی ئاماژەیە هێوربوونەوەی بارودۆخە سیاسییەکە کاریگەری لەسەر ئاسایبوونەوەی بارودۆخی شاری سلێمانی هەبووە، لەدوای دەستپێشخەرییەکەی جەلال تاڵەبانیو ناردنی نامەی یەکەم بۆ مەسعود بارزانیو وەڵامدانەوەی نامەکە بە شێوەیەکی پۆزەتیڤ، جەلال تاڵەبانی نامەی دووەم، ئاڕاستەی مەسعود بارزانی دەکات، لە ١٩٩٨/١/٢٦، نامەکە بەمشێوەیە دەستپێدەکات:"بەڕێز مەسعود بارزانی- سەرۆکی (پ.د.ك)

سلاوێکی گەرم

وەڵامدانەوەی نامەی پێشوومان لە بەرواری ١٩٩٧/١٢/٣١ بە نامەی ڕۆژی ١٩٩٨/١/١٤ تانو لەڕێی بەڕێز (عەزیز محەمەد)ەوە، جێی ڕێزو سوپاسمانە، مەکتەبی سیاسی بە گرنگییەوە سەرنجیداو وردبینی لەسەر کردو لە ناوەڕۆکی گەیشتن، یەکسانی لە بۆچوونی لەو جۆرە یەکگرتنەوەی ژمارەیەك لە خاڵەکانی لەگەڵ پرۆژە تەواوکارییەکەمان مایەی بەختەوەریمان بوو، دەگونجێت بە خاڵی هاوبەش تۆماریان بکەینو بە هەردوولامان بکەوینە جێبەجێکردنیان"[4].

لە کۆتایی نامەکەدا جەلال تاڵەبانی دەنووسێت:"بەبۆنەی هاتنی جەژنی ڕەمەزانی پیرۆزەوە، پیرۆزبایی لە خۆتانو هەموو سەرکردەو کادرو ئەندامانی پارتی دەکەینو پێشنیاردەکەین کە لەم موناسەبەتە پیرۆزەدا دەستبەجێ هەردوولا هەموو گیراوەکانی یەکتر بەرەڵلا بکەینو بڕیاری گەڕاندنەوەی ئاوارەکانیش بۆ سەر خانوو ماڵی خۆیان بدەینو کۆمیتەیەك بە چاودێری بەڕێز (عەزیز محەمەد)

---

(١)س.پ، ژمارە (١٥٣٦)، دوو شەممە، ١٩٩٨/١/١٢، ل٤.

(٢)س.پ ، ژمارە (١٥٣٧)، پێنج شەممە، ١٩٩٨/١/١٥، ل١.

(٣)س.پ ، ژمارە (١٥٣٩)، دوو شەممە، ١٩٩٨/١/١٩، ل٤.

(٤) بۆ دەقی تەواوی نامەکەی جەلال تاڵەبانی. بڕوانە// ڕەجائی فاید: س. پ، ل٣٢٦-٣٣١.؛ فاتح ڕەسوڵ:س. پ، ل٤٦٩-٤٧٥.

دروستبکەین بۆ جێبەجێکردنی بردنەوەی ئاوارەکانو دابینکردنی ئازادیو ژیانو کەرامەتیان، لە داهاتی زۆرو زەوەندی بندەستی پارتی تەعویزێکی ڕەواش بدرێت بە ئاوارەکان"[1]. (مەسعود بارزانی)یش لە ڕۆژی ٣/٢/١٩٩٨ وەڵامێکی تێروتەسەلی نامەی دووەمی تاڵەبانی دەداتەوە، لە نامەکەدا بۆ چوونی پارتی لەسەر نامەکەی تاڵەبانی ڕووندەکاتەوەو ئامادەیی تەواو دەردەبڕێت بۆ چارەسەرکردنی تەواوی کێشەکان[2]. پێشتریش بە بروسکەیەك لە ١/٢/١٩٩٨ مەسعود بارزانی بە بۆنەی جەژنی ڕەمەزانەوە پیرۆزبایی لە جەلال تاڵەبانیو سەرجەم سەرکردەو ئەندامانی یەکێتی کردبوو، هیوای ئەوەشی خواستبوو، کە لیژنەی باڵا لە نزیکترین کاتدا دەست بەکارەکانی بکات و چارەسەری کێشەی گیراوەکانو ئاوارەکانیش لە بنەڕەتەوە بکرێت[3].

نامە گۆڕینەوەکانی نێوان (مەسعود بارزانی) سەرۆکی پارتیو (جەلال تاڵەبانی) سکرتێری گشتی یەکێتی ڕێگەخۆشکەربوو بۆ کۆبوونەوەی شاندی مەکتەبی سیاسی هەردوولا، ئەوەبوو ڕۆژی ١٢/٢/١٩٩٨ شاندی یەکێتی کە پێکهاتبوون لە (د.کەمال فوئاد، عومەر سەید عەلی، ئەرسەلان باییز)و شاندی پارتی پێکهاتبوون لە (سامی عەبدولڕەحمان، جەوهەر نامیق، بروسك نوری شاوەیس)، بەئامادەبوونی (عەزیز محەمەد) سکرتێری حزبی شیوعی لە شەقلاوە کۆبوونەوە[4]، ئەمەش یەکەمین کۆبوونەوەی ڕاستەوخۆی نێوانیان بوو، لەدوای کۆتایی هاتنی گەڕی نوێی شەڕی ناوخۆ.

لە کۆتایی کۆبوونەوەکە، ڕاگەیەنراوێکیان بڵاوکردەوە[5]، ڕایانگەیاند کە لەسەر چەند خاڵێك ڕێکەوتوون، لەوانە:-

١. پابەندبوونی هەردوولا بە ئاگربڕو چارەسەرکردنی کێشەکان بە شێوازی گفتوگۆو ڕەتکردنەوەی توندوتیژی بۆ چارسەرکردنی کێشەو گیروگرفتەکان.
٢. وەستاندنی هێرشی ڕاگەیاندن.
٣. ئازادکردنی بێ کۆتو بەندی هەموو گیراوەکانی هەردوولا، بەو مەرجەی لە ماوەی یەك هەفتەداو لە ئێستادا ئەم کردەوەیە بە ئاکام بگات.
٤. ڕاگواستنو دەرکردنو ڕابگیرێ، هەوڵبدرێ هەموو دوورخراوەو ئاوارەکان بگەڕێندرێتەوە سەر ماڵو حاڵی خۆیان، لەپێناو خۆشکردنی زەمینەی گەڕانەوەشیاندا هەردوولا لەسەر پێکهێنانی لیژنەیەکی تایبەت بۆ تاوتوێکردنی ئەم کێشەیە ڕێکەوتن.

---

(١) وەرگیراوە لە// ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (١٥٤٧)، دووشەممە، ٢/٢/١٩٩٨، ل١.

(٢) بۆ دەقی تەواوی نامەکەی مەسعود بارزانی. بڕوانە// فاتح ڕەسوڵ: س. پ، ل٤٧٧-٤٨٠.؛ ڕەجائی فاید: س. پ، ل٣٣٢-٣٣٥.

(٣) بۆ دەقی تەواوی بروسکەکەی مەسعود بارزانی. بڕوانە// ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (١٥٤٩)، چوار شەممە، ٤/٢/١٩٩٨، ل١.

(٤) مەحمود سەنگاوی:س. پ، ل٨٢٧.؛ ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (١٥٥٥)، پێنج شەممە، ١٢/٢/١٩٩٨، ل١.

(٥) بۆ دەقی ڕاگەیەندراوەکەی (پ.د.ك)و (ی.ن.ك). بڕوانە// فاتح ڕەسوڵ: س. پ، ل٤٨١-٤٨٢.؛ ڕەجائی فاید: س. پ، ل٣٣٦-٣٣٧.

٥. پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان وەك کارەباو بازرگانی و گواستنەوەو هاتووچۆی هاوڵاتیان بەردەوامبێ، هەردوولاش لەسەر ئەوە ڕێکەوتن پسپۆڕانی تایبەت بەم بوارانە لە هەفتەی داهاتوودا کۆببنەوە تاوەکو بە باشترین شێوە ئەوەی پەیوەندی بەو مەسەلانەوە هەیە جێبەجێ بکرێ.

٦. ڕێکەوتن لەسەرئەوەی کۆبوونەوەکان لەکات و شوێنی دیاریکراوی خۆیدا درێژەیان پێبدرێت، ئەمانەو لەسەر چەند خاڵێکی دیکەش ڕێکەوتن[١].

لە ١٩٩٨/٢/١٩ هەمان شاندی هەردوولا جارێکی تر کۆبوونەوە، ئەمجارە کۆبوونەوەکە لە بارەگای مەڵبەندی (٣)ی ڕێکخستنی یەکێتی لە شاری کۆیە بوو، لە کۆبوونەوەکەدا باس لە خاڵەکانی کۆبوونەوەی شەقڵاوە کراو، زیاتر بڕیاریاندا لە چەند ڕۆژی داهاتوودا پرۆسەی ئازادکردنی دیلەکان دەستپێبکات، لەگەڵ چارەسەرکردنی کێشەی ئاوارەکان و جێبەجێکردنی تەواوی خاڵەکانی ڕێکەوتنی شەقڵاوە[٢].

لە کۆبوونەوەی کۆیە هەر یەکە لە پارتی و یەکێتی لیستی گیراوانی هەردوولایان گۆڕییەوەو بڕیاریدابوو لە ڕۆژانی دواتر گیراوەکانی یەکتر ئازاد بکەن(٣)، ئەوەبوو ڕۆژی ١٩٩٨/١/٢٣، هەردوولا لەگەڵ ژمارەیەك لە گیراوەکانیان لە دێگەڵە لەنێوان کۆیەو هەولێر کۆدەبنەوە بۆ ئاڵوگۆڕکردنی دیلەکان، بەڵام کێشە دەکەوێتە نێوانیان لەسەر ژمارەی گیراوەکان و ئەوانەی کە بەلیست داوای ئازادکردن و گۆڕینەوەیان کرابوو، بۆیە ئاڵوگۆڕکردنی دیلەکان جێبەجێ نابێ.

لەدوای ئەوەش مەکتەبی سیاسی پارتی ڕوونکردنەوەیەکی بڵاوکردەوە کە تێیدا هاتبوو:"لایەنە پەیوەندیدارەکانی پارتیمان لیستێکمان بەناوی (٨٩) گیراوی یەکێتی و لایەنی بەرامبەریش لیستێکی بەناوی (٨٢) گیراوی پارتیمان ئامادەکردبوو کە بڕیاربوو سەعات (١٢)ی نیوەڕۆی ئەمڕۆ بگۆڕدرێنەوە، نوێنەری پارتیمان لەگەڵ گیراوەکاندا بە ئامادەبوونی بەڕێز (عەزیز محەمەد) لەکات و شوێنی دیاریکراودا لەنێوان کۆیەو دیگەڵەو ئامادەبوو، بەڵام زۆر بە داخەوە نوێنەری یەکێتی زۆر لە مەوعیدەکە دواکەوت و کاتێکیش گەیشتە جێگەی مەبەست و گیراوەکانی لەگەڵ خۆی نەهێنابوو"[٤].

لای خۆشییەوە مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ك) ڕوونکردنەوەیەکی بڵاوکردەوەو وەڵامی پارتی دیموکراتی دایەوە، ڕایگەیاند:"سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان لە (٢٦١٥) دیل و گیراوەکانی یەکێتی کە لایەتی تەنیا (٨٩) کەس، لە کەسوکاری پێشمەرگەو سنورداش کراوەکانیان هێنابوو، بۆ ئازادکردن، هیچ یەکێك لە کادیرانی ناسراوی سیاسی و پێشمەرگەی تێدا نەبوو[٥]. وەك دەردەکەوێت هەردوو ڕوونکردنەوەکەی مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتی تۆمەتبارکردنی یەکترەو هیچی تر، چونکە لە

---

(١) بۆ تەواوی خاڵەکانی ڕێکەوتنەکە. بڕوانە// ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (١٥٥٦)، یەك شەممە، ١٩٩٨/٢/١٥، ل٢.؛ ڕەجائی فاید: س. پ، ل٣٣٦-٣٣٧.؛ فاتح ڕەسوڵ: س. پ، ل٤٨١-٤٨٢

(٢) ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (١٥٦١)، یەك شەممە، ١٩٩٨/٢/٢٤، ل١.

(٣) ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (١٥٦١)، س. پ، ل٢.

(٤) بۆ دەقی تەواوی ڕوونکردنەوەی مەکتەبی سیاسی پارتی. بڕوانە// فاتح ڕەسوڵ: س. پ، ل٢٨٤.

(٥) بۆ دەقی تەواوی ڕوونکردنەوەکەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی. بڕوانە// ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (١٥٦٤)، چوار چوار شەممە، ١٩٩٨/٢/٢٥، ل١.

کۆبوونەوەی کۆیەدا هەردوولا لیستی گیراوەکان ئاڵوگۆڕدەکەن، دەبوو بە پێی ئەو لیستە گیراوەکان ئازاد بکرێن، نەك ئەوەی یەکێتی باس (٢٦١٥) گیراوی خۆی دەکات لای پارتی، هەروەها پارتیش دەبوو ئەو (٨٩) کەسەی کە هێنابووی ئازادیان بکات دەبوو ئەو گیراوانەبن کە یەکێتی داوای کردبوون، بۆیە پرۆسەی ئاڵوگۆڕکردنی دیلەکان کێشەی تێدەکەوێت و ئەنجام نادرێت.

کێشەی ئاڵوگۆڕکردنی دیلەکان کۆبوونەوەکانی نێوان پارتی و یەکێتی ڕاناگرێت، بەڵکو ڕۆژی ١٩٩٨/٢/٢٦ جارێکی تر شاندی هەردوولا لە شەقڵاوە کۆدەبوونەوە هەرچەندە لە کۆبوونەوەکەدا هیچ شتێکی تازە باس ناکرێت، بەڵام بڕیاریاندا پلانە فەرعییەکان بۆ چارەسەرکردنی گشت کێشەکان دەستبەکاربن، کێشەی دیلەکان چارەسەربکەن، کۆبوونەوەکان درێژە پێبدەن[١].

بارودۆخە سیاسییەکەی هەرێم تا ڕادەیەکی زۆر هێوردەبێتەوە، بەڵام لەناو شاری سلێمانی چەند ڕووداوێك ڕوودەدەن، هەرچەندە ڕووداوەکان زۆر گەورە نین و کاریگەرییەکی وایان نابێ بەڵام پێمان باشە بیانخەینەڕوو، لەڕۆژی ١٩٩٨/٢/٢٧ دوو ڕووداو لە شاری سلێمانی ڕوودەدەن، یەکەمیان لە گەڕەکی وڵوبەی شاری سلێمانی بوو، کە هێرشکردنە سەر چایخانەیەك بوو، لە ڕۆژی هەینی دوای ئەوەی وتارخوێنی مزگەوتی وڵوبە باس لەوە دەکات کە سەتەلایت و چایخانە لە ئیسلامدا حەرامە، لە دوای تەواوبوونی نوێژی هەینی چەند کەسێك هێرشدەکەنە سەر چایخانەیەك و سەتەلایت و تەلەفزیۆن و کەلوپەلەکانی ناو چایخانەکە دەشکێنن، دوای ئەوەش ئاسایشی شاری سلێمانی دەچنە شوێنی ڕووداوەکە، بەڵام وتاربێژی مزگەوتەکە سەر بە بزوتنەوەی ئیسلامی بوو، هەڵدێت و فەرمانی دەستگیرکردن بۆ ئەوانەی بە کارەکە هەستاون دەردەچێت و دەستگیردەکرێن[٢]. هەر هەمان ڕۆژ لە سینەما دڵشاد بڕێك (TNT) دەتەقێتەوە، ئەویش دوای ئەوەی کەسێك لە مزگەوتی خانەقای سلێمانییەوە کە دیوارەکەی بە دیواری سینەما دڵشادەوە بوو دەچێتە سەربانی سینەماکە و ئەو تەقینەوەیە ئەنجام دەدات[٣].

لەدوای ئەو ڕووداوانە و چەند ڕووداوێکی بچوکتر، یەکێتی بە ئامادەبوونی (جەلال تاڵەبانی) ڕۆژی ١٩٩٨/٣/٦ لە هۆڵی ئوتێل ئاشتی شاری سلێمانی لەگەڵ شاندی بزوتنەوەی ئیسلامی کە پێکهاتبوون لە (مامۆستا عەلی عەبدولعەزیز- ڕابەری گشتی) و چەند ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی و وەزیرەکانی بزوتنەوەی ئیسلامی لە حکومەتی هەرێم-کابینەی سلێمانی کۆدەبنەوە، ئەم کۆبوونەوەش بۆ پاراستنی ئاسایش و ئارامی ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی (ی.ن.ك) بوو[٤].

لەلایەکی دیکەشەوە، کۆبوونەوەکانی ئاشتی نێوان پارتی و یەکێتی درێژەی هەبوو، ڕۆژی ١٩٩٨/٣/١٢ لە کۆیە چوارەمین کۆبوونەوە ئەنجامدرا، جێی ئاماژەیە، سەرجەم کۆبوونەوەکان بۆ جێبەجێکردنی خاڵەکانی کۆبوونەوەی شەقڵاوە بووە، لەم کۆبوونەوەشدا هەردوولا نەگەیشتنە ڕێکەوتنی کۆتایی لەسەر ئازادکردنی دیلەکانی نێوانیان[٥].

---

(١) بۆ زانیاری زیاتر. بڕوانە// ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (١٥٦٦)، یەك شەممە، ١٩٩٨/٣/١، ل١.

(٢) ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (١٥٦٧)، دوو شەممە، ١٩٩٨/٣/٢، ل٤.

(٣) بۆ زانیاری زیاتر. بڕوانە// هـ.س، ل٤.

(٤) بۆ زانیاری زیاتر. بڕوانە// س.پ، ژمارە (١٥٧١)، یەك شەممە، ١٩٩٨/٣/٨، ل١.

(٥) ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (١٥٧٦)، یەك شەممە، ١٩٩٨/٣/١٥، ل١.

لەدوای ئەو کۆبوونەوانە، کۆبوونەوەی لیژنە فەرعییەکان بۆ چارەسەرکردنی تەواوی کێشەکانو وردەکاری جێبەجێکردنیان دەستبەکار بوون و شاندنی حکومەتی هەردوولاش کۆبوونەوە، باسیان لە ئازادی هاتووچۆی هاولاتیان کرد لە نێوان شارەکانی ژێردەسەلاتی هەردوولا، جگەلە ئالوگۆڕی بازرگانیو پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی پەروەردەو خوێندنی بالاّ، بۆ ئەمەش لە دوو کۆبوونەوەدا لە شەقلاوە و کۆیە ڕێگای پێویست گیرایەبەر بۆ جێبەجێکردنیان[1]. لە ١٩٩٨/٣/١٩ پێنجەمین کۆبوونەوەی بالاّ لە نێوان پارتیو یەکێتی ئەنجامدرا، بڕیارياندا کە مەسەلەی هاتووچۆی هاولاّتیانو ئازادی بازرگانی نێوان هەولێرو سلێمانی کارئاسانی تەواوی بۆ بکرێتو بازگەکانی نێوانیان کەمبکەنەوە، بڕیاریشدرا درێژە بە کۆبوونەوەکانی هەردوولا بدرێت[2].

لە ئەنجامی ئەو بەرەوپێشچوونانەی کە لە پەیوەندییەکانی نێوان یەکێتیو پارتی هاتبووە ئاراوە، بۆ یەکەمجار لە دوای شەڕی ناوخۆی نێوانیان بە وەفدێکی هاوبەش بەسەرۆکایەتی (د.بەرهەم ئەحمەد ساڵح- لە یەکێتی)، (هۆشیار زێباری- لە پارتی) سەردانی بارەگای نەتەوەیەکگرتووەکان دەکەن لە ئەمەریکا، باسیان لە کێشەکانی هەرێمی کوردستانو پێویستییەکانی هەرێم کرد، دوایان لە نەتەوەیەکگرتووەکان کرد کە هاوکاری هەرێم بکەنو سزای زیاتری حکومەتی عێراق بدەن[3].

لەدوای پێنجەمین کۆبوونەوەی نێوان شاندنی بالاّی یەکێتیو پارتی، هەتا تەمموزی ١٩٩٨ (١٤) کۆبوونەوەی دیکە ئەنجامدرا، بە هەمووی (١٩) کۆبوونەوەی شاندنی بالاّی هەردوولا ئەنجامدراوە، جگەلە کۆبوونەوەی لیژنە فەرعییەکان، هەرچەندە لە هەندێک بواردا بەرەوپێشچوونی باش بەدیهات، بەتایبەت لە بواری ئازادی هاتووچۆی هاولاّتیانی شاری سلێمانی لەگەڵ ناوچەکانی ژێردەسەلاّتی پارتی، ئازادی بازرگانی لە نێوان شاری سلێمانیو شارەکانی دیکەی هەرێم، وەرگرتنی خوێندکارانی هەرێم لە زانکۆکانی شارەکان، واتە خوێندکارانی سلێمانی بۆ ساڵی خوێندنی (١٩٩٨-١٩٩٩) دەیانتوانی لە زانکۆی سەلاّحەددین لە هەولێر بخوێنن، بە پێچەوانەشەوە خوێندکارانی هەولێر دەیانتوانی فۆڕمی وەرگرتن لە زانکۆی سلێمانی پڕبکەنەوە، بودجەی هاوبەش بۆ زانکۆکان دانران، لەبواری کارەباش گەشتن بە ڕێکەوتن، کە بەشێک لەو کارەبایەی کە لە بەنداوی دوکانەوە بەرهەمدەهێنرێت بدرێت بە شاری هەولێر، ئەمانەو چەند بوارێکی دیکە ڕێکەوتنی لەسەرکرا، بەلاّم دوای (١٩) کۆبوونەوە نەیانتوانی چارەسەری کێشەکانی نێوانیان لە بنەڕەتەوە بکەنو هەڵبژاردنێکی نوێ ئەنجامبدەن، حکومەتێکی یەکگرتوو دروستبکەنەوەو دوو ئیدارەیی کۆتایی پێبهێنن[4].

---

(١) بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەو دوو کۆبوونەوەیە. بڕوانە// ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (١٥٧٩)، چوار شەممە، ١٩٩٨/٣/١٨، ل١، ٧.؛ هـ. س، ژمارە (١٥٨٠)، پێنج شەممە، ١٩٩٨/٣/١٩، ل١، ١١.

(٢) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە// ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ، ژمارە (١٥٨١)، چوارشەممە، ١٩٩٨/٣/٢٠، ل١، ٧.

(٣) بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەو شاندە هاوبەشەو ئەنجامی کۆبوونەوەکانیان. بڕوانە// س.پ، ژمارە (١٥٨٣)، یەک شەممە، ١٩٩٨/٣/٢٩، ل١، ٤.

(٤) بۆ زانیاری زیاتر لەسەر کۆبوونەوەی شەشەم تا نۆزدەهەمین. بڕوانە// ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (١٥٨٣)، یەک شەممە، ١٩٩٨/٣/٢٨، ل١.؛ (١٥٨٨)، یەک شەممە، ١٩٩٨/٤/٥، ل١.؛ (١٥٩٥)، یەک شەممە ١٩٩٨/٤/١٩، ل١، ١١.؛ (١٦٠٠)، یەک شەممە، ١٩٩٨/٤/٢٦، ل١، ٧.؛ (١٦٠٤)، یەک شەممە، ١٩٩٨/٥/٣، ل١.؛ (١٦١٨)، یەک شەممە ١٩٩٨/٥/٢٢، ل١.؛

بۆیە لەم سەروبەندەدا لە ڕۆژی ١٩٩٨/٧/١٨ شاندێکی حکومەتی ئەمەریکا بە سەرۆکایەتی (دیڤد وێڵش) دەگاتە شاری سلێمانی، مەبەستی یەکەمی سەردانەکەی پرۆسەی ئاشتی و ئاشتبوونەوەی نێوان پارتی و یەکێتی بوو، لە کۆبوونەوەیەکیدا لەگەڵ (جەلال تاڵەبانی)، گرنگی گەڕانەوەی ئاشتی و ئارامی ناوچەکەی بە تاڵەبانی ڕاگەیاند، داواشی لە پارتی و یەکێتی کرد، کە هاوکاری هەوڵەکانی ئەمەریکا بکەن، بۆ ئەو مەبەستەش هەریەکە لە جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی بانگهێشتی ئەمەریکا کرد[1]، شاندەکەی ئەمەریکا (٢٦) کاتژمێر لە شاری سلێمانی مانەوە و چەندین کۆبوونەوەیان لەگەڵ (ی.ن.ک)دا ئەنجامدا، لە کۆی کۆبوونەوەکاندا (ی.ن.ک) جەختی لەسەر چوار خاڵ کردەوە بۆ بەرەپێشچوونی پرۆسەی ئاشتی ئەوانیش:"

١. پێکهێنانی حکومەتێکی هاوپەیمانی یەکگرتووی کاتی کە کاروبارەکان هەتا ئەنجامدانی هەڵبژاردن بەڕێوە دەبات.
٢. دیاریکردنی ماوەیەکی دیاریکراو بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی هەمەلایەن بۆ سەرلەنوێ پێکهێنانەوەی پەرلەمانی کوردستان.
٣. داهاتەکانی کوردستان بگێڕدرێتەوە گەنجینەی ناوەندی تا بە شێوەیەکی ڕەوا بەسەر ناوچەکانی کوردستاندا دابەشبکرێت.
٤. شاری هەولێر بکرێتە شارێکی لە چەك داماڵراو تا ببێتە شارێکی ئارام و ئەمینی ئەوتۆ کە هەموو لایەنە کوردستانییەکان مافی ئەوەیان هەبێ چالاکی سیاسی، ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی تیایدا ئەنجام بدەن[2].

لە دوای ئەو سەردانەی شاندی ئەمەریکا، گفتوگۆکانی نێوان پارتی و یەکێتی هەنگاوی باشتر دەبڕێت و قۆناغێك دێتە پێشەوە، دوای ئەنجامدانی بیستەمین کۆبوونەوەی لیژنەی باڵای هەردوولا لە ١٩٩٨/٧/٣٠[3]، ئەمجارە وەفدێکی پارتی بە نوێنەرایەتی (مەسعود بارزانی) کە پێکهاتبوون لە (هۆشیاری زێباری، ئازاد بەرواری، فەلەکەدین کاکەیی)، سەردانی جەلال تاڵەبانی دەکەن، لە ١٩٩٨/٨/٢٤، ئەمەش هەنگاوێکی گرنگ بوو، لە پرۆسەی ئاشتیدا، لەدوای کۆبوونەوەیان لەگەڵ جەلال تاڵەبانی و مەکتەبی سیاسی یەکێتی لە شاری سلێمانی کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیان بەست، لەو کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەدا هۆشیار زێباری ڕایگەیاند:"لە ڕاستیدا هاتنی ئێمە بۆ سلێمانی و قەلاچۆلان بە دەستپێشخەرییەکی کاك مەسعود بارزانی بوو، پەیامێکی داوە بە ئێمە بیگەیەنینە جەنابی بەڕێز مام جەلال تاڵەبانی، کە سەبارەت بە پرۆسەی ئاشتی و دواین پەرەسەندنەکانی ناوچەکە و جیهانە"[4].

---

(١٦٢٤)، یەك شەممە، ١٩٩٨/٥/٣١، ل.١؛ (١٦٢٨)، یەك شەممە، ١٩٩٨/٦/٧، ل١، ل.١؛ (١٦٣٣)، یەك شەممە، ١٩٩٨/٦/١٤، ل.١؛ (١٦٣٨)، یەك شەممە، ١٩٩٨/٦/٢١، ل.١؛ (١٦٤٢)، یەك شەممە، ١٩٩٨/٦/٢٨، ل.١؛ (١٦٤٨)، یەك شەممە، ١٩٩٨/٧/٥، ل.١؛ (١٦٥٢)، یەك شەممە ١٩٩٨/٧/١٢، ل١.

(١) بۆ زانیاری زیاتر. بڕوانە// ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (١٦٥٦)، یەك شەممە، ١٩٩٨/٧/١٩، ل١.

(٢) ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (١٦٥٧)، دووشەممە، ١٩٩٨/٧/٢٠، ل١.

(٣) بۆ زانیاری زیاتر. بڕوانە// ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ، ژمارە (١٦٦٦)، یەك شەممە، ١٩٩٨/٨/٢، ل١.

(٤) وەرگیراوە لە// ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ، ژمارە (١٦٨٢)، سێ شەممە، ١٩٩٨/٨/٢٥، ل١، ٢.

لەدوای ئەنجامدانی بیستوچوارەمین کۆبوونەوەی لیژنەی باڵای ئاشتی و هەردوولا، ئینجا مەسەلەی گیراوەکانی یەکتری چارەسەرکراو هەموو دیلەکان ئازادکران، کۆبوونەوەی بیست وچوارەمین لە ١٩٩٨/٨/٢٩ دا ئەنجامدرا[١]، بە هاتنی مانگی ئەیلولی ١٩٩٨ هەموو ئامادەکارییەکان بۆ چارەسەرکردنی تەواوی کێشەکانی نێوان پارتی و یەکێتی تەواوکرا، هەردوولا (تاڵەبانی و بارزانی) بانگهێشتەکەی ئەمەریکایان قبوڵکردو سەردانی واشنتۆنیان کرد، لە ١٩٩٨/٩/١٢ تاڵەبانی گەیشتە واشنتۆن[٢].

گەشتەکەی (جەلال تاڵەبانی، مەسعود بارزانی) بۆ ئەمەریکا لەسەر داوای وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا (مادلین ئۆڵبرایت) بوو[٣]. سەبارەت بە یەکەم دانیشتنیان، جەلال تاڵەبانی دەڵێت:" لە بیرمە یەکەم دانیشتن کە مەسعود بارزانی و من پێکەوە بووین، ئەو لە ژورێك دانیشتبوو، لەگەڵ من چوومە ژوورەوە زۆر بە گەرمی چاك و چۆنیمان کردو پێکەوە دانیشتین، ئەوان سەریان سوڕماو چاوەڕێیان نەدەکرد ئێمە بتوانین ئەو جەوە گەرمە دروستبکەینەوە"[٤].

سەرەتا (مادلین ئۆلبرایت) بە جیا لەگەڵ هەریەکە لە (مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی) کۆبوویەوە ئامادەکاری کرد بۆ کۆبوونەوەی نێوان هەردوولا، ئەمەریکا ئەوەی ڕاگەیاند کە مەبەستی سەرەکی لە بانگهێشتی هەردوو سەرکردەکە بۆ ئاشتبوونەوەی گشتی و چارەسەرکردنی کێشەو ئاڵۆزییەکانی نێوانیانە[٥]. دوای چەندین دانیشتن لە نێوان جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی بە چاودێری نوێنەری وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکاو بە ئاگاداری (مادلین ئۆڵبرایت) دواجار هەردوولا گەیشتنە ڕێکەوتن[٦].

لەڕۆژی ١٩٩٨/٩/١٧ لە بارەگای وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا هەریەکە لە جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی لەلایەك، (دەیڤد ویڵش) وەك شاهیدی لایەنی ئەمەریکی ڕێکەوتنی (واشنتۆن)یان واژۆکرد[٧]. پێش پێش ڕاگەیاندنی ڕێکەوتنەکە، هەردوو سەرکردە (تاڵەبانی و بارزانی) دەچنە لای (مادلین ئۆلبرایت) لە نوسینگەی خۆی لە بارەگای وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا، جەلال تاڵەبانی دەڵێت:"مەدام ئۆلبرایت پیرۆزبایی لێکردین و گوتی:" ئەم ڕێکەوتننامەیە شتێکی زۆرباشە، من بەڵێنتان دەدەمێ کە ئەگەر ئێوە ئەو ڕێکەوتنە جێبەجێ بکەن، ئەوا ئێمە پشتیوانی و بەرگریتان لێدەکەین و یارمەتیتان دەدەین، بۆ ئاوەدانکردنەوەی وڵاتەکەتان، من خۆم ئامادەم لەبەرچاوی ئاژانسەکان، ئەم ڕێکەوتننامەیە ئیعلان بکەم و

---

(١) بۆ زانیاری زیاتر. بڕوانە// ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ، ژمارە (١٦٨٦)، یەك شەممە، ١٩٩٨/٨/٣٠، ل١.

(٢)ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ، ژمارە (١٦٩٦)، یەك شەممە، ١٩٩٨/٩/١٢، ل١.

(٣) مادلین ئۆڵبرایت: یەکەمین ئافرەت بوو کە پۆستی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکای وەرگرت، بەکردەوە وەزیرێکی بەتواناو لێهاتوو بوو، لە ساڵی ١٩٣٧ لە چیکۆسلۆفاکیا لە دایکبووە، خێزانەکەی بە سیستەمی سیاسی چیکۆسلۆفاکیا ڕازی نەبوون، بۆیە بەرەو ئەمەریکا هەڵهاتن، لە کۆلێژی (ویلیسکی) ماساشوستیس بڕوانامەی زانستی سیاسی وەرگرتووە، ساڵی ١٩٩٣ کرا بە باڵوێزی ئەمەریکا لە نەتەوەیەکگرتووەکان، بە ئەندازیاری داڕێژەری سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا دادەنرا، لەسەردەمی سەرۆك (بیل کلینتۆن) دا کرا بە وەزیری دەرەوە هەتا کۆتایی سەردەمی (کلینتۆن)، لەو پۆستەدا مایەوە. (بڕوانە//فاتح ڕەسوڵ: س. پ، ل٤٩٥).

(٤) وەرگیراوە لە// سەلاّح ڕەشید: س. پ، ل٤٦٧.

(٥) ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (١٦٩٩)، چوار شەممە، ١٩٩٨/٩/١٦، ل١.

(٦) فاتح ڕەسوڵ: س. پ، ل٤٩٥.

(٧) ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (١٧٠١)، یەك شەممە، ١٩٩٨/٩/٢٠، ل١.

پشـتیوانی ئەمـەریکای بخەمـە پـاڵ، بـەڵام چـەند مـەرجێکم هەیـە، ئێـوەش بـەڵێنم پێبـدەن ئـەو مەرجانـە قبوڵبکەن:

یەکـەم/ئێوە هـەردوولاتان بـەڵێن بـدەن بارودۆخەکـە ئاسـایی بکەنـەوە، شـارەکانی هـەولێرو دهـۆك‌و سلێمانی ببێتەوە بە شاری هەمووان.

دووەم/ ببنەوە بە شەریك لەو دەرامەتەی کە هەیەو بەش بکرێت لە نێوانتاندا.

سێیەم/ ئێوە هەردوولاتان هەڵبژاردن قبوڵ بکەن.

چوارەم/ حکومەتەکە یەکبخەن، ئیدارە یەکبخەن.

ئەگەر ئەم چوار مەرجەتان قبوڵکرد، ئەوا من دێم لەگەڵتان ڕێکەوتننامەکە ئیعلان دەکەم.

پێش مـن مەسـعود بـارزانی وەڵامـی دایـەوەو گـوتی :"هـەموویمان قبوڵـە بـە زیادیشـەوە، منـیش گـوتم: دەنگی خۆم دەخەمە پاڵ دەنگی کاك مەسعودو مەرجەکانتان قبوڵ دەکەین"[1].

بەمشـێوەیە دوای پەسـەندکردنی مەرجـەکانی (مـادلین ئۆڵبرایـت)ی وەزیـری دەرەوەی ئەمـەریکا، لـە ڕێوڕەسمێکی پرۆتۆکۆلیدا، بە ئامادەبوونی (ئۆلبرایت) ڕێکەوتننامەی (واشنتۆن) ڕاگەیەنرا[2].

لەبـەر گرنگـی ئـەو ڕێکەوتننامەیـە پێمـان باشـە بەشـێك لـە ناوەڕۆکەکـەی بخەینـەڕوو، لەڕاسـتیدا ڕێکەوتننامەکـە پرۆژەیـەکی ئەمـەریکا بـوو، ئەگـەر دەقـی ڕێکەوتنەکـە بخوێنینـەوەو سـەرەنجی زمـانی نووسینەکەی بدەین بە ئاشکرا هەست بەو ڕاستیە دەکەین.

لەسەرەتادا سوپاسی (مادلین ئۆڵبرایت)و حکومەتی ئەمەریکا دەکەن، لە پای هەوڵ‌و ماندووبونیان لە بە ئەنجام گەیشتنی ڕێکەوتنەکە هەروەها ئاماژە بۆ هەوڵەکانی تورکیاو بەریتانیا دەکەن‌و سوپاسی خۆیان ئاڕاستەی ئەوانیش دەکەن، هەردوو حزب جەخت لەسـەر یەکێتی‌و یەکگرتوویی خاکی عێراق دەکەنـەوە، ئیدانەی شەڕی ناوخۆش دەکەن.

نـاوەڕۆکی ڕێکەوتنەکـە قۆنـاغ بـە قۆنـاغ چارەسـەری کێشـەکانی دانـاوە، سـەرەتا بـاس لـە قۆنـاغی گواستنەوە دەکات، لەم قۆناغەدا باس لە دروستکردنی لیژنەی باڵای تەنسیق‌و بەهێزکردنی ئەو لیژنەیە بۆ ئاسـایکردنەوەی بـارودۆخی شـارەکانی (هـەولێر، سـلێمانی، دهـۆك)، ئەنجومـەنێکی کـاتی بـە پێـی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢ دروستدەکرێت، پارتی پابەند دەبێت بە ناردنی بودجەی پێویست بۆ ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی یەکێتی، لەگەڵ ئاسانکاری ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەنێوان هـەردوولادا، دەبێت ئـەو لیژنەیـە کاربکـات بـۆ گەڕانـەوەی ئـەو کەسـانەی کـە بەهـۆی شـەڕی نـاوخۆوە شـوێنی خۆیـان جێهێشـتووە، پارتی‌و یەکێتی پابەندکران بە پاراستنی سنورەکانی تورکیاو دەرکردنی (پەکەکە) لەو سنورەدا. هەر لەم قۆناغەدا ئەو لیژنەیەکی کە دروستدەکرێت دەبێت کاربکات بۆ پێکهێنانی حکومـەتێکی هاوبەشـی ڕاگـوزەر (انتقالی)، لەماوەی سێ مانگدا، ئەوەش دەبێت لەلایەن ئەجومـەنی نوێنـەرانی کوردستانەوە بڕیاری لەسـەر بدرێت.

---

(١) وەرگیراوە لە//سەلاح ڕەشید: س. پ، ل٢٦٨.

(٢) ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (١٧٠١)، ل١.

دواتر ڕێكەوتن دێتە سەر كارگێڕی یەكگرتوو، لەم قۆناغەدا سەرەتا دەبێت پەرلەمانی كوردستان پێكبهێنرێتەوەو ئەندامەكانی ئەوانەبن كە لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢ هەڵبژێردراون، یەكەمین دانیشتنی پەرلەمان لە بارەگای پارلەمان دەبێت لە هەولێر، دەكرێت كۆبوونەوەكانی تری پەرلەمان لە شارەكانی سلێمانی یان دهۆك بەڕێوەبچێت، كارەكانی پارلەمان ئەوەدەبێت، بڕیارەكانی حكومەتەكە كاتییەكە پەسەند دەكات، دەبێت لەم ماوەیەدا ئامادەكاری بكرێت بۆ هەڵبژاردنێكی گشتی لە هەرێمەكەدا. بەپێی ئەنجامی ئەو هەڵبژاردنە پەرلەمان و حكومەتێكی نوێ دروستدەكرێت و كارەكانی لیژنەی تەنسیق كۆتایی دێت و لیژنەكە هەڵدەوەشێتەوە.

لەسەر مەسەلەی داهاتیش، دەبێت پارتی بەو پێیەی كە ناوچەكانی ژێردەسەڵاتی پارتی داهاتیان زیاترە، دەبێت هەتا دروستكردنی حكومەتەكە كاتییەكە، داهات ڕەوانەی ناوچەكانی ژێردەسەڵاتی یەكێتی بكات، كاتێ ئەو حكومەتەش دروستبوو، ئیتر كاتی كۆكردنەوەو دابەشكردنی داهات لە ئەستۆی ئەو دەبێت.

دوای ئاسایكردنەوەی بارودۆخی شارەكان، هەڵبژاردنێكی ئازادو دەستپاك دەكرێت بە چاودێری نێودەوڵەتی و جگەلەوەش لە كۆتایی ڕێكەوتنەكە باس لەوە كراوە كە سەرۆكی پارتی و سكرتێری یەكێتی هەموو (٢) مانگ جارێك لە ناوەوە یان لە دەرەوەی كوردستان یان لەو شوێنانەی كە ڕێكدەكەون لەسەری كۆدەبنەوە[1].

(١) بۆ دەقی تەواوی ڕێكەوتننامەی واشنتۆن. بڕوانە// یەكێتی نیشتیمانی كوردستان: دەقی تەواوی ڕێكەوتننامەی واشنتۆن، و: ئازاد صدیق محەمەد، لە بلاْوكراوەكانی مەكتەبی ڕێكخستن بەشی ڕوناكبیری (ب.ش.چ)، (ب.س.چ)، ل١-١٨؛ گەڕاس. ئاڕ. ڤی. ستانسفێڵد: س. پ، ل٤٢٠-٤٢٧.؛ فاتح ڕەسولْ: س. پ، ل٤٩٦-٥٩٣.

## باسی سێیەم: شاری سلێمانی لە دوای ڕێکەوتنی واشنتۆن تا ساڵی ٢٠٠٣

لە ڕاستیدا ڕێکەوتننامەی واشنتۆن، بە سەرەتاو دەستپێکی قۆناغێکی نوێ دادەنرێت، لە پرۆسەی سیاسی هەرێمی کوردستاندا، ئەویش لەبەرئەوەی ئەو ڕێکەوتننامەیە کۆتایی بەشەڕو ناکۆکی نێوان یەکێتی و پارتی هێنا، کە مێژووەکەی بۆ سەرەتای دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان دەگەڕایەوە، هەرچەندە ئەو ڕێکەوتننامەیە کۆتایی بە شەڕی نێوان (ی.ن.ك)و (پ.د.ك) هێنا، بەڵام لە ململانێی یەکتری بەردەوام بوون بەبێ پەنابردن بۆ چەك، جگەلەوەش ئەو ڕێکەوتننامەیە سەنگو قورسایی نێودەوڵەتی بە کورد بەخشی، هەروەك (جەلال تاڵەبانی) دەڵێت:"یەکەمجارە چارەسەری کێشەیی کورد لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکاو لەلایەن وەزیری کاروباری دەرەوەی ئەمەریکاوە ڕادەگەیەنرێت، ڕێکەوتنی وانشنتۆن خۆی لە خۆیدا سەرکەوتنێکی گەورە بوو بۆ کێشەی کورد"[(١)].

ڕێکەوتننامەی واشنتۆن گۆڕانێکی فیکریو دەروونی بەسەر زۆربەی خەڵکی کوردستانو شاری سلێمانیدا هێنا، سەرجەم لایەنە سیاسییەکانی کوردستان، کۆمەڵانی خەڵك پێشوازیان لەو ڕێکەوتننامەیە کرد، پشتیوانی خۆیان بۆ ئاشتیو گەڕانەوەی ئارامی بۆ کوردستان دەربڕی[(٢)]. شادیو خۆشی لەڕووی خەڵکیدا بە ئاسانی هەستی پێدەکرا، کاروکاسبیو ژیانو گوزەرانی خەڵك گۆڕانی بەسەرداهاتو پێشکەوت[(٣)].

پێشتر لە نێوان شارەکانی هەولێرو سلێمانی چەندین بازگە دانرابوون هاتووچۆی خەڵکیو ئاڵوگۆڕی بازرگانی کارێکی قورسبوو، جگەلەوەی ئەگەر بازرگانێك کەلوپەلو کاڵای لەدەرەوەی هەرێم هاوردە بکردایە دەبوو تا دەگاتە شاری سلێمانی چەند جارێك گومرگی بدایە، ئەمە جگە لەو بەرتیلانەی کە بە بازگەکان دەدرا، ئەمەش هەموو بەزیان بەسەر هاوڵاتیانی شاری سلێمانیدا دەشکایەوە[(٤)]. بەڵام ڕێکەوتنی واشنتۆن لە (٢٨)مین کۆبوونەوەی لیژنەی باڵای ئاشتی نێوان پارتیو یەکێتی لە ڕۆژی ١٩٩٨/١٠/٣، بڕیاردرا یەك باجی گومرگی وەربگیرێت کە هاوردەی هەرێمی کوردستان دەکرێت، واتە باجی گومرگی تەنها ئەو کاتە وەردەگیرێت کە شتومەكو کاڵاکان هاوردەی هەرێم دەکرێت، گومرگی نێوان شارەکان هەڵدەگیرێت، جگەلەوەش هەر لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیاردرا کە بازگەکانی نێوان هەولێرو سلێمانی

---

(١) وەرگیراوە لە// سەلاح ڕەشید:س. پ، ل٢٧.

(٢) بۆ زانیاری لەسەر ڕەنگدانەوەی ڕێکەوتننامەی واشنتۆنو کاردانەوەی خەڵكو لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان. بڕوانە// ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (١٧٠٤)، چوارشەممە، ١٩٩٨/٩/٢٣، ل١؛ هـ. س، ژمارە (١٧٠٥)، پێنج شەممە، ١٩٩٨/٩/٢٤، ل١؛ هـ. س، ژمارە (١٧٠٨)، سێ شەممە، ١٩٩٨/٩/٢٩، ل١؛ هـ. س، ژمارە (١٧٠٩)، چوارشەممە، ١٩٩٨/٩/٣٠، ل١.

(٣) فاتح ڕەسوڵ: س. پ، ل٥٢٨.

(٤) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (تاهر حمه فەرەج جەلیل)، سلێمانی، ٢٠١٧/١٠/٢٨. ناوبراو لە ساڵی ١٩٦٣ لەدایکبووە، لە ساڵی ١٩٩٢ دا دەستی بەکاری بازرگانی کردووە، خاوەنی کۆمپانیای شەمێرانە بۆ بازرگانی تایەو باتری ئۆتۆمبێلو ئێستاش نیشتەجێی شاری سلێمانییە.

کەمبکرێتەوە بۆ (٢) بازگە، یەکێکیان لە دەروازەی شاری سلێمانیو ئەوەی تر لە دەروازەی شاری هەولێر، لەگەڵ ئاسانکاری بۆ هاتووچۆی هاوڵاتیانی شاری سلێمانیو شارەکانی تری هەرێمی کوردستان[1].

لە ڕۆژی ١٩٩٨/١١/٣٠ (جەلال تاڵەبانی) لەدوای واژۆکردنی ڕێکەوتننامەی واشنتۆن، گەڕایەوە شاری سلێمانی، ئەوەی جێی ئاماژەیە گەڕانەوەی ناوبراو کرا بە کەرنەڤاڵێکی میللیو لەسەرجەم شارو شارۆچکەو ناحیەو گوندەکانی ژێردەسەڵاتی یەکێتیدا، بەدرێژایی ڕێگای مەزری پەروێزخان هەتا ناو شاری سلێمانی جەماوەرێکی زۆر لەسەرجەم چینوتوێژەکان لەسەر ڕێگا لە پێشوازیدابوون، بە دەیانو سەدان لافیتەو دروشم بەرزکرابوونەوە، لە هەندێك شوێنیش گوڵبارانی ئەو ئۆتۆمبێلە دەکرا کە ناوبراوی تێدابوو، لەناو شاری سلێمانیش دانیشتوانی شار لە زۆربەی چینوتوێژەکان، لە سەر شەقامو کوچەو کۆڵانەکانی شاردا لە پێشوازیدابوون، تەنانەت سەربانی خانوو باڵەخانەکانیش پڕ لە خەڵك بوون، لە هەندێك لە شەقامەکانی شاریشدا شاییو هەڵپەڕکێو خۆشی دەربڕین دەبینرا، تەنانەت لە دوای بەڕێکردنیشی بۆ بارەگای خۆی لە قەڵاچوالان جەماوەری شاری سلێمانی لە خۆشی دەربڕین بەردەوامبوون[2]. هۆکاری ئەو پێشوازییە گەورەیە، جگەلە کاریزمایی ئەو سەرکردەیەو خەباتو ماندووبوونی لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورددا، هۆکارێکی تری واژۆکردنی ڕێکەوتنی واشنتۆن بوو کە کۆتایی بە شەڕی ناوخۆی نێوان پارتیو یەکێتی هێنا، ئەوەش وەك مژدەیەکی خۆش بوو بۆ گەلی کورد بە گشتیو جەماوەری شاری سلێمانی بەتایبەتی، جارێکیتر ئومێدی گەڕاندەوە بۆ هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستانو ئاشتیو ئارامی خستەنێو هەرێمی کوردستانو کاروبارەکانی هاوڵاتیانو پڕۆژە خزمەتگوزارییەکانی حکومەت برەویان پێدراو جۆرێك لە خۆشگوزەرانی گەڕاندەوە بۆ خەڵك. هەروەك (جەلال تاڵەبانی)ش ئاماژە بەوە دەکات:"تێدەگەم ئەم هەموو پێشوازییە گەرمو لوتفە زۆرە بۆ ئەو ڕێکەوتنو دەستکەوتانە بوون کە بەدیهاتوون"[3].

دوای ئەوەی ڕێکەوتننامەی واشنتۆن ئاشتی لە نێوان پارتیو یەکێتیدا بەرقەرار کرد، بواری ئەوە ڕەخسا چاوێك بە پڕۆژە خزمەتگوزارییەکانی شاری سلێمانیدا بخشێنرێتەوە، هەرچەندە لە دوای تەواوبوونی گەڕیی نوێی شەڕی ناوخۆ لە تشرینی ١٩٩٧ ەوە، دەستکرا بە هەندێك پڕۆژەی خزمەتگوزاری لەناو شاری سلێمانیدا، لە هەموویان گەورەتر، پڕۆژەی چاککردنو قیرتاوکردنو کۆنکرێتکردنی شەقامو کۆڵانەکانی شاری سلێمانی بوو، کە بەپێی بڕیاری سەرۆکی حکومەت-کابینەی سلێمانی (کۆسرەت ڕەسوڵ) بڕی (٣٤) ملیۆن دیناری بۆ تەرخانکرابوو، ئەم پڕۆژەیە وەك پارێزگاری سلێمانی ئەوکاتە (حاکم قادر حەمەجان) دەڵێت:"بە گەورەترین پڕۆژە دادەنرێت لە مێژووی شاری سلێمانیدا"[4]. جێی ئاماژەیە ئەم پڕۆژەیە زۆربەی گەڕەکەکانی شاری سلێمانی گرتبۆوە، بەڵام لەدوای ڕێکەتنی واشنتۆن پڕۆژەکان زۆرترو فراوانتر کران، بۆ نمونە ئەگەر سەیری ئەو پڕۆژە خزمەتگوزاریانە بکەین کە تەنها لە ساڵی ١٩٩٨

(١) بۆ زانیاری زیاتر. بڕوانە// ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (١٧١١)، یەك شەممە، ١٩٩٨/١٠/٢، ل١.

(٢) ساڵنامەی ١٩٩٨ی سلێمانی، س. پ، ل١٠؛ ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (١٧١٣)، دوو شەممە، ١٩٩٨/١٢/١، ل١، ٢.

(٣) ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (١٧٥٤)، چوارشەممە، ١٩٩٨/١٢/٢، ل١.

(٤) وەرگیراوە لە// ڕۆژنامەی هەرێمی کوردستان، ژمارە (٨٥)، چوارشەممە، ١٩٩٨/٦/٣، ل٥.

دا لە شارەوانی سلێمانی ئەنجامدراون بە تەنها لەناو شاری سلێمانیدا (٤١) پڕۆژەی خزمەتگوزاری ئەنجامدراوە[١].

جگەلە بەرقەرابوونی ئاشتی، بڕیاری (٩٨٦)ی نەتەوەیەکگرتووەکان کە تایبەت بوو بە بەرنامەی فرۆشتنی نەوت بەرامبەر بە خۆراك، بەشی هەرێمی کوردستانیش دیاریکرابوو، کاریگەریی خۆی هەبووە لەسەر ئاوەدانکردنەوەی کوردستانو شاری سلێمانی. بۆ نمونە هەر لە چوارچێوەی جێبەجێکردنی بڕیاری (٩٨٦) دا دوای ئەوەی شارەوانی سلێمانی زەوی بۆ تەرخانکردووە، بڕیاری دروستکردنی (٧٢) شوقەی نیشتەجێبوون دراوە، لە گەڕەکی کارێزەوشکی شاری سلێمانی، کە بڕی (٨٣٤,٤٧٠) هەزار دۆلاری بۆ تەرخانکراوە، جگەلەوەش (٢) قوتابخانەی (١٢) پۆلی لە گەڕەکەکانی (زەرگەتە، قلیاسان) بە بڕی (١٨٠,٩٧٩) دۆلار بووە، لە گەڕەکەکانی (شەکرەکە، ڕزگاری تازە)ش بەهەمانشێوە (٢) قوتابخانەی دیکە بە بڕی (١٧١,٧٣٦) دۆلار بنیاتنراوە[٢].

هەر لە ساڵی ١٩٩٨ دا بە دیاریکراوی لە ڕۆژی ١٩٩٨/١٢/١٧ دا کەنیسەیەك بە ناوی (مەریەمی عەزرا) لە شاری سلێمانی بۆ مەسیحییەکانی ئەو شارە دروستکرا، لە ڕۆژی کردنەوەی ئەو کەنیسەیەدا(جەلال تاڵەبانی) وتارێکی پێشکەش کرد، لەو وتارەدا داندەنێت بەوەی کە بەهۆی هەلومەرجی نالەباری کوردستانو شەڕی ناوخۆوە بەشێکی زۆر لە مەسیحییەکانی شاری سلێمانی، بەرەو هەندەران کۆچیان کردووە[٣].

ئەگەر سەیری لایەنی ڕۆشنبیری شاری سلێمانی بکەین، دەبینین لە دوای ڕێکەوتنی واشنتۆنو گەڕانەوەی ئاشتیو ئارامی شارەکە پێشکەوتنی بەرچاوی لەمبوارەدا بەخۆوە بینیووە، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەو دەرخستنی ئەو ڕاستیە ئاماژە بە چەند داتایەك دەکەین: لە ساڵی ١٩٩٨ دا ئەو ڕۆژنامانەی کە مۆڵەتی فەرمیان هەبووەو لە شاری سلێمانی دەرچوون ژمارەیان (٢٦) ڕۆژنامە بووە، گۆڤارەکان ژمارەیان (٤٧) گۆڤار بووە، بنکەو مەڵبەندە ڕۆشنبیریو ئەدەبییەکان (١٠) بنکە بوون، ئەمە جگەلە (١٣) ڕادیۆو (٦) کەناڵی تەلەفزیۆنی، (٢٣) تیپی مۆسیقاو (١٨) تیپی نواندن، (١٠) یانەی وەرزشی[٤]. هەموو ئەمانەش ڕاستەخۆ بە ئاستی ڕۆشنبیریو هۆشیاری تاکو جەماوەرەوە، شاری سلێمانیش هەمیشە بە مەڵەندی ڕۆشنبیری ناسراوە، بۆیە لەمبوارەدا لە ئاستێکی باشدابووە، بەبەراورد بە شارەکانی دیکەی هەرێم.

یەکێکی دیکە لەو پڕۆژە دیارانەی کە لە شاری سلێمانیدا بە ئەنجام گەیەنراوە، پڕۆژەی (پارکی ئازادی)یە، کە لە سەردەمی دەسەڵاتی حکومەتی عێراق ئەو شوێنە کە دەکەوێتە چەقی شارەوە شوێنی ئازارو ئەشکەنجەدانی شارەکە بووە، هەرچەندە بڕیاری دروستکردنی پارکی ئازادی دەگەڕێتەوە بۆ (١٩٩٣/٨/١٥) کاتێك بڕیاری گۆڕانکاری لە نەخشەی بنەڕەتی شاری سلێمانی درا، ئەم پڕۆژە لەبەر نالەباری بارودۆخی شاری سلێمانیو شەڕەکانی ناوخۆو کەم توانایی دراییەوە، ساڵ بەساڵو وردەوردە

---

(١) بۆ زانیاری زیارت لەسەر ئەو پڕۆژانە. بڕوانە// ساڵنامەی ١٩٩٨ی سلێمانی، س. پ، ل٢٠٥-٢٠٦.

(٢) ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (١٧٦٥)، پێنج شەممە، ١٩٩٨/١٢/١٧، ل٤.

(٣) ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (١٧٦٦)، یەك شەممە، ١٩٩٨/١٢/٢٠، ل١.

(٤) بۆ زانیاری زیاتر. بڕوانە// ساڵنامەی ١٩٩٨ی سلێمانی، س. پ، ل٩٨-١٠٢.

هەوڵی تەواوکردنی دراوە، لەساڵی ١٩٩٨ دا، چەندین پڕۆژە لەناو پارکی ئازادیدا ئەنجامدراوە، ئەوانیش (تەواوکردنی شورای پارکەکە، تەواکردنی شەقامی تەنیشت پارکەکە بۆ گەڕەکی کارێزەوشك، دەروازەی پارکی ئازادی، پڕۆژەی کردنەوەی دەریاچەیەکی بچوك لەناو پارکەکەدا، لەگەڵ گازینۆیەك، چاندنی نزیکەی "١٥,٠٠٠" نەمام لەناو پارکەکەدا، هۆڵی یاریەکان)، هەموو ئەمانە لە ساڵی ١٩٩٨ دا ئەنجامدراون. کارکردن لە پڕۆژەکەدا لە ساڵانی دواتریش بەردەوامبووەو پڕۆژەی نوێی بۆ زیادکراوە[١].

لە کایە سیاسییەکەشدا لە دوای واژۆکردنی ڕێکەوتننامەی واشنتۆن، پێشکەوتنی بەرچاو بەدیهات، دانوستاندنەکانی نێوان یەکێتی و پارتی چوونە قۆناغی دانیشتن و کۆبوونەوەی ڕاستەوخۆیی نێوان هەردوو سەرکردە (بارزانی و تاڵەبانی)، لەو چوارچێوەیەشدا ڕۆژی ١٩٩٩/١/٨، (جەلال تاڵەبانی) سەردانی (مەسعود بارزانی) کرد، ئەوەش پڕۆسەی ئاشتی و جێبەجێکردنی ڕێکەوتننامەی واشنتۆنی خێراترکرد، لەو سەردانەدا هەریەکە لە (کەمال فۆئاد، عومەری سەید عەلی، دارۆی شێخ نوری، محەمەد تۆفیق ڕەحیم، مەلا بەختیار) یاوەری تاڵەبانی بوون، دوای کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی هەردوولا، گفتوگۆیان لەسەر چۆنیەتی جێبەجێکردنی ڕێکەوتننامەی واشنتۆن کرد، میکانیزمێکیان بۆ جێبەجێکردنی ڕێکەوتنەکە دارشت[٢]. لەدوای کۆبوونەوەکەش (جەلال تاڵەبانی) لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی ڕایگەیاند: "ئەو کۆبوونەوەیە لە دوای کۆبوونەوەی واشنتۆن، گەورەترین و سەرکەوتووترین بە کەڵکترین کۆبوونەوەیە"[٣].

یەکێك لەو ڕووداوانەی کە کاریگەری لەسەر دانیشتوانی شاری سلێمانی هەبووە، دەستگیرکردن و فڕاندنی (عەبدوڵڵا ئۆجەلان-سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان PKK) بوو، ئۆجەلان دوای ئەوەی لە ڕۆژی ١٦ ی شوباتی ساڵی ١٩٩٩ لە وڵاتی کینیا دەستبەسەرکراو گواسترایەوە بۆ تورکیا بۆ دادگایکردن، هەر دوای بڵاوبوونەوەی ئەو هەواڵە، ڕۆژی ٢١ شوباتی ١٩٩٩ جەماوەری شاری سلێمانی خۆپیشاندانێکی فراوانیان وەك ناڕەزایەتیەك لە هەمبەر دەستگیرکردنی ئۆجەلان ڕێکخستن، خۆپیشاندانەکە لە بەردەم بینای (حەسیب ساڵح-ئوتێل سلێمانی پالاسی ئێستا) بۆ بەردەم بارەگای (UN) لە شاری سلێمانی دەستیپێکرد، لەو خۆپیشاندانەدا جەماوەری شار چەندین دروشمیان بەرزکردبۆوە لە دژی دەستگیرکردنی ئۆجەلان هوتافیان دەوتەوە، لە کاتی گەیشتنیان بۆ بەردەم بارەگای (UN) جەماوەری شاری سلێمانی یاداشتێکیان دا بە نوێنەری (UN) بۆ کاروباری مرۆیی، ئەویش بەڵێنی بەرزکردنەوەی یاداشتەکەی بۆ سەرۆکی (UN) دا، جێی ئاماژەیە چەند کەناڵێکی جیهانی خۆپیشاندانەکەیان ڕووماڵکرد، (CNN)و (ART) و (سەحەر)[٤]. جگەلەوەش چەند جارێکی دیکە خۆپیشاندان لە شاری سلێمانی بۆ هەمان مەبەست ئەنجامدراوە، بۆ نمونە لە ١٩٩٩/٦/١ جارێکیتر جەماوەرێکی زۆری شاری سلێمانی

---

(١) بۆ زانیاری زیاتر لەسەر پڕۆژەی پارکی ئازادی. بڕوانە// ڕەنج قەرەداغی: لە مەرگەستانی حامیەوەو بۆ سەیرانگای پارکی ئازادی، چ١، چاپخانەو ئۆفیسی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل٧٩-٩٠.

(٢) بۆ زانیاری زیاتر. بڕوانە// ڕۆژنامەی کوردستانی کوردستان، ژمارە (١٧٨٠)، یەك شەممە، ١٩٩٩/١/١٠، ل١.

(٣) هـ. س، ل٢.

(٤) هـ.س، ژمارە (١٨٠٧)، دوو شەممە، ١٩٩٩/٢/٢٢، ل١، ٧.؛ هـ. س، ژمارە (١٨٧٢)، سێ شەممە، ١٩٩٩/٦/١، ل١.

خۆپیشاندانیان بۆ پشتگری لە ئۆجەلان ڕێکخستووە، تەنانەت یەکێك لە خۆپیشاندەران بەناوی(سیروان) خۆی سوتاند[1].

لێرەدا جێی خۆیەتی تیشك بخرێتەسەر گرنکترین ئەو پرۆژە خزمەتگوزارییانەی کە حکومەتی هەرێم-کابینەی سلێمانی لەو ماوەیەدا ئەنجامیداوە، ئەگەر سەرەتا وەزارەتی خوێندنی بالاّ وەربگرین هەتا ساڵی ١٩٩٩، ئەم کۆلێژانەی لە زانکۆی سلێمانی کراونەتەوە (پزیشکی ددان، ڤێتەرنەری، ئەندازیاری، کشتوکاڵی، زانستەمرۆڤایەتیەکان، هونەر، یاسای بەیانیان و ئێواران، بازرگانی)، ئەمە جگەلەو بەش و کۆلێژانەی کە پێشتر هەبوون، نزیکەی (٣٥٠٠) خوێندکار لە کۆلیژو بەشانە خوێندویانە، لەگەڵ (٥٣) خوێندکاری خوێندنی بالاّ/ ماستەر، (١٠) خوێندکاری دکتۆرا، ئەمە جگەلە کۆلێژو پەیمانگاکانی دەرەوەی شاری سلێمانی، جگەلە پەیمانگای سلێمانی کە (١١) بەشی هەبوو، (٥) بەشیان تەنها لە ساڵی (١٩٩٨-١٩٩٩) دا کراونەتەوە (١٤٢٣) خوێندکاریان هەبوو.

ئەگەر سەیری پرۆژەکانی شارەوانی بکەین لە شاری سلێمانیدا، چاککردنەوەی (١٧١) ئۆتۆمبێل بۆ کاری خزمەتگوزاری، کرین و دابەشکردنی (١٩) تراکتۆری نوێ، پاککردنەوەی شار، ناشتنی (٢٥) هەزار نەمام، کۆنکرێتکردنی شەقام و کۆڵانەکان کە تا ناوەڕاستی ساڵی ١٩٩٩ (٤٢,٠٢٠٠)م جێبەجێکراوە، بڕی تێچووەکەی (٣٣) ملیۆن دینار بووە، جگەلە قیرتاوکردنی (١٦٥,٠٠٠)م٢ شەقامەکان کە تێچووەکەی (١,٧٧٣,٨٨٥) دینار بووە.

لە بواری پیشەسازیدا بە گەڕخستنەوەی کارگەی چیمەنتۆی سەرچنارو تاسلوجە کە تا ناوەڕاستی ساڵی ١٩٩٩ (٩٦,٠٠٠) تەن بەرهەمیان هەبووە، کارگەی جگەرەی سلێمانیش بەرهەمەکەی لە ساڵێکدا (٧٣,٤٦٠٠) گلۆز جگەرە بووە، کارگەی جلوبەرگی ئامادەکراوی سلێمانی هەتا هەمان ماوە (٣٧,٧٦٦) پارچە جلوبەرگی بەرهەمهێناوە بە بەهای (٨٣١٤٧٠٦) دیناری لێفرۆشراوە، کارگەی مافوری سلێمانیش (١٦١٨٨٠) پارچەی بەرهەمهێناوە، هەتا بەهاری ١٩٩٩ (٥٩٣٨) پارچەی فرۆشراوە.

لە بواری پەروەردەشدا بەگشتی لە سنوری دەسەڵاتی حکومەتی هەرێم- کابینەی سلێمانی لەساڵی (١٩٩٦-١٩٩٧) دا (١١٨١) خوێندنگا هەبووە، لەساڵی (١٩٩٨-١٩٩٩) بۆ نمونە (١٤٤٢) واتە ڕێژەی گەشەکردن (١٤٪) بووە، ژمارەی مامۆستایان لە هەمان ماوەدا لە (١٤٣١٤)ەوە زیادیکردووە بۆ (١٩٤٨٠) ژمارەی خوێندکارانیش لە (٢٩١٦٢٢) ەوە بۆ (٣٤١٦١٨) زیادیکردووە، دەرماڵەی مامۆستایانیش لە (٧٠) دینارەوە بۆ (١٥٠) دینار زیادکراوە[2].

بە هاتنی ساڵی ٢٠٠٠ بە دیاریکراوی لە شەوی (١٩٩٩/١٢/٣١) کاتژمێر (١١,١٠) خولەکی شەو، بۆ یەکەمینجار لە مێژووی شاری سلێمانیدا (کەناڵی ئاسمانی کوردسات) دەستی بە پەخشی ئەزموونی

(١) هاوڕێ باخەوان: س. پ، ل٨٥٤.

(٢) بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەو خزمەتگوزاریانەی کە حکومەتی سلێمانی لەسەر ئاستی هەموو وەزارەتەکان پێشکەشیکردووە لە سنوری دەسەڵاتی خویدا. بڕوانە// ماکۆك شێخ محەمەدو زایەری عەبدوڵڵا: خەرمانی دەستکەوتەکان لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسی سەرۆکی حکومەتدا، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (١٨٢١)، یەك شەممە، ١٩٩٩/٣/١٤، ل٧، ٨.؛ زایەر عەبدوڵڵا: پوختەی کۆنگرەی ڕۆژنامەنووسی وەزیرانی شارەوانی ئەشغال و ئاوەدانکردنەوە، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ، ژمارە (١٨٢٢)، دووشەممە، ١٩٩٩/٣/١٥، ل٧.

کرد[1]، جێی ئاماژەیە لەو شەوەدا ئاهەنگێك بە بۆنەی هاتنی ساڵی ٢٠٠٠ەوە لە شاری سلێمانی ڕێکخراوە، خوێندکارانی ئامادەیی (شیرینی کچان) لەبەردەم باخی گشتیدا درەختی پێشوازی ساڵی (٢٠٠٠) یان ڕازاندۆتەوە، کە شەوانە تا درەنگانێکی شەو بووبووە جێگای کۆبوونەوەی دانیشتوانی شاری سلێمانی، لە شەوی سەری ساڵی ٢٠٠٠ دا ئاهەنگی گۆرانی و مۆسیقا لەژێر ئەو درەختەدا سازکراوە، شەقامی سالمیش لەو شەوەدا بووە بە جێگای کۆبوونەوەی هاولاتیان و خۆشی دەربڕین بە بۆنەی ساڵی نوێوە، کەناڵی ئاسمانی کوردسات بۆ یەکەمینجار دیمەنی شەوی سەری ساڵی (٢٠٠٠) ی بۆ دانیشتوانی شاری سلێمانی و جیهان گواستەوە[2]. جێی ئاماژەیە شەقامی سالم هەموو شەوانی سەری ساڵی تازەیەك جێگای ئاهەنگ و پێشوازی ساڵی تازەبووە، هەندێکجاریش لە شارو شارۆچکەو قەزاو ناحییەکانی دیکەوە هاولاتیان ڕوو لە شاری سلێمانی و بەتایبەتی شەقامی سالم دەکەن لە شەوی سەری ساڵدا.

هەر لە سەرەتای ساڵی (٢٠٠٠)ەوە هەندێك گۆڕانکاری لە پێکهاتەی حکومەتی هەرێمی کوردستان- کابینەی سلێمانیدا کراوە، گرنگترینیان دەستلەکارکێشانەوەو دەستبەکاربوونی هەندێك وەزیر بووە، لەوانە دەستلەکارکێشانەوەی (عومەر عەبدوڵڵا محەمەد لە پۆستی جێگری سەرۆك وەزیران و دامەزراندنی (کەمال محەمەد عەبدولعەزیز موفتی) لەو پۆستەدا، کە پێشتر وەزیری کاروباری پێشمەرگە بوو، گۆڕینی (عەدنان ڕەشاد موفتی) لە وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزارەوە بۆ وەزیری دارایی و ئابووری، دامەزراندنی (جەلال جەوهەر عەزیز) لە پۆستی شارەوانی و گەشتوگوزار، هەروەها (شێردڵ عەبدوڵڵا حەوێزی) شوێنی کەمال محەمەد عەبدولعەزیز موفتی گرتەوە لە پۆستی وەزیری کاروباری پێشمەرگە)[3]. ئەمە جگەلە هەوڵوەشاندنەوەی وەزارەتی تەندروستی و کاروباری کۆمەلایەتی، کردنەوەی دوو وەزارەت بەناوی (وەزارەتی تەندروسی)و (وەزارەتی کاروباری کۆمەلایەتی) هەریەکە لە (یادگار ڕئوف حشمەت) بۆ وەزیری تەندروستی و (نەرمین عوسمان حەسەن) بۆ وەزیری کاروباری کۆمەلایەتی دانران[4].

یەکێك لە ڕووداوە گرنگەکانی ساڵی ٢٠٠٠ بۆ شاری سلێمانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی شارەوانییەکان بوو، لە سنوری دەسەلاتی (ی.ن.ك) دا، ئەمەش یەکەمینجار بوو لە مێژووی شاری سلێمانیدا کە سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنی شارەوانییەکان ڕاستەوخۆ بە هەڵبژاردن و دەنگی دانیشتوانی شار هەڵبژێردرێن. لەم هەڵبژاردنەدا (١١) پارت و ڕێکخراوی سیاسی بەشدارییان کرد(٥)، سەرجەم پارت و ڕێکخراوەکان بە ماوەیەك پێش هەڵبژاردنەکە بەرنامەی خۆیان بۆ دانیشتوانی شاری سلێمانی خستەڕوو لە ماوەی بانگەشەی هەڵبژاردندا سەرجەم پارت و ڕێکخراوەکان لە ڕێگەی کەناڵ و ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی خۆیانەوە بانگەشەیان بۆ پرۆژەو بەرنامەکانیان دەکرد، لەناو شاری سلێمانی لەو ماوەیەدا بە دەیان و سەدان

(١) ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٢٠٤١)، سێ شەممە، ٢٠٠٠/١/٤، ل٢.

(٢) هـ. س، ل١.

(٣) بۆ دەقی ئەو بڕیارانەی کە ئەم گۆڕانکاریانەی پێ ئەنجامدراوە، بڕوانە// پارێزگای سلێمانی: ساڵنامەی سلێمانی ٢٠٠٠، چ١، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠١، ل٦-١٤.

(٤) هـ. س، ل١٥-١٧.؛ ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٢٠٦٢)، سێ شەممە، ٢٠٠٠/٢/١، ل١.

(٥) بۆ ناوی ئەو پارت و ڕێکخراوانەی کە بەشداری هەڵبژاردنەکەیان کردبوو. بڕوانە// پارێزگای سلێمانی: ساڵنامەی سلێمانی ٢٠٠٠، س. پ، ل٨٧.

کۆبوونـەوەو مەراسـیم بـۆ کۆکردنـەوەی زۆرتـرین دەنگـی دانیشـتوانی شـارەکە ئەنجامـدراوە، بانگەشـەی هەڵبژاردن هەتا (٢٤) کاتژمێر بەر لە هەڵبژاردنەکە بەردەوامبووە، واتە بانگەشەی هەڵبـژاردن هـەتا کاتـژمێر (٨)ی سەرلەبەیانی ڕۆژی (٢/٢/٢٠٠٠) بەردەوام بووە، تا ئەو کاتەی بە بڕیاری ژمارە (٤٦)ی لیژنەی باڵای هەڵبـژاردن بانگەشـەی لەسـەرجەم پـارت و ڕێکخراوەکـان قەدەغـەکردووە[1]. بڕیـاردرا بـوو هەڵبژاردنەکـە لـە (٣/٢/٢٠٠٠) ئەنجام بدرێت.

وەك پێشـتر باسـکرا هەڵبژاردنەکـە لـە تـەواوی سـنوری دەسـەڵاتی (ی.ن.ك) دا بەڕێوەچـووە، کـە سەرجەمیان (٥٨) شارەوانی بوون، سنوری ئەو شارەوانیانەش بە گوێرەی سنوری کارگێڕیو جوگرافی کرابوون بە (٨) مەڵبەندی هەڵبژاردنو (١١٨) بازنەو (٢٨) ناوەندی دەنگدان بە گشت قەزاو ناحییەکانی سنوری ژێر دەسەڵاتی (ی.ن.ك) (٢٣٣) کەس بۆ سەرۆکی شارەوانییەکان داوایان پێشکەشکردبوو، دوای سەیرکردنیان بە پێی مەرجە یاساییەکان (١٥٩)پیاو و (٢) ژن داواکەیان پەسەندکرا، (١٣) پیاو و (١) ژن ڕەتکرایـەوە، دواتـریش (٥٨) پیـاوی دیکـە لـە هەڵبژاردنەکـەدا کشـانەوە، بـۆ ئەنـدامێتی ئەنجومـەنی شـارەوانییەکانیش (١٣٦٢) کـەس ناویـان پێشکەشـکردبوو، لەوانـەش (٩٣٢) پیـاو و (٣١) ژن، داواکـەیان پەسـەندکراو، (٨٧) پیـاو و (٤) ژن ڕەتکرانـەوە، پاشـان (٣٠٥) پیـاو (٣) ژن لـە هەڵبژاردنەکـە کشـانەوە، هەڵبژاردنەکـە لـە ڕۆژی (٣/٢/٢٠٠٠) بـە چـاودێری لیژنـەی بـاڵای هەڵبـژاردنو نوێنـەری هـەموو لایەنـە سیاسییەکان لەسەر سندوقەکانی دەنگدان بەڕێوەچوو، جگەلە لیژنەیەکی تری بێلایەن کە پێکهاتبوون لە (٢٠) مامۆستای زانکۆو (٢) ئەندامی دادگای تەمیزو چەند شارەزاییەکی دیکە چاودێری هەڵبژاردنەکەیان کرد، بەگشتی ڕێژەی بەشداری دەنگدەران (٨٥٪) بوو[2].

ئەوەی تایبەت بێ بە شاری سلێمانی، بە پێی ئەنجامی هەڵبژاردنـەکان، (حاکم قادر حمـەجان عـەزیز) پـاڵێوراوی (ی.ن.ك) بـە سـەرۆکی شـارەوانی سـلێمانی هەڵبـژێردرا، ڕێـژەی (٦٩,٣٪)ی دەنگـەکانی بەدەسـتهێنا، پاڵێوراوەکـانی دیکـەی (ی.ن.ك) بـۆ ئەنـدامێتی ئەنجومـەنی شـارەوانی سـلێمانی سـەرجەم کورسـییەکانی ئەنجومەنەکـەیان بەدەسـهێنا کـە (٢٠) کورسـی بـوو. لـە (٥٧) ئەنجومەنەکـەی تـری سـنوری ژێردەسـەڵاتی (ی.ن.ك)، یـەکێتی پۆسـتی سـەرۆکایەتی (٥٢) ئەنجومـەنی بەدەسـتهێنا. ئـەو لایەنانـەی کە ڕکابەری یەکێتی بوون لە هەڵبژرادنی ئەنجومەنی شارەوانییەکاندا، لە ناو شاری سلێمانیدا خاوەنی بنکەی جەماوەری و هێزێکی ئەو تۆ نەبوون، کە بتوانن ڕکابەری یەکێتی پێ بکەن، بۆیە جگەلەوەی لە ناوی شاری سلێمانیدا نەیانتوانی هیچ کورسییەکی ئەنجومەنی شارەوانی بە دەست بهێنن، لە ناو سەرجەم لایەنەکانی بەشدار لـە پرۆسـەکە، تـەنها بزوتنـەوەی یـەکبونی ئیسـلامی توانی پۆسـتی سـەرۆکایەتی(٣) شـارەوانی بـە دەست بهێنێت، یەکگرتوی ئیسلامیش پۆستی سەرۆکایەتی(٢) شارەوانی بە دەست هێنا، واتـە لـە و (١٠)

---

(١) بۆ دەقی بڕیاری ژمارە (٤٦)ی لیژنەی باڵای هەڵبژاردن. بڕوانە، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٢٠٦٢)، س. پ، ل١.

(٢) دوا ڕاگەیانـدنی لیژنـەی بـاڵای سەرپەرشـتیکردنی هەڵبـژاردنی شـارەوانییەکان، ڕۆژنامـەی هـەرێمی کوردسـتان، ژمـارە (١٧٩) دووشەممە، ٧/٢/٢٠٠٠، ل١.

لایەنەی کە ڕکابەری یەکێتی بوون، تەنها یەگکرتووی ئیسلامی و یەکبونی ئیسلامی توانیان پۆستی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی شارەوانی بەدەستبهێنن[1].

هەرچەندە هەڵبژاردنەکە بۆخۆی پرۆسەیەکی دیموکراسی بوو، دەنگدان و هەڵبژاردن پێشکەوتووترین سیستەمە بۆ گەڕانەوەی مافی هاولاتی بوون و بەشداریکردن لە پرۆسەی سیاسی و بەڕێوەبردنی ولاتدا، بەلام لە چۆنیەتی بەڕێوەچوونی پرۆسەی هەڵبژاردنەکە بەگشتی هەندێك تێبینی و پێشێلکاری بەدیکراوە لەوانە:

١. ئەنجامنەدانی سەرژمێری ڕێکوپێك، بۆ سڕینەوەی ناوی مردوو و شەهیدو ئەنفالکراوان لە لیستی دەنگدەراندا، ئەمەش کاری لە پاکی هەڵبژاردنەکە کردووە.

٢. هەرچەندە نوێنەری هەموو پارت و ڕێکخراوەکان لەسەر سندوقەکانی دەنگدان هەبوون، بەلام بەشی زۆری ئەو فەرمانبەرانەی کە پرۆسەکەیان بە ڕێوەبردووە سەر بە (ی.ن.ك)بوون.

٣. لە هەندێك بنکەی دەنگدان لەناو شاری سلێمانی ژمارەی دەنگەکان زیاتر بوون لەوانەی مافی دەنگدانیان هەبوو، بۆ نمونە لە قوتابخانەکانی (پێشەوا، ئامادەیی ڕاژان)، ئەمەش ئەنجامدانی ساختەکاری دەردەخات لە پرۆسەکەدا.

٤. لە هەندێك بنکەی دەنگدان بە بیانووی نەخۆشییەوە هەندێك کەس لە بری هەندێکی تر دەنگیانداوە[2].

بەگشتی دەتوانرێت بگوترێت پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی شارەوانییەکان هەنگاوێکی گەورە بوو بۆ بەشدارپێکردنی خەڵك لە هەڵبژاردنی سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنی شارەوانییەکان، چونکە پێشتر سەرۆك و ئەندامەکانی ئەنجومەنی شارەوانییەکان لەلایەن حکومەتەوە دادەنران خەڵك هیچ ڕۆڵێکی لە دانان و لابردنیان دا نەبوو.

لەدوای تەواوبوونی پرۆسەی هەڵبژاردن، بە بڕیارێکی سەرۆکایەتی هەرێم_ سلێمانی بە ژمارە (٣٥) لە ڕۆژی ٨/٢/٢٠٠٠، پاڵپشت بە ئەحکامی برگە (٤) لە مادده (١٠)ی یاسای ژمارە (٢) ی ساڵی ١٩٩٢، (جەلال تاڵەبانی) بڕیاریدا بە پێدانی سەرجەم دەسەلاتەکانی پارێزگاری سلێمانی، بە سەرۆکی هەڵبژێردراوی شارەوانی سلێمانی، جگەلە دەسەلاتەکانی خۆی[3]. لەدوای دەستبەکاربوونی (حاکم قادر حمەجان) وەك سەرۆکی شارەوانی لە یەکەمین چاوپێکەوتنیدا ڕایگەیاند: "ئەو متمانەیەی لە هەڵبژاردندا بەدەستمهێناوە بە خزمەتکردن پاداشتی دەدەمەوە"[4].

هەندێك لەو پرۆژە خزمەتگوزارییانەی کە سەرۆکایەتی شارەوانی هەڵبژێردراو لە ساڵی ٢٠٠٠ دا لەناو شاری سلێمانیدا ئەنجامیداوە، لەوانە قیرتاوکردنی گەڕەکەکانی ناوشاری سلێمانی بە درێژی

---

(١) پارێزگای سلێمانی: ساڵنامەی سلێمانی ٢٠٠٠، س. پ، ل٨٧.؛ بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ناوی سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنی شارەوانییەکان لەسەرجەم ناوچەکان و ژمارەی دەنگەکانیان. بڕوانە// هـ. س، ل٨٨-١٠٠.

(٢) فاتح ڕەسوڵ: س. پ، ل٥٦١-٥٦٢.

(٣) بۆ دەقی بڕیارەکە. بڕوانە//پارێزگای سلێمانی: ساڵنامەی سلێمانی ٢٠٠٠، س. پ، ل٢٧.

(٤) چاوپێکەوتنی لەشکر حمەساڵح لەگەڵ حاکم قادر حمەجان، ڕۆژنامەی هەرێمی کوردستان، ژمارە (١٨٠)، دووشەممە، ١٤/٢/٢٠٠٠، ل٣.

(٣٦٢,٠٠٠) م٢و بە بڕی (٦,٤٢٣,٣١١) دینار، ئەم هەڵمەتە گەڕەکەکانی (سلێمانی تازە، هەوارەبەرزە، ڕزگاری، شەقامی برایم ئەحمەد، گردی سەلیم بەگ، سابونکەران، سەرچنار، گردی سەرچنار، ساحەی ترایی، بەختیاری، مامەڕیشە، شەهیدانی زەرگەتە، ساحەی پاسەکانی ڕزگاریو سەرچنار) گرتەوە، جگەلەوە گەڕەکەکانی (گردەبراوەکە، زێڕینۆك، شەقامی مەیدانی ئاژەلان، گەڕەکی ئاشتی، زەرگەتە، ئازادی) چەوڕێژکراون، بە درێژایی (٢٠٠,٠٠٠) م٢، بڕی (٣٣٥,٠٠٠) دیناری تێچووە، کۆنکرێتکردنی گەڕەکەکانی (زەرگەتە، شەهیدانی ئازادی، سەرشەقام، شیوی قازی) بە درێژی (٨٧٥٣٧)م کە (٢٧٨,٧٩٦٨) دیناری تێچووە.

یەکێکی تر لەو پڕۆژانەی کە شارەوانی هەڵبژێردراو ئەنجامیداوە، بریتی بووە لە ئاوەڕۆ بە بۆڕی کۆنکرێت بۆ گەڕەکەکانی (زەرگەتە، شەهیدانی ئازادی، شێخ قادری چوێسە، خەبات، حاجیاوا، ڕعایە، هەواری تازە، جولەکان، سەرچنار، شێخ محێدین، سەرشەقام، چوارباخ، ئابلاخ) بە درێژی (١١٥٣٨)مو بە بڕی (٢٢٠٠٨٣٠) دینار، جگەلە ڕێکخستنی شەقامو دانانی هێمای هاتووچۆو دروستکردنی شورا بۆ باخچەکانی ناوشاری سلێمانی، چەندین هەڵمەتی پاککردنەوەی ناوشارو، چەندین پڕۆژەی دیکە[1].

لەگەڵ ئەوانەشدا دانیشتوانی شار باسیان لە زۆربوونی دانیشتوانی شارو گرانی هاتووچۆ لە ناوشاردا کردووە، داوایانکردووە شارەوانیو حکومەت کاربکەن بۆ فراوانکردنی شەقامەکانی ناوەڕاستی شار، بەتایبەت (سابونکەران، کانێسکان، مەولەوی، بەردەمی سینەماکان، ژێر پردەکە)، ئەمەش لەبەرئەوەی هاتوچۆی هاولاتیان لەناو شەقامەکاندا ئاسان نەبووە، وەك چارەسەریش داوایان لە شارەوانی سلێمانی کردووە، کە شەقامی (٦٠)م بخاتەوەگەڕ، چونکە ئەو شەقامە هاتووچۆی هاولاتیان بۆ ڕێگای سەرقەبران، گەراجی بەغداد، ڕێگای عەربەت، ئاسان دەکات، ئەمەش بە دابینکردنی هێڵی پاس بۆ شەقامی شەست مەتری، دەبێتو قەرەباڵغی ناو شار کەمدەکاتەوە[2]. جگەلە دیاردەی قەرەباڵغی سەرشەقامو شۆستەکانی ناو بازاڕ، دەستگێڕەکانی بەردەم مزگەوتی گەورەی سلێمانیو عەرەبانەو وردەواڵە فرۆشەکان، هێندەی دیکە هاتووچۆی دانیشتوانی شاریان زەحمەتتر کردووە، ئەم دیاردەیەش بەبێ چارەسەرکردن ماوەتەوە[3].

یەکێك لەو ڕووداوانەی کە ڕەنگدانەوەی لە شاری سلێمانی هەبووە، لە ساڵی ٢٠٠٠ دا کۆچی دوایی سیاسەتمەدار (برایم ئەحمەد) بوو، کە لەڕۆژی (٢٠٠٠/٤/٨) لە شاری لەندەنی پایتەختی بەریتانیا کۆچی دوایی کرد، لە ڕۆژی (٢٠٠٠/٤/١٩) کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران-کابینەی سلێمانی تەرخانکرا بۆ چۆنیەتی پێشوازیکردن لە تەرمی ناوبراو، لەو کۆبوونەوەیەدا وەزارەتە پەیوەندیدارەکان ڕاسپێردران بە گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست بۆ بە مەراسیمی پێشوازی لە تەرمی ناوبراو[4]، ئەوەبوو لە ڕۆژی (٢٠٠٠/٤/٢٠) تەرمەکەی لە مەرزی پەروێزخانەوە بەرەو شاری سلێمانی بەڕێکرا، بە مەراسیمێکی

---

(١) بۆ زانیاری زیاتر. بڕوانە، پارێزگای سلێمانی: ساڵنامەی سلێمانی ٢٠٠٠، س. پ، ل١٨٦-١٨٧.

(٢) عومەر ساڵح ژاژڵەیی: پێشنیازێك بو ئەنجومەنی شارەوانی، بۆ شەقامی شەست مەتری، ناخاتە گەڕ؟، ڕۆژنامەی هەرێمی کوردستان، ژمارە (١٨٢)، دووشەممە، ٢٠٠٠/٢/٢١، ل٣.

(٣) ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٢٠٦٩)، سێ شەممە، ٢٠٠٠/٢/٨، ل٤.

(٤) ڕۆژنامەی هەرێمی کوردستان، ژمارە (١٩٨)، پێنج شەممە، ٢٠٠٠/٤/٢٠، ل١.

سەربازی پێشوازی لەتەرمەکەی کرا، جێی ئاماژەیە جگەلە سەرۆکی حکومەت-کابینەی سلێمانی و بەشێکی زۆری وەزیرەکان و کەسایەتیە سیاسییەکان و پارتە سیاسییەکانی دیکەی سنوری دەسەڵاتی (ی.ن.ك)، ژمارەیەکی زۆر لە جەماوەری کوردستان لە پێشوازی تەرمی (برایم ئەحمەد) دا بوون، بە جۆرێك لە سنوری پەروێزخانەوە هەتا دەروازەی شاری سلێمانی، جگەلەو ژمارە زۆرەی ئۆتۆمبیل کە لەگەڵ تەرمەکەیدا بوون، بەشێکی زۆری خەڵکی شارو گوندەکانی ئەو دەڤەرە لەسەر شەقامەکان و ڕێگای سەرەکی پەروێزخان-سلێمانی) وەستابوون و پێشوازییان لە تەرمەکەی دەکرد، کاتژمێر (٧) ئێوارە تەرمەکە گەیشتە دەروازەی شاری سلێمانی، لەناو شاریشدا ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی شار لەسەر شەقام و کوچەو کۆڵانەکان وەستابوون، تەنانەت لەسەر باڵەخانەو بیناکانیش خەڵکی وەستابوون، کاتژمێر (٨) ئێوارە کە تەرمەکەی گەیەنرایە مزگەوتی گەورەی شاری سلێمانی، نزیکەی (٢٠٠) مامۆستای ئاینی پێشوازیان لە تەرمی ناوبراو کرد، دوای تەواوکردنی ڕێوڕەسمە ئاینییەکان و دانانی تاجە گوڵینە لەسەر تەرمەکە، ئەو شەوە تەرمەکەی لە مزگەوت مایەوە، بۆ ڕۆژی دواتر واتە، (٢١/٤/٢٠٠٠) لە ڕێوڕەسێکی جەماوەری گەورەدا بە ئامادەبوونی (جەلال تاڵەبانی) و سەرجەم وەزیرو کاربەدەستانی حکومی و نوێنەری لایەنە سیاسییەکان و جەماوەرێکی زۆر بەرەو گردی (سەلیم بەگ) بەڕێخرا، لەوێش بە لێدانی مارشی سەربازی تەرمەکەی بەخاکسپێردرا، لە سەکۆیەکی تایبەت کە بۆ مەڕاسیمی ناشتنەکە ئامادەکرابوو، چەندین چارچە هۆنراوە خوێندرایەوە، (نەوشیروان مستەفا) وتاری (ی.ن.ك) ی خوێندەوە، (مام جەلال) یش وتاری بنەماڵەی برایم ئەحمەدی خوێندەوەو کۆتایی بە مەراسیمەکە هات[1].

شاری سلێمانی وەك مەڵبەندی ڕۆشنبیری هەرێمەکە زۆرترین چالاکی هونەری و سیاسی بە خۆیەوە بینیووە، لەسەر زۆربەی ڕووداوە سیاسییەکان، دانیشتوانی شارەکە کاردانەوەیان هەبووە، بۆ نمونە، لە ١٣/٤/٢٠٠٠ دا جەماوەری شاری سلێمانی خۆپیشاندانێکی گەورەیان بۆ ساڵیادی ئەنفال ڕێکخستبوو، لەو خۆپیشاندانەدا جەماوەری شاری سلێمانی داوایان لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان کردووە کە چارەسەری کێشەی ونبووەکانی ئەنفال بکات و چارەنووسیان ئاشکرا بکات، جگەلەوەش داوایانکرد بارودۆخ و گوزەرانی کەسوکاری ئەنفالکراوان چاکتربکرێت و کاربکرێت بۆ گەڕانەوەیان بۆ سەرماڵ و حاڵی خۆیان[2]، جگەلەوەش کۆمەڵەیەك بەناوی (کۆمەڵەی داکۆکی لە قوربانیانی ئەنفال) لە شاری سلێمانیدا دامەزراوە، لەماوەی ساڵی ٢٠٠٠ دا ئەو کۆمەڵەیە (٢٣) چالاکی بۆ بەرژەوەندی کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال لەناو شاری سلێمانی و شاروشارچکەکانی دەوروبەری ئەنجامداوە[3].

ئەگەر سەیری چەند لایەنێکی تری ڕۆشنبیری شاری سلێمانی بکەین لە ساڵی ٢٠٠٠ دا، دەبینین جگەلە ناوەندە هونەری و کەلتورییەکان، لە ساڵی ٢٠٠٠ دا، لەناو شاری سلێمانیدا ئەو ڕۆژنامانەی کە مۆڵەتی فەرمیان هەبووە، ژمارەیان (٣٦) ڕۆژنامە هەبووە، گۆڤارەکان (٦٠) دانەبوون، تەلەفزیۆن (٨)، ڕادیۆ

---

(١) بۆ زانیاری زیاتر. بڕوانە/ پارێزگای سلێمانی: ساڵنامەی سلێمانی ٢٠٠٠، س. پ، ل٢١٤-٢١٥.

(٢) هاوڕێ باخەوان: س. پ، ل٨٥٤.

(٣) بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەو کاروچالاکییانە. بڕوانە// پارێزگای سلێمانی: ساڵنامەی سلێمانی ٢٠٠٠، س. پ، ل٢٤٤-٢٤٥.

(١٤)، هەر لەو ساڵەدا لە سنوری پارێزگای سلێمانیدا (٥٠٠) کتێب ژمارەی سپاردنیان پێدراوەو بڵاوکراونەتەوە[1].

ئەگەر باس لە بارودۆخی ئەمنی شاری سلێمانی بکەین لە ساڵی ٢٠٠٠ دا، جگەلە چەند ڕووداوێك، بەگشتی بارودۆخی شار هێمن بووە، یەکێك لەو ڕووداوانە، تەقینەوەی ئۆتۆمبیلێکی چێنراو بە (TNT) بوو، لە گەڕەکی ڕزگاری، نزیك حوسەینییەکە، لە ڕۆژی (١٧/٦/٢٠٠٠)، لەو ڕووداوەدا (١٩) کەس بریندار بوون، جگەلەوە زیانێکی ماددی زۆر بەر خانوو و دوکان و بیناکانی نزیك لە تەقینەوەکە کەوتووە[2]، بڕی زیانەکەش بە (٢٥٣,٨٠٥) دینار مەزەندەکرابوو، حکومەتی هەرێمی کوردستان–کابینەی سلێمانی لە کۆبوونەوەی ڕۆژی ٢٤/٦/٢٠٠٠دا بڕیایداوە کە قەرەبووی زیانلێکەوتوانی تەقینەوەکە بکاتەوە[3].

بە ماوەیەکی کەم دوای تەقینەوەکە ئاسایشی سلێمانی تاوانبارانی تەقینەوەکەی ڕۆژی ١٧/٦/٢٠٠٠ی دەستگیرکردووە، بەڕێوبەری ئاسایشی هەرێم (سلێمانی) ڕۆژی (١/٧/٢٠٠٠) لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا چۆنیەتی تەقینەوەکەو دەستگیرکردنی تاوانبارانی ئاشکراکردووە، تاوانباران پێکهاتبوون لە پێنج کەس ئەوانیش: (عەواد عەبد فەرمان– کە ڕۆڵی سەرەکی لە تەقینەوەکەدا هەبووە، ناوبراو بە ڕەچەڵەك عەرەب بووەو دانیشتووی شاری بەغداد بووە، غازی عەلی حەمە عزیزو ڕێبوار جەعفەر جەوهەر– خەڵکی کەرکوك بوون، موکەڕەم عەباس حەسەن– خەڵکی کەرکوك و دانیشتووی شاری سلێمانی بوو، ڕێبوار ئەحمەد فەتحوڵڵا– خەڵکی سلێمانی) ئەو کەسانە لەلایەن ڕژێمی عێراقەوە ڕاسپێدرابوون و ئامانجیان تەقاندنەوەی بارەگای ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق بووە، کە بارەگاکان لە گەڕەکی ڕزگاری بووە. ئەو تەقینەوەیە نارەزایی دانیشتوانی شاری لێکەوتۆتەوەو داوایانکردووە کە بارەگای حزبەکان لەناو شارەوە بگوازرێنەوە بۆ دەرەوەی شار بۆئەوەی خەڵکی شار پارێزراوبن، ئەنجومەنی شارەوانی سلێمانی کۆبوونەوەی ڕۆژی (٢٢/٦/٢٠٠٠) تایبەتکردوە بۆ گفتوگۆکردن لەسەر چۆنیەتی گواستنەوەی بارەگا حزبییەکان لە گەڕەکەکانی ناوشارەوە بۆ دەرەوەی شار(٤)، بەڵام ئێستاشی لەگەڵ بێ بارەگای حزبەکان لە ناو شاری سلێمانیدا دەبینرێن و تا ئێستا کارنەکراوە بۆ گواستنەوەی بارەگا حزبییەکان بۆ دەرەوەی شاری سلێمانی.

لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠١ دا بە دیاریکراوی لە ڕۆژی (١٤/١/٢٠٠١) (کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی) سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێم–کابینەی سلێمانی نامەی دەستلەکارکێشانەوەی خۆی ئاراستەی (مام جەلال) سەرۆکی هەرێمی کوردستان– سلێمانی کرد، لەو نامەیەدا باس لە کاروچالاکییەکانی

---

(١) بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ناوی ڕۆژنامەوگۆڤارەکان و ڕادیۆو کتێبەکان و نوسەرەکانیان.بڕوانە، س.پ،، ل٢٦٥–٢٨٧.

(٢) هاوڕی باخەوان: س. پ، ل٨٥٦.؛ ڕۆژنامەی هەرێمی کوردستان، ژمارە (٢١٥)، دووشەممە، ١٩/٦/٢٠٠٠، ل١.

(٣)ڕۆژنامەی هەرێمی کوردستان ، ژمارە (٢١٧)، دووشەممە، ٢٦/٦/٢٠٠٠، ل١.

(٤) بەهرۆز عەلی: ئاسایشی هەرێم دوای دەستگیرکردنی تاوانباران لە کۆنگرەیەك دا، چۆنیەتی تاوانی ڕۆژی (١٧/٦) ئاشکرا دەکات، ڕۆژنامەی هەرێمی کوردستان ، ژمارە (٢١٩)، دووشەممە، ٣/٧/٢٠٠٠، ل٣.

سـەردەمی کابینەکـەی خـۆی کردبـوو[1]، جـەلال تاڵـەبانیش بـە نامەیـەك دەستلەکارکێشـانەوەکەی پەسەندکرد[2].

دواتریش بە نامەیەك لە ڕۆژی (٢٠٠١/١/١٥) جەلال تاڵەبانی (د. بەرهەم ئەحمەد ساڵح) ڕاسپارد کە کابینەی تازە پێکبهێنێت، لە نامەکەدا هاتووە:"دوای ئەوەی هەڤاڵ کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی بەسەربەرزیو دلێرانە، ئەركو فەرمانەکانی خۆی لەسەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بەدیهێناو دەستی کێشایەوە لە پۆستەکەی، سەبارەت بەو هۆشیاریو لێوەشاوەییو زانینو توانایەی لێتان ڕادەبینم، بڕیارماندا پۆستی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستانتان پێ بسپێرینو داواتان لێبکەم ئێوەش بە ڕاوێژکردن لەگەڵ هەڤاڵان بە زوترین کات وەزیرەکانی کابینەکەتان هەڵبژێرنو لیستی ناوەکانیان بهێنن بۆمان، تا بڕیاری پێویستیان بۆ دەربکەین"[3].

لە ٢٠٠١/١/١٦ (بەرهەم ئەحمەد ساڵح) بە نامەیەك وەڵامی نامەکەی (جەلال تاڵەبانی) دایەوە، لە نامەکەدا هاتبوو:"برای گەورەو بەڕێزمان مام جەلال-سەرۆکی هەرێمی کوردستان...بە گیانی هەستکردن بە سەروەری گەلو پێزانینی فیداکاری شەهیدە نەمرەکانمانو لە ڕوانگەی ڕێزلێنانی خەباتی بێوچانی (ی.ن.ك) لە پێناو کوردەوارییەکی شارستانیو دیموکراتدا، ڕووبەڕووی ئەو ئەرکە مەزنە دەبمەوە کەوا بەڕێزتان پێمتان سپاردووە"[4].

بەو شێوەیە (مام جەلال) بە بڕیاری ژمارە (٦)ی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان (سلێمانی)، لە ڕۆژی ٢٠٠١/١/٢٠ بەرهـەم ئەحمـەد سـاڵحی ڕاسـپارد کـە کابینـەی نـوێی حکومـەت پێکبهێنێـت[5]، دوای پێشکەشکردنی لیستی ناوی وەزیرەکان بە سەرۆکایەتی هەرێمی- سلێمانیو هەر هەمان ڕۆژ بە بڕیاری ژمارە (٩) ی سەرۆکایەتی هەرێم- سلێمانی متمانە بە کابینەکەی (بەرهەم ئەحمەد ساڵح) بەخشرا، لەلایەن (مام جەلال) ەوە(٦)، پێکهاتەی کابینەکەش بەمشێوەیە بوو:

---

(١) بۆ دەقی تەواوی نامەی دەستلەکارکێشانەوەی (کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی). بڕوانە// ڕۆژنامەی هەرێمی کوردستان، ژمارە (٣٢٥)، چوارشەممە، ٢٠٠١/١/١٧، ل٣-٦.؛ ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٢٣٥٥)، چوارشەممە، ٢٠٠١/١/١٧، ل٤-٧.

(٢) بۆ دەقی نامەکەی (مام جەلال). بڕوانە// هـ. س، ل١.

(٣) بۆ دەقی تەواوی نامەکە. بڕوانە// فاتح ڕەسوڵ: س. پ، ل٥٧١-٥٧٤.

(٤) بۆ دەقی تەواو نامەکەی بەرهەم ئەحمەد ساڵح. بڕوانە// ساڵنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستان چالاکیو پرۆژەکانی ساڵی ٢٠٠١، چ١، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل١٠.؛ فاتح ڕەسوڵ: س. پ، ل٧٢-٥٧٣ .؛ ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٢٣٥٦)، پێنج شەممە، ٢٠٠١/١/١٨، ل١.؛ ڕۆژنامەی هەرێمی کوردستان، ژمارە (٣٢٦)، شەممە، ٢٠٠١/١/٢٠، ل١.

(٥) بۆ دەقی بڕیارەکە. بڕوانە// ساڵنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستان...س. پ، ل١١.؛ فاتح ڕەسوڵ: س. پ، ل٥٧٣-٥٧٤.

(٦) بۆ دەقی بڕیاری ژمارە (٩)ی سەرۆکایەتی هەرێم. بڕوانە// فاتح ڕەسوڵ: س. پ، ل٥٧٥-٥٧٦.

| ز نجیره | ناو | پۆست | تێبینی |
|---|---|---|---|
| | د.بەرهەم ئەحمەد ساڵح | سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران | |
| | عەدنان ڕەشاد موفتی | جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیری دارایی و ئابووری | لە ٢٠٠٢/١١/٩ (بایز سەعید مەحمود) پۆستی وەزیری دارایی و ئابووری وەرگرتووە. |
| | کەمال محەمەد موفتی | وەزیری ناوخۆ | لە ٢٠٠١/٧/٢٥ نەوشیروان فوئاد مەستی شوێنی گرتەوە لە ٢٠٠٢/٦/٣، فەرەیدون عەبدولقادر) شوێنی گرتەوە. |
| | عەبدولرەحمان مەعروف محەمەد | وەزیری داد | لە ٢٠٠٢/٢/١٨ (رشدی ساڵح عەزیز) شوێنی گرتەوە |
| | شێردڵ عەبدوڵڵا حەوێزی | وەزیری کاروباری پێشمەرگە | |
| | خەلیل نیعمەت دۆسکی | وەزیری گواستنەوەو گەیاندن | |
| | د. جەمال عەبدولکەریم فوئاد | وەزیری یارمەتی و مرۆڤایەتی و هاوکاری | |
| | جەلال جەوهەر عەزیز | وەزیری پیشەسازی و وزە | |
| | فەتاح خەلیل فەتاح | وەزیری ڕۆشنبیری | |
| | خەسرەو مستەفا عەبدوڵڵا | وەزیری پەروەردە | لە ٢٠٠١/٧/٢٥ نەرمین عوسمان حەسەن شوێنی گرتەوە. |
| | فاتح عەبدوڵڵا عەباس | وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | د. یادگار ڕەئوف حشمەت | وەزیری تەندروستی | له ٢٠٠٢/١١/٩ د.محەمەد قادر خۆشناو شوێنی گرتەوە. |
| | نەرمین عوسمان حەسەن | وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی | له ٢٠٠١/٧/٢٥ موحسین عەلی ئەکبەر شوێنی گرتەوە. |
| | سەعدی حەمەدەمین دزەیی | وەزیری ئەشغالو ئاوەدانکردنەوە | |
| | شازاد جەمیل صائیب | وەزیری کشتوکاڵو ئاودێری | له ٢٠٠١/٧/٢٥ جەمال عەبدولکەریم شوێنی گرتەوە، له ٢٠٠٢/١١/٩ شاڵاو عەلی عەسکەری شوێنی گرتەوە. |
| | محەمەد عومەر عەبدولعەزیز | وەزیری ئەوقافو کاروباری ئیسلامی | |
| | د.جەلال شەفیق عەلی | وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی | |
| | برزۆ عەلی هەژار | وەزیری هەرێم | |
| | موحسین عەلی ئەکبەر | وەزیری هەرێم | له ٢٠٠١/٧/٢٥ (جەمیل خدر عەبدال) شوێنی گرتەوە[1]. |

دواتریش دوو وەزارەتی دیکە بۆ کابینەکە زیادکرا، ئەوانیش وەزارەتی (مافی مرۆڤو کاروباری ئاوارەو ئەنفالکراوان) کە بە بڕیاری ژمارە (١٩) سەرۆکایەتی هەرێم- کابینەی سلێمانی (سەلاح ڕەشید) لە ٢٠٠١/٢/١٤ بە وەزیری ئەو وەزارەتە دانراوە، لەگەڵ وەزارەتی (پەیوەندیو هاوکاری) کە بەبڕیاری ژمارە (١٧٦) لە ٢٠٠١/٩/٩، بەرهەم ئەحمەد ساڵح بە وەزیری ئەو وەزارەتە دانرا، سەرباری ئەرکەکەی خۆی کە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بوو[2].

ئەم کابینەیە لە بارودۆخێکدا پێکهات کە بارودۆخی سیاسی هەرێم بەگشتی بەرەو هێوربوونەوەو ئاشتی یەکجاری هەنگاوی دەنا، هەر لەم چوارچێوەیەدا لە ڕۆژانی (٢٠٠١/١/٨) لە میانەی سەردانیدا بۆ

(١) ڕۆژنامەی هەرێمی کوردستان، ژمارە (٣٢٨)، دووشەممە، ٢٠٠١/١/٢٢، ل١. ؛ بۆ دەقی ئەو بڕیارانەی سەرۆکایەتی هەرێم-سلێمانی، کە گۆڕانکاری لە پۆستەکاندا پێکراوە. بڕوانە// ساڵنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستان... س. پ، ل١٤-٢٠.

(٢) بۆ دەقی هەردوو بڕیارەکە. بڕوانە// هـ. س، ل١٤-١٧.

وڵاتی تورکیا (مام جەلال) لە کاتی ڕۆیشتن و گەڕانەوەیدا سەردانی (مەسعود بارزانی) کرد لە بارەگای تایبەتی خۆی لەو دوو کۆبوونەوەیەدا باسیان لە هەنگاوەکانی ئاشتی و ئەو خاڵانەی ڕێکەوتنی واشنتۆن کرد کە توانای جێبەجێکردنیان هەیە، ئەم کۆبوونەوەیە ڕێگەخۆشکەر بوو بۆ زیاتر نزیکبوونەوەی هەردوولا هەنگاوی بەپەلە بۆ جێبەجێکردنی تەواوی خاڵەکانی واشنتۆن، هەر لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیاردراوە کە وەفدێکی مەکتەبی سیاسی پارتی سەردانی شاری سلێمانی بکات بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ئەو خاڵانەی کە هەردوولا بارزانی و تاڵەبانی لەو دوو کۆبوونەوەیەدا لەسەر ڕێکەوتبوون[1]. بۆیە ڕۆژی ٢٠٠١/١/٢٠ شاندێکی مەکتەبی سیاسی پارتی بە سەرۆکایەتی (سامی عەبدولڕەحمان) سەردانی سلێمانیان کرد لەگەڵ شاندێکی (ی.ن.ك) بە سەرۆکایەتی (فوئاد مەعصوم) کۆبوونەوە[2].

دواتریش شاندەکەی پارتی سەردانی مام جەلالیان لە قەڵاچوالان کرد، لە وێش کۆبوونەوەی هەردوو مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتی بەسەرپەرشتی (مام جەلال) کرا، لە کۆبوونەوەکەدا باس لە یەکخستنی هەڵوێستی سیاسی هەردوولا، پێکهێنانی شاندێکی هاوبەش بۆ گەشتی ئەمەریکا، هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی هێزەکانی هەردوولا لە هێڵەکانی تەماس، ئاسانکاری بۆ هاتووچۆی هاوڵاتیان و ئەندام و لایەنگرانی هەردوولا لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیان کراوە[3]. دواتریش لە ئوتێل ئاشتی شاری سلێمانی کۆبوونەوەیەکی دیکە کراوە، لە کۆتایشدا ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکەیان بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن ڕوونکردۆتەوە، ڕاگەیەندراوێکی هاوبەشیان بڵاوکردۆتەوە، هەردوولاش کۆبوونەوەکەیان بە پۆزەتیڤ وەسفکردووە[4]. بەو شێوەیە پەیوەندییەکانی نێوان یەکێتی و پارتی بەرەو ئاشتی ئاساییبوونەوە هەنگاوی ناوە، ئەمەش بواری ئەوەی ڕەخساند کە هەردوولا ئیدارەی هەولێرو سلێمانی زیاتر ئاوڕ لە پرۆژە خزمەتگوزارییەکان بدەنەوە[5].

هەر لە چوارچێوەی لەیەك نزیکبوونەوەی زیاتری نێوان یەکێتی و پارتی، (بەرهەم ساڵح) سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران- کابینەی سلێمانی لە ٢٠٠١/٣/١٢ سەردانی مەسعود بارزانی کرد، مەبەستی سەردانەکەی وەرگرتنی بیروڕای بارزانی بوو لەسەر ئەو گەشتەی کە بڕیار بوو بۆ ولاتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئەنجامی بدات، بەتایبەتە یەکخستنی هەڵوێستی هەردوولا، هەروەها لەسەر مەسەلە نێودەوڵەتییەکان و کێشەی کورد لە دەرەوە(٦)، لە دوای گەشتەکەش لە ٢٠٠١/٤/٢٣ لە کاتی گەڕانەوەی بۆ

---

(١) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە// ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٢٣٤٨)، سێ شەممە، ٢٠٠١/١/٩، ل١؛ هـ. س، ژمارە (١٢٥٣)، هەینی، ٢٠٠١/١/١٢، ل١.

(٢) فاتح ڕەسوڵ: س. پ، ل٥٧٦.

(٣) بڕوانە// ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٢٣٥٨)، یەك شەممە، ٢٠٠١/١/٢١، ل٥.

(٤) بۆ دەقی کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی هەردوو ڕاگەیەندراوزە هاوبەشەکەیان بڕوانە// هـ. س، ژمارە (١٣٥٩)، ل٤.؛ ڕۆژنامەی هەرێمی کوردستان، ژمارە (٣٢٨)، س. پ، ل١.

(٥) فاتح ڕەسوڵ: س. پ، ل٥٧٦.

(٦) ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٢٤٠٠)، سێ شەممە، ٢٠٠١/٣/١٣، ل١.

هەرێمی کوردستان (بەرهەم ساڵح) جارێکیتر چاوی بە (مەسعود بارزانی) کەوت و لە ئەنجامی گەشتەکەی ئاگاداریکردەوە[١].

هەرچەندە پارتی و یەکێتی لە دوای ڕێکەوتنی واشنتۆنەوە چەندینجار کۆببوونەوەو گفتوگۆیان لەسەر خاڵەکانی ڕێکەوتنەکە کردبوو، بەڵام پرۆسەکە زۆر بە خاوی بەڕێوەدەچوو، هەنگاوی پێویست بۆ جێبەجێکردنی خاڵەکانی ڕێکەوتنەکە نەدەنرا، لە ساڵی ٢٠٠١دا بە دیاریکراوی لە ڕۆژی ٢٠٠١/٦/٢٤ وەك هەنگاوێك بۆ چارەسەرکردنی تەواوی خاڵەکانی ڕێکەوتنەکە (٤٠) خێزانی ئاوارەیان ئاڵوگۆڕکرد، کە بەهۆی شەڕی نێوانیانەوە ئاوارەی ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی هەردوولا ببوون[٢].

یەکێك لەو کێشانەی کە لەساڵی ٢٠٠١ دا ڕووبەڕووی ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی یەکێتی(سلێمانی) بۆوە، سەرهەڵدانی گروپی (جند ئیسلام) بوو، دوای ئەوەی (مەلا کرێکار) سەرکردەی گروپەکە لە نەرویجەوە گەیشتە تاران و داوای هاوکاری و کۆمەکی لەو وڵاتە کرد، پاش هاوکاری ئێران گەڕایەوە هەرێم و لە ناوچەکانی هەڵەبجەو هەورامان بنکەو بارەگای ئاینی و سەربازی دامەزراند[٣]. بەمەش ئەو ناوچانەی کە لەژێردەسەڵاتی یەکێتیدا بوو، شڵەژاو ئارامی و ئاسایش کەمبۆوە، چەندین شەڕەو پێکدادان لە نێوان ئەو گروپەو (ی.ن.ك)دا دروستبوو، دیارترنیان کارەساتی گوندی (خێڵی حەمە) بوو، کە لە شەوی ٢٣/٢٤-٢٠٠١/٩ گروپی (جند ئیسلام) هێرشیانکردە سەر بنکەیەکی پێشمەرگەکانی یەکێتی و (٤٣) پێشمەرگەیان شەهیدکرد[٤]. لەمبارەیەوە مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکێتی ڕاگەیەندراوێکی بڵاکردۆتەوە، کە تێیدا هاتووە:"شەوی ٢٣/٢٤-٢٠٠١/٩ لە کاتێکدا کە ژمارەیەك لە پێشمەرگەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە گوندی خێڵی حەمەی ناوچەی هەڵەبجە بوون، تیرۆرستەکانی سەر بەگروپی (جند ئیسلام) لە غەفڵەتدا هێرشیان بردەسەر پێشمەرگەکان و بە شێوەیەکی دڕندانە ژمارەیەك پێشمەرگەیان بە شێوەیەکی نامرۆڤانەو دوور لە هەموو ڕەوشت و یاسا و نەریتێکی مرۆڤانەو ئیسلامیانە شەهیدکرد، کە ژمارەیەك لەو شەهیدانەیان سەربڕیبوو، بە ئەنجامدانی ئەو تاوانە گەورەیە، ڕووی تیرۆرستانەی ڕاستەقینەی خۆیان بە تەواوەتی و ئاشکرد"[٥].

لە دوای کارەساتی خێڵی حەمە بەشێکی زۆر لە پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکان ئەو تاوانەیان شەرمەزارکرد پشتیوانی خۆیان بۆ یەکێتی دەربڕی و لەو پارتانەش: (حزبی شیوعی عێراق، حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، حزبی سۆسیالستی دیموکراتی کوردستان، پارتی پارێزگارانی کوردستان)، ئەمانە پێکەوە بەیاننامەی هاوبەشیان دەرکردووەو ئەو تاوانەیان مەحکومکردووە پشتیوانی خۆیان بۆ

---

(١) فاتح ڕەسوڵ: س. پ، ل٥٨٠.

(٢) هاوڕێ باخەوان: س. پ، ل.٨٨٣

(٣) ڕۆژنامەی هاوڵاتی ، ژمارە (٢٧)، دووشەممە، ٢٠٠١/٦/٣٠، ل١.

(٤) فاتح ڕەسوڵ: س. پ، ل٥٨١

(٥) بۆ دەقی تەواوی ڕاگەیەنراوەکە.بڕوانە// ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە(٢٥٦٨)، چوار شەممە، ٢٠٠١/٩/٢٦، ل١.

یەکێتی دەربڕیوە[1]. جگەلەوەش پارتی لەزاری گوتەبێژی ڕەسمی حزبەکەوە پاڵپشتی خۆی بۆ یەکێتی دەربڕیووەو تاوانەکەی شەرمەزار کردووە[2].

کارەساتی (خێڵی حەمە) ڕەنگدانەوەی لە شاری سلێمانیدا هەبووە، ڕۆژی (٢٠٠١/١٠/١) جەماوەرێکی زۆری شاری سلێمانی ڕێپێوانێکی گەورەو هێمنانەیان لە شەقامی سالمەوە بۆ بەردەم بینای ئەنجومەنی وەزیران دەستپێکردووە، سەرجەم چینوتوێژەکانی شارو جەماوەرێکی زۆر بەشدارییان تێداکرد، بەیەك دەنگ تاوانی (خێڵی حەمە)یان شەرمەزارکرد ، وتافیان لە دژی گروپی (جند ئیسلام) گوتەوە، جگەلە حزبەکانی (هـ.د.ك) لایەنە ئیسلامیەکانیش بەشداری ئەو ڕێپێوانەیان کردووە، (٨٤) کۆمەڵەو ڕێکخراویش بەناوی جەماوەری شاری سلێمانییەوە یاداشتنامەیەکیان پێشکەشی نوێنەری نەتەوەیەکگرتووەکان کردووە، تێیدا کردەوەکانی (جند ئیسلام) یان ئیدانەکردووەو داوایان لە نەتەوەیەکگرتووەکان کردووە کە دژی گروپی (جند ئیسلام) هەڵوێستی جدی هەبێت[3].

لە (٢٠٠١/١٠/٣) هێزەکانی یەکێتی هێرشی بەرفراوانیان بۆسەر بارەگاو مۆڵگەکانی (جند ئیسلام) لە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتیان دەستپێکرد، لەو شەڕوپێکدادانەکەدا زنجیرە چیاکانی شنرویۆ چەند پێگەیەکی تری ئەو گروپەیان کۆنترۆڵ کرد، فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان ڕاگەیاندنێکی لەسەر ئەو شەڕە بڵاوکردەوەو ڕایگەیاند:"تەنها لە بەرەکانی شەڕەکەدا (٢٦) تەرمی ئەو گروپە بە جێماوە، جگەلە کوژراوو برینداری دیکە، دەستکەوتەکانی تر (٢) ئۆتۆمبیل، یەك هاوەن (٨٢ملم) یەك هاوەنی (٨١ملم)، یەك هاوەنی (٦٠ملم)، (B.K.C ٢)، (٢ دەمانچە)، (٢٠ کلاشینکۆف)، کامێرایەکی ڤیدۆیی و بڕێك چەك و تەقەمەنی"[4]. ڕۆژنامەی هاوڵاتی ئاماژە بەوە کردووە لە شەڕوپێکدادانەکانی ئەو ماوەیەدا زیاتر لە (١٨٠) چەکداری (جند ئیسلام) خۆیان ڕەداستی هێزەکانی یەکێتی کردووە، نزیکەی (٥٠) کەسیشیان چوونەتە ڕیزی کۆمەڵی ئیسلامییەوە[5].

دروستبوونی گروپی (جند ئیسلام) لە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی یەکێتیدا بە تایبەتی لە ناوچەکانی هەڵەبجەو هەورامان، کاریگەری لەسەر ڕەوشی سیاسیی و ئاسایشی شاری سلێمانییەوە هەبووە، بە جۆرێك لە کۆتاییەکانیساڵی (٢٠٠١)و لە ساڵی (٢٠٠٢)دا چەند کارێکی تیرۆرستیی و چەند تەقینەوەیەك لە شاری سلێمانیدا ئەنجامدراوە. بۆ نمونە لە ٢٠٠١/١١/١٣)، ئۆتۆمبیلێکی بۆمبڕێژکراو لەبەردەم مزگەوتی قازی محەمەد لەناو شاری سلێمانی تەقیەوە، کە ئۆتۆبیلەکە تایبەت بوو بە یەکێتی ژنانی کوردستان، بۆمبێکی موگناتیسی پێوە لکێنراوە، لەو ڕووداوەدا منداڵێك بووە قوربانی و زەرەرو زیانی

---

(١) بۆ دەقی بەیاننامەو ڕاگەیەنراوی ئەو لایەنانە. بڕوانە، س.پ ل٢.

(٢)ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ، ژمارە (٢٥٦٩)، پێنج شەممە، ٢٠٠١/٩/٢٧، ل١.

(٣) هاوڕێ باخەوان: س. پ، ل٨٨٣؛ بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەو ڕێپێوانەو ئەو وتارو یاداشتانەی کە لەوێدا خوێندراوەتەوە. بڕوانە// ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٢٥٧٣)، سێ شەممە، ٢٠٠١/١٠/٢، ل١، ٣.

(٤) بۆ دەقی ڕاگەیاندراوەکەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان. بڕوانە// هـ.س ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ، ژمارە (٢٥٧٦)، شەممە، ٢٠٠١/١٠/٦، ل٢، بۆ زانیاری زیاتر لەسەر شەڕوپێکدادانەکان. بڕوانە// هـ. س، ل٥.

(٥) ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژمارە (٤٣)، دووشەممە، ٢٠٠١/١٠/٧، ل٢.

ماددیش بەر ماڵەکانی نزیك تەقینەوەکە کەوتووە[1]. لە شەوی ٢٠٠١/١٢/٣١ دا لە کاتێکدا کە دانیشتوانی شاری سێمانی لە پێشوازی سەری ساڵی تازەی (٢٠٠٢) دابوون، لە شەقامی سالمی شاری سلێمانی خەڵکێکی زۆر کۆبوونەوەو لەو کاتەدا (٢) ناروجۆنك هەڵدرایە ناو ئاپۆڕەی جەماوەرەوو (١٧) کەس بریندار بون, لە ڕوونکردنەوەیەکدا ئاسایشی گشتی شاری سلێمانی ڕووداوەکەی پیشتڕاستکردو بە کارێکی تیرۆرستی لە قەڵەمیداوە، جگەلەوەش هاولاتانی شاری سلێمانی دڵنیا کردۆ تەوە، کە تاوانباری کردەوەکە دەستگیردەکرێن‌و ئارامی شارەکە دەپارێزن[٢].

کاریگەری ئەو گروپە گەیشتە ڕادەیەك کە لە ڕۆژی( ٢٠٠٢/٤/٢) سێ چەکداری (جند ئیسلام) هێرشبکەنە سەر ماڵی سەرۆکی حکومەت- سلێمانی (بەرهەم ئەحمەد ساڵح)، ئامانجی هێرشەکە تیرۆرکردنی (بەرهەم ئەحمەد ساڵح) بوو، بەلاّم سەرکەوتوو نەبوو. لە ئەنجامدا دوو چەکداری (جند ئیسلام) کوژران‌و یەکێکیشیان بەدیلگیرا، لە پاسەوانەکانی (د.بەرهەم ئەحمەد ساڵح) یش (٥) کەسیان کوژران‌و ناوبراویش بە سەلامەتی ڕزگاری بوو[٣]، لە ڕۆژی ٢٠٠٢/٤/٤ بە ئامادەبوونی سەرۆکی حکومەت (بەرهەم ئەحمەد ساڵح)و نوێنەری سەرجەم لایەنە سیاسییەکان‌و ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی شاری سلێمانی تەرمی پاسەوانەکانی (بەرهەم ئەحمەد ساڵح) کە بریتی بوون لە (ئامانج عەبدولقادر، جەزا حەمە ڕەزا، شوان خدر، عەبدوڵلاّ ئیسماعیل، کارزان ئەنوەر) لە شاری سلێمانی بە خاکسپێردران[٤].

نزیکبوونەوەی پرۆسەی بەناو ئازادی عێراق پەیوەندییەکانی نێوان پارتی‌و یەکێتی باشترکردو زیاتر لێکتری نزیکردنەوە، لەدوای ڕێکەوتنی واشنتۆن چەندین کۆبوونەوەو دیدارو چاوپێکەوتنی هەردوولا سازکرابوو، بەلاّم هەنگاوی کرداری بۆ چارەسەکردنی کێشەکان‌و جێبەجێکردنی خاڵەکانی ڕێکەوتننامەی واشنتۆن نەدەنرا، بەلاّم بە نزیکبوونەوەی کاتی پرۆسەی ئازادی عێراق لە کۆبوونەوەی ڕۆژی ٢٠٠٢/٨/٦ دا مەکتەبی سیاسیی پارتی‌و یەکێتی لەسەر چەند خاڵێکی بنەڕەتی گەشتن بە ڕێکەوتن، گرنگترینیان کاراکردنەوەی پەرلەمانی کوردستان بوو، بەجۆرێك هەردوولا ڕێکەوتن کە دانیشتنەکانی پەرلەمان دەستپێبکەنەوەو (٣) مانگ پارتی سەرۆکایەتی پەرلەمان بکات‌و (٣) مانگیش لەلایەن یەکێتییەوە سەرۆکایەتی بکرێت[٥].

لەدوای گەشتێکی دیبلۆماسی بۆ ولاّتی ئەمەریکا (جەلال تاڵەبانی) لە کاتی گەڕانەوەیدا لە ڕۆژانی (٧و٢٠٠٢/٩/٨) لەگەڵ شاندێکی بالاّی مەکتەبی سیاسی کۆبوونەوەیەکی (٢) کاتژمێری لەگەڵ (مەسعود

---

(١) هاوڕێنامە: س. پ، ل٨٩١.

(٢) بۆ دەقی ڕونکردنەوەکەی ئاسایشی گشتی سلێمانی. بڕوانە// ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٢٦٤٩)، پێنج شەممە، ٢٠٠٢/١/٣، ل٣.

(٣) فاتح ڕەسوڵ: س. پ، ل٥٨٥-٥٨٦.؛ هاوڕێ باخەوان: س. پ، ل٨٩٩.؛ ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٢٧٢٠)، چوارشەممە، ٢٠٠٢/٤/٣، ل١.

(٤)ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ، ژمارە (٢٧٢٢)، شەممە، ٢٠٠٢/٤/٦، ل١.

(٥) هاوڕێ باخەوان: س. پ، ل٩٠٤.؛ فاتح ڕەسوڵ: س. پ، ل٥٨٦.؛ ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٢٨٢٨)، چوارشەممە، ٢٠٠٢/٨/٧، ل٢.

بارزانی)و شاندی مەکتەبی سیاسی ئەنجامدا، لەو کۆبوونەوەیەدا لەسەر چەند خاڵێکی گرنگ ڕێکەوتن، گرنگترینیان وەك لە ڕاگەیەنراوی هاوبەشی سەرکردایەتی یەکێتی و پارتیدا هاتووە:

١. پێکهێنانی چوار لیژنە بۆ ئامادەکردنی پرۆژەی هاوبەشی فیدراڵیزم، ئاساییکردنەوەی بارودۆخی هەرێمی کوردستان، چارەسەری گرفتە ئەمنییەکان، سیاسەتی هاوبەش لە ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی.

٢. بڕیاردرا کە ڕۆژی ٢٠٠٢/١٠/٤ پەرلەمانی کوردستان بە بەشداری فراکسیۆنی هەردوولا، فراکسیۆنی لیستی مۆر (کلدان و ئاشور و ئەرمەنەکان) کۆببێتەوە.

٣. پتەوکردنی پەیوەندی نێوان بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان و ئۆپۆزسیۆنی عێراقی، بەشێوەیەك خزمەتی ئایندەی گەلی عێراق و ئازادی و ئاسوودەیی بکات و مافی ڕەوای کورد و تورکمان و ئاشوری و کلدانی دەستەبەر بکات(١).

لەدوای کۆبوونەوەکەش (جەلال تاڵەبانی) لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند هەموو ئەو گیروگرفتانەی لە ڕێگەی پێکهاتنەوە و چەسپاندنی ئاشتی بووە لامانبرد(٢).

هەروەك لە ڕێکەوتنی (٧و٢٠٠٢/٩/٨) دا هاتبوو، دەبوو پەرلەمان لە ٢٠٠٢/١٠/٤ کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی دەستپێبکاتەوە، ئەوەبوو لەو ڕۆژەدا دوای (٩) ساڵ و تێپەڕبوونی (٥) ساڵ بەسەر ڕێکەوتنی واشنتۆندا پەرلەمانی کوردستان بە یەکگرتوویی بە ئامادەبوونی (مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی)و ژمارەیەك لە میوان و کەسایەتی ناوداری وەك (دانیال میتران) کۆبوونەوە(٣).

(د. ڕۆژ نوری شاوەیس) سەرۆکایەتی دانیشتنی پەرلەمانی کرد، دوای بەخێرهێنانی میوانەکان نامەی وەزیری دەرەوە ئەمەریکا (کۆڵن پاوڵ) کە بۆ پیرۆزبایی لە کاراکردنەوەی پەرلەمان ئاڕاستەی گەلی کورد کردبوو خوێندرایەوە، لە نامەکەدا وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا ئەوەی خستبووەڕوو: "شانازی بەوە دەکەین کە ئێوە لە شەریکەکانی ئەمەریکان لە شەڕی دژ بە زۆرداری و تیرۆریزمداو لە تێڕوانینمان بۆ ئایندەی عێراق بەشداریمان دەکەن"(٤).

بەوشێوەیە پەیوەندییەکانی نێوان پارتی و یەکێتی هەنگاوی باشی بۆ نزیکبوونەوەی زیاتر ناو بارودۆخی ناوخۆی هەرێمی کوردستان و شارەکانی هەولێر و سلێمانی بەرەو ئاساییبوونەوە ڕۆیشت، کۆبوونەوەکانی نێوان هەردوولا بەردەوامبوون لەسەر زۆربەی خاڵەکانی گەیشتنە لێکتێگەیشتنی تەواوەتی، بە کۆتایی هاتنی ساڵی ٢٠٠٢و سەرەتای ساڵی ٢٠٠٣، پەیوەندییەکانیان گەیشتە ئەو ڕادەیەی کە بارەگاکانی هەردوولا لە شارەکانی هەولێر و سلێمانی بکرێنەوە، ئەوەبوو ڕۆژی (٢٠٠٣/٢/١٢)

---

(١) بۆ زانیاری زیاترو دەقی تەواوی ڕاگەیەنراوە هاوبەشەکەی پارتی و یەکێتی. بڕوانە// ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٢٨٥٧)، دووشەممە، ٢٠٠٢/٩/٩، ل١.

(٢) بۆ دەقی کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەی (جەلال تاڵەبانی). بڕوانە// هـ. س، ل١.

(٣) فاتح ڕەسوڵ: س. پ، ل٥٨٧.

(٤) بۆ دەقی تەواوی نامەکەی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا. بڕوانە// ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٢٨٨٠)، شەممە، ٢٠٠٢/١٠/٥، ل١.؛ بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەو کۆبوونەوەی پەرلەمان و وتاری میوان و لایەنە بەشداربووەکان. بڕوانە// هـ. س، ل٢، ٣، ٤.

بارەگای مەڵبەندی یەکێتی لەشاری هەولێر کرایەوە، لە (٢٠٠٣/٢/١٥) شدا بارەگای لقی چواری پارتی لە شاری سلێمانی کرایەوە[١]، بەو بۆنەیەشەوە لە شاری سلێمانی ئاهەنگی شادیو خۆشی دەربڕین سازکراوە، ئەندامانو لایەنگرانی پارتی لە مەڕاسیمی کردنەوەی بارەگای لقی چواری حزبەکەیان لەبەردەم بارەگای لقدا بە ئالأی حزبەکەیانەوە خۆشیان دەردەبڕیووە[٢].

لەگەڵ نزیکبوونەوەی پڕۆسەی ئازادی عێراق لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی بە ئامادەبوونی (مام جەلالو مەسعود بارزانی) لە (٢٠٠٣/٣/١) کۆبوونەوە لە هاوینەهەواری پیرمام، سەرجەم ئەگەرو پێشهاتەکانیان تاوتوێ کردەوە، هەر لەو چوارچێوەیەشدا پارتیو یەکێتی سەرکردایەتی هاوبەشیان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەگەرو پێشهاتەکان دروستکردووە، لە کۆبوونەوەی ڕۆژی ٢٠٠٣/٣/٢ سەرکردایەتییە هاوبەشەکەیان ڕاگەیاند، لە ڕاگەیاندنێکی هاوبەشی سەرکردایەتی هەردوولادا هاتبوو:" لەبەر ئەو بارودۆخە ناسکە کە ولأتمان پێیدا تێپەڕدەبێتو بە لەبەرچاوگرتنی ڕووداوە چاوەڕوانکراوە گرنگەکان، کە هەرچی یەکێتییەکی زیاتری گەلەکەمانو کۆکردنەوەی وزەو تواناکانی دەخوازێ، هەردوو سەرکردایەتی پارتیو یەکێتی زنجیرەیەك کۆبوونەوەیان گرێداو بڕیاری پێکهێنانی سەرکردایەتی بالأی هاوبەشیاندا، بۆ سەرکردایەتیکردنی خەبات لە بوارەکانی سیاسی، عەسکەری، ئیداری، پەیوەندییەکانی نیشتیمانیو دەرەوەو بوارەکانی دیکە"[٣].

لە سەروبەندی پڕۆسەی ئازادی عێراقدا، هاوڵاتیانی شاری سلێمانی لە بارێکی دەروونی خراپدا دەژیان، دەنگۆی ئەوە لەنێو خەڵکیدا بڵاودەکرایەوە کە حکومەتی عێراق لە ئەگەری هێرشی هاوپەیمانان بۆسەر عێراق، شاری سلێمانی بە چەکی کیمیاوی بۆمباران دەکات، ئەمەش وای لە بەشێکی زۆری دانیشتوانی شاری سلێمانی کرد کە بەرەو شارو شارۆچکەکانی دیکەی پارێزگاکە بڕۆنو شارەکە بەجێبهێڵن، هاولأتی (عومەر عەلی حەمەئەمین) ئاماژە بەوە دەکات:"دیکتاتۆریەتی سەدامو توندونیژی ڕژێمەکە ترسێکی گەورەی لە دڵو دەروونی هاولأتیانی شاری سلێمانیدا دروستکردبوو، چاوەڕێی هەموو کردەوەیەکی دڕندانەمان لەو ڕژێمە دەکرد، چونکە ئەزموونی تاڵمان لەگەڵ تاوانەکانیدا هەبوو، بۆیە بۆ پاراستنی گیانی خۆمان بڕیاری چۆڵکردنی شاری سلێمانیماندا"[٤].

لەگەڵ نزیکبوونەوەی کاتی دەسپێکردنی پڕۆسەی ئازادی عێراق، لیژنەی ئەمنی پارێزگای سلێمانی بە هاوکاری حکومەتو پارێزگاری سلێمانی پاش زنجیرەیەك کۆبوونەوە بەرنامەی چڕو فراوانو هەمەلایەنە داڕێژراوە بۆ خۆئامادەکردن لەئەگەری ڕوودانی هەر کارەساتێك کە لە پڕۆسەی ئازادکردنی عێراق ناوچەکە بگرێتەوە، بۆ ئەو مەبەستەش چەندین لیژنەی جۆراوجۆر پێکهێنراوەو پێداویستییەکانیان بۆ دابینکراوە، سەرۆكو ئەندامانی لیژنەی ئەمنی پارێزگای سلێمانیو هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ خراونەتە حاڵەتی ئامادەباشییەوە. لە ڕۆژی ٢٠٠٣/٣/١٧ بەسەر پەرشتی (ئاسۆ شێخ

---

(١) ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٢٩٨٩)، یەك شەممە، ٢٠٠٣/٢/١٦، ل١.

(٢) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (هۆشیار سدیق ئەفەندی) سلێمانی، ٢٠١٧/١١/٢٥.

(٣) بۆ دەقی تەواوی ڕاگەیندراوە هاوبەشەکەی نێوان پارتیو یەکێتی. بڕوانە// فاتح ڕەسول: س. پ، ل٥٩١-٥٩٤.؛ ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٣٠٠٢)، دووشەممە، ٢٠٠٣/٣/٣، ل١.

(٤) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (عومەر عەلی حەمەئەمین)، سلێمانی، ٢٠١٧/١٠/١٥.

نوری) پارێزگاری سلێمانی لە گۆڕەپانی (کەمال سەلیم) لە شاری سلێمانی مەشقێکی پڕاکتیکی بۆ کارە فریاگوزارییەکان بۆ فەرمانگەو ڕێکخراوەکان ئەنجامداوە، فەرمانگەی تەندروستی گشتی سلێمانیو بەڕێوەبەرێتی بەرگری شارستانیو بەڕێوەبەرێتی پۆلیسو پۆلیسی هاتووچۆو مانگی سوری عێراقیو چەندین لایەنی دیکە بەشداری مەشقەکە بوون، ئەمەش وەك ئامادەکاری بووە بۆ هەر ڕووداوێك کە لەکاتی پڕۆسەی ئازادی عێراقدا لە شاری سلێمانیدا ڕوبدات[١].

لە ١٩/٣/٢٠٠٣شدا حکومەت بڕیاری باری نائاسایی دەرکردووە، لەو ماوەیەدا دامودەزگاکانو فەرمانگەکانی حکومەتو قوتابخانەو زانکۆو پەیمانگاکان لە دەوامکردن ڕاوەستاون، خەڵکی شاری سلێمانی خۆبەخشانە لیژنەیان بۆ پارێزگاری لە دامودەزگاکانی حکومەتو ناوەندەکانی زانکۆو شوێنەکانی دیکە دروستکردووەو لەو ماوەیەدا پارێزگاریان لە شوێنە گرنگەکانی شاری سلێمانی کردووە. لە ڕۆژی (٢٠/٣/٢٠٠٣) دا ئەمەریکاو هاوپەیمانان پڕۆسەی ئازادی عێراقیان دەستپێکردو هێرشیان بۆ سەر ڕژێمی عێراق کرد[٢].

لەدوای ڕزگارکردنی عێراق قۆناغێکی تازە لە مێژووی عێراقو هەرێمی کوردستان هاتە کایەوە، لە هەرێمی کوردستاندا گۆڕانکاری گەورە بەسەر بارودۆخی سیاسیو ئابوریو کۆمەڵایەتی خەڵکیدا هاتووە، شاری سلێمانیش بەدەرنەبووە لەو گۆڕانکارییانە، دەتوانین بڵێین ساڵی ٢٠٠٣ قۆناغێکی جیاکەرەوەیە لە مێژووی عێراقو هەرێمی کوردستانو شاری سلێمانیدا.

---

(١) ساڵنامەی سلێمانی ٢٠٠٣، لە بڵاوکراوەکانی پارێزگاری سلێمانی، چاپخانەی شڤان، ساڵی ٢٠٠٤، ل١٠.

(٢) هاوڕێ باخەوان: س. پ، ل٩٢٧.

## دەروازە: شاری سلێمانی لە نێوان سالآنی (١٩٨٠-١٩٨٨)

### یەکەم: سنوری جوگرافی و ڕەوشی کارگێڕی:

شاری سلێمانی لەلایەن (ئیبراهیم پاشا)[١]ی میری بابانەوە لە ساڵی ١٧٨٤ بونیادنراوە[٢]، مەحمود پاشای بابان لە نزیك گوندی مەڵکەندی سەرایەکی دروستکردبوو بەنیازبوو بیکاتە مەڵبەندی حکومڕانی، بەڵام لابراو ئەم کارەی بۆ ئەنجامنەدرا.ئیبراهیم پاشا درێژەی بەم پرۆژەیەدا و( بازاڕ ، خان، مزگەوت )و چەند خانویەکی لێدروستکرد و بنکەی حکومڕانی لە قەڵاچوالانەوە گواستەوە بۆ ئەوێ و ناویان نا سلێمانی[٣].سەبارەت بەناوی سلێمانی بیروڕای جیاواز هەیە بەڵام ئەوەی لە هەمووی باوترە بۆچونەکەی (ریچ)ە، کە پێی وایە ئیبراهیم پاشا بەناوی (سلێمان پاشا)ی والی بەغداوە ناوی ناوە[٤].

گواستنەوەی پایتەختی میرنیشینەکە بۆ هۆکاری سیاسی ، جەنگی ، ئابوری و شارستانی دەگەڕێتەوە[٥]، چونکە لەلایەك قەڵاچوالان نزیکی سنوری وڵاتی ئێران بوو، بەمەش مەترسی هێرش و پەلاماری ئەو وڵاتەی لە سەر بوو، لەلایەکی ترەوە قەڵاچوالان لە ڕووی تۆبۆگرافییەوە بواری فراوان بونی سنوردار بوو[٦].هەروەها چەندین بۆچونی دیکە لەمبارەوە خراوەتەڕوو، دەگوترێت ئیبراهیم پاشا ویستویەتی ناوبانگی خۆی گەورەتر بکات، یان لەبەر ئەوەش بووە کە قەڵاچوالان لە سنوری حوکمڕانی میر نیشینەکانی دیکە نزیك بووە، بۆیە ویستویەتی خۆی بەدوور بگرێ لە ڕووبەڕوو بونەوەیان[٧].

لەڕووی پێگەی جوگرافییەوە، شاری سلێمانی دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی باشوری کوردستان و باکوری ڕۆژهەڵاتی عێراق، زنجیرە چیاکان لە باکوری ڕۆژئاواوە بۆ باشوری ڕۆژهەڵات درێژدەبنەوە، کە بەناوبانگترینیان بەرزاییەکانی ئەزمڕ و چیای گۆیژەیە لە باکورەوەو بەرزیەکەی (١٢٧٣م) لە ئاستی ڕووی دەریاوە، بەرزی شاری سلێمانیش لە ئاستی ڕووی دەریاوە (٨٥٠م)ە[٨]، بەشێوەیەکی گشتی لێژاییەکی زۆر لە نێوان باکورو باشوری شاردا هەیە، لە

---

(١) ئیبراهیم پاشا کوڕی خالید پاشای بابانە، سلێمان پاشای والی بەغداد لەساڵی ١٧٧٣ لەجێی محمود پاشای مامی کردی بە فەرمانڕەوای بابان و پایەی میری میرانی پێبەخشی.( بۆزانیاری زیاتربڕوانە:هەردی سابر:پوختەیەك لەمێژووی مزگەوتی خانەقای مەحوی، چ١، چاپخانەی ڕێ نوێ، ٢٠١٦، ل٨٤.)

(٢) عمر علی شریف:التذکارات عن تاریخ الکرد الحدیث، ط١، مطبعة وزارة التربیة، أربیل، ٢٠٠٥، ص١٥٠.

(٣) نەوشیروان مستەفا ئەمین: بنیاتنانی شاری سلیمانی، (گ)سلێمانی، ژ١ ساڵی ١، /٦/٢٠٠٠، ل١٣.

(٤) بۆزانیاری زیاتر لەسەر ناوی سلێمانی بروانە: ئاکۆ عبدوالکریم شوانی:شاری سلێمانی ١٩١٨-١٩٣٢، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە، چ١، چاپخانەی زانست، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل١٥-١٩.

(٥) نەوشیروان مستەفا ئەمین:س.پ، ل١٣؛ عمر علی شریف:م.س، ل١٥٠-١٥١.

(٦) هەوراز جەوهەر مەجید: شاری سلێمانی ١٤یتەمموزی ١٩٥٨-١٧تەمموزی١٩٦٨، لێکۆڵینەوەیەك لە بارودۆخی سیاسی و ڕۆشنبیری، چ١، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٢، ل١٩.

(٧) ئیسماعیل فەرەج:کورتەیەکی جوگرافی و مێژوویی شاری سلێمانی، گ.سلیمانی، ژ١٤١، ئازاری٢٠١٣، ل٦.

(٨) حسین اسماعیل علی:النمو الحضري في مدینة السلیمانیة، دراسة في علم الآجتماع الحضري، رسالة ماجستیر(غیرة منشور) مقدمة الی مجلس کلیة العلوم الانسانیة في جامعة السلیمانیة، سنة٢٠٠٦، ص٢٠.

ڕۆژهەڵاتییەوە بۆ ڕۆژئاوای بەرزایی و گرد و شیوو و دۆڵی زۆری تێدایە[١]، نزمترین شوێن لە شاری سلێمانی دا گەرەکی سەرشەقامە، کە ئاوی باران و ڕێرەوەکانی تێدا کۆ دەبێتەوە[٢].

شاری سلێمانی دەکەوێتە باکوری شاری هەولێر و باشوری دیالە و ڕۆژئاوای ئێران و لە ڕۆژئاوایشییەوە شاری کەرکوك و تکریتە[٣]، سەبارەت بە شوێنی ئەسترۆنۆمی شاری سلێمانی دەکەوێتە نێوان هێڵی درێژی (٤٤، ٣٢)و(٤٦، ٢٣) ڕۆژهەڵات و بازنەی پانی(٣٤، ٥٥)و(٣٦، ٣٠)باکور[٤]. ڕوبەری پارێزگای سلێمانی(١٣٣٦٨کم٢)یە، (٣، ٦) لە گشت پانتایی عێراق پێك دەهێنێت، کە هەمووی (٤٣٨٣١٧کم٢)یە، بەم جۆرە لە پلەی نۆیەمدایە لە چاو پانتایی پارێزگاکانی تری عێراق دا[٥].

ئاو و هەوای شارەکە، دەکەوێتە ژێرگاریگەری ئاو و هەوای دەریای ناوەڕاست، هاوینی وشکە و زستانی سارد و باراناوییە[٦]، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ بەرزی لە ئاستی ڕووی دەریاوە، لەگەڵ ئەوەشدا چیاکانی دەورو بەری شار بە دێژایی ڕۆژ خۆر لە هەموو ڕوویەکیان نادات[٧]، ئەمەش وای کردووە لە سەر هەندێك لوتکە چیاکانی شار لە وەرزی زستاندا بەفر بەسەرییەوە بمێنیتەوە[٨]، بەفریش بە زۆری لە مانگی کانونی یەکەم و کانونی دووەم دا دەبارێت[٩]، سەبارەت بە دابارین لە شاری سلێمانی کەوتووەتە سەر هێڵی بارانبارینی(٦٠٠ملم)ی سالانە، هەرچەندە ئەم ڕێژەیە لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکی تر جیاوازە[١٠].بۆنمونە ئەگەر سەیری ڕێژەی دابارین بکەین لە نێوان ساڵانی(١٩٨٠-١٩٨٨) بە ئاشکرا ئەو جیاوازییە بەدیدەکرێت، ئەوەتا لە ساڵی ١٩٨٢ ڕێژەی دابارین(٩٧٣ملم)بووە، لە کاتێکدا لە ساڵی ١٩٨٣دا (٤٨٤ملم)بووە[١١].ئەمەش جیاوازییەکی بەرچاوە، بەرزترین و نزمترین ڕێژەی بارانبارینیشە لە ماوەی ئەو دە ساڵەدا.

پلەکانی گەرما لە شاری سلێمانی، لە وەرزی زستاندا پلەی گەرما دادەبەزێت و لە هاویندا بەرز دەبێتەوە، بۆنمونە تێکڕای پلەی گەرمی کانونی دووەم(٣، ٣س)، تێکڕای مانگی تەمموز دەگاتە(٣٢س)، لەکاتێکدا تێکڕای

---

(١) سۆران محەمەد مستەفا: مێژوویی نەخشەی بنەڕەتی شاری سلێمانی، گ.سلێمانی، ژ٤، ئەیلولی ٢٠٠٠، ل١٠.

(٢) عبدعلى حسن الخفاف: التركيب الوظيفي لمدينة السليمانية الكبرى، المجلة العلمية لجامعة السليمانية، المجلد٣ العدد٢، مطبعة مديرية دار الكتب لطباعة و النشر، ١٩٧٧، ص٦.

(٣) ئاکۆ عەبدولکەریم شوانی:س.پ، ل١٥.

(٤) سەردار محەمەد عبدالرحمن و هۆشیار محەمەد ئەمین خۆشناو: الأطلس السياحي لاقليم كوردستان العراق(لاثار و السياحة)، الطبعة الطبعة الاولى، اربيل، ٢٠١٠، ص١٥.

(٥) جەمال بابان:سلێمانی شارەگەشاوەکەم، بەرگی یەکەم و دووەم، چ٢، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٢، ل١٧.

(٦) دەستەیەك لە خوێندکاران:توێژینەوەی زانستی بەشی جوگرافیای زانکۆی سلێمانی، کتێبی سلێمانی، بەرگی یەکەم، چ١، چاپخانەی چاپخانەی ئۆفیسێتی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل١٢٢؛ هەوراز جەوهەر مەجید:س.پ، ل٢٣.

(٧) مهربان نوشيروان فؤاد:اثر الشكل الارض على الحرارة و الامطار في مدينة السليمانية و ماحولها من جبال، رسالة ماجستير(غيرة منشورة)، كليةالعلوم الانسانية-جامعة السليمانية، ٢٠٠٧، ص١٦٢.

(٨) شازاد جمال فتح الله:تحليل استعمالات الارض ضمن المخطط الاساس لتحرير اتجاهات النموالعمراني لمدينة السليمانية، رسالة ماجستير(غير منشور)، مركز التخطيط الحضري و الاقليمي للدراسات العليا-جامعة بغداد، ٢٠٠٠، ص٤٥.

(٩) جەمال بابان:بەگی یەکەم و دووەم، س.پ، ل٢٠.

(١٠) شازاد جمال فتح الله:م.س، ص٤١.

(١١) جەمال بابان:سلێمانی شارە گەشاوەکەم، ب٤، چ٢، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٢، ل ل١٥٠-١٥١.

پلەی گەرمای ساڵانە (١٧، ٩)[١]. بای شاری سلێمانی لە جۆری باکوری خۆرهەڵاتە بە پلەی یەکەم، بای باشوری ڕۆژهەڵات بە پلەی دووەم دێت، تێکرای خێرایی با دەگاتە(٢، ٥م/چرکە)، ئەمەش وای کردووە تارادەیەك بێزارکەر بێت، چونکە لە هاویندا گەرمایەکی زۆر لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت و لە زستاندا هەوایەکی ساردی هەیە، ئەم بایە بە (ڕەشەبای سلیمانی) ناسراوە[٢].

سەبارەت بە ڕەوشی کارگێڕی شاری سلێمانی مێژووەکەی بۆ سەدەی شازدەهەم و سەردەمی دەسەڵاتی عوسمانی دەگەڕێتەوە[٣]، بەڵام لە سەردەمی بەریتانیەکان و پاشایەتیشدا گۆڕان و بەرەوپێشچوونی زۆری بە خۆیەوە خۆیەوە بینیووە، چونکە سلێمانی لەڕووی شەقام ، گەرەك ، بیناو ژمارەی دانیشتوان گۆڕانی بەسەردا هاتووە[٤].

لە ماوەی لێکۆلینەوەکەدا شاری سلێمانی بە پێی یاسای ئۆتۆنۆمی(١١ی ئاداری/١٩٧٤) پیکهاتبوو لە ناحییەکانی(سەرچنار، تانجەرۆ، بازیان، قەرەداغ) رووبەری هەموویان(٢٢٧٧کم٢)بووە، سەبارەت بەپێکهاتەی گشت پاێزگاکە قەزاکانی:(سلێمانی، هەڵەبجە، پێنجوێن، شارباژێڕ، پشدەر، ڕانیە، دوکان، دەربەندیخان، کەلار، چەمچەماڵ) بەسەرجەم گوند و ناحییەکانی سەر بەو قەزایانە دەگرێتەوە، ڕوبەری گشتی پارێزگاکە(١٥٧٥٦کم٢)بووە[٥].لەڕووی بەڕێوەبردنی کاروباری کارگێڕی شارەکەشەوە پاریزگار بەپرسی کارگێڕی پاێزگاکەبووە و نوێنەری وەزارەتەکانی حکومەتیش بووە، قەزاکانیش لەلایەن قایمقام و ئەنجومەنی کارگێڕییەوە بەڕێوەدەبرا، قایمقام سەرۆکایەتی ئەنجومەنی کارگێڕی قەزاکەشی کردووە و بەرپرسی سەقامگیری و هەڵسوڕاندنی کاروبارو بەدواداچوونی کاری خەڵکی لە چوارچێوەی قەزاکەدابووە، بەڕێوەبەری ناحیەش گەورەترین دەسەڵاتی ناحییە و بەرپرس بووە لە بەڕێوەبردنی ناحییەکەو دانان و لابردنی لەلایەن وەزیری ناوخۆوە بووە، لەپاڵ ئەمەشدا هەندێك جار بەڕێوەبەری ناحیە دەسەڵاتی سزادانیشی هەبووە ، بە تایبەتی ئەگەر لە ناحییەکەدا دادگەی لێنەبوایە، ئەویش لەسەر پێشنیاری وەزیری ناوخۆ و ڕەزامەندی وەزیری داد دەبوو[٦].

بەڕێوەبەری شارەوانیش کە یەکەیەکی کارگێڕی بووە، دوای شۆڕشی ١٤ی‌تەمموزی ١٩٥٨ بەپێی یاسای ژمارە ٤٥ ی وەزارەتی شارەوانی ١٩٦٠ دامەزراوە.ئەویش لە سەرۆکی شارەوانی و ئەنجومەنی شارەوانی پێکهاتبوو، لە پرسە خزمەتگوزاری و کەم و کوڕییەکانی شاریان کۆڵیوەتەوە.شارەوانی سلێمانی لە ڕیزبەندی شارەوانییەکانی عێراقدا پلەی (باش)ی هەبووە[٧].سەبارەت بە دانانی سەرۆك شارەوانییەکان لە سەرەتادا بە هەڵبژاردن بووە، تەنها

---

(١) کۆمەڵێك مامۆستای زانکۆ: جوگرافیایی هەرێمی کوردستان، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی هەولێر، ١٩٩٨، ل٧٧.

(٢) بيان علي حسين محمد:سكان مدينة السليمانية (دراسة الجغرافية)، رسالة ماجستير(غيرة منشورة)، جامعة بغداد، قسم الجغرافيا، ص ص١٠-١١؛ صلاح الدين حەفيد: ئابوری کوردستان، بلاوکراوەی سەنتەری ستراتیجی کوردستان، چ١، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل١٧.

(٣) توانا ڕەشید کەریم: سلێمانی لە نێوان ساڵانی(١٩٤٥-١٩٥٨)، لێکۆڵینەوەیەك لە بارودۆخی سیاسی و ڕۆشنبیری، چ١، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٢، ل٣١.

(٤) ئەکرەمی مەحمودی ساڵی ڕەشە:شاری سلێمانی ، پێداچونەوە و پێشەکی د.عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، بەرگی یەکەم ، چ٢، دار الحريه لطباعة، بغداد، ١٩٨٧، ل١٤.

(٥) ئەمین قادر مینە:ئەمنی ستراتیجی عێراق و سێکوچکەی بەعسییان تەرحیل ، تەعریب ، تەبعیس، ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی، ٢٠١٢، ل٦٥-٦٦.

(٦) هەوراز جەوهەر مەجید:س.پ، ل٢٨- ٢٩.

(٧) مەحمود قەرەداغی: دروستبونی شارەوانییەکان و پێشکەوتنیان، گ.سلێمانی، ژ٣، ئابی٢٠٠٠، ل٢٢.

بریکارەکان نەبێت، بەڵام لەساڵی ١٩٦٩ بەدواوە بە پێی فەرمانێك وشەی بەڕێوەبەر شوێنی (سەرۆك)ی گرتەوە لەبەرئەوەی لەو ساڵە بەدواوە تا راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ بە هەڵبژاردن کەس نەکراوە بە بەڕێوەبەرو هەموویان بەپێی فەرمانێك کە لە (امانه العاصمه)ەوە دەردەچوو پلەی بەڕێوەبەری شارەوانییان پێدراوە، هەندێك جاریش لە وەزارەتی حکومی محەلییەوە ئەو پلەیەیان دەدانێ[1].ئەوکەسانەی پۆستی بەڕێوەبەری شارەوانی سلێمانییان وەرگرتووە لە ماوەی نێوان ساڵانی(١٩٨٠-١٩٨٨) ئەمانە بوون:(عوسمان محەمەد فوئاد، کەمال تۆفیق نادر، محەمەد ڕەفیق عومەر، ئەحمەد حەمید عەلی بامەڕنی، کەمال عەبدوڵڵا محەمەد، عەزیز بەکر ئەحمەد)[2]، هەریەکە لە مانە بە پێی تواناو دەسەڵاتی خۆی خزمەتی شارەوانی سلێمانییان کردووە.

---

(١) عبدلخالد صابر: شارەوانی و سەرۆك و وەکیلەکانی(١٨٩٠-٢٠١٠)، چ٢، سلێمانی، ٢٠١٠، ل١٣.

(٢) بۆزانیاری زیاتر لەسەر ژیان و کارو ماوەی دەسەڵاتەکانیان بڕوانە// هـ.س، ل١٦٥- ١٧٦.

**دووەم: ڕەوشی ئابوری:**

شاری سلێمانی لە ڕووی ئابورییەوە گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە، چونکە هەڵکەوتەی شوێنەکەی وای کردووە کە ناوەندێکی گرنگی چالاکی بازرگانی و سەرە ڕێی قافڵە بازرگانییەکان بێت لە کۆن و ئێستاشدا، ئەمەش بە هۆی نزیکی لە سنوری وڵاتی ئێران[1]. لەلایەکی دیکەشەوە، بەهۆی بوونی سەرچاوەی ئاوی زۆر و خاکی بە پیت ودەرامەتی سروشتی مەڵبەندێکی گرنگی چالاکییە ئابورییەکان بووە[2]. بێگومان لەناو چالاکییە ئابورییەکاندا مرۆڤ ڕەگەزێکی گرنگ و بزوێنەری ئەوچالاکیانەیە، بۆیە دیاریکردنی هێزی مرۆی لە چالاکییە ئابوریدا پێوەرێکە بۆ هەڵسەنگاندنی چالاکییە ئابورییەکان[3]. سەبارەت بە گرنگی شاری سلێمانی لەڕووی ئابوری و کشتوکاڵیەوە (تۆماس بۆیس)[4] دەڵیت:"سلێمانی یەکێکە لە شارە گرنگەکانی عێراق و ناوەندیکی زۆر گرنگی کشتوکاڵی و کەلتورییە"[5]. چالاکی کشتوکاڵی و ئاژەڵداری لە ناوچەی سلێمانی بە پلەی یەکەم دێت بە گوێرە ئاماری ساڵی ١٩٨٨ بە جۆریَ تێکڕای روبەری ئەو زەوییانە ی کە بۆ کشتوکالَ دەست دەدەن(١٧٧٤٠٠٠)دۆنم بووە[6] ، بەرهەمە کشتوکاڵییەکانیش دوو جۆر بوون(هاوینەو زستانە)، بەرهەمە زستانیەکان بە شێوەیەکی سەرەکی(گەنم و جۆ)، هاوینەکانیش(توتن، لۆکە، برنج) بوون[7].لەبەر ئەوەی چالاکی کشتوکاڵی زیاتر لە چوارچێوەی پاێزگای سلێمانیدا دیدەکرێت وەك لە قەزای مەڵبەندی سلێمانی، بۆیە بە پێویست دەزانرێت ڕێژەی بەرهەم و زەوی کشتوکاڵی و ئەوانەی بەو پیشەوە خەریکن لە چوارچێوەی پارێزگاکەدا بخرێتە ڕوو، بۆ ئەمەش پشت بە دوو ئامار دە بەسترێت، یەکەمیان ساڵی ١٩٧٧ و ئەوتریان ١٩٨٧ وەك سەرەتاو کۆتای ئەو ماوەیەی کە مەبەستمانە چالاکییە ئابورییەکانی پیَ بخەینە روو :-

بە پێی سەرژمێری ساڵی ١٩٧٧ ژمارەی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی (٦٩٠٥٥٧)کەس بووە، لەو ژمارەش(٩١٧٧٧) کەس خەریکی چالاکی کشتوکاڵی بوون، کە دەکاتە ڕێژەی (١٣، ٢٩٪) کۆی گشتی دانیشتوانی پارێزگاکە، هەر بەپێی ئەم سەرژمێرییە ژمارەی گوند نیشین(٣٦٤٩٥٥) کەس بووە، کە دەکاتە(٥٢، ٨٤٪)کۆی گشتی دانیشتوان. بەڵام ژمارەی دانیشتوان بە پێی سەرژمێری ساڵی ١٩٨٧(٩٥١٧٢٣) کەس بووە، گوندنیشینان(٢٧٠٨٦٦)کەس بووە، کە دەکاتە ڕێژەی (٢٨، ٤٦٪)کۆی گشتی دانیشتوان بووە، واتە بە ڕێژەی(٢٥، ٧٨٪)کەمیکردووە، بە پێی هەمان سەرژمێری(٢٨٥٦١)کەس بە چالاکی کشتوکالییەوە خەریك بون، کە دەکاتە

---

(١) نەوزاد موهەندیس: کوردو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەبەردەم گۆرانکاری گەورەو کتوپڕدا، چ١، چاپخانەی شڤان، ٢٠٠٦، ل١٢٠- ١٢١.

(٢) دەستەیەك لە خوێندکاران:س.پ، ل١٣١.

(٣) الدکتور صلاح الدین : الوضع الاقتصادي في کردستان العراق و اهم مشاکلة-اقتصادیات محافظة السلیمانیة، چ١، سلیمانی، ١٩٩٢، ص٢٢.

(٤) گەریدەیەکی فەرەنسییە و لە ساڵی ١٩٦٥ هاتووەتە کوردستان و سەردانی شاری سلیمانی کردووە و کتێبێك لەسەر کورد دەنوسێت بە ناوی(the kurd).

(5) Thomas Bois:The kurds ‹translated from the French by professor M.W.M Welland ‹Khayats ‹Beirut ‹ 1996 ‹p5.

(٦ ) جەمال بابان: سلێمانی ... ب٣، س.پ، ل٢٨٤.

(٧) تونا ڕەشید کەریم:س.پ، ل٣٨.

ڕێژەی(٣٪) کۆی دانیشتوان واتا بە ڕێژەی (٦٨، ٨٨٪)کەمیکردووە[١]، لێرەدا گۆڕانکاری گەورە بەدیدەکرێت لەنێوان ژمارەی گوندنیشینان و شارنیشینان کە گاریگەری گەورەی هەبووە لەسەر چالاکی کشتوکاڵی و ئاژەڵداری، چونکە بەشێکی زۆری هێزی کاری گوندەکان کە بە کشتوکاڵ و ئاژەڵدارییەوە خەریك بوون کۆچیان کردووە بۆ شار، ئەمەش لە ئاکامی سیاسەتی حکومەتی بەعسەوە بووە، کە لەوماوەیەدا دانیشتوانی گوندەکانی بۆ شارو ئۆردوگا زۆرەملێ کان ڕاگواستووە.[٢]

ڕێژەی بەرهەمهێنان لە شاری سلێمانی، لە ساڵی ١٩٧٧ بۆ ساڵی ١٩٨٧ بە ڕێژەیەکی بەرچاو کەمیکردووە، ئەگەر تێبینی بکەین بڕی بەرهەم هێنانی گەنم (٩٠٨٠٠) تەن بووە، واتا بە ڕێژەی (٢١٩، ١٩٪) بەرزبووەتەوە لە چاو ساڵی ١٩٥٧، بەڵام لە ساڵی ١٩٨٧ کەمیکردووە بۆ (٦٠٨٠٠)تەن، واتا بە ڕێژەی (٣٣، ٠٣٪)کەم بووەتەوە[٣]. سەبارەت بە بەرهەمی جۆ کە یەکێکە لە مادە سەرەکیەکان بۆ ئالیکی ئاژەڵ و وەك کەرەستەی خاو دەچێتە بواری پیشەسازی بیرەوە(٤)، بەشداری دەکات لە ئاسایشی خۆراك، لەکاتی برسیەتی و کەم بارانی جیگەی گەنم دەگرێتەوە دەگرێتەوە و دەبێتە مادەیەکی سەرەکی خۆراك[٥]. سەبارەت بە بەرهەمی جۆ لە ساڵی ١٩٧٧ دا (٣٣٢٠٠) تەن بووە ، ، بەڵام ئەم بڕە لە ساڵی ١٩٨٧ دا بۆ (٨٨٠٠) تەن دابەزیوە، واتە بە ڕێژەی(٧٣، ٤٩٪) کەمبووەتەوە. بەرهەمی برنج لە ساڵی ١٩٧٧دا (٤٣٣٠)تەن بووە، بەڵام لە ساڵی ١٩٨٧ کەمیکردووە بۆ(١٠٠)تەن[٦] هۆکارەکەی جەنگی عێراق-ئێران ، لەلایەك و شەڕی حکومەتی بەعس لەگەڵ هێزی پێشمەگە لەلایەکی ترەوە بووە. جگە لەم بەرهەمانە، بەرهەمە پاقلە مەنییەکان، وەك(ماش، پاقلە، لۆبیا، نیسك، نۆك)هەبووە، ئەمە جگە لە بەرهەمی سەوزەواتی زستانە و هاوینە و بەرهەمی میوە وەك(ترێ، سێو، هەنار، هەرمێ، گوێز، هەنجیر، شوتی، کاڵەك)[٧].

کەرتێکی دیکەی ئابوری لە شاری سلێمانی، کەرتی ئاژەڵدارییە، ئەم کەرتەش لە سلێمانیدا بایەخی خۆی هەبووە، گرنگترین ئەو ئاژەڵ و گیاندارانەی کە لە سلێمانی هەبوون بریتی بوون لە (مەڕ، بزن، مانگا ، گوێدرێژ، هیستر، گامیش) ئەم جۆرانەش هەریەکەك بە نۆبەی خۆی بەشداری کردووە لە پێکهاتەی ئابوری سلێمانیدا[٨].

---

(١) ڕێبوار خالد مصطفى: پارێزگای سلێمانی(١٩٦٨-١٩٨٨) توێژینەوەیەکی مێژوویی ئابورییە، نامەی ماستەر، بڵاونەکراوە، کۆلیجی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەدین، تشرینی دووەمی ٢٠١٤، ل١٣.

(٢) محسن ابراهيم احمد:واقع القطاع الزاعى في اقليم كردستان العراق و سبل تنمية خلال المدة(١٩٧٤-١٩٩٣)، دراسة لاقتصادية، رسالة ماجستير(غيرة منشورة)، جامعة صلاح الدين ، ١٩٩٤، ص٤٥.

(٣) ڕێبوار خالد مصطفى:س.پ، ل٤١.

(٤) ناهدة احمد محمود: دراسة امكانيات منطقة الحكم الذاتى و دورها في تحقيق الارض الغذائى في العراق، رسالة ماجستير(غير منشورة)، قدم الى مجلس كلية الادارة الاقتصاد، جامعة صلاح الدين، ١٩٩٢، ص٩٢.

(٥) لەنجە سەلاح عەبدالکەریم: شیکردنەوەیەکی جوگرافیایی بۆ بەرهەمهێنانی گەنم و جۆ لە پایزگای سلێمانی لە نێوان ساڵانی(١٩٩٧-٢٠٠٥)، چاپخانەی ئاوێنە، سلێمانی، ٢٠١٠، ل٤١-٤٥.

(٦) بۆزانیاری زیاتر لەسەر ڕووبەری زەوی چێنراو و بڕ و جۆری بەرهەم لە پارێزگای سلێمانی لە نێوان ساڵانی(١٩٧٧-١٩٨٧) . بڕوانە// پاشکۆی ژمارە( 1).

(٧) ڕێبوار خالد مصطفى:س.پ، ل٤٣-٤٤.

(٨) تونا ڕەشید کەریم:س.پ، ل٣٩.

پیشە گەریش چالاکییەکی ئابوری دیکەی ئەم شارە بووە، دیارترین ئەو پیشانەی کە باوبووە و خەڵکەکە پێوە خەریکبون بریتی بوون لە: (موتابچی، سابونسازی، جولاّیی، دەباغچی، دارتاشی، کلاّشچنین، بەرگدروو، چەخماخسازی، مسگەری، هەلاجی، ئاسنگەری، شیرگەری...هتد)[1] . ئەگەر چی ئەمانە لە قۆناغێکی پێشکەوتوودا نەبون و زیاتر وەکو پیشەی بچوك و تایبەت و سەربەخۆ هەبوون، رەگ و ریشەی ئەم پیشانە مێژوویەکی دێرینی هەبووە هەر لە کۆنەوە بەشێك لە دانیشتوانی شارەکەی پێوە خەریك بوون.

بێگومان لە دوای پەنجاکانەوە هەندێك گورانکاری لە رووی پیشەسازی و کارگەکانەوە بە دیدەکریت، ئەویش بە دامەزراندنی کارگەی چیمەنتۆی سەرچنار کە لە ساڵی ١٩٥٤ دەست بە دروست کردنی کراوە و لە ساڵی ١٩٥٧ تەواو بووە و بەرهەمی رۆژانەی(٣٥٠)تەن چیمەنتۆ بووە، نزیکەی (٤٠٧)فەرمانبەر و کرێکار کاریان تێدا کراوە[2]، بەلاّم لەساڵی ١٩٨٥ بەهۆی شەری ئێران و عێراقەوە لە کارکەوتووە، تا(١ی ئابی/١٩٩٠) لەکارکردن وەستاوە هەندێك لە ئامێرەکانی دران بە کارگەی چیمەنتۆی موسڵ و تاسلوجە. لە ساڵی ١٩٩٣ کەوتەوە کار و بەرهەمەکەی لە ساڵی ١٩٩٨دا (٤٤٦٣٤) تەن بووە[3]. کارگەی چیمەنتۆی تاسلوجەش لە ساڵی ١٩٨٤ کەوتووەتەکار و لە ساڵی ١٩٨٦ کەوتووەتە بەرهەمهێنان ، بەلاّم ئەویش لە ساڵی ١٩٩١ بەدوواوە وەستا هەتا ساڵی ١٩٩٧ جارێکی تر کەوتەوەکار و بەرهەمەکەی لەساڵی ١٩٩٨دا(٥١٣٦٨)تەن بووە[4].

یەکێکی دیکە لەوکارگانەی کە رۆڵی بەرچاوی لە چالاکی ئابوری شاری سلێمانی دا هەبووە کارگەی جگەرە و پوختەکردنی توتن بووە، ئەم کارگەیە لە ساڵی ١٩٥٦ دروستکراو لە ساڵی ١٩٦١ کەوتە بەرهەم هێنان و لە رۆژێکدا(٢، ٥)ملیۆن جگەرەی بەرهەمهێناوە[5]. لەپاشاندا ئەم کارگەیە گرنگی زیاتری پێداو لە ساڵی ١٩٧٦ دا ئامێرو ماکینەی نوێ دامەزراو بەرهەمێکی زۆری لە جگەرەی فلتەرداری لە جۆری پاکەتی(سەلاحەدین، بەغداد، سۆمەر) بەرهەمهێنا[6]. لە هەمان ساڵدا یاسایی ژمارە(١١٠) ی ساڵی ١٩٧٦ دەرچوو، کارگێری کارگەکە خرایە سەر وەزارەتی پیشەسازی و کانزاکان و پرۆسەی دیاریکردنی نرخی کرینی توتن بە ئەنجومەنی رێکخستنی بازرگانی سپێردرا، کە پێکهاتبوو لە نوێنەرانی وەزارەتی پیشەسازی کانزاکان، وەزارەتی کشتوکاڵ، دەستەی ناوەندی نرخ دانان[7]، کۆمیسیۆنێکی پێداچونەوەش دروستکرا بۆ ئەوەی جۆری توتنەکە پۆلێن بکەن و باش و خراپی دیاری

---

(١) بۆزانیاری زیاتر لەسەر پیشەگەرو بەرهەمەکانیان بروانە// ئەکرەمی ساڵحی رەشە:شاری سلێمانی، بەرگی یەکەم، بەغدد، ١٩٨٩؛عەباس مەلا ئیبراهیم حافز:سلێمانی لە بیرەوەرییەکانمدا، (ب.ن.چ)، سلێمانی، ١٩٩٩، ل٥١-٧٤

(٢) شاکرخصباك:العراق الشمالی- دراسة لنواحیة الطبیعیة البشریة، بغداد، ١٩٧٣، ص٤٨٩.

(٣) جەمال بابان:سلێمانی...، ب٤، س.پ، ل٣١٠.

(٤) هـ . س، ل٣١١.

(٥) جزا توفیق طالب: المقومات الجیوبولتیکیة للامن القومی في اقلیم کردستان، السلیمانیة، ٢٠٠٥، ص٣٢٧.

(٦) جەمال بابان: سلێمانی...، ب٤، س.پ، ل٣٠٩.

(٧) قانون تنظیم صناعة التبغ رقم(١١٠)، الوقائع العراقیة، رقم العدد(٢٥٥٠) في ١٩٥٢/٦/٥.

بکەن[1]، باش و خراپی توتنیش بەم شێوەیە بوو:(مومتاز) و (محسن یەکەم)(محسن دووەم)و(محسن سیٚ)و(غیرە محسن یەك)و(غیر محسن دوو)و(غیرمحسن سیٚ) هەر پلەیەکیش نرخی خۆی هەبوو[2].

کارگەی ترشاندنی توتن لە نیوان سالانی(١٩٨٣-١٩٨٤) دەست بە دروستکردنی کراو لە سالی ١٩٨٨ کارگەکە کرایەوە، لە ١٤ جامپەر پێکهاتبوو بۆ ترشاندی توتن بە بڕی (١١) هەزار تەن توتنی پوختەکراو لە سالیکدا[3]، ئەم کارگەیە لە دوای سالی ١٩٨٨ لەگەلٚ کارگەکانی جگەرەو پوختەکرنی توتن تێکەلٚ بە یەك کراون[4]، ڕۆلێکی بەرچاوی بەرچاوی لە دابینکردنی هەلی کار بۆ دانیشتوانی ناوچەی سلێمانی هەبووە بە جۆرێ لە سالی ١٩٨٧ نزیکەی ٩٠٠ کارمەند و کرێکار کارییان تێداکردووە[5].

بەرهەمی کارگەی جگەرە و پوختەکردنی توتن لە سلێمانی بە پێی سالەکان گۆڕانی بەسەردا هاتووە، هۆکاری ئەمەش بۆ بارودۆخی سیاسی و شەڕەکانی عێراق و تەرخانکردنی بەشێکی زۆری لە داهاتی ولات بۆ ئەم مەبەستە و راگواستن و چۆلکردنی بە شێك لە گوندەکان و کەمبونەوەی ژمارەی جوتیارەکان و پشت بەستنی حکومەت بە داهاتی نەوت و پشت گوێخستنی کەرتەکانی کشتوکالٚ و پیشەسازی بووە[6]. بۆنمونە ئەگەر بەراوردی بڕی بەرهەمی جگەرەی سۆمەر بکەین لە سالی ١٩٨٥ (٢٥٦٨٥٠٠٠/گرۆس)بووە لە سالی ١٩٨٨بڕەکەی کەمیکردووە بۆ(٢٣٣٥٣٠٠٠/گرۆس)[7]، ئەمەش پشتڕاستکردنەوەی ئەو راستییەی سەرەوەیە.

کارگەی شەکری سلێمانی کە لە سالی ١٩٧٦ کەوتبووەکار، بەلام لەبەر شەرەکانی عێراق لەگەلٚ هێزی پێشمەرگە و ئێران چەندجارێك کاری تێدا وەستێنرا، دواتر بە هۆی کۆمەلە گرفتێکەوە وەك(خەرجی زۆر و کەمی بەرهەم، بەرکەوتنی زیان بەکارگەکە لە جەنگی عێراق و ئێران، بی توانای حکومەتی عێراق لە بەڕێوەبردنی) دواجار فرۆشرا بە کەرتی تایبەت و لە سالی ١٩٨٧ بە یەکجاری لە کارکەوت[8]. لەگەلٚ هەموو ئەمانەشدا دروستکردنی ئەم کارگانە ڕۆلی هەبووە لە رووی بەهێزکردنی کەرتی ئابوری و بە پیشەسازیکردنی ناوچەکە ڕۆلیان هەبووە لە چاککردن و بەرزکردنەوەی ئاستی گوزەرانی دانیشتوانی سلێمانی، چونکە ئەم کارگانە بونەتە دەروازەیەکی گرنگ بۆ دەستکەوتنی هەلی کار و کەمکردنەوەی بێکاری[9]، دواجار بە سودی حکومەت و خەلك شکاوەتەوە.

جگە لەوکارگانەی باسکران لەماوەی نێوان سالانی (١٩٨٠-١٩٨٨) کارگەی جلو بەرگی ئامادەکراو لە سلێمانی یەکێکی دیکە بووە لەوکارگانەی کە ڕۆلی لە چالاکی ئابوری و بازرگانی شارەکەدا هەبووە، ئەم کارگەیە لەلایەن دوو

---

(١) ئاراس حسێن محمود و سیروان عومەر ئەحمەد: کاریگەری سیاسەتی ساغکردنەوە لەسەر بەرهەمهێنانی توتن لە کوردستان دا لەماوەی(١٩٧٥-١٩٩٠)، گۆڤاری سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیژی ، ژمارە٢٥، شوباتی ١٩٩٩، ل١٢٣.

(٢) جەمال بابان: سلێمانی...، بەرگی چوارەم، س.پ، ل٣٠٦.

(٣) نەوزادی موهەندیس:نیو سەدە لە مێژووی کارگەی جگەرەو پوختەکردن و ترشاندنی توتن لە شاری سلێمانی، چ١، چاپخانەی یاد، سلێمانی، ٢٠١٣، ل١٧٢.

(٤) جەمال بابان: سلێمانی...، ب٤، س.پ، ل٣٠٩.

(٥) چۆنییەتی بە بەعسی کردنی خەلك، رۆژنامەی ڕزگاری، ژمارە١٩، نیسانی ١٩٨٧، ل٥-٦.

(٦) نەوزادی موهەندیس: نیوسەدە...، س.پ، ل١٧٣.

(٧) هـ.س، ل٢٢٢.

(٨) ڕەشید خۆشناو:پڕۆژەی کارگەی شەکری سلێمانی، گ.سلێمانی، ژمارە٢٢، ئایاری٢٠٠٢، ل٢٣-٢٥.

(٩) نەوزادی موهەندیس: نیوسەدە...، س.پ، ل١٧٣، ٢٤٢.

کۆمپانیای ئەڵمانیای رۆژئاوا(پێشوو) لە ساڵی ١٩٨١ دا دامەزراوە، پانتایی شوێنەکەی هەژدە هەزار مەتری چوارگۆشەیە، یەکەم جار ناوی گارگەکە(دامەزراوەی گشتی دروستکردنی کاڵای ژنان)بوو، بە مەبەستی دروستکردنی گشت کاڵایەکی ژنانە بۆ هەموو عێراق، لە ساڵی ١٩٨٥ بەرهەمەکانی بە هەموو پارێزگاکاندا بلاو بووەتەوە[١].

یەکێکی تر لەو کەرتانەی کە پێگەی لەسەر ڕەوشی ئابوری شاری سلێمانی هەبووە، چالاکی بازرگانییە، بازرگانیش لە ناوچەکەدا مێژوویەکی کۆنی هەیە و لە رابردوودا گوندەکانی دەورو بەری سلێمانی هاتووچۆی شارەکەیان کردووە بە مەبەستی ساغکردنەوەی بەرهەمە ئاژەڵی و خۆراکییەکانیان و دابینکردنی ئەو پێداویستیانەی کە لە گوندەکاندا نەبوون وەك(چا، شەکر، کوتاڵ، سابون، کەتیرە...هتد)[٢]. لەلایەکی دیکەوە، بەهۆی دەوڵەمەندی ناوچەی سلێمانی بە بەرهەمی کشتوکاڵی و پیشەسازی و ئاژەڵداری، وای کردووە کە پێداویستی ناوخۆی خۆی دابین بکات و زیادەکەشی هەناردەی دەرەوە بکات[٣]. ئەوبەرهەمانەی ئاڵوگۆڕیان پێوە دەکرا بریتی بون لە(گەنم، جۆ، توتن، ماست، پەنیر، شیر، هەنار، ترێ، تور، شێلم...هتد)[٤].

بازرگانی ناوشاری سلێمانی زیاتر بازرگانی (عەتاری، بەقاڵی، جامبازی، کاسپی سەر پیی) بووە.[٥] لە رووی بازگانی ناوخۆوە سلێمانی پەیوەندی لەگەڵ شارەکانی(بەغدا، موسڵ، کەرکوك، هەولێر، کۆیە) هەبووە، بەرهەم و کەل و پەلەکانی(توتن، دانەوێڵە، بەڕوو، مازوو، ئاژەڵ و پێستە و خوری) لەگەڵ چەندین بەرهەمی دیکە ئاڵوگۆری بازرگانیان پێوەکراوە[٦]، ژمارەی بازرگانەکانی پایزگای سلێمانی کە مۆڵەتیان هەبووە و سەر بە ژووری بازرگانی و پیشەسازی بوون، لە ساڵی ١٩٨٧(٥٧٦٨) بازرگان بون، بازرگانی کەل و پەلی خۆراك پلەی یەکەمی گرتووە و ژمارەیان(١٦٢٣) بازرگان بووە، کە دەکاتە ڕێژەی(٢٨، ١٣٪) سەرجەم بازرگانانی سەر بە ژووری بازگانی و پیشەسازی سلێمانی، بازرگانانی کوتاڵ لە پلەی دووەم دێن ژمارەیان(٨١٣)بازرگان بووە دەکاتە ڕێژەی (١٤، ٠٩٪) لە پلەی سێیەم بازرگانانی ئامێری دەنگی دێن و ژمارەیان(٣٠١)بازرگان بووە و دەکاتە ڕێژەی(٥، ٢١٪)، پاشان بازرگانانی کەل و پەلەکانی تر دێن بە پێی ریزبەندی. لە و ژمارە بازرگانەی پایزگای سلێمانی، قەزای سلێمانی و دەورو بەری بە پلەی یەکەم دێن و زۆرترین بەشی چالاکی بازرگانی بەرکەوتووە و ژمارەیان نزیکەی (٤٥٠٧) بازرگان بووە، کە دەکاتە ریژەی (٧٨، ١٣٪) سەرجەم بازرگانانی سەر بە ژووری بازرگانی و پیشەسازی سلێمانی لە گشت پارێزگاکەدا، هۆکاری ئەمەش بۆ زۆری ژمارەی دانیشتوانی سلێمانی لە چاو شارەکانی دیکە و ، بونی ئەم شارە وەك ناوەندێکی سەرەکی بازرگانی، کە زۆرترین چالاکی بازرگانی لەم شارە ئەنجام دراوە[٧].

بە شێوەیەکی گشتی، دەگەینە ئەو ڕاستییەی، کە چالاکی بازرگانی لە شاری سلێمانیدا بەرزو نزمی بەخۆیەوە بینیوە، ئەویش بە هۆی خراپی بارودۆخی سیاسی ناوچەکە و سیاسەتی دوژمنکاری بەعس بەرامبەر بە کورد بە

---

(١) جەمال بابان: سلێمانی...، ب٤، س.پ، ل٣١١.

(٢) ئەنوەر محەمەد قەرەداخی: شەقامی سابونکەران و بازرگانی و کشتوکاڵ لە سلێمانیدا، گ.سلێمانی، ژ٨٣، تەموزی٢٠٠٧، ل٢١.

(٣) بەختیار سەعید مەحمود: لیوای سلێمانی(١٩٢١-١٩٥٨)، لێکولینەویەك لەبارودۆخی ئابوری، بلاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیجی، سلێمانی ، ٢٠١٣، ل١٢٣.

(٤) وەستا عەباس دارتاش(عەباس مەلائیبراهیم حافز): سلێمانی لە بیرەوەریەکانمدا، (ب.ش)، ١٩٩٩، ل٢١.

(٥) ا.ب.هەوری: شاری سلێمانی لەسالآنی(١٩٢٥- ١٩٢٦)، گ.بەیان، ژمارە٢٨، ئابی ١٩٧٥، ل٢٨.

(٦) ڕێبوار خالد مصطفی:س.پ، ل٢٥.

(٧)هـ . س ، ل١١٧.

تایبەت لە دوای ساڵی ١٩٦٨. لە ساڵی ١٩٧٠ بەهۆی دەرچونی بەیاننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠و دروست بونی کە شێکی ئارام چالاکی بازرگانیش پێشکەوتووە، بەڵام لەدوای ساڵی ١٩٧٤ و دەستپێکردنەوەی شەڕو تێکچونی بارودۆخی سیاسی، دیسان بازرگانی پاشەکشەی کردووە، لە ماوەی نێوان (١٩٨٠– ١٩٨٨) بە هۆی جەنگی نێوان عێراق و ئێران، وڵات توشی وێرانی و داڕوخانی ئابوری بووە، بازرگانیش وەك کەرتێکی ئابوری پاشەکشەی کردووە.

## سێیەم: ڕەوشی کۆمەڵایەتی:

ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی لە کوردستان دا لەسەر بنەمای عەشرەت و خێڵ و ئاغا و دەرەبەگ دروست بووە، بەڵام شاری سلێمانی ھەبووە لە تێکشکاندنی نەخشەی خێڵەکی ناوچەکە، ئەمەش دەرفەتێکی باشتری بۆ پەرەسەندی پەیوەندی جەماوەری ڕەخساندووە[1].

بێگومان جگە لە داب و نەریت و ئاین وئاینزاکان کە کاریگەرییان لەسەر ڕەوشی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە ھەیە، لەگەڵ ئەوەشدا نابێ ئەو ڕاستییەمان لە بیر بچێت کە ڕەوشی کۆمەڵایەتی تا ئەندازەیەکی بەرچاو ڕەنگدانەوەی باری ئابوری و گوزەرانی خەڵکە[2]، بۆیە ئەگەر سەیری دابەشبونی چینەکانی شار بکەین بە ئاشکرا کاریگەری ئابوری لەسەر ئەو دابەش بونە بە دیدەکەین و چینەکانی شار بە پێی باری ئابوری و پیشەکەیان جیاکراونەتەوە، گرنگترین چینەکانیش بریتی بوون لە (دەرەبەگە موڵکدارەکان، جوتیاران، بۆرژواکان، کریکاران)[3]، ھەریەکە لەم چینانە بە پێی پێشکەوتنی شارو گۆرانکاری ئابوری و پیشەسازی گۆرانییان بەسەردا ھاتووە، بۆ نمونە چینی کریکار ھەتا ساڵی شەستەکان بەشێوەیەکی فراوان دەرنەکەوتبون و ژمارەیان کەم بووە[4]، چونکە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە کەرتی پیشەسازییەوە ھەیە، ئەم کەرتەش ھەتا ئەوکاتە کەرتێکی پێشکەوتوو کاریگەر نەبووە، بەڵام لەماوەی نێوان ساڵانی(١٩٨٠-١٩٨٨) بەرەو پێشچونی بەخۆوە بینیوە، ئەویش بە ھۆی ئەوکارگانەی کە لە شارەکەدا ھەبوون، ھەرچەندە بە شێوەیەکی بەرچاو نەبووە.

لە ڕوی ئاینیشەوە، ھەردوو تەریقەتی( قادری ، نەقشبەندی) ڕۆڵ وکاریگەری گەورەیان لەسەر شاری سلێمانی ھەبووە، ھەریەکەیان مورید و شوێنکەوتەی تایبەت بە خۆیان ھەبووە[5].ھەروەھا جێنزرگەی شێخ و پیاوانی ئاینی لە لە شارەکەدا ھەبوون و بەشێکی دانیشتوانی شار سەردانیان کردووە و بە شوێنیکی پیرۆز سەیر کراون، ئێستاشی لەگەڵ بێت جێنزرگەی ئەو شێخ و پیاوە ئاینییانە سەردانی کەری خۆیان ھەیە و ھەندێك جار وەك فریاد ڕەس تەماشا کراون و لێیان پاڕاونەتەوە و بە مەبەستی بە دیھێنانی ھەندێك ئاوات و مەبەستی تایبەتی وەك: (ژنھینان، نزاکردن، شوکردن، مناڵ بوون، دۆزینەوەی شمەکی ونبوو، چارەسەری نەخۆشی و ....ھتد). نمونەی ئەو شوێن و جێنزرگانە وەك(، پیرمیکامیل، شێخ عەباس، پیرمەسوور، شێخ جافر، پیری شەوکێل، کاسەو کەوچك، نزرگەی کاك ئەحمەدی شێخ...ھتد)[6]، کاریگەری ئەم شێخ وپیاوە ئاینییانە بە ئاشکرا لەسەر کۆمەڵگەی شاری سلێمانی

---

(١) ڕوودھۆف-میخایل لێزێنبرگ-پیتەر مولەر: ھەڵبژاردنەکانی کوردستانی عێراق ١٩ ی مایسی١٩٩٢ ئەزمونێکی دیموکراسیانە، و/صفوەت رشید صدقی، چ٢، چاپخانەی ئەزمەڕ، سلێمانی، ٢٠١٣، ل٣١.

(٢) د.ئاکۆ عەبدولکەریم شوانی: شاری سلێمانی(١٩٣٢- ١٩٤٥) لێکۆلینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە، چ١، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل٣٣.

(٣) بۆزانیاری زیاتر لەسەر پێکھاتە و تایبەتمەندی چینەکان بڕوانە// ھەوراز جەوھەر مەجید:س.پ، ل٤٣.

(٤) ھ.س، ھ.لاپەڕە

(٥) عەتا قەرەداغی:سلێمانی (زەمینەی پەرەسەند و ململانێی تەسەوف)، چاپخانەی بەرھەم، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل١٤-

(٦) بۆزانیاری زیاتر لەسەر ئەو شوێن و نزرگە ئاینییانە لە شاری سلێمانی و مێژووەکەیان و کاریگەرییان لەسەر خەڵك و تەنانەت شاعیرانیش بروانە// جەمال بابان: سلێمانی...، ب٤، س.پ، ل١٠٩- ١١٦.

دەردەکەوێت، بەجۆرێك زۆربەی گۆڕستانەکانی شار بە دەوری ئەم کەسایەتییە ئاینیانە دروست بوبون، لەوانە(شێخ ئەحمەی هندی، شێخ محێدین، شێخ مارف)[1]، بەلاَم کاریگەری ئەمانە وردە وردە بە پێی قۆناغەکان ڕوولەکەم بونەوەبووە.

سەبارەت بە جل و بەرگ و پۆشاکی پیاوان و ژنان، شاری سلێمانی جیاواز لە شارەکانی تری باشوری کوردستان و پێش ئەوان گۆرانی بەسەردا هاتووە و، لە دوای ساڵی شەستەکان وسەرەتای حەفتاکان دیاردەی پەچە ڕوو لە نەمان بووە [2]، بەرێژەیەکی زۆر کەمیش سفوری پەیدا بووە، وەك شێرکۆ بێکەس دەڵێت:"هەندێك لە کچانی بنەماڵەی قەفتانەکان سەردەق شکێنی ئەم سفور بونە بون[3]".

لە شاری سلێمانی دا ، چایخانە و گازینۆکان، ڕوویەکی تری ڕەوشی کۆمەلاَیەتی شار پێکدەهێنن، بەمەبەستی پشودان و گفتوگۆ و ئالوگۆری بیرورا و دەنگ و باسی چالاکییە سیاسی و رۆشنبیرییەکان خەڵکێکی زۆر ڕوویان لەم شوێنانە کردووە[4]، لەم ڕووەوە چایخانەی شەعب ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە، شوێنی بەیەکگەیشتنی هونەرمەند و شاعیرو نوسەر و ڕۆشنبیران بووە، چایخانەی کاروخیش لە نزیك مزگەوتی گەورە لە ساڵانی هەشتاکاندا بەشێك لە ڕۆشنبیرانی شار رویان تێکردووە[5].

سەبارەت بە پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوانی شاری سلێمانی ئەوا لە چاو پارێزگا و شارەکانی تری باشوری کوردستان یەك ڕەنگترە، زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانی شاری سلێمانی کوردن، لە نێو پارێزگاکانی دیکەدا پلەی یەکەمی گرتووە[6]، بۆزیاتر ڕوون کردنەوەی ئەم بابەتە چاوێك بە سەرژمێرییە فەرمییەکانی عێراقدا دەخشێنین، بۆنمونە لە سەر ژمێری ساڵی ١٩٥٧ دا ڕێژەی(٩٨، ٤٪) دانیشتوانی شاری سلێمانی کورد بوون، ڕێژەی(١، ١٪) عەرەب، تورکمان(٠، ١٪)، کلدان و سریان(١٪)ی پێکهاتەی نەتەوەی شارەکەیان پێکهێناوە[7]. بێگومان پێکهاتەی نەتەوەی شاری سلێمانی لە ساڵی ١٩٧٧ دا گۆرانی بەسەردا هاتووە ئەویش بە هۆی سیاسەتی بەعەرەبکردنی حکومەتی عێراقەوە بووە بە جۆرێك ڕێژەی کورد لە(٩٨، ٤٪)ەوە کەمیکردووە بۆ(٩٤٪) و ڕێژەی عەرەب لە(١٪) ەوە بەرز بووەتەوە بۆ(٥، ٥٪)[8]، هەر سەبارەت بە پێکهاتەی نەتەوەی دانیشتوان لە سەنتەری شاری سلێمانی و قەزای

---

(١) غەفوری میرزاکەریم:کێوماڵێ بەناو بیرەوەرییەکانمدا، چاپخانەی هەمیشە، سلێمانی، نەورۆزی ٢٠٠٠، ل١١١.

(٢ ) نسرەدین میرزا حسێن: جل و بەرگی مۆدەی کوڕان و کچانی شاری سلێمانی لە ساڵانی چل و پەنجاکانی سەدەی رابردوو، بەشی یەکەم، گ.سلێمانی، ژمارە١٠٩، تشرینی دووەمی ٢٠٠٩، ل٤٧.

(٣) نوسین بە ئاوی خۆڵەمێش، ژیاننامە و بیرەوەری، بەرگی یەکەم، چ١، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٣، ل٧٧.

(٤) سۆران مەحوی: چایخانە و قاوەخانە وگازینۆکانی لەمەوبەری شار، گ.سلێمانی، ژمارە٢٨، تشرینی دووەمی ٢٠٠٢، ل٣٥.

(٥) بۆ زانیار زیاتر لەسەر میژووی چایخانەی شەعب و گفتوگۆی نێوان شاعیر و رۆشنبیران بڕوانە// شێرکۆ بێکەس:نوسین بە ئاوی خۆڵەمێش...، بەرگی دوو، س.پ، ل٢٥٧- ٢٥٨.

(٦)عەبدوالله غەفور: پێکهاتەی نەتەوەی دانیشتوان لە باشوری کوردستان بە گوێرە سەرژمێری دانیشتوانی عێراق-١٩٧٧، چ٢، چاپخانەیدەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٧، ل١٧- ١٩.

(٧) الجمهورية العراق وزارة الداخلية النفوس العامة المجموعة الاحصائية لتسجيل عام ١٩٥٧، ليوا السليمانية و كركوك، مطبعة العانى، بغداد، ص١٠٧.

(٨) جەزا تەوفیق تالب: پێکهاتەی نەتەوەی دانیشتوان لە کوردستاندا، گ. سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژمارە٢، ساڵی حەوتەم، مایسی١٩٩٩، ل١٦.

مەڵبەندی سلێمانی ڕێژە و ژمارەیان بەم شێوەیە بون: کورد ژمارەیان(١٦٥٤١٤) و ریژەی(٩٤، ٣٪) ی پێکهێناوە، عەرەب(٨٤٢٠) و ڕێژەی(٤، ٨٪) بووە لە ساڵی ١٩٧٧دا[1]. هۆکاری ئەو ژماری زۆرەی عەرەب لە ساڵی ١٩٧٧دا بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە:-

١-مۆڵدانی ژمارەیەکی زۆر سەرباز بە مەبەستی کۆنترۆڵکردنی شاری سلێمانی و بڕینی پەیوەندی و هاوکاری لە پێشمەرگە.

٢- پەیڕەوکردنی سیستەمی سەرژمێری کاری لە تۆمارکردنی دانیشتوان[2].

لە دوای ساڵی (١٩٧٧) ەوە هەتا ساڵی ١٩٨٧ پێکهاتەی نەتەوەی دانیشتوان گۆرانکاری گەورەی بەسەردا نە هاتووە، جگە لە بەرز بونەوەی ریژەی عەرەب لە شارەکەدا، پێکهاتەکانی دیکە لە ساڵی ١٩٧٧ دا لە نێو سەنتەری شارو قەزای مەڵبەندی سلێمانیدا بەم شێوەیە بووە: (فەیلی ٠، ٠٢٪)، (تورکمان٠، ١٨٪)، (ئەرمەن٠، ٠٢٪)، (سریان٠، ١٨٪)، (ئەوانی تر٠، ٥٪)[3].

سەبارەت بە ژمارە و ڕێژەی شارنیشینی و گوندنیشینی لە قەزای مەڵبەندی سلێمانی بۆ هەردوو ساڵی ١٩٧٧، ١٩٨٧ بەم شێوەیە بووە، لە ساڵی ١٩٧٧ لە ناوەندی قەزاکەدا ژمارەی دانیشتوان(١٧٥٤١٣) کەس بووە، ژمارەی دانیشتوان بە ناحییەکانی(سەرچنار، تانجەرۆ، بازیان، قەرەداغ)ەوە لە هەمان ساڵدا(٢٤٥٧٢١)کەس بووە، لەو ژمارەش (٥٦٣٣٠)کەسی گوندنیشین بون، (١٨٩٢٩١) کەسی شارنیشین بوون، ژمارەی دانیشتوان لە قەزای مەڵبەندی سلێمانی لە ساڵی ١٩٨٧دا(٣٦٤٠٩٦)کەس بووە، ژمارەی دانیشتوان بە ناوەندی قەزاو ناحییەکانی(سەرچنار، تانجەرۆ، بازیان)[4]ەوە، لە هەمان ساڵدا(٤٢١١٣١)کەس بووە، لەو ژمارەیەش(٤١٦٦٨) کەسی گوندنیشین بوون و(٣٧٩٤٦٣)کەسی شارنیشین بووە [5] ، تێبینی دەکرێت ژمارەی گوندنیشین و شارنیشین لە نێوان ساڵانی(١٩٧٧- ١٩٨٧)دا گۆرانی گەورەی بەسەردا هاتووە، بە جۆرێك ژمارەی گوندنیشین (٥٦٤٣٠) کەسەوە لە ساڵی ١٩٧٧ن کەمیکردووە بۆ (٤١٦٦٨) کەس لە ساڵی ١٩٨٧، ئەمە لە کاتێکدا ژمارەی شارنیشینان لە ساڵی ١٩٧٧ لە(١٨٩٢٩)کەسەوە زیادی کردووە بۆ(٣٧٩٤٦٣)کەس لە ساڵی ١٩٨٧دا، هۆکارەکەشی بۆشاڵاوەکانی ئەنفال و ڕاگواستنی گوندەکانی دەوروبەری شاری سلێمانی دەگەڕێتەوە، ئەمەش وای کردووە بەشێکی زۆری گوندنیشینان ڕوو لە شاری سلێمانی بکەن لەو ماوەیەدا. بۆ نمونە لە ساڵی ١٩٨٧ لە کۆی(١٨٧٧) گوند لە سنوری پارێزگای سلێمانی(١٦٩١) گوند ڕوخێنرا و دانیشتوانەکەی ڕاگوێزراون[6]. بەم شێوەیە دەبینین هۆکاری سیاسی ڕۆڵێکی بەرچاوی بینیوە لە زۆربونی ژمارەی شارنیشینان و کەم بونەوەی گوند نیشینان لە ماوەی نێوان ساڵانی(١٩٧٧-١٩٨٧) دا.

---

(١) عەبدوالله غەفور:س.پ، ل٦٩.

(٢) ه.س، ل١٧-١٩.

(٣) بۆزانیاری زیاتر لەسەر ژمارە و ڕێژەی ئەو پێکهاتانە لە سەنتەری قەزای سلێمانی بروانە// پاشکۆی ژمارە (٢).

(٤) تێبینی دەکرێت لە ساڵی ١٩٨٧ ناحییەی قەرەداغ هیچ ژمارەیەکی دانیشتوان تێدا تۆمار نەکراوە، بیگومان ئەمش بە هۆی شلاٶەکانی ئەنفالە وە بووە کە تەواوی دانیشتوانی ئەو ناوچەیە ڕاگواستراون یان ئەنفال کراون. بڕوانە// بڕوانە پاشکۆی ژمارە( ٣).

(٥) بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ژمارەی دانیشتوانی قەزای مەڵبەندی سلێمانی و ناحییەکانی دەوروبەری بە پێی دابەشبونی گوند نیشین و شارنیشین، بڕوانە پاشکۆی ژمارە( ٣).

(٦) سەلاحەدین حەفید: ئابوری کوردستان، بلاٶکراوەی سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیجی کوردستان، ب١، سلێمانی، (ب.س)، ل١٦.

ڕێژەی زیادبونی گشتی دانیشتوانی شارەکە لە (١٩٧٧-١٩٨٧)دا(١٠، ٧٪)بووە، لە کاتێکدا ڕێژەی گشتی زیادبونی دانیشتوان لە هەمان ماوەدا لەسەر ئاستی پارێزگای سلێمانی(٣، ٧٪) بووە[١].

سەبارەت بە بواری خوێندن و خوێندەواری، لە کۆتای پەنجاکان و سەرەتای شەستەکان بەشی زۆری دانیشتوانی کوردستان نەخوێندەوار بوون، ڕێژەی نەخوێندەواری بە پێی سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ لە (٦٤٪) دانیشتوان بووە، لە ساڵی ١٩٦٥(٧٦٪) نەخوێندەوارانی سلێمانی لە گوندەکان بووە[٢]. بەڵام لە ساڵانی حەفتاو هەشتاکاندا بەرەو پێشچوونی بە خۆوە بینیوە، لە ساڵی ١٩٨٨ دا (١٩) باخچەی منداڵان هەبووە، ژمارەی منداڵان لەم باخچانەدا(١٦٦٧) منداڵ بووە، ژمارەی قوتابخانە سەرەتاییەکان(٢٢١) قوتابخانە بووە، ژمارەی قوتابییەکان(٢٨١٣٨) قوتابی بووە، ژمارەی مامۆستایان(٤٧٨٤) بووە، ژمارەی قوتابخانە ئامادەییەکان(٩٨) بووە، ژمارە قوتابیەکانی خوێندنی (کشتوکاڵی و پیشەسازی و بازرگانی) (٧١٩١) قوتابی بووە، ژمارەی مامۆستاکانیان(٣٥١)مامۆستا بووە، دوو پەیمانگای مامۆستایان هەبووە، ژمارەی قوتابییەکانی لە ساڵی (١٩٨٨-١٩٨٩) (١٣٤٣) قوتابی بووە، ژمارەی مامۆستاکانی(٤٣) مامۆستا بووە[٣]. جێی ئاماژەیە لەماوەی نێوان ساڵانی(١٩٨١- ١٩٨٨) زانکۆ لە شاری سلێمانی نەبووە، ئەویش بە هۆی گواستنەوەی زانکۆی سلیمانی بووە لە ساڵی ١٩٨١ بۆ هەولێر[٤]، بێگومان ئەو ژمارە و داتایانەی سەرەوە لەسەر ئاستی پارێزگای سلێمانی بوو، بەڵام لەسەر ئاستی شاری سلێمانی ژمارەکان لەوە کەمترن، لەگەڵ ئەوەشدا بە شێکی زۆری لە ناوەندی شاری سلێمانیدا بووە، بۆنمونە ژمارەی باخچەی ساوان لەو (١٩) باخچەیە، (١٢) یان لە شاری سلێمانیدا بووە، بە هەمان شێوە ژمارەی قوتابخانە سەرەتاییەکان(٩٧) بووە، قوتابخانەکانی ناوەندی و ئامادەییەکان ژمارەیان(٦٤) بووە[٥].

لە پاڵ خوێندنی فەرمیدا خوێندی ئاینیش هەبووە، بە خوێندنگە ئاینیەکان گوتراوە (حوجرە) بە قوتابیەکانیش دەگوترا(فەقێ)، حوجرەکان بە زۆری لە مزگەوتەکاندا بووە، زۆربەی ئەو قوتابییانەی خوێندوویانە تەمەنیان لە نێوان(٦- ١٥)ساڵ بووە، ئەو زانستانەی لەم حوجرانە خوێنراون(ڕیزمانی عەرەبی، سەرف، ڕەوانبێژی، لۆژیك و ئاداب، بنچینەی فیقە)بووە[٦].

لە ڕووی تەندروستییەوە، شاری سلێمانی لە ماوەی نێوان(١٩٨٠-١٩٨٨) پێشکەوتنی بەرچاوی بە خۆوە نەبینیوە، ئەویش بەهۆی ئاڵۆزی بارودۆخی سیاسی و جەنگی عێراق و ئێران، لە لایەك، شەڕی حکومەتی عێراق و هێزی پێشمەرگە لە لایەکی ترەوە. بۆزیاتر ڕونکردنەوەی ڕەوشی تەندروستی چەند داتا و زانیارییەك لەسەر ئاستی پارێزگای سلێمانی دەخەینە ڕوو لە ماوەی نێوان (١٩٧٧-١٩٨٩)، بەمەش ئاستی گەشەکردن و بەرەو پێشچوونی کەرتی تەندروستی لە سنوری پارێزگای سلێمانیدا ڕوون دەبێتەوە :-

---

(١) دەستەیەك لە خوێندکاران:کتێبی سلێمانی...، س.پ، ل١٣٢.

(٢) دلێر ئیسماعل حەقی شاوەیس: بارودۆخی ئابوری و سیاسی کوردستانی عێراق لە سەرەتای ساڵانی ٦٠دا، گ.سەنتەری برایەتی، ژمارە٩، کانونی یەکەمی ١٩٩٨، ل٢٧.

(٣) جەمال بابان: سلێمانی...س.پ، ب٣، ل٢٩٠-٢٩٣.

(٤) بۆ زانیاری زیاتر لەسەر چۆنییەتی دامەزراند و مێژووی زانکۆی سلێمانی بروانە// جەمال بابان:سلێمانی...س.پ، ب٤، ل٢٦٤.

(٥) بۆزانیاری زیاتر لەسەر دام و دەزگا خزمەتگوزارییەکانی دیکە و ژمارەکانیان بروانە// هـ . س ، ل١٤١.

(٦) ڕێبوار خالد مصطفی:س .پ، ل١٩؛ هەوراز جەوهەر مەجید:س .پ، ل١٢٩-١٣٠.

لە ساڵی ١٩٧٧ ژمارە نەخۆشخانەکان(١٠) نەخۆشخانە بووە، بەڵام لە ساڵی ١٩٨٩بووەتە(١١) نەخۆشخانە، واتە لە ماوەی ئەو دوانزە ساڵەدا، (یەك) نەخۆشخانە زیادیکردووە، لە ساڵی ١٩٧٧ ژمارەی پیشە وەرانی پزیشکی (١٣٠) کەس بووە، لە ساڵی ١٩٨٩ بووەتە(٢٧٤) کەس، واتە بە ڕێژەی( ١١٠، ٧٦٪) زیادیکردووە، لە ساڵی ١٩٧٧ ژمارەی ئۆتۆمبێلی فریاکەوتن(٧)دانەبووە، لە ساڵی ١٩٨٩ بووە بە (١٥) دانە، واتە (٨) ئۆتۆمبێل زیادیکردووە، ژمارەی ئەو نەخۆشانەی کە سەردانی نەخۆشخانە یان کردووە لە ساڵی ١٩٧٧ نزیکەی(١٩٨٧٠٠٠) نەخۆش بووە، بەڵام لە ساڵی ١٩٨٩(٢١٩٢٤٨٥)نەخۆش بووە، واتا بە ڕێژەی(١٠، ٤٣٪)زیادیکردووە، ئەم زیادبونەش بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە، زیادبونی ژمارەی دانیشتوان لەلایەك، بەرزبونەوەی ئاستی هۆشیاری تەندروستی لەلایەکی ترەوە، سەرباری ئەوە بواری تەندروستی لە چەند لایەکەوە توشی گرفت بووە، وەك ڕوخاندنی بەشێك لە بنکە تەندورستیەکان، لە ساڵی ١٩٧٧ ژمارەی بنکە تەندروستییەکان(١٤٢٩ ) بنکە بووە، بەڵام لە ساڵی ١٩٨٩ ئەو ژمارەیە کەمیکردووە بۆ (٦١)بنکە، واتە(٨١)بنکە کەمیکردووە، ئەمەش بۆ پرۆسەکانی ڕاگواستن و ڕوخاندن و گەمارۆی ناوچەکە دەگەڕێتەوە، یەکێکی دیکە لە گرفتەکان کەمی پزیشکی پسپۆڕو بیناو پێداویستی پزیشکی و ەك(ئامێر، دەرمان، کەل و پەلی پزیشکی)، هەموو ئەمانە گرفت بون لەبەردەم پێشکەوتنی بواری تەندروستی ناوچەکە(1).

سەبارەت بە ژمارەی نەخۆشخانە و بنکە تەندوستیەکانی ناو سەنتەری شاری سلێمانی هەتا ساڵی ١٩٨٨، نەخۆشخانەکانی(فیرکاری، گشتی، منالآنی فیرکاری، فریاکەوتن، نەخۆشخانەی چوارباخ)(2) هەبووە، مەڵبەندو بنکە تەندروستیەکانیش برتی بوون لە (مەڵبەندی تەندروستی ئیبراهیم پاشا، عەلی کەمال، ئابلاخ، عەلی ناجی، ئازادی، بنکەی تەندروستی رزگاری، کارێزە وشك، خەبات، سەرچنار، چوارباخ، مامۆستایان)(3). لە پاڵ ئەمانەشدا چەند نۆرینگەی پزیشکی میللی هەبووە، ئەویش بە مەبەستی خزمەتگەیاندن بووە بە چینی هەژاران، چونکە جیاوازی زۆر هەبووە لە نێوان نرخی بلیت و دەرمان و پشکنینی پزیشکی ئەم نۆرینگانە و نۆرینگەکانی کەرتی تایبەت، لێرە نرخەکان هەرزانتر بووە بۆیە خەڵکێکی زۆر لە دانیشتوانی شارو قەزاو ناحییەکانی دەوروو بەری رویان تێکردووە لەوانەش(نۆرینگەی پزیشکی میللی(١)، نۆرینگەی پزیشکی میللی(٢)، نۆرینگەی کۆمەڵگەی پیرەمێردی ددان، عیادەی پزیشکی میللی ئیبراهیم پاشا، نۆرینگەی پزیشکی میللی ڕزگاری)(4).

سەرباری ئەمانە کەرتی تەندروستی لە شاری سلێمانی لە ماوەی نێوان ساڵانی(١٩٨٠-١٩٨٨) چەندین گیرو گرفتی هەبووە پێداویستی و خزمەتگوزارییە پزیشکییەکان لە ئاستی پێداویستییەکانی شارەکەدا نەبووە، زۆربەی ئەو بنکە و نەخۆشخانە تەندروستییانەی کە لە شارەکەدا هەبون، لە سەرەتادا بە مەبەستی نەخۆشخانە دروست نە کراون، بەڵکو مەبەست لە دروست کردنیان هۆکاری دیکە بووە، بۆیە بیناکان کەمتر گونجاون لەگەڵ سیستەمی تەندروستی و کێشەی بۆ چارەسەری نەخۆش و دکتۆرەکانیش دروستکردووە(5).

---

(١) ڕێبوار خالد مصطفی:س .پ، ل٢٠.

(٢) بۆزانیاری زیاتر لەسەر مێژووی ئەو نەخۆشخانانە و بەش و پزیشك و کارمەندەکانیان بروانە// دەستەیەك لە خوێندکاران:کتێبی سلێمانی... س . پ، ل٣٦٤-٣٧١.

(٣) بۆزانینی شوێن و مێژووی ئەم مەڵبەند و بنکە تەندروستییانە بروانە: دەستەیەك لە خوێندکاران:کتێبی سلێمانی... س . پ ، ل٣٧٨-٣٨٧.

(٤) ه .س ، ل٣٩٠-٣٩٥.

(٥) ه.س، ل٣٩٧.

سەرەنجام، ڕەوشی کۆمەڵایەتی شاری سلێمانی لە نێوان ساڵانی (١٩٨٠-١٩٨٨) دا پێشکەوتنی بەرچاوی بە خۆیەوە نەدیوە و دام و دەزگا و حزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان لە ئاستی پێویستدا نەبووە، ئەویش بە هۆی ئاڵوزی ڕەوشی سیاسی و سیاسەتی حکومەتی بەعس دژی ئەم شارە دەگەڕێتەوە، کە لە هەموو ڕوویەکەوە شارەکە پشتگوێ خراوە ، لە بوارەکانی کارگێڕی ، ئابوری و کۆمەڵایەتیەوە پێشکەوتنی بەرچا و نابینرێت.

### چوارەم: ڕەوشی سیاسی:

شاری سلێمانی لەم قۆناغەدا بە ئاڵۆزترین و نا ئارامترین قۆناغدا گوزەری کردووە، ئەویش پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەو گۆڕانکارییە هەرێمیانەوە هەیە کە لە ناوچەکەدا ڕوویانداوە، لەلایەك شۆڕشی گەلانی ئێران و ڕوخاندنی سیستمی پاشایەتی، لەلایەکی ترەوە لە ناوخۆی عێراقدا خۆی لە هاتنە سەرکاری (سەددام حسێن) دەبینییەوە.

ئاڵۆزی بارودۆخی سیاسی لە ماوەی نێوان ساڵانی(١٩٨٠-١٩٨٨) پەیوەندی بە پێشینەی مێژووی و ڕێکەوتننامەی (جەزائیر)[1]ەوە هەبوو، بە پێی ئەو ڕێکەوتنە عێراق بە پێدانی ڕێژاوی شەتولعەرەب بە ئێران توانی هاوکارییەکانی ئێران بۆ شۆڕشی کورد ببڕێت. بەم شێوەیە عێراق توانی بە ڕێکەوتنی لەگەڵ ئێران هەرەس بە شۆڕشی کورد لە عێراق بهێنی.هەرچەندە باڵی مەکتەبی سیاسی پارتی بە نامەیەك داوای دانوسان لە حکومەتی عێراق کردووە بۆ چارەسەری کێشەی کورد، ئەویش لە ١٦ی ئادار واتە ١٠ ڕۆژ دوای ڕێکەوتنەکە، بەڵام حکومەت بە خۆبەدەستەوەدان وەڵامی نامەکە دراوەتەوە[2] .هۆکاری شکستی شۆڕش جگە ڕێکەوتنی عێراق و ئێران، پشت بەستن بەستن بوو بە بێگانە بە شێوەیەکی سەرەکی، سەرەڕای کورت بینی سەرکردایەتی شۆڕش[3]. شکستی ئەم شۆڕشە جۆرێك لە نائومێدی بۆ گەلی کورد هێنا[4]، بیرو باوەڕی شۆڕشگێڕی لە ناو ڕیزەکانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لاواز کرد[5]، ئەمەش دەرفەتێکی باش بوو بۆ حکومەتی بەعس هەتا جگە لە هەرەسی سەربازی، هەرەسی سیاسی و

---

(١) ئەو ڕێکەوتننامەیە، لە ٦ی ئاداری ساڵی ١٩٧٥دا لە نێوان (عێراق و ئێران) بە ناوبژیوانی جەزائیر و لەلایەن شای ئێران و (سەدام حسێن)ەوە واژۆکرا. بە پێی ڕێکەوتنەکە عێراق بە لێنی بە ئێران دا کە ڕێڕەوی ئاوی شەتولعەرەب، کە جێگای ناکۆکی نێوانیان بوو لە نێو خۆیاندا بەش بکەن، ڕازی بونی عێراق بە پێدانی بە شێك لە شەتولعەرەب لە بەرامبەر وازهێنانی ئێران بوو لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشوری کوردستانداو بڕینی هەموو جۆرە هاوکاری و پشگیرییەك لێیان.هەروەك (محەمەد ڕەزاشا) ی ئێران بە (مستەفا بارزانی) ڕاگەیاندبوو:"ئەگەر دەتوانن شەر بکەن، بەڵام ئێمە هیچ هاوکارییەکتان ناکەین". (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە// میدڵ ئێست ووچ:جینۆساید لە عێراق، و/محەمەد ساڵح تۆفیق، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل١٨٠؛ ایوب بارزانی:الحركة التحررية الكوردية وصراع القوى الاقليمية و الدولية١٩٥٨-١٩٧٥، سويسرا، ٢٠١١، ص٥٠٣-٥٠٤؛ موحسین دزەیی:وێستگەکانی ژیانم، و/ئیسماعیل بازرگانی، ب٢ ، چ١، دەزگای چاپ و بلاْوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٧، ل٣٤٠؛ الحزب الديمقراطى الكردستاني اللجنة التحضيرية: تقسيم الثورة الكردية و انهيارها و الدروس و لعبر المستخلصة منها، ط٢، ١٩٩٧، ص٧٣).

(٢) حەمەی فەرەج هەڵەبجەی: لە شنرویێوە بۆ ستۆکهۆڵم، چەند لاپەرەیەك لە بیرەوەرییەکانم لە شۆڕشی نوێدا، بەرگی دووەم، چاپخانەی چاپخانەی ڕاز، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل٣٣٨.

(٣ ) محەمەد ڕەسوڵ هاوار:بیرەوەری(کوێرەوەری و بیرەوەری هۆرەی دەروێشی یاخی لەگەڵ مامۆستا تۆفیق وەهبی دا) ئامادەکردنی سدیق ساڵح، بەرگی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠١٥، ل٢٩٨.

(٤) فەرید ئەسەسەرد:ڕێکەوتنی جەزائیر پاش ٣٢ ساڵ بەسەر مۆرکردنیدا، گ. سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژمارە١، ساڵی شانزەهەم، شوباتی٢٠٠٨، سلێمانی، ل١٦٧- ١٦٨.

(٥) کامەران بابان زادە:ڕێکەوتننامە جەزائیر و ڕەهەندەکانی لەسەر کێشە کورد لە باشوری کوردستان، چاپخانەی کەمال، سلێمانی، ٢٠١٣، ل٢١١ ؛ رائد خدر عەبدوللاْ دەباغ:بیرەوەرییەکانم و تۆپخانەی شۆڕشی ئەیلولی مەزن، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٢، ل١٠٩.

سایکۆلۆژی و تەنانەت نەتەوایەتیش بە کورد بهێنی"[1]. بەم شێوەیە دەبینین پێش ساڵی ١٩٨٠ ڕژێمی بەعس کۆنترۆڵی تەواوی کوردستانی کردووە و سەرجەم جومگەکانی دەسەڵاتی لە ژێر چنگی خۆیدا قەتیس کردووە.

لە ساڵی ١٩٧٩ شۆرشی گەلانی ئێران سەرکەوتنی بە دەست هێنا و ڕێبەرانی مەزهەبگەرای ڕادیکاڵ بە سەرکردایەتی (ئایەتوڵلا خومەینی) دەسەڵاتیان لە ئێران گرتە دەست[2] . سەبارەت بە عێراقیش ئەوا هەر لە ساڵی ١٩٧٨ ەوە (سەدام حسێن) وەکو کەسی دووەم ڕۆڵی دە گێڕا لە ناوحیزب و دەوڵەتدا و هەر لەو کاتەوە هەوڵەکانی زیادیکردبوو بۆ ئەوەی عێراق بخاتە ژێرکۆنترۆڵی خۆی[3]، تا رۆژی(١٦ی تەمموزی/١٩٧٩) لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی بەغداد دەستلە کار کێشانەوەی (ئەحمەد حەسەن بەکر) بە بیانوی نە خۆشی و ماندو بون لە هەموو کاروبارێکی لە ناوحیزب و حکومەتدا ڕاگەیاند، لە ١٧ ی تەموزی هەمان ساڵدا (سەددام حسێن) دەسەڵاتی گرتە دەست، عێراق لە دەوڵەتێکی تاك حیزبی گۆرا بۆ ڕژێمێکی تاکە کەسی دیکتاتۆری[4] .سەدام حسێن جگە لە پۆستی سەرۆك کۆمار، فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی عێراق، سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، ئەمینداری گشتی سەرکردایەتی نیشتمانی حیزبی بەعسی عێراق و چەندین پۆستی دیکەی خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە[5].

بەماوەیەکی کەم دوای وەرگرتنی دەسەلات لەلایەن (سەدام حسێن)ەوە، لە مانگی ١٩٧٩/٨ دا، لە کۆبونەوەی رۆژی (١٦ی ئابی/١٩٧٩)ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بە بڕیاری ژمارە(١٠٧٦) لێبوردنێکی گشتی دەرکرد[6]، ئەمەش سودێکی بۆ کورد هەبوو، چونکە بە شێکی زۆر لە ئەندامانی سەرکردایەتی و کادیران و ئەندامانی ئەندامانی کۆمەڵە و زیندانییە سیاسیەکان و ئەوگیراوانەی کە لە ژێر ئەشکەنجە دا بوون یان چاوەرێی لە سێدارەدانیان دەکرد، ئازادکران[7]. لە کۆبونەوەیەکی دیکەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش دا لە رۆژی(١٩ی ئەیلولی/١٩٧٩) بە بڕیاری ژمارە(١٢١٨)، بریاردرا بە گەڕانەوەی سەرجەم ئەو ماڵ و موڵکە تایبەتیانەی کە دەستیان بەسەرداگیرابوو بۆ ئەو کەسانەی کە لێبوردنە گشتییەکە دەیگرتنەوە[8] .

لە پایزی ساڵی ١٩٧٩ شدا (سەددام حسێن) سەردانێکی بۆ شاری سلێمانی ئەنجام دا، مەبەستی سەردانەکەی ئەوە بوو کە خۆی بە لایەنگری ناوچەی ئۆتۆنۆمی پیشانبدات، لە هەمانکاتدا ڕایگەیاند کە ڕێگا دەدات، بە هەزاران

---

(١) حیکمەت محەمەد کەریم(مەلا بەختیار): شۆرشی کوردستان و گۆرانکارییەکانی سەردەم(خەباتی شاخەکان یان ڕاپەڕینی شارەکان؟)چ٣، هەولێر، ١٩٩٤، ل٢٣٣.

(2)History and Culture) ،Published by:Refugee Service center ،WashingtonDC20037 ،1996 ،P.11. ، Barbara Robson:Iraqi kurds(Their لە ؛ د.عەلی تەتەر نێروەیی: بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد لە کوردستانی عێراق لە ساڵەکانی جەنگی عێراق و ئێران دا ، پێداچوونەوە و پێشەکی د.عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی، چ١، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٨ ، ل١٢٩.

(3) Charles Tripp:AHistory of Iraq ،cambridg e university press ،13th printing ،londan ،2005 ،P.308.

(٤) فارس عبدالله: المنظور الفكر عند الرئيس القائد صدام حسين، ج١، ط١، منشورات المكتبة العالميية، بغداد، ١٩٨٧، ص٥٣؛ برایم جەلال: چەپکێك لە مێژووی کۆمەڵە، چ٣، چاپخانەی چواچرا، ٢٠١١ ، ل٢٧١؛ فیبی مار:مێژووی نوێی عێراق، و/حمە شەریف حمە غەریب و شیرکۆ ئەحمەد حەوێز، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١١، ل٢٨٥؛ د.عەلی تەتەر نێروەیی:س . پ، ل١٣٧.

(٥) براهیم جەلال: س.پ، ل١٣٧.

(٦) بۆ دەقی تەواوی بریارەکە بروانە// الوقائع العراق، العدد(٢٧٢٩)، ١٩٧٩/٩/٣.

(٧) ئەرسەلان بایز ئیسماعیل: ڕۆژانی سەخت(بیرەوەری)، ب١، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل٩٣ ؛ برایم جەلال:س.پ، ل٢٧١

(٨) بۆ دەقی تەواوی بریارەکە بروانە// الوقائع العراق، العدد(٢٧٣٤)، ١٩٧٩/١٠/٨.

کورد لە ناوچەکانی باشوری عێراقەوە بگەڕێنەوە بۆ باشوری کوردستان[1]، ئاشکرایە ئەم کارانەی سەددام لە نیازپاکی و هەوڵی چارەسەری کێشەی کورد نەبوو لە عێراقدا، بەڵکو مەبەستی سەدام حسێن ئامادەکاری بۆ جەنگێکی خوێناوی لەگەڵ ئێران، بۆیە لە سەرەتادا ویستی یەکپارچەیی و یەکگرتووی وڵات بە دەست بهێنێت و کوردیش بکات بە پشتیوان وهاوکاری خۆی لەم جەنگەدا، بەڵام وەك لە دوایدا دەرکەوت لەو سیاسەت و ئامانجەی سەرکەوتو نەبوو.

لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ دا، سەدام حسێن ڕوخانی سیستمی پاشایەتی و تێکچوونی بارودۆخی سیاسی و ئابوری قۆستەوە بۆ هەڵگیرساندنی جەنگێکی هەشت ساڵە لەگەڵ ئەو وڵاتە[2]، ئەمەش لە (٤ی ئەیلولی ١٩٨٠)[3] دەستی پێکرد، جەنگەکە پاش پاشگەزبوونەوەی عێراق لە ڕێکەوتنی جەزائیری١٩٧٥ هەڵگیرسا، ئەویش بەوەی عێراق پێداگری لەسەر خاوەنداری شەتولعەرەب دەکرد، جگە لەوەی دەیویست باڵادەستی خۆی لە ناوچەکە پیشانی ئێران بدات، پە یامێکی ناڕەزایش بوو لە پاڵپشتی ئێران بۆ بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لەلایەن عێراقەوە، هەروەها بۆ ڕێگری لە ناردنە دەرەوەی شۆڕشی ئیسلامی کە مەترسی لەسەر عێراق دروست کردبوو، چونکە زیاد لە (٥٠٪) عێراق شیعە مەزهەب بوون و کەوتبونە ژێر کاریگەری شۆڕشی ئیسلامی ئێرانەوە[4].

جەنگی نێوان عێراق و ئێران لە ساڵانی(١٩٨٠-١٩٨٨) کاریگەری گەورەی لەسەر تێکچوونی بارودۆخی سیاسی لەباشوری کوردستاندا هەبوو، ئاشکرایە شاری سلێمانیش بەدەر نەبوو لەو کارەساتەی کە بە هۆی ئەو جەنگەوە بەسەر کوردستاندا هاتووە، چونکە بە شێکی زۆری لەشکرکێشییەکانی هەردوو وڵات دەکەوتە سنوری پارێزگای سلێمانییەوە[5]، بۆ نمونە لە شەش هێڵی بەرگری کە بۆ جەنگی ئێران و عێراق دروستکرابون سێ لەو هێڵانە ڕاستەوخۆ بە شاری سلێمانییەوە بەسترابونەوە ئەویش:

١. هیڵی سەردەشت-قەڵادزێ-چوارقورنە-کەرکوك-ڕۆژئاوای دەریاچەی دوکان-سلێمانی.

٢. هێڵی مەریوان-پێنجوێن-سەید سادق-سلێمانی.

٣. هێڵی پاوە - بیارە-خورماڵ سەیدسادق-سلێمانی[6].بۆیە کاریگەری جەنگەکە بەڕونی بەسەر شاری سلێمانییەوە دەردەکەوێت، بۆنمونە لە ماوەی جەنگەکەدا هەریەکە لە (کارگەی چیمەنتۆی سەرچنارو تاسلۆجە و

---

(١) م.س.لازاریف:میژووی کوردستان، و/هۆشیار عەبداللە سەنگاوی، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٥٦٦-٥٦٧.

(٢) بۆزانیاری زیاتر لەسەر ناکۆکی نێوان عێراق و ئێران و هۆکارەکانی جەنگی ئێران و وردەکاری زیاتر بڕوانە// عەلی تەتەر نێروەیی:س.پ، ل١٥١:م.س.لازایف:س.پ، ل٥٦٧.

(٣) سەبارەت بە کات و ڕێکەوتی جەنگی عێراق و ئێران و عەلی تەتەر پێی وایە هەتا ٢٢ ی ئەیلوی ١٩٨٠ بە فەرمی جەنگی نێوانیان دەستی پێنەکردووە، بۆ ئەمەش لە لاپەرە١٥٩-١٦١ چەندین بەڵگە دەخاتە ڕوو. (بۆزانیاری زیاتر// د.عەلی تەتەر نێروەیی:س.پ، ل١٥١-١٦١) . بەڵام سەمانساپاوەر ٤ی ئەیلولی١٩٨٠ بە سەرەتای جەنگەکە داناوە، ئەویش بەوەی لە دوای لە سێدارەدانی ئایەتوڵڵا محەمەد باقر ئەلسدر کە سەرکردەیەکی ئاینی شیعەکانی عێراق بوو، ئێران کەوتە بۆمبارانکردنی ناوچە سنورییەکانی عێراق بۆیە دەڵێت:"عێراقییەکان ٤ی ئەیلولی ١٩٨٠ بە سەرەتای ئەم جەنگە دەستنیشان دەکەن" (بۆزانیاری زیاتر بڕوانە// سەمانساپاوەر:ئەمریکا و ئەنفال، و/بەختیار کەریم، چ١، (ب.ش.چ)، ٢٠٠٦، ل١٣).

(٤) م.س.لازایف:س.پ، ل٥٦٧ ؛ عەلی تەتەر نێروەیی:س.پ، ل١٥٥؛ سەمانساپاوەر:س.پ، ل١٣.

(٥) م.س.لازایف:س.پ، ل٥٦٧.

(٦)عەلی تەتەر نێروەیی:س.پ، ل١٧١.

کارگەی شەکر) بەر بۆردومانی فڕۆکەکانی ئێران کەوتن و زیانیان بەکەوت و بەشێکیان لە کارکەوتن، هەر لە بەر هەمان هۆ پرۆژەی دروستکردنی سایلۆی سلێمانی لەکارکەوت و پرۆژەکە تەواو نەکرا[1].

لە ساڵانی شەڕی عێراق و ئێران، عێراق ناچار بوو بەشێك لە هێزەکانی خۆی لە باشوری کوردستان بکێشێتەوە و بۆ بەرەکانی شەڕیان بگوازێتەوە، ئەمەش وای کرد بۆشایی لە شارەکانی دروست ببێت و ڕێکخستنە نهێنییەکان چالاکیەکانیان زیاد بکەن و ژمارەیان زیاد بکات، جگە لەوەش ژمارەی پێشمەرگەش روو لە زیاد بون بوو، هەزاران سەرباز کە لە بەرەکانی جەنگ هەڵهاتبوون یان نەیان دەویست بچنە بەرەکانی شەڕ رویان لە شۆرش دەکرد[2]. پارتە سیاسییەکانیش هەوڵیان دەدا هەر یەکەیان زۆرترین ژمارە بەلای خۆیاندا رابکێشن و بیان خەنە ڕیزەکانیانەوە و هێزیان لێدروست بکەن[3] .هاتنەدەرەوەی خەڵك لە شاری سلێمانی و پەیوەندی کردنیان بە هێزی پێشمەرگەوە وای کردبوو کە حیزبیکی وەك (حسك) هۆشداری بدات لە وەرگرتنی هەموویان و گومانی ئەوەی کردبوو، کە رەنگە پیلانی بەعس بێت بە جۆرێ کە بیەوێ ئەرکی سەرشانی پێشمەرگە قورس بکات، چونکە لەلایەك بە خێوکردنیان ئاسان نەبوو، لەلایەکی ترەوە پێشمەرگە خەریك بکات بە ماڵ و خێزانەکانیانەوە، بۆیە پێشنیار دەکات ئەگەر پێشمەرگە وەرگیرا باشتر وایە کە خاوەنی ماڵ و خێزان نەبێت[4].

لە ئەنجامی سیاسەتی حکومەتی عێراق بەرامبەر شاری سلێمانی لەکاتی جەنگی عێراق و ئێراندا، ژمارەیەکی زۆر خەڵکی شار کەوتنە هاوکاری پێشمەرگە ، ڕێکخستنە نهێنییەکانی ناوشاری سلێمانی گەشەیان کرد، ئەمەش وای لە ڕژێمی بەعس کرد بۆ کۆنترۆڵکردنی شاری سلێمانی کۆبونەوەی تایبەتی ئەنجام بدات و لیژنەی ئاسایشی بۆ هەریەکە لە گەرەکەکانی شار دروست بکات، بەجۆرێ هەرچەند گەرەکێك هێزێك بەرپرس بێت لە کۆنترۆڵکردنی، بۆنمونە گەڕەکەکانی(براهیم پاشا، شەقامی ئۆرزدی، گەڕەکی تویمەلیك، دارۆغا، شەهیدان، ئازادی، مەجید بەگ، کارێزە وشك، عەقاری، مامۆستایان، کانیسکان، مەڵکەندی، گەڕەکی سەرا و پارێزگا، سابونکەران) بە بەرێوەبەرایەتی ئاسایشی و پۆلیسی سلێمانی لەگەڵ پۆلیسی فریاکەوتن سپێردرابوون.هێزەکانی مەنسور بەرپرس بون لە کۆنترۆڵکردنی ئاسایشی گەرەکەکانی(کارگەی شەکر، سەرشەقام، جولەکان، حاجی ئاوا، خەبات، ئەسحابە سپی، سەرکارێز، گویژە) لەگەڵ دانانی بۆسە لەسەر ئەو رێگایانەی دێنە ناوشاری سلێمانییەوە، هەر لەو پلانەدا هاتووە، بازگەکانی پشکنین زیاد بکرێن، دەستگیرکردنی ئەوانەی گومانیان لێدەکرێت، هەر بەمەوە نەوەستاون، بەڵکو فەرمانی دەستگیرکردنی کەس وکاری گومان لێکراوانیشیان داوە، هەڵکوتانەسەر ئەو فەرمانبەرانەی کە لە دامودەزگاکانی دەوڵەتدان و کەس و کاریان لەناو پێشمەرگەدان، بە تایبەتی (ژنەکانیان، براکانیان، خوشکەکانیان)، خاڵی یەکەمی پلانەکە دیاری کردنی ڕێکخستنە نهێنییەکان و ئەو ئەندامانەی کە پلەی ناوەندی بەرەو ژوورن باس دەکات و پلانی هێرشکردنە سەریان دادەنێ، لەگەڵ هێرشکردنە سەر خێزانی پێشمەرگەو ڕێکخستنەکان[5].دانانی

(١) ئیشتراکیەتی عەفلەقی، رۆژنامەی رزگاری، ژمارە٢٤، تشرینی دووەمی ١٩٨٧، ل٥.

(٢)عەلی تەتەر نێروەیی:س.پ، ل١٧٢-١٧٣.

(٣) نەوشیروان مستەفا ئەمین:پەنجەکان یەکتر ئەشکێنن(دیوی ناوەوەی روداوەکانی کوردستانی عێراق ١٩٧٩-١٩٨٣)، ١٩٩٧، (ب.ش)، ل٢٩٣.

(٤) محەمەد حاجی مەحمود:ڕۆژمێری پێشمەرگەیەك(باسی رووداوەکانی ٢٠ ساڵی خەباتی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان دەکات١٩٧٦-١٩٩٦)، بەرگی سێیەم، ١٩٨٧-١٩٩١، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، ٢٠٠١، ل٤٢٠.

(٥) بۆ دەقی پلانەکەی ڕژێمی بەعس بۆ کۆنترۆڵکردنی شاری سلێمانی، بروانە:پاشکۆی ژمارە(٤).

ئەم پلانە لە ساڵی ١٩٨١ دا بوو، هەر لە هەمان ساڵدا بڕیاری ڕاگواستن و بەعەرەبکردنی شاری سلێمانی دراوە، ڕژێمی بەعس نیازی وابووشارێکی گەورەی وەك سلێمانی ڕابگوازێت و دانیشتوانەکەی بۆ ناوچەکانی عەرەبنیشین بگوازێتەوە.بەڵام بە هۆی ئەو بارودۆخەی کە لە ساڵی ١٩٨٢دا دروست بوو نەتوانرا ئەم پلانە جێبەجێ بکرێت(١).

هەر لە ساڵی ١٩٨١دا رژێمی بەعس لە کۆبونەوەی ڕۆژی(١٠ی ئەیلولی /١٩٨١)ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش دا بە پێی بڕیاری ژمارە(١٢٢٧) بڕیاری گواستنەوەی زانکۆی سلێمانی بۆ هەولێر دا، ناوەکەی گۆڕا بۆ زانکۆی سەلاحەدین[٢]، ل ە دوای ئەم بڕیارە دانیشتوانی سلێمانی مانیانگرت، بۆماوەی سێ ڕۆژ دوکان و بازارەکانیان داخست، لەبەرامبەر دا رژێم کەوتە دەستگیرکردنی خەڵك و مانگرتووان[٣]. لەوانەش (٢٠)کەسیان لە ڕۆژانی(٧-١٠ی کانونی یەکەمی ١٩٨١) لە سێدارەدران. ئەم کارانەی حکومەتی بەعس بۆ دانانی سنورێك بوو بۆ ئەو چالاکییانەی کە لە شاری سلێمانیدا پەرەیان سەندبوو، کە خۆی لە چالاکی چەکداری و کوشتنی پیاوانی بەعس لە ناوشاردا دەبینییەوە[٤].

بارۆدۆخی ئاڵۆزی سیاسی و جەنگی عێراق و ئێران لەلایەك و بێزاری و تورەی خەڵك لە زۆرداری و ستەمی حکومەتی عێراق لە لایەکی دیکەوە هۆکاری سەرهەڵدانی چەندین خۆپیشاندان بوون لە شارو شاروچکەکانی کوردستاندا. ژیان لە ناو شاری سلێمانی بە هۆی ڕاپێچکردنی زۆرەملێی خەڵك بۆ بەرەکانی جەنگ ببوبوە دۆزەخ، بیکاری و نەبونی ئازادی و هەل ومەرجی شڵەژاوی عێراق سیاسەتی توند و تیژی رژێم و ئومێدی جەماوەر بە نزیك بونەوەی روخانی رژێم، گەرم و گوری گەورەی لەناو جەماوەردا دروست کردبوو، بەجۆرێ چاوەڕوانی ڕاپەڕینی سەرتاسەری دەکرا[٥].

ئاڵۆزی ڕەوشی سیاسی لە ساڵی ١٩٨٢ گەشتە ئەوپەری و خۆپیشاندان و ڕاپەرین شاری سلێمانی و هەولێر و کەرکوك و قەزاو ناحییەکانی دەوروبەری گرتەوە، لە ڕۆژی ٢٤ی نیسانی ١٩٨٢ بۆیاد کردنەوەی شەهیدانی (٢٤ی نیسانی ١٩٧٤)[٦]، خۆپیشاندان لە قەڵادزێ دەستی پێکرد، لە ئەنجام دا حکومەتی عێراق بە هێرش وەڵامی دانەوە و دوو ئافرەت کوژرا و(٧٤ کوڕ و ١١ کچ) گیران. دانیشتوانی شار دوکان و بازاریان داخست و فەرمانگەکان مانیانگرت و ئاڵۆزی بەردەوام بوو[٧]. خۆپیشاندانەکە بڵاو بویەوە و گەشتە شاری سلێمانی و ڕێکخراوەکانی سلێمانی و کەس و

---

(١)عەلی تەتەر نێروەیی:س.پ، ل١٧٧.

(٢) بۆ دەقی تەواوی بریارەکە بروانە// الوقائع العراق، العدد(٢٨٥١)، ١٩٨١/٩/٢٨؛ جەمال بابان:س.پ، ل٢٦٤

(٣) حسێن خەلیفە محەمەد:چەمکێك لە مێژووی کوردستان و هەڵەبجەش لەم مێژووەدا، ناوەندی چاپەمەنی سۆسیالست، سلێمانی، ١٩٩٩، ل١٤.

(٤) عەلی تەتەر نێروەیی:س.پ، ل٢٤٩.

(٥) ه.س، ل٢٥٥.

(٦) لەم ڕۆژەدا هێزی ئاسمانی عێراق شاری قەلادزەیان بۆردومان کرد، بۆردومانەکە ئەو باڵەخانەی گرتبووەوە کە زانکۆی سلێمانی تێدابوو، ساڵی ١٩٧٤ ژمارەیەکی زۆر لە مامۆستاو خوێندکارەکانی زانکۆی سلێمانی چوبونە ریزی شۆرشەوە، بۆیە سەرکردایەتی شۆرش بریاریدا بوو کە زانکۆی سلێمانی لە شاری قەڵادزێ دابمەزرێنێتەوە، لە بۆردوومانەکەدا نزیکەی(٢٠٠)کەس شەهیدبون، کەزۆربەیان منداڵ و ژن و خوێندکار و مامۆستا بوون. (بۆزانیاری زیاتر بروانە// نەوشیروان مستەفا ئەمین:پەنجەکان... س.پ، ل٢٥٦؛ عەلی تەتەر نێروەیی:س.پ، ل٢٥٥).

(٧) نەوشیروان مستەفا ئەمین:پەنجەکان... ه.س، ل٢٥٦.

و کاری شەهیدان لە گۆڕستانی شەهیدان خۆپیشاندانیان سازدا و بە ڕێپێوان بەرەو ناو شار بەڕێکەوتن و بارودۆخی شاری سلێمانی شڵەژرا بوو، بەڵام حکومەت هەموو ئامادە کارییەکی کردبوو، بۆیە نەیهێشت زۆر تەشەنە بکات و کۆنترڵکرا(١). بەڵام ئەم کۆتایی نەهات لە ٢٩ی نیسان قوتابییانی سلێمانی ڕژانە سەرشەقامەکان و خۆپیشاندانیان ئەنجام و جەماوەری شاریش بەشدارییان تێدا کرد(٢)، خۆپیشاندان شەوانیش هەر بەردەوام بوو بە دەیان کوڕو کچی گەنج بە دەم وتنەوەی سرودی نیشتیمانی و هوتاف کێشان و دروشمی نەتەوەیی یەوە گەڕەك بە گەڕەك دەگەڕان و مۆراڵی جەماوەریان بەرزدەکردەوە(٣). ئاڵۆزی ڕەوشی سیاسی هەتا ٣٠ ی نیسانی١٩٨٢ درێژەی کێشاو لەم ماوەیەدا ماوەیەدا لە هەموو شوێنێك پێشمەرگە بۆ پاراستنی خۆپیشاندان و لێدانی گورز لە دوژمن و چالاکی نواند دەهاتنە ناو شاری سلێمانییەوە چالاکییان ئەنجام دەدا(٤).

گرنگترین داواکاری خۆپیشاندانەکان لەوکاتەدا بریتی بوون لە :-

١-ئازادکردنی گیراوە سیاسیەکان.

٢-گێڕانەوەی جوتیاران بۆ گوندەکانی خۆیان.

٣-نەمانی تیرۆ و تۆقاندن لە شارەکاندا.

جێی ئاماژەیە لایەنە سیاسیەکان هاوڕانەبون لەسەر بەردەوامی خۆپیشاندانەکان، (ی.ن.ك) دوای بە دیهاتنی هەندێك لە و داواکارییانە داوای لە ڕێکخستنە نهێنییەکان کرد بە شێنەی کۆتایی بە خۆپیشاندانەکان بهێنن، بەڵام لایەنەکانی دیکە داوای بەردەوامی خۆپیشاندانیان دەکر هەتا روخانی ڕژێم(٥).

لە پاڵ داوای خۆپیشاندەراندا، بەشێك لە پیاوانی ئاینی و مەلاکانی سلێمانی چەند داواکارییەکیان پێشکەشی جێگری سەرۆك کۆمار و بەرپرسانی سلێمانی کردبوو، لەوانەش:

١- گەڕانەوەی زانکۆی سلێمانی بۆ شارەکە .

٢- گەڕانەوەی خەڵکی کۆمەڵگەکان بۆ گوندەکانی خۆیان.

٣- زمانی کوردی زمانی خوێندن بێت لەسەرەتایی و ناوەندی.

٤- هەڵوەشانەوەی دادگا تایبەتییەکان.

٥-کردنەوەی دەرگای گفتوگۆ لەگەڵ شۆڕش.

٦- دەرکردنی لێبوردنی گشتی بۆ گشت سەربازی هەڵاتوو یان دواکەوتوو لە خزمەتی سەربازی.

٧- کەمکردنەوەی هێز لەناو شارەکان.

٨- ئازادکردنی کەس و کاری شۆڕشگێران و چەندین داواکاری دیکە(٦).

---

(١) نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان... ه.س، ل٢٥٦ ؛ عەلی تەتەر نێروەیی: س.پ، ل٢٥٦.

(٢) ه.س.ل٢٥٧.

(٣) شێرکۆ بێکەس: بەرگی یەکەم، س.پ، ل٤١٦.

(٤) نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان... س.پ، ل٢٥٧: عەلی تەتەر نێروەیی: س.پ، ل٢٥٧.

(٥) نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان... ه.س، ل٢٥٧؛ عەلی تەتەر نێروەیی: ه.س، ل٢٦٢

(٦) بۆ دەقی داواکاری مامۆستایانی ئاینی(مەلاکان) بروانە// نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان...ه.س، ل٣٥٨.

سەرەنجام ئەوەی لەم خۆپیشاندانەدا چاوەڕوان دەکرا نەهاتە دی و بە پێی ڕاپۆرتی د.فازیل بەڕاك کە بەڕێوەبەری گشتی ئاسایش ( ئەمن ) بوو ، ژمارەی قوربانیەکانی خۆپیشاندانەکان بەم جۆرە بوو لە سلێمانی ( ١١ کوژراو، ٢٣ بریندار ، ١٣١ گیراو )[١] . دواجار کۆتایی بە خۆپیشاندانەکان هات بێ ئەوەی داواکاریە ڕەواکانیان بگاتە ئەنجام.

ئاڵۆزی ڕەوشی سیاسی شاری سلێمانی بەردەوام بوو ، ڕێکخستنەکانی ناو شار گەشەیان کردبوو، چالاکیەکانی خۆپیشاندان و مانگرتن زیادیان کردبوو ، پەیوەندیە جەماوەریەکان بەهێز بوو[٢]. ئەمە لەلایەك ، جەنگی عێراق و ئێران و گۆڕانی تەرازووی هێز بە لای ئێران دا لە ساڵی ١٩٨٣و فشارەکانی لە سەر عێراق حکومەتی عێراقی ناچار بە گفتوگۆ کرد لە گەڵ ( ی .ن .ك) لە مانگی تشرینی دووەمی ١٩٨٣ بڕیاردرا گفتوگۆ دەست پێبکری[٣]، پێش دەستپێکردنی گفتوگۆ و ڕاگرتنی شەڕ ( فەرەیدون عبدالقادر ) سەردانی بەغداد دەکات و ( تاریق عزیز ) دەبینێت لە کاتی گفتوگۆدا تاریق عزیز بە (فەرەیدون عبدالقادر) دەڵێت " ئێمە ناڕوخێین ، چونکە دونیا لە بەرامبەر ئێران دا پشتیوانیمان لێ ئەکات، ڕۆژێکیش دێت ئەم شەڕە تەواو ببێت ، ئەگەر ئێستا بێت و لەگەڵمان پێك بێن چاکەیەکی گەورەمان لەگەڵ ئەکەن و هەرگیز لە بیرمان ناچێتەوە ، خۆ ئەگەر شەڕ درێژە پێ بدەن ، دوای تەواوبوونی شەڕی ئێران ئەو جەیشە زەبەلاحەی بۆ شەڕی ئەوانمان دروست کردوە ئەیهێنینە سەر ئێوە ، ساڵێك وەخت ، سەد هەزار کوژراوتان بۆ تەرخان ئەکەین بەڵام خاکتان بە تورەکە ئەبێژین و تەفروتوناتان ئەکەین " [٤]. ئەم وتەیەی تاریق عزیز تەنگەتاوی بارو دۆخی حکومەتی عێراق دەردەخات لە جەنگی عێراق و ئێران دا ، سەرەڕای ناچاری حکومەت بۆ گفتوگۆ هەڕەشەی وێرانکردنی کوردستانیش دەکات ، دواجار دەبینین ئەم وتەیەی تاریق عزیز لە پرۆسەی هەڵمەتەکانی ئەنفالدا جێبە جێ دەکرێت . سەبارەت بە داواکاریەکانی ( ی .ن .ك ) بریتی بوون لە (بەستنی هاوپەیمانی لە نێوان نەتەوەی کورد و عەرەب لە سەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ، دان نان بە ئۆتۆنۆمی کوردستان ، ئاوەدان کردنەوەی ناوچە چۆڵکراوەکان ، ڕاگرتنی شەڕ لە نێوان هەردوولا ، زمانی کوردی ببێتە زمانی فەرمی لە کوردستان ، دامەزراندنەوەی زانکۆی سلێمانی ، پێشمەرگە وەکو هێزی فەرمی پارستنی کوردستان بناسرێت ، ئاسایشی ناوچەکە لە دەستی کورد دابێت نەك حکومەتی ناوەندی) [٥]. ئەمانەو چەندین داواکاری دیکە . سەرەڕای ڕاگرتنی شەڕ لە کانونی یەکەمی ١٩٨٣ ، دروستکردنی چەندین شاندی دانوساندکار لە نێوان هەردوولا و ئەنجام دانی چەندین گفتوگۆ و کۆبونەوە ، بەڵام بە هۆی نەبونی نیازی ڕاستەقینە بۆ جێبەجێکردنی داواکاریەکانی

---

(١) نەوشێروان مستەفا ئەمین : پەنجەکان ....... هـ.س ، ل٢٥٨ .

(٢) جەمال شێخ نوری : وێرانکاری و تاوانەکانی بەعس لە بیرەوەریەکان دا ، سلێمانی ، ٢٠٠٥ ، ل٢٢ .

(٣) نەوشیروان مستەفا ئەمین : خولانەوە لە ناو بازنەدا ( دیوی ناوەوەی ڕوداوەکانی کوردستانی عێراق ١٩٨٤ – ١٩٨٨ )، چاپی دووەم ، چاپ و بڵاوکردنەوەی مەڵبەندی ئاوەدانی کورد و کوردستان ، سلێمانی ، ١٩٩٩ ، ل٧.

(٤) وەرگیراوە لە نەوشێروان مستەفا ئەمین : خولانەوە ، س .پ ، ل٧–٨ ؛ عەباس هەمزە خدر : جینۆساید و کارەساتی کورد و تاوانی نێودەوڵەتی ، گ . یاسا پارێزی ، ژ.٤٠ ، ساڵی چوارەم ، ١٩٩٩، ل٢٥٨ .

(٥) بۆ زانیاری زیاتر و داواکاریەکان بڕوانە // یفید ماکداوالی : الکورد شعب أنکر علیة و وجوده ، ت \ عبدالسلام النقشبندی ، طبعة الاولی ، مطبعة اراس ، أربیل ، ٢٠١٢ ، ص ١٤٩ ؛ صلاح الغرسان : القیادات سیاسیة في کردستان العراق القراء ة في ملفات الحرکات الأحزاب الکردیة فی العراق ١٩٤٦ – ٢٠٠١ ، مؤسسةالبلاغ للطباعة النشر و التوزیع – بیروت ، ٢٠٠١ ، ص٤١٢ ؛ یەکێتی نیشتمانی کوردستان: گفتوگۆی شۆڕش لەگەڵ میری ، بنکەی چاپەمەنی ئاسۆس ، چ ٢ ، سوید ، ١٩٨٥ ، ل٦١ .

کورد و دەستەبەرکردنی مافەکانیان ، سەرەنجام گفتوگۆ کردن شکستی هێنا، بێ ئەوەی ئەنجامێکی بەرچاوی لێ بکەوێتەوە ، بۆیە ( ی . ن . ك ) لە ( ١٥\ ١ \ ١٩٨٥ ) بەیانێکی دەرکرد و کۆتایی بە گفتوگۆکانی لەگەڵ حکومەت هێنا و ئۆباڵی سەرنەکەوتنی گفتوگۆکەشی خستە سەر حکومەتی عێراق و شەڕی دەست پێکردەوە[١] . ئێمە نامانەوێت بچینە نێو وردەکاریەکانی ئەم گفتوگۆیەوە ، ئەوەندەی مەبەستمانە ڕەوشی سیاسی شاری سلێمانی لەو ماوەیەدا ڕوون بکەینەوە ، ئەوەندە لە هۆکارو وردەکاری و چۆنیەتی گفتوگۆکان ناکۆڵینەوە[٢] . بێگومان گفتوگۆکە ڕەنگدانەوەی بە سەر ڕەوشی سیاسی سلێمانیەوە دیاربوو ، لە کاتی گفتوگۆکەدا خەڵکی سلێمانی ورەیان بەرز بووەوە و لە دام و دەزگاکانی بەعس نەدەترسان بە پێچەوانەوە پیاوەکانی بەعس ورەیان بەردابوو لە چارەنوسی خۆیان دەترسان [٣]، دوای ئەوەی حکومەت هەستی بەم مەترسیە کرد لە ٢٠ کانونی یەکەمی ١٩٨٣( سەعد مەهدی- ئەمین سڕی نوسینگەی ڕێکخستنی باکور ) ی ڕاسپارد کە زیاتر هاوکاری مادی و مەعنەوەی پیاوەکانیان بکەن لە سلێمانی ، بۆ ئەوەی وا بیر نەکەنەوە کە حکومەت پشتیان تێدەکات[٤]، لە هەندێ لەو کۆبونەوانەی کە بەعس بۆ بەرزبونەوەی ورەی پیاوەکانی ئەنجامی دابوو لەنرخی گفتوگۆی کەم کردبویەوە ، وەك دوای دەرکەوت ئەمە بە فرمانی خودی صدام حسین بوو[٥] ، لەو کۆبونەوانەی کە بە فەرمانبەر و پیاوەکانی بەعس دەکرا پێیان ڕادەگەیاندن کە یەکێتی دێتەوە ڕیزی نیشتیمان و تۆبە لەو تاوانانە دەکات کە بەرامبەر عێراق کردویەتی[٦]. هەرچەند لە کاتی گفتوگۆدا لێژنەی هاوئاهەنگی ( لجنە التنسیق )[٧] لە نێوان حکومەت و ( ی.ن.ك ) دروست کرابوو بۆ چارەسەر کردنی کێشەکان ، بەڵام لەم ماوەیەدا شاری سلێمانی لە ڕووداو و کێشە بە دوور نەبوو ، لە ماوەی گفتوگۆدا دیاریدەی جاشایەتی[٨]، بە شێوەیەکی گشتی بڵاو بووەوە بە هۆی فشاری جەنگی ئێران[٩]، لە ئەنجامی هاتنی پێشمەرگە بۆ ناو شار و بەریەك کەوتنیان لەگەڵ ئەم جاشانەدا زۆر جار کێشە دروست دەبوو ، هەندێك جاریش پێك دادان ڕویان دەدا ، بۆ نمونە کاتێك پۆلێك پێشمەرگە لە سلێمانیەوە بەرەو سورداش دەڕۆن دەکەونە بۆسەیەکی

---

(١) نەوشیروان مستەفا ئەمین : خولانەوە ، لە س .پ ، ل٨٤.

(٢) بۆ زانیاری زیاتر لە سەر وردەکاریەکانی گفتوگۆکە بڕوانە // یەکێتی نیشتیمانی کوردستان : س ، پ، ل٦١ ؛ دلێر أحمد محمود ، سەروەر عبدالرحمن عمر : دانوستاندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەگەڵ حکومەتی عێراق لە ساڵی ١٩٨٤ دا ، گ ، ڕێبازی نوێ ، ژ ٥١ ، تشرینی یەکەمی ٢٠٠٩ ، ل١١ – ٢٣ .

(٣) نەوشێروان مستەفا ئەمین : خولانەوە ، س .پ ، ل١٩.

(٤) علی تەتەر نێروەیی س.پ ، ل ٣٢٨-٣٢٩ .

(٥) نەوشێروان مستەفا ئەمین : خولانەوە ، س .پ ، ل١٩.

(٦) شۆڕش حاجی رسول: ئەنفال ، کوردو دەوڵەتی عێراق ، چ٢ ، سلێمانی ، ٢٠٠٣، ل٤٧.

(٧) لەم لیژنەیەدا هەریەك لە نوێنەری یەکێتی و حکومەت بەشداربوونە ، نوێنەری یەکێتی ( عومەر عەزیز ، علی حسێن حسن ناسراو بە ( شوان ) بوون ، هی بەعس ( سعدی مهدی صالح ) بوو، لەگەڵ نوێنەری هەواڵگری ئەمن و موخابەرات ، کارەکانی ئەم لیژنەیە بریتی بوون لە : ڕاگرتنی شەڕ ، ڕێکخستنی پەیوەندیەکانی یەکێتی و حکومەت ، پێشمەرگەو هێزە چەکدارەکانی بەعس ، چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی دروست ئەبون ، بڕوانە // نەوشێروان مستەفا ئەمین : خولانەوە ، س .پ ، ل١٤ ، علی تەتەر نێروەیی س.پ ، ل ٣٢٨.

(٨) جاش : زاراوەیەك بوو بەو کەسانە دەوترا کە لە ژێر فرمانی حکومەتی بەعسدا بوون ، هەرچەند خۆیان کورد بوون بەڵام چەکیان لە لە دژی نەتەوەکەیان هەڵگرتبوو ، خزمەتی حکومەتی بەعسیان دەکرد ، لە ژێر فرمانی بەعسدا بوون پارەو دەستکەوتیان لە حکومەتی بەعس وەردەگرت ، ( بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە // میدڵ ئێست ووچ ، س.پ ، ل ١٠٠-١٠١ ) .

(٩) جیرارد جالَیاند : شعب بدون وطن ، ت \ عبدالسلام النقشبندی ، الطبعة الاولی ، مطبعة أرابیل ، اربیل ، ٢٠١٢ ، ص ٣٤٩ .

**جاشـــــــەوە پێشــــــمەرگەیەك دەكوژرێـــــــت و چـــــــواری دیكـــــــەش برینـــــــدار دەبـــــــن[١].**
**لەم ماوەیەدا دیاردەیەكی دیكە بە ئاشكرا هەستی پێدەكرا ، ئەویش هەڵهاتن بوو لە سەر بازی، بەعس هەموو ئەو كەسانەی كە لە سەربازی هەڵدەهاتن ئەگەر یەكەم جاری هەڵاتنیان بوایە دوای ماوەیەك زیندانیكردن دەیان كردەوە بە ســـــەرباز ، بـــــەڵام ئەگـــــەر لـــــە شـــــەڕ هـــــەڵبهاتبان ئـــــەوە گوللـــــە بـــــاران دەكـــــران . ڕۆژی ١٩٨٤\٣\٧ لە شاری سلێمانی ١٦ سەربازی هەڵاتو گوللەباران كران ، یەكێتی جگە لەوەی ناڕەزایی لای لیژنەی هاوئاهەنگی دەربڕی ، بەیانێكیشی دەركرد بە توندی هێرشی كردە سەر دام و دەزگاكانی بەعس ، بۆیە ڕۆژی ١٩٨٤\٣\٩ ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕش بە بروسكە فرمانی دا بە دام و دەزگاكانی سلێمانی گوللە بارانی سەربازی هەڵاتو ڕابگرن[٢] .**

**ئاڵۆزی ڕەوشی شاری سلێمانی بەردەوام بوو ، لە ڕۆژی ١٣\ ٥ \ ١٩٨٤ خوێندكارانی پەیمانگاو قوتابخانەكانی شاری سلێمانی خۆپیشاندانیان ئەنجام دا، داوایان كرد خوێندكارانی گیراو ئازاد بكرێن و دەركراوەكانیش بۆ خوێندن بگەڕێنەوە ، ناردنی قوتابیان بۆ جەیشی شەعبی ڕابگرێت ، بەڵام حكومەتی بەعس هێرشی كردە سەر ئەم خۆپیشاندانەو ٧ خوێندكاری كوشت و ٢٥ یشی بریندار كرد . خەڵكی سلێمانی مانیان گرت و بازاڕەكان داخران ، ڕژێم هێزێكی زۆری هێنایە ناو شەقامەكانی سلێمانی ، لە هەمان ڕۆژ و ڕۆژی دواتر گەورەترین خۆپیشاندان دژی ڕژێم كرا[٣]، ئەمەش لە بەردەم بارەگای جەیشی شەعبی بوو لە بینای پارێزگا ، لە ئەنجامی پێكدادانی خۆپیشاندەران خۆپیشاندەران و جەیشی شەعبی زیاتر لە ٢٠ سەربازی جەیشی شەعبی كوژران[٤]. لەو كاتەدا مام جەلال لە بەغدا بوو سەدام پێی وتبوو " لە سلێمانی شتێكی وا ڕویداوە ، من نەم هێشتوە ئیجرائات وەربگیرێ ، بۆ ئەوەی گفتوگۆ تێك نەچێت ، چونكە ئەزانم سلێمانی شاری یەكێتی یە ، ڕوداوی وەها لە سلێمانی نەبوایە ، لە كاتی گفتوگۆدا لە هەر شارێكی تر بقەومایە شارەكەم لە دەریایی خوێندا نوقم دەكرد"[٥]. هۆكاری مانگرتنی خوێندكاران ئەوە بوو لە كاتێك دا خەریكی خۆ ئامادەكردن بوون بۆ تاقیكردنەوەكانی كۆتایی ساڵ كەچی حكومەتی بەعس نەخشەی ئەوەی دادەنا كە بە زۆر بۆ بەرەكانی جەنگیان بەرێت ، خوێندكارانی ناچار دەكرد كە بچن بۆ بارەگاكانی جەیش شەعبی و ڕاهێنان بكەن ، بەعس بە جۆرێك كەوتە هەڕەشەكردن و زەبر و زەنگ نواندن ، كە مرۆڤ وابزانێ ئەنجامی جەنگی عێراق و ئێران لە سەر مەشق و ڕاهێنانی ئەو خوێندكارانە وەستا بێت[٦]. سیاسەتێكی دیكە ڕژێم هەوڵ دان بوو بۆ لە لە ناو بردنی چەند سەركردەیەكی سەربازی یەكێتی ، ئەمەشی لە ڕێگەی دامەزراوە ئەمنی و جاسوسیەكانەوە ئەنجام دەدا بە مەبەستی شكاندنی هەیبەتی یەكێتی و چاوترساندنی جەماوەر[٧]. ئەوە بوو بە پیلانێك فەرماندەیەكی ئازای**

---

(١) نەوشێروان مستەفا ئەمین : خولانەوە ، س .پ ، ل٣٠-٣١.

(٢) هـ.س.ل١٩ .

(٣) علی تەتەر نێروەیی س.پ ، ل ٣٥ ، شایەنی باسە نەوشێروان مستەفا ژمارەی كوژراوەكان بە ٣ خوێندكار دادەنێت بڕوانە // نەوشێروان مستەفا ئەمین : خولانەوە ، س .پ ، ل٣٣ .

٤ – هـ. س، ل٣٣ .

٥ – وەرگیراوە هـ.س، ل٣٣ .

(٦) س .پ ، ل٦٨ .

(٧) شێخ محمد عبدالكریم : كارەساتی ( مەنعی تەجەول ) ١٩٨٥ ی شاری سلێمانی ، سلێمانی ، ٢٠٠٢ ، ل ٣٠.

پێشمەرگە بەناوی ( نەجمەدین )[1] ناسراو بە مامە ڕیشە تیرۆر کرد[2] ، لە بەرامبەردا پێشمەرگە چالاکیەکانی فراوان کرد ، لە م ماوەیەشدا چەندین کەس لە پیاوانی ڕژێم کوژران[3]. بەم شێوەیە دەبینین ڕەوشی سیاسی سلێمانی لە کاتی گفتوگۆی یەکێتی نیشتمانی و ڕژێمی بەعس هەر بە ئاڵۆزی ماوەتەوە ، نەتوانراوە چارەسەری هەموو کێشەکان بکرێت ، ئەمەش بە هۆی نەبونی نیازی پاك لەلایەن ڕژێمەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەو داواکاریەکانی خەڵکی سلێمانی و سیاسەتی زەبرو و زەنگی بەعس بەرامبەر بەم شارە بووە .

پاش تێکچونی گفتوگۆکان ڕەوشی سیاسی شاری سلێمانی زۆر ئاڵۆزتر بوو ڕژێم دەستی کرد بە سیاسەتی توندو تیژی و فشارخستنە سەر دانیشتوانی شاری سلێمانی و سەرکوت کردنی خەڵك و گوللە بارانکردن و لە سێدارەدان[4].لە تەمموزی ١٩٨٥ ڕژێم سیاسەتەکی توندتر کردەوە ، بڕیاری دەست بەسەر کردن و ڕاگواستن و دەست دەست بەسەر داگرتنی کەل و پەل و ماڵ و موڵکی هاولاَتیانی دەرکردبوو ، داوایان لە ئەمن کردبوو هەرچی زووترە ئاماری بنەماڵەی پێشمەرگە ئامادەبکات ، تا دەستگیرکردن و دەرکردن دژ بە بنەماڵەکانیان جێبەجێ بکات ، داوای کردبوو کەس و کاری ئەوانەشی ڕایان کردوەتە دەرەوەی ولاَتیش بانگ بکرێن و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دا بکرێت ، تا هەمان پرۆسە بە سەریان دا جێ بەجێ بکرێت[5]، هەر لە میانەی ئەم سیاسەتەدا ڕژێمی بەعس لە شاری سلێمانی تەنها لە نێوان مانگی (٩ – ١٠ ) ساڵی ١٩٨٥ (٣٠٠ ) منداڵ و مێرد منداڵی لە سێدارەداوە کە تەمەنیان لە نێوان (١٧ – ٢٣ ) ساڵدا بووە [6]. مەبەستی ڕژێم لەم کارانەدا بۆ چاوترساندنی جەماوەر و فشار دروستکردن بوو لە سەر پیشمەرگە لە ڕێگەی کوشتن و گرتنی کەس و کاریان بۆ ئەوەی خۆیان ڕادەست بکەنەوە ، ببێ بە پەندیش بۆ ئەوەی کەس بیر لە چوونە ناو ڕیزەکانی پێشمەرگە نەکاتەوە ، لەبەر ئەوەی هەندێکیان لە خوار تەمەنی یاساییەوە بوون ، بۆیە ڕژێم لیژنەیەکی پزیشکی پێك هێنابوو ، تا تەمەنیان زیاتر بکەن بۆ ئەوەی لە سێدارە بدرێن[7]. لە بەرامبەریشدا پێشمەرگە بەردەوام بوو لە ئەنجام دانی چالاَکیەکانی لە ناو شاری سلێمانی دا لە شەوی (١٧/١٨\\٩\\ ١٩٨٥ ) هاتنە ناو شارەوە زیاتر لە (٢٤) هێزی تایبەت ( قوات خاصە ) و پۆلیسیان کوشت و دانەیەکیشیان بە دیل

---

(١) ناوی نەجمەدین شوکر خەڵکی گوندی تاڵەبان بوو لە بەر ئەوەی ڕیشی هەبوو بە مامە ڕیشە ناوی دەرکردبوو ، ماوەیەك لە ولاَتی لوبنان لەگەڵ فیدائییەکانی فەلەستین کاری کردبوو ، خوێندەواری نەبوو بەڵام چالاك و ئازا و گورج و گۆڵ بوو ، فەرماندەی کەرتی جەباری بوو ، کەرتەکەی یەکێك بوو لە ئازاترین و چالاکترین کەرتەکەکانی پێشمەرگە ، بەعس داخ لە دڵ بوو بۆی ، ڕیشە لە ناو خەڵك دا بوو بوو بە قارەمانێکی ئەفسانەیی ، تەنانەت لە یەکێك لە خۆپیشاندانەکانی سلێمانی خەڵك هاواریان کردبوو : " بە هێزی مامە ڕیشە سەدام ئەکەین بە شیشا " لە ڕۆژی ٢٤\ ١\ ١٩٨٥ بە دەستی ( تەحسین شاوەیس ) لە سەر داوای استخبارات شەهید کرا (بڕوانە // نەوشێروان مستەفا ئەمین : خولانەوە ، س .پ ، ل٨٥–٨٦ ) .

(٢) عبدالله کریم محمود : پێشمەرگە پۆڵاینەکە ، چ٢ ، سلێمانی ٢٠٠١ ، ل ١٤٧ .

(٣) ڕێباز : قەندیل بەغدادی هەژاند ، بەرگی دووەم ، هەولێر ، ١٩٩٣ ، ل ١٠١ .

(٤) شێرکۆ بێکەس:بەرگی دوو، س.پ ، ل٣٥:کەریم یەڵدز:کورد لە عێراق ، شاهۆ بورهان، چاپخانەی کاردو ، سلێمانی، ٢٠٠٧ ، ل١١١. ل١١١.

(٥) علی تەتەر نێروەیی س.پ ، ل ٢٨٣ .

(٦) مارف عمر گوڵ : جینۆسایدی گەلی کورد لە بەر ڕۆشنایی یاسای تازەی نێو دەوڵەتیدا ، چاپی یەکەم ، ئەمستردام ١٩٩٧، ل ٤٣٢ ؛ مارف عمر گوڵ : سیاسەتی جینۆساید لە کوردستاندا ، (گ) سەنتەری لێکۆڵینەوەی، ستراتیجی کوردستان ، ژمارە ٤٠، شوباتی ٢٠٠٣ ، ل٨٨–٩٠ ؛ علی تەتەر نێروەیی هـ.س ، ل ٣٨٤ .

(٧ ) علی تەتەر نێروەیی: س.پ، ل ٣٨٤ .

گرت و(٤ ) ئۆتومبێل یان سوتاند[1]، له چالاکییەکی تردا له ١٤ تشرینی یەکەمی هەمان ساڵدا دوو ئەفسەر هێزی ئاسمانی عێراقی له سلێمانی کوژران ، حکومەت له هەمان شوێن و له هەمان ڕۆژدا ده کەسی بێ تاوانی گوللەباران کرد[2]، چەندین ماڵیشیان بە شۆفڵ و بلدۆزەر ڕوخاند و تەختکرد[3]، له ١٧\١٠\١٩٨٥ له ڕێی مایکرۆفۆنەکانی شارەوه قەدەغەکردنی هاتوچۆ له شاری سلێمانی ڕاگەیەندرا ، هەرکەسێك له ماڵ دەرچوبا گولله باران دەکرا ، ئەم ڕۆژه به (مەنع تەجەول ) لای خەڵکی سلێمانی ناسراوه ، به درێژایی ئەو ڕۆژه بەردەوام بوو ، سەرجەم هێزەکانی ڕژێم که پێك هاتبوون له ( ئەمن و ئیستخبارات و جەیشی شەعبی و سەرباز و جاش ) ژمارەیان به سەدان دەخەمڵێنرا ڕژانه ناو شار و ماڵ به ماڵ دەگەران ، لەو ڕۆژەدا زۆر کەس گیران و کوژران ، هەندێکیان دوای دادگایی کردنێکی سەرپێی گوللەباران کران ، هەندێك کەس له جیاتی کەسانی دیکەدا کوژران ، له دەستگیراوەکانیش ٢٤ کەس گوللەباران کران ، هەندێك لەوانه تەنها به هۆی هەبونی وێنەیەکی پێشمەرگه ، هەندێك به هۆی هەبونی کەس و کاریان له ناو شۆڕشدا کوژران ، له ناو کوژراوانیشدا منداڵ هەبوون [4] . سەرەڕای ئەوانەش قەدەغەکردنی هاتووچۆ زیانێکی گەورەی به ئەرشیف و بەڵگەنامەکانی پارت و ڕێکخراوه سیاسییەکان گەیاندووه، چونکه له ترس گرتن و کوشتن، بەشێکی زۆری ئەو بەڵگەنامانەی لای ئەندامی ڕێکخستنەکانی ناوشار بوون، سوتێنران و لەناوبران[5] .

جگه لەمانه ڕژێم بەردەوام فشاری له سەر دانیشتوانی شار دروست دەکرد به ڕێگای جۆراو جۆر هەوڵی دەدا دانیشتونی شار کۆنترۆڵ بکات ، ڕێگای به منداڵانی پێشمەرگه نەدەدا له قوتابخانەکان بخوێنن [6]، بەو هۆیەوه منداڵانی پێشمەرگه به ناچاری و له ژێر فشاردا وازیان له خوێندن دەهێنا[7] .

سەرەڕای ئەوانه ڕژێم له ناو شاردا هەوڵی دوبەرەکی و ناکۆکی دەدا له نێوان گەڕەکەکانی شاردا ، زۆر جار شەڕی گەڕەك به گەڕەك له نێوانیان ڕویدەدا ، لەوانەش شەڕه بەرد ، شەڕه چەقۆ له نێوان گەڕەکەکانی سەر کارێز و سەرشەقام یان کارێزەوشك و زەرگەته[8]. هەرچەنده شەڕی گەڕەك به گەڕەك ڕەگێکی کۆنتری هەبوو،بەڵام ڕژێم زیاتر برەوەی پێدا، ڕژێمی بەعس بەوانەشەوه نەوەستا ، له ماوەی نێوان ١٩٨٠ –١٩٨٦ تەنها له قەزای سلێمانی ١٦

---

(١) پاشکۆی ڕێبازی نوێ : ئۆرگانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ، ژماره ٩ ، ئەیلولی ١٩٨٥ ، ل٣ .

(٢) د. علی تەتەر نێروەیی س.پ، ل ٣٨٦.

(٣) ئا. ڕوخۆش علی : بیرەوەریەکانی ژنانی شاخ ( پڕۆژەی یەکێتی ژنان ، چاپخانەی تەوار ) ، (ب.ش.چ) ، ٢٠٠٦ ، ل٤٠ .

(٤) بو زانیاری زیاتر له سەر مەنعی تەجەول بڕوانه: بێ ناوی نوسەر ، کارەساتی مەنعی تەجەولی ١٩٨٥ شاری سلێمانی ، چاپخانەو ئۆفسێتی شڤان ، سلێمانی ، ٢٠٠٢ ؛ پاشکۆی ژماره (٥) دەربارەی ناو و هۆکاری له سێدارەدانی ئەو ٤٤ کەسەی لەو ڕۆژەدا گیران و دواتر له سێدارەدران زانیاری زیاتر دەخاته ڕوو( :طه بابان : عالم الکرد المرعب ، ط٢، وزارة الثقافة حکومة إقلیم کردستان ، سلیمانی ، ٢٠٠٢، ص٣٠-٣٥ ؛ شیخ تالیب سەید علی ، کورتەیەك له بیرەوەریەکانم ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی چوارچرا ، ٢٠١٥ ، ل ١٩٩ ؛ علی تەتەر نێروەیی س.پ، ل ٣٨٦ ) .

(٥) پەیوەندی تەلەفۆنی توێژەر لەگەڵ(سیروان مەحمود پۆلیس)، ٢٠١٨/١/٢٢، هۆڵندا.ناوبراو له ساڵی ١٩٦١ له دایك بووه، قۆناغەکانی قۆناغەکانی خوێندنی به سەرکەوتووی تەواوکردووه، خاوەنی بڕوانامه دیبلۆمی باڵایه له کیمیای پیشەسازیدا، له ساڵانی ١٩٨٠ وه پەوەندی کردووه به ڕێکخستنەکانی (ی.ن.ك) ، سەربه هێڵی شۆڕشگێران بووه ، ئێستا له وڵاتی هۆڵندا نیشته جێیه.

(٦) عومەر علی ئەمین : له ڕۆژه ڕەشەکانی شار ، گ ، سلێمانی ، ژماره ١٥ ، ئەیلولی ٢٠٠١ ، ل ٣٩ .

(٧) نوسین به ئاوی خۆڵەمێش ، ب٢ ، س.پ، ل٧١ .

(٨ ) کاروان ڕەئوف : یاداشتی دیوان و کۆژانی زیندان ، چاپخانەی هەرین ،(ب .ش)، ٢٠٠٤ ، ل ١٥ .

گونـــــدی ڕاگواســــتووه ، هۆکارەکەشـــــی بڕینـــــی هاوکــــاری بـــــوه لــــه هێزەکــــانی پێشـــــمەرگە[1].
سـەرەڕای هـەموو ئەمانـەش چالاکیەکانی پێشـمەرگەش زیـادی کردبـوو ، بـەپێی زانیـاری ڕژێمـی بـەعس پێشـمەرگە گرووپـی چـەکداریان ڕەوانـەی نـاو شـار کـردوە بـۆ ئـەنجام دانـی چالاکی دژ بـه دام و دەزگـا و کەسـایەتیە گرنگـەکانی حکومەت ، سەرەڕای ئەوەی پێشمەرگە پلانی گرتنی چەند شار و شارۆچکەیەکیشی دانابوو[2]، لەوانە ناوچەکانی قەڵادزێ و کۆنترۆڵ کردنی چیایی هەیبە سوڵتان کە دەریاچەی دوکانی لە بن دەستی حکومەت دەردەهێنا[3]، لـە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٨٥ – ١٩٨٧ حکومەتی عێراق کاروباری کوردی بە (محمد حمزه الزبيدی) سپاردبوو، کە سەرۆکی نوسینگەی باکوری حیزبی بەعس بوو ، فەرمان درابوو کە لەماوەی ١٦ مانگ دا ، ناوچەکە کۆنترۆڵ بکات، دوای ئەوەی ٦ مانگی دیکەی بۆ درێژ کرایەوە ، بەڵام هەر نەیتوانی کۆنترۆڵی بکات و ئاڵۆزی هەر بەردەوام بوو[4]، بۆیە حکومەت ناچار بوو بۆ کۆنترۆڵکردنی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەو لە ناو بردنی ڕێکخستنەکانی ناو شـار و بنـەبڕکردنی چـالا کیـەکانی پێشـمەرگە بـە بڕیـاری ژمـارە ١٦٠ ی ئەنجومـەنی سـەرکردایەتی شـۆڕش لـە ١٩٨٧\٣\٢٩ علی حسن مجيدی کردە لێپرسراوی نوسینگەی باکوری حیزبی بەعس[5] . تا ساڵی ١٩٨٧ سیاسەتی سەربازی دژی کوردستان و پێشمەرگە لە لایەن هەردوو سوپای یەك و پێنجەوە دادەنرا ، بەڵام لە دوای دانانی علی حسن مجيد ، حیزبی بەعس خۆی بەرپرسیاریەتی ڕاستەوخۆی تەواوی سیاسەتی بەرامبەر بە کورد گرتە ئەستۆ[6]، ماوەی دەسەڵاتەکەی علی حسن مجيد لە ١٩٨٧\٣\٢٩ بۆ ١٩٨٩\٤\٢٣ بوو ، لەم ماوەیەدا دەسەڵاتی ڕەهای بە سەر ناوچەکانی کوردستان دا هەبوو[7]، دەسـەڵاتەکانی هاوتـای دەسـەڵاتی سـەرۆك کۆمـار بـوو ، نوێنـەری شـۆڕش بـوو لـە جێبەجێ کردنی سیاسەتیان لە تەواوی هەرێمی باکور و ناوچەی ئۆتۆنۆمی لـە هـەرێمی کوردسـتان دا ، بە مەبەستی دابین کردنی ئەمن و ئاسایش ، پیادەکردنی یاسایی ئۆتۆنۆمی لە ناوچەکەدا ، سەرجەم دام و دەزگاکانی سەربازی و ئـەمنی و مـەدەنی خرایـە ژێـر دەسـەڵاتی (علـی حسـن مجيـد) ەوە ، بڕیـار و ڕاسـپاردەکانی لـە لایـەن تـەواوی دەزگـا ئەمنیەکانەوە جێ بەجێ دەکرا[8]. بەدانانی علی حسن مجيد ڕەوشی سیاسی سلێمانی و کوردستانیش زۆر ئاڵۆز بوو، بە جۆرێك ئەم ماوەیە بە خوێناویترین ماوە دەژمێردرێت ، زۆر ڕوداو و کارەسات لەم ماوەیەدا ڕویان دا ، کە یەکەم جار بوو لە مێژوی مرۆڤایەتیدا ڕوبدات[9]، لەم ماوەیەدا توندترین سیاسەت بەرامبەر بە باشوری کوردستان و

---

(١) ئـەمین قـادر مینـە : ئـەمنی سـتراتیجی عێـراق و سێکوچـکەی بەعسـیان ، تـەرحیل ، تـەعریب ، تـەبحیس ، ئـەکادیمیای هۆشـیاری ڕاگەیاندنی کادیران ، سلێمانی ، ٢٠١٢ ، ل ٣١٨؛ جاسم حمد محمد : ڕاگواستنی زۆرە ملێی دانیشتوانی سلێمانی ، گ . کوردۆلۆجی ، ژمارە ١ ، ٢٠٠٨ ، ل ٢٩٥ ؛ عومـەر هـەمزە صـالح : ڕاگواسـتن (لێکۆڵینەوەیـەکی جوگرافی و مێـژوویی ، ڕاگواسـتنی زۆرەملێـی گونـد نشینەکانی کوردستان ، پشدەر وەك نمونە ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی خانی ، دهۆك ، ٢٠٠٩ ، ل ٨٨ .

(٢) علی تەتەر نێروەیی س.پ، ل ٤٠٣.

(٣) شەوکەت حاجی موشیر : کارەساتی کیمیا بارانی هەڵەبجە ، بەهاری ١٩٨٨ ، سلێمانی ، ب.ش ، ١٩٨٨ ، ل٣٤ .

(٤) میدڵ ئیست ووچ : س.ب ، ل١٠٨–١٠٩ .

(٥) بۆ دەقی بڕیاری دانانی عەلی حەسەن مەجید بە بەپرسی نوسینگەی باکوری حیزبی بەعس ، (بڕوانە// پاشکۆی ژمارە(٦) ).

(٦) میدڵ ئیست ووچ : س.پ، ل١١١ .

(٧)علی تەتەر نێروەیی س.پ، ل٤٣٢ .

(٨) میدڵ ئیست ووچ : س.پ، ل١١٨.

(٩)علی تەتەر نێروەیی س.پ، ل٤٣٢ .

شاری سلێمانی گیرایە بەر، بۆ نمونە بڕیاری لە سێدارەدان دەردەچوو بۆ هەر کەسێك کە ئامێرێکی چاپ و کۆپی کردن بە بێ پرسی دەوڵەت هەبێت ، یان داوای پەنابەری لە وڵاتێکی دراوسێ بکردایە ، یان مامەڵە لەگەڵ دوژمن بکات ، بە گشتی ئەوانەی بڕیاری لە سێدارەدان دەیگرێتەوە ٢٥٠ بابەت بوون ، بە شێوەیەکی لاستیکی هۆنرابونەوە بۆ ئەوەی بە ئاسانی دەستکاری بکرێن[١] .

لەو چوار چێوەیەدا دوای دەستگیرکردنی چەند ئەندامێکی ڕێکخستنی ناوخۆی حیزبی سۆسیالست لە ساڵی ١٩٨٧ کە بریتی بوون لە ( جەمال حمە نوقڵە ، بەرپرسی ڕێکخستنی ناوخۆ – ملازم مجید – لێپرسراوی لقی سلێمانی ) لە سێدارە دران[٢] . لە سەری ساڵی ١٩٨٧ دا ٧٠٠ بەندکراوی سلێمانی بەغدا و باقوبە کە زۆربەیان لە ژێر ژێر تەمەنی یاسایی دا بوون لە سێدارەدران(٣)، لەوانە ٤٠ منداڵیان خەڵکی سلێمانی بوون[٤] . لە قەدەغەی هاتوچۆی ساڵی ١٩٨٥ ی سلێمانی (٣٠٠) منداڵ گیرابوون، لە ١٥\\١\\١٩٨٧ ڕژێم ٧٠ منداڵیانی لە سێدارەدا ، بۆ سوکایەتی و شەڕی دەرونی داوای تێچوی لە سێدارەدان و تەسلیم کردنەوەی تەرمەکانیشیان لە خێزانەکانیان کرد ، بە بڕی ٣٠٠ دینار بۆ هەریەکەیان ، ئەو بڕە پارەیە بۆ ئەو کاتە موچەی چوار کارمەندی دەوڵەت بوە ، دیناری عێراقی بەهایەکی بەرزی هەبوو[٥] ، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ڕژێمی بەعس نەیتوانی بوو کۆنترۆڵی خەڵکی شاری سلێمانی بکات ، ئەوەتا لە ڕاپۆرتی لیژنەی ئەمنی سلێمانی بۆ مانگی نیسانی ١٩٨٧ هاتبوو کە هۆکاری سەرەکی لاوازی باری ئەمنی بۆ هاوکاری نەکردنی هاوڵاتیان لەگەڵ دەزگا ئەمنیەکان گەڕاندبویەوە ، سەرەڕای هاوکاری هاوڵاتیان بۆ شۆڕشی کورد ، بۆیە بڕیاریان دابوو کە هەر کەسێك مامەڵەیەکی هەبوایە پێویست بوو ڕازی بێت کە هاوکاری ئەمن بکات و ڕاپۆرت لە سەر پێشمەرگەو هاوکارانیان و باری گشتی شاری سلێمانی پێشکەش بکات [٦] .سیاسەتێکی دیکەی ڕژێم ئەوە بوو کە لە هەر شوێنێك زیانیان پێبگەیشتایە ئەو شوێنەیان وێران وێران دەکرد ، بۆ نمونە لە ٦\\١\\١٩٨٨ دوو نارنجۆك لە ناو بازاڕی ئەسحابە سپی دا تەقیەوە ، ڕژێم کەوتە ڕوخاندنی ئەو دوکانانەی کە ڕوداوەکەی تێدا ڕویدا بوو[٧] .

لە کۆتاییەکانی جەنگی عێراق و ئێران دا چالاکیەکانی هێزی پێشمەرگە زۆر فراوان بوو بوو ، مەترسی ڕاستەوخۆی لە سەر دەسەڵاتی ڕژێم دروست کردبوو ، بۆ وەڵام دانەوەی ئەم مەترسیە دوای دانانی بەرنامەیەکی

---

(١) زوهێر جەزائیری : بەر لە ئەنفال دوای لە یادچوون، و\ جومعە جەباری ، چاپی یەکەم ، هەولێر ، ٢٠٠٨ ، ل ٣١ .

(٢) محمد شاکەلی : لە بزوتنەوەو بۆ حیزبی سۆسیالستی کوردستان ١٩٧٦– ١٩٩٣ ، لاپەڕە هەڵنەدراوەکان ، چاپخانەی کاردۆ ، کەرکوك ٢٠١١ ، ل١٧ .

(٣) زوهێر جەزائیری : س.پ، ل ٣٢ .

(٤) حەمید گەردی : پوختەی مێژوو نامە ، چاپی یەکەم ، هەولێر ، ٢٠٠٤ ، ل٧ .

(٥) هەژار عزیز سورمێ : کورد و جینۆساید و ئیبادەکردن ، هەڵوێستی یاسای نێودەوڵەتی چەند ئاماژەیەکی نمونەیی لە کورتە توێژینەوەیەکدا ، چاپی دووەم ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی ، کوردستان ، ٢٠٠٤ ، ل ١٣٤–١٣٥ .

(٦) علی تەتەر نێرەویی س.پ، ل٤٣٧.

(٧) لە پەیام نێری ڕزگاریەوە لە سلێمانی ، ڕۆژنامەی ڕزگاری ، ژمارە ٢٥ ، کانونی دوەمی ١٩٨٨ ، ل ٤ .

هەمە لایەنە پرۆسەکانی (ئەنفال)[1]، لە ژێر سەرکردایەتی علی حسن مجید و بە بەشداری ( فەیلەقی ١ و ٥ و بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەمن و هەواڵگری سوپا و فەوجە جاشەکان دەستی پێکرد[2]، سوپای عێراق بە هەشت قۆناغی جیاواز لە نێوان ٢٢ ی شوبات تا ٦ ی ئەیلولی ١٩٨٨ ، بە جۆرەها چەکی قورس و کیمیاوی بە بەشداری فڕۆکەو بە پێی نەخشەو پلان ، هێرشیان کردە سەر ناوچەکانی کوردستان ، دانیشتوانی ئەو ناوچانەی بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتن بە بێ جیاوازی ڕەگەز و تەمەن ڕاپێچی زیندانەکان کران ، ئامانجی ئەم پرۆسەیە لە ناو بردنی هێزی پێشمەرگەو نەمانی هیچ مرۆڤێك بوو لە ناوچە ئازادکراوەکانی ژێر دەستی پێشمەرگە ، لەم پرۆسانەدا بڕیاری زیندەبەچاڵکردن ، لە سێدارەدان ، بێ سەروشوێنکردنی دەیان هەزار کەس ، کیمیاوی بارانی شار و گوندەکانی کوردستان درا[3].

ئەوەی تایبەتە بە سلێمانی لەو هەشت قۆناغەدا حەوت قۆناغیان لە ناوچە جیاجیاکانی پارێزگای سلێمانی ئەنجام دراون، بەڵام ئەنفالی یەکەم و دووەم ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە شاری سلێمانیەوە هەیە ، چونکە ئەنفالی یەکەم لە ١٩٨٨\٢\٢٣ دەستیپێکرد، ناوچەکانی دۆڵی جافایەتی و بالیسان و شێخ وەسان و سەر گەڵو بە گەڵو باکوری سەرچنار لە سلێمانی گرتەوە[4]. ئامانجی ئەنفالی یەکەم لەناوبردنی بنکەی سەرەکی یەکێتی نیشتیمانی بوو لە سەرگەڵو ، لە شاری سلێمانیەوە سەرپەرشتی هەڵمەتەکە دەکراو تەنانەت صدام حسین خۆیشی بۆ سەپەرشتیکردن و چاودێریکردنی ئەنفالی یەك هاتە شاری سلێمانی و کۆبونەوەی لەگەڵ سەرکردەکانی سوپادا ئەنجام دا ، سەرئەنجام توانیان بنکەی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان داگیربکەن[5]، دوای داگیرکردنی ئەو ناوچانە دانیشتوانەکەی هەندێکیان بەرەو سلێمانی هەڵاتن ، تەنانەت لە نەخۆشخانەش دەستبەسەر بوون و چاودێری دەکران ، قەدەغە بوو خەڵکی مەدەنی سەردانیان بکات ، دوای بێ سەروشوێن کردنی پیاوەکانیان ، ئەوانی تر لە ژن و منداڵ ڕەوانەی ناوچەکانی خۆیان کرانەوە[6]، ئەم قۆناغە لە ١٩٨٨\٣\١٩ کۆتایی هات[7]. ئەنفالی دووەم لە ١٩٨٨\٣\٢٢ دەست پێدەکات ، ناحیەکانی قەرەداغ و بازیان و دەربەندینخان و سەنگاوی گرتەوە ، لە ١ نیسانی ١٩٨٨ کۆتایی پێهات[8]، لەگەڵ بەڕێوەچونی شاڵاوەکانی ئەنفال لە دەرەوەی شاری سلێمانی ، لە ناو خودی شارەکەشدا ئەندامەکانی ڕێکخستنەکانی ناو شاری حیزبەکان ، فشاریان لە سەر دروستکرابوو ، ڕووبەڕووی مەترسی بوبونەوەو ڕەوشی سیاسی زۆر خراپتر بوو ، ڕێگاکان داخرابوو ، هاتوچۆ ئەستەم بوو ، کەم کەس هەبوو

---

(١) ئەو ناوە بوو کە بە زنجیرەیەك هێرش و پەلاماری نەخشە بۆ کێشراوی سەربازی درا ، سەجەمیان هەشت پەلامار بوو ، لە شەش ناوچەی جوگرافی جیاوازدا بەڕێوەچوو ، لە نێوان دوادوای شوبات و سەرەتای ئەیلولی ١٩٨٨ دا. سەراپای عەمەلیاتەکە لە دەستی نوسینگەی باکوری ڕێکخراوی حیزبی بەعس دا بوو ، علی حسن مجید سەرۆکایەتی دەکرد بڕوانە // میدڵ ئیست ووچ : س.پ ، ل١١١ .

(٢) علی تەتەر نێروەیی س.پ، ل٤٨٧-٤٨٨ .

(٣) ڕێبوار خالد مستەفا : س.پ، ل ١٦٠؛ علی تەتەر نێروەیی س.پ، ل٥٠٣-٥٠٦.

(٤ ) بۆ زانیاری زیاتر لە سەر قۆناغەکانی ئەنفال و چۆنیەتی بەڕێوەچونی و زۆر زانیاری دیکە بڕوانە // میدڵ ئیست ووچ : س.پ ، ل٢٤٩-٢٧١.

(٥) نەوشێروان مستەفا ئەمین : خولانەوە ، س .پ ، ل١٥١ .

(٦) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە // میدڵ ئیست ووچ : س.پ ، ل١٣٣ .

(٧) بۆ دەقی بەیانامەی ڕژێمی بەعس سەبارەت بە کۆتایی هاتنی قۆناغی ئەنفالی یەکەم، بڕوانە: پاشکۆی ژمارە (٧).

(٨) بۆ زانیاری وردەکاری زیاتر لە سەر شاڵاوی ئەنفالی دوو بڕوانە // میدڵ ئیست ووچ : س.پ ، ل١٨٦-٢٠١ ، ٥٩ .

بوێری بە باشی باسی کورد بکات ، ئەوانەی لە ناو شاردا وەك ڕێکخستن کاریان دەکرد ، زۆر کەم بوبونەوە[١] ، ڕێگە لە هەموو بیر و دەربڕینێکی ئازاد گیرابوو ، تەنانەت ئەگەر باسی ئازار و مەینەتیەکانی کوردیشی بکردایە ، لەو تاوانانەی بە سەری دا هاتبون ، بۆنمونە (شاکر فتاح) [٢]، کەسایەتی ڕۆشنبیری ناوداری کورد ، لەو ڤیستیڤاڵەی کە لە هەولێر بەڕێوە چوو ، لە ڕۆژانی ١٢\١٤ ی ئاداری ١٩٨٨دا ، وتارێکی پێشکەش کرد ، داوای کرد حکومەت بە ڕێگەی ئاشتی و گفتوگۆ لەگەڵ شۆڕش گێران کێشەی کورد چارەسەر بکات ، گوتبوی بۆچی ئەم توندوتیژییە لەگەڵ کورد بەکاردێنن ؟ بۆ ئیوە دەڵێن کە کورد بەرگری لە نیشتیمان ناکات ؟ ئەگەر گوندەکانی وێران بکرێت و خەڵکەکەی ڕابگوازرێت ، باشە دەبێت لە چ شتێك بەرگری بکەن ؟ بۆچی هەزاران لاوی کوردتان خستۆتە ناو زیندانە ترسناکەکانەوە ؟ بەهۆی ئەم قسانەوە شاکر فتاح ڕۆژی ٢٠ ئاداری ١٩٨٨ لەگەڵ ١٥ کەسی تر لە سێدارە دران وە تەرمەکەی تەسلیم بە بنەماڵەکەی کرا[٣]. ڕەوشی سیاسی شاری سلێمانی لەم قۆناغەدا بە ئاڵۆزترین و مەترسیدارترین قۆناغدا تێپەڕبووە ، ئەویش لە بەر ئەو هۆکارانەی کە پێشتر باسکران ، شەڕی ئێران و عێراق لە لایەك شەڕی حکومەتی عێراق و هێزەکانی پێشمەرگە و پرۆسەکانی شاڵاوی ئەنفال و کیمیاباران و ڕاگواستنی ناوچەکان و ڕوخاندن و تەختکردنی گوندەکان و سیاسەتی توندوتیژی ڕژێم لە لایەکی دیکەوە[٤] .

لە ماوەی (١٩٨٠-١٩٨٨) بارودۆخی سیاسی شاری سلێمانی بە قۆناغێکی ئاڵۆز و دژواردا گوزەری کردووە، لەو

ماوەیەدا ڕژێمی بەعس سەرجەم توانا و هێزە داپڵۆسێنەرەکانی خۆی خستووەتە کار بۆ کۆنترۆڵکردنی دانیشتوانی شارو سەرکوتکردنیان، بەجۆریك زیندانەکانی بەعس پڕکرابوون لەو کەسانەی کە ملکەچی بریارەکانی ئەوان نەبوون، یاخود بیرو بۆچونی سیاسی جیاوازیان هەبوو،جگەلەوەش هەر لەوماوەیەدا شاڵاوەکانی ئەنفال و کیمیابارانی دژی گەلی کورد جێبەجێ کرد و گوندەکانی ڕاگواست،ڕاگواستنی گوندەکان کاریگەری خراپی لەسەر ڕەفتاری کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کورد هەبوو،بە جۆرێك هەندیك دیاردە زۆر بە بەربڵاوی بڵاوبووەوە لەوانە: دیاردەی جاشایەتی،دوژمنایەتی،بێ متمانەیی...هتد. دەتوانین بڵێین ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٨٠-١٩٨٨ ئاڵوزترین و خوێناوی ترین ماوە بووە نەك تەنها لە شاری سلێمانی دا بەڵکو لە تەواوی باشوری کوردستاندا.

---

(١) کەمال قەرەداغی :ئەو ڕۆژانەی بە کوردستانم بەخشین ، چاپی دووەم ، چاپخانەی ژیار ، (ب.ش) ، ٢٠١٣ ، ل٢٥.

(٢) شاکر فتاح لە ساڵی ١٩١٤ لە سلێمانی لە دایك بوە ، ساڵی ١٩٣٦ کۆلێژی زمانی لە لوبنان تەواو کردوە ، بوە بە بەڕێوەبەری ناحیە ، قایقام ، وەکیل موتەسەریف ، سەرۆکی شارەوانی ، جێگیری سەرۆکی نوسەرانی کورد ، ٥١ پەرتوکی هەیە ١٢٠ وەرگێڕانی کردوە ، لەوانەش پەرتوکی پیرۆز ، ٨٢ کتێبی بە چاپ گەیاندوە ، زۆر پەرتوکی بۆ منداڵان هەبوە ، لە زۆربەی گۆڤارە کوردیەکان نوسینی هەبوە ، بەشداری لە دانانی پەرتوکی خوێندنی کوردی کردوە : بڕوانە: علی تەتەر نێرویی ، س.پ، ل ٤٥٠ .

(٣)علی تەتەر نێرویی : س.پ، ل ٤٥-٤٥١ .

(٤) شێرکۆ بێکەس لە وەسفی سیاسی ئەم قۆناغەدا دەنوسێت :" دار و دیوار و شەقام و کۆڵان و ماڵەکان ، هەر هەموو ڕەنگیان سور هەڵگەڕاوە ، سورێکی تەڕ ، ئەپرسم ئەمە چیە ؟ بێگەردی هاوڕێم ئەڵێ : شێرکۆ تۆ ئاگات لە چیە ؟! تۆ نازانی ڕۆژی چەند گەنجی ئەم شارە قۆچی قوربانین .ئەویش بارانی سورە باریوە ، دوێنێ شەو تا بەیانی بێوچان باریوە ، تۆ ئاگات لە چیە شێرکۆ ؟! ئەها تەماشا ! خەڵك سەریان پێوە نەماوە بەڵام ئەجوڵێن و ئەشرۆن ، وەختێ سەرم هەڵبڕی بە سەدان ژن ، ڕویان کردۆتە سەیوان و بەڵام هەمویان ئاگریان تێبەربوە ، کڵپە کڵپ ئەسوتێن ، بەر لەوەی من بپرسم بێگەرد وتی شێرکۆ ئەمانە هەموی لە موسڵ و ئەبوغرێب گەڕاونەتەوە ، هەریەکەو جەرگێکی ئەنجن ئەنجنی خۆی هێناوەتەوە ....... ئەڵێم ئەی چیرۆکی تازە ؟ دەستێك ئەبات بۆ سەری و ئەڵێ : هەر لێرەدا ئەتوانین بنوسین قەڵەم و کاغەزیش ترساون و ناوێرن وەك جاران بە ئاشکرا دەرکەون ".(بڕوانە:شێرکۆ بێکەس:نوسین بە ئاوی خۆڵەمێش، ب٢، س.پ، ل١٦٣).

## پێشکەشە بە

- دایك و باوكی ئازیز و خوشك و براكانم.
- هەموو مرۆڤدۆستانی جیهان.
- هەموو ئەوانەی لە پێناو خاكی كوردستاندا خۆیان كرد بە قوربانی.
- هەموو ئەوانەی ئەم بابەتە دەخۆێننەوە.

# سوپاس و پێزانین


- سوپاس و ستایش بۆ پەروەردگار کە توانای پێبەخشین بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەم توێژینەوەیە.
- بۆ سەرۆکایەتی بەشی مێژوو کە هەلی خوێندنی بالآیان بۆ ڕەخساندم.
- بۆ بەڕێز( پ.ی.د.ئاکۆ عەبدولکەریم شوانی ) کە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی توێژینەوەکەی گرتە ئەستۆی خۆی و بە سەرنج و تێبینییەکانی توێژینەوەکەی دەوڵەمەنتر کرد.
- بۆ خانەوادە خۆشەویستەکەم،کە بە درێژایی ماوەی خوێندنم هاوکارم بوون .
- بۆ سەرجەم ئەو مامۆستا بەڕێزانەی کە لە قۆناغەکانی خوێندندا وانەیان پێگوتم و لێیانەوە فێربووم.
- بۆ بەڕێزان( بەختیار خدر عەبدوڵلا،ژیلوان عەبدوڵلا ئەحمەد،بەشدار عەبدولمەجید فتاح،شەیما سەعید حەمەلاو،بەرزانی مەلا تەها)،کە بە پێدانی سەرچاوە ، دڵسۆزانە هاوکارییان کردین.
- بۆ هەریەکە لە ( ئاکۆ محەمەد وەهبی،م.جەمال عەبدول،وشیار سدیق ئەفەندی،ڕەحمان غەریب،دلێرجەلال،ئەحمەد حامید،بوار نورەدین ) ئەوانیش بە پێدانی سەرچاوە و زانیاری گرنگ هاوکارییان کردین.
- هەموو ئەو کەسانەی کە بە گیانی هەستکردن بەرپرسیارێتی ،لە دیدارو چاوپێکەوتن و پەیوەندییە تەلەفۆنییەکاندا وەلآمی پرسیارەکانیان داوینەتەوە.
- بۆ فەرمانبەرانی کتێبخانەکانی( کۆلێژی زانستی مرۆڤایەتی زانکۆی سلێمانی،کتێبخانەی گشتی،بنکەی ژین،مەکتەبی بیرو هۆشیاری یەکێتی،مەکتەبی سیاسی حیزبی شیوعی لە شاری سلێمانی،بەشی ئەرشفی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ،تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان )
- بۆ هەموو ئەوانەی ئەگەر بە وشەیەکیش بێت هاوکارییان کردم.

# لیستی هێماو ناوە کورتکراوەکان

## بە زمانی کوردی

| ب | بەرگ |
|---|---|
| ب.س | بێ ساڵی چاپ |
| ب.ش | بێ شوێنی چاپ |
| ب.ن.چ | بێ ناوی چاپخانە |
| پ.د.ك | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| پاسۆك | پارتی سۆسیالستی کورد |
| حسك | حیزبی سۆسیالیستی کوردستان |
| حشع | حیزبی شیوعی عێراق |
| ژ | ژمارە |
| س.پ | سەرچاوەی پێشوو |
| چ | چاپ |
| ل | لاپەڕە |
| ه.د.ك | هاوپەیمانی دیموکراتی کوردستان |
| ه.س | هەمان سەرچاوە |
| و | وەرگێڕان |
| ی.ن.ك | یەکێتی نیشتمانی کوردستان |
| ئاش | ئالآی شۆڕش |
| INC | |

## بەزمانی عەرەبی

| ت | الترجمة |
|---|---|
| ج/مج | الجزء /المجلد |
| د.م | دون مكان الطبع |
| ص | الصفحة |
| ع | العدد |
| م.س | المصدر سابق |
| م.ن | المصدر نفسة |

## ناوەڕۆك


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| ١-٥ | پێشەکی |
| ٦-٣٦ | دەروازە شاری سلێمانی لە نێوان ساڵانی ( ١٩٨٠ - ١٩٨٨ ) |
| ٦-٩ | یەکەم: سنوری جوگرافی و ڕەوشی کارگێڕی |
| ١٠-١٥ | دووەم: ڕەوشی ئابوری |
| ١٦-٢١ | سێیەم: ڕەوشی کۆمەڵایەتی |
| ٢٢-٣٦ | چوارەم: ڕەوشی سیاسی |
| ٣٨-١٠٨ | بەشی یەکەم: شاری سلێمانی لە نێوان ساڵانی ( ١٩٨٨-١٩٩١ ) |
| ٣٨-٦١ | باسی یەکەم: سیاسەتی ڕژێمی بەعس لە هەمبەر شاری سلێمانی( ١٩٨٨-١٩٩١ ) |
| ٣٨-٥٤ | یەکەم: سیاسەتی بەعس لە رووی سیاسیەوە دژی شاری سلێمانی |
| ٥٤-٦١ | دووەم: سیاسەتی حکومەتی بەعس لەڕووی پەروەردە و ڕۆشنبیرییەوە بەرامبەر شاری سلێمانی |
| ٦٢-٩٢ | باسی دووەم: چالاکییەکانی پارت و ڕێکخراوەکان لەشاری سلێمانی لەنێوان ساڵانی ( ١٩٨٨-١٩٩١ ):<br>١ – حیزبی شیوعی عێراق_ هەرێمی کوردستان<br>٢- پارتی دیموکراتی کوردستانی-عێراق ( پ.د.ك )<br>٣- یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ( ی.ن.ك )<br>٤- حزبی سۆسیالستی کوردستان<br>٥- پارتو ڕێکخراوەکانی دیکە<br>أ- پارتی سۆسیالیستی کورد ( پاسۆك )<br>ب- ئاڵای شۆڕش ( ئاش ) |
| ٩٣-١٠٨ | باسی سێیەم: شاری سلێمانی لە سەروبەندی ڕاپەڕین و کۆڕاودا |
| ٩٣-١٠١ | یەکەم: ڕاپەڕینی شاری سلێمانی لە ٧ ئازاری ١٩٩١ |
| ١٠٢-١٠٨ | دووەم: کۆڕەوی ساڵی ١٩٩١ |
| ١٠٩-١٨١ | بەشی دووەم:ڕەوشی شاری سلێمانی لە نێوان ساڵانی( ١٩٩١-١٩٩٦ ) |
| ١٠٩-١٢٣ | باسی یەکەم: ڕەوشی ئابوری و کۆمەڵایەتی و کارگێڕی شاری سلێمانی ( ١٩٩١-١٩٩٦ ) |
| ١٢٤-١٣٢ | باسی دووەم: ڕەوشی سیاسی شاری سلێمانی<br>أ.یەکەم: ماوەی حکومڕانی بەرەی کوردستانی تا ١٩ی مایسی ١٩٩٢: |

| | |
|---|---|
| دووەم: شاری سلێمانی لە ماوەی با نگەشەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان و ڕابەری گەلی کورد دا لە مایسی ١٩٩٢ | ١٣٣-١٤٣ |
| باسی سێیەم: ڕەنگدانەوەی شەڕی ناوخۆ لەسەر سلێمانی( ١٩٩٢-١٩٩٦ ) | ١٤٤-١٨١ |
| یەکەم: شەڕی حکومەتی هەرێم لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان ( پەکەکە ) | ١٤٤-١٤٧ |
| دووەم: شەڕی ( پ.د.ك ) لەگەڵ ( حسك ): | ١٤٨-١٥٢ |
| سێیەم: شەڕی یەکێتیو بزوتنەوەی ئیسلامی کوردستان/عێراق | ١٥٣-١٥٨ |
| چوارەم: شەڕی نێوان ( پ.د.ك ) و ( ی.ن.ك ) | ١٥٩-١٧٢ |
| ب. شاری سلێمانی لە سەروبەندی ڕووداوی ( ٣١ی ئابی ١٩٩٦ ) دا | ١٧٣-١٨١ |

| | |
|---|---|
| بەشی سێیەم: شاری سلێمانی لە دوای ( ڕووداوی ٣١ ی ئابی ١٩٩٦ ) تا ساڵی ٢٠٠٣ | ١٨٢-٢٤٠ |
| باسی یەکەم: شاری سلێمانی لە ڕۆژگاری دوو ئیدارەیی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا | ١٨٢-٢٠١ |
| یەکەم: گەڕانەوەی یەکێتیو هاوپەیمانەکانی بۆ شاری سلێمانی ساڵی ١٩٩٦ | ١٨٢-١٨٧ |
| دووەم: پێکهێنانی حکومەت/ کابینەی سلێمانی ١٩٩٧ | ١٨٨-٢٠١ |
| سێیەم: ڕەنگدانەوەی خولی نوێی شەڕی ناوخۆ لەسەر سلێمانی ( تشرینی یەکەمی ١٩٩٧ ) | ٢٠٢-٢٠٩ |
| باسی دووەم: دانوستانو ڕێکەوتنی نێوان یەکێتیو پارتی ١٩٩٨ | ٢١٠-٢١٩ |
| باسی سێیەم: شاری سلێمانی لە دوای ڕێکەوتنی واشنتۆن تا ساڵی ٢٠٠٣ | ٢٢٠-٢٤٠ |
| ئەنجام | ٢٤١-٢٤٣ |
| لیستی سەرچاوەکان | ٢٤٤-٢٦٩ |
| پاشکۆکان | ٢٧٠-٣٣٠ |
| پوختەی توێژینەوەکە بەزمانی عەرەبی | ٣٣١-٣٣٢ |
| پوختەی توێژینەوەکە بەزمانی ئینگلیزی | |

# لیستی سەرچاوەکان


**یەکەم: چاپکراوی حکومیو حزبی**

**أ.حکومییەکان:**

١. ساڵنامەی سلێمانی ٢٠٠٣، لە بڵاوکراوەکانی پارێزگاری سلێمانی، چاپخانەی شڤان، ساڵی ٢٠٠٤.

٢. ساڵنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستان چالاکیو پرۆژەکانی ساڵی ٢٠٠١، چاپی یەکەم، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، ٢٠٠٢.

٣. پارێزگای سلێمانی: ساڵنامەی سلێمانی ٢٠٠٠، چاپی یەکەم چاپی یەکەم ، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠١.

٤. حکومەتی هەرێمی کوردستانو وەزارەتی داراییو ئابوری: ڕاپۆرتی هەندێك لە چالاکییە داراییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە شەش مانگی یەکەمی ساڵی ١٩٩٧دا، بەسەرپەرشتی (شەوکەت شێخ یەزدین) وەزیری داراییو ئابوری ئامادەکراوە.

**ب. حزبییەکان:**

٥. پارتی دیموکراتی کوردستان: شەڕی ناوخۆی کوردستانی عێراق چۆن دەستی پێکردو کێ لێی بەرپرسیارە، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی ناوەندیی دیراساتو توێژینەوە، دیراسەی ژمارە (٢٩)، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ١٩٩٧.

٦. یاداشتی شاری سلێمانی بۆ سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی، ڕۆژنامەی بەرەی کوردستانی، ژمارە (٢)، خولی دووەم، ساڵی دووەم، تشرینی یەکەمی ١٩٩١.

٧. هەڵمەت محمد: پێکهاتەی کابینەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق ١٩٩٢-٢٠١٤، (ژووری توێژینەوەی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان)، بڵاونەکراوە.

٨. الحركة البعث العربي:هداف و غايات، (ب.م)، ١٩٤٥.

**دووەم: ڕۆژنامەکان:**

**بەزمانی کوردی:**

٩. ڕۆژنامەی ئاسۆ-بیرەوەری، ژمارە (١٥٢٥)، ٢٠١١/٨/٨.

١٠. ڕۆژنامەی ئاسۆ: بیرەوەری، ژمارە (١٥٢٥)، ٢٠١١/٨/٨.

١١. ڕۆژنامەی هاوکاری ژمارە(٩١٣)، دوو شەممە، ١٩٨٨/٤/٤.

١٢. ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ.(١٠٥٩)، ١٩٨٩/٣/١٦.

١٣. ڕۆژنامەی (هاوکاری)، ژ.(١٠٥٦)، دووشەمە، ١٩٨٩/٣/٦.

١٤. ڕۆژنامەی (هاوکاری)، ژمارە(١٠٦٠)، ١٩٨٩/٣/٢٠.

١٥. ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ.(١٠٦٢)، ١٩٨٩/٣/١٧.

١٦. ڕۆژنامەی هاوکاری، ژ(١٠٦٤)، دووشەممە، ١٩٨٩/٤/٣.

١٧. ڕۆژنامەی (هاوکاری)، ژ(١٠٦٩)، ١٩٨٩/٤/٢٠.

١٨. ڕۆژنامەی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان، ژمارە (٤)، تشرینی دووەمی، ١٩٩٢.

١٩. ڕۆژنامەی یەکگرتن: ژمارە (٢)، خولی یەکەم، حوزەیرانی ١٩٩٢.
٢٠. ڕۆژنامەی یەکگرتن، ژمارە، (٤)، ئابی ١٩٩٢.
٢١. ڕۆژنامەی هەرێمی کوردستان، ژمارە (٨٥)، چوارشەممە، ١٩٩٨/٦/٣.
٢٢. ڕۆژنامەی هەرێمی کوردستان، ژمارە (١٩٨)، پێنج شەممە، ٢٠٠٠/٤/٢٠.
٢٣. ڕۆژنامەی هەرێمی کوردستان، ژمارە (٢١٥)، دووشەممە، ٢٠٠٠/٦/١٩.
٢٤. ڕۆژنامەی هەرێمی کوردستان، ژمارە (٣٢٦)، شەممە، ٢٠٠١/١/٢٠.
٢٥. ڕۆژنامەی هەرێمی کوردستان، ژمارە (٣٢٨)، دووشەممە، ٢٠٠١/١/٢٢.
٢٦. ڕۆژنامەی هاوڵاتی ، ژمارە (٢٧)، دووشەمممە، ٢٠٠١/٦/٣٠.
٢٧. ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژمارە (٤٣)، دووشەممە، ٢٠٠١/١٠/٧.
٢٨. ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ:
٢٩. ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، ژمارە (سفر)، ساڵی یەکەم، یەك شەممە، کانوونی دووەمی، ١٩٩٢.
٣٠. ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، ژمارە (٣)، ساڵی یەکەم، سێ شەممە، ٢٨ کانوونی دووەمی ١٩٩٢.
٣١. ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، ژمارە (٤)، چوارشەممە، ٢٩ کانوونی دووەمی ١٩٩٢.
٣٢. ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (١٠)، ساڵی یەکەم، چوارشەممە، ١٩٩٢/٢/٥.
٣٣. ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٣٧)، ساڵی یەکەم، یەك شەممە، ١٩٩٢/٣/٨.
٣٤. ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، ژمارە(٩٤)ی ساڵی یەکەم، یەکشەممە ١٩٩٢/٥/١٧.
٣٥. ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، ژمارە(١٠٢)ی ساڵی یەکەم، چوارشەممە ١٩٩٢/٥/٢٧.
٣٦. ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، ژمارە (١٠٧)، ساڵی ١٩٩٢.
٣٧. ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، ژمارە (٣٣٤)، ١٩٩٣/٣/٧.
٣٨. ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٥٦٨)، ساڵی دووەم، شەممە ١٩٩٣/١٢/٢٢.
٣٩. ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٥٧١)، ساڵی دووەم، یەك شەممە، ١٩٩٣/١٢/٢٦.
٤٠. ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٥٧٢)، دووشەممە، ١٩٩٣/١٢/٢٧.
٤١. ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٦٧٦)، ساڵی سێیەم، ١٩٩٤/٥/٤.
٤٢. ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٦٩٨)، ساڵی سێیەم، هەینی، ١٩٩٤/٦/٣.
٤٣. ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٦٩٩)، ساڵی سێیەم، یەك شەممە، ١٩٩٤/٦/٥.
٤٤. ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٧٠٠)، ساڵی سێیەم، دووشەممە، ١٩٩٤/٦/٦.
٤٥. ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٧٠١)، ساڵی سێیەم، سێ شەممە، ١٩٩٤/٦/٧.
٤٦. ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٧٠٣)، ساڵی سێیەم، ٥ شەممە، ١٩٩٤/٦/٩.
٤٧. ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٧٠٦)، ساڵی سێیەم، دووشەممە، ١٩٩٤/٦/١٣.
٤٨. ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٧٠٧)، ساڵی سێیەم، سێ شەممە، ١٩٩٤/٦/١٤.
٤٩. ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٧٠٨)، ساڵی سێیەم، چوار شەممە، ١٩٩٤/٦/١٥.

٥٠.ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٧٠٩)، ساڵی سێیەم، دووشەممە، ١٩٩٤/٦/١٦.
٥١.ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٧١٠)، ساڵی سێیەم، هەینی، ١٩٩٤/٦/١٧.
٥٢.ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٧١١)، ساڵی سێیەم، یەك شەممە، ١٩٩٤/٦/١٩.
٥٣.ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ، ژمارە(٧١٢)، ساڵی سێیەم، سێ شەممە، ١٩٩٤/٦/٢١.
٥٤.ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ، ژمارە(٧١٣)، ساڵی سێیەم، چوارشەممە، ١٩٩٤/٦/٢٢.
٥٥.ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٧١٥)، ساڵی سێیەم، هەینی، ١٩٩٤/٦/٢٤.
٥٦.ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٧١٨)، ساڵی سێیەم، سێ شەممە، ١٩٩٤/٦/٢٨.
٥٧.ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٧١٩)، ساڵی سێیەم، چوارشەممە، ١٩٩٤/٦/٢٩.
٥٨.ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٧٢٠)، ساڵی سێیەم، هەینی، ١٩٩٤/٧/١.
٥٩.ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٧٢٣)، ساڵی سێیەم، دووشەممە، ١٩٩٤/٧/٤.
٦٠. ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ، ژمارە(٧٢٤)، ساڵی سێیەم، سێ شەممە، ١٩٩٤/٧/٥.
٦١.ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٧٤١)، ساڵی سێیەم، چوارشەممە، ١٩٩٤/٧/٢٦.
٦٢.ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ، ژمارە (٧٤٢)، ساڵی سێیەم، ١٩٩٤/٧/٢٨.
٦٣. ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٧٤٥)، ساڵی سێیەم، یەك شەممە، ١٩٩٤/٧/٣١.
٦٤.ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٧٤٦)، ساڵی سێیەم، دووشەممە، ١٩٩٤/٨/١.
٦٥.ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٧٥٢)، ساڵی سێیەم، دووشەممە، ١٩٩٤/٨/٨.
٦٦. ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٧٥٣)، ساڵی سێیەم، سێ شەممە، ١٩٩٤/٨/٩.
٦٧. ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٧٥٤)، ساڵی سێیەم، چوارشەممە، ١٩٩٤/٨/١٠.
٦٨. ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٧٥٩)، ساڵی سێیەم، یەك شەممە، ١٩٩٤/٨/٧.
٦٩.ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٨٦٩)، ساڵی سێیەم، چوارشەممە، ١٩٩٤/١٢/٢٢.
٧٠. ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ، ژمارە(٨٧١)، ساڵی سێیەم، یەکشەممە، ١٩٩٤/١٢/٢٥.
٧١.ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٨٧٢)، ساڵی سێیەم، دووشەممە، ١٩٩٤/١٢/٢٦.
٧٢.ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٨٧٨)، ساڵی سێیەم، سێ شەممە، ١٩٩٤/١٢/٣.
٧٣. ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٨٩٠)، ساڵی سێیەم، سێ شەممە، ١٩٩٥/١/١٧.
٧٤.ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٩٧٥)، ساڵی سێیەم، چوارشەممە، ١٩٩٤/١٢/٢٩.
٧٥.ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (١١٨١)، ساڵی چوارەم، چوارشەممە، ١٩٩٦/١/٣.
٧٦. ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ، ژمارە (١١٨٣)، ساڵی چوارەم، هەینی، ١٩٩٦/١/٥.
٧٧. ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (١٢٣٢)، ١٩٩٧/٣/٧.
٧٨. ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (١٣٠٩)، ساڵی چوارەم، هەینی، ١٩٩٦/٦/١٤.
٧٩. ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (١٣٤٥)، دووشەممە، ١٩٩٦/٧/٢٩.
٨٠. ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ، ژمارە (١٣٤٧)، چوارشەممە، ١٩٩٦/٧/٣١.
٨١.ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (١٣٦٢)، یەك شەممە، ١٩٩٦/٨/١٨.
٨٢.ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (١٣٦٥)، چوارشەممە، ١٩٩٦/٨/٢١.

٨٣. ڕۆژنامەی کوردستانی نویٚ، ژمارە (١٣٧٦)، شەممە، ١٩٩٧/١/٤.
٨٤. ڕۆژنامەی کوردستانی نویٚ، ژمارە (١٣٧٧)، ٥ شەممە، ١٩٩٧/١/١٩.
٨٥. ڕۆژنامەی کوردستانی نویٚ ، ژمارە(١٣٧٨)، شەممە، ١٩٩٧/١/١٣.
٨٦. ڕۆژنامەی کوردستانی نویٚ ، ژمارە(١٣٧٩)، ٥شەممە، ١٩٩٧/١/١٦.
٨٧. ڕۆژنامەی کوردستانی نویٚ ، ژمارە(١٣٨٠)، ٢شەممە، ١٩٩٧/١/٢٠.
٨٨. ڕۆژنامەی کوردستانی نویٚ ، ژمارە(١٣٨١)، ٥شەممە، ١٩٩٧/١/٢٢.
٨٩. ڕۆژنامەی کوردستانی نویٚ، ژمارە (١٣٨٢)، دووشەممە، ١٩٩٧/١/٢٧.
٩٠. ڕۆژنامەی کوردستانی نویٚ، ژمارە (١٣٩٠)، پیٚنج شەممە، ١٩٩٧/٢/٢٧.
٩١. ڕۆژنامەی کوردستانی نویٚ، ژمارە (١٣٩٢)، یەك شەممە، ١٩٩٧/٣/٩.
٩٢. ڕۆژنامەی کوردستانی نویٚ، ژمارە (١٣٩٤)، پیٚنج شەممە، ١٩٩٧/٣/١٣.
٩٣. ڕۆژنامەی کوردستانی نویٚ، ژمارە (١٤٠٢)، پیٚنج شەمە، ١٩٩٧/٤/١٠.
٩٤. ڕۆژنامەی کوردستانی نویٚ، ژمارە (١٤٠٤)، چوارشەمە، ١٩٩٧/٤/١٦.
٩٥. ڕۆژنامەی کوردستانی نویٚ، ژمارە (١٤٠٦)، پیٚنج شەمە، ١٩٩٧/٤/٢٤.
٩٦. ڕۆژنامەی کوردستانی نویٚ، ژمارە (١٤٠٧)، دووشەمە، ١٩٩٧/٤/٢٨.
٩٧. ڕۆژنامەی کوردستانی نویٚ، ژمارە (١٤٠٩)، دوو شەمە، ١٩٩٧/٥/٥.
٩٨. ڕۆژنامەی کوردستانی نویٚ، ژمارە (١٤١٦)، ساڵی پیٚنجەم، پیٚنج شەممە، ١٩٩٧/٥/٢٩.
٩٩. ڕۆژنامەی کوردستانی نویٚ، ژمارە (١٤١٧)، ساڵی پیٚنجەم، یەك شەممە، ١٩٩٧/٦/١.
١٠٠. ڕۆژنامەی کوردستانی نویٚ، ژمارە (١٤١٩)، ساڵی پیٚنجەم، پیٚنج شەممە، ١٩٩٧/٦/٥.
١٠١. ڕۆژنامەی کوردستانی نویٚ، ژمارە (١٤٢٠)، ساڵی پیٚنجەم، یەك شەممە، ١٩٩٧/٦/٨.
١٠٢. ڕۆژنامەی کوردستانی نویٚ ، ژمارە(١٤٢٤) ی، ساڵی پیٚنجەم، سیٚ شەممە، ١٩٩٧/٦/١٧.
١٠٣. ڕۆژنامەی کوردستانی نویٚ ، ژمارە(١٤٣١)، ساڵی پیٚنجەم، پیٚنج شەممە، ١٩٩٧/٧/٣.
١٠٤. ڕۆژنامەی کوردستانی نویٚ، ژمارە (١٤٣٤)، ساڵی پیٚنجەم، پیٚنج شەممە، ١٩٩٧/٧/١٠.
١٠٥. ڕۆژنامەی کوردستانی نویٚ، ژمارە (١٤٣٨)، ساڵی سیٚیەم، یەك شەممە، ١٩٩٧/٧/١٧.
١٠٦. ڕۆژنامەی کوردستانی نویٚ، ژمارە (١٤٣٩)، سیٚ شەممە، ١٩٩٧/٧/٢٢.
١٠٧. ڕۆژنامەی کوردستانی نویٚ، ژمارە (١٤٤١)، یەك شەممە، ١٩٩٧/٧/٢٧.
١٠٨. ڕۆژنامەی کوردستانی نویٚ، ژمارە (١٤٤٣)، پیٚنج شەممە، ١٩٩٧/٧/٣١.
١٠٩. ڕۆژنامەی کوردستانی نویٚ، ژمارە (١٤٤٤)، یەك شەممە، ١٩٩٧/٨/٣.
١١٠. ڕۆژنامەی کوردستانی نویٚ، ژمارە (١٤٤٦)، ساڵی پیٚنجەم، پیٚنج شەممە، ١٩٩٧/٨/٧.
١١١. ڕۆژنامەی کوردستانی نویٚ، ژمارە (١٤٥٠)، یەك شەممە، ١٩٩٧/٨/١٧.
١١٢. ڕۆژنامەی کوردستانی نویٚ، ژمارە (١٤٥٢)، پیٚنج شەممە، ١٩٩٧/٨/٢١.
١١٣. ڕۆژنامەی کوردستانی نویٚ ، ژمارە (١٤٥٨)، پیٚنج شەممە، ١٩٩٧/٩/٤.

١١٤. ڕۆژنامەی كوردستانی نوێ ، ژمارە(١٤٦٨)، یەك شەممە، ١٩٩٧/٩/٢٨.
١١٥. ڕۆژنامەی كوردستانی نوێ، ژمارە (١٤٦٩)، سێ شەممە، ١٩٩٧/٩/٣٠.
١١٦. ڕۆژنامەی كوردستانی نوێ ، ژمارە (١٤٧٠)، پێنج شەممە، ١٩٩٧/١٠/٢.
١١٧. ڕۆژنامەی كوردستانی نوێ ، ژمارە (١٤٧٣)، پێنج شەممە، ١٩٩٧/١٠/٩.
١١٨. ڕۆژنامەی كوردستانی نوێ، ژمارە (١٤٧٥)، سێ شەممە، ١٩٩٧/١٠/١٤.
١١٩. ڕۆژنامەی كوردستانی نوێ، ژمارە (١٤٧٤)، یەك شەممە، ١٩٩٧/١٠/١٢.
١٢٠. ڕۆژنامەی كوردستانی نوێ، ژمارە (١٤٧٧)، یەك شەممە، ١٩٩٧/١٠/١٩.
١٢١. ڕۆژنامەی كوردستانی نوێ، ژمارە (١٤٨٦)، پێنج شەممە، ١٩٩٧/١٠/٣٠.
١٢٢. ڕۆژنامەی كوردستانی نوێ ، ژمارە ، ژمارە (١٤٩٢)، یەك شەممە، ١٩٩٧/١١/٩.
١٢٣. ڕۆژنامەی كوردستانی نوێ ، ژمارە (١٤٩٣)، دوو شەممە، ١٩٩٧/١١/١٠.
١٢٤. ڕۆژنامەی كوردستانی نوێ، ژمارە (١٤٩٩)، ساڵی سێیەم، سێ شەممە، ١٩٩٧/٩/٣٠.
١٢٥. ڕۆژنامەی كوردستانی نوێ، ژمارە (١٥٠٨)، دوو شەممە، ١٩٩٧/١٢/١.
١٢٦. ڕۆژنامەی كوردستانی نوێ، ژمارە (١٥٣١)، یەك شەممە، ١٩٩٨/١/٤.
١٢٧. ڕۆژنامەی كوردستانی نوێ، ژمارە (١٥٣٥)، یەك شەممە، ١٩٩٨/١/١١.
١٢٨. ڕۆژنامەی كوردستانی نوێ ، ژمارە (١٥٣٦)، دوو شەممە، ١٩٩٨/١/١٢.
١٢٩. ڕۆژنامەی كوردستانی نوێ، ژمارە (١٥٣٧)، پێنج شەممە، ١٩٩٨/١/١٥.
١٣٠. ڕۆژنامەی كوردستانی نوێ ، ژمارە (١٥٣٩)، دوو شەممە، ١٩٩٨/١/١٩.
١٣١. ڕۆژنامەی كوردستانی نوێ، ژمارە (١٥٤٧)، دووشەممە، ١٩٩٨/٢/٢.
١٣٢. ڕۆژنامەی كوردستانی نوێ، ژمارە (١٥٤٩)، چوار شەممە، ١٩٩٨/٢/٤.
١٣٣. ڕۆژنامەی كوردستانی نوێ، ژمارە (١٥٥٥)، پێنج شەممە، ١٩٩٨/٢/١٢.
١٣٤. ڕۆژنامەی كوردستانی نوێ، ژمارە (١٥٥٦)، یەك شەممە، ١٩٩٨/٢/١٥.
١٣٥. ڕۆژنامەی كوردستانی نوێ، ژمارە (١٥٦١)، یەك شەممە، ١٩٩٨/٢/٢٤.
١٣٦. ڕۆژنامەی كوردستانی نوێ، ژمارە (١٥٦٤)، چوار شەممە، ١٩٩٨/٢/٢٥.
١٣٧. ڕۆژنامەی كوردستانی نوێ، ژمارە (١٥٦٦)، یەك شەممە، ١٩٩٨/٣/١.
١٣٨. ڕۆژنامەی كوردستانی نوێ، ژمارە (١٥٦٧)، دوو شەممە، ١٩٩٨/٣/٢.
١٣٩. ڕۆژنامەی كوردستانی نوێ، ژمارە (١٥٧١)، یەك شەممە، ١٩٩٨/٣/٨.
١٤٠. ڕۆژنامەی كوردستانی نوێ ، ژمارە (١٥٧٦)، یەك شەممە، ١٩٩٨/٣/١٥.
١٤١. ڕۆژنامەی كوردستانی نوێ، ژمارە (١٥٧٩)، چوار شەممە، ١٩٩٨/٣/١٨، .
١٤٢. ڕۆژنامەی كوردستانی نوێ، ژمارە (١٥٨٠)، پێنج شەممە، ١٩٩٨/٣/١٩.
١٤٣. ڕۆژنامەی كوردستانی نوێ ، ژمارە(١٥٨١)، چوارشەممە، ١٩٩٨/٣/٢٠.
١٤٤. ڕۆژنامەی كوردستانی نوێ، ژمارە (١٥٨٣)، یەك شەممە، ١٩٩٨/٣/٢٩.
١٤٥. ڕۆژنامەی كوردستانی نوێ ، ژمارە (١٥٨٨)، یەك شەممە، ١٩٩٨/٤/٥.
١٤٦. ڕۆژنامەی كوردستانی نوێ ، ژمارە (١٥٩٥)، یەك شەممە ١٩٩٨/٤/١٩.

١٤٧. ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ، ژمارە (١٦٠٠)، یەك شەممە، ١٩٩٨/٤/٢٦.
١٤٨. ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ، ژمارە (١٦٠٤)، یەك شەممە، ١٩٩٨/٥/٣.
